تەفسیری قورئانی پیرۆز

لێکدانەوەی

مامۆستا مەلا عثمان عبدالعزیز

بەرگی یەکەم

چاپی دووەم

٢٠١٠

بیروت – لبنان

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ بنەماڵەی بەڕێز

مامۆستا مەلا عیمان عبد العزیز

تەفسیری قورئانی پیرۆز

جزمی ١

سەرەتا

مەیل و خواهیشی خوا وابوو دەستمکرد بە تەفسیری قورئانی پیرۆز لە سورەتی ﴿یس﴾ەوە، لەبەر چەند هۆیەك کەلە سەرەتای تەفسیری ئەو جزمەوە وتوومە، وە لەو سەرەتادا چەند شتێکم وتووە لەبارەی گەورەیی قورئان و پێویستی مەردوم بە قورئان و تەفسیری قورئان، وە هەروەها چۆنێتی سروشتی ئەم تەفسیرەم باسکردووە لەبەر ئەوە لێرەدا بە پێویستم نەزانی هیچی تر بڵێم، بەڵکو دەستمکرد بەوەی کە مەبەستی ڕاستەقینەیە، وە ئەپارێمەوە لە خوای میهرەبان کە یارمەتیم بدات و لێم وەرگرێ و سوود بەخشی بکات بۆ ڕۆڵەکانی ئیسلام، وە ئەپارێمەوە کە ئەم تەفسیرەم پێ تەواو بکات و بیکات بە بەربەست و بەرهەڵستێ بۆم لە ئاگری دۆزەخ.

وصلي الله وسلم علي سيدي ومولاي رسول الله وعلي آله الطيبين و خلفائه الراشدين والأزواج الطاهرات، أمهات المؤمنين و كل تابع لهم بإحسان الي يوم الدين.

ـــ آمين ـــ.

پێشەکی

هُوَ ٱلَّذِی یُنَزِّلُ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦۤ ءَایَـٰتِۭ بَیِّنَـٰتٍ لِّیُخۡرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَـٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ بِكُمۡ لَرَءُوفٌ رَّحِیمٌ

صدق الله العظیم

هەموو موسڵمانێك پێویستە باوەڕی هەبێ بەمەی کە گەورەترین منەتی خواو بەڕێزترین خەڵاتو بەنرخ ترین چاکەی بەسەر ئادەمی یەوە بریتییە لە قورئان. چونکە:

قورئان یەکەم سەرچاوەیە بۆ ئەم ئایین و شەریعەتە گەورەو گشتییە ئیسلامە کە تاقانە ڕێگای ڕزگارییە بۆ ئادەمی و جیهان لە هەموو گێژاوێکدا.

قورئان هۆی بەهێزیی نەپچڕاوی پەیوەندی بەندەکانی خوایە بە خوای خۆیانەوە وە مایەی گەیشتنیانە بەڕەزامەندی خواو چاکە بێ وێنە نەبڕواوەکەی ڕۆژی دوایی، قورئان جیاکەرەوەی چاك وخراپ، خێرو شەڕو ڕاستو درۆو ڕێك و چەوتو هەموو هەقو ناهەقێکە.

قورئان چارەسەری هەموو دەردو نەخۆشییەکی دەرونی و کۆمەڵایەتی ئەکات، وەبەرگری هەموو ستەمو ناڕەوایی و دەست درێژیەك ئەکات.

قورئان ڕێزو نرخ ئەدا بە ئادەمی، وەئەیگەیەنێ بە پۆپەی هەرە بەرزی خۆی، وە هەموو مافێ ئەدا بە خاوەنەکەی بێ کەمو کوڕیی.

قورئان گەورەترین موعجیزەی خوایە لەم جیهانەدا هەموو کات گەورەیی و بەرزی ئایینەکەمان و پێغەمبەرێتی پێغەمبەرەکەمان(ﷺ) ڕوون ئەکاتەوە.

قورئان ئەو قورئانەیە کە خوای گەورە دەربارەی ئەفەرموێ بە پێغەمبەر(ﷺ) ﴿ قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰۤ أَن یَأۡتُوا۟ بِمِثۡلِ هَـٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا یَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٍ ظَهِیرًا ﴾.

قورئان فەرموودەی خوایە کەواتە هیچ پێنوسێك و هیچ زوبانێك ناگات بەڕوون کردنەوەی ڕادەی بەرزی و گەورەیی قورئاندا، وەباشترین سەنای ئێمە بۆ قورئان ئەمەیە بڵێین: ئێمە ناتوانا و دەستە پاچەین لەئاستی ڕوونکردنەوەو دیاری کردنی ڕادەو پلەی بەرزی قورئان.

کەواتە گەورەترو بەنرخ ترینی هەموو خزمەتێ بۆ گشتی و هەموو یەکەیەکەیە بریتییە لە هەوڵو تێکۆشان لەڕێگای گەیاندنو بڵاو کردنەوەی قورئانو چەسپاندنی مەبەستەکانی قورئان لەناو هەموو گەل و تیرەو نەتەوەکانی ئادەمیدا، وە بۆ بەجێهێنانی ئەم مەبەست بە

ڕاڤەو تەفسیر کردنی قورئان بەنوسین زۆر بەکارو پڕ سوودە، جا لەبەر ئەوە بە پێویستم زانی لەسەرخۆم کە بەگوێرەی توانا و زانینم لەو ڕووەوە خۆم بەشدار بکەم لەو خزمەتە گەورەدا، وەلەبەر ئەوەی تەفسیر بە زمانی کوردی زۆر کەمە، وەگەلی کوردیش ئەتوانم بڵێم: سەردەستەو یەکەمە لەسۆزو ڕێزو گوێڕایەڵیدا بۆ قورئان.

هەر چەند شارەزاییم کەمەو کەمتر خەریکی نوسینی کوردی بووم، بەڵام لام وایە ئەم تەفسیرە بەجۆرێ هاتووە مەبەستەکەی بە ئاسانی وەربگیرێ بێ گرێو گیران، وە لەم تەفسیرەدا سەرچاوەی باوەڕ پێ کراوم هەڵبژاردووەو شوێنی ڕای بەهێزی کۆڕی زانایان کەوتووم، وەلەهەر شوێنێکدا پەندو ڕایەکی باوەڕ پێکراو بووبێ بەهێزتریانم کردووە بە تەفسیر، وە زۆربەی ڕایەکانی ترم لەداوێنەوە نویسوە، وەلەبەر ئەوەی تەمێو ڕێنموونی کردن گرنگ ترین مەبەستو ئامانجی قورئانە زۆرتر ئەم بارەم گرتووە بەپێی ئەوەی کە زانی بێتمو وەرم گرتبێ لە فەرمایشی زانایانی ئیسلامەوە.

وە بۆ زیادە ڕوونکردنەوە پەیوەندی نێوانی ئایەتەکانم باسکردووە پێش گەیشتن بەئایەتی دواو تەفسیر کردنەوەی، وە ئەو باسی پەیوەندییە بووە لە ڕاڤەو هۆی ڕوون کردنەوەی مەبەستی هەر ئایەتێ کە لەدوایەوە هاتبێ، پاشان تەفسیری ئایەتەکەم کردووەتەوە بەجۆرێ کە ئەو کەسەی عەرەبی نازانێ ئەزانێ کام وشە ئەبێتە تەفسیر بۆ وشەی قورئانەکە، ئینجا زۆر بەکورتی مەبەستی ئایەتەکەم وتووە.

لەکۆتاییدا داواکارم لەزانا و مامۆستایان هەر هەڵەیەکیان بینی ئاگادارم بکەن، وە ئاپاڕێمەوە لە خوای گەورە کە وەری گرێو بیکات بەهۆی سڕینەوەی گوناهم، وەپڕ سوودو پیتو بەرهەم داری بکات بۆ خۆمو برا کوردەکانم.

وصلي الله وسلم علي سيدنا محمد وعلي آله وصحبه وكل تابع لهم باحسان الي يوم الدين

سورەتی ﴿الفاتحه﴾
مەککەیی یەو (٧) ئایەتە

بسم الله الرحمن الرحیم

ئەم سورەتە بەڕێزترو گەورەترینی سورەتەکانی قورئانە، وەك لە حەدیسی (ئەبو هورەیرە)ەدا هاتووە لە چەند ڕێگایەکی ڕاستو تەواوەوە (صحیح)ەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە (ئوبەی کەواتە کەعب): سوێند بە کەسێ کە گیانی منی بەدەستە وێنەی ئەم سورەتە نەهاتووەتە خوارەوە لە (تەورات)و نەلە (ئینجیل)و نەلە (زەبوور)و نەلە (قورئان)دا.

ئەم سورەتە بە چەند ناوێکی گەورەو گرنگ ناوبراوە، یەکێ لەوناوانە کە زۆرتر پێی بەناوبانگە ﴿الفاتحة﴾یە یا (فاتحة الکتاب)ە، چونکە یەکەمی قورئانەو لەمەوە دەست ئەکرێ بە قورئان، وەناو ئەبرێ بە (أم القرآن)، چونکە وەك بنەڕەت وایە بۆ قورئانو هەموو مەبەستەکانی قورئان ئەگەڕێتەوە بۆلای ئەم سورەتە، جا لەبەر ئەوە زانایانی ئیسلام ئەم سورەتەیان بە گرنگ گرتووەو زۆر درێژەیان داوە بە تەفسیر کردنی، هەرکەس ئەیەوێ با تەماشای ئەو کتێبە گەورانە بکات کە بە ناوبانگن، وەلە ناو ئەو هەموو تەفسیرە گەورەو درێژانەدا گوڵ چینم کرد، چەند شتێکم باسکرد کە لەدڵما گرنگتربوون‌و لەگەڵ ڕێگەو سروشتی تەفسیرەکەمدا ڕێکتر بوون کەلەم تەفسیرەدا باری تەمێو ئامۆژگاریەکانی قورئانم گرتووەو لەو ناوچەیە دواوم.

ئەم سورەتە ئەبێ لە هەموو ڕکاتێکی نوێژدا بخوێنرێ، نوێژی فەرز یا سوننەت، وە هەر نوێژێ ئەم سورەتەی تیا نەخوێنرێ بە نوێژ دانانرێ بەلای زۆربەی زانایانەوە وەك لەم فەرمووەی (حەدیس)ەوە وەر ئەگیرێ کە (موسلیم)و (بوخاری) ئەیهێنن لە (عوبادەی کوڕی صامت)ەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (لا صلاة لمن لم یقرأ بفاتحة الکتاب) نوێژ نیە بۆ هەر کەسێ کە (فاتحة)ی تیا نەخوێنێ، وە بێگومان ئەوەش لە خۆڕایی نیە، بەڵکو ئەبێ

هۆیەکی گرنگی هەبێ بۆ ئەوە، وە ئەوەی کە بۆ ئێمە دەرکەوێ لەو بارەیەوە ئەمەیە: ئەم سورەتە ئاماژە ئەکات بۆ چەند بەندێکی گەورە لە بیرو بڕواو عەقیدەی ئیسلامی، وە بۆ چەند مەبەستو بۆچوونو تێگەیشتنێکی ئیسلامی، وە بۆ چەند مەبەستو پەندو تەمێیەکی ئیسلامی کە بنەڕەتێکی سەرەکێ بۆ ئاییینی ئیسلامو مەبەستێکی پێویستن بۆی و بەبێ ئەوانە ئیسلام نابێ و بەدی نایەت، وەك دەست نیشانیان بۆ ئەکەین بە یارمەتی خوا لەکاتی تەفسیری ئایەتەکاندا، کەواتە با زۆر بخوێنرێ و بڕوادارو موسڵمان هەمیشە بژی لەگەڵ ئەو بیرو بڕواو مەبەستە گەورەیانەداو هەمیشە دڵی بەستراوو پەیوەست بێت پێیانەوە، تا نەترازێ و لا نەدا لە ڕێگە ڕاستەکەی خوا. خوای گەورە دەروازەی ئەم سورەتە ئەکاتەوە، وەك دەروازەی هەموو سورەتەکانی تری قورئان بێجگە لە سورەتی ﴿التوبة﴾، بەم وشە بەفەرە: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾.

لە پێشەوە لە دڵما بوو وە ویستم ئەم وتەیە تەفسیر نەکەمەوە، لەبەر دوو شت:

یەکەم: ئەوەندە لەناو بانگەو زۆر بەکارئەهێنرێ مەردوم تێ ئەگەن لەواتاو مەبەستەکەی.

دووەم: هیچ وتەو دەستەواژەیەك (عیبارەتێ) دەست ناکەوێ کە پڕ بە پڕوو جێگری بێت، کەواتە با لەسەر شێوە بێ وێنەکەی بهێڵرێ و بە وتەو دەربڕینی ناتەواو گەرد نەکەوێتە سەر ڕووو شێوەی شیرینی، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر لە ئایەتو وتەکانی تری قورئان هەر وان و بێ وێنەو بێ جێگرن و تەفسیریش ئەکرێتەوە بە زمانی کەمو کوڕو دەستەپاچەی ئێمە، بۆ نزیك خستنەوەی ماناومەبەستەکانیان لەدڵ و زانینمانەوە، لەبەر ئەوە لەو نیازە پەشیمان بوومەوە و لێرەدا لە تەفسیرەکەیا ئەڵێم: هەر بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبانی خاوەن بەزەیی بێسنوورو فراوانەوە دەست ئەکەین بەم سورەتەو بە قورئان.

زانایان چەند ڕایەکیان هەیە لەم وتە پیرۆزەدا: ئایا ئایەتێکە لە هەموو ئەو سورەتانەی کەوا لە پێشیانەوە، یا لەهیچ سورەتێ نییەو ئایەتێکی سەربەخۆیە لە قورئانو سورەتەکانی

پێجیا کراوەتەوە لەیەکتر؟ یابەشێکە لە سورەتی ﴿الفاتحة﴾و سەربەخۆیە لە سورەتەکانی تردا؟ لەناو ئەم ڕایانەدا بەهێزتر ئەوەیە کە بەشێکە لەم سورەتەو بەمەوە ئایەتەکانی ئەبن بە حەوت ئایەت کە بەلای هەمووانەوە حەوتن، ئیتر ئایا بەشێك بێت لە سەرەتەکانی تر یا نەء؟

دەست پێکردن بەناوی (خواوە لەیەکەم جارەوە، پەندو ئەدەبێکە کە خوای پەروەردگار سروش (وحی) پێکرد، هەر لەیەکەم جارەوە کە دەستی کرد بە ناردنە خوارەوەی قورئان لەئەشکەوتی (حیرا)دا بەناردنی سەرەتای سورەتی ﴿العلق﴾: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ﴾ و هەر ئەوەش ڕێکە لەگەڵ یاسای گەورەی بۆچوونی ئیسلامدا کە هەر خوا یەکەمەو لەپێش هەموو شتێکەوەیە، چونکە هەر خوا هەیەو بوونی ڕاستەقینەی هەیە، وە هەر شتێ ببێ لە بوونی ئەوەوە وەرگرتووە، وە هەموو شتێ یەکەم جارو سەرەتای بوونی لەوەوە دەست پێئەکات، کەواتە ئەبێ هەموو دەست پێکردنێکی ڕەوا هەر بەناوی ئەوەوە بێت، وەئەبێ بەناوی ئەوەوە هەموو کردەوەو بزووتنەوەیە ببێت، هەرچۆنێ ناوی ﴿ٱللَّهِ﴾ تایبەتییە بە خواوەو بە هیچ کلۆج دروست نییە بەکار هێنانی بۆ هیچ کەسی تر، هەروەها ناوی ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ﴾ تایبەتییە بە تانیاش بێت، کەواتە باشتر تایبەتی ئەبێت کاتێ ﴿ٱلرَّحِيمِ﴾یشی لەگەڵ بێت.

ئەم دوو سیفەتو ناوە: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، هەموو بارو جۆرو شێوەو شوێنی میهرەبانیو بەزەیی ئەکرنەوەو لێیانەوە وەرئەگیرێن کە ئەوەش هەر بۆ خوا دەست ئەداو ئەگونجێ، کەواتە ئەك دوو ناوە بە فەرو یاسایە ترمان نیشان ئەدات لە بەندو یاساکانی بۆچوونی ئیسلامی، وە پەیوەندی بەینی خواو بەندەکانی ڕوون ئەکاتەوەو جیای ئەکاتەوە لەو جۆرە پەیوەندیانەی کەلە زۆر چەرخی نەفامیدا بڕیار ئەدران، وەك لەمەوپاش باسیان ئەکەین بە یارمەتی خوا.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ۝ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

لەپاش دەست پێکرنی بە﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ ناوی خوای خاوەن بەزەیی و میهرەبان، ئینجا ئەفەرموێ: ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ هەموو سوپاس و ستایش و وەسف دان بەچاکە بۆ خوایە کە پەروەردگارو پێگەیەنەرو تەگبیر کەری هەموو جیهانیانە، بێگومان بڕوادار تەنها بە یەر کردنەوە و یادی خوا ئەو سوپاس و ستایشە دڵی داگیر ئەکات و یەکەم شتە کە دێت بە دڵیدا، چونکە هەر لە یەکەم جارەوە ئەبینێ و ئەزانێ کە بوونەکەی بەهرەیەکە لەلایەن خواوە، وە شتێکی ئاشکرایشە کە چاکەو بەهرە دڵ ئەهێننەو سۆزو پەرۆش و سوپاس، وەچاو لەبەریی تیا ئەهێننە جۆش بۆ بەخشندەی بەهرەو چاکەکە، ئینجا با بوەستێ کەلە هەموو کات و چرکەیەکدا ئەو هەموو چاکەو بەهرانە کە وەك بارانی بەهار بە تەوژم ئەڕژێن بەسەر گیانلەبەراندا، بە تایبەتی ئەم ئادەمییە کە جیا کراوەتەوە لە هەمووان و ڕادەو پلەی بەرزی تایبەتی پێدراوە... جا لەبەر ئەوە سوپاس و ستایش بۆ خوا لەسەرەتاو یەکەم جارو لەم جیهانەدا، وە سوپاس و ستایش بۆ خوا لەدوا دواییو لە ڕۆژی دواییدا، کە ئەم ئایەتە ئامازەی بۆ ئەکات بەندو یاسایەکە لە بەندو یاساکانی ئیسلام، ئینجا لەگەڵ ئەمەی ئەو سوپاس و ستایشە بەرهەمێکی سروشتییە بۆ چاکەو بەهرەکانی خوا، کەواتە بەندە هیچ هونەرێکی نییەو شایستەی پاداشت نییە لەسەر سوپاس و ستایشەکەی، لەگەڵ ئەوەدا میهرەبانی و فەزڵی خوا ئەوەندە زۆرە هەرکات بەندەی بڕوا داری سوپاس و ستایشی کرد بۆی ئەنوسێ بە کردەوەیەکی چاکی وا کە قورستربێت لە کردەوەکانی تری... وەك، (ئیبن و ماجە) حەدیسێ ئەهێنێ لە (ئیبن و عومەر)ەوە –خوا لێیان ڕازی بێ– کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەندەیە لە بەندەکانی خوا ووتی: ﴿یارب لك الحمد كما ینبغي لجلال وجهك وعظیم سلطانك﴾، ئینجا فریشتە نووسەرەکان پەکیان کەوت نەیان زانی چۆنی بنووسن و چ ڕادەیەکی بۆ دابنێن، لەبەرئەوە بردیان بۆ خوزوری خواو وتیان: ئەی خوایە بەندەیەکت وتەیەکی وتوەو نازانین چۆنی بنوسین، ئینجا خوایش، کەلە هەموو کەس زاناترە – فەرمووی: بەندەکەی من چی وتووە؟ ئەوانیش عەرزیانکرد کە وتی: ﴿یارب لك الحمد...﴾، خوایش فەرمووی پێیان: بەو جۆرە کە وتویەتی بینوسن هەتا پێم ئەگات - واتە بە ڕۆژی دواییدا - من خۆم پاداشتی ئەدەمەوە پێی.

بەشی یەکەمی ئەم ئایەتەئاماژەی کردبەو یاسا گەورەیەی کە باسکرا، وەبەشی دووەمیشی ﴿رَبُّ النَّفْسِ﴾ دەست نیشان ئەکات بە یاساو بەندێکی گەورەو گرنگی تر کە بریتییە لە پەروەردگاریی و کار بەدەستی یەکی گشتی بێ سنوور لە هەموو بارو پوویەکی ژیانەوە، وە خاوەن داریەکی وا کە هەموو شتێکی ئادەمی و جیهانی جیهانیان بە پێی فەرمانو بڕیاری خوایە بەتەنها.

خوای پەروەردگار کە ئەم بوونەوەری دروستکردووە، ئیتر وازی لێنەهێناوەو هەروا لەرەڵای نەکردووە، بەڵکو وەك بە تەنیاو بەبێ هاوبەش دروستی کرد، هەروەها بە تەنیاو بەبێ هاوبەش پارێزگاریو چاودێریو سەرپەرشتی ئەکات، وە تەنیا خۆی کار بە دەستو بەڕێوەبەری هەموو کارو باریەتی، وە پەیوەستی نێوان خۆیو دروستکراوەکانی هەمیشەییە لە هەموو کاتو لە هەموو حاڵەتێکدا.

ئەو پەروەردگاریی و خاوەن دارایی و کار بەدەستییە گشتی و بێ سنوورە دوو ڕێگایەو شوێنی جیابوونەوەی ڕێگای ڕاستی تاکو تەنیایی و یەك تایی خوایە لە هەموو ڕێگا درۆو چەوتەکانی تر کە بێ تروسکەن لەڕووناکی بڕواو بە هەموو جۆرێ لە هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای تاکو تنیا، وە ئەم باوەڕە ناڕاستو ناڕەوایە لە کۆنەوە بووەو ئێستاش هەیە، قورئان بۆمان باس ئەکات لەبارەی هێندێ لە بت پەرستەکانەوە کە ئەیان وت: ئێمە ئەمانە ئەپەرستین لەبەر ئەوەی نزیکمان بخەنەوە لە خواوە، وە لەبارەی تاقمێ لە نامەدار: جوولەکەو گاور... کە زاناکانو عابیدەکانیان بڕیاریاندا بۆ خۆیان بە چەند خوایە تر بێجگە لە خوا، واتە بەپێی بەرنامەو یاسای ئەوان ڕەفتاریان ئەکرد، وە هەروەها باسی ئەو هەموو ئوممەتو گەلە بت پەرستانەمان بۆ ئەکات کە پێغەمبەرە کانیان بۆ ڕەوانەکران تا بیانگێڕنەوە بۆ ڕێگای تاکو تەنیای خوا، لە ڕێگای چەوتی بت پەرستیانەوە، بەتایبەتی لەو سەردەمی نەفامیەدا کە ئیسلام هات، هەموو جیهان شەپۆل ئەدا بەبتو پەرستییەوە، بە چەندەها بتی جۆر بەجۆرو جیاواز کە هەر کۆمەڵێکیان دانەنا بە ژێر دەستەو بچووك لەپاڵی بتێکی گەورەدا کە ناویان ئەبرد بە گەورەو خوای پەرستراوەکانی تر.

ئەم پەروەردگارێتی و کار بە دەستی و بەڕێوەبەرییە گشتییەی کە لەم ئایەتەدا ئاماژەی بۆ کرد هەرکەس بڕوای پێی ببێ و بیکا بە بەرنامەی ژیانی، ئەو کەسە ڕژێمێکی تێرو تەواوی هەیە لە عەقیدەو بیرو باوەڕەکەیداو ڕزگار ئەبێ لە بێ سەرو پێی و بێڕژێمی عەقیدەو سەرگەردانی و بێئارامی دەروون لەنێوان چەند پەرستراوێکدا، کە نازانێ ڕوو بەلای

کامیانەوە بکاتو کامیان پێویست تەرە ڕازی کردنی، وە چۆن هەموویان ڕازی بکات، ئینجا ئەم ئایەتە دەست نیشان ئەکات کە ئەو کار بەدەستی و بەڕێوەبەریی خوا بۆ هەموو، شتێکی هەمیشەییە بە بێ پچڕانو بڕانەوە، نەك وەك (ئەرستۆ) ـ کە بەگەورە ترین فەیلەسووف دانەنرێو ژیریی ئەو بە گەورەترین ژیریی تەماشا ئەکرێ ـ ئەو (ئەرستۆ)یە ئەڵێ: خوا ئەم بوونەوەرەی دروستکردو لەپاشا وازی لێهێناو گوێی پێنادا، چونکە بەرزو کەورەترە لەوەی کە خەریك بێتو بیربکاتەوە لە غەیری خۆی! بەڵکو ئەو هەر خەریکە بە خۆیەوەو بیر هەر لە خۆی ئەکاتەوە!!

کاتێ کە ئیسلام هات جیهان پڕبوو لە چونکە بیروباوەڕو بۆچوونو شتی پڕوپووچ و ئەفسانە. وە هەقو ناهەقو ڕاستو پڕوپووچو پاڵفتەو شتی قەڵبو ئایینو ئەفسانە تێکەڵ بوو بوون... وە دڵو دەروون لەناو ئەو هەموودا داماوو سەرگەردان بوو، وە ئارامی نەئەگرت لەسەر بارێ، وە بنەڕەتو هۆی ئەو بێ ئارامیو تەمو تاریکییە تێ نەگەیشتنو بۆچوونی تاریك تاریکو ناڕەوا بوو لە بارەی خواو سیفەتو نیشانەکانیو پەیوەندی دروستکراوەکانی پێیەوە، وە بە تایبەتی جۆری پەیوەستیو پەیوەندی ئادەمی پێیەوە، وە بە هیچ کلۆج نەئەگونجا دەروون دامەزرێ لەسەر بڕیارێك لەبارەی ئەم بوونەوەرەوەو ئادەمیو بەرنامەی ژیانێ بۆ ئادەمی پێش ئەوەی دامەزرێ لە بارەی عەقیدەو تێگەیشتنی لە خواو لە سیفەتەکانی، وە پێش ئەوەی بگات بە باوەڕێکی ئارام دەرو دڵنیاکەر لەناو ئەو هەموو بیروباوەڕە پڕو پووچانەی کە بەدرێژی چەند چەرخ تەپیان دابوو لەمێشكو لە دەروونداً، وە مەردوم تێ ناگات لە ئەندازەو ڕادەی پێویستیو ناچاری بەو ئارامو دڵدامەزرانە، مەگەر کاتێ خۆی بکەوێتە ناو ئەو هەموو شتە پڕو پووچەی کە باسکران، وە بژی ماوەیەك لەناو تاریکیو بێئارامی ئەو بیروباوەڕی ناڕاستانەدا، جا لەبەر ئەوە یەکەم ئامانجو مەبەستی ئیسلام ئازاد کردنی دڵو دەروونە لە هەموو شتێکی ئەفسانەو پڕو پووچ، وە جێگیر کردنی بیروباوەڕێکی ڕاستو دروستو ڕەوا لەبارەی خواو سیفەتەکانیو پەیوەندی بە دروستکراوەکانیو پەیوەندی ئەمان بە خوای خۆیانەوە، ئینجا لەبەر ئەوە تاکو تەنیایی خوا بەشێوەکی تەواوو پاکو خاوێن کە بە هیچ ڕەنگ تۆزو گەردێکی بەسەرەوە نەبێ، نەلە دوورو نەلە نزیك، ئەو تاکو تەنیاییە یەکەم یاساو بنەڕەتێکە کە ئیسلام هێنایو چەسپاندی، وە هەمیشە پاکو خاوێنی ئەکاتەوە لە دەروونداو ئەیەوێ بە هیچ جۆر تۆزو تەمو تاریکی ڕووی تێنەکات، وە هەروەها لەبارەی سیفەتەکانییەوە ئەیەوێ

بە ڕوونی و بەو جۆرو شێوەی کە ڕاست و شایانە جێگیریان بکات لەدەروونداا، چونکە بە ناسینی خواو سیفەتەکانی دڵو دەروون ڕزگار ئەبێ لەو هەموو بیرو باوەڕە لارو چەوتانەو ئەو هەموو ئەفسانەو فەلسەفەو خەیاڵاتە پڕو پووچانەی کەلە کۆن و تازەوە مەردومی زۆرو زەبەنەیان پێ گومڕاو سەر لێ شێواو بوو، وەلە پلەی بەرزی ئادەمێتی هاتنە خوارەوە بۆ ڕادەی پەست تر لە هەموو گیان لەبەرانی تر.

ئەو کەسەی کە سەرنجی ئەو هەموو تێکۆشانە بدا کە ئیسلام هەڵسا پێی، ئەو تێکۆشانەی کە لە ئایەتەکانی قورئاندا دەرئەکەوێ، ئەو کەسەی کە سەرنجی ئەوە بدات، بەبێ ئەوەی سەرنجی ئەو تەمو تاریکییە بدات کە مەردومی تیا ئەژی بە گومڕایی لە چۆڵو بیابانی نەفامی و نەزانی و بەد عەقیدەیدا، ئەو کەسە لەوانەیە تێنەگات بە ڕادەو ئەندازەی پێویستی بەو هەموو تێکۆشان و هەوڵو خەریک بوونەی کە ئیسلام هەڵسا پێی لەبارەی چەسپاندنی ئەو بیروباوەڕە پاک و ڕاستەی کە باسکرا، کە بریتییە لە بڕوا بە خواو سیفەتەکانی و ناسینیان بەو جۆرو شێوەی کە شیاوو شایانە... بەڵام هەرکەس سەرنجی ئەو دووانە بدا تێئەگات لە پێویستی و ناچاری بەو هەموو هەوڵو تێکۆشانە دوورو درێژە، هەرچۆنێ تێئەگات لە ئەندازەی گەورەیی و گرنگی ئەو کارو کردەوەی کەئەم ئایین و عەقیدەیە پێی هەڵسا، وە هەڵئەستێ بە ئازادکردنی دەروونی ئادەمی و بەڕەڵاکردنی لە کۆت و زنجیری نەفامی و بەد عەقیدەیی، وە ڕزگارکردنی لە ئەرک و مەینەتی پەرستنی چەند بت و شتی پڕوپووچ.

ئەو هەموو جوانی و شیرینی و تێرو تەواوی و ڕوونی و سوک و ئاسانی بڕواو عەقیدەیە کە ئیسلام هێنای... ئەوانە دەرناکەون بۆ دڵو ژیریی بە تەواوی مەگەر کاتێ بیربکرێتەوە لەو هەموو شتە لارو چەوت و پڕوپووچەی کە باسکرا... هەرکات ئەو بەراوردە کرا ئەو کاتە دەرئەکەوێ کە ئەم عەقیدەو ئایینی ئیسلامە پیت و فەڕو ڕەحمەتێکە بۆ دڵو ژیریی و سوک و ئاسان و بێئەرک و مەینەتە لەسەریان،

ئینجا ئەو دوو سیفەتی بەزەیی و میهرەبانیە دووبارە ئەکاتەوە کەلە سەرەتای سورەتەکەوە بە ئایەتێکی سەربەخۆ ئەفەرموێ: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بۆ ئەوەی دڵنیای بکات لەسەر ئەو نیشانەو سیفەتە ئاشکرایەی کە زاڵو پێشکەوتووە لە پەروەردگاریی و خاوەن داریە گشتییەدا، وە بۆ ئەوەی جێگیر بکات لە دڵدا بنەڕەت و پایەی ئەو پەیوەندی و پەیوەستییەی کە هەیە لە بەینی پەروەردگارو بەندەو دروستکراوەکانیا، یا جێگیر ببێ لە دڵا کە پەیەندی و پەیوەستی میهرەبانی و چاودێری هەیە کە سوپاس و چاولەبەریی فەراهەم ئەهێنێ لەدڵدا، پەیوەستی و پەیوەندیەک کە بەرپا ئەبێت لەسەر ئارام و خۆشەویستی دەرئەخات، کەواتە هەربە سروشت دڵ ئەچێ بە پێشوازی ئەو بەزەیی و میهرەبانییەوە بە هەموو خۆشی و سوپاس و چاو لەبەرییەوە.

خوای پەروەردگار بەلای ئیسلامەوە بەو جۆرە میهرەبان و بەزەیی دارە بۆ بەندەکانی، نەک بیان تارێنێ و دەریان بکات بە وێنەی دوژمن، وەک ئیغریقیەکان ئەیان وت دەربارەی بتەکانی (ئۆلۆمپ)، وە نییە لە کەمینا بۆیان و هەمیشە خەریکی پیلان گێڕی نییە دەربارەیان بۆ سزادان و تۆڵە لێ سەندنیان، وەک لە نووسراوی پڕو پووچی چەرخی کۆنی نامەدارا هەیەو بەدەلەسەو دەست هەڵبەست تێکەڵی ئایینەکەیانکرد، وەک ئەو ئەفسانەی کە هاتووە لەبارەی بورجی (بابل)ەوەو لە ئیسحاحی یانزەی (سفر التكوين)دا هەیەو ئەڵێ: دانیشتوانی جیهان یەک زمانیان بووەو بەیەک شێوە قسەیان ئەکرد، وە کاتێ لە ڕۆژهەڵات کۆچیانکرد ڕێیان کەوت لە ناوچەیە لە خاک و ولاتی (شەنعار) لەوێدا نیشتەجێ بوون، ئینجا تەگبیریانکردو وتیان با خشت بپڕین و شارێ دروست بکەین لەگەڵ (بورج) منارەیەکی زۆر بەرزدا، وە ناوو نیشانێ بۆ خۆمان دانێین تا پرژو بلاو نەبینەوە بەسەر زەویدا، ئینجا خوا هاتە خوارەوە بۆ ئەوەی سەرنجی ئەو شارو بورجەیدا کە ئادەمی دروستی ئەکەن، ئینجا خوا وتی: ئەمانە یەک گەلن و یەک زمانیان هەیە بە هۆی ئەوەوە یەکێتیان هەیەو ئەتوانن شتی وا بکەن، وە واز ناهێنن و هەرچیان ویست ئەیکەن، کەواتە با بچین بۆ خوارەوە بۆ سەر زەوی زمانیان بەش بەش و جۆر جۆر بکەین تا لە قسەی یەکتر تێ نەگەن، ئینجاخوا لەو زەوییەدا نەیهێشتن و پرژو بلاوی کردنەوە بە ڕووی زەویداو لەبەرئەوە وازیان هێنا لە دروستکردنی شارەکە، جا لەبەر ئەوە ئەو خاکە ناو برابە (بابل)، چونکە لەوێدا خوازمانی

جۆر بەجۆر کردن، وە لەوێدا پرژو بلاوی کردنەوە بەسەر هەموو پووی زەویدا، ئەگەر خوا میهرەبانی نەکردایەو ئیسلامی نە ناردایە، مەردوم گومڕاو سەرگەردان ئەبوو و ئەکەوتە شوێن بیرۆباوەڕی ئاوا پڕوپووچ، کەواتە با ئەمەبکەین بە نوونەو بیری لێ بکەینەوە تا بزانین ئیسلام چ ڕەحمەتێکی گەورەیە بەسەر ئادەمییەوە!! ئینجا ئامازە بۆ بەندو یاسایەکی گەورەو گرنگ لە ئیسلاما کە زۆر بەکارو سوود بەخشە لەژیانی هەموو ئادەمیدا، وە ئەوەش بریتییە لە بڕوا کردن بە ڕۆژی دوایی کە بەهێنانی ئەم سیفەتە دەست نیشانی بۆ ئەکات و ئەفەرموێ: ﴿مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ﴾ کەخاوەنی هەمووکاروبارێکە لە ڕۆژی دواییدا، کە ڕۆژی تۆڵە و پاداشتە. زۆر جار مەردوم بە خوایەتیو پەروەردگاریی خوا هەیە، بەڵام بڕوای نییە بە ڕۆژی دواییو زیندوو بوونەوەو پاداشو تۆڵە وەک قورئان بۆمان باس ئەکات لە چەند ئایەتو شوێنێکدا، کەواتە پێویستە بە تایبەتی ئامازە کردن بۆ بڕواکردن بەو ڕۆژەش کە بەندێکی زۆر گەورەو گرنگە لە ئایینداو بەندێکی سەربەخییە لە ڕەوانە کردنی هەموو پێغەمبەراندا ـ دروودی خوایان لێ بێ ـ ئەم بەندە زۆر بەنرخە لە مەدا سەرنج ڕائەکێشێو دڵ ئەبەستێ بەجێهانێکی تردوە لەپاش ئەم جیهانی ئێستایە، کەواتە ئارەزوو پێویستی ئەم جیهانو زەوییە، ئەو بڕوا دارە داگیرو ژێر دەستەناکەن، بەڵکو ئەم ئەتوانێ زاڵ ببێو سەرکەوێ بەسەر ئەواندا، وە پەلەو هەڵپەو بێئارامی دڵی داناگرێو دنیای لەبەر چاو تەنگو تاریک ناکات، لەپێناوی پێکهێنانی بەرهەمی کۆششو کردەوەکانیدا، چونکە ئەزانێ بەشو ژیانی هەر ئەمە نییە کەلەم جیهانەدایە، وە هەرچی لەدەست دەرچێو هەرچی بەسەر بێت هەروا بەبێ سەرو شوێن ناڕوا، بەڵکو هەمووی ئەبینێتەوە لە ڕۆژی دواییدا، جا کەواتە ئەم بڕوایە هۆی ڕزگار بوونە لە کۆتو زنجیری بەندەیی هەوەسو ئارەزوو، وە مایەی ئازادیو سەربەستییەکە کە شایانو شایستەیە بە ئادەمێتیو ئادەمییەوە، وە هۆی جیابوونەوەی ئادەمێتی ڕاستەقینەیە لە شێوە بەرزەکەی خۆیدا کە خوا بۆی داناوە، لەو شێوە ناڕاستو پەستەی کە نەفام ئەیهێنێ بەسەر خۆیدا، بێگومان هەرگیز ناگونجێ ژیان ببڕێ بەڕێوە لەسەر بەرنامە بەرزەکەی خوا تا ئەم بڕوایە لەدڵی مەردومدا جێگیر نەبێ، وە تا دڵی پڕ ئارام نەبێ بە بڕوا بە هاتنی ژیانێکی تری نەبڕاوە لەجیهانو ڕۆژێ ترا کە هەر ئەوە شایستەیە بۆ فیداکاریو خۆ بەختکردن لە پێناویدا، بێگومان بڕوادار بەو ژیانو ڕۆژە زۆر جیاوازەو هەرگیزوەک بێبڕواییە نەلەهەستو نەلە سروشتو نەلە کردەوەو ڕەوشتدا، بەڵکو ئەو دوانە دووجۆری جیاوازن، هەرگیز یەک ناگرن نەلەکردەوەی ئەم جیهانەونەلەپاداشتی ئەوجیهاندا.

إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴿٥﴾

ئینجا دەست نیشان ئەکات بۆ دوو بەندو یاسای بیرو باوەڕیی تر کەلە یاساو بەندەکانی تری ئەم سورەتەوە پەیدا ئەبن‌و وەك بەرهەمو سەرەنجام وان بۆیان، ئەفەرموێ: ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾ ئەی خوای پەروەردگار تەنها تۆ ئەپەرستین‌و ئەو پەڕی گوێڕایەڵی بۆ تۆ ئەکەین ﴿وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ وە تەنها لە تۆ داوای یارمەتی‌و کۆمەکی ئەکەین، واتە لە هەر کارو مەبەستێکدا کە ڕەوا بێت‌و بە خۆمان ناکرێ‌و سەربەخۆ نین تیایا، وەك بە بەرهەم گەیاندنی ئەو کارانەی کە پێیان هەڵئەسین، یا هەر کارو مەبەستێ کەلە توانای بەندەدا نییەو بە خوا نەبێ نابێ، وەك بە هاوارەوە هاتن‌و فریاد ڕەسی بە شێوەی نهێنی‌و غەیبی کە تایبەتییە بە خواوە، بۆ ئەم دوو جۆرە ئەبێ هەر لە خوا داوای کۆمەکی بکرێ، وە بۆ غەیری ئەم دوو جۆرەش ئەبێ بەندە بەم شێوە بێت: یارمەتیدان‌و بەهێزکردن‌و کۆمەکی وەرگرتن لە هەر هێزێکی ئادەمی کە ڕوو بە خوا بێت‌و بە پێی بەرنامەی خواو لەسەر خێرو چاکەو ڕاستی بێت، بەڵام ئەوەی کە گومڕا بێت‌و پەیوەندی بە خواوە نەبێ‌و لەسەر بەرنامەی خوا نەبێ، ئەوە نەك کۆمەکی لێ وەرگرتن، بەڵکو ئەبێ جەنگ‌و مل ملانێی لەگەڵ بکات‌و بەربەستی بکات، وە هەرچەند ئەو هێزە بەدە لەبەر چاو گەورەو هەڵەو بێت، ئەبێ بڕوادار هیچ پاکی نەبی لێی، چونکە بە هۆی بەدی‌و گومڕاییەکەیەوە پچڕاوە لەسەر چاوەی هێزی ڕاستەقینە کە هێزی خوایە، پێبڕێ‌و هۆی مانەوەی هەمیشەیی نییە بە وێنەی بەش‌و پارچەیەکی زۆر گەورەیە کە بپچڕێ لە خۆر یا ئەستێرەیەکی ئاگرینی تر، کە بەزوویی سارد ئەبێتەوە‌و ئەکوژێتەوە، چونکە پچڕاوە لە سەرچاوەی گەرمییەکەی، بەڵام هەموو زەرە‌و پارچەیەکانی کە پەیوەستن پێیەوە هەر ئەمێننەوە‌و ناکوژێنەوە، چونکە لەسەرچاوەکەیان نەپچڕاون، پەیوەستن پێیەوە لەگەڵ هێزەکانی ئادەمیدا ئەبێ بەو جۆرە بێت کە باس کرا، وە لەگەڵ هێزە سروشتیەکانی تری بوونەوەردا ئەبێ کۆمەکییان لێ وەرگرێ‌و بەچاوی ناسراوی‌و دۆستایەتی سەرنجیان بدات، نەك بە چاوی بیم‌و ترس‌و دوژمنایەتی، چونکە بەهێزی ئادەمی‌و ئەو هێزانە بە مەیل‌و خواهیشی خوا فەراهەم هاتوون، وە بەجۆرێ هاتوون ڕێك‌و گونجاون پێکەوە، وە بێگومان عەقیدە‌و باوەڕی موسڵمان لەسەر ئەوەیە کە خوا ئەمانەی دروستکردووە بۆ ئادەمی تا بەکاریان بێنن لەسوودو بەرژەوەندی خۆیاندا، بەم ڕەنگە بیریان لێ بکەنەوە‌و بیان ناسن‌و خێرو بێریان لێ وەرگرن، وە ئەگەر جارو بار زیانیان ببینن‌و

دووچاری ئازار بـبن لێیانـەوە ئـەوە بێگومـان لـەڕێی ڕاسـتی خۆیانـەوە بۆیـان نەچـوون و خەریکیان نەبوون.

ڕۆژئاواییەکان ـ کەلەپوور بەری نەفامێتی ڕۆمانیەکان ـ لەبارەی ڕێ بردن و بەکارهێنانی ئـەو هێزانـەوە ئـەڵێن: (ئادەمی زاڵبوو سـەرکەوت بەسـەر سروشتدا)، وە بێگومـان ئـەوە بـە گـوێرەی بیروبـاوەڕی نـەفامی خۆیانـە، کـە پەیوەسـتی نییـە نەبـە خـواو نەبـە ڕۆحـی ئـەم بوونەوەرە گوێڕایەڵ و ملکەچەوە، وە ئەو موسڵمانە تێگەیشتووە کە عەقیدەو بڕوای وایە کە خـوا ئـەو هـەموو هێـزەی داهێنـاوە لەسـەر یاسـا و نیزامـێ کـە هـەموو بگـونجێن پێکـەوە، بـۆ ئەمەی بە کۆمەکی و یەکگرتنی هەمووان بگەن بەو مەبەست و ئامانجەی کە بڕیار دراوە بۆیـان بـە پێـی نیـزام و یاساکانیان، وە ئـەو هـەموو هێزانـە هـەر لـە یەکـەم جارەوە گونجاوو ژێربار کراون بۆ ئادەمی، وە ڕێگەی دۆزینەوەو ناسینی یاساکانیان ئاسانکراوە لەسـەر ئادەمی، وە هـەر کات ڕێـی بـرد بـە هـەرکام لـەو هێزانـەو بـەکاری هێنـا پێویسـتە لەسـەری سوپاسـی خـوا بکـات، چـونکە خـوا ژێـر بـاری کـردووە بـۆی و ئـەم لـە خۆیـەوە زاڵ نـەبووە بـە سـەریدا وەک ئەفـەرموێ: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعًا﴾ ژێـر بـاری کـردووە بۆتـان هەرچـی وا لـە زەویدا بە کۆمەڵی و پێکەوە، وە لە ئایەتێ ترا ئەفەرموێ: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعًا مِّنۡهُ﴾ واتـە: لەلایـەن خۆیـەوەو بـە میهرەبـانی خـۆی ژێـر بـاری کـردووە بۆتـان هەرچـی وا لـە ئاسمانەکان و هەرچی وا لە زەویدا هەمووی پێکەوە، ئـەو حەلە بەچاوی خۆشـی و شـادمانی سـەرنجی ئـەو هـەموو هێـزە سروشـتیانە ئـەدات، نـەک بـە چـاوی بـیم و تـرس، ئـەو بـڕواداڕە تێگەیشتووە بڕوای بـە خـوای تـاک و تـەنیا هەیـە، وە هـەر ئـەو ئەپەرسـتێ، وە داوای کۆمـەکی هەر لە ئەو ئەکات، وە ئەم هـەموو هێزانـە لـە دروسـتکراوی خـوای ئـەون، ئـەمیش ئەگـەڕێ بـە دوایانـداو ئـەیان دۆزێتـەوە هۆگریـان ئـەبێت و بـەکاریان ئـەهێنێت لـە بـەرژەوەنـدی و سـوودی خۆیـدا، ئـەو کاتـە ئـەژی لـە بوونـەوەرێکی دۆسـتی خۆشـەویسـتی هـۆگری خۆیـدا، ئـای چ شیرین و بە تامە فەرموودەکەی پێغەمبـەر (ﷺ) وە دەست نیشان کـەرە بۆمان لـەو بارەیـەوە، کـە سـەرنجی شـاخی ئوحـودی داو فـەرمووی: ئـەمـە شـاخێکە ئێمـەی خـۆش ئـەوێ و ئێمـەش ئەومان خۆش ئەوێ!!

ئەم سورەتە -وەك زانایان ئەفەرموون- لەسەرزووبانی بەندەکانی خواهاتووەتە خوارەوە و بۆئەوەهاتووە ئەمان بیڵێنوقسەی پێبکەن لەگەڵ خوادا، وەك لەیەکەم جارەوە فەرموبێتی: بەندەکانم بڵێن: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ﴾ هتد، ئینجا ئەم سورەتە کراوە بە دوو بەشەوە، یەکەم خوا کردوویەتی بە بەشی خۆی کە سەرەتاکەیەتی، وە دووەمی گێڕاوە بە بەشی بەندەکانی وەك لەم حەدیسەوە وەرئەگیرێ کە (ئیمامی موسلیم) هێناویەتی لە (ئەبو هورەیرە) وە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خوا ئەفەرموێ: نوێژم کردووە لە دوو کەرتەوە لە بەینی خۆم و بەندەکانما، کەواتە نیوەی هی منەو نیوەی بۆ بەندەکەمە، وە بۆ بەندەکەمە ئەوەی داوای ئەکات لێم... کاتێ بەندە وتی: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ خوا ئەفەرموێ: بەندەکەم سوپاس و ستایشی کردم وە کاتێ وتی: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ خوا ئەفەرموێ: بەندەکەم وەسفی دامو ناوی لە چاکە بردم، وەکاتێ وتی: ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ خوا ئەفەرموێ: بە گەورەو بڵند گرتمی وە کاتێ وتی: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ خوا ئەفەرموێ: ئەمە بەینی منو بەینی بەندەکەم، وە بۆ بەندەکەم ئەبێ ئەوەی داوای ئەکات، ئینجا کاتێ وتی: ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾، خوا ئەفەرموێ: ئەمە بۆ بەندەکەمەو ئەوەی داوای ئەکات بۆی ئەبێ، بەشەکەی خوامان تەفسیر کردو دەست نیشانمان کرد بۆ چەند بەندو یاسایەکی گرنگو گەورەی ئیسلامی کەوەرئەگیرێن لە بەشەکەی خوا، ئینجا با بێینە سەر تەفسیری بەشەکەی خۆمان ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ ئەی خوا ڕێنومایمان بکە بۆ ڕێی ڕاست، واتە ئاشنامان بکە پێی و دامەزراومان بکە لەسەری کە ئەم دووانە بەرهەمی ڕێنموونی و چاودێری و بەزەییەکەی خوایە، وە ئەم داوایە بەرهەمی بڕوایە بەوەی کە تەنیا خوا کۆمەکی کەرو کۆمەکی لێداواکراوە، وە ئەمەی کە داوای ئەکەین و ئەمانەوێ خوا کۆمەکمان بکات تیایدا، سەردەستەیەو گەورەترین داواکراوە، وە بەجێ هێنانی ئەم داوایە مایەی خۆش بەختی و کامەرانییە لە هەردوو جیهاندا خێرو خۆشی هەردوولا مسۆگەر ئەکات، هۆی گەیشتنە بە ڕەزامەندی خواو نازو ڕێزی نەبڕاوەی ڕۆژی دوایی، چونکە ئەو ڕێگە ڕاستە

بریتییە لەم ئایینی پاکی ئیسلامە کە بەرنامەیەکی تێرو تەواوی ژیانی تیایەو گشییە بۆ هەموو ناوچەو کون‌و قوژبنێ، وە تاقانە ڕێگەی ڕاستە، چونکە لە هەموو بارو ڕوویەکی ژیانەوە ناوەڕاستی گرتووەو دەست نادا بۆ گۆڕان‌و دەست تێخستن‌و بڕار کردن بەوێنەی ناوەڕاستی ترازوویەکی ڕاست‌و هاوسەنگ کە بۆ هەر بارێ لا بدرێ خوارو لارە سەنگ ئەبێ، بێگومان ئایینی ئیسلام، کە بریتییە لە مل کەچی‌و گوێڕایەڵی بۆ خوا، ئایینی هەموو پێغەمبەران‌و شوێن کەوتووەکانیانە لە زۆر ڕاستان‌و شەهیدان‌و پیاو چاکان، لەبەر ئەوە ئەو ڕێگەیە ڕاست‌و ڕوون ئەکاتەوە بەوەی لەباتی ئەو بە دوایا ئەم ڕستەیە ئەهێنێ، ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِم﴾ واتە: ڕێنموونیمان بکە بۆ ڕێگەی ئەو کەسانەی کە چاکەو بەهرەی خۆتت ڕشت بەسەریاندا، کە ئەوانیش ئەوانەن کە وتمان، وەک دەرئەکەوێ لەم ئایەتەوە ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنعَمَ ٱللَّهُ عَلَيهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَ﴾ سورەتی النساء/٦٩.[1] ﴿غَيرِ ٱلمَغضُوبِ عَلَيهِم﴾ نەک ڕێگەی خەشم لێگیراوەکان، ڕێی ڕاستیان ناسی‌و لایاندا لێی، ﴿وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ وە نەک ڕێگەی گومڕاکان کە ون بوون‌و ڕێیان نەبرد بە ڕێی ڕاست.

هێندێ ئەفەرموون: خەشم لێگیراوان جوولەکەیە‌و گومڕاکانیش گاورەکانە، وە هەردوو ڕاکە ئەگونجێن‌و لەسەر هەردوو بەڵگە هەیە.

ئابەم شێوە کورتە کۆتاییمان هێنا بە تەفسیری ئەم سورەتە بە فەرە، وە هەر بەم ئەندازەیە کە وتمان دەرئەکەوێ کە زۆر بەجێیە‌و مافی خۆیەتی کە کراوە بە سەرەتا‌و یەکەم سورەتی ئەم قورئانە گەورە‌و بڵندە، وە زۆر بەجێیە‌و مافی خۆیەتی کەلە هەموو ڕکاتێکی نوێژدا ئەوترێتەوە. داوا ئەکەین لە خوای میهرەبان کە دڵمان ڕووناک بکاتەوە بە تیشکی ئەم سورەتە پیرۆزە‌و بەندو یاساکانی لە دڵماندا جێگیر بکات.

وصلي الله وسلم علي عبده ورسوله محمد وعلي كل عبد مصطفي.

---

[1] واتە: ئەو کەسانەی کە گوێ ڕایەڵی خوا پێغەمبەرن، ئەوانە لە ڕۆژی دوایی دا لەگەڵ ئەو کەسانەن کە خوا چاکەو بەهرەی خۆی ڕشتووە بەسەریانا کە بریتین لە پێغەمبەران‌و صدیقەکان‌و شەهیدەکان‌و پیاو چاکان.

سورەتی ﴿البقرە﴾
هەدینەییەو (٢٨٦) ئایەتە

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەم سورەتە هەرچەند هەموو ئایەتەکانی پێکەوە و بەدوای ئەکدا نەهاتوونەتە خوارەوە، بەڵکو لە بەینی ئایەتەکانی دا سورەت و ئایەتی تر هاتوونەتە خوارەوە، تەنانەت پای بەهێز لەسەر ئەوەیە کە هێندێ لە ئایەتەکانی - وەك ئایەتی باسی سوود و قەدەغە کردنی - لە دوا دوایی هاتنە خوارەوەی قورئاندا هاتوونەتە خوارەوە، ئەم سورەتە هەرچەندە بەو جۆرەیە، بەڵام لەو سورەتانە ئەژمێررێ کەلە یەکەم و سەرەتای چەرخی مەدینەوە هاتبنە خوارەوە، پای بەهێو لەسەر ئەوەیە کە سەرەتاکەی لە یەکەم جارو سەرەتاوە هاتووە، وە هەموو سورەتێکیش بەپێی سەرەتاکەی تەماشا ئەکرێ و ناو ئەبرێ، ئینجا بێگومان کۆکردنەوەی ئایەتی سورەتەکان و ڕیزو کردنی سورەتەکان بەم جۆرو شێوەی کە هەیە و ناسراوە، لەسەر ڕاو فەرمانی پێغەمبەر بووە(ﷺ) وەك ڕوون ئەبێتەوە لە حەدیسێکدا کە (ترمزی) ئەیهێنێ لە (ئیبن و عەباس)ەوە -خوا لێیان ڕازیبێ- وە هەروەها لە حەدیسێ ترەوە کە (مسلیم) و (بوخاری) ئەیهێنن لێیەوە، وە بێجگە لەو حەدیسانە ئەم جۆرو شێوەی کە هەیە بە تەواوترو بە بێگومان و دوبەرەکی دەقی ئەو یەکەم بەرگەیە کە ناو ئەبرێ بە (المصف الأم)وە لەسەر بڕیاری هەموو هاوڕێکانی پێغەمبەر (ﷺ) قورئانی تیا کۆکرایەوە لە یەکەم جارو سەرەتای جێنیشینی (ئەبو بەکر)دا -خوا لێی ڕازیبێت- وە شتێکی ئاشکرایشە کە ئەو بریارە لە خۆڕایی نەدراوە و لەبەر ئەوە بووە کە ئەم قورئانەیان بەم جۆرو ڕیزە وەرگرتووە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) جا لەبەر ئەوە هەر سورەتێ لە سورەتەکانی قورئان تام و بۆن و هەناسەو شێوەیەکی تایبەتی هەیە جیای ئەکاتەوە لە سورەتەکانی تر، هەرچەند لە بنەڕەتدا یەکن و لە یەك سەرچاوەوە هاتوون و هەموو فەرموودەی خوان، ئەوەش بە وێنەی ئەندامەکانی ئادەمی کە هەموو لە بنەڕەتا یەکن و کەچی هەرکام لەو ئەندامانە لە شێوەو دەنگ و ڕەنگ و ڕەوشتا جیاوازن لەوانی تر.

ئەم سورەتە درێژەو باس و مەسەلەی زۆری تیایە، بەڵام هەموو کۆئەبنەوە لە یەك مەڵبەندا، وە ئەو مەڵبەندەش لە دوو پەلی سەرەکی پێك هاتووە کە پەیوەستیان بە تینە.

یەکەمیان: ئەگەرێتەوە بۆ هەڵوێستی جوولەکە بەرامبەر بە ئیسلام و ئەو گەلە موسڵمانەی کەلەسەر بنەڕەتی ئیسلام پێك هات یەکەم جار لە مەدینەدا، وە پەیوەندی بە هێزی ئەو جوولەکانە بە ناپاکەکان و بت پەرستەکانەوە بەدژی ئیسلام و موسڵمانان.

دووەم: ئەخولێتەوە بەدەوری هەڵوێستی ئەو کۆمەڵە موسڵمانەدا لە یەکەم جاری پەیدا بوونیانەوە، وە ئامادە کردنیان بۆ هەڵگرتنی سپاردەی خواو هەڵسانیان بە فەرمانی جێنشینی لە زەویدا، لەپاش ئەوەی بەنی ئیسرائیلی پەیمانی خوایان شکاندو وازیان هێنا لەو سپاردە گەورەیەی کە خرا بووە سەر شانیان و خۆیان داڕنی لە شەرەفی نەوەیی و نەژادی (ئیبراهیم خەلیل)، هەموو باس و مەبەستەکانی ئەم سورەتە ئەخولێنەوە بەدەوری ئەو مەڵبەندەدا بە هەر دوو پەلەکەیەوە، وەك ڕوون ئەبێتەوە لە نیشان دان و خستنە بەر چاوی ئایەتەکانیەوە، وەبۆ ڕوون کردنەوەی ئەوەی کە باس کرا چاك وایە کورتەیە باس بکەین لەو بەسەرهات و ڕووداوانەی کە ئایەتەکانی ئەم سورەتە هاتنە خوارەوە بۆ چارەسەر کردن و بەرەنگاریان، لەگەڵ بێدار کردنەوە و مۆچیاری کردنێکی هەمیشەیی بەوەی کە ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە بە شێوەیەکی گشتی هەر بووە و هەر ئەیش بەدێژایی چەرخ و ڕۆژگار، وە هۆی هەمیشەیی و تەڕو تازەیی تەمێ و ئامۆژگاریەکانی فەرمانیش هەر ئەویە.

کۆچ کردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە پێك هات لەبەر چەند هۆیە کە ئەو کۆچ کردنەی بە پێویست گێڕاو کردی بە کردەوەیەکی ناچاری بۆ بەڕێوەبردنی بانگ و بانگەوازەکەی خواو ڕۆیشتنی لەسەر ڕێگەو ڕچەی تایبەتی خۆی کە خوا بۆی نەخشە کێشا بوو. هەڵوێستی ناڕەواو سەرکێشانەی قوڕەیش لە مەککەدا ـ تایبەتی لە پاش لەدنیا دەرچوونی (خەدیجە) خاتوون –خوا لێی ڕازیبێ–، وەلە پاش مردنی (ئەبو تالیب) ـ ئەو هەڵوێستە ناڕەوایە نزیك بوو لەوەی بە تەواوی بانگ کردنەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بوەستێنێ لە مەککەو دەورو بەریدا، هەرچەند لەبەرەوە مەردوم هەر موسڵمان ئەبوون و گوێیان نەبوو لەو هەموو پیلان و سزاو ئازارەی کە دووچاریان ئەکرا، وە ئەو هەڵوێستەی قوڕەیش کارێکی وای کردبوو عەرەبەکانی دوورو دەرەوەی مەککە وەستا بوون و چاوەڕوانیان ئەکرد، بزانن وای کردبوو عەرەبەکانی دوورو دەرەوەی مەککە وەستا بوون و چاوەڕوانیان کرد، بزانن ئەو ئازاوەو دوژمنایەتیەی کە خزمە زۆر نزیکەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بەکاری ئەهێنن سەرەنجامی چۆن ئەبێت و سەری لە چیەوە دەرئەچێ؟ وەهیچ هۆو پاڵ پێوەنەرێ نەبوو بڕوایان پێبێنێ بە پیاوێ کە بەو جۆرە کەس و کاری لێی هەڵسابن، بە تایبەتی کە خزمەکانی قاپیەوان و

کلیل داری کەعەبەبوون، وەبە هۆی ئەوەوە بیرێکی ئایینی و سەرۆکیان هەبوو لە نیمچە دورگەدا، جا لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەڕا بەدوای جێگا و شوێنی ترا کە بیکا بە نیشتەجێ و مەڵبەند بۆ ئایین و بانگەوازەکەی، شوێنێکی وا کە ئایین و عەقیدەکەی بپارێزێ و سەربەستی بکات و لەو وەستان و بەرگریەی کەلە مەککەدا دووچاری بوو، وە پارێزگاری بڕواداران بکات لەسزا و ئازار. وەلە پێش کۆچ کردن بۆ مەدینە کۆمەڵەکانی کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، وە مەبەستی سەرەکی لەو کۆچ کردنەش وا دەرئەکەوێ هەر دەست کەوتنی ئەو بنکەو مەڵبەندە بووبێ.

بەڵگە لەسەر ئەوە ئەمەیە ئەوانەی کە ئەو کۆچەیان کرد لە تاقمی بەندەو هەژارو بێکەسەکان نەبوون، کە هەمیشە لەژێر باری ئازارو سزادا بوون، بەڵکو لەوانە بوون کە کەس دارو تەقیە لێکراو بوون و کەس نەی ئەتوانی ئازاریان بدات و دەست درێژیان بۆ بکات، ئەوانیش وەک: (جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب) و (زوبێری کوڕی عەوام) و (عبدالرحمن کوڕی عەوف) و (ئەبو سەلەمەی مەخزومی) و (عوسمانی کوڕی عەففان)، هەروەها لە ئافرەتانیش چەند ئافرەتێک ئەو کۆچەیان کرد کە لە بنەماڵە گەورەکانی مەککە بوون و کەس نەی دەتوانی دەست درێژیان بۆ بکات، یەکێ لەوانە (أم حبیبة) بوو کە کچی (ئەبو سوفیان) بوو کە یەکی بوو لە سەرۆکە بەرزەکانی قورەیش، بەڵێ هەڵ ئەگرێ کە ئەو کۆچ کردنە چەند هۆیەکی تری بووبێ، وە ئەوەی ڕق و خەشمی چەند کەس و چەند بنەماڵەیەکی گەورە هەڵسێ و غیرەتیان بێتە جۆش لەوەی کە کوڕو کەس و کاریان دەربەدەر کران، بەڵام لە هەمان کاتدا با مەبەستیان دۆزینەوەی بنکەیە بێت کە هیچ نەبێ بە سەربەستی و بێ مەترسی بتوانن هەڵسن تیایدا بەکاروباری ئایینەکەیان، وە هەروەها وا دەرئەکەوێ ڕۆیشتنی پێغەمبەریش (ﷺ) بۆ (طائف) هەر بۆ ئەو مەبەستە بوو بێت، بەڵام مەبەستەکە پێک نەهات ئەوە بوو گەورەکانی هۆزی (ثقیف) پێشوازیەکی زۆر خراپیان لێکردو بێشەرمی و ناپیاوی خۆیانیان دەربڕی، وەک بە درێژیی لە کتێبی سیرەت و حەدیس دا باس کراوە، ئینجا لە پاش ئەوە خوا دەوری کردەوە لە پێغەمبەر (ﷺ) وە لەئایین و بانگەوازەکەی، لەلایەکەوە کە خەیاڵ بۆی نەئەچوو، بەم ڕەنگە خوا پەیمانی یەکەمی (عقبة)ی سازاند، ئینجا پەیمانی دووەمیش هات بەدوایدا، کە ئەو دوو پەیمانە خوا کردنی بە قاپی سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر هێزی کوفرو نەفامی دا، وە ئەم دوو پەیمانە پەیوەندیەکی بە هێزیان هەیە بەو

مەبەستەی کە لەم پێشەکیەدا خەریکین پێیەوە، وە بەو بەسەرهاتانەی کە لە مەدینەدا رووياندا بەرامبەر ئەم ئایین و بانگەوازە.

کورتەی داستانی ئەم دوو پەیمانە بەم جۆرە بوو: پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتی حەجدا پەیوەندی ئەکرد بەوانەی کە ئەهاتن بۆ حەج لە تیرەکانی عەرەبی دەرەوە و بانگی ئەکردن بۆ ئیسلام و داوای لێ ئەکردن پارێزگاری بکرێ لە گەیاندنی فەرمان و ئایینی خوادا، جا بە دوو سالّ پێش کۆچ کردنی بۆ مەدینە گەیشت بەشەش کەس لە مەدینەییەکانی هۆزی (خزرج) لەکاتی حەجدا، ئینجا کە بانگ کردنەکەی پێغەمبەریان بیست لەناو خۆیانا وتیان: سوێند بە خوا ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە کە جوولەکەکانی مەدینە هەڕەشەی پێئەکەن لە ئێمە و ئەڵێن: کاتی هاتووەتە پێشەوە، کەواتە با ئەوان پێشمان نەکەون لێی... لەبەرئەوە کاتێ بانگی ئەمانی کرد گوڕایەڵ بوون و بڕوایان هێنا، وە عەرزیان کرد کەهیچ گەلێ نییە وەک ئەو گەلەی ئێمە ئازاوە و دوژمنایەتی تیا بێت، بەڵکو خوا بە تۆ یەکمان بخات و ناکۆکیمان نەهێڵێ، ئینجا کە گەڕانەوە بۆ مەدینە ئەم باسەیان گێڕایەوە بۆ گەلەکەیان، ئەوانیش بەوە شادمان بوون و بڕیاریان لەسەردا، ئینجا لەسالّی داهاتوودا تاقمێکی دوانزە کەسی لە هەردوو تیرەکە چوون بۆ حەج، پەیمانیان پێدا لەسەر ئیسلام، وە ئەویش (موصعوبی کوڕی عومەیر)ی لەگەڵ ناردن تا فێری کاروباری ئایینی ئیسلامیان بکات، ئینجا لە سالّیداهاتووی ئەو سالّەدا کۆمەڵێکی حەفتا و پێنج کەسی هاتن و بەخزمەتی گەیشتن و داوایان لێکرد کە پەیمانیان لەگەڵ ببەستێ، ئەویش لە شەوا لەگەڵ (عەباس)ی مامی هەرچەند هێشتا بڕوایشی نەهێنا بوو چوو بۆ ناو ئەو مەدینەییانەو و بە نهێنی کۆبوونەوە لەگەڵیان و پەیمانەکەی لەگەڵ بەستن، وە ئەم پەیمانە ناو ئەبرێ بە پەیمانی گەورەی (عقبة).

(محمدی کوڕی کەعبی قورزی) ئەفەرموێ: وەک لە چەند ڕیوایەتێکا هەیە لەو شەوەدا (عبدالله ی کوڕی ڕەواحە) کە یەکێ بوو لەو پەیمان دەرانە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا مەرج دابنێ لەسەرمان بۆ خواش و بۆ خۆشت، ئەویش فەرمووی: مەرج بۆ خوا بەسەرتانەوە ئەوەیە کە بیپەرستن و هیچ شتێ نەکەن بە هاوبەشی، وە بۆ خۆشم ئەمەیە کە بەرگریم لێ بکەن لە هەر شتی کە بەرگری خۆتان و مالّی خۆتانی لێ ئەکەن، (عبدالله) عەرزی کرد: ئەگەر ئێمە ئەوەمان کرد چیمان بۆ هەیەو پاداشتمان چییە؟ ئەویش فەرمووی: بەهەشت، ئەوانیش وتیان: کڕین و فرۆشتنەکە قازانجی کرد، نەڕێی هەڵوەشاندنەوەی ئەدەین و نە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەکەین!! ئاوا بەو جۆرە کارەکەیان بە تۆندی گرت، لەبەرئەوە ئیسلام

بلاوبوونەوە لە مەدینەدا بە زووبی و بە پەسپاندی، بە جۆرێ هیچ ماڵێ نەما لەمەدینەدا کە ئیسلامی تێنەکەوێ پێش کۆچ کردنی پێغەمبەر (ﷺ) وە لەپاش ئەو پەیمانە موسڵمانەکانی مەککە دەستیان کرد بە کۆچ کردن بۆ مەدینە بەدوای یەکا و هەموو شتێکیان بەجێ هێشت و تەنیا عەقیدەو بڕواکەی خۆیانیان لەگەڵ خۆیان بردو چوون بۆلای برا مەدینەییەکانیان و ئەوانیش -خوا لێیان ڕازیبێ- بەجۆرێ هاتن بە پێشوازیانەوە کەلە هەموو چین و چەرخ و تەمەنی ئادەمیدا شتی وا نەبینراوە، ئینجا پێغەمبەریش (ﷺ) لەگەڵ یاری (غار)ی کۆچیان کرد بۆ بنکە بەهێزە سەربەست و ئازادەکەی ئیسلام کە چەند وەخت بە دوایا ئەگەڕان، کۆچیان کرد بۆ شاری (یثرب)، وە لەدوای ئەوە ناوەکەی بوو بە (مەدینەی ڕەسول) شارەکەی پێغەمبەر، وە هەر لە یەکەم جاری کۆچ کردن و گەیشتن بەو شارە پیرۆزە دەوڵەتی ئیسلامی بەدی هات و بەرپابوو.

لەو یەکەم چینی کۆچ کەران و یارمەتی دەرانە گەل و کۆمەڵێکی هەڵبژێرراوی جیاواز پێک هات کە قورئان لەزۆر شوێنا وەسفیان ئەکات و ئامازە ئەکات بە ڕادەو پلەی بەرزیان، ئەم سورەتە لە یەکەم جارو سەرەتایەوە باسی یێکۆمەڵ لە ئادەمی ئەکات و ناوو نیشانیان هەڵ ئەدات، کە یەکەمیان تاقمی لە خواترسانە بە شێوەی گشتی، بەڵام یەکەمو سەر دەستە لە ناویانا ئەو کۆمەڵە بەختیارەی یەکەم جاری ئەم ئوممەتەیە لە کۆچ کەران و یارمەتی دەران -خوا لێیان ڕازیبێ-، ئینجا لەپاش ئەوان بێبڕواکان ئەکات بە دووەمو ئەیهێنێ بە دوای یەکەم تاقمدا بە دوای یەکەم تاقمدا کە بێگومان ئەو چینە بێبڕوای یەکەم جارەیش کە بەرامبەر ئیسلام و ئەو موسڵمانانە وەستان، سەر دەستەو یەکەم مەبەستن لەناو ئەو تاقمە خەشم لێگیراوو هەڕەشە لێکراوەدا، ئینجا دێتە سەرباسی ناپاکان و ئەیان کات بە سێیەم تاقم و بەدرێژی لێیان ئەدوێ و زۆر لە کردەوەو ناوو نیشانیان دەرئەخات، ئەم تاقمە لە مەدینە پەیدا بوون لەپاش ئەوەی ئیسلام هێزێکی وای پەیدا کرد کە هەموو کەس لە وڵاتدا بەشتی دائەنا و هەموو کەس زۆر یاکەم ناچاربوو تەقیەی لێئەکرد، بەتایبەتی لەپاش جەنگی (بەدر) کە ئیسلام و موسڵمانانی تیا سەرکەوتن و هێزی بت پەرستی تیا شکا، وە لەناو ئەوانەی کە ناچاربوون بە خۆ ڕێکخستن لەگەڵ موسڵمانان دا، زۆر تر تاقمێ بوون لە پیاو ماقوڵان و گەورەکانی مەدینە کە خزم و کەس و کاریان موسڵمان بوو بوون و ئەمانیش ناچار بوون بەدەم موسڵمانێتیان دەرئەبڕی، تا ئەو ڕێزو قەدرەیان بمێنێتەوە و پارێزگاری بەرژەوەندی خۆیان بکەن، یەکێ لەو گەورانە (عبدالله ی کوڕی ئوبەی سەلول) بوو کەلە پێش

گەیشتنی ئیسلام بۆ مەدینە گەلەکەی خەریك بوون تاجی پادشیان بۆ دروست ئەکردو ئەیان کرد بە پادشای خۆیان.

ئەم تاقمە ناپاکە بەنهێنی و لە ژێرەوە بە هیچ ڕەنگ نەئەوەستان لە پیلانو نا پیاوی و ئازاوە نانەوە، وە زیانیان زۆر ترو سەخت تر بوو لە زبانی دوژمنە ئاشکراکان، لەبەر ئەوە قورئان لێرەو لەزۆر شوێنی ترا ئەو هێرشە سامناکانە ئەباتە سەریان و موسڵمانان ئاگادار ئەکاتەوە بە پیلان و دوژمنایەتیەکەیان، وەلە هێرش بردنی ئێرەدا ئاماژە ئەکات بە شەیتانەکانیان کەوا دەرئەکەوێ مەبەست بەو شەیتانانەیان جوولەکەبێت کەئەم ناپاکانە بوون بە کەری ژێر باریان بە هۆی ئەمانەوە پیلان گێڕی و کردەوەی پیسیان ئاڕاستەی ئیسلام و موسڵمانان ئەکرد، ئەو جوولەکانەی کە پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ هەموو تیرەو بەرەبابەکانیان پەیمانی بەست لەسەر چەند بەندێ کە هەموو پێی ڕازی و شادومان بوون و بڕیاریان لەسەردا، کەچی لەپاشا بە سروشتی جوولەکەیی خۆیان ئەو پەیمانەیان شکاند تا خوا تۆڵەی لێسەندن، وە ئەو جوولەکانە یەکەم تاقم بوون کە هەڵسان لە مەدینەدا لە دژی ئیسلام و موسڵمانان و پێغەمبەرمان (ﷺ) وە هۆی دوژمنایەتی یەکەشیان چەند شتێ بوو هێندێکیان ئەمەبوو: جوولەکە لەپێش ئیسلامدا لە مەدینەدا ڕێزو ڕادەیەکی بەرزی بوو، چونکە زانا و نامەدار بوون عەرەبەکان نەخوێندەوارو بێنامە بوون، ئەمە لەم بارەیەوە، وە لەبارێ ترەوە عەرەبەکان بەهۆی دوژمنایەتی سەختی ناو خۆیان لەکار کەوتبوون و هەر تاقمێ ناچار بوو بەمەرامی کردن و دڵنەوایی جوولەکەکان کە بەدەسەڵات و چەکدارو فێڵباز بوون، کەواتە ئەو دوژمنایەتییە هەڵو هەڵکەوتێکی چاك بوو بۆ ئەو جوولەکانە، لە پەنایا بحەوێنەوە و بن بەدەم ڕاست و تەقیە بێکراو، ئینجا کاتێ ئیسلام هات و بەرزبرن نامەی هێنا بە جۆرێ جوولەکەکان داماو بوون لەئاستی، وە پێویست بوون پێی، ئینجا ئەو دوو تاقمە دوژمنەی یەك خست و کردنی بەبرای گیانی بەگیانیەکی وا کە مێژووی ئادەمی شتی وای نەدی بوو، کەواتە بە هاتنی ئیسلام ئەو دەم ڕاستی ئەوانە نەماو ڕێگە بەسرا لە پیلان گێڕی یەکەیان.

بێجگە لەو هۆیە جوولەکە لە پێشەوە لاق ئەوەی لێئەدا کەگەلی هەڵبژێرراوی خوایەو نامەو پێغەمبەرێتی هەر لەناو ئەوان ئەبێت، کەواتە لایان وابوو کە دواترین پێغەمبەریش هەر لەوان ئەبێت، ئینجا کەبینیان لە ناو عەرەبدا پیەدا بوو، لە یەکەم جارەوە وایان زانیبۆ عەرەبە نەخوێندەوارەکانەو، ئینجا کەبینیان یەکەم جار ئەوان بانگ ئەکات بۆ گوێڕایەڵی بۆ

ئەو ئایینە تازەیە، بەو بۆنەیەوە کە ئەوان زانا و شارەزا ترن لەبت پەرستەکان، وە ئەوان شایستە ترن بە گوێڕایەڵی و مل کەچی کاتێ ئەوەیان بینی غیرەت کەشی نەفامانە گیرتنی و ئەو بانگ کردنەیان بەدەست درێژیی و ئابڕو بردن دانا، ئینجا بێجگە لەم هۆیەش هۆی گەورە ئەوە بوو نەخۆشی حەسادەت دڵیداگیر کردبوون بە تەواوی لە دووبارەوە:

یەکەم: لەوەی کە خوا ئەم پێغەمبەرەی (ﷺ) هەڵبژارد کە بەباشی ئەیان ناسی و ئەیان زانی ڕاستە بەپێی ئەو هەواڵ و نیشانانەی کەلە نامەکەی خۆیاندا هاتبوو.

دووەم: لەمەی کە بەزوویی لە مەدینەدا سەرکەوت و کارەکەی بە ڕێکی و بەبێ وە ستان ڕۆیشت و گەیشت بە ئامانج، لەبەرئەم هۆیانە و چەند هۆیە تر هەڵوێستی جوولەکە بو جۆرو شێوە ناڕەوا بوو کە قورئان لەم سورەتە و لە چەند سورەتێ تردا بۆمان باس ئەکات، وە بەڕاستی مافی خۆیانە کە ئەو هێرش و هەڕەشە یەختانەیان ئاڕاستە ئەکرێ.

لە هەموو شت سەیرتر ئەوەیە کە قورئان لەکەداری کردوون لە چەند نیشانە و سیفەت و کرەوەیەکی خراپ کەلەپێش ئیسلامدا بوویانە و لەپاش ئیسلامیش تا ئێستا و لەمەولاش هەتا دنیا دنیایە هەر هەیانە و لێیان جوێ نابێتەوە، بە جۆرێ قورئان کە ڕووی فەرموودە ئەکاتە ئەو چینەی کەلە چەرخی پێغەمبەرا بوون (ﷺ)، وەك ئەوانە هەر ئەو چینە بن کەلە چەرخی (موسا) پێغەمبەردا (علیه السلام) بوون هەر ئەوانەش بن کەلەپاش ئەو لەچەرخی پێغەمبەرەکانی تریاندا بوون، بە هۆی ئەوە ئەوانە یەك تیرەن و لە هەموو چەرخ و کاتێکدا یەك سروشتیان هەیە، وە کارو پیشەیان یەك جۆرو شێوەی هەیە، وە هەڵوێستیان لەگەڵ هەق و ڕاستی و مەردومدا هەر یەك شتە بەدرێژیی چەرخ و چین و وڵات!! جالەبەرئەوە ئەبینین زۆر جار کردەوەی تاقم و چینەکانی چەرخی (موسا) و دواتر ئەدا بەناو چاوی ئەوانەی کەلە چەرخی ئەم پێغەمبەرەدا بوو (ﷺ) وەلەکاتی باسی پێشووەکاندا، ڕووی فەرموودە ئەکاتەوە جوولەکەکانی مەدینە، وەلەکاتی قسەکردن لەگەڵ ئەماندا ڕووی فەرموودەی ئەگێڕێتەوە بۆ تاقم و چینەکانی پێشوو و ڕابردوو، وەك بۆمان دەرئەکەوێ لەمەوپاش ـ بەیارمەتی خوا ـ لەکاتی تەفسیری ئایەتەکاندا، وە بەڕاستی ئەمە موعجیزەی قورئانە و هەر لە دەست قورئان دێت ئەم جۆرە کارانە، وەلەبەر ئەوەیە قورئان تەڕو تازەیە و لە هەر چەرخێکدا بیری لێ ئەکرێتەوە و سەرنج ئەدرێ وەك بۆ ئەو کات و چەرخە هاتبێ و دانرا بێوایە، وە هەموو تەمێ و ئامۆژگاریەکانی بەکارە لە هەر چەرخ و چینێکدا، وەك یەکەم چین و چەرخ، وە گەلی موسڵمانی ڕاستەقینە هەمیشە وریا ئەبن بەرامبەر دوژمنیان و هەڵناخەڵەتێن پێی.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

الٓمٓ ۝١ ذَٰلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ ۛ فِيهِ ۛ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ۝٢

ئەم سورەتە بێجگە لەمانەو گەیاندنی ئەم شتە گرنگانە، دەست نیشان ئەکات بۆ دروست کردنو داڕشتنی کۆشکی گەلی موسڵمانو ئامادەکردنی بۆ هەڵگرتنی سپاردەی ئایینو عەقیدە لەزەویدا لەپاش واز هێنانو گوریز کردنی گەلی ئیسرائیلی لە هەڵگرتنی، وە لەپاش هەڵوێستی بەدوخراپی دەربارەی موسڵمانانوئایینی ئیسلامو پێغەمبەرەکەیان(ﷺ).

لەپاش پێش خستنی ئەم پێشەکییە کە زۆر بەنرخو پڕ سوودە لە تێگەیشتنو وەرگرتنی مەبەستو ئامانجی سورەتەکەدا، ئینجا با دەست پێبکەینو بەدڵگوێ شل کەین بۆ ئایەتەکانیو داوا بکەین لە خوا کە بەهرەمەندمان بکات بە پێتو فەرمان.

خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * الٓمٓ﴾ لەسەرەتاوە وتمان: مەیلو خواهیشی خوا وابوو لە سورەتی ﴿یٰسٓ﴾موە دەستم کرد بە تەفسیری قورئانی پیرۆز، وە هۆی هەڵبژاردنی ئەو سورەتەم بۆ دەست پێکردن باس کردووە لە سەرەتای ئەو سەرەتەدا، ئینجا لەبارەی دوو پێتی ئەو سورەتەو دوانزە پێتەکەی تریەوە کە هەر چواردەیان کۆ ئەبنەوە لەم ڕستەیەدا: (نص حكيم قاطع له سر)وە لە چەند جۆرو شێوەیە قاسی بیستو نۆ سورەتی قورئانیان پێکراوەتەوە دەربارەی ئەم پێتانە بە کورتی ڕای زانایانی ئیسلامم باس کردووە تیایاندا، کەواتە لێرەدا دووبارە کردنەوە بە پێویست نازانم.

﴿ذَٰلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ ۛ فِيهِ ۛ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ﴾[1] ئەو کتێبە. واتە ئەم قورئانە بەرزو بەڕێزە ﴿لَا رَيْبَ ۛ فِيهِ ۛ﴾ هیچ گومانو دوو دڵییەکی تیا نییە، واتە هاتنی لەلایەن خواوە ئەوەندە ڕوونو ڕاستە هیچ جێگەو شوێنێکی تیا نییە بۆ گومانو دوو دڵی، وە ئەوەندە موعجیزەیەکی ئاشکرایە شایستە نییە بۆ ئەمەی گومانو دوودڵی ڕووی تێبکات. ئایا گومانو دوودڵی ڕوو بکاتە هۆنینەوەی وتەو وشە شیرینەکانی کە پێك هاتوون هەر لەو پیاتنەی کە مەردوم وتەو وتاری

[1] یەکەم زانایان چەند ڕایەکیان هەیە لەبارەی مەبەست بەوشەی ﴿ذَٰلِكَ﴾و ﴿الْكِتَابُ﴾موە، وە هەروەها ئەم ڕستانەیان بە چەند جۆرێ پێناسە ـــ ترکیب ـــ کردووە، هەر چەند هەموو ڕایەکان لە مەبەست دا ئەبنەوە بە یەك، بەڵام لەسەر هەر ڕایە تەفسیری تایبەتی خۆی هەیە، وە لەناو هەموان دا باوەڕەم بەوە بەهێزە کەلە تەفسیرەکەدایە.

لێپێك ئەهێنێ و كەچی هەموو كەس داماو و دەستەپاچە بوو و دەستەپاچەیە لەمەی وێنەی كورت ترین سورەتی بێنن، لەگەڵ ئەمەدا چەند جار جارێ دا بەناو هەموو جیهانداو بەری بڕیبوو لە هەموو كەس كە ئەگەر ڕاست ئەكەن ئازا بن وێنەی بێنن، وە هەواڵیشی دا كەس ناتوانێ وێنەی بێنێ، وە هەوڵو تەقەللای زۆریش درا لەلایەن دوژمنانەوە، بە تایبەتی یەكەم چینێ كە عەرەب بوون و سەر دەستەو سەرۆك بوون لە دوانگەدا، وە مامۆستای هەڵكەوتووبوون لە وتار دان و ڕەوانبێژیدا وەلە دوژمنایەتیشدا گەشتبوونە ئەوپەڕی ڕادەو هەمیشە بە دوای ئەوەدا ئەگەڕان ڕەخنەو لەكەیەك بدۆزنەوەو پلارێ بدەن لە پێغەمبەر (ﷺ) و قورئانەكەی، وە وتاری زۆریشیان هەڵبەستو لەپاشا هەر خۆیان بۆ خۆیان لەو بارەیەوە دامردنەوەو ئەیان وت ئەمە سیحرو جادووە بۆیە ناتوانین بەرگری بكەین و وێنەی بهێنین!!

ئەی ئایا گومان و دوودڵی ڕووبكاتە ماناو مەبەستی بەرزو ڕێك و پێك و دامەزراوو نەگۆڕاوی، بەبێ ئەوەی هیچ دژایەتی و نەگونجاویەك ڕووبدا بە هیچ بەش و پارچەیەكیدا، هەر لەسەر تا خواری، كە ئەگەر هی خوا نەبوایە ئەم كتێبە گەورەیە دژایەتی و دووبەرەكی زۆری تیا بوایە؟ ئەی ئایا ڕووبكاتە ئەو ڕژێمە ڕاست و ڕەوای كە نەخشەی كێشاوە بۆ ژیان لە هەموو بارو ڕوویەكییەوە، چ ڕژێمی ڕۆحی و چ ڕەوشتی و چ كۆمەڵایەتی و ...هتد؟

ئەی ئایا ڕووبكاتە ئەو هەموو هەواڵە غەیبیانەی كە دای بە جیهان و جیهانیان، ئیتر چ ئەو هەوالانەی كەلە پێش هاتنی قورئاندا بەدڵی هیچ كەسا گوزەریان نەكردبوو، وەك هەواڵ دانی پاشە ڕۆژی ئایین و ئوممەتەكەی، وە هەواڵ دانی بەنیازو خەتەرەی دڵی مەردوم، وە چ هەواڵدانی بەو شتانەی كە پێغەمبەرو ئەو گەلە عەرەبە نەخوێندەوارەی كە لەوان بوو لەناویاندا پێگەیشت بێئاگا بوون و بەهیچ ڕەنگ ئەو هەوالانەیان نەبیستبوو وەك هەوالی پێغەمبەران و گەلە ڕابوردووەكان و بەسەرهاتیان، بەڵكو ئەم هەوالانە هەموو جیهان لێیان بێئاگا بوون، مەگەر هێندێ لەزانایانی نامەدار لە جوولەكەو مەسیحیەكان، كە ئەو هەوالانەش بەبێزیادو كەم بەدی هاتن و بەڕاست دەرچوون؟

ئەی ئایا گومان و دوو دڵی ڕووبكاتە ئەو هەموو مەسەلە ڕاستەو ئەو هەموو شتە ڕاستەقینانەی كە هێنانی و ئاماژەی بۆ كردن لەبارەی ئادەمی و ئەم بوونەوەرەو ژیانەوە كە لەپێش هاتنی قورئان دا نەزانراوو نەناسراوبوون، وەلە پاش هاتنی بەسیازدە چوارده سەدە تازە ڕێیان پێئەبرێ لە ڕێگای زانیاری تازەوە؟!ئەی ئایا... ئەی ئایا... ئەی ئایا...؟ كەواتە زۆر بەجێیەو هەر مانی ئەمە كە فەرموویەتی: ﴿هُدًى﴾ واتە: ئەم قورئانە ئەوەندە ڕێنموونی

کەرو ڕێنیشاندەرو ئەوەندە ئەم سیفەتەی بەهێزە وەک خۆی ڕێنموونی و ڕێنیشاندان بێ وایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کەس بەهرەمەند نابێ لێی و چاوی دڵی بەدی ناکات. بەوێنەی خۆرکەچەندەئاشکرایەوکەچی کوێرخۆیوڕووناکیەکەی بەدی ناکات، جا لەبەر ئەوە هەرچەندە ڕێنموونی و ڕێنیشان دانەکەی بۆ گشتییە، لێرەدا تایبەتی کردو فەرمووی: ﴿لِّلْمُتَّقِينَ﴾ بۆلەخواترسەکان کەدوورەپەرێزوخۆپارێزن لەهۆی خەشم و ناڕەزایی خوا.

مەبەست بەم لە خواترسانە هەر ئەوانە نییە بڕوایان هێنابێ و لە خوا ترس و خۆپارێزەر بوون، بەڵکو ئەمانیش و ئەوانەش بڕوایان نەهێنا بێ و لە خواترس و خۆپارێز نین، بەڵام ئامادەییان هەیە بۆ ئەوە، وە بەوێنەی چرایەکن کە هەموو کەرەسەی هەڵگیرسانی تەواو بێت و هەر ئەوەی مابێ ئاگری پێوەبنرێ، یا بە بەوێنەی گڵۆپێکی کاروبار تەواو هەر ئەوەی مابێ دەست بنرێ بە سویچەکەیداو داگیرسێنرێ، ئەو جۆرە کەسانەش بەو جۆرە ئامادەن و هەر ئەوەیان ماوە تیشکی قورئان بدا لەدڵیان، ئیتر ڕووناک ئەبنەوە بە ڕووناکی بڕوا، بەڵام ڕێنموونی قورئان بۆ ئەم دوو تاقمە لەسەر یەک بارو یەک جۆر نییە، بەڵکو بۆ ئەکەم ئەوەیە دامەزراوی ئەکات و بڕواکەی بەهێز تر ئەکات و زیاتر ئاشنا و زانا و ئاگادار تری ئەکات بە خواو سیفەتەکانی کە ئەوەش هەرگیز تەواو نابێ و دوایی نایە تەنانەت بۆ پێغەمبەرانیش هەتا هەتایە، چونکە ناسینی خوا بێ سنوورو دوایی نەهاتووە، وە بۆ تاقمی دووەم ئەمەیە لەڕێوەڕێگای بڕوای نیشان ئەدات وئینجالەپاش ئەوە بەرزی ئەکاتەوە بۆ ڕادەو پلەی بەرزتر.

ئەو کەسەی کە خوا پێداوەو ئەیەوێ بەهرەمەند ببێ لە قورئانەوە بە ڕووناکی و پیت و فەرەکەی، پێویستە بچێ بۆلای بەدڵێکی پاک و خاوێنەوەو بەدڵێکی پڕ لە شەرم و سام و بیمەوە، وە بترسێ لەوەی نارێکی و گومڕایی تیابێ، وەبە ئومێدو چاوەڕوانییەوە بووەستێ بەرامبەری و قاپی هەست و دەروونی بۆبکاتەوە. ئەوکاتە قورئان لەڕووناکی و شتە نهێنیەکانی خۆی ئەڕێژێ و ئەیبارێنێ بەسەر ئەو دڵە ڕاستە بەشەرمە لە خوا ترسەدا، وە هەڵکەوتووەکانی ئەم ئوممەتە بەو جۆرە بوون لەگەڵ قورئاندا، بۆیە قورئانیش پەروەردەی کردن و پێی گەیاندن تا ڕادەیە کردنی بە ڕۆژو مانگ و ئەستێرەیە بە ناوچاوانی ئادەمی و ئادەمێتییەوە!! ئینجا دەست ئەکات بە باسی نیشانەو سیفەتەکانی ئەو لە خوا ترسانە، کە نیشانەو سیفەتی ئەو کۆمەڵە بەختیاوە بوون کە پێک هاتن لە کۆچ کەران و یارمەتی دەران لە مەدینەدا، وە هەروەها لەپاش ئەوان سیفەت و نیشانەی هەموو بڕوادارێکی پاک و خاوێنی ئەم ئوممەتەیە لەهەر چەرخ و چینێکدا، لەهەر تیرەو لە هەر وڵاتی هەتا دنیا دنیایە.

ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱلْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣﴾ وَٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَبِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ ﴿٤﴾

یەکەم نیشانەو سیفەت ئەمەیە کە ئەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱلْغَيْبِ﴾ واتە: لە خوا ترسەکان ئەوانەن کە بڕوایان هەیە بەوەی کە هەیەو هەستی پێناکەن. دووەم ﴿وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ وە نوێژ بەڕێکو ڕاستی بەجێئەهێنن. سێیەم ﴿وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ﴾ وە لەوەی کە پێمان داونو کردوومانە بە بەشو ڕۆزیان هەندێکی بەخت ئەکەنو ئەیدەن لە ڕێی خوادا. چوارەم ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ﴾ وە ئەوانەی کە بڕوایان هەیە بەوەی کە نێررواوەتە خوارەوە بۆ سەر تۆ، وە بڕوایان هەیە بەوەی کە نێررواوەتە خوارەوە پێش تۆ، واتە هەرچۆن بڕوایان هەیە بەم قورئانو ئایینی تۆ هەروەها بڕوایشیان بە هەموو نامەو ئایینەکانی تری خوا هەیە کە لە پێش تۆوە هاتوون. پێنجەم: ﴿وَبِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ﴾ وە بەبێگومانو دوو دڵیو بە ئارامی دڵەوە بڕوایان هەیە بە ڕۆژی دوایی.

بەکورتی ئەوە بوو نیشانەو سیفەتی ئەو لە خوا ترسانەی کە قورئان ڕێنموونیان ئەکات و بەهرەمەند ئەبن لە قورئانەوە کە ئەم سیفەتو نیشانانە شایستەو شیاوی ئەم دواترین پەیام و عەقیدەن کە هات بۆ هەموو جیهانو جیهانیان، وە هات بۆ ئەمەی هەموو ئادەمی یەک بگرن لەسەری، وە ببێ چاودێرو بەڕێوەبەری هەموو ئادەمی، تا هەموو بژین لە ژێر چاودێریو سایەیدا بە هەموو هەستو بەرنامەی تێرو تەواوی ژیانیانەوە، ئینجا کەواتە با ئەندازەیە بە درێژی بدوێین لە یەکە یەکەی ئەم سیفەتو نیشانانە بە تایبەتی، تا دەرئەکەوێ لە ژیانی ئادەمیدا.

وتەی ﴿غَيْبِ﴾ بەدوو جۆر بەکار ئەهێنرێ:

یەکەم: شێوەی گشتییە بۆ هەر شتێ کە هەستی پێنەکرێو بە ژیریی پووت بزانرێ یان نەء وە بەڵگەو نیشانە ببێ لەسەری یان نەبێ.

دووەم: تایبەتییە بەوەی هەستی پێنەکرێ و بە ژیریش نەزانرێ و هیچ بەڵگەو نیشانەیە نەبێ لەسەری، وەك قەزاو قەدەری خواو شتانەی کە زانینیان هەر لای خوایە، دیارە لێرەدا جۆری یەکەم مەبەستە.

بڕوا بە غەیب یەکەم پێویستییەکە لە ژیانی ئادەمیدا وبەبێ ئەوە ئادەمێتی بەدی نایەو ژیانەکەی تەنگو کەمو کوڕە، چونکە یەکەمو سەرچاوەی هەموو شتێ، غەیبو ئاشکرا، دیاریو نادیاری خوایە، کە هەموو بوونەوەر شایەتە لەسەری، وە بە سروشت هەموو ژیرییەك هەستی پێئەکاتو ئەیناسێ، دەی کاتێ بڕوا بوو بەو خوایە دەر ئەکەوێ ئەو بڕواداڕە ئادەمییەکی تێرو تواوەو لەسەر سروشت نەترازاوەو ژیرییەکەی ئیش ئەکات، بەڵام ئەگەر بڕوای نەبێ ئەو کاتە ئاشکرایە کە سروشتی تێکچووەو لە تەوەری خۆی ترازاوە، ژیرییەکەی کوێرەو لەکار کەوتووە.

ئەو کەسەی بڕوای هەیە بە غەیب، ئەزانێ و بڕوای هەیە بەو هەموو هێزو وزە گیانیانەی کە نایەنە ژمارە، کەواتە چوار چێوەی ژیریی و زانینی زۆر پان و پۆڕو فراوانە، بە پێچەوانەی بێبڕوا کەلە چوار چێوەی هەستو هەستیار تێپەڕ ناکات.

بەهۆی بڕوا بە غەیبەوە مەردوم جیا ئەبێتەوە لە چوار پێ و گیان لەبەرانی تر کە بێ ئاگان لە هەر شتێ کە هەستی پێناکەن، وە بەرز ئەبێتەوە بۆ پلەی ئادەمێتی کەلەو پلەیەدا بۆچوون و تێگەیشتنێکی زۆر گەورەو پان و پۆڕی هەیە، وە تێ ئەگات لە خۆی و لە ژیانی و لەو بوونەوەرەی کە تیایدا ئەژی، وە ئەزانێ لە کوێرە هاتووەو بۆچی هاتووەو کێ دروستی کردووە، وە تێئەگات کە جیهان و ژیان تەنها ئەم شوێنە تەنگەو ئەم ماوە کورتە نییە، بەڵکو ئەم جیهانە قۆناغێکەو ئەم ماوە ژیانە تیایدا بۆ تاقیکردنەوەیەو جیهان و ژیانی بێسنووروو نەبڕاوە پاش بڕانەوەی ئەمان دەست پێئەکات.

بەڵێ ئەو کەسەی کە بڕوای هەیە بە غەیب ئەزانێ کە بێجگە لەم بوونەوەرە بەئاشکراو نهێنیەکانیانەوە، یەکێ هەیە کەلە هەموو گەورەترەو ئەم بووندو بوونەوەرە بەو فەراهەم هاتووەو ئەو سەرچاوەیەتی، ئەو یەکەش ئەو پەروەردگارە کە نەئەم چاوانە ئەیبینێ و نە ژیریی تێی ئەگاتو پیایدا ئەگات، چونکە ئەو بێسنوورەو هێزی ژیریی سنووداڕە، وە بێگومان شتی سنوور دارو دوا هاتوو ناگات بەبێ سنوورو دوا نەهاتوودا، ئەوهێزی بیریی و

ژیرییەی کە دراوە بە ئادەمی، پێی دراوە بۆئەوەی هەڵسێ بەکارو باری ئەو جێنشینییەی کە پێی سپێراوە لەم زەی‌و جیهانەدا، بەم ڕەنگە ورد ببێتەوەو بە قوڵی بیربکاتەوە لەم هەمووەی کە بۆی دروستکراوەو خراوەتە بەر دەستی‌و ژێر بار کراوە بۆی، وە خەریك بێت ئیش‌و کار بکات‌و بەرهەم فەراهەم بێنێ‌و ئەم ژیانە گەشە پێبدات‌و بێدار ببێتەوە، بە مەرجی یارمەتی وەرگرتن‌و پاڵ پشتی هێزی گیانی (ڕۆحی) کە پەیوەستی هەیە بە پەروەردگارەوە، وە بەمەرجێ پەل نەکوتێ‌و واز بێنێ لەو شتە غەیبییە نەزانراوانەی کەلە سنووری خۆیان نین‌و ئەوانە لێگەڕێ بۆ هێزێکی ترو زانینی ئەوانە لە خوارەوە وەرگرێ لە ڕێگەی ئایین‌و ڕەوانە کراوی خواوە، وە نابێ لە خۆیەوەو بەبێ هوودە خەریك بێت بەو شتانەی کەلە سنووری خۆیدا نین، وەك نابێ لای وابێ هەرچی خۆی ڕێی پێنەبردو نەیزانی ئەو شتە نییە، هەرکام لەم دوو بارە ناڕاست‌و ناڕەوایەو هەرکەس ژیر بێت دوور ئەبێ لەم دوو بارە.

بڕوا بە غەیب بەو جۆرە گرنگەو مەردوم بەرز ئەکاتەوە لە ڕادەی چوار پێی‌و گیان لەبەرانی تر، وە ئەیگەیەنێ بە پلەی بەرزی ئادەمێتی، بەڵام بە داخەوە بۆ ماددیەکان کە ئەیانەوێ ئادەمی پەست بکەنەوەو جیای نەکەنەوە لە ڕادەو پلەی چوار پێی‌و گیان لەبەرانی تر، کە هەرچی هەستی پێنەکەن نازانن هەیە!! وە ئەوەش ناو ئەبەن بە (پێشکەوتن) وە ئاشکرایە کە ئەوە لادان‌و پەستی‌و ترازانێکە کە خوا بڕوا دارانی لێپاراست، ئەوەتا یەکەم نیشانەو سیفەتی کردن بەبڕوا بە غەیب، سوپاس بۆ خوا لەسەر چاکەو بەهرەکانی، وە پەستی‌و لاری‌و ترازانیش بۆ ئەوانەی کە بەدوای ئەوەدا ئەگەڕێن‌و ڕەوای ئەدەن بۆ خۆیان.

سیفەت‌و نیشانەی دووەمی لە خوا ترسەکان بەجێهێنانی نوێژ بوو بەڕێك‌و پێکی‌و ئامادەیی دڵ بە تێگەیشتنەوە، کە بەوە مەردوم بەرز ئەبێتەوە لە پەستی پەرستن بێجگە لە خوا، وەسەرو تەوێڵی تەنها بۆ خوا دائەخات نەك بۆ دروستکراوێکی وەك خۆی، وە هەر دڵێ بەڕاستی سوژدەببا بۆ خواو سەوو ڕۆژ چەند جارێ پەیوەندی بکات بە خوای خۆیەوە، ئەو دڵە هەست ئەکات بەوەی کە بەستراوە بە پەروەردگارییەوە، وە ئەزانێ کە بۆ ژیانەکەی مەبەست‌و ئامانجێکی هەیە بەرزو بڵند تر لەوەی بەختی ئەکات لەم زەییەو لە پێویستی ئەم زەوییەدا، وە هەست ئەکات بەوە کە بەهێزتر لەو دروستکراوانە، چونکە پەیوەستە بە پەروەردگاری ئەو دروستکراوانەوە... وە ئەوەش هەموو مایەی هێزی دەروونە، هەرچۆنێ

هۆی بیم و ترس و خۆ پارێزییە، وە تەمێ دادەرو پاڵ پێوەنەرێکی بەهێزە بۆ پەروەردە کرنی ئەو دڵەو خاوەنی ئەو دڵە، وە گێڕانیان بە خاوەنی بۆ چوون و هەست و ڕەوشتێ کەلە بەرنامەی خوا وەرئەگێرێن و مایەی ڕەزامەندی خوان.

نیشانەو سیفەتی سێیەمیان کە هێندێ لەو بەش و پۆزییەی کە خوا پێی داوون ئەیدەن لە ڕێی خوادا. کەواتە هەر لە یەکەم جارەوە ئەزانن و دان ئەنێن بەوەدا کە ئەوەی هەیانە هی خوایەو بە لوتف و میهرەبانی خۆی پیی داوون، وە لەو زانین و دان پیا نانەوە بە خۆشی و شادمانییەکەوە کەلە دڵەوە هەڵئەقوڵێ و دەست ئەدرێتەوە بۆ چاکە کردن لەگەڵ بێ دەست و هەژاراندا، وە یارمەتیدان و بە خێوکردنی بەندەکانی خوا، وە هەروەها هەست کردن بە پەیوەتی برایەتی ئادەمێتی.... وە بەهۆی ئەوەوە دەروون پاک ئەبێتەوە لە ڕژدی و چرووکی، وە زاخاو ئەدرێتەوە بە چاکەو بەزەیی هاتنەوە، ئەو کاتە ژیان ئەبێ بە جێگای دەست گیرۆیی و کۆمەکی نەک بە جێگەی مل ملانێ و بەربەرەکانی، وە دەستەپاچەو لاوازو پەک کەوتووەکان بەبێ باکی ئەژین و خەمی ژیان ناخۆن، وە ئەزانن وان لەناو دڵو دەروونداو ڕووی خۆش ئەبینن، نەک لە بەینی چنگڵو کەڵبەی دوڕندەدا!!

شتدان لەڕێی خوادا زەکاتو هەموو خێرێک ئەگرێتەوە، وەلە پێش دانانی زەکاتدا خێرو بەختکردنی ماڵ لە ڕێی خوادا دانراوەو هەر بووەو لەپاش دانانی زەکاتیش هەر مایەوە، وەک لە چەند حەدیسدا هاتووە، یەکێ لەوانە حەدیسێکە کە (تیرمزی) ئەیهێنێ لە (فاتمەی کچی قەیس)ەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لەماڵو ساماندا بێجگە لە زەکات مافی تریش هەیە... وە بێگومان لیرەدا بەو شێوە گشتییە بێت چاکترەو زۆر بەشی بەو جۆرە تەفسیریان کردووەتەوە.

سیفەتی چوارەم بڕوا هێنانە بە هەموو ئایین و نامەکانی خوا. بێگومان ئەم سیفەتە شایانو شایستەیە ـ بەڵکو پێویستەـ بۆ ئەم ئوممەتە، کە میرات بەرو وەرگری عەقیدەو ئایینە ئاسمانیەکانی ڕابردووە، وە جێگرو جێنشینی هەموو پەیامو پێغەمبەرێتیەکانە کە هاتنو تێپەڕیانکرد هەر لە سەرەتای ئادەمێتییەوە، وە جڵەوکێشو پێشەوای کاروانو کۆمەڵی ئایین و بڕوایە لەم زەوییەدا هەتا دنیا دنیایە، وە نرخی ئەم سیفەتە بریتییە لە هەست کردن بە یەکێتی ئادەمێتی، وە یەکێتی ئایینی ئادەمی، وە یەکێتی پێغەمبەرەکانی،

وه یەکێتی خواو پەرستراوی، وە هەروەها نرخی ئەم سیفەتە پاك کردنەوەی ڕۆح و دەروونە لە ڕەگەزایەتیەکی ناڕەوا بەدژی ئایینەکان و ئەوانەی بڕوایان هەیە بەو ئایینانە تا لەسەر ڕێگەی ڕاستی خوا بووبن. و بێجگە لەوانەی کەباسکران نرخ و بەرهەمی ئەو سیفەتە ئارام و شادمانییە بەو میهرەبانی و چاودێرییەی کە خوا بەکاری هێنا لەگەڵ ئادەمیدا بە درێژایی هەموو چین و چەرخەکانی، ئەوەتا ئەو هەموو پەیام و شەریعەت و پێغەمبەرانەی بۆ نارد بە یەك ئایین و بە یەك ڕێنموونی یەك ڕێگەی ڕاست، وە هەروەها کەشخە و شادمانی بە یەك باری و نەگۆڕاوی ئەو عەقیدە و ئایینە لەگەڵ گۆڕانی ئەو هەموو چەرخ و بەسەرهات و بیروباوەڕانی تردا، وە مانەوەی ئەم وەك ئەستێرەی درەخشان لە ناو تایکیدا بۆ ڕێ دەرکردنی هەموو وێڵ و ون بوو سەرگەردانێ هەتا هەتایە وەك لە سەرەتاوە تا ئێستا.

دواترین سیفەتی لە خوا ترسەکان بڕوا کردنە لەناخی دڵەوە بە هەموو دڵنیایی و ئارامەوە بە ڕۆژی دوایی کەئەم بڕوایە ئەم جیهانە ئەبەستێ بە ڕۆژی دواییەوە، وە سەرەتاوە یەکەم جار بەدوایی و پاشە ڕۆژەوە، وە کردەوە بە سەرەنجام و تۆڵە و پاداشتەوە، وە مەردوم ئاگادار ئەکات بەوەی کەلە خۆڕایی دروست نەکراوە، وە هەرگیز بەبێ سەرو شوێنی ناڕوا، وە لێپرسینەوەی ئەبێت و دادو داد پەروەری چاوەڕوانییەتی، ئەو کاتە بڕوادار دڵنیا و دڵ ئارامە، وە سەر ناکاتە تاوان و خراپەکاری وە ئەگەڕێتەوە بۆ چاکە و چاکە کاری، وە بە ئومێدو چاوەڕوانی پاداشتی ڕۆژی دوایی ئەو بڕواداڕە بەرگەی هەموو گەرما و سەرما و ئازارو سزای ئەم جیهانە ئەگرێ، وە لەکاتی خۆشی و دەسەڵات و جڵەوی خۆی بەرەڵڵا ناکات، بەڵکو ملکەچ و چاو لەبەر تر ئەبێ بۆ خوا، وە هەروەها ئەو بڕواداڕە ناڕی تەنها لەم جیهانە کەمو کوڕەدا، بەڵکو ئەڕی لە جیهانێکی فراوانی نەبڕاوەدا، وە ئەزانێ ژیانی هەر ئەم ماوە کەمەنییە، بەڵکو ئەم ژیانە ژیانی ڕاستەقینە نییەو سەرەتا و پێش ڕەوەو بۆ تاقیکردنەوەیە، تا هەرکەس بگات بەسەرەنجام و بەرهەمی کردەوەی خۆی، وە ژیانی ڕاستەقینە ئەوەیە کەلە ڕۆژی دواییدا هەیە.

أُولَٰئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿٥﴾ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ
لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٦﴾ خَتَمَ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ ۖ وَعَلَىٰ أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ
عَظِيمٌ ﴿٧﴾

هەرکام لەم سیفەتانە ـ وەک باسکرا ـ نرخێکی گرنگی هەیە لە ژیانی ئادەمیدا، جالەبەر ئەوە ئەوانەن سیفەتو نیشانەی لە خوا ترسەکان، وە ئەم سیفەتانە ڕێک و پێکی و پەیوەستیان هەیە پێکەوە و تەواو کەری یەکترن و بەیەک گرتنی هەموویان بەندەی بڕواداری ڕاستەقینە پێکدێت، وە ئەوە بوو شێوەو دیمەنی ئەو یەکەم گەلە موسڵمانەی کە لەیەکەم جارەوە فەراهەم هات لە مەدینەدا، وە پێکهاتبوو لە هاوڵەکۆچ کەرەکان و یارمەتی دەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ـ خوا لەوانیش ڕازی بێ ـ وە ئەو گەل و کۆمەڵە بەو سیفەت و نیشانانەوە ئێجگار گەرەتر گرنگ و بەنرخ تر بوون، وە خوای گەورە ئیشی زۆر گەورەو بەنرخی پێکردن لەم زەوییەو لە ژیانی هەموو ئادەمیدا.... جالەبەرئەوە ئەوانە یەکەم شایان بوون بەم وەسف و سەناو مزگێنییە ﴿أُولَٰئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ ئەوانەی کە خاوەنی ئەو سیفەت و نیشانانە بوون دامەزراو بوون و جێگیر بوون لەسەر ڕێنموونییەکی گەورە کە بۆیان هات لەلایەن پەروەردگاریانەوە، وە هەر ئەوان گەیشتوون بە ئاوات و ئامانج لە پاش هەوڵو تێکۆشان بۆی، ئینجا دێتە سەر باسی دووەم تاقم کە بە ڕاستی نوێنەری بێبڕوایین لە هەموو چەرخ و چینێکدا ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ واتە ئەوانەی کەبڕوایان نەهێناوەو سوورن لەسەر بێبڕوایی بە بێ گەرانەوە لەم جیهانەدا، ئەوانە: ﴿سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ﴾ یەکسانەلەسەریان، ترساندنی تۆونەترساندنت بۆیان،واتە: ﴿لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئەوانە بڕوا ناهێنن.

ئەم تاقمە بە تەواوی دژو پێچەوانەی تاقمی یەکەمن، ئەوان قورئان ڕێنموونی کەریانەو کاریان لێ ئەکات، ئەوان هەستو دڵو دەروونیان کراوەیە بۆ تێچوونی ڕووناکی بڕوا، ئەمان هەموو هەستو دڵو دەروونیان مۆر کراوەو داخراوە، وەکو ئەفەرموێ: ﴿خَتَمَ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ﴾ خوا مۆری ناوە بەسەر هێزی بیستنیاندا، کەواتە شتی ڕەواو ڕاست نابیسن،

﴿وَعَلَىٰ أَبْصَٰرِهِمْ غِشَٰوَةٌ﴾ وە بەسەر چاویانەوە پەردەیەکی گەورەو ئەستوور هەیە، کەواتە ڕەواو ڕاستی نابینن، ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ وە بۆیان هەیەسزایەکی گەورە، پەنابەخوا ئەگرین لەسزایە کەخوا بەگەورەی دابنێ و ناوی ببا!!

مەبەست لەم مۆرکردنی دڵ و گوێ و پەردە هێنان بەسەر چاوەدا، هەواڵ دانە بە نەگەڕانەوە و سوورییە ئەوانە لەسەر بێبڕوایی، وە دڵنیا کردن لەسەر ئەو هەواڵە بەمەی بە شێوەی چیرۆک وێنەیان بۆ ئەهێنێتەوە بە شتێکی داخراوی مۆر کراو کە ڕێگە نەمێنێ بۆ ئەوەی هیچ شتێکی تێبڕوا، یا مەبەست ڕوونکردنەوەی هۆی بڕوا نەهێنانەکەیانە، کە بەهۆی بەد کرداری خۆیان و سوورییان لەسەر بێبڕوایی، خوا دڵ و گوێ و چاویان بەرگری ئەکات لەوەرگرتن و بیستن و بینینی ڕەواو ڕاست، وە بە هەر جۆرو لەسەر هەربار ئاشکرایە کە زۆر پێهێنان و ناچار کردن ڕوونادات لەو بڕوا نەهێنانەدا، وە هەروەها لەهەر بەد کردارییە کە بەندە ئەیکات، چونکە ئادەمی سەربەستییەکی پێدراوەو خواهیشت و هەڵبژاردنی هەیەو ئەتوانێ کام ڕێگا بداتە بەر، وە خواهیشت و هەڵبژاردن و کردەوەکەی زانراوە لای خوا، واتە خوا زانیویەتی کە ئەو یەندەیە بە مەیل و خواهیشت و هەڵبژاردنی خۆی کردەوەکە ئەکات، لەپاش ئەوەش کە ژیریی پێدراوەو ڕێگای ڕاست و چەوتیشی بۆ دیاریکراوە لەگەڵ بەڵگەو نیشانەشدا، وە ترسێنراوە لەسەر خراپەو موژدەشی پێدراوە لەسەر چاکە، ئینجا ئەمەش ئاشکرایە کە خواهیشت و بڕیاری خوا شوێنی زانینەکەی ئەوکەوێ و بە پێی ئەوە ئەبێ کە لەزانینیا تێپەڕی کردووە، کەواتە ئەوەی کە خوا زانیویەتی و خواهیشی کردووەو بڕیاری داوە لەسەر بەندە، هەر ئەوەیە کە بەندەکە بە خواهیشت و هەڵبژاردنی خۆی ئەیکات، بەڵام بەدی نایەت بە خواهیشت و دروستکردنی خوا نەبێ، چونکە تەنها خوا دروستکەرو داهێنەری هەموو شتێکە.

ئەم باس و مەسەلەیە زۆر دوورو درێژەو ئاڕاوەو لێکۆڵینەوەی زۆری تیا کراوەو گەلێ کەسی تیا چووە، بەڵام هەرکەس ژیریی تێرو تەواو بێت ئەم ئەندازەی بەسە کە بە کورتی وتمان هەموویشی ئاشکرایە، ئینجا دێتە سەر باسی تاقمی سێیەمو نموونەی سێیەم، ئەم تاقمە نەوەک یەکەم تاقمە لەڕووی و ڕووناکیدا، وەنەوەک دووەم وایە لە تەمو تاریکیدا، بەڵکو بە جۆرێک لەبەرچاو ئەبروکێتەوەو ئینجا ون ئەبێ.

وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ ﴿٨﴾ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٩﴾

ئەفەرموێ: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ﴾ لەناو ئادەمیدا هەیە وا هەیە کە ئەڵێ: بڕوام هێناوە بە خواو بە ڕۆژی دوایی، بەڵام بڕوا ئەوە نییە کە بەدەمی ڕووت بوترێ، بەڵکو بڕوا ئەبێ لە دڵەوە هەڵقوڵێ و ئینجا لەوتارو کردارا دەرکەوێ، وە ئەو تاقمەش بڕواکەیان بەدەمی ڕووت بوو ئەوەی لەدڵیاندا بوو دژو پێچەوانەی وتنەکەیان بوو، لەبەرئەوە خوا بەم جۆرە بەتینە بەرپەرچی دانەوەو بەدرۆی خستنەوە، فەرمووی: ﴿وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ﴾ بێگومان ئەوانە هیچ کات بڕوا دارنین.

بە ڕواڵەت ئەبوایە بیفەرموایە: (ومآامنوا)، ئەوانە بڕوایان نەهێناوە، بەڵام ئەم شێوەی نێستا زۆر بەهێزترە، چونکە هەمیشەیی و بەردەوامیان لەسەر بێبڕوایی ئەگەیەنێ لەگەڵ دڵنیا کردن لەسەر ئەوە.

ئەم شێوەو نیشانانە کەلەم چەند ئایەتەدا باسیان ئەکات لەیەکەم جارەوە بەدی هاتن لەناو ئەو یەکەم تاقمی مەدینەدا، بەڵام تایبەتی نین بەوانەوە، بەڵکو ئەو نموونەیە هەر بوون و هەر هەیشن و ئەبن لە ناو گەلی موسڵمانێدا لە هەموو چەرخێکدا ئەوانە پەیدا ئەبن لەناو چینی دەسەڵاتداری بە زل زاندا کە ئەوەندە ئازاو چالاک نین بێپێچ و پەنا خۆیان ساغ بکەنەوە بە بارێکدا خۆیان ببڕن بە مل کۆمەڵێکدا، بەڵکو وەک خۆیان ئەڵێن ئیدارە سازی ئەکەن و ئەیانەوێ لەگەڵ هەموو کەس خۆیان ڕێک خەن، وە ئەوانە زیانیان بۆ ئیسلام و موسڵمانان زۆر بەهێزترو خراپترە لەوانەی کە بەئاشکرا دوژمن و خۆیان بە دوژمن نیشان ئەدەن، ئەوانەی بە زیرەک و لێزان دائەنێن و ئەتوانن مەردوم و موسڵمانان بخەڵەتێنن بە لافی بڕواو موسڵمانێتی، وەکو ئەفەرموێ: ﴿يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ فێڵ و تەڵەکە ئەکەن لە خواو ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە بۆ خەڵەتاندنیان.

ئەوانە نیازی فێڵ و تەڵەکە لە خواو هەڵەتاندنی ئەویان نەبووە، بەڵام شێوەی ناپاکیان لەگەڵ ئیسلام و بڕواراندا بەبێ باک و ترسان لە خوا وەک شێوەی فێڵ و تەڵەکە لەگەڵ خواو خەڵەتاندنی خوا وایە، وە بێجگە لەوەش ئەم فەرمودە دەربڕینە شتێکی زۆر گەورە نیشان ئەدات کە مایەی ئەو پەڕی دڵخۆشی و شادمانی بڕوادارانە، ئەوەش بریتییە لە نیشاندانی

پەیوەستی تەواوی ئەو بڕوادایانە بە خۆیەوە، تا ڕادەیە کۆمەڵو ڕیزی ئەوان بە کۆمەڵو ڕیزی خۆی نیشان ئەدا، وە کاری ئەوان بە دوژمنی خۆی سەیر ئەکات، وە ئەو پیلانو کردەوە خراپانەی کە ئاڕاستەی ئەوان بکرێ وای دائەنێ کە ئاڕاستەی خۆی کراوە، وە ئەوەش ئەو پەڕی ڕێزو نرخ پێدانە، وە بەڕاستی بەهرەیەکی ئەوەندە گەورەیە بە هیچ زوبانو نوسینو کردەوەیە سوپاسو ستایشی ئەوە ناکرێو دوایی نایەو بەندەی بڕواداری ڕاستەقینە نازانێ چی بڵێو چی بکات؟ وە ئەگەر لە شەرمو چاو لە بەریدا بتوێتەوە مافی خۆیەتی!! وە لەهەمان کاتدا ئەم فەرموودەو دەربڕینە هەڕەشەیەکی گەورەو سامناکە لەوانەی کە ئەیانەوێ پیلان بگێڕن بە بڕواداراندو کردەوەی خراپیان دەربارە بکەنو ئازارو سزایان پێبگەیەنن، هەڕەشەیە بەمەی کە هەر شتێ بکەن دەربارەی ئەو بڕوادارانە لەڕاستیدا وەک لەگەڵ خوای بکەن وایە، جا کێ ئەتوانێو ئازایە با لەگەڵ خوا بجەنگێو ئاڕاوەو بەر بەرەکانێی لەگەڵ بکات!

بەڕاستی ئەوەی کە ئەو فەرموودەیە ئەیگەیەنێو نیشانی ئەدات لەو دووبارەوە کە باسکران، زۆر شایانی ئەوەیە بڕواداران زۆر بە وردی بیری لێبکەنەوە، بۆ ئەوەی دڵ ئارام بنو بە دامەزراوی لەسەر ڕێگەی خۆیان بڕۆنو باکیان نەبێ لە پیلانی پیلان گێڕان، وە لە فڕو فێڵی فێڵ کەران، وە لەسزاو ئازاری پیاو خراپو دوژمنان، وە هەروەها زۆر شایستەیەو جێگای خۆیەتی بۆ دوژمنەکانیان بیرو هۆشێ بکەنەوەو دڵیان داچڵەکێو بزانن کە لەگەڵ کێ ئەجەنگنو بەربەرەکانێی کێئەکەن؟! ئینجا با بگەڕێینەوە بۆلای ئەو ناپاکانە کە خۆیان بە زیرەک دائەنێو ناپاکیەکەیان بە لێزانی سەیر ئەکەن، با بگەڕێینەوە بۆ سەریان تا بزانین بەرهەمو سەرەنجامی پیلانو ناپاکیەکەیان چییەو زیانی بۆ کێ ئەبێ؟ با گوێ بگرین لە قورئان کە ئەفەرموێ: ﴿وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّا أَنفُسَهُمْ﴾ وە ئەوانە فێڵو تەڵەکەیان نەکردووە لەگەڵ خۆیان نەبێ، چونکە زیانی کردەوەی خۆیان هەر بۆ خۆیان ئەگەڕێتەوە، ﴿وَمَا يَشْعُرُونَ﴾، وە خۆیان هەست بەوە ناکەن، وە بێئاگان لەوەی کە خوا ئاگاداری بەوانو بەکردەوەکەیان، وە نازانن کە خوا ئەو بڕوادارانەی خستووەتە پەنای خۆیو ئەیانپارێزێ لە پیلانو بەد کرداریی ئەوان، ئەوانە پیلانو ناپاکیان لەگەڵ خۆیانکرد کە لایان وابوو ئەو ناپاکیو فڕوفێڵە قازانجیان دەست خۆیان خستووە، وە خۆیان پاراستووە لەوەی بە ئاشکرا جارێ بێبڕوایی لە خۆیان بدەن لە کاتێکدا بەوە خۆیان بەدبەختکردو خۆیان خستە چاڵی نا ئومێدیو بەش بڕاوی، وە خۆیان دووچاری بەدترین دوا ڕۆژ کرد بەبێ بڕانەوە،

فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضًا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ ﴿١٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ قَالُوٓا۟ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ ﴿١١﴾ أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْمُفْسِدُونَ وَلَٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ ﴿١٢﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ ءَامِنُوا۟ كَمَآ ءَامَنَ ٱلنَّاسُ قَالُوٓا۟ أَنُؤْمِنُ كَمَآ ءَامَنَ ٱلسُّفَهَآءُ ۗ أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلسُّفَهَآءُ وَلَٰكِن لَّا يَعْلَمُونَ ﴿١٣﴾

هۆی ئەو ناپاکی و بەد کردارییەشیان ئەمەیە: ﴿فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾ لە دڵیاندا نەخۆشی هەیە، نەخۆشی بێبڕوایی و بەدعەقیدەیی یانەخۆشی داخ وکینەوحەسادەت بەپێغەمبەر(ﷺ) و ئیسلام و موسڵمانان، ﴿فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضًا﴾ لەبەر ئەوە خوا نەخۆشییەکەیانی زیاد کرد، بەم ڕەنگە دڵی مۆر کردن وەک ئەو تاقمەکەی تر، یا داخ و کینەو حەسادەتەکەی بەتین تر کردن بەمەی پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمانانی سەرخست و پایەو پلەی بەرزتر کردنەوە، لەم جیهانەدا بەو جۆرە ژیاندنی، وە لە ڕۆژی دوایش دا بەم جۆرەن کە ئەفەرموێ: ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ﴾ وە لە ڕۆژی دواییدا سزایەکی سەختی ئازار دەریان بۆ هەیە بە هۆی درۆیە کەلەم جیهانەدا کردیان و بەدرۆوە وتیان بڕوامان هەیە بە خواو بە ڕۆژی دوایی، وە لەسەر ئەو درۆیە مانەوە بە هەمیشەیی و وازایان نەهێنا.

سیفەتێ تری ئەو ناپاکانە ـ بە تایبەتی گەورەکانیان کەلەپێش هەڵاتنی تیشکی ئیسلام بۆ مەدینە لەناو گەلەکەیاندا سەرۆک و دەم ڕاست بوون وەک (عبدالله ی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول) ئەوە بوو سەرکەش بوون کەشخەیان ئەکرد بەبارو کردەوەیەکە لەسەری بوون و بە چاکەو سوود بەخشیان نیشان ئەدات، وەکو ئەفەرموێ: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ کاتێ بوترێ پێیان: شەڕو ئاژاوە مەنێنەوە لە وڵاتداو خراپەکاری مەکەن لەزەویدا، بەبڕوانەهێنان و ناپاکی و دوو زبانی کردن و هاندانی مەردوم لە بڕواجارەکان و بەرگری کردن لەبڕواهێنان و شوێن کەوتنی ئاییینی خوا، کاتێ ئەو ئامۆژگاری یە بکرێن ﴿قَالُوٓا۟﴾ ئەڵێن: ﴿إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ﴾ ئێمە هەر چاک کەرو چاکە کەرین لەوڵاتداو دوورین لە خراپەکاری و تێکانی وڵات.

ئەوانەی کە تێك دەری وڵاتن‌و پیس ترین کردەوە ئەکەن تیایداو لەگەڵ ئەوەدا ئەڵێن: ئێم ڕێك‌و پێك کەری وڵاتین، ئەوانە زۆرو زەبەنەن لە هەموو چەرخێکدا، وە ئەوانە سروشتیان تێکچووە‌و تەرازووی دەستیان ئارەزووی نەفسیانە، بە هۆی ئەوەوە چاکە بە خراپە سەیر ئەکەن‌و خراپە بە چاکە دانەنێن، وەك هەندێ نەخۆش کە تاڵ بەشیرین ئەزانێ‌و شیرین بە تاڵ ئەچەژێ، جا لەبەرئەوە دەم کوتیان ئەکات‌و بەڕەرچیان ئەداتەوە بەم شێوە سەختو دڵ تەزینەو لە چەند ڕێگایەکەوە دڵنیایی لەسەر ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْمُفْسِدُونَ﴾ بێدار بن کە بێگومان ئەوانە هەر خراپ کەرو خراپەکارو تێکدەرن، ﴿وَلَٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ﴾ بەڵام ئەوانە هەست ناکەن، واتە: تێکدان‌و خراپەکاریەکەیان ئاشکرایەو بەچاوئەبینرێ، بەڵام ئەوان هەستیان نییە.

سیفەتێ تریان ئەمەیە خۆیان زل‌و بڵند تر لە مەردوم نیشان ئەدەن، وە ئەیانەوێ بەوە پایەو پلەیە پەیدا بکەن لە پێش چاو، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ ءَامِنُوا۟ كَمَآ ءَامَنَ ٱلنَّاسُ﴾، کاتێ بوترێ پێیان: بڕوا بێنن هەر چۆنێ ئەو خەڵکە بڕوایان هێناوە، واتە بڕوایەکی پاك‌و خاوێن‌و ڕاست‌و ڕوون، دوور لە تێکەڵ کردنی ئارەزوو کاری، بەوێنەی بڕوای ئەوانەی کە خۆیان ملکەچکرد بە تەواوی بۆ خواو دڵیان کردەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هەر تەمێ‌و فەرمانێکی... بێگومان ئەو ناپاکانە خۆیان بە بڵندو پایە بەرز دانەنا، لەبەر ئەوە خۆیان بە شایستەی ئەو ملکەچی‌و فەرمانبەرییە دانەئەنا، بەڵکو هەژارو بێدەستەکان شایستەی ئەوەن، لەبەرئەوە لە وەڵامی ئەو ئامۆژگارییەدا ﴿قَالُوٓا۟﴾ ئەیان وت: ﴿أَنُؤْمِنُ كَمَآ ءَامَنَ ٱلسُّفَهَآءُ﴾ ئایا ئێمە بڕوا ئەهێنین هەرچۆنێ ئەو گێل‌و گوارانە بڕوایان هێناوە؟ واتە: نەخێر شتی وا نابێ‌و شایانی ئێمە نییە، ئینجا لەبەرئەوەی ئەوانە ئەوەندە لە خۆ گۆڕاوو ناپاك بوون، خوای گەورە دەم کوتی کردن‌و بە پەرچی دانەوە بەم شێوەیە کە ئابڕووی بۆ نەهێشتن‌و بەم جۆرە جارێ لێدان: ﴿أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلسُّفَهَآءُ﴾ بێداربن کە بێگومان ئەوانە هەر گێل‌و نەفامن وە تێگەیشتن‌و فامیان نییە، وە هەر ئەوان گێلن نەك ئەوانەی کە ئەمان بە گێلیان ناو بردن: ﴿وَلَٰكِن لَّا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام ئەو ناپاکانە نەزانن‌و نازانن.

وَإِذَا لَقُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَوْا۟ إِلَىٰ شَيَٰطِينِهِمْ قَالُوٓا۟ إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِءُونَ
١٤ ٱللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ وَيَمُدُّهُمْ فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ١٥ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُا۟ ٱلضَّلَٰلَةَ بِٱلْهُدَىٰ

ئەو کەسەی کە گێڵو نەفام بێت نازانێ بە خۆی کە وایە، ئەو کەسەی کە لای دابێ و لاڕێی گرتبێ نازانێ وایە، ئینجا دێتە سەر دواترین نیشانەیان لێرەدا کە دەست نیشان ئەکات بۆ پەیوەستی و پەیوەندی بەتینی ناپاکەکانی مەدینە بە جوولەکە داخ لە دڵەکانەوە... ئەو ناپاکانە بێجگە لە درۆو پیلانو پڕو پاگەندەیە کە پێی هەڵئەسان، بێنرخ و کەم زانو ترسنۆک بوون، وەک دەرئەکەوێ کە ئەفەرموێ: ﴿وَإِذَا لَقُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ کاتێ کە ئەگەیشتن بەوانەی بڕوایان هێنابوو: ﴿قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا﴾ ئەیان وت ئێمە بڕوامان هێناوەو بڕوادارین، ﴿وَإِذَا خَلَوْا۟ إِلَىٰ شَيَٰطِينِهِمْ﴾ وە کاتێ تەنیا ئەکەوتنو ئەچوون بۆلای شەیتیانەکانیان ـ واتە ئەوانەی کە هانیان ئەدان لەسەر بێبڕوایی و دوژمنایەتی بڕوادارانلە جوولەکەکانی مەدینە یا کاهینەکانی خۆیان ـ لەو کاتەدا: ﴿قَالُوٓا۟﴾ ئەیان وت پێیان: ﴿إِنَّا مَعَكُمْ﴾ بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئێوەین لە ئایینو باوەڕدا، وە ئەمەی کەلە ناو محمدو هاوەڵەکانیدا بڕوا دەرئەبڕین بە ئایینەکەیان بەڕاستیمان نییە، ﴿إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِءُونَ﴾، ئێمە هەر لاقرتی کەرینو مەبەستمان لاقرتی کردنە پێیان کە بەدەم ئەڵێین: بڕوامان هێناوە.

ئەمەی کە لێرەدا گێڕایەوە لەو ناپاکانەوە جیایەو دووبارە کردنەوە نییە لەگەڵ ئەوەی کەلەسەرەتای باسەکەیانەوە فەرمووی، چونکە مەبەست لەسەرەتاکە هەر ڕوونکردنەوەی ناپاکیەکەیانەو دەرخستنی بیروباوەڕەکەیان، وە مەبەست بەمەی ئێرە دەرخستنی ڕەفتارو کردەوەیانە لەگەڵ بڕوا داراندو هاوەڵو دۆستەکانی خۆیان، وە بێجگە لەوەش ئەمەی ئێرە شتی زیادەی تیایە کەلەوێ نییە، کەواتە بە هەر جۆر بیگێڕێ دووبارە کردنەوە نییەو جیاوازە لەگەڵ سەرەتاکەدا، ئینجا با گوێ بگرین لەم هەڕەشە سامناکە خوا ئاڕاستەیان ئەکات بەرامبەر ناپاکیو لاقرتی کردنیان بە بڕوادارەکان ئەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ﴾ خوا لاقرتی ئەکات بەو لاقرتی کەرانە، واتە بەسووکو ڕیسوا سەرنجیان ئەدا بەجۆرێ هەرکەس ئاگادار بێبەوە پێکەنینی پێیان دێتو سەری سوور ئەمێنێ لێیان، یا سووکیو ڕیسوایی

ئەدا بەسەریانداو ئەیانکات بە پەن لەناو مەردومدا، یا تۆلەی ئەو لاقرتیەیان لێ ئەسێنێ، یا وەك لاقرتی کەر رەفتاریان لەگەڵ ئەکات لە هەردوو جیهاندا، لەم جیهانەدا بەم جۆرە بە رواڵەت وەك موسڵمان رەفتاریان لەگەڵ ئەکرێ و بە موسڵمان سەرنج ئەدرێن و لەسەر ئەو بارە مۆڵەت ئەدرێن تا بە خۆیان نازانن، ئەمرن و سەریان لە سزای سەختی خواوە دەرئەچێ، وە لە ڕۆژی دواییشدا وەك ڕیوایەت کراوە قاپی بەهەشتیان لێ ئەکرێتەوە و ئەوانیش بە چەسپانی ئەڕۆن بۆلای کە لەگەڵ گەیشتنە لای پێوەئەدرێ و دانەخرێ لێیان، هەربەوجۆرە بانگ ئەکرێن وە قاپیەکان و ئەو لاقرتییە گەورەیان پێئەکرێ لەو کاتە تەنگەداو ئەو سیخە ئاگرینە ئەکرێ بە بەنوکەی دڵیاندا ـ خوا پەنامان بدا لێی ـ.

﴿وَسَٰعٍ فِي خَرَابِهَا﴾ وە بەمێزو بە کێشیان ئەکات لەسەرکەشیەکەیاندا کە خۆیان بە خواهیشت و هەڵبژاردنی خۆیان کەوتنە سەری و دایانە بەر ﴿يَسْعَىٰ﴾ لەکاتێکدا کە دڵیان نابینایە و بەسەرگەردانییەوە ئەسوڕێنەوە و ئەڕۆن، پەنا ئەگرین بە خوا لەو بەد بەختی و سیا چارەییە کە دووچاری ئەوانە دێت، ئەی هاوار بۆ کەسێ کە خوای ئەم بوونەوەرە ئاوا لێی بڕەنجێ تا ئاوا ئائومێدو شەقاوەت مەندی بکات!!

وەك لەسەرەتای باسی ئەم ناپاکانەوە وتمان، هەروەها لێرەشدا دەست نیشان ئەکات کە خوای گەورە لە باتی بەندە بڕوادارەکانی خۆی ئەکات بە خاوەن ئاژاوەو جەنگ و بەربەرەکانیەکە، کەواتە با دۆستەکانی خوا شادمان و دڵئارام بن بەو کۆمەکی و بەهرە گەورەیە، وە با دوژمنەکانی ئایینی خوا بترسن و داچڵەکێن لەوەی کە بەرامبەری خوا وەستاون و جەنگ و ئاژاوە لەگەڵ خوا ئەکەن!

دواترین وتە کە حاڵو باری ناپاکان ڕوون ئەکاتەوە، وە زیان و ڕەنجەڕۆییەکەیان دەرئەخات لێرەدا ئەمەیە کە ئەفەرموێ: ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الضَّلَالَةَ بِالْهُدَىٰ﴾ ئەوانە کەسانێك بوون کە گومڕاییان کڕی بە ڕێنومایی، واتە ئەوانە ئەیانتوانی ڕێگەی ڕاست بدەنە بەرو ڕێنومایی وەرگرن، بەڵام لەباتی ئەوە ڕێی چەوتیان دایە بەرو گومڕاییان هەڵبژارد بۆ خۆیان، وەك بازرگانێکی نەزان و بێئاگا کە شت و مەکی بێنرخ و نەویستە وەرگرێ لەباتی شتی زۆر بەنرخ

فَمَا رَبِحَت تِّجَٰرَتُهُمْ وَمَا كَانُوا۟ مُهْتَدِينَ ﴿١٦﴾ مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى ٱسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّآ أَضَآءَتْ
مَا حَوْلَهُۥ ذَهَبَ ٱللَّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِى ظُلُمَٰتٍ لَّا يُبْصِرُونَ ﴿١٧﴾ صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لَا يَرْجِعُونَ
﴿١٨﴾ أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فِيهِ ظُلُمَٰتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ يَجْعَلُونَ أَصَٰبِعَهُمْ فِىٓ ءَاذَانِهِم مِّنَ ٱلصَّوَٰعِقِ حَذَرَ
ٱلْمَوْتِ وَٱللَّهُ مُحِيطٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٩﴾

﴿فَمَا رَبِحَت تِّجَٰرَتُهُمْ﴾ کەواتە بازرگانی و کڕین و فرۆشتنەکەیان قازانجی نەکرد، ﴿وَمَا كَانُوا۟ مُهْتَدِينَ﴾ وە ڕێی ڕاستیان نەدایە بەر تا بەجارێ بەسەرو مالەوە تیا چوون.

تاقمی دووەم هەرچەند بێبڕواو دژمنن، زۆر لەسەریان نەڕۆشتو بەباسی هێندێ سیفەتو ناونیشان وازی لێهێنانو باسەکەیانی دوایی پێهێنا، بەڵام بەدرێژیی دووا لەم تاقمی سێیەمە، چونکە تاقمی دووەم لە بارێکەوە ڕاستیەکیان تیایەو سەرتێك نادەنو بێ پێچو پەنا بێبڕوایەتیو دوژمنایەتی خۆیان دەرئەبڕن، کەواتە مەردومیان پێناخەڵەتێ، بەڵام تاقمی سێیەم لە هیچ بارێکەوە ڕاستیان تیا نییەو سەر تێك دەرن، وە بە ناپاکی خۆیان ئەکەن بەناو ڕیزی موسڵمانانداو بەناوی دۆستایەتییەوە هەمیشە کەندەیان لێئەکەنو زیانیان لێئەدەن، کەواتە پێویستی هەیە بە زیادە ڕوون کردنەوەی نیازو کردەوە شاراوەکانیان تا موسڵمانان بیان ناسنو خۆیانیان لێبپارێزنو بێباك نەبن لێیانو لە پیلانو کردەوەی پیسیان، ئینجا بۆ زیادە ڕوون کردنەوەی بارو حاڵەتیان دوو چیرۆکیان بۆ ئەهێنێتەوە، چونکە چیرۆك دەستێکی زۆر باڵای هەیە لە نیشاندانو پێناسیندا، چونکە ئەو شتانەی کە هەستیان پێناکرێ بە هەست پێکراو نیشانیان ئەدات و پۆشاکی هەست پێکراویان ئەکا بەبەردا، یەکەم لەمەدا کەلە یەکەم جارەوە موسڵمان بوونو ڕووناکی بڕوا کەوتە دڵیانو لەپاش دا گومانیان پەیدا کردو هەڵگەڕانەوەو بە چوار دەوریاندا مەردوم بڕوای هێناو کەوتە ناو ڕووناکی، لەم بارەیەوە وێنەیان بۆ ئەهێنێتەوە بە کۆمەڵێ کە ئاگرێ هەڵئەگیرسێنن تا دەورو بەریان ڕووناك ئەکاتەوە، ئینجا خوا ڕووناکیەکەیان نەهێڵێ و بیانخاتە تاریکییەکە هیچ بەدی نەکەن تیایا، ئەفەرموێ: ﴿مَثَلُهُمْ﴾ وێنەی سەر سوڕهێنەری ئەوانە ﴿كَمَثَلِ ٱلَّذِى ٱسْتَوْقَدَ نَارًا﴾ وەك وێنەی کۆمەڵێ وایە کە ئاگرێکیان هەڵگیرساندبێ، ﴿فَلَمَّآ

أَضَآءَتْ مَا حَوْلَهُۥ﴾ ئینجائەوئاگرە دەوروبەری ئەو کۆمەڵەی پرووناک کردبێتوە ﴿ذَهَبَ ٱللَّهُ بِنُورِهِمْ﴾ خوا پرووناکیەکانی بردبێ و نەیهێشتبێ، ﴿وَتَرَكَهُمْ فِى ظُلُمَٰتٍ﴾ وە ئەوانی خستبێتە ناو چەند جۆرێ تاریکی، بە جۆرێ هیچ بەدی نەکەن و بەدی کردنیان نەمێنێ، ﴿لَّا يُبْصِرُونَ﴾، بەڵێ ئەوانە هەر لە یەکەم جارەوە پشتیان نەکردە ئایینی خواو پرۆیان وەرنەگێڕا لەڕێی ڕاست، گوێچکەیان کەڕ نەکرد لە بیستنی شتی ڕاست وە چاوی خۆیان کوێر نەکرد لەبینین و دڵیان لەکار نەخست بۆ وەڕگرتن و تێگەیشتن، وەك تاقمی دووەم کە باس کرا، بەڵکو ئاگریان هەڵگیرساند بۆ پرووناکی وەرگرتن و بەدوای ئەو پرووناکییەدا گەڕان، بەڵام لەپاش ئەوەی پرووناکیان بینی سوودیان لێوەرنەگرت، چونکە خۆیان تاریکیان هەڵبژارد بۆ خۆیان، لەبەر ئەوە خوایش پرووناکیەکی لێگرتنەوە و خستنیە ناو تاریکیەکان، وەلە پاشا ئەوانە گوێچکەو زوبان و چاوی خۆیانیان لە کار خست و بە کاریان نەهێنان لەوشتانەدا کە سوودی هەیە بۆیان و بۆی دروست کراون، کەواتە ئەوانە ﴿صُمٌۢ﴾ کەڕن، ﴿بُكْمٌ﴾ لاڵن، ﴿عُمْىٌ﴾ کوێرن، ﴿فَهُمْ لَا يَرْجِعُونَ﴾ لەبەر ئەوە ناگەڕێنەوە بۆلای ڕاست، وە ناگەڕێنەوە بۆ ڕێنومایی و ڕێنابەن بە پرووناکی هەرگیز.

شتێکی سەیر هەیە بەتێ هەڵکێشی لێرەدا جوانە بوترێ: تاریکی لە قورئانا هەر بە کۆ وتراوە، وە پرووناکیش هەر بە تاك، وە هۆی ئەوەش بە چەند جۆرێ وتراوە، هەمووی ڕێکەو ئەگونجێ:

١- ڕێگەی ڕاست هەر تەنها یەکێکەو بە هیچ ڕەنگ ناگونجێ زیاتر بێت بەڵام ڕێگە چەوتەکان زۆرن تا ڕادەیە بەئاسانی نایەنە ژمارە.

٢- پرووناکی تا زۆر بێت هەر بەکەم دائەنرێ، ئەگەر زیان نەدات، وە تاریکی هەرچەند کەم بێت بەزۆر دائەنرێ، مەگەر لە هێندێ کاتدا کە پێویست بێت.

٣- پرووناکی وێنەیە بۆ بڕوا، وە تاریکی وێنەیە بۆ بێبڕوایی، دەی بڕوا تا بەهێز بێت هەر کەمە، وە بێبڕوایی تا لاواز بێت هەر زۆرە.

٤- کانو مەڵبەندی بڕوا کە وێنەی پرونکییە، دڵی بڕوادارانە کە هەموو ئەبێ یەك دڵو یەك مەبەستو یەك ئامانج بن، وە کانو مەڵبەندی بێبڕوایی کە وێنەی تاریکییە دڵی بێبڕوایانە کە زۆرو بەش بەشو پچڕاون لەناو خۆیاندا.

وێنەو چیرۆکی یەکەم بەو جۆرە دوایی هات، ئینجا دێتە سەر وێنەو چیرۆکی دووەم بۆ ڕوون کردنەوەی بێئارامی دەروونو سەرگەردانی و بیمو ترسانو پێگیرانیان لە بەینی بڕواداران و سەر کەشەکاندا، لەم چیرۆکەدا شێوەی ئەو ناپاکانە دەر ئەخات لە کاتێکا کە ئایەتەکان و ڕێنموونی خوا لە ئاسمانەوە دێتە خوار بۆ سەریان، ئینجا ئەوانیش بێئارامی دڵیان دائەگرێ و لەگەڵ تاریکی و گومان و شوێن کەوتنی مەردومو بیمو ترس لە جوڵانەوەیان، بە پێچەوانەی دڵی کۆمەڵی بڕوادارو بێبڕوا، ئینجا کاتێ ڕووناکی ئەو ئایەت و بەڵگەو نیشانە ڕوونانەیان بۆ دەرئەکەوێ، ئەیانەوێ بڕۆن و شوێنی کەون، بەڵام ئەوەندەی پێناچێ تاریکیەکان پەیدا ئەبنەوەو ئەیان وەستێنن لەو نیازەو بەهۆی ئەوەوە بەو بێئارامی و سەرگەردانییەوە ژیان بەسەر ئەبەن، جا وێنەی ئەم ناپاکانە وەک وێنەی کۆمەڵی لێنەکات کەلە چۆڵو بیابانو شەوێکی تاریکا باران و ڕەهێڵەیە لێیان داکا بەهەورە گرمەو چەخماخەو هەورە تریشقەوەو ئەوانیش بیمو ترس داگیریان بکات و پەنجە بکەن بە گوێچکەیاندا لەبەر هەورە گرمەو تریشقەکەی، لەبەر ئەوەی لە ترسا نەمرن، وە هەرکاتێ ڕووناکی چەخماخە ڕێگەیان بۆ ڕووناک بکاتەوە دەست بکەن بە ڕێشتن و هەر لەگەڵ نەما بوەستن، ئەفەرموێ: ﴿ أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ﴾ واتە وێنەی ئەو ناپاکانەیان وەک کۆمەڵی پێشوەکە باس کران لە چیرۆکی یەکەم دا، یان وەک کۆمەڵێ وایە کە باران و ڕەهێڵەیەکی بەهێز بێتە خوارەوە بەسەریاندا لە هەموو لای سەرووبانەوە کە ﴿فِيهِ ظُلُمَٰتٌ﴾ لەو بارانەو لەگەڵ ئەو بارانەدا ببێ بە جۆرێ لە تاریکی بەشی هەورەکەو تاریکی پڕی و داگیر کردنی، وە تاریکی شەوەکە، تەووژمی باران و تاریکی هەورەکەی و تاریکی شەو ﴿وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ﴾ وە لەگەڵی دا بێت هەورە گرمەو چەخماخە، ئینجا ئەوانە لەو کاتە سەختەدا ﴿يَجْعَلُونَ أَصَٰبِعَهُمْ فِيٓ ءَاذَانِهِم﴾ پەنجەکانیان ئەخەنە گوێچکەکانیان و سەری پەنجەیان ئەئاخنن پێیاندا ﴿مِّنَ ٱلصَّوَٰعِقِ﴾ لەبەر هەورە تریشقەکان، تا بەوە بەرگری بەتینی دەنگەکەیان بکەن، ﴿حَذَرَ ٱلْمَوْتِ﴾ لە ترسی مردن و لەبەر خۆپاراستن لەمردن، ئینجا بە تێهەڵکێشی ئەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ مُحِيطٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ﴾ خوا دەوری بێبڕواکانی داوە بەزانین و توانین و دەسەڵات بۆ ئەمەی دڵبێدارو ئاگادار بکاتەوە کە بە هیچ ڕەنگ بەرگری بڕیارو قەزاو قەدەری خوا ناکرێ، وە هیچ خۆلادان و فێڵو تەڵەکەیە سوودی نییە هەرچی خوا بڕیاری دابێ هەر ئەوە ئەبێ،

يَكَادُ ٱلْبَرْقُ يَخْطَفُ أَبْصَٰرَهُمْ ۖ كُلَّمَآ أَضَآءَ لَهُم مَّشَوْا۟ فِيهِ وَإِذَآ أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ قَامُوا۟ ۚ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَٰرِهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٠﴾

ئینجا دێتەوە سەر تەواو کردنی وێنەو چیرۆکەکەو حاڵی ئەوانە نیشان ئەدات لەگەڵ ئەو چەخماخەو بزیسکەدا، ئەفەرموێ: ﴿يَكَادُ ٱلْبَرْقُ يَخْطَفُ أَبْصَٰرَهُمْ﴾ نزیکە ئەو بزیسکەو چەخماخەیە بە چەسپانی ئاوی چاویان ببات‌و بینایان نەهێڵێ، ئینجا با بزانین ئەوانە لەو کاتە سەختەدا چی ئەکەن؟ ئەوا ئەوەشمان بۆ باس ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿كُلَّمَآ أَضَآءَ لَهُم مَّشَوْا۟ فِيهِ﴾ هەر جارێ ڕووناکی بدات پێیان‌و جێگەی پێ‌و ڕۆیشتنیان بۆ ڕووناک بکاتەوە ئەڕۆن تیایدا، ﴿وَإِذَآ أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ﴾ وە کاتێ تاریک ببێ لەسەریان، بەم ڕەنگە ئەو ڕووناکییە نەمێنێ ﴿قَامُوا۟﴾ ئەوەستن لە شوێنی خۆیانا بە بیم‌و ترس‌و سەرگەردانییەوە‌و چاوەڕوانی چەخماخەیە تر ئەکەن، واتە زۆر سوورن لەسەر ڕۆیشتن‌و چاوەڕوانی، هەر جار فرسەت‌و هەلێکیان دەست کەوێ بە پەلە ئەڕۆن‌و کە هەلەکە نەما بە ترس‌و سەرگەردانییەوە ئەوەستن، هەرچۆنێ ناپاکەکان ئەو پەڕی سەرگەردانی‌و بیم‌و ترسیان هەیە‌و نازانن چی بکەن‌و چی نەکەن، وە بە چی ڕزگار ئەبن! ئینجا لەپاش تەواو کردنی چیرۆکەکە، ئەفەرموێ: ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَٰرِهِمْ﴾ ئەگەر خوا بیویستایە هێزی بیستنی ئەبردن‌و نەی ئەهێشت بەهۆی ئەو هەورە گرمەو تریشقەیە، و هێزی بینینی ئەبردن‌و نەی ئەهێشت بە هۆی تیژیی ڕووناکی ئەو چەخماخەیە، واتە هۆی نەمانی ئەو دوو هێزە هەبوو بەڵام خوا نەهێشت‌و خوا دژی ئەوە بەرگری ئەو هۆیانەی کرد‌و پەکی خستن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ چونکە بە ڕاستی خوا بەسەر هەموو شتێکدا توانا‌و دەسەڵاتدارە، وە مەبەست لەهێنانی ئەم دوو ڕستەیە بەدوای ئەم چیرۆکەدا بەهێز کردنیەتی، کەلەمەوە بەتینی‌و بە هێزی بارو حاڵی ناپاکەکان وەرئەگیرێ کە ئەم وێنەو چیرۆکانە هێنرانەوە بۆ ڕوون کردنەوەیان.

لەپاش نیشان دانی ئەو سێ تاقم‌و کۆمەڵەو هێندێ ناوو نیشانیان، ئینجا بانگ کردنێ ئاڕاستەی هەموو ئادەمی ئەکات، وە بەتێکڕایی فەرمانیان پێئەدات بەمەی بچنە ڕیزی یەکەم تاقم، وە شێوە شیرین‌و ڕاست‌و بەڕێزەکەی ئەوان هەڵبژێرن، شێوە پاک‌و خاوێن‌و بەکەڵک‌و پڕ سوودەکەی ئەوان ڕەوا بدەن بۆ خۆیان، شێوەی ڕزگار بوون‌و گەیشتوو بە ئامانجەکەی ئەوان وەرگرن، شێوەی لە خوا ترسان‌و خۆ پارێزەران،

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾

ئەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ﴾ **ئەی ئادەمی بەتێکڕایی بپەرستن پەروەردگارتان کە ئێوەی دروست کردووەو هەموو ئەوانەی کەلە پێش ئێوەوە هاتنو بوون، واتە هەر ئەو ئێوەی دروست کردووە بە تەنیا، وە هەر ئەو دروستی کردوون لە باوکو باپیرو بنەڕەتتانەوە، کەواتە ئەبێ ئێوەیش هەر ئەو بپەرستنو مل کەچو گوێڕایەڵی ئەو بن... وە مەبەست لەو پەرستنەش ئەمەیە کە ئەفەرموێ:** ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ **واتە بپەرستن بۆ ئەمەی بەو پەرستنە خۆتان بپارێزن لە هەر شتێ مایەی خەشمو ناڕەزایی ئەو پەروەردگارەیە، بپەرستن بە ئومێدی ئەوەی ببن بەو جۆرو تاقمە هەڵبژێرراوە کە قورئان ڕێنیشان دەرو دەست گیریانە، بپەرستن بە ئومێدی ئەوەی (ئەو شێوە شیرینەتان بۆ پەیدا ببێت: شێوەی خوا پەرستیو لە خوا ترسی، بە شێوەی ئەو تاقمو کۆمەڵەی کە بە پێی توانا هەڵئەسن بە ماف خوای داهێنەری پەروەردگار، بپەرستن بە ئومێدی ئەوەی بگەن بەو سیفەتی لە خوا ترسیو لێبڕانە بۆ خوا بە تەواوی کە ئەوەش مایەی ڕەزامەندی خوایەو گەیشتنی بەندەبە بەرزترین پلەوئامانجی[1]، ئینجاچەندچاکەوبەهەرەیە تری ئەو پەروەردگارە ئەخاتە بەرچاو کە هاندەرو پاڵپێوەنەری بەندەکانن بۆ ئەو پەرستنە، ئەفەرموێ:** ﴿ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا﴾**، ئەو خوایەی کە گێڕای بۆتان زەوی بە ڕاخراوێک وەک فەرشو جێگاوبان، بەسەریەوە ئەخەونو دائەنیشنو ئەگەڕێنو نیشتەجێ ئەبنو بە ئارامو بە ئاسانی بەسەریەوە ئەژین.**

---

[1] ئەم تەفسیرە لەسەر ئەوەیە کە وتەی ﴿لَعَلَّكُمْ﴾ بەسترا بێتبە ﴿ٱعْبُدُوا۟﴾ وەوە، کەڕای زۆر لەزانایانی لەسەرە، وە تاقمی تر لەسەر ئەوەن کە بەستراوە بە ﴿خَلَقَكُمْ﴾ەوە، بەو جۆرەش هەر ئەگونجێو جوانە، بەڵام چەند گێرەو کێشەیەکی تیایە، وە باس کراوە لە شوێنی خۆیاندا، بەڵام ئەوەی تەفسیرەکە بەهێزە.

ژێر بار کردنو پاخستنی ئەم زەوییەو ئامادەکردنی بۆ ژیان تیایداو فەراهەم هێنانی هۆی ژیانو گەشە کردنو پەرەسەندن بەسەرییەوە. هەرکام لەو هۆیانە نەمێنێ یا کەمو کوڕی تێبکەوێ، کارو دەزگاکە ئەشێوێو ژیان ناڕوا. ئێجگار شتێکی نایابەو هۆی سەر سوڕمانە، وە هەر دڵێکوێر نەبێ بە کەمترین سەرنج دانو بیرکردنەوە ئەو دەستە قودرەتە لێزانو کار دروستە ئەبینی کە ئەم کارو بارەی پێك هێناوە، بەڵام مەردوم هەڵە بازنو زوو شتیان لە بیر ئەچێ، بە تایبەتی دەقو ئولفەتی گرت بە هەر شتێکەوە، هەرچەند نایابو سەرسوڕهێنەر بێت، لە بەرچاوی ئەکەوێو سەرسوڕمانی نامێنێ لێی، مەگەر ناو بەناوبێدارو وریا بکرێتەوە، جا لەبەر ئەوە قورئان هەموو جارێ دەسکاری دڵنەکاتو بێداری ئەکاتەوەو ئەیخاتە ئیش، تابێتەوە هۆشو گەورەییو دەسەڵاتو کار دروستی خوای بیر بکەوێتەوە، ﴿وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا﴾ وە گێڕای بۆتان ئاسمان بەڵای سەرەتانەوە بەسەریان، وەك کۆشك و گومەزێو خێوەتێك، کە ڕازاوەو دامەزراوو بەهێزو ڕێكو پێکە، ئەم ئاسمانە هۆیەکی بەهێزەو پەیوەندیەکی بەتینی هەیەبەژیانی ئادەمی لەم زەوییەدابەسووكو ئاسانی.

ئەم ئاسمانە بەگەرمیو ڕووناکیەکەیو بەهێزی کێشندەو ڕاکێشەری ئەستێرەو قەبارەکانیو ڕادەی خۆیانو دووریو نزیکیان لەم زەویەوە، یارمەتی دەرو پێك هێنەری ژیانە لەم زەوییەدا، کەواتە زۆر شایانە بە باس کردن، بۆ بیر خستنەوەی توانا و دەسەڵاتی خواو چاکەو هۆیەکانی ژیاندا، وەك ئاوو بەرهەمو میوەهات، کە بەدوای باسی ئاسمانا ئەیهێنێو ئەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾ وە هێنایەخوارەوە لە ئاسمانو لای سەرووتانەوە ئاوێك، ئاوێکی گرنگ کە بارانە، ﴿فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ ئینجا دەری هێنا لەزەوی بەو ئاوە هێندێ لەبەرهەمو میوەهاتو خواردەمەنی ﴿رِّزۡقٗا لَّكُمۡۖ﴾ لەبەر ڕۆزی دانتان.

ئەم باسی هێنانە خواری ئاوو دەرهێنانی بەرو میوەو خواردەمەنی پێی لە زۆر شوێنی قورئانا هاتووە، بۆ بیر کردنەوە لەدەسەڵاتی خواو بیر خستنەوەی چاکەو بەهرەی خوا... بە ڕاستی مانۆ خۆیەتی ئەوەندە بە گرنگ بگیرێو چەند جار ئاموژگاری پێبکرێو بیربخرێتەوە، چونکە ئاو کەرەسەی سەرەکییە بۆ ژیانی هەموو زیندەوەران لەزەویدا، وە ژیان بە هەموو جۆرو شێوەکانی لە ئاو پەیدا ئەبێو بنەڕەتەکەی ئاوە، وەکو ئەفەرموێ: ﴿وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۖ﴾ الأنبياء/٣٠، واتە هەموو زیندوویەکمان لە ئاو دروست کردووە، ئیتر بێجگە لەوەی

که ئەو هەموو خواردەمەنییە بە ئاو فەراهەم دێت، بەم ڕەنگە لە ڕێوە دێتە خوارەوەو تێکەڵی خاک ئەبێتو ئەو هەموو شتە ئەڕوێنێ بە فەرمانی خوا، یا ڕووبارو دەریا شیرینەکان پێک ئەهێنێ، یا ئەچێ بە ناخی زەویدا، وە بە شێوەی کانیو کاریز دێتە دەرەوە، یا بە هەڵگۆستن لە بیرەکان، بەهەر جۆرو شێوەیە ئەم بارانەی کە دێتە خوارەوە، هەموو خواردنو خواردنەوەیەکی پێوە بەستراوەو مایەی ژیانە لەم زەوییەدا، کەواتە زۆر بەجێیە ئامارژەی بۆ بکرێو سەرنجی بۆ ڕاکێشرێو بەو بۆنەوە بانگی مەردوم بکرێ بۆ پەرستنی خوای پەروەردگاری ڕۆزی دەری بەخشندە.

لەم بانگ کردنەی کە لێرەدا کردی بۆ ئادەمی، دوو بەند لە بەندە گەورەکانی بیرو باوەڕیی نیشاندا:

یەکەم: تەنیایی و یەک تایی پەروەردگاری داهێنەر بۆ هەموو دروست کراوەکان.

دووەم: یەکێتی ئەم بوونەوەرەو ڕێکو پێکیو پەیوەستی لەنێوان هەموو بەشو پارچەکانیدا و کۆمەکیو دۆستایەتیان بۆ ژیانو بۆ ئادەمی.

ئەوەتا نیشانیدا کە خوای داهێنەری هەمووان تەنیا یەکێکە، وە ئەم بوونەوەرەو زەوییەکەی ڕاخراوە بۆ ئادەمی، وە ئاسمانەکەی بە ڕێڕەوێکی دارێژراوەو یارمەتی دەرە بەو ئاوەی کە مایەی ژیانە لەم زەوییەدا، وە ئەوەش هەمووی بە هۆی میهرەبانی خوای داهێنەری ڕۆزی دەرە بە تەنیا، ﴿فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا﴾، کەواتە ڕەوا مەدەن بۆ خوا چەند وێنەیە، واتە هیچ وێنەیەک بڕیار مەدەن، بەڵام بەکۆ فەرمووی بە گوێرەی حاڵی بت پەرستەکان کە چەند بتێکیان بڕیار دابوو، وە هەروەها هێنانی بە کۆ زیادە سەر زەنشتو تەشەر دانی تیایە، چونکە هەرکەس ژیر بێئەزانێ بە هیچ ڕەنگ ناگونجێ بوونی تەنیا یەک وێنەو یەک هاوبەش، چ جای چەند وێنەو هاوبەشێ، وەک سەر زەنشتیان ئەکاتو تەشەریان لێئەدات، کە ئەفەرموێ: ﴿وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾، واتە هیچ هاوبەشێ بۆ خوا دامەنێن لە کاتێکدا کە ئێوە زانینتان هەیە، وە بێگومان هەرکەس زانینی هەبێو بێبەش نەبێ لەزانین هەرگیز هاوبەش ڕەوا نادا، چونکە هەموو کەس زانایەو ئەبێبزانێ کە ئەم کارو بارە بەبێ تەنیا خوایە ناگونجێو ناڕوات بەڕێوە، یا ئێوە ئەزانن بەو شتانەی کە باس کران ئەزانن کە خوا زەوی ڕاخستووە بۆتان، وە ئاسمانی کردووە وەک کۆشکو بانێ بە لای سەرتانەوە، وە

ئەزانن ئەو ئاو ئەبارێنێ و بەو ئاوە ئەو هەموو ڕۆزیەتان بۆ فەراهەم ئەهێنێ، وە ئەشزانن کە ئەو شتانە تەنیا دەست کردی ئەوەو بتەکان هیچ دەسەلاّت و هاوبەشیان نییەتێیاندا، کەواتە لەپاش ئەو زانینانە ڕەوا دانی هاوبەش ئێجگار بێجێ و نا شایستەیە و ئەو پەڕی نەفامییە.

ئەو یەکەم گەلەی کە یەکەم جار ئەم قورئانەی هاتە سەرو بیستی، بڕوایان بوو بە خوای پەروەردگارو ئەو زانینەیان بوو، وەك لە چەند ئایەتێکدا قورئان بۆمان باس ئەکات وەلەپاش ئەوانیش هەموو گەل و هەموو کەس ئەو بڕواو زانینانەیان هەر بووەو هەر هەشیانەو هەر ئەشیان بێت، وە ئەو کەسەی کە ئەو بڕواو زانینانەی نەبووبێ، یان نیەتی و نایبێ، ئەو بڕواو زانینانەی بۆ دەست ئەدات و ئەتوانێ بە کەمێ ورد بوونەوەو بیر کردنەوە دەسکەوتیان بکات، کەواتە وەك زانا وایەو ئەو سەر زەنشت و تەشەرە ڕووی تێنەکات، وە هەرکەس لەوەدا مەلە جەڕێ بکات و دان نەنێ بە پەروەردگاری ئەم بوونەوەرەدا، کە داڕێژراوە بە ڕژێم و یاسایەکی تێرو تەواو، بە جۆرێ هەموو ژیرێ تیایدا سەرسامە، بێگومان ئەو کەسە یا ئەیەوێ دەم بازی بکات و سەرکێشی بەکار بێنێ و لەدەروونی خۆیدا ئەزانێ کە خوا هەیە، یا ئەو کەسە ناتەواوەو بێبەشە لە هەموو فام و تێگەیشتنێ، وەك ئەو سێ تاقمەی کە لەکاتی خۆیدا پەیدا بوون لەناو یۆنانیەکانداو ناو ئەبران بە (سۆفسطائي)وە بڕوایان بە هیچ شتێ نەبوو، تەنانەت بۆ خۆیان و هەموو هەست پێکراوێکیش، وە هەرکەس ئاوا پەست و ناتەواو بێت، شایستەو شیاوی ئەوە نییە قسەو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ، بەڵکو چارەی ئەوانە ئەوەیە وەك زانایان فەرموویانە: بسوتێنرێن بە ئاگر تا دان بنێن بە بوونی شتا یا بسوتێن بۆ خۆیان!!

ئەو وێنەو هاوبەشانەی کە قورئان ئەوەندە بە توندی لێیان ئەدوێ و دژیانە بۆ ئەوەی بڕواو عەقیدەی تاك و تەنیایی خوا پاك و خاوێن بێت و گەردی لێنەنیشێ، ئەو وێنەو هاوبەشانە تەنها ئەو بتانەنین کە ئەو بت پەرستانە بەو شێوە سادەییە بڕیاریان ئەدان و ئەیان پەرستن، بەڵکو ئەو وێنەو هاوبەشانە چەند شێوەو جۆری تریان هەیە، کە وەك ئەو بتانە ئاشکراو دیاری نین، بۆ وێنە: ئومێدو چاوەڕوانی و پشت بەستن بە غەیری خوا جۆرێکیانە، ترسان لە غەیری خوا جۆرێکیانە، بڕوا بەسوودو قازانج، یا زیان گەیاندنی غەیری خوا بەشێکیانە. لە (ئیبن و عەباس)ەوە ئەیگێڕنەوە –خوا لێیان ڕازیبێ– کە

فەرمووی: وێنەکان بریتین لە هاوبەش، کە هێندێکیان شاراوە تر لە ڕۆیشتن و جوڵانەوەی پێی مێرووڵە بەسەر بەردێکی ساف ڕەش، وە لەناو تاریکی شەوا.

ئەوەش وەک ئەوە کابرایە بڵێ: سوێند بە خوا بەگیانی تۆ ئەی فلان وە بەگیانی خۆشم، یا بڵێ. ئەگەر قازەکە نەبوایە لە ماڵ دزمان بۆ ئەهات، یا کابرایە بڵێ بە هاوڕێیەکی خواو فلان نەبوایە. لە حەدیسێکدا هەیە کە پیاوێ چووە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وە وتی پێی: خوا ویستی و تۆ ویستت، ئەویش پێی فەرموو: ئایا تۆ منت کرد بە وێنەی خوا!!

پێشووەکان و هەڵکەوتووە خوا ناسەکانی ئەم ئوممەتە بەو جۆرە بوون و بەو شێوەیە سەرنجی هاوبەشی شاراوەو وێنەکانیان ئەدا لەگەڵ خوادا، جا با بیرێ بکەینەوە لە خۆمان و لەوان، ئەوان لە کوێ و ئێمە لە کوێ؟!!

بەڕاستی مەسەلەکە زۆر خەتەرە و جێی مەترسییە ـ خوا یارمەتیمان بدات لە جێگیر کردنی ئەو باوەڕە پاک و خاوێنە لەدڵ و دەروونمانا و پاراستنی لە هەموو تەم و تاریکی و لەکەیەک ـ لای خوارو یەکەم پلەی باوەڕ بە تەنیایی و یەکتایی خوا ئەمەیە کەلە هەموو شتێکدا، وەلە هەموو بەسەر هات و ڕووداو خۆشی و ناخۆشی یەکدا، دڵی بەندە لە پێشەوە بگەڕێتەوە بۆلای خواو هەموو ئەوانە لە خواوە بناسێ، کەواتە ئەگەر مەترسی لە هەرشت یا لەهەر کەس بوو، ئەبێ لە پێشەوە سەرنجی لای خوا بدات و مەترسی لەو بکات کەلە ڕێگەی ئەو شتە یا ئەو کەسەوە زیانێکی پێبگەیەنێ، وە هەروەها لەکاتی ئومێدو چاوەڕوانی هەر خێرو چاکەیەکدا، وە لە هەموو بەسەرهاتێکدا ئەگەر بەندە بەو جۆرە نەبێ، کاری خەتەرەو باوەڕەکەی ناتەواوەو پاک و خاوێن نییە.

هەرچۆنێ بت پەرستەکان لە مەککە دوو دڵ بوون لە ڕاستی قورئان و پێغەمبەرێتی پێغەمبەردا (ﷺ)، وە مەردومیان دوو دڵ ئەکرد لە مەککەو لە غەیری مەککەدا، هەروەها جوولەکەکانیش لە مەدینەدا گومانیان ئەخستە ئەوە، وە ناپاکەکانیش بەد گومان و دوودڵ بوون تیایدا، ئینجا ئەوا قورئان لەپاش ڕوون کردنەوەی تاک و تەنیایی خوا، بەر ئەبڕێتەوە لە هەموان، بەجۆرێ ڕێی هیچ مله جەڕێو دەم بازییە ناهێڵێتەوە بۆ هیچ کەس،

وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا وَلَن تَفْعَلُوا فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ

ئەفەرموێ: ﴿وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا﴾ ئەگەر ئێوە لە گومانو دوو دڵیدان، لەو قورئانەی کە ئێمە ناردمانە خوارەوە بەرەبەرەو وە جبە بۆ سەر بەندەمان واتە محمد (ﷺ) ناو بە بەندە لەم شوێنەدا چەند شتی گرنگ ئەگەیەنێ:

١- ڕێزی پێئەدات نزیکی ئەخاتەوە لە خۆیەوە، بەمەی ئەیکات بە بەندەی تایبەتی خۆی کە ئەوە بەرزترین ڕادەو پلەیە بۆ ئادەمی.

٢- بڕیار دانی بەندەیی و ناوبردنی پێغەمبەر (ﷺ) کە بەرزترین کەسە بە بەندە ئەبێتە بەربەستو بەرهەڵستو هۆی فڕێدانی هەر وێنەیەک کە بۆ خوا ڕەوا بدرێ، چونکە لە جێیە ئەم بەندە بێت، ئیتر هیچ کەسی تۆ چۆن وێنەی ئەبێت.

٣- با زیادە ڕەوی نەکرێ لە شانیداو لە سنووری بەندەیی دەر نەکرێ، ئەگەڕ ئێوە لە گومانو دوو دڵیدان ﴿بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ﴾[1] دەی سورەتێک بێنن کە وێنەی ئەوە بێت کە ناردمانە خوارەوە، ئیتر هەر سورەتێک باکورت ترین سورەت بێت، وەک سورەتی ﴿الكوثر﴾ کەسێ ئایەتی کورتە وێنەی ئەوە بێت لە ڕەوان بێژیو ڕێک و پێکی هۆنینەوەو ڕاستیو ڕەوایی مانا و مەبەستدا، ئەم بەر لێ بڕینەوە دەست نیشانی بۆ کرا هەر لە سەرەتای سورەتەکەوە بەو سێ پیتە ﴿الٓمٓ﴾، واتە ئەم قورئانە پێک هاتووە لە

---

[1] تەفسیرەکە لەسەر ئەوەیە کە ڕاناوەکە بگەڕێتەوە بۆ وشەی (ما)، وە بەو جۆرە ڕێکە لەگەڵ ئایەتەکانی وێنەی ﴿الإسراء، هود، یونس﴾دا کە هاتوون بۆ بەر بڕینەوە وەک ئێرە، وە ڕێکە لەگەڵ باسو مەبەستی شوێنەکەدا، لەبەر ئەوە ئەم ڕایەم هەڵبژارد بەسەر ئەو ڕاکەی تردا، کەڕاناوەکە ئەباتەوە بۆ وشەی ﴿عَبْدِنَا﴾، وە زۆربەی زانایانیش هەر لەسەر ڕای یەکەمن.

وێنەی ئەم پیتانە کە ئێوە قسەی پێئەکەن‌و وتەو وتاری پێئەهۆننەوە، دەی ئەگەر گومانتان هەیە لەوەدا کە لەلایەن خواوە هاتبێ‌و ئەڵێن: دەست هەڵبەستی محمد یان هەرکەسێ تری، ئازا بن وێنەی بهێنن، با کەمترین سورەتیش بێت ﴿وَٱدْعُوا۟ شُهَدَآءَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾[1]، وە بانگ بکەن هەموو ئەوانەی کە ئامادە نەبن لاتان، بۆ کۆمەکی‌و یارمەتیدانتان بێجگە لە خوا، کە ئەو دەسەڵاتی هەیەو ئەوەتا ئەم قورئانە بێوێنەی فەرموویەو ناردوویەتییە خوارەوە، ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾، ئەگەر ئێوە ڕاستن لەوەی کە ئەیڵێن دەربارەی ئەم قورئانە.

ئەم بەر لێ بڕینەوە هەر لە چەرخی پێغەمبەرەوە (ﷺ) هەتا ئێستا و لەمەو لایش هەر بووەو هەر هەیە هەتا هەتایە، وە ئەمە بەڵگەو نیشانەیەکی زۆر ڕوون‌و ئاشکرایەو دەمی هەموو دەم بازێ ئەبەستێ‌و ڕێی هیچ جموجوڵو دەم بازیەکی ناهێڵێ، وە هەرکەس هەر قسەیە بکات بێگومان خۆی بێئابڕوو ئەکات‌و نەفامی خۆی دەرئەبڕێ، چونکە ئاشکرایە کە دوژمنی داخ لەدڵی ئەم پێغەمبەرو قورئانە چەند زۆرە هەر لەیەکەم جارەوە تا ئێستا، وە بەر لێ بڕینەوەی دوژمنیش ئێجگار کاریگەرە لە دەروونیدا، وە هاندەرو پاڵ پێوەنەریەتی بر بەرەنگاری‌و بەختکردنی دەسەڵات‌و توانای، لە ڕێگەی زاڵ کردن‌و سەرخستنی قسەو مەبەستی خۆیدا، دەی ئەگەر بگونجایەو لە دەسەڵاتدا ببوایە هێنانی ئەو وێنەیە، ئەبوایە لەم ماوە دوورو درێژەدا لەلایەن یەکێکەوە، یا گەل‌و کۆمەڵێکەوە ئەو وێنەیە بهێنرایە، بە تایبەتی ئەم یەکەم چینە کە عەرەب بوون‌و مامۆستای بەرزی بەناو بانگی دووان‌و دوانگا و ڕەوانبێژی بوون‌و سوار چاکی جیهان بوون لەو مەیدانەدا، وە لەو بارەیەوە هەوڵ‌و تەقەللای زۆریشیانداو چەند بەستەو هۆنینەوەیەکیان داڕشت، بەڵام هەر بۆ خۆیان شەرم گرتنی بەرامبەری قورئانی پێبکەن، ناچار وتیان ئەمەی محمد ئەیڵێ جادووەو جنۆکە پێی ئەڵێن، بۆیە ئێمە ناتوانین بەرامبەری بکەین!... وە هەروەها قورئان هەر ئەمێنێتەوە بە بێوێنەیی و

---

[1] ئەم ڕەستەیە بە پێنج جۆری تریش تەفسیر کراوەتەوە، وەک لە (کشّاف)و کتێبە گەورەکانی ترا باسکراوە، وە ئەو جۆرانەش هەر ڕێکن‌و ئەگونجێن، بەڵام ئەم شەشەمە کەلە تەفسیرەکەدا وتراوە دڵم پێی بە ئارام ترەو بڕوام بەمێزترە پێی، چونکە ڕێکە لەگەڵ ئایەتی ﴿الإسراء﴾دا: ﴿ قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ ﴾ الآیە/٨٨.

بەچـار نـەکراوی، وەك هەواڵیـشی پێئـەدات بـە پرسـتەیەکی تـی هـەڵکێش لـەم هەڕەشـە سامناکەی کە ئەیکات لە بێبڕواکان ئەگەر نەگەڕێتەوە، ئەفەرموێ: ﴿فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ وَلَن تَفْعَلُوا۟﴾ ئینجا ئەگەر وێنەی سورەتێ لەم قورئانەتان نەهێناوە هـەرگیز نایشی هێنن ﴿فَٱتَّقُوا۟ ٱلنَّارَ ٱلَّتِى وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ﴾ کەواتـە خۆتـان بپـارێزن لـە ئاگرێـك کـە سـوتەمەنی و هەڵگیرسـێنەری ئادەمییـەو بـەرد، واتـە کاتـێ بـەرتان لـێ بڕایـەوە، بـە هێنـانی وێنـەی سـورەتێ، وە ئێـوەش هـەوڵو تەقەللاتانـدا لەپاشـدا دەستەپاچـە دەرچـوون، ئەوکاتـە دەرئەکـەوێ کەئـەم قورئانـە موعجیزەی خوایەو پێویستە لەسەرتان بڕوای پێبهێنن و بەهۆی ئەوەوە خۆتان بپارێزن لـەو ئاگرەی کە باسکرا.

ئەو بەر لـێ بڕینـەوە زۆر شتێکی سەیرەو سەرسوڕهێنەرەو زۆر جێگەی بیر لێکردنەوەیە، ئەگەر ئەوە لەلایەن خواوە نەبوایە، هیچکەس نـەی ئـەتوانی ئـاوا بێباك و بێسـەر لێکردنـەوە بەربەرێتەوە لە هەموو کەس، وە سەیرتر ئەوەیە کە هەواڵیشیدا کە هەرگیز ناتوانن و نایکـەن، وە شتێکی ئاشکرایە ئەگەر لە توانادا بوایە ئەیانکردو هـەرگیز سستیان تیا نەئەکردو لێی نەبوەستان، چونکە ئەگەر شتی وایان لەدەست بهاتایەو بیان کردایە، قورئانیـان بـە تـەواوی پـەك ئەخستو بـە بەڵگـەو مـوعجیزە نەئەمایـەوە، بـەڵام ئـەوە ڕووی نـەداو نـەکراو هـەرگیز ناشـکرێ، ئـەوەتا قورئـان زیـاد لـە هـەژارو چوارسـەد سـاڵەو هـەتا هەتایـە، ئـەخوێ بـە ملـی هـەموو جیهـانو جیهانیانـداو بـەریان لـێ ئەبڕێتـەوە تێـزە تێزەیـان ئـەدات و هـەموو دوژمنەکانیش داماوو دەستەپاچە کەوتنو هیچیان پێنەکراو هیچیان پـێ ناکرێ، وە ئەگـەر ئەو بەر لێ بڕینەوەو هەوڵ دانە سەبارەت بە یەك تاقمو چینیش بکرایە هـەر بـەس بـوو، وە هەر موعجیزە ئەبوو، چ جای ئەمـە کـە دەربـارەی هـەموو کـەسو هـەموو گـەلو چینێکە هـەتا هەتایە! کەواتە ئەو هەوڵ دانەش کە فەرمووی: ﴿وَلَن تَفْعَلُوا۟﴾ بە تەنها خۆی موعجیزەیەکە لـە موعجیزە جۆر بە جۆرەکانی قورئان، جا لەبەر ئەوە ئەو هەڕەشە سەختو دڵ داچڵەکێنەرەی کرد لەوانەی کە دەستەپاچەن لـە ئاستی ئـەو بـەر لـێ بڕینـەوەو کەچـی بڕوایش ناهێنن بـەم شتە ڕاستو ڕوونە،

هەڕەشەی کرد بەو ئاگرە سامناکەو لەپاشا فەرمووی: ﴿أُعِدَّتْ لِلْكَٰفِرِينَ﴾ ئامادە کراوە بۆ بێبڕواکان، ئەو بێبڕوایانەی کە خوا مۆری ناوە بەسەر دڵو هێزی بیستنیان و پەردەی هێناوە بەسەر هێزی بینینیاندا. ئەو بێبڕوایانەی کە قورئان بەری لێ بڕینەوە و ئەوانیش پەک کەوتوو و دەستەپاچە دامان و کەچی بڕواشیان نەهێنا... کەواتە ئەوانە وەک بەرد وان! هەرچەند لە شێوەی ئادەمیدان، کەواتە زۆر بەجێیە جووت و هاوسەر بکرێن، وە بێجگە لەوە ناوبردنی بەرد لەم شوێنەدا شێوەی سزاکە بەتین تر ئەکات و نیشانی ئەدات و کە ئەو ئاگرە لەم جۆرە نییە کە ئێستا ناسراوە، بەڵکو ئەوە ئاگرێکی تایبەتییە، بە بەردو ئادەمی هەڵئەگیرسێ، خوا پەنامان لدا لێی، ئینجا هەڵئەگرێ مەبەست ئەو بەردەی کە ئەبێ بە سوتەمەنی و هەڵگیرسێنەر بتەکان بێت ــ وەک هەندێ فەرموویانە ــ وەلە سورەتی ﴿الأنبياء﴾دا ئاماژەی بۆ ئەکات، ئەو بەردانە ئەکرێن بە هاوسەری بت پەرستەکان لە دۆزەخدا بۆ سزادانی دەروونیان و هەمیشە لە داخ و مەراقدا بن کە چۆن بە دەستی خۆیان ئەو بەردانەیانکرد بەهۆی ئەو سزا سەختەی کە ئەیچەژن.

هەرچۆنێ ئاڵتوون و زیوی ساماندارە بێبڕواکان، کە ماف لێدەرناکەن لە دۆرزەخدل سوور ئەکرێنەوە و بەو ئاڵتوون و زیوە داخ ئەکرێن بۆ سزادانی دەروونیان، ئینجا ئایا ئاگری دۆزەخ هەموو یەک جۆرە و لەسەر یەک شێوەیە کە باسکرا، یا چەند جۆرو شێوەی تریشی هەیە؟ لەئایەت و حەدیسەوە وا دەرئەکەوێ کە چەند جۆرو شێوەی تریشی هەیە، ڕەنگە ئاگری جنۆکەو شەیاتین سووتەمەنیەکەی جنۆکەو شەیاتین بێت.

قورئان لە چەند بارو ڕوویەترەوە هەر موعجیزەیەو هەموو کەس دەستەپاچەو پەک کەوتووە لەحاستیدا، بەڵکو بارو جۆرەکانی تری نایەنە ژمارەو هەرگیز دوایی نایەن، وەک فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) دەست نیشانی بۆ ئەکات کە ئەفەرموێ: (لا تنقضي عجائبه) شتە نایابە سەرسووڕهێنەرەکانی دوایی نایەن.

(قازی ئەبو بەکری باقلانی) لە کتێبی (التمهيد)دا دوانزە بارو ڕوو باس ئەکات، لێرەدا ئێمە کۆتایی ئەهێنین بە باسەکەو بە یارمەتی خوا بە درێژی لێی ئەدوێین لەسورەتی ﴿یونس﴾ یان ﴿هود﴾ یان ﴿الإسراء﴾دا.

وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۖ كُلَّمَا رُزِقُواْ مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقًا ۙ قَالُواْ هَٰذَا ٱلَّذِى رُزِقْنَا مِن قَبْلُ ۖ وَأُتُواْ بِهِۦ مُتَشَٰبِهًا ۖ وَلَهُمْ فِيهَآ أَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ ۖ وَهُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٥﴾

لەپاش ئەو هەڕەشە سامناکەی کە ئاڕاستەی بێبڕواکانی کرد، ئینجا ئەم مزگێنییە ئارام دەرە ئەدا بە بڕوادارەکان، ئەفەرموێ بە پێغەمبەر (ﷺ) ﴿وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ مژدەبدە بەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان بەجێهێناوە، بەمەی ﴿أَنَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ کە بێگومان بۆیان هەیە لە ڕۆژی دواییدا باخچەو باخاتێ کە جۆگەو ڕووبارەکان دێن و ئەچن بە ژێریاندا، بەهەشت بەو جۆرەیە کە حەدیس دەربارەی ئەفەرموێ: (فيها ما لا عين رأت ولا أذن سمعت ولا خطر علي قلب بشر) شتی وای تیایە نە هیچ چاوێك بینیویەتی و نە هیچ گوێچكەیەك بیستویەتی و نەبە دڵی هیچ ئادەمییەکا گوزەری کردووە، کەواتە شتی وای کە خوا لە جیهاندا وێنەی دروست نەکردووە، وە ناوی ئەوانە نابات، چونکە ئێمە تێی ناگەین، بەڵکو ناوی ئەوانەی ئەبات کە ئێمەی ئەم جیهانە وێنەیمان زانیوە، بۆ ئەوەی دڵمان ڕاکێشێ بۆلای و بە هۆی ئەوە چاکە یەکەین و خۆمان بیارێزین لە خراپە، وەلەم جیهانەدا شتێك کە زۆر دڵ ڕفێن بێت باخچەی ڕازاوەی گوڵ و گوڵزارو باخاتی بەرو میوەو سایەو سەهەنداری پڕ لە چەشمەیە، ڕووباری ئاوی ساف و شیرینە، جا لەبەر ئەوە لە زۆر شوێندا کە باسی بەهەست ئەکات، ئەم شێوەی ئەخاتە بەرچاوو بەم جۆرە وەسفی ئەکات و ئەدات، ئینجا ئەوانەش کە وێنەمان دیتووەو دروستکراوە لە جیهاندا، هەر لە شێوەو ناوا هاوبەشن لەگەڵ ئەوانەی ئەم جیهاندا، ئیتر لە تامو بۆن خۆشیدا ئەوانەی بەهەشت شتێ ترن و لەگەڵ ئەمانەی ئێرە هەر خوایان یەکە، بەڵکو ئەوانەی بەهەشتیش هەموو تاقمو چینێکی تازەی جیاوازە لەگەڵ تاقمو چینی پێشوودا، لەناوو شێوەدا وەك یەکن، وەك لەم فەرموودەیە وەرئەگیرێن کە بەدوو جۆر تەفسیر کراوەتەوە: ﴿كُلَّمَا رُزِقُواْ مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقًا ۙ﴾ هەرجارێ بەهەشتیەکان ڕۆزی و خۆراکێکیان پێبدرێ لەو بەهەشتانە لەهەر جۆرە بەرو میوەیەکیان ﴿قَالُواْ هَٰذَا ٱلَّذِى رُزِقْنَا مِن قَبْلُ ۖ﴾ ئەڵێن: ئەمە ئەوەیە کەلە پێشەوە لەدونیادا پێماندراو دەرخواردماندرا، یا ئەمە ئەوەیە کەلە پێش

نیستادا لەبەهەشتا پێماندراو دەرخواردماندرا، لەسەر هەرکام وا ئەزانن هەر وەك ئەوەکەی ئەوەو پێشە کە خواردوویانەو هیچ جیاوازیەکیان نییە لە چاکی و تامو خۆشیدا، بەڵام زۆر جیاوازن و هەر لە شێوەدا وەك یەکن، وەکو ئەفەرموێ: ﴿وَأُتُوا۟ بِهِۦ مُتَشَٰبِهًا﴾ پۆزیەکەیان بۆ نەهێنرێ بە جۆرێ لە وێنەو شێوەدا وەك ئەوەکەی لەوەو پێش وایە، تا لێیان ئەگۆڕێ و وا گومان ئەبەن کە جیاوازی نییە لێی، وە ئەو یەکێتی و شێوەو وێنەشی پێویستە بۆ ئەوەی باش دڵیان بڕوا بۆ ئەوەی تازەیەو ئارەزووی بکەن بەبێ ترێز، چونکە هەر خۆراکێکی تازەو یەکەم جار کە نەبینرا بێ و دەقی پێوە نەگیرابێ، ئەوە ترێزی لێ ئەکرێ و دڵ ناچێتە سەری.

ئەو یەکێتی شێوە لەگەڵ جۆر بەجۆری و جیاوازی لەشتەکانی ترا هەر لەدەست خوای پەروەردگار دێت، بۆ وێنە ئادەمی لە یەکەم جاریەوە تا ئێستا و داهاتوو شێوەی گشتی نادەمێتی لە هەموو ئەندامو یەکەیەکیدا وەك یەکە، بەڵام هیچ دوو کەسێکی وەك یەك نین، لە شێوەو نیشانە تایبەتییەکانیان و جیاوازی هەیە لە ڕەنگو وێنەو دیمەن و شتەکانی تریاندا.

بەڕاستی ئەو هەموو جۆر بە جۆرییە کە هەیەو خوا فەراهەمی هێناوە لەو هەموو بەرەو تیرەو ڕەنگو شێوەو نیشانەو شتە تایبەتیەکانی دروستکراوەکانیدا، بە ڕاستی شتێکی زۆر سەر سوڕهێنەرەو ژیریی تیایا سەرگەردانە! جێ و شوێن و خۆراکی بەهەشتیەکان بەو جۆرە نموونەیەکی لێ باسکردن، ئینجا باسی هاوڕێی و هاوسەریان ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿وَلَهُمْ فِيهَآ أَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ﴾ وە بۆیان هەیە لەو بەهەشتانەدا، حەڵاڵ و هاوسەرانێ کە پاك و خاوێن کراون لە هەموو چڵك و چەپەڵی و هەر شتێ بیری لێبکرێتەوەو نەویستراوبێت، واتە خوا بە پاك و خاوێنی فەراهەمی هێناون و فەراهەمیان ئەهێنێ و ڕاگیریان ئەکات لەو بە هەشتانەدا. هەر خۆشی و شادمانییە کە کاتی و بڕاوە بێت بێنرخە، جا لەبەرئەوە خوای میهرەبان خۆشی و شادمانی بەهەشتی هەمیشەیی کردووە بەبێ بڕانەوە، وە هەواڵیشی داوە بەو هەمیشەییە، بۆ زیادە ئارام دان و دڵنیا کردن، وەکو ئەفەرموێ: ﴿وَهُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ئەو بەهەشتیانە هەمیشەین لەو بەهەشتانەدا بەبێ دوا هاتن و بڕانەوە!! لەپاش ئەوەی بەری بڕیەوە لە هەموو کەس لەبارەی قورئانەوەو بە شێوەی گشتی، کە بەهیچ کلۆج جێگەی گومان و دوو دڵی نییەو لەلایەن خواوە هاتووە، ئینجابە تایبەتی ئەدا لە ڕەخنەو گومانێك کە جوولەکە ئەیان خستە ناوو دەمبازیان پێئەکردن لە مەدینەدا، وە هەروەها ناپاکەکان، هەرچۆنێ بت پەرستەکانیش لە مەککە هەمیشە خەریکی ئەو جۆرە پڕو پاگەندە ئەبوون.

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَسْتَحْيِۦٓ أَن يَضْرِبَ مَثَلًا مَّا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا ﴾

ڕەخنەو گومانەکەیان لەم بارەوە بوو، کە قورئان وێنەو چیرۆک ئەهێنێتەوە بەشتی بێنرخ وەک مێش و جاڵجاڵۆکە، وە ئەیان وت ئەوە شایستە نییە بۆ خوا، چونکە لە لایەکەوە ناو بردنی ئەوانە کە شتێکی ئەوەندە نرخن شایستەی خوا نییە، وەلەلایەن تریشەوە ئەوە ڕیسوا کردن و لاقرتی کردنە بەو دروستکراوانە، کەواتە خوا چۆن شتی وا ئەکات؟! جا لەبەر ئەوە وەک (ئیبن و عەباس) ئەفەرموێ: ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە بۆ لەناو بردنی ئەو ڕەخنە بێجێ و نەهێشتنی ئەو گومانە ناڕەوا و دەم کوت کردنی ڕەخنەگرو گومانداران، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَسْتَحْيِۦٓ﴾ بێگومان خوا شەرم ناکات، واتە بێجێ و ناڕەوای دانانێ و واز ناهێنێ ﴿أَن يَضْرِبَ مَثَلًا مَّا﴾[1] لەمەی باسی هەر وێنەو چیرۆکێ بکات و بیهێنێتەوە بۆ تێگەیاندن و ڕوونکردنەوەی ماناو مەبەستی ﴿بَعُوضَةً﴾ مێشوولە باس بکات و بیهێنێتەوە ﴿فَمَا فَوْقَهَا﴾ یا هەرشتێ کەلە ژوور مێشوولەوە بێت و لێی تێپەڕیکات لە بچووکی و بێنرخیدا وەک باڵی مێشوولە کەلە حەیسدا هاتووە، یا هەر گیان لەبەرێ لەو گیان لەبەرانەی کە بەزەحمەت چاوئەیبینێ، یا وەک ئەوشتانەی کەبە چاو نابینرێن و مەگەر بەوردیلکە بین، بە هەرکام و بەهەرشتێ وێنە بهێنێتەوە، هیچ ناڕەوایی و ناڕێکی تیانییە، چونکە خوای هەمووانەو پەروەردگاری هەمووانە بەبێ جیاوازی، وە مێشوولەو بچووکتر لەو، فیل و گەورەتر لەفیل وەک یەکەن لای خوا، وە وەک یەک موعجیزەن و هەموو کەس لە حاستیان داماو و دەستەپاچەیە، وە هەرچۆنێ لەم بوونەوەرەدایە کۆبێتەوە ناتوانێ گیان بکات بە بەری فیلێکدا، هەروەها ناتوانێ گیان بکەن بە بەری مێشوولەیەکدا... وە بێجگە لەوە مەبەست لەوێنەو چیرۆک، ڕوونکردنەوەو خستنە بەرچاوی هەر شتێکە کە هەستی پێنەکرێ، یا نزێک خستنەوەی هەرشتی کە بە دوور نابینرێ، یا گونجاو بێ هەرشتێ کەبە نەگونجاو دابنرێ، کەواتە تەماشای نرخ و بێنرخ و گەورەیی و بچووکی ناکرێ، بەڵکو بە هەرشتێ مەبەستەکە پێک بێت ئەو شتە ئەکرێ بە وێنەو چیرۆک، کەواتە لە هێندێ کات و شوێندا ئەبێ بچوکترین و بێنرخترین شت بکرێ بە وێنە.

---

[1] ئەم ئایەتە بە چەند جۆرێ پێناسە ـــ ترکیب ـــ کراوە، بەپێی ئەوانە شتێوەی تەفسیرەکە ئەگرێ، بەڵام مەبەست لە هەموو هەر یەک شتە.

وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ ۖ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَيَقُولُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ۘ يُضِلُّ بِهِۦ كَثِيرًا وَيَهْدِى بِهِۦ كَثِيرًا ۚ وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٦﴾

خوای گەورە وێنەو چیرۆك ئەهێنێتەوە، وە بەرامبەر ئەوە بەندەکانی دوو جۆرن و بەوە تاقیان ئەکاتەوە وەکو ئەفەرموێ: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوەو بڕوادارن ﴿فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ ۖ﴾ ئەوانە ئەزانن کە ئەو وێنەیە هەر ڕاستو ڕەوایەو بەڵێ زانی هاتووەو ڕێکە لەگەڵ کار دروستیدا، لەکاتێکدا لەلایەن پەروەردگارییانەوە هاتووە، چونکە بڕواکەیان بە خوا ڕووناکی ئەخاتە دڵیانو هەستیاریی فەراهەم ئەهێنێ لە گیانو ڕۆحیاندا، بەهۆی ئەوەوە تێئەگەن لەکار دروستی خوا لە هەموو کارو کردارێکیدا، وە هەر کارو فەرمان بڕیارو وتەو وشەیەك کە لەلایەن خواوە بێت، بەڕاستو ڕەواو بە جێی ئەزانن و، بە سۆزو پەرۆشەوە وەری ئەگرن و ئەچن بە پێشوازییەوە، ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ ئەوانەی کە بڕوایان نەهێناوە ﴿فَيَقُولُونَ﴾ ئەڵێن: ﴿مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ۘ﴾ ئایا خوا چی ویستووەو نیازی چی کردووە بەم شتە بێنرخە لەبارەی وێنەو چیرۆکەوە؟! واتە وێنە هێنانەوە بە شتی ئاوا بێنرخ، ناڕەوایەو ناشایستەیە بۆ خوا یا نابێ لەلایەن ئەوەوە شتی ئاوا هاتبێ.

ئەم پرسیارە ناڕەوا پرسیاری کەسێکە کە بێبەش بێت لە ڕووناکی بڕوا بە خواو ناسینی خوا، پرسیاری کەسێکە کە پەیوەندیو پەیوەستی نییە باوو ڕەوشتو تەگبیری خواوە، ئینجا ئەو پەڕی بێ ئەدەبی ئەو پرسیار کەرە نەفامە دەر ئەخات، کەبە نەزانیو نەفامی ڕەخنەئەگرێ لەکاری خواو بێزاری لێی، یا ئەیەوێ مەردوم دوو دڵ بکات لەوەی کە شتی والای خواوە هاتبێ، بە هەر جۆر ئەوا وەڵامی پرسیارە ناڕەواکەی ئەدرێتەوە بەهەڕەشەو ترساندن بە بەرهەمی ئەو وێنەو چیرۆکە، ئەفەرموێ: ﴿يُضِلُّ بِهِۦ كَثِيرًا وَيَهْدِى بِهِۦ كَثِيرًا ۚ﴾ بەو وێنەیە زۆر کەس گومڕا ئەکات، وە زۆر کەسیشی پێ ڕێنموونی ئەکات.

خوای گەورە لە زۆر شتدا بەندەکانی تاقی ئەکاتەوە بۆ ئەمەی ئەوەی کە خۆی ئەیزانێ لەلایەن بەندەکانییەوە بەدی بێت و دەرکەوێ تا بە گوپرەی ئەووە پاداش و تۆڵە پوو بدات، چونکە باوو بڕیاری خوا وا هات، کە تەنها بە پێی زانینی خۆی ڕەفتار نەکات لەگەڵ بەندەکانی، بەڵکو تا بەندەکانی هەڵنەسن بە کردەوەکانیان بە ئارەزوو خواهیشی خۆیان و ئەوەی خوا زانیویەتی بەدی نەهێنن هیچ پرسیارو پاداش و تۆڵەیەکیان نەبێ، جا لە هەموو تاقیکردنەوەکاندا هەرکەس بە خواهیشی و ئارەزووی خۆی ڕێگایە ئەداتە بەرو باری ئەگرێ... بۆ وێنە تەنگی و ناڕەحەتی ئەدات بەسەر بەندەکانیدا، ئینجا ئەو کەسەی کە بڕواداری ڕاستەقینەو تێگەیشتووە ئەزانێ خوا خوایەو هەموو کاروباری بەجێیەو هەر خۆی ئزانێ چی بەرژەوەندی تیایەو چی تیایدا نییە، وە ئەزانێ هیچ ناڕەحەتی و تەنگییە هەروا بە هەدەر ناڕوا ئەگەر خاوەنەکەی بێئارامی ناکاتو سەر لە خۆی تێك نەدا، وە ئەزانێ هیچ کەس ناتوانێ فریای بکەوێو دەرووی لێ بکاتەوە، لەبەرئەوە بەو تەنگی و ناڕەحەتییە باشتر ئەگەڕێتەوە بۆلای خوا، باشتر ئەلاێتەوەو پەنا ئەهێنێ بە خوای خۆی، بەڵام هەرکەس بێبڕواو ناپاك بێت سەرکێشتر ئەبێتو دوور تر ئەکەوێتەوە لە خواو بە ئێجگارو لەڕیز دەرئەچێ، وە هەروەها بەخۆشی و دەسەلاتو کامەرانی بەندەکانی تاقی ئەکاتەوە، ئەوانەی کە ژیرو بڕواداری ڕاستەقینەن سوپاس و چاوڵەبەریان بۆ خوا بەهێزو دامەزراوتر ئەبێت، بەڵام بێبڕواو ناپاکو نەفام بەوە باشتر لە خۆی ئەگۆڕێو یاخی تر ئەبێت، جا هەر بەو پێیەیە تاقیکردنەوە بەم وێنەو چیرۆکانە، هێندێ پێی گومڕا ئەبنو هێندێ تر ڕێنومایی پێوەرئەگرن، ﴿وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلْفَٰسِقِينَ﴾، وەهیچ کەس گومڕا ناکات بەو وێنەو چیرۆکانە مەگەر ئەوانەی کە دەرچوون لە سنوورو گوێڕایەڵی خواو ڕێنموونی خواو ڕێ ڕاستەکەی خوا. دەرچوون لەسنوورو گوێ ڕایەڵی سێ پلەی هەیە:

١- کردنی گوناهوتاوان جاربەجار، نەك بەهەمیشەیی لەگەڵ ئەوەدابەخراپوتاوان دابنرێ.

٢- سەرکردنە ئەو تاوانو گوناهانەو بەڵام کابرای تاوانبار ئەزانێ خراپەو خۆیشی بە خراپ سەیر ئەکات.

٣- دامەزرانە لەسەری بە هەمیشەییو بە چاکیشی دابنێ.

ٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقْطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٢٧﴾ كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِٱللَّهِ وَكُنتُمْ أَمْوَٰتًا فَأَحْيَٰكُمْ ۖ

ئەم پلەی سێیەمە خاوەنەکەی لەپیزو بڕواداران دەرئەکات، چونکە ئەم سیفەتو نیشانانەیان بە دوادا ئەهێنن:

١- ﴿ٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مِيثَٰقِهِۦ﴾، واتە ئەو گومڕاو دەرچووانە کەسانێکن کە پەیمانی خوا هەڵئەوەشێننەوە لە پاش بەهێزکردنی ئەو پەیمانە لەسەریان. پەیمانی خوا لەگەڵ ئادەمیدا چەند جۆرێکە: پەیمانی سروشتو ژیریی، کە هەموو کەس بەجۆرێ دروستکراوەو دارێژراوە پەروەردگاری خۆی بناسێ و هەر ئەو بپەرستێ و ژیانی بە پێی بەرنامەی ئەو بێت، پەیمانی جێنشینی لەزەویدا کە خوا وەری گرت لە ئادەم، وەک لەمەو پاش باسی ئەکات لە چەند ئایەتێکی داهاتووەدا... وە هەموو ئەو پەیمانانەی کەلەسەر زوبانی پێغەمبەرەکان وەری گرتن لە هەموو گەل و ئوممەتەکان لە جیهاندا، وە ئەو پەیمانانەی بەهێز کرد بەو هەموو بەڵگەو نیشانە پوونانەی بوونەوەرو بەناردنی نامەکانی و پێغەمبەرەکانی و ئەو هەموو موعجیزانەی کە فەراهەم هێنا لەسەر دەستیاندا، جا ئەمانە ئەو هەموو پەیمانانەی خوایان هەڵوەشاندەوە لەگەڵ ئەو هەموو بەهێزکردنەدا، کەواتە هەر پەیمانێ تریش ببەستن لەگەڵ هەرکەسێ ترا هەر هەڵوەشاوەیە، چونکە هەرکەس گوێی نەبێ لە پەیمانی خوا پڕیزی هیچ پەیمانی تری لا نییە.

٢- ﴿وَيَقْطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ﴾ وە ئەی بڕیو ئەی پچڕن هەرچی خوا فەرمانی داوەبە پەیوەستکردنی و پەیوەندی پێیەوە، وەک ڕەحمو خزمایەتی، وە برایەتی ئادەمێتی، وە برایەتی بڕواو موسڵمانێتی، وە بڕوا بەنامەکانو پێغەمبەرەکانی خوا بەبێ جیاوازی، وە هەروەها هەرچی ڕەزامەندی خوای تیایە، ئەمانە هەموو ئەپچڕنو خۆیانی لێدائەڕنن.

٣- ﴿وَيُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ وە خراپەکاری ئەکەنو ئاژاوە ئەنێنەوە لە زەوی و ولاتدا.

خراپەکاری چەند جۆرو شێوەی زۆری هەیە بە ئاسانی نایەنە ژمارە، وەکانو کانگای هەمووی دەرچوونە لە ڕاو فەرمانی خوا، وە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی خوا، وە پچڕینی هەر شتێ کە خوا فەرمانیداوە بە پەیوەستکردنی، وە سەری هەموو نالەباریو لاریو تاوانێ لادانە لەو بەرنامەی کە خوا هەڵی بژارد بۆ ژیانو جیهان، وە بەهیچ کلۆج ناگەنجێ چاک کردنو چاک بوونی کاری ئەم زەویو جیهانە لەکاتێکدا بەرنامەی خوای تیا بەدی نەهێنرێ، وە یاساو شەریعەتی خوا دوور بخرێتەوە لە ژیان، وە هەرکات پەیوەندی بەینی خواو بەندەکانی یەو شێوە پچڕاو نەما، ئەو حەلە تێک چوونو شێوان بەرپا ئەبێو ژیانو جیهان داگیر ئەکات، بەڵێ بەڕاستی هەموو ئەوانە بەرو بەرهەمی دەرچوونە لە ڕێگەی خوا. لەبەر ئەوە ئەوانە شایستەی ئەوەن کە خوا خەشمو قاریان لێ بگرێ، بەم ڕەنگە گومڕایان بکات بەشتێ کە بەندە بڕوادارە گوێڕایەڵەکانی پی ڕێنموونی ئەکات، ﴿أُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ ئەوانەی کەلە سنووری خوا دەرچوونو خاوەنی ئەو سیفەتو کردەوانە بوون، هەر ئەوانەن ڕەنجەڕۆو زیان کەری ڕاستەقینە، چونکە لەباتی هەڵسان بە پەیمان هەڵیان وەشاندنەوە، وەلە باتی پەیوەستکردنی شتی پێویست پچڕانیان بەکار هێنا، وەلە جێگای چاکە کاریو خراپ چاک کردن خراپە کاریو چاک خراپ کردنیان دانا، وە لەباتی بەهرەو پاداش تۆڵەو سزایان هەڵبژارد!!

لەپاش وەوباسو بەیانە، ئینجاڕووی فەرموودە ئەکاتە ئادەمی بە شێوەی سەرسوڕمانو بەبێزاری دەربڕین لە بێبڕوایان بە خوای پەروەردگاری گیان دەری گیان سێنی ڕۆزی دەری کار بە دەستی زانا بە هەموو شت، ئەفەرموێ: ﴿كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِاللَّهِ﴾ ئایا ئێوە چۆن بێبڕوان بە خوا، ﴿وَكُنتُمْ أَمْوَاتًا﴾ لەکاتێکدا کە ئێوە شتێکی بێگیان بوونو لەشتان لەم خاکو بێگیانەیە، ﴿فَأَحْيَاكُمْ﴾ ئینجا خوا کردنی بەگیاندارو گیانی کرد بە بەرتانا، واتە خۆتان ئەزانن کەلە پێشەوە گیان لەبەر نەبوونو نێستاش گیان لەبەرن، دەی ئایا کێ ئەم گیانەی کرد بە بەرتاندا؟ کێ جوێی کردنەوە لەو خاکو خۆڵە بێ گیانە؟ بێگومان هیچ چارە نییەو هیچ وەڵامێ نییە بۆ ئەو پرسیارە دێتە ڕێمان، وە بەهیچ ڕەنگ ڕێمان نییەو هیچ وەڵامێ نییە بۆ ئەو پرسیارە بێجگە لەوە بڵێین: خوا، ئەگەر ئەوە نەڵێین ئەبێ چی بڵێین؟ ئایا بڵێین لە خۆوەو بە ڕێکەوت؟!

ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢٨﴾ هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ ۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٩﴾

بێگومان هەرکەس دەربەستی ئابڕووی خۆی بێت، هیچ کام لەو ڕوو بارە نالێت، وە هەرکەس بێبەش نەبێت لە فام و تێگەیشتن بە هەرکام لەم دووبارە شەرم ئەیگرێ و تەریق ئەبێتەوە، کەواتە هیچ باری تر نەما جگە لەوەی بڵێین کەسێ دروستی کردین کە جیاوازە لەم هەموو دروستکراوانەو لە سروشتی ئەمان بەدەرە، وە ئەو کەسەش ئەبێ زیندووو زانا و بەدەسەڵات و کار دروست بێت، کەواتە هەر لە خۆماندا بەڵگەو نیشانەی تێرو تەواو هەیە لەسەر بوونی ئەو خوای پەروەردگارە، وە لەگەڵ بوونی بەڵگەو نیشانەی ئاوا ئاشکرا، بێبڕوایی زۆر ناشیرین و بێزراوو جێگەی سەرسوڕمانە، لەبەر ئەوە ئەو شێوە پرسیارەی ئاڕاستە کرد، ئینجا هەرچۆنێ بۆ گیان بە بەراکردن ڕێ نییەو ملە جەڕە ناکرێ و هەر ئەبێ ئەو وەڵامە ڕاست و ڕەوا بدرێتەوە، هەروەها بۆ گیان دەرکردن و مراندنیسمان ئەبێ هەر بڵێین خوا ئەیکات، ئەگینا ئەو گیانە چییە و چۆن دەر ئەچێت و بۆ کوێ ئەڕوات؟ کەواتە مراندنیش خۆی ئەچەسپێنێ و ملە جەڕێی لەگەڵ ناکرێ وەک گیان بەبەراکردن،لەبەرئەوە ئەمیش ئەکات بە بەڵگەو نیشانەو ئەفەرموێ: ﴿ثُمَّ يُمِيتُكُمْ﴾ لەپاش دا ئەتان مرێنێ، ئینجا بێ گیانی و گیان بە بەراکردنی یەکەم جارو مراندن بەڵگەو نیشانەیەکی ئاشکراو ڕوونە لەسەر گونجاوی زیندووکردنەوەو گیان بە بەراکردنی دووەم: لەبەر ئەوە ئەفەرموێ: ﴿ثُمَّ يُحْيِيكُمْ﴾، لەپاشان زینووتان ئەکاتەوەو جارێ تر ئەتانکات بەگیان لەبەر.

ئەم گیان بە بەراکردنی دووەم جارە هەرچەندە وەک یەکەم جار سووکو ڕوون و ئاسانەو مانی ئەوەی نییە سەری لێبکرێتەوەو بە نەگونجاو دابنرێ و بڕوا نەبێ پێی، هەر چەند ئاوایە، بەڵام ئەو گەلەی کە یەکەم جار ئەم قورئانەی بیست بڕوای پێی نەبوو، وە بەگونجاوی دانەنا و دەم بازی تیا ئەکرد، وە هەر لە کۆنەوە لەناو گەلە ڕابردووەکانی جیهاندا تاقمێکی ئاوا نەفام و نەزان بوون کە ژیرییان لەکار کەوتبووو بڕوایان نەبوو پێی، وەک لەم چەرخ و کاتەیشدا هەر لەو بابەتە هەن و بۆ دواوە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نەفامی و کۆن و شوێنی ئەوان ئەکەون و کۆنە پەرستن!! ئینجا بەپێی لێ زانی و کار دروستی و داد پەروەریی خوا

ئەبێ لێپرسینەوەو پاداش و تۆڵە ببێ، لەبەرئەوە ئەفەرموێ: ﴿ثُمَّ إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ﴾، لە پاشانەگێڕێنرێنەوەهەربۆری خوابۆئەمەی بڕیاری خۆی جێبەجێبکاتوبەدی بێنێ تیایاندا.

ئابەو جۆرە لە تەنیا ئایەتێکی کورتدا هەموو شریتی ژیانی کردەوەو پێچایەوە، وە خراپە بەرچاو شێوەی ئادەمی کەچۆن و وا لەناو دەستی قودرەتی خوادا: لە بێگیانی یەکەم جارەوە گیانی کرد بە بەریا و هێنای، ئینجا مراندی و گیانەکەی لێ سەندەوە، ئینجا جارێ تریش گیانەکەی دایەوەو کردی بە بەریدا. وەلەم نیشان دانە چەسپانییەدا دەسەلاتی بێسنووری خوای کێشا و خستییە بەرچاوی دڵ و دەروون.

لە ئایەتی پێشوودا چاکەو بەهرەو بەرهەمی دەسەلاتی خوای خستە بەرچاو لە ئادەمی خۆیدا، وە بەوە سەرزەنشتی کرد و بێزاری دەربڕی لە بێبڕوایی بە خوا، لەم ئایەتەدا چاکەو بەهرەی فراوان و بەرهەمی دەسەلاتو توانای ئەخاتە بەرچاو لەم زەوی و ئاسمانەدا بۆ ئەوەی دیسان سەرنجی ئادەمی ڕاکێشێ و سەرزەنشتەکەی بە تین تر بکات و بێزاری دەربڕین لە بێبڕوایی بەهێزترو دووبارە بکاتەوە، ئەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعًا﴾ خوا ئەوەیە کە دروستی کرد لەبەر ئەو وتەیە بە جوانی ڕوونی ئەکاتەوە کە ئەم ئادەمییە بەڕێزە بەلای خواوە، وە بۆ کارو فەرمانێکی گەورەو گرنگ دروستکراوە، دروستکراوە بۆ ئەوەی کار بەدەستو خاوەن و کار بێت لەم زەوییەدا، کەواتە بەرزو بەڕێزترین لەم مۆڵگە پان و فراوانەدا، وە یەکەم گەورەو ئاغایە تیایداو ئادەمی یەکەم شتە تیایدا، وە ڕێزی ئادەمی و ئادەمێتی یەکەم ڕێزە، وە بەرزی و پارێزگاری ئادەمی و ئادەمێتی ئەبێ یەکەمو سەر دەستە بێت، ئینجا هەموو مەبەستو ئامانجی تر لە ڕادەو پلەی دووەمدایەو ژێر بارو شوێن کەوتووی ئادەمی و ئادەمێتییە، نەك بەندەی ئەڵقە لە گوێبێت بۆ ئامێرو پەیکەر وەك مادیەکانی ئەمڕۆ ئەڵێن، لەکاتێکدا کە ئەم ئادەمییە گەورەو ئاغایە لەم جیهان و زەوییەدا، ئەو چاکەو بەهرەیە کە خوا منەتی پێ ئەکا بەسەر ئادەمیدا لەم ئایەتەداو سەرزەنشتی ئەوی پێئەکات لەسەر بێبڕوایی، تەنها ئەوەنییە کە هەرچی لەزەویدایە بۆی دروستکردووە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا ئەمەیشە کە کردوویەتی بە ئاغا و گەورەی ئەو دروستکراوانە، وە نرخێکی پێداوە بەرزتر لەنرخی هەرچی لەم زەوییەدایە، وە هیچ نرخ و نرخداری نابێ بەرز بێتەوە بەسەر ئادەمی و ئادەمێتیدا، وە هەر مەبەستو ئامانجی بچووك کردنەوەو پەست کردنی ئادەمی و کەم کردنەوەی ئەو تا بێت، ئەو مەبەستو ئامانجە پێچەوانەی ڕاستییەو

دچی مەبەستە لە بوونی ئادەمی لەم جیهانەدا، ﴿ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ﴾ ئینجابەڕێکی نیازی ئاسمانیکرد، واتە نیازی ڕووی کردەلای سەرەوە ﴿فَسَوَّىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ﴾ ئینجا دروستی کردن بەڕێکو پێکی حەوت ئاسمان، بەبێ ئەمەی هیچ ناتەواوی و کەم و کوڕی و لاری و درزو بڕینیان تیا بێت، ﴿وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ وە خوا زانا و ئاگایە بە هەموو شتێ، کەواتە ئەبێ دروستکراوەکانی تێڕو تەواوو بێ لەکەبن، ئینجا کەسێ کە پەروەردگاری ئەم زەوی و ئاسمانە بێت، کە هەموو بەش و پارچەیەکیان بەڵگەو نیشانەیەکی ڕوونەو شایەتێکی ڕاستو ڕاسگۆیە لەسەر بوونی خوایەکی تەنهای زانای کار دروستی دەسەلاتدار، ئەبێ چۆن مەردوم بڕوای نەبێ پێی؟!

زانایانی تەفسیرو کەلام لەبارەی دروستکردنی زەوی و ئاسمان و کامیان لە پێشەوە دروستکراوە، قسەی زۆریانکردووە وەك بڵاوبوونەتەوە لە کتێبەکاندا، ئینجا لەبەرئەوە مەسەلەکە غەیبییەو نادیاریی، وە قسەو باسەکانیش لەسەرچاوەیەکی بە هێزی دڵنیا کەرەوە نەهاتوون، چاك وایە خۆمان بەو جۆرە شتانەوە خەریك نەکەین و زانینی ئەو شتانە حەوالەی خوا بکەین، وە هەروەها لەبارەی ئەو حەوت ئاسمانەوە کە قورئان لە چەند جێگەیەکدا ئەفەرموێ، لەم بارەیەشەوە لە کۆن و تازەوە قسەی زۆر کراوە، ئەمەش دووبارە هیچ پێویستی نییە خۆ خەریك کردن پێیەوە، وە هیچ کارێکی وایینی و جیهانیمان نەبەستراوە پێیەوە، بەس پێویستە لەسەرمان بڕوامان ببێ کە حەوت ئاسمان هەیە، چونکە خوا ئەفەرموێ: هەیە، ئیتر نازانین مەبەست بەو حەوت ئاسمانە چییە؟ ئایا مەبەست حەوت کۆمەڵەی خۆرییە وەك ئەم کۆمەڵەی خۆری ئێمە؟ یا مەبەست حەوت مەجەرەو کاکێشانە؟ یا مەبەست چییە؟ ئەم جۆرە شتانە با هەر حەوالەی خوایان بکەین. زۆر بە داخەوە کاتی خۆی بەم جۆرە نەکرا، بەڵکو شوێنی قسەی ئەمو ئەو کەوتن، بەهۆی ئەوەوە لەبارەی ئاسمان و زەوییەوە شوێنی فەلسەفەی ئیغریقی و یۆنانیەکان کەوتین و ئەوشتە پڕوپووچ دەلەسانە بڵاو بوویەوە لەناو کتێبە کەلامی و هەیئەتەکاندا، وە موسڵمانان زۆر بە سۆزو تاسەو ئەیان خوێندو زۆر بەڕاستیان ئەزانی، ئەیان وت ئەم بونەوەرە پێکهاتووە لەسیانزە کورەو نوساون پێکەوە، وەك تۆپکڵەکانی پیاز، وە مانگو خۆرو ئەستێرەکان خۆیان ناگەڕێن، بەڵکو وا چەقێنراون لەناو قەبارەی تەبەقەکانی ئاسمانداو ئەوان ئەگەڕێن پێیانەوە، وە زەوی دامەزراوەو هەموو ئەوان بەدەوری ئەما ئەگەڕێن، وە هەروەها شوێنی درۆو دەلەسەی وەو

هەموو ئیسرائیلیانە کەوتین کە کتێبە کۆنەکانمان پڕن لەم دوو جۆرە دەلەسانەو دوژمنی ناشارەزا ئەیانکات بە تانەو لەکە بەسەر ئیسلامەوە.

لەپاش باسی دروستکردنی هەرچی لەزەویدایە بۆ ئەم ئادەمییە، ئینجا دێتە سەر باسی بەشێک لە داستانی ئادەم کە یەکەم کەس و سەرچاوەو باوکی ئەم تیرەیە. داستانی ڕێز پێدانی و نیشتەجێ کردنی لەم زەوییەداو گێڕانی بەجێنشینی تیایدا، لەسەر پەیمان و مەرجێ کەلەسەری خۆی و نەوەکانی داینا، وەک لەمەوپاش دێت.

لە زۆر شوێندا قورئان سەرگوزەشتەو داستان ئەهێنێ بەبۆنەی چەند مەبەست و چەند شتێکەوە، کە بە پێی ئەوان ئەدوێ لەو داستانانە، وە زنجیرەیەکیان لێ باس ئەکات کە ئەو مەبەستانە پێک بێنێ، وە بەجۆرو شێوەیەک باسەکان ئەهێنێ و لە ڕێگەیەکەوە بۆیان ئەڕوات کە بەڕێک و پێکی ئەو مەبەستەی کە بۆی هاتوون نیشان بدرێ و بگەیەنرێن و کار بکەن لەدڵ و دەروونداً.

چەند کەس وا گومان ئەبەن کەلە داستان و سەرگوزەشتەکانی قورئاندا تیکرارو دووبارە کردنەوە هەیە، چونکە ئەبینن زۆر لەوانە لە چەند سورەتێکدا هاتوون، بۆ وێنە باسی ئادەم و شەیتان لەشەش سورەتدا هاتووە، بەڵام بیرکردنەوە و تێڕوانینێک بە وردی دەری ئەخات کە دووبارە کردنەوە نییە لە هیچ داستانێکدا، بەڵکو لە هیچ زنجیرەیەکدا، چونکە هەرکام لەوانە شێوەیان جیاوازە و ڕێگەی هێنانەکەی جیاوازە و ڕێگەی هێنانەکەی جیاوازە بۆ مەبەستێکی تایبەتییە و بەش زنجیرەیەکی تایبەتی لێ باسکراوە، وە ئەگەر زنجیرەیەک دووبارە کرابێتەوە، بێگومان ئەوە واتا و مەبەستێکی تازە بەجێ ئەهێنێ کە دووبارە کردنەوەکە ناهێڵێ.

هێندێ کەس کە لایان داوە لەڕێگەی ڕاست و سرووشتیان تێکچووە و چاوی دڵیان نابینێ، لایان وایە سەرگوزەشتەکانی قورئان لەسەر باوو شێوە ڕاستەکەی خۆیان نەهاتوون، وە دەستکاری کراون بەزیادو کەم و گۆڕان، وە مەبەست هەر قسە ڕازاندنەوە و ڕێکخستن و هۆنینەوەیە و ئیتر بە بێ ئەمەی گوێ بدرێ بە ڕاستی و ناڕاستی، بەڵام ئەوکەسەی کەبە سروشتێکی ڕاستی نەگۆڕاوو بەدڵێکی بیناوە سەرنجی قورئان بدات ئەزانێ کە ئەو زیادو کەمی و دڕێژە پێدان و کورتکردنەوە و شێوە گۆڕانەکە لەو سەرگوزەستانەدا بەکار هێنراون هەموو هەر ڕاستن و هیچ کام دژی یەکترنین، وە هەرکام بە بۆنەی شتێکەوە هاتووە و لە

شوێنێکدا هاتووە، کە هەر بەو جۆرە ڕێك‌و پێکە کە قورئان هێناویەتی، وە هەر ئەو ئەندازە پێویستە وتنی لەو جێگاو شوێنانەدا کە قورئان فەرموویەتی، وەك لەمەوپاش بە یارمەتی خوا دەست نیشانیان بۆ ئەکەین.

با ئەو نەفامانە بزانن کە قورئان کتێبی قسەو داستان گێڕانەوە نییە، وە کتێبی گاڵتەو گەپ نییە، وە کتێبی مێژوو نییە، بەڵکو قورئان کتێبی بانگکردنە بۆلای خوا، وە دەستوور ڕژێمە، وە بەرنامەی ژیانە، جا لەبەرئەوە لە ناو بەناوی بانگکردنەکەدا داستانو سەرگوزشتەی تایبەتی هەڵئەبژێری، وە بە ئەندازەیەك‌و لە ڕێگەی تەوە کە ڕێك‌و پێك بێت لەگەڵ شوێن‌و مەبەستەکەدا، وە لەهەمان کاتدا شێوەیەکی شیرینی هونەریی (فنی) پاست بە جێ‌ئەهێنێ، کە دوور بێت لە دەلەسەو دەست هەڵبەست‌و ڕازاندنەوەی خەڵەتێنەر، بەڵکو بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش‌و دڵ ڕفێن، بەهۆی هێزی ڕاستی‌و شیرینی گەیاندن‌و وتن، سەرگوزەشتەی پێغەمبەران ـ دروودی خوایان لێ بێ ـ شێوەی گەل‌و کۆمەڵی بڕوا نیشان ئەدات لەڕێگە دوورو درێژە نەپێچراوەکەیدا، وە بەسەرهات‌و داستانی بانگکردن بۆلای خواو بە پیرەوە چوون‌و گوێڕایەڵی ئادەمی ئەخاتە بەرچاو تاقم لەدوای تاقم‌و چین لەدوای چین، هەرچۆنێ هێزو سروشتی بڕوای بڕواداران نیشان ئەدات لەگەڵ سروشتی بۆچوون‌و تێگەیشتنیان لە پەیوەندی بەینی بڕواداران‌و ئەو خوایەی کە ئەو بەهرە گەورەیەی پێبەخشین. وە بێگومان بیرکردنەوە‌و سەرنج دانی دڵ بۆ ئەو هەموو تاقم‌و چینە بەختیارە بەدرێژایی مێژوو لەو ڕێگە دوورو درێژەدا، ڕووناکی ڕەزامەندی‌و شادمانی ئەڕژێ بەسەر دڵ‌و دەروونداو، وە بێداری ئەکاتەوە بە نایابی‌و گرنگی بڕوا، وە بەدامەزراوی‌و بنج بەستن‌و ڕیشە کوتانی لە لەشی ئەم بوونەوەرەدا، هەروەها بۆچوون‌و تێگەیشتنی بڕوایی جوێ ئەکاتەوە لە هەموو بۆچوون‌و تێگەیشتنێ تر کە بێگانە بێت لەبڕوا بە خواو لە ئایینی خوا.

جا لەبەر ئەوە داستان‌و سەرگوزەشتە بەشێکی گەورەیە لەم کتێبە بەرزو بەڕێزە، کە کتێبی دواترین بانگکردنە بۆلای خواو بۆ فەرمان بەری خوا، کەواتە با لەبەر ڕووناکی ئەم پێشەکییەدا کە باسکرا چەند کاتێ بژین لەگەڵ بەسەرهات‌و داستانی ئادەم دا ـ دروودی خوای لەسەر بێ ـ بەم جۆرە کە لێرەدا هاتووە: با چەند کاتێ بژین لەگەڵ یەکەم داستانی ئەم تیرەی ئادەمییەداو لەگەڵ ئەو تەمێ‌و ئاموژگاریانەی کە ئەم داستانە ئەیخاتە دڵمانەوە.

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوٓاْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلْأَسْمَآءَ كُلَّهَا

با بە چاوی دڵبگەرێینەوە بۆ ناو کۆمەڵی هەرە بەرزی فریشتەو لەو مەیدانەدا بوەستێن و گوێ بگرین لەو بەسەر هاتو داستانە کە خوای میهرەبان لەم قورئانەدا بۆی ناردین لەسەر زوبانی پێغەمبەرمان (ﷺ) کە پێی فەرموو: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ﴾ باسی ئەو کاتە بکە کە پەروەردگارت وتی بە مەلائیکە ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ بەڕاستی من جێنشینێك لەزەویدا دروست ئەکەم و دای ئەنێم، جێنشینێ بۆ ئاوەدان کردنەوەی ئەوێ و ڕامیاری وڵات وە بەجێهێنانی فەرمانەکانی خواو گرتنە دەستی هەموو کاروباری جیهان[1]، وە بۆ ئەوەی بین بەهۆی دەرکەوتن و بەکارهێنانی ئەم هەموو هێزو وزەو خێرو بیرو بەهرەیەکە خوا لەم زەوییەدا دروستی کردون و بەرەبەرە دەرکەوتن و دەستکەوت بوون و دەرئەکەون و دەستکەوت ئەبن ـ بە ئیزنی خواو ڕێنموونی خوا ـ لەسەر دەستی ئەم دروستکراوە تایبەتییەدا کەکرا بە جێنشینی، وە ئەوەی پێویست بوو بۆ هەڵسانی بەم کارە گرنگانە پێی بەخشراو ئامادەکرا بۆی.

خوای گەورە ئەم هەواڵەیدا بە مەلائیکە بۆئەوەی بەندەکانی فێری پرس و ڕا بکات لەکاروباری خۆیان، هەرچەند خوا بەهیچ ڕەنگ پێویستی نییە بە هیچ شتێ، هێندێ لە زانایان ئەمەیانکردووە بەهۆی ئەو هەواڵ دانە، بەڵام ڕای زۆربەو بەهێز لەسەر ئەوەیە: تا مەلائیکە ئەم پرسیاری داهاتووە بکەن و ئەو وەڵامە بدرێتەوەو بە هۆی ئەوە تێبگەن لە لێزانی و کار دروستی خوا لە دروستکردنی ئەو جێنشینەدا. ئەو مەلائیکەتانە بۆیان دەرکەوت کە ئەم دروستکراوە تازەیە دوای زۆر بوون و پەرەسەندنیان خراپەکاری و خوێن ڕێژی ئەکەن لەزەویدا، ئیتر ئەو بۆ دەرەکەوتنە لە چەند نیشانە و دروشمێکەوە بووبێت، یا

---

[1] هێندێ ئەفەموون جێنشینی مەلائیکەیە کەلە پێش ئادەمیدا ئەوان لەزەویدا بوون وە هێندێ تر ئەفەرموون: مەبەست لە جێنشینی تیرەی (جن)ە کە هاتن و ئاژاوەو خراپەکاریان کرد تا خوا لەناوی بردن و لەوانە هەر شەیتان ماوەتەوە، ئەم دوو ڕایش هەر ئەگونجێ، بەڵام ڕای تەفسیرەکە بەهێز ترە بە لامانەوە، چونکە پێغەمبەران بە جێنشینێ خوا ناو ئەبرێن ــ دروودی خوایان لێ بێ ــ.

بەهۆی بەراورد کردنی ئەمان بێت لەگەڵ تیرەی پێش ئەمان کە ناو ئەبرێن بە تیرەی (جن)، یا خوا حاڵی کردبن لەسروشتی ئەم دروستکراوە تازەیە، یا هەر لەمەوە زانیبێتیان کە ئەم جۆرە ژیانە لەم زەوییەدا ئەو خراپەکاری‌و خوێن ڕێژییەی تیا ئەبێت، لەبەر هەرکام لەمانە بۆیان دەرکەوت کە ئەو خراپەکاری‌و خوێن ڕێژییە بەڕپا ئەبێت لەدروستکردنی ئەم جێنشینەوە، ئینجا خۆیان بە هۆی سروشتی پاکی خۆیانەوە کە بێجگە لە چاکەو ئارام ئاشتی هیچی تریان بەلاوە نەبوو، لایان وابوو کە تەنها پەرستنی خواو بەندەی خوا مەبەستە لەبووندا، وە هەر ئەوە ئەبێ مایەی دروستکردنی‌و دروستکراوان بێت.

ئینجا ئەوا ئەمان هەڵئەسن بەوە بەبێ کەم‌و کوڕی‌و وازهێنان، لەبەرئەوە پرسیاریان کرد تا دەرکەوێ بۆیان هۆی دنانی ئەو جێشینە، نەك خوا نەخواستە مەبەستیان ڕەخنە گرتن بووبێ، چونکە لە هەموو کەس باشتر بڕوایان بوو بەکار دروستی خوا: ﴿قَالُوٓاْ﴾، وتیان: ﴿أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ﴾، ئایا ئەگێڕی لە زەویداو کەسێ دائەنێی بە جێنشین تیایدا کە خراپەکاری بکات تیایداو خوێن بڕێژێ، واتە لە ناهەق‌و بە ناڕەوا؟! ﴿وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَۖ﴾[1] لەکاتێکدا کە ئێمە تۆ بەدوور دائەنێین لە هەموو خراپەیەو لە هەر شتێ کە شایانی تۆ نییە لە کاتێکدا سوپاس‌و ستایشت ئەکەین، وە هەرشتێ کە شایستەو شایان بێت بۆ تۆی دائەنێین‌و ناوی تۆی پێ ئەبەین، وە هەرشتێ شیاوو شایستە نییە ڕەوای نادەین بۆت، واتە لە کاتێکدا ئێمە هەر تۆ ئەپەرستین‌و خراپەکاری‌و ناسوپاسی‌و نافرمانی ناکەین، مەبەستیان لەمەشدا خۆپەسەندی‌و کەشخە کردن نەبوو، بەڵکو ئەیان ویست تێبگەن لە هۆو حیکمەتی ئەو جێنشین دانانە، بەوێنەی قوتابییەك کە پرسیار ئەکات لەشتێ کە دێت بەدڵیداو ئەبەوێ تێبگات، ئەوان بێئاگا بوون لەوەی کەلەم جێنشین دانانەدا بەرهەمی زۆر لە سیفەتەکانی خوا بەدی دێت‌و بەو ناوو سیفەتانە ناو ئەبرێ‌و ئەناسرێ کە بە مەلائیکە بەدی نایەت: ناوو سیفەتی بەزەیی‌و میهرەبانی‌و دادو ئارام‌و خۆ گری‌و لێبوردن‌و چاو پۆشی‌و خەشم‌و تۆڵە سەندن‌و پاداش دانەوە‌و جیا کردنەوەی چاکەو چاکەکار لە خراپەو خراپەکار... وە هەروەها ئەگەر ئەو جێنشینە نەبوایە، لێزانی‌و کاردروستی خوا دەر نەئەکەوت لەدروستکردنی ئەم زەوییەدا، بەم هەموو خێرو

---

[1] ئەو دوو پستەو وتەیە بە چەند جۆرێ تریش تەفسیر کراونەتەوە، هەموو هەر ڕێکن، بەڵام دڵم بەوە بە ئاران تڕە کەلە تەفسیرەکەدایە.

بێرە فراوانەوە کە نایەنە ژمارەو دوایی نایەن تا دنیا دنیایە، وە ژیان گەشەی نەئەکردو جۆر بە جۆر نەئەبوو، چونکە مەلائیکە ئامادەو لێهاتوو نەبوو بۆئەو کارانە، وە پێویستی نەئەبوو بە ڕۆژی دوایی و ژیانە نەبڕاوەکەی، ئەگەر ئەو جێنشینە نەبوایە ئەو هەموو مەردە خواناسە بەکارە لێهاتووانە نەئەبوون و ناسینی خوا بەم شێوە بەرزو بڵندە بەدی نەئەهات کە ئەوەش زیانێکی بێهاوتایە، بەڵێ لە دروستکردنی ئەم جێنشینەوە ئەو خراپەکاری و خوێن ڕشتنە بەرپا بوو، بەڵام ئەوە شتێکی کەمە لەچاو ئەو هەموو چاکەو خواناسییە نەبڕاوەو نەهاتووەدا، وەلەپەنای تێکۆشان بۆ نەهێشتنی ئەو خراپەو چڵک و چەپەڵییەدا، پاکی و خاوێنی چاکان و پاکان بەدی هات و دەرکەوت، وە لێ بڕان بۆ خواو پەرستنی خوا بە تاک و تەنیایی و بە پاک و خاوێنی بەو تێکۆشان و فیداکارییە بەدی هات، ئەمە نموونەیەک بوو لە بەشێکی زۆر کەم لەوەی کە بۆ ئێمە دەرکەوت لەهۆو حیکمەتی دانانی وەو جێنشینە، وە هۆو مەبەستی تەواوو ڕاستەقینە هەر خوا خۆی باش ئەزانێ، وەک دەست نیشانی بۆ کرد لە وەڵامی ئەو پرسیار کەرانەدا، ﴿قَالَ﴾ فەرمووی: ﴿إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ﴾، بەڕاستی من شتێ ئەزانم سەبارەت بە دانانی ئەم جێنشینە کە ئێوە نایزانن، بەکورتی بەم جۆرە وەڵامی دانەوە، ئینجا بە تایبەتی دەست نیشان ئەکات بۆ شتێ کە هۆی هەڵبژاردنی ئادەمە بۆ جێنشینی و مایەی باو دانی بوو بەسەر ئەواندا، ئەفەرموێ: ﴿وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا﴾ خوا ئادەمی فێری هەموو ناوەکان کرد، ناوی هەموو شتێ، وە زانا و توانای کرد کە هەموو شتێ ناو ببا بە ناوی تایبەتی خۆی و بەوە دەست نیشان بکات بۆ هەموو ناو براوەکان و مەردوم تێبگەیەنێ لە هەر مەبەستێکی خۆی، وە بێگومان ئەوەش شتێکی ئێجگار بە نرخ و پێویستەو ناچاری هەیە بۆی لە ژیاندا، چونکە ئەگەر ئەوە نەبوایە هیچکەس هیچکەسی بۆ تێنەئەگەیەنرا لەهەر شتێ کە هەستی پێئەکرا، تێ نەئەگەیەنرا مەگەر کاتێ کە ئامادە بوایە بە بەرچاوەوە بوایە، بۆ وێنە: هەرکەس بیویستایە باسی درەختێ بکات بۆ یەکێتر بەهیچ کلۆج بۆ تێنەئەگەیەنرا، مەگەر ئەو درەختە بە بەرچاوەوە بوایە، یا ئەبوایە پەلی کابرای بگرتایە تا ئەی بردە لای درەختەکە ئیتر لە هەر شوێنێ ببوایە، وە هەروەها شاخێ یان زەلامێ یا هەر شتێتر... وە بێگومان ئەوەش ئەرک و مەینەتێکی ئەوەندە سەختە بەڕێوە نەئەبراو بەو جۆرە ژیان بەسەر نەئەبرا، ئەگەر خوا میهرەبانی نەکردایەو ئەو بەهرەیەی نەئەدا بەم جێنشینە، بەڵام مەلائیکە پێویستیان بەم بەهرەیە نەبوو، وەکارو پیشەی ئەوان کە هەر فەرمان بەری و پەرستنی خوایە بەبێ ئەو بەهرەیە بەڕێوە ئەچوو هیچ پێویستیان نەبوو پێی.

ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِى بِأَسْمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٣١﴾ قَالُوا۟
سُبْحَٰنَكَ لَا عِلْمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٣٢﴾ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ ۖ
فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسْمَآئِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّىٓ أَعْلَمُ غَيْبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ
وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ ﴿٣٣﴾

خوای میهرەبان ئادەمی فێری ناوی ناو براوەکان کرد ئیتر هەرچۆنێ فێری کرد، ﴿ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ﴾ لەپاشان ئەو ناو براوانەی پیشانی مەلائیکەتەکانداو ئاگاداری کردن بەسەریانا، ﴿فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِى بِأَسْمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ﴾، ئینجا پێی فەرموون: هەوالّی ناوەکانی ئەوانەم بدەنێ و ناوەکانیانم پێبلّێن، ئەوەی پێ فەرموون بە شێوەی بەر لێ بڕینەوە، تا دەرکەوێ دەستەپاچەیی و یەک کەوتنیان، لەبەرئەوە پێی فەرموون: ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن لەوەی کەلە دلّتاندایەو لاتان وایە من هەر دروستکراوێ دروست بکەم ئێوە زاناترو بە هونەر ترن لەو، ئینجا با بزانین لەپاش ئەوە مەلائیکەتەکان چیان وت؟ ﴿قَالُوا۟﴾ وتیان: ﴿سُبْحَٰنَكَ﴾، ئێمە تۆ پاک ئەگرین لە هەرشتێ کە شیاوو شایستەی تۆ نییە، کە یەکێ لەو ناشایستانە ئەوەیە کە کارو فەرمانی تۆ بێ جێبێتو تۆ لە هەموو شتێکدا لێزانو کاردروست نەبی، وە پاکیو بێگەردو بێ لەکەیی بۆ تۆیە لە هەموو کارو بارو بڕیارتدا، ئەم وتەیە ئەکرێ بە پێشەکی بۆ مەبەستێکی گرنگو گەورەکە بە دوایا ئەهێنرێ، وە لێرەدا هێنانو پێش خستنەکەی بۆ داوای لێبوردنە لە هەر ناڕەواییو کەمو کوڕییە کە ڕووی تێکردبن لەو پرسیارەدا، ئینجا دانیان نا بە نەزانیو دەستەپاچەییان سەبارەت بەوەی خوا داوای لێکردن، وتیان: ﴿لَا عِلْمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَآ﴾ هیچ زانینێ نییە بۆ ئێمە بێجگە لەوەی تۆ فێرت کردینو زانات کردین پێی، واتە ئێمە ئەو ناوانە نازانین، چونکە هەرچی تۆ فێرت

نەکردین ئێمە نایزانین، وە تۆش شتێکت فێر کردوین کە ئێمە ئامادەبین بۆی و شیاوو گونجاو بێت لەگەڵ سروشت و جیهانی ئێمەدا، دەی زانین ئەوانە نە ئێمە ئامادەییمان تیایە بۆی، وە نەپێک و گونجاوە لەگەڵ سروشت و جیهانی ئێمەدا، ﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ﴾ بێگومان هەر تۆ بە هەموو شت زانای، کار دروستی لە هەموو کارو بڕیارتدا، کەواتە دانانی جێنشین و ئامادەکرنی بۆ زانین و هەموو کارو باری جێنشینیەکەی و نەگێڕانی فریشتە بەجێنشین و ئامادە نەکردنیان بۆ زانین و داخوازیی جێنشینی، ئەمانە هەموو ڕێک و ڕاست و بەجێن و هەمووی بە لێزانی و کاردروستی کراون.

لەپاش ئەوەی کە فریشتەکان دانیان نا بە نەزانین و دەستەپاچەیی خۆیاندا، ئینجا: ﴿قَالَ﴾ خوا فەرمووی: ﴿يَٰٓـَٔادَمُ﴾ ئەی ئادەم ﴿أَنۢبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ﴾، هەواڵیان بدەرێ بە ناوەکانی ئەوانەی کە ئەوان نەیانزانی، ئادەمیش هەواڵی پێدان و هەموو شتێکی بەناوی تیبەتی خۆیەوە برد لەگەڵ هۆی دروستکردنیان و بەرژەوندی لەدروستکرنیاندا ﴿فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسْمَآئِهِمْ﴾ ئینجاکاتێ ئادەم هەواڵی پێدان بەناوی ئەوانە، ﴿قَالَ﴾ خوا فەرمووی بەفریشتەکان: ﴿أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ﴾ ئایا پێم نەگوتن: ﴿إِنِّىٓ أَعْلَمُ غَيْبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ کە بەڕاستی من زانام و ئاگام بە هەموو نادیاری و شاراوەکانی ئاسمانەکان و زەوی، واتە درەکەوت بۆتان کە دروستکردن و دانانی ئەو جێنشینە ڕێک و ڕاست و بەجێیە، خوای گەورە ئەمەی پێ فەرموون بە شێوەی تەشەر لێدان و سەرنجی ڕاکێشان بۆ ئەو وتەی کەبە کورتی تێپەڕی کرد لەپاش پرسیارەکەی ئەوان: ﴿إِنِّىٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾، ﴿وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ﴾ وە ئەزانم بە هەرچی کە ئێوە دەری ئەبڕن، کە هێندێ لەوانە ئەوە بوو پرسیاریان لێکردو وتیان: ﴿أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا﴾... هتد، وە بە هەرچی کە ئێوە دەرتان نەئەبڕی کە هێندێ لەوانە ئەوە بوو کە لایان وابوو خوا لەوان زاناترو بەهونەر تر دروست ناکات.

وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِـَٔادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ ۖ أَبَىٰ وَٱسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٣٤﴾
وَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا ۖ وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ
فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣٥﴾

لەمەو پێش دوو بەهرەو چاکەی باسکرد دەربارەی ئادەم: گێڕان بەجێنشینو گێڕانی بە زۆر زانا تا ڕادەیە فریشتەکان داماوو دەستەپاچە بوون لەبەر دەم زانینی فراوانیدا، ئینجا باسی بەهرەی سێیەمی ئەکات کە ئەوپەڕی ڕێزی تیایەو گەیاندنیەتی بە بەرزترین ڕادەو پلەیە کە تەنها خوا بەویدا لە جیهاندا، ئەوەش بریتییە لە سوجدە بردنی تایبەتییە بۆ خواو بۆ غەیری خوا قەدەغەیەو مەدرومی پێ کافر ئەبێت، ئەو سوجدەی ڕێز گرتنو مل کەچیەش، هەرچەند لەم ئایینو شەریعەتی ئێمەدا قەدەغەیەو بە هیچ ڕەنگ ڕەوا نادرێ، بەڵام جێگای سەرسوڕمان نییە کە خوا لەو کاتەدا فەرمانی پێدابێ، هەرچۆنێ لەوەو پاشیش بووەو ڕووی داوەو ڕەوا دراوە لەلایەن خواناسانەوە وەک سوجدە بردنی باوکو دایکو براکانی (یوسف) بۆ (یوسف) (علیه السلام)، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِـَٔادَمَ﴾ باسی ئەو کاتە بکە کە ئێمە وتمان بە فریشتەکان سوجدە بەرن بۆ ئادەم، ئیتر ئایا ئەو سوجدە بردنە بە دانانی تەوێڵو ڕوو بووبێ لەسەر زەوی وەک دیمەنو ڕوالەتی وتەکە ئەیگەیەنێ، یا سەر خەفاندن بووبێ، بە هەرکام بێت خوا فەرمانیدا ﴿فَسَجَدُوٓا﴾ ئەوانیش دەست بەجێ سوجدەیان برد، ﴿إِلَّآ إِبْلِيسَ﴾ بێجگە لەشەیتان کە ناوی ئیبلیسە، ﴿أَبَىٰ وَٱسْتَكْبَرَ﴾ ئەو سەرپێچی کردو خۆی بەگەورە تر زانی، واتە لەبەر ئەوە خۆی بەزل زانیو خۆی بە گەورەتر لە ئادەم سوجدەی نەبردو سەرپێچی کرد لە فەرمانەکەی خواو ئەو فەرمانەی بە ناڕەوا دانا، ﴿وَكَانَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ وە شەیتان لە زانینی خوادا یەکێ بوو لە بێبڕوایان، واتە هەرچەند لە ناو فریشتەکاندا بووو خواپەرستی ئەکرد، بەڵام خوا لە پێشەوە زانی بووی کە لەپاشدا خۆی لەپرزی فریشتەو بڕوادارانداناهێڵێو خۆی ئەباتە ڕیزی بێبڕواکان، یا مەبەست ئەوەیە هەرچەند لە پێشەوە بڕوادار بوو بەڵام لەپاشا گەڕا بەبێ بڕواو چووە ڕزی بێبڕواکان، چونکە ئەو فەرمانەی بە ناهەقو ناڕەوا دانا.

ئایا شەیتان لە تیرەو بەرەی فریشتەیە؟ یا لەتیرەو بەرەی جنۆکەیەو بەڵام تێکەڵی ئەوان بوو، لەگەڵیان ژیا تا بەو بۆنەوە ناوبرا بە فریشتە؟ زانایان دوو بەرەکێن لەوەدا، وە هەر کۆمەڵو تاقمێ چەند بەڵگەو نیشانەی هەیە بە دەستەوە، بەڵام بەڵگەو نیشانەی جنۆکەیەتی بەهێزترە، وەك دەرئەکەوێ لەو هەموو لێکۆڵینەوەی کەلەم کراوە لەلایەن هەردوو تاقمەکەوە، هەرکەس ئەیەوێ با بە درێژی سەرنجی ئەو باسە بدا لە کتێبە بەناوبانگەکەکاندا، وەك تەفسیری (ڕازی‌و روح المعانی)و وێنەیان.

لەپاش باسی ئەوەی کە ڕوویدا لەبەینی خواو فریشتەکان‌و شەیتاندا، ئینجا دێتە سەر باسی ئەوەی کە ڕوویدا لە بەینی خواو ئادەمدا، ئەفەرموێ: ﴿وَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ﴾ وتمان: ئەی ئادەم نیشتەجێ ببە خۆت‌و هاوسەرەکەت لە بەهەشتدا ﴿وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا﴾ وە بخۆن لەو بەهەشتە بە لێشاو فراوانی لە هەر شوێنێکدا ئەتانەوێ ئارەزوو ئەکەن ﴿وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ وە نزیکی ئەم درەختە مەکەونەوە‌و لێی نەخرن تا بەهۆی ئەو خواردنەوە بگەڕێن لە ستەمکاران‌و بچنە ڕیزی ئەوانەوە، واتە بەهیچ کلۆج نابێ بخۆن، ئیتر ئەو قەدەغە کراوە گەنم بووبێ، یاترێ، یا هەنجیر، یا هەرچی.

هەموو خۆراك‌و میوەی بەهەشتیان بۆ ڕەوا درا بێجگە لە تەنیا خۆراکێ کە قەدەغە کرا لێیان، کە ئەو قەدەغە کردنەش پێویستە بۆ مەردوم لە جیهاندا، چونکە بە بێ ئەوە مەیل‌و خواهیش دەرناکەوێ، وە ئادەمی کە خاوەنی بڕیارو خواهیشە جیا ناکرێتەوە لە گیان لەبەرانی تر کە ئەدرێنە بەر بەبێ ئەوەی خاوەنی ڕاو بڕیارو خواهیشی خۆیان بن، وە بە بێئەوە ئادەمی تاقی ناکرێتەوە: ئایا خۆ گرەو ئەتوانێ هەڵسێ بە پەیمانەکانی‌و هەر سپاردەیەك کە درا بەملیداو خرایە ئەستۆی یان نە ؟ کەواتە لەڕووی ڕاستیدا هەر لەوێداو تەنها بەوە ئادەمی جیا ئەبێتەوە لە ئاژەڵ‌و گیان لەبەرانی تر، وە ئەوانەی کە ڕائەبوێرن‌و ژیان ئەبەنەسەر بەبێ ئەوەی خاوەنی خواهیش‌و بڕیاری خۆیان بن، بەڵکو بێدەسەڵات‌و داماو‌و دەستەپاچەن لەبەردەم ئارەزووی نەفسی خۆیاندا، ئەوانە هەرچەند لە شێوەی ئادەمیدان، بەڵام لەڕووی ڕاستیدا ئادەمی نین‌و لەڕیزی گیان لەبەرانی ترن، جا ڕەنگە ئەو قەدەغەیە کە کرا لەو بەهەشتەدا دەست نیشان‌و ئاماژە بێت بۆ ئەم قەدەغەیەی کە پێویستە لە ژیانی ئەم زەوی‌و جیهانەدا،

فَأَزَلَّهُمَا ٱلشَّيْطَٰنُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ ۖ وَقُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٣٦﴾

﴿فَأَزَلَّهُمَا ٱلشَّيْطَٰنُ عَنْهَا﴾ ئینجا شەیتان هەڵی خلسکاندن لەو بەهەشتەی کە نیشتەجێ بوون تیایدا، واتە خستییە دڵیانەوە کە خواردنی ئەو خۆراکە ئەبێتە هۆی مانەوەیان لەو بەهەشتەدا بە ئێجگاری‌و بێبرانەوە، بەهۆی ئەوەوە لەبەرچاویان شیرینی کرد تا خواردیان، ﴿وَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ﴾ بەهۆی ئەوە دەری کردن لەو شوێنە خۆش‌و گرنگەی تیایا بوون یا لەو ڕێزو نازو خۆشییەی کە تیایا بوون، ئینجا لەوێدا تاقیکردنەوە کە تەواو بوو بەمەی (ئادەم)(علیه السلام) بەڵێن‌و پەیمانەکەی لە بیرچوو، لەبەرئەوە بڕیاڕی خوایش دەربارەیان دەرچوو بەم جۆرەی کە ئەفەرموێ: ﴿وَقُلْنَا ٱهْبِطُوا۟﴾ وتمان پێیان: دەرچن لە بەهەشت‌و بچنە خوارەوە بۆ سەر زەوی، ئەوانەی کە ئەم فەرموودەیان ئاڕاستە کرا با هەر ئادەم‌و حەوایە، بەڵام بەکۆی دانا بە پێی ڕۆڵە‌و نەوە‌و وەچەیان کە ئەمان کان‌و بنەڕەتن بۆیان، کەواتە وەک هەموو ئەوان وان‌و جێگرن بۆیان، یا مەبەست لێرەدا شەیتانیشە وەک لە (ئیبن‌و عەباس)‌و زۆربەی پێشەوایانەوە هاتووە، وە لەسەر هەرکام ئەوا لێرەدا هەواڵیان پێ‌ئەدات بە هەڵ،دێ لە چۆنێتی ژیان‌و ماوەی ژیانیان لەپاش دەرچوون‌و هاتنە خوارەوەیان ئەفەرموێ: ﴿بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ﴾ هێندێکیان دوژمن ئەبن بۆ هێندێ ترتان لەسەر باری یەکەم ئەوەتا ئەو هەموو دوژمنایەتی‌و کوشتن‌و بڕینە ڕوویدا لەناو ڕۆڵە‌و نەوەکانی ئادەم‌و حەوادا بە درێژیی تەمەنی ئادەمی، وە لەسەر باری دووەم هەر ئاشکرایە بەدوژمنایەتی شەیتان بۆ ئەم تیرە‌و ئەوجەنگ‌وئاژاوە‌وبەربەرەکانێ دوایی نەهاتووەلە نێوانیاندا ﴿وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ﴾ وە بۆتان هەیە شوێنی نیشتەجێیی، یا نیشتەجێ کردن لەزەویدا، وە ژیان‌و ڕابواردن تا ماوەیە کە ماوە‌و تەمەنی ئەم ژیان‌و جیهانەیە، ئینجا ئادەم لە پێ‌هەڵکەوتن‌و هەڵخلیسکانەکەی ڕاست بووەوە بەمەی میهرەبانی خوا فریای کەوت‌و وتە‌و وشەی گەڕانەوە بۆلای خوا‌و داوای لێبوردنی خستە دڵییەوە‌و ئەویش بە پەرۆش‌و خۆشییەوە چوو بە پیری ئەو وشەو وتانەوە‌و وەری گرتن‌و بەکاری هێنان‌و خوایش گەڕانەوەکەی لێ‌ وەرگرت‌و میهرەبانی لەگەڵ کرد،

فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٣٧﴾ قُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ مِنْهَا جَمِيعًا ۖ فَإِمَّا
يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَاىَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٣٨﴾

وەکو ئەفەرموێ: ﴿فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٍ﴾ ئینجا ئادەم بە خۆشی و پەرۆشەوە چوو بەپیری چەند وتەو وشەیەکەوە لەلایەن پەروەردگاریەوە بۆی هاتن، بەدڵ گەڕایەوە بۆلای خوای خۆی و ئەوانە وت ﴿فَتَابَ عَلَيْهِ﴾ بەهۆی ئەوە خوا تۆبەو گەڕانەوەکەی لێ وەرگرت ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ چونکە بەڕاستی هەرخوا زۆروەرگری تۆبەوگەڕانەوەی میهرەبان وبەزەیی داره.

باسی تۆبەو گەڕانەوەی حەوواو تۆبە لێ وەرگرتنی ئەوی نەکرد، چونکە لە هەموو شتێکا ئەم شوێن کەوتوو تابیعی ئادەمە، ئادەم چی کردبێ و وتبێ ئەمیش کردی و وتی، کەواتە دیارە کە خوا لەو بورد لەمیش بوردووە، ئەو وتەو وشەیانەی کە ئادەمو وەری گرتن زۆربەو پای بەهێز لەسەر ئەوەیە ئەمانەن کەلە سورەتی ﴿الأعراف﴾دا گێڕایەوە لێیانەوە ﴿قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ ئەی خوای ئێمە، ئێمە ستەممان کرد لە خۆمان، وە ئەگەر نەبووری و میهرەبانیمان لەگەڵدا نەکەی بێگومان ئێمە لەزیان کەران و بەش بڕاوان ئەبین، ئینجا دواترین فەرمان و فەرموودەی خوا لە بارەی سپاردەی جێنشینی ئادەمو نەوەکانی لەم زەوییەدا، وە لەبارەی هەڵسانیان بە کارو باری ئەو سپاردەیەو پاداشتێ کە دەستکەوتیان ئەبێ لەسەری، یا هەڵنەسانیان و تۆڵەو سزایەک کە دووچاریان ئەبێ بەهۆی ئەو هەڵنەسانەوە، ئەمانە هەموو لەم فەرموودەیەدا دەرئەکەوێت: ﴿قُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ مِنْهَا جَمِيعًا﴾ وتمان بچنە خوارەوە لە بەهەشت هەموو پێکەوە بۆ سەر زەوی ﴿فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَاىَ﴾ ئەو حەلە لەهەرکەس شوێنی ڕێنموونیەکەی من کەوت، واتە ئەوانەی کە فەرمانیان پیا دراوەو بەری فەرمانی من ئەکەون ﴿فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾ ئەوانە بە هۆی ئەو شوێن کەوتنەوە هیچ جۆرە مەترسیەک نابێ لەسەریان لەوەی دووچاری ناخۆشیەک ببن ﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ وە دڵ غەمگین غەمبار نابن لەدەست نەکەوتنی هیچ ویست و خواستێکیان، واتە ئەچنە بەهەشت،

وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٣٩﴾

﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ﴾ وه ئەوانەی کەلە جیهاندا بڕوایان نەهێنا بێبە ئایین و ڕێنموونی من، وه ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ دانابێ ﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ ئەوانە هاوڕێ و هاوسەری ئاگر ئەبن لەدوا ڕۆژدا ﴿هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ئەوانە لەو ئاگرەدا ئەمێنێتەوە بەبێ دوا هاتن و بڕانەوە، خوا پەنامان بدات لەو ئاگرە.

ئامۆژگاری بەو جۆرە هەر لە یەکەم جارەوە ئادەم ئاشنا کرا، وه هەروەها لەپاش خۆی نەوەکانی ئاشنا کران بەو دوژمنایەتی و بەربەرەکانیەی کە پەیدا بوو، وه پەیدا ئەبێ لەبەینی هێزی شەڕو هێزی خێردا، وه ئاشنا و زانا کران کە هەرکەس بێەوێ سەرکەوێ و زاڵببێ بەسەر هێزی شەڕدا چۆن سەرئەکەوێ و زاڵئەبێ، وه هەرکەس زیان و ژێر کەوتن بۆ خۆی ڕەوا ببینێ چۆن ئەشکێ و زیان بارو ڕەنجەڕۆ ئەبێ، ئینجا با بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای ئەم باس و داستانە بۆ هێنانی پرسیارێ کە بەجێیە و دێتە ڕێی مەردوم و پێویستە وەڵام دانەوە:

پرسیار: هەر لەم یەکەم جارەوە خوا هەواڵیدا بە فریشتەکان کە جێنشینێ لەزەویدا دائەنێ... کەواتە ئادەمی جێنشینە و هەر لە یەکەم جارەوە بۆ ئەم زەوییە دروستکراوە، کەواتە لەبەر چی لە ڕێوە نیشتەجێ نەکرا لە شوێنی نیشتەجێیەکەی خۆیداو لەبەرچی برایە شوێنێکی ترو ئەو خۆراکەی لێ قەدەغەکراو بەو جۆرە تاقیکرایەوە؟ ئایا هەر لە یەکەم جارەوە بۆ لەزەویدا دانەنرا بەڵکو لەشوێنی ترا دانراو ئینجا لەوێ دەرکراو فەرمانی پێدرا بە هاتنە خوارەوەی لەوێوە بۆ ئەم زەوییە؟

ئەوەی کە بچێتە دڵەوە لەوڵامی ئەم پرسیارەدا ـ وه بێگومان زانینی تەواوو ڕاستەقینە هەر لای خوایەـ ئەمەیە ئەو تاقیکردنەوەو پاڵفتە کردنە پەروەردەو ئامادەکردنێك بوو بۆ ئەو جێنشینییە، وه بێدار کردنەوە بوو بۆ ئەو هێزو وزەیانەی کە تیایدا دروستکرا بوون، فێرکردن و ڕام کردن بوو بۆی لەسەر دووچار بوونی هەوڵەو لادان لەڕێگەی ڕاست و، ئینجا چەشتنی داخ و مەراقی پەشیمانی لەو هەڵەو لادانە، وه هەروەها هەستکردن بە دوژمن و ناسینی، وه لەپاش ئەوانەگەڕانەوەو پەنا هێنان بە خوا.

خـوای میهرەبـان وێـشتی ئـەم دروستکراوەی بێتـە خـوارەوە بـۆ جێگـا و نیـشتەجێی جێنشینیەکەی، بەم تاقیکردنەوەو پاڵفتە کردنەوە تا ئەوە ببێ بە تووێشووی ڕێگەی ژیانی، وە ببـێ بـە چـەکی دەسـتی لـەو ئـاژاوەو بەربـەرەکانێ هەمیـشەییە کـە دێتـە ڕێـی، وە ئـەو بەسـەرهاتە ببـێ بە پەندو ئامۆژگاریو بێدار کردنـەوە لـە هـەر هەڵـەو فریـو خواردنێك کەلـە داهاتوودا ڕووبدات بۆ خۆیو هەموو نەوەو وەچەکانی، ئینجا چەند پرسیارێ تریش هەیـە. ئایا ئەم داستانو بەسەرهاتە لەکێ بوو؟ وە ئەو بەهەشتەی کە ئادەمو حەووای تیا بوو، ئـەو ماوەیـە کامەیـە؟ وە ئـەو فریشتانە کێبوون؟ وە ئیبلیس کێ بـوو؟ خـوا چـۆن قسـەی لەگـەڵ کـردن؟ وە ئـەوان چـۆن وەڵامیانداییـەوە؟ وە حـەووا کـەی دروستکرا وە چـۆن دروسـتکرا. وە هەروەها....

ئەمانەو وێنەیان لەو غەیبو نادیاریانەن کە هەر خوا خۆی ئەیانزانێ، وە خـوای لێـزانو کـار دروسـت زانیویـەتی کـە هـیچ سـوودو بەرژەوەندیـە لـەزانینی ئەمانـەدا نییـە بـۆ ئـادەمی، لەبەرئـەوە ئـەو زانـینو ناسـینەی پێنـەدوان لـە ڕێگـەی بـاوی خۆیانـەوە، وە کاروبـاری جێنشینیەکان هیچ نەبەستراوە بە زانینو ناسینی ئەم جۆرە شتانەوە، وە زانینی ئـەم جـۆرە شتانە بـۆ ئێمـە تـەنها ئـەبێ لـە ڕێگـەی پێغەمبـەرەوە بێـت (ﷺ)، وە لـەم ڕێگەیـشەوە شتێکی تەواوو قەتعیان پێنەگەیشتووە کە بەبێ مەترسیو بێگومان باوەڕمان پێـی ببـێو دانـی پیـا بنـێین وە هـەر ڕیوایـەتێ لـەم بارەیانـەوە هاتووە نەگەیشتوونەتە ڕادەی حەدیسی (صحیح)، کەواتـە دەم گرتنـەوە لەمانـە زۆر ڕێـکو ڕاستو ڕەوایـە، بـەڵێ لـەبارەی ئـەو بەهەشـتەوە ڕای زۆربەو بەناو بانگ لەسـەر ئەوەیـە کـە مەبەسـت بەهەشـتی ڕاستەقینەیـە کـە ئـەبێ بـە جێگـەی پاداشت دانەوە لە ڕۆژی دواییدا، وەك وەرئەگیرێ لەدیمەنی چـەند حـەدیسو ڕیوایـەتێکـەوە، یەکێ لەوانە حەدیسی وتوێژەکەی ئادەمو موسایە ـ سەلامی خوایان لێ بێ ـ کە (بوخاری)و (موسـلیم)و (ئـەبو داود)و (تیرمـزی)و (نەسـائی) ڕیوایـەتیانکردووە، وە بێگومـان لـەو حەدیسەوە وا دەرئەکەوێ کە مەبەست بەهەشتی ڕاستەقینەی بەناو بانگە، وە بێجگە لەوەش خوا فەرمانیدا بە ئادەم کە نیشتەجێ ببـێ لـە بەهەشتدا[1] دەی بێگومان هـەرکات بـە ڕووتی

---

[1] ئیتر بەبێ ئەوەی ئاونیشانێکی بۆ هەڵداو بڕێ بەسەر شتێکی تایبەتیدا.

ناوی بەهەشت برا، دڵ هەر بۆ بەهەشتی ڕاستەقینە ئەڕوا، بەبێ بەڵگەیەکی بەهێز ئێمە ناتوانین ئەو یەهەشتە بپرین بەسەر شتێکی تردا.

(موعتەزیلە)و (ئەبو موسلیمی وەصفەهانی)و چەند کەسی تر لەسەر ئەوەن کە مەبەست بەو بەهەشتە بەهەشتێ تڕە کە خوا دروستی کرد بۆ تاقی کۆدنەوەی ئادەم، وە ئەوەش باغێکی خۆش بوو لە بەینی فارس و کرماندا، یا لە وڵاتی عەدەندا، یا لە فەلەستیندا، وە خاوەنەکانی ئەم ڕایە چەند بەڵگەیەکی ژیریی ئەهێننەوە لەسەر ڕاکەیان، بەڵام بەڕپەرچی هەموویان دراوەتەوە، وە هیچ پێویست نییە بە درێژەدان بەو باسەو هەرکەسێ پێی خۆشە با تەماشای کتێبە درێژەکانی تەفسیرو کەلام بکات، وە هەرکام مەبەست بێت هیچ زیادە نرخ و بایەخێك نادات بە مەبەست لەهێنانی داستان و بەسەرهاتەکە، کەواتە پێویست نییە بەو هەموو لێکۆڵینەوەو بەربەرەکانێ و دووبەرەکیەی کە کەوتە ناو موسڵمانان لەو جۆرە مەسەلەو باسانەدا، وە بەڕاستی ڕێگەی ڕاست و بێگرێ ئەوەیە کە شتە غەیبی و نادیاریەکان لێ گەڕێین و لە خۆوە قسەیان لێ نەکەین، وەلە دیمەن و ڕوالەتی قورئان و حەدیسی (صحیح) لا نەدەن بەبێ ناچاری یان بەبێ بەڵگەیەکی بەهێز، هەرکات بەو جۆرە ڕەفتاریانکرد دووچاری گێرەو کێشەی بێ سوود نابین و کاتی بەنرخی خۆمان زایە ناکەین بە فیڕۆ بڕوا، ئینجا با جارێ تی بگەڕێینەوەو بیر بکەینەوە لەو هەموو شتە گرنگانەی کەلەم داستانەوە وەرئەگیرێن.

ئاشکرا ترین شتێ کە ئەم بەسەرهات و داستانە نیشتمان ئەدات گەورەترین نرخ و ئەو پلەو پایە بەرزەیە کە خوا دای بەم ئادەمییە، ئەوەتا هەر لەیەکەم جارەوە خوای گەورە فریشتەکانی ئاگادار کرد کە ئادەم دروست ئەکرێت بۆ ئەمەی ببێ بە جێنشین لەزەویدا، وە لەپاش دروستکردنی فەرمانیدا بە فریشتەکان سوجدەی ڕێزو بەگەورە گرتنی بۆببەن، وە شەیتان نەفرینی لێکرا کە گوێ ڕایەڵ نەبوو وەك فریشتەکان.

ئیسلام ئا بەو جۆرە ئادەمیمان نیشان ئەدات و تێمان ئەگەیەنێ لێی، کەواتە ئادەمی گەورەو ئاغای ئەم زەوی و جیهانەیە، وە هەرچی دروستکراوە لەم زەوییەدا هینی ئادەمییەو لەبەر ئادەمی دروستکراوە، وەلە ئایەتی پێش ئەم باسەدا بەتایبەتی ئەوەی فەرموو، کەواتە ئادەمی بەنرخ ترو بەڕێزترو بەرزترە لە هەموو شتێکی (ماددی)و هەرچی شتێ کەبە نرخە

لە جیهانی (ماددە)دا، وە بەهیچ ڕەنگ ڕەوا نییە ئادەمی بکرێ بە بەندەی ئەڵقە لەگوێو ژێر دەستو سەرچۆڕ بکرێ لە پێناوی (ماددە)و ئەو شتانەو ئەو دەستکەوتانەی کە هەر لەجیهانی (ماددە)دا بەنرخن. ڕەوا نییەو دروست نییە دەست درێژی کردن بۆ سەر هیچ ماف‌و نرخێکی ئادەمی‌و ئادەمێتی لەبەر خاتری دەستکەوت‌و بەرهەمێکی (ماددی)، وە هەروەها بە ڕوونی دەرئەکەوێ کە دەورو کاری ئادەمی لەم زەوییەدا یەکەم‌و سەردەستەیە، کەواتە ئادەمی ئەبێ کاربە دەست بێت‌و سەرکردایەتی ئەبێ بۆ ئەم بێت‌و جڵەوی ژیان‌و جیهان بە دەست ئەم بێت‌و ئەم دەست بخاتە کاروباریان‌و بارو شێوەیان بگۆڕێو ئاڵو گۆڕیان پێبکات‌و بیانبات بەرەو هەر بارو ڕوویەک کە بەرژەوەندی تیا بێت، نەک وەک (ماددی) یەکان کە ئەڵێن: ئابووری‌و هۆی بەرهەم هێنان‌و دابەشکردنی سەرۆک‌و سەردەستەیە‌و ئادەمی ژێر دەستەو ملکەچە بۆیان‌و هەموو کاروباری ئادەمی دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەوان‌و ئادەمی دەستەپاچەو پەک کەوتووە لەبەردەمیاندا!! ئەم ئادەمییە بەهۆی جێنشینیەکەی لەزەویدا کە قورئان بۆی بڕیارداوە ئەبێ ئیش کەرێکی گرنگ بێت لە ڕژێمی ئەم بوونەوەردا، وە ئەبێ بوونی تێبینی کرابێ لەم ڕژێمەدا، چونکە ئەو ژیان‌و جێنیشنیەی کە خوا بۆی داناو بڕیاریدا لەم زەوییەدا بەستراوە بەم ڕژێمی بوونەوەرەوە، بەستراوە بە خرۆو مانگ‌و ئەستێرەکانیەوە، بەستراوە بە باو باران‌و هەموو بەش‌و پارچەو شتەکانی تریەوە، وە بەبێ ئەمانە هەموو ئەو ژیان‌و جێنشینیە ناگونجێ بەڕوە نابرێ، کەواتە هەرچی وا لەم زەوی‌و جیهانەداو هەرچی والەم بوونەوەردا هەر هەمووی ژێر بارو خزمەت کارە بۆ ئادەمی‌و لەبەر خاتری ئەم دروستکراوە!! جا تۆو خوا ئەم ڕادەو پلە بەرزە لەکوێ کە قورئان بۆی داناوە لەگەڵ ئەو ڕادە پەست‌و بێنرخەی کە (ماددی)یەکان بۆی ڕەوا ئەبینن‌و بەهیچ ڕەنگ ڕەوا نادەن بەرز بوونەوەو تێپەڕ کردنی لێی!! وە بێگومان ئەم دوو تێڕوانین‌و بیروباوەڕە زۆر جیاوازو دوورن لە یەکترەوە، وە بەهیچ کلۆجێ کۆنابنەوەو هەرکام ڕژێمێکی تایبەتی دائەنێن بۆ ئادەمی، بەڵای (ماددی)یەکانەوە ئادەمی هەر بریتییە لە لەشەکەی‌و بەهیچ ڕەنگ بڕوایان نییە بەڕۆح‌و هیچ نرخێک دانانێن بۆ ئەو شتانەی کە پێیان ئەوترێ خۆراک‌و پێبژێوی ڕۆح، بەڵکو هەموو هەوڵو تەقەللایان هەر بۆ پێوستیان‌و پێبژێوی لەشە، بەڵام بەڵای ئیسلامەوە ئادەمی پێکهاتووە لە ڕۆح‌و لە لەش، وە پێویستە پارێزگاری ماف‌و

پێویستی هەردوو، وە بەرژەوەندی هیچ کام ژێر پێنەکرێ لەپێناوی ئەوی تردا، بەڵێ هەرچەند پۆح شتێکی سەرەکی و بنەڕەتییە و لەڕاستیدا هەر ئەو شتە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو لاش مەبەست و پێویستە، وە ئەبێ بەشی هەردولا پاگیر بکرێن لە سنووری ڕاست و ڕەوای خۆیانداو ماوە نەدرێ بە لەش تا زاڵ ببێ و سەرکێشی بکات بەسەر پۆحدا، چونکە کاروباری جێنشینیەکەی بەو جۆرە نەبێ بەڕێك و ڕاستی ناڕواو بەڕێوە نابرێ، بەکورتی نەوەك ئەوانە کەهەر خەریکن بەکاروباری پۆحەوە و هیچ نرخ دانانێن بۆ ماددە و کاروباری لەش، وە نەوەك (ماددی)یەکانیش کە لاقرتیان دێت بە پۆح و هیچ نرخێکی بۆ دانێن و هەموو مەبەستی ئادەمی کورت هەڵئەهێنن لەبەرهەم و شت و مەك و پێویستی سکدا وەك گیان لەبەرەکانی تر.

لە بیرو باوەڕی ئیسلامدا ئادەمی ناچارو بێ دەسەڵات نییە بەسەر کردەوەی خۆیدا، بەڵکو خۆوەسەری و سەربەخۆییەکی پێدراوە و خاوەنی خواهیشە و مەیلی خۆیەتی و ئەتوانێ کام بار هەڵبژێرێ و کام ڕێگا بداتە بەر، وە لەسەر ئەوە فەرمان و تەکلیفاتی شەرعی ڕووی تێنەکات لەجیهانداو ئەگات بە تۆڵە و پاداشتی کردەوەکانی لە ڕۆژی دواییدا... وە ئەتوانێ پارێزگاری ئەو سپاردەو پەیمانە بکات لە خواوە بۆی هاتووە، تا بەهۆی ئەوەوە بەرزبێتەوە بۆ ڕادەو پلەی ملکەچ و ژێر بار نەبێ بۆ ئارەزووی نەفس و شەیتانی و زاڵ ببێ بەسەر هەموو پیلان و فڕو فێڵێکداو نەترازێ لەڕێگەی ڕاست، وە لە هەمان کاتدا ئەشتوانێ لە ڕادەو پلەی بەرزی خۆی بێتە خوارەوە، وە گومڕایی سەرخات بەسەر ڕێنومایيدا، وە دەست بەرداری ئەو سپاردەو پەیمانە ببێت کە ڕادەو پلەی بەرز ئەکاتەوە، وە بێگومان ئەم دەسەڵات و توانین و خود سەرییە بەهرەو ڕێزێکی تایبەتییە بۆ ئادەمی بێجگە لەڕێزو بەهرەکانی تر کە باسکران لە تەفسیری ئایەتەکانی ڕابردوودا، هەرچۆنێ لە هەواڵ دان بەم داستان و بەسەرهاتەدا تەمێ و ئامۆژگاریەکی هەمیشەیی هەیە بەوەی سروشتی ئاژاوەو بەربەرەکانییە کە نیشان ئەدات، کە هەر لە یەکەم جارەوە و هەتا هەتایە ئەو ئاژاوەو بەربەرەکانییە بەڕپا بوو لە بەینی تەمێ و ئامۆژگاری خواو فێڵ و تەڵەکەو هەڵخەڵەتاندن و گومڕا کردن لەلایەن شەیتانەوە، لەبەین بڕواو بێبڕواییدا، لەبەین هەق و بەتاڵدا، لەبەینی ڕێنومایی و گومڕاییدا، وە ئادەمی جێگەو مەیدانی ئەو جەنگ و ئاژاوەو بەربەرەکانییەیە، وە

هەر ئادەمی ئەو جەنگە ئەباتەوە و سەرئەکەوێ تیایدا، یا تێك ئەشکێ و زیان بار ئەبێ، وە بێگومان لەو هەواڵدانەدا بێدارکردنەوەیەکی هەمیشەیی هەیە بەمەی کە ئادەمی سەربازی ئەو مەیدانەیە و هەر ئەویش یان سەرئەکەوێ و یان تێك ئەشکێ، کەواتە با بێئاگا نەبین لەم تەمێ و بێدار کردنەوە و وریا بین، بەڵکو بەیارمەتی خوا سەرکەوین و تێك نەشکێین، لەپاش ئەوانەی کە باسکران و وەرگیران لەم دستانەوە، ئینجا باسی بەندێکی گرنگی پیروباوەڕی ئیسلام ئەکەین کە ئەم داستانە نیشانی ئەدات لەبارەی تاوان و گەڕانەوە لەتاوان... ئەو بەندەش ئەمەیە کە تاوانی ئادەمی شتێکی شەخصییە و بەهەڵبژاردن و دەسەڵاتی تاوان کار پەیدا ئەبێت، نەك شتێکە پێویست کرابێ لەسەری و ئەبێ بەناچاری هەر بیکات ــ وەك پیروباوەڕی کەنیسە ئەیڵێت ــ، وە هەروەها پزگار بوون لە تۆڵەی تاوان شتێکی شەخصییە و بەئارەزوو و بەدەستی تاوانبارەکەیە، بە تۆبە و گەڕانەوەی خۆی بۆلای خوا، نەك بەو جۆرە کە کەنیسە ئەڵێ. گوناهەکەی ئادەم کەوتە گەردنی هەموو ئادەمی و هەموو بەشدار بوون تیایدا، بە هۆی ئەوەوە عیسا ــ کەبە کوڕی خوای دائەنێن ــ خۆی کرد بەفیداکارو قورئانی بۆ پزگار کردنی ئادەمیەکان لە گوناهەکەی ئادەمی باوکیان! نەخێر ئەوە ڕاست نییە، بەڵکو گوناهی ئادەم هەر لە گەردنی خۆی بوو، وە پزگار بوونیشی بە تۆبە و گەڕانەوە خۆی بەدی هات، وە هەروەها گوناهی هەر ئادەمییەو پزگاربوونی لێی... بێگومان بۆچوون و تێگەیشتن و پیروباوەڕێکی ڕوون و ئاسان و ڕەوانە، باری هەموو کەس ئەخاتە سەر شانی خۆی، وەهانی هەموو کەس ئەدات بۆ هەوڵ و تێکۆشان و چاوەڕوانی و ئومێد، نەك پەك کەوتوو ناچارو نائومێد!

ئەمانەی کە باسمانکرد بەشێ بوون لەو بەندو پیروباوەڕە گرنگانەی کە ئەم بەسەرهات و داستانی (ئادەم)ە (علیه السلام) گەیاندنی و نیشانی دان، وە ئەم بەش و ئەندازەیە بەسە بۆمان کەبیکەین بە سەرمەشق بۆ ئەمەی تێبگەین گرنگی و سوود بەخشی داستان و سەرگوزەشتەکانی قورئان و لەدامەزراندن و داڕشتنی بەندو یاسا و پیروباوەڕەکانی ئیسلام لەدڵ و دەروونداء ئەو بەندو یاسا و پیروباوەڕەی کە هەر ئەوان شیا و شایان و شایستەن بەم ئادەمییەوە کە لەلایەن خواوە کراوە بە جێنشین، وە پەیمانی جێنشینیەکەی لەسەر ئەوەیەکە ڕێنموونی هەر لە خوا وەرگرێ و بەسترابێ بە بەرنامەی ئەوەوە لە ژیاندا، لەو چەند

ئایەتەی ڕابردوودا باسی چەند بەهرەی گەورەی کرد کە خوا هەر لەیەکەم جارەوە بەخشنی بەم تیرەی ئادەمییە، وە باسی ئەو فەرمانو پەیمانەی کرد کە دای بەسەر ئادەمو هەموو نەوەو وەچەکانیدا تا ڕۆژی دوایی، وە فەرمانو پەیمانەی کرد بە یاساو بەرنامە بۆ جێنشینیەکان لەزەویدا، پاش ئەوانە ئینجا گەردش ئەکات لەگەڵ تائیفەو نەوەکانی ئیسرائیلدا، بەم جۆرە چاکەو بەهرە تایبەتیەکانی خۆی بەسەریانەوە باس ئەکاتو ئەیداتەوە بە ناچاویاندا، ئینجا باسی فەرمانو پەیمانێ ئەکات کەدای بەسریانداو لێی سەندنەوە، تا بەپێی ئەوە هەڵسن بە کاروباری جێنشینیەکەیان، لە پاشان ئەوان یاخی بوون لە فەرمانی خواو پەیمانەکەیان هەڵوەشاندەوە، بە هۆی ئەوەوە خوایش لە جێنشینی خستنو ژێر دەستەو زەبوونو ڕیسوای کردن، وە بڕوادارانی ئەم ئوممەتە تێئەگەیەنێو ئامۆژگاریان ئەکات لە پیلانو دوژمنایەتیەکەیان، هەرچۆنێ ئەیانترسێنێو ئاگادریان ئەکات بەهۆی لادانو هەڵخلیسکانو بەش بڕاویو پەستیو لێکەوتنیان لە بەهرەی جێنشینی، کەواتە ئەم باسە زۆر پەیوەستە لەگەڵ باسی ڕابردووداو زۆر ڕێکو بەجێیە کە ئەم ئەهێنێ بەدوای ئەودا.

قورئان لێرەدا دەست نیشان ئەکات بۆ چەند هەڵوێستو چەشمەندزیەکیان بە کورتی یا بەدرێژی، وە هەرچەند زۆر لەم هەڵوێستو کردەوانەیان لە سورەتە مەککەییەکانیشدا باسکراون، بەڵام مەبەست لەباسەکان جیاوازە، لە سورەتەمەککەییەکانیشدا باس ئەکرێن ـ لەگەڵ بەسەرهاتو داستانی تراـ بۆ دڵنەوایی و دامەزراندنو دڵ بەهێز کردنی ئەو تاقمە کەمەی مەککە کە بێدەسەڵات بوونو دامابوون بەدەست ئەو هەموو دوژمن بەهێزو سەرکێشانەوە، بەگێڕانەوەی ئەو داستانانە ئەو تاقمە کەمە دڵخۆش ئەکران کە پاشە ڕۆژی سەرکەوتنو بەختەوەری هەر بۆ ئەمان ئەبێت بە وێنەی بڕوادارە کەمو بێدەسەڵاتەکانی گەلەکانی ڕابردوو، وە ئاگادار ئەکران بەسەختیو درێژیی ڕێگاکەیان، وەبەمەی تووشووی ئەو ڕێگایە خۆگریو دامەزراویو کۆڵ نەدانو وەستانە بەدیاری کارو بڕیاری خواو گوێڕایەڵی بۆ خوا، بەڵام مەبەست لە گێڕانەوەیان لێرەدا ئاگادار کردنی بڕوادارانە بە نیازو کردەوەی خراپی ئەو جوولەکانەو دوژمنایەتیان بۆیان، وە تەمێی بڕوادارەکانو ترساندنیان لەوەی لادەن لە ڕێگەی خواو بکەونە ئەو چاڵانەی کە جوولەکە تێیان کەوت لە پێش چەرخی

ئەماندا، جالەبەر جیاوازی مەبەستەکان شێوەی ڕاگەیاندن و نیشان دانەکەیان جیاوازە، هەرچەند لە هەردوولا هەر باسی لاری و نالەباری و لادانی ئیسرائیلیەکانە.

داستان و سەرگوزەشتەی ئیسرائیلیەکان لە هەموو داستان و سەرگوزەشتەکانی تر زۆرتر هاتووە لە قورئاندا، وە بە گرنگ تر گیراوە، وە ئەوەش لەبەر میهرەبانی و کار دروستی خوایە لە چارەسەرکردنی کاروباری ئەم ئوممەتەدا، وە پەروەردە کردن و پێگەیاندن و ئامادەکرنی بۆ هەڵسانی بە کارو فەرمانی ئەو جێنشینیە هەرە گەورەیە کە خرایە سەرشانی، وەئەو سپاردە قورس و گرنگەی کە خرایە ئەستۆی، بەو داستانی ئەوانە ئەم ئوممەتەی تەمێ کردو لە هەمان کاتدا ئاگاداری کردن بەو هەموو هەڵوێستە نارەواو ئەو هەموو پیلان و دوژمنایەتییە بەتینەی کە جوولەکە هەڵسان پێیان هەر لە یەکەم جاری هاتنی ئیسلام بۆ مەدینە، وە ئەو ئاگرەی کەلەو کاتەوە هەڵیان گیرسان بەدژی ئیسلام و موسڵمانان نەیان کوژاندەوە و هەرگیز نایکوژێننەوە هەتا بمێنن، لەگەڵ ئەوەدا لەبەر نالەباری خۆیان لە پێش ئیسلام و لەپاش ئیسلامدا لە هەموو لایەکەوە لە لایەن گەلانی جیهانەوە هەر سەرکوتکراوو دەرکراوو سزادارو بوون بەسەخت ترین شێوە، وە هەرگیز جێگای بەزەیی نەبوون لەلایەن هیچ گەل و ئوممەتێکەوە بێجگە لە ئیسلام کەبە بەزەییەوە کۆشی بۆ کردوونەتەوە و جێگەی کردونەتەوە و گرتوونییە خۆی و هەموو مافێکی خۆیانی پێداون، ئەو ئیسلامەی کە دژی ڕەگەزایەتییە بە هەموو جۆرو شێوەیە، وە بە هیچ ڕەنگ ڕێگا نادا بۆ چەوسپاندنەوە بە تایبەتی چەوساندنەوەیە کەلەبەر جیاوازی ئایین بێت، وە هەمیشە قاپسەکانی کراوەو لەسەر پشتن بۆ هەرکەسێ کە بەڕاستی ئاشتی خوازبێت و ئازاری ئیسلام نەدات و پیلان نەگێڕێ بە موسڵمانان. بەڕاستی ئەبوایە جوولەکە یەکەم کەس بوایە لە مەدینەدا بۆ بڕوا هێنان بە ئیسلام، چونکە قورئان بڕوای بە تەورات بووو ڕاستی تەوراتی دەرئەخست، وە ئەو جوولەکانە لە پێش هاتنی ئیسلامدا چاوەڕوان بوون بۆ هاتنی، بەپێی ئەو هەموو ناونیشان و موژدەی کە تەورات هێنابووی ئیسلام و پێغەمبەری هەمووان (ﷺ) وە ئەوەندە دڵنیا بوون بە هانتیان کەلێ جار هەڕەشەیان ئەکرد لە عەرەبەبت پەرستەکان و ئەیان وت: با ئەو پێغەمبەرە بێت جا ئێمە دوای ئەکەوین و بەهۆی ئەوەوە زاڵ ئەبین بەسەرتاندا، کەچی کاتێ هات باوەڕیان پێنەهێنا و بوون بە پیس ترین دوژمنی!

يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتِيَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِيٓ أُوفِ بِعَهۡدِكُمۡ وَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ ﴿٤٠﴾
وَءَامِنُواْ بِمَآ أَنزَلۡتُ مُصَدِّقٗا لِّمَا مَعَكُمۡ

ئینجا با گوێ شل کەین لە قورئان تا ئەو هەموو شتە گرنگانەمان بۆ ڕوون بکاتەوە و ئەو گەردشەبکات بە دەروونمانا بە ناو ئەو جوولەکە بەدرکارانەدا، ئەفەرموێ: ﴿يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتِيَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ﴾ ئەی نەوەو بەرەی ئیسرائیل بیربکەنەوە و باسی چاکەو بەهرەی من بکەن کەڕشتم بەسەرتانا،باسی بکەن بەدان پیانانوچاولەبەریوسوپاسوهەڵسان بەمافی.

ئەو کەسەی کە بە شارەزایی چاوێک بگێڕێ بە مێژووی ئەو گەلەدا سەرسامو سەرگەردان ئەبێت لەو هەموو چاکەو بەهرە گەورانەی کە خوا ڕشتی بەسەریاندا، جا لێرەدا بە کورتی سەرنجیان ڕائەکێشێ بۆ ئەو چاکەو بەهرەیانە پێش ئەوەی کە بەدرێژیی باسی هێندێکیان بکات لەمەو پاش، لەیەکەم جارەوە ئەوەیان بیر ئەخاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرو پاڵپێوەنەر بۆ گوێڕایەڵی و هەڵسانیان بەو بەڵێنو پەیمانەی کە خوا لێی وەرگرتوونو داوایان لێ ئەکات کە ئەفەرموێ: ﴿وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِيٓ﴾ وە ئەو بەڵێنو پەیمانەی کە داتان بە من بەجێی بێنن و بەپێی ئەوە ڕەفتاربکەن، ئەگەر ئێوە وا بکەن ﴿أُوفِ بِعَهۡدِكُمۡ﴾ منیش ئەو بەڵێنەی کە داومە پێتان بەجێی ئەهێنمو هەڵئەسم پێی.

ئایا مەبەست بەم فەرمانو پەیمانە ئەوەی یەکەم جار بێت کە خوا ڕایگەیاند بە ئادەم وەک لەدواترین ئایەتی باسی پێشوودا فەرمووی: ﴿فَإِمَّا يَأۡتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدٗى﴾ ...هتد، وە لەوێدا ڕاڤەمان کرد؟ یا فەرمانو پەیمانێکە کە بەستراوە لەبەینی سروشتی ئادەمی و خوادا؟ یا ئەو پەیمانو فەرمانەیە کە خوا بڕیاریدا بۆ ئیبراهیم (علیه السلام) کە باپیری (ئیسرائیل)ە وەک لەمەوپاش باسی دێت؟ یا فەرمانو پەیمانێکی تیبەتییە بەم تیرەی (ئیسرائیل)ەوە، وەک ئەمیش هەردێت لەمەو پاش؟ ئەم پەیمانو فەرمانانە هەموو بوونو ناوەرۆکی هەموویان هەر ئەوەیە کە بەندەکانی خوا دڵی خۆیان پاکو خاوێن بکەن بۆ پەروەردگاریان، وەلە هەموو بارو ڕوویەکەوە ملکەچو گوێڕایەڵ بن بۆ فەرمانەکانی وەکورتەی ئاییینی خوا هەر ئەمەیە، وە هەر ئەوەیە ئەو ئاییینی ئیسلامەی کە هەموو پێغەمبەرانی پێ ڕەوانەکران ــ سەلامی خوایان لێ بێ ــ، وە بەندو بەشێ لەو فەرمانو پەیمانانە ئەمەیە کە ئەفەرموێ: ﴿وَإِيَّٰيَ

﴿فَٱرۡهَبُونِ﴾، وەهەر لە من بترسن لە هەرشتێ کە ئەیکەن‌و لە هەرشتێ کە وازی لێ ئەهێنن‌و نایکەن. وە بەندو بەشێ ترکە داوایان لێ ئەکات بەم فەرموودەیە ﴿وَءَامِنُواْ بِمَآ أَنزَلۡتُ مُصَدِّقٗا لِّمَا مَعَكُمۡ﴾ وە بڕوا بێنن بەو قورئانەی کە ناردمە خوارەوە لە کاتێکدا کە ڕێکە لەگەڵ ئەو نامەی کە لەگەڵ ئێوەیە‌و بەڕاستی دائەنێ، ڕێکە لەگەڵی‌و بەڕاستی دائەنێ لەمەدا کە هاتووەتە خوارەوە بەو ناونیشانە‌و لەسەر ئەو بارو شێوەی کەلە نامەکەتاندا هاتووە‌و باسکراوە، وە ڕێکە لەگەڵی‌و بەڕاستی دائەنێ لەو داستان‌و ئامۆژگاری‌و بەڵێن‌و هەڕەشە‌و بانگکردن بۆ خواپەرستییە تاکو تەنیا‌و دادپەروەری لەناو مەردومداو جڵەوگیری لە تاوان‌و خراپەکاری‌و هەموو شتە ئایینیەکانی تر کە باسکراون لە تەورات‌و ئینجیل دا، تەنانەت ڕێکە لەگەڵیان‌و بەڕاستیان دائەنێ لە هەر بڕیارو یاسایەکدا کە لەواندا هاتووە‌و لەم دواترین ئایین‌و شەریعەتەدا سڕاونەتەوە، چونکە هیچ کام لەوانە بۆ هەمیشەیی نەهاتوون‌و بە هەمیشەیی ناو نەبراون، نەلە تەورات‌و نەلە ئینجیلدا، وە قورئانیشدان نەنێ بەوانەداو بەڕاست‌و ڕەوایان دائەنێ لەو کات‌و چەرخەدا، وە بێجگە لەوەش ئایینی خوا هەر یەک ئایینە هەر لەیەکەم جاری هاتنی تا دواترین جار، وە بۆ یەک مەبەست هاتووە کە بریتییە لە گوێڕایەڵی خواو بەسترانەوە بە فەرمان‌و بڕیاری خواو دوور کەوتنەوە لە هەموو فەرمان‌و بڕیاری تر، ئیتر ئەو فەرمان‌و بڕیاری خوا بە هەر شێوەو ڕێنەیە هاتبێ، کەواتە ئەم ئیسلامەی کە پێغەمبەرمان (ﷺ) هێنای هەر ئەو تاقانە ئایینەی خوایە کەلە دواترین شێوەیدا هات، وە ئەم ئیسلامە درێژە پێدانە بۆ ئایین‌و پەیامی خواو ئەو فەرمان‌و پەیمانەی کە خوا لە سەرەتای ئادەمێتیەوە ناردی‌و خەڵاتی ئادەمی پێکرد، وەئەم ئیسلامە یا لەکاتی داگرتووە بەسەر ڕابردوودا، وە دەستی ئادەمی‌و ئادەمێتی دەگرێ بۆ داهاتوو، وە یەکتێتی ئەخاتە بەینی تەورات‌و ئینجیل‌و کۆیان ئەکاتەوە، وە زیاد لەوە ئەوەی کە خوا ویستی لە خێرو چاکە کە پیویست‌و شیاو بێت بۆ داهاتووی دوورو درێژی ئادەمێتی لەم ئایینە پان‌و فراوانە جیهانییەدا هات بە شێوەی هەمیشەیی تا جیهان جیهانە، وە بەو شێوەیە هەموو ئادەمی کۆ ئەکاتەوە بەبرایەتی‌و ئاشنایی‌و دۆستایەتی، کۆیان ئەکاتەوە بە جۆرێ هەموو یەک بگرن لەسەر فەرمان‌و پەیمانی خوا، وەلەسەر ئایینی خوا، وە بەش بەش نەبن بە چەند تاقم‌و کۆمەڵ‌و تیرە‌و بەرەیەک، بەڵکو هەموو یەک بگرن لەسەر بەندەیی خواو دەست بگرن بەو فەرمان‌و پەیمانەی خوا کە نەگۆڕراو نەشێواوە، کەواتە ئەوانە هەرچۆنێ بڕوایان هەیە بە نامەکەی خۆیان ئەبوایە یەکەم تاقم‌و یەکەم کەس بوونایە لەبڕوا هێنان بەم قورئانە،

وَلَا تَكُونُوٓاْ أَوَّلَ كَافِرِۭ بِهِۦۖ وَلَا تَشۡتَرُواْ بِـَٔايَٰتِي ثَمَنٗا قَلِيلٗا وَإِيَّٰيَ فَٱتَّقُونِ ﴿٤١﴾ وَلَا تَلۡبِسُواْ ٱلۡحَقَّ بِٱلۡبَٰطِلِ وَتَكۡتُمُواْ ٱلۡحَقَّ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٤٢﴾ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱرۡكَعُواْ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾

نەك چەسپانی بکەن لە بێبڕواییدا وەك تەشەر لێدان بەوە کە پێی بفەرموێ: ﴿وَلَا تَكُونُوٓاْ أَوَّلَ كَافِرِۭ بِهِۦۖ﴾ مەبن بە یەکەم تاقمی بێبڕوا پێی، واتە یەکەم تاقم لەناو نامەداردا، چونکە ئاشکرایە بت پەرستەکان یەکەم تاقمن و لەپێش هەموو کەسەوە بێبڕوان، ئینجا هەمی تر تەشەریان لێ ئەدات و سەرزەنشتیان ئەکات و بڕوا نەهێنانەکەیان ئەخاتە بەرچاو بە کارێکی نەفامانە، ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَشۡتَرُواْ بِـَٔايَٰتِي ثَمَنٗا قَلِيلٗا﴾، وە بەئایەتەکانی من مەکڕن بۆ خۆتان پوڵ و پارە و ماڵ و دەستکەوتێکی کەم، وە ئایەتەکانی من مەگۆڕنەوە بەو شتەکەمەو لەپێناوی ئەو شتە کەمەدا دەست مەنێن بە ئایەتەکانی منەوە، بەم ڕەنگە بڕوایان پێنەهێنن.

ئەم بکڕانە زۆرتر زانا و پیاوە ئایینیەکانیان ئەگرێتەوە کەلە پەنای ئایینداا ڕێزو سەرۆکایەتیان هەبوو، وە بەناوی ئایینەوە خزمەتی زۆر ئەکران و دەستکەوتیان ئەبوو بە دیاری بۆ بردن و بەرتیل، بۆ ئەوەی بە ئارەزووی ئەوان فتوایان بۆ دەرکەن، وە مانەوەی ئەوانە لەدەستیان بەوە ئەبوو کە بڕوایان نەهێنایە و بەرگری گەلەکەیان بکردایە لەبڕوا هێنان بە ئیسلام، چونکە ئیسلام دژی بەرگری کەرە لەو جۆرە شتانەو لە هەموو شتێکی ناڕاست و ناڕەوا، وە بێگومان ئەو دەستکەوتانە شتێکی کەمو کوڕو بێنرخن و ماوەکەیان زۆر کەمە، بەڵکو ئەگەر مەبەست ئەوەش بێهەر کەمەکاتێ بەراوورد بکرێ لەگەڵ بڕوا بە ئایەتەکانی خواو سەرەنجام و پاداشتی ئەو بڕوایە لای خواو لە ڕۆژی دواییدا، بێگومان هەرکەسێ کڕین و ئاڵو گۆڕی وا ناکات لەبەرئەوە ئەفەرموێ: ﴿وَإِيَّٰيَ فَٱتَّقُونِ﴾ وە هەر لەمن بترسن و خۆتان بپارێزن، بە بڕوا هێنان و شوێنکەوتنی هەق و ڕاستی و ڕوو وەرگێڕان لەو کڕین و گۆڕینەوەی کە باسکراوە.

یەکێتر لە کردەوەی پیسی ئەو جوولەکانە ئەوەبوو کە دەستیان خستە نامەکەیان و قسەو ڕای خۆیانیان تێکەڵکردو نووسیانەوە لەگەڵ فەرموودەکەی خوادا، بەهۆی ئەوەوە

هەق‌و ناهەقیان تێکەڵ ئەکردو سەریان ئەشێواند لە مەردوم، وە هێندێ شتیان ئەشاردەوە‌و دەریان نەئەخست، بەم ڕەنگە ئەیان وت: شتی وامان لە تەوراتدا نەدیوە، یان هەر ئەیان سڕییەوە، یان ئەیان گۆڕی بە پێچەوانەی فەرمان‌و فەرموودەکەی خوا، ئەوشتانەش وەک سیفەت‌و ناونیشانی پێغەمبەر (ﷺ) کەلە تەوراتدا هاتبوو، وە قورئانیش هەواڵی دابەوە، وە هەروەها ئایەتی ڕەجمی زینکەرو چەند شتی تریش، ئەو کردەوە پیسەشیان بۆ ئەوەبوو کە بەرگری مەردوم بکەن لە ئیسلام، وە گومان‌و دوو دڵی‌و بێئارامی بخەنە ناو ڕیزو دڵ‌و دەروونی موسڵمانان، وە ئەو سەر تێکدان‌و سەر شێواندنە هەمیشە پیشەی جوولەکە بوو هەر بەردەوامیشن لەسەری‌و بەهەر جۆر بۆیان بکرێ ئەیانەوێ کۆمەڵ‌و ڕیزی موسڵمانان تێک بدەن، ئینجا ئەو قورئان بێئابڕوو شەرمەزاری کردن‌و ئەو کردەوە پیسەیدا لەڕوویان و بە تەشەر لێدانەوە خستییە پێش چاویان‌و جڵەوگیری لێی‌و فەرمووی: ﴿وَلَا تَلْبِسُوا۟ ٱلْحَقَّ بِٱلْبَٰطِلِ﴾ حەق تێکەڵی بەتاڵ مەکەن‌و حەق مەشێوێنن بە بەتاڵی خۆتان ﴿وَتَكْتُمُوا۟ ٱلْحَقَّ﴾ وە حەق مەشارنەوە ﴿وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ لەکاتێکدا کە ئێوە زانان، وە کارو کردەوەی ناڕاست‌و ناڕەوا شایستەی زانا نییە، یالە کاتێکدا کە ئێوە ئەزانن کردەوەکەتان بەو جۆرەیەو ناڕاست‌و ناڕەوایە، وە بێگومان پیس ترین کردەوەی خراپ ئەوەیە کە بەدەستی ئەنقەست‌و بەزانینەوە بکرێت، ئینجا بانگیان ئەکات کە بێتە ڕیزی بڕوادارانو تێکەڵی کۆمەڵیان ببن، وە واز بێنن لەو دوورە پەرێزی‌و ڕەگەزپەرستییە، ئەفەرموێ: ﴿وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ وە بەڕێک‌و ڕاستی نوێژی موسڵمانان بەجێ بهێنن، وە ئەو زەکاتە بدەن کە ئەوان ئەیدەن ﴿وَٱرْكَعُوا۟ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ﴾ وە ڕکوع بەرن لەگەڵ ڕکوع بەراندا پێکەوە بە کۆمەڵ، واتە نوێژی بکەن کە ڕکوعی تێدابێت‌و بە جەماعەتیش بکرێت نەک وەک نوێژی خۆتان ـ واتە جوولەکەـ کە ڕکوعی تیا نییەو تەنها یەکە یەکە ئەیکەن، ئینجا سەرزەنشتیان ئەکات بەمەی کە خۆیان بانگی بت پەرستەکان ئەکەن بۆ بڕوا هێنان بە ئایینی خوا کەچی بەرگری گەل‌و کۆمەڵی خۆیان ئەکەن لەبڕوا هێنان بە ئایینی خوا ـ واتە ئیسلام کە بڕوای هەیە بە تەورات‌و بەڕاستی دانەنێ ـ وەک بەدرێژی باسمانکرد، یا بە دزیەوە فەرمانیان ئەدا بە هێندێ کەس بە موسڵمان بوون، یان بە چاکەو خێرو دەست گیرۆیی کەچی خۆیان ڕەفتاریان پێنەئەکرد،

﴿ أَتَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ ٱلْكِتَٰبَ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٤٤﴾

وه بۆ سەرزەنشت کردن‌و سەرسوڕهێنان لەو کردەوەیانە ئەم شێوە پرسیارەیان ئاڕاستە ئەکات: ﴿أَتَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبِرِّ﴾ ئایا ئێوە فەرمان ئەدەن بە مەردوم بە چاکە ﴿وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ؟﴾ وە خۆتان لەبیر نییەو وازی لێ ئەهێنن؟ ﴿وَأَنتُمْ تَتْلُونَ ٱلْكِتَٰبَ﴾ لە کاتێکدا کە ئێوە نامەی خوا ئەخوێننەوە کە فەرمانتان پێ‌ئەدات بە پەیڕەوی ئایینی خوا بە ڕاستی‌و ڕێگەی ڕاستی خوای نیشان داون، ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ دەی ئایاهێوەژیرنین‌وتێ‌ناگەن لە خراپی ئەو کردەوەتانە؟! واتە کردەوەکەتان دژو پێچەوانەی نامەی خوایەو دژو پێچەوانەی ژیرییە، کەواتە ئەوپەڕی گرتووە لە خراپی‌و ناشایستەییدا.

ئەم ئایەتە هەرچەند لە یەکەم جارەوە هاتە خوارەوە دەربارەی ئەو یەکەم تاقمە لە جوولەکە، بەڵام تایبەتی نییە بەوانەوە‌و بەو چەرخ‌و کاتەوە، بەڵکو بۆ هەموو کەسە ـ بە تایبەتی پیاوانی ئایینی ـ وە هەیشەییە هەتا هەتایە، بەڕاستی دەردی بێ‌دەرمان‌و کوشندە ئەوەیە کە پیاوانی ئایینی ئایینەکەیان بکەن بە پیشەسازی‌و هۆی ژیان‌و دەستکەوتی پوول‌و پارە‌و دارایی‌و سامان، جا ئەو حەلە بەدەم شتێ ئەڵێن کەلە دڵیاندا نییە، فەرمان ئەدەن بە چاکە‌و خۆیان نایکەن، لەخراپە‌و خۆیان ئەیکەن، وە فتوای ناهەق ئەدەن‌و بەدیمەن ڕێکی شەرعی ئەکەن‌و لەڕووی ڕاستیدا دژی ئایینی خوایەو زۆر دوورە لێیەوە، وە بەهۆی ئەوەوە دوور ئەکەونەوە لە خواو خۆیان نزیك ئەخەنەوە لە ستەمکاران‌و دوژمنانی خواو ئایینی خوا.

ئەو دەردە سەختە بەرهەم‌و سەرەنجامی پیسی ناگەڕێتەوە تەنیا بۆ ئەو پیاوە ئایینیانە، بەڵکو ڕوو ئەکاتە ئایینەکەی خواو نرخ‌و ڕێزی ناهێڵێ لە دەروونی مرۆڤدا، وە مەردوم بێبڕوا ئەکات بەئایین، وە هیچ نرخ‌و ڕێزێ ناهێڵێ بۆ هیچ قسەیەکی ڕاست‌و هیچ پیاوێکی ڕاست، کە پڕ بە دڵ ئەیەوێ ئامۆژگاری بکات‌و بەندەکانی خوا بانگ بکات بۆلای خواو ئایینی خوا.

وَٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ ۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ ﴿٤٥﴾ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿٤٦﴾ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتِىَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ

ئەم سەرزەنشتە سەختانە پوو ناکەنە فەرماندان بە چاکە، بەڵکو پوو ئەکەنە کۆکردنەوەی لەگەڵ بەشی دووەمدا کە بریتییە لە جوڵانەوەو ڕەفتارکردنیان بە پێچەوانەی فەرمان دانیان بەمەردوم، ئەگینا هەرچەند خۆیان بەد کردارو بەد ڕەفتار بن فەرماندانیان بەچاکە شتێکی پەسەندو پێویستە هەڵسانە بە شتێ کە ئیسلام پێویستی کردووە لەسەر هەموو کەسێ بە هەموو هێزو توانا، وە ئەم ئایەتە بەهیچ جۆر ناکرێ بە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە مەردومی خراپو بەد کردار نابێ ئامۆژگاریو فەرمان بە چاکەو بەرگری لە خراپە بکات، وەک هێندێ بە هەڵە ئەوەیان وتوە! بێگومان یەک خستنو ڕێککردنی وتارو کردار هەروا شتێکی سووکو ئاسان نییە، وە ڕێگەیەکی تەختکراوو بێگرێ نییە، بەڵکو پێویستی هەیە بەڕام کردنو ڕاهێنانی دەروون (نفس)، وە پێویستی هەیە بە پەیوەستی بەیادی خواو داوای یارمەتیو کۆمەکی خوا، جا لەبەر ئەوە قورئان تەمێی ئەو جوولەکانەی یەکەم جاری کرد، وە هەروەها لەپەنای ئەواندا هەموو مەردومێک تەمێ ئەکاتو بانگی ئەکات بۆ کۆمەکی وەرگرتن بە سیفەتی ئارامو خۆگری، وە بەنوێژ، فەرمووی: ﴿وَٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ﴾ وە کۆمەکی داوا بکەن بە خۆگریو بە نوێژ، داوای یارمەتیو کۆمەکی بە خۆگری زۆر جار هاتووە لە قورئاندا، چونکە بەڕاستی ئەم سیفەتی خۆگرییە تووێشوویەکی بەهێزو پێویستە بۆ بەرەنگاری هەموو ناڕەحەتیو زەحمەتێ، وە ناڕەحەتی یەکەم لەسەر دەروون (نفس) واز هێنانو دەست بەردارییە لەسەرۆکایەتیو سەرکردایەتیو سوودو بەرژەوەندیو سامانو دەستکەوت، وازهێنانو دەست بەردار بوون لەمانە لەبەر ڕاستیو لە پێناوی ڕاستیدا (لەبەر حەقو لە پێناوی حەقدا)، ئینجا با بزانین کۆمەکی وەرگرتن بەنوێژ چۆنەو چییە؟ بێگومان نوێژی ڕاستەقینە پەیوەندی بەندەیە بە پەروەردگاریەوەو گەیشتنی دڵیەتی پێی، وە ئەوەش نوێشووی دڵەو مایەی هێزو دامەزراویو زاڵبوونە بەسەر هەموو ناڕەحەتیەکدا، پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) کەدڵو دەروونو گیانی پیرۆزی پەیوەست بوو بە خواو بە سروشی (وحی)

خواوه، هەرکاتێ ناخۆشی و ناڕەحەتییە ڕووی تێبکردایە پەلاماری نوێژی ئەداو نوێژی ئەکرد بەهۆی ئارام و شادمانی دڵی و تیماری هەموو زامێکی.

(ئیبن و عەباس) –خوا لێیان ڕازی بێ– لەسەفەرێکیدا هەواڵی مردنی (قثم)ی برای پێدرا، ئەویش فەرمووی: ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ﴾ لەپاشا لەوڵاخەکەی دابەزی، وەلە ڕێگەکە لای داو دوو ڕکات نوێژی کردو درێژەی پێدا، ئینجا هەڵسا و چوو بۆلای وڵاخەکەی و ئەم ئایەتەی خوێندە: ﴿وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ﴾ وە بێگومان کۆمەکی وهرگرتن بە خۆگری و نوێژەیان هەر نوێژ قورس و گرانە لەسەر هەموو کەس ﴿إِلَّا عَلَى الْخَاشِعِينَ﴾ مەگەر لەسەر لە خوا ترسەکان کە دەروونیان ملکەچ و ساموبیمی خوای تیا جێگیرە، لەسەر ئەمانە گران نییە و بەڵکو خۆش و بەلەزەتە چەند دڵیان بەستراوە و خەریکە بە یادی خواوە، کە تەنها بە یادی خوا دڵ ئارام پەیدا ئەکات، وە هەم ئەمانە بە ئومێدن و چاوەڕوانی پاداشتی گەورەن لای خوا کە هیچ شتێ هاوتای ناکات و شایانە بۆ ئەوەی لەپێناویدا هەموو بارێکی قورس بە سووک تەماشا بکرێ، وەك بەم فەرموودەیە دەست نیشانی بۆ ئەکات: ﴿الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَاقُوا رَبِّهِمْ﴾ واتە ئەوانە کە کەسانێکن بڕوایان هەیە بەمەی کە ئەگەن بە حوزوری خوای خۆیان و ئەگەن بە پاداشتی کردەوەیان لای خوا ﴿وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَاجِعُونَ﴾ وە بڕوایان هەیە کە زیندوو ئەکرێنەوە و ئەگەڕێنەوە بۆلای خوای خۆیان.

وتەی (ظن) کە لەبنەڕەتا بریتییە لە گومانێکی بەهێز، لێرەدا مەبەست بڕواو زانینی تەواوە، وەك لە چەند شوێنێ ترا هەر بەم جۆرە مەبەستە بەکار هێنراوە لە قورئاندا، وە هەروەها لە زامانی عەرەبدا بە شێوەی گشتی بەکارهێنانی ئەم جۆرەو وتەیە ـ وەك زانایان ئەفەرموون ـ بۆ دەست نیشانکردنە بەوەی کەزانین و بڕوای بڕوادار با خەتەرەو خەیاڵی لەگەڵ بێت لە هێندێ جاردا، وە نەگاتە ڕادەی بینین و بیستن هەر باشەو وهرگیراوە لای خوا، لەبەزەیی و میهرەبانی بەزیاد بێت کەشتی ناتەواو وهر ئەگرێ لە بەندەکانی و بە تەواو بۆیان حیساب ئەکات و چاوپۆشی ئەکات لە کەمو کوڕیا ئینجا بانگێ تر ئەکاتە نەوەی (ئیسرائیل) و چاکەو بەهرەی خۆیان بیر ئەخاتەوە و ئەیانترسێنێ لەو ڕۆژی گەڕانەوە و بە خزمەت گەیشتنە، ئەفەرموێ: ﴿يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ﴾ ئەی نەوەکانی (ئیسرائیل) بیربکەنەوەو باسی چاکەو بەهرەی من بکەن کەپشتم بەسەرتاندا،

وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٧﴾ وَٱتَّقُوا۟ يَوْمًا لَّا تَجْزِى نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْـًٔا وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَٰعَةٌ وَلَا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٤٨﴾ وَإِذْ نَجَّيْنَٰكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ يُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ

﴿وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ وە بە تایبەتی باسی ئەوە بکەن کە من باوو پڕۆزی ئێوەم دا بەسەر جیهانیاندا، واتە جیهانیانی چەرخی باوو باپیرە پێشووەکانیان کە خوا بەرزی کردنەوە بەسەر هەموو گەلەکانی چەرخی خۆیاندا بە پێغەمبەرێتی و پادشایەتی و دەسەلآت و زانین و کردەوەی چاک و دادپەروەری و دەستگرتنیان بە ئایین و بەرنامەی خواو هەڵسانیان بە فەرمانی جێنشینی لەزەویدا، وە بێگومان ئەو چاکە و بەهرەیانە مایەی شادمانی و سەربەرزییە بۆ هەموو تیرە و نەوەکانیان، تەنانەت ئەو چینەشیان کە کەوتنە چەرخی پێغەمبەر (ﷺ) بەڵکو هەموو تاقم و چینەکانی دواترین هەتا جیهان جیهانە، ئیتر با خۆشیان بێبەش بن لەو هەموو چاکە و بەهرەیانە، بەڵکو لەپاش لادانیان بوون بە جێگەی دەرکردن و نەفرینی خوا لێیان، کەواتە زۆر پێک و بەجێیە ئەو چاکە و بەهرەی باوک و باپیرە پێشووانە بدا بە ناوچاوانی ئەمانداو بەوە سەرزەنشتیان بکات لەسەر بڕوا نەهێنان و هانیان بدات بۆ بڕوا هێنان و هاتنەوەیان بۆ ناو ڕیزو کۆمەڵی بڕواداران و بۆ ژێر ئاڵا و سەرکردایەتی پێغەمبەرمان (ﷺ) کە نوێنەرو جێنشینی هەموو پێغەمبەرانە ـ درودی خوایان لەسەربێ ـ وە گەرانەوەیان بۆ ئەو ڕیزەی کەبوویان، ئینجا لەگەڵ ئەوەدا ئەیان ترسێنێ لەو ڕۆژەی کە باس ئەکرێت، ئەفەرموێ: ﴿وَٱتَّقُوا۟ يَوْمًا﴾ بترسن و خۆتان بپارێزن لە پرسیارو سزای ڕۆژێ کە ﴿لَّا تَجْزِى نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْـًٔا﴾ هیچ شتێ ناگەیەنێ بە هیچ کەسێتر، وە هیچ تاوان و گوناهێکی لە کۆڵ ناخات و نایگرێتە گەردن بۆی، وە هیچ مافێ کە بەسەریەوە بێت بۆی جێبەجێ ناکات، هەرکەس گوناهو تاوانی خۆی بەملی خۆیەتی و پرسیاری خۆی لێ ئەکرێ، ئەوەش بیروباوەڕێکی گەورەو بەندێکی گرنگی ئیسلامییەو ناو ئەبرێ بە (التبعة الفردية) وە بنەڕەتەکەی لەسەر ئەو زانین و خواهیشت و هەڵبژاردنەیە کە خوا داوێتی بە ئادەمی و ڕێک و ڕاستیشە لەگەڵ دادپەروەریی خوادا، ﴿وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَٰعَةٌ﴾ وە هیچ تکاو لالەیەکی لێ

وەرناگیرێ، واتە ئەگەر هەرکەسێ تکای بۆ بکات تکاکەی وەرناگیرێ ﴿وَلَا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ﴾ وە هیچ پوول‌و پارەو فیداکاری‌و بەدەل‌و بریتییەکی لێ وەرناگیرێ، ﴿وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ﴾ وە ئەوانە سەرناخرێن‌و پەنا نادرێن لە خوا، وە پزگار ناکرێن لە سزای خوا[1]، کەواتە لە هەموو بارو پوویەکەوە نائومێدن لە پزگار بوون، نە پەنا دان‌و بەرگری لێکردن بە زۆرو دەسەلات، وە نە بە تکا بۆ کردن، وە نە بەتکا بۆ کردن، وە نەبەلێ گرتنی بارە قورسەکەیان، وە نەبەبزاردن‌و بەدەل‌و بریتی دان ـ خوا پەنامان بدات لەبەد دەختی ئەو پۆژەـ، جوولەکە لایان وا بوو کەلە جیهاندا هەرخراپەیەك بکەن زیانی نابێ بۆیان لە پۆژی دواییدا، چونکە باوك‌و باپیریان باری گوناهیان لە کۆڵ ئەخەن‌و تکایان بۆ ئەکەن، یا لەو پۆژەیشداـ وەك لەم جیهانەدا ـ بەرتیل‌و بەدەل‌و بریتی کەڵکی هەیەو پزگاریان ئەکات لە سزاو تۆڵە، ئینجا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە دەم کوتی کردن‌و دای لە دەماخیان، موعتەزیلەو چەند کەسێ تر لە کۆن‌و تازەوە کە شوێنی ئەوان کەوتوون، لایان وایە تکاو شەفاعەت بۆ گوناهە گەورەکان نابێ‌و دەست نادات لە پۆژی دواییدا، وە بەڵگەشیان ئەم ئایەتەیە، وە کۆپو جەماوەری ئوممەت لەسەر ئەوەن کە تکاو شەفاعەت هەیە بۆ گوناهباران، با خاوەنی گوناهە گەورەکانیش بن، بە مەرجێ بپوادار بێ‌و بە بپوادارییەوە بمرێ، بەڵام بەبێ خیلاف‌و دووبەرەکی هەرکەسێ بەبێ بپوایی بمرێ ئەو کەسە بێ بەشە لە تکاو شەفاعەت چ بۆ بێ بپواییەکەی، وە چ بۆ هەر گوناهێتر، جا بۆ ئەوەی مەسەلەکە بە جوانی دەرکەوێ پێویستە لە پێشەوە بزانین مەبەست لە شەفاعەت چییە؟ ئینجا پاش ئەوە ئەکۆڵینەوە لە بەڵگەی هەردوولا، تکاو شەفاعەت ئەگەر بریتی بێ لەوەی کەلەم جیهانەدا هەیە، بەم پەنگە کاربەدەست بپیاری تۆڵەو سزای تاوانبارێك ئەدات، لەپاشان تکاکارێ داوای لێ ئەکات تا پەشیمانی ئەکاتەوەو ئەو نیازو بپیارەی کە داویەتی پێی ئەسپێتەوە.

ئەگەر مەبەست بە شەفاعەت ئەوەبێت بێگومان هیچ بپوادارێ ناتوانێ شتی وا پەوا بدات، چونکە بەهیچ کلۆجێ نیازو بپیاری خوا ناگۆپرێ‌و ناگونجێ پەشیمان بوونەوە پوو

---

[1] ئەم تەفسیرە لەسەر ئەوەیە کە پاناو لە هەردوو (منها)دا بکەپێتەوە بۆ (نفس)ی دووەم کە بەم جۆرە باشتر ئەپێتە دڵەوە، وە بەدوو جۆری تریش تەفسیر کراوەتەو: یەکەم: بگەپێتەوە بۆ (نفس)ی یەکەم. دووەم: یەکەم بۆ یەکەمو دووەم بۆ دووەم.

بکاتە خوا، وە ئەگەر بڕیتی بێ لە نزاو تکاو لاڵە لە خوا بۆ بەجێ هێنانی مەبەستو داواکراوی تکاکارەکەبێ، بێ ئەوەی بزانێ نیازو بڕیاری خوا چۆنە، وە لەگەڵ ئەوەدا بزانێ کە خوا چۆنی بڕیار دابێ هەر ئەوە ئەبێو بەڵام خوا تکای تکاکارەکەی کردووە بە هۆی بەجێهێنانی بڕیارەکەی خۆی، وە بێگومان ئەوەش ڕێز گرتنی تکاکارەکەی تیایە، ئەگەر بەم جۆرە مەبەست بێت ئاشکرایە کە ئەوە ڕێکو ڕەوایەو هیچکەس ڕێگەی نییە بە ناڕەوای دابنێ، وە کۆڕو جەماوەری ئەم ئوممەتە هەر بەم جۆرە ڕەوای ئەدەنو بڕوایان بە بوونی هەیە، ئینجا بەڵگەی ئەوانە کە بڕوایان بە شەفاعەت نییە ئەم ئایەتی ئێرەیە وەک وتمان، بەڵام ئەوە نابێ بەبەڵگە لەسەر قسەکەیان، چونکە:

١- ڕۆژی دوایی دوورو درێژەو چەند ڕووداو هەڵوێستی جۆر بەجۆرو جیاوازی تێدا هەیە، کەواتە هەڵ ئەگرێ ئەو وەرگرتنی تکایە لە یەکەم جارەوە بێت تا ئێزن دەرئەچێو ڕێی تکا کردن مەرەخەس ئەکرێ.

٢- ئەو وەرنەگرتنە تایبەتییە بێبڕواکانەوە لەبەر ئەم خاڵانەی کە دێن:

أ- ئەم ئایەتە لەبارەی جوولەکەوە هاتو ئاڕاستەی ئەوان کراو دەم کوتی ئەوانی پێکراوە.

ب- خوا فەرمان ئەدا بە پێغەمبەر (ﷺ) کە داوای سڕینەوەو لێبوردن بکات بۆ بڕوا داران.

ت- بێبڕواکان بەداخو هەناسەی سارد‌ەوە ئەڵێن: ﴿فَمَا لَنَا مِن شَٰفِعِينَ ﴿١٠٠﴾ وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ ﴿١٠١﴾﴾ ئێمە نە تکاکارمان هەیەو نەدۆستێکی دڵگەرم، کەواتە وا وەرئەگیرێ کە بۆ بڕواداران تکاکارو دۆستی دڵگەرم هەیە.

٣- ئەم ئایەتە تایبەتییە بەو کەسانەوە کە خوا ئیزن نەدا بە تکاکردن بۆیان، وەک وەرئەگیرێ لەدیمەنو ڕوالەتی ئەم ئایەتانەوە ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ﴾ ئایا کێیە ئەو کەسەی کە تکا ئەکات لای خوا، مەگەر بە ئیزنو ڕای خوا، واتە هیچکەس ناتوانێ تکا بکات لای خوا تا خوا ئیزن نەدات، لەدوای ئیزنی خوا تکا ئەکرێت ﴿لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُۥ﴾ سوودی نابێ تکا کردن لای خوا مەگەر بۆ کەسێ کە خوا ئیزن بدا بۆی، ﴿وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ﴾ مەلائیکەتەکان تکا ناکەن مەگەر بۆ کەسێ کە خوا ڕەزای ببێ، بەڵگەی ئەوانەی کە شەفاعەت ڕەوانادەن تەنیا ئەم ئایەتی ئێرە بوو

بەو لێکۆڵینەوەیە دەرکەوت کە نابێ بە بەڵگە لەسەر ڕاو بڕیارەکان، وە بە بەڵگەو ڕابەری کۆڕو جەماوەری ئوممەتیش بە کورتی ئەم دوو شتەیە کە دێت:

ا- دیمەنو ڕوالەتی ئەم ئایەتانەی کە باسمانکردنو پەکی ئەو تاقمەمان پێخستن.

ب- ئەو هەموو حەدیسە (صحیح)انە کە زۆر بە ناوبانگنو لە پەڕاوە (صحیح)ەکانی حەدیسدا هاتوونو بلاوەیانکردووە لە کتێبە کەلامیەکانداو لەبەر بەناوبانگیان پێویست نییە بە هێنانیان، ئینجا لەسەر ڕای کۆڕو جەماوەری هیچ دڕایەتییە نییە لە بەینی ئایەتو حەدیسەکانداو هەموو دەستە مل ئەبن، بەڵام لەسەر ڕای ئەو تاقمە دڕایەتی پەیدا ئەبێ لەبەینی ئایەتەکەی ئێرەو ئەو ئایەتانەی کە باسمانکردن، مەگەر بە زۆرە ملێ یەك بخرێنو پینە پەڕۆ بکرێن، وە ئەبێ بە هیچ ڕەنگ گوێ نەگیرێ لەو هەموو حەدیسە یا بە جۆرێ پینەو پەڕۆ بکرێن کە دوورە لە ژیرییەوە، کە هەرکام لەم دوو بارە شایانی بڕوا دارو ژیر نین!!

لە پێشەوە بەکورتی باسی چاکەو بەهرەی خۆی کرد بەسەر نەوەو بەرەی ئیسرائیلیەوە، ئینجا بەدرێژیو بە تایبەتی باسیان ئەکات، لەگەڵ هەڵوێستی ناڕەوایان، وە سپڵەییو ناسوپاسیانو لادانیان لە ڕێگە، وە لەناو چاکەو بەهرەکانیدا ڕزگار کردنیان لە تاقمی فیرعەون ئەکات بە یەکەمو سەردەستە ﴿وَإِذْ نَجَّيْنَاكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ﴾ باسی ئەو کاتە بکەنو بیر لەوەبکەنەوە کە ئێمە ئێوەمان ڕزگار کرد لە تاقمە تایبەتیەکانی فیرعەون، لەکاتێکدا کە ﴿يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ﴾ ئەیاندا بەسەرتاناو پێیان ئەچەشتن خراپترینو بەتین ترین سزا، بەم ڕەنگە ﴿يُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ﴾ کوڕەکانتانیان ئەکوشتن بە سەربڕین بۆ ئەوەی بێ هێزو لاواز ببنو لە ڕەگو ڕیشەبێن، وە ئەڵێن: لەخەودا دیبوویان کاهینێ پێی وتبوون کە منداڵێکیان لێ هەڵئەکەوێو ئەبێتە هۆی نەمانی خۆیو پادشاییەتیەکەی ﴿وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ﴾ وە ئافرەتەکانیان ئەهێشتەوە تا ئەرکی سەرشانتان قورس ببێ لە بەخێوکردنیاندا، وە هەم بابمێنن بۆ کارەکەی خۆیان، وە هەم ئەوە ئەوپەڕی سەرشۆڕکردنی تیایەو لەڕێیایەتی.

ئەوەی کە بەسەر باوك‌و باپیرە پێشووەکانیاندا هات ئەخاتە بیر ئەمان لەم ڕووەوە کە ئەمانەی دوایی بەرەو نەوەی ئەوانن، کەواتە هەر ناخۆشیو خۆشییە بەسەر ئەواندا هاتبێ وەك بۆ ئەمانیش بێت هەر وایە،

وَفِي ذَٰلِكُم بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴿٤٩﴾ وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ ٱلْبَحْرَ فَأَنجَيْنَٰكُمْ وَأَغْرَقْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿٥٠﴾ وَإِذْ وَٰعَدْنَا مُوسَىٰٓ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ

ئینجا پێش ئەوەی شێوەی ڕزگار بوونەکە بخاتە پێش چاو ئەفەرموێ: ﴿وَفِي ذَٰلِكُم بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ﴾[1] وە لەو سزانەدا، یا لەو سزاو ڕزگار کردنەدا تاقیکردنەوەیەکی گەورە هەیە لەلایەن پەروەردگارتانەوە، ئەم ڕستەیەی هێنا بۆ ئەوەی بیدا بەگوێی هەرکەسێکدا کە دووچاری ناخۆشیەک هات، ئەوە تاقیکردنەوەیەو با ئاگای لە خۆی بێتو تەمێو تۆێشووی لێ وەرگرێ بۆ جیهان بە تێکەیشتنو زانینو خۆگرتن، وە تۆێشووی لێ وەرگرێ بۆ ڕۆژی دوایی بەنزاو لاڵەو چاوەڕوانی بەزەیی خواو دەروو لێکردنەوەییو پاداشتی ڕۆژی دوایی، وە هەروەها لە خۆشیشدا تەمێو تۆێشوو هەڵگرێ لێی بۆ هەردوو جیهانی بەچاولەبەری بۆ خوا سوپاسو کردەوەی چاک لەبەر خوا تا بەهۆی ئەوەوە بگات بە پاداشتی نەبڕواوە ڕۆژی دوایی، لەپاش نیشان دانی شێوەی سزا سەختەکەیان، ئینجا شێوەی ڕزگار کردنەکەیان ئەخاتە بەرچاو، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ ٱلْبَحْرَ﴾ باسی ئەو کاتە بکەنو بیری لێ بکەنەوە کە ئێمە دەریاکەمان لەتکردو دوانزە شەقاممان تێ خست بۆ ئەمەی بە هەر شەقامێکدا تایفەو بەرەبابێ گوزەر بکات لە دوانزە تایفەو بەرەبابەکانتان.

ئەو گەلە پێکهاتبوو لە نەوەو بەرەی دوانزە کوڕەکەی یعقوب پێغەمبەر (علیه السلام) وە هەر تاقمێ لەوانە ئەیان ویست سەربەخۆو جیاوازبن، لەبەرئەوە خوا ئەوەیشی بۆ کردنو بەو شێوەیە پەراندنییەوە لە دەریاکە، کەوا دەرئەکەوێ ئەم دەریای سوورە، ﴿فَأَنجَيْنَٰكُمْ وَأَغْرَقْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ﴾ واتە ئێوە چوونە سەر شەقامەکانو فیرعەونو کۆمەڵەکەی شوێنتان کەوتنو ئینجا ئێوەمان ڕزگار کردو لەدەریاکە پەڕانمانەوەو فیرعەون کۆمەڵەکەیمان نقوم

---

[1] وشەی ﴿بَلَآءٌ﴾ بە تاقیکردنەوە ئەوترێ وەک لە تەفسیرەکەدا هەڵمان بژاردووە بۆ خۆشیو ناخۆشیش بەکار ئەهێنرێ، جا لەسەر ئەمە ئەگەر ﴿ذَٰلِكُم﴾ دەست نیشان بێت بۆ کردەوەکەی کۆمەڵی فیرعەون، ئەوکاتە مەبەست سزاو ناخۆشی یە، وە ئەگەر دەست نیشان بێت بۆ ڕزگار کردنەکە ئەو حەلە مەبەست خۆشیو بەهرەیە، وە ئەگەر دەست نیشان بێت بۆ ئەوەی باسمان کرد بۆ تاقیکردنەوە ڕێکە وەک بەو شێوەش لە تەفسیرەکەدایە.

کردو کردنمان به ژێر ئاوەکەوە، بەم ڕەنگە ئاوەکەمان وەک خۆی لێکردەوەو هێنامانەوە بەسەر ئەواندا ﴿وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ﴾ لەکاتێکدا کە ئێوە سەرنجی ئەوانتان ئەداو بەچاوی خۆتان ئەو ڕووداوو بەسەرهاتانەتان بینی، بێگومان ئەم بەسەرهات‌و دیتنە بۆ ئەو تاقمەبوو کە لەگەڵ (موسا)دا (علیه السلام) بوون‌و لە چەرخی ئەوا بوون، بەڵام ـ وەک وتمان لەمەوپێش ـ چاکەو بەهرەی باوک‌و باپیر ئەگەڕێتەوە بۆ نەوەو وەچەکانیان‌و هۆی شادمانییە بۆیان، هەرچۆنێ خراپی‌و نالەباریان هەر پرشنگێکی ئەمان ئەگرێتەوەو هۆی سەرشۆڕی‌و غەمو پەژارەیانە، جالەبەر ئەوە لەم بەسەرهات‌و داستانەدا بەدێمەن ڕووداوەت ڕووی فەرموودە ئەکاتە ئەو تاقمو چینەی کەلە چەرخی پێغەمبەردا بوون (ﷺ)، ڕووی فەرموودەیان تێ ئەکات وەک ئەمان ئەو یەکەم تاقمو چینە بن‌و ئەو ڕووداو بەسەرهاتانە بەسەر ئەماندا هاتبێ.

باسی ئەم ڕزگار کردنی (موسا) (علیه السلام)‌و تاقمەکەی، وەخنکاندن‌و نوقم کردنی فیرعەون‌وکۆمەڵەکەی، بەدرێژیی لە سورەتە مەککەییەکاندا هاتووە، کەواتە پێویست نییە بە دووبارە کردنەو، وە لێرەدا هەر مەبەست بێرخستنەوەی گەل‌و کۆمەڵێکە کە ئاگادارن بە قسەو باسەکە، ئیتر ئایا لە سورەتە مەککەییەکان وەریان گرتبێ یا لە کتێب‌و حیکایەت خوانەکانی خۆیانەوە، بێریان ئەخاتەوە بە شێوەی شتێکی بینراو وەک بەسەر خۆیاندا هاتبێ‌و بەچاوی خۆیان دیبێتیان بۆ ئەوەی باش کاریان لێ بکات، ئینجا باسی چەند بەسەرهاتێ تریان ئەکات لەپاش ڕزگار بوونیان‌و دەرچوونیان لە مصر بەسەرکەوتوویی.

خوای گەورە بەڵێنی دا بە (موسا) (علیه السلام) بەوەی تەوراتی بداتێ، وەکاتی بۆ دیاریکرد کە چل شەو بە ڕۆژوو بێت‌و پاش چل شەوەکە تەوراتی بداتێ، ئینجا کە گەلەکەی بەجێ هێشت‌و چوو بەدەم بەڵێن‌و وادەکەیەوە کۆمەڵێکی زۆریان لێ بوو بە گوێرەکە پەرست، وەک درێژیی لە سورەتی ﴿الأعراف﴾‌و ﴿طه﴾ دا باسی فەرموو، وە لێرەدا بێریان ئەخاتەوەو ئەیداتەوە بە ناچاوانیاندا ئەفەرموێ: ﴿وَإِذْ وَعَدْنَا مُوسَىٰ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً﴾ باسی ئەو کاتە بکەن کە بەڵێنمان دابە موسا بە مانەوەی چل شەو کە ڕۆژەکانی بە ڕۆژوو بێت بۆ وەرگرتنی تەورات ـــ مناگی ذوالقعدةو دە ڕۆژی مناگی قوربان ـــ یا مناگی قورئان‌و دە ڕۆژی موحەڕەم، ﴿ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِن بَعْدِهِ﴾ ئینجا لەپاش ڕۆشتنی موسا بەدەم بەڵێنەکەیەوە ئێوە گوێرەکەتان دروستکرد، واتە بۆ ئەوەی بیپەرستن،

وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿٥١﴾ ثُمَّ عَفَوْنَا عَنكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٥٢﴾ وَإِذْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿٥٣﴾ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُم

یا گوێرەکەتان گێڕا بە پەرستراوی خۆتان ﴿وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ﴾ لەکاتێکدا کە ئێوە ستەمکار بوون، بەمەی هاوبەشتان بۆ خوا دانا، یا بەمەی بەرگری (سامری)تان نەکردو بێدەنگ بوون لێی تا ئەوەی کرد کە کردی، واتە ئەگەر ئاوڕێکتان بدایەتەوە بۆلای ژیریی خۆتان ئەتان زانی کە ئەوە ناهەقی و ستەمکارییە. ئایا کێ ستەمکار تر لە کەسێ کە واز بێنێ لە پەرستنی خواو ئامۆژگاری پێغەمبەرەکەی و بچێ گوێرەکەیەك بپەرستێ و بیکات بە هاوبەش بۆ ئەخوایەی کە ڕزگاری کردن لەوگەلە ستەمکارەی کە ئەو هەموو سزای دان، ئەو گەلەی کە گوێرەکەیان زۆر بە پیرۆزو بەڕێز دانەنا، ﴿ثُمَّ عَفَوْنَا عَنكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ﴾ ئینجا لەپاش ئەو ستەمکاری و گوێرەکە پەرستییە لێتان بوردین و ئەو تاوانە گەورەیەمان سڕییەوە لەگەڵێتان ﴿لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ بۆ ئەوەی سوپاسی چاکەو بەهرەی ئێمە بکەن بە سەرتانەوە، چاکەو بەهرەی ئەو لێبوردن و سڕینەوە بەتایبەتی سوپاس بکەن بە دڵ و بە زوبان و بە کردەوەو بەردەوامی لەسەر گوێڕایەڵی و ملکەچی.

وشەی (شکر)بە چەند جۆرێ ڕاڤەکراوە: شێخ جونەیدی بەغدادی ئەفەرموێ: بریتییە لە خۆدانان بە ناتەوانا و دەستەپاچە لە هەڵسان بە سوپاس، شێخی شیلی ئەفەرموێ: بریتییە لە چاوڵەبەری و ملکەچی و پەستی لە ژێر باری منەتی خوادا، (ذوالنون)ی مصری ئەفەرموێ: گوێڕایەڵییە، ﴿وَإِذْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ وە باسی ئەو کاتە بکەن کە بەخشیمان بە موسا تەورات کە کتێبەو جیاکەرەوەی هەق و ناهەقە بۆ ئەوەی ڕێنموونی وەرگرن و لەپاش گومڕایی بکەونە سەر ڕێی ڕاست، ئینجا باسی چۆنێیەتی لێبوردنەکە ئەکات، کە بە شێوەیەکی زۆر سەخت بووە، چونکە ئەو سروشتە ڕوخاو بۆشەی ئەوان ڕێك وڕاست نەئەبووەوە بەوشێوە سەختە نەبێ، وە بەو تەمێ کردنە نەبێ، وە بێگومان ئەوەش چاکەو بەهرەیەکی گەورە بوو بۆ هەمووان، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ﴾ باسی ئەو کاتە بکەن کە موسا وتی بە گەلەکەی، واتە ئەوانەی کە لایان داو گوێرەکەکەی (سامری) یان پەرست ﴿يَٰقَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُم﴾ بێگومان ئێوە ستەمتانکرد لە خۆتان،

بِٱتِّخَاذِكُمُ ٱلْعِجْلَ فَتُوبُوٓاْ إِلَىٰ بَارِئِكُمْ فَٱقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ

﴿بِٱتِّخَاذِكُمُ ٱلْعِجْلَ﴾ بە هۆی گێڕانتان ئەو گوێرەکەیە بە پەرستراو بۆ خۆتان، واتە ئەو تاوانە زۆر زلەتان کرد کە ئەوپەڕی ناڕەوایی بوو، لەباتی پەرستنی خواو لە جێی پەرستنی ئەودا کە هەر ئەو شیاوو شایانە بۆ پەرستن، لەباتی پەرستنی ئەو گوێرەکەتان پەرست کەوێنەو نموونەیە بۆ نەفامی و نەزانی و کەودەنیتان! ﴿فَتُوبُوٓاْ إِلَىٰ بَارِئِكُمْ﴾ کەواتە بگەڕێنەوە بۆ لای کەسێ کە ئێوەی داهێنا و دروستی کردن بە ڕێک و پێکی، وە هەر ئەو بپەرستن، ﴿فَٱقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْ﴾ ئینجا خۆتان بکوژن، ئیتر ئایا تەوبەو گەڕانەوەکەیان بریتی بووبێ لەم کوشتنە، یا بەمە تەواو بووبێ و ئەم کوشتنە نەبوایە تەوبەکەیان وەرنەئەگیرا؟، وە ئایا مەبەست کوشتنی ڕاستەقینەیە وەک کۆڕو جەماوەری لەسەرەو چەند ڕیوایەتێ پێی هاتووە؟ یا مەبەست خۆ سەرشۆڕکردن و هێزو توانا بەختکردنە لە خواپەرستی و گوێڕایەڵیدا تا ڕادەیە نیشانەو دروشمی ئەو گوناهەیان پێوە نەمێنێ وەک هێندێ لە زانایان فەرموویانە؟ بەڵام هیچ پێویست نییە بە لادان لە دیمەن و ڕواڵەتی ئایەتەکە بە تایبەتی کە چەند ڕیوایەتیشی لەسەرە، وە گوناهەکەیان ئەوەندە زل و بێجێبووە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە کە خوا ئەو کوشتنەی کردبێ بە کەفارەت و هۆی سڕینەوەی، وەلەسەر ڕای یەکەم ئایا مەبەست ئەوەیە هەر تاوانبارێ خۆی بکوژێ، یا کۆمەڵی تاوانباران لەناو خۆیاندا یەکتر بکوژن، یا مەبەست ئەوەیە ئەوانەی کە گوێڕایەڵ بوون و لایان نەدا تاوانبارەکان بکوژن بۆ ئەوەی پاک بکەنەوە بەو کوشتنە لە تاوانی گوێرەکە پەرستیەکەیان، وە خۆیشیان پاک بکەنەوە لە تاوانی بەرگری نەکردن و بێدەنگ بونیان لەو تاوانە گەورەی کەلە ناویاندا کرا؟ زۆربە ئەم ڕای سێیەمی هەڵبژاردووە، وەک چەند ڕیوایەتیشی پێیاتووە، کەواتە ئەگەر فەرمانەکە بە تاوانبارەکان مەبەست بە کوشتنی خۆیان ـ کە دیمەنی ئایەتەکە ئەیگەیەنێ ـ ملکەچ بوونیانە بۆ ئەو کوشتنە، وە ئەگەر فەرمانەکە بە گوێڕایەڵەکان بووبێ، ئەو حەلە لەناو بردنیان بە نەفسی خۆیان لەبەر ئەوەیە کە هەموو بڕواداران وەک یەک لەش وان، هەرشتێ ڕووبکاتە هەرکامیان بۆ هەموویان ئەگەڕێتەوە، ئینجا بەتێهەڵکێشی ئەم ڕستەیە ئەهێنێ بۆ هاندانیان لەسەر تەوبەو گەڕانەوە، ئەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ﴾ ئەو گەڕانەوەو کوشتنەی کەباسکران چاکە بۆتان لای دروستکەرو داهێنەرتان،

فَتَابَ عَلَيْكُمْ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٤﴾ وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً

﴿فَتَابَ عَلَيْكُمْ﴾ واتە ئێوەش هەڵسن بەو فەرمانەی پێتاندرا، ئینجا خوا تەوبەو گەڕانەوەکەی لێ وەرگرتن ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ چونکە بەڕاستی هەر ئەوە تەوبە وەرگرو بەزەیی فراوان.

ئەو هەموو موعجیزەو بەڵگەو نیشانە پووناندەو ئەو هەموو چاکەو بەهرە گەورەیانەو ئەو سرێنەوەی تاوانو لێبوردنە، ئەو سروشتەی ئەوانی نەگۆڕی، وە ئەو دڵو دەروونە ڕەقو تەقو سەرکێشیەی ئەوانی نەرمو پاراو نەکرد، وە بەو هەموو شتە گەورەو گرنگە بڕوایەکی دامەزراوی بێگیرو گرفتی تیا فەراهەم نەهێنان، چونکە سروشتیان تێکچووبوو، وە دەماری پیاوەتیو ڕەوشتی شیرینی ئادەمێتیان شل بوو، وە ژیرییان لە کار کەوتبوو لەژێر باری ئەرکو مەینەتو شیلاقو قەمچی لەو ماوە دوورو درێژەی کە بەسەریان برد بە ژێر دەستەیی و بەسەر شۆڕیی لە چەرخی فیرعەونو گەلە ستەمکارەکەیان، وە هەرکەس دەق بگرێ بەو جۆرە ژیانەوەو بەو شێوە پەروەردە ببێ، ئەو کەسە لەگەڵ باری لە کۆڵ بخرێو قەمچی لەسەر هەڵگیرێ یاخی ئەبێتو لەخۆی ئەگۆڕێ، وە لەگەڵ خرایە ژێر بارو قەمچی لێ بەرزکرایەوە بەزەیوونی و سەرشۆڕی وەک مردوو ئەکەوێ لە ژێر دەستی زۆرداردا، جا لەبەر ئەو سروشت تێکچوونەیان داوایانکرد لە موسا پێغەمبەر (علیه السلام) خوایان بەئاشکرا نیشان بدات ئەگینا بڕوای پێناهێنن، وە لە هەموو شت سەیرتر ئەویە ئەو داواکەرانە حەفتا کەس بوون لەوانەی کە موسا هەڵی بژاردن بۆ ئەوەی بچن بەدەم وادەی خواوە بۆ کێوی (طور)، وە لەگەڵ ئەوەدا لەوەشیان بوردو سزای لەسەر لابردنو کەچی هەر نا سوپاسییان کرد!! ئینجا ئەوا خوا ئەمانیشی دانەوە بەناو چاوا، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قُلْتُمْ﴾ بیر بکەنەوەو باسی ئەوکاتە بکەن کەوتتان ﴿يَٰمُوسَىٰ﴾ ئەی موسا ﴿لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً﴾ هەرگیز ئێمە بڕوا ناهێنین لەبەر قسەی تۆو دان نانێین بە تۆدا لەوەی کە خوا تەوراتی پێبەخشیوی، یا خوا قسەی لەگەڵ کردیو فەرمانی پیادای، بێگومان ئەوانە بڕوایان بووبە موسا لەوەوپێش، کەواتە مەبەست بڕوا نەهێنانیانە بەوەی کە وتمان، یا بڕوای تێرو تەواو بەبێ دوو دڵی و گیرو گرفت، بەهەرکام مەبەست بووبێ بیانوویان ئەمە بوو وتیان: ﴿حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً﴾! هەتا خوا نەبینین بە ئاشکراو بەچاوی سەرمان

فَأَخَذَتْكُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿٥٥﴾ ثُمَّ بَعَثْنَٰكُم مِّنۢ بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٥٦﴾
وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ ۖ كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ ۖ وَمَا
ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٥٧﴾ وَإِذْ قُلْنَا ٱدْخُلُوا۟ هَٰذِهِ ٱلْقَرْيَةَ فَكُلُوا۟ مِنْهَا حَيْثُ
شِئْتُمْ رَغَدًا وَٱدْخُلُوا۟ ٱلْبَابَ سُجَّدًا وَقُولُوا۟ حِطَّةٌ نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَٰيَٰكُمْ ۚ

﴿فَأَخَذَتْكُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ﴾ بەهۆی ئەو سەرکێشی و قسەو داوا ناڕەواتانەوە ئەو هەورە بریشقەو ئاگرە داگیریکردن تا سوتاندنی، یا بومەلەرزەو شاخەو شریخەیە داگیریکردن تا مراندنی ﴿وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ﴾ لەکاتێکدا کە ئەتان پوانی و بەچاوی خۆتان ئەو بەسەرهاتانەتان بینی، یا نیشانەو دروشمێ کەلە پاشا مایەوە ﴿ثُمَّ بَعَثْنَٰكُم مِّنۢ بَعْدِ مَوْتِكُمْ﴾ ئینجا لەپاشدا زیندووومان کردنەوە لەپاش مردنتان ﴿لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ بۆ ئەمەی سوپاسی چاکەی خوا بکەن کە زیندووی کردنەوە لەپاش مردن، یا چاکەی لەپاش سپڵەیی و ناسوپاسیتان.

ماوەی ئەو مردنەیان شەوو ڕۆژێ بووبێ یا هەرچەندو لەپاشدا زیندوو کردنەوەیان بۆ خوا هیچی تێناچێ و هیچ زیرێ نابێ سەری لێبکاتەوە، هەرهیچ نەبێ بیر لەوە بکرێتەوە کە زۆر کەس دووچاری وەستانی دڵو سەکتە ئەبنو لەپاشا چاك ئەبنەوە، ئینجا چاکەو بەهرەیە تریان بیر ئەخاتەوەو کەچی پاش ئەوەیش هەرچاو لەبەر نەبوون، ئەفەرموێ: ﴿وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْغَمَامَ﴾ وە هەوری تەنك و فێنکما کرد بە سێبەر بە سەرتانەوە، بۆ بەرگری گەرمای خۆر لە کاتی گەڕان و مانەوەتان لە دەشتو بیابانی بەینی شامو مصردا، ئیتر ئەوە لەو کاتەدا بووبێ کەلە دەریاکە پەڕینەوەو ڕێیان کەوت لە دەشتو بیابانێکی وشك و گەرمی بێ ئاوو سێبەر، وەك هێندێ ئەفەرموون: یا ئەو بەهرەیە لەپاش ئەوە بووبێ کە مل پێچیانکرد لەجەنگکردن لەگەڵ ئەو ستەمکارانەی کە موسا (علیه السلام)، فەرمانی پێدان، وە وتیان پێی بڕۆ تۆو خواکەت جەنگیان لەگەڵ بکەن، ئێمە لێرەدا دانیشتوین، ئینجا خوا تۆڵەی ئەوەی لێ سەندن بەوەی چل ساڵ شارەکەی لێ قەدەغە کردنو لەو ماوەدا بگەڕێن بەسەرگەردانی و بمێننەوە لەو دەشتو بیابانەدا، وەك زۆربە ئەفەرموون بە هەرکام خوا میهرەبانی لەگەڵ کردنو بەو جۆرە بەرگری گەرمای لێکردن وە خۆراکی پاك و خاوێنیشی بۆ

سازدان بەم جۆرە کە ئەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَىٰ﴾ وە باراندنمان بەسەرتانا گەزۆ شەلاقە، کە پەلەورێکی گۆشت خۆشە، ئەم دوو خۆراکەی بۆ فەراهەم هێنان بەبێ ئەرک و مەینەت، بەڵکو بەم جۆرە کە ڕیوایەتکراوە ڕۆژ ئەبووەوە تا خۆر کەوتن گەزۆ ئەبای و وەک تەم داگیری ئەکردن، وە ئەو پەلەوەرەشیان بۆ ئەهات، هەرکەس ئەندازەی خۆی لێ ئەگرتن کە بەسی بوایە تا ڕۆژی دواتر، وە هەروەها بۆ هەموو ڕۆژێ، ﴿كُلُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾ وە پێمان گوتن: بخۆن لەوخۆراکەخۆش وپاکانەی کەپێماندان وکردمان بە ڕۆزیتان، بەڵام ئەوانە سپڵەو ناسوپاس بوون و مل پێچیانکرد لە فەرمان، ﴿وَمَا ظَلَمُونَا﴾ وە بەوە هیچ ستەم و دەست درێژییان نەکرد لە ئێمە ﴿وَلَٰكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ بەڵکو ستەم و دەست درێژییان لە خۆیانکرد، چونکە زیانی بەد کردارییەکەی خۆیان گەڕایەوە و خۆیان زیان باربوون، ئینجا لەسەریان ئەڕواو کردەوەی خراپی خۆیان و بەهرەی خوا ئەدات بە ناوچاویاندا، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قُلْنَا ادْخُلُوا هَٰذِهِ الْقَرْيَةَ﴾ بیر بکەنەوە و باسی ئەوکاتە بکەن کە گوتمان پێتان: بچنە ناو ئەم شارە، واتە شاری (قدس) کەلە پاش دەرچوونیان لە مصر خوا فەرمانی پێدان لەسەر زمانی موسا کە بچنە ناوی، وە گەلی (عمالقة)ی لێ دەرکەون، ئینجا ئەوانیش مل پێچیانکردو نەچوون، وەک دەست نیشانمان بۆ کرد لە تەفسیری ئایەتی پێشوودا، ئینجا لەو ماوەی چل ساڵەدا تاقمێکی تازە پەیدا بوون بەسەرکدرایەتی ــ یوشەعی کوڕی نون ــ پاش وەفاتی موسا (علیه السلام) هاتن و شارەکەیان گرت، بەڵام لەم جارەشدا هەر نافەرمانی و نالەباریان بەکارهێنا، وەک: دەرئەکەوێ لە گێڕانەوەی داستانەکەوە ﴿فَكُلُوا مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ رَغَدًا﴾ ئینجا بخۆن لێی لە هەرشوێنێ ویستتان، بە لێشاوو فراوانی و بەئارەزووی خۆتان ﴿وَادْخُلُوا الْبَابَ سُجَّدًا﴾ وە بچنە قاپیەکە بە مل کەچییەوە بۆ خوا، یا لەپاش چوون سوجدە ببەن بۆی لە سوپاسی ئەوەی کە ڕزگاری کردن لەسەرگەردانی و زاڵی کردن بەسەر دوژمنداو شادی کردن بەو شێوەی کە پێتان خۆشە، ﴿وَقُولُوا حِطَّةٌ﴾ وە بڵێن: مەسەلەی ئێمە، یا کاری تۆ ئەی خوای ئێمە ئەوەیە کە گوناهو تاوانمان لابەری و بیسڕیتەوە لێمان، ئێوە بەو شێوە بچن و ئەوە بڵێن ﴿نَغْفِرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ﴾ ئێمە ئەبورین لێتان و گوناهو تاوان و هەڵەکانتان دائەشارین وئەیان سڕینەوە،

وَسَنَزِيدُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٨﴾ فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ قَوْلًا غَيْرَ ٱلَّذِى قِيلَ لَهُمْ فَأَنزَلْنَا عَلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ رِجْزًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿٥٩﴾

﴿وَسَنَزِيدُ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ واتە ئەوانەتان کە خراپن هەڵەو تاوانەکانتان ئەسرینەوە، وە ئەوانەتان کە چاکو چاکەکارن ئەمرۆ پاداشتتان زیاد ئەکەین ﴿فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ قَوْلًا غَيْرَ ٱلَّذِى قِيلَ لَهُمْ﴾ واتە ئینجا ئەوانەی کە ستەمکار بوون بە پێچەوانەی فەرمان جوڵانەوە، بەم ڕەنگە بە شێوەیە تر چوونە ژوورەوە دژو جیاواز لەو شێوەی کە فەرمانیان پێدرابوو، وە ئەو وتەی کە پێیان وترا گۆڕ یان بە وتەیە تر جیاواز لەو، وەک ئیمامی (بوخاری)و (موسلیم)و (تیرمزی) ئەفەرموون‌و حەدیسێ ئەهێنن لە (ئەبو هورەیرە) وە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: گوترا بە نەوەی (ئیسرائیل) بچنە قاپیەکە بە ملکەچی‌و سوجدە بردنەوە، وە بڵێن: کاری ئێمە سڕینەوەو لابردنی تاوانە لێمان ئەی خوایە، ئینجا ئەوانیش بە پاشەڵپاش چوون‌و وتەکەشیان گۆڕی‌و وتیان: (حطة): حبة في شعرة... واتە بە لاقرتییەوە وتیان: داوای دانەوێڵەیەکت لێ ئەکەین لەمو ﴿فَأَنزَلْنَا عَلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ رِجْزًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ﴾ ئینجا ئێمەش هێنامانە خوار بەسەر ئەوانەی کە ستەمکار بوون سزایەک لە ئاسمانەوە بەهۆی دەرچوونیان لە فەرمانمان بەو کردەوەو گۆڕینی وتەیە کە باسکران، ئەو سزایەش تاعوون بوو(٢٤٠٠٠)بیست‌وچوارهەزاریان(٧٠٠٠٠)حەفتاهەزاریان پێمرد، یاهەرسزایە تر.

ئەم ڕووداوە هەرچەند لە دواتردا ڕوویدا پاش ڕووداوەکانی تر کەلێرەدا باسکراون لەپێش‌و لەپاشی ئەمەوە، چونکە ئەوانی تر لە چەرخی (موسا)دا (علیه السلام) ڕوویانداوە ئەمەیان پاش وەفاتی، هەرچەند شتەکە بەو جۆرەیە، بەڵام وەک یەک‌و لەسەر یەک بارو شێوە دران بەناوچاوی هەموو تیرە‌و بەرەی (ئیسرائیل)دا بەتایبەتی ئەو یەکەم چین‌و تاقمەی کە یەکەم جار ئەم قورئانەی چوو بە گوێچەکەدا، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە مێژووی هەموو تاقم‌و چینەکانیان هەر یەک شتە، کۆنێ وەک تازەی وایە، وە ناوەندی وەک ئەم لاو ئەولای وایە... هەمووی مل پێچییە‌و لادانەو چاخی بوون‌و نا فەرمانییە!

﴿ وَإِذِ ٱسْتَسْقَىٰ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ فَقُلْنَا ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْحَجَرَ ۖ فَٱنفَجَرَتْ مِنْهُ ٱثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا ۖ قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ ۖ كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ مِن رِّزْقِ ٱللَّهِ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٦٠﴾ وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَٰحِدٍ فَٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلْأَرْضُ مِنۢ بَقْلِهَا وَقِثَّآئِهَا وَفُومِهَا

ئینجا چاکه وبەهرەیە تریان بیر ئەخاتەوە کە کردی دەربارەیان لەو دەشت و بیابانەدا، ئەوەش ئەمە بوو هەر چۆنێ بەبێ ئەرك و زەحمەت ئەو خۆراکە پاك و خاوێنەی بۆ سازاندن کەباسکرا، هەروەها ئاوی پاك و خۆش گەواریشی بۆ فەراهەم هێنان بە شێوەی موعجیزە لەسەر دەستی (موسا)دا (علیه السلام) وەك ئەو هەموو موعجیزانەی تر کە لەسەر دەستیدا بینیان، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذِ ٱسْتَسْقَىٰ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ﴾ باسی ئەو کاتە بکە ئەی پێغەمبەر، یا باسی ئەو کاتە بکەن ئەی نەوەی (ئیسرائیل) کە (موسا) داوای ئاوی کرد لە خوا بۆ خواردنەوە و ئاوداشتی گەلەکەی، ﴿فَقُلْنَا ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْحَجَرَ﴾ ئینجا ئێمەش گوتمان پێی بەمەی بە گوێچانەکەت بدە لە بەرد ئیتر هەر بەردێ ببێ، یا بەردێکی تایبەتی بووبێ، واتە بدە لەبەرد بۆ ئەوەی ئاوی لێ هەڵقوڵێ، ئینجا ئەویش لێی داو بە هۆی ئەوەوە بەردەکە دوانزە درزو کونی تێ بوو ﴿فَٱنفَجَرَتْ مِنْهُ ٱثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا﴾ ئینجا دوانزە کانی لێ هەڵقوڵا بە پێی ژمارەی دوانزە بەرەو نەوەکانی ئیسرائیل کە هەریەکێ لەوانە لە نەوەی یەکێ لە دوانزە کوڕەکانی (ئیسرائیل)ن کە ناز ناوە بۆ یەعقوب پێغەمبەر ـ سەلامی خوایان لێ بێ ـ وە ئەو دوانزەیە سەرو بنەڕەتی تیرەو بەرە ئیسرائیلیەکانن، وە ئەم دوانزە تیرەیە هەر لە کۆنەوەو تا ئێستاش ئەو ڕژێمی بنەماڵەییانەیان پەسەند کردو بە پێی ئەوە جوڵانەوەتەوە، جا بە پێی ئەوە فەرمووی: ﴿قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ﴾ بێگومان هەموو بەرەو کۆمەڵی چەشمە (کانی)و شوێنە ئاو خواردنەوی تایبەتی خۆیانیان ئەناسی.

خوای گەورە بەو جۆرەو بە سووك و ئاسان خۆراك و ئاوی بۆ فەراهەم هێنان و ڕەوای دا بەم جۆرەی کە ئەفەرموێ: ﴿كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ مِن رِّزْقِ ٱللَّهِ﴾ بخۆن و بخۆنەوە لە ڕۆزی خوا، واتە ڕەوایە بۆتان بە ئارەزووی خۆتان، بێگومان زۆر جار خۆشی و نازو نیعمەتی بە لێشاو ئەبێتە هۆی بەرەڵایی و تاوان و خراپەکاری بۆ ئەوانەی کە ناپیاوو سپڵەن، لەبەرئەوە

فەرمووی پێیان: ﴿وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾ زیادە ڕەوی مەکەن و درێژە مەدەن بە خراپەکاری لە وڵاتدا لەکاتی خراپەکاریتاندا، واتە کۆتایی بێنن لەو خوو پیشەیەی کە لەمەوپێش لەسەری بوون، ئینجا ئایا ئەو بەسەرهاتی داوای ئاوە هەریەک جار بووبێ، وەک ڕوالەتی ئایەتەکە زیاد لە یەک جار نیشان نادا، یا دووبارە بووبێتەوە، وەک لە هێندێ ڕیوایەت ئەگێڕێ، هەرچەند بووبێ تابێ هیچ ژیرێ لێبکاتەوە و لێی سەرسام بێت، چونکە ئەو پەروەردگارەی کە ئەم بوونەوەرەی فەراهەم هێنا لە هیچ ئەبێ هەرچی ویست ببێ و بەدی دێت، هەرکەس بیرێ بکاتەوە لەم هێزو وزەو شتە نهێنیانە کە خوا دای هێنان و بەرەبەرە دەرئەکەون، هەرکەس بیرێ لەوانە بکاتەوە، نابێ سەر بکاتەوە لە هیچ کارێکی تری ئەو خوایە، هیچ سەر لەشتی وا ناکەینەوە و بەڵام خۆیشمان خەریک ناکەین بەو هەموو ڕیوایەتە جۆر بە جۆرانەی کە بڵاوبوونەتەوە لە کتێبەکانی تەفسیردا کە دڵنیانین لە ڕاستیان و زۆربەیان لەو ئیسرائیلیانەن کە ئاشکرایە دەلەسەو دەست هەڵبەستن.

خوای میهرەبان لەو چۆڵو بیابان و گەرمایەدا ئەو خۆراک و خواردەمەنی بە پاک و خاوێنەی بۆ فەراهەم هێنان بەو جۆرو شێوە کەس نەدیوە، وە بەسێبەری هەور فێنکی بۆ سازاندن، کەواتە ئەوبوایە زۆر بە کەشخەو شادمانیەوە سەری بەندەیان داخستایە و دامەزراندایە لەسەر ئەو بارو خۆراکەی کە خوا پێیدان، بەڵام هەر دەروونێ کە تێکچوو، وە هەر سورشتی کە گۆڕاو شێوا چاکی لێ ئەبێ بە خراپ و خراپی لێ ئەبێ بە چاک، لەبەر ئەوە ئەوانە بیریان نەئەکردەوە لەمە کە خوا ڕزگاری کردن لەو ژیانە پەست و سەرشۆڕیەی کە سالەها ئەیان نالاند یە دەستییەوە، وە لەباتی ئەوە بیری یێسک و سیرو پیازو ترۆزیەکەی ئەو سایان ئەکردەوە و بە سۆزو پەرۆشەوە داوایان ئەکرد، وە لێرەدا دەست نیشان بۆ ئەکات و ئەیداتەوە بە ناوچاویاندا، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قُلْتُمْ﴾ باسی ئەوکاتەو بیر لەو کاتە بکەنەوە کە گوتتان: ﴿يَا مُوسَىٰ﴾ ئەی موسا ﴿لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَاحِدٍ﴾ هەرگیز ئێمە بۆ ناگیرێ و ئارام ناگرین بەسەر یەک جۆر خۆراکەوە ﴿فَادْعُ لَنَا رَبَّكَ﴾ کەواتە داوا بکە لە پەروەردگارت ﴿يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنبِتُ الْأَرْضُ﴾ تا دەر بێن بۆمان لەوەی کە زەوی ئەیڕوێنێ ﴿مِن بَقْلِهَا﴾ لەگیاو سەوزیەکەی، ﴿وَقِثَّائِهَا﴾ وە ترۆزیەکەی ﴿وَفُومِهَا﴾ وە سرەکەوی، یا گەنم و ئەو دانەوێلانەی کە نانیان لێ ئەکرێ،

وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا ۖ قَالَ أَتَسْتَبْدِلُونَ ٱلَّذِى هُوَ أَدْنَىٰ بِٱلَّذِى هُوَ خَيْرٌ ۚ ٱهْبِطُوا۟ مِصْرًا فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ ۗ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلذِّلَّةُ وَٱلْمَسْكَنَةُ وَبَآءُو بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ ۗ

﴿وَعَدَسِهَا﴾ وه نیسکەکەی، ﴿وَبَصَلِهَا﴾ وه پیازەکەی، واتە خۆراکی جۆر جۆرو جیاوازی ترمان ئەوێ، ئینجا لەبەر ئەوەی داواکەیان بێجێبوو (موسا)(علیه السلام) بەسەرزەنشت کردنو بێزاری دەربڕینەوە ﴿قَالَ﴾ فەرمووی پێیان: ﴿أَتَسْتَبْدِلُونَ ٱلَّذِى هُوَ أَدْنَىٰ﴾ ئایا ئێوە شتێ داوا ئەکەن بۆ خۆتان کە پەستو کەم نرخە ﴿بِٱلَّذِى هُوَ خَيْرٌ﴾ لە باتی شتێ کە ئەو بەرزو بەنرخ ترو باشترە؟ بێگومان گەزۆو گۆشتەکەیان خۆشترو پاکو خاوێن تربوو، وە حەڵاڵ ترو بێئەرک بوو، وە شتێکی زۆر بە نرخو نایاب بوو، بەڵام وەک لە پێشەوە گوتمان چی ئەکەیت لە دەست دەروونی شێواو سروشتی گۆڕاو؟! ﴿ٱهْبِطُوا۟ مِصْرًا﴾ دابەزن بۆ ناو شارێک یا بۆ وڵاتەکەی جارانتان کە ناوی (مصر)ە، واتە ئەوەی کە ئێوە داوای ئەکەن داواو نزای ناوێ وەک ئاوو خۆراکەکەی ئێرەتان، بەڵکو بەبێ داواو نزا لەو شوێنانە خوا ئەو خۆراکانەی دروستکردووە بە زۆری، یا مەبەست سەرزەنشت کردنو تانەو تەشەر لێ دانیانە، واتە ئێوە ژیانی ڕێزو بەرزیو سەربەستیتان ناوێو هەر فێری سەرشۆڕیو ژێر دەستەیین، کەواتە بگەڕێنەوە بۆ (مصر)ەکەی جارانتانو ئەو ژیانە پەستە... لەوێ نیسکو پیازو ئەوشتانەتان دەست ئەکەوێ، بەسەر شۆڕی، سەری تێبکەنو واز بێنن لەم ژیانە بەرزەو لەوکارو فەرمانە گەورە گرنگەکەی کە داواتان لێکراوە، لەسەر هەر بار دابەزن بۆ ئەوێ ﴿فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ﴾ چونکە بێگومان لەوێ هەیە بۆتان ئەوەی داواتانکرد.

خوای میهرەبان چاکەو بەهرەی خۆی ڕشت بەسەر نەوەی (ئیسرائیل)دا لە هەموو لایەکەوە، بەڵام ئەوان سپڵەو ناسوپاس بوون لەبەرئەوە چاکەو بەهرەکانی خۆی لێ گرتنەوەو بەم جۆرەی لێکردن کە ئەفەرموێ: ﴿وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلذِّلَّةُ وَٱلْمَسْكَنَةُ﴾ هەڵدرا بە سەریانەوەو چوار دەوریان درا بە زەبوونیو سەرشۆڕیو هەژاریو بێ نەوایی، بەوێنەی خێوەتی کە هەڵدرێ بەسەر هەرکەسێکەوە، ﴿وَبَآءُو بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ﴾ وە گەڕان بە شیاوو شایستە بە خەشمێکی گەورە لەلایەن خواوە،

ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ ﴿٦١﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ وَٱلصَّـٰبِـُٔونَ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَعَمِلَ صَـٰلِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ﴾ ئەوەیان دەربارە کراو بەسەریان هات بە هۆی ئەوەوە کە ئەوانە بێبڕوا بوون بە ئایەتەکانی خواو ئەو هەموو موعجیزەو بەڵگە گەورانەی کە نیشانیاندرا، ﴿وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ﴾ وە پێغەمبەرەکانیان ئەکوشت بە ناهەق و ناڕەوا بەلای خۆشیانەوە، واتە هەرچۆنێ ناهەق و ناڕەوا بوو خۆشیان ئەیان زانی و هیچ بڕوبیانوویەکیان بە دەستەوە نەبوو، بەڵکو بە ئارەزووی خۆیان ئەیان ویست ستەم و دەست درێژی بکەن، چونکە دەقیان گرتبوو بە تاوان و خراپەکاری و دەست درێژییەوە، وەک ئەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ﴾ ئەو بێبڕوایی و کوشتنی ناهەق و ناڕەواش بە هۆی ئەوەوە بوو کە یاخی بوون وە هەموو جارێ دەست درێژییان ئەکرد، واتە فێری یاخی بوون و دەست درێژی بوو بوون، بەهۆی ئەوەوە زیادە ڕەویان کرد تا ئەو ڕادەیە بێبڕوا بوون و پێغەمبەرانیان کوشت، ئینجا خوایش ئەوەی بەسەر هێنان کە سەرشۆڕی کردن و دوژمنی بەسەردا زاڵ کردن و پڕژو بڵاوی کردنەوە بە وڵاتاندا بەلاتی و کەم دارایی، بە تایبەتی لەرچاو برسێتی و چرووکی و لاتی دەروون کە هیچ گەلێ لە جیهاندا وەک ئەوان دووچار نییە بەو دەردەوە[1] وە هەرچیان بەسەرهاتبێ و بەسەریان بێت مافی خۆیانە، چونکە لە مێژووی هیچ گەلێ لە گەلەکانی جێهاندا نەبینراوە و نەبیستراوە ئەوەی کە لەم گەلەوە پوویدا لەدڵ ڕەقی و دەست درێژی و یاخی بوون و سپڵەیی دەربارەی ڕێگەنیشان دەرو ڕێنموونی کەرانیان، ژمارەیە لە پێغەمبەرەکانیان سەربڕی و بە مشار دایان هێنان، وە لە هەموو مەیدانێکی خراپی و نا پیاویدا پێشەواو سەر دەستە بوون!! وە لەگەڵ ئەوەدا لە قسەی زل زل نەئەکەوتن و لافی سەیریان لێ ئەدا، هەمیشە ئەیان وت: هەر خۆیان ڕێی ڕاستیان داوەتە بەر، وە ئەوان گەلی هەڵبژێراوی خوان، وە پاداشتی خوا هەر بۆ ئەوان ئەبێ،

[1] پشت بە خوای گەورەی لە سورەتی ﴿آل عمران﴾دا ئەم باسە درێژە پێ ئەدەین، کەواتە با لێرەدا ئەم ئەندازەیە بەس بێت.

وه فەزڵو بەهرەی خوا هەر بۆ ئەوان بێت... ئینجا قورئان لێرەدا تێهەڵکێشێ ئەهێنێ بەدوای ئەو هەڕەشەی کە باسی پێشووی پێداوپی هێنا، وە هەم ئەو لاف لێدەرانەی پێ بەدرۆ خستەوەو دەم کەوتی کردن، وە بڕیارو یاسایەکی گشتی دەکرد لەبارەی بڕواو ئایین‌و عەقیدەوە، وە لەبارەی یەکێتی ئایینی خواوە، وە ڕوونی کردەوە کە فەزڵو بەهرەی خوا تەرخان نییە بۆ هیچ گەل‌و تیرەو ڕەگەزێکی تایبەتی، بەڵکو بۆ هەموو بڕوادارانە، لە هەر چەرخێ‌و لە هەر شوێنێ، هەرکەس بە پێی ئەو ئایینە کە لەسەری بووە، هەتا پەیامێ تر هاتبێ بە دوایداو ئایینێکی هێنابێ کە پێویست کرابێ لەسەر هەموو بڕواداران بیگرنە گەردن‌و بچنە ژێر ئاڵای، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە بڕوایان هێنا، واتەموسڵمانانی ئەم ئوممەتە[1] بەڕاست‌وناپاکییەوە، ﴿وَٱلَّذِينَ هَادُواْ﴾ وەئەوانەی کەلەسەر ئایینی یەهودن، ﴿وَٱلنَّصَٰرَىٰ﴾ وە مەسیحیەکان، ﴿وَٱلصَّٰبِـِٔينَ﴾ وەئەوانەی کەلەپێش ئیسلامدا لەناو بت پەرستەکانی عەرەبدا لایاندا لە بت پەرستی‌و گەڕانەوە بۆلای ئایینی خواپەرستی بە تەنها‌و گەڕانەوە بۆ ئایینی ئیبراهیمی خەلیل ﴿مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ﴾ هەرکەس لەوانە بە ڕێکی بڕوای هێنابێ بە خواو بە ڕۆژی دوایی ﴿وَعَمِلَ صَٰلِحًا﴾ وە کردەوەی چاکی کردبێ ﴿فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ﴾، بۆ ئەوانە هەیە پاداشتی خۆیان لای پەروەردگاریان ﴿وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾ وە هیچ مەترسییە نییە لەسەریان لە ڕۆژی دواییدا لەکاتێکدا بێبڕوایان مەترسی ئەکەن لە تۆڵەو سزا، ﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ وە ئەوانە غەمبار نابن لە کەمو کوڕی‌و پاداشت، کەواتە هەر بڕواو عەقیدەی ڕاست‌و کردەوەی چاك جێگای ئومێدە، نەك نەسەب‌و نەژادو تیرەو هیچ شتێتر، وە بێگومان شتێکی ناشکرایە دان نان بە هەرکام لەو عەقیدەو ئایینانە بۆ کات‌و چەرخی تایبەتی خۆیانە، ئەگینا دوای هاتنی ئیسلام هیچ ئایین‌و عەقیدەیە تر بەهیچ ڕەنگ نرخی نییە لای خوا، بێجگە لەم ئایینی ئیسلامە، وە هیچ کردەوەیەکی چاك سوودی نییە کە بنەڕەتەکەی ئیسلام نەبێ‌و لەسەر ئەم دانەمەزرابێ‌و بەپێی بەرنامەی ئەم نەبێت، وەهەرکەس لەسەر هەر ئایینێ تر بێت‌و بڕوا نەهێنێ بە ئیسلام لە ڕۆژی دواییدا بێ بڕانەوە لە ئاگردایە، مەگەر لەم جیهانەدا ناوی ئیسلامی نەبیستبێ‌و بێ ئاگا بێت لە ئیسلام،

---

[1] ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ بە پێنج جۆری تریش تەفسیرکراوەتەوە، بەڵام ئەمەی کەلە تەفسیرەکەدایە چاکتر لە دڵدا ئەچەسپێ، وەزانینی تەواو هەر لای خوایە.

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ ٱلطُّورَ خُذُوا۟ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ وَٱذْكُرُوا۟ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ ثُمَّ تَوَلَّيْتُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ۖ فَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ

ئینجا باسی بەهرەو هەڵوێستێ تری (ئیسرائیل)یەکانی پێشوو ئەکات‌و ئەیداتەوە بە ناوچاوی جوولەکەکانی مەدینەدا کە یەکەم تاقم بوون لە جوولەکە کەئەم قورئانەیان بیست، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ﴾ باسی ئەو کاتە بکەن کە پەیمان‌و بەڵێنمان لێ وەرگرتن ﴿وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ ٱلطُّورَ﴾ وە شاخی (طور)مان بەرز کردەوە بە لاسەرتانەوە، وە گوتمان پێتان: ﴿خُذُوا۟ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ﴾ ئەو نامەیەی کە پێماندان‌و فەرمانمان پێدان وەری گرن بە هێزو بە تووندی، وە یە کۆششو تێکۆشان‌و بە بڕ سستی‌و گوێ پێنەدان، ﴿وَٱذْكُرُوا۟ مَا فِيهِ﴾ وە ئەوەی کە تیایەتی بیڵێن‌و بیخوێنن‌و لە بەری بکەن‌و بیری لێبکەنەوە، وە لەبیری مەکەن‌و پەفتاری پێبکەن ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ بەڵکو بە هۆی ئەوەوە بپارێزن لە هۆی خەشم‌و سزای خوا، واتە بە ئومێدو چاوەڕوان بن بۆ ئەوە، باسی ئەو پەیمانەی کە خوا وەری گرت لێیان بەدرێژیی هاتووە لە چەند سورەتێکی قورئاندا، وە هەندێکی لەم سورەتەدا دێت لەمەوپاش، وە کورتەکەی بریتیبووە لە وەرگرتنی تەورات‌و پەفتار کردن پێی، وە لێرەدا بڕوا وایە ئەمە مەبەستێ بێت، وەك دەرئەکەوێ لە ڕیوایەتی (ئەبو حاتم)ەوە کە ئەیگێڕێتەوە لە (ئیبن‌و عەباس)ەوە –خوا لێیان ڕازی بێ– کە (موسا)(علیه السلام) کاتێ تەوراتی بۆ هێنان کە داواو فەرمانی بە ئەرك‌و ناڕەحەتی تیا بوو، (ئیسرائیل)یەکان مل پێچیان کرد لەوەرگرتنی، ئینجا خوا فەرمانی بە جوبرەئیل کە ئەو شاخە هەڵکەنێ‌و ڕاگیری بکات بەڵای سەریانەوە هەتا ترسان‌و لایان وابوو کە ئەکەوێ بەسەریاندا، لەبەرئەوە ملکەچ بوون‌و وەریان گرت، کەواتە ئەو وەرگرتنە بە زۆر پێهێنان‌و ناچار کردن بوو، نەك بە پێخۆش بوون‌و خۆشی سەری خۆیان، ئینجا لێرەدا گرێیە پەیدا ئەبێت‌و پێویستە بە کردنەوەی ئەو گرێیە، گرێیەکەش ئەمەیەکە ئەو زۆر پێهێنانە چۆن یەك ئەکەوێت لەگەڵ ئەوەی کە خوا ئەفەرموێ: ﴿لَآ إِكْرَاهَ فِى ٱلدِّينِ﴾ لە ئایندا زۆر پێهێنان نییە، وە هەروەها لەگەڵ ئەم یاسا ئیسلامیەدا: کە هەرچی خوا داوای ئەکات لە بەندەکانی ئەبێ لەوانە بێت بە خواهیش‌و هەڵبژاردنی خۆیان هەڵسن پێی؟ لەوەڵامدانەڵێن‌وئەوگرێیەئەکەینەوە بەم شێوەیەی کە دێت:

١- ئەو ناچار كردنو زۆر پێهێنانە شتێكی كاتیو تایبەتی بووە بەو ئوممەتو شەریعەتەوەو چارەسەری نالەباریو سەركێشی ئەوانی پێكراوە، جا لەبەر ئەوە ئەو گوێ پایەڵییە ناچاریەیان لێ وەرگیراوە.

٢- ئەو ناچار كردنو زۆر پێهێنانە.بۆ بڕوا هێنان نەبووە، بەڵكو بۆ كردەوەو ڕەفتار كردن بووە بەو بڕیارانەی كەلە تۆراتدا هاتبوون، دەی لەو ئایەتەیشدا مەبەست ئەوەیە زۆر پێهێنان لەسەر بڕوا هێنان نییە، بەڵكو لەسەر گوێڕایەڵیو فەرمان بەرییە، وە لە گوێڕایەڵیو فەرمان بەریدا پێخۆش بوون پێویست نییە، بەڵكو خواهیشو هەڵبژاردن مەرجو پێویستە كە زۆر جار پێخۆش بوونی لەگەڵ نابێ، واتە زۆر شت هەیە بە خواهیشو هەڵبژاردن ئەكرێ لەگەڵ ئەوەیشدا ناخۆشو بێزارەوە.

٣- مەبەست ئەو ئایەتە ئەوەیە كە ئایین شتێ نییە بە زۆر بچێتە دڵەوە، وە بەزۆر ناچەسپێ لەدڵدا، بەڵكوشتێكەبەبڕیارێكردنەوەو دڵنیا بوون جێگیر ئەبێ لە دەروونداِ.

ئەگەر مەبەست بەو ئایەتەو وێنەی جڵەوگیری بێت لە زۆر پێهێنان، ئینجا ئەڵێین بڕیاری ئەو ئایەتە تایبەتییە بە نامەدارو ـ اهل الكتاب ـ ەوە كە بە جەنگ نەكردنو سەرانە دانو وازیان لێ ئەهێنرێو لە ژێر ئالای ئیسلامدا ئەژینو پارێزگاری مافیشیان ئەكرێ: یان ئەڵێین: بڕیاری ئەو ئایەتە سڕایەوە بە ئایەتەكانی جەنگو كوشتار، وەك لەو حەدیسە ـ صحیح ـ ەیشەوە دەرئەكەوێ كەلە كتێبە بڕوا پێكراوەكاندا هاتووە (أمرتُ أن أُقاتل الناس حتي يشهدوا أن لا إله إلا الله...) فەرمانم پیا دراوە جەنگ بكەم لەگەڵ مەردوم هەتا شایەتمان دێنن... هتد، كەواتە ئەو زۆر پێهێنانی ئیسرائیلیانە وەك ئەم جەنگو كەشتاری وایە لەم ئوممەتەداو هیچ دژایەتی نییە لە بەینیاندا، ئینجا بابێینەوە بۆ سەر ئایەتەكە، ئەفەرموێ: ﴿ثُمَّ تَوَلَّيْتُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ﴾ لەپاش ئەوەی بەو جۆرو شێوەیە پەیمانمان لێ وەرگرتن، ئینجا ڕووتان وەرگێڕاو پشتتان تێكرد، واتە هەڵگەڕانەوە لەو پەیمانەو سەرپێچیتان كرد لە فەرمان، وە لەگەڵ ئەوەشدا هەر میهرەبانیو بەزەیی خوا فریایان كەوتەوە، وەك ئەفەرموێ: ﴿فَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ﴾ ئینجا ئەگەر بەهرەو میهرەبانیو بەزەیی خوا نەئەبوو بەسەرتانەوە، بەم ڕەنگە یارمەتیدان بۆ گەڕانەوەو پەشیمان بوونەوە، وە لێبشی وەرگرتن، یا مۆڵەتی دانو پەلەی نەكرد بۆ سزادانتان، ئەگەر ئەو بەهرەو میهرەبانییە نەبوایە،

لَكُنتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٦٥﴾ وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ ٱلَّذِينَ ٱعْتَدَوْا۟ مِنكُمْ فِى ٱلسَّبْتِ

﴿لَكُنتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ ئێوە لەزیان کەران ئەبوون و وتیا ئەچوون. ئینجا بێپەیمانی و بێباڕییە تریان ئەداتەوە بە ناو چاویاندا، وە دەستەپاپەییان لە گوێڕایەڵی و فەرمان بەریدا، وە خۆ نەگرتنیان بەرامبەر ئارەزووی نەفس و سوودو دەستکەوتێکی کەمی ئەم جیهانەدا، بەهۆی ئەوەوە خۆیان خستە بەر تۆڵەی سەختی خوا.

ئەوانە داوایانکرد کە پۆژێکی پیرۆزیان بۆ دیاری بکرێ کە هەر خوا پەرستی تیا بکەن و واز بێنن لەکارو فەرمانی ژیان لەو پۆژەدا، خوایش پۆژی شەممەی بۆ دانان، وە ئەوانە دانیشتووی شارێ بوون لە تەنیشت دەریادا، ئینجا خوا تاقیکردنەوە بە ماسی) کەلە پۆژی شەممەدا بەزۆری دەرئەکەوتن و لە پۆژەکانی ترا خۆیان ئەشاردەوە! ئینجا ئەوانە خۆیان بۆ نەگیراو لەو تاقیکردنەوەدا دەرنەچوون، بەڵکو دەست دڕێژییانکردو پەیمانەکەیان شکاند بە شێوەی فێڵو تەڵەکە بەم ڕەنگە حەوزو کەنداویان هەڵکەندو جۆگەیان لە دەریاکەوە بۆ بردنەوە، ئینجا لەو پۆژی شەممەدا ماسی لەدەریاکەوە ئەهاتنە ناو حەوزو کەنداوەکانەوە، ئینجا بەربەستیان ئەکردن و ئەیان بچڕین لە دەراکەو ئەمانەوە لە حەوزو کەنداوەکاندا، لە پۆژی شەممەدا بەو جۆرەیان ئەکردو لە پۆژی یەک شەممەدا ئەیان گرتن، ئەم بەسەرهاتە وەک لە شوێنی تردا باسی فەرمووە هەروەها لای جوولەکەکان شتێکی بەناوبانگی ناسراو بووە، لەبەرئەوە ڕووی فەرموودەکەی کردە خۆیان و فەرمووی: ﴿وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ ٱلَّذِينَ ٱعْتَدَوْا۟ مِنكُمْ فِى ٱلسَّبْتِ﴾ سوێند بەخوا زانیوتانەو ئاگادارن بەوانەی کە دەست دڕێژیانکرد لە شەممەدا، لە ڕێزی شەممەو لە بڕیاری خوا بۆ ئەو پۆژە.

ئەوانە بەو جۆرە پەیمانی خوایان شکاند، وە بەهۆی ئەو بێباڕی و بەرگە نەگرتن و شوێن کەوتنی ئارەزووی نەفسەوە لە پلەی بەرزی ئادەمێتی خۆیان هێنایە خوارەوە بۆ ڕادەی چوار پێ و گیان لەبەرانی تر کە عەزم و بڕیاریان نییە و خۆیان بۆ ناگیرێ بەرامبەر داواو ئارەزووی سکیان،

فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُوا۟ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ ﴿٦٥﴾ فَجَعَلْنَٰهَا نَكَٰلًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا خَلْفَهَا وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٦٦﴾

کەواتە شایستەی ئەم تۆڵەیە بوون کە ئەفەرموێ: ﴿فَقُلْنَا لَهُمْ﴾ ئینجا ئێمەش پێمان وتن ﴿كُونُوا قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ﴾ بن بە مەیموون، بەپیسوایی و بێئابڕووی و سەر شۆڕیی، واتە لە تۆڵەی ئەو دەست درێژییەدا خوا ویستی بن بە مەیموون و پیسوا و بێئابڕوو بن، ئینجا ئەوەی خوا ویستی دەست بەجێ بەسەریان هات، ئیتر ئایا شێوەی ئادەمی لەسەر لەشیان نەمابێت و شێوەی مەیموونیان بەسەردا کێشرابێ؟ وەك زۆربەو کۆڕی زانایانی تەفسیر ئەفەرموون، یان مەبەست گۆڕانێکی دەروونیان بێت، بەم ڕەنگە لە هەست و خواست و ڕەوشتدا وەك مەیموونیان لێ هاتبێ، وەك (مجاهد) و چەند کەسێ ئەفەرموون، بەڵام باری یەکەم بەهێزەو بەبێ بەڵگەیەکی بەهێز لادان لێی ڕەوا نییە لەبەر چەند هۆیەك:

١- ڕای یەکەم ڕێکە لەگەڵ دیمەن و پوالەتی ئایەتەکە، وە شتێکی ئاشکرایە کەبە بێبەڵگەیەکی ڕاست و ڕەوا لانادرێ لە دیمەن و پوالەتی ئایەت و حەدیس.

٢- (ئیمامی موسلیم) حەدیسێ ئەهێنێ لە (ئیبن و مەسعود)ەوە کە پیاوێك پرسیار ئەکات لە پێغەمبەر (ﷺ) بەبارەی مەیموون و بەرازەوە کە ئایا لەو ئادەمیانەن کە کراون ئەمان؟ ئەویش لە وەڵامدا ئەفەرموێ: خوا هەر گەلێکی لەناو بردبێ یا سزای دابێ لەمەوبەر، بە تەواوی لە ڕەگ و ڕیشەی هێناون ئەوە و بنەمای نەهێڵاونەتەوە بۆ دوای خۆیان، وە مەیموون و بەراز لە پێش ئەوەوە بوون، واتە پێش ئەوەی هێندێ ئادەمی بکرێن بە مەیموون و بەراز، دەی شتێکی ڕوونە کە ئەو پرسیارکەرە باوەڕی وابووە کە ئەو ئادەمیانە شێوەیان بە تەواوی گۆڕاوە بە مەیموون و بەراز، بەڵام گومانی لەوەدا بووە کەئایا مەیموون و بەراز هەر لەو ئادەمیانەوە پەیدا بوون، یان لە پێشیشەوە هەر بوون؟ ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) وەڵام و بەڕەرچی گومانەکەی دایەوە کە ئەو دوو گیان لەبەرە لە پێشەوە بوون، نەك لە بنەڕەتدا هەر ئەو ئادەمیانە بووبن، وە بێدەنگ بوو لەو بارەکەی تر کە پرسیارکەرەکە لەسەری بوو، وە بێدەنگ بوونی پێغەمبەر (ﷺ) لەشتی وا بڕیار دانە لەسەری، ئەگینا ئەبوایە بەڕەرچی ئەویشی بدایەتەوە، وەك بەڕەرچی گومانەکەی دایەوە.

٣- ئەو باری یەکەمە بەبێ گیروگرفت و قۆرت و گرێ زۆر گونجاوو پەیوەستە لەگەڵ ئەمەی کە ئەفەرموێ: ﴿فَجَعَلْنَاهَا نَكَالًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهَا﴾ ئینجا ئەو گۆڕانو ڕووداوەمان گێڕا بە تەمێ دادانو بەرگری بۆ ئەو چین و تاقمەی کە لەو کاتەدا بوون و ئادەمی بوون ﴿وَمَا خَلْفَهَا﴾ وە بۆ ئەو چین و تاقمانەی پاش ئەوان و داهاتوو، کە ئەوەیان ویستبێ ﴿وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ﴾ وە گێڕمان بە ئامۆژگاری بۆ هەموو لە خواترسەکان لە هەموو گەل و میللەتێ، چونکە بەو گۆڕانە ئاشکرایە مەردوم تەمێ خوار ئەبێ، نەك هەر بە گۆڕانی دەروونی کە بەچاو نابینرێ، وە بەداڕنینی شێوەی شیرینی ئادەمی و گۆڕانی بە شێوەی بێزراوی مەیموون خراپ بەرگری ئەکرێ لە خراپەکاری، ئینجا ئەو گۆڕانە لەشییە بە تەنها بەسە بۆ ئەو تۆڵەیەو ئیتر پێویست نەبوو بە گۆڕان لەبارەی ژیریی و زانین و تێگەیشتنەوە، بەڵکو پێویشت بووە مانەوەی ژیریی و زانینیان بۆ ئەوەی بزانێ چیان بەسەر هاتووە، تا بە ئێش و سزای دەروونییەوە بتلێتەوە، وەك وەرئەگیرێ لە هێندێ ڕیوایەتیشەوە کە ئەوانەی ئەوەیان بەسەرهات کەس و کاری خۆیانیان ناسی و ئەوان ئەمانیان نەئەناسی، ئەو کەس وکارەیان کە موسڵمان بوون و لەکاتی خۆیدا ئامۆژگاری ئەمانیان ئەکرد بەلە خوا ترسان و کۆتایی هێنان بە گوناهو تاوان، چونکە ئەو گەلە بوون بە سێ تاقم: یەکەم: بەرگری کەر. دووەم: بێدەنگ لەو گوناهە. سێیەم: گوناهکار.

یەکەم ڕزگار بوو، دووەم وەك سێیەم دووچاری بوون، ئەو دووەمەی کە وەك زۆربەی موسڵمانی ئێستا هەقی بەسەر هیچ شتێکەوە نییەو ئەڵێ من لە هیچ شتێکدا نیم و هەقیشم بەسەر هیچ شتێکەوە نییە، وە ئەگێڕنەوە کە هی وا بوو خزمی ئەچوو بۆلای ئەو دووچار بووانە، ئیتر ئەی ناسیەوە، یا نە؟ وە پێی ئەوت: ئایا من بەرگری و جڵەوگیریم نەکردی؟ ئەویش بە دەست نیشان ئەی وت: بەڵێ و فرمێسك بە چاویدا ئەهاتە خوارەوە.

لێرەدا باسی گۆڕانی بە بەراز نەکردن وەك لە سورەتی ﴿المائدة﴾دا ئەفەرموێ، لەبەر ئەوە ئەوانە تاقمێ تر بوون لە (ئیسرائیل)ی پاش ڕەوانە کردنی (عیسا) پێغەمبەر (ﷺ) یا بەبۆنەی ئەوێ لێرەش ئەزانرێ وەك ئەگێڕنەوە لە (قتادة)وە گەنجەکانیان بوون بە مەیموون و پیرەکانیان بوون بە بەراز. ئینجا داستان و بەسەرهاتێ تریان ئەگێڕێتەوە کە لاری و ناڕەباری و مل پێچیان دەرئەخات لە فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەیان، وە لەبەر ئەوەی گێڕانەوەکەی یەکەم جارو لە شوێنی تردا باسی نەکردووە بە درێژیی باسی ئەکات.

وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تَذْبَحُوا۟ بَقَرَةً ۖ قَالُوٓا۟ أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا ۖ قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٦٧﴾

کورتەی بەسەرهاتەکە ئەوەیە: کە (ئیسرائیل)یەکان پیاوێکیان کوشت لە خۆیان، ئینجا هەرکەس کوشتنەکەی لە مل خۆی ئەکردەوە و ئەینا بەسەر یەکێ تردا، ئینجا خوای گەورە فەرمانیدا بەسەربڕینی ڕەشەولاخێك، وە بەگۆشتی ئەو سەربڕواوە بدەن لە مردووەکە، تا بەمۆی ئەوەوە خوا زیندووی بکاتەوە و ڕاستی بڵێ لە بکوژەکەی و گومان و دوو دڵی تیا نەمێنێ، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦٓ﴾ باسی ئەوکاتە بکەن کە (موسا) وتی بە گەلەکەی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تَذْبَحُوا۟ بَقَرَةً﴾ بەڕاستی خوا فەرمانتان پێئەدات کە مانگایەك سەربڕن، بێگومان ئەمە فەرمانی پێغەمبەرەکەیان بوو کە ڕزگاری کردن و ئەو هەموو موعجیزەیان لەسەر دەستی دابینی، وە فەرمانەکەشی لەلایەن خواوە پێئەگەیاندن، کەواتە ئەبوایە بە بێوەستان و سەرلێکردنەوە دەست بەجێ فەرمان بەریان بکردایە، کەچی چ جای ئەوە زۆر بە نەفامی و بێشەرمی وەڵامیان دایەوە، بەم ڕەنگە ﴿قَالُوٓا۟﴾ وتیان: ﴿أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا﴾ ئایا لاقرتیمان پێئەکەیت؟ تا ئەو ڕادەیە نەفام بوون ڕەوایان ئەدا کە پێغەمبەرێکی ئاوا گەورە لاقرتی بکات بەوناوو فەرمانی خوا!! ئینجا (موسا)(علیه السلام) وەڵام و بەرپەچی نەفامی و بێشەرمی ئەوانی دایەوە، بە نەرم و نیانی، وە بەشێوەیەکی ناسك گەڕاندنیەوە بۆ ڕێگەی ڕاست، ڕێگەی شەرم و ئەدەب لە پەروەردگار، وەتێی گەیاندن کە ئەو گومانی ئەوانە شایستە نییە و هەرکەس نەفام و نەزان نەبێت شتی وا بە لاقرتیەوە نالێت: ﴿قَالَ﴾ موسا وتی: ﴿أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ من پەنا ئەگرم بە خوا لەمەی کە یەکێبم لە نەفام و نەزانان، بەم ڕەنگە کردەوەی ئەوان بکەم.

ئەبوایە تەنها ئەو تەمێیان بەس بووایە، هەر بەوە بگەڕانایە تەوە بۆلای خواو فەرمانەکەیان بەجێ بهێنایە، بەڵام چی ئەکەیت لەگەڵ ئەوانە کە بارو سروشت شێواو بوون! بەڵێ، ئینجا ئەیان توانی دەستیان ببردایە بۆ هەر جۆرە ولاخێو یەکێکیان بهێنایەو سەریان بڕیایە، ئەو حەلە گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەیان ئەبوون، بەڵام لارو نالەبار بوون، بەو جۆرەیان نەکرد،

قَالُواْ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ ۚ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا فَارِضٌ وَلَا بِكْرٌ عَوَانٌۢ بَيْنَ ذَٰلِكَ ۖ فَٱفْعَلُواْ مَا تُؤْمَرُونَ ﴿٦٨﴾ قَالُواْ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا ۚ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ

بەڵکو﴿ قَالُواْ﴾ وتیان بە(موسا): ﴿ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ ۚ﴾ داوا بکە بۆمان لەپەروەردگارت تا پرووني بکاتەوە بۆمان لەچییە ئەو مانگایە، واتە ناوونیشانی هەڵدا بۆمان.

هەرچەند شێوەی پرسیارو داواکەیان ناڕەواو بێ شەرمانە بوو، چونکە وتیان داوابکە لە پەروەردگارت وەک تەنیا پەروەردگاری ئەوبێت، نەک خۆیشیان، وە وەک ئەم شتە مەبەستو پێویست تەبێ بۆیان، بەڵکو هەر مەبەستو پێویستی خواو (موسا) بێت، هەرچەند ئەوان بەو جۆرە بوون، بەڵام بە پێی سروشتی پاکی پێغەمبەرێتی (موسا) گوێی نەدا بەوە، بەڵکو داوایکرد لە خوا پرووني بکاتەوە، خوایش پرووني کردەوە بەم جۆرەی کە (موسا) ﴿قَالَ﴾ فەرمووی پێیان: ﴿إِنَّهُۥ يَقُولُ﴾ بێگومان خوا ئەفەرموێ: ﴿إِنَّهَا بَقَرَةٌ﴾ کە ئەوە مانگایەکە ﴿لَّا فَارِضٌ﴾ نە پیرە کەلە سک نیشتبێتەوە ﴿وَلَا بِكْرٌ﴾ وە نە تازە پێگەیشتوویشە کە هێشتا ئاوس نەبووبێ، واتە نە زۆر جوانە، بەڵکو ﴿عَوَانٌۢ بَيْنَ ذَٰلِكَ﴾ میانەیە لە بەینی ئەو دوو تەمەنەدا کە باسکرا، ئینجا ئامۆژگاری کردنو هانیدان لەسەر فەرمان بەری، فەرمووی: ﴿فَٱفْعَلُواْ مَا تُؤْمَرُونَ﴾ کەواتە ئەوەی کە فەرمانتان پێدراوە بیکەنو بەجێی بێنن، وە بێگومان ئەگەر لار نەبوونایە ئەمەیان بەس بوو، ئیتر لەسەری نەڕۆشتنایەو ولاخێکی نە پیرو نە جوانیان سەر بڕیایەو بە هۆی ئەوەوە پزگار ئەبوون لە نا فەرمانیو خۆیان نەئەخستە تەنگیو گرێ، بەڵام نەفس بەدبەخت بوون، لەبەر ئەوە وازیان نەهێناو هەمی تر ﴿قَالُواْ﴾ وتیان بە (موسا) ﴿ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا ۚ﴾ داواو پرسیار بکە لە پەروەردگارت تا پرووني بکاتەوە کە ڕەنگی چۆنە؟ ئەویش پرسیارو داوایکردو خوایش ئاگاداری کرد بەمەی کە ﴿قَالَ﴾ (موسا) پێی فەرموون: ﴿إِنَّهُۥ يَقُولُ﴾ بێگومان خوا ئەفەرموێ: ﴿إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ﴾ کە ئەوە مانگایەکی زەردە کە

فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ ٱلنَّٰظِرِينَ ﴿٦٩﴾ قَالُواْ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ إِنَّ ٱلْبَقَرَ تَشَٰبَهَ عَلَيْنَا وَإِنَّآ إِن شَآءَ ٱللَّهُ لَمُهْتَدُونَ ﴿٧٠﴾ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا ذَلُولٌ تُثِيرُ ٱلْأَرْضَ وَلَا تَسْقِى ٱلْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لَّا شِيَةَ فِيهَا ۚ قَالُواْ ٱلْـَٰٔنَ جِئْتَ بِٱلْحَقِّ ۚ فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفْعَلُونَ ﴿٧١﴾ وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْسًا فَٱدَّٰرَءْتُمْ فِيهَا ۖ وَٱللَّهُ مُخْرِجٌ مَّا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ ﴿٧٢﴾ فَقُلْنَا ٱضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا ۚ

﴿فَاقِعٌ لَّوْنُهَا﴾ ڕەنگەکەی زەردی تەواوە ﴿تَسُرُّ ٱلنَّٰظِرِينَ﴾ سەرنج دەرانی کەیف خۆش و سەرسام ئەکات، ئەوەندە شیرین و تێرو تەواوە! ئەوانە هێشتا بەوەش کۆتاییان نەهێنا، بەڵکو جارێ تری: ﴿قَالُواْ﴾ وتیان بە (موسا): ﴿ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ﴾ پرسیارو داوا بکە لە پەروەردگارت تا پوونی بکاتەوە بۆمان کە ئەو مانگایە چییە؟ چونکە: ﴿إِنَّ ٱلْبَقَرَ تَشَٰبَهَ عَلَيْنَا﴾ بەڕاستی ئەو وڵاخە بەو نیشانانەوە شێواو شێواوە لە سەرمان، واتە لەو بابەتانە زۆر هەن و وەک یەک وان، نازانین کام هەڵبژێرین، لەبەرئەوە ئەو هەموو پرسیارەمان کرد ﴿وَإِنَّآ إِن شَآءَ ٱللَّهُ لَمُهْتَدُونَ﴾ وە بێگومان ئێمە ـ ئەگەر خوا ویستی ـ ڕێبەر ئەبین و ئەوەی کە داوا کراوە لێمان دەستمان ئەکەوێ.

لەبەر لاری و گێڕی و ملە جەڕەی ملەجەڕەی خۆیان مەسەلەکەیان هەتا هات گرێی تێهات و هەرجارەی چەند سیفەت و نیشانەی زیادکرد، ئەوەتا لەپاش نیشانە پێشووەکان ئەم نیشانانەی تریشی زیاد کە باس ئەکرێن، وە هەرچەند بەهۆی ئەم هەموو نیشانانە بە باشی شتەکەیان ڕوون بوویەوە، بەڵام ئەگەر وایان نەکردایە هەر لە یەکەم جارەوە هەر جۆرە ڕەشەوڵاخێکیان سەر بپریایە جێی ئەگرت بۆیان، وەک لە پێشەوە گوتمان، بەڵام ئەوان ملە جەڕەو لاریان بەکار هێنا و خوایش شتەکەی قورسکرد لەسەریان، ﴿قَالَ﴾ (موسا) فەرمووی پێیان: ﴿إِنَّهُۥ يَقُولُ﴾ بەڕاستی خوا ئەفەرموێ: ﴿إِنَّهَا بَقَرَةٌ﴾ ئەوەی کە فەرمانی پێدراوە مانگایەکە کە ﴿لَّا ذَلُولٌ تُثِيرُ ٱلْأَرْضَ﴾ ژێر بارو موو چێنراو نییە کە زەوی بکێڵێ ﴿وَلَا تَسْقِى ٱلْحَرْثَ﴾ وە کشتوکاڵ ئاو نادات، واتە نەفێری جووتکراوەو نەفێری ئاو هەڵگۆستن لە

بیرو ڕووبار بۆ ئاوداشتی کشتوکاڵ ﴿مُسَلَّمَةٌ﴾ پاك کراو پارێزراوە لە عەیب و لەکە ﴿لَا شِيَةَ فِيهَا﴾ هیچ ڕەنگێکی جیاوازی تیانییە، بەڵکوزەردێکی یەك ڕەنگەبەبێ ڕەنگوڕیشانەیەکی تر.

لەپاش ئەو هەموو گیروگرفتە هیچ چاریان نەما، ئینجا ﴿قَالُوا الْآنَ جِئْتَ بِالْحَقِّ﴾ گوتیان: ئامۆژگاری ئێستا ڕاستیەکەت هێناوە ڕوونتکردەوە، واتە لەمەوبەر بۆمان ڕوون نەبوو، ئەوا ئێستا بە تەواوی ڕوونتکردەوە، بەڵام شێوەی و وتەکەیان ناڕەواو بێشەرمانەیە، چونکە وا نیشان ئەدات کە هەرچی لە پێشەوە گوتراوە ڕاست نەبووە، یا تا ئێستا نەمان زانی ئەوەی کە ئەیڵێیت ڕاستەو بەڕاستی ئەیڵێیت!

لەپاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت پەیدایانکردو ﴿فَذَبَحُوهَا﴾ ئینجا سەریان بڕی ﴿وَمَا كَادُوا يَفْعَلُونَ﴾ لەکاتێکدا نزیك نەبوون لەوەی کە بیکەنو سەری بڕن، واتە سستیانی لەبەر بڕینی ولاخەکەدا ئاشکرا کرد بۆیان، فەرمووی: ﴿وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْسًا فَادَّارَأْتُمْ فِيهَا﴾ وە باسی ئەوە بکەن کە یەکێکیان کوشتو ئینجا دوبەرە بوون تیایا و هەرکەس کوشتنەکەی لەخۆی دوور ئەخستەوەو ئەیدا بە مل ئەوی تردا ﴿وَاللَّهُ مُخْرِجٌ مَا كُنْتُمْ تَكْتُمُونَ﴾ وە خواش دەرخەری ئەوەبوو کە ئێوە ئەتان شاردەوە، واتە دەری خست کە کێ ئەو پیاوەی کوشت، بەم جۆرەی کە ئەفەرموێ: ﴿فَقُلْنَا اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا﴾ ئینجا گوتمان بدەن لەو کوژراوە بەهێندێ لەوە سەر بڕاوە، ئەوانیش بە پارچەیەکی ـ ئیتر بە زوبانی یان دڵی یان هەر بەشێکی تری ـ دایان لە کوژراوەکەو بەویستی خوا ئەو کوژراوە بەو لێدانە زیندوو بوویەوەو هەواڵیدا کە فلان کوشتمی، ئیتر بەوە گومانو دوو دڵیو دوو بەرەکی نەما لە ناسینی بکوژەکەدا، وەلەپاش ئەو هەواڵ دانە ئیتر مردەوە، بێگومان هەرکەس ژیر بێت نابێ سەری سووڕبمێنێ لەشتی واو سەری لێ بکاتەوە، چونکە ئەو خوایەی کە ئەم ئادەمییەی دروستکرد لە خۆڵێکی هەستو بێگیان، ئەتوانێ لەدوای بێگیانکردنو مراندنی جارێ تر گیانەکەی بداتەوە، بەڕاستی زۆر جێگەی سەرسوڕمانە سەرکردنەوە لەم جۆرە شتانە! هەرچۆن لە یەکەم جارەوە گیانیدا بەبێ گیان، هەروەها بێگیانی ئەکاتەوەو هەمیتر گیانی پێئەداتەوە، ئینجا ئایا بۆچی لەم ڕێگەوە زیندووی کردەوەو بۆچی لەڕێوە بە بێهیچ هۆیەك زیندووی نەکردەوە؟ وە ئایا پەیوەندی ئەو ولاخە سەر بڕاوە چییە بەو کوژراوەوە؟ وە بەشێ لەو بێگیانە بۆچی

ئەبێ بەهۆی گیان دانەوەی ئەو کوژراوە؟ ئەمانەو وێنەی ئەمانە هەر خوا خۆی ئەزانێ، وە ئەم جۆرە شتانە هۆیەکی ئاشکران کە دەسەڵاتوتوانینی بێ سنووری خوامان نیشان ئەدەن، وە ئێمە هەر بەرهەمەکە ئەبینینو ئەناسین، ئیتر نازانینو تێ ناکەین لەو دەسەڵاتو توانینەو لە ڕەوشتو ڕێگەی ئیشو کار کردنی، بەڵێ زانایان چەند حیکمەتو بەڕۆەوەندییەکیان باسکردووە لەم مەسەلەدا، بە جوانی ئەزانم ئامازە بۆ کردنیان:

١- سەر بڕینی ئەو وڵاخە لەسەر فەرمانی خوا عیبادەتو خواپەرستییەو مایەی پاداشتو ڕەزامەندیو لێبوردنی خوایە.

٢- ئەو ڕووداوە بوو بە تەمێو دەرس دادان بۆ هەموو بڕوادارێك کە نابێ بە هیچ ڕەنگ سەر بکاتەوە لە فەرمانی خواو سستیو گێرو گرفتی تیا بکات، بەڵکو بەبێ پرسیارو لێکۆڵینەوە چەسپانی بکات بە فەرمان بەریو گوێڕایەڵی، وە هەرکەس گێرو گرفتو لاری بەکار بێنێ شایستەی ئەوەیە تووندو تیژی لەگەڵ بکرێتو فەرمانەکەی لەسەر گرانتر بکرێ.

٣- ئەگێڕنەوە کە پیاوێکی خواناس کوڕێکی منالی گوێڕایەڵی بوو، وە گوێرەکەیەکیشی هەبوو، لە پاشان پیاوە خواناسەکە گوێرەکەکەی بەرەڵا کردە ناو پاکژو لەوەڕگا وتی: خوایە ئەمە ئەدەم بە سپاردە بە تۆ بۆ ئەم کوڕەم تا گەورە ئەبێ، ئینجا ئەو گوێرەکەیە بە مانگایەك دەرچوو لەسەر ئەو شێوەو نیشانەیە کە خوا فەرمانیدا بە سەربڕینی، وە بوو لە تاقانە وڵاخی کە (ئیسرائیل)یەکان لەدوایدا ئەگەڕان، بەهۆی ئەوەوە ناچار بوون زۆر بە گران لێیان کڕی، کەواتە خوای میهرەبان بەو تەگبیرە ئەو سوودو قازانجەی گەیاند بەو کوڕە چاکە بە هۆی نزای باوکە خواناسەکەیەوە!

٤- هەرکەس ئەیەوێ سەدەقەو قوربانی بکات با دەست بژنو چاکترین هەڵبژێرێ بۆی.

٥- زیندوو کردنەوەی ئەو مردووە بە هۆی لێدانی لە پارچەیەك لەو وڵاخە سەربڕاوە بێگیانە، موعجیزەیەکی گەورەبوو کە خوا بە بەرچاویانەوە فەراهەم هێنا، وە بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکرا بوو لەسەر ڕاستی زیندوو بوونەوەی پاش مردن بە سووکو ئاسانیو بەبێ ئەرك،

كَذَٰلِكَ يُحۡيِ ٱللَّهُ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَيُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ﴿٧٣﴾ ثُمَّ قَسَتۡ قُلُوبُكُم مِّنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ فَهِيَ كَٱلۡحِجَارَةِ أَوۡ أَشَدُّ قَسۡوَةٗۚ وَإِنَّ مِنَ ٱلۡحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنۡهُ ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ وَإِنَّ مِنۡهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخۡرُجُ مِنۡهُ ٱلۡمَآءُۚ وَإِنَّ مِنۡهَا لَمَا يَهۡبِطُ مِنۡ خَشۡيَةِ ٱللَّهِۗ

وەك دەست نیشانی بۆ ئەكات كە ئەفەرموێ :﴿كَذَٰلِكَ يُحۡيِ ٱللَّهُ ٱلۡمَوۡتَىٰ﴾ واتە خوا مردووەكان زیندوو ئەكاتەوە لە ڕۆژی دواییدا هەرچۆنێ بینیتان ئەم مردووەی زیندوو كردەوە ﴿وَيُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ﴾ وە بەڵگەو نیشانە پوونەكان خۆی نیشانتان ئەدات ﴿لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ﴾ بۆ ئەوەی تێبگەن و بە گوێرەی ژیریتان ڕەفتار بكەن، وەتا بزانن دەسەڵاتی خوا بێسنووردە و هەرچی ویست ئەیكات، وە ئەو كە بتوانێ تەنها مردوویە زیندوو بكاتەوە ئەتوانێ هەموو مردوویە تریش زیندوو بكاتەوە. لە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهات و داستانەی لەسەرەتاكەیەوە دەستی پێنەكرد كە بریتییە لە ﴿وَإِذۡ قَتَلۡتُمۡ نَفۡسٗا﴾ هەتا ئەگاتە ﴿كَذَٰلِكَ﴾ بۆ ئەمەی بەدیمەن بیكات بە دوو داستان و بەسەرهات و لەسەر هەركام بە تایبەتی سەرزەنشت و نەنگیان لێ بگرێ:

یەكەم: لەسەر لاقرتی كردنیان بەو فەرمانەی كە ئاڕاستەیانكرا، وە لەسەر لاری و گێڕو گرفتیان و چەسپانی نەكردن لە گوێ ڕایەڵیدا.

دووەم: لەسەر ئەو كوشتنی ناهەقەی كە كردیان و ئینجا شاردنەوە و دان نەنانیان پێی هەتا خوا ئاشكرای كرد، ئینجا هەرچەند بە ڕووڵەت كردی بە دوو بەسەرهات و لە ڕووی ڕاستیشدا یەك بەسەرهاتە، هەرچەند بەو جۆرەی كرد، بەڵام لەپاشا دەست نیشانی كرد بەوەی یەك بەسەرهاتە، ئەوەش بەم ڕەنگە لەبەشی دووەمدا ڕاناوێكی بردەوە بۆ وڵاخە سەربڕاوەكە كە لەبەشی دووەم دا باسی فەرموو، دەی ئەگەر بەو جۆرەی نەكردایە و داستانەكەی لەسەر ڕێزی بگێڕایەتەوە ئەو مەبەستە گرنگە پێك نەئەهات!!

بێگومان ئەبوایە (ئیسرائیل)یەكان بە هۆی ئەو هەموو بەڵگەو نیشانەو ڕووداوو بەسەرهاتە گرنگانەوە كەبە چاوی خۆیان بینیان، بە تایبەتی ئەم ڕووداوی دواییە، ئەبوایە بە هۆی ئەوانەوە سام و ترسی خوا لەدڵ و دەروونیاندا جێگیر ببوایە، وە ملكەچ و

گوێڕایەڵو نەرم بوونایە، کەچی هەر تەمێیان وەرنەگرتو دڵیان نەرم نەبوو هەر سەرکێشی و تاوان و خراپەکاریان لێ نەبڕا. جا لەبەرئەوە ئەوا جارێ خراپی لێدان بەم جۆرەی کە ئەفەرموێ: ﴿ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ﴾ ئینجا دڵتان رەق و وشل و بێخێر بوو لە پاش ئەوەی کە پوویدا وباسکرا، لە زیندوو کردنەوەی ئەو مردووەو ئەو هەموو بەڵگەو نیشانە گەورەو پوونانە، ﴿فَهِيَ كَٱلْحِجَارَةِ﴾ کەواتە دڵەکانتان وەک ئەو بەردانە وان لە وشکی و رەقی و نەرم نەبوونـدا ﴿أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً﴾ یان لەبەرد بە تین تـرن لە رەقی و وشکیدا، واتە هەرکەس ئەودڵانە بناسێ و بارو حاڵیان بزانێ، ئەیان کات بەوێنەی بەرد یان بە وێنەی شتێ تر کە لەبەرد رەق تر بێت وەک ئاسن و پۆڵا، ئینجا بەڵگە ئەمێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە بەتین ترن لەبەرد بەمەی کە ئەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ مِنَ ٱلْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ بێگومان لەناو بەردا هەیە وا هەیە کە کونی گەورەیان تێ ئەبێ و بەزۆری پووبارەکانی لێ هەڵ ئەقوڵێ، ﴿وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ ٱلْمَآءُ﴾ وە هەیە وا هەیە لەت لەت ئەبێت و درزی لێ پەیدا ئەبێ لەباری درێژیی یا پانی، ئینجا ئاوی لێدەرئەچێ، ﴿وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ﴾ وە هەیە وایان هەیە لە بەرزەوە دێتە خوارەوە لەبەر بیم و ترسی خوا. واتە بەرد هیچ کامی نییە ملکەچ و ژێر بار نەبێ بۆ فەرمانی خواو بەبێ سەرپێچی و سەرکەشی هەڵنەسێ بەوەی کە خوا ئەیەوێ لێی، بەڵام دڵەکانی ئەوانە یاخییە سەرپێچی ئەکات، کەواتە لەبەرد رەق و وشک ترن.

سەبارەت بە وشکی و رەقی و بێ خێری ئەو دڵانە قورئان پلە پلە هاتە خوارەوە وەک یەکەم فەرموبێتی: ئەو دڵانە رەق ترن لەبەردو وەک هەندێ بەرد خێری زۆر فراوانیان لێ پەیدا نابێ، ئینجا پلەیە هاتە خوارەوە فەرمووی: خێرو بێری کە میشیان نییە بەوێنەی هێندێ بەرد کەلەت ئەبێت و درزی تێئەکەوێ و ئاوی لێدەردێت، ئینجا هاتە خوارەوە فەرمووی: وەک بێ خێرن هیچیش کاریان لێ ناکات، نەک وەک هێندێ بەرد کە کاریان لێ ئەکرێ و لە جێگەی خۆیان ئەترازێن و بێگومان ئەمەی هیچ سوودو خێرێکیان ببێ، پەنا ئەگرین بە خوا لەو دڵە رەقانە کەبەهیچ رەنگ نەرم نابن و هیچ بەڵگەو نیشانەو ئاموژگاریەک کاریان لێناکات، وە بەهیچ کلۆجێ بیم و ترسی خوایان نییە، بەڵکو دڵێکی رەق و وشک و بێ خێرو بێبڕوان.

وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٧٤﴾ ۞ أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُوا۟ لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُۥ مِنۢ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٥﴾

کەواتە مانی خۆیانە ئەم هەڕەشە سامناکەیان ئاڕاستە بکرێ لەلایەن خواوە: ﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ وە بێگومان خوا بێئاگا نییە لەهەر کردەوەیەک کە ئێوە ئەیکەن.

لەبارەی وتەی ﴿مِنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ﴾ وە چەند ڕایەکی جیاواز هەیە، ئەوەی کەوا پەسەند کراو بێت لای زۆر لە خواناسانەوە ئەمەیە کەلە ڕوالەتەکەی لانادرێ، بەڵکو بەردو هەرشتێ تر کە ئێمە بەبێ هەست و نیازو هۆشیان دائەنێین، هەموو ئەوانە هەست و هۆش و نیازی تایبەتی خۆیان هەیە و خوای خۆیان ئەناسن و ئەیپەرستن و بیم و ترسیان هەیە لە خوای خۆیان!

لێرەدا دواییهات بە یەکەم گەردش و خولانەوە لەگەڵ (ئیسرائیل)یەکان لە مێژووی دوورو درێژیاندا کە پڕە لەلاری و نالەباری و سەرکەشی و یاخی بوون و لەسنووری خوا دەرچوون، ئینجا ڕووی فەرموودە ئەکاتە گەل و کۆمەڵی موسڵمانان هەوالیان ئەداتێ و قسەو باسیان بۆ ئەکات لەبارەی (ئیسرائیل)ی یەکانەوە و کردەوەو ڕەوشتیان ئەخاتە بەرچاوو ئاگاداریان ئەکات بە پیلان و فڕو فێڵیان، بۆ ئەمەی نەخەڵەتێن بەقسەو پڕو پاگەندەیان، وە لەدرێژیی ئەو قسەو باس و لێکۆڵینەوە جۆر بە جۆری شێوەو ڕەوشتییەوە دەرئەکەوێ گەورەیی دوژمنایەتی و کینەو پیلانی ئەو جوولەکانە کە بە هەمیشەیی بە کاریان ئەهێنا لەگەڵ گەل و کۆمەڵی موسڵماناندا، وە لەو چەرخەوە تا ئێستا و لەمەو لایش هەر نەوەستاون و هەرناش وەستن، ئەوەی کەلە دەستیان هایبێ و لەدەستیان بێت بە کاریان هێناوەو بەکاری ئەهێنن لەدژی ئیسلام و موسڵمانان، بەڵام قورئان دوژمنایەتی و نیازی پیس و پیلانەکانیانی دەرخست و بەرامبەر هەموو ئەوانە تەمێ و ئاموژگاری موسڵمانانی کردو ڕێگەی بەرگری و بەرپەرچ دانەوەی نیشان دان، وە ئاشنارەزای کردن بەهۆی سەرکەوتن و زاڵ بوونیان بەسەر ئەو دوژمنە کۆڵ نەدەرەو هەموو دوژمنێ تریاندا، کەواتە لە هەرکات و چەرخێکدا موسڵمانان شوێنی تەمێ و ئاموژگاریەکانی قورئان بکەن و ئەو ڕێگە بدەنە بەر کە ئەو کێشاوە بۆیان، وە ئەو چەکە بەکار بێنن کە ئەو بۆی ئامادەو دیاری کردون، هەرکات بەو جۆرە بن هیچ باکیان نابێ نەلە جوولەکەو نەلە هیچ دوژمنێ تر، وە سەرکەوتن و زاڵ بوونیان مسۆگەر ئەبێت بەوێنەی زاڵ بوون و سەرکەوتنی یەکەم چین و گەلی ئەم ئوممەتە، وە

هەرکاتیش لایاندا لە ڕێگە ڕاستەکەی خۆیان و گوێڕایەڵی تەمێ و ئامۆژگاریەکانی قورئان نەبوون و ئەو کاتە وەک ئەم چەرخەیان بەسەر دێت کە جوولەکە توانی لەناو جەرگەی ئیسلامدا نیشتمان و میرییە بۆ خۆی فەراهەم بێنێ و هەموو مافێ ژێر پێبکات و هەرچی پەن و ڕیسوایی هەیە بە سەر ولاّت و بە ناو موسڵمانەکانی بێنێ و بە ئارەزووی پیس و ناپاکی خۆی بەڕاستە و بە چەپەدا ئاڕاوە بنێتەوە و خراپەکاری بکات!

دوژمنەکانی ئیسلام بەپاشی تێگەیشتبوون لەوەی کە باسمانکردو ئەیانزانی موسڵمانان ژێر دەست و زەبوون ناکرێن تەنها بەوە نەبێ کەلا درێن لەڕێگەی قورئان، جا لەبەرئەوە هەوڵ و تەقالای دوژمنەکان، بە تایبەتی جوولەکە هەر بۆ لادانی موسڵمانە و دوور خستنەوەیەتی لە قورئان.

پێغەمبەر (ﷺ) و یارانی زۆر سوور بوون لەسەر موسڵمان بوونی جوولەکەکان، وە ئومێدەوار بوون بە هاتنیان بۆ ئایینی ئیسلام، چونکە ئایینەکەیان نزیکتر بوو لە ئیسلامەوە و بەشداری موسڵمانەکان بوون لە بڕوا بە خواو بە پۆژی دوایی و پاداشت و تۆڵەدا، ئینجا قورئان هاتە خوارەوە و چەند هەواڵێکی پێ فەرموون: ﴿أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُوا لَكُمْ﴾ ئایا چاوەڕوانن کە بکەونە دوای ئێوە و گوێڕایەڵبن بۆ بانگکردنتان، واتە بە تەمای ئەوە نەبن و بڕوا هێنان دوورە لەوانەوە، لەبەر چەند هۆیەک:

١- ئەمەیە کە ئەفەرموێ: ﴿وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ﴾ واتە ئایا بە تەمای بڕوا هێنانی ئەمانەن لە کاتێکدا کە تاقمێ لەوان ـ واتە زانا و عابیدەکانیان ـ فەرموودەی خوا ئەبیستن کە تەوراتە، ﴿ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِن بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ﴾ کەچی لەپاشدا ئەیگۆڕن بە شتێ تر لەلایەن خۆیانەوە لەپاش ئەوەش کە وەریان گرت و تێی گەیشتن، وەک (ئیمامی بوخاری) ئەفەرموێ: ناوونیشانەکانی پێغەمبەریان (ﷺ) گۆڕی، وە ئایەتی ڕەجمیان گۆڕی، ئەو گۆڕینەش ئەکەن ﴿وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ لەکاتێکدا کە ئەزانن ناهەقی و دەست هەڵبەست ئەکەن کە ئەوەش ئەوپەڕی لاری و ناپیاوییە، دەی لە جێیە زانا و عابیدەکانیان بەو جۆرە لادەن لە تەوراتەکەی خۆیان و بەو شێوە سوور بن لەسەر ناهەق و بەتاڵ، ئیتر چۆن بڕوا ئەهێنن بەم ئایین و قورئانەو ملکەچ ئەبن بۆی، وە چۆن ژێردەستە و شوێن کەوتووەکانیان بڕوا ئەهێنن؟

وَإِذَا لَقُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَا بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ قَالُوٓا۟ أَتُحَدِّثُونَهُم بِمَا فَتَحَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ لِيُحَآجُّوكُم بِهِۦ عِندَ رَبِّكُمْ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٧٦﴾ أَوَلَا يَعْلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴿٧٧﴾ وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّآ أَمَانِىَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٧٨﴾ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ ٱلْكِتَٰبَ بِأَيْدِيهِمْ

٢- ئەمەیە کە ئەفەرموێ: ﴿وَإِذَا لَقُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ کاتێ کە بگەن بەوانەی بڕوایان هێناوەو موسڵمانن ﴿قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا﴾ ئەڵێن: ئێمە بڕوامان هێناوەو بڕوامان هەیە بەوەی کە (محمد) ڕەوانە کراوی خوایە، ئەوەش بە پێی مژدەی تەورات بە هاتنی ئەوانە کە گەیشتن بە موسڵمانەکان هێندێکیان بڕواهێنانیان دەرئەبڕیو ئەیان گوت:

کە ناوونیشانی پێغەمبەر لە تەوراتدا هاتووەو ئێمە ئەزانین کە پێغەمبەرە وە هێندێکیان بێدەنگ ئەبوون لەکاتی تێکەڵی موسڵماناندا، بەڵام ﴿وَإِذَا خَلَا بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ﴾ کاتێ کە جوێ ئەبنەوە لەوانو ئەمان خۆیان ئەکەونە یەک، ئەوانەی کە بێدەنگ بوون ڕەخنە ئەگرنو سەرزەنیشتی ئەوانی تریان ئەکەن، کە بە ڕووپامایی بڕوایان دەرئەبڕێو ئەیان وت سیفەتو ناوونیشانی پێغەمبەر لە تەوراتدا هاتووە، بەم ڕەنگە (قَالُوٓا) ئەڵێن ﴿أَتُحَدِّثُونَهُم بِمَا فَتَحَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ﴾ ئایا قسەیان بۆ ئەکەنو هەواڵیان پێئەدەن بەشتێ کە خوا باسی کردووەو دەری خستووە بۆتان لە تەوراتدا بە تایبەتی لەبارەی ڕاستی پێغەمبەرێتی (محمد)ەوە، ئایا هەواڵی وایان پێئەدەن ﴿لِيُحَآجُّوكُم بِهِۦ عِندَ رَبِّكُمْ﴾ تا ئەوان بەوە دەم کوتتان بکەنو قسەکەی خۆتان بکەن بە بەڵگە بەسەرتانەوەو پەکتان بخەن لەلای خوای خۆتان، واتە کە کتێبی خواو لە بڕیاری خوادا، یان پەکتان بخەن بەوە لە کاتێکدا کە لەلایەن خواتانەوە هاتووە، کەواتە شتێکی بە هێزەو مەلە جەڕێتان بۆ ناکرێ، یان مەبەست پەک خستنیانە لای لە پۆژی دواییدا، بەم ڕەنگە لایان وابووبێ هەرچی بە دەم نەیڵێن لێرە لەو پۆژەدا لێیان ناگیرێ، واتە ئەگەر ئەو هەواڵەیان پێبدەن سەری لەوەوە دەرئەچێ کە ئەوان دەم کوتتان بکەن هەر بە قسەو وتەی خۆتان ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ دەی ئایا ئێوە ژیر نین؟ واتە ژیر بنو وا نەکەن، بەڵام قسە بکەنو

نەیکەن، وە ئەوەی کە خوا بۆی باسکردوون بیڵێن، دەری بڕن یا بیشارنەوە، وە بە ناپاکی بڕوا دەربڕن یا دەری نەبڕن، بە هەر جۆر بن و لەسەر هەربار بن، خوا ئاگادارو زانایە بە هەموو شتێ، وەك بەشێوەی سەرزەنشت وهەڕەشە ئەیدابە گوێ یانداو ئەفەرموێ: ﴿وَلَا يَعْلَمُونَ أَنَّ اللَّهَ﴾ ئایا ئەوانە نازانن کە بەڕاستی خوا ﴿يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ﴾ ئەزانێ و ئاگاداری بە هەرشتێ کە نهێنی ئەکەن و ئەیشارتەوە، وە هەرشتێ کە دەری ئەبڕن و ئاشکرای ئەکەن؟ واتە با بزانن کە خوا ئاگایە بە هەموو شتێ، کەواتە با بترسن و خۆیان بپارێزن لە خەشم و سزای خوا.

لەم باسەوە دەرکەوت کە کارو پیشەی ئەوانە ڕووپامایی و ناپاکی فێڵ و تەڵەکەیە، وە هەرکەس ئاوا بێت دووڕە لە بڕوا هێنانەوە، جا لەبەرئەوە ئەم بارو پیشەی کردن بە هۆی بە تەما نەبوونی بڕوا هێنانیان.

۳- ئەفەرموێ: ﴿وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ﴾ وە هێندێ لەوان نەخوێندەوارو نەزانن، ﴿لَا يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلَّا أَمَانِيَّ﴾ نازانن و ئاگایان لە تەورات نییە بە چەند ئاوات و ئومێدو دەڵەسەیەك نەبێ بە ناوی تەوراتەوە زانا و پیاوە ئایینیەکانیان پێیان ڕاگەیاندوون لە بارەی پزگار بوونیان لە سزای پۆژی دوایی و هەرچی بکەن خوا لێیان ئەبووردێ بە هۆی تکای باوك و باپیرانەوە، وەئەوان گەلێ هەڵبژێراوی خوان... ﴿وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ﴾ وە ئەوانە هیچ نین بێجگەلەوەی کەکۆمەڵ وتاقمێکن گومان ئەبەن و دوو دڵن و شوێن کەوتوون لەو شتانەی کەوەریان گرتووە وئەیڵێن وبەتەماینی، بەبێ تێگەیشتن و زانین، کەواتە چۆن چاوەڕوانی بڕوا هێنانیان لێ ئەکرێ؟ وە چۆن موسڵمانان بە تەمای بڕوا هێنانی ئەوان بن؟

زانا و عابیدەکانیان بەو جۆرە دەستیان خستە ئایین و نامەکەی خوا تا سەر تێك دەن لە نەخوێندەوارو نەزانەکان و بڕوا نەهێنن. وە ئەو تاوانە گەورەشیان بۆ ئەوەکرد کە سەرکردایەتی و سەرۆکایەتیەکەیان هەر بمێنێتەوە و هەر خاوەنی سەرو ماڵی ژێر دەستەو نەزانەکان بن، وەك مەڕو ماڵات و بیان دۆشن و خێرو بێریان لێدەربێنن، ئینجا لەبەر ئەوە خوایش ئەم هەڕەشە سامناکەی ئاڕاستەکردن و فەرمووی: ﴿فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ﴾ ئینجاسزای سەخت و بەتین بۆ ئەوانەی کە بەدەستی خۆیان نامەو نوسراو ئەنووسن

ثُمَّ يَقُولُونَ هَٰذَا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ لِيَشْتَرُوا۟ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا ۖ فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا يَكْسِبُونَ ﴿٧٩﴾ وَقَالُوا۟ لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامًا مَّعْدُودَةً ۚ قُلْ أَتَّخَذْتُمْ عِندَ ٱللَّهِ عَهْدًا فَلَن يُخْلِفَ ٱللَّهُ عَهْدَهُۥٓ ۖ أَمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨٠﴾

﴿ثُمَّ يَقُولُونَ هَٰذَا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ﴾ ئینجا ئەڵێن: ئەمە لەلایەن خواوەیە، بۆ ئەوەی لێیان وەرگرن و بچەسپێ لەدڵیاندا، ئیتر مەبەست ئەو نامەو نووسراوە تەورات بێت کە دەستکاریانکردوو تێکەڵیانکرد لە قسەی خۆیان، یا مەبەست ئەو فتواو بڕیارانە بێت کە دژو پێچەوانەی ئایین و تەوراتی خوا بوون، بەڵام وایان نیشان ئەدا کە لە ئایینی خوایەو لەلایەن خواوە هاتوون، ئەو گۆڕاندن و دەستکاری و دەلەسەو دەست هەڵبەستەشیان ئەکرد ﴿لِيَشْتَرُوا۟ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ بەرامبەر ئەوە وەرگرن بۆ خۆیان بەش و دەسکەوتێکی کەم کە هەر لەم جیهانەدا بەنرخە، کەواتە هەرچەند زۆرو بەنرخ بێت لەم جیهانەدا هەر کەمو بێنرخە لە چاو بەس و دەستکەوتی پۆژی دواییدا کە دەستیان پێوە ناو دەست بەرداری بوون لە پێناوی ژیانی ئەم جیهانەدا. ئەو تاوانی ئەوانە لە دوو بارەوە بوو:

یەکەم: دەلەسە بوو بەدەم خواوە.

دووەم: هەڵبژاردنی ئەم ژیانە کەمو کورتە بەسەر ژیانی زۆرو نەبڕواوەی پۆژی دواییدا.

جالەپێشەوە هەڕەشەی لێکردن لەسەر کردەوەکەیان بە شێوەی گشتی، ئینجا هەڕەشەکە دووبارەو سێبارە ئەکاتەوە بە تایبەتی لەسەر هەرکام لەو دووبارە، ئەفەرموێ: ﴿فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ﴾ ئینجا سزای سەخت و بەتین بۆیان لەبەرئەوەی کە دەستی ئەوان نووسی، ﴿وَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا يَكْسِبُونَ﴾ وە سزای سەخت بۆیان لەبەر ئەوەی کە پەیدایانکردو وەریان گرت بۆ خۆیان.

ئەو تاوانە تایبەتی نییە بەو گەلو ئوممەتە پێشووانەوە، بەڵکو لەم ئوممەتەیشدا لەو جۆرە تاوانە بە زۆری پووی داوە، چەندەها نووسراوی ناڕاست و ناڕەوا نووسرا بەناوی ئایینی ئیسلامەوە لەلایەن بەکرێگیراوانی گاورو جوولەکەو بێبڕواکانەوە، وە چەندەها فتواو بڕیار دەرکرا لەلایەن زانا و عابیدە بەکرێ گیراوەکانی زۆردارو ستەمکارانەوە بۆ

یارمەتی دانو پایە پێدانی ئەو زۆردارو ستەمکارانە بۆ ئەوەی ڕێزو دەستکەوتیان نەبڕێ بەم ژیانە کەمو کورتەدا، بەڵام ـ خوا بەرەکەت بدات ـ لەم ئوممەتەدا ئامانجی بۆگەنی نیاز پیسەکان بەدی نایەت، چونکە قورئانی ئەم ئوممەتە هەمیشە بەئاسمانی بەرزی ڕێنموونییەوە ئەدرەوشێتەوەو جیهانی بە جۆرێ ڕووناک کردووەتەوە، هەرکەس خۆی کوێر نەکاتو چاوی نەنووقێنێ ڕێگەڕاستەکەی خوا بەدی ئەکات، وە هەروەها ڕەوشتو کردەوەی پاکی پێغەمبەر (ﷺ) وە پەیڕەوی کرنی یارانو شوێن کەوتووەکانی لاپەڕەی نێژووی داگیر کردووەو هەموو بەرهەڵستو بەربەستن بۆ دووکەڵو لافاوی لێڵو قوڕینی هەموو بیرو باوەڕو شتێکی ناڕەوا، ماوە نادەن بۆ گۆڕانو تێکەڵ بوونی ئەوانە بەم ئایینە پاکەوە، وە قەڵغانێکی بە تینی کارلێ نەکراون بەرامبەر هەموو تیرێکی ژاراوی دوژمن، وە ئەوانەی کە ویستویانەو ئەیانەوێ دەستکاری ئەم ئایینە بکەنو بیگۆڕن، هەر ڕوو ڕەشی و نەفرینی گەلی موسڵمانان بۆ ئەمێنێتەوە لە جیهاندا، وە بۆ ڕۆژی دواییش لەو هەڕەشە سامناکەی خوادا بەشدارن بەوێنەی پێشەواکانیان لە زانا و عابیدەکانی گاورو جوولەکە کە یەکەم تاقم بوون ئەو هەڕەشەیان ئاڕاستەکرا.

ئینجا باسی هەندێ درۆو دەلەسەیان ئەکاتو هەندێ لەو ئاواتانەیان کە بەهیچ ڕەنگ ناگونجێ لەگەڵ دادو باوی خوادا، ئەفەرموێ: ﴿وَقَالُوا﴾ ئەوانە گوتیانو ئەڵێن: ﴿لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامًا مَّعْدُودَةً﴾ هەرگیز ئاگرمان لێناکەوێ لە ڕۆژی دواییدا مەگەر چەند ڕۆژێکی ژمێرراوی کەم، حەوت یا چل ڕۆژ، ﴿قُلْ﴾ ئەی پێغەمبەر بڵێ پێیان بۆ سەرزەنشتو دەم کوت کردنیان: ﴿أَتَّخَذْتُمْ عِندَ ٱللَّهِ عَهْدًا﴾ ئایا ئێوە لای خوا هەواڵو پەیمانێکتان وەرگرتووە لەسەر ئەوە؟ ئەگەر وەرتان گرتووە لەلایەن خواوە، ﴿فَلَن يُخْلِفَ ٱللَّهُ عَهْدَهُۥٓ﴾ کەواتە خوا پێچەوانەی وەعدی خۆی ناکات، ﴿أَمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ ئەی ئایا بەدەم خواوە شتی ئەڵێن لە خۆتانەوە کە نازانن هەیەو ڕاستە؟ واتە بەڵێ هەر ئەمەیە کە بەدەم خواوە دەلەسە ئەکەن کە ئەوەش تاوانێکی زۆر گەورەیە، ئینجا وەڵامو بەرپەرچی ئەو درۆزلەیان ئەداتەوە بە شێوەی یاسایەکی گشتی کە ئەوانو هەموو تاوانێکی وەک ئەوان بگرێتەوە، ئەفەرموێ: بڵێ نەخێر وانییە کە ئێوە ئەڵێن، بەڵکو ئاگرتان لێ ئەکەوێو ئەمێننەوە تیایدا بە هەیشەیی و بێبڕانەوە،

بَلَىٰ مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَٰطَتْ بِهِۦ خَطِيٓـَٔتُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٨١﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٨٢﴾

وەك ئەفەرموێ: ﴿بَلَىٰ مَن كَسَبَ سَيِّئَةً﴾ هەرکەس گوناهێکی گەورە بکات کە شیایستەی بکات بۆ ئاگرو ئەو دەستکەوتە بە خۆشییەوە بۆ خۆی پاکێشێ ﴿وَأَحَٰطَتْ بِهِۦ خَطِيٓـَٔتُهُۥ﴾ وە گوناەو خراپەکەی لە هەموو لایەکەوە دەوری ئەدات و داگیری ئەکات تا وای لێ ئەکات پەشیمانی و گەڕانەوەی نابێ و هەموو کون و کەلەبەرێکی لێ ئەگیرێ لە حاستی پووناکی بڕواوخێروچاکە ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ ئەو کەسانەی کە بەو جۆرەن هاوڕێی هەمیشەیی ئاگری دۆزەخ ئەبن ﴿هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ئەوانە لەناو ئەو ئاگرەدا ئەمێننەوە بەبێ دواهاتن و بڕانەوە، واتە ئەو جوولەکانە بەو جۆرەیان لێهاتووەو پووناکیان تیا نەماوە، کەواتە پاشە ڕۆژو تۆڵەیان ئەو ئاگرە نەبڕاوەیە، ئینجا بەرامبەر بەوانەو تۆڵەی سەختی نەبڕاوەیان، باسی چاکان و پاداشتی نەبڕاوەیان ئەکات، ئەوەش بەپێی باوی قورئان، کە هەڕەشەو مزگێنی ئەهێنێ بەدوای یەکدا، ئەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ وە کەسانێ کەبڕوایان هێناوەو کردەوە چاکەکانیانکردووە لە جیهاندا ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ﴾ ئەوانەهاورێ و نیشتەجێی هەمیشەیی بەهەشت ئەبن ﴿هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ئەوان لە بەهەشت ئەمێننەوە بەبێ بڕانەوە، خوا بە بەزەیی خۆی بەشدارمان بکات لەو بەهرەو نازو ڕێزەدا.

پێویستە لەسەرمان زۆر بە وردی بیربکەینەوە لە مزگێنیەکانی قورئان کە بەستراون بەبڕواو کردەوە چاکەکانەوە، بۆ ئەوەی هەڵنەخەڵەتێین، ـ وەك جوولەکەکیان ـ بەو جۆرە ئومێدو ئاواتەی پێ هەڵخەڵەتا، وە با بزانرێ ئەو کەسانەی کە بەدەم ئەڵێن: موسڵمانین و کەچی خراپەکاری بڵاو ئەکەنەوە لەزەوی لە وڵاتدا، وە بەرگری چاکە ئەکەن کە سەردەستەو سەرکردەی چاکەکان چەسپاندن و دامەزراندنی بەرنامەو شەریعەتی خوایە لە زەویدا، وە پەیڕەوی کردن وبڵاوکردنەوەی خووڕەوشتەکانی قورئان وپێغەمبەر(ﷺ) لەوڵاتولەناو گەلدا، ئەو کەسانە بە هیچ ڕەنگ پەیوەندیان نییە بە ئیسلامەوە، وەبێ بەشن لە ئەجرو پاداشتی خوا، وەهیچ پەناوپارێزەرێکیان نییەلەسزاو تۆڵەی خوا، خوا پەنامان بدات لەو بەدبەختییە.

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَقُولُوا۟ لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنكُمْ وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ ﴿٨٣﴾ وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ لَا تَسْفِكُونَ دِمَآءَكُمْ وَلَا تُخْرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ ﴿٨٤﴾

ئینجا هەمی تر ئەڕوا لەسەر ئەو جوولەکانەو بارو حاڵو هەڵوێستی خراپیان دەرئەخات بۆ گەل و کۆمەڵی موسڵمانان، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ باسی ئەو کاتە بکەن کە پەیمانی (ئیسرائیل)ییەکانمان وەرگرت، لە پێشەوە لە ئایەتی (٦٣)دا دەست نیشانی کرد بۆ ئەو پەیمانەی کە لێی وەرگرتن، لە کاتێکدا کە شاخەکەی ڕاگرت بەسەریانەوە، وە فەرمانی دا کە بەمێز بیگرن... جا لێرەدا ئەندازەیە بە درێژی باسی هێندێ لە بەندەکانی ئەو پەیمانە دەکات، کە یاسایەکی هەمیشەیین لە ئاییینی خواداو لەم ئایین و شەریعەتەیشدا هاتوون، کەچی ئەوان خۆیانی لی وێڵ ئەکەن و دانی پیا نانێن، ئەو بەندانەش ئەمانەن:

١- ئەفەرموێ: ﴿لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ﴾ واتە هیچ کەس و شتێ مەپەرستن بێجگە لە خوا.

٢- ﴿وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾ وە لەگەڵ باوک و دایکدا چاکە بکەن بە ڕێک و پێکی ﴿وَذِى ٱلْقُرْبَىٰ﴾ وە لەگەڵ خزم و خوێشدا، ﴿وَٱلْيَتَٰمَىٰ﴾ وە لەگەڵ هەتیواندا، ﴿وَٱلْمَسَٰكِينِ﴾ وە لەگەڵ هەژاراندا.

٣- ﴿وَقُولُوا۟ لِلنَّاسِ حُسْنًا﴾ قسەو وتەی چاک و پاک بکەن دەربارەی مەردوم و بە چاکی بدون و وتو وێژیان لەگەڵ بکەن کە سەردەستەو یەکەم بریتیە لە فەرمان دان بە چاکەو جڵەو گیریان لە خراپە.

٤- ﴿وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ وە بە ڕێک و ڕاستی نوێژ بەجێ بێنن.

٥- ﴿وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ وە زەکات بدەن.

بێگومان شتێکی ئاشکرایە کە ئەم بەندانە کان و سەرچاوەی هەموو خۆشبەختی و کامەرانیەکن لە هەردوو جیهاندا، وە بە هیچ رەنگ دەست نادەن بۆ گۆڕان و دەست تێ خستن لە هیچ کات و چەرخێکدا، وە لە ناو هەر کۆمەڵ و گەل و چینێکدا، وە مافی خۆیانە کە کراون بە بەندو یاسایەکی هەمیشەیی و دامەزراو لە هەموو ئایینێکدا... لەم باسەوە دوو شتمان بۆ دەرئەکەوێ:

یەکەم: یەکێتی ئایینی خواو ڕێڕەو پێکی ئەم دواترین ئایین و شەریعەتە لەگەڵ ئایین و شەریعەتە پێشووەکاندا لە بنەڕەتدا.

دووەم: سەرکێشی و نالەباری جوولەکە بەرامبەر ئەم ئایینە، کە بانگیان ئەکات بۆ وێنەی ئەو بیرو باوەڕو کردەوەی کە کاتی خۆی پەیمانیان دا بە خواو پەیمانی لی وەرگرتن لەسەریان، جا لەبەرئەوە شەرمەزاری کردن بەوەی دای بە ناوچاویاندا و پێی فەرموون: ﴿ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنكُمْ﴾ لە پاش ئەوەی پەیمانتان دا ئینجا پشتتان تێکردو ئەو پەیمانەتان نەبردە سەر مەگەر کەمێکتان، ئەوانەی کە بەڕێکی پەیڕەوی تەوراتیان کرد تا ئینجیل هات، ئینجا شوێنی ئینجیل کەوتن تا قورئان هات، ئینجا شوێنی قورئان کەوتن ﴿وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ﴾ وە ئێوە گەل و کۆمەڵێکن ڕوو وەرگێڕن لە فەرمان و پەیمان، واتە باوو پیشەتان ئەوەیە، ئینجا ڕووی فەرموودەیان تێئەکات و دژایەتی و پێچەوانەیی هەڵوێستەکانیان ئەدا بە ناوچاویاندا، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ﴾ باسی ئەو کاتە بکەن کە پەیمانمان لی وەرگرتن بەم جۆرە ﴿لَا تَسْفِكُونَ دِمَاءَكُمْ﴾ خوێنی خۆتان ناڕژێنن و یەکتر ناکوژن ﴿وَلَا تُخْرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَارِكُمْ﴾ وە خۆتان یەکتر دەرناکەن لە شوێن و ولاتی خۆتاندا، وە نابێ دەست درێژی بکەن لە یەکتر نە بە کوشتن و نە بە دەربەدەر کردن ﴿ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ﴾ ئینجا خۆتان دانتان نا بەو پەیمانەدا چین لەدوای چین کە ئەبێ ڕاگیر بکرێ و نەشکێنرێ ﴿وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ﴾ لەکاتێکدا خۆتان شایەتن لەسەر ئەوەو شایەتی ئەدەن لەسەر دان نانتان بەوەدا

ثُمَّ أَنتُمْ هَٰؤُلَاءِ تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِّنكُم مِّن دِيَارِهِمْ تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِم بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَإِن يَأْتُوكُمْ أُسَارَىٰ تُفَادُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ ۚ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ ۚ فَمَا جَزَاءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ۖ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰ أَشَدِّ الْعَذَابِ ۗ

﴿ثُمَّ أَنتُمْ هَٰؤُلَاءِ﴾ کەچی لە پاش ئەوە ئێوە ئامۆژگاری ئەوانەن کە ئەبینرێن بەم شێوەیە ﴿تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ﴾ یەکتر ئەکوژن ﴿وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِّنكُم مِّن دِيَارِهِمْ﴾ وە تاقمێ لە خۆتان ئاوارەو دەربەدەر ئەکەن لە ولاتو جێو شوێنی خۆیان ﴿تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِم بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ لەکاتێکدا کۆمەکی و پشتگیری ئەکەن بە دژیان کە بەوەش ناهەقی و تاوان و دەست درێژی ئەکەن لە بارەی خوێن ڕشتن و ئاوارە کردنی یەکتر گوێیان نەئەدا بە پەیمانەکەی تەورات و ئەیان شکاند، بەڵام لەبارەی دیلەکانی خۆیانەوە لە هەر لایەک ببوایەن بە مااڵو سامان بەرەڵایان ئەکردن وەک ئەفەرموێ: ﴿وَإِن يَأْتُوكُمْ أُسَارَىٰ تُفَادُوهُمْ﴾ وە ئەگەر ئەوانە بێن بۆ لاتان و بە دیلی بەردەستان بکەون بەرەڵاو ڕزگاریان ئەکەن بە مااڵو شتێ لە بریتیاندا، ئەمەیان ئەکرد لەبەر بڕیارو فەرمانی تەورات کە پێویستی کردبوو لەسەریان، بەڵام گوێیان نەبوو لە ئاوارە کردنی برا (ئیسرائیل)ییەکانیان کە تەورات قەدەغەی کردبوو لەسەریان، وەک ئەفەرموێ: ﴿وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ﴾ لە کاتێکدا کە قەدەغە کراوە لەسەرتان دەر کردن و ئاوارە کردنیان، کەواتە کردەوەکانی دژی یەکتر بوون، بەم ڕەنگە لە لایەکەوە یاخی بوون لە تەورات و لە لایە تردەوە ملکەچ و گوێڕایەڵ بوون، جا لەبەر ئەوە بە سەرزەنشت کردن و بێزارییەوە ئەفەرموێ پێیان: ﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ﴾ دەی ئایا ئێوە بڕواتان هەیە بە هێندێ لە تەورات، وە بڕواتان نییە بە هێندێ تر؟ ئەم کردەوەو ڕووداوەی کە دای بە ناوچاویاندا شتێکی تازەکی بوو کەمێک پێش هاتنی ئیسلام بۆ مەدینە، داستانەکەی ئەمە بوو: لە مەدینەدا دوو تاقمو خێڵ هەبوو، ئەوس و خەزرەج کە لەناو عەرەبدا لەو دووانە دوژمن تر نەبوو دەرحەق یەک، وە سێ خێڵی جوولەکەش هەبوو هەر لە مەدینەدا: بەنی قەینوقاع، بەنی نەضیر، بەنی قورەیزە، یەکەمو دووەم سوێن خواری خەزرەج بوون، وە

سێیەمیش سوێن خواری ئەوس بوو، ئینجا کە جەنگ بەرپا ئەبوو لە بەینی ئەوس و خەزرەجدا هەرکام بە سوێن خواردکانیانەوە جەنگیان ئەکرد لەگەڵ ئەوی تر، جا لەوێدا وا ئەبوو جوولەکەی سوێن خواری خێڵێ جوولەکەی سوێن خواری خێڵەکەی تری ئەکوشت، کە ئەوەش قەدەغە بوو لەسەریان بە پێی تەورات و پەیمانێ کە خوا لێی وەرگرتبوون، وە هەر خێڵو تاقمێ زاڵ ببوایە ئەوی تری دەربەدەر ئەکردو ماڵو سامانی تاڵان ئەکردو دیلی لی ئەگرت، کە ئەوەش قەدەغە بوو لەسەر جوولەکە دەربارەی یەکتر بیکەن بە پێی پەیمانی خواو تەورات، ئینجا کاتێ جەنگەکە ئەکوژایەوە و مەسەلەی دیل ئەهاتە پێشەوە جوولەکەکان ئەکەوتنە تێکۆشان بۆ بەرەڵاکردنی هەر جوولەکەیەک کە دیل بوایە، ئیتر لە هەرلایەم ببوایە، ماڵو سامانیان ئەدا لە پێی بەرەڵا کردنیدا، ئەوەش بەپێی فەرمان و بڕیاری تەورات کە پێویستی کردبوو لە سەریان بەرەڵاکردنی دیل و بەندەی (ئیسرائیل)ی، کەواتە لە بارێکەوە گوێڕایەڵو ملکەچ بوون بۆ تەورات، وە لەبارێ ترەوە پاخی بوون و قەدەغەی تەوراتیان ڕەوا ئەدا، لەبەرئەوە بەو شێوەیە کردەوەکانیانیدا بە ناوچاویاندا و ئینجا فەرمووی: ﴿فَمَا جَزَآءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ﴾ ئینجا هەرکەس لە ئێوە ئەوە بکات تۆڵەی هەیچ نییە ﴿إِلَّا خِزْيٌ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ بێجگە لە ڕیسوایی و سەرشۆڕی لە ژیانی دنیادا، ئەوسێ تاقمە دووچاری دەردی خۆیان بوون، بەم ڕەنگە یەکەم و دووەم بە ڕیسوایی دەرکران لەمەدینە، وە سێیەمیش کوژران و بەدیل گیران و سامان و جێ و شوێنیان دەردەستکرا، هەرکام بە پێی کردەوەی خۆی وەک ئەگێڕنەوە لە (ئیبن و عەباس)ەوە ـ خوایان لێ ڕازی بێت ـ کە فەرمووی: بەنی قورەیزە باوی کوشتن و بڕین بووە، وە ئەوانی تریان باویان دەرکردن و داگیر کردنی جێ و شوێن بووە، ﴿وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلْعَذَابِ﴾ وەلە ڕۆژی دواییدا ئەگێڕێنرێن و ئەبرێن بۆلای بەتین ترین سزا، بەتین تر لە سزای ڕیسوایی و بەسەرهاتی جیهانیان، بە تین تر لە هەموو سزای جیهان، بە تین ترین سزا کە سزای هەمیشەیی و نەبڕاوەی دۆزەخە، بە تین ترین سزای ئەوە تاوانانەی کە کردیان، بەهەرحاڵ و لەسەر هەربار مەبەست ئەوەنییە کە سزای ڕۆژی دوایی یان لە سزای هەموو کەس و هەموو تاقمێ بە تین تر، کەواتە هەیچکەس ڕێی هیچ ڕەخنەیەکی نییە، بەم ڕەنگە بڵێ چۆن سزای ئەمانە بە تین تر ئەبێ لەوانەی بڕوایان بە خوا نییە یا ناپاکن،

وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٨٥﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُا۟ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا بِٱلْءَاخِرَةِ ۖ فَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٨٦﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَقَفَّيْنَا مِنۢ بَعْدِهِۦ بِٱلرُّسُلِ ۖ وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَيَّدْنَٰهُ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ ۗ أَفَكُلَّمَا جَآءَكُمْ رَسُولٌۢ بِمَا لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُكُمُ ٱسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ ﴿٨٧﴾

ئینجا دڵنیایی ئەکات لەسەر ئەو هەڕەشە سامناکەو ئەفەرموێ: ﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ بێگومان خوا بێئاگا نییە لەهەر کردەوەیەکتان، واتە هەمیشە تۆڵەو سزای لە کەمینایە بۆتانو چاوەڕوانی ئەکاتو هەلی خۆیەتی، ئینجا هەڵئەگرێ ئەم ڕستەیە ئاڕاستەی ئەم ئوممەتە کرابێ، وە مەبەست ئەوە بێت ئەم ئوممەتە تەمێ خوار ببێ لە (ئیسرائیل)یەکانەوو وەک ئەوان ڕەفتار نەکەن، بەم ڕەنگە بڕوامان ببێو باش ملکەچ ببین بۆ هێندێ لە قورئانەکەمانو یاخیو سەرکەش لەوی تر، کە بێگومان ئەو دەردە کوشندەیە زۆربەی ئەم ئوممەتەی ئەمڕۆی داگیر کردووە لە پێش هەمووانەوە ئەو کاربەدەستانەی کە لای موسڵمانێتی لێ ئەدەنو کەچی هەموو قورئانیان دوور خستۆتەوە لە ژیانو بەشێکی زۆر کەمی دەروونیو شەخسی نەبێ نەیان هێشتووەتەوەو لە جێگای زۆربەکەیدا دژو پێچەوانەیان داناوە!!

هەزار بار ڕەحمەتو ڕەزامەندیی خوا لە خەلیفەی دووەم (عومەری فاروق) کە ئەڵێن لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی: (ئیسرائیل)یەکان ڕۆشتنو تێپەڕیانکرد، ئەی ئوممەتی (محمد) (ﷺ) ئێوە مەبەستن بەم ئایەتە، ئینجا ئاوڕێ ئەداتەوە بۆلای موسڵمانانو هەموو ئادەمی بۆ ئەمەی ئاگاداریان بکات بەسەر حەقیقەتی ئەو تاقمە (ئیسرائیل)یەو بەرهەمو سەرهنجاکی کردەوەکەیاندا، ئەفەرموێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُا۟ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا بِٱلْءَاخِرَةِ﴾ ئا ئەوانە کەسانێکن کە ژیانی جیهانیان کڕی بە پۆژی دوایی، واتە ژیانی جیهانیان هەڵبژارد بۆ

خۆیان‌و دەست بەرداری ژیانی پڕۆژی دوایی بوون لە پێناوی ئەمدا، لەگەڵ ئەوەی ئەیانتوانی ئەو هەڵبژاردن‌و ئاڵ‌و گۆڕە نەکەن، بەڵام ئەو کردەوەی بە کڕین‌و فرۆشتن دانا، چونکە پاڵ پێوەنەریان بۆ ئەوە چەند دەستکەوت‌و بەرژەوەندیەک بوو لە جیهاندا، کەواتە وەک کڕین‌و فرۆشتن وایە، ﴿فَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ﴾ ئینجا ئەوسزایەی کەبۆیان دانراوە سووک ناکرێ لەسەریان، ﴿وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ﴾ وە ئەوانە یارمەتی نادرێن لەلایەن هیچ تکا کارو هیچ کەسێکەوە، ئینجا هەڵوێست‌و کردەوەی پیسیان دەربارەی پێغەمبەرێتی‌و بەرامبەر پێغەمبەرەکانی خۆیان بۆ ئەمەی بێئابڕوویان بکات‌و بەڵگە‌و بیانوویان بچڕێ کە ئەیان وت: ئێمە تەمێ‌و فەرمان‌و بەرنامەی پێغەمبەرەکانی خۆمانمان پێیە‌و هەر لەسەری ئەڕۆین‌و پێویستمان نییە بەم ئایینە تازەیە، ئەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ﴾ سوێن بە خوا بەخشیمان بە موسا کتێبێ کە تەوراتە، ﴿وَقَفَّيْنَا مِنۢ بَعْدِهِۦ بِٱلرُّسُلِ﴾ وە لەپاش ئەو چەند پێغەمبەرو ڕەوانەکراومان هێنا بەدوایدا، هەندێ لەوانە داود‌و سولەیمان‌و زەکەریا‌و یەحیایە ـ سەلامی خوا لە هەموویان بێت ـ ئەڵێن: لەپاش موسا (٤٠٠٠٠) هاتووە، وە هەندێ تر ئەڵێن: (٧٠٠٠٠) هاتووە، هەموو ئەوانە هەرچەند بووبن شوێنی تەورات کەوتوون‌و بۆ تازە کردنەوە‌و دامەزراندنی هاتوون، ئینجا پاش ئەوانە عیسا هات، وە لەبەر ئەوەی عیسا یەکێکە لەو پێنج پێغەمبەرە گەورانە کە ناو ئەبرێن بە (اولوا العزم) بە تایبەتی باسی کردو فەرمووی: ﴿وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ وە بەخشیمان بە عیسای کوڕی مەریەم چەند موعجیزەو بەڵگەی ڕوون، وەک زیندوو کردنەوەی مردوو، وە چاک کردنەوەی کوێرو بەڵەک‌و موعجیزەکانی تری ﴿وَأَيَّدْنَٰهُ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ﴾ وە بە هێزمانکرد بە ڕۆحی پاک‌و خاوێن کراوە ـ واتە جوبرەئیل ـ یا ئەو ڕۆحە تنایبەتییەی خۆی کە بەو شێوە تایبەتییە خوا پێیداو لەڕێگەی باوی پیاوو ئافرەتانی نرەوە نەهات.

خوای میهرەبان ئەو هەموو بەهرەیەی ڕشت بەسەر گەلی (ئیسرائیل)یدا، کەچی لە باتی سوپاس‌و گوێ ڕایەڵی‌و ملکەچی‌و چاولەبەری بۆ خواو ئەو پێغەمبەرانە، یاخی نەبوون‌و

سەرکێشیان ئەکرد لە هەر فەرمانو بڕیارێ کە بەدڵیان نەبوایەو بەپێی ئارەزووی نەفسی پیسیان نەبوایە، وە بڕوایان نەهێنا بەو پێغەمبەرانە ـ سەلامی خوایان لێ بێ ـ تا ئەو ڕادەیە هەندێکیان بە درۆزن دانان، وە هەندێکیان هەر کوشتن ڕ جای بڕوا پێهێنان، وە ئەو هەڵوێستە پیسەیان شتێکی ناسراوو زانراو بوو لە ناو ئەو تاقمو چینەشدا کەلە چەرخی پێغەمبەردا بوون (ﷺ) جا لەبەرئەوە ئەوا قورئان ئەیداتەوە بە ناو چاویاندا، بە بێزاری دەربڕینەوەو سەرسوڕ ئەهێنێ لەو کردەوەو هەڵوێستە پیسەی کە پێشوومکانیان هەڵسان پێی، وە بە شێوەیە ئەیدا لە ڕوویان وەک ئەمانیش بەشدار بن لە هەموو کردەوەو هەڵوێستەکەی ئەواندا، بۆ ئەوەی دەرکەوێ کە ئەمانیش وەک ئەوانن لە سروشتو نیازی پیسیاندا، ئەفەرموێ: ﴿أَفَكُلَّمَا جَآءَكُمْ رَسُولٌۢ بِمَا لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُكُمُ ٱسْتَكْبَرْتُمْ﴾ ئینجا ئایا هەرجارێ پێغەمبەرێکتان بۆهاتبێ بە فەرمانو بڕیارێکەوە کە نەفستان نەیەوێو پێی خۆش نەبێ ﴿فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ﴾ ئێوە خۆتان بە گەورە دانا و سەرکێشیتانکردن لە شوێن کەوتنو بڕوا پێهێنانی؟! ﴿وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ﴾ ئینجا تاقمێکتان لەوان (زەکەریاو یەحیاو چەندی تر)، واتە کوشتنتان، بەڵام بە وشەی ڕابردوو نەی فەرموو، لەبەر ئامادەکردنی شێوەی ئەو کردەوە ناهەمواوە کە بەبیر لێکردنەوەی ئەبێ دڵ بێتە لەرزەو موچڕکە بە لەشدا بێت، وە هەم بۆ ئەوەی دەست نیشان بکرێ بەو نیازە پیسەی کەلە دڵی ئەو تاقمەدا بوو کەلە چەرخی پێغەمبەردا بوون (ﷺ)، وە بە هەموو جۆرێ کە پێیانکرا هەوڵیاندا، بەڵام خوا پاراستی.

خوای میهرەبان ئەم هەواڵانە ئەدا بەم ئوممەتە بۆ ئەمەی بترسنو خۆیان بپارێزن لە کردەوەی گەلی (ئیسرائیل)ی، کە باشترین گەلی چەرخی خۆیان بوون، بەڵام بەهۆی لادانیان لە بەرنامەی خوا گۆڕان بە پیس ترین گەلو جێنشینیان لێ سەنرایەوەو کران بە نەفرین لێکراوی خوا، ئەم هەواڵانە ئەدا بەم ئوممەتە تا وەک ئەوان نەکەونە چاڵی بەد بەختیو ژێر کەوتنو شەرمەزاریو ڕیسوایی.

وَقَالُواْ قُلُوبُنَا غُلْفٌۢ بَل لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلًا مَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾ وَلَمَّا جَآءَهُمْ كِتَٰبٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ
مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ وَكَانُواْ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُواْ
كَفَرُواْ بِهِۦۚ فَلَعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٨٩﴾ بِئْسَمَا ٱشْتَرَوْاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ أَن يَكْفُرُواْ
بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بَغْيًا أَن يُنَزِّلَ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦۖ

باسی هەڵوێستی کردن لەگەڵ پێغەمبەرەکانی خۆیاندا، ئینجا باسی هەڵوێستیان ئەکات بەرامبەر ئەم پەیامە تازەو ئەم پێغەمبەرە تازەیە، کە سەرنج ئەدەین هەروەک لەوەو بەر وانو وەک ئەمانەی ئێستا هەر ئەو چینەبن کە بەرنگاری ئەو پێغەمبەرە پێشووانە وەستان، ئەفەرموێ: ﴿وَقَالُواْ قُلُوبُنَا غُلْفٌۢ﴾ ئەوانەو وتیانو ئەڵێن: دڵمان پێچراوەتەوەو پەردەی بەسەرەوەیە، واتە تێناگەین لەم بانگەوازە تازەیە، وە ناچێتە دڵمانەوەو بە هەر جۆر بانگ بکرێن دڵمان نابیستێو دڵمان لەسەر ئەو سروشتە دامەزراوە، مەبەستیان نا ئومێدکردنی پێغەمبەر (ﷺ)و موسڵمانان بوو لەوەی هەوڵی موسڵمان بوونیان بدەن، یا مەبەستیان ئەوە بوو ئەوە بکەن بە هۆو بیانووی بڕوا نەهێنانیانو بەو قسەیە خۆیان ڕزگار بکەن لە دەست بانگ کەرانیان، لەسەر هەرکام خوا بەڕەرچیان ئەداتەوەو بە درۆیان ئەخاتەوە، ئەفەرموێ: ﴿بَل لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفْرِهِمْ﴾ نەخێر، ڕاست ناکەن لەوەی کە وتیان، بەڵکو خوا نەفرینی لێکردنو دەری کردن لە بەزەیی خۆی بە هۆی بێبڕوایی خۆیانەوە کە بە ئارەزووو خواهیشی خۆیان کەوتنە سەری، واتە ئەوانە هەر لە کۆنەوەو لە تاقمە پێشووەکانیانەوە بە بێبڕوایی هاتوون، یان لە ڕێوەو لە یەکەم جارەوە بێبڕواییان بۆ خۆیان هەڵزارد بە هۆی ئەوەوە خوایش قاری لێگرتن لە تۆڵەی ئەوەدا، دووری خستنەوە لە بەزەیی خۆیو بەرگری کردن لەوەی سوود وەرگرن لە بانگکردنو ڕێنموونی، ﴿فَقَلِيلًا مَّا يُؤْمِنُونَ﴾ بە هۆی ئەوەوە زۆر کەم بڕوا ئەهێنن و زۆر بە دەگمەن بڕوا هێنان لەوانەوەڕووئەدات، ئەوانەبەپێی نامەکەی خۆیان بڕوایان بوو بە هاتنی ئەم پێغەمبەرە(ﷺ)، وە ئومێدەوار بوون کە بە هۆی شوێن کەوتنو بڕوا پێ هێنانی سەرکەون و زاڵ بن بەسەر بت پەرستو بێبڕواکاندا، کەچی لە پاش هاتنی ئەم قورئانەوە کە ڕێک بوو لەگەڵ نامەکەی خۆیاندا، بڕوایان نەهێنا لە کاتێکدا ئەشیاننناسی، وەک

ئەفەرموێ: ﴿وَلَمَّا جَآءَهُمْ كِتَٰبٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ﴾ کاتێ هات بۆیان نامەیەک لەلایەن خواوە، واتە قورئان کە ﴿مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ﴾ پێک بوو لەگەڵ ئەو نامەی کە لای ئەوان و بە دەست ئەوانەوە بوو، واتە نامەکەی ئەوانی بە ڕاست دانەناو دەقی ئەو بوو لە بنەڕەتی ئایین و لە مەبەست و لە ئامانجدا ﴿وَكَانُوا۟ مِن قَبْلُ﴾ لە کاتێکدا لە پێش هاتنیدا ئەوانە ﴿يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ بەهۆی ئەم پێغەمبەرەوە (ﷺ) داوای سەرکەوتن و زاڵ بوونیان ئەکرد لە خوا بەسەر ئەوانەی بت پەرست و بێبڕوا بوون، بەم ڕەنگە لە کاتی جەنگکردن لەگەڵیان ئەیان وت: ئەی خوایە زاڵمان بکە بەو پێغەمبەرەی کە دواترین ڕەوانە کراوەو ئێمە ناوونیشانمان دەست ئەکەوێ لە تەوراتدا، وە هەڕەشەیان لی ئەکردن و ئەیان وت: نزیکە هاتنی پێغەمبەرێک کە قسەو ئایینی ئێمە بە ڕاست دەرئەکات، ئێمە بڕوای پێئەهێنین و شوێنی ئەکەوین و ئینجا پێکەوە جەنگتان لەگەڵ ئەکەین و لەناوتان ئەبەین، وەک گەلی (عاد)و (إرم) لەناو بران، ئەو جوولەکانە ئاوا بوون و بەتەمای ئەوە بوون کەچی ﴿فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُوا۟﴾ ئینجا کاتێ هات بۆیان ئەو نامەی کە ئەیان ناسی، بە هۆی ناسینی پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە ناوو نیشانی لە تەوراتدا هاتبوو، کاتێ ئەوەیان بۆ هات ﴿كَفَرُوا۟ بِهِۦ﴾ بڕوایان پێ نەهێنا ﴿فَلَعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ کەواتە خەشم و نەفرینی خوا لەسەر ئەو بێبڕوایانە بێت.

ئەوانە لایان بوو کە ئەم دواترین پێغەمبەرەش هەر لەوان ئەبێت، ئینجا کاتێ کە هات و دەرکەوت لەوان نییەو بەڵکو لە گەلی عەرەبە، حەسادەت داگیری کردن و بە هۆی ئەوەوە سەرکێشییان بەکار هێناو دانیان پیا نەنا، وەک دەرئەکەوێ کە دەربارەیان ئەفەرموێ: ﴿بِئْسَمَا ٱشْتَرَوْا۟ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ﴾ زۆر خراپە ئەو شتەی کە بۆ خۆیانیان فرۆشت و هەڵیان بژارد بۆ خۆیان، ئەو شتەش ﴿أَن يَكْفُرُوا۟ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ بڕوا نەهێنانیانە بەوەی کە خوا ناردیە خوارەوە ـ واتە قورئان ـ وە بڕوا نەهێنانەکەشیان ﴿بَغْيًا﴾ لەبەر داخ و حەسادەت بوو، داخ و حەسادەتێ ﴿أَن يُنَزِّلَ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ﴾ ئەمەیە کە خوا بەشێ لە (وەحی) سروشی خۆی ئەهێنێتەخوارەوە بۆسەربەندەیەک لەبەندەکانی کەخواخۆی مەیلی ببێ وەهەڵی بژێرێ بۆی، واتەهۆی بڕوانەهێنانیان بەقورئان حەسادەت بردن بووبەپێغەمبەرمان(ﷺ) کەلە خۆیان نییەو لە عەرەبە

فَبَآءُو بِغَضَبٍ عَلَىٰ غَضَبٍ ۚ وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٩٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ ءَامِنُوا۟ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُوا۟ نُؤْمِنُ بِمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَآءَهُۥ وَهُوَ ٱلْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَهُمْ ۗ

﴿فَبَآءُو بِغَضَبٍ عَلَىٰ غَضَبٍ ۚ﴾ کەواتە گەڕانەوە بە شایستەیی بۆ خەشم لەسەر خەشمی خوا بە پێی حەسادەت‌و بێبڕواییەکەیان، یا دووچاری خەشمی خوا بوون لەسەر بڕوا نەهێنانیان بە قورئان‌و بە پێغەمبەرمان (ﷺ) بێجگە لە خەشمێ لەسەر بڕوا نەهێنانیان بە ئینجیل‌و عیسا (علیه السلام) ﴿وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾ وە بۆ بێبڕوایانە هەیە سزایەکی ڕیسواکەر، ئەوەش بەرامبەر ئەوەی کە خۆیان بە گەورە سەیر ئەکرد‌و لایان وابوو کەس هاوتایان نییە لە هونەرمەندیدا ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ﴾ کاتێ لەلایەن موسڵمانانەوە پێیان بوترێ: ﴿ءَامِنُوا۟ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ بڕوا بێنن بەوەی کە خوا ناردییە خوارەوە ـ واتە قورئان ـ ﴿قَالُوا۟﴾ ئەڵێن: ﴿نُؤْمِنُ بِمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا﴾ بڕوامان هەیە بە هەمیشەیی بەوەی کە هێنراوەتە خوارەوە بۆ سەرمان، واتە تەورات‌و هەرشتێ تر کە هاتبێ بۆ بەهێز کردن‌و دامەزراندنی تەورات، ﴿وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَآءَهُۥ﴾ لەکاتێکدا کە باوەڕیان نییە بە غەیری ئەوو بەوەی کەلە پاش ئەو هاتووە ـ واتە قورئان ـ ﴿وَهُوَ ٱلْحَقُّ﴾ لەکاتێکدا کە هەر ئەویش ڕاستە‌و شایانە بە ڕاست ناوببرێ ﴿مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَهُمْ ۗ﴾ کە ڕێک‌و پێکیشە لەگەڵ تەورات‌و ئەوەی کەلای ئەوانە، واتە قسەو هەڵوێستەکەیان هۆی سەرسوڕمانە، چونکە ئەگەر ئەوانە بڕوایان بە تەورات هەبێ، ئەبێ بڕوایان بە قورئانیش ببێ کە ڕێکە لەگەڵ تەوراتداو وەک دەقی ئەو وایە، کەواتە لە ڕووی ڕاستیدا هۆی بڕوا نەهێنانیان بە قورئان بڕوا نەبوونیانە بە تەورات، ئەانە کە لافی بڕوا بە تەوراتیان لێ ئەداو درۆیان ئەکرد وەک خوا فەرمان ئەدا بە پێغەمبەر (ﷺ) کە دەم کوتیان بکات‌و بەرپەرچیان بداتەوە بە بێبڕوایی،

قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنۢبِيَآءَ ٱللَّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٩١﴾ ۞ وَلَقَدْ جَآءَكُم مُّوسَىٰ بِٱلْبَيِّنَٰتِ ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿٩٢﴾ وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ ٱلطُّورَ خُذُوا۟ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ وَٱسْمَعُوا۟

ئەفەرموێ: ﴿قُلْ﴾ ئەی پێغەمبەر بڵێ بەوانە: ﴿فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنۢبِيَآءَ ٱللَّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بڕوادارن دەی لەبەرچی پێغەمبەرەکانتان کوشت لەموپێش؟ ئەو پێغەمبەرانەی کە هاتن بۆ چاسپاندنو بەهێزکردنی بڕوا بە تەورات.

بەڵگەو نیشانە لەسەر بێبڕوایی ئەوانە هەر ئەوە نەبوو کەلەپاش (موسا) ئەو پێغەمبەرانەیان شەهید کرد، بەڵکو هەر لە چەرخی (موسا)یشدا کە ئەو هەموو موعجیزە گەورانەی نیشاندان، کەچی بێبڕواییان لێدەرکەوت، وەکو فەرمانیدا بەمەش دەم کوتیان بکات: ﴿وَلَقَدْ جَآءَكُم مُّوسَىٰ بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ سوێند بە خوا (موسا)تان بۆ هات بە چەند موعجیزەو بەڵگەی پووناوە لەسەر پێغەمبەرێتیەکەی‌و لەسەر تاکو تەنیایی خوا ﴿ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ﴾ کەچی دوای ئەوە گوێرەکەکەتان گێڕا بە پەرستراوی خۆتان، ئەو گوێرەکەی کە (سامیری) بە بەرچاوتانەوە دای ڕشت‌و دروستی کرد! ﴿وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ﴾ ئەوەتانکرد لەکاتێکدا کە ئێوە ستەمکارو دەست درێژیی کەر بوون‌و ئەو کارە بێجێیەتان کرد، یان ئێوە گەلێکن کە هەمیشە ستەمکارو دەست درێژیی کەرن، وە هەروەها دەم کوتیان بکاتەوە بەم هەڵوێستەی تریشیان: ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ﴾ باسی ئەو کاتە بکەن کە پەیمانمان لێ وەرگرتن لەسەر ئەوەی ڕەفتار بکەن بە پێی فەرمانی تەورات، ﴿وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ ٱلطُّورَ﴾ لەکاتێکدا کە ئێوە سەرپێچیتان کردو ئێمەیش کێوی (طور)مان، بەرزکردەوەو ڕاگیرمان کرد بەلای سەرتانەوە، تا بکەوێ بەسەرتاندا، ئەگەر ملکەچ نەبن، ﴿خُذُوا۟ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ وَٱسْمَعُوا۟﴾ وە پێمان گوتن: ئەوەی کە پێمان سپاردوون وەری گرن بە کۆششو بە تووندی، وە بیبیستن بە بیستنی وەرگرتن‌و گوێڕایەڵی.

قَالُوا سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَأُشْرِبُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْعِجْلَ بِكُفْرِهِمْ ۚ قُلْ بِئْسَمَا يَأْمُرُكُم بِهِ إِيمَانُكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٩٣﴾

پووی فەرموودەی کردە جوولەکەکان و پەیمان و فەرمانەکەی خستنە بەرچاو، ئینجا ئاوڕ ئەداتەوە بەلای بڕوادارانو هەموو ئادەمیدا، هەواڵیان پێئەدات کە هەڵوێستی ئەو جوولەکانە چۆن بوو، ئەفەرموێ: ﴿قَالُوا﴾ وتیان: ﴿سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا﴾ قسەکانمان بیست، وە سەرپێچی ئەکەین لە فەرمانەکەت گوێڕایەڵی نابین، واتە بیستمان بەڵام نەک بە بیستنی وەرگرتن و گوێڕایەڵی، ﴿وَأُشْرِبُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْعِجْلَ﴾ ئەوەیان وت لە کاتێکدا کە خۆشەویستی و شێوەی گوێرەکەو گوێرەکە پەرستی خراوەتە دڵیان و تێکەڵیان بووەو دامەزراوە لەدڵیاندا ﴿بِكُفْرِهِمْ﴾ بەهۆی بێبڕوایی لەوەو بەریانەوە کە دەقیان پێوە گرتبوو، ئیتر ئایا سەرپێچیەکەشیان بەدەم وتبێ، وەك زۆربە ئەفەرموون لەبەرئەوەی لانەدەن لە دیمەن و پوالەتەکەی بەبێ بەڵگەو پاڵ پێوەنەرێك، یان بە کردەوە سەرپێچیەکەیان گەیاندبێ و لەپاشا دەریان خستبێ، وەك کۆمەڵێ ئەفەرموون، لەسەر هەرکام خوا فەرمانیدا کە پێغەمبەر (ﷺ) سەرکوتیان بکات بە جۆرو شێوەیەك کەبێ نرخی نیشان ئەدات دەربارەی ئەو بڕوایەی کە لافیان لێ ئەدا پێی، وە ئەیکات بە جێگەی گاڵتەو لاقرتی ئەفەرموێ: ﴿قُلْ﴾ ئەی پێغەمبەر بڵێ پێیان: ﴿بِئْسَمَا يَأْمُرُكُم بِهِ إِيمَانُكُمْ﴾ شتێکی زۆر خراپو بێزراوە ئەوەی کە بڕواکەتان فەرمانتان پێئەدان پێی، ئەوەش کە بریتییە لە گوێرەکە پەرستی و یاخی بوون و سەپێچی لە فەرمانی خوا! وە بڕواکەیان بە هیچ دەرئەکات، ئەفەرموێ: ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بڕوادارن، چونکە ئەم ڕستەیە یا بۆ ئەوەیە بیانخاتە گومانو دوو دڵی لە بڕواکەیاندا، یا مەبەست ئەوەیە کە دژایەتی و نەگونجاوی بڕوا بە خوا هەیە، لەگەڵ گوێرەکە پەرستیدا، هەرکام بوو ئەوی تر نابێ ببێ، دەی کە ماتوڵ خۆشەویستی گوێرەکە پەرستی هەیە ئەبێ بڕوا بە خوا نەبێت.

ئەو (ئیسرائیل)یانە لافیان لێ ئەدا کە ئەوان گەلی هەڵبژێراوی خوان، هەر ئەوان لەسەر ڕێگەی ڕاستن، هەر ئەوان ئەگەن بە ئامانج لە ڕۆژی دواییدا، وە هەموو گەلو ئوممەتەکانی

تر بێبەشن لە پۆژی دواییدا، وە یەکەم مەبەستیان لەو قسەو باسە ئەوە بوو کە بڕوای موسڵمانەکان بێهێزو لاواز بکەن بە بەڵێنەکانی قورئانو پێغەمبەر(ﷺ)،

قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ ٱلدَّارُ ٱلْآخِرَةُ عِندَ ٱللَّهِ خَالِصَةً مِّن دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُا۟ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٩٤﴾ وَلَن يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًۢا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٩٥﴾

ئینجا خوا فەرمانیدا کە پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بفەرموێ: دەی داوای مردن بکەن ئەگەر ڕاست ئەکەن لە قسەو لافەکەیاندا، ئەفەرموێ: ﴿قُلْ﴾ بڵێ پێیان: ﴿إِن كَانَتْ لَكُمُ ٱلدَّارُ ٱلْآخِرَةُ عِندَ ٱللَّهِ خَالِصَةً مِّن دُونِ ٱلنَّاسِ﴾ ئەگەر بەهەشت هەر بۆ ئێوەیە بە تایبەتی و بێ هیچکەس تر لای خواو بە پێی بڕیاری خوا ـ وەک خۆیان ئەڵێن ـ ﴿فَتَمَنَّوُا۟ ٱلْمَوْتَ﴾ دەی ئاواتی مردن بخوازن و داوای مردن بکەن لە خوا، ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن، کە ئەڵێن بەهەشت هەر بۆ ئێوەیە، چونکە هەرکەس دڵنیا بێت و لای وابێت کە بەهەشتییە ئەبێ پێی خۆش بێت ڕزگار بوونی لەم جیهانی تەنگ و تارکی و غەمەو گەیشتنی بەو جیهانی نازو ڕێزو خۆشییە، وەک زۆر لە پیاوە خواناسەکانی ئەم ئوممەتە ئەو ئاواتەیان خواستووە بە ئومێدی گەیشتن بەو خۆشییە، وە ئاوات خواستنێ کە جڵەوگیری لێکراوە ئەوەیە کە لەبەر دووچار بوون بێت بە سزاو زیانێکەوە وەک لە دەقی حەدیسەکەدایە: (لا یتمنین احدکم الموت لضر اصابه) هیچکام لە ئێوە ئاوات بۆ مردن نەخوازێ لەبەر زیان و ئازارێ کە تووشی بووبێت، زۆربەی زانایانی تەفسیر ئەم ئایەتەیان بەو جۆرە تەفسیر کردووە کە وتمان، وە هێندێ ئەفەرموون: مەبەست ئەوە بوو کە پێغەمبەر (ﷺ) بانگی ئەو تاقمە جوولەکە بکات (مباهله)یان لەگەڵ بکات، تا دەرکەوێ کە ئەوانە درۆئەکەن لەو هەموو قسەو لافەدا کە لێی ئەدەن بۆ خۆیان، وەک خوا فەرمانیدا کە بانگی تاقمێ لە مەسیحیەکان بکات بۆ ئەو (مباهلە)، ئەوەش ئەوەیە کە دوو تاقم بوەستن برامبەر یەک و داوابکەن لە خوا کە درۆزنەکەیان لەناو بەرێ، بەڕاستی ئەم تەفسیرە زۆر جێگای بڕوایەو باش جێگیر ترە لە دڵدا، وە چەند حەدیسێ پشتگیرە بۆی:

یەکەم: ڕیوایەتی (ئیبن و ئەبی حاتەم) کە صەحیحەو لە (ئیبن و عەباس)ەوە ـ خوایان لێ ڕازی بێت ـ کە فەرموویەتی: ئەگەر ئەو ئاواتەیان بخواستایە هەرکام لەوان تف لە گەرویدا ئەگیرا، واتە هەناسەی نەئەداو ئەمرد.

دووەم: وێنەی ئەو ڕیوایەتە کە (بەیهەقی) ئەیهێنێ لە (ئیبن و عەباس)ەوە.

سێیەم: ڕیوایەتی (بوخاری) لێیەوە کە ئەفەرموێ: (لو أن اليهود تمنوا الموت لماتوا) ئەگەر جوولەکە ئەو ئاواتەیان بخواستایە ئەمردن.

چوارەم: ڕیوایەتی (ئیبن و جەریر) لێیەوە بەوێنەی ئەوەی پێشوو.

پێنجەم: حەدیسێ کە (ئیمامی ڕازی) لە تەفسیرەکەیدا ئەیهێنێ کە لە تەواوی شتەکە ڕوون ئەکاتەوە: (لو خرج الذين يباهلون لرجعوا لايجدون اهلا و لا مالا) ئەگەر ئەوانەی کە (مباهلە)یان لەگەڵ کرا بهاتنایەتە پێشەوە بۆ مەیدان ئەگەڕان بەبێ خێزان و بە بێ مآڵ، واتە هەموو ئەمردن.

بەڵێ بەڕاستی ئەم ڕیوایەتانە پشتگیرو بە هێزکەری ئەم تەفسیرێ دووەمەن، چونکە وانیشان ئەدەن کە ئەو مردنەیان تۆڵەیەک ئەبوو بۆیان، وە هەروەها دیمەن و شێوەی ئەم هەاڵە نیهنی و غەیبییەش هەر پشتگیرو یارمەتی دەرە کە ئەفەرموێ: ﴿وَلَن يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًا﴾ وە هەرگیز ئەوانە ئاوات بۆ مردن ناخوازن تا ماون ﴿بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ﴾ بەهۆی کردەوەی خراپی لەمەوپێشیان کە بەدەست و ئارەزووی خۆیانکردوویانە، واتە خۆیان ئەزانن کە درۆ ئەکەن، وە ئەترسن ئەگەر داوای مردن بکەن خوا داواکەیان وەرگرێ و ئەوکاتە دووچاری سزای خۆیان بێن، چونکە ئەزانن کە کردەوەی خراپی زۆریانکردووە کە مایەی سزای سەختیانە، ئەو کاتە ئەم دنیایەشان ئەڕوات و ئەو دنیاش... جا لەبەرئەوە ئەو ئاواتە ناخوازن، ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ﴾ وە خوا زانا و ئاگایە بەو ستەمکارانە، زانا و ئاگایە بە خۆیان و بە هەرشتێ کە لەوانەوە ڕوو ئەدات، یەکێ لەوانە ئەوەیە کە ئەو ئاواتە ناخوازن، وتمان ئەم هەواڵەش هەر پشتگیرو یارمەتی دەرە بۆ ئەم تەفسیرێ دووەمە، چونکە ئەم هەواڵە خۆی بەرلێ بڕینەوەی تیایە بۆ ئەو جوولەکانەو وایش نیشان ئەدات کە مەبەست بە ئایەتی پێشوویش هەر بەرلێ بڕینەوەیەو بانگکردنیانە بۆ ئەو (مباهلە)یە کە باسمانکرد، تا دەرکەوێ کە درۆ ئەکەن لەو هەموو قسەو لافو گزافانەدا، وە بەو بانگکردنە دەم کوت کران و نەیانتوانی بێنە مەیدان و ئەو ئاواتە بخوازن، وە ئەم هەواڵە غەیبییەش بەدی هات، کەواتە ئەمەش یەکێ بوو لە موعجیزەکانی قورئان و بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر پێغەمبەرێتی پێغەمبەرمان (ﷺ)، چونکە

ئەگەر ئەم هەواڵە لەلایەن خواوە نەبوایە، کەس نەی ئەتوانی هەواڵی وابدات لەو جوولەکە دوژمنانە کە هەمیشە هەوڵو تەقەللایان ئەدا بۆ پلارێ بیدەن لەم ئایینە پیرۆزە، وە لەکەو ڕەخنەیەکی لێبدۆزنەوە، ئینجا هەواڵیشی لێدان بە نەکردنی شتێکی زۆر ئاسان کە هیچی تێ نەئەچوو، چونکە ئەیانتوانی ئەگەر بەدرۆیش بوایە ئەو ئاواتەیان بخواستابە بەدەم، بەڵام نەیانکردو ڕاستی هەواڵەکە دەرکەوت بۆ هەمووان، وە لە لایەتریشەوە ئەو پەک کەوتنو دەستەپاچەیی ئەوانە بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوەی کە ئەو جوولەکانە بۆیان دەرکەوتووە ڕاستی ئەم ئایینو پێغەمبەرە (ﷺ) لەبەر ئەوە نە یانتوانی ئەو ئاواتە بخوازن، ئینجا پێویستە بزانین کە ئەو بانگکردنو هەواڵدانە تایبەتی بووە بەو چینو تاقمەی کەلە چەرخی پێغەمبەردا بوون (ﷺ) نەک بۆ هیچ تاقمو چینێ تربێت، وەک ڕیوایەتکراوە لە (نافیع)ەوە کە ئەفەرموێ: جوولەکەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ کردینو وتی: لە قورئانەکەتاندا هەیە کە ئێمە ئاواتی مردن ناخوازین، دەی ئەوا من ئاواتی مردن ئەخوازمو نایش مرم، (ئیبنو عومەر) ـ خوا لێیان ڕازی بێت ـ گوێی لەو قسەیە بوو، بە ئەوە ڕقی هەڵساو چووە ماڵەوەو شمشێری دەرکێشاو هاتە دەرەوە، ئینجا جوولەکەکە بینی ڕایکرد، (ئیبنو عومەر)یش فەرمووی: سوێن بە خوا ئەگەر پێی بگەیشتمایە ئەمدا لە گەردنی، ئەو سەگە نەفامە وای گومان بردووە کە ئەم ئایەتە بۆ هەموو جوولەکەیەکە یا بۆ هەموو کاتە، نەخێر! ئەم دوو ئایەتە تایبەتییە بەو جوولەکانەی چەرخی پێغەمبەر (ﷺ) کە مەل ملانێیان ئەکرد لەگەڵی و دژی پێغەمبەرێتیەکەی بوون لە پاش ئەوەی کە ئەیان ناسی و ئەیان زانی ڕاستە، وە بەڕەچ دانەوەو بەربەرەکانی لەگەڵیان هەر بە زوبان بوو نەک بە شیرو تیر، وە بەڵگەیە تریش لەسەر ئەوە ئەمەیە کە (ئیبنو جەریر) ئەیهێنێ لە (ئیبنو عەباس)ەوە ـ خوا لە هەموویان ڕازی بێت ـ کە ئەفەرموێ: ئەگەر ئەو ئاواتەیان بخواستایە لەو ڕۆژەدا کە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموون یەک جوولەکە لەڕووی زەویدا نەئەماو هەموو ئەمردن، ئەوانە یەک هەر ئەوەبن کە ئاوات نەخوازن بۆ مردن،

وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٍ وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِۦ مِنَ ٱلْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ ۗ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ

بەڵکو بەم جۆرەن کە ئەفەرموێ: ﴿وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٍ﴾ سوێند بە خوا ئەوانەت دەست ئەکەوێ و بۆت دەرئەکەون بە سوورترین ئادەمی لەسەر ژیان، تەنانەت ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟﴾[1] لەوانەش کە بت پەرستی و هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار داوە، کە ئەمانە ئەبوایە سوور تر بوونایە لەسەر ژیان، چونکە بڕوایان بە زیندوو بوونەوە و تۆڵە و پاداشت نییە، کەچی ئەو جوولەکانە سوورترن لە مانیش، چونکە نەزانن دوا ڕۆژیان هەر ئاگرە بەهۆی ئەو هەموو تاوان و خراپەکارییەی کە کردوویانە، ئەوانە ژیانیان خۆش ئەوێ و سوورن لەسەری تا ڕادەیەک ﴿يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ﴾ هەرکام لەوان پێیان خۆشە و ئاواتە خوازن بەمەی کاشکێ - خۆزگە - تەمەنی درێژ بکرێ، ماوەی هەزار ساڵ! بەڵام ئەگەر ئەو ئاواتەش بەدی بێت هیچ سوودی نابێ، چونکە ﴿وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِۦ مِنَ ٱلْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ﴾ تەمەن درێژ کردن و درێژەدان بە ژیان دوور خەرەوە و ڕزگار کەری ئەو کەسە نییە لە سزا، هیچ کار ناکات لەو سزایەی کە بەرەو ڕووی ئەڕوات، بەڵکو تابێت تین و بڵێسەی زیاد ئەکات، چونکە هەتا بێت گوناهو تاوان زۆرتر ئەکات و باری گرانتر ئەبێت، ئینجا کۆتایی باسەکە ئەهێنێ بەم ڕستە سامناکە کە هەڕەشەی لێ ئەبارێ ﴿وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ﴾ خوا بینایە بە هەموو کردەوەیەک کە ئەوانە ئەیکەن، کەواتە تۆڵەیان لێ ئەسێنێ بەپێی کردەوە خراپەکانیان، ئینجا فەرمان ئەدا بە پێغەمبەر (ﷺ) وە فێری ئەکات کە بەربەرێتەوە لە جوولەکەکان و جار بدا بەم شتە ڕاستەو ڕایگەیەنێ ئەفەرموێ: ﴿قُلْ﴾ ئەی پێغەمبەر بڵێ ﴿مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ﴾ ئەگەر هەرکەس دوژمنی (جوبرەئیل)ە دەی با لە داخا بمرێ

---

[1] ئەم ئایەتە بەدوو سێ جۆری تریش تەفسیر کراوەتەوە، بەڵام زۆربە لەسەر ئەوەیە کەلە تەفسیرەکەدایە و دڵنیش زۆر پێی بە ئارامە، وە زانینی ئەوانو ڕاست هەرلای خوایە.

فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴿٩٧﴾ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٩٨﴾ وَلَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ ۖ وَمَا يَكْفُرُ بِهَآ إِلَّا ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٩٩﴾

﴿فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ چونکه بێگومان قورئانی هێنایه خوارەوه به وەجبه وەجبه بۆ سەر دڵی تۆ به ئیزن و ڕەزای خوا، کەواتە بە ئارەزووکاری خۆی نەیهێناوە، بەڵکو فەرمان و ڕەزامەندی خوای بە جێهێناوە بە هێنانە خوارەوەی ئەم قورئانە بۆ سەر دڵی تۆ، واتە هێزی ژیریی و بیریی و تێگەیشتنت کە بەو هێزە شت وەرەئەگیرێ و پارێگاری ئەکرێ و ئەزانرێ ئەو قورئانەی هێنانە خوارەوە ﴿مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ لە کاتێکدا کە ڕێك و پێکە لەگەڵ ئەو نامە و ئایینی خوا کەلە پێشییەوە هاتووە، وە بەڕاست و ڕەوایان پیشان ئەدات ﴿وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ وە ڕێ نیشان دەرو مژدە دەرە بۆ بڕوا داران، بەڵێ وەك چەند جارێك وترا قورئان ڕێك و پێکە لەبنەڕەت و لە شێوە گشتیەکەیدا لەگەڵ هەموو نامە و ئایینە ئاسمانیەکاندا، وە بەڕاستی ڕێ نیشان دەرو مژدە دەرە لە دڵە بڕوا دارەکان کە خۆیان بۆ کردووەتەوە و ئامادەن بۆ گوێڕایەڵی. نەك بۆ ئەوانەی کە ڕووی لێ وەرئەگێڕن و یاخین لێی، لەبەرئەوە قورئان لە چەند شوێنێکیدا ئەمەو وێنەی ئەمە چەند بارە ئەکاتەوە، ﴿مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ﴾ هەرکەس دوژمنی خوا و فریشتەکانی و جوبرەئیل و میکائیل بێت، بێگومان خوا دوژمنی بێبڕواکانە، واتە دوژمنایەتی هەرکام لە پێغەمبەران و فریشتەکان و ئەوانەی کە خوا نزیکی خستوونەتەوە لە خۆی، دوژمنایەتی هەرکام لەوانە دوژمنایەتییە لەگەڵ خوادا، وە هەرکەس دوژمنی ئەوانە بێت کافرو بێبڕوایە و خوایش دوژمنی هەموو بێبڕواکانە.

لەبارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتەوە دوو حەدیس ڕیوایەتکراوە، یەکێکیان باس ناکەین، چونکە (حافظی عێراقی) ئەفەرموێ: هیچ سەنەدێکم دەست نەکەوتووە بۆی، بەڵکو ئەمەیان ئەهێنین کە (ئیبن ئەبی شەریبە و ئیبن و جەریرو ئیبن ئەبی حاتەم) هێناویانە کە (عومەر) –خوا لێی ڕازی بێ– پۆژێك ئەچێتە قوتابخانەی جوولەکەکان و پرسیاریان لێ ئەکات لەبارەی (جوبرەئیل)ەوە، ئەوانیش ئەڵێن: ئەوە دوژمنمانە، (محمد) ئاگادار ئەکات بەسەر نهێنێیەکانی ئێمەدا، وە ئەو خاوەنی وێرانکردن و سزایە، و میکائیل خاوەنی

خۆشی و ئاشتییە، ئینجا (عومەر) ئەفەرموێ: ئەی ڕادەو پلەی ئەو دووانە چییە لای خوا؟ ئەوانیش ئەڵێن: جوبرەئیل لای ڕاستییەو میکائیل لای چەپی، وە دوژمنایەتی هەیە لە نێوانیاندا، (عومەر)یش ئەفەرموێ: ئەگەر ئەوانە بەو جۆرە بن کە ئێوە ئەڵێن نابێ دوژمنی یەکتر بن، وە بەڕاستی ئەبێ ئێوە لە کەربێ‌بڕوا ترین، وە هەرکەس دوژمنی هەرکامیانە ئەو کەسە دوژمنی خوایە، لەپاشا (عومەر) –خوا لێی ڕازی بێ– ئەگەڕێتەوە و تەماشا ئەکات جوبرەئیل پێشکەوتووە و ئەم ئایەتەی هێناوەتە خوارەوە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) پێی ئەفەرموێ: ئەی (عومەر) ئەوا خوا قسەکەتی بەڕاست دەرکردو بە گێڕەی ئەوە قورئانی ناردە خوارەوە. بەڕاستی ئەوپەڕی نەفامییە قسەی ئاوا بێجێ، بەڵام چی ئەکەیت لەدەست حەسادەت و ڕق و کینەی بەتین کە ئاوا سەر ئەشێوێنێ لە مەردوم و دووچاری هەڵە و نەفامیەکی ئەکات!! ئینجا ڕووی فەرموودە ئەکاتە پێغەمبەر (ﷺ) دامەزراوو دڵ بەهێزی ئەکات لەسەر ئەو قورئانەی کە ناردوویەتییە خوارەوە بۆ سەری، وە بۆی ڕوون ئەکاتەوە کە هۆی بڕوا نەهێنان پێی لادانەو دەرچوونە لە سروشت، ئەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ﴾ سوێندبەخواناردمانەخوارەوەبۆلای تۆچەندئایەتێکی ڕوون و ئاشکرا، ڕوونن لە واتا و مەبەستدا، وە ڕوونن لەمەی کەلەلایەن خواوە هاتوون، ﴿وَمَا يَكْفُرُ بِهَآ إِلَّا ٱلْفَٰسِقُونَ﴾ وە هیچکەس بێبڕوا نییە پێیان بێجگە لە یاخییە دەرچووەکان لە سنووری ژیریی و لە سروشت، چونکە بێگومان سروشتی ڕێک و ڕاست وژیریی ناگونجێ لەگەڵ بڕوا نەهێنان بەو ئایەتانەی کە خۆیان فەرز ئەکەن و ئەچەسپێنن لە دڵ و دەروونداو، کەواتە جوولەکە یان هەرکەسێکی تر کە بڕوایان پێ نەهێنن هەر لەبەر تێک چوونی سروشت و لەکار کەوتنی ژیرییانە، ئینجا ئاوڕێک ئەداتەوە بۆلای موسڵمانان بە تایبەتی، وە بۆلای هەموو ئادەمی بە گشتی، بێزاری دەرئەبڕێ لەو جوولەکانە، وە بەتایبەتی جاڕی ڕەوشت و خوێەکی خراپیان لێ ئەدات کە بریتییە لە بێ‌پەیمانی و وەفایی و شکاندنی هەموو بەڵێن و بڕیارێ، ئەوانە سوێندو پەیمانیان شکاند کە لێیان وەرگیرا لە ژێر شاخی (طور)دا، وە چەند عەهد و پەیمانێ تریان شکاند کە دایان بە پێغەمبەرەکانی تریان، وە لەدواییدا پەیمانێکیان شکاند کە دایان بە پێغەمبەرمان(ﷺ) لەیەکەم جاری هاتنی بۆ مەدینەی منەورە، کەچی بوون بە یەکەم تاقمێ کە یارمەتی و کۆمەکی دوژمنیانکرد بە دژی پێغەمبەرو ئایینەکەی، وە یەکەم کەس بوون کە ڕەخنەو لەکەیان گرت لە ئایینەکەی، وە هەوڵ و تەقەللایاندا بۆ تێکدانی ڕیزو

کۆمەڵی موسڵمانانو خراپەو ئازاوە نانەوە لەناویاندا، بە پێچەوانەی ئەو پەیمانەی کە دایان.

أَوَكُلَّمَا عَٰهَدُوا۟ عَهْدًا نَّبَذَهُۥ فَرِيقٌ مِّنْهُم ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠٠﴾ وَلَمَّا جَآءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ كَأَنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٠١﴾ وَٱتَّبَعُوا۟ مَا تَتْلُوا۟ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَٰنَ ۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُوا۟

ئەفەرموێ: ﴿أَوَكُلَّمَا عَٰهَدُوا۟ عَهْدًا نَّبَذَهُۥ فَرِيقٌ مِّنْهُم ۚ﴾ ئایا ئەوانە بڕوایان نەهێنا بەو ئایەتە ڕوونانەو هەموو جارێ پەیمانێکیان دابێ تاقمێ لەوان پەیمانەکەی قڕێداو هەڵی وەشاندەوەو ڕەفتاری پێنەکرد؟ واتە کارو کردەوەکەیان زۆر ناڕەواو بێزراوە ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ بەڵکو زۆربەیان بڕوا ناهێنن.

بەکورتی لەم ئایەتەدا دوو حاڵو باری خراپی باسکردن:

یەکەم: ئەوانە جێگەی بڕوا نێو بێباوەڕو بێپەیمانن.

دووەم: زۆربەیان چاوەڕوانی بڕوا هێنانیان لێناکرێ، وە ئەم دووەمە هەواڵێکی غەیبی بوو ئەوەتا زۆربەی جوولەکە بڕوای نەهێنا بە پێغەمبەر (ﷺ) وە بڕوایش ناهێنێ، خراپ ترین نموونەی بێباری و بێ پەیمانیان ئەمەیە کە ئەفەرموێ: ﴿وَلَمَّا جَآءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ﴾ کاتێ کە پێغەمبەرێکی گەورەو بەڕێزیان بۆ هات لەلای خواوە ــ واتە محمد ــ کە ﴿مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ﴾ کە بڕوادارو بەڕاست گێڕە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ ئەوان بوو ـ واتە تەورات ــ کە ئەوەتا بەڕاستی دانەنێو بڕوای پێی هەیە، وە ڕاستییەکەی دەرئەخات بە خۆی کە سیفەتو نیشانەکانی ڕێکو پێکە لەگەڵ ئەوەی تەورات هەواڵی پێداوە، کاتێ ئەم پێغەمبەرەیان بۆ هات ﴿نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ﴾ تاقمێ لەوانە کە نانەیان پێدرا ﴿كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ﴾ نامەکەی خوایان فڕێ دایە پشتی خۆیانەوەو پشتیان تێکردو گوێیان نەدایە ﴿كَأَنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ وەک هەر نەزانن ئەوە نامەی خوایەو لەگەڵ ئەوەدا چاک ئەشیانزانی، ئەو تاقمە کەلە جوولەکەی چەرخی پێغەمبەر بوون (ﷺ) پشتیان کردە تەورات کە فەرمانی پێنەدان بە شوێن کەوتنی ئەم پێغەمبەرە (ﷺ) وە سیفەتو نیشانەکانی

باسکردبوو بۆیان به جۆرێ که به‌چاکی ئه‌یان ناسی، وه هه‌روه‌ها پشتیانکرده قورئانیش که ڕێك‌و پێك بوو له‌گه‌ڵ ته‌وراته‌که‌ی خۆیاندا.

ئایه‌ته‌که ته‌شه‌ریان لێئه‌دات به‌وه‌ی که ئه‌وانه نامه‌ی خوایان پێدراوه‌و زانان که‌چی ئه‌و نامه‌یان واز لێهێناو خۆیان لێ که‌ڕو کوێڕو نه‌زان کرد که ئه‌وه‌ش ئه‌وپه‌ڕی تاوان‌و نه‌فامییه، وه ئه‌گه‌ر ئه‌وانه نه‌خوێنده‌وارو بێ‌نامه بوونایه وه‌ك بت په‌رسته‌کان به هه‌ر حاڵ وه‌ك نه‌مان جێگه‌ی ته‌شه‌ر نه‌ئه‌بوون.

ئه‌وانه وازیان هێنا له نامه‌که‌ی خواو خستیانه که‌نار ﴿وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَٰنَ﴾ وه شوێنی جادوو ده‌له‌سه‌یه‌ك که‌وتن که شه‌یتیانه‌کان ئه‌یان وت‌و ڕه‌فتاریان پێ‌ئه‌کرد له‌سه‌ردەم‌و چه‌رخی پادشایه‌تی (سلیمان) پێغه‌مبه‌ردا (علیه السلام)، یان شوێنی درۆو ده‌له‌سه‌یه‌ك که‌وتن که شه‌یتانه‌کان ئه‌یان خوێندو ئه‌یان گوت له‌باره‌ی پادشایه‌تی (سلیمان)ه‌وه‌و ده‌ست هه‌ڵبه‌ستیان ئه‌کردو مه‌ردومیان پێ گومڕا ئه‌کرد، که گوایه (سلیمان) جادو بازبووه‌و به‌جادو بازی ئه‌و پادشایه‌تییه‌ی بۆ خۆی سازاندو ئه‌و هه‌موو شته‌ی پێ ژێر بار کرد، واته زۆر به په‌ڕۆش‌و گرنگی ڕوویانکرده ئه‌و نوسراوو نامه‌ی جادوو ده‌له‌سانه‌و خه‌ریك ئه‌بوون پێیه‌وه.

(سوفیانی کوڕی عویه‌ینه‌و ئیبن‌و جه‌ریر) هه‌واڵێ ئه‌هێنن له (ئیبن‌و عه‌باس)ه‌وه‌و (حاکم)یش به صه‌حیحی دائه‌نێ، که فه‌رموویه‌تی: شه‌یاتین ئه‌چوون گوێیان ئه‌نا و ئه‌یان خسته دڵی مه‌ردومه‌وه‌و ئه‌وانیش ئه‌یان نووسییه‌وه‌و ئه‌یانکرد به‌نامه، ئینجا خوا (سلیمان)ی ئاگادار کرد به‌سه‌ر ئه‌وه‌دا، ئه‌ویش وه‌ری گرتن‌و فڕێی دانه‌ژێر ته‌ختکه‌ی، ئینجا پاش (سلیمان) شه‌یتانێك هه‌واڵیدا که (سلیمان) غه‌زنه‌یه‌کی بێ وێنه‌ی هه‌یه، ئینجا که ده‌ریان هێنا ئه‌و نامه‌و جادووانه بوون، ئینجا ده‌ست به‌ده‌ست نووسرانه‌وه تا خوا له قورئاندا پاکی (سلیمان)ی ده‌رخست به‌مه‌ی که فه‌رمووی: ﴿وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَٰنُ﴾ (سلیمان) بێ‌بڕوا نه‌بوو، واته جادوباز نه‌بووه‌و جادووی نه‌کردووه، به‌ڵام به‌و جۆره‌ی که فه‌رمووی نیشانی ئه‌دات که جادووبازی‌و بڕوا کردن پێی کوفرو بێ‌بڕواییه، وه به‌م جۆره باشتر پاکی (سلیمان) ده‌رئه‌که‌وێ له‌و قسه‌و ده‌له‌سه ناڕه‌وایه‌ی که خستیانه شوێنی، وه‌ك باشتر ئه‌و مه‌به‌سته ڕوون ئه‌کاته‌وه که ئه‌فه‌رموێ: ﴿وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ﴾ به‌ڵام شه‌یتانه‌کان بێ‌بڕوا بوون له کاتێکدا

يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَـٰرُوتَ وَمَـٰرُوتَ ۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ۖ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَزَوْجِهِۦ ۚ

﴿يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ﴾ که مەردومیان فێری جادوو کرد بە نیازی گومڕا کردنیان ﴿وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَـٰرُوتَ وَمَـٰرُوتَ﴾ وە هەم فێری ئەوەیان ئەکردن کە هێنرابووە خوارەوە بۆ سەر ئەو دوو فریشتەی کە لە وڵاتی (بابل)دا بوون کە ناویان (هاروت)و (ماروت) بوو، ئیتر ئایا مەبەست بەمە هەر ئەو جادووە بێت کە باسکراو بەڵام ئەم سیفەتو نیشانەشی بۆ باسکرد؟ یان ئەمە جۆرێکی تایبەتی بووبێ لە جادوو کە بەهێزتر بووە لە جۆرەکانی تری، یان کەمترو بێهێزتر، لەبەر ئەوە جیای کردەوەو بەتایبەتی باسی کرد؟ هەرکام لەم سێ بارە ڕای کۆمەڵێ لە زانایانی لەسەرەو هەڵئەگرێو ئەگونجێ.

لە بارەی (هاروت)و (ماروت)ەوە قسەو باسی زۆر کراوەو بڵاو بوونەتەوە لە ناو مەردوما بە دەماودەمو بە نوسین، وە هەروەها چەند هەواڵو ڕیوایەتێك لە بارەیانەوە هاتووە لەلایەن هەواڵ نووسەکانی کۆنەوە، وەك باسکراون لە کتێبەکانی تەفسیردا، جا لەبەر ئەوە پێویستە ئەوەی کە ڕاستو ڕەوایەو وەرگیراوە لای زانا بەرزەکانی ئیسلام دیاری بکرێو بڕیاری ناڕاستیو ناڕەوایی بدرێ بەسەر هەر وتراوێ تردا بۆ ئەوەی نەشارەزا نەکەوێتە هەڵەو شتی دەلەسەو پڕو پووچ، کەواتە ئەڵێین: زانایانی حەدیس ئەفەرموون: سەرجەم ئەو ڕیوایەتانە دەلەسەو دەست هەڵبەستن، وە هیچکام لەوانە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) نەهاتووە، بەڵکو هێندێ لەو ڕیوایەتانە وەك لە سەرچاوەی باوەڕ پێکراوەوە نەهاتووەو ئاشکرایە کە دەلەسەیەو لە ئیسرائیلییاتە، هەروەها دژو پێچەوانەی ژیرییەو بە ڕاستی بە گێڕانەوەشی مەردوم تەریق ئەبێتەوەو بێجگە لەوەش کە لەگەڵ ڕواڵەتی حەدیسو ئایەتدا یەك ناکەوێ تا ئەو ڕادەیە (شیهابی عێراقی) ئەفەرموێ: هەرکەس بڕوای بەوە ببێ لە ئیسلام دەرئەچێ، هەرکەس ئەیەوێ با تەماشای تەفسیری (رازی)و (روح المعانی)و (ابوالسعود) بکات، کەواتە با

هیچکەس گوێی نەدا بە هیچکام لەو ڕیوایەتانەو هەر هەواڵو قسەو باسێ کە لەو ڕیوایەتانەوە وەرگیرابێ، بەس هەر ئەمە ئەڵێین: کە (هاروت و ماروت) دوو فریشتە بوون ڕەوانە کران بۆ تاقیکردنەوەی مەردوم تا دەرکەوێ کێ ڕێی خوا بەرناداو کێ لائەدا لە ئایین و ڕێی خوا؟ وە هۆی ڕەوانە کردنیان ئەوە بوو لەو چەرخ و سەردەمەدا جادوگەری بڵاوەی کردبوو، وە مەردوم بە گرنگی خەریك بوون پێیەوە، وە چەند شتی نایاب و سەرسوڕهێنەران پێئەکرد، بە تایبەتی لە خاکی (بابل)دا کە ڕۆژو ئەستێرە پەرست بووون، وە لافی پێغەمبەرێتی پێ لێنەدرا، ئینجا خوا ئەو دووانەی ناردبۆ ئەوەی خەڵکی ئاشنا بکەن بە هەموو ڕێگەکانی جادوو تا بتوانن بەرەنگاری جادووگەران و بێبڕوایان بوەستن و بەربەستی جادووەکانیان بکەن و موعجیزەی پێغەمبەران جیا بکەنەوە لە جادوو جادوگەران، نەتوانن لافی پێغەمبەرێتی لێبدەن، وە تا نەتوانن زیان بگەیەنن بە مەردوم لە ڕێگای جادووبازییەوە، وە پێش ئەوەی مەردوم فێر بکەن ئامۆژگارییان ئەکردن، وەك ئەفەرموێ: ﴿وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَا﴾ وە هیچکەسیان فێری جادوو نەئەکرد هەتا لە پێشەوە پێیان ئەوت: ﴿إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ﴾ ئێمە هەر تاقیکەرەوەین و بۆ تاقیکردنەوەی مەردوم هاتووین لە لایەن خواوە، وە هەرکەس لە ئێمەوە فێری جادوو ببێ و ڕەفتاری پێبکات و بەڕاستی دابنێ ئەو کەسە کافر ئەبێت و بە بێبڕوا دائەنرێ، وە هەرکەس خۆی بپارێزێ لە فێربوون یان ئەگەر فێر بوو ڕەفتاری پێئەکات و بە ڕاستی نەزانێ ئەو کەسە موسڵمان و بڕواداره ﴿فَلَا تَكْفُرْ﴾ کەواتە بێبڕوا مەبەو خۆت کافر مەکە، وە لەگەڵ ئەو تەمێ و ترساندنەدا هەندێ کەس وازیان نەئەهێناو هەر سوور بوون لەسەر فێر بوون، تا فێریان ئەکرد ﴿فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا﴾ ئینجا ئەوانیش فێر ئەبوون لێیانەوە ﴿مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ﴾ جۆرە جادوێك کە بەوە جیا بوونەوە و پچڕانیان ئەخستە نێوان پیاوو ژنەکەی و بە تەڵەکەو جادوو بازی دڵیان ڕەش ئەکردن لەحاستی یەکتر، بێگومان هیچکەس و هیچ شتێ هیچی بەدەست نییەو هەموو ڕووداو بەسەرهاتێ بە دەست خواو بە خواست و فەرمانی خوا پەیدا ئەبێ، جا لەبەر ئەوە لێرەدا کارەکە ئەگێڕێتەوە بۆڵای خوا، ئەوەش بەپێی باوی کەئەیەوێ ئەو بۆچوون و تێگەیشتنە بچەسپێنێ لە دەروونی مەردوەمدا،

وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ ۚ وَلَقَدْ عَلِمُوا۟ لَمَنِ ٱشْتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنْ خَلَٰقٍ ۚ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا۟ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿١٠٢﴾ وَلَوْ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟

ئەفەرموێ: ﴿وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ﴾ بەڕاستی ئەو جادوگەرانە بە جادووەکەیان زیاندەری هیچکەس نین مەگەر بەئیزنو خواهیشو زانینی خوا، بەڵێ بە ڕاستی هەر شتێ لەم بوونەوەرەدا هۆی هەرشتێ تر بێت ئەوە بەئیزنو خواهیشی خوایەو مەیلی نەبێ شتەکە ڕووناداتات، ئەگەر هەزارەها هۆی بەدی هاتنی ببێو هەمووشی کۆببنەوە، بۆ وێنە: یەکێك دەستی بکەوێ لە ئاگر دەستی ئەسوتێ بە پێی باوی خوا، وە ئەو سووتاندنە خوا فەراهەمی ئەهێنێو بە مەیلو ئیزنی خوایە، چونکە خوا ئاگرەکەی وا دروستکردووە کە ئامادەیە بۆ سووتاندنو لەکاتی لێکەوتنەکەدا خوا سووتاندن بەدی ئەهێنێ، وە هەرکاتێ بیەوێ پەکی ئەخاتو ناهێڵێ هیچ بسووتێنێ، وەك یەکی خست لە سووتاندنی (ئیبراهیم) پێغەمبەر (ﷺ) وە هەروەها هەموو شتێ تر، ئینجا حەقیقەتی ئەوە دەرئەخات کە فێری ئەبوون، بەمەی کە شتێکی خراپی زیانداری بێ سوود بوو بۆ خۆیشیان، ئەفەرموێ: ﴿وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ﴾ فێری شتێ ئەبوون کە زیانی پێئەگەیاندن، ﴿وَلَا يَنفَعُهُمْ ۚ﴾ وە سوودیشی پێ نەئەگەیاندن، وە هەرشتێ بەو جۆرە بێت ئەبێ هەموو ژیرێ خۆی لێ بپارێزێ، چونکە هەر ئەوەیە خراپی ڕووتو پەتی، وە بەسە لە خراپیدا کە ئەو فێر بوونە هۆی بێبڕواییەو دەچوون لەئایینی خوا، چونکە فێر بوونەکەیان بۆ بەرگری کردنی جادوو جادووگەران نەبوو، وە بۆئەوە نەبوو کە موعجیزەی پێجیا بکەنەوە لە

جادووو هەڵنەخەڵەتێن بە قسەی ئەوانە کە بە درۆ لاق پێغەمبەرێتیان پێ لێ ئەدا، بەڵکو ئەیان ویشت رەفتاری پێبکەن و مەردومی پێ گومڕا بکەن، ئینجا ئاشکرایە کە بێبڕوایی و دەرچوون لە ئاییینی خوا کانگاو سەرچاوەی هەموو شەڕو خراپەیەکەو هیچ شەڕو خراپەیە تری پێناگات.

ئەو جوولەکانە نامەی خوایان فڕێ داو پشتیان تێکردو گۆڕیانەوە بەو پڕ پووچ و دەلەسەی کە شەیتانەکان دەست هەڵبەستیانکرد ﴿وَلَقَدْ عَلِمُوا﴾ وە سوێن بە خوا ئەو جوولەکانە ئەیانزانی ﴿لَمَنِ ٱشْتَرَىٰهُ﴾ کە بێگومان هەرکەسێ ئەوەی کڕی. بۆ خۆی وهەڵی بژاردبەسەرنامەی خوادا: ﴿مَا لَهُۥ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِنْ خَلَـٰقٍ﴾ نییە بۆ ئەو کەسە لە ڕۆژی دواییدا هیچ بە شێك لە بەهەشت، ئای هاوار بۆ کەسێك کە تاوان و خراپە بکات بەزانین و لە ڕووی زانینەوە! ﴿وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ﴾ وە سوێند بە خوا زۆر خراپە ئەوەی کە خۆیان فرۆشت لە بریتیدا، واتە ئەمانە دەستیان هەڵگرت لە بەهەشت و نازو ڕێزی ئەو جیهان لە پێناوی ئارەزووی نەفس و بەرژەوەندی ئەم جیهان، کەواتە وەك خۆیان فرۆشتبێ بەم شتە کەمو بێ نرخەی ئەم جیهانە، ئەوانە هەرچەند ئەیانزانی کارەکەیان سەری لەو بێ بەشییەوە دەرئەچێ، بەڵام بە پێچەوانەی زانینەکەیان ڕەفتاریان ئەکرد لەبەرئەوە بەنەزانیان نیشان ئەدات و ئەفەرموێ: ﴿لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر ئەوانە زانا بوونایە بەو جۆرەیان نەئەکرد، ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا وَٱتَّقَوْا﴾ وە ئەگەر ئەوانە بڕوایان بهێنایە بە قورئان و بە پێغەمبەر (ﷺ) وە لە خوا بترسانایە و خۆیان بگێڕایەتەوە لەو بارو کردەوە لارەی کە وان لەسەری، بێگومان پاداشت ئەدرانەوە لەلایەن خواوە،

لَمَثُوبَةٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ خَيْرٌ لَّوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿١٠٣﴾

﴿لَمَثُوبَةٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ خَيْرٌ﴾ بێگومان پاداشتێك لەلایەن خواوە چاكترە، واتە پاداشتێك لەلایەن خواوە لە ڕۆژی دوایی نەبڕاوەدا هەرچەند كەمیش بێت چاكترە لە پاداشتی زۆری ئەم جیهانە بڕاوە، چ جای ئەوە كە پاداشتی خوا لەو ڕۆژەدا وەك هەمیشەیی و نەبڕاوەیە هەروەها ئێجگار زۆرو فراوانە تا ڕادەیەك كە بیرو خەیاڵی ئێمە پیایدا ناگات.

ئەوانە ئەیانزانی پاداشتی ڕۆژی دوایی چاكترە بەڵام كردەوەیان پێچەوانەی ئەو زانینە بوو لە بەرئەوە لێرەشدا بەنەزانی دانانو فەرمووی: ﴿لَّوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر ئەوانە زانا ئەبوون بڕوایان ئەهێنا و لە خوا ئەترسان، یا خۆزگە زانا بوونایە، واتە ئەوەندە حاڵیان خراپە جێگای بەزەیینو ئاواتی زانینیان بۆ ئەخوازرێ بۆ ئەوەی دووچاری ئەو بەدبەختییە نەهاتنایە، ئێنجا لە كۆتایی باسەكەدا بە جوانی ئەزانم هەندێ بدوێم لە بارەی جادووەوە، لەم چەند خاڵەدا:

١- زانایان دوو بەرەكێو ڕایان جیاوازە لە جادوودا، كۆڕو جەماوەر لەسەر ئەوەن كە شتێكی ڕاستەو هەیەو هەر چاو بەستو تەڵەكە نییە، بەڵكو هەندێكی چاوبەستی ڕووتە، وە (موعتەزیلە)و تاقمێ لە ئەهلی سوننەت وەك (ئەبوبەكری ڕازی)و (ئەبو جەعفەری ئوستر ئابادی)و (ئیبنو حەزمی زاهیری)و چەند كەسێ تر لەسەر ئەوەن كە هەر فێڵو تەڵەكەو چاوبەستەو لە ڕووی ڕاستیدا هیچ نییە، وەك قورئانیش بەو جۆرەی نیشان ئەدات سەبارەت بە جادووی جادوو بازەكانی فیرعەون: ئەوەتا ئەفەرموێ: ﴿يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَىٰ﴾[1] (ئەبو بەكری ڕازی) ئەفەرموێ: ئەگەر ئەوەی جادووكەران هەڵنەستن پێی ڕاست بوایە هەموو پادشاو دەسەڵاتدارەكانیان بەردەست بكردایەو خۆیان ببونایە بە پادشای هەموو جیهان، وە هەموو غەزنەو سامانیان ڕاكێشایەتە ژێردەستی خۆیان، ئەگەر ئەوەی كە هەڵنەستن پێی ڕاست بوایە

[1] واتە بەهۆی جادووەكەیانەوە خرانە خەیاڵی (موسا) (علیه السلام) كە ئەو گوریسو دارەستانە ئەجوڵێنو ئەشڵەژێن.

بەو جۆرە ئەبوون، نەك بگەڕێن بەوڵاتانداو بەو جۆرە ناڕەوا ژیان بەسەر ببەن‌و چاوەڕوانی دەستی مەردوم بن.

٢- جادوو چەند جۆرێکی هەیە، (ئیمامی ڕازی) لە تەفسیرەکەیدا هەشت جۆرێ بۆ باس ئەکات‌و بە پێویستی نازانم درێژە دان بە باس‌و ڕوونکردنەوەیان، بەڵام لەو جۆرانەوە وا دەرئەکەوێ کە جادوو نەهەر هەمووی چاوبەستی ڕووتە‌و نە هەر هەموشی ڕاستە‌و حەقیقەتی هەیە، وە بە هەرحاڵ‌و لەسەر هەر بار شتێکی ئاشکرایە کە جادووکار ئەکات‌و بەرهەمی ئەبێت لە هەست‌و دەروونداً، ئیتر با ئێمە نەزانین بە چۆنیەتی جادوو کارکردن، ئەویش وەک ئەو هەموو هێزە نادیارییانە کە تا ئێستا کەس نەیزانیوە چۆنیەتی خۆیان‌و کارکردنیان‌و بەرو بەرهەمیان، یا وێنە هەستیاری شەشەمی نەزانراو (التلیثائي) یا ئەوەی کە ناوئەبێ بە (التنویم المغناطیسي) یا ئەوەی کە پێی ئەوترێ (احلام التبؤیة) کە تا ئێستا هیچکەس نەیزانیوە ئەمانە چین‌و چۆن پێکدێن؟ وە تا ئێستا زانیاری سەبارەت بەم هێنرا کە بەناچاری باوەڕی پێهێنان‌و دانی پیانان هەر ئەوەی لێهاتووە ئەم ناوانەی لێ ناون ئیتر بەبێ ئەوەی بزانێ ئەمانە چین‌و چۆن پێکدێن؟! ئەو جوولەکە نەفرین لێکراوانە هەمیشە بە دوای ئەوەدا گەڕاوون پلارێ بوەشێنن بە هەرجۆرو لە هەر ڕێگەیەکەوە کە لەدەستیان بهاتایە، بۆ نموونە: کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمانەکانی فێری شتێ ئەکرد، عەرزیان ئەکرد: (راعنا یا رسول الله) واتە گوێبگرەو لێمان بوەستەو بە هێواش‌و چاودێریمان بکە، وە ئەم وتەیە لە دەنگ‌و ئاوازدا وەک وتەی (راعین) وایە کە لە زمانی عیبریدا جنێوێکی ناشیرینەو جوولەکەکان بە نهێنی‌و لەناو خۆیاندا بەکاریان ئەهێنا بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، نەفرینی خوا لەوان بێت، ئینجا کاتێ کە گوێیان لێبوو موسڵمانەکان وتەی (راعنا) بەکار ئەهێنن، ئەوەیانکرد بە هەل بۆ خۆیان‌و دەمیان خوارئەکردەوەو بەگاڵتەوە ئەیان وت بە پێغەمبەر (ﷺ) (راعین) واتە پێش نەفام، وەلە ناو خۆیاندا پێئەکەنین بەوەی کەبە ئاشکرا جنێوی خۆیان ئەدەن‌و کەسیش پێیان نازانێ،

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقُولُواْ رَٰعِنَا وَقُولُواْ ٱنظُرْنَا وَٱسْمَعُواْۗ وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٠٤﴾ مَّا يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَلَا ٱلْمُشْرِكِينَ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْۚ وَٱللَّهُ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴿١٠٥﴾

وە نەیان ئەزانی کە خوای گەورە ئاگادارەو هەمیشە بەرگری ئەکات لە پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی (ﷺ) جا لەبەرەئەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو فەرمانیدا کە ئەو وتەیە بەکارنەهێنن، بەڵکو وتەیەتر بەکاربهێنن کە مەبەستەکەی خۆیان بگەیەنێو جوولەکەش نەتوانن مەبەستی بۆگەنی خۆیان تێکەڵ بکەن فەرمووی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿لَا تَقُولُواْ﴾ مەڵێن: ﴿رَٰعِنَا﴾ ﴿وَقُولُواْ﴾ وە بڵێن: ﴿ٱنظُرْنَا وَٱسْمَعُواْۗ﴾ واتە سەرەنجمان بدە، یا چاوەڕوانیمان بکەو لێمان بوەستە هەتا تێی ئەگەینو لەبەری ئەکەینو ﴿وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ وە بۆئەو جوولەکە بێبڕوایانە هەیە سزایەکی ئازار دەری سەخت.

لێرەدا پێویستە بیربکەینەوە لە ئەندازەی پیسیو دوژمنایەتیو کینەو بێشەرمیو بێشەرمفەی جوولەکە، هەرچۆنێ بیربکەینەوە لەو هەموو بەهرەو میهرەبانیو چاودێری خوا بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) وە بۆ ئەوە گەلە موسڵمانە، وە بەرگری کردنی لە دۆستو خۆشەویستەکانی، بەرامبەر هەر پیلانو هەر نیازێکی پیس لەلایەن دوژمنەکانیانەوە! ئینجا ڕوونی ئەکاتەوە بۆ موسڵمانەکان ئەو هەموو داخو کینەو دوژمنایەتیو حەسادەتەی کەلە دڵی جوولەکەو بت پەرستەکاندایە بۆیان، بۆ ئەوەی موسڵمانەکان خۆیان بپارێزن لەو دوژمنانە، وە هیچ کاتێ لێیان ئەمین نەبن، وە هەمیشە دەست بگرن بەو ئایینە پیرۆزەی کە داخی سەختی لەدەروونی ئەو دوژمنانەدا، ئەفەرموێ: ﴿مَّا يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَلَا ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ ئەوانەی کە بڕوایان نەهێناوە، نەلە نامەدارو نەلە بت پەرستان حەزناکەنو پێیان خۆش نییە ﴿أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْۚ﴾ کە بهێنرێتە خوارەوە بۆ سەرتان هیچ خێرو چاکەیەک لەلایەن پەروەردگارتانەوە.

قورئان نامەدارەکانی کۆ کردەوە لەگەڵ بت پەرستەکان و هەردووکی وەک یەک بە بێبڕوا دانان، چونکە هەر دووکیان بڕوایان نییە بە دواترین ئایین و شەریعەتی خوا، وە هەردوو بەدنیازن و داخ لە دڵن بۆ بڕواداران، وە هەردوو هیچ خێرو خۆشیەکیان ناوێ بۆیان، وە گەورەترین بەهرەیەک کە خوا پشتی بەسەر بڕوادارەکانداو بوو بووبەڵک و داخ لەدڵی ئەواندا ئەم ئایینە پیرۆزە بوو، وە ئەم گەورەترین سپاردەیە بوو کە خوا پێی سپاردن، وە داخ و پێ ناخۆش بوونەکەیان لەبەر نەخۆشی حەسادەت بوو کە دەروونی داگیر کردبوون، وە خۆیان بەشیاو و شایستە تر دائەنا بۆ ئەو خێرو فەرەی کە خوا پشتی بەسەر پێغەمبەر (ﷺ) و بڕوادارانداء دەی مەگەر ئەو حەسوودە داخ لە دڵانە هەر بە ژانەوە بتلێتەوە، چونکە ﴿وَٱللَّهُ يَخۡتَصُّ بِرَحۡمَتِهِۦ مَن يَشَآءُۚ﴾ خوا هەرکەسێکی بوێ و مەیلی هەرکەسێ بکات، تایبەتی ئەکات بە ڕەحمەت و میهرەبانی خۆیەوە و جوێی ئەکاتەوە لەناو بەندەکانیدا، ﴿وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ﴾ وە خوا خاوەنی بەهرەو چاکەی گەورەو فراوانە، کەواتە کە پێغەمبەری (ﷺ) تایبەتیکرد، وە ئەو هەموو بەهرەی ڕشت بەسەر خۆی و بڕواداراندا، بێگومان زانیویەتی کە ئەوو یارەکانی شیاوو شایستەن بۆ ئەو تایبەتی کردنەو هەر ئەوە ڕاست و ڕەوایە کە ئەو کردوویەتی، بێگومان پێویستە لەسەر بڕواداران کە دڵو دەروونیان بێتە سۆزو پەرۆش و هەمیشە چاوەڕبەری ئەم چاکەو بەهرە تایبەتییە بن کە خوای میهرەبان ڕشتی بەسەریاندا، وە زۆر بە گرنگی بگرن و کامەران و دڵخۆش بن پێی و ڕێزی خۆی بدەنێ، هەرچۆن پێویستە لەسەریان کە هەمیشە وریا و چالاک و لێهاتووبن بەرامبەر پیلان و کینەی دوژمنەی داخ لە دڵەکانیان و هەرگیز نەخەڵەتێن پێیان.

خوای زانا و کاردروست هەندێ لەبڕیارو فەرمانی سڕییەوە و گۆڕی کە بە پێی لێزانی خۆی بەرژەوەندی نەما لە هێشتنەوەی ئەو فەرمان و بڕیارانەدا، ئینجا جوولەکەکان بە سروشتی پیسی جوولەکەیی خۆیان ئەوەیان بە هەل و هەڵکەوتێکی گرنگ دانا بۆ پڕو پاگەندەو پیلان و فاک و فیکی خۆیان سەبارەت بە لەکەدار کردنی ئەم ئایینە پیرۆزە دوو دڵ کردنی ئەو بڕوادارانەی کە هێشتا دامەزراو نەبوون و بڕواکەیان ڕیشەی دانەکوتابوو، بنج بەست نەبوو بوو، ئەیان وت بەوانە: ئەگەر ئەمە لەلایەن خواوە بهاتایە ئەئەسڕایەوەو

فەرمانێکی تازە دەرنەچوو دژی پێشووەکە، بە تایبەتی ئەو هێرشو هەڵمەت دانە بە تینو بەهێز بوو لەکاتی گۆڕانی ڕووگە (قیبلة) لە (بیت المقدس)ەوە بۆ (کعبە) لە پاش ئەوەی ١٦ مانگ پاش کۆچکردنیش هەر ڕووگە (بیت المقدس) بوو بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمانەکان، هەرچۆن ڕووگەی جوولەکەکانیش بوو، چونکە لە پێش ئەو گۆڕانەدا ڕێگەیان بوو پڕوپاگەندە بکەن لای نەزان بەوەی کە ئایینەکەیان ڕاستەو ئەوەتا موسڵمانەکانیش هەر ڕوو ئەکەنە ئەو ڕووگەیە کە ڕووگەی ئەمان بووە، بەڵام لەپاش گۆڕانی ڕووگە دەمیان بەسترا لەو پڕوپاگەندە کردنە، لەبەرئەوە بەو گۆڕانە ئاگریان تێچوو بە هەموو جۆر ئەیان وت: ڕووکردن بۆ (بیت المقدس) ئەگەر ڕاست بووە بۆچی گۆڕا؟ وە ئەگەر ڕاست نەبووە ئەبێ نوێژو خواپەرستی لەمەو پێشتان دروست نەبووبێ، بەو شێوە شەیتانییە ئەیان ویست موسڵمانەکان دوودڵ بکەن لە ڕاستی ئایینو عەقیدەکەیاندا.

وا دەرئەکەوێ ئەو هێرشو هەڵمەتە بۆ گەنەیان تا ڕادەیەک کاری کردبێتو دڵی هەندێ لە بڕوادارانی بێ ئارام کردبێ تا قورئان هاتە خوارەوەو دڵنارامی کردن، وەک لەمەوپاش پێی ئەگەین بە یارمەتی خوا لەسەرەتای جزمی دووەمەوە، ئینجا بەبۆنەی گۆڕانی ڕووگە، یا بەبۆنەی گۆڕانی هەندێ لە فەرمانو یاسای تر لە ئیسلامدا یا بەبۆنەی هەندێ لە بڕیارو یاسای تەورات کە قورئان هێنایو دەستی تێخستو بژارەی کرد، تا ڕێک کەوێ لەگەڵ هەموو کاتو باوو باڕێکدا بەبۆنەی هەرکام لەمانە، یان بەبۆنەی هەموویانەوە، ئەوا قورئان بڕیارێکی پوونو ڕەوانو بڕاوە دەرئەکات بە شێوەی گشتی سەبارەت بە سڕینەوەو بژارکردنەوە، وە هەموو فێکو فاکو پڕوپاگەندەی جوولەکەکان لەناو ئەباتو لە ڕیشەیان ئەهێنن، وە پێش ئەوەی دەست بکەین بە ئایەتەکە بە جوانی ئەزانم هەندێ بدوێم لەبارەی ئەو سڕینەوە کە لە شەرعدا پێی ئەوترێ (نسخ)، بەم شێوە کورتە کە دێت:

١- سڕینەوەی بریتییە لە نەهێشتنو هەڵگرتنی بڕیارێکی شەرعی بە بڕیارێکی شەرعی تر کە بەدوای یەکەمدا هاتبێ، وە ئەم بڕیاری دووەمە دەئەکەوێ لە ماوەی ڕەفتار کردن بە بڕیاری یەکەم داویی هات.

٢- ئەم سڕینەوەیە شتێکی پاستەو بەدی هاتووە بە چەند بەڵگەو نیشانەیەکی ئاشکرا لە ئایەتەکانی قورئاندا کە بەڕاستی ڕێگا ناهێڵێتەوە بۆ سەرنجی کردنو ملەجەڕێ لێی و هەرکەس تێگەیشتنی تەواو بێت ئەبێ دانی پیا بنێ.

٣- هۆی ئەو سڕینەوەش ئەمەیە کە فەرمانو یاساکانی خوا هاتوون لەبەر بەرژەوەندی بەندەکانی و چارەسەکردنی هەموو تەنگو چەڵەمەو گیرو گرفتیانەوە ئەوەش زۆر جار بە پێی چەرخ و شوێن ئەگۆڕێ و جیاوازە، گومڕایی ئەگەر یاسا و بڕیارێکی پێویست لەچەرخێکدا درا، ئەبێ بگۆڕێ لەچەرخێ تردا کە پێویست نەبێ، بەڵکو دژو پێچەوانەی پێویست بێت لەو چەرخەدا، وە ئەو گۆڕانە بە وێنەی گۆڕاندنی خۆراک و دەرمان وایە بۆ نەخۆش کە پێویستە گۆڕاندنی بە پێی کات و جۆرو ڕادەی نەخۆشییەکان، وە پێغەمبەرەکان سەلامی خوایان لێ بێ- ڕەوانەکراون بۆتیمارو چارەسەر کردنی هەموو زام و دەردێکی ژیریی و بیریی و دەروونی و کۆمەڵایەتی لە هەر بارو ڕوویەکی ژیانەوە.

٤- ئەو سڕینەوە لەم شەریعەتەدا بۆ چەند شتێکی بچووک بوو کە سەرەکی و بنەڕەتی نەبوون لە ئایینەکەدا، وەک گۆڕانی ڕووگەو عیددەی مێرد مردووو چەند شتێکی تری وێنەی ئەمانە کەلە یەکەم جارەوە بەرژەوەندی بووە لە بوونیاندا تا گەلی موسڵمان پێگەیی و گەشەی کردو بەهێز بووو ئامادەیی پەیدا کرد بۆ وەرگرتنی یاسا و دەستووری هەمیشەیی و نەگۆڕاو ئەو کاتە ئەوانەی کە بەرژەوەندی نەما لە مانەوەیانداو بەکاری هەموو چەرخ و چینێ نەئەهاتن، ئەوانە بەرەبەرە سڕانەوەو گۆڕان بە شتێکی هەمیشەیی و هەموو کاتی، وەک هەموو یاسا و بەندەکانی تری کە هەر لە یەکەم جارەوە بە هەمیشەیی هاتنو دەستیان نەئەدا بۆ سڕینەوەو دەست تێخستن.

٥- هەر سڕینەوەو دەست تێخستنو بڕار کردنێک بووبێ تایبەتی بووە بە چەرخ و ژیانی پێغەمبەرەوە (ﷺ)، وە هەر لەو وەرگیراوە ئیتر بە قورئانیان لەلایەن خۆیەوە بێبە پێی فەرمانی خوا، وە لەپاش ئەو ئیتر بۆ هیچ کەس ڕەوا نەبووەو ڕەوا نابێ هەتا هەتایە بە هیچ جۆر سڕینەوەو گۆڕانو دەست تێ خستنو بڕار کردنو سەر لێکردنەوە لەم ئایین و شەریعەتە گشتی و جیهانییەدا!!

٦- نابێ هیچ بڕوادارو ژیرێ بڕوای بەوە نەبێ یان دوو دڵ بێت تیایدا، یا سەری سووڕ نمێنێ لەوە، چونکە:

ا- خوا لە دوا دوایی هاتنە خوارەوەی قورئانو ژیانی پێغەمبەردا (ﷺ) بە مزگێنییەوە هەواڵی داو ڕووی فەرموودەی کردە ئەم ئوممەتەو فەرمووی: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ﴾ ئەمڕۆ ئایینەکەتانم بە پایان گەیاند، دەی کاتێ گەیشتووە بە پایان کە دەست نەدا بۆ بژارو گۆڕان.

ب- ئەوە هەموو بەندو یاساکانی ئەم ئایینو شەریعەتە یەک بە یەک نووسراونەتەوەو لە جیهاندا بە ناوبانگن، ئایا کێ ئەتوانێ لە ڕووی ژیریی و زانیارییەوە هەرکام لەو یاسا و بەندانە بە ناڕاستو نەشیاو دەرکات؟ ئەوا جارِ بێت بە هەموو جیهاندا کە ئیسلام بەر ئەبڕیتەوە لە هەموو کەس منەتی نەبێ و هەرکەس بڕوای نەبێ و هەرکەس بڕوای نییە هەرچی لەدەست دێت بەکاری بێنێ لەم مەسەلەداو قسەی خۆی سەربخات.

ت- ئەم ئایینو شەریعەتە بەندو یاسا گشتییەکانی بە جۆرێ هێناوە کە زانایان بتوانن بڕیاریان لێ وەرگرن بۆ هەر ڕووداوو بەسەرهاتێکی تازە کە دەقی یاسا و بەندەکانی نەیان گرێتەوە، وە ڕێگەی زانایانیشی داوە بۆ ئەو وەرگرتنە، وە هەر هەڵەیەکیش بکەن لەوەدا چاوپۆشیان لێ ئەکات و پاداشتیشیان ئەداتەوە لەسەر ئەرک و زەحمەتێ کە کێشاویانە، وە بۆ ئەو مەبەستە پێسەواو زاناکانی ئیسلام هەر لە چەرخی یەکەمەوە کەوتنە کۆشش و تێکۆشانێکی بێوچان تا توانیان بڕیاریان وەرگرت بۆ هەر ڕووداوو بەسەرهاتێ کە بەدڵدا گوزەر بکات، ئیتر با هەرگیز بەدی نەیەت، ئینجا ئەو دەروازە پان و فراوانە و دانەخراوە، بەڵکو لەسەر پشتە هەتا ئەم جیهانە هەیە، وە هەمیشە زانایان ئەتوانن لەبەر ڕووناکی قورئان و حەدیس و ڕاو بڕیاری زانا و پێشەواکان چارەسەری هەموو گرێیەک بکەن و بڕیاری هەر ڕووداوو بەسەرهاتێکی تازەتریش باس بکەن و ڕوونی بکەنەوە!!

﴿ مَا نَنسَخْ مِنْ ءَايَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَآ أَوْ مِثْلِهَآ ۗ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٠٦﴾ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾

قسەو باسی زۆرتر هەیەو بەڵام با زیاد لەمە درێژە نەدەین بە باسەکە یا خوێنەرەکان بێزار نەکەینو بگەڕێینەوە بۆ سەر ئایەتەکە کە ڕاستیو ڕەوایی سڕینەوەکەمان بۆ باس ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿مَا نَنسَخْ مِنْ ءَايَةٍ﴾ ئەگەر ئایەتێك بسڕینەوە ﴿أَوْ نُنسِهَا﴾ یا لە بیری بەرینەوە لەدڵدا نەیهێڵین ﴿نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَآ﴾ چاکتر لەو ئایەتە ئەهێنین بۆ بەندەکان، کە چاکتر بێت لەمەدا کە ئەم سووکو ئاسانترە لەسەر بەندەکان وەك پێویست کردنی وەستانی هەرکام لە موسڵمانان بەرامبەر دە کەس لە بێبڕواکان لەکاتی جەنگو کوشتاردا، کە سڕایەوە بە پێویست کردنی وەستان بەرامبەر دووکەس لە بێبڕواکان، یا چاکتر لە زۆری ئەجرو پاداشتدا، وەك پێویست کردنی ڕۆژوو گرتن یا فیدیە دان کەلە یەکەم جارەوە بەو جۆرە پێویست کراو خرایە دەستو ئارەزووی بەندە، لەپاشدا ئەوە سڕایەوە بە پێویست کردنی ڕۆژوو گرتن ﴿أَوْ مِثْلِهَآ﴾ یا وێنەی سڕاوەکە ئەهێنین، واتە لە سووکو ئاسانیو ئەجرو پاداشتدا وەك سڕاوەکە وایە، بەڵام بێگومان بەرژەوەندی لەم دایە، وەك ڕووکردنە (بیت المقدس) کە سڕایەوە بە ڕووکردنە (کەعبە) کە وەك یەکن لە سووکو ئاسانیو ئەجرو پاداشتدا، بەڵام دیارە لە چەند ڕوویەکەوە بەرژەوەندی ئیسلامو موسڵمانان لە ڕوو کردنە (کەعبە)دایە، زانایان ئەفەرموون: سڕینەوەی ئایەت سێ جۆری هەیە:

١- سڕینەوەی تەنها حوکمو بڕیارەکەی کە ئەمە زۆرترو بەناو بانگ تڕە، وەك ئەو چەند وێنەیە کە هێنامانەوە.

٢- سڕینەوەی تەنها خوێندنەوەکەی بە قورئانی، وە هێشتنەوەی حوکمو بڕیارەکەی وەك خوێندنەوەی (فاقطعوا ایمانهما) واتە پیاوو ئافرەتێ دز دەستی ڕاستیان ببڕن، کە سڕایەوە بە (ایدیهما) یا خوێندنەوەی (الشیخ والشیخة إذا زنیا فارجموهما) واتە: پیاوو ئافرەتی گەورەی ژن هاوەر شوو کردوو کاتێ زینایانکرد بەردبارانیان بکەن،

دەی ئەو دووانە خوێندنەوەکەیان بە قورئانی سڕایەوەو بڕیارەکەیان هەر هەیە، ئەوەتا دز یەکەم جار دەستی ڕاستی ئەبڕێو پیاوو ئافرەتی ئاواش بەرد باران ئەکرێن.

٣- هەردوو بسپڕێتەوە، ئەوەش وەک دایکی بڕوادارانی عائیشە -خوا لێی ڕازی بێ- ئەفەرموێ: (كان فيما انزل عشر رضعات يحرمن فنسخن بخمس معلومات) واتە لە پێشەوە ئایەت هاتە خوارەوە بەوەی کە بە دە جار شیر خواردن مەحرەمێتی پەیدا ئەبێت، لە پاشا ئەو ئایەتە سڕایەوە بە پێنج جاری زانراو بە بێگومان، وە ئەم سێ جۆر سڕینەوە وەرئەگیرێن لە ئایەتەکە بە چەند شێوەیەک، یەکێ لەوانە ئەمەیە کە جۆری یەکەمو دووەم لە ڕستەی ﴿مَا نَسَخَ﴾ وەرئەگیرێن، واتە ئەگەر هەر ئایەتێک بسڕینەوە بەم ڕەنگە بڕیارەکەی نەمێنێن یان خوێندنەوەکەی، وە سێیەمیش ڕستەی ﴿أَوْ نُنسِهَا﴾ ئەیگەیەنێ، واتە لە بیری بەرینەوەو لە دڵدا نەیهێڵین بە هیچ ڕەنگ، ئەوەش کاتێ ئەبێت کە بە خۆی و حوکمو بڕیارەوە نەمێنێ، وەک لە پێشەوە گوتمان جوولەکەکان لەم مەسەلەی سڕینەوە (نسخ)دا ئێجگار کەوتنە فاک و فیک و پڕو پاگەندە بۆ ئەوەی بڕواداران بەد گومان بکەن، وە تا ڕادەیەکیش کاریانکرد لە دڵی هەندێ لە بڕواداران، جا لەبەرئەوە قورئان بەو شێوەیە لە پێشەوە باسی ڕاستو ڕەوایی سڕینەوەی کردو ئینجا دەست نیشانێ ئەکات بۆ بەڵگەو نیشانەی بەهێز لەسەر گونجاوی و بەجێیی سڕینەوە، وە بە شێوەی ئامۆژگاری و بێزاری دەربڕین لە بەدگومانی و هەر هەڵوێستێکی تری ناڕەوا، ئەم پرسیارە ئاراستە ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ ئایا نەتزانیوە کە خوا ئاوا تواناو زۆرداڕە بە سەر هەموو شتێکدا؟ واتەخوا کە ئاوا تواناو زۆردار بێت، ئەبێ توانا بێت بەسەر سڕینەوەی ئایەت وهێنانی چاکترلەوئایەتەیان وێنەی لەجێگایدا، ﴿أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ ئایانەتزانیوەکەهەربۆخواهەیە پادشایەتی و کاربەدەستی هەموو ئاسمانەکان و زەوی؟ واتە خوایە کە ئاوابێ ئەبێ سەر نەکرێتەوە لە هیچ کارو فەرمانێکی، وە هەموو فەرمان وبڕیاری وەرگیرێ بەوپەڕی ملکەچی وگوێڕایەڵیەوە،

وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿١٠٧﴾ أَمْ تُرِيدُونَ أَن تَسْـَٔلُوا۟ رَسُولَكُمْ
كَمَا سُـِٔلَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ ۗ وَمَن يَتَبَدَّلِ ٱلْكُفْرَ بِٱلْإِيمَٰنِ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١٠٨﴾
وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَٰنِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ
عِندِ أَنفُسِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ ۖ فَٱعْفُوا۟ وَٱصْفَحُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦٓ

﴿وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ وه نییه بۆتان بێجگه له خوا هیچ خاوەن و کاربەدەستێ و هیچ کۆمەک و یارمەتی دەرێک، واته هەرکەس بزانێ که هەر خوا کاربەدەست و خاوەن و کۆمەکیەتی، ئەبێ ئەو کەسە بزانێ که خێرو چاکەو بەرژەوەندی هەیە له هەموو کارو فەرمانێکیدا،وه گومان ودوودڵیی نابێ له هیچ سڕینەوەو هێشتنەوەو هیچ کارو بڕیارێکیدا، وه بە دڵێکی پڕ له بڕواو ئارامەوە کارو فەرمانەکانی وەرئەگرێ و هیچ قسەو باسێکی تر کاری لێناکات، ئەفەرموێ: ﴿أَمْ تُرِيدُونَ أَن تَسْـَٔلُوا رَسُولَكُم﴾ ئایا ئێوە ئەتانەوێ داوا بکەن یا پرسیار بکەن له پێغەمبەرەکەتان، واته داواو پرسیاری بێجێ و داواو پرسیارێ که لەبەر گومان و سەرپێچی و بیانوو گرتن بێت، ﴿كَمَا سُـِٔلَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ﴾ هەرچۆنێ داوا یا پرسیار کرا له (موسا) (علیه السلام) بەو جۆرو شێوەی که باسکرا ـ واته شتی وا نەکەن ـ، چونکه ئەو جۆرە داواو پرسیارە سەری له کوفرو بێبڕوایی یەوە دەرئەچێ، ﴿وَمَن يَتَبَدَّلِ ٱلْكُفْرَ بِٱلْإِيمَٰنِ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ﴾ وه هەرکەسێ له باتی بڕوا بێبڕوایی وەرگرێ و هەڵی بژێرێ بۆ خۆی، بێگومان ئەو کەسە ڕێگەی ڕاستی ونکردووەو لایداوە لێی، وه ئەوەش ئامانج و ئاواتی زۆر کەسە له جوولەکەو نامەدارەکان، وەک لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە له ڕیزی هەڵوێستو کردەوە ناڕاستو.بەدەکانی جوولەکەدا که له سەرەتای سورەتەکەوە هێنای، ئەفەرموێ: ﴿وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ﴾ زۆر لە نامەدار پێی خۆشەو

ئاواتەخوازە ﴿لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَٰنِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا﴾، بۆ ئەوەی بتانگێڕنەوە ـ لەپاش بڕوا هێنانتان ـ وە بتانکەنەوە بەبێ بڕوا، پێیان خۆشە ئەوەتان بەسەر بێنن (حسدا)، لەبەر حەسادەت بردنیان پێتان، حەسادەتێکی بەهێزو گەورە کە پەیدا بووە ﴿مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم﴾ لەلایەن خۆیانەوەو لە دەروونی خۆیان هەڵقوڵاوە، کەواتە گەیشتووەتە ئەوپەڕی ڕادەو پلە، ئینجا ئەو پێخۆش بوونەشیان لە ڕووی نەزانینو سەر لێ شێوانەوە نییە، بەڵکو ﴿مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ﴾ لەپاش دەرکەوتنو ڕوون بوونەوەی هەقو ڕاستیەکە بوو بۆیان، وەلە پاش ئەوەی کە ئەیانزانی ئێوە لەسەر ئایینی ڕاستو ڕێی ڕاستن، وە خۆیان ناڕاستنو لەسەر ڕێی چەوتن، وە ئەو زانینو دەرکەوتنەش بە هۆی ئەو هەموو بەڵگەو نیشانە ئاشکرایانە بوو کە لە تەوراتدا هاتبوون، بەڕاستی ئەوەش ئەوپەڕی لاریو نالەباربیە کە یەکێ ڕێی ڕاست بناسێو نەیداتەبەر، ئینجا بەوەش واز نەهێنێ بەڵکو بیەوێ مەردومی تریش گومڕا بکاتو ئاواتە خواز بێت بۆ گومڕا کردنی!!

ئەو حەسادەتە پیسەو ئەو داخو کینە ڕەشەبوو کە هەر لە یەکەم جارەوە دڵو دەروونی جوولەکەی تاریک کردو پڕی کرد لە دوژمنایەتی بەرامبەر ئیسلامو موسڵمانان، وە پاڵی پێوە نان بۆ ئەو پیلانو کردەوە خراپانەی کە هەڵسان پێیانو هەمیشەو لە مەولایش هەر خەریکن پێیانەوە، کەواتە با موسڵمانان هەمیشە وریا بن، جا قورئان لەو کاتەدا کە ئەو نیازو نیهادە پیسەی دەرخستن، لەو کاتەدا نیاز پاکو ڕەفتار شیرین بنو بەم جۆرە فەرمانی پیادان: ﴿فَٱعْفُوا۟ وَٱصْفَحُوا۟﴾ ئینجا ئێوە ببوورن لێیانو تۆڵەیان لێ مەسێنن، وە چاوپۆشی بکەن بەبێ لێدانو سەرزەنشتیان ﴿حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦٓ﴾ هەتا خوا کارو فەرمانی خۆی ئەهێ، کە بریتییە لە فەرماندان بە جەنگو کوشتار، یا دەرکردنی (بني نضير)و کوشتنی (بەنی قورەیزە) کە بەوە شەوکەتی جوولەکە شکاو بەرەو ڕیسوایی و زەبوونی هاتن

إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿١٠٩﴾ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَمَا تُقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُم مِّنۡ خَيۡرٖ تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ﴿١١٠﴾

﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ﴾ بەڕاستی خوا توانا و زۆرداره بەسەر هەموو شتێکدا، کەواتە ئەوکاروفەرمانەئەمێنێ، وەتۆلەئەسێنێ لەبێبڕواکان وموسڵمانانیش زاڵ وسەرکەوتووئەکات.

فەرمانیدا بەچاو پۆشی و وازهێنان لەو جوولەکانەو وەستان بەدیاری کارو فەرمانی خواوە، ئینجا فەرمان ئەدا بەبڕواداران کەلەسەر کارو پیشەی خۆیان بڕۆن و ئەو ڕێگەیە بدەنە بەر کە خوا بۆی داناون، فەرمووی: ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ﴾ نوێژ بە ڕێك و ڕاستی بەجێبێنن، وە زەکات بدەن، کە ئەم دوو کردەوە گەورەیە هەرچۆنێ نیشانەی بەندەیی بۆ خوا هەروەها هۆی یارمەتیدانی خوایە بۆ بەندەکانی و زاڵ کردنیانە بەسەر دوژمندا.

باوی قورئان وایە ئەم دوو کردەوە پێکەوە باس ئەکات، چونکە یەکەمیان باری یەکەیەکەی پێ چاك ئەبێت، وە دووەمیان حاڵ و باری گەل و کۆمەڵی پێ چاك ئەبێت، ئینجا هانی موسڵمانان ئەدات لەسەر هەر کردەوەیەکی چاك و مزگێنی ئەدات بەدەستکەوتنی پاداشت وبەرهەمی کردەوەچاکەکان لای خواولەڕۆژی دواییدا، ئەفەرموێ: ﴿وَمَا تُقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُم مِّنۡ خَيۡرٖ﴾ هەرخێروچاکەیەك کەپێشی بخەن بۆخۆتان ﴿تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِۗ﴾ دوستتان ئەکەوێتەوە لای خوا ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ﴾ بەڕاستی خوا بینایە بە هەموو کردەوەتان، کەواتە کردەوەکانتان زایە ناکات، بەڕاستی ئەم دوو فەرموودەیە هەرچۆنێ دڵخۆش کەرە، هەروەها دڵ تەزێنێشە، ئینجا دووبارە ئەڕوا لەسەر جوولەکەو گاورەکان، ڕاو قسە بێ جێکانیان ئەهێنێ و بەرپەچیان ئەداتەوەو دەم کوتیان ئەکات لەسەر لاف لێدانیان بەو ڕاو قسە ناڕەوایانە و بڕیاری ڕاست و ڕاستەقینە دەرئەکات،

وَقَالُوا۟ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ ۗ تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ ۗ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١١١﴾ بَلَىٰ مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُۥٓ أَجْرُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١١٢﴾

ئەفەرموێ: ﴿وَقَالُوا۟ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ ۗ﴾ واتە جوولەکەکان وتیان و ئەڵێن: هەرگیز هیچکەس ناچێتە بەهەشت بێجگە لەوانەی کە جوولەکەت، وە نەسرانیەکانیش ئەڵێن: هیچکەس ناچێتە بەهەشت بێجگە لەوانەی کە نەسرانین، ﴿تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ ۗ﴾ ئەوەیە ئاوات و ئامانجەکانیان، وە بێگومان ئەو جۆرە قسانەش هەر لاف و قسەی پووتن بەبێ هیچ بەڵگەو نیشانەیەك، وە هەرچیش بەڵگەونیشانەی نەبێ نرخی نییەوبەڕاست دانانرێ جالەبەرئەوە فەرمانیدا کە پێغەمبەر(ﷺ) بەریان لێ ببڕێتەوە بە داواکردنی بەڵگەو نیشانە لەسەر قسەو لافەکانیان، ئەفەرموێ: ﴿قُلْ﴾ پێیان بڵێ: ﴿هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ﴾ بەڵگەو دەلیلەکەتان بێنن ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن، بەو بەرلێ بڕینەوە سەر شۆڕو داماوی کردن، ئینجا بەدرۆیان ئەخاتەوەو یاسایەکی ڕاست و ڕەوا دەرئەکات سەبارەت بە بەهەشتیەکان، ئەفەرموێ: ﴿بَلَىٰ﴾ نەخێر ئەوەی ئەوان ئەیڵێن ڕاست نییەو بەهەشتی خوا بۆ هیچ گەل و نەتەوەیەك نییە بە تایبەتی، بەڵکو بۆ هەر کەسێکە کە بەم جۆرە بێت: ﴿مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ﴾ هەرکەس خۆی ملکەچ بکات بۆ خوا بە پاك و خاوێنی و بەبێ هیچ هاوبەشێك ﴿وَهُوَ مُحْسِنٌ﴾ لەکاتێکدا کە لەڕەوشت و کردەوەدا چاك بێت بەم ڕەنگە بەپێی فەرمان و ڕەزامەندی خوا بێت ﴿فَلَهُۥٓ أَجْرُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ﴾ بۆ ئەو کەسە هەیە پاداشتی خۆی لای پەروەردگاری، ئەو پاداشتەی کەلە جیهاندا بەڵێنی پێداوە، ﴿وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ وە هیچ ترس و بیمێك نییە لەسەریان، وە غەمبارو غەمگین نابن، واتە ئەگەن بە پاداشتی خۆیان بەبێ ئەوەی هیچ هۆی ترس و غەمێك ڕوویان تێبکات، ئەوە بوو بە یاسایەکی گشتی کە هەموو ئادەمی تیایدا یەکسانە لە هەموو چین و تاقم و لە هەر تیرەو نەتەوەو وڵاتێك، کە هەر ئەوەش ڕاست و شایان و شیاوە لەگەڵ خوایەتی خوا بۆ هەمووان، وە لەگەڵ دادو کار دروستی خوادا.

وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ لَيْسَتِ ٱلنَّصَـٰرَىٰ عَلَىٰ شَىْءٍ وَقَالَتِ ٱلنَّصَـٰرَىٰ لَيْسَتِ ٱلْيَهُودُ عَلَىٰ شَىْءٍ وَهُمْ يَتْلُونَ ٱلْكِتَـٰبَ ۗ كَذَٰلِكَ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ ۚ فَٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١١٣﴾

هەرکام لە جوولەکەو گاور ئەو لافە درۆینەیان لێ ئەدا کە باسکرا، ئینجا باسی ئەوە ئەکات کە هەرکام لەمانو بت پەرستەکانیش لەناو خۆیاندا ئەوانی تر بە گومڕا دائەنێن، ئەفەرموێ: ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ لَيْسَتِ ٱلنَّصَـٰرَىٰ عَلَىٰ شَىْءٍ﴾ جوولەکەکان وتیانو ئەڵێن: نەسرانیەکان لەسەر هیچ شتێ نین کەشت بێتو ئایینەکەیان ڕاست نییە، ﴿وَقَالَتِ ٱلنَّصَـٰرَىٰ لَيْسَتِ ٱلْيَهُودُ عَلَىٰ شَىْءٍ﴾ وە نەسرانیەکانیش وتیانو ئەڵێن: جوولەکەکان لەسەر هیچ شتێك نینو ئایینەکەیان ڕاست نییە، ئەوەیان ئەگوت ﴿وَهُمْ يَتْلُونَ ٱلْكِتَـٰبَ﴾ لەکاتێکدا کە ئەوانە نامە ئەخوێنن ـ واتە تەورات‌و ئینجیل ـ کە هەرکام لەو دوونامەیە بڕوای هەیە بە نامەکەی ترو شوێن کەوتووی بەڕاست دائەنێ کەواتە قسەکانیان دەربارەی یەکتر دژو پێچەوانەی نامەکانیانە، هەرچۆنێ ئەمانە کە زانا و نامەداران دەربارەی یەکتر ئەوەیان ئەوت، ﴿كَذَٰلِكَ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ ۚ﴾ هەروەها ئەوانەش کە نازانن‌و زنا و نامەدار نین‌و وێنەی وتەکەی ئەوانیان وت‌و ئەڵێن، واتە عەرەبە نەخوێندەوارەکان زانا نین‌و نامەیان نییە، کاتێ بینیان جوولەکە‌و نەسانیەکان بەو جۆرە دژی یەکترن، وە هەرکام لەوان بڕوای هەیە بە چەند شتی بڕۆپووچ کە هیچ کەمتر نین لە قسەو شتە پڕوپوچەکەی ئەوان، کاتێ ئەوەیان بینی لەوانەوە ئایینەکەی ئەوانیان لە پێش چاو کەوت وتیان: هیچ کامیان لەسەر شت نین‌و ئایینی ڕاستیان نییە!!

قورئان قسەکانی گێڕانەوە دەربارەی یەکتر بەو جۆرەی کە بیستمان، ئینجا لێیان ئەگەڕێ بۆ خوا تابڕیاریان بۆ دەرئەکەوت لە پۆژی دواییدا بەو جۆرو شێوەی کە ڕاست‌و ڕەوایەو خۆی ئەزانێ، ئەفەرموێ: ﴿فَٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ﴾ ئینجا خوا بڕیار ئەدات لە بەینیاندا ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ﴾ لە پۆژی دواییدا ﴿فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ لەوەی کە ئەوان لە جیهاندا دووبەرەکی بوون تیایدا، بڕیار ئەدات بەوەی کە هەرکام لەوانە ئەگەیەنێ بە بەرهەم‌و سەرەنجامی کردەوەی خۆی، بەگوێرەی دادو لێزانی‌و کاردروستی خۆی، وە گێڕانەوەی

کارو باری ئەوانەو حەوالّە کردنیان بۆ ئەو دادگایە باشترین شتە بەرامبەر ئەو لاف و قسە ناڕەوایانە، ئەوانە کە ژیریی وەریان ناگرێ و هیچ بەڵگەو نیشانەیەکیشیان بەدەستەوە نییە لەسەریان.

لەم باسە پێشووەدا باسی بت پەرستەکانی کرد لەگەڵ جوولەکەو گاورەکاندا، ئینجا لێرەدا باسی پیسترین گوناهو گەورەترین ستەمو تاوان ئەکات کە بریتییە لە بەرگری کردنی مزگەوتەکانی خوا لەوەی یادو باسی خوایان تیا بکرێ، وە هەوڵدان بۆ وێران کردنیان، جا هەڵئەگرێ ئەمە ئاماژە بێت بۆ ئەو کردەوە پیسەی کە نەسرانیەکان کردیان لەپاش نەمانی (عیسا)(علیه السلام) لەناویاندا، ئەوە بوو چوون پەنایان برد بە پادشای ڕۆمو هانیاندا لەسەر ئەوە بدا بەسەر جوولەکەکاندا لە وڵاتی شامدا، ئەویش هاتو بەربادی کردن بە کوشتنو بڕینو بەدیل گرتنو وێرانکردنی جێو شوێنیان، وە (بیت المقدس)ی ڕووخاندو بەردی بەسەر بەردییەوە نەهێشت، وەهەیکەلی (سلیمان)ی ڕووخاندو چەند دانەیەک لە تەوراتی سوتاند، وە هەڵئەگرێ مەبەست بەم ستەمو تاوانە بەرگری کردنی قوڕەیش بێت کە لەسااڵی شەشەمی کۆچیدا بەرگری پێغەمبەر (ﷺ)و یارەکانیان کرد لەوەی بچنە مەککەو تەوافی کەعبە بکەن لەسەر ئەم بارە مەبەست بە هەڵدانیان بۆ وێرانکردن ئەوەیە کە ئەیان ویست مااڵی خوا هەر جێگەی بت پەرستی بێتو بەرگری خواپەرستانیان ئەکرد لەوەی خواپەرستی تیا بکەن، کە وێرانکردنی ڕاستەقینە ئەوەیە، وە هەڵئەگرێ ئەمە دەست نیشانو ئاماژە بێت بەو هەموو پیالنو فاکو فێڵو هەوڵو تێکۆشانەی کە جوولەکە پێی هەڵسان لە بارەی گۆڕانی ڕووگە لە (بیت المقدس)ەوە بۆ (کەعبە) کە یەکەم مااڵی خوا بوو بۆ ئادەمیو ئەو جوولەکانە ئەیان ویست بەرگری مەردوم بکەن لە ڕوو تێکردنو خواپەرستی تیایدا، بە ڕاستی لەم کاتەدا شتێتر کەوتە دڵمەوەو لە هیچ کتێبێکدا نەم دیوە، ئەوەش ئەمەیە کە مەبەست تاوانی هەرسێ تاقەمەکەیە کە هەرسێکیان دژی ئەم ئیسالمنو یەک بارو یەک مەبەستیان هەیە کە بەرگری کردنی هەموو مزگەوتەکانی خوایەو نەهێشتنی ناوی ئیسالم لە ڕووی زەویدا کە هیچ ستەمو تاوانێ ناگاتە ئەوە، لەسەر ئەم بارە پەیوەستی ئەم ئایەتە بە پاشو پێشی خۆیەوە زۆر پتەوترو ڕێک تڕە، وە زانینی ڕاستەقینە هەر لای خوایە، وەلەسەر هەر بارو بەهەرحاڵ ئایەتەکە بە شێوەیەکی گشتیو بە یاسایەکی گشتی هاتووە،

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ أَن يُذْكَرَ فِيهَا ٱسْمُهُۥ وَسَعَىٰ فِي خَرَابِهَآ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ مَا كَانَ لَهُمْ أَن يَدْخُلُوهَآ إِلَّا خَآئِفِينَ ۚ لَهُمْ فِي ٱلدُّنْيَا خِزْىٌ وَلَهُمْ فِي ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١١٤﴾ وَلِلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا۟ فَثَمَّ وَجْهُ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿١١٥﴾ وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدًا ۗ

ئەفەرموێ: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ﴾ ئایا کێ ستەمکارترە لەو کەسەی کە بەرگری مزگەوتەکانی خوای کردبێ ﴿أَن يُذْكَرَ فِيهَا ٱسْمُهُۥ﴾ لەوەێ ناوی خوایان تیا ببرێ ﴿وَسَعَىٰ فِي خَرَابِهَآ ۚ﴾ وە تێکۆشانی کردبێ لەوێران بوون و پەک خستنیان لە خواپەرستی تیایاندا؟ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ مَا كَانَ لَهُمْ أَن يَدْخُلُوهَآ إِلَّا خَآئِفِينَ ۚ﴾ ئەوانە شایستە نەبوو بۆیان و مافی ئەوەیان نییە بچنە ناو ئەو مزگەوتانەوە مەگەر بەبیم و ترسەوە لە خوا، لەبەر ڕێزو بەرزی ئەو مزگەوتانە بە لای خواوە، واتە نەئەبوو بچنە ناویان بە ترس و لەرزەوە نەبێ، چ جای ئەوە کە بەرگری بکەن لە خواپەرستی تیایانداو هەوڵی وێرانکردنیان بدەن، کەواتە تاوان و ستەمەکەیان ئێجگار گەورەیە، یان نەئەبوو بچنە ناو مزگەوتەکان بە ترس و لەرزەوە نەبێ لە بڕوادارانی، واتە پێویستە لەسەر بڕوادارانی کارێکی وا بکەن کە ئەوانە بە ترس و لەرزەوە نەبێ نەتوانن بچنە مزگەوتەکانیان، چ جای ئەوە بێن و زاڵبن و داگیریان بکەن و وێرانیان بکەن، یا لەزانین و بڕیاری خوادا تێپەڕی کردووە کە ئەوانە نەچنە ناو مزگەوتەکانی خواوە مەگەر لەکاتی ترس و پەنا هێناندا، لەسەر ئەم بارە ئەو بەرگری کەرانە بڕڕێن بەسەر بت پەرستەکانی قوڕەیشدا چاکترە کە ئەوە بوو لە سااڵی فەتحی مەککەدا هەرکەس پەنای ئەهێنا و ئەچووە ناو ماڵی خواوە پەنا ئەدرا، ئینجا هەڕەشە ئەکات لەو بەرگری کەرانە تاوانبارانە بە تۆڵەی هەردوو جیهان، ئەفەرموێ: ﴿لَهُمْ فِي ٱلدُّنْيَا خِزْىٌ﴾ بۆیان هەیە لە جیهاندا ڕیسوایی و بێنرخی ﴿وَلَهُمْ فِي ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ وە بۆیان هەیە لە ڕۆژی دواییدا سزایەکی گەورە کە سزای دۆزەخ و سزا لەوە گەورەترو سەخت تر نییە، ئینجا دەم کوتی جوولەکەکان ئەکاتەوە

لەو هەموو پڕوپاگەندەی کە کردیان سەبارەت بە گۆڕاندنی ڕووگە بۆ (کەعبە)، ئەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ﴾ هەر هینی خوایەو بۆ خوایە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، واتە هەموو جیهان و وڵات هینی خوایەو هەموو وەك یەك مووڵکێتی و دروستکراویەتی و خوا پەروەردگاریەتی، ﴿تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجْهُ ٱللَّهِ﴾ کەواتە بۆ هەر شوێنێ و بۆ هەر لایە ڕوو بکەن لەوێدا خوا هەیە بەزانین و ئاگاداری و خوایەتی، وە هەر شوێنی خوا فەرمان بدات بە ڕوو تێکردنی هەر ئەوە ڕووگەیە، چونکە هیچ لایەو هیچ شوێنی لە خۆیەوە نەبووە بە ڕووگەو لەبەر خۆی نییە، بەڵکو لەبەر خوایەو بەپێی فەرمان و خواهیشی خوایە، کەواتە ئەو نوێژانەی کە بەرەو (بیت المقدس) کراون لە پێشەوە، ڕەواو دروستن و زایە نابن خوا وەری گرتوون، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾ واتە چونکە بەڕاستی بەهرەی خوا فراوانەو لەکارو فەرمانیدا بەندەکانی تەنگەتاو ناکات و کەمو کوڕی ناخاتە پاداشتیان، زانایە بە بەرژەوەندیان و بە هەموو نیازو کردەوەیان[1]، ئینجا قسەیەکی زۆر ناڕەواو وتەیەکی زۆر پیس و بێجێ ئەخاتە بەرچاو کە بۆ خوا ڕەوا دراوە بە نەزانی و نەفامی، ئەفەرموێ: ﴿وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدًا﴾، ئەوانە وتیان و ئەڵێن: خوا پۆڵەی بۆ خۆی داناوەو فەراهەمی هێناوە، هەرچەند بە پوالەت ئەم قسە بە ناوی جوولەکەو نەسارنیەکانەوە هاتووە، بەڵام لەڕاستیدا قسەی بت پەرستەکانیشە، ئەوەتا هەرچۆنێ جوولەکە ئەڵێن (عوزەیر) کوڕی خوایەو کاورەکانیش ئەڵێن: (عیسا) کوڕی خوایە، هەروەها بت پەرستەکانیش ئەڵێن فریشتە کچی خوایە، وە قورئان لێرەدا دیاری نەکردو بەدرێژیی باسی نەکرد، چونکە شوێنەکە شوێنی ئەوە نییە، بەڵکو شوێنی ئەوەیە کە بەکورتی باسی ئەو سێ تاقمە بکات کەلەو کاتەدا بەدژی ئیسلام هەڵسان لە نیوەدوورگەدا، وە سیرە ئەمەیە کە هەمیشەو تا ئێستاش هەر ئەو سێ تاقمەیە دژو دوژمنی ئیسلامن کە ئەمڕۆ دەرئەکەون لە پۆشاکی سەهیۆنێتی و سەلیبێت شیوعیەتی جیهانیدا، وە بێگومان سێیەمەکە دوژمن ترو بەد بڕوا ترو بەد کردار تڕە لە بێجگە پەرستیەکەی ئەو چەرخ و سەردەمەدا!

---

[1] ئەم ئایەتە بە چەند جۆرو شێوەیە تریش تەفسیر کراوەتەوەو چەند ڕیوایەتێ هەیە لەهۆی هاتنە خوارەوەیدا، ئەوانیش ئەگونجێن.

سُبْحَٰنَهُۥ ۖ بَل لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ كُلٌّ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ ﴿١١٦﴾ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ وَإِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿١١٧﴾

ئینجا پێش هەموو شتێ بۆ بەرپەرچدانەوە و خستنەوەی ئەوانە ئەفەرموێ: ﴿سُبْحَٰنَهُۥ﴾ خوا بە پاک و خاوێن ئەگرم و پاک و خاوێنە لە هەرشتێ کە شیاوو شایستەی خوا و خوایەتییە نییە، کە یەکێ لەو نەشیاوو ناشایستانە نەبوونی پۆڵەو کوڕو کچە بۆی، چونکە بوونی ئەوە پێویستی هەیە بەوەی کە خوا وێنەی ببێ، وە بوونی ئەم بوونەوەرەو پڕێمی تێرو تەواوو نەگۆڕاوی بەڵگەیەکی پووچ و ڕەوانە لەسەر تاک و تەنیایی و بێوێنەیی پەروەردگار لە هەموو بارو ڕوویەکەوە، وە بێجگە لەوە کوڕو پۆڵە بۆ کەسێ ئەبێ کە پێویستی ببێ بە یارمەتیدان و کاتێ ئەم نەما ئەو جێگەی بگرێتەوە، خۆ ئاشکرایە پێویستی بە یارمەتی و نەمان بە هیچ جۆر ناگونجێ لەگەڵ خوایەتیدا، ئینجا ئەوەی کە ئەو نەفامانە دای ئەنێن بە پۆڵەو کوڕو کچ مۆڵکی خوا و دروستکراوو بەندەیەکی ملکەچن بۆی و جیاوازن و هاوبەش و وێنەی خوا نین لە هیچ شتێکدا، دەی ئەگەر پۆڵەی بوونایە ئەبوایە نە مۆڵک و نە دروستکراوو نە بەندە بوونایە، وە ئەبوایە هاوبەش و وێنەی بوونایە لەگەڵی نیشانەو سیفەتدا، کەواتە ئەوەی کە ئەو نەفامانە وتویانەو بڕیاریان لەسەر داوە بە هیچ کلۆجێ ناگونجێ، وەک بەرپەرچیان ئەداتەوە و دەست نیشان ئەکات بەو نەگونجاوییە کە ئەفەرموێ: ﴿بَل﴾ نەخێر ئەوەی کە ئەوانە وتیان وانییەو ناگونجێ، وە ئەوانەی کە ئەو نەفامانە ئەیان کەن بە کوڕو کچی خوا و کوڕو کچی خوا نین، بەڵکو ﴿لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ هەرچی وا لە ئاسمانەکان و زەویدا کە هەندێ لەوانە ــ عوزەیرو عیسا و فریشتەکانە ـ هەموو هەر مۆڵک و دروستکراوی خوان ﴿كُلٌّ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ﴾ هەموو ئەوانە ملکەچن بۆی و سەرپێچی ناکەن لێی لە هیچ خواست و خواهیشێکی ﴿بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ داهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە لە نەبوون و بەبێ ئەوەی وێنەو کەرەسەیان بووبێ، ﴿وَإِذَا

﴿قَضَىٰٓ أَمۡرٗا﴾ وه کاتێ هەر شتێکی ویست‌و بڕیاری هەر شتێکیدا ﴿فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن﴾ هەر ئەوە ئەڵێت پێی: ببە، واتە هیچ کارو کردەوەیەکی ناوێ بێجگە لەوەی مەیل‌و خواهیشی پووی تێبکات ﴿فَيَكُونُ﴾ ئیتر دەست بە جێ‌و بەبێ دووا کەوتن ئەو شتە ئەیبێت‌و فەراهەم دێت لەسەر هەر بارو شێوەیەك کە خوا ویستبێتی!! دەی خوایە کە ئەوە سیفەت‌و ناونیشان‌و دەسەڵاتی بێت، نە پێویستی بە کوڕو کچ هەیە‌و نەئەگونجێ کوڕو کچی ببێ، چونکە کوڕو کچ ئەبێ هاوبەشی باوکەکەیان بن‌و نموونەیەك بن لەو، وە هاوبەش‌و نموونەش ناگونجێ بۆ خوا، کەواتە بڕیاردان‌و ڕەوادانی کوڕو کچ بۆ ئەوپەڕی نەفامی‌و تێنەگەیشتنە‌و هەرکەس تێ بگات لە مەبەست بە خواو خوایەتی، وە تێ بگات لە ڕادە‌و پلەی بەرزو پاك‌و بێ وێنەی خواو خوایەتی، هەرگیز ئەو شتە پڕوپووچە بەدڵیا گوزەر ناکات کە بەدڵ‌و خەیاڵی نەفاماندا دێت‌و گوزەر ئەکات دەربارەی خوای پەروەردگار، بەڵکو بڕوای هەر بەوجۆرە ئەبێت کە ئیسلام بۆمان ڕوون ئەکاتەوە، کە سووك‌و ئاسان‌و بێقۆرت‌و گرێیە لەدڵی هەر کەسێکدا کە ژیریی ببێ‌و لە کار نەکەوتبێ! ئای چەندە سووك‌و بێقۆرت‌و گرێیە لە دڵ‌و دەروونداکە ئەم بوونەوەرە لە خۆیەوە‌و بەڕێکەوت بەدی نەهاتووە، بەڵکو پەروەردگارێکی هەیە، وە ئەو پەروەردگارە هەر بووە‌و هەر ئەبێ‌و نەبوون ڕووی تێناکات، وە زانین‌و دەسەڵاتی بێ سنوورە‌و بۆ هەرشتێ کە بیەوێ بیکات هیچ پێویستی نییە بێجگە لەڕوو تێکردنی مەیل‌و خواهیشی ئەو پەروەردگارە، وە ئەو خوایە کار دروستە‌و هەموو کارو فەرمانی بەجێیە، وە بەهیچ ڕەنگ وێنە‌و هاوبەشی نییە، وە دروستکراوەکانی جیاوازن لە خۆی‌و بوونیان جیاوازە لەبوونی خۆی، نەك وەك هەندێ نەفام کە ئەڵێن بە یەك بووت هەن‌و بە بەك بوونیان هەیە، وە هەندێ تر ئەڵێن: بوونی ئەم دروستکراوانە تروسکە‌و ڕووناکییەکە کە هەڵ ئەقوڵێ لە خواوە، وە هەندێ تر ئەڵێن: دروستکراوەکان وێنە‌و شێوە بینراوەکەی بوونی خوایە... وە هەروەها چەند شێوە‌و شتی پڕوپووچی تر کە گوتراوە‌و هەموو کەسێکی ژیر شەرم ئەکات لەوەی شتی وا بەدمیدا بێت.

وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ لَوْلَا يُكَلِّمُنَا ٱللَّهُ أَوْ تَأْتِينَآ ءَايَةٌ ۗ كَذَٰلِكَ قَالَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّثْلَ قَوْلِهِمْ ۘ تَشَٰبَهَتْ قُلُوبُهُمْ ۗ قَدْ بَيَّنَّا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿١١٨﴾

هەرکەسێ ئەم بۆ چوونو تێگەیشتنە ئیسلامییەی بۆ پەیدا ببێو بژیەت لەگەڵی، پێکەنینی دێت بە هەموو ئەو بۆچوونو تێگەیشتنانەی کە هاتوونو وەرگیراون لە هەموو ئەوانەی کە ناونراون بە (فەیلەسوف) ئیتر چ (ئیغریقیەکان)و ئەوانەی کۆن، وە چ ئەوانە پاش ئەوانو تازەکان، بەڵێ لە ڕێگەی ئیسلامەوە مەردوم خوای خۆی ئەناسێو تێئەگات لە خۆیو لەم بوونەوەرەی کە تیایدا ئەژی، وە تەنها ئیسلام مەردوم ئەپارێزێ لەناسینی خواو ئادەمیو بوونەوەردا، ئینجا قسەو وتەیەکی زۆر ناڕەوای بت پەرستەکان ئەخاتە بەرچاو کە زۆر جار بەوە بیانوویان ئەگرتو بەریان ئەبڕیەوە لە پێغەمبەر (ﷺ) هەرچۆنێ جوولەکەو گاورەکان پەڵپو بیانوویان ئەگرت بەوێنەی ئەوە لە پێغەمبەرەکانیان ــ سەلامی خوایان لێ بێت ــ، وە بەوە دەرئەکەوێ کە ئەمانو ئەوان وەک یەک وان لە سروشتو لەبۆچوونو لە گومڕاییدا، کەواتە ئەوان هیچ بەهرەو هونەرێکیان نییە بە مل ئەماندا و هەروەک ئەمانو لە ڕادەی ئەماندان، ئەفەرموێ: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ ئەوانەی کە نازانن ــ واتە نەخوێندەوارو بێ نامەکان وتیانو ئەڵێن: ﴿لَوْلَا يُكَلِّمُنَا ٱللَّهُ﴾ واتە بە خۆی پێمان بڵێ هەر چۆنێ ئەدوێ لەگەڵ فریشتە، یا سروش (وحی) مان بۆ بکات ﴿أَوْ تَأْتِينَآ ءَايَةٌ﴾ با بەڵگەو نیشانەیەکی ڕوونمان بۆ بێت لەسەر ڕاستی پێغەمبەرێتیەکەت، کەواتە ئەوەندە نەفام بوون، ئەم قورئانە گەورە کە گەورەترین بەڵگە و موعجیزە بوو کە خۆیان گەڵاڵەیان ئەگرتو داوایان ئەکرد، وەک ئەو چەند شتەی کە لە سورەتی ﴿الإسراء﴾دا ئەیانگێڕێتەوە لێیانەوە، کە یەکێ لەوانە ئەوە بوو بەرز ببێتەوە بۆ ئاسمانو نامەیەکیان بۆ بێنێو بیخوێنێتەوە، بە هەرحاڵ ئەو بیانووو پەڵپە بێجێیان ئەگرتو ئەو قسە ناڕاستەیان ئەکرد، خوایش ئەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ قَالَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّثْلَ قَوْلِهِمْ﴾ هەروەها ئەوانەی کە لە پێشیانەوە بوون ــ واتە جوولەکەو

گاور ــ وێنەی وتەو قسەکەی ئەمانیان وت بە پێغەمبەرەکانیان، ئەوەتا وتیان بە (موسا) (علیه السلام): خوامان بە ئاشکراو بە چاو پیشان بدە، وە وتیان بە (عیسا) (علیه السلام): با خوا خوان‌و خۆراکێکمان لە ئاسمانەوە بۆ بێنێتە خوارەوە... ئەوان‌و ئەمان هەر عینادو سەرکەشییان بەکار هێناو داواو قسەکانیان وەک یەک وابوون، چونکە: ﴿تَشَٰبَهَتۡ قُلُوبُهُمۡ﴾ دڵەکانیان وەک یەک وان‌و بە وێنەی یەکتر لە کوێری‌و گومڕایی‌و نەفایدا، ئەو یاخیانە پەڵپیان ئەگرت بە یەکێ لەو دوو شتە: قسەکردنی خوا لەگەڵیان، یا هاتنی ئایەت‌و نیشانەیەک، قورئان وەڵام‌و بەڕەرچی نەدانەوە لە یەکەمیاندا، چونکە داواکەیان زۆر نەفامانەیەو شایستەی وەڵامدانەوە نییە، وەک ئەڵێن: وەڵامی نەفام بێدەنگیە، وە سەبارەت بە دووەم پەڵپ فەرمووی: ﴿قَدۡ بَيَّنَّا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يُوقِنُونَ﴾ بە ڕاستی ئێمە ئایەتەکانمان بە ڕوونی باسکردووە یا بە ڕوونی هێنامانە خوارەوە بۆ گەل‌و کۆمەڵێ کە ئەزانن بە زانینێکی وا کە دڵ پێی ئارامەو بە هیچ ڕەنگ گومان‌و دوودڵی ڕووی تێناکات، واتە ئەوانە داوای تەنیا ئایەتێکیان کردووەو ئێمە چەند بەڵگەو ئایەتی گەورەمان بە ڕوونی باسکردووە بۆ گەل‌و کۆمەڵێکی زانا کە ڕاستییان ئەوێ‌و بە دوای ڕاستیدا ئەگەڕێن، دەی ئەوانە کە ئاوا نەبن نیشانەو بەڵگەو موعجیزە کاریان لی ناکات، وە هەروەها لەم فەرموودەیەدا دڵنەوایی‌و دڵخۆشی دانەوەی پێغەمبەری (ﷺ) تیایە کە غەمبار نەبێ لەسەر بڕوا نەهێنانی ئەو یاخییانە، چونکە تاوان‌و قوسورەکە لە خۆیانەوەو خۆیان بە دوای ڕاستیدا ناگەڕێن.

لەپاش بەڕەرچ دانەوەی قسەو وتە ناڕەواکانی ئەو بێبڕوایانەو دەرخستنی هۆو پاڵ پێوەنەریان لەولاری‌ونالەبارییەی کەوان لەسەری، ئینجاڕووی فەرموودەئەکاتە پێغەمبەر(ﷺ) کارو فەرمانی پێویستی خۆی بۆ دیاری ئەکات، وە بۆی ڕوون ئەکاتەوە مەبەست‌و هۆی جوولەکەو گاور لەو ئاڕاوەو بەربەرەکانێی کە بە کاری ئەهێنن لەگەڵی، وە ئەوەی کە ئەوان ئەیانەوێ‌و داوای ئەکەن لێی ئەم بە هیچ ڕەنگ پێی ناکرێ! وە ئەگەر خوانەخواستە بیکات ئەکەوێتە بەر خەشم‌و سزای خوا.

إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗاۖ وَلَا تُسۡـَٔلُ عَنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡجَحِيمِ ﴿١١٩﴾ وَلَن تَرۡضَىٰ عَنكَ ٱلۡيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمۡۗ قُلۡ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلۡهُدَىٰۗ وَلَئِنِ ٱتَّبَعۡتَ أَهۡوَآءَهُم

ئەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا ﴾ بێگومان ئێمە تۆمان ڕەوانە کردووە بە ئایینی ڕاستەوە بە موژدەدەرو ترسێنەر، واتە کارو فەرمانی تۆ ڕاگەیاندنەو ڕێنموونی وە موژدە دان بە گوێڕایەڵانو ترساندنی یاخیو تاوانباران، ئیتر تۆ بەوە هیچت لەسەر نامێنێ، ﴿وَلَا تُسۡـَٔلُ عَنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡجَحِيمِ ﴾ وە تۆ پرسیارت لی ناکرێ لە دۆزەخیەکان کە بۆچی بڕوایان نەهێنا لە پاش ئەوەی پێت ڕاگەیاندن ئەوەی کە پێی ڕەوانە کراوی؟ واتە دەینو ئۆباڵیان بە ملی خۆیانەو هیچ شتێ ڕوو ناکاتە تۆ، ﴿وَلَن تَرۡضَىٰ عَنكَ ٱلۡيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ ﴾ وە هەرگیز ڕازی نابن لە تۆ نە جوولەکەو نە نەسرانیەکان ﴿حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمۡ﴾ هەتا نەکەویتە شوێنی ئایینەکەیان، واتە بە هیچ ڕەنگ بە تەمای بڕوا هێنانی ئەوانە نەبێت، وە ئەوانە هەرگیز واز ناهێنن لە دوژمنایەتیو ئازاوەو پیلان گێڕی لەگەڵت، مەگەر تۆ واز بێنی لەم ئایینو کارە گەورەی کەوای لەسەری، وە شوێنی ئایینی ناڕاستو ڕووچی ئەوان بکەوێ، کەواتە هۆی بەربەرەکانێو دوژمنایەتیەکەیان ئەوە نییە بەڵکەو نیشانەی ئاشکرایان دەست ناکەوێ لەسەر ڕاستی پێغەمبەرو ئایینەکەی، وە هەروەها بڕوا نەهێنانو دوژمنایەتیەکەیان لەبەرئەوە نییە کە نازانن و دڵنیا نین لەوەی کە ئەو لەسەر ئایینی ڕاستەو لەلایەن خواوە هاتووە، بەڵکو هۆو پاڵنەریان تەنها ئەو ئایینو عەقیدە ڕاستەیەکە ڕاستەیە کە خوا ناردییە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵێ بەڕاستی هەرچۆنێ لە یەکەم جارەوە هۆو پاڵنەریان هەر ئەم ئایینو عەقیدەیە بوو، هەروەها لەپاش یەکەم جارو تا ئێستاش و بۆ لەمەو لایش هەر ئەم ئایینو عەقیدەیە هۆو پاڵنەریانە بۆ ئەو هەموو پیلانو دوژمنایەتییە بەهێزەی کە هەمیشە بەبێ وەستان وچان بەکاری ئەهێنن دەربارەی ئیسلامو موسڵمانان، بەڵام هەردەم بە ناوێکەوەو لە ژێر ئاڵایەکدا، ئەوسا بەبێ شاردنەوەو پێچو پەنا بە ناوی ئایینو لە ژێر ئاڵای ئایینداً، بەڵام کە زانیان بەو ناوەو لەژێر ئەو ئاڵایەدا تا بێت غیرەتی موسڵمانەکان

ئەمێنێتە جۆش‌و بە هێزترو بەتین تریان ئەکات، بارەکەیان گۆڕی‌و ئەو ناوەیان سڕییەوە‌و ئەو ئالایان گۆڕی بە ناوو ئالای خاك‌و ولات‌و ئابووری‌و ڕامیاری‌و ئەم جۆرە شتانە، وە وایان نیشانداو وایان بردە دڵی بێئاگا‌و گێل‌و گەوارەکانەوە کە مەسەلەی ئایین‌و عەقیدە شتێکی کۆن بوو تێپەڕی‌و زۆد بێجێبوو! وە بەهیچ ڕەنگ نابێ ئەوە بهێنرێتەوە کایە، چونکە ئەوە کارو پیشەی دواکەتووانە‌و ئەمڕۆ ڕۆژی پێشکەوتنە‌و مەردوم پێشکەوتوە‌و تازە ناگەڕێتەوە بۆ ئەو بیروباوەڕە کۆنەپەرستیانە... کەچی لە هەمان کاتدا سەهیۆنیستی‌و سەلیبێتی جیهانی لەگەڵ شیوعیەتی جیهانیدا قۆڵیانکردووە بە قۆڵی یەکتردا بەرامبەر بە ئیسلام‌و مەبەست‌و ئاوات‌و ئامانجیان لە پێش هەموو شتێکدا نەهێشتنی ئیسلامە، وە هەرچەند لە ناو خۆیاندا دژی یەکترین‌و دوژمنایەتیان ببێ، کاتێ کە مەسەلەی ئیسلام هاتە پێشەوە هەموو یەك ئەگرن‌و بە هەموویانەوە جەنگی لەگەڵ ئەکەن، کەواتە پێویستە لەسەر موسڵمانان چالاك‌و وریا‌و تێگەیشتووبن، هەڵنەخەڵەتێن بە قسەی دوژمن، وە هەمیشە ئەم هەواڵە گرنگەیان لە یاد بێت کە خوا ئاڕاستەی پێغەمبەری خۆشەویستی (ﷺ) کردین بەم فەرموودە بە فەرەی کە ئێستا خەریکین بە تەفسیرەکەیەوە‌و لەگەڵی ئەڕۆین، ئینجا ئەم هەواڵەی کەلەم فەرموودەیەدا ئاڕاستەی کرد ئایا جوولەکە‌و گاورەکان بەدەم گوتبێتیان بە پێغەمبەر (ﷺ) یان لەناو خۆیاندا گوتبێتیان یان هەر نیازو بڕیارێ بووبێ لە دەروونیاندا؟

بە هەرکام‌و لەسەر هەربار خوای پەندو ئامۆژگاری کرد بەدەم کوتکردنیان بەم فەرموودەیە: ﴿قُلْ﴾ ئەی پێغەمبەر بڵێ: ﴿إِنَّ هُدَى اللَّهِ هُوَ الْهُدَىٰ﴾ بەڕاستی هەر ڕێنموونی خوا ڕێنموونییە، واتە هەر ئەم ئایینی ئیسلامە ڕاستە‌و بێجگە لەو ئاڕاستە‌و ڕاو ئارەزووی نەفسە، کەواتە بە هیچ کلۆجێ ناگونجێ لادان‌و جوێ یوونەوە لە ڕێنموونی خوا، وە بە هیچ ڕەنگ نابێ واز بهێنرێ نەلە زۆرو نەلەکەمی، ئینجا ئەم هەڕەشە سامناکە دڵ داچڵەکێنەرە ئاڕاستە ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُم﴾ سوێند بە خوا ئەگەر تۆ شوێنی ڕاو ئارەزووەکانی ئەوان بکەوێ

بَعْدَ ٱلَّذِى جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ ۙ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿١٢٠﴾ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَتْلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ ۗ وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿١٢١﴾ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتِىَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّى فَضَّلْتُكُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٢٢﴾ وَٱتَّقُوا۟ يَوْمًا لَّا تَجْزِى نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْـًٔا وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا تَنفَعُهَا شَفَٰعَةٌ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿١٢٣﴾

﴿بَعْدَ ٱلَّذِى جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ﴾ لەپاش ئەو زانینەی کە هات بۆت ـ واتە وەحی و سروشی خوا ـ یان ئەو ئایینەی کە ڕاستی و ڕەواییەکەی زانراوە بۆت ﴿مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ نابێ بۆت لەلایەن خواوە نە هیچ دۆست و کاربەدەستێک کە پارێزەرت بێت، وە نە هیچ یارمەتی دەرێک کە بەرگری تۆڵە و سزات لێبکات، بێگومان هەرگیز پێغەمبەر (ﷺ) لەوانە نەبووە بە هیچ جۆر لابدات لە ڕێگەی خواو شوێنێ ڕێگەو ڕای پڕوپووچی دوژمنانی خوا بکەوێت، بەڵام ئاڕاستەکردنی ئەم هەڕەشەیە کارو مەسەلەکە گرنگ تر ئەکات، وە بیم و ترس بە تین تر ئەکات لەدڵی ئوممەتدا!! ئینجا بە تێهەڵکێش باسێکی بڕوادارانی نامەدار ئەکات و نیشانەی بڕواکەیان ڕوون ئەکاتەوە، ئەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ﴾ کەسانێ کە نامەمان پێداون ﴿يَتْلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ﴾ لەکاتێکدا کە نامەکەیان ئەخوێنێنەوە بە خوێندنەوەیەکی ڕاست و ڕەوا بەبێ گۆڕاندن و زیادو کەم، وە بەبیر لێکردنەوەو ملکەچی و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی، ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ﴾[1] ئەوانەی کە بەو جۆرەن هەر ئەوانە بڕوایان هەیە بە نامەکەیان، نەک ئەوانەیان کە بەو جۆرە نایخوێنێنەوەو دەستکاری و گۆڕاندنی تیا ئەکەن و پەیڕەوی فەرمانەکانی ناکەن و پەیڕەوی فەرمانەکانی ناکەن و شوێنی ئارەزووی خۆیان ئەکەون، ئەمانەیان هەرچەندلافی بڕوا لێبدەن لە ڕووی ڕاستیدا بڕوایان نییە پێی ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾ وەهەرکەس بڕوای پێی نییە، هەرئەوانەزیانباروخەسارەتمەندن، ئایاچ زیانبارییە ئەگاتە ڕادەی زیانی دەست هەڵگرتن لەبڕواو هەڵبژاردنی بێبڕوایی لەباتی بڕوادا؟!

[1] ئەم ئایەتە بە چەند تریش تەفسیر کراوەتەوە، بەڵام بەڕاستی ئەمەی کەلە تەفسیرەکەدا بە پەسەند تر هو باشتر ئەچێتە دڵەوە.

لەپاش ئەو هەموو قسەو باس‌و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئیسرائیلیەکاندا، وە لەپاش نیشاندان‌و خستنە بەرچاوی میژووییان لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکانیان، لەپاش هەموو ئەوانە قورئان لایەك ئەکاتەوە بۆ لایان‌و بانگێ تریان ئەکاتەوە، وەك دواترین بانگ کە ئاڕاستەیان ئەکات، بۆ ئەوەی فریای خۆیان بکەون با بەتەواوی بەش بڕاو نەبن لەو سپاردە گەورەیەی کەلە کۆنەوە درابووە دەستیان ـ سپاردەی عەقیدەو ئایینی خواـ وە بانگ کردنەکەی یەکەم جارو سەرەتای باسەکەیان بۆ دووبارە ئەکاتەوە، ئەفەرموێ: ﴿يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾ ئەی نەوەکانی (ئیسرائیل) ﴿ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتِيَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ﴾ بیربکەنەوەو باسی چاکەی من بکەن کە ڕشتم بەسەرتاندا ﴿وَأَنِّي فَضَّلۡتُكُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ وە بە تایبەتی باسی ئەوە بکەن‌و بیر لەوە بکەنەوە کە من باوی ئێوەم دا بەسەر هەموو جیهانیانی چەرخی خۆتاندا، ﴿وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا﴾ وە بترسی لە ڕۆژێك کە لەو ڕۆژەدا ﴿لَّا تَجۡزِي نَفۡسٌ عَن نَّفۡسٖ شَيۡـٔٗا﴾ هیچ کەسێك هیچ شتێك جێبەجێ ناکات بۆ هیچ کەشێکی بێبڕوا ﴿وَلَا يُقۡبَلُ مِنۡهَا عَدۡلٞ﴾ وە هیچ بەدەل‌و بڕیتییەکی لێ وەرناگرێ ﴿وَلَا تَنفَعُهَا شَفَٰعَةٞ﴾ وە هیچ تکاو لاڵمەك سوودی پێناگەیەنێ ﴿وَلَا هُمۡ يُنصَرُونَ﴾ وە یارمەتی نادرێن‌و بەرگری ناکرێن لەسزای خوا.

لە تەفسیری ئایەتی (٤٧-٤٨)دا کە وێنەی ئەم دوو ئایەتی ئێرەن چەند شتێکمان گوت، کە بۆ ئێرەیشەو پێویست نییە بە دووبارە کردنەوەی.

لە ئایەتەکانی ڕابوردوودا قسەو لێکۆڵینەوە لەگەڵ نامەداردا بوو، سەبارەت بە ڕەوشت‌و کردەوەیان، وە هەڵوێستیان لەگەڵ پێغەمبەرەکانیان‌و بەرامبەر ئایین‌و شەریعەتەکەیان‌و چەند بەڵێن‌و پەیمان کە لێیان وەرگیرا لە چەرخی (موسا) پێغەمبەرەوە (علیه السلام) تا چەرخی پێغەمبەرمان (ﷺ)، وە زۆربەی ئەو قسەو باسانە دەربارەی جوولەکەبوو، کەمێکی لەبارەی نەسرانیەکانەوە بوو، لەگەڵ چەند دەست نیشانێك بۆ بت پەرستەکان، بە بۆنەی نامەدارەکانەوە، ئینجا لێرەدا ئەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی میژوویی پێشتر ـ ئەگەڕێتەوە بۆ چەرخی ئیبراهیم (علیه السلام)ـ وە باس‌و داستانی ئیبراهیم لەسەر ئەم بارو شێوەی کە لێرەدا باسکراوە زۆر گرنگ‌و بەکارە بۆ دەم کوتکردنی جوولەکەکان لەو هەموو دەم بازی‌و ئاژاوە سەختەی کە هەڵئەسان پێی لەگەڵ گەلی موسڵمان لە مەدینەدا، بێگومان نامەدارەکان لە بنەڕەتدا ئەگەڕێنەوە بۆلای ئیبراهیم لە ڕێگەی ئیسحاقەوە ـ سەلامی خوایان لێ بێ ـ وە شانازیان ئەکرد بەو نەژادە پاکەوە، وە بەوەی کە خوا بەڵێنی داوە بە پیت‌و فەرِ بۆ ئیبراهیم‌و

ئەوەکەی، جا لەبەرئەوە رێنمووئی و چاودێری ئایینی خوایان هەر بۆ خۆیان دائەنا، هەرچۆنێ بەهەشتیشیان هەر بۆ خۆیان رەوا ئەدا، ئیتر کردەوەیان هەر چۆن ببێ!! ئینجا بێگومان قوڕەیشیش هەر لەبنەڕەتدا ئەگەرایەوە بۆلای (ئیبراهیم) لەرێگەی (ئیسماعیل)ەوە، وە کەشخەو شانازیان ئەکرد بەوەوە، وە بەهۆی ئەوە چاودێرو کلیلەوانی مالّی خوا بوون، وە بەهۆی ئەوەوە بوو بوون بە سەرۆکو گەورەی هەموو عەرەب، جا لەپێشەوە ئەندازەیە بە درێژیی دوا لە بارەی جوولەکەو گاورەوەو ئەندازەیە باسی لافو گزافی کردن، وە ئەندازەیە پیلانو پڕوپاگەندەی دەرخستن کە هەڵئەسان پێی بۆ بەرگری ئیسلامو تێکدانی ڕیزی موسڵمانان، ئینجا ئەوا لێرەدا دێتە سەر باسی (ئیبراهیم)و (ئیسماعیل)و (ئیسحاق)، وە باسی کەعبەو دروستکردنیو هەندێ شتی تایبەتی بەو کالّی خواوە، وە لەو باسانەوە دەرئەکەوێ پڕوپووچی ئەو لافو گزافانەی کە جوولەکەو گاورو بت پەرستەکان لێیان ئەدا بە بۆنەی نەژادو پەیوەستیان بەو پێغەمبەرانەوە ـ سەلامی خوایان لێ بێ ـ وە هەروەها لەو باسەوە وەرئەگیرێ ڕاستیو بەجێی گێڕانی کەعبە بە ڕووگەی موسڵمانان، وە دەرئەکەوێ کە ئایینی (ئیبراهیم) خواپەرستیەکی پاکو خاوێنەو زۆر زۆر دوورە لەم ئایینە پڕوپووچەی کە ئەو سێ کۆمەڵەی لەسەرنو لایان وایە ئەوەیە ئایینی (ئیبراهیم)، هەرچۆنێ دەرئەکەوێ یەکێتیو زۆر نزیکی ئەم ئایینو عەقیدە تازەیە لەگەڵ ئایینو عەقیدەی (ئیبراهیم)و (ئیسماعیل)و (ئیسحاق)و (یەعقوب) کە ئیسرائیلە، ئەو ئیسرائیلەی کە جوولەکەو گاورەکان خۆیان بە نەوەو پەیڕەوی کەری دائەنێن، وە هەروەها ڕوون ئەبێتەوە کە بڕواو عەقیدە کەلەپووری دڵی بڕواداری نەک کەلەپووری ڕەگەزایەتی، وە ئەو کەلەپوورە بەهۆی نەژادو خزمایەتی دەستکەوت نابێ، بەڵکو بەبڕواو عەقیدە دەستکەوت ئەبێ، کەواتە هەرکەس بڕوای ببێ بەم ئایینو عەقیدەیەو پەیڕەوی بکات ـ ئیتر لە هەر تیرەو بەرەو بنەماڵەیەک ببێ ـ ئەو کەسە شیاوو شایان تڕە نەک کوڕی پێغەمبەر کەبێ بڕوا بێت! چونکە ئایینی خوایە، وە خوا خوای هەموو بەندەو دروستکراوەکانیەتی بە یەکسانی، وە هیچکەس پەیوەستی نییە بە خواوە بە نەژادو بە خزمایەتی!! کەواتە پەیوەندیو پەیوەستی جوولەکەو گاورو قوڕەیش پچڕاڵە (ئیبراهیم)و (ئیسماعیل)و (ئیسحاق)و (یەعقوب) کاتێ کە لایاندا لە ئایینو عەقیدەکەیان.

﴿ وَإِذِ ٱبْتَلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٍ فَأَتَمَّهُنَّ

لەم باسی (ئیبراهیم)ە هەنگاو بە هەنگاو دێنو لە کاتێکەوە کە خوا تاقیکردەوەو ئینجا هەڵی بژاردو کردی بە پێشەوا تا ئەم ئوممەتە موسڵمانە فەراهەم هات لەسەر وەرگرتنی نزای (ئیبراهیم)و (ئیسماعیل) لەکاتێکدا کە خەریک بوون بناغەی کەعبەیان بەرز ئەکردەوە، کەواتە ئەم ئوممەتە شایستە بوو بۆ وەرگرتنی کەلەپورەکەیانو هەڵگرتنی ئەو سپاردە گەورەیەی کە وەسیەتیان پێکرد بۆ دوای خۆیان، ئینجا با بێنە ژێر سایەو سەهەندی قورئان، ئەو باسو مەبەستانەمان بدا بە گوێچکەداو دڵو دەروونمان پاراو بکاتەوە پێیان، ئەفەرموێ بە پێغەمبەرمان (ﷺ): ﴿وَإِذِ ٱبْتَلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٍ﴾ باسی ئەوکاتە بکە کە پەروەردگار (ئیبراهیم)ی تاقیکردەوە بە چەند فەرمانو جڵەوگیریەک، ئیتر ئەوانە بریتی بن لە کردەوەکانی حەج، یان ئەو سی سیفەتو کردەوە بێت کە دەیان لە سورەتی ﴿التوبة﴾دا هەیەو دەیان لە سورەتی ﴿الأحزاب﴾دا وە دەکەی تریان لە سورەتی ﴿المؤمنون﴾و ﴿المعارج﴾دایە، یان ئەو دەشتەیە کە پێیان ئەوترێ (خصال الفطرة)، وە بە ناوبانگن، هەرکام لەمانە یان هەرشتێ تر بووبن خوای پەروەردگار ئەوانەیدا بەسەریدا بۆ ئەوەی بەوانە تاقی بکاتەوە، وە مەبەست لە تاقیکردنەوەی خوا ئەوەیە، ئەوەی کە خوا زانا و ئاگایە پێی با ئەو تاقیکراوە بە کردەوە پێی هەڵسێو بەدی بێنێ، وە هەرچۆنێ پێش بەدی هاتن خوا زانایە پێی لەپاش بەدی هاتنیش هەر بیزانێو زانینی بەسەری تێپەڕ بکات، بۆ وێچنە: خوای گەورە پێش دروستکردنی (ئیبراهیم) زانیویەتی کە (ئیبراهیم) دروست ئەکاتو فەرمانی پیا ئەداتو ئەویش بە ڕێکی گوێڕایەڵ ئەبێت، بەڵام باوی خوا وا هات کە تەنها بە پێی زانینەکەی ڕەفتار نەکات بەرامبەر کردەوەکانی بەندەکانی، بەڵکو ویستی ئەوەی کە خۆی زانایە پێی بەندەکانی بە کردەوە بەدی بێنن، جا لەبەرئەوە خوا ئەو چەند شتەی داوا کرد لە (ئیبراهیم) ﴿فَأَتَمَّهُنَّ﴾ ئینجا ئەویش بە ڕێکو پێکی بەجێیهێنانو هەڵسان پێیان، لەبەر ئەوە شایستەی ئەو پلە بەرزە بوو کە خوا بەڵێنو هەواڵی پێدا،

قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ ﴿١٢٤﴾

بەم جۆرە ﴿قَالَ﴾ فەرمووی بە (ئیبراهیم): ﴿إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا﴾، بە ڕاستی من تۆ ئەگێڕم بە پێشەوا، واتە پێغەمبەر بۆ ئادەمی، بۆ ئەوەی ئەوان پەیڕەوی بکەن و ئەمیش ئەوان ڕاکێشێ بۆلای خوا، وە بیانخاتە سەر ڕێگەی خێرو چاکە، بێگومان ئادەمی بە سروشت ئارەزووی لەسەر ئەوەیە کە خێرو خۆشی و بەهرەی فراوان بێت و پەرە بسێنێ و درێژە بکێشێ و نەبڕاوە بێت لە ڕێگەی نەوەو وەچەی خۆیەوە، وە ئەو هەست و ئارەزووە سروشتییە زۆر بەهێزەو خوا لە بەندەکانیدا فەراهەم هێناوە تا ژیان گەشە بکات و پەرە بسێنێ لەم ڕێگە سروشتییەوە، وە تاقم و چینەکانی داهاتوو کارو فەرمانی پێشووەکان بگرنە دەست و هەرکەم و کوڕیەکی بوو تەواوی بکەن، وە بەو شێوەیە هەموو تاقم و چینەکان هاوکارو یارمەتی دەری یەکتر ئەبن و ئەو کاتە کاری ژیان و جیهان هەمیشە بەرەو پێشکەوتن ئەڕوات، وە لەسەر ئەو بنەڕەتە ئیسلام یاسای میرات و کەلەپووری دانا، لەبەر بەجێهێنانی داخوازی سروشت، وە بەهۆی ئەوەوە مەردوم بکەوێتە هەوڵ و تێکۆشان و ئەوەی لەدەستی دێت بەکاری بێنێ لە زۆر کردنی سامان و هەرشتێ کە هۆی کامەرانی ژیانە بۆ ئەوەی لەپاش خۆی نەوەو وەچەکانی بژین بەخۆشی و دەست بگرن بەسەر هەموو بەرو بەرهەمەکەیدا، ئەو هەست و ئارەزووە سروشتییە خوا لە ئادەمیدا فەراهەمی هێنا لەبەر بەجێهێنانی ئەو مەبەستە گرنگەی کە باسکرا، جا بە پێی ئەو هەستە سروشتییە (ئیبراهیم)(علیه السلام) ﴿قَالَ﴾ وتی: ﴿وَمِن ذُرِّيَّتِي﴾، هەندێ لە ڕۆڵەو نەوەیشم ئەگێڕێ لە پێشەوا؟ واتە هەندێ لەوانیش بگێڕە بە پێشەوا و پێغەمبەر، ئینجا خوا وەڵامی دایەوە بە پێی ئەو یاسا گەورەو گرنگەی کەلە پێشەوە باسمانکرد کە پێشەوایی بە خزمایەتی و نەژاد دەستکەوت نابێت، بەڵکو بۆ کەسێک ئەبێت کە شیاوو شایستە بێت بۆی بە هۆی بڕواو ڕەوشت و هەستی پاک و کردەوەی چاکەوە، وە هەرکەس وا نەبێ بێبەشە لێی، وەکو ئەفەرموێ: ﴿قَالَ﴾ خوا فەرمووی: ﴿لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ﴾ واتە سپاردەی پێشەوایی و پێغەمبەرێتی من بۆ ستەم کاران نابێ و دەستکەوتی ئەوان نابێ، ئیتر ئەوانەی کە ستەم لە خۆیان ئەکەن بەبێ بڕوایی و لادان لە ئایینی خوا، وە چ ئەوانەی کە ستەم لە مەردوم ئەکەن بەدەست درێژیی لێکردنیان.

(ئیبراهیم)(علیه السلام) داوای ئەو پێشەوایی و پێغەمبەرێتیەی کرد بۆ هەندێ لە پۆڵەو نەوەکانی، وە خوای گەورەیش لەوەڵامیدا بەبێ بەشی هەندێ لە نەوەکانی ــ واتە ستەمکارەکانیان ــ لەو پێشەوایی و پێغەمبەرێتیە، دەی لەمەوە وەرئەگیرێ کە داواکەی وەرگرتووە، بەم ڕەنگە هەندێکیان ئەکات بە پێشەواو پێغەمبەر، بەڵام ئەو هێندە نابێ لە تاقمی ستەمکاران بن، بەڵکو ئەبێ لە تاقمی دادپەروەران بن، کەواتە ئەو وەڵامو فەرموودەیە هەرچۆنێ ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو نەوەکانی ستەمکارن، هەموو ئەوەش ناگەیەنێ کە هەرکام ستەمکار نەبوون ئەیکات بە پێشەواو پێغەمبەر، بەڵکو هەر ئەوە ئەگەیەنێ کە وتمان: کە ستەمکارەکانیان لەو پێشەوایی و پێغەمبەرێتییە بێبەشن، کەواتە جوولەکەکان ئەبێ نائومێد بن لەو پێشەوایی و سەرکردایەتیەی کە بە تەمای بوون و هەڕەشەیان پێئەکرد لە عەرەبەکانی مەدینە، ئەبێ نائومێد بن لەوە بەهۆی ستەمکاریان و دەرچوون و سەرکەشیان لە فەرمانی خواو لادانیان لە ئایین و عەقیدەی باپیرە گەورەیان (ئیبراهیم)(علیه السلام)، بێگومان ئەو پێشەواییەی کە خوا بەڵێنیدا بە (ئیبراهیم) پێشەوایی پێغەمبەرێتی بوو، وە هەروەها ئەوەش کە (ئیبراهیم) داوایکرد بۆ هەندێ لەنەوەکانی، ئینجا ئایا مەبەست بەو پێشەواییەی کە قەدەغەی کرد لە ستەمکاران هەر ئەو پێشەواییە بێت، وەك بە دیمەن و ڕووالەت وایە، یان مەبەست گشتی بێت لە پێشەوایی، جێنشینیش؟ بە هەرکام مەبەست بێت بێگومان لە ئایینی پاکی ئیسلامدا مەرجێ لە مەرجەکانی دانانی جێنشین دادپەروەری ئەو جێنشینەیە، واتە دروست نییە هەڵبژاردنی هەرکەس کە دادپەروەر نەبێت، ئینجا ئەگەر هەڵبژێررا یان بە زۆر خۆی کرد بە کاربەردەست و حوکمڕان، ئەوکاتە دووبارە هەیە:

١- هەرچۆنێ خۆی گوناهبارەو ستەمکارە لە نەفسی خۆی، هەروەها بە پێی یاسا و شەریعەتی ئیسلامیش ڕەفتار ناکات لەناو گەل و لەوڵاتدا، بەڵکو بە پێی یاسا و پڕۆگرامی ئەرزیی ڕەفتار ئەکات.

٢- لەگەڵ نەفسی خۆیدا ستەمکارو تاوانبارەو بەڵام هەر یاسا و شەریعەتی خوابە جێئەهێنێ لە گەل و وڵاتدا.

لەسەر باری یەکەم بەبێ خیلاف و دووبەرەکی بە هیچ ڕەنگ دروست نییە گوێڕایەڵی بۆی و یارەمەتیدان و ڕازی بوون بە بڕیارەکانی، وە پێویستە و فەرزە لەسەر گەل هەوڵ و تێکۆشان بکەن بۆ لابردن و دوورخستنەوەی، وە بە پێی دەقی قورئان و حەیس دورست نییە و قەدەغەیە کە مترین خۆشەویستی و مەیلی دڵ بۆی، وە هەرکەس کەمترین مەیلی دڵی ببێ بۆی ئەو کەسە ستەمکارە و ئەگەر نەگەڕێتەوە لەوە و تۆبە نەکات بە ئاگری دۆزەخ سزا ئەدرێ، وە لەسەر باری دووەم خیلاف و دووبەرەکی تیا هەیە، کۆمەڵ و جەماوەری زانا و پێشەواکان لەسەر ئەوەن کە گوێڕایەڵی دروست نییە و بڕیارەکانی دانامەزرێن.

ئیمامی حەنەفی ئەیفەرموو: ئەگەر مەنصورو کۆمەڵەکە بیانەوێ مزگەوت دروست بکەن و فەرمانم پێبدەن کە خشتەکانی بژمێرم بۆیان لە گوێیان ناکەم، جا لەبەرئەوە بەنهێنی فتوای ئەدا بە یارمەتیدانی زەیدی کوڕی عەلی ـ خوایان لێ ڕازی بێت ـ وە ئەیفەرموو: پێویستە لەسەر موسڵمانان کۆمەکی بکەن بە مااڵ و لەگەڵی ڕاپەڕن بەرامبەر مەنصوری عەببباسی و وێنەی ئەو، وە لەسەر فەرمانی ئەو کوڕێك کەوتە شوێن ئیبباهیمو عەبدوڵڵای کوڕی حەسەن تا شەهید کرا، لەپاشا دایکەکەی هات گلەیی کرد لە ئیمام لەسەر قسەی تۆ کوڕەکەم کوژرا، ئیمامیش فەرمووی: خۆزگە من لە شوێن کوڕەکەی تۆ بوومایە، وە هەروەها سوفیانی کوڕی عوبەینەو چەند پێشەوای تر فەرموودەی وایان زۆرە، وە تاقمێ لە زانایان لەسەر ئەوەن کە گوێڕایەڵی دروستەو فەرمان و بڕیاری بەجێئەهێنرێ، بەاڵم چەند حەدیسێکی صەحیح قۆڵ گرو یارمەتی دەری ئەم تاقمەیە، با زیاتر درێژە نەدەین بەم مەسەلەیە، چونکە بە ڕوونی و بەدرێژیی ڕوونکراوەتەوە لە کتێبەکانی کەلام و حەدیس و (فقە)دا. لەبۆچوون و تێگەیشتنی ئیسلامیدا هەموو پەیوەستی نەژادو خزمایەتی و خۆشەویستی و دۆستایەتی بەستراوە بە پەیوەستی عەقیدەو بڕواو، هەرکات پەیوەستی عەقیدەو بڕوا نەبوو یا پچڕا لە ناو مەردوم و لە بەینی هەر دوو کەسێکدا، ئیتر هەموو پەیوەستیەکانی تر ئەپچڕێ و نامێنێ و هیچ نرخێکی نابێ لە ئیسلامدا، تەنانەت لە بەینی باوك و کوڕو ژن و مێرددا، کەواتە لە ئیسلامدا یەکێتی بڕواو عەقیدە جێنشینی یەکێتی خێزان و بنەماڵەو تیرەو نیشتمانە!!

وَإِذْ جَعَلْنَا ٱلْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْنًا وَٱتَّخِذُوا۟ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّى ۖ وَعَهِدْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِىَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلْعَٰكِفِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ ﴿١٢٥﴾ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَٰذَا بَلَدًا ءَامِنًا وَٱرْزُقْ أَهْلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ مَنْ ءَامَنَ مِنْهُم بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۖ قَالَ وَمَن كَفَرَ

﴿وَإِذْ جَعَلْنَا ٱلْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْنًا﴾ باسی ئەو کاتە بکە کەئێمە کە عبەمان گێڕا بە شوێنی کۆبوونەوە و گەڕانەوە و هات و چۆ بۆ ئادەمی لەهەر لایەکەوە، وە بە شوێنی هێمنی و ئارام و ئاشتی و بێباکی، ﴿وَٱتَّخِذُوا۟ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّى﴾ واتە: وە گوتمان پێیان کە جێگە نوێژێك بوو خۆتان دابنێن لەشوێنەکەی (ئیبراهیم)دا، شوێنی وەستانی بەسەر ئەو بەردەی کە بەوە بەناوبانگەو ئێستا جێگای هەردوو پێی پێوە دیارەو دوو ڕکات نوێژی تیا ئەکرێ لە پاشا تەواف کردن یان مەبەست هەموو کەعبەو حەرەمەکە بکەن بە جێگەی نوێژو پاڕانەوەو تەواف کردن، وەکو ئەفەرموێ: ﴿وَعَهِدْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ﴾ وە فەرمانماندا و پامان سپارد بۆلای ئیبراهیمو ئیسماعیل بەمەی کە ماڵەکەم پاك بکەنەوەو بە پاکی ڕایگرن لە هەر شتێ کە شایستە نییە، ئیتر چ لە هەر بتێ کە عەرەبەکانی بەنی جورهوم لەو دەورو بەرە دایان نابێ یا هەر شتێکی پیس و قیزەونی تر ﴿أَن طَهِّرَا بَيْتِىَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلْعَٰكِفِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ﴾ وە بەو شێوە ئامادەی بکەن بۆ تەواف کەران و داینشتوان و ڕکوع و سوژدەبەران، واتە نوێژ کەران، کەواتە بە هەموو ڕەنگ گێڕانی ئەو ماڵی خوا بە ڕووگەی موسڵمانان، چونکە ماڵەکە ماڵی خوایەو مەردوم بەندەی خوان وە خاوەنی ئەو ماڵە فەرمانیداوە بە دوو بەندە لە بەندە هەڵبژێراوەکانی کە ئەو ماڵە دروست بکەن و بە پاکی ڕایگرن و ئامادەی بکەن بۆ خواپەرستان، ئیتر چۆن جوولەکە ـ کە خۆیان بەنەوەی ئیبراهیم دانەنێن ـ ڕەخنە ئەگرن لەوەو دەم ڕێژیی و پڕو پاگەندەی تیا ئەکەن؟!

ئینجا جارێ تریش دڵنیایی ئەکات لەسەر هێمنی و ئارام و ئاشتی بۆ ئەو ماڵی خۆیە بە هۆی نزای (ئیبراهیم)ەوە، وە هەروەها جاری تریش دڵنیایی ئەکات لەسەر ئەوەی کە نەژادو خزمایەتی بە تەنها هیچ سوودی نابێ ئەگەر پەیوەستی عەقیدەو بڕوا بپچڕێ، ئەمیش هەر

بە پێی نزای (ئیبراهیم)(علیه السلام)، ئەفەرموێ:﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ﴾ باسی ئەو کاتە بکە (ئیبراهیم) وتی: ﴿رَبِّ ٱجْعَلْ هَٰذَا بَلَدًا ءَامِنًا﴾ ئەی پەروەردگار ئەم شێوەو ئەم شوێنە چۆڵە بگێڕە بە شارێکی هێمن‌و ئاسایشدار، ئەم نزایەی کرد لەیەکەم جارەوە کە هاتە خاکی مەککە، وەک (سەعیدی کوڕی جوبەیر) ئەگێڕێتەوە لە (ئیبن‌و عەباس)ەوە –خوا لێی ڕازی بێ– کەکاتێ بە فەرمانی خوا ئیسماعیل‌و دایکی لەو شوێنە دانا‌و گەڕایەوە بەرەو شام، هاجەر کەوتە شوێنی‌و بانگی لێکرد کە بەلای کێوە ئێمە بەجێئەهێڵی لەم شوێنە چۆڵەدا، ئەویش وەڵامی نەئەدایەوە هەتا گوتی: ئایا خوا فەرمانی پێداوی بەمە؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ، ئینجا ئەمیش گوتی: خوا زایەمان ناکات‌و ئیتر دڵئارام بوو، وە ئەویش ڕۆشت هەتا گەیشتە (کداء) کە ئیتر لەوەو لا مەککەی لەبەرچاو ون نەبوو، لەوێدا ڕووی کردە شیوەکەو ئەم نزایەی کرد، وە نزاکەی دوو شت ئەگرێتەوە:

١- خوا بیکات بە شارێك، وە شارەکەش هێمن‌و ئاسایشداربێت.

٢- ﴿وَٱرْزُقْ أَهْلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ وە ڕۆزی دانیشتوانی بدە لە هەموو جۆرە بەرو میوەکان، خوای میهرەبان نزاکەی وەرگرت بە تێرو تەسەلی، بەم ڕەنگە کردی بەو شارە کە لەسەر زەویدا تاقانە شارێکە کە هێمن‌و ئارام‌و ئاشتی ئاسایشدارە، وە هەمیشە بەرو میوەی هەر چوار وەرزەکە لەوێ دەست ئەکەوێ بە زۆری‌و فراوانی لەگەڵ ئەوەدا کە خۆی هیچی نییە!!

لە وەڵامی نزای پێشوودا خوا پێشەوایی قەدەغەکرد لە ستەمکاران، جا لەوەوە (ئیبراهیم)(علیه السلام) پەندی وەرگرت‌و لێرەدا شەرمی کرد کە داوای ڕۆزی بکات بۆ هەموو دانیشتوانی شارەکە، بەڵکو بێدەنگ بوو لەبێبڕوایان‌و هەر داوای بۆ بڕواداران کرد فەرمووی: ﴿مَنْ ءَامَنَ مِنْهُم بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ هەرکەس لەوان کە بڕوای هێنابێ بە خواو بە ڕۆژی دوایی، ئینجا خوای گەورە وەڵامی دایەوەو داواکەی تەواو کردو باری ئەوانیشی ڕوونکردەوە کە ئەم باسی نەکردن، بەمەی کە ڕۆزی ئەمانیش ئەدات، بەڵام دوا ڕۆژیان ئاگری دۆزەخە: ﴿قَالَ﴾ فەرمووی: ﴿وَمَن كَفَرَ﴾ ڕۆزی ئەوەش ئەدەم کە بڕوا نەهێناب

فَأُمَتِّعُهُۥ قَلِيلًا ثُمَّ أَضْطَرُّهُۥٓ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلنَّارِ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٢٦﴾ وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَٰهِـۧمُ ٱلْقَوَاعِدَ مِنَ ٱلْبَيْتِ وَإِسْمَٰعِيلُ

﴿فَأُمَتِّعُهُۥ قَلِيلًا﴾ ئینجا بەو پۆزییە ئەیژمنم ماوەیەکی کەم، کە ماوەی ژیانیەتی لەم جیهانەدا، ﴿ثُمَّ أَضْطَرُّهُۥٓ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلنَّارِ﴾ ئینجا لە پاش ئەوە ناچاری ئەکەمو بە تۆندی ئەیبەم بۆ لای سزای ئاگر ﴿وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ﴾ وە ئاگر دواڕۆژو چارەنووسێکی زۆر خراپو بەدە! ـ خوا پەنامان بدات لێی ـ ئینجا شێوەیەکی شیرینمان نیشان ئەدات، شێوەی ئامادە کردنو ڕێکو پێککردنی ماڵەکەی خوا بۆ خواپەرستان لەلایەن (ئیبراهیم)ەوە کە باوکی هەموو پێغەمبەرانی پاش خۆیەتی، وە لەلایەن (ئیسماعیل)ی کوڕی یەوە کەلەنەوەی ئەو گەورەترینو دواترین پێغەمبەرانی خوا پەیدابوو ـ سەلامی خوا لە هەمووان بێت ـ شێوەی ئەو ئامادە کردنەمان بۆ باس ئەکات بەدەم لاڵانەوەوە بۆ خۆیانو بۆ پەیدا بوونی گەلو ئوممەتێکی موسڵمان لەناو نەوەکەیاندا، وە بەجۆرێ ئەو باسەمان بۆ ئەکات وەک ئێستا ئەو کاتە بێتو ئێمە بە چاوەوە بینو سەرنجی ئەو باوکو کوڕە بدەین کە خەریکن بەو کارە پیرۆزەوە، وە وەک ئاوازی نزاو لاڵکەیان ئێستا ئامادە بێتو بدا بە گوێچکەماندا، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَٰهِـۧمُ ٱلْقَوَاعِدَ مِنَ ٱلْبَيْتِ وَإِسْمَٰعِيلُ﴾ [1] باسی ئەو کات بکەن کە (ئیبراهیم)و (ئیسماعیل) بناغەکانیان بەرز ئەکردەوە لەو ماڵە، واتە ـ کەعبە ـ بەم ڕەنگە چین لەسەر ژینیان لەسەر دائەنان، یا چین لەسەر چین دیوارەکانیان بەرز ئەکردەوە، ئەو کردەوە ڕابوردووە بە کردەوەی ئێستای ناو ئەبات، ئەوەتا ئەفەرموێ: ﴿يَرْفَعُ﴾ بەرز ئەکاتەوە، لەبەر ئامادەکردنی ئەو کردەوە پیرۆزەو هێنانی بۆ پێش چاو، کەبە ڕاستی هەر زۆر شیرینەو شایانە بۆ بیر لێکردنەوە، وەرە بیربکەرەوە لەو دیمەنە جوانە، (ئیبراهیمی خەلیل) وەستا بێتو (ئیسماعیل) شاگردو بەردەست، هەردوو ئیش بکەن لە دروستکردنی یەکەمِ ماڵی خوا لەزەویدا بۆ ئادەمی!!

[1] بەرز کردنەوەکەی لە ڕێوە بۆ (ئیبراهیم) دانراو لەپاشدا باسی (ئیسماعیل)ی کردو کردی بە هاویەشی، چونکە ئیبراهیم گەورەترو بەرزترە، وە ئەو پێشەواو وەستا بوو، (ئیسماعیل) شوێن کەوتووو شاگردی بوو، وە لە ڕووی ڕاستیشدا بەرز کردنەوە (ئیبراهیم) ئەی کردو (ئیسماعیل) بەردی ئەدا بەدەستیەوە، وەک لە حەدیسدا ئەفەرموێ.

رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّآ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١٢٧﴾ رَبَّنَا وَٱجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَآ إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٢٨﴾ رَبَّنَا وَٱبْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ ۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٢٩﴾ وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَٰهِـۧمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفْسَهُۥ

خەریکن بەو کارە گەورەوە لە کاتێکدا ئەڵێن: ﴿رَبَّنَا﴾ ئەی پەروەردگارمان ﴿تَقَبَّلْ مِنَّآ﴾ لێمان وەرگرەو پازی بەلە کارو کردەوەمان، ئەو داوایەت لێ ئەکەین، چونکە ﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ بەڕاستی هەر تۆ بیسەری نزای ئێمەی کە ئاگاو زانای بە نیازمان ﴿رَبَّنَا وَٱجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ﴾ ئەی پەروەردگارمان بمانگێڕە بە ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانت و فەرمانبەری ئایین و شەریعەتت، یان بە خاوێن کەری خۆیان و کردەوەو نیازمان بۆ تۆ ﴿وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ﴾ وە هەندێ بە نەوەمان بگێڕە بە گەل و کۆمەڵێکی ملکەچ و گوێڕایەڵ بۆ تۆ، یان تۆ پەرست بن بە تەنها و پاک و خاوێن و بەبێ هیچ هاوبەش ڕەوا دانێت ﴿وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا﴾ وە نیشانمان بدەو ئاشنامان بکە بە نیشانەو شوێنەکانی عیبادەت و خواپەرستیمان لە حەج و عەمرەدا ﴿وَتُبْ عَلَيْنَآ﴾ وە تۆبەو گەڕانەوەمان لێ وەرگرە ﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ چونکە بەڕاستی هەر تۆ زۆر تۆبە وەرگرو بەزەییداری، پێغەمبەران ـ سەلامی خوایان لێ بێ ـ هەرچەند گوناهبارو تاوانکار نین، بەڵام بەرامبەر بە خوا هەر کەمو کوڕیان هەیەو پێویستن بە گەڕانەوە بۆلای خوا لە هەر ناتەواوی و کەمو کوڕیەکیان، وە بێجگە لەوەش پادەو پلەکانی خوا ناسی هەرگیز دوایی نایەن، وە هەرکات بەندە پلەو پادەیەکی بڕی و بەرز بوویەوە بۆ پادە پلەیەکی بەرزتر پێویستی هەیە بە تۆبە کردن لە پادەو پلەی پێشووتر کە ناتەواوو کەمو کوڕە لەچاو پادەو پلەی تازەدا کە تێڕو تەواو تر.

شەرمو ئەدەب لە خوا ئەبێ ئاوا بێت، وە بڕوا بە خوا ئەبێ بەو جۆرو شێوەبێت کە لەم نزاو پاڕانەوەدا دەرئەکەوێ، وە ئەبێ موسڵمانو بڕوادار لەم ڕێگە ڕاستەوە خەریک ببێ و خواپەرستی بکات، ئەو دوو پێغەمبەرە ـ سەلامی خوایان لێ بێ ـ بەدەستو دەم خەریکن بە خواپەرستییەوەو شەکەتو ماندوون، بەڵام گوێیان لە هیچ نییەو سۆزو پەرۆشیان هەر بۆ

وەرگرتن و ڕەزامەندی خوایە، وە داوای ڕێنموونی ئەکەن بۆ ئیسلام و دامەزرانیان لەسەر ئیسلام، چونکە نەزانن دڵی مەردوم وا لە بەینی پەنجەی قودرەتی خوادا، ئەگەر بە هەر بارێکدا وەری گێڕێ ئەتوانێ و کەس هیچ دەسەڵاتێکی نییە، وە هەموو شتێك بەدەست خوایە و داوای کۆمەك بۆ ئەوە هەر لە خوا ئەکرێ، ئینجا بێگومان دڵی بڕوادار هەمیشە بەستراوە بە ئایین و عەقیدەکەیەوە، وە گرنگ ترو بەنرخ تر بە لایەوە عەقیدە و بڕوباوەڕەکەیەتی، جا لەبەر ئەوە نزایانکردە لای خوا کە ئایین و عەقیدەکەیان بهێڵێتەوە لەناو چینەکانی پاش خۆیان، وە بێ بەشیان نەکات لەو چاکە و بەهرەیە کە هیچ بەهرەیەکی تر هاوتای ناکات، ئینجا داوایانکرد کە نەوەکەیان بێبەش نەکات لە ڕێگەنیشان دەرو ڕێنموونی کەرێك کە ئایەتی خوایان بەسەرا بخوێنێ و فێری هەر شتێکیان بکات کە پێویستە، وەکو ئەفەرموێ: ﴿رَبَّنَا﴾ وتیان: ئەی پەروەردگارمان ﴿وَٱبۡعَثۡ فِيهِمۡ﴾ ڕەوانە کراوێك لە خۆیان تا زیاتر بە سۆزو بەزەیی بێت پێیان، وە ئەوانیش باشتر شانازی پێوە بکەن، وە نزیکترین لە گوێ ڕایەڵییەوە، چونکە ناسراوە لایان و شارەزای پاکی و ڕاستین، کە ﴿يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِكَ﴾ بخوێنێ بەسەریاندا نیشانەو بەڵگە ئاشکراکانی تۆ لەسەر خوایەتی و تاك و تەنهایی تۆو پێغەمبەرێتی و هەموو شتەکانی تر کە (وەحی) سروشتیان ئەکەیتەلای، ﴿وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ﴾ وە فێری کتێبی تۆیان بکات، واتە قورئان، ﴿وَٱلۡحِكۡمَةَ﴾ وە هەموو ڕەوشت و کردارێکی ڕاست و بەجێ کە ڕەوشت و کرداری خۆیەتی ﴿وَيُزَكِّيهِمۡۚ﴾ وە پاك و خاوێنیان بکات لەبەد بڕوایی و بەد کرداریی، ئەم داوایەت لێدەکەین کە ﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾ بەڕاستی هەر تۆ زاڵی کار دروستی، واتە هەر تۆ زاڵی بەسەر هەموو شتێکدا، وە هەموو کردەوەت ڕاست و بە جێیە و لە شوێنی خۆیدایە، کەواتە ئەتوانی و دەسەڵاتت هەیە بەسەر ئەو داوا کراوەداو داواکراوەکانیش هەموو ڕاست و بەجێن، ئا بەم شێوە نزاکەیان دوایی پێهێنا و وەسف و سەنای خوایانکرد بەم دوو سیفەتە کە تایبەتین بەوەوە، وە ڕێك و پێکیشە لەگەڵ داواکراوەکەیاندا.

خوای میهرەبانی نزاکەی وەرگرتن بە ڕەوانە کردنی پێغەمبەرمان (ﷺ) کەلە نەوەی هەرنووکیانەو ئیتر پێغەمبەرانی تر لە (ئیسحاق)ەوە تا دوایی هەر لەنەوەی (ئیبراهیم)ن ـ سەلامی لە هەمووان بێت ـ ئەم پێغەمبەرەی ڕەوانە کرد لەناو گەلی قوڕەیشدا کەلە نەوەی

(ئیبراهیم)و (ئیسماعیل)ن، وه بەو جۆرو شێوەی ڕەوانە کرد کە ئەوان داوایانکرد بەم ڕەنگە ئەو سیفەتو نیشانانەی تیا بەدی هات بە تێرو تەسەلییەوە لەسەر دەستی ئەو پێغەمبەرەدا (ﷺ)، ئەو گەلە نەفامو نادانو بت پەرستەبوون بە چاکترین گەلو کۆمەڵ لەناو هەموو گەلو چینەکانی نادەمیدا، وە بوون بە مامۆستای جیهاندا فریای ئادەمی کەوتنو فێری وێڵو پیاوەتیانکردن، وە پێغەمبەرێتیەکەی بوو بەڕەحمەتی خوا بەسەر جیهانو جیهانیانەوە، سەلاتو سەلامی خوای لێ بێو خوا پاداشتی بداتەوە لەباتی هەموو جیهانو جیهانیان، وە هەرچۆنێ لە واقیعی ژیاندا دەرکەوت کە داواو نزاکەی (ئیبراهیم)و (ئیسماعیل) بەم شێوە بەدی هات، هەروەها لە فەرموودەی خۆیشیدا ئەوە هەیە لە حەدیسێکدا کە (ئیمامی ئەحمەد) ئەیهێنێ لە (عیریاض)ەوە –خوا لێی ڕازی بێ– کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: من نزاکەی ئیبراهیم، وە مزگێنیەکەی عیسا، وە خەوەکەی دایکم کەدی لەکاتی لەدایك بوونی منـدا، ئایینی پاکو خاوێنی ئیبراهیمی ڕوونکردەوە، ئەو ئایینەی کە داوایکرد لە خوا بیهێڵێتەوە لەناو نەوەکانیدا، وە هەر لەو نەوەیە پێغەمبەرێك ڕەوانە بکات بەو ئایینە پیرۆزەوە، وە شتێکی ڕوون کە خوا ئەو نزایەی وەرگرتو بەدی هێنا بە ڕەوانە کردنی محمد (ﷺ)، کەواتە ئەم ئایینەی کە پێی هات هەر ئەو ئایینەیە کە (ئیبراهیم)ی لەسەر بوو، وە داوایکرد بۆ نەوکانی لەپاش خۆی، دەی ئیتر چۆن جوولەکەو گاورو بت پەرستەکانی عەرەب مل ملانێ ئەکەن لەگەڵ ئەم پێغەمبەرە (ﷺ) وە ملکەچ ناکەن بۆ ئەو ئایینەی کە پێی هات، وە ڕازی نابن پێشەواییەکەی، لە کاتێکدا کە ئەوان خۆیان بە نەوەو شوێن کەوتووی (ئیبراهیم) دائەنێن، وە لە کاتێکدا کە لادان لە ئایینەکەی ئەم لادانە لە ئایینی (ئیبراهیم) ﴿وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَٰهِـۧمَ﴾ وە ئایا کێ ئایینی (ئیبراهیم)ی پێ ناخۆشەو پشتی تێئەکات؟ واتە هیچ کەس ئەوە ناکات ﴿إِلَّا مَن سَفِهَ نَفْسَهُۥ﴾ مەگەر کەسێك کە خۆی سووکو ڕیسوا بێنرخ بکاتو خۆی گێڵو نەفام بکات، ئینجا بەڵگە ئەهێنێتەوە لەسەر سووکو ڕیسوایی و هەڵەی ئەو کەسانەی کە لائەدەن لە ئایینی (ئیبراهیم) بەمەی کە (ئیبراهیم) لە جیهاندا هەڵبژێرراوی خوایەو لە ڕۆژی دوایشدا لە بەندە چاکەکانی خوایە، کە خاوەنی پایەو پلەی بەرزن، دەی هەرکەس لابدا لە ئایین ئەوا ئەو کەسە بێگومان نەفامو نەزانەو سووکو ڕیسوایە،

وَلَقَدِ ٱصْطَفَيْنَٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا ۖ وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٣٠﴾ إِذْ قَالَ لَهُۥ رَبُّهُۥٓ أَسْلِمْ ۖ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٣١﴾ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبْرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ

ئەفەرموێ: ﴿وَلَقَدِ ٱصْطَفَيْنَٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا ۖ﴾ سوێند بە خوا ئێمە (ئیبراهیم)مان هەڵبژارد لە جیهانداو پاڵفتەمانکرد بە پێغەمبەرێتی و پێشەوایی و بەمەی کە کرا بە باوکی هەموو پێغەمبەرانی دوای خۆی، ﴿وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ وە بە ڕاستی لە ڕۆژی دوایشدا لە بەندە چاکەکان کە خاوەنی پایەو پلەی بەرزن، (ئیبراهیم)مان هەڵبژارد ﴿إِذْ قَالَ لَهُۥ رَبُّهُۥٓ أَسْلِمْ ۖ﴾ کاتێ پەروەردگاری پێی وت: ملکەچ بەو ئایینەکە پاکو خاوێن بکە بۆ خوا، ﴿قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ ئەویش گوتی: ئەوا ملکەچ بووم‌و ئایینی خۆم پاکو خاوێن کرد بۆ پەروەردگاری هەموو جیهانیان، واتە بەبێ گێرو گرفتو سەر لێکردنەوە گوێڕایەڵ بوو، وە ملکەچ بوو بۆ فەرمانی خوای خۆی، ئیتر ئەوە پێش پێغەمبەرێتی بووبێ، یان پاش، ئەگەر پێش پێغەمبەرێتی بووبێ مەبەست ئەوەیە خوا نایە دڵی بیرکردنەوە لەم بوونەوەرەو ڕووی دڵی تێکرد بە بەندەیی و ملکەچی، وەک (حەسەن)و(ئیبن عەباس) ئەفەرموون –خوا لێیان ڕازی بێ– وە ئەگەر پاشپێ پێغەمبەرێتی بووبێ، وەک هەندێ ئەفەرموون، ئەوکاتە مەبەست گوێڕایەڵییەو وەرگرتنو ڕەزامەندی دڵە بۆ هەر فەرمانو بڕیارێک بە تابیەتی لەگەڵ دامەزراوی بە ڕێکو پێکی لەسەر ڕێکە خواو پێی ڕەزامەندی خوا، بەهەر حاڵو لەسەر هەربار دایارە مەبەست ئەوە نییە کەلە پێشەوە بێبڕواو نا موسڵمان بووەو خوا فەرمانی پێئەدا کە بڕوا بێنێو موسڵمان ببێ، ئینجا وەسفی (ئیبراهیم) ئەکات بەمەی کە هەرچۆنێ خۆی لەسەرئەوئایین ومیللەتەپاکەبوو،هەروەهائەویست کە کوڕەکانیشی هەر لەسەر ئەو ڕێ و ڕچەبن، ئەفەرموێ: ﴿وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبْرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ﴾ (ئیبراهیم) وەسیەتی کرد بەو ئایین‌و میللەتی ئیسلامە بۆ کوڕەکانی ﴿وَيَعْقُوبُ﴾ وە (یەعقوب)ی کوڕەزایشی وەسیەتی پێکرد بۆ کوڕەکانی خۆی کە دوانزە بوون، وەک لەخەوەکەی (یوسف)ەوە دەرئەکەوێ، وە کوڕانی (ئیبراهیم)یش (ئیسحاق)و (ئیسماعیل) کە پێغەمبەر بوون لە قورئاندا ناویان هاتووە لە چەند شوێنێکدا، وە بێجگە لەمان چەند کوڕێ تری بووە، دوان یان شەش یان دە یان بیست‌و دوو بە پێی چەند ڕیوایەتێ کە هاتوون لەو بارەیەوە، هەرکام لەم دوانە وەسیەتیانکرد بۆ کوڕەکانیان،

يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٣٢﴾ أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ ٱلْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِنۢ بَعْدِى قَالُوا۟ نَعْبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴿١٣٣﴾

بەم ڕەنگە پێیان وتن: ﴿يَٰبَنِيَّ﴾ ئەی کوڕەکانم ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ﴾ بێگومان خوا هەڵی بژاردووە بۆتان ئایینی ئیسلام ﴿فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ کەواتە مەمرن مەگەر بە موسڵمانێتی، واتە ڕاگیرو دامەزراو بن لەسەر ئیسلام، تا ماون هەرگیز لێی جوێ مەبنەوە.

لە پاش ئەوەی بێزاری دەربڕی لەوانەی کەلە ئایین و میللەتی (ئیبراهیم) لائەدەن، وە وەسیەتی (ئیبراهیم)و (یەعقوب)ی گێڕایەوە بە فەرمان دانیان بەو ئایین و میللەتە هەتا ماون، لەپاش ئەوە ئینجا ڕووی فەرموودە ئەکاتە جوولەکەکان کە بڕوا ناهێنن بەو میللەت و ئایینی ئیسلامەی کە پێغەمبەرمان هێنای (ﷺ) وە درۆ هەڵئەبەستن بەدەم (یەعقوب)ەوە کە گوایە لەکاتی مردنیدا وەسیەتی کردووە لە جوولەکەیەتی، ڕووی فەرموودەیان تێئەکات بە سەرزەنشت و بەدرۆ خستنەوە، ئەفەرموێ: ﴿أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ﴾ واز بێنن لەو وەسیەتانەی کە باسکران، ئەی ئایا ئێوە ئامادەو دیارەوە بوون ﴿إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ ٱلْمَوْتُ﴾ لەو کاتەدا کە مەرگ ئامادەی (یەعقوب) بوو وە هاتە سەری؟[1] واتە نەخێر ئێوەی ئێستا ئامادە نەبوون، کەواتە چۆن بە درۆوە دەم ئەکوتن و درۆ هەڵئەبەستن بەدەم (یەعقوب)ەوە، یان بەڵێ تاقمو چینە پێشووەکەتان بە دیارەوە بوون ئەو کاتەی کە مەرگ هات بۆ (یەعقوب) ﴿إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ﴾ لەو کاتەدا کە گوتی بەکوڕەکانی: ﴿مَا تَعْبُدُونَ مِنۢ بَعْدِى﴾ ئایا ئێوە چی ئەپەرستن لەپاش من؟ لە وەڵامدا ﴿قَالُوا۟ نَعْبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ﴾ وتیان: خوای تۆ ئەپەرستن و

---

[1] زۆر بە لەسەر ئەوەن کە ئەم فەرموودە ئاڕاستەی (ئیسرائیل)یەکان کراوە، وە (أم) مونقە طیعە یە بە مانا (بل) وای پرسیارە، وە (بل) بۆ وازهێنانو گواستنەوە لەوتراوی پێشوو، وە (أ) لێرەدا بۆ ئینکارە، ئەگەر مەبەست ئامادەیی ئەو تاقمە بێت کەلە چەرخی پێغەمبەردا بوون (ﷺ)، وە ئەگەر مەبەست ئەوانەی چەرخی (یەعقوب) بن، ئەو کاتە پرسیارەکە بۆدان پیانانە، وە هەندێ ئەڵێن: (أم) موتەسیلە، وە هەندێ تر ئەفەرموون: ئەم فەرموودەیە ئاڕاستەی بڕوادارانە، ئەم دوو ڕایە هەرچەند ئەگونجێن، بەڵام ئەوەی پێشوو بەهێز ترە وەك لە تەفسیرەکەدایە.

خوای باوك‌و باپیرت كه (ئیبراهیم)و (ئیسماعیل)و (ئیسحاق)ن، (ئیسماعیل)یان به باوك ناو بـرد لەگـەڵ ئـەوەدا مـامی باوكیانـه، لەبەرئـەوەی مـام وەك باوك وایـه بـه پێـی عـورف، وەك حەدیسی (بوخاری)و (موسلیم)یش ئەفەرموێ: (عم الرجل صنو ابیه) مـامی مـەردوم هـاوڵقی بـاوكێتی، ﴿إِلَٰهًا وَاحِدًا﴾ كـه ئـەو خـوایش یـەك خوایـه ﴿وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾ وه ئێمـه ملكـەچ‌و گوێڕایەڵێن بۆی له هەموو فەرمانیدا، وه ئاییـنی خۆمانی بۆ پاك‌و خاوێن ئەكەین لـه هـەموو شتێكی ناڕەواو ناشایسته، به هـەر جۆرو لەسـەر هـەربار ئـەوا خـوا جوولەكـەكانی دەم كوت كردو بەدرۆی خستنەوه بەگێڕانەوەی قسەو وتارێ (یەعقوب)(علیه السلام)، گێڕانـەوەی بـەو جۆرو شێوه بـەهێزه قورئانییـه كـەكار ئـەكات لـه هـەست‌و هـۆش‌و دەروون! بـەڵێ بەڕاستی شێوه‌و دیمەنەكـه ئێجگـار سـەیرو سـەرنج ڕاكێشەو ئەوپـەڕی گـەورەیی‌و گرنگی وەسـیەت پێكراوەكه دەرئەخات. پیاوێكی وا گەوره خەریكه به دنیا دەرئەچێ‌و ئەو هـەموو كـوڕه كۆ بوونەتەوه، ئایا لەو كاتەدا دڵی بەچییەوه خەریكه؟ ئایا لەوكاتی سـەختی گیان دەرچوونەدا به چ شتێكەوه دڵی بەستراوه‌و خەریكه؟ ئایا ئەو مەبەسته گەورەو گرنگه ئـەبێ چی بێت كه ئەو پیاوه لەو كاتەدا ئەیەوێ دڵنیا‌و ئارام ببێ لەسەری؟ ئایا ئەو كەلەپووره‌ی بـەجێی بهێڵێ بۆ ئەو كوڕه خۆشەویستانه‌ی‌و ئەیـەوێ بـه سـاغی‌و پـاكی بگاتـه دەستیان‌و پێیان بگەیـەنێ لەناو ئەو كۆڕو كۆمەڵەدا؟ ئەو كەلەپووره‌و ئەوسپاردە گرنگه ئەو بیرو باوەڕو عەقیده پیرۆزه بـوو كـەدڵی داگیر كردبـوو تـا ئـەو ڕادەیـه سـەختی‌و سـامناكی هـاتنی مـردنیش لـه بـیری نـەبردەوه!! لـەپاش ئـەوەی ئاییـن‌و میللـەتی (ئیـبراهیم)و (ئیسماعیل)و (ئیسحاق)و شـوێن كەوتووانی ڕوونكردەوه‌و دەری خست كه ئاییـنی ئەوان هەر ئـەم ئاییـنی ئیسلامەیه كـه هـات بۆ پێغەمبەرمان (ﷺ)، كەواته ئاشكرابوو ئەوانەی كه ملكەچ ناكەن بۆ ئەم ئاییـنی ئیسلامه‌و خۆیان به نەوه‌و شوێن كەوتووی (ئیبراهیم) دانێن، ئەوانه هیچ پەیوەستیان به (ئیبراهیم)و ئـاییـنی (ئیـبراهیم)ەوه نییـه‌و بـه تـەواوی پـچڕاون لێـی، لـەپاش ئـەو بـاس‌و بەیانـه، ئێنجـا دڵنیایان ئەكات لەسەر ئەو پچڕان‌و نەمانی پەیوەستییه، وه بەتەواوی ئەوانه نائومێد ئـەكات لەوەی كه به تەمای سوود وەرگرتن بن وەرگرتن بن له نەسەب‌و نەژادەكەیان،

تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُمْ مَا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْئَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١٣٤﴾

ئەفەرموێ: ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ﴾ (ئیبراهیم)و ئەوان گەل‌و میللەتێ بوون کە پۆشتن‌و تێپەڕیانکرد ﴿لَهَا مَا كَسَبَتْ﴾ وە هەر بۆ خۆتانە هەر کردەوەیەك کە کردووتانە ﴿وَلَا تُسْئَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ وە ئێوە پرسیارتان لێناکرێ لە هەر کردەوەیەك کە ئەوان کردوویانە، کەواتە هەرکام لەو دوو گەل‌و کۆمەڵە حیساب‌و پرسیاری تایبەتی خۆی هەیە، چونکە هەرکام رێگای تایبەتی خۆی هەیە، وە هەرکام شێوە‌و نیشانەی تایبەتی خۆی هەیە، وە هەرکام ئالای جیاوازی خۆی هەیە، ئەوانی پابردوو گەل‌و میللەتێکی بپرواداری موسڵمان بوون، کەواتە پەیوەندی‌و پەیوەستیان نییە بەو گەل‌و میللەتەی پاش خۆیان کە لایاندا لە رێگە‌و رێبازەکەی ئەوان، وە ئەمانی دوایی بەش‌و پارچەیەك نین لەوان، هەرچەند لە نەوە‌و نەژادی ئەوان بن، چونکە هۆی پەیوەندی لە ئیسلامدا بڕواو عەقیدەیە ئیتر هەرچەند لە تیرە‌و ڕەنگ‌و نەژادو وڵاتدا زۆر جیاوازو دوور‌بن، بە پێچەوانەی باوو تێگەیشتنی نەفامی کە ئەم شتە زەمینیانە ئەکات بە هۆی یەکێتی‌و پەیوەستی کە ئەمانە شتێکن هیچ دەسەڵاتی مەردومیان تا نییە، وە بەرهەمی بەشە خاك‌و خۆڵەکەیەتی کە پەست‌و کەم نرخە، بەڵام بڕواو عەقیدە بە دەسەڵات‌و هەڵبژاردنی مەردوم دەستکەوت ئەبێت، وە بەرهەمی بەشە ڕۆحەکەیەتی کە بەرزو بەڕێزترین بەشیەتی‌و بەوە جوێ ئەبێتەوە لە گیان لەبەرانی تر، وە ئادەمێتی لەسەر ئەم بەشە ڕاگیرە، کەواتە هەرکەس فامدارو ژیر بێت شتێ ئەکات بە هۆی پەیوەستی کە جوێی ئەکاتەوە لە گیان لەبەرانی ترو ئادەمێتیەکەی بەرز ئەکاتەوە.

لەبارەی نەسەب‌و نەژادەوە مەردوم سێ‌بەشن، بەم شێوەیە:

١- زۆر نرخ ئەدەن بە نەسەب‌و نەژادی بەرزو زۆر زیادە ڕەوی تیا ئەکەن، بە تایبەتی دەربارەی سەیادەت، تا ڕادەیەك لە سنووری قورئان‌و حەدیس دەرئەچن.

٢- بە پێچەوانەی یەکەم هیچ نرخ‌و ڕێزێك دانانێن بۆی.

٣- میانەیە‌و لە ناوەڕاستدایە، نەوەك یەکەم نرخی بێ سنووری بۆ دائەنێ، وە نە بە بێنرخیش سەیری ئەکات، بەم ڕەنگە هیچ سوودو نرخێکی بۆ دانانێ لەگەڵ

بێبڕوایی و بەد عەقیدەییدا، وە نرخ و سوودی بۆ دانەنێ لەگەڵ بوونی عەقیدەو بڕوادا، ئینجا بێگومان بەشی یەکەم و دووەم هەر هەڵەن و لانەدەن لە ناوەڕاستی ڕێگە ڕاستەکەی ئیسلام، وە هەرکام پێچەوانەی هەندێ لە ئایەت و حەدیسی ڕاست و سەحیحن، بەڵام سێیەم ڕاستن و ناوەڕاستی ڕێگەی ئیسلامیان داوەتە بەرو دژو پێچەوانەی هیچ ئایەت و حەدیسێکی سەحیح نین، وە بەسە بۆ بەڵگەی ڕاست و ڕەوا لەسەر ئەم ڕای سێیەمە سوود وەرنەگرتنی کوڕە بێبڕواکەی نوح لە نوح پێغەمبەر (علیه السلام) وە سوود وەرگرتنی دوو منالّە هەتیوەکە کە لە سووڕەتی ﴿الکهف﴾دا خوا بۆمان باس ئەکات کە لەبەر باوکە سالّحەکەیان هاوڕێکەی موسا (علیه السلام) دیوارەکەی بۆ ڕاستکردنەوە..

بە کورتی نەسەب و نەژادی پاک جێگای ئومێدە بۆ نەوەی بڕوادار ئەگەر خوا مەیلی بێت، نەک کابرا پشت ببەستێ پێی و پشتێنی لێ بکاتەوەو بەتەمای ئەوە بێت کە خوا هەموو لاریەکی بۆ ڕاست ئەکاتەوەو هەموو گوناهی ئەسڕێتەوە لەبەر باوکە چاکەکەی، بێگومان ئەوەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیەو پێچەوانەی یاسای ئیسلامەو دووڕە لە ڕاو بڕوای زانایانی ئیسلامەوە، (ئیمامی غەزالی) ــ ڕەحمەتی خوای لی بێ ــ لە (أحیا ﴾دا فەرموودەیەکی شیرینی هەیە بۆ دەم کوت کردنی ئەوانەی کە هەڵئەخەڵەتێن بەو جۆرە ئەفەرموێ: هەرچۆنێ هیچکەس بە خواردن و خواردنەوەی باوکی تێرو تێراو نابێ، هەروەها هیچکەس بە چاکی و کردەوەی چاکی باوکی پزگار نابێ لە تاوان و گوناهی... ئینجا با بەم کورتەیە واز بێنین و بگەڕێینەوە بۆ ژێر سایەو سەمەندی ئایەتەکان، ئینجا لەبەر ڕوونا کی ئەو باس و مەسەلە ڕاستانەی کە هێنای لە (ئیبراهیم)و (ئیسماعیل)و کەعبەوە، هەندێ لە قسەو لاف و گزاڤ نامەدارەکانی چەرخی پێغەمبەر (ﷺ) ئەهێنێ و ئەکۆڵێتەوە لێیان و لەو شتانەی کە ئەیکەن بە بەڵگەو نیشانەو دەمەدەمێی پێ ئەکەن، وە لە پاش ئەو لێکۆڵینەوە دەری ئەخات کە قسەو لافەکانیان بێبنچ و بنەوانەو بەڵگەکانیان ناڕاست و ناڕەوایە، وەک دەرئەکەوێ کە ئایین و عەقیدەی ئیسلام شتێکی ڕاست و سروشتییەو هەرکەس لێی لابدا لاری و نالەباریی خۆی دەرئەخات،

وَقَالُواْ كُونُواْ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ تَهْتَدُواْ ۗ قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِـۧمَ حَنِيفًا ۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٣٥﴾
قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا

ئەفەرموێ: ﴿وَقَالُواْ كُونُواْ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ تَهْتَدُواْ﴾ واتە جوولەکەکان وتیان و ئەڵێن بە موسڵمانەکان: هیچ ئایینێ ڕاست نییە بێجگە لە ئایینی یەهودی، کەواتە بێن بە یەهودی تا بگەن بە خێرو خۆش بەختی و بکەونە سەر ڕێی ڕاست و ڕێنموونی خوا وەرگرن، وە هەروەها نەسرانیەکانیش ئەیانوت بە موسڵمانەکان: ئایینی ڕاست هەر ئایینی نەسرانیەو بێن بە نەسرانی تا بکەونە سەر ڕێی ڕاست و ئایینی ڕێنموونی خوا وەرگرن، هەرکام لەم دوو تاقمە بەو جۆرە لاق لی ئەداو هەر خۆی بە خاوەنی ئایینی ڕاست دائەناو بانگی موسڵمانانی بۆ ئەکرد، خوایش فەرمانیدا بە پێغەمبەر (ﷺ) کە دەم کوتی هەردوو بکات بە تەنها وتەو وشەیەک، فەرمووی: ﴿قُلْ﴾ ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: ﴿بَلْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِـۧمَ حَنِيفًا﴾ نەخێر نە بە یەهوود ئەبین و نە بە نەسرانی، بەڵکو بە میللەتی (ئیبراهیم) ئەبین و شوێنی ئایینی ئەو ئەکەوین لە کاتێکدا کە (ئیبراهیم) لادەرە لە ناحەق و ناڕاست و دامەزراوە لەسەر ئایینی حەق و ڕاست کە ئایینی خوا پەرستییە بە تاک و تەنها ﴿وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ وە لە بت پەرستان و هاوبەش بڕیار دەران نەبووە، واتە وەک ئێوە نەبووە کە خۆتان بە نامەدارو نەوەو شوێن کەوتووی (ئیبراهیم) دائەنێن، کەچی لاتان داوە لە ئایینی ئەوو عوزێرو، عیسا بە کوڕی خوا دائەنێن، وە هەروەها وەک قوڕەیش نەبووە کە لە نەوەی (ئیبراهیم)و (ئیسماعیل)ن وە خۆیان بە قاپیەوان و کلیل داری ماڵی خوا دائەنێن و کەچی بە تەواوی لایان داوە لە ئایینی (ئیبراهیم)و (ئیسماعیل)، وە مەلائیکە بە کچی خوا دائەنێن و هەر تاقمێکیان شتێ تر ئەپەرستن و هەر خوا ناپەرستن!

دەی ئەگەر ڕاست ئەکەن با هەموومان شوێنی ئایینە ڕاستەکەی (ئیبراهیم) بکەوین، وە هەموو لە یەک ڕێزا ڕاوەستین و ببین بە یەک گەل و ئوممەت بەبێ ئاژاوەو جیاوازی، ئینجا فەرمان ئەدا بە موسڵمانان کە جارێ یەکێتی ئایینی خواو بڕوا بە ئایینی خوا بدەن لە (ئیبراهیم)ەوە هەتا (عیسا)و هەتا دواترینی هەمووان، وە بانگی نامەدارەکانیش بکەن بۆ بڕوا هێنان بەم تاقە ئایینی خوا، ئەفەرموێ: ﴿قُولُوٓاْ﴾ بڕوادارەکان بڵێن: ﴿ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا﴾ ئێمە بڕوامان هێناوە بە خواو بەو قورئانەی کە هێنراوەتە خوارەوە بۆ لامان،

وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ﴿١٣٦﴾

﴿وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ﴾ وە بەو نامەو ئایینەی کە هێنراوەتە خوارەوە بۆ لای (ئیبراهیم)و (ئیسماعیل)و (ئیسحاق)و (یەعقوب)و نەوەکانی (ئیبراهیم) کە بریتی بن لە (١٢) کوڕەکەی (یەعقوب)، یان ئەوانیش و نەوەیان و هەر لقێ تر کە لە (ئیسحاق) بووبێتەوە کە ئەو نامەیانەی هات بۆ (ئیبراهیم) بۆ ئەمانیش بوون ﴿وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ﴾ وە بەو تەورات و ئینجیل و موعجیزانەی کە دراو بەخشرا بە (موسا)و (عیسا)، ﴿وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ﴾ وە بەوەی کە دراوەو بەخشراوە بە هەموو پێغەمبەران لەلایەن پەروەردگاریانەوە، ﴿لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ﴾ لەکاتێکدا ئێمە هیچ جیاوازیەک ناخەینە نێوان هیچ کام لەوان، بەم پەنگە بڕوامان بە هەندێ ببێ و بێبڕوا بین بە هەندێ، وەک جوولەکە بڕوای بە عیساو محمد نییە، وە یا گاور کە بڕوای بە محمد نییە – سەلامی خوا لە هەمووان بێت – بەڵکو بڕوامان بە هەموو پێغەمبەرانی خوا هەیە بە تێکڕایی ﴿وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ﴾ وە لە کاتێکا ئێمە ملکەچین بۆ خوا بە ئارەزووو پێخۆش بوونی خۆمان، وە دان ئەنێین بە بەندەیی خۆمانا بۆی، ئەم یەکێتی خستنە نێوان هەموو پێغەمبەران و پەیامەکانیان بنەڕەت و یاسایەکی گرنگە لە ئیسلامدا، وە بە هۆی ئەمەوە ئەم ئوممەتی ئیسلامە بووە بە جێگرو جێنشین و کەلەپوور بەری هەموو ئایین و پەیامەکانی خوا، وە بە هۆی ئەمەوە پرۆپەگەندەی ئیسلامی پرۆپەگەندەکی جیهانیەو هەموو جیهینیان ئەتوانن بڕۆن لە سایەو سێبەریدا بەبێ ڕەگەزایەتی بۆ هیچ گەل و چین و تاقمێ، وە بێ چەوساندنەوەی هیچ تاقم و هیچکەس، وە بە هۆی ئەوەوە گەلی ئیسلامی گەلێکی کراوەیە بۆ هەموو ئادەمی کە پێکەوە بژین بە خۆشەویستی و ئارام و ئاشتی، جا لەبەر ئەوە خوای پەروەردگار ئەم بڕیارە دەرئەکات: کە لە پاش ناردنی ئەم ئایینە، ئایینی ڕاست و عەقیدەی ڕاست هەر ئەمەیە کە ئەم ئایینە هێنای، کەواتە هەرکەس گرتیە گەردن، بێگومان ئەو کەسە لەسەر ڕێی ڕاستەو ڕێنموونی خوای وەرگرتووە،

فَإِنْ ءَامَنُوا۟ بِمِثْلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟ ۖ وَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا هُمْ فِى شِقَاقٍ ۖ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١٣٧﴾ صِبْغَةَ ٱللَّهِ ۖ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبْغَةً ۖ وَنَحْنُ لَهُۥ عَٰبِدُونَ ﴿١٣٨﴾ قُلْ أَتُحَآجُّونَنَا فِى ٱللَّهِ

وه هەرکەس پووی لێ وەرگێڕێ و پشتی تێبکات ئەو کەسە هەرگیز دانامەزرێ و هەمیشە وا لە بەربەرەکانێداو لاڕێ ئەگرێ وەکو ئەفەرموێ: ﴿فَإِنْ ءَامَنُوا۟ بِمِثْلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ﴾ ئینجا ئەگەر ئەوانە بڕوا ئەهێنن بەوەی کە ئێوە بڕواتان پێهێناوە بەو جۆرەی کە باسکرا، ﴿فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟﴾ ئەوا ئەوانە ڕێنموونی خوا وەرئەگرن و ئەکەونە سەر ڕێی ڕاست، ﴿وَإِن تَوَلَّوْا۟﴾ وە ئەگەر ڕوو وەرئەگێڕن لەو بڕوایەی کە ئێوە هەتانە وە بە قسەتان ناکەن ﴿فَإِنَّمَا هُمْ فِى شِقَاقٍ﴾ ئەوا ئەوانەە هەر لە دژایەتیەکی گەورەدا ئەبن بەرامبەر حەق و ڕاستی، وە ئەوانە دوژمنی حەق و ڕاستی و ڕێنموونی خوان.

بە ڕاستی ئەم فەرموودەیە، وە ئەم شایەتیە لەلایەن خواوە، شادمانی و شانازی بەدی ئەهێنێ لە دڵی بڕوادارەدا بەو بارو ڕێگەی کە لەسەریەتی، چونکە ئەزانێ کەواتە هەر خۆی لەسەر ڕێی ڕاستەو ڕێنموونی خوای وەرگرتووە، وە ئەوانەی کە بڕوا ناهێنن دژو دوژمنی حەق و ڕاستین، وە هەرکەسیش وابێ هەر خۆی بەش بڕاوو زیان بارە، ئینجا دڵی پێغەمبەر(ﷺ) ئەداتەوەو دڵ ئارامی ئەکات بەرامبەر دوژمنانی و پیلان و بەربەرەکانێی ئەو بێبڕوایانە، بەوەی کە خوا چارەسەری ئەوانەی بۆ ئەکات و ئەو ئایینەکەی زاڵ ئەکات، وە بەو دڵخۆشی دانەوە بڕوادارانیش دڵئارام بوون و باکیان نەما، ئەفەرموێ: ﴿فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ﴾ ئینجا بێگومان خوا چارەسەری پیلان و دژایەتی و دوژمنایەتی ئەو بێبڕوایانەت بۆ ئەکات، واتە هەر بەرگریەکت بکەن بە هیچ دەرئەچێت و تۆو ئایینەکەت زاڵو سەرکەوتوو ئەبن! ئەوەندەی پێنەچوو خوای میهرەبان ئەو بەڵێنەی بەدی هێنا، بە دەرکردنی (بەنی نەزیرو بەنی قەینوقاع) لە مەدینە، وە بە کوشتن و بەدیل گرتنی (بەنی قورەیزە) ﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ وە هەر خوا بیسەری زانایە، واتە لە ڕووی ڕاستیدا هەر ئەو بیسەری زانایە، یا بیسەری زانایە بە هەموو شت و بە هەموو ئاشکراو نهێنییەک، ئەم فەرموودەیە یا بۆ دڵنیا کردنە لەسەر ئەو بەڵێنەو بەهێز کردنیەتی لە دڵدا، واتە ئەی پێغەمبەر خوا بیسەری داواو

نزاته، واته زانایه به نیازو مەبەستت، کەواتە ئەتگەیەنێ بە مەبەستو ئامانجی خۆت، یان مەبەست هەڕەشە کردنە لە بێبڕواکان، واتە خوا بیسەری قسە ڕاستو ناڕەواکانیانەو ئەوەی کە دەری ئەبڕن، وە زاناو ئاگایە بە نیازو کینەو دوژمنایەتیان بۆ بڕواداران، کەواتە تۆڵەیان لێ ئەسێنێ، ﴿صِبْغَةَ ٱللَّهِ﴾[1] واتە بڵێن: خوا ڕەنگی کردینو ڕازاندینیەوە بە ڕەنگی خۆی، بەم ڕەنگە بڕوا هێنانەی کە باسکراو بە ئایینەکەی خۆی جوانو ئارایشتی کردینو ئەو بڕوایە تێکەڵی دڵو دەروونو هەستمان بوو بە جۆرێ بەرهەمو دروشمو نیشانەی پێمانەوە دیارە، بەوێنەی پۆشاکێ کەبە ڕەنگکردن جوان ئەبێتو ئەو ڕەنگە تێکەڵی ئەبێتو پێیەوە دیارە، هەندێ ئەفەرموون: مەبەست لەم وتەو دەربڕینە هاوتایی و هاو وێنەییە بۆ باوکی نامەدارەکان کە منداڵی خۆیان ڕەنگ ئەکرد بە ڕەنگێکی تایبەتی و ئەیانکرد بە نیشانە لەسەر ئەوەی کە ئەو منداڵە یەهودی تەواوە، یان نەسرانی تەواوە، لەسەر ئەم ڕایە واتە بڵێن: خوا ئێمەی ڕەنگکرد بە ڕەنگی خۆیو ئێمە بە ڕەنگی ئێوە خۆمان ڕەنگ ناکەین، ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبْغَةً﴾ ئایا کێ شیرین تر بێت لەبارەی ڕەنگکردنەوە لە خوا، واتە ڕەنگکردنی خوا لە هەموو ڕەنگکردنێک شیرین تر، ﴿وَنَحْنُ لَهُۥ عَٰبِدُونَ﴾ واتە بڵێن: ئێمە بڕوامان هێنا بە خواو بەوانەی کە باسمانکرد، وە ئێمە هەمیشە هەر بۆ خوایە گوێڕایەڵو ملکەچینو هەر ئەو ئەپەرستین بە تەنهاو هیچکەسو هیچ شتێ ناکەین بە هاوبەشی، واتە وەکو ئێوە نین و وەك ئێوە ناکەین ئەی نامەدارەکان، ئینجا فەرمان ئەدات بە پێغەمبەر (ﷺ) کە بەتەواوی دەم کوتیان بکات لە لاف و گزافەکانیاندا، بەڕوون کردنەوەی هەڵوێستو بێڕوبڕوای موسڵمانەکان کە بە هیچ کلۆجێ دەست نادەن بۆ گیرو گرفتو سەر لێکردنەوەو دەم بازی تیا کردن، ئەفەرموێ: ﴿قُلْ﴾ ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: ﴿أَتُحَآجُّونَنَا فِى ٱللَّهِ﴾ ئایا ئێوە بەربەرەکانی و موجادەلەو شەڕە قسەمان لەگەڵ ئەکەن لەبارەی خواو لە ئاییینی خوادا بەو لاف و گزافانەی کە لێی ئەدەن و ئەڵێن، وەك ئەوەی کە لاتان وایە پێغەمبەرێتی هەر بۆ گەلی ئێوە شیاو ترەو ئەبێ تایبەتی بێت پێتانەوە؟ وە هەروەها ئەو چەند لافانەی کە لەم سورەتەدا باسکران،

---

[1] ئەم ئایەتەو مەبەست لەم وتەیە بە چوار پێنج شێوەی تر باسکراوەو تەفسیر کراوە، وە ئەو جۆرو تەفسیرانەش هەر ئەگونجێنو ڕێکن، بەڵام ئەوەی کە لە تەفسیرەکەدا وتراوە دڵ پێی بە ئارام ترەو لە دڵدا دامەزراو ترە، وە زانین بە ڕاستی هەر لای خوایە.

وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ وَلَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُخْلِصُونَ ﴿١٣٦﴾ أَمْ تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطَ كَانُوا۟ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ ۗ قُلْ ءَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ ٱللَّهُ ۗ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿١٤٠﴾

﴿وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ﴾ لەکاتێکدا کە ئەو خوایە پەروەردگارو خاوەن‌و کاربەدەستی ئێمەیش‌و ئێوەیشە، بەبێ هیچ جیاوازی‌و زیادە پەیوەندیەك، وە ئەو خوایە زانا‌و ئاگایە بە تەگبیری بەندە‌و دروستکراوەکانی‌و خۆی ئەزانێ کام شایستە‌و شیاوی چییە، کەواتە بەچی ئێوە ئەو لاف‌و گزافانە لێ ئەدەن؟ ﴿وَلَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ﴾ وە لە کاتێکدا هەر بۆ خۆمانە کردەوەکانی خۆمان‌و پرسیار لێکراوین لەسەریان، وە هەر بۆ خۆتانە کردەوەکانی خۆتان‌و پرسیار کراون لێی ﴿وَنَحْنُ لَهُۥ مُخْلِصُونَ﴾ وە لە کاتێکدا ئێمە پاك‌و خاوێن کەری ئایین‌و کردەوەکانمانین بۆ خوا بە هیچ هاوبەش‌و وێنەیەك، بەڵام ئێوە هاوبەش‌و وێنەی بۆ بڕیار‌و ڕەوا ئەدەن، کەواتە بە هیچ ڕەنگ ڕێگەتان نییە دەمە دەمێمان لەگەڵ بکەن بەو لاف‌و گزافانە، چونکە خوا خوای هەردوو لامانە وەك یەك، وە هەردوولا وەك یەك بەندەین بۆ ئەو خوایە، وە ئێمە ئەمەشمان زیادە لە ئێوە کە ئایین‌و کردەوەکانمان هەر بۆ خوایە بە پاك‌وخاوێنی، کەواتە ئێمە شیا‌و شایستە ترین بەو بەهرەیانەی کە ئێوە بۆ خۆتانی دائەنێن‌و لافی پێوە لێ ئەدەن، وە بێجگە لەوەش ئەمەی کە وترا هەڵوێست بیرو باوەڕی موسڵمانانە، دەی کەی هیچ کام لەمانە جێگەی قسە‌و باس‌و سەر لێکردنەوە‌و موجادەلەیە؟ بێگومان هەرکام لەو سێ شتە جێگای قسە‌و باس نین‌و ئاشکرایە ڕاستیان، جا لەبەر ئەوە وازی لەوانە هێنا‌و گواستیەوە بۆ مەسەلەیە تر کە ئەویش هەر جێگەی قسە‌و باس‌و دەم بازی نییە، وە سەرزەنشتیان ئەکات لەسەر ئەو قسە بێ جێیەش‌و بێزاری دەرئەبڕێ لێیان لەسەر ئەوە: ئەفەرموێ: ﴿أَمْ تَقُولُونَ﴾ ئەی ئایا ئێوە ئەڵێن: ﴿إِنَّ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطَ كَانُوا۟ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ﴾ کە بێگومان (ئیبراهیم)و (ئیسماعیل)و (ئیسحاق)و (یەعقوب)و نەوەکان، جوولەکە بوون یان نەسرانی؟ لەکاتێکدا کە ئەوانە لە پێش (موسا)وە هاتن‌و ڕۆشتن، وە لە پێش

داهاتنی یەهودێتی و نەسرانێتی دا ئەوان هاتن بە ئایینی ئیسلام کە خوا شایەتی دا لەسەر ڕاستییەکەی، وەك باسکرا لە ئایەتەکانی پێشوودا، کەواتە جوولەکەو گاورەکان شتێ ئەڵێن کە دژو پێچەوانەی قسەو هەواڵدانی خوایە، وە ئەوانە کە قسەو وتراویان دژو پێچەوانەی قسەو هەواڵی خوا بێت، هەر شیاوی ئەوەن کە بە لاقرتی پێکردن و بێزاری دەربڕینەوە ئەم شێوە پرسیارانەیان ئاراستە بکرێ کە خوا لێرەدا فەرمووی بە پێغەمبەر (ﷺ) ﴿قُلْ﴾ بڵێ بەوانە ﴿أَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ ٱللَّهُ﴾ ئایا خوا زانایە یان ئێوە؟ ئەی خوا زانایە کە شایەتی ئەدات بەوەی کە (ئیبراهیم) نە یەهودی بووەو نە نەسرانی، بەڵکو موسڵمانێکی لادەر بووە لە هەموو شتێ تر بۆ لای ئیسلام، وە بە هیچ ڕەنگ هاوبەشی بۆ خوا ڕەوا نەداوە؟ بێگومان ئەم شێوە پرسیارە وەڵامی ناوێ، وە سامو هەیبەتی لاقرتی و بێزاری دەربڕینەکە دەمو زوبان ئەبەستێ لە وەڵام دانەوە! ئینجا دەست نیشان ئەکات بە سەرزەنشتێ ترو لەکەدار کردنیان بە تاوانباری و هەڕەشەیان لێ ئەکات لەسەر ئەوەی کە شتەکە ئەزانن و ئەیشارنەوە، ئەفەرموێ: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ﴾ ئایا کێ ستەمکار تر لەو کەسەی کە شایەتیەکی لابێ کە لەلایەن خواوە درابێ و ئەویش بیشارێتەوە؟ واتە ئێوە هەرچۆنێ ئەزانن کە ئیبراهیم و ئەوان لەسەر میللەتی ئیسلام بوون و لە پێش یەهودێتی و نەسرانێتییەوە هاتن، هەرچۆنێ ئەوە ئەزانن، هەروەها شایەتیەکیشتان لایە لە نامەکانتاندا بۆتان هاتووە کە لە دواییدا خوا پێغەمبەرێ ڕەوانە ئەکات لەسەر ئایین و میللەتی (ئیبراهیم)، بەڵام ئێوە ئەو شایەتییە ئەشارنەوە ﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ وە بێگومان خوا بێئاگا نییە لەوەی کە ئێوە ئەیکەن.

بە ڕاستی ئەبوایە بەم جارِ لێدان و هەڕەشەیە بکەوتنایەتە بیر و دڵەلەرزەو بە ڕاستی و بەبێ پێچ و پەنا ئەوەی کە شاردبوویانەوە دەست بەجێ دەریان خستایەو موسڵمان بوونایە، خوا پەنامان بدات لە سەرکەشی و عیناد.

لەپاش ئەوەی کە بە تەواوی دەم کوتی کردن و مەسەلەکەی بە باشی ڕوونکردەوە، وە باسی کرد جیابوونەوەو جیاوازی (ئیبراهیم)و ئەوان لە نامەدارەکانی چەرخی پێغەمبەر(ﷺ) وە پچڕانی پەیوەستی ئەمان لەوان.

تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٤١﴾

لەپاش ئەوە ئینجا ئایەتەکەی (١٣٤)دووبارە ئەکاتەوە بۆ دڵنیا کردن لەسەر پچڕانی ئەو پەیوەستیەی کە ئەوان کەشخەیان پێوە ئەکرد، وە لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا بە درێژی باسمانکرد با سەرنج بدرێ و ئیتر لێرە هەر ئایەتەکە دووبارە ئەکەینەوە: ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ صدق الله العظيم.

تەواو بوو بە یارمەتی خوای میهرەبان تەفسیری ئەم جزمی یەکەمە لە ٨ی ڕەجەبی ١٤٠٤ خوا بە بەزەیی وەری گرێ و سوود بەخشی بکات بۆ برا موسڵمانەکان، وە یارمەتیم بدا بۆ ئەوەی کە ماوە. داواکارم خوا نەمکوژێ تا ئەم تەفسیرە تەواو ئەکەم.

وصلي الله وسلم علي خير خلقه محمد وعلي آله وصحبه إلي يوم الدين.

مەبەستی گرنگ و سەرەکی ئەم جزمە پێگەیاندن و ئامادەکردنی کۆمەڵ و گەلی موسڵمانان بۆ هەڵگرتنی سپارەی هەرەگەورە، سپاردەی ئەم ئایین و عەقیدەیە، وە سپاردەی جێنشینی لەم زەویەدا بەناوی ئەم ئایین و عەقیدەیەوە، جا بەو بۆنەیەوە ناو بەناو ئەدوێ لە دوژمنەکانی ئەم گەل و کۆمەڵە، لە پێش هەموویانەوە ئیسرائیلیەکان کە زۆربەی باسەکانی جزمی یەکەم ئەگەڕایەوە بۆ لای ئەوان لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەوان.

تەفسیری قورئانی پیرۆز

جزمی ٢

مەبەستی گرنگو سەرەکی ئەم جزمە پێگەیاندنو ئامادەکردنی کۆمەڵو گەلی موسڵمانان بۆ هەڵگرتنی سپارەی هەرهگەورە، سپاردەی ئەم ئایینو عەقیدەیە، وە سپاردەی جێنشینی لەم زەویەدا بەناوی ئەم ئایینو عەقیدەیەوە، جا بەو بۆنەیەوە ناو بەناو ئەدوێ لە دوژمنەکانی ئەم گەلو کۆمەڵە، لە پێش هەموویانەوە ئیسرائیلیەکان کە زۆربەی باسەکانی جزمی یەکەم ئەگەڕایەوە بۆ لای ئەوان لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەوان.

ئەدوێ لە پیلانو جەنگو ئاژاوەیان لەگەڵ ئەم گەلە موسڵمانە بۆ نەهێشتنی خۆیانو عەقیدەو ئایینەکەیان، وە پەندو ئامۆژگاری ئەم ئوممەتە ئەکات بۆ بەرەنگاری کردنی ئەو جەنگو ئاژاوە جۆر بە جۆرانەو بەهەڵست وەستانیان، وە بۆ خۆپاراستن لەلادان لە ڕێگە ڕایتەکەی خوا، وە لە هەڵخلیسکان لێی بەوێنەی جوولەکەکان لەپێش ئەماندا.

ئەیەوێ ئەم گەلە ئامادە بکاتو پێی بگەیەنێ بەو ڕەوشتو کردەوەو نیشانانەی کە پێویستن بۆ گەلە جێنشینە، وەهۆی سەربەرستیو سەربەخۆیی بن بۆی، کە مایەی گرتنە دەستی جڵەوی ژیانو جیهانیانە، ئینجا سەیر تر لە هەموو شت لێرەدا ئەوەیە ئەو پەندو ئامۆژگاریانەو ئەو ڕەوشتو کردەوانەی کە ئەم قورئانە هێنای بۆ پێك هێنانی یەکەم تاقمو چینی ئەم میللەتە، هەر ئەوانە بەکار دێن لە هەموو چەرخو وڵاتێکا بۆ پێك هێنانو دووبارە کردنەوەی یەك چینو تاقم کەیەکەم جار ئەم قورئانەی چوو بە گوێچکەدا!! وە هەروەها ئەو بەرەنگاریو بەربەرەکانێیەی کە قورئان پێی هەڵسا بەدژی دوژمنەکانی یەکەم چینو تاقم، هەر ئەو جۆرو شێوەیە بەکەڵکەو بەکاردێت لە هەموو چەرخو وڵاتێکدا، هەرچۆنێ دوژمنەکانی لە هەموو چەرخو وڵاتێکداو بۆ هەموو تاقمو چینێ هەر ئەوانەی یەکەم جارن لە ڕاستیدا، وە پیلانەکان هەر ئەوانەی یەکەم جارن، شێوەو دیمەنەکانیان گۆڕاوە، بەهۆی گۆڕانی باوی چەرخو ڕۆژەوە، وە گەلو میللەتی موسڵمان لەهەموو چەرخو وڵاتێکدا، لە جەنگو بەربەرەکانێدا پێویستی بە پەندو ئامۆژگاریەکانی قورئانو ئەو ڕێو ڕچەیە هەیە کە ئاراستەی یەکەم تاقمی کردو بۆی دیاری کردن، هەرچۆنێ پێویستن بە پەیڕەوی کردنی قورئان کارو فرمانەکانی تری دا.

بەکورتی ئەبێ قورئان پێشەوای ئەم ئوممەتەبێت، وە جڵەو و سەرکردایەتی ژیانی هەر بەدەست قورئانەوە بێت، وە قورئان ڕێنیشاندەرو دەست ڕاکێشی بێت لە ڕێی ژیاندا، وە قورئان سەرچاوەو دەستووری هەمیشەیی بێت کەلە بەرنامەی ژیانی لێوە وەرگرێ، وە ڕژێمی گەل‌وپاسای ڕەوشت‌وکردەوە وپاسای هاوکاری لەگەڵ جیهان‌وجیهانیان هەموو میری دەوڵەتان لەودەستوورەهەتاهەتاییەوەرگرێ کەبێجگە لەوە پڕە لە هەڵەو زیان، جا لەبەرئەوە قورئان هەمیشە تەڕو تازەیەو هەرگیز کۆن نابێ، وە هەمیشە گەورەترین موعجیزەی خوایەو بەوێنەی خۆر ئەدرەوشێتەوەو درەخشانە بە ئاسمانی ڕێنموونیەوە هەتا هەتایە!!

هەرچەندە هیچ ئایەتێك نیە کە باسی ڕووگەی (قیبلە) موسڵمانەکان بکات بۆ چەرخی مەککەیان، بەڵام لە چەند ڕیوایەتێکەوە وەرئەگیرێ کەلەو چەرخدا ڕوویان ئەکردە کەعبە، ئینجا پاش کۆچ کردن بۆ مەدینە ڕوویان ئەکرد (بیت المقدس) کە دیارە ئەوەش لە سەر فەرمانی خوا بووە، ئیتر بالە قورئاندا نەهاتبێت، وەلەسەر ئەو بارە مانەوە تا ماوەی شانزە یان حەڤدە مانگ، هەرچەند ئەو ڕووکردنە لەدڵی عەرەبە موسڵمانەکاندا قورس‌و بەئەرك بوو، چونکە دڵیان بەستراببوو بە کەعبەوە کە جێگای شانازی بوو بۆیان لەباوك‌و باپیرانەوە، تەنانەت پێغەمبەریش (ﷺ)، هەرچەندە بەدەم هیچی نە ئەفەرموو، وە داوای گۆڕینی ڕووگەی نەئەکرد، لەبەر شەرم کردن لە خوا، بەڵام چاوی بەرەو ئاسمان بوو چاوەڕوانی ئەکردو بە تەمای ئەو گۆڕینە بوو تا خوا بۆی کرد، وەلەو ماوەیەدا جوولەکەکان دەمیان بەرەڵاکردو ڕووکردنی موسڵمانەکانیان بۆ (بیت المقدس) ئەگرت بەدەستەوەو پڕوپاگەندەیان پێ ئەکرد بۆ خۆیان‌و دژی موسڵمانەکان، ئەیان ووت: ڕووکردنی ئەوان بۆ ڕووگەی ئێمە بەڵگەو نیشانەیە لە سەر ئەوە کە ئایینەکەی ئێمە ڕاستە، وە ئەوان لە ڕووگەدا پەیڕەوی ئێمە ئەکەن ئەبێ لە هەموو شتێ تریش دا هەر پەیڕەویمان بکەن، کەواتە ئەبێ ئەوان بگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە نەك بانگی ئێمە بکەن بۆ موسڵمان بوون، وە موسڵمانەکان بەو پڕوپاگەندەیە زۆر دڵگران ئەبوون، ئینجا کاتێ موسڵمانەکان ـ لەسەر فەرمانی قورئان ـ ڕوویان کردە کەعبەو گێڕایان بە ڕووگە، کاتێ ئەوە ڕوویدا بە جارێ جوولەکەکان کەوتنە فاك‌و فیك‌و هێرش‌و پڕوپاگەندە بۆ تێك دانی ڕیزی موسڵمانەکان‌و بێئارام کردنی

دەروونیان‌و دوو دڵ کردنیان لە ئایین‌و عەقیدەکەیاندا... ئەیانگوت بە موسڵمانەکان: ئەگەر پووکردنی لەمەو پێشتان ناڕاست‌و بەتاڵبووبێ، ئەبێ نوێژەکانی ئەو ماوەیەتان نادروست‌و بەتاڵبووبێ، وە ئەگەر ڕاست‌و ڕەوا بووبێ پووکردنی تازەتان ناڕاست‌و ناڕەوابێت‌و نوێژەکانی پوو بە کەعبە نادروست‌و بەتاڵ بێت... بەهەرحاڵ نابێ ئەم گۆڕینی فەرمان‌و ئایەتانە لە خواوە هاتبێ، کەواتە ئەبێ محمد سروشی لە خواوە بۆ نەهاتبێ ــ نەفرینی خوا لە جوولەکە، وە بەڕاستی ئەو هێرش‌و پڕوپاگەندەیە زۆر بەهێزو بەیێن بوو، وەک دەرئەکەوێ لەوەی کە قورئان زۆر بە گرنگ ئەم مەسەلەی گۆڕینەی بە گرنگ گرت، ئەوەتا لەسەرەتای ئەم جزمەوە تا ئایەتی (١٥٢) خەریک پێیەوە، بێجگە لەوەی کە لەبەشی چوارەمی جزمی یەکەمەوە خەریکە بنەوان ئەبەستێ‌و سەرەتا دائەمەزرێنێ بۆ ڕاست‌و ڕەوایی سڕینەوەی هێندێ لە فەرمانەکان کە ئەم گۆڕینی پووگەیە بەشێکە لەوانەو بەرهەمی ڕاستی‌و ڕەوایی ئەو سڕینەوەیە، ئینجا چاک وایە پێش دەست کردن بە تەفسیری ئایەتەکانی هێندێ بدوێین لەبارەی پێویستی پووگە‌و گۆڕاندنیەوە، چونکە ئەو گۆڕاندنە پووداوێکی گەورە بوو لە مێژووی گەلی موسڵماندا، وە چەند بەرهەمی گرنگ لێ پەیدا بوو لە ژیانیاندا، بێگومان بوونی پووگەو یەکێتی پووگە هۆی یەکێتی گەل‌و میللەتە، وە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی سەربەخۆییان، وە مایەی کۆکردنەوەی هۆش‌و هەست‌و نیازیانە لەکاتی ئەو خواپەرستیەی کە پووگەی بۆ دانراوە، وە بەو پووکردنەیان خواپەرستیەکەیان بە یاسا‌و ڕێڕەوێکی ڕەوا بەڕێوە، بێجگە لەوانەش لەکاتی نوێژو خواپەرستیدا ئەبێ دڵ پووبکاتە خوا، کەواتە با لەشیش پووبکاتە شوێنێ کە خوا فەرمان بدات‌و دیاری بکات بۆ پووتێکردن، ئینجا پووکردنی موسڵمانان لە چەرخی مەککەداو لە یەکەم جارەوە بۆ کەعبە شتێکی زۆر بەجێیەو جێگەی سەر لێ کردنەوەی نیە، چونکە کەعبە پیرۆزترین ماڵی خوایە لەسەر زەویدا، وە لەبەر فەرمانی خوا دروستکرا بۆ ئادەمی‌و هەر لە یەکەم جاری دروست کردنیەوە کرا بە پووگە‌و شوێنی خواپەرستی، وە لە چەرخی نەفامی‌و بت پەرستیش هەر بە ماڵی خواو پیرۆزترین ماڵ سەیر کراوە، کەواتە کاتێ کە ئیسلام هات‌و لەیەکەم جاریشەوە لە مەککە هەڵهات، زۆر ڕێک‌و بەجێبوو موسڵمانان پووبکەنە ئەو ماڵە پیرۆزە، بەڵکو

ڕووتێنەکردنە ئەبوو بە مایەی زیادە دوژمنایەتی ئەو بت پەرستانەو دوور خستنەوەو تاراندنیان‌وترازاندنیان لەئیسلام، ئینجاگۆڕاندنی ڕووگەلە کەعبە بۆ (بیت المقدس) لە یەکەم جاری چەرخی مەدینەوە ئەویش هەر زۆر ڕێکو ڕاست‌و پڕ لە بەرژەوەندی بوو، چونکە:

یەکەم: ئەو گۆڕاندنە بوو بە تاقی کردنەوەو هۆی دەرکەوتن‌و جیا بوونەوەی گوێ ڕایەڵ‌و شوێن کەوتووەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەیاخی‌و هەڵگەڕاوان، وەک لەمەو پاش لە ئایەتەکەدا دەست نیشانی بۆ ئەکات‌و بەدرێژی ڕوونی ئەکەینەوە بە یارمەتی خوا.

دووەم: بەو گۆڕاندنە دەرکەوت کە ئەم ئایینی ئیسلامە بەڕاستی‌و پاکی بۆ خوایەو بە هیچ ڕەنگ ڕەگەزایەتی تیا نیە، ئەوەتا موسڵمانەکان کەلەو سەردەمەدا عەرەب بوون‌و کەعبە مایەی شەرەف‌و شانازی خۆیان‌و باب‌و باپیرانەو زۆربەشیان پەروەردەو پێگەیشتووی دەورو بەری بوون: ئەو موسڵمانانە ئەو ڕووگەیان گۆڕی بۆ (بیت المقدس) کە زۆر دوور بوو لێیانەوەو بەهیچی ئەوان دائەنراو بە ڕووالەت هیچ پەیوەندیان نەبوو پێیەوە.

سێیەم: ئەو گۆڕاندنە دەست نیشان بوو بە یەکێتی ئایینەکانی خوا، ئەوەتا موسڵمانەکان جیاوازی ناخەنە بەینی کەعبەو (بیت المقدس).

چوارەم: گێڕانی (بێجگە المقدس) لەو کات‌و چەرخەدا دەم بەستنی جوولەکەکانی مەدینەی تیابوو وە کوژانەوەی بڵێسەی کینەو کێشەیان، وە ئەبوایە ببوایە بە هۆی دڵ نەرم کردن‌و ڕاکێشانیان بۆ ئیسلام، کەچی بە پێچەوانەی ئەوەوە بە پێی سروشتی پیسیان، بوو بە هۆی دەم کردنەوەو فیک‌و فاکیان، ئەوەبوو ـ وەک لە پێشەوە باسمان کرد ـ ئەیانگوت: ڕووکردنی محمدو شوێنکەوتوانی بۆ ڕووگەکەی ئێمە بەڵگەیە لەسەر ڕاستی ئایینەکەمان، کەواتە هەرچۆنێ لە ڕووگەدا شوێنمان کەوتوون، با لە هەموو شتێتردا هەروابن، وە ئەوان مافی ئەوەیان نیە ئێمە بانگ بکەن بۆ ئایینەکەیان، بەڵکو ئێمە شایانین بە بانگ کردنی ئەوان! ئینجا لەپاش ئەوەی کە بەو گۆڕاندنە تاقی کردنەوەکە بەدی هات‌و موسڵمانە ڕاستەکان بەبێ سەر لێ کردنەوە شوێنی پێغەمبەرەکەیان (ﷺ) کەوتن، وە ڕوویان کردە ڕووگەی تازە، وە لەپاش ئەوەی جوولەکەکان دەستیان کرد بەو دەم درێژی کردنە، وە لەپاش ئەوەی مەبەست لەو گۆڕانە بە تەواوی بەدی هات، ئینجا فەرمان هاتە خوارەوە بە

گەڕاندنەوەی موسڵمانان بۆ ڕووگە سروشتیەکەی خۆیان و ڕوو بکەنەوە ئەو ماڵەی کە (ئیبراهیم)ی باوکی هەمووان دروستی کرد لەسەر فەرمانی خوا بۆ ئادەمیزاد، بۆئەوەی ببێتە شوێنی کۆبوونەوەو هات و چۆو گەڕاندنەوە بۆلای، وە بۆئەوەی ببێت بە کەلەپوور بۆ ئەو گەل و میللەتە موسڵمانەی فەراهەم هات لەسەر نزاو لاڵەی (ئیبراهیم)، وەك لە پێشەوە باسمان کرد لە تەفسیری ئایەتەکانی ڕابردوو لە جزمی یەکەم دا، بەڵێ بە ڕاستی گێڕانی کەعبەیە ڕووگەی هەمیشەیی و هەتا هەتایی بۆ گەل و میللەتی موسڵمان لە پاش ئەو ماوەی کە ڕووکرایە (بیت المقدس) و مەبەست لەو ڕوو کردنە بەدی هات، شتێکی سروشتیە و ڕێك و پێکە لەگەڵ بارو حاڵی ئەم میللەتە کە کەلەپوور بەری (ئیبراهیم) و (ئیسماعیل)ن لە ئایین و لەو بەڵێن و پەیمانەی کە خوا دای بە (ئیبراهیم)، بەڵێ بەڕاستی هەر ئەوە ڕێك و بەجێیە کە ئەم گەل و میللەتە موسڵمانە ببێ بە کەلەپوور بەر بۆ ئەو ماڵی خوا لە مەککەدا، ئەوە بکات بەو ڕووگە تا لە هەموو شتێکدا ببێ بە میرات و کەلەپوور بەرو جێنشینی (ئیبراهیم)، بۆ ئەوەی لە هەموو شتێکداو لە هەموو شێوەو دروشمێك دا جوێ ببنەوە لە (ئیسرائیل)ی یەکان کە لایاندا لە (ئیبراهیم) و بەشداری ئەمانیان نەکردو خۆیان جوێ کردەوە، بێگومان تایبەتی و جوێ بوونەوەی ئوممەتی موسڵمان هەرچۆنێ پێویستە و ناچاری هەیە بۆی لە بۆچوون و بیروباوەڕو عەقیدەدا، هەروەها پێویستە و ناچاری هەیە پێی لە شێوەو دروشمی خواپەرستی و ڕووگەشدا، چونکە ئادەمی ـ کە پێك هاتووە لە لەشێکی ئاشکراو گیانێکی نهێنی ـ بەسروشت و مەیل و ئارەزووی هەیە بەدەرخستنی هەستە دەروونیەکانی کەنهێنین، بە چەند شێوەو دروشمێك کە ئاشکران تا ببن بە نیشانە لەسەر ئەو هەستە دەروونیانەی، وە ئەو شتە دەروونیانە ئارام ناگرن و دانامەزرێن هەتا بەو شێوە دەرئەخرێن، وە هەرکات بەو شێوە دەرکەوتن ئەو حەلە ئارام ئەگرن و ئارەزووی مەردوم ئەشکێ، وە لەش و دەروون مەبەست و داخوازیان بەدی دێت جا لەبەرئەوە لەسەر ئەو بنەڕەتە سروشتیە ئیسلام ئەو نیشانەو دروشمە خواپەرتیانەی داهێنا و دایمەزراند، ئەوەتا تەنها نیازو ڕووکردنێکی ڕۆحی و دەروونی وازی نەهێنا بەڵکو لە نوێژدا ڕووکردنە ڕووگەو هەستان و خوێندن و ڕکوع و سوجدەو... هتد دانا تا نیشانە بن لەسەر ئەو پەرستن و ڕووکردنە ڕۆحی و دەروونیە،

وه هەروەها لە پۆژووو حەجو عیبادەتەکانی تردا، بۆ هەرکان چەند کردوەو بولاّنەوەیەکی داناو بڕیاری دا، بۆ ئەوەی نهێنی دەروون ڕێك بخات لەگەڵ دیمەنو ڕوالّەتیدا، وە داخوازی سورشتی بەجێبێنێ بەجۆرێ ڕێك بێت لەگەڵ بۆچوونی تایبەتی بڕوادارەکەدا، ئەگەر ئیسلام ئەو شێوەو دروشمانەی دانەنایە مەردوم بەپێی مەیلو ئارەزوو سورشتیەکەی نیشانەو شێوەی بۆ هەستە نهێنیەکانی دائەنا ئەو کاتە بەناڕاستو ناڕەوا دەرئەچوو، وەك ئەو هەموو بت پەرستانە کە هەر تاقمێ شتێکی بۆ خۆی داناو کردی بە دروشمو نیشانەی هێزی هەرە گەورە کە بەسروشت لە دەروونی خۆیدا هەستی پێئەکاتو ئەیەوێ لە شێوەی شتێکی ئاشکرادا دەرکەوێ، ئیتر ئەستێرە، خۆر، مانگ، دار، بەرد، گیان لەبەرو هەرشتێتر... بەڵام ئێستا بەدانانی ئەو نیشانەو شێوە خواپەرستیانە، لەلایەکەوە مەیلو ئارەزووە سروشتیەکەی بەجێ ئەهێنێ، وەلەلایەکی ترەوە بڕوادار ئەپارێزێ لە هەڵەکردن لە پەرستنی خواو لادان بەو بارو حاڵەی کە خوا پێی خۆشەو شایستەیە بۆ خوا.

بەم ڕەنگەخوای پێئەناسێ بە پاکو بێگەرد لە هەموو هاوبەشو وێنەیەك وە ڕووگەیەکی بۆ دیاری کردووە کەلەسەر فەرمانی خوا ڕووی تێبکات کاتێ کە بەدڵ بە هەستو نیازو بەکردەوە ڕوو ئەکاتە خوایەك کە بێ وێنەو بێ جێگاو بێ شوێنە، کەواتە بڕیاردانی ئەم شێوە خواپەرستیانەو دیاری کردنی ڕووگە بۆ بەرژەوەندی بڕوادارەکانو بڕواداران زۆر پێویستن پێیو بەبێ ئەوانە موسڵمان کیانو سەربەخۆییەکی جیاوازی بۆ پەیدا نابێ کە ئەو کیانو سەربەخۆییە تایبەتیو جیاوازەش زۆر پێویستە بۆوە لەبەر بەهێزکردنو پاراستنی ئەوکیانو سەربەخۆییە موسڵمانان جڵەوگیری کراوە لە لاسایی کردنەوەو شوێنکەوتنی تا موسڵمان لەسەر ڕەوشتو کردارێك دا کە تایبەتی بێت بە نا موسڵمانەوە، وە ئەو جڵەو گیریەش لەبەرئەوە نیە کە ئیسلام ڕەگەزایەتی بەکابهێنێ یا ڕەگەزایەتی ڕەوابدا، نەخێر نەوەڵلاّ ئیسلام دووڕە لەوە، وە تەنها ئیسلام ئەتوانێ ڕەگەزایەتی لە ڕیشە دەردێنێ بەڵکوئیسلام لەوەدا زۆر ئەیەوێ پاراستنو بلاّوکردنەوەی ئەو بەرزترین بەرنامەیە کە هێنای بۆ هەموو ناوچەکانی ژیان، وە بێگومان ئەو مەبەستە گرنگەش بەو تێکەڵو

پێکەڵیە هەرگیز ناگونجێ و بەبێ پاراستنی ئەو کیان سەربەخۆییە بە هیچ ڕەنگ ناکرێ و دەست نادا.

ئیسلام ئایینی خوایە و هاتووە بۆ خێرو چاکەی هەمووان و جیاوازە لە هەموو بیرو باوەڕو بۆچونێکی تر، کەواتە پێویستە پاراستنی لە هەموو بۆچوون و باوو باوەڕێکی تر. ئیسلام هاتووە بۆ ئەوەی گەلی موسڵمان بەو ئیسلامە سەرکردایەتی ژیان و جیهان بگرنە دەست و ببن بە مامۆستا و فێرکەری هەموو نەزان و نەفام و وێڵ و سەرگەردانێك، دەی کاری واش بە تێکەڵ و پێکەڵی و شوێن کەوتن و لاسایی کردنەوەی ئەمو ئەو هەرگیز نابێ و ناگونجێ. ئیسلام کە هاتووە بۆ ئەوەی کە تەنها لە خواو لە بەرنامەکەی هەموو شتێ وەرگیرێ، دەی چۆن ئەبێ موسڵمان شوێنی کەسی تر بکەوێ و لاسایی ئەو بکاتەوە لەو شتانەی کە تایبەتین پێیانەوە؟!

ئیسلام دەستەبەرو کەفیلە بۆ ئادەمی بە بەرزترین ئاسۆ لە بۆ چوون و تێگەیشتن دا، وە بەڕاسترین بەرنامە لەژیاندا، لەبەر ئەوە بانگی هەموو ئادەمی ئەکات کە بگەڕێنەوە بۆ لای ئیسلام و خۆ خستنە ژێر ئاڵا و سایەو پەنای، دەی بێگومان هەموو ژیرو فانداریێ ئەزانێ کە ئەوە ڕەگەزایەتی نیە داوای یەکێتی ئادەمی بکات لەسەر بناغەو بنەڕەتی خۆی نەك لەسەر بناغەو بنەڕەتی تر، وە لەسەر بەرنامەکەی خۆی نەك لەسەر بەرنامەی تر، وە لە ژێر ئاڵاکەی خۆیدا نەك هەر ئاڵایەکی تر، کەواتە ئەو کەسەی کە بانگی مەردوم ئەکات بۆ یەکێتی لەبڕوا بە خوای هەموان، وە یەکێتی لەبەرزترین بۆچوون و تێگەیشتن دا، وە یەکێتی لە چاکترین ڕژێم دا، وە نایەوێ ئەو یەکێتیە بە پیرۆز بفرۆشێ بە لادان لە بەرنامەکەی خوا، وە خۆ خستنە ناو چاڵی تاریك و ڕەشی نەفامی و گومڕایی، ئەو کەسە بە هیچ ڕەنگ ڕەگەز پەرست نیە، وە ڕەگەزایەتی بەکار ناهێنێ... یا ڕەگەز پەرستەو ڕەگەزایەتی بەکار ئەهێنێ، بەڵام بۆ خێرو ڕاستی و چاکە! دەی خۆزگە بە ڕەگەز پەرستی واو ڕەگەزایەتی ئاوا.

گەل و کۆمەڵێ موسڵمان کە ڕوو ئەکەنە ڕووگەیەکی تایبەتی و دیاری ئەبێ تێبگەن لە مەبەست بەو ڕووکردنە، بێگومان ڕووگە لە ڕووی ڕاستی دا تەنها شوێن و لایەك نیە کە نوێژکەران ڕووی تێئەکەن، بەڵکو ئەبێ بزانن ئەو شوێن یا ئەو لایە کە کراوە بە ڕووگە هەر

دەست نیشانە، دەست نیشان بە جیاوازیی و تایبەتێتی ئەو گەل و کۆمەڵە، جیاوازیی و تایبەتێتی لە بۆچوون دا، وە لەکیان و سەربەخۆیی دا وە لە مەبەست و ئامانج دا وە لەخەریک بوون بە گرنگ گرتنی کاروباردا. گەل و میللەتی موسڵمانی ئەمڕۆ لە ناو ئەو هەموو بۆچوونە نەفامیانەی کە شەپۆل ئەدات لە هەموو زەویدا، وە لەناو ئەو هەموو مەبەست و ئامانجە نەفامیانەی کەلە هەموو لایەکەوە بەدوای دا ئەگەڕێن، وە لەناو ئەو هەموو خەریک بوون بەو کارو پیشە نەفامیانەی کە دڵی مەردومی داگیرکردووە، وەلە بەینی ئەو هەموو ئاڵاڵە نەفامیانەی کەلە ناو گەل و نەتەوەکاندا بەرزکراونەتەوە... گەل و میللەتی موسڵمانی ئەمڕۆ زۆر پێویستە بەوەی جیا ببێتەوە بە شەخسیەتێکی تایبەتی کە جاوازبێت و تێکەڵی ئەو هەموو شەخسیەتە نەفامیانە نەبێت کە ئەمڕۆ زۆریان سەندووە، وە زۆر پێویستە بە جیابوونەوە بە تێگەیشتن و بۆچوونێکی تایبەتی لە بوون و بوونەوەرو ژیان و ئادەمی کە دوورو جیاوازبێت لە هەموو ئەو تێگەیشتن و بۆچوونە نەفامیانەی کە باون، وە جیابوونەوە بە خەریک بوون و بە گرنگ گرتنێکی جیاوازو دوور لە هەموو خەریک بوون و بە گرنگ گرتنی نەفامیانە کە ڕێک و شایان بێت لەگەڵ شەخسیەت و بۆچوونە تایبەتیەکەی خۆیاندا، وە زۆر پێویستە بە جیا بوونەوە بە ئاڵایەکی تایبەتی کە هەر ناوی خوای هەڵگرتبێ و هەر بەناوی خواوە بێت، تا بە هۆی ئەوەوە بناسرێ لە هەموو جیهاندا بەوەی کە گەل و میللەتێکی جیاوازی میانەو هەڵبژێرراوە خوا هێناویەتی بۆ ئادەمی بۆ ئەوەی سپاردەی خوا هەڵگرێ و هەڵسێ بەو ئەرکە گەورەیە، بێگومان ئەم ئایین و عەقیدەی ئیسلامە بەرنامەیەکی تێرو تەواوە بۆ ژیان، وە ئەم بەرنامەیە ئەو گەل و میللەتە جیا ئەکاتەوە کە جێنشین و جێگرو کەلەپوور بەری هەموو ئایین و شەریعەتە ئاسمانیەکانە، وە کراوە بە شایەت و چاودێر بەسەر ئادەمێتی و هەموو ئادەمیەوە، وە داوای لێ کراوە بەوەی سەرکردایەتی گەلانی جیهان بکات و بانگیان بکات بۆلای خوا، وە بە تەنها بەدی هێنانی ئەم بەرنامەیە لە ژیانی دا ئەو هەموو بەهرەو هونەرەی دەست کەوت ئەبێ و جیا ئەبێتەوە لە هەموو گەل و میللەتەکانی جیهان، وە بەبێ ئەو بەرنامەو بەدی هێنانی، بێ بەشەو لەو بەهرەو هونەرانەو بێ ناوو نیشانە، هەرچەند لاف لێ بدات و ناوو نیشان بۆخۆی دابنێ!

﴿ سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَ ٱلنَّاسِ مَا وَلَّىٰهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ ٱلَّتِى كَانُوا۟ عَلَيْهَا ﴾

لەپاش ئەم پێشەکی و سەرەتایە کە ڕاستی پێویستە موسڵمانان بە گرنگ بیگرن و بیری لێبکەنەوە، پاش ئەوە ئێنجا دێتە سەر ئایەتەکان کەبەدرێژیی باسی گۆڕانی ڕووگەو هۆی گۆڕاندنەکەی ئەکەن، بە جۆرێ ڕەخنە گران دەم کوت ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَ ٱلنَّاسِ مَا وَلَّىٰهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ ٱلَّتِى كَانُوا۟ عَلَيْهَا﴾ نەزان و سوک ئەقڵەکان لە ئادەمی ئەڵێن: واتە جوولەکەکان وەک ڕای بەهێز لەسەر ئەوەیە ئایا چی ئەوانی ـ واتە موسڵمانەکان ـ لادا لە ڕووگەکەی خۆیان واتە (بیت المقدس) کەلەمەوبەر لەسەری بوون و بەرەو ئەوێ نوێژیان ئەکرد؟ واتە لادانەکەیان کارێکی بێجێ و بێزراوە، (ئیمامی مالیک)و (بوخاری)و (تیرمزی) حەدیس ئەهێنن لە (بەرای کوڕی عازەب)ەوە ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ کە ئەفەرموێ: یەکەم جار پێغەمبەر(ﷺ) گەیشتە مەدینەو نیشتەجێ بوو لای خاڵوانی ـ یا گوتی لای باوانی دایکی ـ وە شانزە یا حەفدە مانگ ڕووڵە (بیت المقدس) نوێژی کرد، وە پێی خۆش بوو ڕووگەی بەرەو کەعبە بێت، وە یەکەم نوێژی کە کردی بەرەو کەعبە نوێژی عەسربوو، وە کۆمەڵێک لەگەڵی ئەو نوێژەیان کرد، ئینجا یەکێ لەوانە گوزەری کرد بەلای ئەهلی مزگەوتێکدا کەلە نوێژدابوون، ووتی بەوانە: شایەتی ئەدەم بە خوا کە نوێژم کرد لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو کەعبە ئەوانیش لە نوێژەکەدا وەرگەڕان بەرەو کەعبە، وە جوولەکەکان زۆر پێخۆشحاڵبوون کەنوێژی بەرەو(بیت المقدس) ئەکرد ـ وەک لەسەرەتاکەدا باس کرا ـ ئینجا کە پێغەمبەر(ﷺ) لایدا بەرەو کەعبە بێزارو دڵگران بوون بەوە، ئینجا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِى ٱلسَّمَآءِ﴾ ئینجا ئەزانن و بێ سەقیلەکان ـ واتە جوولەکە ـ ئایا چی ئەوانی لادا لە ڕووگەکەی خۆیان کەلەمەوبەر لەسەری بوون؟ ئینجا ئایا ئەو پرسیارو بێزاری دەربڕینە لە پێشەوە بووبێ و مەبەست بەم ئایەتە بەرپەرچ دانەوەو دەم کوت کردنی ئەو ڕەخنە گرانە بووبێ، وەک هێندێ لە زانایان ئەفەرموون، یەکێ لەوانە ﴿فَقَالَ﴾ کە ئەفەرموێ: ئەم ئایەتە هەرچەند لە دانان و خوێندنەوەدا لەپێش ئایەتی داهاتوودایە: ﴿قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِى ٱلسَّمَآءِ﴾، بەڵام لە هاتنە خوارەوەدا دوای ئەوکەوتووە، وە وشەی ﴿سَيَقُولُ﴾ بەپێی

پوالەتەکەی نیە کە بۆ داهاتووبێت، بەڵکو بۆ ڕابردووەو لە دیمەنی داهاتوودا نیشانی ئەدات لەبەر نیشان دانی بەردەوامیان لەسەر ئەو ڕەخنە گرتنە، وە بەڵگەیان لەسەر ئەم ڕایە دیمەنو پوالەتی ئەو ڕیوایەتەیە کە هێنامان، ئایا ئەم ئایەتە بەم جۆرەیە کە گوترا! یان هەر بەپێی پوالەتەکەیو بۆ داهاتووەو مەبەست پێی سەرهتایەو ڕێگە تەخت کردنو جارپدانی گۆڕاندنی ڕووگەیە بە ئایەتی داهاتوو: ﴿قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ﴾ و ە هەوڵدان بەو پرسیارو ڕەخنەگرتنە لە پێشەوە بۆ ئامادەکردنو ئارام دانە بەدەروونی پێغەمبەر (ﷺ) بەرامبەرو بەو پرسیارو ڕەخنەیە با لەناکاودا نەیەتو دەروونی پێ دانەچڵەکێ، وە لەبەر ئامادەکردنی وەڵامو بەڕەرچ دانەوەیان کە ئەوە بەهێزترەو بەکار تر لەدەم کوت کردنیاندا، وە بێجگە لەوەش ئەو کاتە ئەبێتە هەوڵدان بە شتێکی غەیبی بەدی هاتنی موعجیزەو بەڵگەیەکی ڕوون ئەبێت لەسەر ڕاستی پێغەمبەر (ﷺ).

زۆربەی زانایانی تەفسیر لەسەر ئەم ڕای دووەمەیە، وە دیمەنو پوالەتی ئایەتەکە قۆڵگیریانە لەگەڵ ڕیوایەتی (ئەبو ئیسحاق) عبیدی کوڕی حەمیدو (ئەبو حاتەم) کەلە ڕیوایەتی ئەواندا ئەمەش هەیە کە خوا ئەو ئایەتەی هێنایە خوارەوە: ﴿سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ﴾.

بەڕاستی ئەم ڕای دووەمە چاك ئەچێتە دڵەوە دڵ زۆر پێی بە ئارامە، وە ئەگونجێ ڕێك بخرێ لەگەڵ ڕیوایەتە پێشووەکەدا، بەم ڕەنگە ڕووکردنی یەکەم جاری پێغەمبەر (ﷺ) بۆ کەعبە لە نوێژی عەسردا بە ئیلهام بووبێو خوا خستبێتی بە دڵیەوە پێش هاتنە خوارەوەی ئایەتی گۆڕاندن، ئینجا خوا بەم ئایەتە هەواڵی پێدابێ کەلە داهاتوودا ئەو پرسیارو ڕەخنەیە ئەگرن پاش جارپدانی گۆڕاندن، ئینجا ئایەتی گۆڕاندن هاتبێو پاش ئەوە ئەوان ئەو پرسیارو بێزاریەیان دەربڕیبێ، وە بەم شێوەیە پوالەتی ئایەتەکەو هەردوو ڕیوایەتەکە یەك ئەکەونو دەستەمل ئەبن، وە بێگومان تا دەست بداتو بگونجێ ئەبێ ئایەتو حەدیس یەك بخرێنو دژایەتی نەهێڵرێ لەنێوانیاندا، ئەم یەکخستنە کە باسم کرد هەرچەند لە هیچ تەفسیرێکدا نەم دیوە، بەڵام بەڵامەوە ڕێكو پێکەو هیوادارم کە خوا یارمەتیم بدات بۆ هەقو ڕاستیو سوپاسی خوا ئەکەم لەسەری.

قُل لِّلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ ۚ يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٤٢﴾ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ۗ

لەسەرهەباروهەر جۆر خوا فەرمانی داو پێغەمبەری (ﷺ) فێرکرد کە وەڵامو بەرپەرچیان بداتەوە بەجۆرێ ڕێی دەم بازیان نەبێتو لەهەمان کاتدا بۆچوونی گشتی ڕوون بکاتەوە بە پاکو خاوێنی لە هەڵەو لاری، ئەفەرموێ: ﴿قُل﴾ ئەی پێغەمبەر بڵێ پێیان: ﴿لِّلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ﴾ هەر بۆ خوایەو مولکی خوایە شوێنی ڕۆژهەڵاتو شوێنی ڕۆژئاوا، واتە هەموو جێو شوێنەکان دروست کراوو مولکی خوایەو هەموو یەکسانە بۆ خواو تایبەتێتی خوا نیە بە هیچ جێگایەکەوە، کەواتە هەر جێگەو شوێنێ بکا بە ڕووگە مافی خۆیەتیو کەس مافی هیچ قسەو باسێکی نیە، وە هیچ جێگەو شوێنی خۆی لە خۆی دا هیچ بەهرەو هونەرو باوێکی نیە، بەڵکو بەدەست خوایەو بە خواهیشو هەڵبژارنی خوایە ﴿يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ وە خوا ڕێنموونی هەرکەس ئەکات کە خۆی بیەوێ بۆ ڕێگەی ڕاست، کەواتە ئەگەر خوا هەر لایەکو هەر ڕووگەیەک هەڵبژێرێ بۆ بەندەکانی هەر ئەو لاو شوێنە چاکەو هەر لەو شوێنەوە ئەڕۆن بۆ ڕێ ڕاستەکەی.

ئا بەو بڕیارو فەرموودەیە ڕوونی کردەوە بۆچوونو تێگەیشتن لە هەموو لاو شوێنەکان، وە ڕوونی کردەوە تاقە سەرچاوەیەک کە ئادەمی بڕیاری لێ وەردەگرن، وە دەری خست کە ڕووکردنی ڕاستو ڕەوا هەر ڕووکردنە بۆلای لە هەموو کاتو بەسەرهاتێکدا، ئینجا لەبەینی دوو فەرموودە کە ئاڕاستەی پێغەمبەریان ئەکات (ﷺ) ڕووی فەرموودە ئەکاتە ئەم ئوممەتەو باسی گرنگی خۆی بۆ ئەکات لە بوونەوەردا، وە باسی کارو پیشەی گەورەو بە نرخی ئەکات لەم جیهانو زەویەدا، وە پایەو پلەی بەرزی لەناو ئادەمیو لە ژیانی ئادەمی دا، بەجۆرێ کە پێویستە ڕووگەی تایبەتی جیاوازی هەبێ، وە شەخسیەتی تایبەتی هەبێ، وە گوێ لە کەس نەگرێو قسەی کەس نەبیستێ بێجگە لەو پەروەردگارەی کە هەڵی بژارد بۆ ئەو کارو فەرمانە گەورەیە، ئەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا﴾ ئا بەوجۆرو شێوە گرنگە ئێوەمان گێڕا بە ئوممەتێکی ڕاستو چاکو هەڵبژێرراو عەدلو دادپەروەر ﴿لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾ بۆ ئەوەی ببن بەشایەت بەسەر گەلو میللەتەکانی تری ئادەمی لە ڕۆژی دوایی دا، شایەتی

بدەن کە پێغەمبەرەکانیان پەیامی خوایان پێ ڕاگەیاندن ﴿وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾ وە پێغەمبەریش ـ واتە: محمد ـ چاودێرو شایەت بێت بەسەر ئێوەوە، شایەتی بدات کە ئێوە عالمو ڕاست ئەکەن لەو شایەتیەی کە داتان، ئەوەش وەکو لە حەدیسێکدا هەیە کە (ئیمامی ئەحمەد) ئەیهێنێ لە (ئەبو سەعید)ەوە –خوا لێی ڕازی بێ– کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: لە ڕۆژی دوایی دا پێغەمبەری وا دێت کە یەک کەسی لەگەڵە، وە هی وا هەیە دووکەسی لەگەڵە، وە هی وا هەیە زیاتر لەوە، ئینجا گەلەکەی بانگ ئەکرێو پێیان ئەوترێ: ئایا ئەمەی پێڕاگەیاندن؟ ئەوانیش ئەڵێن: نەخێر، ئینجا ئەوترێ بە پێغەمبەرەکە: ئایا پەیامەکەت ڕاگەیاند پێیان: ئەویش ئەڵێ، ئینجا پێی ئەوترێ: کێ شایەتیت بۆ ئەدات؟ ئەویش ئەڵێ محمدو ئوممەتەکەی، ئینجا محمدو ئوممەتەکەی بانگ ئەکرێنو پێیان ئەترێ: ئایا ئەمەی ڕاگەیاند بەوانە؟ ئەمانیش ئەڵێن: بەڵێ، ئینجا بەم ئوممەتە بەچی ئەزانن؟ ئەوانیش ئەڵێن: پێغەمبەرمان (ﷺ) هاتو وە هەواڵی پێداین کە پێغەمبەران پەیامی خۆیان گەیاند، ئا ئەوەیە کە خوا ئەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا ﴾، وە لە ڕیوایەتێکدا ئەفەرموێ: ئینجا محمد ئەهێنن‌و پرسیاری حاڵی ئوممەتەکەی لێ ئەکەن وە ئەویش بە پاک‌و ڕاستیان دەرئەکات‌و شایەتی لەسەر عەدالەتیان، وە ئەوەش ئەوەیە کە خوا ئەفەرموێ: ﴿وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾ بەخ بەخ لەو پایەو پلەو بەهرەیە کە خوا داوێتی بەم گەل‌و ئوممەتە، بەڕاستی سوپاسی هەر تەواو نابێ! خوا بە میهرەبانی خۆی بەشدارمان بکات لەو بەهرەو ڕێزەدا.

ئەمو میللەتە هاتووە بۆ ئەوەی مامۆستا و چاودێربێت بەسەر هەموو گەلانەوە، داد بخاتە ناویانەوەو بەداد بجوڵێتەوە لەگەڵ هەمووانداا، ئەم سەنگو تەرازوو دابنێ بۆ کێشانەو پێوانەی هەموو شتێ، ئەم نرخو بێنرخی دیاری بکات، ئەم دەم ڕاست‌و بڕیار دەرو لێپرسراوو حەکەم بێت لە هەموو کاروبارێکدا، ئەم ئەبێ بڵێ ئەوە ڕاستەو ئەوە ناڕاستە، ئەوە هەقەو ئەوە ناهەقە... ئەبێ ئەم ئوممەتە ئەو شتانەی بەدەست بێت، نەک ئەو گەلانەی کەلە مەردومەوە بۆ بۆچوون‌و بیروباوەڕ وەرئەگرن‌و بەگەزو تەرازووی مەردوم کێشانەو پێوانە ئەکەن. ئەم میللەتە کە ئاوا مامۆستا و چاودێری ئەمەو ئەبێ هەموو شتێ بڕیارو ڕای ئەوی لەسەربێت. ئەم میللەتە مییانەیەو ناوەندە لە هەموو شتێکدا: لە بۆچوون‌و عەقیدەو باوەڕدا، بەم ڕەنگە زیادە ڕەوی ناکات ئەلەبارەی ڕۆح‌و پێویستیەکانی ڕۆحەوە، وە ئەلە بارەی لەش‌و پێویستیەکانی لەشەوە، بەڵکو بەشی هەردوو بەجێ ئەهێنێ بەبێ زیادەو کەم،

وه هەوڵو تێکۆشان ئەکات بۆ بەرزکردنەوەی ژیان لەکاتێکدا کە هەوڵ ئەدات بۆ پاراستن و درێژەدان و پەرەپێدانی، وە میانەیەو ناوەندیە لە بیرو هەست و زانین و زانیاریدا، بەم ڕەنگە نایەسترێتەوە تەنها بەسەر ئەوەی کە ئەیزانێ و ئیتر کون و کەلەبەری هەموو بەراوردو زانینی بگرێ، وە نایشچێت بەدەم هەموو دەنگ و بانگ و ئاوازێکەوە، وە وەک مەیموون لاسایی کەرو شوێن کەوتوو نیە، بەڵکو هەر بۆچوون و بەرنامەو زانینێکی لایە دەستی پێوە ئەگرێ و ئینجا چاو هەڵئەخات و سەرنجی هەموو بەرو بەرهەمی بیرو بەراوردێك ئەدات و هەرچی بەکاربێت وەری ئەگرێ، چونکە نیشانەو شیکاری ئەم میللەتە ئەم وتە پیرۆزەیە کە بە ناوبانگە لە ناوی دا: (الحکمة ضالة المؤمن انی وجدها فهو احق بها)[1] کەواتە وەری ئەگرێ بەبێواو بەزانینەوە ئوممەتێکی میانەو ناوەندیە، لە ڕژێم دانان و هۆندنەوەو ڕێك و پێك کردندا، بەم ڕەنگە کارو باری ژیان واز لێ ناهێنێ و بە تەنها نایداتە دەست نیازو هەستی پاك و دەروون، وە وازیشی لێ ناهێنێ و نایدتە دەست زۆرو دەست وەشاندنی یاسا و قانوون، بەڵکو بە تەمێ ئاموژگاری نیازو هەست و دەروون پاك و خاوێن ئەکاتەوەو لە هەمان کاتدا گەلیش ئەهۆنێتەوەو زۆرو دەست نیشاندنی یاسا و قانوونیش ئەخاتە بەرچاو، وە بە تێکەڵکردنی ئەو دووانە چارەسەری لاری و گرێ ئەکات.

میللەتێکی میانەو ناوەندیە لەکارو باری کۆمەڵایەتی دا، بەم ڕەنگە فەردو ئەندامی گەل ناتوێنێتەوە لەناو گەل لەناو میریی و دەوڵەتدا، وە لە هەمان کاتدا بەریشی بەرەڵا ناکات بەئارەزووی ناڕەوای خۆی بجوڵێتەوە تا زیان بگەیەنێ لە گەل یا دەوڵەت، بەڵکو مافی ڕەوای هەردوو ئەدات و یەکیان ئەخات، وە هێزو وزەی ئەندامی گەل ئەخاتە کار بۆ بزووتنەوەو گەشە کردنی ژیان و پارێزگاری گیان و شەخسیەتیان ئەکات و لە هەمان کاتدا جڵەوگیریان ئەکات لە زیادە ڕەوی کردن، وە کارێکی وا ئەکات کە گەل ببێتە دەستەبەرو کەفیل بۆ ئەندامەکانی، وە ئەندامەکانیش بێن بە فەرمانبەرو خزمەتکاری گەل بەڕێك و ڕاستی.

میللەتێکی میانەو ناوەندیە لە جێ و شوێندا، بەم ڕەنگە کەوتۆتە ناوکەو ناوەڕاستی ناوچەکانی زەویەوە، وە بەهۆی ئەم شوێن و جێگە گرنگەیەوە ئەتوانێ ببێتە چاودێرو لێپرسراو بۆ هەموو ئادەمی، وەلەوەی کە هەیەتی بیبەخشێ بە هەموو دانیشتوانی زەوی، وەلە ڕێگەی ئەمەوە خۆراك و پێبژێوی ڕۆح و لەش بگات بە هەمووان، وە خوا کارێکی وای

---

[1] واتە هەموو کارو شتێکی ڕاست و ڕەواو دروست بەدوا گەڕاوی بڕوادارە، لە هەر شوێنێ دەست کەوتو دۆزیەوە ئەو شایان و شایستە تر پێی و هینی ئەوە.

کردووە نەوتو زۆربەی کانە گرنگەکان لەم خاکە ناوەندیە دێتە دەرەوەو ژیانی جیهان بەستراوە بەم خاکە ناوەندیەوە!

میللەتێکی میانەو ناوەندیە لە کاتو چەرخدا، بەم ڕەنگە لە چەرخی هاتنی ئەمدا چەرخی منالّی و ساوایی ئادەمێتی لەبارەی بیریی و ژیریی و ڕێ بردن بەو هەموو خێرو بێری جیهانەوە دوایی هات لە پێش ئەمەوەو چەرخی تازەی ژیانو جیهان دەستی پێکردو ئەم میللەتە کەوتە ناوەند بۆ ئەمەی تەپو تۆزی پڕوپووچی منالّی بتەکێنێ لە ئادەمێتی، وەلە هەمان کاتدا ئامۆژگاری ئادەمی بکاتو جلّەوگیری بکات لەسەر لێ شێوانو لادان لە ڕێگەی خوا بەهۆی ئەم هەموو بەرهەمی بیریی وژیریی وبەراوردەوە، وەوازنەهێنێ لەخۆڕاکو بژێوی ڕۆحەکەی ولەسەرڕێگەی ڕاست بڕوات،وەپارێزگاری کەلەپووڕەڕۆحیەکەی بکات کەلەچەرخی پێغەمبەرانەوە بۆی هاتووە دەست بەدەست، وە ئەو کەلەپووڕە ڕێک و جووتو هاوتا بکات لەگەلّ بەروبەرهەمە ژیریی و بیرییەکەی کە هەمیشە بەرەو پەرەسەندن و گەشە کردن ئەڕوات!

بەکورتی ئەم ئایینی ئیسلامە لە هەموو شتێکدا میانەیەو ناوەندی گرتووە لە هەموو کردەوەو ڕەوشتێکی بەندەییشدا، بۆ وێنە فەرمان ئەدات بە سەخاوەتو دەست گوشادی کە میانەوناوەندی بۆچرووکی و ئیسراف و بە فیڕۆ دەست نان بە مالّەوە بە خۆڕایی، وە فەرمان ئەدات بە ئازایی و چالاکی کە میانەو ناوەندییە بۆ درندەیی و دەستەپاچەیی و زەبوونی، تەنانەت لەبارەی خواپەرستیشەوە نایەوێ زیادە ڕەوی، وەک نایەوێ کەمو کوڕی لەوەی کە پێویستی سەرشانی کردووە، جا لەبەرئەوە ئەم ئایینە پیرۆزە دەست نادا بۆ گۆڕاندنو دەست تێخستنو بژارەکردن، وە هەرجۆرە دەست کارییەک بکرێ هەلّەو لار دەرئەچێت وەک شتێ کەلە ناوەڕاستی تەرازوویەکی ڕاستدابێت دەست نادابۆلادان بە هیچ بارێکدا ئەگەر بە هەربارێکدا ترازێنرا لارە سەنگ ئەبێت، ئەم ئایینە پیرۆزە بەم جۆرەیە، وە ئەم میللەتەش بەم جۆرەیە کە باس کرا، وە ئەمڕۆ کە ئەم میللەتە نیە لەو جێگەو شوێنە بەرزەی خۆی دا، وە ئەو ڕادەو پایەو پلە بەرزەی نیە، بەهۆی ئەوەوەیە کەلای داوە لەو ئایینو بەرنامەی کە خوا بۆی هەلّبژاردووەو وازی لەوە هێناوەو چەند ئایینو بەرنامەی تری بۆ خۆی داناوە کە لە ئاسمانەوە نەهاتووەو لە چالاّوی بۆگەنو زەلکاوی ئەم زەویە دەرهاتووە، وە خۆی ڕەنگ کردووە بە چەند ڕەنگێکی جیاواز لەو ڕەنگەی کە خوا بۆی داناوە! وە بێگومان کە میللەتێک دانرابێ بۆ ئەو کارو پیشە گەورەیەو بۆ ئەو مامۆستایی و سەرکردایەتیە، شایستەو شایانە بە تێکۆشانو فیداکاری بە مالّو بە گیان تا بگات بەو پلەو پایە بەرزەی خۆی.

وَمَا جَعَلْنَا ٱلْقِبْلَةَ ٱلَّتِى كُنتَ عَلَيْهَآ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ ۚ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ ۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَـٰنَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤٣﴾

ئینجا به بۆنەی گۆڕاندنی ڕووگە لە (بیت المقدس)ەوە بۆ کەعبە لە پێشەوە باسی هۆی ڕووکردنە (بیت المقدس) ئەکات و ئەفەرموێ: ﴿وَمَا جَعَلْنَا ٱلْقِبْلَةَ ٱلَّتِى كُنتَ عَلَيْهَآ﴾ لەبەر هیچ شتێ ڕووگەمان نەگێڕاو دانەنا بەو تەرەفەی ــ واتە: بیت المقدس ــ کە پێش ئێستا لەسەری بوویت ــ یان کەعبە کەلە پێش کۆچ کۆدن بۆ مەدینە ڕووی تێئەکرد ــ واتە: نەمان گێڕایتەوە بۆلای کەعبە ﴿إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ﴾ مەگەر لەبەرئەوەی بزانین کێ شوێنی پێغەمبەر ئەکەوێ و بەجۆرێ جیا ئەبێتەوە ﴿مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ﴾ لە کەسێ کە پاشەو پاش وەر ئەگەڕێتەوە، واتە: دوو دڵ ئەبێت و لە ئایینەکەی هەڵئەگەڕێتەوە، بە کورتی مەبەست لەدیاری کردنی (بیت المقدس) بە ڕووگە، یان مەبەست لە گۆڕاندنی ڕووگە لەوەوە بۆ کەعبە تاقی کردنەوە بوو تا دەرکەوێ کێ دامەزراوە لەسەر ئایین و گوێ ڕایەڵی هەر فەرمانێ کە پێی بکرێ، وە کێ دانەمەزراوە و هەڵئەگەڕێتەوە لە ئایینەکەی؟ لەسەر هەرکام تاقی کردنەوەکە بەدی هات و دامەزراوو دانەمەزراو دەرکەوتن و جوێ بوونەوە لە یەکتر، لەسەر باری یەکەم کە سەخت ترو بەتین تر تاقی کردنەوەکە لەم ڕووەوە بوو کە ئەو یەکەم چین و گەلە عەرەب بوون و کەعبە ڕووگەو جێگەی حەجی باوک و باپیریان بوو، وە نیشانەو مایەی شەرەف و بەرزیان بوو، وە جێگەی هەموو هیواو ئومێدی بوو لە هەست و دەروونیاندا، لەگەڵ ئەوەدا فەرمان بدرێ بە ڕوو وەرگێڕان لەوەو ڕووکردن بۆ جێگەو شوێنێتر کەلەوەو بەر هیچ پەیوەندیەکیان نەبووە پێیەوە، بەڕاستی هەر دڵێ لەکاری وادا دامەزراو بە ئارام بێت ئەوە ڕاستە لەگەڵ خۆی و ئەو دڵە لێ بڕواوە بۆ خواو پاک و خاوێن کراوە بۆی! وە بەڕاستی جێی خۆیەتی ئەو تاقی کردنەوەو پاڵفتە کردنە، وە زۆر پێویست بوو پچڕینی ئەو پەیوەستیەی کەلە دەروونی ئەو گەلەدا دامەزرابوو، چونکە ئەو ڕێزو ڕوو تێکردن و پەیوەستیە لە پێش هاتنی ئیسلام دا لەسەر بنەڕەتی ئایین و عەقیدەی ڕاستەقینە نەبوو، وە تەنها لەبەر خوا

نەبوو، بەڵکو بەشی زۆرو بەهێزی ڕەگەزایەتی و نەتەوایەتی بوو، وە ئەو مااڵی خوا کرابوو بە ماڵە پیرۆزەکەی عەرەب لەو کاتەدا، خوایش ویستی کە هەر ماڵە پیرۆزەکەی خۆی بێت بەبێ هیچ جۆرە هاوبەشێ، وە بۆ هەموو بێت وەک هەر لە یەکەم جارەوە فەرمانی دا بە (ئیبراهیم) کە هەر لەبەر خواو بە ناوی خواوە دروستی بکات و بۆ هەموو ئادەمی، کەواتە پێویست بوو ئەو تاقی کردنەوەو بەو تاقی کردنەوەیە دەرکەوت پاک و خاوێنی دەروونی پاکان و لێ بڕانیان بۆ خواو ڕووت بوونیان لەهەر شتێ تر، وە دەرکەوت فەرمان بەریی و مل کەچی و گوێڕایەڵیان، یەکەم بەو جۆرە تاقی کردنەوەو پاڵفتەکردن بەدی هات، وەلەسەر باری دووەمیش تاقی کردنەوەکە لەم ڕووەوە بوو کە دەرکەوت کێ بە فاک و فیکی جوولەکەو پڕوپاگەندەی ناپاکان و بت پەرستەکان بێئارام و دوو دڵ نابێت و بێجگە لە گوێڕایەڵی و مل کەچی بۆ فەرمانی خواو پێغەمبەر (ﷺ) هیچی تری مەبەست نیە، ئەوە بوو وەک لە پێشەوە باسمان کرد، جوولەکەکان نەئەوەستان لە پڕوپاگەندە لە هەموو کاتێکدا، کاتێ ڕوو ئەکرایە (بیت المقدس) ئەیان ووت: ئایینەکەی ئێمە ڕاستە بۆیە ئەکەنە ڕووگەکەمان، وە ماتوول ڕووگەکەمان ڕاستەو بڕوایان پێی هەیە دەی با لە هەموو شتێکدا شوێنی ئێمە بکەون، وە کاتێ کە ڕووگە گۆڕا ئاگریان تێچوو ئەیان ووت: ئەگەر ڕووکردنیان بۆ ڕووگەکەمان ڕاست بوو بۆچی گۆڕیان؟ وە ئەگەر ڕاست نەبوو ئەبێ نوێژەکانی لەوەو پێشیان ڕاست نەبووبێت، وە ناپاکەکانیش هەمیشە شوێن کەتوو لاسایی کەری جوولەکەکان بوون، وەبت پەرستەکانیش کاتی ڕوو کردنە (بیت المقدس) ئەیان ووت: چۆن ئەمە لائەدا لەماڵێ کە(ئیبراهیم) دروستی کردووەو ڕووگەو مایەی شەرەفی باوک و باپیریەتی، وە کاتێ گۆڕا بۆ کەعبە ئەیان ووت: کە گەڕایەوە بۆ کەعبە ئەگەڕێتەوە بۆ ئایینی باوک و باپیری، یا ئەیان وت: دوو دڵە لە ئایینەکەی خۆیداو هەر دەمە ڕوو ئەکاتە لایەک!

لە هەر باریێکەوە سەرنج بدرێ بە ڕاستی ڕووداوو مەسەلەیەکی گران و گەورە بوو لە دڵو دەروونداو، مەگەر بۆ کەسێ کە خوا ڕێنموونی کردبێ، وەک ئەفەرموێ: ﴿وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ﴾ بە ڕاستی ئەو ڕووگەیەیان بەسەرهات و گۆڕانی شتێکی گران و گەورە بوو مەگەر لەسەر ئەوانەی کە خوا ڕێنموونی کردن و خستنیە سەر ڕێگەی ڕاست و دامەزراوی کردن لەسەری، بۆ ئەو خوا پێداوانە هیچ ئەرک و گرانی نەبوو، چونکە ئەوانە بەرامبەر

فەرمانی خوا بێجگە لە ملکەچی و گوێڕایەڵی هیچی تریان نیەو هیچی تر نازانن، ئەوانە بەرامبەر هەر کارو فەرمانێکی خوا وەک ئاسنن بەرامبەر موقناتیس، واتە هەرچۆنێ ئایین لە هەر لایەک ببێ موقناتیس بەرەو ئەو لایە ئەڕواو ئەوەستێ، هەروەها بڕواداریش ئەبێ هەمیشە ڕوو بکاتە ئیسلامو هەر بەرەو ئیسلام بڕواو بوەستێ.

ئینجا موسڵمانەکان دڵنیارام ئەکات لە مەترسی دروست نەبوونو وەرنەگرتنی ئەو نوێژانەیان کە بەرەو (بیت المقدس) کردیان، ئەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْ﴾ وە بێگومان خوا نەیویستووە بڕواکەتان زایە بکات، واتە ئەو نوێژانەتان کە بەرەو (بیت المقدس) کردووتانە، وەک لە حەدیسی سەحیحدا ئەفەرموێ: کاتێ کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕووی کرایە کەعبە، هاوەڵەکان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا دەی ئەوانە چۆنن کە لەمەوبەر بوونو نوێژیان بەرەو (بیت المقدس) کرد، ئینجا ناوبردنی نوێژ بە بڕوا لەبەر ئەوەیە کە نوێژ دووەم پایەی ئیسلامو بڕوایە، یان مەبەست بڕوایە بەو ڕووگە سڕاوەو بەو نوێژانەی کە ڕوو بەرەو ئەوێ کراون، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ بێگومان خوا زۆر بە بەزەییە بە مەردوم، میهرەبانە پێیان، کەواتە داوای شتێکیان لێ ناکات کە لە توانایاندا نەبێت، وە پێنموونی بڕواداران ئەکات، وە یارمەتی و کۆمەکییان ئەکات بۆ دەرچوون لە تاقی کردنەوەدا، کاتێ کە بە دڵ ڕاست بکەن لەگەڵ خوادا، وە پاداشتیان ئەداتەوە کاتی دەرچوونو سەرکەوتن لە تاقی کردنەوەدا، ئینجا لە کۆتایی باسەکەدا ئەگەڕێنەوە بۆ کردنەوەی گرێیەک کە ئەکەوێتە دڵ لە دیمەنو ڕوالەتی ﴿إِلَّا لِنَعْلَمَ﴾دا کە وا نیشان ئەدات ئەو زانینی خوا لە پاش تاقی کردنەوەکە پەیدا ئەبێت، لەگەڵ ئەوەدا زانینی خوا هەر بووە بەبێ سەرەتا وەک هەیەو هەر ئەمێنێ بە بێ گۆڕانو دواهاتن.

لە وەڵامو کردنەوەی ئەم گرێیەدا کە لە ڕوالەتی ئێرەو چەند شوێنێ تری وێنەی ئێرە پەیدا ئەبێتو ڕوو ئەکاتە دڵ، لە وەڵامو کردنەوەی ئەوەدا زانایانی ئیسلام حەوت شتیان فەرمووە: لە ناو ئەوانەدا دوانیان هەڵئەبژێرین لێرەدا:

یەکەم: مەبەست زانینە بە شتەکە بە بەدی هاتوویی و دەرکەوتنی ئەوەی کە خوا لە پێشەوەزانیویەتی، واتەزانینی خوا هەر یەک زانینەو نەگۆڕاوە، بەڵام دوو بارو حاڵەتی هەیە:

أ- بارو حاڵەتی پێش پەیدا بوونی زانراوەکە.

ب- بارو حاڵەتی پاش پەیدا بوونو بەدی هاتنی زانراوەکە، وە مەبەست بە زانینی خوا لەم جۆرە شوێنانەدا زانینە لەسەر بارو حاڵەتی دووەم، کە تۆڵەو پاداشت شوێنی ئەم بارو حاڵەتی دووەمە ئەکەوێو بنەڕەتی لەسەر ئەمە، واتە ئەوەی کە خوا زانیویەتی لە بارەی کردەوەی بەندەکانیەوە تا ئەوان بەدی نەهێنن و هەڵنەسن پێی، خوا تۆڵەو پاداشتی نابێ بۆیان.

دووەم: وەڵام بۆ ئەو گرێیە ئەمەیە: مەبەست بەو زانینە جیاکردنەوەیەکە زانینەکە هۆیەتی، واتە لەبەر هیچ شتێ ئەو ڕووگەیان بەو جۆرە لێ نەکرد مەگەر لەبەر ئەوەی جیا بکەینەوە ئەو کەسەی کە شوێنی پێغەمبەر ئەکەوێ لەو کەسەی کە هەڵئەگەڕێتەوەو شوێنی ناکەوێ، وە بەم جۆرە زۆر جوان و ڕێکیشە لەگەڵ وتەی ﴿مِمَّن يَنقَلِبُ﴾ وەک (ئیبن و عەباس)یش لێرەدا بەم جۆرەی تەفسیری کردووەتەوە.

لەپاش ئەوە ئینجا ئایەتی لەم چوار ئایەتی داهاتووەدا جاڕی گۆڕانی ڕووگە ئەدات لەگەڵ بیدارکردنەوەی موسڵمانان لە پیلانی جوولەکە لەو بارەیەوە، وە دەرخستنی نیازو مەبەستی خراپیان لەو پیلان و هێرشەیان کە کردیان و هەڵسان پێی، لە یەکەم جارەوە سۆزو ئارەزووی پێغەمبەر (ﷺ) نیشان ئەدات بۆ ئەو گۆڕاندنە، چونکە کەعبە ڕووگەی (ئیبراهیم)ی باوکی بووە -سەلامی خوا لە هەردوو- وە یەکەم مافی خوایە لە زەویدا، بێگومان گەلە موسڵمانەکەشی هەر ئەوەیان پێخۆش بوو، بێجگە لەوانە ڕوو کردنە (بیت المقدس) بوو بوو بە هۆی پیلان و پڕوپاگەندەی جوولەکەکان لەناو موسڵمانەکاندا، وە لە پێش هەموو شتێکەوە خوای گەورە وەک ئایینێکی گشتی و هەمیشەیی نارد بۆ هەموو جیهان و جیهانیان، ئەبێ بنێتە دڵی پێغەمبەرەکەی ئارەزووی ڕوو کردنە ئەو ماڵەی خۆی کە هەر لە یەکەم جارەوە بۆ هەموو ئادەمی دروست کردووە، ئەم ئایینە گەورەو گشتیە هەر ئەو ماڵە گەورەو گشتیەی شایانە، لەبەرئەوە پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) بەئومێدو چاوەڕوانیەوە چاوی هەڵئەخست بەرەوئاسمان، بەڵکوخوای میهرەبان فەرمان دەرئەکات بەڕوو کردنە کەعبە، بەڵام شەرمی کرد لەوەی بەدەم داواکە بکات، تا وەک تەگبیرو ڕاوێژی لێ نەیەت بەرامبەر بە خوا،

قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِ ۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَا ۚ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۚ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ ۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ ﴿١٤٤﴾ وَلَئِنْ أَتَيْتَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ بِكُلِّ ءَايَةٍ مَّا تَبِعُوا۟ قِبْلَتَكَ ۚ

ئەفەرموێ: ﴿قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِ﴾ بێگومان زۆر جار ئەبینین چاوەڵخستن و پوانین و وەرگەڕانی پووت بەرەو ئاسمان کە پووگەی نزایەو سەرچاوەی هاتنی سروشی خوایەبە ئومێدی هاتنی فەرمان بە گۆڕانی پووگە بۆت ﴿فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَا﴾ بەمۆی ئەوەوە سوێند بە خوا پێت ئەبەخشین پووگەیەك کە پێت خۆشەو ئارەزووی ئەکەیست لە دەرووئی خۆتدا، وەڕێت ئەدەین بەپووتێکردنیان وەرت ئەگێڕین بۆپووگەیەك کە پێت خۆشە.

لە پێشەوە بەڵێنی پێدا تا بەو بەڵێنە جارێك دڵی خۆش بکات، ئینجا جارێکی تر دڵخۆشی کرد بە بەدی هێنانی بەڵێنەکەی، فەرمووی: ﴿فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ﴾ کەواتە پووت وەرگێڕە بۆ لای مزگەوت و بەرەو مزگەوتێ کە قەدەغە کراوە، واتە کەعبە، بەڵام بەو مزگەوتەی ناوبرد کە بەچوار دەوریایەتی بۆ ئەوەی دەست نیشان بێت بەوەی کە بۆ ئەوانەی دوورن پووکردنیان بەرەو کەعبەو بۆ ئەو تەرەفە بەسەو پێویست دەر ئەکات، ئینجا چۆنێتی پووکردنو چ ئەنداز پێویستە لەکتێبی زانایانو سەر مەزەبەکاندا باس کراوەو پێویست نیە باس کردنی لێرەدا.

ئەوەی لێرەدا پێویستە، بیرکردنەوەیە لەوەی کە خوا ئەو شوێنە پیرۆزەی گێڕا بە پووگە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) وە بۆ میللەتەکەی، چ ئەو تاقمو چینەی کە لەگەڵی بوون، وە چ هەر تاقمو چینێ تر دوای ئەوان تا ئەم جیهانە ببێ، لەبەرئەوە لەپاش فەرمان دان بە پێغەمبەر (ﷺ) بە تایبەتی، ئینجا فەرمانی دا بە شێوەیەکی گشتی، فەرمووی: ﴿وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ﴾ وە ئێوە لەهەر لایەك ببن و لەهەر شوێنێ ببن پووتان وەرگێڕن بۆلای ئەو مزگەوتەو بەرەو ئەو مزگەوتە.

خوا میهرەبان یەك پووگەی دانا كە ئەم میللەتە كۆبكاتەوە و یەكێتی بخاتە نێوانیان، ئیتر لەهەر وڵاتێ بێ لەهەر تیرەیەك بێ و هەر زمان و ڕەنگێكیان بێ، تەنها پووگەیەك بێ، كە هەموو میللەت پووی تێبكەن، بەهۆی ئەوەوە هەست بكەن كە وەك یەك جەستە و لەش وان، وە یەك مەبەست و ئامانجیان هەیە، وە هەموو تێكۆشان ئەكەن بۆ پێك هێنانی یەك بەرنامە، بەرنامەیەك كە بنەڕەتی لەسەر ئەوەیە كە هەموو تەنها خوایەك ئەپەرستن، وە پێغەمبەرێكیان هەیە، وە پوو ئەكەنە یەك پووگە.

ئا بەو جۆرە خوا یەكێتی خستە نێوان ئەم میللەتە لەگەڵ جیاوازی تیرە و ڕەنگ و زمان و وڵاتیان، وە یەكێتی دانەمەزراند لەسەر بنەڕەتێ تر لەم بنەڕەتە ئەرزیانە، چونكە یەكێتی لەسەر هەركام لەوانە هەموو ئادەمی تیا بەشداری نیە و بە هیچ كلۆجێ ناگونجێ بەشدار بوونی هەموان لە هەركام لەوانە مایەی پچڕان و بەش بەش بوونە لەناو جۆرەكانی ئادەمی دا، نەك یەكێتی و یەگ گرتن، وە بێجگە لەوەش یەكێتی نەبێ لەسەر شتێ بێت كە دەسەڵاتی تێدابێت و تایبەتیش بێت بەو گەل و كۆمەڵەوە.

دەی ڕەنگ و زمان و نیشتمان و تیرە نە دەسەڵاتی مەردوم هەیە بەسەریاندا، وە نە بە خواهیش و ئارەزووی مەردوم پەیدا ئەبن، وە نە تایبەتیشن بە ئادەمیەوە، بەڵكو گیانلەبەرانی تریش یەك ئەگرن و یەكێتیان ئەبێت لەو جۆرە شتە ئەرزیانەدا!

ئینجا حاڵ و باری نامەدارەكان باس ئەكات سەبارەت بەو پووگە تازەیە، ئەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ﴾ بێگومان ئەوانەی كە نامەی خوایان پێدرا بوو ـ واتە: جوولەكە و گاورەكان ـ ﴿لَيَعۡلَمُونَ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّهِمۡۗ﴾ بەباشی ئەزانن كە هەر ئەم گۆڕان و پووكردنە كەعبە ڕاستە و لەلایەن پەروەردگاریانەوەیە و فەرمان پێدراوی ئەوە، چونكە ئەزانن كە كەعبە یەكەم ماڵی خوایە و (ئیبراهیم)ی باپیریان دروستی كرد، وە ئەزانن كە پووگەی ئەم میللەتە كەعبەیە بەپێی هەواڵێ كەلە پێغەمبەرەكانیانەوە پێیان گەیشتووە، وە هەروەها بێگومان بوون بەپێی ناوو نیشانی نامەكانیان كە محمد (ﷺ) پێغەمبەرە، كەواتە ئەزانن كە هەرشتێ لەوەوە بێ ڕاستە و لای خواوە هاتووە.

ئەوانە بەباشی ئەوەیان ئەزانی کەچی پێچەوانەی زانینەکەیان رەفتاریان ئەکرد، وە ئەوانە هیچ زیانێ ناگەیەنن بە موسڵمانەکان، بەڵکو خۆیان زیان ئەکەن، وەك بەم رستە تێهەڵکێشەش بێدارمان ئەکاتەوە، ئەفەرموێ: ﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعۡمَلُونَ﴾ بێگومان خوا بێئاگا نیە لەهەر کردەوەیەك کە ئەوان ئەیکەن، یان لەهەر کردەوەیەك کە ئێوە ئەیکەن، ئەوەش لەسەر خوێندنەوەی بە (تعلمون) وەك بەهەردوو جۆر هاتووە.

بێبڕواکانی مامەدار کە بەو جۆرە دژی گۆڕینی پووگەن، لەبەئەوە نیە نیشانەو بەڵگەی پوونو بەهێزیان دەست ناکەوێ لەسەر ڕاستیو بەجێیی پووکردنە کەعبە، بەڵکو لەبەرئەوە خۆیان ڕاست نینو نایانەوێ شوێنی هەقو ڕاستی بکەونو ئەیانەوێ شوێنی ئارەزووی نەفسی خۆیان بکەون، وەك ئەفەرموێ: ﴿وَلَئِنۡ أَتَيۡتَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ بِكُلِّ ءَايَةٖ﴾ سوێند بە خوا ئەگەر تۆ هەموو بەڵگەو نیشانەیەکی پوون بهێنی بۆ ئەو نامەدارانە لەسەر ڕاستو ڕەوایی پووگەکەت ﴿مَّا تَبِعُواْ قِبۡلَتَكَۚ﴾ ئەوانە هەموو شوێنی پووگەکەت ناکەون، کەواتە ئەوانە هەر سەرکێشی بەکار ئەهێنن‌و بەرژەوەندی پەرستو داخ لەدڵن... ڕەنگە هەندێ لەدڵ پاکی خۆیان لایان وابێ کە جوولەکەو گاورو موسڵمان نابن لەبەرئەوەیە کە ئیسلام ناناسن، یان بە جۆرو شێوەیەکی ڕێکو دڵنیا کەر ئیسلامیان نیشان نەدراوە، نەخێر هەرکەس وا بزانێ هەڵەیە، وە بە پێچەوانەوە ئەوانە کە ئیسلامیان ناوێ، لەبەرئەوەیە کە ئەیناسنو تێی گەیشتوونو ئەترسن لەنەمانی هێندێ بەرژەوەندیو دەسەڵاتو شەخسیەتیان، وە داخ لەدڵنو پێیان ناخۆشە مل کەچ بنو سەر شۆڕکەن بۆی، جا لەبەرئەوە بەهیچ جۆر ناوەستن، بەهەرجۆر لەدەستیان بێت پیلان ئەگێڕنو بەرگری ئەکەنو بەربەستی بۆ فەراهەم ئەهێننو بە ئاشکراو بەنهێنی جەنگو ئاژاوەیان هەیە دەربارەی ئیسلام، ئایا چ شایەتێك ڕاست تر لەم ئایەتەی کە خەریکین پێیەوە، ئایا چ شایەتێك ئاوا بارو حاڵی ئەوانە دەرئەخات، هەرچۆنێ پووداوو واقیعی جیهانیش، ئەوەمان بۆ دەرئەخات!

وَمَآ أَنتَ بِتَابِعٍ قِبْلَتَهُمْ ۚ وَمَا بَعْضُهُم بِتَابِعٍ قِبْلَةَ بَعْضٍ ۚ وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ ۙ إِنَّكَ إِذًا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٤٥﴾ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمْ ۖ

ئینجابەرامبرەنەو بارو حاڵی ئەوانە هەڵوێستی پێغەمبەریش پووون ئەکاتەوە، ئەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَنتَ بِتَابِعٍ قِبْلَتَهُمْ ۚ﴾ وە بێگومان تۆش هەرگیز صگین کەوتووی پووگەی ئەوان نابیت، وە بێگومان هەرکەسیش شوێنکەوتووی پێغەمبەر (ﷺ) بێت ئەبێ بەهیچ ڕەنگ شوێنی هیچ پووگەیەک نەکەوێ، بێجگەبەوپووگەیەی کەخوابەخشی بە پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی(ﷺ)، وە ئەبێ هیچ ئاڵایەک هەڵنەکات بێجگە لەو ئاڵایەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هەڵی کرد، وە هیچ بەرنامەیەک وهرنەگرێ بێجگە لەو بەرنامەی کە پووکردنە کەعبە دەست نیشانی بۆ ئەکات، موسڵمان ئەبێ ئاوابێت، ئەگەر خۆی بە موسڵمان دابنێت، ئەگینا موسڵمان نیەو هەر قسەی پووت ئەکات! ئینجا بارو هەڵوێستی نامەداراەکانیش بەرامبەر یەکتر دەرئەخات، ئەفەرموێ: ﴿وَمَا بَعْضُهُم بِتَابِعٍ قِبْلَةَ بَعْضٍ ۚ﴾ هیچ کام لەو دوو کۆمەڵەش شوێنی پووگەی ئەوی تر ناکەون، دوژمنایەتی و ناکۆکی بەینی جوولەکەو گاور دەربارەی یەکتر، وە دوژمنایەتی و ناکۆکی تاقمو بەرەکانی ناوخۆی هەرکام بۆ ئەوی تر، ئەو دوژمنایەتی و ناکۆکیانە شتێکی ناشکرایەو زۆر بەتینە، ﴿وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ ۙ﴾ سوێند بە خوا ئەگەر شوێنی ئارەزووی ئەوان بکەوی لەپاش ئەو زانینەی کە هات بۆت پێت گەیشت لەلای خواوە، زانینی ڕاست و ڕەوایی ئەوەی کە خۆتی لەسەری، وە ناڕاستی و ناڕەوایی ئەوەی کە ئەوانی لەسەرن و داوای ئەکەن لەتۆ، ئەگەر تۆ شتی وا بکەیت ﴿إِنَّكَ إِذًا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ۚ﴾ بێگومان ئەو حەلە تۆ لەستەم کاران ئەبیت و ئەچیتە ڕیزی ئەوان، بێگومان هەرگیز پێغەمبەر (ﷺ) لەوانە نەبووە شوێنی ئارەزووی ناڕەوای ئەوان بکەوێت، وە هەرگیز شتی وا ڕێی تێناچێ و گومانی ئەوەی پێ نابرێ، بەتایبەتی لەم شوێنەدا کەلە پێشەوە خوا هەواڵی

داو بە تونـدی دڵنیایی لەسەر کردو فەرمووی: ﴿وَمَآ أَنتَ بِتَابِعٍ قِبْلَتَهُمْ﴾ بەڵام ئاڕاستە کردنی ئەم ڕستەو وتەیە چەند شتی گرنگی لێ وەرئەگیرێ:

١- نیـشان دانـی زۆر گرنگـی و گـەورەیی پاوەسـتان و دامـەزراوی لەسـەر ڕێنمـوونی و ئامۆژگـاری خـوا، وە دوور کەوتنـەوە و خـۆ ڕووت کـردن لـە هـەموو شـتێ بێجگـە لـە گوێڕایەڵی خواو ڕێو بەرنامەی خوا.

٢- دیاری کردن و ڕوون کردنـەوەی زانین و ڕاستی و جیاکردنـەوەی لـە نـەزانی و ناڕاستی، بەمەی کە زانین و ڕاستی هـەر ئەوەیە کەلە خـواوە هاتبێ و لـە خـواوە وەرگیرابێ، ئیتر بێجگە لەوە نەزانیە و هەواو ئارەزووی نەفسە، کەواتە ئەو دووانە کۆ نابنـەوە و هـەرکام گیرا ئەوی تر نابێ.

٣- دەرخستن و ڕوون کردنەوەی خراپی و ناڕەوایی شوێنکەوتنی هەواو ئارەزووی نەفسی، ئیتر لەلایەن هەرکەسوە ببێ.

٤- تەمێ و ترساندنێکی بەتینی گوێ گران و مەردومی تر.

٥- زیادە ناڕەوایی و گەروەیی تاوانی زانا.

لەپێشەوە فەرمووی کە بێگومان نامەدارەکان بەباشی کە ئەو گۆڕینی ڕووگە بۆ کەعبە ڕاستەو لای خـواوە هـاتووە، ئینجـا ئەگەڕێتـەوە سـەریان و دڵنیـایی ئـەکات لەسـەر ناسـین و زانینیان بەوەی کە قورئان هێنای و پێغەمبەر (ﷺ) ڕای ئەگەیـەنێ، ئەفـەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ﴾ ئەوانـەی کـە نامـەمان پـێدان ــ واتـە زاناکانیـان ــ ﴿يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمْ﴾ پێغەمبەر ئەناسن هەرچۆنێ کوڕەکانی خۆیان ئەناسن، واتـە بە بێگومان و دوو دڵـی ئـەزانن کـە پێغەمبـەرەو بەباشی ئەیناسن بـەمۆی ئـەو نـاوو نیشان و سیفەتانەی کەلـە نامەکانیانـدا هاتووە، وە بەمۆی ئەو هـەموو موعجیزەو بەڵگەو نیشانە ئاشکرایانەوە، ناسینی مـەردوم بۆ کـوڕی خـۆی ئەوپـەڕی پۆپەیـە لـە ناسـیندا، وەئـەوە وێنـەو چیرۆکێکە لـە زمـانی عەرەبـدا ئەیهێننەوە بۆ زانینی بەهێزی بێگومان، جا بەو پێیەو لەسەر ئەو باوە قورئان کری لێرەدا بە چیرۆکێك بۆ ناسینی ئەو نامەدارانە،

وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ ٱلْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿١٤٦﴾ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴿١٤٧﴾

وه لەگەڵ ئەو ناسینە بێگومانەدا ئەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ ٱلْحَقَّ﴾ وه بێگومان تاقمێ لەوانە ئەو حەق‌و ڕاستیەی کە ئەیناسن ئەیشارنەوەو دەری نابڕن، ﴿وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ لە کاتێکدا کە ئەزانن، واتە کە زانان‌و شتی وایش شایانی زانا نیە، یا لە کاتێکدا کە ئەزانن‌و بێئاگا نین لێی‌و ئەزانن ئەو شاردنەوە تاوان‌و هۆی خەشم‌و تۆڵەی خوایە، وە بێگومان تاوانێ بەو شێوەیە سەیر بکرێ زۆر گەورەیە. فەرمووی تاقمێ لەوان کە سەرکێشە خۆ بە زل زانەکانیان بوو، بەڵام تاقمێ تریان دانیان نا بە ڕاستیداو بڕوایان هێنا، یەکێ لەوانە (عبدالله ی کوڕی سەلام) -خوای لێ ڕازی بێت- کە ئەگێڕنەوە فەرموویەتی: من ئاشنا ترم بە پێغەمبەر (ﷺ) لە کوڕەکەی خۆم، (عمر) -خوای لێ ڕازی بێت- فەرمووی: لەبەر چی چۆن؟ ئەویش لە وەڵامیدا فەرمووی: من هیچ گومانم نیە لەمەدا کە محمد (ﷺ) پێغەمبەرە، بەڵام لەوانەیە کوڕەکەم ایکی ناپاکی کردبێ واتە لە من نەیگرتبێ، ئینجا سەری (عبدالله)ی ماچ کرد، ئەم زانا بەرزە بەو جۆرە دانی نا بە شتە ڕاستەکەداو بڕوای هێنا هەرچۆنێ (تمیمی) داریش کە لە زانایانی نەسرانی بوو دانی نا بە ڕاستیداو بڕوای هێنا بە وێنەی (عبدالله) - خوا لە هەردوو ڕازی بێت-، ئینجا کاتێک کە نامەدارەکان (أهل الكتاب) پیاوخراپی وەک ئەو سەرکێشانەیان تیا بێت کەواتە نابێ بڕواداران دڵ بگۆڕن بە قسەی پڕو پوچ‌و پڕو پاگەندەی ئەوان، وە بە هیچ ڕەنگ مافیان نیە قسەو هەواڵیان لێ وەربگرن.

ئینجا بۆ دڵنیاکردن‌و بەهێزکردنی دڵی موسڵمانان ئەفەرموێ بە پێغەمبەر (ﷺ): ﴿ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ﴾ هەق‌و ڕاستی لەلایەن پەروەردگارتەوە هاتووە، واتە هەر ئەوە ڕاستە کەلە لای خواوە هاتووە، وەک ئەوەی کە تۆ وای لەسەری، وە هەرچی لەلای خواوە نەهاتبێ ئەوە ناهەق‌و ناڕاستە، وەک ئەوەی کە نامەدار ئەیڵێ‌و وان لەسەری: ﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ﴾ کەواتە بە هیچ جۆرێ لەوانە نەبێت کە گوماندارن لەوەی لەلایەن خواوە ــ سبحانه ــ بۆیان هاتووە، بێگومان هیچ کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) گومانداروو دوو دڵ نەبووە لە هیچ شتێکی ئەو ئایینە ڕاست‌و پیرۆزەی کەلەلای خواوە بۆی هاتووە، بەڵام ئەڕاستەکردنی ئەم فەرموودەیە بۆ ئاگادارکردنەوەیە‌و تەمێ‌و ئامۆژگاریەکی بەهێزی تیایە بۆ موسڵمانان، ئیتر چ ئەو

موسڵمانانەی کەلەو چەرخەدا بەهۆی پیلان و فاک و فیکی جوولەکەوە دڵ کرمین و گوماندار بووین، وە چ ئەو موسڵمانانەی پاش ئەوان کە پیلان و قسەی جوولەکەو دوژمنانی ئایینەکەیان کاریان لێ ئەکات و دڵیان ئەگۆڕێ لە ئاستی ئایینەکەیان.

ئای موسڵمانانی ئەمڕۆ لەمەپاش چەندە پێویستیان بەوە هەیە ئەم تەمێ و ئاگادار کردنەوەیەیان هەمیشە لەبیربێ تا بە هیچ جۆر هەڵنەخەڵەتێن و قسەی دوژمنانی ئیسلام کاریان لێ نەکات.

زۆر زۆر بەداخەوە کەلە زووەوە تا ئێستاش موسڵمانان بێ ئاگا بوون لەو تەمێ و ئامۆژگاریە، بەهۆی ئەوەوە دوژمنانی ئەم ئیسلامە لە پۆژئاوا و پۆژهەڵات بوون بە جێگەی پرس و پاوهەموو پازو نیازیان، وە میژووی خۆیان و ئایینەکەیان لەودوژمنە خوێن خوارانەوە وەرگرت و وەری ئەگرن، وە گوێ ئەگرن لە قسەو باسە ژاراویەکانیان سەبارەت بە قورئانەکەیان و فەرموودەو پەوشتی پێغەمبەرەکەیان (ﷺ) وە هەروەها سەبارەت بە میژووی تاقمە پێشووەکانیان، وە قوتابی و خوێندکارەکانیان ناردو ئەنێرن بۆ لایان بۆ وەرگرتن و خوێندنی ئیسلام و عیلمە ئیسلامیەکان لەو دوژمنانەوە، وە لە دانیشگا و زانستگاکانی ئەوان دەرچن و شەهادەی ئەوانیان بەدەستەوەبێت لە خوێندنی ئیسلام و تێگەیشتن لە ئیسلام و عیلمە ئیسلامیەکان!! ئینجا ئەوانیش ئەگەڕێنەوە بەسەر لێ شێواوی و کەللەیەکی بۆش و میشکێکی پووچ و دڵ و میشکێکی پووچ و دڵو دەروونێکی پڕ لە ژار بەرامبەر ئیسلام و موسڵمانان، بەڵام با هەموو تێگەیشتوویەك کە بزانێ کە قورئانەکەمان هەر قورئانەکەی یەکەم جارە، وە قورئان نامەی هەمیشەیی و هەتا هەتایی ئەم میللەتەیە، وە بۆ ئەوە هاتووە پێبازی بۆ دیاری بکات و نەخشەی بۆ بکێشێ لە هەموو چەرخ و چینەکانیاندا، وە نامەدارەکان هەر نامەدارەکانی یەکەم جارن بەڵکو خراپتریش بوون، وە هەروەها هەموو بێبڕواکانی تریش، وە دوژمنایەتی ئەوانە لەسەر ئەم ئایینەیەو ئایینەکەشمان هەر ئایینەکەی یەکەم جارە، کەواتە با موسڵمانان باش بیربکەنەوەو لا نەدەن لە نەخشەو پێبازی ئایینەکەیان، وە هیچ گومان و دوو دڵی پوویان تێ نەکات و بزانن کە هەر ئەوە پاستە کە لەلایەن خواوە هاتووە بۆیان،

وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ أَيْنَ مَا تَكُونُوا يَأْتِ بِكُمُ اللَّهُ جَمِيعًا إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٤٨﴾ وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ

ئینجا دیسان تەمێی موسڵمانەکان ئەکات بە گوێ نەگرتن لە نامەداران و خەریک نەبوون بە قسەو باسیانەوە، وە دەست نیشانیان بۆ ئەکات بەدامەزراوی لەسەر ڕێگەو ڕێبازی خۆیان و چەسپانی کردن لە کارو کردەوەی خێرو چاکەدا، ئەفەرموێ: ﴿وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا﴾ بۆ هەر میللەتێ شوێن و لایەک هەیە، واتە ڕووگەیەک ﴿هُوَ مُوَلِّيهَا﴾ کە هەرکام ڕووتێ کەری ڕووگەی خۆیەتی، ئەوەتا (ئیبراهیم)و (ئیسماعیل) ــ سەلامی خوایان لێبێ ــ کەعبە ڕووگەبوو بۆیان، وە (ئیسرائیل)یەکان (سەخرەی بیت المقدس) ڕووگە بوو بۆیان، وە نەسرانیەکان ڕوویان ئەکردە ڕۆژهەڵات، کەواتە ئەو پیلان گێڕو پڕوپاگەندە کەرانە چییان بەدەستەوە هەیە بۆ تانەو ڕەخنەگرتن لە ڕووکردنە کەعبە، بێگومان هیچیان بەدەستەوە نیە، کەواتە با دەمبازی نەکەن و مل کەچ بکەن بۆ بڕیارو فەرمانی خوا، وە با موسڵمانەکانیش خۆیان خەریک نەکەن و بەو نەفامانەوە، بەڵکو گوێ ڕایەڵ و چەسپانی کەر بن بۆ کارو کردەوە چاکەکان، چونکە هەر ئەو بەکەڵکە بۆ دوا ڕۆژی هەموو، وەکو ئەفەرموێ: ﴿فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ﴾ کەواتە چەسپانی بکەن ئەی بڕوادارانە بە گوێ ڕایەڵی و کردنی هەموو کارو کردەوە چاکەکان لە ڕووکردنە ڕووگەو هەرشتێ تر کە ڕەزامەندی خوا تێدابێت، وە هەڵو هەڵکەوتی ژیان لەدەست خۆتان مەدەن، وە خۆتان خەریک مەکەن بە ئاژاوەو پیلانی نامەدارەکانەوە، چونکە: ﴿أَيْنَ مَا تَكُونُوا يَأْتِ بِكُمُ اللَّهُ جَمِيعًا﴾ ئەگەر لەهەر شوێنی بن لە جیهاندا خوا گیانتان ئەکێشێ و لەپاش دا هەمووتان کۆ ئەکاتەوە لای خۆی بۆ حیساب و پرسیارو تۆڵەو پاداشتان ﴿إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ بە ڕاستی خوا توانایە بەسەر هەموو شتێکدا، وە هێندێ لەو شتانە مراندن و زیندوو کردنەوەو کۆکردنەوەتانە لە ڕۆژی دوایی دا.

ئینجا دووبارە فەرمان ئەداتەوە بە ڕووکردنە ڕووگەی تازە بۆ بەهێزکردن و دڵنیایی کردن لەسەر فەرمانەکە، ئەفەرموێ: ﴿وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ﴾ لە هەر شوێنی ڕۆشتی و دەرچوویت بۆ سەفەرێک ڕووت وەرگێڕە بۆ مزگەوتی بەڕێزی قەدەغەکراو،

وَإِنَّهُۥ لَلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿١٤٩﴾ وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۖ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ

﴿وَإِنَّهُۥ لَلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ ۗ﴾ وەبێگومان ئەو فەرمانە ڕاستو ڕەوایە لە لایەن پەروەردگارتەوەیە، ئەم فەرمانی دووەمە جیاوازە لە فەرمانی یەکەم سێبارەوە:

١- لێرەدا باسی نامەدارو هەڵوێستی ئەوانە نیە.

٢- شایەتی دانی خوا لەسەر ڕاستی و هاتنی فەرمانەکە لەلایەن خواوە.

٣- هەڕەشەو ترساندنێکی نهێنی لەوەی گوێڕایەڵی نەکرێ و لادرێ لەم شتە ڕاستە بەوەی کە ئەفەرموێ: ﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ بێگومان خوا بێئاگا نیە لەهەر کردەوەیەک کە ئێوە ئەیکەن، کەواتە ئەگەر گوێڕایەڵ نەبن و لادەن لەم فەرمانە، خوا ئاگای لێیەو ئەو کاتە شایستەی تۆڵەی خوا ئەبن، لەم دووبارە کردنەوەو بەتوندی گرتنو هەڕەشە لەسەر کردنەوە دەرئەکەوێ کەلە دەروونی هێندێ لە موسڵمانانداو بێئارامی و قورسیەکی وابووە کە پێویست بکات بەوە، ئینجا بۆ جاری سێیەم فەرمان ئەداتەوە لەبەر مەبەستێکی تری تازە، کە بریتیە لە نەهێشتنی بەڵگەو پیلانی نامەدارەکان کە ڕووکردنی (بیت المقدس)یان ئەکرد بە نیشانەی ڕاستو ڕەوایی ئایینەکەی خۆیان و باودانی بەسەر ئایینی پاکی ئیسلام دا، وەئەیان گوت ئەو پێغەمبەرەی کە مۆژدەی دراوە بە هاتنی لەنامەی ئێمەدا ڕوو ئەکاتە کەعبە ئێستاکە ڕووئەکاتە قودس، ئەبێ ئەو پێغەمبەرە نەبێ، وە هەروەها نەهێشتنی بڕووبیانوو ڕەخنەگرتنی بت پەرستەکانی عەرەب کە ئەیان ووت ئەو ڕووکردنە مایەی بەرگری کردنی عەرەبەو دوور خستنەوەی لە ئیسلام، وە هۆی بێڕێزی و نرخ نەدانە بەکەعبە! وە ئەیان گوت پێغەمبەرێ کەلە نەوەی (ئیبراهیم) بێ ئەبێت ڕووبکاتە کەعبەکەی ئەو، ئەفەرموێ: ﴿وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۖ﴾ لە هەر شوێنێک بوویت و دەرچوویت بۆ گەڕان و سەفەرکردن ڕووت وەرگێڕە بۆلای مزگەوتی قەدەغەکراو، ﴿وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ﴾ وە ئێوەش بڕوادارەکان لە هەرشوێنێ بوون ڕووتان وەرگێڕن بۆلای ئەو مزگەوتەو ڕووبکەن بەرەو ئەوێ،

لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مِنْهُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَٱخْشَوْنِى وَلِأُتِمَّ نِعْمَتِى عَلَيْكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥٠﴾

﴿لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ﴾ بۆ ئەوەی بۆ مەردوم ـ واتە: جوولەکەو بت پەرستەکان ـ نەمێنێ بەڵگەو ڕەخنەیەک کە هەیانە بەسەرتانەوە، وە ڕێی هیچ دەمبازیەکیان نەبێ لەبارەی ڕووکردنتان بەرەو (بیت المقدس)، وەک باسکرا، واتە با هیچ کەس لە جوولەکەو بت پەرستەکان ڕێی قسەیان نەمێنێ ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مِنْهُمْ﴾ مەگەر ئەوانەیان کە هەر ستەمکاربوونو مەبەستیان هەر سەرکێشیو دان نەنانە بە هەقو ڕاستی دا، واتە ئەوانە هەر لە قسەی ناهەقو ناڕەوا ناکەون، ئەوەتا جوولەکەکانیان ئەڵێن: ڕووگەی گۆڕی بۆ کەعبە، چونکە مەیلو ئارەزووی هەیە بۆ ئایینی گەلەکەیو وڵاتەکەی خۆی خۆش ئەوێ، وە بت پەرستەکانیشیان ئەڵێن: پەشیمان بوەوەو گەڕایەوە بۆ ڕووگەی باوکو باپیریو نزیکە بگەڕێتەوە بۆ ئایینەکەشیان! ﴿فَلَا تَخْشَوْهُمْ﴾ ئینجا ئێوەش مەترسن لەوانەو باکتان نەبێ لەڕەخنەو دەمبازیان، چونکە بەوە هیچ زیانێکتان پێ ناگەیەنن ﴿وَٱخْشَوْنِى﴾ وە لەمن بترسن، کەواتە گوێڕایەڵم بنو بە پێچەوانەی فەرمانم مەجوڵێنەوە.

هاتنە خوارەوەی ئەو هەموو ئایەتانە لەبارەی ڕووگەو گۆڕاندنیەوە بەو هەموو لێکۆڵینەوەو دڵنیا کردن لەسەر ڕاستی ئەوەی کە خوا کردی، وە دەم کوت کردنی دوژمنانو بێبڕواکان، ئەوانە هەموو بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەو ڕووداوو بەسەرهاتی ڕووگەیە ئێجگار گەورەو گرنگ بووە، وە بڕینی ئەو قۆناغە هەر زۆر سەخت بووە لەسەر موسڵمانان بە هۆی پیلانو فاکو فیکی دوژمنانەوە بە تایبەتی جوولەکە کانگاوو سەرچاوەی هەموو لاری ناڕەباریەکن، وە مامۆستای پیلانو ئاژاوە نانەوەن، باشترین بەڵگە لەسەر سەختیو بەتینی ئەو ڕووداوو بەسەرهاتەو بڕینی ئەو قۆناغە هێنانی ئەم دوو وتەو ڕستەیە بوو بە دوای ئەو هەموو باسو بەیانەدا ﴿فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَٱخْشَوْنِى﴾، وە هەروەها ئەم دوو وتەیە دەست نیشان ئەکەن بەوەی کە هەرکەس لەسەر هەقو ڕاستی بێت، ئەبێ بیمی لەکەس نەبێت، بەڵکو ئەبێ ئەو بیم لێ کراوبێت، وە ئەو کەسەی کەلەسەر ناهەقە ئەبێ گوێی پێنەدرێو ئەبێ بەبێ نرخ سەیربکرێ، چونکە هەقو ڕاستی هەمیشە بەرزو بڵندە، وە دەردو نەخۆشی هەقو ڕاستیو هۆی دەرنەکەوتنی هیچ نیە بێجگە لەوەی کە ئەملەکەی وازی لێ بێنێو بترسن لە

ناهەق و ئەهلی ناهەق. لێرەدا سێ شتی کرد بە هۆی پووکردنە کەعبە: یەکەم ئەوەبوو کە فەرمووی: بۆ نەهێشتن و نەمانی قسەو ڕەخنەی مەردوم وەک بەدرێژی باس کرا.

دووەم: ئەمەیە کە ئەفەرموێ: ﴿وَلِأُتِمَّ نِعْمَتِي عَلَيْكُمْ﴾ وە بۆئەوەی بەهرەو چاکەی خۆم بەسەرتانەوە تەواو بکەم، بەم ڕەنگە کەعبەی کرد بە پووگەکە گەورەترین مالّی خوایە لەسەر زەوی دا، وەکە باوکی هەمووان دروستی کرد لەسەر فەرمانی خوا بۆ هەموو ئادەمی، وە بەو پووگەیە ئەم میللەتە جیابووەوە لە هەموو گەلان و میللەتانی تر، وە سەربەخۆیی تەواوی وەرگرت، کەواتە تەواوترین بەهرەو چاکەی خوا لەبارەی پووگەو لەو کاتەدا گێڕانی کەعبەبوو بە پووگە بۆ ئەم میللەتە، هەرچەند بە شێوەی گشتی و لە هەموو بارو پوویەکەوە تەواوترین چاکەو بەهرە ئەوە بوو کە لەدوا دوایی ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) خوا هەواڵی پێدا لە ئایەتی ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ﴾ و بە هاتنە خوارەوەو دامەزراندنی ئەم ئاییینی ئیسلامەو ئەم شەریعەتە جیهانیە هەتا هەتاییە.

سێیەم: هۆ ئەمەیە کە ئەفەرموێ: ﴿وَلَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾[1] وە لەبەر ئەوەی ڕێ ببەن بە هەق و ڕاستی و بکەونە سەر ڕێگەیەک کە ئەتانگەیەنێ بە ئامانج و مەبەست، چونکە لە پووی ڕاستی دا پووگەیەک کە خوا پێی خۆش بێت و بەرژەوەندی هەردوو جیهانی ئەم میللەتەی تێدا بێت، ئەو پووگەیە کەعبەیە. قورئان بەو جۆرو شێوەیە کە باس کرا بڕیارێکی قەتعی و بڕاوەی دا لەبارەی گێڕانی کەعبە بە پووگەیەکی هەتا هەتایی ئەم میللەتی ئیسلامە، بە جۆرێ بە تەواوی پوونی کردەوە کە ئەبێ هەموو موسڵمانان سەفەری بن یان نیشتەجێ بن، وەلە هەر شوێنێ بن دوور یان نزیک پووگەیان ئەبێ هەر کەعبە بێت بۆ هەر نوێژێ بێجگە لە نوێژی سوننەت کەلە سەفەردا بکرێ، وەک لە کتێبی حەدیس و فیقهدا باس کراوە بەدرێژیی، ئینجا چەند جارێ فەرمانی دا بە پوو تێ کردنی، وە لە هەر جارێکدا شتێکی تازەی لەگەڵ ووت، بەم جۆرە لە یەکەم جاردا

---

[1] ﴿وَلَعَلَّكُمْ﴾ وێنەی لە قورئاندا لە چەند شوێندا هەیە، وە لە تەفسیرەکەی دا سێ ڕا هەیە: ١. تەنها بۆ تعلیلە، واتە لەبەرئەوە. ٢. بۆ گەیاندنی ئومێدو چاوەڕوانیە، ئەو کاتە ڕوو ئەکاتە بەندەکانی خوا، واتە بە ئومێدو چاوەڕوان بن. ٣. بۆ گەیاندنی بەڵێنو پێخۆش بوونە بەو شتەی کەلە پاش وتەی ﴿لعلّ﴾موە دێت، بەم جۆرە یا هەر جۆرێکی تر کە بگونجێ بەکار ئەهێنرێ بۆ خوا.

ڕایگەیاند کە ئەو فەرمانە لەبەر حەزو پێخۆش بوونی پێغەمبەرە (ﷺ) وە لەدووەم جاردا لەبەر ئەوەیە کە هەرچۆنێ حەزو ئارەزووی ئەوی لەسەرە، هەروەها هەر ئەمەش ڕاستو هەقە لای پەروەردگاری، وە لەجاری سێیەمدا بۆ نەهێشتنی قسەو ڕەخنەی مەردومە، وە نرخ نەدانە بە هەرکەس کەلەبەر دەم هەق‌و ڕاستی ناوەستێ، وە لەگەڵ ئەوەدا هەست ئەکەین کەلەو کاتەدا لە ناو ڕیزو گەلی موسڵمانانداو لەبارەی ڕووگەو گۆڕاندنەکەیەوە بێ ئارامی‌و لاوازیەک پەیدا بوو بوو کە داخواز بوو بۆ ئەو دووبارەو سێبارە کردنەوەو ئەو هەموو دڵنیا کردنەوەو ئەو ڕوون کردنەوە، وە باس کردنی هۆی ئەو گۆڕاندنە، وە لەوەشەوە دەرئەکەوێ کە چەندە بەتێو بەهێزبووە ئەو هێرش‌و پیلان‌و پڕوپاگەندەی کە بێبڕواکان پێی هەڵسان، وە تا چ ڕادەیەک کاری کردووە لە دڵو دەروونی هێندێ کەس دا، تا قورئان بە جۆرو شێوەی خۆی چارەسەری کرد، وە ئەم چارەسەر کردنە با هەر بمێنێتەوە بە درێژایی چەرخ‌و ڕۆژگار بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە بەسەرهاتانە لەسەر هەربارو بە هەر شێوەیەک کە ڕوو ئەدەن لەو بەربەرەکانێ‌و پیلان‌و دوژمنایەتی کە دوژمنانی ئیسلام بەکاری ئەهێنن بەرامبەر ئیسلام‌و موسڵمانان.

ئینجا بەبۆنەی ئەو چاکەو بەهرەی کە خوا ڕشتی بەسەر ئەم میللەتەدا لەبارەی گێڕانی کەعبە بە ڕووگە، بەو بۆنەیەوە باسی بەهرەی گەورەی خوا ئەکات‌و بیریان ئەخاتەوە بە ناردنی ئەم پێغەمبەرە (ﷺ) هەر لە خۆیان بۆڵای خۆیان، کە ئەوەش بەرهەمی نزاکەی (ئیبراهیم)ی باوکیان بوو، کە قاپیەوان‌و کلیل داری ئەم ماڵە بەفەرە بوو کە گێڕای بە ڕووگەی موسڵمانان، ئەفەرموێ: ﴿كَمَآ أَرۡسَلۡنَا فِيكُمۡ رَسُولٗا مِّنكُمۡ﴾ واتە کەعبەمان گێڕا بە ڕووگە بۆ ئەمەی چاکەو بەهرەی خۆم بەسەرتانەوە تەواو بکەم لەبارەی ڕووگەوە، یان لە بارەی پاداشتی ڕۆژی دواییەوە بە وێنەی تەواوکردنی چاکەو بەهرەیان بەسەرتانەوە بەوەی ڕەوانەمان لە ناوتاندا پێغەمبەرێک لە خۆتان کە ﴿يَتۡلُواْ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِنَا﴾ ئەخوێنێتەوە بەسەرتان ئایەتەکانی ئێمە، واتە قورئان کە گەورەترین موعجیزەیەکە لە خوا دای بەو پێغەمبەر (ﷺ) هەتا هەتایە، وە هەتابێت گەورەیی‌و پیت‌و فەری ئاشکراتر ئەبێت، ئەو قورئانەی کە هەموو ئادەمی‌و جنۆکە تێیدا سەرگەردانەو لە حاستی داماوو دەستە پاچەیە... بەخ بەخ لەو بەهرەو چاکەیە!!

وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمْ تَكُونُوا۟ تَعْلَمُونَ ﴿١٥١﴾ فَٱذْكُرُونِىٓ أَذْكُرْكُمْ

ناردنی پێغەمبەر کە بەهرەیەکی زۆر گەورەیە، ئینجا ئەو پێغەمبەرەش لە خۆیان بێت، ئینجا بە کتێب و فەرموودەی خۆیەوە ڕەوانەی بکات، لەو فەرموودەیەدا ڕووی فەرموودەیان تێبکات و بانگیان بکات بۆ ڕێی ڕاست، بۆ کامەرانی و بەختەوەری هەردو جیهان، بەڕاستی زۆر پێویستە بیربکرێتەوە لەم چەکەو بەهرەیەو لەو ڕادە بەرزکردنەوەو لەو پلەو پایەدانە. ئایا ئەم بەندانە کێن و چین، هەتا خوا بەو جۆرە بگەرمی بیانگرێ و ڕووی فەرموودەیان تێبکات؟ ئەمانە کێن و چین تا خوا ئاوایان لەگەڵ بکات؟! ﴿وَيُزَكِّيكُمْ﴾ وە پاک و خاوێنتان ئەکاتەوە، بەڵێ بەڕاستی پاک و خاوێنتان ئەکاتەوە لە هەموو بارو ڕوویەکەوە، گیان و ڕۆحیان پاک ئەکاتەوە لە چڵک و چەپەڵی بت پەرستی و نەفامێتی، وە لە پیسی ئەو بۆچوون و تێگەیشتنانەی کە ڕۆح و گیانی ئادەمی بێئارام و تەنگەتاو ئەکەن و ئەبن بە بارێکی قورس بەسەریەوە، وە پاک و خاوێنتان ئەکاتەوە لە چەپەڵی ئارەزووەکانی نەفس کەلە ئادەمێتی ئەخەن و ئەیبەنە ڕیزی گیان لەبەرانی تر، بەڵکو پیس ترو پەست تر لەوان، وە گەل و کۆمەڵیان پاک ئەکاتەوە لە سوود و حەرام خۆری و دەست و دەم پیسی و تاڵان و بڕۆ، وە ژنیان پاک ئەکاتەوە لە دەستکاری و دەست درێژیی، وە دادو دادپەروەری بلاو ئەکاتەوە، بە جۆرێ ئادەمێتی شتی وای بەخۆیەوە نەدیوەو هەرگیز نایبینێ، مەگەر لەسایەی ئیسلام و لە ژێر حوکمی ئیسلام و بەرنامەی ئیسلام دا، وە پاکیان ئەکاتەوە لە هەر چڵک و چەپەڵیەکی تر کە ڕووی ئادەمی و ئادەمێتی قیزەون و ناشیرین کردووە ﴿وَيُعَلِّمُكُمُ ٱلْكِتَٰبَ﴾ وە فێری نامەیەکتان ئەکات کە قورئانە، وە حاڵتیان ئەکات لێی و زاناتان ئەکات بە مەبەست و نهێنیەکانی، ﴿وَٱلْحِكْمَةَ﴾ و فێری کاردروستیتان ئەکات، بەم ڕەنگە هەموو کارو کردەوەتان بەجێبێت و هەموو شتێ لەشوێن و ڕادەو پلەی خۆی دا لە هەموو کارو کردەوەیەکدا پەیڕەوی پێغەمبەر بکرێ (ﷺ) وەک (ئیمامی شافیعی) ئەفەرموێ: حیکمەت بریتیە لە

ڕەوشتی پێغەمبەر (ﷺ) وە ئەوەی کە ئەم وتەیە ئەیگەیەنێ، وە ئەو بەرو بەرهەمە شیرینە بەڕێکی بەدی هات لەو گەل‌و کۆمەڵەدا کە پێغەمبەر (ﷺ) پەروەردەی کردن‌و پێی گەیاندن‌و پاک‌و خاوێنی کردن بە ئایەتەکانی خوا، ﴿وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمْ تَكُونُوا۟ تَعْلَمُونَ﴾ وە فێری شتێکیان ئەکات کەلەوەوبەر نەتان زانیوە، وە ئەو شتانەی کە بەپیری‌و ژیریی نازنرێن، بەڵکو هەر لە ڕێگای پێغەمبەرانەوە ئەزانرێت ـ درودی خوایان لەسەر بێت ـ بەڵێ بەڕاستی فێری شتێکی کردن کە هەر بە خەیاڵیشتاندا گوزەری نەکردبوو، ئەوەتا هەر لەبارەی ژیانەوە ئەو یەکەم گەل‌و کۆمەڵەی فەراهەم هێنا کە لەوەو بەر بەشێکی زۆر کەمیان ئەزانی کە دەستی ئەدا بۆ ژیانی ئەو هۆزو بەرەیە بە کەمو کوڕی‌و ناتەواوی، ئینجا فێری هەموو وێڵ‌و ئوسوڵێکی کردن، وە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا جڵەوی ژیان‌و جیهانی دایە دەستیان‌و توانیان هەڵسن بەسەرکردایەتی ئادەمی‌و ئادەمێتی بە هەموو لێزانی‌و کاردروستی‌و ڕێک‌و پێکی یەوە، وە ئەو شۆڕشە گەورەو ئەو کارو فەرمانە کەس نەدیوەی پێکردن بەم قورئانەو بەو ڕەوشت‌و تەمێ‌و ئامۆژگاریە شیرینەی خۆیە کە لەم قورئانەوە وەری گرتن، وە هەر مزگەوتەکەی زانستگایەک بوو کە ئەو گەل‌و کۆمەڵەی لێ دەرچوو، ئەو گەل‌و کۆمەڵەی کە کردەوەکانیان وەک ئەستێرەی بەرە بەیان ئەدرەوشێتەوە بە ئاسمانی مرۆڤایەتیەوە هەتا هەتایە، ئەو گەل‌و کۆمەڵەی کە مێژووی ئادەمی شتی وای نەدیوە نە لەوەو بەرو نە لەوەو دوا! وە ئەو بەرنامەیەی کە ئەو گەل‌و کۆمەڵە‌و ئەو سەرکردایەتیەی فەراهەم هێنا‌و پێی گەیاند ئامادەیە بۆ فەراهەم هێنان‌و پێگەیاندنی چەند چین‌و تاقمی تر کە نوێنەری ڕاستەقینەی یەکەم بن، ئەگەر گەلی موسڵمان بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە پاک‌و خاوێنەکەی، وە بە ڕاستی بڕوا بێنێ بەم قورئانەو بیکات بە بەرنامەی ژیانی، نەک هەر وتە‌و وشەی ڕووت کە بە ئاواز بخوێنرێتەوە بۆ خۆشی.

ئینجا دوایی یاساکە ئەمێنێ بە بەهرەو میهرەبانیەکی تر، لە کاتێکدا بانگی بڕوادارانی ئەکات بۆ ئەوەی سوپاسی بکەن‌و خۆیان بپارێزن لە سپڵەیی‌و ناسوپاسی‌و بێبڕوایی، ئەفەرموێ: ﴿فَاذْكُرُونِىٓ أَذْكُرْكُمْ﴾ کەواتە ئێوە باسی من بکەن‌و یادی من بکەن منیش باس‌و یادی ئێوە ئەکەم، باس‌و یادی ئێمە بۆ خوا ووتنی ڕووت نیە بەزمان، بەڵکو لەڕاستی دا بریتیە لە

یادو حاڵێکی دەروونی، ئێتر وتنی لەگەڵ بێت یان نە ؟ وە هەست کردن بە بوونی خوایەو ئەو ناوو سیفەتو نیشانانەی کە بۆ خۆی داینواون، هەستێکی وا کە لای خواروومکەی بگاتە گوێپایەڵیو فەرمانبەری فەرمانەکانی خوا (جل شأنه) ئینجا لەوێوە بەرز ئەبێتەوە بۆ ئەوەی چاوو دڵی هەر خوا ببینێ بە تەنهاو ئێتر هیچی تر نەبینێ لەگەڵ، وە هەروەها شتێکی تری لە بیربچێتەوە، ئەوەش بۆ کەسێکە کە خوا ئەوەی پێ ببەخشێو شیرینی لیقاو گەیشتن بە خوای پێ بچەژێ.

زانایانی تەفسیر بەدەجۆر ئەم فەرموودەیان تەفسیر کردووەتەوە، وە هەروەهایان لە بارەی ئێمەوە ئەگەرێتەوە بۆ گوێ پایەڵیو پەرستن، جا لەبەرئەوە لەبەر ئەوە (سەعید کوڕی جوبەیر) –خوا لێی ڕازی بێ– فەرموویەتی: باسم بکەن بە گوێپایەڵی، وە لەبارەی خواوە ئەگەرێتەوە بۆ پاداشت دانەوەو دەرخستنی ڕێزو ڕەزامەندیی، واتە ئێوە باسو یادی من بکەن بە گوێپایەڵیو پەرستن، منیش باسی ئێوە ئەکەم بە پاداشت دانەوەو دەرخستنی ڕێزو ڕەزامەندی! بە هەر حاڵو لەسەر هەربار بەڕاستی دیمەنو حاڵەتی فەرموودەکە ئێجگار پاڵ پێوەنەرو ڕاکێشەری سۆزو پەرۆشە، وە مافی ئەوەی هەیە بەندەی بڕوادار لە خۆشی دا پەڕو باڵ دەرکات، وە لە شەرمو شکۆدا بتوێتەوە! وەرە بیرێکی لێ بکەرەوە، وەك خۆی کردبێ بە هاوڕێو هاوسەری بەندەکانیو بەرامبەر باسی ئەوان بۆی ئەویش باسی ئەمان ئەکات، بەڕاستی زۆر سەیرەو هیچ زمانو هیچ پێنوسێ ناتوانێ ڕادەو پلەی ئەو بەهرەو میهرەبانیە دەرخات!! هەر لەدەست دەریای بێ پەیو سنوری ئەو دێت بەهرەو میهرەبانی ئاوای لێ ببارێ! خوای گەورە فەرمان ئەدات کە ئێمە باسی ئەو بکەین بە گوێپایەڵی بەدڵو بەلەشو، کەواتە بە یەك جار گشتیە بۆ باس بە زبانو باس بەدڵو باس بە ئەندامەکان.

یەکەم: بەسوپاسوسەناوخوێندنی قورئانەکەیو هەروتەیەکی ترکەئەوفەرمانی پێدابێ.

دووەم: بەبیرکردنەوەی لە هەموو سیفەتەکانیو لەو هەموو بەڵگەو نیشانە ڕوونانەی کە بەم بوونەوەرەدا داینواون، وە بەبیرکردنەوە لە بەڵێنو هەڕەشەکانی.

سێیەم: بە بەکار هێنانی هەموونەندامەکان لە هۆی ڕەزامەندی خواو دوور خستنەوەیان لە هەر شتێ کە خوا پێی ناڕازیە،

وَٱشْكُرُوا۟ لِى وَلَا تَكْفُرُونِ ﴿١٥٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٣﴾ وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَن يُقْتَلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتٌۢ ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ وَلَٰكِن لَّا تَشْعُرُونَ ﴿١٥٤﴾

﴿وَٱشْكُرُوا۟ لِى وَلَا تَكْفُرُونِ﴾ وە سوپاسم بکەن لەسەر ئەو چاکەو بەهرەی کە پشتم بەسەرتاندا، وە ناسوپاسی و سپلەیی مەکەن بەمەی دان نەنێن بە چاکەو بەهرەکانم دا، وە یاخی بن و سەرپێچی بکەن لە فەرمانم، یان بێبڕوا مەبن پێم بەم ڕەنگە باس و یادو سوپاسم نەکەن کە ئەوەش سەری لە بێبڕواییەوە دەرئەچێ، وە سوپاسی خوا چەند پلەیەکی هەیە، دەست پێنەکات لەدان نان بە چاکەو بەهرەی خواو شەرم کردن لە گوناهو سەرپێچی لە فەرمانی، وە دوا پلەی بەوە ئەبێ کە بەندە لێ ببڕێ بۆ سوپاس و چاو لەبەری خوا بەلەش و بە زمان و بەدڵ، تا موسڵمانان یادو باس و سوپاسی خوایان کردو چاولەبەری بوون خوایش هەر لە جیهاندا پاداشتی دانەوە بەمەی باس و ناوبانگی بەرزکردنەوە لە جیهاندا، وە دەسەڵاتی پێدان و سەری خستن تا ڕادەیەک سەرکردایەتی و جڵەوی جیهانی خستنە دەست، ئینجا کاتێ خوای خۆیانیان لە بیرچووەوە خوایش ناوو نەهێشتن و ئەو چاکەو بەهرەیەی لێ گرتنەوە تا بوون بە ژێر دەستەو پێشێل کران، وە بێگومان هەرکاتێ بگەڕێنەوە بۆلای خواو بە پێی فەرمانی ئەم ئایەتە بجوڵێنەوە خوایش دەروویان لێ ئەکاتەوە، وە دەرمانی هەموو دەردێکیان پەیڕەوی کردنی فەرمانی ئەم ئایەتەیە، کە باسەکەی پێ دوایی هێنا.

لەپاش باس و دیاری کردنی پووگە، وە جیا کردنەوەی ئەم میللەتەو گێڕانی بە گەل و میللەتێکی سەربەست و سەربەخۆ، وە گێڕانی بە میللەتێکی ناوەندیی چاودێرو شایەت بەسەر ئادەمیەوە، لەپاش ئەمانە ئینجا یەکەم تەمن و ئامۆژگاری بۆ ئەم میللەتە ئەمەیە کە کۆمەکی و یارمەتی داوا بکەن بە خۆگریی و نوێژ لەسەر هەڵسانیان بەو ئەرکە گەورەی کە خراوەتە سەر شانیان، وە بە ئامادەبوونیان بۆ فیداکاری بە گیان و بە ماڵ بۆ دامەزراندن و چەسپاندنی ئایین و بەرنامەکەی خوا لە دەروونی خۆیان و لە ژیانی خۆیان و مەردوم و جیهان ئەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە ﴿ٱسْتَعِينُوا۟

﴿ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ ﴾ کۆمەکی داوا بکەن بە خۆگری‌و بە نوێژکردن‌و ئەو دوو شتە بکەن بە یارمەتی دەری خۆتان لە هەڵسانتان بەو ئەرک‌و فەرمانانەی کە داواتان لێ کراوە‌و خراوەتە سەرشانتان.

فەرمان دان بە خۆگری‌و خۆگرتن لە زۆر شوێندا هاتووە لە قورئاندا، چونکە خوا ئەزانێ کە ئەرکی ڕاوەستان لەسەر ڕێگەی خوا بەڕێکی‌و بێ ئەم لاوئەولا، وە ئەرکی ڕاگیر کردن‌و پاراستن‌و چەسپاندنی ئایینی خوا زۆر گرانە‌و بەبێ ئەو خۆگری‌و دامەزراویە ناکرێ‌و ناڕوا بەڕێوە.. پێویستە خۆگری لەسەر بەجێهێنانی عیبادەت‌و گوێڕایەڵی فەرمان، وە خۆگری لە خۆگرتنەوە لە گوناە‌و تاوان، وە خۆگری لەسەر تێکۆشان‌و بەربەرەکانی دوژمنەکانی، وە خۆگری لەسەر پیلان‌و پڕوپاگەندە، وە خۆگری لەسەر درێژە کێشانی جەورو ستەم‌و بەڵا‌و ناڕەحەتی بەبێ دەروو لێ کردنەوەی خواو هاتن بە هاواڕەوە، وە خۆ گری لەسەر درێژە کێشانی ئازاوە‌و دوژمنایەتی سەخت‌و بەتین، وە خۆگری لەسەر کەشخە‌و شادمانی ناهەق، وە خۆگری لەسەر تەنیایی‌و کەمی یارمەتی دەر، وە خۆگری لەسەر کەللە بۆشی دوژمنە گومڕاکان، ئینجا کاتێ کاتێ کە ماوەی تێکۆشان زۆر درێژە بکێشێ‌و سزاو مەینەت سەخت بێت، خۆگری بێ هێزو لاواز ئەبێت، یان هەر نامێنێت، ئەگەر توێشوو یارمەتی دەرو دڵ بەهێزکەرێک نەبێت، جا لەبەرئەوە نوێژی کرد بە هاوسەر بۆ خۆگریەکە، چونکە نوێژ سەرچەشمەیەکی هەمیشەییەوشک ناکات، وەتوێشوویەکی دوایی نەهاتووە،سەرچەشمەیەکە کە هێزو وزە تازە ئەکاتەوە، وە خۆراک‌و توێشوویەکە کە دڵ تێر ئەکات، بەهۆی ئەوەوە خۆگریەکە بەهێز ئەبێت‌و دوایی نایەت، ئینجا بێجگە لەوانەش دڵپڕئەکات بە ڕەزامەندی‌و خۆشی‌و ئارام‌و دڵنیایی، بێگومان ئەم ئادەمیە کە دەسەڵات‌و توانای تا ڕادەیەکە‌و سنوورێکی هەیە، هەرکاتێ زۆری پێگەیشت، وە کاتێ هێزی شەڕی نهێنی‌و ئاشکرا بەرەنگاری وەستا، وە هەرکاتێ پێگیرا بەدەست هێزی ئارەزوواتی نەفس‌و خۆشی جیهانەوە، وە کاتێ باری جەورو ستەم قورس‌و گران بوو لەسەر شانی درێژەی کێشا، وە کاتێ بینی خۆی تابێت بەرە‌و کزی ئەڕوات، وە بەبێ بەرهەم‌و دەستکەوتێکی وا، وە هێزی شەڕی بینی تا بێت گەشە ئەکات‌و بافیش ئەکاتە خۆی، ئادەمی کاتێ دووچاری ئەم جۆرە

بەسەرهاتانە هات بە ناچاری پەنا ئەهێنی‌و ئەبێ پەیوەندی بکات بە خوای پەروەردگارەوە‌و کۆمەکی لێ داوا بکات، دە بێگومان نوێژ چاکترین‌و بەکەڵک ترین ڕێگەیە بۆ ئەو پەیوەندی‌و پەیوەستیە، جا لەبەرئەوە پێغەمبەر خۆشەویست (ﷺ) لەکاتی تەنگی‌و ناپەحەتی دا ئەیفەرموو: ئەی بیلال خۆشی‌و ڕەحەتیمان پێبدە بە نوێژکردن، بەم ڕەنگە بانگ‌و قامەتی بۆ بکات، وە هەرکاتێ کارو بەسەرهاتێکی ناخۆش ڕووی تێبکرایە پەلاماری نوێژی ئەدا‌و نوێژی زۆری ئەکرد.

ئەم ئایینە بەرنامەی خواپەرستیە، وە هەندێ لە سوودو بەرهەمی خواپەرستی ئەمەیە کە خۆراک‌و تونشووی ڕێگەیە، وە کۆمەکی‌و یارمەتی دەری ڕۆحە، وە پاک کردنەوەی دڵە لە هەموو تەم‌و خەمێک، خوای گەورە بە نوێژ پێغەمبەری گەورە کردووە، پەروەردەی کردو پێی گەیاندو ئامادەی کرد بۆ هەڵسانی بەو کارە گەورەیە، ئەوەبوو کە فەرمانی پێدا لەسەرەتاوە کە شەو هەر نوێژ بکات مەگەر بەشێکی کەمی.

نوێژی خواپەرستیەکە کە دڵ ئەکاتەوە، وە پەیوەستی بە خواوە بە هێزئەکات، وە ئەرکی سەرشان سووک ئەکات، وە ڕووناکی ئەخاتە دەروون، وە ئارام‌و خۆشی ئەخاتە دڵ، بەڵام ئەو نوێژەکەی کە نوێژی ڕاستەقینە بێت، جا لەبەرئەوە تەمێی بڕوادارانی کردو فەرمانی دا بەخۆگری‌و نوێژکردن تا بتوانن هەڵسن بە ئەرکی سەرشانیان‌و فەرمانەکانی خوا بە ئاسانی بەجێئەهێنن، ئینجا ئەم بەڵێنە گەورەیەشی پێدان ﴿إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ بەڕاست خوا لەسەر ئەم بارە خۆگرەکاندایە، لەگەڵیاندایە بە شێوەیەکی تایبەتی، یارمەتی ئەدا، دامەزراویان ئەکات، بەهێزیان ئەکات، دڵ ئارامیان ئەکات.

خۆگری‌و خۆگرتن خوو ڕەوشتێکی زۆر گەورەو گرنگەو زۆر پێویستە بۆ بڕواداران، جا لەبەرئەوە ئەوەندە بە گرنگ گیراوە لە قورئاندا، وە حەدیسی زۆر هاتووە لەشانی دا، بێگومان ڕێگەی بڕوادارانی ڕاستەقینە سەختەو چەند کۆسپ‌و گرێ‌و پلەی دێتە ڕێیان لە کاتی تێکۆشانیان بۆ بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی ئایینەکەیاندا.

کوشتن‌و بڕین‌و دەربەدەری‌و لەدەست چوونی دارایی‌و سامان‌و کەم‌و کوڕی بەرهەم، جا ئەوا قورئان ئەوانە ئەخاتە بەرچاوو مژدەیان پێئەدات لەسەر خۆگریان لەو بەسەرهاتانەدا،

لەیەکەم جارەوە ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَن يُقْتَلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتٌ﴾ ئەوانەی کەلە ڕێگەی خوادا ئەکوژرێن پێیان ئەڵێن: ئەوانە مردوون و بەمردوو ناویان مەبەن ﴿بَلْ أَحْيَاءٌ﴾ بەڵکو ئەوانە زیندوون ﴿وَلَٰكِن لَّا تَشْعُرُونَ﴾ بەڵام ئێوە هەست ناکەن بەزیندوویەکەیان.

ئەو خوا پێداوانە دروست نیە بە مردوویان دابنێین، وەک دروست نیە بە مردوویان ناو بەرین، ئەوەش بە شایەتی خواو بەپێی فەرموودەی خوا، بەڵێ ئەوانە لەبەرچاوو بە دیمەن و ڕووالەت کوژراون و مردوون، بەڵام ئەبێ بزانین زیندوویی و مردوویی هەر ئەوە نیە کە ئێمە ئەیزانین، وە بەسە بۆ هەموو بڕوادارێ کە خوا هەواڵ ئەدا بەمەی کە ئەوانە زیندوون، ئیتر با ئێمە تێنەگەین لە جۆری ئەو زیندوویە.

ئەوانە زیندوون بۆیە ناشۆررێن وەک مردووەکان، وەکفن ناکرێن وەک مردووەکان، بەڵکو ئەمان هەر بە پۆشاکەکەی خۆیانەوە ئەنێژرێن، ئەمانە زیندوون و پاکن پێویستیان بە شۆرین نیە، وە ئەمانە نەمردوون کەواتەپۆشاکەکەیان لەبەر داناکەنین. هێندێ لە زانایان ئەفەرموون: مەبەست زیندووی ڕۆحیە، وە هێندێ تر ئەفەرموون: مەبەست زیندوویی ناوبانگ و باسیان بە چاکەو کارکردنی کردەوەکەیان لە دڵی مەردوم دا، وە بێجگە لەم دوو ڕایە چەند ڕای تریش هەیە، بەڵام بەڕاستی هیچ پێویست نیە لادان لە دیمەن و ڕووالەتی ئایەتەکە، وە نابێ ئێمە هەموو شتێ ڕێک بکەین لەگەڵ باوو زانینی خۆماندا، چەند شتی نهێنی نەناسراوو نەزانراو لەم جیهان و بوونەوەردا هەیەو با ئەمەش یەکی بێت لەو شتە نهێنی و نەزانراوانە، ئەوانە زیندوون و کەس و کارە خواناسەکانیان بە زیندوویان دائەنێن لەبەرئەوە دڵ غەمگین و ناڕەحەت نابن بە کوشتنەکەیان، بەڵکو موژدە بەخش ئەبن پێی! ئینجا زیندوون و ڕیز لێ گیراون لای خوا، پاداشتی گەورەو تێرو تەواویان هەیە وەک لە چەند حەدیسی صەحیح دا هاتووە، بەڵام ئەو ڕێزو پاداشتە گەورەیە بۆ کێ ئەبێت و ئەو شەهیدانە کامەن؟ بێگومان ئەوانەن کە تەنها لەبەر خواو لە ڕێی خوادا ئەکوژرێن، وە بەبێ هیچ مەبەست و نیازی تر وەک ئەوەش ڕوون کراوەتەوە لەچەندحەدیسێکی صەحیحی تردابەجۆرێ هیچ تەم غوبارێکی بەسەرەوە نەماوە.

وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓا۟ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾

ئینجادیسان ئەڕوانامادەکردنی بڕوادارانو تەمێیان ئەکات کە چۆن بن لە کاتی ڕووداوو بەسەرهاتی سەختدا، وەچۆن وەری گرنوبچن بەپێشوازیەوە؟ ئەفەرموێ: ﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ ﴾ سوێن بەخوا تاقیتان ئەکەینەوەبە کەمێك لە ترسو ﴿وَٱلْجُوعِ﴾ برسێتیو قاتو قڕیو ﴿وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ ﴾وە کەم کردنەوەلەسامانومالات ﴿وَٱلْأَنفُسِ﴾ وەلەخۆتان بەکوشتنو مردنو نەخۆشی ﴿وَٱلثَّمَرَٰتِ ﴾ وە لەبەرهەمودەرامەتدابە ئاگرو ئافات، واتە ئەو جۆرە بەسەرهاتانەتان بەسەر دێنێن دەرکەوێ کامتان خۆگرن ﴿وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ وە مژدە بدە ئەی پێغەمبەر بەو خۆگرانە، بێگومان بڕوادران پێویستن بەو پەروەردەکردنو تای کردنەوە بۆ ئەوەی هەڵسن بە ئەرکی عەقیدەو بڕواکەیان، تا خۆشەیستو بە نرخ بن لە دڵیانو هەرگیز دەست بەرداری نەبن، چونکە هەر شتێ بەڕەنجو زەحمەت کەوێ لای خاوەنەکەی بەنرخ ترو بەڕێز تڕە، بەڵام هەر شتێ بە سووکو ئاسان دەست کەوێ، بە ئاسانیش دەست پێوە ئەنرێو دەست بەرداری ئەبێ، وە هەروەها هەرشتێ بە ڕەنجو زەحمەت دەست کەوێ لای مەردومی تریش بە نرخ دار سەیر ئەکرێو لەوانەیە ئەوانیش هەوڵی بۆ بدەن، وە بێجگە لەوەش ئەو جۆرە بەسەرهاتانە مەردوم پاڵفتەئەکەنو چڵکو چەپەڵی پێوە ناهێڵن، وە هەرکەس لەو تاقی کردنەوەدا چەپەڵیان پێوە نامێنێ. گرنگ تر لە هەموو شت ئەوەیە هەرکەس لەو تاقی کردنەوەدا دەرچێت فێری پەنا بردن بە خواو پشت بەستن بە خواو گەڕانەوە بۆ لای خوا ئەبێت، کە ئەوەش بەرزترین پلەیە بۆ بڕوادر، وەك دەرئەکەوێ لەمەی کەلە باسی ئەو خۆگرانەدا ئەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌ﴾ واتەئەوخۆگرانەکەکەسانێکن کاتێ بەڵا ونارەحەتیەکیان دووچار بوو ﴿قَالُوٓا۟﴾ ئەڵێن: ﴿إِنَّا لِلَّهِ﴾ بێگومان ئێمە بەندەو موڵکی خواو دروست کراوی خواین، ﴿وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ﴾ وە ئێمە هەر بۆلای ئەو ئەگەڕێینەوە لە ڕۆژی دواییدا، واتە هەرچی خوا بیکاو هەرچیمان بەسەربێنێ ڕاستەو مافی خۆیەتی، وە ئێمە ڕازین بە هەر بڕیارێکی خوا، وە ئێمە بڕوامان هەیە بە زیندوو بوونەوەو پاداشتو تۆڵەی خوا، وە ڕازین بە هەر پاداشتێ کە خوا بەڵێنی پێداوە، بێگومان مەبەست تەنها ووتنی ئەم وتەیە نیە، بەڵکو ئەبێت لە پێشەوە لەناخی دڵەوە هەڵقوڵێو زمان دەرخەری ئەوە بێت کە لە دڵ دایە،

أُولَٰئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ ﴿١٥٧﴾

ئەو کاتە شایانو شایستە ئەبێت بەم بەڵێنە گەورەبە کە ئەفەرموێ: ﴿أُولَٰئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ ۖ﴾ ئەوانەی کەلە کاتی بەسەرهاتی سەختو ناخۆش دا بەو جۆرەن کە باس کرا ئەوانە دائەبارێ بەسەریاندا لەلایەن پەروەردگاریانەوە چەند وەسفو سەناو لێ بوردنو میهرەبانیو بەزەیی ﴿وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ﴾ وە هەر ئەوانە رێنوماییان وەرگرتووەو رێیان بردووە بەهەقو پاستیو رێی پاست، ئەوانە کە بێ چەندو چوونو گیرو گرفت مل کەچ بوون بۆ خوای خۆیان، وە پازی بوون بە هەموو حوکمو بڕیارو فەرمانێکیو لاڵەو پانایان هەر بۆ لای ئەوە، ئەوانە شیاوو شایانی ئەو مزگێنیەبوون کە پێغەمبەر (ﷺ) پێی پاگەیاندن لەلایەن پەروەردگارەوە.

بەپاستی مزگێنیەکە ئێجگار گەورەو بەنرخە، هەموو بڕوادارێ پێویستە لەهەر بەسەرهاتو تەنگاوەو سەختیەك دا بیری لێ بکاتەوەو بیکات بە دەرمانی دەردیو تیماری زامی، مزگێنیەکە هەر زۆر گەورەیە، خەلیفەی دووەم -خوا لێی پازی بێ- وتەیەکی زۆر فەرموە دەربارەی: (نعم العدلان) زۆر چاکە هەردوو تای بارەکە، واتە سەڵاوات و پەحمەت، (نعم العلاوة) وە زۆر چاکە سەربارەکەش، واتە: ﴿وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ﴾، ئینجا پێویستە لەسەر تێکۆشەرانی پێی خوا لێرەدا بوەستنو بیرێك بکەنەوە لەمەی کە خوای گەورە ئەو هەموو بەڵاو بەسەر هاتە سەختەی خستەتایەکی تەرازووەکەو بەرامبەر ئەوە ئەم مزگێنیەی خستە ئەو تاکەکەی تری، ئیتر هەر ئەوەو هیچ بەڵێنی سەرکەوتنو زاڵ بوونو هیچ دەسکەوتێکی نەدا، چونکە خوا ویستی گەلی بڕوادار ئامادەو پەروەردە بکات بۆ کارێکی زۆر گەورە، گەورەتر لە خۆیانو لە ژیانیانو لە هەر خۆشیو شادمانیەکی ئەم جیهانو زەویە، ئەو کارە گەورەش بریتیە لە تێکۆشانو فیداکاری لە ڕێی ڕەزامەندی خواو چەسپاندنی ئایینو فەرمانی خوادا، جا لەبەرئەوە ویستی ئەو بڕوادارانە خۆیان ڕووت بکەنو دارنن لەهەر مەبەستو ئامانجو ئاواتێتر، وەلە هەر داخوازو ئارەزوویەکی تر، تەنانەت ئارەزوو سەرکەوتنی ئایینی خوا لەسەر دەستی ئەواندا، بەکورتی ویستی لێ ببڕێن تەنها بۆ گوێ ڕایەڵی ئایینو بانگەوازەکەی ئەو، بە ئومێدو چاوەڕوانی ڕەزامەندی ئەو بەبێ تێکەڵ کردنی هیچ شتێتر، ئینجا دوای ئەوە هەر سەرکەوتنو زاڵ بوونو دەسەڵاتی کە خوا نوسیبێتی، ئەوە هەمووی بۆ ئەو ئایینو بانگەوازەیە کە ئەوان هەڵیان گرتووەو گرتوویانەتە گەردن.

۞ إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ ۖ فَمَنْ حَجَّ ٱلْبَيْتَ أَوِ ٱعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا ۚ وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ ﴿١٥٨﴾

ئینجا لەم بیست ئایەتی داهاتووەدا ئەیەوێ ڕێك و پێك کردنی چەند یاسا و بنەڕەتێك کە بۆچوون و تێگەیشاتنێکی ڕاست و ڕەوای بڕوای لەسەر ڕاگیرەو دائەمەزرێ، لەگەڵ بەردەوامی لەسەر بەرەنگاری جوولەکەکانی مەدینە کە هەمیشە خەریك بوون و کۆتاییان نەئەهێنا لە بێئارام کردن و دوو دڵ کردنی مەردوم لەو یاسا و بنەڕەتە ئیسلامیانەدا، وە شاردنەوەو دان نەنان بەو هەق و ڕاستیەی کە ئاگادار بوون پێی، وە نیشان دانی هەق بە ناهەق و ناهەق بە هەق، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەو یاسا و بنەڕەتانە ڕێك و پێك ئەکاتەوە، نەك بە تایبەتی سەبارەت بە جوولەکە، جا لەبەرئەوە بەبۆنەی باسی ڕووگەوە کە تێپەڕی کرد یەکەم جار باسی سەفا و مەروە ئەکات کە نیشانەیەك بوو لە نیشانەکانی خواپەرستی و چەند باوێکی نەفامی تێکەڵ کرابوو، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ﴾ بەڕاستی سەفا و مەروەکە دوو شاخی بچکۆلەن لە پاڵی کەعبەدا، لە نیشانەکانی ئایینی خوان، واتە هات و چۆ لە بەینی ئەو دوو شاخەدا حەوت جار لە خواپەرستیە، لەبارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتەوە چەند ڕیوایەتێك هاتووە نزیك تریان لە دڵەوە ئەو ڕیوایەتەیە کە ئەفەرموێ: هێندێ لە موسڵمانان بەڕەوایان نەئەزانی گەڕان و چەرخە کردن لە بەینی سەفا و مەروەدا لەکاتی حەج و عەمرەدا، لەبەرئەوەی کە لەسەردەمی نەفامی دا ئەوەیان ئەکرد، وە لەو چەرخ و سەردەمەدا دوو بتیان دانابوو بەسەر ئەو دوو شاخەوە: (ئەساف) بەسەر سەفا و (نائیلە) بەسەر مەروەوە، بەهۆی ئەوەوە موسڵمانەکان پێیان ناخۆش بوو سەفا و مەروە کردن، وەك لەسەردەمی نەفامی دا ئەکرا.

(ئیمامی بوخاری) حەدیس ئەهێنێ لە (عاصمی کوڕی سولەیمان)ەوە کە ئەفەرموێ: پرسیارم کرد لە (ئەنەس) -خوا لێی ڕازی بێ- لە سەفا و مەروە، ئەویش فەرمووی: ئێمە لامان وابوو کە ئەوە لەباوی سەردەمی نەفامیە، لەبەرئەوە کە ئیسلام هات خۆمان لێ

گرتەوەو بە خراپمان دائەنا، ئینجا ئەم ئایەتەی هێنایە خوارەوە، وە هەروەها لەو کاتەدا مەککە بەدەست بت پەرستانەوەبوو، بەڵام هیچ دوور نیە هێندێ لە موسڵمانان بە یەکە یەکە بۆیان ڕێک کەوتبێ چوون بۆ حەجو عەمرە، وە ئەو موسڵمانانە خۆیان گرتبێتەوە لە سەفاو مەروە کردن، وە ئەو خۆ گرتنەوەش بەرهەمی ئەو پەروەردە کردنو گۆڕاندنە بوو کە ئیسلام بەسەری هێنان تا ئەو ڕادەیەببێزاری کردنو دووری خستنەوە لە هەر کاروبارێکی سەردەمی نەفامی، وە دەروونیان گرژ ئەبوو و دائەچڵەکا کەهەر کارو کردەوەیەک کە بۆنی باوی سەردەمی نەفامی لێ بهاتایە، وە مەترسیان ئەکرد کەلە ئیسلامدا قەدەغەبێت، وە لەڕاستی دا ئیسلام ئەوەیە، ئیسلام بریتیە لە خۆ داڕنینو دەرچوون بە تەواوی لە هەموو شتێکی نەفامی، وە هەر کارو کردەوەو باوێکی چەرخی نەفامی بکرێ ئەبێ لەسەر ڕاو فەرمانی ئیسلام بێت وە بەناوی ئیسلامەوە بێت، جا لەبەرئەوە ئیسلام هەر شتێکی سەردەمی نەفامی کە هێشتبێتیەوە پاکو خاوێنی کردووەتەوەو بچڕیویەتی لەوو پەیوەستی کردووە بە خۆیەوە، ئەو کاتە موسڵمان هەرکام لەوانەی بەجێبهێنایە لەبەر ئیسلامو بەناوی ئیسلامەوە بەجێی ئەهێنا، نەک لەبەرئەوە کەلەوەو بەر هەر باو بووە، بۆ وێنە ئەم سەفاو مەروە کردنە کە تێکەڵی بت پەرستی کرابوو لەبەردەمی دوو بت دا ئەکرا، ئیسلام پاکو خاوێنی کرد لە دروشمو نیشانەی بت پەرستیو پەیوەستی کرد بە خۆیەوە، ئیتر لەپاش ئەوە موسڵمان کە بەجێی ئەهێنێ لەبەرئەوەیە کە ئیسلام ڕەوای داوەو کردوویەتی بە نیشانەی خواپەرستیو ئیتر بیمو ترس نەما لە بەجێ هێنانی، چونکە کارو فەرمانەکە کارو فرمانێ تەرەو نیازەکە نیازێ تەرە، لەپاش ئیسلام بە جێئەهێنرێ لەبەرئەوەی خوا ئەفەرموێ: ﴿فَمَنْ حَجَّ ٱلْبَيْتَ أَوِ ٱعْتَمَرَ﴾ ئینجا هەرکەس نیازی حەجی مانّی خوای کرد یان نیازی عەمرەی کردو خەریک بوو پێیانەوە ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا﴾ هیچ گوناهو حەرەجێکی لەسەر نیە لەمەی کە گەڕانو هاتو چۆبکات لەبەینی ئەو دوو شاخەدا بەو جۆرو شێوەی کە زانراوو بەناوبانگە، واتە هیچ مەترسیەک نیە لە کردنی دا، لەبەرئەوەی کەلە چەرخی نەفامیدا کراوە، بەڵکو شتێکی ڕەوایەو شەرعیە، ئیتر ئایا سوننەت بێت، وەک ئەگێڕنەوە لە (ئیمامی ئەحمەد)ەوە

که (ئەنەس)و (ئیبن و عەباس)و (ئیبن و زوبەیر)یشە لەسەرە، یان واجیب بێت، وە (ئیمامی حەنەفی) لەسەرە، یان فەرزو پوکنە وەك (ئیمامی مالیك و شافیعی) ئەفەرموون ـ خوا لە هەموان ڕازی بێت ـ، وە هەروەها ئیسلام زۆربەی کردەوەکانی حەجی دان پیا ناو هێشتنیەوە، لە پاش پاك و خاوێن کردنیان لە هەر شتێك کە پەیوەندی بە بت پەرستیەوە هەبوو، وە پەیوەستی کردن و گێڕانی بە کردەوەیەکی ئیسلامی، بەناوی ئەوەی کەلەو نیشانانەن کە خوا داینان و (ئیبراهیم) فێری کردن، وەك بەدرێژیی باسیان دێت لەباسی حەجدا لە شوێنی تایبەتی خۆی دا، وە عەمرەش وەك حەج وایە بەس عەمرەکاتی تایبەتی بۆ دیاری نەکراوە و وەستانی عەرەفەشی نیە، ئینجا بۆ ئەوەی هیچ لەدل نەمێنێ بەرامبەر ئەو تەواف و گەڕانەوە، دەست نیشان ئەکات بەوەی کە کردەوەیەکی چاکەلە کۆتایی ئایەتەکەدا: ئەفەرموێ: ﴿وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا﴾ هەرکەس گوێڕایەڵی ئەکات بەچاکی، یان گوێڕایەڵی ئەکات بە کردنی کارێکی چاك ئیتر حەج یان عەمرەو سەفا و مەروە کردن یا هەر کردەوەیەکی چاك ﴿فَإِنَّ اللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا پاداشت دەرەوەیەکی زۆر زانا و ئاگایە، ئەزانێ بە هەر کردەوەو ئەندازەو چۆنێتی کردەوەکان، کەواتە هیچ شتێ زایە ناکات و پاداشتی تەواوی ئەداتەوە، واتە هەرکەس کردەوەیەکی چاك بکات بۆ خوا بێگومان خوا بەوە ڕازیە و خۆشەو پاداشتی لەسەر ئەداتەوە، بەڵام بە جۆرێ ئەفەرموێ بڕوادار شەرم ئەیگرێ و لە شەرمدا لەوانەیە نەتوانێ سەر بەرزبکاتەوە، چونکە ڕوالەتی ووتەی (شاکر)وا نیشان ئەدات کە خوا سوپاسی بەندەکەی ئەکات!! لە میهرەبانی و بەزەییە بێ سنووورەکەی بە زیاد بێت، ئینجا بەبۆنەی باسی سەفا و مەروەوە هێرشو هەڕەشەیەکی زۆر سەخت و سامناك ئاڕاستەی ئەوانە ئەکات کە ڕێنومایی و ئایەتە ڕوونەکانی خوا ئەشارنەوە کە ئەوانەش گەل و کۆمەڵی جوولەکە بوون کە بەدرێژیی لەم سورەتەدا باس کران، کەلەوەوە دەرئەکەوێ کە پیلان و نالەباریان لەبارەی ڕووگە و حەجەوە نەبووە و هەر بەوەوە نەوەستاون،

إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلْنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلْهُدَىٰ مِنۢ بَعْدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِى ٱلْكِتَٰبِ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ يَلْعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ ﴿١٥٩﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ وَأَصْلَحُوا۟ وَبَيَّنُوا۟ فَأُو۟لَٰٓئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنَا ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ كُفَّارٌ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ ٱللَّهِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿١٦١﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۖ لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ

ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلْنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلْهُدَىٰ﴾ بەڕاستی کەسانێ کە ئەو ئایەتە ڕوونانە ئەشارنەوە کە ئێمە ناردوومانتەوە خوارەوەو بەڵگەو نیشانەیەکی ئاشکران لەسەر حەق و ڕێی ڕاست، کە هەندێ لەوانە ئەو ئایەتانەیە کەلە (تەورات و ئینجیل)دا هاتوون لەبارەی ڕاستی پێغەمبەرێتی (محمد)ەوە، وە ئەو ڕێنموونیانە ئەشارنەوە کە ڕێی ڕاست نیشان ئەدەن و پێویست ئەکەن بەبڕوا هێنان و شوێن کەوتنی محمد، کە ئەوانەش ئەشارنەوە ﴿مِنۢ بَعْدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِى ٱلْكِتَٰبِ ۙ﴾ لەپاش ئەوەی کە بەڕوونی ئێمە باسمان کردووە بۆ ئادەمی لەنامەی خۆماندا، ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ يَلْعَنُهُمُ ٱللَّهُ﴾ ئەو کەسانەی کە ئەوە ئەکەم خوا دەریان ئەکات لە میهرەبانی خۆی و نەفرینیان لێ ئەکات ﴿وَيَلْعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ﴾ وە نەفرینیان لێ ئەکەن نەفرین کەرانی مەلائیکەو ئادەمی و جنۆکە، واتە داوای نەفرینی خوایان بۆ ئەکەن، یا دوور ئەکەونەوە لێیان و خەشم و بێزاری دەر ئەبڕن لێیان و یەخەیان لێ هەڵئەتەکێنن، ئەم ئایەتە هەرچەند هاتە خوارەوە سەبارەت بە زانایانی نامەدار بە تایبەتی جوولەکە کەباسی ئیسلام و پێغەمبەریان شاردەوە کە بەڕوونی لە (تەورات و ئینجیل)دا باسی کرابوو، هەرچەند لەبارەی ئەوانەوە هاتە خوارەوە، بەڵام تایبەتی نیە بەوانەوە، بەڵکو گشتیە بۆ هەر کەس لە هەر شوێن و لە هەر شەرخێ کەلە دەستی قەسد هەر هەقێ بشارێتەوە کەلە لایەن خواوە هاتبێ، یا پێچی تێ بخات و بای بدا بە بارێکی ناڕاست و ناڕەوادا لەبەر هەر مەبەست و دەست کەوتێك لەم جیهانەدا، بە تایبەتی ئەگەر پرسیاری لێ بکرێ و ڕێی ببێ ڕاستەکە دەربخات، وە بێگومان خوا ئاگاو زانایە بە هەموو شتێ و هیچ کەس هیچ فڕو فێڵی بۆ ناکرێ، خوای میهرەبان هەموو کات قاپیە پان و فراوانەکەی لەسەر پشتە بۆ هەرکەسێ کەلە کاتی خۆی دا بگەڕێتەوە، لەبەرئەوە سەبارەت بەو تاوانبارانەش ئەفەرموێ: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟﴾ بێجگە لە

کەسانێ کە پەشیمان بوونەوەو گەڕانەوە لەوەی کە کردیان ﴿وَأَصْلَحُوا﴾ وە ئەوەی کە تێکیان داوە چاکی ئەکەنەوە، بەم ڕەنگە هەرچیان دەست کاری کردووە وەک خۆی لێ بکەنەوە بەو جۆرەی کە خوا ڕازیە، وە هەرکەسێکیان لە ڕێگە ترازاندووە بیهێننەوە سەر ڕێی ڕاست، ﴿وَبَيَّنُوا﴾ وە بەڕوونی ئەوەی کە خوا ناردیو مەبەستە لای باسی بکەنو دەری بخەن، یان بە ڕوونیو بەبێ پێچو پەنا باسی کردەوەو بەسەرهاتی خۆیان بکەن کە بەو جۆرە ئەو تاوانەیان کردو ئێستا پەشیمانن و پێچەوانەی ئەوەی پێشوو ئەجوڵێنەوە، وە هەروەها هەرکەس بە هەر بیروباوەڕێک سەر تێک بدا لە مەردوم ئەبێ بەو جۆرە تۆبە بکات ئەگینا خوا لێی وەرناگرێ، ﴿فَأُولَٰئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ﴾ ئینجا ئەوانەی کە بەو جۆرە ئەگەڕێنەوە، تۆبەو گەڕانەوەکەیان لێ وەرئەگرم، ﴿وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾ وە هەر من زۆر تۆبە وەرگری میهرەبانو بەزەیی دارم. ئەوانەی کە بەو جۆرە ئەگەڕێنەوە لە جیهاندا پێش ئەوەی بگەنە کاتی نائومێدیی لە ژیان خوا تۆبەیان وەرئەگرێو تاوانەکەیان ئەسڕێتەوە، بەڵام ئەوانە کەهەر سوورن لەسەر تاوانو بێبڕوایی و ناگەڕێنەوە تا مردن، ئەوانە بەم جۆرەن کە ئەم ئایەتە سامناکە ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بەڕاستی کەسانێ کەلە جیهاندا بێبڕوا بوون ﴿وَمَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ﴾ وە مردن لە کاتێکدا کە بێبڕوا بوون، واتە لە جیهاندا بێبڕوا بوونو بەبێ بڕوایش مردن ﴿أُولَٰئِكَ﴾ ئامۆژگاری ئەوانە ﴿عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾ بە هەمیشەیی جێگیرو دامەزراوە بەسەریانەوە نەفرینی مەلائیکەو ئادەمی، هەموو پێکەوە ﴿خَالِدِينَ فِيهَا﴾ لەکاتێکدا ئەمێننەوە لەو نەفرینەدا بەبێبڕانەوە، مەبەست بە نەفرینی ئادەمی نەفرینە لەلایەن بڕوادارانەوە یان لەلایەن بێبڕواکانیشەوە کەلە ڕۆژی دوایی دا لەناو خۆیاندا نەفرین ئەکەن لەیەکتر، خوا پەنامان بدات لەو بەد بەختیە.

ئەو سیاچارانە لە جیهاندا بەویستو خواهیشی خۆیان قاپی بەزەیی خوایان لە خۆیان داخست، وە ئەو هەڵو هەڵکەوتەی کەلەم ژیانی جیهانەدا پێیان درابوو لە دەست خۆیان دەرکرد، ماوەکەیان دوایی هاتو ئەوان هەر سوور بوون لەسەر بێبڕوایی و هەر نەگەڕانەوە، لەبەرئەوە دووچاری ئەوە ئەبنو ﴿لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ﴾ سووک ناکرێ لەسەریان سزاکەیان، سزای ئەو نەفرینو دەرکردنو بەش بڕاوی لە هەموو خێرو خۆشیو بەزەییەک، یان سزای ئاگری دۆزەخ کە سەرەنجامی ئەو نەفرینی خوایە، بە هەرکام مەبەست بێت سزاکە سەخت ترین سزایەکە کە دووچاری ئەبن،

وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴿١٦٤﴾ وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۖ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾ إِنَّ فِي خَلْقِ
السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا
أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن مَّاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ

﴿وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ﴾ وە بە هیچ ڕەنگ مۆڵەت نادرێن‌و دواناخرێن لێی یان سەرنج نادرێن‌و تەماشا ناکرێن بە شێوەیەکی بەزەیی‌و میهرەبانی.

ئینجا دێتە سەر باسی تاک‌و تەنیایی خوا کە یەکەم بنەڕەتی گەورە‌و سەرەکیە بۆ بڕوا‌و هەموو بۆچوونی کەلە بڕوا پەیدا ئەبێ‌و هەر کردوەیەک کە بەرهەم‌و سەرەنجامی بڕوایە، وە هەروەها تەو تاک‌و تەنیاییە تاقانە بنەڕەتیکە کە ئەم بوون‌و بوونەوەرەی لێ فەراهەم هاتووە‌و لەسەری ڕاگیرە.

هیچ گومان‌و دوو دڵیەک نەبووە لەبارەی بڕوا بەبوونی خوا، وە هەرگیز سروشت‌و ژیریی ئەو شتە ڕاستەی لە بیر نەچووە‌و زانیویەتی کە ئەبێ خوایەک ببێ‌و بڕوا بەوە شتێکی پێویستە‌و ناچاری ئەو بڕوایە خۆی ئەچەسپێنێ لە دەروونداً، سروشت‌و ژیریی ئەو شتە ڕاست‌و ڕەوا‌و ئاشکرایەی لە بیرنەچوو، تەنها لەم چەرخ‌و ڕۆژی دواییەدا نەبێ کە تاقمێکی سەرگەردانی سەر لێ شێواو پەیدا بوون کە پچڕاون‌و دوور کەوتوونەتەوە لە سروشت‌و ژیریی، دان نانێن بەبوونی خواداو ئەڵێن نیە!! وە ئەم تاقمە تاقمێکی بێزراوی بێ سەرو پێی بێبنەڕەتن‌و ڕەگ‌و ڕیشەیان ناچێ بەناو ئەو بوون‌و بوونەوەرەدا، جا لەبەرئەوە بێگومان پاشەڕۆژو چارەنووسی ئەم تاقمە هەر نەمان‌و وشک بوون‌و داڕزانە لەناو ئەم جیهان‌و بوونەوەرەدا، ئەم جیهان‌و بوونەوەرە هەرگیز ڕێ نادەن بەمانەوەی ئەو تاقمە، وە سروشتیان دڕۆ پێچەوانەی مانەوەیانە، بەڵێ بێجگە لەمانەی دوایی هەموو کەس بڕوای بووە بەبوونی خوایەک، بەڵام بۆچوون‌و تێگەیشتن جیاواز بووە لەبارەی ئەو خوایە‌و سیفەت‌و نیشانەکانی‌و پەیوەندی بە دروست کراوەکانیەوە‌و پەیوەندی ئەمان بەو خوایەوە، جا لەبەرئەوە قورئان باس‌و قسە لە نەبوونی ناکات، چونکە لە ڕووی ڕاستی دا بوونی خوا جێگەی سەر لێ کردنەوە‌و لێکۆڵینەوە نیە، وە قسە لەنەبوونی جێی نابێتەوە لەناو قساندا،

بەڵکو قورئان هەمیشە باسی تاک‌و تەنیایی خواو سیفەتەکانی تری ئەکات، وە هەموو بۆچوون‌و تێگەیشتنە ناڕاست‌و ناڕەواکان ڕاست ئەکاتەوە، وەک لێرەدا ئەفەرموێ: ﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ﴾ خواو پەرستراوی ڕاستەقینەی ئێوە تەنها یەک خواو پەرستراوە ﴿لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە، وە هیچ شیاوو شایانی پەرستن نیە بێجگە لەو خوای تاک‌و تەنیا ﴿الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ﴾ کە میهرەبان‌و بەخشندەو بەزەیی دارە بەبێ سنوور، وەلەبەر ئەم دووسیفەتەوەلەسەرینەڕەتی ئەم دوانەهەموویاساوڕێزم‌و بەرنامەکەی خوا هاتووەوبەرپابووە.

هەرکات‌و ئەم تاک‌و تەنیاییە دامەزراو جێگیر بوو لە دەروونداو، ئەو کاتە مەردوم بەندەیی‌و گوێڕایەڵی هەر بۆ یەک کەس ئەکات، وە لەیەک لابنەڕەت‌و یاسای ڕەوشت‌و کردەوە وەرئەگرێ، وە لەیەک سەرچاوە بنەڕەت ئەهێنێ بۆ هەموو یاسا‌و قانوونێکی، وە بەیەک بەرنامە کاروباری ژیانی ئەڕوا بەڕێوە، جا لەبەر زۆر گەورەیی‌و گرنگی ئەم تاک‌و تەنیاییە قورئان ئەو هەموو جارە باسی ئەکات‌و ئەیەوێ بڕوای بەندەکانی خوا بەهێز بکات پێی، بەهێنانی ئەو هەموو بەڵگە‌و نیشانە ڕوونانە لەسەری وەک لێرەدا بەڵگە ئەهێنێتەوە لەسەری بەدروست کردنی ئاسمانەکان‌و زەوی‌و گۆڕانی شەو‌و ڕۆژو گەڕانی کەشتی لەدەریاکانداو باراندنی باران بەو هەموو خێرو بێرەیەوە، وە گۆڕاندنی با هەردەمە بەبارێکداو هێنانی هەور ژێر بار کردنی لەو جێگەی تایبەتی خۆیەدا، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ بەڕاستی لەدروست کردنی ئاسمانەکان‌و زەوی‌و ﴿وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ﴾ وە لە گۆڕانی شەو‌و ڕۆژو هاتنیان لە دوای یەکداۆ جیاوازیان لە تاریکی‌و ڕووناکی‌و زیادو کەم کردنیان‌و ﴿وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ﴾ وە کەشتیدا کە ئەگەڕێ لەدەریادا ﴿بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ﴾ بە شتێکەوە کە سوود ئەگەیەنێ بە ئادەمی، وەک ئەو هەموو شت‌و مەکەی کە ئەیهێنێ‌و ئەیبا لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ﴿وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن مَّاءٍ﴾ وە لەو ئاوو بارانەی کە خوا هێنایە خوارەوە لە ئاسمان‌و لای سەرەوە ﴿فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا﴾ ئینجا بەو ئاوە زەوی زیندوو کرایەوە بە ژیاندنەوەی ئەو هەموو هێزو وزەیەو پواندنی ئەو هەموو ڕووەک‌و سەوزەیە ﴿وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ﴾ وە بە زۆر پڕژو بڵاوی کردووەتەوە لەزەوی دا لە هەر جۆرە گیان لەبەرێک کە ئەگەڕێ بەسەر زەویدا،

وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلْمُسَخَّرِ بَيْنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ لَأَيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿١٦٤﴾

﴿وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ﴾ وه له گۆڕاندنی ئەو بایانه له هەڵکردن و پووکردنیان بۆ ئەو لاو ئەو لا، لەسەر چەند بارو شێوەی جیاواز، ﴿وَٱلسَّحَابِ ٱلْمُسَخَّرِ بَيْنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾ وه لەو هەورەی که زۆر بارکراوه و پاگیر کراوه له بەینی ئاسمان و زەوی دا ﴿لَأَيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ لەهەرکام و له ئەوانەدا چەند بەڵگەو نیشانەی پوون هەیه بۆ هەر گەل و کۆمەڵێک که زیرن و بیر ئەکەنەوه.

خوای گەورەو میهرەبان لەم ئایەتەدا هەشت جۆر لەدروست کراوەکانی خۆی باس کردو سەرنجی هەموو زیرێکی پاکێشا بۆ چەند بەڵگەو نیشانەی پوون و ئاشکرا کەلەمانەدا هەن که هەرکام لەمانە چ جای هەموو هەتا جیهان بەرەو پێشکەوتن بڕواو زانایانی جیهان پلەو پایەیان بەرزتر بێتەوه له زانین و زانیاری دا گرنگی و نایابی ئەمانە ئاشکرا تر ئەبێت و چەندەها شتی سەرسوڕهێنەریان لێ دەرئەکەوێ که مایەی بەهێزی و دامەزراوی بڕوان به خوای پەروەردگاری تاک و تەنیای میهرەبانی بەزەیی دار.

سەیرتر له هەموو شت ئەوەیه که ئەم حەوت بەڵگەیه لەم ئایەتەدا، وه هەروەها هەموو بەڵگەکانی تری قورئان پێویست نین به لێکۆڵینەوەو بیر لێ کردنەوەی زۆر، بەڵکو هەر دیمەن و پوالەتەکەیان بەسه، با به شێوەیەکی سادەش بێت و بێ ئەوەی قوول بۆی داچین، جالەبەرئەوەئەم بەڵگه قورئانیانه بۆ هەموو جۆرە کەسێک دەست ئەدەن، مەگەر کەسێک که به تەواوی چاوودڵی کوێربێت وسمەسایان لێ بڕابێت، ئەم بەڵگه قورئانیانه بەسه بۆ هەرکەسێ ئیتر خوێندەوار بن یان نە؟ زیرەک بن یان نە؟ لەئاوەدانی دا گەورە بووبن یان نا؟ هەرچەند شتەکه وایه، بەڵام چاک وایه که هەریەک بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوەیان تیا بکەین بەپیز:

١- ئاسمانەکان: نازانین لە چ بارێکەوه قسه بکەین؟ ئایا لەباری گەورەیی و پانی و فراوانیەوه، یا لەباری مانگ و پۆژو کۆمەڵەی خۆرو ئەستێرەکانی و پرژو بڵاو بوونەوەیان و شێوەو دیمەنی دڵ پفێنیان، کە هەرکام لەوانە شێوەو گەردش و خولانەوەو جێ و شوێن و پێگەو هەڵهاتن و ئابوونێکی تایبەتی هەیه، به پژێمێکی تێرو تەواوو بەبێ دواو بەر، یا لەباری پێکی و گونجاوی و پەیوەستی نێوانی ئەو ئەستێرانەی کە کۆمەڵ کۆمەڵ لێ وەستاونەتەوه، وه لەگەڵ زۆر دوورییشیان لە یەکترەوه پەیوەندی و پەیوەستیان ناپچڕێ و هەر ماونەوه بەدرێژایی ئەو هەموو

چەرخ و کاتەی کە تێپەڕێ کردووە بەسەریانداو هەر خوا ئەزانێ چەندە دوورو درێژن!!
بۆ وێنە: تەرازوو کۆو حەوتەوانەکان و عەقرەب...هتد، هەرکام لەمانە پێك هاتووە لە چەند ئەستێرەیەك، کەچی لەگەڵ ئەو جیاوازی و دووریە پێکەوە ئەگەڕێن و هەڵدێن و ئاوا ئەبن!!

بەڕاستی ئەم ئەندازە بیرکردنەوەیە لەم شتانە کەوا بە بەرچاوەوە بەسە بۆ هەرکەسێ کە چاوی و دڵی سەمەسای لێ نەبڕابێ وهێزی ژیریی لەکار نەکەوتبێ. بەسە بۆ ئەوەی دڵ پڕببێ لەبڕوا بەو دەستە قودرەتە لێزان و بەدەسەلاّت و کارزان و کاردروستەی کە ئەمانە ئەکات.

٢- زەوی: ئەم زەویە گەورەو فراوانە کە بەسە بۆ مردووو زیندووی هەموو گیان لەبەرەکانی و لەشی هەمووی بەو هەموو جۆرجۆری و جیاوازیانەوە پێك هاتووە لە کەرەسەکانی ئەم دایکە گەورەیەو بە خۆراك و پێ بژێوی ئەم ژیان و گەشەئەکەن و پەرە ئەسێنن.

ئەم زەیە کە پێك هاتووە لەو هەموو بەش و پارچە جۆر بە جۆرەو بەو هەموو ڕێکی و ڕێك کەوتن و گونجاوی و یەك گرتن و کۆمەکی و قۆڵگیریەی کە دامەزراوە لە نێوان ئەو بەش و پارچانەدا. ئەم زەویە کە ئەم هەموو هێزو وزەو پێویستیانەی ژیانی تیایە، بەبێ دامان و پەك کەوتن، وە ئەو هەموو درەخت و سەوزەو ڕووەکە لە سکی دێنە دەرەوە، بەردارو بێ بەر بەو هەموو جیاوازیە لە تامو بۆن و ڕەنگ و شێوەو قەبارەدا لەگەڵ ئەوەدا هەر لەم زەویە دەردێن و بە ئاوێك ئاو ئەدرێن!!

بەڕاستی نازانین بیر لە کوێی بکەینەوەو لە چ بارێکی بدوێین کە ئەوانەش کە دەست نیشانمان بۆ کردن بەشێکی کەم بوو لەدیوی دەرێ و لەوەی کەول بە پێش چاوە، وە بەڕاستی زۆر جێگەی سەرسوڕمانە هەرکەس ئەم بەڵگە ئاشکرایانە دڵی پاراو نەکاتەوەو تێر ئاوی نەکات بە ئاوی ساف و بێگەردی بڕوا بە خوای تاك و تەنیای میهرەبانی بەزەیی دار!!

٣- گۆڕان وبەدواهاتنی شەو ڕۆژ: بەڕاستی ئەمەش شتێکی زۆرنایابی سەرسووڕهێنەرە، بەڵام بەهۆی دەق پێوەگرتن و زۆر بینینەوە مەردوم بێ ئاگائەبێت لێی، بەڵام کە قورئان جار بەجارێ وریامان ئەکاتەوەو سەرنجمان ڕائەکێشێ بۆی لەبەرچاو تەڕو تازە ئەبێتەوەو سەرسووڕئەمێنێ لەکرداری بێ وێنەی خوا، بیر ئەکەینەوە کە هەمیشە ئەو دوانە دێن بەدوای یەك داو بەناو یەکدا بە ڕژێمو یاسایەکی ڕێك و پێکی نەگۆڕاو، تاریکی دێت و ڕووناکی بەدوای ئەڕوات، شەبەق دێت و بەرەبەرە بۆ ئاوا بوون ئەڕوا تا

ئەوا ئەبێت، وە ئەم دووانە جیاوازیان هەیە لەماوەو درێژی‌و کورتی دا بەپێی جیاوازی ولأت‌و ناوچەکان‌و وەرزەکان کە ئەوەش سوودو بەرژەوەندی مەردومی تیایە‌و یەکێکە لە پێویستیەکانی ژیان، دەی ئایا کێ ئەو ئالّو گۆڕو جیاوازیە فەراهەم ئەهێنێ بەو یاسا و ڕژێمە ڕاست‌و نەگۆڕاوەوە؟!

بەڕاستی هەرکەسێ ڕێزی خۆی بە لاوە بێت، ئەبێ هەر بلّێ: خوای تاك‌و تەنیای میهرەبانی بەزەیی دار، وە ئەبێ خۆی لەدەروونی خۆیشی دا تەریق بێتەوە‌و شەرم بیگرێ لەوەی غەیری خوای بەدل دا بێت.

٤- ئەو کەشتیانەی کە ئەگەڕێن لەناو دەریاکان دا: بەو هەموو زەلامو باری زۆر قورس‌و گرانەوە، بەبێ ئەوەی نوقم بێن‌و بنیشن، دەی ئایا بێجگە لە خوای تاك‌و تەنیای میهرەبان کێ ئەو کارە گرنگەی فەراهەم هێناوە‌و ئەیبا بەڕێوە؟ بێگومان ناشکرایە کە ئەو کارە گرنگە چەند هۆو یاسایەکی هەیە بەبێ ئەوانە ئەو کارە ناگونجێ، دەی ئایا کێ ئەو هەموو هۆو یاسایەی داهێنا لەم بوونەوەردا بێجگە لە خوا؟

٥- ئەو بارانەی کە لای سەرەوە دێتە خوارەوە: بەو هەموو پیت‌و وزەیەوە، خوای میهرەبان وەك لە چەند ئایەتدا دەست نیشانی بۆ ئەکات، گەرمی ئەهێنێ‌و زالّی ئەکات تا لەزەوی‌و دەریاکان هەلّم‌و تەم پێك بێت، ئینجا با ئێرێ ئەو هەلّم‌و تەمە هەلّگرێ‌و بەرزی بکاتەوە‌و کۆی بکاتەوە‌و تەپەی بدا تا ئەیگێڕێ بەو هەورەی کەوا بەبەرچاوەوە، ئینجا ئەی بارێنێتەوە بۆ سەر زەوی، ئینجا بەو بارانە ئەو زەویە وشك‌و مردووە ئەژیەنێتەوە‌و زیندووی ئەکاتەوە بەو هەموو گیا‌و سەوزەو ڕووەکە، وە هەروەها بەهۆی ئەو ئاوە چەند گیان لەبەر لەم زەویەدا ئەژیەتەوە‌و گیانی ئەچێ بە بەردا، بێجگە لەوەی کە ئەو سەوزەو ڕووەکانە هۆی ژیان‌و گوزەرانی گیان لەبەرانی ئەم زەویەن، دەی ئایا لەو ئاوە چۆن ئەم گیایانە پەیدا بوون؟ وە ئایا گیانە چیە‌و لەکوێ هات؟ ئەگەر بلّێین: شاراوە بوو لەو دانە‌و ناوکە‌و کەرەسانەدا، دەی ئایا لە کوێرە هات‌و خۆی داشارد لە تاو ئەوانەدا؟ ئایا لە چی پەیدا بوو؟ یەکەم سەرچاوەی چیە؟ بە ڕاستی ئەم پرسیارانە خۆیان ئەچەسپێنن لەناو سروشت‌و ژیریی داو بەرگری ناکرێن‌و خۆشاردنەوە‌و ڕاکردن لێیان نابێ‌و ناگونجێ.

بێبڕواو بێ ئایینەکان زۆریان هەوڵدا خۆیان بشارنەوە‌و خۆیان هەلّە‌و بێ ئاگا بکەن لەم پرسیارانە کە هیچ وەلأم نادرێنەوە، مەگەر بەدان نان بەبوونی پەروەردگارێکی توانا و

دەسەلات دار بەسەر بەخشینی گیان بەو گیانانە، وە زۆریان هەوڵدا کەوا ببەنە مێشکی مەردومەوە کە وان بەڕێوە بۆ داهێنانو دروست کردنی گیان، بەبێ پێویست بەبوونی خوا، کەچی لەپاش دا هەر لەو وڵاتی بێ ئایینو بێبڕوادا نائومێد بوونو وازیان لەو هەوڵو تەقەلا هێناو ناچاربوون دانیان نا بەوەی کە پێیان ناخۆشەو بێبڕواییەکەیان لە ڕیشە ئەهێنێ... دانیان نا بەوەی کە بەهیچ ڕەنگ ناگونجێ دروست کردنو داهێنانی گیان! وە بەرزترین زانای پوس ئەوە ئەڵێتو بەباشی دانی پیا ئەنێ! وە لە پێش ئەمانەوە داروین وبستی بە فێڵو تەڵەکە خۆی داشارێ لەو پرسیارانە!

٦- گۆڕاندنی باو گێڕانی بە چەند بەش لە هەڵکردنو ڕووکردن دا: بەڵێ بە ڕاستی ئەمەش یەکێکە لە شتە نایابەکانی ئەم جیهانەو ژیان بەستراوە پێیەوە، وە لەڕووی ڕاستیش کەس نازانێ با لەبەرچی هەڵئەکاتو بەمۆی چی ئاوا جۆر بەجۆرو جیاوازە، کەواتە هەرکەسێ ژێر تێگەیشتوو بێت بەبیر لێ کردنەوەی بڕوای بەهێزتر ئەبێتو ئەیکات بە نیشانەو بەڵگەیەکی ڕوون لەسەر تاکو تەنیایی خواو میهرەبانیو بەزەیی بێ سنووری.

٧- ئەو هەورە ژیر بارکراوە لەو شوێنە تایبەتی یانەدا: بەڵێ بەڕاستی فەراهەم هێنانی ئەم هەورە کە ژیانی ئەم جیهانەی پێوە بەستراوەو ژێربارکردنی لەو ڕادەو جێگەتایبەتیەدا، هەر تەنها ئەوە بەڵگەو نیشانەیەکی ڕوونە لەسەر ئەو دەستە قودرەتە بێ هاوتایەی کە ئەوەی کرد، ئیتر بێجگە لەو هەموو بەسەرهاتو گۆڕانەی کە بەسەری دێت، لە ڕەنگو دیمەنو تەنکیو ئەستووریو هێندێ جار گول گول لێی ئەوەستێتەوەو هێندێ جار پارچەی گەورە گەورە ئەڵێی چەند شاخو چیایەکن، وە بێجگە لەوەی کە وبستی ببارێنێ ئیتر بە بارانی یا بە بەفرو تەرزە، ئەیبارێنێ بە ڕژێمو یاسایەکی سەرسوڕهێنەر!! بەڵێ بەڕاستی ئەمانەی کە لەم ئایەتەدا سەرنجی بۆ ڕاکێشان، هەرکام لەمانە هەر بەم شێوە سادەش کە باسیان لێ کرا چەند بەڵگەو نیشانەی ڕوونیان تیایە، بۆ هەرکەس کە ژیر بێت، لەسەر تاکو تەنیایی خوای میهرەبانی بەزەیی دار کە ئەو هەموو شتەی دروست کردو ڕێکو پێکو گونجاوی کردن بۆ ژیانو بەرژەوەندی ئەم ئادەمی یە، کەواتە ئەبوایە هەموو ئادەمی بە یەک جار چاو لەبەر بوایەو کەمەری بەندەیی ببەستایە هەر ئەوی بپەرستایە وهیچ کەسو هیچ شتێکی نەکردایە بە هاوبەشو وێنەی، کەچی لەگەڵ ئەوەدا،

وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۗ وَلَوْ يَرَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ إِذْ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ أَنَّ ٱلْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا وَأَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعَذَابِ ﴿١٦٥﴾ إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُوا۟ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟ وَرَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ ﴿١٦٦﴾

وه لەگەڵ ئەم هەموو تەمێ و ئاموژگاریەدا زۆر لە ئادەمی بەم جۆرەیە کە ئەفەرموێ: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ﴾ لەناوئادەمیدا ﴿مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا﴾ هینی وا هەیە کە چەند هاوبەشو وێنە یەک پەرواو بڕیار ئەدات بۆ خوا، لە کاتێکدا تێپەڕ ئەکات لە خوای تاکو تەنیاو پەرستنی بە تەنیا، ئەو وێنەیانە پەرەن ئەدەن ﴿يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ﴾ لە کاتێکدا خۆشیان ئەوێن وەک خۆشویستنیان بۆ خوا، واتە یەکسانیان ئەکەن لەگەڵ خوادا لە مەیلی دڵو ڕێز گرتنو گوێ ڕایەڵی دا، ئیتر ئەو وێنەیانە دارو بەرد یا مانگو ڕۆژو ئەستێرە، یا مەلائیکەو شەیتانو جنۆکەن، وەک لەو کاتەدا کە ئەم ئایەتە هات ئەو جۆرە باوبووە، یا هەر شتێترو هەرکەسێو هەر نیشانەو دروشمێ تر... پەوا دانی هەرکام لەوانە لادانە لەباوەڕ بە تەنیایی خواو بت پەرستیو هاوبەشی پەوادانە بەنهێنی یان بە ئاشکرا، ئەگەر لەگەڵ خوادا باس بکرێن یان لە خۆشەویستی دڵدا یەکسان بکرێن، ئینجا ئەگەر خۆشەویستی خوا لە دڵدا نەهێڵرێو هەر وێنەو هاوبەشەکان بکرێن بە خۆشەویستو ڕێزگیراوی دڵو گوێڕایەڵی کراو - بێگومان ئەوەش بە زۆری هەیەو ئەبینرێ - خوا پەنامان بدات، ئەگەر هەرکەس بەو جۆرەبێت ئەبێ حاڵی چۆن بێت، وە گەورەیی تاوانەکەی لە چ پادەیەک دا بێت، وە پلەی نەزانیو نەفامیەکەی چۆن بێت؟! خوا پەنامان بدات لە هەموو جۆرە نەفامیو نەزانی یەک.

نەفامو هاوبەش ڕەوا دەر بەو جۆرە بوون کەباس کران، بەڵام ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێناوەو بڕوادارن بە تین ترن لەبارەی خۆشەویستیان بۆ خوا، لەهەر

خۆشەویستیەك كە بیان بێت بۆ هەر شتێك بە جۆرێ هیچ خۆشەویستیەكی تر هاوكێشو هاوتای ناكات، بەراورد ناكرێ لەگەڵ خۆشەویستیان بۆ خوا، داواكارین لە خوای میهرەبان خۆشەویستی خۆی لە دڵماندا بەهێزترو دامەزراوتر بكات، بەتین تری بكات لە هەر خۆشەویستیەكی تر ــ آمین ــ، ئینجا بەشێ لە سزاو بەسەرهاتی پۆژی دوایی ئەو بت پەرستانە باس ئەكات، ئەفەرموێ: ﴿وَلَوْ يَرَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ﴾[1] ئەوانەی كە جەورو ستەمیان كرد بەرەوادانی ئەو هاوبەشو وێنەیانە، ئەگەر ئەزانن ﴿إِذْ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ﴾ لەو كاتەدا كە سزای پۆژی دوایی ئەبینن ئەو سزایە ئامادەكراوە بۆیان، ئەگەر ئەزانن لەوكاتەدا ﴿أَنَّ ٱلْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا﴾ كە هەموو هێزو دەسەڵات هەر بۆ خوایە، وە ئەزانن كە ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعَذَابِ﴾ خوا تۆڵەو سزای زۆر بەتینە، لەو كاتەدا كە ئەوە ئەزانن و بۆیان دەرئەكەوێ كە بتەكانیان هیچ نەبوون، پەشیمانی و داخ و خەفەت و ناپەحەتیەكی وا داگیریان ئەكات كە باسی نارکێ و باس كردن پیایا ناگات، یان ئەگەر ئەو ستەمكارانە لە كاتی بینینی سزای پۆژی دوایی دا ئەزانن كە بتەكانیان هیچ سوودیان نیە، لەو كاتەدا ئەزانن كە هەموو هێزو توانا هەر بۆ خوایە، وە خوا تۆڵەی بەتینە، ئەگەر ئەو ستەمكارانە ئەزانن ﴿إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُواْ﴾ كاتێ كە سەرۆكە پێشەواكانی ئەم جیهانە یەخەی خۆیان هەڵئەتەكێنن و خۆیان بەری ئەكەن ﴿مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ﴾ لەو كەسانەی كە داوایان كەوتن ﴿وَرَأَوُاْ ٱلْعَذَابَ﴾ لەكاتێكدا كە هەردوو تاقم سزای خوا ئەبینن ﴿وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ﴾ وە هەر ئومێدو هۆی خێرو خۆشی پزگار بوونێ كەلە جیهاندا بوویان، هەمووی ئەپچڕێ،

---

[1] ئەم ئایەتە بە چەند جۆرێ تر خوێندراوەتەوەو بە پێی ئەوانە چەند تەفسیری هاتووە، وە هەموو هەر باشنو پڕكن، بەڵام تەفسیرەكە لەسەر ئەم خوێندنەوەیەیە كە ئەمڕۆ باوە لە ناو قورئانەكاندا.

وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟ لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُوا۟ مِنَّا ۗ كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ حَسَرَٰتٍ عَلَيْهِمْ ۖ

وە هەموو پەیوەندیو پەیڕەویو پەیوەستی نێوانیان ئەپواو نامێنێ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟﴾ وە ئەوانەی کەلە جیهاندا شوێن کەوتنو کەوتوو بوون ئەڵێن: ﴿لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً﴾ ئای کاشکێ گەڕانەوەیەك نەبوو بۆمان بۆ جیهان ﴿فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ﴾ تا بە هۆی ئەوەوە خۆمان بەری ئەکردو یەخەی خۆمان هەڵئەتەکاند لەوانە ﴿كَمَا تَبَرَّءُوا۟ مِنَّا﴾ هەرچۆنێ ئەوان ئاوا خۆیان لێ بەری کردینو بێزاریان دەربڕی لێمان، ئەوەش بەم ڕەنگە لە پاش گەڕانەوەی هەردوو لا ئەم جارە شوێنیان نەکەونو بە هیچیان نەزانینو دوور کەونەوە لێیان، یان لەپاش گەڕانەوەی خۆیان بۆ جیهان، ئینجا شوێنی ئایینی خوا بکەوتنایەو هەر خوایان بپەرستایە بە تەنیا، ئینجا بهاتنایەتەوە بۆ ڕۆژی دوایی دا خۆیان بەری بکردایە لەو سەرۆکانەو هەقی جاری پێشوویان لێ بسەندنایە، واتە ئەم شوێن کەوتووو بت پەرستانە کە لایاندا لە خواپەرستیو لایاندا لە خواپەرستیو لایان وابوو کە ئەو بتانە کەڵکیان ئەگرن، ئەو ستەمکارانە لەکاتی بینینی سزای ڕۆژی دوایی دا باش ئەزانن کە هێزو دەسەڵات هەر هینی ئەو خوایەیە کە ئەوان لەجیهاندا نەیان پەرست، وە تۆڵەو سزایشی زۆر بە تینە، وە هەروەها ئەو ستەمکارانە ئەزانینو ئەبینن کە سەرۆکەکان کە ئەمان فیداکارو گوێڕایەڵ بوون بۆیانو ئەیان پەرستن، ئەو سەرۆکانە لە ڕۆژی دوایی دا بێزاری دەر ئەبڕن لەمانو خۆیانیان لێ بەری ئەکەن، وەلەو کاتەدا ئەوان هیچیان بۆ نامێنێتەوە مەگەر ئەوەی ئاوات ئەخوازن کە بگەڕێنەوە بۆ ئەم جیهانەو داخی دڵی خۆیان سارێژ بکەن، وە هەقی خۆیانیان لێ بسێنن بەو جۆرەی کە باس کرا، جا با بیرێك بکەینەوە لەو هەموو داخو مەراقو شەرمەزاریە کە خوا ئەیهێنێ بەسەری ئەوانەدا!!

بەڕاستی زمانو پێنووس دەستەپاچەن لەڕوون کردنەوەی ڕادەی ئەو هەموو داخو دووە ﴿كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ حَسَرَٰتٍ عَلَيْهِمْ﴾ هەروەها خوا بەو جۆرە ئەوانە زانا و ئاگادار ئەکات بەکردەوەکانیان بە چەند داخو ئێشو ئازارێکی دەروونی بەسەریانەوە، یان کردەوەکانیان نیشان ئەدات لە کاتێکدا کە هەموو پەشیمانیو داخو ئێشو ئازارن بەسەریانەوە، چونکە بێگومانن لەوە کە هەموو هۆی سزاو خەشمی خوان ـ خوا پەنامان بدات ـ

وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿١٦٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ كُلُوا۟ مِمَّا فِى ٱلْأَرْضِ حَلَٰلًا طَيِّبًا وَلَا تَتَّبِعُوا۟
خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿١٦٨﴾ إِنَّمَا يَأْمُرُكُم بِٱلسُّوٓءِ وَٱلْفَحْشَآءِ وَأَن تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ
مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿١٦٩﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُوا۟ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۚ

﴿وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ﴾ وه ئەوانە بێگومان بە هیچ رەنگ دەرناچن لە ئاگرو هەر ئەمێننەوە تیای دا! لەمەو بەر باسی ئەوەی کرد بەپوونی کە هەر خوا پەرستراوی پاستە، وە هەر ئەو دروست کەرو داهێنەری هەموو شتە، وە هەرکەس وێنەو هاوبەش رەوا بدا بۆی دووچاری سزای سەختی خۆی دێت، ئینجا باسی ئەوە ئەکات کە هەر ئەو رۆزی دەری ژیەنەری بەندەکانیەتی، وە هەر ئەو یاسایان بۆ دانەنێو حەرامو حەلاڵ هەر بە دەست ئەوە، لە پووی پاستی دا ئەمە شتێکی زۆر پاستو رەوایە کە هەرکەس دروست کەرو رۆزی دەر بێت هەر ئەویش حەلاڵو حەرام کەر بێت، جا لەبەرئەوە ئەوا لێرەدا رەوا ئەدات کە بخۆن لە هەر شتێ کە خوا حەلاڵی کردووە بۆیان، بێجگە لەوەی کە قەدەغەی کردووەو لەمەو پاش باسی ئەکات، وە فەرمان ئەدات کە حەلاڵو حەرام هەر لە خوا وەرگرن، وە شوێنی شەیتان نەکەون لە هیچ شتێ لەوانەدا، چونکە شەیتان دوژمنیانە، ئەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ ئەی ئادەمی بە تێکڕایی ﴿كُلُوا۟ مِمَّا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ بخۆن لە هەرچی خۆراکو خواردەمەنی کەلە زەوی دایە ﴿حَلَٰلًا طَيِّبًا﴾ لەکاتێکدا کە حەلاڵێکی پاکو خۆشو بەلەزەتە، واتە رەوایە بۆتان خواردنی هەر خۆراکێک بە مەرجێک حەلاڵ بێتو شەرع قەدەغەی نەکردبێت، کە ئەوەش پاکو خۆشو بەلەزەتە لای شەرع، وەک (ئیمامی مالیک) ئەفەرموێ: ئەوەیە کە دەمی شەرع بە خۆشو بە لەزەتی بزانێو بێزی لێ نەکاتەوە، یا لەبەرچاوی شەرع لە چڵکو چەپەڵی دوور بێتو گومانی حەرامی پێ نەبرێ.

دیارە ئەو کاتە بە لەزەتو بێ لەکە ئەبێت لە دەمی هەموو تەبیعەتو سروشتێکی ساغو پڕێکدا، وە بێ لەکە ئەبێت لەبەرچاوی، ﴿وَلَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾ وە شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەونو پڕێبازی ئەو مەدەنە بەر لە هیچ شتێکدا، واتە پەیڕەوی مەکەنو باوەڕتان بە هیچ قسەو ڕاو بڕیارێکی نەبێ تا بەهۆی ئەوەوە بترازێن لە ڕێی ڕاستی خواو دووچاری ڕای هەڵەو ناڕەوایی بێن کە یەکێ لەوانە ئەمەیە حەرام حەلاڵ بکەنو حەلاڵ حەرام بکەن، بە

کورتی هەموو گوناهو بێ شەرعیەك هەنگاوەکانی شەیتانەو ئەبێ خۆ لابدرێ لێی، ڕیوایەت کراوە لە (ئیمامی جەعفەری صادق)ەوە –خوا لێی ڕازی بێ– کە فەرموویەتی: هێندێ لە هەنگاوەکانی شەیتان سوێند خواردنە بە تەلاق و نەزر کردن لەو شتانەی کە گوناهن، وە هەر سوێندێ بە غەیری خوا بخورێ.

خوای میهرەبان جلەو گیری ئەکات لە شوێن کەوتنی شەیتان و ئەمەش ئەکات بەهۆی ئەو جلەوگیرییە ﴿إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ واتە شوێنی نەکەون، چونکە بەڕاستی ئەو بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرایە، وە دوژمنایەتیەکەشی دەربڕی و هەواڵی پێدا لەسەرەتای ئادەمێتی و هەر لە یەکەم کەس کە ئادەمی باوکی هەمووانە، ئینجا باسی چۆنیەتی دوژمنایەتیەکەی ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَأْمُرُكُم بِٱلسُّوٓءِ﴾ واتە شەیتان هانتان ئەدات و فەرمانتان پێ ئەدات هەر بەخراپەکاری، ئیتر لە وتارو کردارەدا، یان لەنیازو باوەڕدا ﴿وَٱلْفَحْشَآءِ﴾ وە بەگوناهو گەورەو زۆر ناشیرین ﴿وَأَن تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ وە بەمەی بەدەم خواوە شتێك بڵێن کە نازانن خوا ڕەوای داوەو ئیزنی هەیە لەسەری، واتە بەدەم خواوە درۆ هەڵبەستن ئەوەی حەرام کردووەو ئەوەی حەڵاڵ کردووە کە ئەمە لە گەورەترین گوناهو تاوانە، دەی کەسێ کە ئاوا لە پێی سەری مەردوم بێت بۆ خراپ کردنو دووچار کردنی لە هەموو بارو ڕوویەکەوە ئەبێ چۆن پەیڕەوی بکرێ و لە گوێی بکرێ و بەدوژمن سەیر نەکرێ؟! ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ﴾ وە کاتێ بوترێ بەو شوێن کەوتوانی شەیتانە: ﴿ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ شوێنی ئەوە بکەون کە خوا ناردی بە خوارەوە ﴿قَالُوا۟ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ﴾ ئەڵێن نەخێر، بەڵکو شوێن ئەوە ئەکەوین کە باوك و باپیرمان دەست کەوت لەسەری، واتە هەر شوێنی ئەوە ئەکەوین کەلە باو باپیرمانەوە هاتووەو بۆمان بەجێماوە، ئینجا ئیتر ئایا ئەم ئایەتە دەربارەی بت پەرستەکانی هاتبێ، کەلە پێشەوە باسی ئەوان کراوە، یان دەربارەی جوولەکەکان هاتبێتە خوارەوە، وەك ئەگێڕنەوە لە (ئیبن و عەباس)ەوە –خوا لێی ڕازی بێ– کە ئەو جوولەکانە هەر جارێ پێغەمبەر (ﷺ) بانگی ئەکردن بۆ ئیسلام گوێڕایەڵیان نەئەکردو هەر سوور بوون لەسەر ئەوەی کەلە باوك و باپیرانەوە بۆیان جێمابوو، وە هەمیشە کەشخەیان پێوەئەکرد... دەربارەی هەرکام هاتبێ ئەوا قورئان بێزاری دەرئەبڕی لەدەست ئەوەی کە هەرکەس لەبارەی ئایین و عەقیدەوە هیچ شتێ لە غەیری خوا وەرگرێ، وە بێزاری دەرئەبڕێ لە شوێن کەوتنی کوێرانەو ئەو لاسایی کردنەوە، بەبێ زانین و تێگەیشتن،

أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴿١٧٠﴾ وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ كَمَثَلِ ٱلَّذِى يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَآءً وَنِدَآءً ۚ صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٧١﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ وَٱشْكُرُوا۟ لِلَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿١٧٢﴾

ئەفەرموێ: ﴿أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ﴾ ئایا ئەوانە هەر شوێنی ئەوە ئەکەون کە بۆیان بەجێ ماوە بە کاتێکدا ئەگەر باوک باپیریان هیچیان نەزانی بێت و تێنەگەیشتن لە هیچ شتێ لەبارەی ئایینەوە، وە ڕێنموونیان وەرنەگرتبێ و ڕێیان نەکەوتبێ لە هەق و ڕاستی؟ واتە وتەو بڕیارەکەیان بێزارو ناڕاستەو جێگەی سەرسوورمانە! ئینجا شێوەو چیرۆکێکی ڕیسواکەریان بۆ ئەهێنێتەوەو ئەیانباتە وێنەی ئاژەڵ و مااڵت کە دەنگی شوانەکەی ئەبیستێ و ئەچێ بەدەمیەوەو ئیتر بەبێ ئەوەی تێبگات لە ماناو واتای دەنگەکە ئەفەرموێ: ﴿وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ وێنەی ئەوانەی کە بێبڕوان و لە زانینی خوادا تێپەڕی کردووە بڕوا نەهێنانیان، لەمەدا کە هەر دەنگەکەی ئەبیستێ و ئیتر تێناگەن لە ماناو وتەکەی، ﴿كَمَثَلِ ٱلَّذِى يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَآءً وَنِدَآءً﴾ وەک وێنەی کەسێکە کە دەنگو ئاوازو تێخوڕین و بانگ کردن بەکار بێنێ لەگەڵ چوارپێ و مااڵت کە هیچ شتێ نابیستێ، بێجگە لە دەنگی بانگ کردن، ئیتر لە نزیکەوە یان لە دوورەوە، واتە هەرچۆنێ چوارپێ لە هیچ تێناگات، بەڵکو ئەگەر شوانەکەش تێی خوڕی یا بانگی کرد هەر دەنگە ڕووتەکە ئەبیستێ و ئیتر تێناگات لە ماناکەی، هەروەها ئەو بێبڕوایانەش هەر دەنگی بانگ کەرەکەیان ئەبیستن.

ئەم چیرۆکە بەدوو جۆری تریش هۆنراوەتەوەو باس کراوە، وە لە مەبەست دا هەرسێ جۆرو بارەکە هەریەک ئەگرنەوەو هەر جوانن، بەاڵم ئەم بارەی کەلە تەفسیرەکەدا وتراوە ڕێک تر لەگەڵ دیمەنی داڕشتنی ئایەتەکەو کەم ئەرک تریشە، وە لەسەر هەربار شێوەی چوار پێی هێنا بەسەر ئەو بێبڕوایانەدا، بەڵکو لە ڕووی ڕاستی دا ئەوانە پەست ترن لە چوارپێ، وەک لە ئایەتی ترا ئەفەرموێ: ﴿بَلْ هُمْ أَضَلُّ﴾ بەڵکو ئەوانە گومڕا ترن، وەلێرەشدا ئەوە وەرئەگیرێ کە ئەفەرموێ: ﴿صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ﴾ ئەوانە کەڕن، لاڵن، کوێرن، واتە وەک کەڕو لاڵ و

کوێر وان، چونکه سودی پاستەقینه وەرناگرن لە هێزی بیستن و وتن و بینینیان، وە ئەو هێزانە بەکارناهێنن لەو مەبەستانەی کە بۆی دروست کراون! ﴿فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ﴾ کەواتە ژیرنین و تێگەیشتنیان نیە،بەپاستی ئەوەش ئەوپەڕی نەفامی و بێنرخیە کە کەسێ هەموو کون و کەلەبەری ژین و ڕێنومایی لە خۆی بگرێ و کاروباری ئایین و عەقیدەی لەلایەکی تەوە وەرگرێ، بێجگە لەلای خوا.

ئینجا بەتایبەتی پووی فەرموودە ئەکاتە بڕوادارانی، بەڕەوادانی خواردنی پۆزیە پاک و حەلاڵەکان، وە تەمێ کردنیان بە سوپاس کردنی بەخشندە، وە پوونی ئەکاتەوە ئەو شتانەی کەلێی قەدەغە کردوون، وە بێزاری دەڕبڕی لە جوولەکەکان کە دەمبازی ئەکەن لەو شتە حەلاڵ و حەرامانەدا کە هەن لای خۆشیان لە نامەکەیاندا، ئەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە بە سیفەتی بڕوا هێنان بانگی لێ کردن وەک باوی خۆیەتی لەم جۆرە شوێنانەدا تا پەیوەستی خۆیان بیربکەوێتەوە بە خوای خۆیانەوە، بەهۆی ئەوەوە بە هەموو سۆزو پەرۆشەوە ئامادە ئەبن بۆ گوێڕایەڵی و فەرمانبەری، وە بۆ وەرگرتنی هەموو کاروباری ئایین و ژیانیان تەنها لە خواو دوورکەوتنەوەیان لە غەیری خوا، ﴿كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ﴾ بخۆن لە حەلاڵ و پاک و بەلەزەتەکانی ئەوەی کە پێمان دان و کردمان بە پۆزیتان.

بەم فەرموودە بێدارمان ئەکاتەوە کە هەر خۆی پۆزی دەرە وە هەموو شتێکی حەلاڵ و پاک خۆشی بۆ ڕەوا داوین، وە هیچ کام لەوانەی قەدەغە نەکردووە لێمان، وە هەرچی قەدەغە کردبێ لەبەرئەوەیە پاک و خاوێن و خۆش نیە، نەک ویستبێتی پێ پەشیمان بکات و تەنگیمان بەسەر بێنێ، کەواتە زۆر بەجێ و شیرینە و پێویستە لەسەرمان سوپاسی ئەو خوایە بکەین، وەک فەرمانیشمان پێ ئەدات و ئەفەرموێ: ﴿وَٱشْكُرُواْ لِلَّهِ﴾ سوپاسی خوا بکەن لەسەر چاکە و بەهرەکانی ﴿إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾ ئەگەر ئێوە هەر ئەو ئەپەرستن ئەبێ پەرستنەکان تێرو تەواوبێت و شایان بێت لەگەڵ چاکە و بەهرە و گەورەیی ئەودا، وە ئەوەش بەبێ ئەو سوپاسە نابێ، چونکە سوپاس بریتیە لە بەخت کردن و بەکارهێنانی چاکە و بەهرەکانی خوا بە پێی فەرمانی خواو لەڕێی ڕەزامەندی خوادا،

ئینجا باسی خۆراکە قەدەغەکراوەکان ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ﴾ وە قەدەغەی نەکردووە لەسەرتان خواردنی هیچ شتێ بێجگە ﴿ٱلْمَيْتَةَ﴾ مردارەوە بوو ﴿وَٱلدَّمَ﴾ وە خوێن ﴿وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ﴾ وە گۆشتی بەراز ﴿وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيْرِ ٱللَّهِ﴾ وە ئەوەی کە سەبڕاوبێت بەناوی غەیری خواوەو ناوی غەیری خوا برابێ لەکاتی سەربڕینیدا، وەک ئەوەی کە باو بووە لە لایەن بت پەرستەکانەوە لەکاتی سەبڕینی سەربڕاوەکاندا ناوی بتەکانیان ئەبرد بەدەنگی بەرزو ناوی ئەوانیان لێ ئەهێنا، یا وەک گاورەکان ئەگەر لەکاتی سەربڕیندا بڵێن: بە ناوی عیسای مەریەمەوە بە پێی بڕیاری ئیمامەکان ئەوەش حەرامە وەک هینی بت پەرستەکان، وە هەروەها بەناوی هەرکەسو هەرشتێ تردەوە، بێگومان مردارەوەبوو بە هەموو جۆرو بەشەکانیەوە حەرامە، بێجگە لە ماسیو کوللە لە حەدیسی بەناو بانگی (ئیبنو عومەر)دا – خوا لێیان ڕازی بێ– حەڵاڵ کراونو لە عورفیشدا پێیان ناوترێ مردارەوەبوو، وە مەبەست بە خوێن خوێنێکە بڕواو جاری بێ وەک لە ئایەتی سورەتی ﴿الأنعام﴾دا ئەفەرموێ: کەواتە جگەرو سپڵ خوێنێکی خەستی وەستاون حەرام نین وەک بە خوێنیش ناو نابرێن لە عورفدا وە لەدەقی حەدیسی نابراویشدا حەڵاڵکراون، دەقی حەدیسەکە: (حلت لنا میتتان ودمان: السمك والجراد والكبد الطحال) حەڵاڵ کراوە بۆمان دوو مردارەوەبوو، وە دوو خوێن: ماسیو کوللەو جگەرو سپڵ، وە بە تایبەتی لە بەرازدا ناوی گۆشتی برد، لەگەڵ ئەوە هەموو شتەکانی تریش هەر حەرامن بەڵای کۆڕو جەماوەرو ئیمامانەوە، چونکە زۆربەی خوراو گۆشتەو شتەکانی تر وەک تابیع وان، وە هەم لەبەر دەربڕینو ئاشکرا کردنی حەرامی گۆشتەکەی کە بت پەرستەکان زۆر بە پاکو خاوێنیان دائەناو باویان ئەدا بەسەر هەموو گۆشتی تردا و بەڵایانەوە ناڕەوا بوو قەدەغەکردنی، ئینجا بێگومان هەر کەس بڕوادارێت هەرگیز سەرناکاتەوە لە هیچ شتێ کە ئیسلام قەدەغەی کردبێ، دڵنیایە لەوە کە ئەو شتە پیسەو لەناخی دڵیەوە بە پیسی دائەنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا چاك وایە کە هەوڵبدەین تا بۆمان دەرکەوێ هۆی پیسی ئەو قەدەغە کراوانە، جا لەبەرئەوە لەو بارەیەوە با هەندێ

بدوێن سەبارەت بەم چوارەی ئێرە: شتێکی ئاشکرایە کە مرداڕەوە بوو وە هەروەها خوێنی جاری شتێکی قیزەونن‌و دەروونی پاک‌و ساغ نایەوێن‌و بۆی قوت نادرێن، وەلە تام‌و بۆن‌و ڕەنگدا بێزراون، بێجگە لەوەی کەلە زانیاری تازەدا دەرکەوتووە لەپاش چەند چەرخ دوای قەدەغە کردنی قورئان کە چەند میکرۆب‌و چەند کەرەسە‌و شتی زیاندەر کۆئەبنەوە لەو دووانەدا، وە نازانین ئایا زیانەکەیان هەر لەوبارەیەوە هەیە کە تائێستا ڕێی پێبراوە، یان چەند شتی تریش هەیە کە هۆی ئەو قەدەغە کردنە بن کە هێشتا نەزانراون‌و دەرنەکەوتوون بۆ مەردوم؟ ئینجا بەرازیش شتێکی ئاشکرایە کە دەروونی ساغ‌و خاوێن بێزی لێ ئەکاتەوە‌و بێزارە لە شێوە‌و دیمەنەکەی، بێجگە لەوەی کەلەم دواییەدا دەرکەوتووە کەلە گۆشت‌و خوێن‌و دەمارو ڕخۆڵەکانیدا کرمێکی زۆر پیس هەیە (کرمی شریتی لەگەڵ هێلکەکانی دا کەبن بڕو چار ناکرێن)، بەڵێ ئەمڕۆ کۆمەڵێ ئەڵێن: چەند هۆیەکی تازە پەیدابووە بۆ کوڵاندنی تا رادەیەک چارەسەری ئەو کرم‌و هیلکەیانە ئەکات بە جۆرێ بیم‌و باک نامێنێ لەزیانیان، بەڵام ئەوانە بیر لەوە ناکەنەوە کەلە پاش قەدەغە کردنی قورئان چەند چەرخ تێپەڕی کرد بەبێ ئەوەی کەس بزانێ ئەو کرم‌و هیلکانە هەن لەو گۆشتە پیسەدا، دەی ئایا بەچی ئەزانن کە چەند شتی پیسی تری تیا نیە کە بە چەند چەرخێ تر پێیان بزانرێ؟! کەواتە هەر بەوە چۆن دڵنیا بوون‌و لایان وایە کە هۆی قەدەغەکردنی هەر ئەو کرم‌و هێلکەیانەیە‌و بەو کوڵانە بەتینە چارەسەری ئەکرێ؟ بەڵکو ئەبوایە بە دۆزینەوەی ئەو شتە پیسە ئیجگاری بێزراو ببوایە‌و دڵکرمین ببونایە لە حاستی داو مل کەچ بوونایە بۆ ئەو شەریعەتە بەڕێزەی کە بەچەند چەرخ پێشکەوت لە زانین‌و زانیاری ئادەمی‌و ئەو شتە پیسەی بینی لەو گیاندارە پیسەدا!! ئینجا ئەوەی کە ناوی غەیری خوا لێ بڕێ ئەوە مافی خۆیەتی کە بەو جۆرە بەتینە قەدەغە بکرێ، ئیتر هەرچەند لە خۆی دا گیانلەبەرێکی پاک‌و خاوێن‌و بێ لەکەبێت، چونکە ئەو ناوبردنی غەیری خوایە دژی بۆ چوون‌و تێگەیشتنی ڕاستە، وە دژی دڵ ساقیە، وە ناگونجێ لەگەڵ پاکی ڕۆح‌و خاوێنی‌و یەکباری دەروون لەگەڵ خوادا، کەواتە قەدەغە کردنی خواردنی ئەم جۆرە لەبەر هۆیەکی ڕۆحی‌و دەروونیە، بێگومان دڵ‌و دەروونی بڕوادار ئەبێ بێزبکاتەوە لە شتێ کەلە باتی ناوی خوای میهرەبان ناوی شتی

تر کەسی تربیێ لێی و یارمەتی خوا واز لێ بهێنرێ بۆ یارمەتی یەك یا شتێکی تر... بێگومان بە پێی چەند حەدیسێکی صەحیح خواردنی زۆر لە گیان لەبەرانی تریش قەدەغەکراوە، کەواتە چۆن لەم ئایەتەو ئایەتی ﴿الأنعام﴾دا کورت هەڵهێنراوە لەم چوار شتەداو ڕوالەتی وا نیشان ئەدات کە قەدەغە کراوی تر نیە؟

بۆ کردنەوەی ئەم گرێیەو نەهێشتنی ئەم دژایەتیە ڕووالەتیە چەند شتێ هەیەو وتراوە هەرکام بەسە بۆ ئەو مەبەستە:

١- مەبەست (حصر) کورت هەڵهێنانە لەو چوارەدا تا کاتی هاتنە خوارەوەی ئەو دوو ئایەتە، وەك ڕووالەتەکەشیانو وا نیشان ئەدەن، کەواتە با لەپاش دا ئەوانی تر قەدەغە کرابن لەسەر زمانی پێغەمبەر (ﷺ).

٢- مەبەست کورت هەڵهێنانی قەدەغە نیە بەتێکڕایی، بەڵکو مەبەست کورت هەڵهێنانە لەناو ئەو هەموو شتانەی کە ئەوان بە حەڵاڵیان دائەناونو هەر بە نەزەر ئەوانەوەیە، واتە لەناو ئەو هەموو شتانەدا کە ئێوە بە حەڵاڵتان دائەنان هەر ئەم چوارەی قەدەغە کردووە.

٣- مەبەست کورت هەڵهێنانە لەشتی پیسدا، واتە خوا هەرشتی پیسی لە سەر قەدەغە کردوون، بەڵام لەباتی شتی پیسدا ناوی ئەم چوارەی برد کە سەرەکیین لە پیسی دا.

٤- دەقی ئایەتەکە حەڵاڵی هەموو شتەکانی تر ناگەیەنێ کە ناو نەبراون، بەڵکو لەدەرەوەی دەقەکە وەرئەگیرێ، وە ئەو جۆرە وەرگرتنەش بێ هێزو لاوازەو شتێکی بەهێزو قەتعی نیە، بە تایبەتی لەم ئایەتەدا کە ئەو گەیاندنەش بە وتەی ﴿إِنَّمَا﴾ دەست نیشانی بۆ ئەکرێ کەلە خۆی دا لاوازەو هەموو زانایان لەسەر ئەوەنین کە شتی وای لێ وەرئەگیرێ، کەواتە ئەو حەیسە صەحیحانەی کە هاتوون بۆ قەدەغە کۆدنی خواردنی گۆشتی چەند شتی تر، ئەو حەدیسانە بەهێزترنو گوێ بەمان ئەدرێ نەك بەو حەڵاڵیەیەتەی کە وەرئەگیرێ لە دەرەوەی ئایەتەکە، یان ئەم حەدیسانە دەست ئەدەن بۆ ئەوەی بکرێن بە سڕەوە (ناسخ) بۆی.

فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٧٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَيَشْتَرُونَ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ مَا يَأْكُلُونَ فِى بُطُونِهِمْ إِلَّا ٱلنَّارَ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٧٤﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُا۟ ٱلضَّلَٰلَةَ بِٱلْهُدَىٰ وَٱلْعَذَابَ بِٱلْمَغْفِرَةِ ۚ فَمَآ أَصْبَرَهُمْ عَلَى ٱلنَّارِ ﴿١٧٥﴾

٥- مەبەست کورت هەڵهێنانە لە کاتی خۆشی و پێگەیشتن بە پادەی ناچار بوون، ئەو کاتە ڕەوا ئەدرێ و قەدەغەکە نامێنێ، وەک ئەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱضْطُرَّ﴾ ئینجا هەرکەس ناچار کرا بەبرسێتی و خواردنی ﴿غَيْرَ بَاغٍ﴾ لەکاتێکدا کە دەست درێژیی کەر نەبێ لە ناچارێکی تر، یا لە کاتێکدا کە هەڵنەسا بێت و یاخی نەبووبێ لە دەوڵەتی موسڵمان، ﴿وَلَا عَادٍ﴾ وە لەکاتێکدا کە زیادە ڕەوی کەر نەبێت لە خواردەنەکەیاندا، بەم ڕەنگە زیاد لە پێویست و بەرگری گیان نەخوات، یان جەردە و ڕێگیر نەبێت، هەرکەس ناچار کرابێ و بەو جۆرەبێت و لەو قەدەغە کراوانە بخوات ﴿فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ﴾ ئەوە هیچ گوناهێکی لەسەر نیە لەو خواردنەدا، چونکە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا زۆر لێ بووردەی بەزەیی داڕە، کەواتە لەو کاتی ناچاریەدا قەدەغە کردنەکە نامێنێ و ئەوەی پێویستە ڕەوای ئەدات، لە میهرەبانی و بەزەییەکەی بە زیاد بێت.

جوولەکەکان دەمبازی زۆریان ئەکرد لە بارەی حەڵاڵ کراو و حەرام کراوەکانی قورئان دا، وە لەبارەی ئەو شتانەی کە بە تایبەتی قەدەغە کرابوون لەسەر جوولەکەو بۆ موسڵمانان ڕەوا درابوون، وە هەروەها دەمبازیشیان ئەکرد لەبارەی قەدەغەی ئەو شتانەوە کەلە تەورات و قەدەغە کرابوون، وە مەبەستیشیان لەو هەموو دەمبازیە دڵکرمین کردن و دوو دڵکردنی مەردوم بوولەڕاستی ئەوفەرمانانەو ڕاستی سروش (وحی) پێکردنیان بۆلای پێغەمبەر(ﷺ)، جا لەبەرئەوە ئەم هێرشە بەهێزو بە تینە لێرەدا ئەکرێنە سەر ئەوانەی کە ئەوەی خوا ناردوویەتە خوارەوە، وە ئەیشارنەوەو باسی ناکەن، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە ئەوەی خوا ناردوویەتیە خوارەوە لە نامەی خۆی

ئەیشارنەوە ﴿وَيَشْتَرُونَ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ وە بەوە ئەکرن بۆ خۆیان پارەو دەستکەوتێکی کەم، واتە لە پەنای ئایین و ئایینەوە سەرۆکایەتی و پرێزو سامانیان دەست کەوت ئەبوو بە ناهەق و ناڕەوا، وە ئەگەر ئەوەی کە ئەیانزانی بەڕاستی دەریان بخستایە ئەبوو موسڵمان ببن و واز بێنن لەدەست کەوتەکەیان، دەی ئەوەیان نەئەکردو دەستیان هەڵگرت لە ڕەزامەندی خواو پاداشتی ڕۆژی دوایی لە پێناوی ئەو دەست کەوتە کەمەی ئەم جیهانە!!

﴿أُولَٰئِكَ﴾ ئەوانەی کە ئەوە ئەکەن ﴿مَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ إِلَّا النَّارَ﴾ هەر ئاگر ئەخۆن بەر بەسکی خۆیان، ئێستا ئەیخۆن بەم ڕەنگە ئەوەی کە ئێستا ئەیخۆن سەری لە خواردنی ئاگرەوە دەرئەچێ و تۆڵەکەی خواردنی ئاگر ئەبێت، کەواتە هەر لە ئێستاوە وەک ئاگر بخۆن ئاوایە، یان مەبەست ئەوەیە لە ڕۆژی دوایی دا ئەیخۆن لەباتی ئەوەی کە ئەمڕۆ ئەیخۆن و دەست کەوتیان ئەبێت، بەو شێوەیە کە حەرامو بێ شەرعیە، ﴿وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ وە خوا لە ڕۆژی دوایی دا قسەیان لەگەڵ ناکات، واتە تەفسیری میهرەبانی و بەزەییانە، بە هیچ ڕەنگ قسەیان لەگەڵ ناکات، چونکە خەشمی بەتینی هەیە دەربارەیان، ئەو کاتە ئەبێ بڵێین: هەر پرسیارو حسابێکیان ئاڕاستە بکرێ لەلایەن خواوە بەهۆی مەلائیکەوە ئەبێت، نەک وەک بڕوادارانی کە یەکسەر لەلایەن خواوە ئاڕاستەیان ئەکرێ ﴿وَلَا يُزَكِّيهِمْ﴾ وە چاکیان ناکاتەوە لە چڵک و چەپەڵی گوناهو تاوانەکەیان، یان وەسف و سەنایان ناکات، ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ وە بۆیان هەیە سزایەکی ئێش و ئازاردەر، خوا پەنامان بدات بەو بەدبەختیە، ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الضَّلَالَةَ بِالْهُدَىٰ﴾ کەسانێکن کە گومڕاییان کڕی بۆ خۆیان لە جیهاندا بەڕێنموونی، بەم ڕەنگە لەباتی ڕێنموونی گومڕاییان هەڵبژارد ﴿وَالْعَذَابَ بِالْمَغْفِرَةِ﴾ وە بۆ ڕۆژی دواییش سزایان کڕی بۆ خۆیان بە لێبوردن و سڕینەوەی گوناهو خراپکارییان ﴿فَمَا أَصْبَرَهُمْ عَلَى النَّارِ﴾ ئای چەند خۆگرن لەسەر ئاگر!! واتە ئەوانە جێگەی سەرسوڕمانن کە چۆن هیچ گوێیان نیە لەو خراپی و بەد کرادریە کە سەریان ئەکات بەناو ئاگرداو ئاگری دۆزەخیان بۆ مسۆگەر ئەکات، ئای هاوار بۆ ئەو لاقرتی پێکردنەی کە ئەم ڕستەو وتەیە نیشانی ئەدات!!

ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ نَزَّلَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ ۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِى ٱلْكِتَٰبِ لَفِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴿١٧٦﴾ ۞ لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّۦنَ وَءَاتَى ٱلْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ذَوِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ وَٱلسَّآئِلِينَ وَفِى ٱلرِّقَابِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ

بەڕاستی تۆڵەیەکی ڕێك و سەرو بەرە لەگەڵ تاوانەکەیاندا، تاوانی شاردنەوەی نامەیەك کە خوا بینیڕێتە خوارەوە بۆ ئەوەی ڕاگەیەنرێ و جاڕی پێ لەناو مەردوم دا، وە بۆئەوەی بە کردەوە بەدی بهێنرێ لە ژیاندا، وە بۆئەوەی ببێ بە یاسا و بەرنامەی ژیان، کەواتە هەر کەس بیشارێتەوە، ئەو کەسە پەکی ئەخات لە کارو ئیشەکەی خۆی کە خوا ناردوویەتی بۆی، لەکاتێکدا کە هەر ئەویش هەق و ڕاستەو هاتووە بۆ ئەوەی کارو کردەوە بکات و ڕووی ژیان بگۆڕێ، وەك ئەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ نَزَّلَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ ۗ﴾ ئەو تۆڵەو سزایە کە باس کرا بەهۆی ئەوەوەیە کە خوا نامەی خۆی ناردووەتە خوارەوە کە هەق و ڕاستی پێیەو بە هیچ ڕەنگ ناهەقی و ناڕاستی ڕووی تێ ناکات و کەچی ئەوانە نایانەوێ و پێچەوانەو دژی ڕەفتار ئەکەن ﴿وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِى ٱلْكِتَٰبِ﴾ وە بەڕاستی ئەوانەی کە دووبەرەکیان هەیە لەنامەی خوادا، بەم ڕەنگە بڕوایان بە هێندێکی هەیەو بێبڕوان بە هێندێ تری، ئەوانەی وان لە دژایەتی و بەربەرەکانێیەکی دوور لە هەق و ڕاستی دا، وە بەربەرەکانێ و دژایەتی لەگەڵ سروشت دا، وە لەناو خۆیشیاندا ﴿لَفِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ﴾.

ئینجا بە تەنیا یاسا و بنەڕەت دانەنێ بۆ بۆچوون تێکەیشتنێکی ڕاست و ڕەوان لەبارەی بڕواوە، وە چەند یاسا و بنەڕەتێك دانەنێ بۆ کردەوەو ڕەوشتێ کە لەبڕوادا هەڵئەقوڵێ و پەیدا ئەبێ، وە نیشانەو سیفەتی ڕاستیان و لە خواترسان دیاری ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ﴾ هەر ئەمە نیە چاکەو کردەوەی چاك کە ئێوە ڕووتان وەرگێڕن و ڕووتان بکەنە لای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەڵکو چاکەو کردەوەی چاك چەند شتێکە کە ڕوو کردنە ڕووگە یەکێکیانە یان ڕووکردنتان بۆلای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەر چاکە نیە، چونکە ڕووکردن بۆ ئەو دوو لایە سەرواوەو پێویست کرا ڕووکردن بەرەو کەعبە، یان

ڕووکردنە ڕووگە بە تەنیا چاکە نیەو نابێتە چاکە، ئەگەر ناسینی خوای لەگەڵ نەبێتو ناسینی خوایش نابێ بەبێ ئەو شتانەی کەلەم ئایەتەدا باس کراون، ڕای بەهێز لێرەدا کە زۆربەی زانایانیشی لەسەرە ئەمەیە کە ئەم ئایەتە پێویستی هەیە بە باسی ڕووگەو گۆڕاندنی ڕووگە، کە نامەدارەکان بە تایبەتی جوولەکە دەمبازیو پڕوپاگەندەی زۆریان تیا کرد، وەک لە پێشەوە بەشێکی زۆری تێپەڕی کرد، جالێرەدا ئەگەڕێتەوە سەر بانو مەبەستی ڕاستو گەورەو ڕاستەقینە ڕوون ئەکاتەوە سەبارەت بەو مەسەلەو هەموو مەسەلەکانی تر کە جوولەکە دەمبازیان تیا کرد، بۆمان ڕوون ئەکاتەوە کە مەبەست لەڕووکردنە ڕووگە، وە هەروەها هەرشتێ کە کراوە بە نیشانەو دروشمی خواپەرستی، مەبەست ڕووکردن نیە بۆ (بیت المقدس) یا کەعبە، وە هیچ نیشانەو دروشمێك بە تەنیا خۆیو بە ڕووالەتی ڕووت چاکە بەدی ناهێنێو بەرهەمی نابێ بۆ مەردوم، بەڵکو چاکە لەڕووی ڕاستیدا بۆچوونو هەست چەند کردەوەو ڕەوشتێکە کە بەرو بەرهەمی ببێ لەدەروونی گەلو ئەندامی گەل دا، وە کاریکات لەژیانیاندا، وە بێگومان ئەم بەرو بەرهەمە گرنگو گەورانە بەو دیمەنو ڕووالەتانە دەست کەوت نابن، کەواتە تەنیا ڕووکردن بۆ هەر ڕووگەیەك چاکە نیەو بە چاکە دانانرێ، بەڵکو چاکەی ڕاستو ڕاستەقینە ئەمەیە کە لەمەدا دەرئەکەوێ کە ئەفەرموێ: ﴿وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ﴾ بەڵکوچاکەچاکەی ﴿مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ﴾ کەسێکەکە بڕوای هێنابێ بە خوا بە ملکەچیو ڕەزامەندیو ئارامی دڵەوە ﴿وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ﴾ وە بڕوای هێنابێ بە ڕۆژی دوایی، ﴿وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ﴾ وە بە فریشتە ﴿وَٱلْكِتَٰبِ﴾ وە بە نامەی خوا ﴿وَٱلنَّبِيِّۦنَ﴾ وە بە هەموو پێغەمبەران ﴿وَءَاتَى ٱلْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ﴾ وە مالی بەخشیبێ لەگەڵ خۆش ویستنی ئەو مالەدا، بەخشیبێتی بەمانە:

١- ﴿ذَوِى ٱلْقُرْبَىٰ﴾ خزمەکانی.

٢- ﴿وَٱلْيَتَٰمَىٰ﴾ وە بە هەتیوەکان.

٣- ﴿وَٱلْمَسَٰكِينَ﴾ وە بە هەژاران.

٤- ﴿وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ﴾ وە بە ڕێبوارو سەفەریی، کە دامابن بۆ ئەو مالە.

٥- ﴿وَٱلسَّآئِلِينَ﴾ وە داواکەران و سوالکەران.

٦- ﴿وَفِى ٱلرِّقَابِ﴾ وە لەئازادکردنی بەندەکاندا، ﴿وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ وە نوێژی بە ڕێك و ڕاستی بەدێهێنابێ ﴿وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ﴾ وە زەکاتی دابێ بەو جۆرە کە شەرع پێویستی کردووە،

وَٱلْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَٰهَدُوا۟ ۖ وَٱلصَّٰبِرِينَ فِى ٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلْبَأْسِ ۗ

﴿وَٱلْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَٰهَدُوا۟ ۖ﴾ وه ئەوانەی کە کاتێ بەڵێنو پەیمان بدەن هەڵنەسن پێی‌و ئەیبەنەسەر، واتە بەڵێنو پەیمانێك کە شەرعی بێت ﴿وَٱلصَّٰبِرِينَ﴾ وه تایبەتی ئەکەم بە باسەوە خۆگرەکان ﴿فِى ٱلْبَأْسَآءِ﴾ لەکاتی بێ دەستی‌و نەبوونی دا ﴿وَٱلضَّرَّآءِ﴾ وه لەکاتی زیان‌و نەخۆشی‌و دەردو ناساغی دا، ﴿وَحِينَ ٱلْبَأْسِ ۗ﴾ وه لەکاتی جەنگو کوشتار لە پێی خوادا کە خۆگرتن لەوەدا ئەگاتە ئەوپەڕی پلەو پایە. لەم ئایەتەدا یانزە سیفەت‌و خسڵەتی کۆکردەوە کەلە پاستی دا ئەبن بەسێ بەش:

بەشی یەکەم: بڕوایە بەو پێنج شتە کەبنەڕەتە بۆ هەموو خێڕو چاکەیەك، وه سەرچاوەی هەموو پیت‌و فەڕێکە، ئادەمێتی لەسەر ئەو بڕواو عەقیدەیە دائەمەزرێ‌و پاگیر ئەبێ، وه مایەی پەیوەستی‌و بەستنەوەی دڵە بە خوای پەروەردگارەوە.

بەشی دووەم: بەخت کردنی مالّ‌و داراییە لەو شەش تاقمەدا کە بەوە پەیوەندی‌و پەیوەستی بەهێزو بەتین فەراهەم دێت لە بەینی بەندەکانی خوادا، کە ئەمەش مایەی ئارامی دڵ‌و ژیانی کامەرانیە.

بەشی سێیەم: ئەو چوارەکەی تڕە کە هۆی پاك‌و خاوێنی دەروونی مەردومە، وه مایەی گەیشتنە بە پایان لە ئادەمێتی دا، جا لەبەرئەوە بە جوانی ئەزانم هێندێ دوان‌و پوون کردنەوەی نرخ‌و بەرو بەرهەمی ئەم شتە گرنگانەی کە ئەم ئایینە پیرۆزە کۆی کردوونەتەوە، بێگومان بەهۆی بڕوا بە خوا ـ ئەم بڕوا پاستەقینەی کە خوا ئەیەوێ ـ بڕوادار ڕزگاری ئەبێت لە هەموو مل کەچی‌و بەندەییەکی ناڕەوا بۆ هەرکەس‌و هەرشتێ لەم بوونەوەرەدا، وه نازادی پاستەقینە وەرئەگرێ، وه بەرزئەبێتەوە بۆ پلەی بەرزی یەکسانی لەگەڵ هەموو بەندەکانی تر لە یەك ڕیزدا، لەبەردەم تاقانە پەرستراوە پاستەقینەکەدا کە پەروەردگاری هەمووانە، جا بەهۆی ئەوەوە ئەو بڕواداڕە بەرز ئەبێتەوە‌و هیچ کەس‌و هیچ شتێ ناتوانێ بیکات بە بەندەی ئەڵقە لەگوێی خۆی، وه بڕوا بە خوا مایەی گواستنەوەیە لە بێ ڕزێمیەوە بۆ ڕزێم، وەلە بێ نیازو سەرگەردانیەوە بۆ ئەوەی ببێ بە خاوەنی ئامانج‌و مەبەست لە هەموو شتێکدا، وه هۆی ڕزگار بوونە لە بچڕان‌و پڕڕو بڵاوبوونەوەی دەروون بۆڵای

پەیوەستی و کۆبوونەوە و یەک بارێ و یەک ڕووبی، وە بڕوا بە ڕۆژی دوایی بڕوا کردنە بە داد پەروەری لە تۆڵە و پاداشتدا، وە بڕواکردنە بەوەی کە ژیانی ئادەمی بەسەر ئەم زەویەوە هەروا بە فیڕۆ ناڕوا، وەهیچ خێرو چاکەیەک، وە هیچ ستەم و دەست درێژیەک بێسەرو شوێن ناڕەوا، کەواتە هەر دڵێ بڕوای بەو ڕۆژە نەبێ هەرگیز بە ئارامەوە ژیان بەسەر نابات، وە بڕوا بە مەلائیکە بە شێکە لە بڕوا بە غەیب و نادیاری کە بەو بڕوایە ئادەمی جوێ ئەبێتەوە لەگیانلەبەرانی تر، کەواتە بە هیچ کلۆجێ ئادەمێتی بەدی نایەت بەبێ بڕوا بە غەیب کە بڕوا بە مەلائیکە بەشێکی تڕە، وە بڕوا بە نامەی خواو پێغەمبەرانی بڕواکردنە بە یەکێتی ئادەمی و یەکێتی و تەنیایی خواکەی، وە یەکێتی ئایینەکەی و یەکێتی بەرنامەکەی، وە بێگومان بڕوا کردن بەو یەکێتیە زۆر زۆر پێویستە لە ژیانداو کارکەرێکی بەهێزە لە نەهێشتنی ئاژاوە و دووبەرەکی و کینەو دڵ پیسی دا، ئینجابا بێینە سەر باسی بەشی دووەم کە بەخشینی مااڵ و بەخت کردنیەتی لەو چەند تاقمەدا لەگەڵ ئەوەش دا ماڵەکە خۆشەویست و بەنرخ بێت لەدەروونی بەخشندەکەدا، چونکە ئەگەر بەو جۆرە نەبێت هونەری تیانیەو بەرهەمێکی جوانی نابێت، بەاڵم ئەگەر بە نرخ و خۆشەویست بێت ئەبێتە هۆی ڕزگاربوون لە چرووکی و چاو برسێتی و بەرچاو تەنگی، وە ئەبێتە هۆی ڕزگار بوونی ڕۆح و دەروون لە بەندەیی مااڵ و سامان، وە بەندەییەی کە مەردوم سەرشۆڕ ئەکات، وە سەری پێدائەخات، تا ڕادەیەک زۆر کەس ئامادەئەبێت کەلە پێناوی مااڵ و ساماندا ڕازی ببێ بە هەموو بێ ئابڕوویی و بێ ناموسی کە دیارە ئەو کاتە ئادەمێتی نامێنێ و کابرا ئەچێتە ڕیزی گیان لەبەرانی تر!! بێگومان هەرکەس بەو جۆرە خۆپەرست و مااڵ پەرست و نەفس پەرست بێت هەمیشە ئامادەیە بۆ بەندەیی هەرکەسێک کە دەستی بۆ درێژبکات، وە هەرکەس ئازاد بێت لە بەندەیی ئارەزووەکانی ئەو کەسە لەناو گەلدا ئازادو سەر بەرزە!! ئینجا بێجگە لەوەی کە باس کرا ئەو بەخشینی مااڵ و سامانە زۆر بەنرخ و سوود بەخشە لەناو گەل و کۆمەڵدا... یەکەم و سەردەستە خزمەکان کە بەجێهێنانی سیلەی ڕەحمە کە ئەوەش نیشانەی پیاوەتی و مەردایەتیە، وە مایەی ڕێزگرتن و بەهێزکردنی خێزان و بنەماڵەیە، وە خێزانیش یەکەم خشتە بۆ کۆشکی گەل و هەرچەند ئەو ڕێک و پێک تربێت گەل بەرزو بەهێزتر ئەبێت، وە یارمەتی و کۆمەکی هەتیوان مایەی پەیوەستی و یەک گرتنی گەورەکانە لەگەڵ

بچووکەکان، وە بەهێزو دەسەڵاتداران لەگەڵ بێهێزو بێدەسەڵاتاندا، وە جێپڕکردنەوەو قەرەبوو کردنی ئەو پارێزگاریو چاودێرییەی کەلە کیسی هەتیوەکان چووە بە هۆی نەمانی باوکیانەوە، وە بەو کۆمەکیو دەست گیرۆییە منداڵە هەتیوەکان ئەپارێزرێن لە پرژو بڵاو بوونەوەو تار بوونیانو دووچاربوونی کارو بەسەرهاتی ناڕەوا،وە دەرو دەروونیان پاک ئەبێت لە ڕقو کینە لە مەردوم، وە ئەو هەژارانەی کە ئابڕووی خۆیانیان خۆش ئەوێو داوا ناکەنو دەست پان ناکەنەوە لە کەس، دەست گیرۆییان زۆر بە نرخو پێویستە لەبەر پاراستنی ئەو پیاوەتیو دەرون بەرزییەیان لە لایەکەوە، وە لە لایەکی ترەوە لەبەر چارەسەر کردنی داماویو پەک کەوتوویان، وە بۆ ئەوەی هەست بکەن بەو قۆڵگیریو لێپرسینەوەی کە ئەبێ ببێ لە ناو گەلی موسڵماندا، تا ڕادەیەک نابێ هیچ کەس تیایدا داماوو زایە ببێ، وە پێویستو بەنرخە بۆ ڕێبوارو سەفەری کە لە ماڵو نیشتمانو کەسو کار بڕاوەو داماوو پەک کەوتووە، تا هەست بکات بەوەی کە ئادەمی ئەبێ هەموو کەسو کار بن بۆ یەکتر، وە هەموو زەوی نیشتمانە بۆیان، وە لە هەر شوێنێ ببنو لەناو هەر کۆمەڵێکدا ببن شوێنی خۆیانەو کەسو کاری خۆیانە، وە بۆ داواکەرو سوالکەرانیش پێویستە تا پێویستییان چارەسەر بکرێ، وە بۆ ئەوەی بەڵکو واز بێنن لەو سوالکردنە کە ئیسلام پێی ناخۆشەو بێزارە لێی، لە ئایینی ئیسلامدا هەرکەس ئەندازەی پێویستی ببێ یا کارو ئیشێکی دەست کەوێ کە خۆی پێ بژێەنێ نابێ سوال بکات، وە ئیسلام فەرمان ئەدات کە مەردوم ئیشو کار بکەنو سوال نەکەن، وە دان بگرێ بە خۆیداو سوال نەکات، کەواتە ئەبێ کاتێ سوال بکات کە هۆی ژیانی نەبێت، وە بۆ ئازاد کردنی بەندە کە بە هۆی کردەوەی خراپی خۆیەوە جەنگی کرد لەگەڵ ئیسلامدا تا دووچاری ئەو بەندەییە بوو، ئەو یارمەتیو ماڵ بەخت کردنە پێویستە تا ئەو بەندەیە ئازادی خۆی وەربگرێتەوەو ڕزگاری ببێ لەو بەندەییەی کە ئیسلام دای نەمێناوەو بە ناچاری دانی پیا ناو لەگەڵ ئەوەشدا لە چەند ڕێگایەکەوە هۆی ئازاد بوونی زۆرو فراوان کردووە، یەکێ لەو هۆیانە یەک لەسەر هەشتی(٨/١) زەکاتی دیاری کردووە کە بەخت کرێ لەو ئازاد کردنەدا!! ئینجا دێینە سەر باسی بەشی سێیەم کە چوار شتەو یەکەمیان بەجێهێنانی نوێژە بە ڕێکی، بێگومان ڕێکیو ڕاستی نوێژ ئەمە نیە ڕوو بکرێتە ڕووگەیەکی دیاری کراو، بەڵکو ڕێکو ڕاستی نوێژ بەمە ئەبێت کە نوێژکەر لە هەموو بارو

پوویەکەوە پوو بکاتە خوای خۆی لە دیوی ناوەوەی، بە لەشو بە ژیریی و گیان و پۆح، نوێژ تەنها بزوتنەوەو جوولانەوەیەکی لەش نیە وەك وەرزش کردن، وە تەنها پووکردنێکی پۆحی نیە، بەڵکو نوێژی ڕاستەقینەی ئیسلامی کورتەیەکە لەبیروباوەڕی ئیسلام لە بارەی ژیانەوە، ئیسلام دان ئەنێ بە ئادەمی دا لەبارەی لەشو ژیریی و پۆحییەوە، وە هیچ دژایەتیەك نابینێ لەبەینی بزووتنەوەو تێکۆشانێکی ئەم هێزانەی کە ئادەمیان لێ پێك هاتووە، وە نایەوێ پەکی هیچ کام بخاتو لە ئیشی سروشتی خۆیان بیان وەستێنێ، نایەوێ پەنگ بخواتەوە بە لەش بۆ ئەوەی پۆح بەرەڵابێت، چونکە ئیش کردنو بەرەڵا بوونی پۆح نەبەستراوە بە لەکار خستنی لەشەوە، جا لەبەرئەوە گەورەترین خواپەرستی داناوە بە نوێژ کە بەجارێ بزووتنەوەو تێکۆشانی هەر سێ هێزەکەی تیا دەرئەکەوێ، وە بە جارێ هەمووی پوو ئەکاتە پەروەردگاری، بەشێك لە نوێژ وەستانو ڕکوع و سوجدە بردنە کە کارو کردەوەی لەشە، وە بەشێ تری خوێندنو بیرکردنەوەیە کە کارو کردەوەی ژیرییە، وە بەشێ تری پووکردنو بەستنەوەی دڵو مل کەچیە بۆ خوا کەئەمەش کارو پیشەی پۆحە، هەموو ئەمانە بە جارێك پێك دێن، کەواتە نوێژی ڕاستەقینە بیرو باوەڕی ئیسلام لە بارەی ژیانەوە ئەخاتەوە بیری نوێژکەرەکە لە هەموو نوێژێکدا، بەڵکو لە هەموو ڕکاتێکدا، دووەم زەکات دان کە هەڵسان بە مافێکی کۆمەڵایەتی کە خوا داینناوە لە مااڵی دەوڵەمەندانداو بۆ هەژارو بێنەواکان، لەبەرئەوەی کە لەڕاستی دا خوا خۆی خاوەنەو ئەو خستوویەتیە دەستی ئەو بەندەیەو کردوویەتی بە خاوەنی، وە مەرجو مافی لەسەر دانا کە یەکێك لەوانە زەکات لێ دەرکردنە، باس کردنی زەکات لێرەدا لەپاش باس کردنی بەخشینی مااڵ بەو شەش تاقمەی کە باس کران، بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە زەکات مافێکی تایبەتی جیاوازە لەو بەخشینەو هیچ کام جێگەی ئەوی تر ناگرێتەوە، بەڵکو زەکات پێویست کراوێکی تایبەتی دیاری کراوە، وە ئەو بەخشینە سوننەتەو ئەندازەشی دیاری نەکراوە، وە هەرکام بەشێکن لەو چاکەیە کەلە یەکەم جاری ئایەتەکەوە فەرمووی، وە هەردوو بەشدارن لەپێك هێنانی ئیسلامی ڕاستەقینە... سێیەم بەجێهێنانو هەڵسانە بە بەڵێنو پەیمانی شەرعی، کە ئەمەش نیشانەیەکە لە نیشانەکانی ئیسلامو قورئان لە چەند شوێندا باسی ئەکاتو گێڕاویەتی بە نیشانەی بڕوا، وە بە نیشانەی ئادەمێتی و نیشانەی چاکەو چاکە کردن، ئەم سیفەتە شیرینە زۆر پێویستە

بۆ پێك هێنان و بڵاوبوونەوەی ئارامی و دڵنیایی و بڕواکردن بە پەیوەندیەکانی گەل و ئەندامی گەل، وە پەیوەندیەکانی گەل و میللەت و میرییەکان، وە ئەبێ لە یەکەم جارەوە دەست پێبکات لەو بەڵێن و پەیمانانەی کە لەگەڵ خوادا ئەیبێت ببەسترێت، وە ئیسلام هەڵئەسێ بەم سیفەتە لەگەڵ دۆست و دوژمنەکانی دا و دەگاتە ئەوپەڕی ڕادەو سنوور، بەجۆرێ کە هەموو ئادەمی پێی نەگەیشتووە لە هەموو تەمەن و مێژووی دا وە پێشی ناگات مەگەر لە ژێر چاودێری و ڕێنموونی ئەم دا، چوارەم خۆگرتن و ئارامی لەکاتی سزا و ناخۆشی و بیم و ترس دا، بەم سیفەتە پیاوەتی و مەردایەتی دەسکەوت ئەبێ، وە بەم سیفەتە پێئەگات و ئامادەئەبێت بۆ بەربەرەکانی و زۆرانبازی لە بەسەرهاتەکانی ژیان و جیهاندا، وە بەم سیفەتە بەهێزە مەردوم دامەزراو ئەبێت لەکاتی خۆشی و تەنگی دا، بەم ڕەنگە لەکاتی خۆشی دا لە خۆی ناگۆڕێ، لەپەت بەرەڵا نابێت، وە لەکاتی تەنگی دا جیهان تاریك نابێ لێی و دنیای نایەتەوە یەك، وە ئەتوانێ بەرگری تاوان و جەورو ستەم بکات و پارێزگاری ڕەوشتی پاك و کردەوەی چاك بکات، وە بە تایبەتی ئەم سیفەتە زۆر زۆر پێویستە و ناچاری هەیە پێی بۆ گەل و کۆمەڵی موسڵمان کە گرنگترین و گەورەترین سپاردەی خراوەتە سەرشان، سپاردەی جێنشینی و سەرکردایەتی و چاودێری ژیان و جیهان کەلەو ڕێگەدا هەموو جۆرە درك و داڵ و ناخۆشیەك ڕوو ئەدات و ئەبێ شانی بدرێتە بەرو بەبێ بڕینی ئەو هەموو پلە سەختانە ئەو ڕێگەیە نابڕێ و ئەو کارە گەورەیە بەڕێ نابرێ.

ئەم سیفەتە زۆر گرنگە لای خوا تاڕادەیك قورئان لەناو سیفەتەکانی تردا جیای کردووەتەوە لە ڕووالەت و هۆنینەوەدا، ئەوەتا ئەفەرموێ: ﴿وَٱلصَّٰبِرِينَ﴾ کەبە گوێرەی پێشینەکەی: ﴿وَٱلْمُوفُونَ﴾ ئەبوایە بگوترایە ﴿وَٱلصَّٰبِرِينَ﴾، بەڵام گۆڕی بەم شێوەی ئێستا بۆ گەیاندنی ئەو تایبەتێتیەی، چونکە بە پێی باوی زمانی عەرەب ئەمە پێی ئەوترێ: (منوصب علی الأختصاص)وە کراوە بە نیشانەی تایبەتی ئامۆژگاری بەم جۆرە تەنیا ئایەتێك ئەم هەموو شتە گرنگ و گەورەیەی کۆکردەوە کەلە ڕاستی دا ئەمە کورتەو پاڵفتەیەکی تێرو تەواوە بۆ ئیسلام و بۆ ڕێبازە بێ وێنەکەی، جا لەبەرئەوە ئەم شایەتیە گەورەیەی هێنا بە دوای باسەکەداو ئایەتەکەی پێ تەواو کرد، ئەم شایەتیەش بەرزترین ئافرینە بۆ ئەو خواپێداوانەی کە خاوەن ئەو هەموو ڕەوشت و کردەوە چاکانەن.

أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِصَاصُ فِي ٱلْقَتْلَىۖ ٱلْحُرُّ بِٱلْحُرِّ وَٱلْعَبْدُ بِٱلْعَبْدِ وَٱلْأُنثَىٰ بِٱلْأُنثَىٰۚ

﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْۖ﴾ ئەوانەی کە باس کران کەسانێکن کە ڕاستیان کرد، ڕاستیان کرد لەگەڵ ئیسلام و مل کەچیەکەیان بۆ خوای خۆیان ــ ڕاستیان لە بڕواو عەقیدەکەیاندا ــ ڕاستیان کرد لە بەدی هێنانی بڕواو عەقیدەکەیاندا بە کردەوەو ڕەفتار لە ژیاندا ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ﴾ وە هەر ئەوانەن خۆ پارێز، خۆ پارێز لە سزای خوا (جل شانه)، هەر ئەوانەن لە خوا ترسی ڕاستەقینە کە هەڵسان بە پێوستی سەرشانیان بە سۆزو پەرۆشەوە، ئینجا با چاوێ هەڵخەبن بۆ ئەو ئاسۆ بەرزانەی کە خوای میهرەبان داینناون بۆ بەندەکانی و پێی خۆشە کە بەرز ببنەوە بۆیان بەهۆی پەیڕەوی کردنی بەرنامە بەرزو بڵندەکەی، ئینجا با لەو ئاسۆ بەرزو بەڕێزانەوە بیبینە خوارەوەو بەسەرسوڕمان و بێزاری دەربڕینەوە سەرنجێکی ئەم نەحس و نەگبەتانە بدەین کە دوور ئەکەونەوە لەو بەرنامە پڕۆژەوەو دژی ئەوەستن، وە بە هەموو هێز بەرگری ئەکەن و جەنگ بەرپا ئەکەن دەربارەی هەرکەس کە بانگیان بکات بۆلای ئەو بەرنامە پاک و بڵندە، ئینجا با بەداخەوە دەستمان پان بکەینەوەو وەریگێڕین کەلە ناخی دڵەوە ئاخێکی جەرگ برێنێتە دەرێ وەک خوا (جل شانه) دەفەرموێ: ﴿يَٰحَسْرَةً عَلَى ٱلْعِبَادِۚ﴾ ئەی داخ و مەراق و خەفەت وەرە بباڕە بەسەر ئەو بەندە پەست و نەگبەتانەدا!! وەرە جێی خۆتە و هەق وایە هەر بەسەر ئەوانەدا بڕژێی! ئینجا هەمتر سەرنج ئەدەین ئەبینین ئەو داخ و مەراقە خەریکە بار بکات و نەمێنێ بە ئومێدی خوا (جل ذکره) وە بەپشت پڕیمان بەهێزو ڕوونی ئەم بەرنامەی خوا (سبحانه) کە خەریکە بەرە بەرە ئەچەسپێتەوە لە دەروون و ژیانی مەردوم دا، وەلە هەموو لایەکەوە مەردوم خەریکن هۆش ئەکەنەوەو لە خەوی نەفامی و بێهۆشی بێدار ئەبنەوەو خەریکن چاو بەرز ئەکەنەوە بۆ ئاسۆ بەرزەکەی قورئان و ئەیانەوێ دووبارە سەرکەونەوە بۆ ئەو پلەو ئاسۆیە، ئینجا لێرە بەدواوە تا ئایەتی (۱۸۹) بەشێک لە ڕێزمی کۆمەڵایەتی باس ئەکات بۆ گەلی موسڵمان کەلە یەکەم جارەوە لە مەدینەدا فەراهەم هات

دوای کۆچ کردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە، هەر چۆنێ باسی پۆژوو ئەکات‌و هۆی دانان‌و پێویست کردنی‌و چەند ئادابێکی تری، لەگەڵ چەند شتی تردا، وە ئەوانەی هەموو تێکەڵ کردووە‌و جۆشی داون‌و پەیوەستی کردوون پێکەوە، کە ئەوەش ئەوە نیشان ئەدات کە ئەم ئایین‌و شەریعەتە کۆمەڵێکە‌و دەست نادات بۆ بەش بەش کردن، بەڵکو بە هەموویەوە ئیسلام پێك دێت‌و بەدی دێت، لە یەکەم جارەوە باسی (قصاص) ئەکات، واتە کوشتنەوەی بکوژی دەست درێژی کەر لە بریتی کوژراوەکەی دا، ئەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە ﴿كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَى﴾ نوسراوە لەسەرتان‌و پێویست کراوە کوشتنی بکوژ لەباتی‌و لەبەر کوشتنی کوژراوەکان، بە جۆرێ هەر دەست درێژی کەر بکوژرێ نەك هیچ کەسێکی تر، ئیتر با ئەو بکوژو دەست درێژی کەرە کۆمەڵێك بن‌و هەرچەند بن وەك کۆمەڵ‌و جەماوەری زانایان ئەفەرموون، ئینجا ئایا ئەو کوشتنەوە‌و تۆڵە سەندنە ئەبێ هەر لەسەر ئەو بارو شێوە بێت کە دەست درێژی کەر هەڵسا بێ پێی، یان ئەو هەرچۆن بووبێ تۆڵە سەندنەکە ئەبێ هەر بەشمشێرو سەرکردن بێت؟ زۆربەی زانایان لەسەر باری یەکەمن، وە ئیمامی حەنەفی‌و هاوەڵەکانی ڕای دووەمیان هەڵبژاردووە.

خوای گەورە بە پێی باوی خۆی بانگی کردە بڕوادارانی بە سیفەتی بڕواهێنانەکەیان تا بێدار ببنەوە یاسایە خوا داینا‌وە، کەواتە ئەبێ بەبێ سەر لێ کردنەوە گوێڕایەڵ بن، وەك بڕواکەیان داخوازە بۆ ئەوە، ئینجا ئەفەرموێ: ﴿ٱلۡحُرُّ بِٱلۡحُرِّ﴾ واتە ئازاد تۆڵەی لێ ئەسەنرێ لە باتی ئازاد دا ﴿وَٱلۡعَبۡدُ بِٱلۡعَبۡدِ﴾ وە بەندە لەباتی بەندە دا ﴿وَٱلۡأُنثَىٰ بِٱلۡأُنثَىٰۖ﴾ وە مێینە لەباتی مێینەدا، لەبارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتەوە چەند شتێ هاتووە:

١- لا بردن‌و سڕینەوەی ئەو باوو بڕیارانەیە کەلە پێش هاتنی ئیسلامدا هەبوون، وە ئەوانەش ئەمە بوون جوولەکە هەر کوشتنەوەی بکوژەکەیان پێویست ئەکرد، وە نەسزانیەکان هەر لێبوردنیان بەلاوە بوو، وە عەرەبەکانیش هەندێ جار کوشتنیان بڕیار ئەدا، وە هەندێ جار خوێنیان ئەسەند، بەڵام لە هەردوو بارەکەدا زیادە ڕەوی زۆریان ئەکرد، لە بارەی کوشتنەوە ئەگەر جەنگ‌و کوشتار ڕووی بدایە لەبەینی دوو

خێڵداو کوژراوی جۆر بەجۆر ببوایەو یەکێ لەو دوو خێڵەگەورەو پایە بەرزبوایە، ئەوەی کە پایە بەرزبوایە ئەیانگوت لەباتی بەندەمان ئەبێ ئازاد بکوژین، وە لەباتی ئافرەتمان پیاو ئەکوژین، وە لەباتی پیاوێکدا دوو پیاو ئەکوژین، وە هەر زامێکیان لێ بکرایە داوای دوو قاتیان ئەکرد، وەهەندێ جار بە تەواوی لە سنوور دەرئەچوون وەك ئەگێڕنەوە کە پیاوێك کوڕی یەکێ لەو سەرۆکانە ئەکوژێ، ئینجا خۆمو کەسی بکوژ کۆ ئەبنەوە لای باوکی کوژراو، وە پێی ئەڵێن: ئایا چیت ئەوێ؟ ئەویش ئەڵێ: یەکێ لەسێ شت، ئەوانیش ئەڵێن: ئەوانە چین؟ ئەویش ئەڵێ: یا کوڕەکەم بۆ زیندوو بکەنەوە، یا پڕی ماڵکەم بکەن لە ئەستێرەی ئاسمان، یا هەموو گەلەکەتان بێنن تابیانکوژم لەباتی کوڕەکەم دا، ئینجا هێشتا وا نازانم کە هیچم وەرگرتبێ، وەلە بارەی خوێن سەندنەوە، خوێنی هەر پیاوێکی گەورەیان دائەنا بە چەند چەندانەی پیاوی ژێر دەستو هەژار، ئینجا کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) ڕەوانە کرا ئەوەی کە داد بوو ئەوەی پێویست کرد، وە یەکسانی خستەنێوان بەندەکانی خوا لە تۆڵەسەندندا، وە خوا ئەم ئایەتەی هێنایە خوارەوە.

٢- (قتادة) ئەفەرموێ: لەسەردەمی نەفامی دا ستەمو دەست درێژیو گوێڕایەڵی شەیتان ئەکرا، بەم ڕەنگە هەر خێڵێ کە زاڵو دەسەڵات دار بوایە، ئەگەر بەندەی هۆزی تر بەندەی ئەو بکوشتایە ئەیانگوت: لەباتی بەندەکەمان هەر ئەبێ ئازادێ بکوژین لەبەر ئەوەی خۆیان بە زل دائەنا، وە ئەگەر ئافرەتێکیان بکوژرایە، ئەیانگوت: ئەبێ پیاوێك بکوژین لەباتی ئەو ئافرەتەدا، ئینجا خوا ئەم ئایەتەی هێنایە خوارەوەو هەواڵی پێدان کەلە باتی بەندەدا بەندەو لەباتی ئافرەتدا ئافرەتو جڵەوگیری کردن لەستەمو زیادەڕەوی، ئینجا ئایەتی سورەتی ﴿مائدة﴾ هاتە خوارەوە: ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ﴾ وە (شەعەبی) وێنەی ئەم ڕیوایەتەی هێناوە لە کۆمەڵی (تابعین)ەوە.

٣- لە (سوددی)ەوە هاتووە کە فەرموویەتی: دوو تاقم لە عەرەب ـ یەکێکیان موسڵمان بوو ئەوی تریان پەیمان دەرـ جەنگو کوشتار لە نێوانیان دا ڕووی داو چەند ئازادو

بەندەو ئافرەتی تیا کوژرا، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) سوڵحی کردن لەسەر ئەوەی لەباتی ئازاددا خوێنی ئازاد بدرێ، وە لەباتی بەندەدا خوێنی بەندە بدرێ، وە لەباتی ئافرەتدا خوێنی ئافرەت بدرێ.

٤- (ئیبن و ئەبی حاتەم) ڕیوایەتێ ئەهێنێ کە ئە چێتەوە سەر (سەعیدی کوڕی جوبەیر) کەدوو هۆز لە عەرەب کەمێك پێش هاتنی ئیسلام جەنگ و کوشتار بەرپا ئەبێ لە نێوانیان دا، وە کوشتن و زامدار کردن ڕوو کردن پوو ئەدات و لەناو کوژراوەکاندا بەندەو ئافرەتیش ئەبێت، وە بەو جۆرە ئەمێننەوە هەتا موسڵمان ئەبن، وە یەکێکیان گەورەو بەدەسەڵات تر ئەبێت، بەهۆی ئەوەوە سوێن ئەخۆن کە ڕازی نابن تا لەباتی بەندەی ئەمان ئازادی ئەوان نەکوژرێ، وە لەباتی ئافرەتی ئەمان پیاوی ئەوان، ئینجا بەبۆنەی ئەوانەوە ئەم ئایەتە دێتە خوارەوە، وە لەم ڕیوایەتەو ڕیوایەتی تریشدا کەلە (ئەبو مالیك)ەوە هاتووە ئەڵێن: کە ئەم ئایەتە سڕاوەتەوە بە ئایەتەکەی سورەتی ﴿مائدة﴾: ﴿أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ﴾.

ئینجا لەبەرئەو ڕیوایەتانەو چەند ڕیوایەتی تریش کە هاتوون، وە لەبەرئەوەی هەڵئەگرێ کە سەرەتای ئایەتەکە بە تەنیا وتەیەکەی تەواوبێتو بەبێ پێویستی بە دواکەی وە هەڵئەگرێ تەواوو سەربەخۆ نەبێو پێویستی هەبێ بە دواکەی تا ئەگاتە ﴿بِٱلْأُنثَىٰ﴾ لەبەر ئەم دوو هۆیە زانایانی تەفسیرو ئیمامان ڕایان جیاوازە لە تەفسیری ئەم ئایەتەو لە حوکمو بڕیارەکانی دا بەم جۆرە کە دێت:

١- ئەی بڕواداران بە پێی باوی جوولەکەو نەسرانیو پەرستەکان ڕەفتار نەکەن لە تۆڵە سەندن لە بکوژی تاوانباردا وەك باس کرا، بەڵکو هەر کوشتن پێویست کراوە لە ڕێوە، وە لەسەر کاربەدەستە بەجێی بێنێ، یان لەسەر تاوانبارەکە کە مل کەچ بکات بۆی، وە ئەو کوشتنەش بە بێ زیادەڕەوی و دەست درێژی بۆ کەسی تر وەك لە ئایەتەکەوە دەرئە کەوێ کە ئەفەرموێ: ئازاد لەباتی ئازادو...هتد، لەسەر ئەم ڕایە ئایەتەکە هەر

باسی تۆڵەی ئەم سێ تاقمە ئەکات کە دیاری کردوون و بێ دەنگە لە هەموو جۆرو تاقمی تر، وەحوکم و بڕیاری جۆرو تاقمەکانی تر لە حەدیس و شتی ترەوە وەرئەگیرێ.

ب- ئەی بڕواداران پێویست کراوە لەسەرتان یەکسانی کردن لە تۆڵەسەندندا ئیتر ئازاد بن یان بەندە موسڵمان بن یان بێبڕوا بە مەرجێ جەنگی (حربی) نەبن، وە زیادەڕەوی و دەست درێژی نەکەن بۆ بێ تاوان، بەڵکو بۆ وێنە: ئازاد لەباتی ئازاد دا... هتد، نەك وەك باوی سەردەمی نەفامی، لەسەر ئەم ڕایە کە حەنەفیەکانی لەسەرە ئایەتەکە گشتیە و بە وێنەی ئایەتی ﴿الإسراء﴾ وایە کە ئەفەرموێ: ﴿وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلْطَٰنًا﴾ هەرکەس کوژرابێت بە ناهەق و ستەمی لێ کرابێ ئێمە دەسەڵاتمان داوە بە خاوەنەکەی بۆ کوشتنەوەی، وە هەروەها وەك ئایەتی ﴿مائدة﴾ وایە کە ئەفەرموێ: ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ﴾ بڕیارمان داوە لەسەر بەنی ئیسرائیلیەکان لە تەورات دا ﴿أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ﴾ کە هەرکەس ئەکوژرێ کە بە ناهەق هەر کەسێ کوشتبێتی، کەواتە بێ دەنگ نیە لەو جۆرانەش کە باس نەکراون، بەڵکو ئەوانیش وەك باسکراوەکانن، وە سەرەتای ئایەتەکە نەبەستراوە بە دواکەیەوە، بەڵکو باسی ئەو دواییەی هەر بۆ جڵەوگیرییە لەو باوە ناشیرینەی کە زۆرداران ئەیانویست بەکاری بێنن لە تۆڵەسەندندا بە دەست درێژی کردن لە بێتاوان و زیادە ڕەوی کردن لە تۆڵە سەندندا.

ت- ئەی بڕواداران پێویست کراوە لەسەرتان تۆڵەسەندن بە کوشتنی بکوژی تاوانبار بەم جۆرە ئازاد لەباتی ئازاد... هتد، لەسەر ئەم ڕایە کە (مالیکی) و (شافیعی)ەکانی لەسەرن سەرەتای ئایەتەکە بە تەنیا سەربەخۆو وتەیەکی تەواو نیە، بەڵکو بەستراوە بە دواکەیەوە، کەواتە لە غەیری ئەم سێ جۆرو تاقمە کەاە ئایەتەکەدا هەیە تۆڵە بە کوشتن نابێ، بەڵکو بە خوێن سەندن ئەبێ بەو جۆرو شێوەی کەلە کتێبەکاندا بڵاوبووەتەوە، وە هەرکام لە خاوەنی ئەم سێ ڕایە بەڵگەو ڕابەری هێناوەتەوە لەسەر ڕای خۆی و لێکۆڵینەوەی تایبەتی تیاکردووە، هەرکەس ئەیەوێ بەدرێژی باسەکە کە بزانێ با تەماشای کتێبە تایبەتیەکان بکات لە مەزهەبەکاندا، بێجگە لەم سێ ڕایە،

ڕایەکی تریش هەیە کە ڕیوایەت کراوە لە (ئیبن و عەباس)و (سەعیدی کوڕی موسەییب)و (شەعبی)و (نەخەعی)و (ثوری)و (ئەبو مالیك)ەوە ـ خوا لە هەموویان ڕازی بێت ـ، ئەم ڕایە لە سەرەتاو یەکەم جاردا وەك ڕای سێیەمە، بەڵام ئەڵێ: بەستنەوەی سەرەتای ئایەتەکە بە دواکەیەوە سڕاوەیە بە ئایەتی ﴿مائدة﴾و وەکو ئەو شێوەی گشتی بەسەردا هێنراو پێویست کرا یەکسانی لە تۆڵەسەندن دا بەبێ هیچ مەرج و شەرت و شروتێك، وە ئەڵێ هەر چەند بڕیاری ئایەتی ﴿مائدة﴾ لە پێشەوە بووە لە تەورات دا، بەڵام هاتنە خوارەوەی دواکەوتووە لەم ئایەتەی ئێرە، وە یاسای ئایینە پێشووەکان کەلە قورئان دا هاتە خوارەوە بۆ ئێمەیشە مەگەر ڕابەرو بەڵگەیەکی ڕوون لە ئێمە لابدات و تایبەتی بکات بە پێشووەکانەوە.

ئەم ڕای چوارەمەش بەو شێوەیە هەیە، بەڵام ڕایەکی بەهێز نیە، وەك لە شوێنی تایبەتی خۆی دا باس کراوە، وە بێجگە لەوەش هەڵئەگرێ هەرکام لەم دوو ئایەتە ببڕن بەسەر بارێکی تایبەتی جیاوازدا بەجۆرێ هیچ دژایەتی نەمێنێ لەناو ڕوالەتی ئەم دوو ئایەتەدا، ئەو کاتە پێویست نامێنێ بە سڕینەوەو باسی سڕینەوەی هیچ کام بۆ ئەوی تر، ئەوەش بەم ڕەنگە ئایەتی ﴿مائدة﴾ ببڕین بەسەر دەست درێژی یەکێك یا کۆمەڵێك بۆ سەر کۆمەڵێکی تر، وەك لە ڕوالەتی ڕیوایەتەکانیشەوە دەرکەوتن کە هێنامان لەبارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکەدا، واتە ئەگەر دوو کۆمەڵە ئاوا چوون بەگژی یەکداو کوشتاریان لەیەکتر کردو لە پاش دا موسڵمانان ویستیان سوڵحیان بکەن ئەبێ ژمارەی کوژراوی هەر دوو تاقم ژمارە بکرێو بدرێن لە یەك، بەو جۆرە ئازادو پیاو لە باتی پیاوو ئافرەت لەباتی ئافرەت، ئەگەر ئەم تێڕوانینە ڕاست دەرچێ ئەو کاتە ـ وەك وتمان ـ دژایەتی نامێنێو پێویست ناکات بەبڕیاری سڕینەوە، ئینجا لەسەر هەموو بارو لەسەر هەموو ڕایەك تۆڵە سەندن بە کوشتن لە کاتێکدا ئەبێت کە دەستی قەست دەست درێژیەکە کرابێ، ئەگینا بکوژ ناکوژرێ، وەك بڕیاری بەتایبەتی هاتووە لە ئایەتی هاتووە لە ئایەتی سورەتی ﴿النساء﴾دا،

فَمَنْ عُفِيَ لَهُۥ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَٱتِّبَاعٌۢ بِٱلْمَعْرُوفِ وَأَدَآءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَٰنٍ ذَٰلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٧٨﴾

وه هەروەها ئەگەر کاربەدەستی کوژراو لێی نەبوردن ئیتر بە خۆڕایی یا خوێن سەندن، ئەگینا لەم کاتەشدا بکوژ نابێ بکوژرێ وەك دەرئەکەوێ لێرەدا کە ئەفەرموێ: ﴿فَمَنْ عُفِيَ لَهُۥ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ﴾ ئینجا هەر بکوژێك ئەندازێو شتێ لێبوردنی لێ کرا لە لایەن براکەیەوە، واتە خوێن پەسو هەقداری کوژراوەکە کەبرای بکوژە لە ئادەمێتیو لە ئاییندا، وە ناوی برد بە برا لەبەر پاکێشانی سۆزو بەزەیی هەردوولا، بەشێك لێ بوردنی لێ کرا، بەم پەنگە هەقدارەکە دەست هەڵگرێ لە کوشتنیو بە تەواویش لێی نەبورێ، ئەو حەلە خوێنی ئەکەوێ کە ئەوەش بەشێکە لە لێبوردن، یان بەم پەنگە هەقدارەکە زیاد لە یەك کەس بێتو هەندێکیان دەست هەڵگرن لە کوشتنیو پازی بن بە خوێن سەندن کە ئەو حەلەش کەوشتن نامێنێ، یان مەبەست ئەوەیە دەست هەڵنەگیرێ لەکوشتنو هەندێ لە خوێنەکەش، کە ئەمەش پای تاقمێ لە زانایانە، لەسەر هەرکام لەم سێ پایە ئەوا ئامۆژگاری هەردوولا ئەکات، ئامۆژگاری لێبوردە ئەکات بەمەی ﴿فَٱتِّبَاعٌۢ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ پێویستە لەسەری پەیڕەوی لێبوردنەکەی بەپێك و پێکی، بەم پەنگە توندو تیژی بەکار نەهێنێ لە داوای خوێنەکەداو داوای زیادەی لێ نەکات، وە ئەگەر بێ نەواو دەست تەنگ بوو مۆڵەتی بداتو لێی بوەستێ، وە ئامۆژگاری لێ بوراوەکەش ئەکات بەمەی ئەفەرموێ: ﴿وَأَدَآءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَٰنٍ﴾ پێویستە لەسەری خوێنەکەی جێبەجێ بکاتو بیدا بە هەقدارەکە، بەم پەنگە بەبێ تەفرەو لاریو کەمو کوڕی بیدا بەپێی دەسەڵاتو توانا، وەك (ئیبن و عەباس)و (حەسەن)و (قتادە)و (مجاهد) ئەفەرموون –خوا لێیان پازی بێ–.

خوای میهرەبان منەتی نا بەسەر ئەم ئوممەتەدا بە دانانی یاسای خوێن سەندن، نەك وەك یاسای تەورات کە هەر کوشتنی تیا پێویست کرا بوو، وە نەك وەك یاسای ئینجیل کە هەر لێبوردنی پێویست کرد بوو لە خۆڕایی و بەبێ خوێن سەندن، لەم شەریعەتەدا یەکێ لە

سێ شت دانرا: خوێن سەندن، لێبوردن بە خۆڕایی و لە پێی خوادا، بە دانانی ئەم یاسای خوێن سەندن کارەکەی سووک و ئاسان کرد لەسەرمان وەکو ئەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ﴾ ئەو بڕیاری لێبوردن و خوێن سەندنە سووک کردنێك بوو لەلایەن پەروەردگارتانەوە، وە میهرەبانیەك بوو پێتان، بەمەی کە بکوژ ڕزگاری ئەبێ لە کوشتن و لە هەمان کاتدا ئاشتی و برایەتی پەیدا ئەبێتەوە و هەقداریش بەهرەمەند ئەبێ بەو مالّ و دەسکەوتە زۆرە، جا لەبەرئەوە هەرکەس بە پێچەوانەی ئەو میهرەبانیە ڕەفتار بکات شایستەیە بۆ ئەوەی ئەم هەڕەشە سامناکەی ئاڕاستەبکرێ: ﴿فَمَنِ اعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ﴾ ئینجا لەپاش ئەو سووک کردنە هەرکەس دەست درێژی بکات، لە سنووری شەرعی خوا دەرچێ، بەم ڕەنگە کەسی تر بکوژێ غەیری بکوژ، یان هەر بکوژ بکوژێتەوە لە پاش وەرگرتنی خوێن ﴿فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ بۆ ئەو کەسە هەیە سزایەکی سەختی ئێش و ئازار دەر، وە بێجگە لەو سزای ڕۆژی دواییە ئەبێ بکوژرێ و خوێن لەم وەرناگیرێ، چونکە بەڵێن و پەیمانی هەڵوەشاندووەتەوە، وە ڕێك کەوتن و ڕەزامەندی هەردوولای بە هیچ دەرکرد، وە دڵ و دەروونی پڕ کردەوە لە کینەو دوژمنایەتی لە پاش پاك و ساف کردن و پاك کردنەوەی، وە ئەو پەڕی ناپیاوی بەکار هێنا لەپاش ڕازی بوون و وەرگرتنی خوێن، دەست درێژی کرد و تۆڵەی سەند، ئابەم جۆرو شێوە ڕێك و ڕاستە ئیسلام یاسای دانا بۆ بەندەکانی خوا، سەرنجی هەموو باوێکی داوە و چاودێری هەموو لایەکی کردووە، ئەزانێ کە ئێش و ڕقی کوشتن تا چ ڕادەیەك سەخت و بەتینە لەسەر ئەوە تۆڵە سەندنی بە کوشتنەوە داناوە کە بەوە داخ و ئێشێ دڵ ساڕێژ ئەبێت، وە دەستی دەست درێژی کەرانیش ئەبەستێ لەوەی سەر بکەنە خراپەکاری، وە لە هەمان کاتدا لێبوردنی پێ خۆشەو خۆشەویستی ئەکات لەدڵ و دەروندا، وە قاپی ئەکاتەوە و سنووری بۆ دیاری ئەکات، وە بانگی مەردومی بۆ ئەکات کە بە پیاوەتی و ئارەزووی خۆیان هەڵسن پێی، نەك بە زۆرو بیدا بەسەری دا بە زۆر، بێجگە لەوەش بەڵێنی پاداشت دانەوەی پێ ئەدا لەسەر ئەو لێبوردنە.

لە پاش دانانی ئەو یاسایە بەرزە، ئینجا هۆی دانانەکەی دەرئەخات، ئەفەرموێ: ﴿وَلَكُمْ فِي ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ﴾ بۆ ئێوە هەیە لە دانانی یاسای (قصاص)دا ژیانێکی گرنگ، واتە ئەم یاسایە مایەی ژیان‌و مانەوەتانە، نەک مەبەست تۆڵەسەندن‌و داخی دڵ ڕشتن‌و لەناو بردنتان بێت، بەڵی بە ڕاستی لە هەر بارو ڕوویەکەوە ئەم یاسایە مایەی ژیانە، نەک لەناو چوون‌و نەمان، مایەی ژیانە چونکە کابرا کە زانی ئەگەر بە ناهەق کەسێ بکوژێ ئەکوژرێتەوە، ئەو کاتە کۆسپەی لێ ئەکەوێ‌و ئەگەڕێتەوە لەو کارە ناڕەوایە، مەگەر بە دەگمەن‌و لە حاڵەتی تایبەتی دا، کەواتە بەو گەڕانەوە ئەمیش‌و ئەویش کە نیازی کوشتنی کردووە ڕزگار ئەبن، وە هەروەها ئەبێتە بەر بەست بۆ تەندنەوەی کوشتار لەناو کەس‌و کاری هەردوولادا کە ئەو تەندنەوە بە زۆری ڕوو ئەدات‌و پەیدا ئەبێ لە کوشتنە ناهەقەکەی یەکەم جارەوە، بەڵێ مایەی ژیانە، چونکە ئەو باوی نەفامیەی لابرد کەلە باتی کەسێکدا چەند کەس ئەکوژرا بە ناهەق‌و بێتاوان، بەڵێ بە ڕاستی مایەی ژیانە، چونکە مەردومی تری پێ تەمێ خوارئەبێت‌و جڵەو گیریان ئەکات لەو هەموو کوشتنەی بە چاو ئەبینرێ‌و هۆکەشی نەبوونی ئەو یاسایەیە کە خوا داینناوە بۆ بەندەکانی، بێجگە لەمانەش دەست درێژی کردن بۆ سەر گیانی تەنیا کەسێک وەک دەست درێژی وایە بۆ سەرگیانی هەموو یەکێک کە بەشداری ئەو کوژراوەیە لە گیان‌و دروشمی گیاندا، دەی بەم یاسایە بەرگری کرا لە کوشتن‌و گیان دەرکردنی تەنیا کەسێک، ئەو حەلە جڵەوگیری کراوە لەدەست درێژی بۆ سەر هەموو گیان، کەواتە ئەو یاسایە ژیانی تیایە، ژیان بەبێ سنوور، نەک ژیانی یەکێک، یاخێزان‌و بنەماڵەیەک، یا خێزان‌و بنەماڵەیەک، یا ژیانی گەل‌و کرمەڵێک، بێگومان ئەم یاسا بەرزەبەو جۆرە پڕ سوودو بەهرە بەخشە، لەگەڵ ئەوەدا هەندێ لە پیاوانی یاسای زەمینی ئەیانەوێ ئەو یاسای خوایە لاببرێ‌و ڕەفتاری پێ نەکرێ، چونکە دڵیان گەرمەو بەزەییان دێتەوە بەو بکوژە تاوانبارەدا!! بەڕاستی کوژراوە داماوەکە شایستە تڕە بە بەزەیی‌و سۆز پیا هاتنەوە، ئەگەر ئەوانە بەزەییان بێتەوە بە بکوژی تاوانباردا، ئەبێ کێ بەزەیی بێتەوە بەو گەلەدا کە تاوانباران تێکی ئەدەن‌و پڕی ئەکەن لە کینەو دوژمنایەتی! بەڕاستی تێڕوانی ئەو جۆرە قانوانە زۆر تەنگ‌و تاریکە، ئەوانە یان بێبەشن لە ژیریی یان ژیرییەکەیان بێ هێزو لاوازەو ئیش ناکات، وە ئەم جۆرە شتانە بەژیریی تەواو ئەزانرێن،

يَٰٓأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٧٩﴾ كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْرًا ٱلْوَصِيَّةُ لِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ بِٱلْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٨٠﴾

وەك قورئانیش پووی فەرموودە ئەکاتە ئەو ژیرانەو ئەفەرموێ: ﴿يَٰٓأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ ئەی خاوەن ژیرییە پاک‌و خاوێنەکان ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ واتە ئەم یاسایە پێویست کراو پێتان پاگەیەنرا، یان هۆو بەرژەوەندی ئەم یاسامان بۆ باس کردن بەڵکو خۆتان بپارێزن لەدەست درێژی بە کوشتن‌و خوێن ڕێژی لە یەکەم جارەوە، وەلە دوایی دا خۆتان بپارێزن لە دەست درێژی‌و زیادەڕەوی لە تۆڵەو هەق سەندندا، (زەمەخشەری) ئەفەرموێ: بەڵکو کردەوە بکەن وەك لە خواترشەکان بە پارێزگاری ئەم یاسا و ڕەفتار پێکردنی‌و بڕیار پێدانی‌و بەدی هێنانی، وە ئەفەرموێ: ئەم فەرموودەیە زیاتر تایبەتیە‌و پەیوەستی هەیە بە حوکمڕان‌و کاربەدەستانەوە، بێگومان بەبێ ئەو لە خواترسیە هیچ شەریعەت‌و یاسایەك ڕاگیر نابێ‌و لە واقیعی ژیاندا بەدی نایەت، وە بەبێ ئەو لەخواترسیە بە هیچ کەس کۆسپەی لێ ناکەوێ‌و تا بگونجێ گەڕانەوەی لەو شتانەی کە ئارەزووی ئەکات! وە بەهۆی ئەو لە خوا ترسیەوە تاوان‌و دەست درێژی‌و خراپەکاری زۆر کەم بوو لەناو گەلی موسڵمانی ڕاستەقینەدا، بەڵێ ئەبێ خراپەکاری زۆر کەم بێت لەناو ئەو گەلەدا، چونکە هەمیشە هەر یەکێ لەو گەلە موسڵمانە چاودێری‌و پاسەوانێکی بەهێزی وریای لەگەڵەو لە ناو دڵ‌و دەروونی دا ئیش ئەکات، تا ڕادەیەك ئەگەر جارێ لەجاران هێزی ئارەزووی سەرکێشی بکات‌و جڵەوی لەدەستی دەرچێ‌و کارێکی پیسی پێبکات، دەست بە جێبڕواو لە خوا ترسیەکەی ئەکەوێتە سەرزەنشت‌و تەشەر لێدانی تا ئارامی لێ ئەبڕێ‌و ناچاری ئەکات بەوەی بچێ لەبەردەم دادگادا ڕاستی خۆی بڵێت‌و دان بنێت بە تاوانەکەی خۆی دا، بۆ ئەوەی تۆڵەو هەقی لێ بسێنرێ‌و نەکەوێتە ڕێژی دواییو دووچاری سزای دۆزەخ ببێت!! ئیتر با هیچ کەس پێی نەزانی بیت، وە با لەو تۆڵەو هەق لێ سەندنەدا بکوژرێ‌و سەری تیا بڕوا، وە چەند ڕووداوێکی بەناوبانگ هەیە کە بکرێن بە وێنەو نموونە بۆ ئەوەی کە باس کرا، یەکێ لەوانە ڕووداوی (ماعیز) ناو کە دووچاری زینا بوو، چووە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) دانی نا بەو کردەوەی کە هیچ کەس لە ئادەمی پێی نەزانیبوو، وە هەرچەند گیروگرفت‌و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا هەر وازی نەهێنا و هەتا تۆڵەی لێ سەنراو بەئارام‌و لێخۆش بوونەوە

ئەو بارە گرانەی هەڵگرتو دەستی نا بە گیانی خۆیەوە، تا نەکەوێتە بەر خەشمی خواو سزای ئاگری ڕۆژی دوایی! ئیسلام بەو جۆرە بڕواو لە خواترسی فەراهەم ئەهێنێ لە دڵو دەروونی مەردوم دا، وە لەبارێ ترەوە یاساو شەریعەتەکەشی ڕوون‌و ڕوونا‌کەو ڕێکە لەگەڵ سروشتی ئادەمی دا، هەر چۆنێ تەمێ‌و ئامۆژگاریەکانی لەگەڵ عیبادەت‌و خواپەرستیەکانی قۆڵگیرو یارمەتی دەرێکی بەهێزن بۆ گوێ ڕایەڵی‌و فەرمان بەری، جا لەبەر هەموو ئەوانە ئیسلام سەرکەوتووو زاڵ ئەبێ‌و بە ڕێکی بەدی دێت لە ژیاندا، وە شتێکی خەیاڵ پڵاونیە، وەك ڕژێم‌و یاسا دەست کردەکانی ئادەمی... ئەم قورئانە لە هیچ بارێکەوە هیچ شتێ تری پێناگات، تەنانەت لە بارەی وتەو وشەکانیەوە، بۆ نموونە ئەو وتەو ڕستەکورتەی کە ئەم یاسا گەورەو گرنگەی تیایە ﴿فِي ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ﴾ هەوڵی زۆر درا لە هێنانی وتەو ڕستەیەکی تردا کە جێگەی بگرێتەوە، هیچ نەکراو هەر هەوڵێ درا بە بۆش دەرچوو، ئەوەتا هەڵبژێرراوو پاڵفتەکراوی ئەو وتەو ڕستەیانە ئەمبوو (القتل وانفی للقتل) کە لە سیازدە بارەوە ئایەتەکە باوی هەیە بەسەری دا وەك باس کراوە لە کتێبەکانی عیلمی بەلاغەوەهەندێ لە تەفسیرەکاندا، پاکی‌و بێ لەکەیی بۆ خواو بۆ هەموو سیفەت‌و کرەوەکانی.

ئینجا یاسای وەسیەت کردنی کاتی مردن ئەهێنێ بەدوای یاسای پێشوودا کە پەیوەستیەکی ئاشکرای هەیە بە یاسای پێشووەوە، ئەفەرموێ: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ﴾ پێویست کراوە لەسەرتان کاتێ مردن ئامادەبوو، وە نیشانەکانی ڕووی کردە هەرکامێکتان ﴿إِن تَرَكَ خَيْرًا﴾ ئەگەر ماڵو سامانێك بە جێبهێڵێ، پێویست کراوە ﴿ٱلْوَصِيَّةُ﴾ وەسیەت کردن بە هەندێ بەو ماڵە ﴿لِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ﴾ بۆ باوك‌و دایك‌و خزمە زۆر نزیکەکانی، ئەوەش ﴿بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ بە دادو بە شێوەیەکی شیرین کە بێزراو نەبێت لەناو مەردوم دا، بەم ڕەنگە لایەنگری تیا نەکردبێ‌و ئەوەی شایان‌و شیاو تڕە بێبەش یا دوای نەخستبێ، وەچاك وایە بە جۆرێك بێ کە بێگانەشی تیا بەشدار بێت، وە ئەو پێویست کردنی وەسیەتە ﴿حَقًّا﴾ بێگومان ڕاست‌و ڕەواو دامەزراوە ﴿عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ﴾ لەسەر خوا ترسەکان کە بە پێی فەرمانی خوا پارێزەری ئەو وەسیەتەن، بێگومان لەسەر هەموو بڕوا دارێ پێویست کرا، کەواتە مەبەست بەم لە خواترسانە بڕوادارانە، چونکە ئەبێ بڕوادار هەرچۆنێ ببێ لە خوابترسێ، یان لەبەرئەوەی لە خواترسی ڕاستەقینە بە ڕێکی فەرمانبەرو گوێڕایەڵە، بە تایبەتی باسی ئەوانی کرد، وەك ئەم یاسایە هەر بۆ ئەوان دانرابێ، ئینجا ئایا

مەبەست بە وتەی ﴿خیر﴾ مالّو سامانی زۆربێت، وەك لە فەرموودەی (ئیمامی عەلی)ەوە وەرئەگیرێ کە (بەیهەقی)و کۆمەڵێك لە (عور)ەوە ڕیوایەتی ئەکەن کە ئیمام –خوا لێی ڕازی بێ– چوو بۆ دیاری بەندەیەکی ئازاد کراوی خۆی لەکاتی سەرە مەرگدا، وە حەوت سەد یا شەش سەد درهەمی هەبوو، ئینجا ووتی بە ئیمام: ئایا وەسیەت نەکەم؟ ئەویش فەرمووی: نەخێر، چونکە خوا ئەفەرموێ ئەگەر خێر بەجێبهێڵێ، وە خێر مالّو سامانی زۆرەو تۆ زۆرت نیە، کەواتە لێی گەڕێ بۆ میرات بەرەکانت، وە هەروەها (ئیبن و ئەبی شەیبە) کەدایکی ئیمانداران (خاتوو عائیشە) –خوا لێی ڕازی بێ– ئەیگێڕێتەوە کە پیاوێك عەرزی ئەکات: ئەمەوێ وەسیەت بکەم، ئەویش فەرمووی: چەند مالّت هەیە، ئەویش ئەڵێ: سێ هەزار، ئەویش ئەفەرموێ: ئەی خێزانت چەند کەسە؟ ئەویش ئەڵێ: چوار کەسە، ئەویش ئەفەرموێ: ئەمە کەمە، کەواتە لێی گەڕێ بۆ خێزانەکەت چاکترە.

لەسەر ئەو ڕایە وا دەرئەکەوێ کە ئەو زۆرێ و کەمیە بە گوێرەی شوێن و کات و حاڵی مەردوم ئەگۆڕێ، کەواتە ئەندازێکی تایبەتی دیاری ناکەین، ئەگەرچی (ئیبن و عەباس) –خوا لێیان ڕازی بێ– لای خواروی دیاری کردووە، وەك (عەبدی کوڕی حەمید) ئەیگێڕێتەوە لێیەوە فەرموویەتی هەرکەسێ شەست دینار بەجێ نەهێڵێ زۆری بەجێ نەهێشتووە، مەبەست بە وتەی ﴿خیر﴾ ئایا ئەمە بێ کە گوترا، یان هەر مەبەست پێی مالّە، ئیتر هەرچەندە ببێ، وەك (زەهەری) ئەفەرموێ: بەهەرجۆر مەبەست بێت، چەند ڕایەك هەیە لەم یاسایەدا:

١- بەڵای کۆڕو جەماوەری زانایانەوە سڕاوەتەوە بە ئایەتی میرات، وە ڕابەرێ ئەم سڕینەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسالّی فەتحی مەککەدا فەرمووی: (لا وصیة للوارث) وەسیەت بۆ میرات بەر نابێت، وە ئەم حەدیسە هەرچەند متواتر نیە، بەڵام زانایان وەریان گرتووەو ڕای گشتی بەسەریەتی، کەواتە وەك (متواتر) وایەو دەست ئەدا بۆ ئەوەی ئایەت بسڕێتەوە، لەسەر ئەم ڕایە پێویست کردنی نەمایەوە لەسەر هیچ کەس و بۆ هیچ کەس، بەڵام سوننەتە بۆ ئەو کەسانەی کە میرات بەر نین، ئتری خزم بن یا بێگانە، وە ئەندازەکەشی دیاری کراوە تا سێیەکی مالّەکەی، وە هەرچەند زیاد بێت لەو سێیەکە بە بێئیزنی میرات بەر دانامەزرێ، وە بە هەرحاڵ چاك وایە لە چوار یەك تێپەڕ نەکات.

٢- سڕاوەتەوە هەر بۆ میرات بەر، وە ماوەتەوە بۆ خزمی میرات نەبەر.

٣- نەسراوەتەوە و لەسەر باری خۆی ماوەتەوە بەلای (وێبن و جەریرو ئەبو موسلیمی ئەصفەهانی)ەوە.

٤- سراوەتەوە دەربارەی باوك و دایك و خزمی نزیکی میرات بەر، بەڵام هەر ماوەتەوە بۆ ئەو باوك و دایك و خزم و نزیکانەی کە میرات نابەن، بەم ڕەنگە ئاینیان جیاوازبێت، ئەمەش بەلای (ئیبن و عەباس)ەوە -خوا لێیان ڕازی بێ- وە هەروەها هەندێ لە هاوەڵەکان و تابعین لەسەر ئەم ڕایەن، وە ڕیوایەت کراوە لە (ئیمامی عەلی)ەوە کە فەرموویەتی: هەرکەس لەکاتی مردنیدا وەسیەت نەکات بۆ ئەو خزمانەی کە میرات بەر نین ئەو کەیە کردەوەی خۆی بە گوناە تەواوکردووە، ئەمانە ڕای زانایانی ئیسلام بوون هەرکام ڕابەرو بەڵگەی خۆی هەیە، ئینجا کار بەدەستی موسڵمانیش ڕێی هەیە هەرکام لەم ڕایانە بکات بە یاسا و ڕەفتاری پێبکرێ، وە بەمە دەمی ئەو دەم بەتاڵانە ئەبەسترێ کە لەبەر خۆیانەوە وەك وڕێنەبکەن ڕەخنە ئەگرن لەیاسای میرات و وەسیەت کە گوایە هیچ گوێ نەدراوە بە حەزو ئارەزووی مردوو و خاوەن ماڵەکە و بەبێ ڕای ئەو هەموو بەشێك دیاری کراوەو ئیتر کابرا پێی خۆش بێت یان نا؟ لەگەڵ ئەوەدا ئەگونجێ حەزو ئارەزووەکەشی پیرۆزو بەجێ بێت لە هەندێ کاتدا وە ئەوەی یەکێك دوو برای هەبێت، یەکێکیان زۆر بەکەڵك و بەزەحمەت بووبێ و ئەوی تر زۆر بێنرخ بووبێت و بەڵکو هەمیشە دژو پێچەوانەی ڕەفتاری کردبێ، دیارە ئەم کابرای مردووە ئارەزووی هەیە کە بەشی برا چاکەکەی زۆر تربێت دەی ئەگەر جڵەوگیری بکرێت لە وەسیەت بۆ کردنی ئەوا بە داخەوە ئەمرێ، ئەم ڕەخنە بۆشو بێجێیە هەرچەند بێ نرخەو یاسا ئەبێ شتێکی گشتی بێت و نابەسترێ بە هەندێ شتی تایبەتیەوە، وە هەرچەند ئەو یەکە چاکە خوا پاداشتی ئەداتەوە لەسەر چاکیەکەی، کەواتە هەر بەشی ئەو زۆرترە، هەرچەند مەسەلەکە بەو جۆرەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەتا لەناو زانایانی ئیسلام دا ڕێگە دراوە بەو وەسیەت کردنە، کەواتە مردووەکە ئەتوانێ لەسەر ڕای زانایان وەسیەت بکات بۆ برا چاکەکەی، مەبەست ئەوەیە ئەم شەریعەتە پان و فراوانەی ئیسلامە خۆی لەخۆی پێك هاتووەو تەنراوەو هەموو قۆرت و گرێیەکی ژیانی پێ ئەکرێتەوەو پێویست نیە بەوەی شوێنی هیچ ڕژێم و یاسایەکی تر بکەوین.

فَمَنۢ بَدَّلَهُۥ بَعۡدَ مَا سَمِعَهُۥ فَإِنَّمَآ إِثۡمُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴿١٨١﴾ فَمَنۡ خَافَ مِن مُّوصٖ جَنَفًا أَوۡ إِثۡمٗا فَأَصۡلَحَ بَيۡنَهُمۡ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١٨٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ

هەرکەس وەسیەت بکات پێویستە لەسەری کەسێک یا هەر چەند بکات بە ئەمین دارو وەصی کە هەڵسن بە جێبەجێی لەپاش خۆی، وە هەروەها چاك وایە شایەتیش پاگرێ لەسەری، ئینجا کە وەسیەتەکەی شەرعی بوو دانەمەزرێو ئەبێ بە گوێرەی وەسیەتەکەی پەفتار بکرێ بەبێ زیادو کەم ﴿فَمَنۢ بَدَّلَهُۥ﴾ ئینجا هەرکەس لەو وەصیو شایەتانە ئەو وەسیەتەیان گۆڕی بە هەرجۆرو بارێکدا ﴿بَعۡدَ مَا سَمِعَهُۥ﴾ لەپاش ئەوەی کە بیستیو بە باشی وەری گرت ﴿فَإِنَّمَآ إِثۡمُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُۥٓۚ﴾ گوناهی ئەو گۆڕینو وەسیەتە گۆڕاوە هەر لە ئەستۆو لەسەر ئەوانەیە کە ئەیگۆڕن، نە لەسەر وەسیەت کەرەو نەلەسەر وەسیەت بۆکراو.

ئینجا هەڕەشە ئەکات لە گۆڕەرەکانو بەڵێن ئەدات بە وەسیەت کەر کە نیازو کردەوەکەی باش بێت، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ﴾ بەڕاستی خوا بیسەری زانا و ئاگایە بە هەموو قسەو کردەوەو نیازێکتان، کەواتە پاداشتی وەسیەت کەر ئەداتەوەو پرسیارو حیسابیش لەگەڵ گۆڕەرەکان ئەکات. گۆڕینو دەست کاری وەسیەت دروست نیە بەس لە یەك حاڵەتدا کە بزانرێ وەسیەت کەر لایداوەو ستەمی کردووە ئیتر بە نەزانین وە بەبێ نیازی ستەم کردن یان بە دەست قەست، وە بەهۆی ئەوەوە ئاژاوە پەیدا ببێ لەناو وەسیەت بۆ کراوەکاندا، لەم کات و حاڵەتەدا ئەگەر هەوڵ بدا بۆ یەك خستنی وەسیەت بۆ کراوەکان بە دەستکاری کردنی وەسیەتەکەو ڕێك کردنی لەگەڵ شەرعدا ئەوە هیچ گوناهێکی لەسەر نیە، وەکو ئەفەرموێ: ﴿فَمَنۡ خَافَ مِن مُّوصٖ جَنَفًا﴾ ئینجا هەرکەس مەترسی کرد لەوەسیەت کەرو زانی کە بە هەڵە لایداوەو ناڕەوایی کردووە لە وەیسەتەکەی دا ﴿أَوۡ إِثۡمٗا﴾ یا زانی کەبە دەست قەست ستەمی کردووەو بەهۆی ئەوەوە ناکۆکیو ئاژاوە بەڕپا بوو لە ناو وەسیەت بۆ کراوەکاندا ﴿فَأَصۡلَحَ بَيۡنَهُمۡ﴾ ئینجا ئەمیش ڕێکی خستن بەوەی ڕێکی شەرعی کردو ئەو ناڕەوایی و ستەمی نەهێشت ﴿فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ﴾ ئەوا ئەو کەسە هیچ گوناهێکی لەسەر نیە لەو بارەیەوە، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ

﴿غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا لێ بووردەی بەزەیی داره، واته له جێیه خوا لێ بووردەیه له گوناهو بەزەیی داره به گوناهکار باشتر لێ بووردەیەو بەزەیی داره بەم گۆڕەره که خێرو چاکەو بەرژەوەندی بەکار هێناوه، بان مەبەست ئەوەیه که لێ بووەو بەزەیی داره له هەر کەمو کوڕیو درۆو لادانێ که کردبێتی بۆ یەکخستنیو ڕێك کردنەوەی لەگەڵ شەرعدا.

بێگومان ئەم ئوممەته که کرا بەجێگرو جێنشینی هەموو ئوممەتەکان، وه پێویست کراوه لەسەری تێکۆشانو فیداکاری لەڕێی خواداو بۆ چەسپاندنو جێگیر کردنی بەرنامەی خوا له زەوی دا، وه بۆئەوەی ببێ به کاربەدەستو فەرمانڕەواو چاودێر بەسەر ئادەمێتیو ژیانو جیهانەوه، بێگومان ئوممەتی ئاوا زۆر پێویسته به ڕۆژوو بۆ ئەوەی ڕام ببێتو ڕابێت لەسەر پەیوەستی مل کەچیو گوێڕایەڵی به خوای خۆیەوه، وه بۆئەوەی بتوانێ خواهیشو خواستی خۆی دامەزراو بکات، وه بۆئەوەی فێری زاڵبوونو بەرزبوونەوه ببێ بەسەر هەموو ئارەزووو داخوازیەکانی لەش دا، وه بتوانێ ئەو باره گرانه هەڵگرێ له پێناوی فەرمانو ڕەزامەندی خوادا، ئەو حەله ئامادە ئەبێت بۆ هەڵگرتنی بارو ئەرکی زۆر گرانی ئەو ڕێگەی که ئەیداته بەر، که ئەو ڕێگەش پڕه له دڕکو داڵ، وه له هەموو لایەکەوه داخوازو ئارەزووەکانی لەش ڕێی لێ ئەگرێ، وه هۆی لادانو هەڵخلیسکان بەزۆری دەوری داوه!

ڕۆژوو بەوجۆره پێویستەو بڕوادار داماویی هەیه بۆی، بێجگه لەو بەرو بەرهەمە دەروونیو کۆمەڵایەتیو تەندروستیەی که بەره بەره ڕوون ئەبنەوه بۆ مەردوم، جا لەبەرئەوه ڕۆژوو له ئیسلامدا به پایەیەك له پێنج پایەکانی ئیسلام دانراوه،بێگومان ڕۆژوو بارو ئەرکێکی گرانه بەسەر نەفسەوەو پێویستی هەیه به کۆمەکی کردنو پاڵ پێوەنان بۆی، وه پێویستی هەیه به خۆشەویست کردنی له دەروونداو بۆ ئەوەی بێته سۆزو پەرۆش بۆیو بتوانێ به خۆشیەوه هەڵسێ پێیو گوێڕایەڵی بکات، جا لەبەرئەوه به شێوەیه پێویست ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئەی کەسانێ که بڕواتان هێناوه، بانگیان لێ ئەکات به ناوو سیفەتی بڕوا که زۆر خۆشەویسته لای بڕواداران، وه پاڵ پێوەنەرێکی بەهێزه بۆ گوێڕایەڵیو ملکەچیو فەرمانبەری،

كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٨٣﴾ أَيَّامًا مَّعْدُودَٰتٍ

ئینجا ئەفەرموێ: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ﴾ پێویست کرا لەسەرتان ڕۆژوو، ﴿كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ﴾ هەرچۆنێ پێویست کرا لەسەر ئەوانەی پێش ئێوە لە گەل و ئوممەتەکانی، ئیتر ئایا مەبەست گەل و ئوممەتی هەموو پێغەمبەرانی تر بێت لە ئادەمەوە تا ئێستا، وەک دیمەن و ڕوالەتەکە ئەو شێوە گشتیە نیشان ئەدات، یان مەبەست یەهودو نەسارا بێت، یان هەرچۆنێتر؟ وە ئایا مەبەست بە ڕۆژووەکەی ئەوان هەر وێنەی ئەم ڕۆژووەی ئێمە بێتلە ئەندازەو لە کات و لە چۆنیەتیدا، یان مەبەست وێنەی ئەم بێت لە پێویست کردندا، لەسەر هەر بارو بە هەر حاڵ مەبەست دڵخۆشکردن و دڵنەوایی ئەم ئوممەتەیە بەوەی کە ئەم ئەرک و پێویست کردنە تەنها نەخراوەتە سەر شانی ئەمان، بەڵکو لە پێشووەکانی ئەمانیشدا داوا کراوە، کەواتە با چاو لەوان بکەن و هەڵسن بەم شتە پێویستە، ئینجا مەبەستی گەورەو سەرەکی لە ڕۆژوودا دەرئەخات تا باشتر گوێڕایەڵی بکرێ بۆ ئەم فەرمانە، ئەفەرموێ: ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ واتە پێویست کرا ڕۆژوو لەسەرتان، بەڵکو بەهۆی ئەو ڕۆژووەوە خۆتان بپارێزن لە گوناهو خراپەکاری و بچنە ڕیزی لە خوا ترسان کە خۆیان ئەپارێزن لە هۆی خەشم و ناڕەزایی خوا، کە ئەو لە خوا ترسی و خۆپارێزیەش پلەیەکی زۆر بەرزە لە ئیسلامدا، وە لە چەند ئایەتدا پیت و فەرمو بەرو بەرهەمی دەرخراوە، کەواتە گەیشتن بەو پلەیە ئاوات و ئامانجی هەموو بڕوادارێکی ڕاستەقینەیە، بە تایبەتی ئەو یەکەم کۆمەڵە بڕوادارەی کە یەکەم جار ئەم قورئانەیان چوو بە گوێدا، کە ئەوانە باشتر گەیشتبوون لە ئیسلام و ڕێزو نرخی ئەو پلەیان باشتر ئەزانی، جا لەبەرئەوە ڕۆژووەکەی خۆشەویست کرد لەدڵیاندابەمەی کەڕۆژووڕێکەی گەیشتنەبەوپلەبەرزە، ڕێگەی گەیشتنەپێی لەچەندبارێکەوە:

١- ڕۆژوو گرتن ملکەچی و گوێڕایەڵیە بۆ خواو باودانی ڕەزامەندی ئەوە بەسەر ئارەزوو و ڕەزامەندی نەفس و دەروونی خۆیدا.

٢- ڕۆژووگر ڕام ئەکات‌و فێری لە خوا ترسانی ئەکات‌و دەقی پێئەگرێ لە پەنهانیدا، ئەوەتا خۆی ئەپارێزێ لەوەی کە حەزی لێ ئەکات‌و بە سۆزو پەرۆشە بۆی لە خواردن‌و خواردنەوەو مامەڵەی ژن‌و مێردی، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێ بە دیارەوە بێت‌و هیچ زەختو زۆرێکی ئاشکرای لەسەر بێت، کە ئەوەش بەبێ ترسان لە خوا هەرگیز نابێ‌و دەست نادا، وە ئەوە سەنگی مەحەکە بۆ دەرکەوتنی ڕاستی بەندە لەگەڵ خوای خۆی، وە لەسەر جێگیر بوونی سام‌و بیمی خوا لە دەروونیدا.

٣- فێری لە خواترسی‌و خۆپارێزی ئەکات لە هەر گوناهێتر لەو کاتەشدا کە بەڕۆژوو نیە، وە فێری ئەکات کە هەمیشە ئارەزووی نەفسی شوێن شەرع بکەوێ‌و جڵەوی نەفسی بداتە دەستی.

٤- ڕۆژوو شکێنەرو کەم کەرەوەی ئارەزووی ژن‌و مێردیە کە ئەو ئارەزووە یەکجار بەتین‌و زاڵە بەسەر مەردومدا، وە چەکێکی زۆر بەکارە لە دەستی شەیتاندا بۆ ژێر دەست‌و ژێربار کردنی مەردوم، وەلەبەر ئەوەبە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ لەحەدیسێکدا کە (بوخاری)و (موسلیم) هێناویانەتەوە: (یا معشر الشباب من استطاع منکم الباءة فلیتزوج فإنه اغض للبصرء احصن للفرج ومن لم یستطع فعلیه بالصوم فإنه له وجاء) ئەی کۆمەڵی گەنجەکان هەرکام لە ئێوە توانا‌و دەسەڵاتی ئەرکی ژن هێنانی هەیە ژن بێنێ، چونکە ژن هێنان باشتر چاو ئەنووقێنێ لە حەرام، وە باشتر پارێزگاری ئەکات لەداوێن پیسی، وە هەرکەس لە ئێوە دەسەڵاتی ئەوەی نیە با ڕۆژوو بگرێ‌و لەسەری بێ ڕۆژوو گرتن، چونکە ڕۆژوو بۆی ئەبێ لاوازکەرو شکێنەری تیژیی ئارەزووەکەی، سوودو بەرهەمی سەرەکی ڕۆژوو ئەوەبوو کە باس کرا، وە بێجگە لەوە چەند سوودو بەرهەمی تری هەیە، بۆ نموونە:

١- سۆزو بەزەیی ئەخاتە دڵی ڕۆژوو گر بەرامبەر بە هەژارو برسیەکان، بەم ڕەنگە لە دەروونی خۆیەوە ئەزانێ حاڵی هەژارو برسیەکان چۆنە، ئەو حەلە دڵی نەرم ئەبێت بۆ کۆمەکی‌و دەست گیرۆیان، کەواتە ڕۆژوو یارمەتی دەرێکی بەهێزە بۆ پێک بیرو

باوەڕێکی گرنگی ئیسلامی کە پێی ئەگوترێ (التكافل الاجتماعی) دەستە بەرەیی ئەندامی گەل بۆ یەکتر.

ب- بیروباوەڕی یەکیەتی و یەکسانی ئادەمێتی ئەڕوێنێ لە دەروونداو، ئەوەتا بەبێ فەرق و جیاوازی ئەبێ دەست دارو بێ دەست، گەورەو بچووک، پادشاو گەدا هەڵسن بەو فەرمانە کە ئەو بیرو باوەڕەش یەکێکە لەکارو ئامانجەکانی ئیسلام.

ت- ڕۆحی ڕێزم و نیزام ئەچێنێ لە دەروونداو، ئەوەتا بە یەکجار دەم ئەگرنەوە و بەیەکجار بەرەڵای ئەکەن لەهەر ناوچەو وڵاتێکدا.

پ- لەبارەی تەندروستیەوە کەڵکی زۆری هەیە، ئەوەتا زیادە خۆراک و شتێ کە کۆئەبێتەوە لە لەش داو تەپەئەدا بە تایبەتی لەشی ئەوانەی کە زۆر خۆرو خۆرن، ئەو شتە زیادانە ئەتوێنێتەوە، وە ئەو زیادە تەریبەی کەلە لەش دا هەیەو زیانی هەیە وشکی ئەکاتەوە، وە ڕیخۆڵەکان پاک ئەکاتەوە لەو هەموو ژارەی کە قەڵەوی و سک گەورەیی فەراهەم ئەهێنن، وە ئەو زیادە چەوری و پیوەی کەلە ناو سکدا هەیە ئەیتوێنێتەوە کە زۆر جێگەی مەترسیە لەسەر دڵ، وە لە حەدیسدا هاتووە، (صوموا تصحوا) ڕۆژوو بگرن با ساغ و تەندروست بن، هەندێ لەزانایانی ئەوروپایی وتویانە: هەر ئەندازەیە شتی زیادەی بێ کەڵکی بێگیان کەلە ماوەی سالێکدا لە لەش دا کۆئەبێتەوە، ڕۆژووی یەک مانگ ئەوانە هەموو لا ئەبات و دەریا ئەکات لە لەش.

ئینجا هەمیتر دڵنەوایی بڕواداران ئەکات و ڕۆژووەکەیان لەبەچاو ئاسان ئەکات بەمەی کە ئەفەرموێ: ﴿أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ﴾ چەند ڕۆژێکی دیاری کراو بگرن، یا ژمێرراو، واتە کەمن و بە ئاسانی ئەژمێررێن، ئیتر ئەو چەند ڕۆژە ئەم مانگی ڕەمەزانە بن کەلە یەکەم جارەوە لێرەدا بە نادیاری باسی کردن و لە پاش دا دیاری کردن بە مانگی ڕەمەزان وەک زۆربە لەسەر ئەوەن، یان چەند ڕۆژێ ترین کەلە پێشەوە پێویست کران و لە پاش دا سڕرانەوە لە جێگەی ئەواندا ڕەمەزانی دیاری کرد وەک هەندێ لە زانایانی تری لەسەرە، لەسەر هەربار هەر کەمن و بە ئاسانی بەجێ ئەهێنرێن، وە ل ئەوەشدا پێویستی ئەو ڕۆژووە هەڵگیرا لەسەر ناساغ هەتا چاک ئەبێتەوە، وەلەسەر سەفەری هەتا نیشتەجێ ئەبێت،

فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ۚ وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ۖ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُۥ ۚ وَأَن تَصُومُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١٨٤﴾

وەکو ئەفەرموێ: ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا﴾ ئینجا هەرکەس لە ئێوە نەخۆش بوو ﴿أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ﴾ یان لەسەر سەفەر بوو ئەوە لەسەریان نیە لە ماوەی نەخۆشی و سەفەرەکەیاندا ڕۆژوو بگرن کەواتە ئەگەر هەرکام لەو دووانە نەیگرت ﴿فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ ئەوە لەسەریەتی بە ئەندازەی ئەوەی شکاندوویەتی ڕۆژوو بگرێ و بیگرێتەوە لە ڕۆژانی تر لەپاشدا.

بەپێی ڕوالەتی ئایەتەکە نەخۆش و سەفەرەکە جۆرو هەرچۆن بێن ڕۆژوو گرتن پێویست نیە لەو ماوەیەدا، وەک کۆمەڵێ لە زانایانیشی لەسەرە، وەک (ئیبن و سیرین) و (عەتا) و (بوخاری) و چەند کەسێتر، وە (شافیعی) لە ڕایەکی دا ئەوەی هەڵبژاردووە سەبارەت بە نەخۆش، بەڵام زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن کە نەخۆشیەکە بە جۆرێ بێت کە بەزەحمەت ڕۆژووی لەگەڵ بگیرێ، وە سەفەرەکەش حەڵاڵ بێت و لەدوو قۆناغ کەمتر نەبێ بەبارو کاروانی حوشتر، ئیتر با هیچ زەحمەت و ماندوویی تیا نەبێت، ئەم ڕای زۆربە بەهێزە بەپێی فەرموودەی (ئیبن و عەباس) کە فەرموویەتی: ئەی دانیشتوانی مەکە لە کەمتر لە شازدە فەرسەخ دا نوێژ کورت مەکەنەوە، کەواتە لای خواروی سەفەرەکە لەوە کەمتر نیە، وە هەروەها لە حەدیسدا کەمتی لە دوو یان سێ ڕۆژ بە سەفەر دانەنراوە، وەک لە حەدیسی (ئیبن و عومەر) و (ئەبو هورەیرە)ەوە هاتووە.

سەبارەت بە شێوەی پێویست کردنی ڕۆژوو دوو ڕا هەیە لەناو زانایاندا، ڕای یەکەم لەسەر ئەوەیە کە لە یەکەم جارەوە هەر ڕۆژوو پێویست نەکرا، بەڵکو یا ڕۆژوو یان فیدیە دان، ئەوەش لەبەرئەوە زۆر زەحمەت بوو لەسەر شانیان، جا لەبەرئەوە ئیسلام تەنگەتاوی نەکردن لەڕێوە، بەڵکو یەکێ لەو دووبارەی لەسەر دانان دڵیان لەسەری دامەزرا، لەپاش ئەوە بە ئایەتی داهاتوو باری ڕۆژووی هێشتەوە و ئەو بارەکەی تری سڕیەوە، ڕای دووەم لەسەر ئەوەیە کەلە ڕێوە هەر ڕۆژوو پێویست کرا، ئینجا لەبەرئەوەی ڕای یەکەم حەدیس و هەواڵێکی لەسەرە کە(ئیمامی بوخاری) و (موسلیم) و (ئەبو داود) و (نەسائی) و (ترمزی) و

(تەبەرانی) ئەیهێنن لە (سەلەمەی کوڕی ئەکوەع)ەوە، لەبەرئەوەی لەسەر ئەو ڕایە هیچ پێویست نیە بە تەئویلو پینەو پەڕۆ.

لەبەرئەو دوو هۆیە تەفسیرەکە لەسەرباری یەکەم ئەکەینەوەو ئەڵێین: ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ﴾[1] ئەوانەی کە زۆر بە زەحمەت ئەتوانن ڕۆژوو بگرن، ئەگەر نەیان گرت پێویست لەسەریان فیدیە بدەن، کە ئەو فیدیەش ﴿طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾ خۆراکی ڕۆژێکی هەژارێکە لەباتی هەر ڕۆژێکدا کە نەیگرێ، ئینجا هانی ئەو بڕوادارە ئەدات زیادە خێرو چاکە، بەم ڕەنگە زیاد لە ئەندازێ خۆراک بدات، وەک (ئیبنو عەباس) ئەفەرموێ... ئەفەرموێ: ﴿فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا﴾ ئینجا هەرکەس بە ئارەزووی خۆی زیادە خێرو چاکەیەک ئەکات ﴿فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُۥ﴾ ئەوە چاکترە بۆی، چونکە دیارە ئەوە پاداشتی زۆرترە، ئینجا ڕۆژوو گرتنەکەیان بەلاوە خۆشەویستر ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿وَأَن تَصُومُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ وە ڕۆژوو گرتنەکەتان چاکترە بۆتان ﴿إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر ئێوە بزانن بەو سوودو بەهرەیانە کەلە ڕۆژوودا هەن هەر ڕۆژوو گرتنە کە هەڵئەبژێرن، یان ئەگەر ئێوە ئەو هەموو بەهرەو بەرهەمەی تیایە، وەک هەندێکمان باس کرد لەسەرتای باسەکەوە، بەم تەمێو ناموژگاریە ڕێگەی خۆش کۆد بۆ پێویست کردنی تەنها ڕۆژوو، وە سڕینەوەی فیدیە دان سەبارەت بەوانەی کە ساغو نیشتەجێن، جگە لەو پیرە پەک کەوتووانەی کە ڕۆژوو تەنگەتاویان ئەکاتو ئومێدو هیوای ئەوەیان لێ ناکرێ کە بتوانن لەپاش دا قەزای بکەنەوە، ئەمانە ڕێیان هەیە نەیگرنو لەباتی هەموو ڕۆژێکدا فیدیە بدەن، ئینجا ڕۆژوو گرتن خۆشەویست ئەکات بەمەی کە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان، کە قورئانی تیا هاتووەتە خوارەوە، وە قورئانیش دواترین نامەی خوایە کە هات بۆ ئادەمی هەتا هەتایە، وە ئەو قورئانە کە گەلو ئوممەتێکی پێک هێنا کە مێژووی ئادەمی شتی وای بەخۆیەوە نەدیوە، کەواتەمانی ئەوئوممەتەیەکەلە سوپاسی خوادا ئەو مانگە بە ڕۆژووبنو خۆیان یەکبار بەکەن بۆپەرستنی ئەوپەروەردگارە میهرەبانەی کە سەری ئەم ئوممەتەی بەرزکردەوە بەم قورئانە،

---

[1] لەسەر ڕای دووەم ناچارین کەوتەی (يُطِيقُونَهُۥ) لەدیمەنو ڕوالەتەکەی لادەینو بڵێین مەبەست ئەوانەیە کە ناتوانن، وەک بە درێژی باس کراوە لە شوێنی خۆی دا، دەی ئایا بەبێ ڕابەرو بەلگەیەک چۆن لایدەین لە دیمەنو ڕوالەتەکەی؟

شَهْرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٍ مِّنَ ٱلْهُدَىٰ وَٱلْفُرْقَانِ ۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ ۖ

ئەفەرموێ: ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ﴾[1] واتە ئەو چەند ڕۆژە کەمەی کە پێویست کرا لەسەرتان مانگی ڕەمەزانە کە قورئانی تیا هێنرایە خوارەوە، بەم ڕەنگە بە یەک جار لە (لوح المحفوظ) هێنرایە خوارەوە بۆ ئاسمانی یەکەمو ئینجا لە ڕێوە هاتە خوارەوە بۆ سەر زەوی لە ماوەی ئەو بیستو سێ ساڵی ژیانی پێغەمبەرەدا (ﷺ)، بان مەبەست دەست پێکردنە بە هێنانە خوارەوەی بۆ سەر دڵی بەفەڕی پێغەمبەر (ﷺ) لە شەوی (لیلة القدر) لە ئەشکەوتی (حراء)دا، ﴿هُدًى لِّلنَّاسِ﴾ لە کاتێکدا ئەو قورئانە ڕێ نیشاندەرە بۆ مەردوم بۆ هەموو هەق‌و خێرو ڕاستیەک، ئینجا پلەیەک بەرزتر ئەبێتەوە لە وەصفی ئەو قورئانەدا، ئەفەرموێ: ﴿وَبَيِّنَٰتٍ مِّنَ ٱلْهُدَىٰ وَٱلْفُرْقَانِ﴾ وە لەکاتێکدا کە چەند ڕابەرو بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەوەی کە ڕێنموونی ئەکات بۆ هەق‌و ڕاستی‌و جیاکەرەوەی هەقە لە ناهەق، یان مەبەست ئەوەیە کە قورئان چەند ئایەت‌و ڕابەرێکی ڕوونە لەناو هەموو کتێبەکانی خوادا کە ڕێنموونی کەرن بۆ هەق‌و جیاکەرەوەی هەقن لە ناهەق ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهْرَ﴾ کەواتە هەرکەس لە ئێوە ئامادەی ئەو مانگە بوو بەم ڕەنگە مانگی بینی یان زانی کە بینراوە بۆی دەرکەوت کە ڕەمەزان هاتووە ﴿فَلْيَصُمْهُ﴾ با ئەو کەیە ڕۆژووەکەی بگرێ، یان هەرکەس ئامادەی بوو بەنیشتە جێی با بیگرێ، ئینجا ماوەتەوە ئەوانەی کە دانیشتوانی وڵاتەکانی قوتبی لای ژوورو، یان قوبتی خواروو کە هەرکام لەو دوو شوێنە بە ئەندازەی شەش مانگ شەوەو شەش مانگ ڕۆژە بە پێچەوانەی یەکتر، پێویستە لەسەر ئەو دانیشتوانە بە پێی کاتژمێر مانگی ڕەمەزان‌و ڕۆژەکانی دیاری بکەن، وە بەراوردی بکەن لەگەڵ کاتی مەککەو مەدینەدا، یان نزیک ترین وڵات کە شەوو ڕۆژی ڕێک‌و پێکیان هەیە.

---

[1] ئەم وتەیە بە چەند شێوەیەک (ترکیب) کراوە، وە لە مەبەست دا هەریەک شتە، بەڵام بە شێوەی تەفسیرەکە سووک ترو کەم ئەرک ترە، لەبەرئەوە ئەوەم هەڵبژارد.

وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ۗ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٨٥﴾

ئەم ئایەتە بوو کە بە تواوی پۆژووی پێویست کردو باری شکاندن فیدیە دانی سڕیەوە سەبارەت بەوانەی کەلەش ساغو نیشتەجێن، بێجگە لە پیرە پەک کەوتووەکان وەک باسمان کرد، ئینجا لەبەرئەوەی ئەم فەرموودەیە گشتیە، لێرەشدا نەخۆشو سەفەریی لێ دەکرد، ئەگینا وا گومان ئەبرا کە پێویستە لەسەریان، وە دەرکردنی یەکەم جار بەرگری ئەم گومانەی نەئەکرد، چونکە ئەمە بڕیارێکی تازەیەو بڕیارە پێشووەکەی سڕییەوە، لەبەر ئەوە دووبارە فەرمووی: ﴿وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ هەرکەس نەخۆش بێت یان لەسەر سەفەربێت ـ ئەگەر نەیگرت ـ ئەوە لەسەریەتی بە ئەندازەی ئەوەی کە نەیگرتووە بە پۆژوو بێت لە پۆژانی تر پاش ڕەمەزان، ئینجا لەبارێ تریشەوە پۆژوو خۆشەویست ئەکات بەمەی میهرەبانی خۆی ئەخاتە بەرچاو، چ لە پێویست کردنی وە چ لە ڕەوادانی نەگرتنی بۆ ئەوانەی کە باس کران، ئەفەرموێ: ﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ خوا ئاسانی و ڕەحمەتی ئەوێ بۆتان، وە سەختی و ناڕەحەتی ناوێ بۆتان، واتە نایەوێ تەنگەتاوتان بکات لە پێویست کرنی پۆژوو لەسەرتان، ئەوەتا پێ ئەدات لە نەگرتن لەو کاتو خاڵەتانەدا کە لەوانە بێت تەنگی و ناڕەحەتی پروو بدات، خوای میهرەبان نەک تەنها لە مەسەلەی پۆژوودا، بەڵکو لە هەموو کاروباری ئایینە بەرزەکەماندا تەنگی و ناڕەحەتی دانەناوە، وە ئەمەی کەلە ئایەتەدا فەرمووی یاسایەکی گشتیە لە هەموو داواو ئەرکێ کە لەم ئایینە پیرۆزەدا هەیەو خراوەتە سەرشانی بەندەکانی خوا. خوای میهرەبانی کار دروست لە پێویست کردنی پۆژووی مانگی ڕەمەزاندا سێ شتی دانوە:

١- ئەوەی ئامادەی ئەبێت و بیانووی نەخۆشی و سەفەری نیە، ئەبێ ڕەمەزان بگرێ.

٢- ڕێی دا بەو بیانوو دارانە کە نەیگرن.

٣- پێویستی کردوفەرمانیدا بەمەی ئەو بیانوو دارانە هەرچەندیان لێ نەگرتبێ لە پاشدا بیگێڕنەوە، ئینجا ئەفەرموێ: ﴿وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ لەبەرئەوەی ژمارەی مانگەکە تەواو بکەن، وە لەبەرئەوەی خوا بەگەورە بگرن و وەسف و سەنای بکەن لەسەر ئەوەی رێنمووئی کردن بۆ گێڕانەوەی ئەو رۆژانەی کە نەتان گرتن، وە لەبەرئەوەی سوپاس و ستایشی خوا بکەن، کە خوا بەو جۆرەی کردو ئەوەی لەسەر دانان، واتە پێویستی کرد گێڕانەوەی ژمارەی ئەو رۆژانەی کە نەتان گرتن لە ڕەمەزان، بۆ ئەوەی ژمارەی مانگەکە تەواو بکەن، وە بە هەرجۆر مانگێ بە رۆژوو بن، تا پاداشت و پیت و فەڕی رۆژووی مانگێکتان کەوت ببێ، وە رێی گێڕانەوەی نیشان دان و فەرمانی پێدا بۆ ئەوەی لەسەر ئەوە خوا بە گەورەبگرن و وەسف و سەنای بکەن، وە ڕێی نەگرتنی دان لە کاتی نەخۆشی و سەفەرداو کارەکەی لەسەر ئاسان کردن، بەڵکو چاولەبەری خوا بێن و سوپاس و ستایشی بکەن[1] ئا بەو جۆرەی کە باس کرا دەرئەکەوێ منەت و چاکەو بەهرەی خوا لە دانان و پێویست کردنی رۆژوودا، کە بە ڕواڵەت قورس و گرانە لەسەر لەش و دەروون، وە ئاشکرا ئەبێت کە مەبەست و ئامانج لە رۆژوو پێگەیاندن و پەروەردەکردن و ئامادەکردنی بڕوادارانە بۆ ئەو کارو ئەرکە گەورەیەی کە خراوەتە سەرشانیان و پێیان سپێراوە، کارو ئەرکی جێنشینی و سەرکردایەتی ئادەمی و ژیان!

ئینجا پێش ئەوەی باسی رۆژوو دوایی پێ بێنێ، لە ناوەڕاستی باسەکەدا ئایەتێک ئەمێنێ کە ئەوپەڕی میهرەبانی خوا نیشان ئەدات بە بەندەکانی، وە دەروونیان پڕ ئەکات لە ئارامی و دڵنیایی، وەدڵیان ئەخاتە سۆزو پەرۆش بۆ مل کەچی و گوێڕایەڵی، وە بەڕاستی ئەم ئایەتە شایستەی ئەوەیە بەبیر لێکردنەوەی هیچ ماندوویی و برسیەتی و تینوویەتی نەمێنێ لای هیچ رۆژووەوانێک،

---

[1] ئەم تەفسیرە بەپێی فەرموودەی (زەمەخشەری)یە زۆر لەزانایان پەسەندی ئەکەن، وە بەم شێوەیە یاسایەک لە یاساکانی عیلمی بەدیعی تیایە کە پێی ئەگوترێ: (رد العجز الی الصدر) کەوتەو وتاری پێ جوان ئەکرێ، وە بە چەند شێوەیە تریش ئەم ئایەتە تەفسیر کراوەو ئەوانیش هەر ڕێکن، بەڵام ئەو یاسایە نیشان نادەن.

وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ

ئەفەرموێ بە پێغەمبەر (ﷺ): ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي﴾[1] کاتێ کە بەندەکانی من پرسیاری منت لێ ئەکەن لەبارەی نزیکی و دوورم لێیانەوە ﴿فَإِنِّي قَرِيبٌ﴾ بێگومان من نزیکم لێیانەوە، واتە بڵێ پێیان: کە من نزیکم، بەڵام بەم شێوەی کە لە قورئانەکەدا هاتووە لوتف و میهرەبانی لێ ئەبارێ، چونکە وا نیشان ئەدات کە خوای گەورە خۆی وەڵامەکەیان ئەداتەوە و حەوالەی پێغەمبەریشیان ناکات (ﷺ)، هەرچۆنێ هەر لە یەکەم جارەوە ڕێزو میهرەبانی نیشان ئەدات کە ئەفەرموێ: ﴿عِبَادِي﴾ بەندەکانم کە ئەوە تایبەتیەتی ئەگەیەنێ، بەڵێ پەروەردگار نزیکە لە بەندەکانیەوە بە نزیکیەک کە شیاوو شایستەیە بەزاتی پاکی ئەو، نزیکی زانینو و ئاگاداری و میهرەبانی و چاودێری... بێگومان بوونو و مانەوەی هەموو شتێ لە خواوەیەو بە خوا ڕاگیرە، وە هەروەها بوونی هەرشتێ بەو شتە تایبەتیە خۆی خواوەیە، کەواتە ئەگەر تۆزێ وورد بینەوە تێ ئەگەین کە خوا لە هەموو شتێکەوە نزیک ترە لە بوونەکەی بۆی، بەڵکو نزیک ترە لە هەر شتێکەوە تا ئەو شتە بۆ خۆی! کەواتە زۆر وتەیەکی ڕاستو شیرینە کە خوا ناسان فەرموویانە: (سبحان من هو أقرب من كل شيء من عينه) پاکی بۆ کەسێ کە نزیک ترە بە هەموو شتێ لە شتەکە خۆی بۆ خۆی! ئینجا ئەو نزیکیە دەرئەخاتو ڕابەرو بەڵگەی لەسەر ئەهێنێتەوە بەمەی کە ئەفەرموێ: ﴿أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾ وەرئەگرمو بەجێ ئەهێنم داواو نزاو پاڕانەوەی نزکەر کاتێ کە هاوارو نزام لێ بکات، دەی ئەگەر نزیک نەبێ بەو شێوەی کە باس کرا چۆن نزاو داوا وەرئەگرێو جێ بەجێی ئەکات! ئەم فەرموودەیە یاسەیەکی گشتی نیەو وا ناگەیەنێ کە خوا هەموو نزایەک وەرئەگرێ، کەواتە کەس ڕێی نیە بڵێ: نزاو داوای زۆر ئەبینین ئەکرێنو وەرناگیرێن، وە ئەگەر واش دابنێین کە گشتیە ئەو حەلە ئەڵێین: وەرگرتنی نزا وەک لە ئایەتی تردەوە وەرئەگیرێ بەستراوە بە خواهیشو مەیلی خواوە، ئینجا لە حەدیس دا چەند مەرجێکی بۆ دانراوە:

---

[1] ئەمە یاسایەکی گشتی نیە هەر بەپێی باوی زمانی عەرەب، وە بە پێی یاسای (عیلمی مەنتیق) وتەی ﴿عِبَادِي﴾ هەرگیز بەکار ناهێنرێ بۆ گشتیو هەموو کات.

١- نزاکەر هەڵسێ بە فەرمان بە چاکەو جڵەوگیری لە خراپە.

٢- نزاکەر حەڵاڵ بخواو حەڵاڵ بپۆشێ.

٣- نزاکەر پەلە نەنێتەوە لە خواو ڕاوێژی بۆ نەکاتو گەڵاڵەی بۆ نەگرێ.

٤- داوای گوناەو قەتعی ڕەحم نەکات.

ئەم مەرجانەیەك بەیەك لەحەدیسەصەحیحەکاندا هاتوون‌و لە کتێبەکاندا بڵاوبوونەتەوە، کەواتە هەرکات ئەم مەرجانە بەدی هاتن ئەو حەلە نزاکە بێگومان وەرئەگیرێ، ئەگینا لازم ناکات، بێجگە لەمانە هەموو، وەرگرتنی نزا هەر ئەوە نیە کە داوا کراوەکە بەدی بێت، بەڵکو باری تریش هەیە، وەك لەحەدیسی (ترمزی)دا هاتووە: کە بریتیە لە بەرگری کردنی ناڕەحەتی‌و خراپە لە نزاکەر، وە لەم بارەوە زانای خواناس (ئیبن‌و عەطائواللە ی سکەندەری) وتەیەکی شیرینی هەیە: (فمن الإجابة فيما يختاره لك لافيما تختاره لنفسك، وفي وقت يريده لا في وقت تريده)، خوا بووە بەزامنی وەرگرتنی نزا لەوە کە ئەو بۆت هەڵئەبژێرێ، نەك لە شتێکدا کە خۆت بۆ خۆتی هەڵئەبژێرێ، وەلە کاتێکدا وەری ئەگرێ کە خۆی ئەیەوێ، نەك لە کاتێکدا کە تۆ ئەتەوێ، وە هەروەها وەرگرتنی نزا باری تریشی هەیە کە سەرەکیەو لەپووی ڕاستی دا هەر ئەوە شتە، ئەوەش بریتیە لە وەرگرتنی بەوێنەی نوێژو ڕۆژوو عیبادەتەکانی تر کە کاتی وەرگیران ئەبنە زەخیرەی ڕۆژی دوایی‌و ئەجرو پاداشتەکانیان لەوێ وەرئەگیرێ، چونکە نزاکردن داواو پاڕانەوە لە خوا عیبادەت‌و خواپەرستیە، وەك لە حەدیسێکدا ئەفەرموێ کە (نعمانی کوڕی بەشیر) ڕیوایەتی ئەکات پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (الدعاء هو العبادة) نزا کردن هەر عیبادەتە، بەڵکو لە ڕیوایەتێکدا ئەفەرموێ: (الدعاء مخ العبادة) نزاو لاڵەو پاڕانەوە لە خوا ناوەرۆك‌و پاڵفتەی عیبادەتە، ئینجا دوعاو نزا چەند کاتێکی تایبەتی هەیە کە زیاتر چاوەڕوانی وەرگرتنی ئەکرێ، یەکێ لەو کاتانە کاتی ڕۆژووە، وەك (ئەبو داود) حەدیسێ ئەهێنێ لە (ئیبن‌و عومەر)ەوە -خوا لێی ڕازی بێ- ئەفەرموێ: بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) کە بۆ ڕۆژووەوان هەیە لەکاتی بەربانگدا نزاو داوایەکی وەرگیراو.... جا بە هۆی ئەوەوە (ئیبن‌و عومەر) لەکاتی بەربانگدا خێزانەکانی بانگ ئەکردو نزاو داوای ئەکرد لە خوا، وە هەروەها (ئیبن‌و ماجە)ش وێنەی ئەم حەدیسە ئەهێنێ لێیەوە، هەرچۆنێ (ئیمامی ئەحمەد)و (ترمزی)و (نەسائی)و (ئیبن‌و ماجە) لە (ئەبو هورەیرە)وە لەو بارەیەوە حەدیسێك ئەهێنن، ئینجا ڕەنگە هێنانی ئەم ئایەتی نزایە بە تێهەڵکێش لەناو ئایەتەکانی ڕۆژوودا دەست نیشانی تیا بێت بەوەی کە کاتی ڕۆژوو کاتێکی تایبەتیە بۆ نزا کردن.

فَلْيَسْتَجِيبُوا۟ لِى وَلْيُؤْمِنُوا۟ بِى لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾ أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ

خوا میهرەبانی ئەو بەڵێنەی دا، ئینجا بەرامبەر ئەوە ئەفەرموێ: ﴿فَلْيَسْتَجِيبُوا۟ لِى﴾ کەواتە با بەندەکانم داوای وەرگرتنی نزام لێ بکەن، یان با ئەوانیش گوێم لێ بکەن و گوێڕایەڵ بن کاتێ کە من بانگم کردن بۆ بڕواهێنان و گوێڕایەڵی ﴿وَلْيُؤْمِنُوا۟ بِى﴾ دەبا دامەزراوو بەردەوام بن لەسەر بڕوا هێنانیان بە من، وە ئەوەش کە ئەکەن ﴿لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾ بە ئومێدو چاوەڕوانی ئەوەی کە ئەوان ڕێ ببەن و بگەن بە بەرژەوەندی جیهان و پۆژی دواییان، چونکە چاوەڕوانی ئەوەو گەیشتن بەو ئامانجە بەرزە تەنها لای خواو لە بەرنامەکەی هەیەو دەست کەوت ئیتر بێجگە لەو هەرچی هەیە هەمووی پڕە لە نەفامی و لاری و هەڵەو سەر لێ شێواون، کەواتە بەرهەمی گوێڕایەڵی و بڕواکەشیان هەر بۆ خۆیانەو دەست کەوتی خۆیان ئەبێت... لەپاش ئەم تێهەڵکێشە ئینجا دێتەوە سەر باسی پۆژوو بڕیارەکانی تەواو ئەکات، لەیەکەم جارەوە کە پۆژوو پێویست کرا، مامەڵەی ژن و مێردی و خواردن و خواردنەوە لە شەودا دروست بوو تا پۆژووەوانەکە ئەخەوت، ئیتر لەپاش خەوتن هەرکام لەوانە قەدەغە بوو، ئینجا یەکێ لە موسڵمانان لە کاتی بەربانگ دا هیچی دەست کەوت لە مااڵ دا، ئینجا خەوی لێ ئەکەوێ و لە پاش دا کە خەبەری ئەبێتوە تازە هیچی بۆ ناکرێ ناچار بەبێ شێوو پارشێو پۆژی دوومیش هەر بە پۆژوو ئەبێت، بەهۆی ئەوەوە زۆر ناڕەحەت ئەبێت و هەواڵەکەی ئەگاتە پێغەمبەر (ﷺ) هەرچۆنی ڕێك ئەکەوێ کە هەندێ لە موسڵمانان لەپاش بەربانگ کردنەوە خۆی یا خێزانی خەوی لێ ئەکەوێ، ئینجا ئارەزووی زۆری پێ ئەهێنێ ئەچێتە لای خێزانی و هەواڵەکەی ئەمیش ئەگات بە پێغەمبەر (ﷺ)، وە دەرئەکەوێ کە موسڵمانان بەو شێوە ئەکەونە ناڕەحەتی، بەهۆی ئەوەوە خوا میهرەبانی ئەکات و ئەیانگێڕێتەوە بەم ئایەتە: ﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ﴾ ڕەوا دراو حەاڵڵ کرا بۆتان لەشەوی پۆژووەدا نزیك کەوتنەوە و یەك گرتن و چوونە لای ژنەکانتان، ئینجا هۆی ئەو ڕەوا دانەش باس ئەکات بە جۆرێ ئەو تێکەڵی و پەیوەندیە نەرم و ناسك و شیرین ئەکات لەبەرچاوو لەدەروونداا،

هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ ۗ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ ۖ فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ ۚ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ ۚ وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ ۗ

ئەفەرموێ: ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾ ژنەکانتان پۆشاکن بۆ ئێوەو ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان، واتە ئێوەو ئەوان لە تێکەڵی و پێچرانتان بە یەکترەوە وەک پۆشاک وان بۆ یەکتر، یان هەرکام مایەی ئارامی دڵە بۆ ئەویتر بەوێنەی ئارامی دڵ بە پۆشاک، یان هەرکام بەرگری کەری یەکترن لە کاری خراپ و داوێن پیسی بەوێنەی بەرگری پۆشاک لەسەرما و گەما و شتی ئازار دەر، بە هەرجۆر مەبەست بێت پەیوەندی و پەیوەستیەکەیان زەوا و شیرین ئەکات و پێویستیان بە یەکتر بە تین و بەهێز دەرئەخات بەجۆرێ دوور کەوتنەوە و کەنار گیریان لە یەکتر گران و زەحمەتە، لەبەرئەوە خوا میهرەبانی کرد ئەو ئەرکە قورسەی لەسەر لابردن، ئیسلام بەو جۆرە هەست و نیازی پیاوو حەڵاڵ هاوسەرو پێویستیان بە یەکتر پاک و خاوێن و بەرزو بەپێز ئەکات، وە دان ئەنێت بە ئارەزووی ژن و مێردایەتیانداو لەو دیمەن و پوالەتە شیرینەدا دەری ئەخات نیشانی ئەدات!! ئینجا هەستی دەروونی و کردەوەی نێهێنیان دەرئەخات لە کاتێکدا کە میهرەبانی خۆی دەرئەبڕێ بەلێبوردن و لە کردەوەی ناڕەوای لەوە و بەریان و حەڵاڵ کردنی بەجێهێنانی ئارەزووە سورشتیەکانیان، ئەفەرموێ: ﴿عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ﴾ خوا زانی کە ئێوە ستەم و ناپاکی گەورەتان کرد لە خۆتان بەوەی کردەوەی قەدەغەو ناڕەواتان کرد کە ئەوەش مایەی تۆڵە سەندنە لێتان و بێبەش کردنتان لە ئەجرو پاداشت، ﴿فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ﴾ ئینجا خوا تەوتەو گەڕانەوەی لێ وەرگرتن کاتێ پەشیمان بوونەوەو گەڕانەوە بۆلای خوا لەو کردەوە قەدەغەی کە کردتان، وەلێتان بورد بەم

ڕەنگە نیشانەو دروشمی ئەوەی پێوە نەهێشن و ئەو قەدەغەی لابرد ﴿فَٱلْـَٰٔنَ بَـٰشِرُوهُنَّ﴾ کەواتە ئێستا کە ئەو قەدەغە نەهێڵراو ڕەوادرا، بچنە لای ژنەکانتان و لێیان بکەون ﴿وَٱبْتَغُوا۟ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾ وە لەوەش دا نیازی ئەوە بکەن کە خوا بۆی نووسیوون و بگەڕێن بەدوای ئەوەدا کە خوا بڕیاری داوە بۆتان لە ئەولادو لە ڕابواردنی پاک و شەرعی، واتە ئاژەڵ و حەیوانات هەر مەبەستتان بەجێ هێنانی ئارەزوو بێت، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا ئەبێ دڵتان پەیوەست بێت بە خواوە و نیازی ئەوە بکەن کە ئەوە بەخشش و ڕەوا دراوی خوایە، وە ئەبێ هەست بکەن بەوەی کە ئەوێک گرتنتانە بەرژەوەندی و کار دروستی تیایە لای خوا و لەبەر مەبەستێکی گرنگە، ئەو حەلە پەیوەندی و پەیوەستی پیاوو ئافرەتەکە پاک و پوخت و نەرم و ناسک و بەرزو بڵند ئەبێت! ئینجا خواردن و خواردنەوەکەشی ڕەوا داو قەدەغەی هەڵگرت لەوکاتەدا کە باس کراو بە ڕوونی کاتی خواردن و خواردنەوەی دیاری کرد، فەرمووی: ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟﴾ وە بخۆن و بخۆنەوە لە هەرشتێ کە حەڵاڵ بێت هەر لە ئێوارە ﴿حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ﴾ هەتا بە ڕوونی دەرئەکەوێ بۆتان و جوێ ئەبێتەوە خێت و دەزووە سپیەکە ﴿مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ﴾ لەخێت و دەزووە ڕەشەکە، مەبەست بە سپیەکە ئەو هێڵە سپیەیەکە لە یەکەم جاری نەمانی شەو پەیدا ئەبێت و بڵاو ئەبێتەوە و بەدرێژی بەکە ناری ئاسمان و ئاسۆدا لەلای خۆرهەڵاتەوە، وە مەبەست بە ڕەشەکەش ئەو هێڵە ڕەشەیە لە تاریکی شەو کە بەدرێژی لەگەڵ سپیەکەدا ئەڕواو بلاو ئەبێتەوە، ئینجا هەندێ لەزانایان لەسەر ئەوەن کە شەبەق (فجر) ناوە بۆ هەردوو هێڵەکە، بەڵام زۆربەی زانایان ئەفەرموون: شەبەق هەر ناوە بۆ هێڵە سپیەکە، وە ڕای ئەمان بەهێزو بەجێیە، جا لەبەرئەوە ئەڵێن: ئەو هێڵە سپیە ﴿مِنَ ٱلْفَجْرِ﴾ کە بریتیە لە شەبەق، واتە شەبەقە ڕاستەکە کە نیشانە کەیمان ڕوون کردەوە، نەک شەبەقە درۆزنەکە کەلە پێش ئەو پەیدا ئەبێت، بەرەو ژوور ئەڕواو بلاو نابێتەوە لە کەناری ئاسمان و ئاسۆدا، وە لەپاش دا ئەو نامێنێ و بە دوای ئەودا شەبەقە ڕاستەکەدێت، یەکەم

جاری ڕۆژووی باس کرد کەلە شەبەقەوە دەست پێئەکات، ئینجا دواییەکەشی دیاری ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ﴾ ئینجا لەشەبەقەوە ڕۆژووەکەتان تەواو بکەن هەتا هاتنی شەو بە ئاوابوونی خۆر، وە لە حەدیسدا هاتووە: (إذا ادبر النهار، واقبل اليل وغابت الشمس فقد افطر الصائم) کاتێ ڕۆژ پشتی تێکردو ڕۆیی، وە شەو هات، وە خۆر ئاوا بوو ڕۆژووەوان ڕۆژوو ئەشکێنێو کاتی شکاندنی هاتووە، لە پێشەوە بە شێوەی گشتی ڕەوای دا بۆ پیاوان کە بچنە لای ژنەکانیان لە شەوانی ڕەمەزان دا وەک شەوانی تر، ئینجا لێرەدا ئەو شەوانە دەرئەکات مەردوم وان لە (إعتكاف)دا، کە بریتیە لە مانەوەو خۆبەند کردن لە مزگەوتدا بەنیازی لێ بڕان تەنها بۆ خواپەرستیو واز هێنان لە هەرشتێ تر، وە دەرنەچوون لە مزگەوتو نەچوونەوە بۆ ماڵو بۆ هەر شوێنێک مەگەر لەبەر ناچاری ئاوو نان خواردنو خۆشۆرینو دەست بەئاو گەیاندن، وە ئەم کردەوەش لە هەموو کاتدا خواپەرستیەو فەرمانو کردەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەرە بەتایبەتی لەدە ڕۆژی دوایی ڕەزامەندا ڕەوشتی وابووە، جا لەبەرئەوەی ئەو ماوەیە ماوەی لێ بڕانە بۆ خواپەرستی، قەدەغە کرا تیایدا کە موسڵمانان تێکەڵی ژنەکانیان بکەنو بچنە لایان، وە جڵەوگیری کران لەوە بەم فەرموویە: ﴿وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾ وە نەچنە لای ژنەکانتانو پێیان مەکەون لە کاتێکدا کە ئێوە ئەمێننەوە لە مزگەوتەکاندا بۆ خواپەرستیو لێ بڕاون هەر بۆ ئەوە، کەواتە ئەو کاتو ماوەیە ئەگەر لە ڕەمەزاندا بێت هەر چۆنێ لە ڕۆژدا ئەو تێکەڵی ئافرەتە قەدەغەیە، هەروەها لە شەویش دا هەر قەدەغەیە، ئینجا لە کۆتایی باسەکەوە ئەو چەند بڕیارانەی کەلە ئایەتانی پێشووەدا تێپەریان کرد بەدوای ئەوانەدا فەرموودەیەک ئەهێنێ کە هۆی بەهێزکردنی ئەو فەرمانو جڵەوگیریانەیە، وە مایەی ئەوەیە کە موسڵمانان بە تەواوی کۆسپەیان لێ بکەوێو نەتوانن بە پێچەوانەوە ڕەفتار بکەن،

تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿١٨٧﴾

ئەفەرموێ: ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ﴾ ئەو بڕیارانەی کە تێپەڕیان کرد، سنوورەکانی خوان ﴿فَلَا تَقْرَبُوهَا ۗ﴾ کەواتە نزیکیان مەکەونەوە، ئەگەر مەبەست بەو بڕیارانە قەدەغە کردنەکان بن، وەک هەندێ زانایانی لەسەرە، ئەو حەلە مەبەست جڵەو گیریە بە تووندی لە کردنیان، وە هیچ جێگەی قسەو باس نیە، وە ئەگەر مەبەست ئەو شەش بڕیارە بێت کە هەندێکیان قەدەغە کردنەو ئەوانی تر یا پێویست کردنەیان ڕەوا دانە، ئەو حەلە جێی قسەو لێکۆڵینەوەیە، چونکە چۆن نزیکی شتێ نەکەونەوە کە فەرزو پێویست کراوەیان ڕەوا دراوەو حەڵاڵ کراوە؟ بۆ کردنەوەی ئەم گێیە دوو شت گوتراوە، هەردوو ڕێکەو بە هەرکام ئەو گرێیە ئەکرێتەوە:

١- مەبەست نزیک نەکەوتنەوەیە بە گۆڕاندن، بەم ڕەنگە ڕەنگە ئەبێ لە سنووری بڕیارەکەدا بوەستێ بەبێ زیادو کەمو گۆڕاندن.

٢- هەرکەس لە گوێڕایەڵی خوادا بێتو بەپێی ڕاو بڕیاری ئەو بجوڵێتەوە، ئەوکەسە لە شوێنی هەق ڕاستی دایە، وە ئەوەی کە خوا داینواوە ترازا ئەکەوێتە ناهەقو گومڕایی، ئینجا لێرەدا مەبەست جڵەوگیریە لە ناهەقو گومڕایی، ئینجا لێرەدا مەبەست لەو جڵەوگیریە سنوور شکاندنو کەوتنە ناو ناهەق گومڕاییە، بەڵام ئەم شێوە بەهێزترەو جڵەوگیریەکە بەتین تر ئەکات، چونکە کاتی نزیک نەکەوتنەوە لە سنوور باشتر دوور ئەبن لە سنوور شکاندنو کەوتنە ناو ناهەقو گومڕایی، لەسەر ئەم ڕایە ئەم ئایەتە وەک ئەو حەدیسە وایە کە ئەفەرموێ: (فمن حام حول الحمى يوشك أن يقع فيه) هەرکەس لەدەوری قەدەغەدا بگەڕێ نزیکە کە تێی کەوێ.

﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ ئا بەو جۆرە ڕوون کردنەوە خوا ئایەتەکانی خۆی ڕوون ئەکاتەوە بۆ ئادەمیو بۆ مەردوم بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لەوەی بە پێچەوانەی فەرمانی خوا ڕەفتار بکەن، وە لە خوا بترسنو بە پێی ڕەزامەندیو فەرمانی ئەو ڕەفتار بکەن، ئینجا بە بۆنەی ڕۆژوو جڵەوگیری لەو شتانەی کە ڕۆژوو ئەشکێنن، وە بە بۆنەی ترساندن لە نزیک کەوتنەوەی سنوورەکانی خوا، بەو بۆنەیەوە جڵەوگیریەکی تر ئەکات، جڵەوگیری لە خوارذنی مالی یەکتر بە ناهەقو ناڕەوا، ئیتر بە داگیرکردن ـ یان بەدزی ـ با هەر جۆرێ تر کە خوا قەدەغەی کردبێ،

وَلَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ وَتُدْلُوا۟ بِهَآ إِلَى ٱلْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا۟ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلْإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١٨٨﴾

ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ﴾ لەناو خۆتان دا مالّی یەکتر مەخۆن بە نامەق‌و ناڕەوایی‌و بەبێ شەرعی، بێگومان مەبەست لەوە جڵەوگیری نیە تەنها لە خواردن، بەڵکو مەبەست جڵەوگیریە لە هەر جۆرە دەست درێژییەك بۆ مالّی یەکتر، کە بە گوێرەی باوو عورف بەو داگیر کردن‌و دەست درێژە ئەگوترێ خواردن.

ئینجا بە تایبەتی جڵەوگیری ئەکات لە خواردنی مالّی یەکتر لە ڕێگەی کاربەدەست‌و حوکمڕانەوە، بەم ڕەنگە یەکێ مالّی مەردومی لایەو شایەنی لەسەر نیەو ئەمیش لە خوا ناترسێ تا دان بنێ بەوەی کەوا بەلایەوە، وە ئەیەوێ لە دادگا بە سوێندی درۆیان بە دەمبازی‌و گازو گیف ئەو مالّە داگیربکات، یان بەم ڕەنگە بەرتیل ئەدات بە حوکمڕانی خراپ‌و ئەو یش بە نامەق بڕیاری بۆ ئەدا، ئەفەرموێ: ﴿وَتُدْلُوا۟ بِهَآ إِلَى ٱلْحُكَّامِ﴾ لەسەر باری یەکەم کە زۆربەی زانایانی لەسەرەوە حەدیسیش یارمەتی دەرە، واتە دادو شکاتی مالّەکانتان مەخەنە لای حوکمڕانەکان ﴿لِتَأْكُلُوا۟ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلْإِثْمِ﴾ بۆ ئەمەی بەشێك لە مالّ‌و سامانی مەردوم بخۆن بە گوناهو بە ناهەقی، بەم ڕەنگە بە سوێندی درۆ، یان بەدەم‌و زبانی تیژو گازو گیف خۆتان بەڕاست دەرئەخەن‌و بەهۆی ئەوەوە لە دادگا بڕیاری مالّی مەردومتان بۆ ئەدەن ﴿وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ لەکاتێکدا کە خۆیشتان ئەزانن کە ڕاست ناکەن‌و لەسەر ناهەقن، وە بێگومان ناهەقی‌و تاوانێ کە بەزانین‌و دەست قەست بکرێ زۆر گەورە تر لەوەی کە بەهەڵە‌و نەزانیەوە بکرێ، وە لەسەر باری دووەم: واتە مالّ‌و سامانی خۆتان مەدەن بە حوکمڕانەکان بە بەرتیا تا لەڕێگەی بڕیاری ئەوانەوە بەشێك لەمالّی مەردوم داگیر بکەن‌و بە ناهەقی بیخۆن کە خۆیشتان ئەزانن ناهەقی‌و تاوانە، بە هەرجۆرو لەسەر هەربار بە بڕیاری حاکم هیچ حەرامێك حەڵاڵ نابێ‌و هیچ حەڵاڵێك حەرام نابێ، وەك لە حەیسێکدا بە ڕوونی

هاتووەکە (ئیمامی بوخاری‌و موسلیم) لە صەحیحەکەیاندا هێناویانە لە دایکی ئیمانداران‌ەوە (أم سلمە) –خوا لێی ڕازی بێ– کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: من ئادەمیم، وە مەردوم ئاژاوە ئەهێننە لام، ئینجا لەوانەیە هەندێکیان بەدەم‌و زبان لێزان تر بێت لەوی تر، بەهۆی ئەوەوە بڕیاری بۆ ئەدەم بە پێی دیمەنە‌و ڕواڵەتەکە، ئینجا هەرکەس بڕیارم بۆ دابێ مافی هەر موسڵمانێك ئەوە پارچەیەکم لە ئاگر بڕیار داوە بۆی، کەواتە ئەگەر ڕازیە بە ئاگر با بیبات یان با وازی لێ بێنێ، ئابەم جۆرە ئەم مەسەلەی ئاژاوە‌و دادەیشی بەستەوە بەلە خواترسیەوە بەوێنەی هەموو مەسەلەکانی تر کەلە ئایەتەکانی ڕابردوودا باس کران، کەواتە هەموو مەسەلە‌و کارووبارنی بەرنامەکەی خوا ڕێك‌و پێکن لەگەڵ یەکترو هەموو پەیوەستن پێکەوە، بە هەموویانەوە بەرنامەکە پێك دێت، کەواتە بە هیچ ڕەنگ بەرنامەکەی خوا ناگونجێ‌و دەست نادا بۆ بەش بەش کردن‌و پچڕانی کەرەسەکانی‌و ڕەفتار کردن بە هەندێکی‌و واز هێنان لە هەندێکی تری، بڕوا هێنان بە هەندێ‌و بڕوانەکردن بە هەندێکی تر، کە ئەوەش ئەبێتە بڕوا نەکردن بە هەمووی‌و دەرچوونە لە ئیسلام، وە لە بەشی یەکەمی جومی یەکەم دا بەدرێژی باس کرا... ئینجا هەروەك لەمەو بەر چەند مەسەلە‌و بڕیاری تر ئەهێنێ لە چەند بارو ڕوویەکی جیاوازەوە کە هەموو کۆئەبنەوە لە چوارچێوەیەکدا‌و ئەمانیش چەند پارچە‌و کەرەسەیەك نیشان ئەدەن لەبەرنامەکەی خوا، ئەگێڕنەوە لە (ئیبن‌و عەباس)ەوە –خوا لێیان ڕازی بێ– کە فەرموویەتی: هیچ گەلێ لە جیهاندا بە قەدەر ئەم ئوممەتە کەم پرسیار نەبووە، پرسیاریان لە چواردە شت کردووە‌و وەڵام دراونەتەوە لە قورئان دا، ئینجا لەو چواردەیە هەشتیان لەم سورەتی ﴿البقرة﴾دایە‌و شەشەکەی تر لەشەش سورەتی ترداية: ﴿مائدة، الأنفال، الإسراء، الكهف، طه، نازعات﴾، ئینجا هەشتەکەی ئێرە:

یەکەمیان: پرسیاربوولەدووری‌ونزیکی خوا، وەك تێبەڕیکرد: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي﴾.

﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ قُلْ هِىَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ وَٱلْحَجِّ ﴾

دووەمیان: ئەمەیە کە لێرەدا ئەفەرموێ: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ﴾ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پرسیارت لێ ئەکەن لە مانگە یەک شەوەکان، بەپێی هەندێ ڕیوایەت مەبەستیان لەم پرسیارە ئەمە بووە کە بۆچی لە یەکەم جارەوە بەوردی و لاوازی دەرئەکەوێ لە پاش دا بەرە بەرە زیاد ئەکات و لەپاش دا هەمتر بەرەبەرە کەم ئەکاتەوە؟ وە بە پێی هەندێ ڕیوایەتی تر مەبەست ئەوە بوو ئایا لەبەرچی ئەم مانگە یەک شەوانە دروست کراون؟ بە هەر جۆر مەبەست بووبێت، خوا ئەفەرموێ: ﴿قُلْ هِىَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ وَٱلْحَجِّ﴾ ئەی پێغەمبەر لە وەڵامیان بڵێ: ئەوانە نیشانەن بۆ ئادەمی کە کاتی کاروباری جیهانی خۆیانی پێدیاری بکەن، وەک کاتی کشتوکاڵ و بازرگانی و کڕین و فرۆشتن و قەرزو مامەڵەیان، وە هەروەها کاروباری ئایینیان، وەک کاتی گرتن و نەگرتنی ڕۆژوو و ماوەی عیدەو سک پڕی ژنەکانیان، وە بە تایبەتی نیشانەن بۆ حەج کەکاتی تایبەتی خۆی هەیەو لەو کاتەدا نەبێ دروست نیە، وە بێگومان دیاری بوونی ئەو کاتانە بە هۆی مانگە یەک شەوە کانەوە سووک و ئاسانەو بۆ هەموو جۆرە کەسێک دەست ئەدات، بەڵام دیاری کردنیان بە ساڵ و ڕۆژی خۆڕیی ناگونجێ و دەست نادات مەگەر بۆ حیساب گێڕەکان، هێشتا ئەمانیش سەبارەت بە حەج زۆر جار دووچاری هەڵەئەبن، ئینجا ئەگەر پرسیارەکە ببڕین بەسەر باری دووەمدا ئەو حەلە وەڵامەکە ڕێک و لەگەڵی و جێگەی هیچ قسەو باسێک نیە، بەڵام لەسەر باری یەکەم وەڵامەکە ناڕێکە لەگەڵی، بەڵام وێنەی ئەم وەڵامە زۆرەو ڕێکە بە پێی یاسایەک لە یاساکانی علیمی ڕەوانبێژی کە ناو براوە بە (الاسلوب الحکیم) واتە ڕەوشت و ڕەفتار کردن لەگەڵ مەردوم دا بەشێوەیەکی لێزانی و کاردروستی، بەم ڕەنگە سەرنجی پرسیار کەر ڕائەکێشێ و تەمێی ئەکات بەمەی کە پرسیارەکەی لەو بارەوەیە کە خۆی نیازی کردووە گرنگ نیە بۆی و با بەشتی واوە خۆی خەریک نەکات، بەڵکو گرنگ تر بۆی ئەوەیە کە لەم بارەوە پرسیارێ بکات کە وەڵامەکە دەست نیشانی بۆ ئەکات: لێرەدا واتە پرسیار نەکەن لە هۆی گۆڕانی ڕووی مانگ و ئەو جیاوازیەی کە تێیدا ئەبێ، بەڵکو با پرسیار لەمە بکەن کە بۆچی مانگ بەو شێوەیە دروست کراوەو سوودو بەرژەوەندی لەوەدا چیە؟ لە سەرهەر بارو بە هەرجۆر ئەوا قورئان کارو پیشەی ئەو مانگە یەک شەوانەی بۆ باس کردن، وە دەری خست بۆیان سوودو

بەرژەوەندیان لە ژیانی ئادەمی و پووداوو بەسەرهاتی ژیانی ئادەمی دا، وە هیچ نەدوا لە هۆی گۆڕانی پوویان بەو جۆرو شێوە تایبەتیانەیان، وە هەروەها نەدوا لە کارو فەرمانیان لەناو کۆمەڵی خۆریی دا کە شێوەی پرسیارەکە ئەمیش ئەگرێتەوە، لە هیچ کام لەوانە نەدوا، چونکە ئەو جۆرە شتانە کارو فەرمانی قورئان نین و قورئان بۆ ئەو جۆرە شتانە نەهاتووە، قورئان هاتووە بۆ گەیاندن و پێك هێنانی مەبەستێکی کە بەم نەبێ ناگەیەنرێ و پێك نایەت، وە پێویست تر لەو جۆرە شتانە، قورئان هاتووە بۆ دامەزراندن و پێکهێنانی ئوممەتێکی تازە کە دەست بدات بۆ سەرکردایەتی و پێشەوایی جیهان و ژیان لەسەر بۆچوون و تێگەیشتنێکی تایبەتی، وە بە بەرنامەو پڕۆگرامێکی تایبەتیەوە، کە ئەو کارە گەورەش لە سنووری زانین و ژیریی ئادەمیدا نیەو کاری وا بە خوا نەبێ ناکرێ، وە ئادەمی هەرچەند پادەی زانین و ژیریی و بیری بەرزو بەهێزبێت لەو کارەدا هەڵەی زۆر ئەکات و کارەکەی بە ڕێك و ڕاستی لەبەر ناڕوا.

قورئان نەهاتووە بۆ ئەوەی ببێ بە نامەی کیمیا و تەندروستی و ئاسمان ناسی و ئەو جۆرە شتانەی کە لە سنووری زانینی ئادەمدایەو بەتێ پوانین و بەراوورد کرن و بیرو ژیریی ئادەمی دەست کەوت ئەبن، کەواتە پرسیارو داواکردنی ئەم جۆرە شتانە لە قورئان و لە پێغەمبەر (ﷺ) هەڵەیەو نیشانەی نەزانین و بێ ئاگاییە لە کارو پیشەیان، جا لەبەرئەوە وەڵامی پرسیارەکەیان بەو جۆرە هات کە تێپەڕی کردو باس کرا، بێجگە لەوەش قورئان کە نامەی ڕێنموونی و ڕێنیشاندانە باشی شتێك ئەکات کە بۆ هەموو تاقمو چینێك دەست بدات و جێگەی گومان و دوو دڵی نەبێت، وە دەست نەدات بۆ گۆڕان، دەی ئەم جۆرە باس و مەبەستانە کە پێیان ئەگوترێ: (النظريات العلمية) نە هەموو ژیرییەك وەریان ئەگرێ، وە نە بۆ هەموو تاقمو چینێ دەست ئەدەن، وە نە شتێکن دامەزراوو نەگۆڕاو، کەواتە باس کردنیان هیچ بەرژەوەندیەکیان تیا نیە، بەڵکو ئەبێتە مایەی گومڕابوون و هەڵەی چەند کەسێك لە بەندەکانی خوا، بێگومان قورئان نامەیەکی تێرو تەواوە لەبارەی ئەو مەبەستەی کە بۆی ڕەوانە کراوە، وە مەبەست و ئامانجەکەی گرنگ ترو گەورەترە لە هەموو مەبەست و ئامانجێك، وە ئەوەی کە قورئان باسی لێ ئەکات ئادەمیە کە ئەو هەموو زانین و زانیاریە بەرهەمی بیریی و ژیریی ئەمەو بەرهەمی ئەم دەریان ئەخات، کەواتە ئەم قورئانە کە مەبەستی پێك هێنانی ئادەمیەو خەریکە بە ئادەمیەوەو چارەسەری خۆی و دەروون و بیریی و ژیریی

ئەکات، وە ئەیەوێ گەل و کۆمەڵی ئادەمی فەراهەم بێنی، ئەم قورئانە کە ئەوە کارو فەرمان و پیشەیی، هیچ پێویستی نیە بە باسی بەرهەمەکانی ئەم ئادەمیە کە بەسروشت پەیدا ئەبن لێیەوە و بەدی دێن، وە ئەو گەل و کۆمەڵە ئادەمیە ئەگەر ڕێک و پێک بێت ڕێی هەموو ئەندامێکی ئەدات، بەڵکو بە تۆندی هانی ئەدات بۆ پێک هێنان و بەدی هێنانی بەرهەمەکانی، ئینجا پێویستە لەسەرمان هەر شتێک کە قورئان دانی پیانا باسی کرد لە بارەی ئەم بوونەوەرە و پەیدا بوونی ئادەمی و هەر شتێکی تر، پێویستە هەموو ئەو شتانە وەرگرین بە هەموو بیرو بڕوایەکی بە هێزەوە لەسەر ئەو بارو شێوەی کە بۆی باس کردوین بەبێ زیادو کەم، وە بەبێ ئەوەی بیان بڕین بەسەر بارو بڕیارێک کە ژیریی ئادەمی و تێڕوانینی ئادەمی و بەراوردی ئادەمی لەسەرە، چونکە ئەوەی کە قورئان پێی هاتبێ جێگەی گومان نیە، وە دەست نادا بۆ بڕیارەو هەڵسەنگاندن، بەڵام بڕیارەکانی ئادەمی شتێکی بڕاوە نین و دەست ئەدەن بۆ بڕیارەو هەڵسەنگاندن و سڕینەوە، تەنانەت لەو شتانەش دا کەلە بنەڕەتدا ڕاستن و پێیان ئەگوترێ (الحقائق العلمية)، چونکە ئەمانەی کە دانی پیا ئەنێن و بڕوایان پێیان هەیە ئەیبەستنەوە بە سنووری بۆ چوون و بەراوردی خۆیانەوە کە زۆر جار لەوەیش دا هەڵە ئەکەن، وەک لەمەو پاش بە ڕوون تر لێی ئەدوێین، کەواتە هەر هەوڵ و تەقەلایەک دراوەو ئەدرێ لەبارەی یەکخستن و بڕینی ئەو شتانەی کە قورئان دەست نیشان و ئاماژەیان بۆ ئەکات، لەگەڵ ئەوەی کە زانین و زانیاری ئادەمی پێی گەیشتووە، هەر هەوڵ و تەقەلایەک کە لەو بارەیەوە بدرێ هەڵەیە، هەرژۆنێ سێ شت نیشان ئەدات کە شایان نین لەگەڵ گەورەیی و بەرزی قورئان دا:

١- تێکشانێکی دەروونی بەرامبەر ڕاو زانینی ئادەمی تا ڕادەیەک ئەو ڕاو زانینە ئەکەن بە چاودێرو کار بەدەست و قورئان ئەکەن بە تایبع و شوێن کەوتوو، جا لەبەرئەوە ئەیانەوێ قورئان بە هێزو دامەزراو بکەن بەزانین و زانیاری ئادەمی، یا بیکەن بە بەڵگەو نیشانە لەسەر ڕاستی قورئان، لەکاتێکدا کە قورئان نامەیەکی تێرو تەواوەو هەموو شتەکانی دامەزراوو بڕاوەن، وە زانین و زانیاری دانەمەزراون و زۆر جار ئەمڕۆ بڕیاری دوێنێی ئەسڕێتەوە، وە ئەوەی کە پێی گەیشاووەو ئەیزانێ ناتەواوەو شتێکی قەتعی و بڕاوە نیە.

٢- تێنەگەیشتنە لە سروشتی قورئانو کارو پیشەی قورئان، کە ئەوەش ئەمەیە پێویستە هەموو بڕوادارێک بە هەموو دلنیاییەکەوە بزانێ کە قورئان شتێکی ڕاستەو گەیشتووەتە ئەوپەڕی پادەو سنوور لە ڕاستی دا، وە ئەیەوێ ئادەمی پێبگەیەنێو پەروەردەی بکات بە جۆرێ ڕێک و پێک و گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی بوونەوەردا، وە لەگەڵ یاسا و ڕژێمی کە خوا داینناوە لەم بوونەوەردا، بەڵکو بە خۆشی و دۆستایەتی بژی و هەندێ لەشتە نهێنیەکانی بناسێ، وە هەندێ لەو یاسا و ڕژێمە بەکار بێنێ لەکارو باری جێنشینیەکەی لەم زەویەدا.

٣- ئەبێ قورئان لەسەر بارێ دامەزراو نەبێ، بەڵکو بە هەمیشەیی تەئویل و پینەو پەڕۆی تیا بکرێ و یەک بخرێ لەگەڵ ڕاو بڕیارو تێڕوانینی ئادەمی دا کە جێگرو دامەزراو نین، وە هەموو ڕۆژێ شتێکی تازە دێتە پێشەوە، دەی هیچ کام لەم سێ شتە شیاوی بەرزیی و بەڕێزی قورئان نین، بەڵام باوا گومان نەبرێ کە ئێمەی موسڵمان نرخ نادەین و بە گرنگ ئەو تێڕوانینانە ناگرین کەلە زانیاری تازەدا دەرکەوتوون، وە هەروەها ئەوەی کە ڕێی پێبڕاوە لەبارەی بوونەوەرو ئادەمی و ژیانەوە، لەکاتێکدا کە خوا لە دوا دوایی سورەتی ﴿سجدة﴾دا ئەفەرموێ: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ﴾ لەمەوپاش ئێمە پیشانی مەردومی ئەدەین بەڵگەو نیشانە ڕوونەکانی خۆمان کە هەیە لە نەفسی خۆیانو لە ناوچەکانی جیهاندا، تا دەرکەوێ بۆیان کە قورئانو ئایینی خوا هەقو ڕاستە.

دەی پێی ئەڵێو فەرموودەیە ئەبێ هەمیشە بیربکەینەوە لە هەرشتێ کەلە زانیاری تازەدا دەرکەوتووەو دەرئەکەوێ، وە بەپێی ئەوانە ماناو مەبەستەکانی قورئان فراوان بکەین لە دەروونماندا، بەڵام بەبێ ئەوەی ئایەتەکانی قورئان بپڕین بەسەر بارێکی تایبەتی لەوانەی کە ئەو زانایانەی ئەیڵێو بۆی چوون، وە بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم مەبەستە چەند شتێ بەوێنە باس ئەکەین: خوا لەدوا دوایی سورەتی ﴿القمر﴾دا ئەفەرموێ: ﴿إِنَّا كُلَّ شَىْءٍ خَلَقْنَٰهُ بِقَدَرٍ﴾ بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان دروست کردووە بە ئەندازەو لەسەر بارێکی تایبەتی، واتە زانیومانە هەر ئەوە ڕاستەو ڕێک و گونجاوە... ئینجا لە زانیاری دا دەرکەوتو لەبەرەوە دەرئەکەوێ کە هەموو بەش و پارچەیەک و هەموو دروست کراوەکانی خوا لە هەموو بارو ڕوویەکەوە ئەوپەڕی وردەکاری تیا کراوە بە جۆرێ هیچ بارو ڕوویەکی تر شایستەو ڕاست

نیە، بێجگە لەو بارو پووەی کە خوا بۆی داناون... ئاوو هەوا پێك هاتوون لە چەند بەش و کەرەسەیەك، بەپرادەو رێژەیەکی دیاریی ئەگەر بگۆڕێن بە هەر جۆرێ تر لەکاری خۆیان ئەکەون، ئەم زەویە دروست کراو بارێکی تایبەتی و لەسەر قەبارەیەکی تایبەتی و لە پرادەیەکی تایبەتی دا لەدووری لە خۆرو مانگ، وە هەروەها پرادەی قەبارەی شتی تر کە بەهۆی ئەوانەو یەك کەوتن و کۆبوونەوەیان ئەم زەویە دەست ئەدات بۆ ژیان تیایدا، کەواتە هیچ کام لەمانە بە رێکەوت و گۆترەکاری نەکراوە، بەڵکو بەنیازو خواهیش بۆ مەبەستێکی دیاری کراوەو داڕێژراوە، بێگومان دەرکەوتنی ئەمانەو سەرنج دانیان مانا و مەبەستی ئەم ئایەتە زۆرترو فراوانتر ئەکات لە دەروونماندا، وە قۆڵ تری ئەکات لە تێگەیشتن و برچوونماندا، کەواتە بە دواگەڕانی ئەم جۆرە شتانەو زانینی ئەو وردەکاریانە زۆر رێك و ڕەوایە بۆ ئەوەی مانا و مەبەستی ئایەتەکە پان و پۆڕتر ببێ لە دەروونماندا، وە قووڵتر بچێتە دڵمانەوە، ئەوەی کە گوتمان بەو جۆرو شێوەیە ڕاست و دروستەو بەڵکو پێویستە، بەڵام ئەوەی کە ناڕاست و ناڕەوایە، وە لەبارەی زانیاریشەوە ناڕێکە ئەم چەند وێنەو نموونەیە کە دێت: خوا ئەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴾ سوێند بە خوا ئێمە ئامادەمیمان دروست کردووە لە خولاسەو پاڵفتەیەك لە قوڕ، ئینجا تێ ڕوانینی (دالاس و داروین) پەیدا بوو کەوا دائەنێ و گومان ئەبات کە گیان لە یەکەم جارەوە دەستی پێکرد لەیەك سێڵەوە، وە ئەو سێڵەش لەناو ئاودا پەیدا بوو، وە بەرەبەرە گۆڕاو بەرز بوویەوە هەتا گەیشتە دروست کردنی نادەمی، ئینجا ئێمە بڵێن ئەم ئایەتە بڕین بەسەر ئەمەداو بڵێین: مەبەست لەم ئایەتە ئەمەیە کە ئەوانە گومانیان بۆ بردووە!! نەخێر شتی وا دروست نیە بە هیچ ڕەنگ... چونکە ئەم تێڕوانینی ئەوانە شتێکی بڕوانەبوو کە دەست نەدا بۆ بژارەو دەست تێخستن، ئەوەتا چەرخێکی بەسەردا تێنەپەڕی تا دەست تێخراو بژارە کرا تا پرادەیەك بە تەواوی گۆڕاو لادرا لەسەر ئەو بارو بنەڕەتەی کە لەسەری هات، وە لەپاش دۆزینەوەو دەرکەوتنی ئەو شتانەی کە پارێزەری جۆری زیندەوەرەکانن، بەجۆرێ کە بەهیچ کلۆجێ گۆڕانی هیچ جۆرێ بە جۆرێکی تر، لە پاش دۆزینەوەی ئەوانە کە ناو ئەبرێن بە (کرۆمۆسۆمات) هیچ گومان نەما کە ئەو تێ ڕوانینە هەڵە بوو ڕاست دەرنەچوو، لە کاتێکدا ئەوەی کە قورئان فەرمووی شتێکی قەتعیەو دەست نادات بۆ دەست تێخستن و گۆڕاندن،

کەواتە ئەبێ بڕوامان وابێ کە ئادەمی لە بنەڕەتدا لەوە دروست کراوەو ئیتر زیاد لەوە هیچ درێژەی پێنادەین کە چۆن پەیدا بوو لەو بنەڕەتە تا بوو بەم ئادەمیە.

وێنەیەکی تر: پێغەمبەر ئەفەرموێ: ﴿ وَٱلشَّمْسُ تَجْرِى ﴾ خۆر ئەگەڕێ، ئیتر بەبێ درێژە پێدان‌و دیاری کردنی شێوەو بارو جۆرێك بۆ ئەو گەڕانە، وە زانیاری تازەش ئەڵێ: خۆر ئەگەڕێ بە خێرایی (١٢) دوانزە میل لە چرکەیەکدا، ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ ئەو ئەستێرانەی کە وان بەدەوری دا، بەڵام لە گەڕان‌و خولانەوەی لەگەڵ ئەو کاکێشانەی کە ئەم یەکێکە لە ئەستێرەکانی ئەگەڕێ بە خێرایی (١٧٠) میل لە چرکەیەکدا، ئینجا ئێمە نابێ ئەم گەڕان‌و خولانەوەی خۆرە بچڕین بەسەر ئەم ڕادەو ڕێژەیەدا کە ئەو زانایانە بە دەم بڕو گۆترە کاری وتویانەو دەست ئەدات بۆ دەست تێخیستن یان هەر سڕینەوە لەبنەڕەتەوە، لە کاتێکدا ئەوەی کە قورئان فەرموویەتی ڕاست‌و بە هیچ کلۆجێ دەست نادا بۆ ڕاست کردنەوە، یان سڕینەوە، وێنەیەکی تر: قورئان ئەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ﴾ ئایا بێبڕواکان نەیانزانی کە ئاسمانەکان‌و زەوی لە پێشەوە لکابوون‌و نووسا بوون بەیەکەوە، ئینجا ئێمە لە یەکمان جیاکردنەوە؟ ئینجا تێ ڕوانینێك پەیدا بوو ئەڵێ: ئەم زەویە پارچەیەك بوو لە خۆرو ئینجا لێی جوێ بوویەوە، دەنابێ ئێمە دەقی ئایەتەکە بچڕین بەسەر ئەوەداو بڵێین: مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە کە ئەو تێڕوانینە ئەیڵێ، چونکە ئەوە شتێکی دەم بڕەو قەتعی نیە، ئەوەتا چەند تێڕوانینێ تر هەیە لەبارەی پەیدا بوونی زەویەوە کەلە ڕادەی ئەو دایەو کەمتر نیە لەوا بەڵام ئەوەی کە قورئان فەرموویەتی هیچ کەس ناتوانێ دژی بڵێت یان بیسڕێتەوە.

ئەم چەند وێنەیە بەسە بۆ ئەو مەبەستەی کە گوتمان لەسەرەتای باسەکەوە، ئینجا لە کۆتایی ئەم باسی پێشووەدا باسێکی تر ئەهێنین کە پێویستە زانین‌و وەك تەواوکەر وایە بۆ ئەم باسی یەکەمە، ئەو زانینانەی کە پێویستە بۆمان لە ژیانماندا چەند جۆرو بەشێکن:

١- ئەوانەیەکە پێویستمان نیە بە مامۆستاو فێرکەر. بەڵکو خۆمان بە خۆمان ئەیانزانین، ئەوەش بریتیە لەوانەی کە هەستیان پێئەکەین بە هەرکام لە پێنج هەستیارەکەمان، وە هەروەها ئەوانەی کە ویژدان‌و دەروون ئەیانزانین، وەك برسیەتی‌و تینوویەتی‌و غەم‌و پەژارەو کەیف خۆشی‌و...هتد.

٢- ئەو شتانەی کە بەهیچ کلۆجێ زانینیان لەلایەن ئادەمیەوە ناگونجێ، وە دەست نادەن بۆ ئەوەی ئادەمی پێیان بگات، بەڵکو زانینیان ئەبێ هەر لە ڕێگەی خواوەبێت، ئەوەش وەك زانینی چۆنیەتی دروست کردنی ئەم دروست کراوانەو زانینی یەکەم دروست کراو، وە هەرشتێ لەو بارەیەوە گوتراوە لەلایەن ئادەمیەوە هەمووی شتێکن بەدەم بڕو گۆترەکارینو ناگەنە ڕادەی گومانی بەهێزیش چ جای زانین. بۆ وێنە: پزیشك ئەزانێ بەزۆربەی گیان لەبەران کە چۆن پەیدا ئەبنو گەشە ئەکەن تا ئەبن بەو گیانلەبەر تایبەتیە، بەڵام هیچ کەس نازانێ کە چۆن ئەم گیانلەبەرانە فەراهەم هێنراونو کران بەم هەموو جۆرە، وەهیچ کەس نازانێ کەرەسەی یەکەم جاریان چیە.

٣- ئەو شتانەی کە زانینو ناسینیان ئاسانە بۆ ئادەمی بەهۆی بیریو ژیریو بەڵگەو نیشانەو بەراورد کردنەوە، وەك زانینی ئەم هەموو پیشەسازیو کشتوکاڵو تەندروستیە، وە هەروەها زانینو ناسینی ئاسمان ناسی کە هەندێ لەوە زانینو ناسینی هۆی گۆڕانیو بارو ڕووی مانگە کەلەسەر ڕیوایەتێ پرسیارکەران لەوەبوو، ئەم جۆرە زانینانە داوا لە پێغەمبەران ناکرێ ــ درودی خوایان لێ بێت ــ وە داوا کردنی زانینی ئەو جۆرە شتانە لەوان لەو دوو ناڕاستو ناڕەوایە:

أ- داوای ئەوە لەوان ئەوە ئەگەیەنێ کە داواکەر نەزانو نەفامە بەکارو پیسەی ئەوان، وە نەزانە بەوەی کە ئەوان بۆچی ڕەوانە کراون، بێگومان ئەوان نێررواون بۆ ڕێنموونی مەردوم بۆ بیرو باوەڕی ڕاستو کردەوەی چاکو ڕەوشتی پاك، وە ترساندن لە کردەوەو ڕەفتار، بە پێچەوانەی ڕاو فەرمانی خوا.

ب- داواکردنی ئەو جۆرە شتانە لە پێغەمبەران ــ سەلامیان لێ بێت ــ ئەبێتە هۆی پەك خستنو بەکار نەهێنانو گوێ نەدان بەو هەموو هێزو وزەو بەهرەیەی کە خوا بەخشی بەم ئادەمیەکە بەکاریان بێنن لە ژیانو لە کاروباری جێنشینیەکەیان لەم زەویو جیهانەدا، ئینجا ئەوەی کە پێویستە لەسەرمان داوای بکەین لەو پێغەمبەرانە ــ سەلامیان لەسەربێ ــ زانینی ئەو شتانەی کە پێویستە لەسەرمان بەرامبەر بە پەروەردگارمان، وە هەروەها زانینو ناسینی حەرامو حەڵاڵ کە ئەم دوو جۆرەش ئەبێ هەر لەلایەن خواوە بزانرێنو بناسرێن.

وَلَيْسَ ٱلْبِرُّ بِأَن تَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنِ ٱتَّقَىٰ ۚ وَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَٰبِهَا ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٨٩﴾ وَقَٰتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمْ

ئینجا با بگەڕێینەوە بۆ سەر بەشی دووەمی ئایەتەکە، ئەفەرموێ: ﴿وَلَيْسَ ٱلْبِرُّ بِأَن تَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا﴾ بێگومان چاکەو کردەوەی چاک ئەوە نیە کە ئێوە بچنە ماڵەکانتان لە پشتیانەوەو خۆتان بپارێزن لەچوون لە قاپیەکانیانەوە، ﴿وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنِ ٱتَّقَىٰ ۚ﴾ بەڵکو چاکەو کردەوەی چاک هینی کەسێکە کەلە خوا ترس بێتو خۆی پارستبێت لە حەرامو قەدەغەکانی خوا، کەواتە واز بێنن لەو باوی خۆتانە کە باوێکی بێ بنەچو بنەوانە ﴿وَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَٰبِهَا ۚ﴾ وە بچنەوە ناو ماڵەکانتان لە قاپیەکانیانەوە ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ وە بترسن لە خواو خۆتان بپارێزن لە ڕەفتار کردن بە پێچەوانەی فەرمانی خوا ﴿لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ بەڵکو بگەن بە ئامانجو هۆی ڕزگار بوونتان.

لەبارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم بەشی دووەمە لە ئایەتەکەو پەیوەندی بەبەشی یەکەمەوە چەند شتێ گوتراوە، بەهێز تر ئەمەیە کە لەم حەدیسە وەرئەگیرێ کە (بوخاریو موسلیم) ئەیهێنن لە (بەڕای کۆپی عازەب)ەوە -خوا لێیان ڕازی بێ- کە ئەفەرموێ: مەدینەییەکان کاتێ کەلە حەجو عەمرە ئەگەڕانەوە لە قاپیەوە نەئەهاتنە ناو ماڵەکانیان، بەڵکو لەپشتەوە کونیان ئەکردە ماڵەکانیانو ئەچوونەوە ماڵ، ئینجا پیاوێک لەوان کە گەڕایەوە لە قاپیەوە چووە ماڵ بە پێچەوانەی باوی خۆیان، بەهۆی ئەوەوە ڕەخنەی لێ گیرا، ئینجا ئەم نیوە ئایەتەهاتە خوارەوە، جا هەر لەم حەدیسەوە وا دەرئەکەوێ کە پەیوەندیو پەیوەستی ئەم دوو بەشە ئەمەیە: بەشی یەکەم باسی ئەوەی کرد کە مانگە یەک شەوەکان نیشانەن بۆ حەج، وە بەشی دووەمیش باسی باوێکی چەرخی نەفامی ئەکات کە تایبەتی بووە بە حەجەوە.

لەپاش ئەوە ئینجا جەنگو کوشتار دێتە پێشەوە بە شێوەی گشتی، وە بەتایبەتی لە خاکی حەرەمو لە چوار مانگە بەڕێزەکەدا کە جەنگو کوشتار قەدەغە کراوە تیایاندا، وە هەروەها باسی ماڵ بەخت کردن ئەکات لە ڕێی خوادا کە زۆر پەیوەستە بە جیهادو کوشتار لە ڕێی خوادا.

لە هەندێ ڕیوایەت دا ئەفەرموێ: کەلە یەکەم جارەوە ئیزن دار بە جەنگو کوشتار بە ئایەتی سورەتی (حج) ئینجا بەم ئایەتی ئێرە یەکەم فەرمان هاتە خوارەوە پێی، لەپاش ئەوەی کەلە چەرخی مەککەدا جڵەو گیری کران لێی لەبەر هەر هۆیە کە خوا خۆی باشی ئەزانێ... بەڵام ئێمەیش بەپێی تێگەیشتنی خۆمان ئەتوانین دەست نیشان بکەین بۆ ئەوەی بکرێن بە هۆی ئەو جڵەو گیریە:

١- مەبەست لەڕام کردنی ئەوکۆمەڵەبڕوادارە بوولەسەرخۆگریی و ڕایەڵی و فەرمانبەری، وەمل کەچ کردن بۆ سەرکردایەتی، وە وەستانوچاوەڕوانی ئیزنو فەرمان لە لایەن سەرکردەوە، لە کاتێکدا کە ئەو بڕوادارانە لەگەڵو کۆمەڵێك بوون کە مل هووڕو سەرکێش بوونو هەرگیز سەریان دانە ئەخست بۆ هیچ کەسێك کە ناپیاوی و ستەمیان دەربارەبکات،وەبێگومان ئەوکاروفەرمانەگەورەو گرنگەی کە خرابووە سەرشانی ئەمان - کاروفەرمانی جێنشینی لەزەویداگرتنە دەستی جڵەوگیری ژیانوجیهان-ئەوکارە گەورەو گرنگە بەبێ ئەو ڕام کردنو پێگەیاندنو پەروەردە کردنە نەئەگونجاو نەئەکرا.

٢- خۆگرتنی ئەو بڕوادارانە لەسەر ئەو هەموو سزاو ئازارو ناپیاویەی کە دەربارەیان ئەکرا، لەوانەبوو کە غیرەتو پیاوەتی هەندێ لە بێبڕواکان بهێنێتە جۆشو بیانخاتە سۆزو پەرۆش دەربارەی بڕوادارەکانو ئایینەکەیان، وەك ئەوە ڕووی داو بەدی هات لە کاتێکدا کە قوڕەیش بە یەك جار هەڵسان لە پێغەمبەر (ﷺ)و کەسو کاری، وە نامەی ئەوبەدژەهەڵسانوموقاتەعەیان نووسیوەهەڵیان واسی بەدیواری کەعبەدا، ئینجاڵەوەبوو تاقمێك لە پیاوە بە غیرەتەکان هاتە جۆشو ئەو نامەیان دڕیو پەیمانەکەیان شکاند.

٣- لەو چەرخەدا بڕوادارو بێبڕوا تێکەڵ بوو لە ناو هەموو ماڵو خێزانێکدا، وە هەرکەس لە بێبڕواکان هەڵئەسان بەسزاو ئازاردانی کەسو کاری بڕواداری خۆی، دەی ئەگەر لەو کاتەدا ئیزنی جەنگو کوشتار بدرایە ئەبوو هەموو ماڵو بنەماڵەیەك بەر ببوونایەتە یەکترو خوێن ڕژی پەیدا ئەبوو لەناویاندا، ئەو حەلە ئیسلام ناوبانگی ناشیرین ئەبوو لەبەچاوی مەردوم دا، وە سەرنج ئەدرا بە ئایینی خوێن ڕێژو تەفرەقەو سەرشێوان، بەڵام لە چەرخی مەدینەدا کۆمەڵی موسڵمان جیا بووبووەوەو یەك پارچە وەستابوو بەرامبەر کۆمەڵی بێبڕواو ڕێگەی ئەو پڕو پاگەندە نەما.

٤- ڕەنگە کەمیو بێدەسەڵاتی موسڵمانەکان یەکێ بێت لە هۆکاری ئەو جڵەوگیریە.

٥- ئەگەر جەنگ و کوشتار پووی بدایە لەو کاتەدا لەوانە بوو گەلی بێبڕوا تیا بچوایە کەلە پاش دا خۆی یان نەوەی موسڵمان بوون و بوون بە پۆڵەو یارمەتی دەری ئیسلام! بە هەر حاڵ لە چەرخی مەدینەدا جەنگ و کوشتار دەستی پێکرد بەرەبەرە بەپێی داخوازو بەرژەوەندی ئیسلام، لە پێشەوە لەنیوە دوورگەدا، ئینجا لەدەرەوەی نیوە دوورگەدا... ئینجا پێش ئەوەی دەست بکەین بە تەفسیری ئایەتەکانی داهاتوو کە یەکەم جار هاتنە خوارەوە لە بارەی فەرمان بە جەنگ و کوشتارەوە، چاك وایە بە کورتی وتەیەك بڵێین لە بارەی جەنگ لە ئیسلامدا، کەبکرێ بە بنەڕەت بۆ تەفسیری ئەم ئایەتانەی ئێرەو هەر ئایەتێکی تر کە هاتبێتە خوارەوە لەبارەی جەنگەوە: بێگومان ئایینی خوا هات لەم دواترین شێوەیەدا کە ئیسلام هێنای، بۆ ئەوەی ببێ بە یاسا بۆ ژیانی ئادەمی لەم سەر زەویەدا هەتا هەتایە، وە بۆ ئەوەی ببێ بە بەرنامەیەکی گشتی بۆ هەموان، وە بۆ ئەوەی ئەم ئومەتی ئیسلامە هەڵسێ بەسەرکردایەتی جیهان و بیبات بەرێگەی خوا بەپێی ئەم بەرنامەی کە بۆی هات، ئەم بەرنامەی کە بۆ چوون و تێگەیشتنێکی تێرو تەواو نیشان ئەدات لەبارەی مەبەست لەبوون بە شێوەی گشتی و مەبەست لەبوونی ئادەمی بەتایبەتی، بەو جۆرو شێوەی کە قورئان پوونی کردووەتەوە، سەرکردایەتی بکات بۆ ئەو ئامانج و مەبەستە گرنگەی کەلە هیچ بەرنامەیەکی زەمینی دا دەست ناکەوێ، وە ئادەمی و ئادەمیەتی بەرز بکاتەوە بۆ ئەو ڕادەو پلە بەرزەی کە بە هیچ کلۆجێ پێی ناگات، مەگەر لە سایەو پەنای ئەم بەرنامەیەدا، وە ئەم چاکەو بەهرەیە دەست بخات کە هیچ چاکەو بەهرەیەکی تر هاوتای ناکات، وە هەرکات بێبەش بێت لەم بەهرەیە بێبەش ئەبێت لە هەموو خێرو خۆشیەك، وە هەرکەس بێەوێ بەرگری ئەم بەهرەیە بکات ئەوە کەسە دوژمن ترین کەسە بە ئادەمی و ئادەمێتی، وە هیچ دەست درێژیەك ناگاتە ئەوەی کە ئادەمی و ئادەمێتی بێبەش بکرێ لەم بەرزی و پاکی و بەختەوەری و بە پایان گەیشتنەی کە خوای میهرەبان لەم ئایین و بەرنامەیەدا بەخشی و بە خەڵاتی ئەم ئادەمیەی کردو پێی خۆشە بەندەکانی پێی بگەن، ئینجا پێویستە هەموو ئادەمی بانگ بکرێ بۆ ئەم بەرنامەیەو ئەم بانگەوازەی پێبگات، وە پێویستە هیچ شتێ و هیچ دەسەڵاتێ ڕێگەی ئەم بانگ کردنو ڕاگەیاندنە نەگرێ، ئینجا پێویستە کارێکی وابکرێ پاش ڕاگەیاندن کە مەردوم بەئازادی و سەربەستی بتوانن ئەم عەقیدەیە بگرنە گەردن و بڕوا بێنن بەم

ئایینە، وەئەوەی کە بڕوا ناهێنێ نەتوانێ بەرگری بڕواداران بکات لەوەی لەسەر عەقیدەو ئایینەکەی خۆیان بڕۆن، وە بتوانن ئایینەکەیان ڕاگەیەنن و بانگی مەردومی بۆبکەن، کەواتە پێویستە لەسەر گەلی موسڵمان هێزێکی وا فەراهەم بێنن کە پارێزگاری ئەو ئازادی و سەربەستیەیان بکات و بەرگری هەموو دەست درێژیەکیان لێ بکات، بەکورتی پێویستە لەسەر بڕواداران کە تێکۆشان و فیداکاری بکەن بۆ نەهێشتنی هەموو کۆسپ و گرێیەك کە ڕێی ئەم ئاییەنی خوا بگرێت، وە موسڵمانان بتوانن بە بەربەستی هەڵسن بە پێویستە سەرشانی خۆیان و کەس نەتوانێ دەست درێژیان لێ بکات، یان بەرگریان بکات لە بڵاو کردنەوەی ئاییەنی خوا، جا لەبەرئەو مەبەست و ئامانجە بەرزو پیرۆزانە جیهادو جەنگ و کوشتار پێویست کر.

ئەم ئایەتانەی ئێرە دەست پێئەکەن بە فەرماندان بە جەنگ لەگەڵ ئەوانەی کە جەنگ ئەکەن لەگەڵ موسڵمانانداو لە هەرکات و لە هەر شوێنێك، وە هەر لەیەکەم جارەوە مەبەست لە جەنگەکەو ئەو ئالای کە بەرز ئەکرێتەوە لەو مەیدانەدا بەڕوونی دیاریی ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿وَقَٰتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمْ﴾ جەگ بکەن لەڕێی خوادا لەگەڵ ئەوانەی کە جەنگتان لەگەڵ ئەکەن، واتە ئەبێ ئەو جەنگە هەر لەبەر خوابێت، نەك لەبەر هیچ مەبەستێکی تر لەو مەبەست و ئامانجانەی کە جەنگ و ئاژاوەیان لەسەر کراوە لە ناو ئادەمی دا، جەنگ لەبەر خواو لە ڕێی خوادا، نەك لەبەر زاڵ بوون و بەرز بوونەوە لەوڵات و لەزەی دا، وە نەك لەبەر دەستکەوت و تاڵان و داگیر کردنی خێرو بێری وڵات، وە نەك لەبەر ژێر بارو ژێر دەست کردنی تیرەو بەرەیەك بۆ تیرەو بەرەیەکی تر، بەڵکو تەنها لەبەر بەرزکردنەوەی وتەو وشەی خوا لە زەوی دا، وە لەبەر دامەزراندن و چەسپاندنی بەرنامەی خوا لە ژیاندا کە هەر ئەوە بەختەوەری هەمووانی تێدایە، وە لەبەر پاراستنی بڕواداران لەوەی سزاو ئازار بدرێن لەسەر عەقیدەو ئاییەنکەیان، یان گومڕا بکرێن و ڕاکێشرێن بۆ بێبڕوایی و خراپەکاری، یان دەست درێژیان لێ بکرێ و مافیان پێشێل بکرێت، ئیتر بێجگە لەو جەنگە هەر جەنگێ تر ناڕاست و ناڕەوایەلەئیسلامدا، ئینجالەگەڵ دیاریی کردنی مەبەست وئامانج،ئەندازەیشی دیاری ئەکات،

وَلَا تَعْتَدُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿١٩٠﴾ وَٱقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ ۚ وَٱلْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلْقَتْلِ ۚ

ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَعْتَدُوٓاْ﴾ وە دەست درێژی‌و زیادە ڕەوی مەکەن، بەم ڕەنگە ئەوانەش بکوژن، کە جەنگ ناکەن‌و هیچ مەترسیەکیان لێ ناکرێ بۆ سەر بانگەوازەکەی ئیسلام‌و موسڵمانان، کە ئەوانەیش بریتیێن لە ئافرەت‌و منداڵ‌و پیرو پەک کەوتووەکان‌و ئەوانەی کە هەر خەریکی خوا پەرستین‌و لێ بڕواون بۆ ئەوە لە هەر میللەت‌و ئایینێک، یان بەم ڕەنگە لە یەکەم جارەوە ئەمان جەنگ بکەن، وە هەروەها دەست درێژی‌و زیادە ڕەوی نەکرێ بەلادان‌و تێپەڕکردن لەو ئاداب‌و ئوسوڵەی کە ئیسلام داینـاوە، نەک ڕەفتارکردن‌و کردەوە ناڕاست‌و ناڕەوایانەی کەلە جەنگە نەفامیەکانی کۆن‌و تازەدا ئەکرێن، ئینجا با گوێبگرین بۆ چەند حەدیسێک لەبارەی چۆنیەتی جەنگی ئیسلامەوە کە ئادەمی‌و جیهان یەکەم جار بینیان‌و وەریان گرت لە ئیسلامەوە:

١- حەدیسی کە (ئیمامی مالیك)‌و (بوخاری)‌و (موسلیم)‌و (ئەبو داود)‌و (ترمزی) ئەیهێنن لە (ئیبن‌و عومەر)ەوە -خوا لێیان ڕازی بێ- کە پێغەمبەر (ﷺ) جڵەوگیری کردووە لە کوشتنی ئافرەتان‌و منداڵان.

٢- حەدیسێ (بوخاری)‌و (موسلیم) لە (ئەبو هورەیرە)وە -خوا لێی ڕازی بێ- کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هەر کام لە ئێوە کاتێ جەنگی کرد دەست بپارێزێ لە دەم‌و چاو...

٣- حەدیسی (بوخاری) لە (عەبدوڵڵای کوڕی یەزیدی ئەنصاری)ەوە -خوا لێی ڕازی بێ- کە پێغەمبەر (ﷺ) جڵەوگیری کردووە لە تاڵان‌و لە پەل پەل کردن‌و ناشیرین کردنی لەشی کوژراو.

٤- حەدیسی (ئەبو داود) لە (ئەبو ئەیوبی ئەنصاری)ەوە -خوا لێی ڕازی بێ- کە پێغەمبەر (ﷺ) جڵەوگیری کردووە لە کوشتن بەسستی و بەسزاو ئازار، بەڵکو بە یەک جارو بەکوت و پڕی.

٥- حەدیسی (بوخاری) و (ئەبو داود) و (ترمزی) لە (ئەبو هورەیرە)وە -خوا لێی ڕازی بێ- کە پێغەمبەر (ﷺ) جڵەوگیری کردووە لە کوشتن بە سووتاندن.

٦- حەدیسی (ئەبو داود) لە (حاریسی کوڕی موسلیمی کوڕی حاریس) باوکیەوە کە ئەفەرموێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ سریەیەکدا نادرینی، ئینجا کە گەیشتینە جێگای پەلامار دان من پەلەم کرد بە ولاغەکەم و پێش کەوتم لە هاوەڵەکانم، ئینجا دانیشتوانی خێڵەکە بە هاوارو لاڵەوە هاتن بە پیرمەوە، ئینجا منیش ووتم: بڵێن (لا اله الا الله) ئیتر خوێن و ماڵتان ئەپارێزرێت، ئەوانیش گوتیان، ئینجا هاوەڵەکانم ڕەخنەیان لێ گرتم، وتیان: غەنیمەتەکەت لە دەست دەرکردین: ئینجا کە گەڕاینەوە هەواڵەکەیان دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، ئینجا ئەویش منی بانگ کردو کردوومکەمی بە چاک و ڕەوا دەکردو لەپاش دا فەرمووی پێم: لەباتی هەرکام لە دانیشتوانی ئەو خێڵە خوا ئەوهندەو ئەوهندە ئەجرو پاداشتت بۆ ئەنووسێت.

٧- (موسلیم) و (داود) و (ترمزی) حەدیسێ ئەهیچنن لە (بەریدە)وە کە پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ کەسێکی بکردایە بە سەرۆک بەسەر لەشکرێکەوە، وەسیەتی بۆ ئەکردو فەرمانی پێ ئەدا لەبارەی خۆیەوە بەلە خوا ترسی و خۆپاراستن لە گوناە، وە بەچاکەو کردارو ڕەفتاری چاک لەگەڵ ئەو موسڵمانانەی کە لەگەڵی بوون، ئینجا پێی ئەفەرموو: تەنها بە ناوی خواوە لە ڕێی خوادا جەنگ بکەن ئەو کەسەی کە بڕوای نەهیچناوە بە خوا، جەنگ و غەزا بکەن، وە غەدرو بێ پەیمانی مەکەن، وە دەست لە کوژراو مەدەنو پاش کوشتن هیچ بەسەر لەشی مەهێنن، وە هیچ منداڵێ مەکوژن.

٨- (ئمامی مالیك) لە خەلیفەی یەکەمەوە ئەگێڕێتەوە -خوا لێی ڕازی بێ- کە لەوەسیەت و ئامۆژگاری لەشکری دا ئەیفەموو: ڕێتان ئەکەوێ لە تاقمێك کە لایان وایە خۆیان بەند

کردووە بۆ خوا ـ واتە عابیدەکانو ڕاهیبەکان ـ ئەوانە وازیان لێ بهێنن و لێیان گەڕێن بۆ خۆیان و ئەوەی کە بە خواپەرستی دائەنێن، وە ئافرەت و منداڵ و پیر مەکوژن.

ئەو جەنگانەی کە ئیسلام ئەیان کات و ڕەوایان ئەدات ئەمانەیە کە باس کران، وە ئەمانەیە ئاداب و ئوسوڵیان، وە ئەوەیە ئامانج و مەبەست لەو جەنگانەدا، وە هەموو ئەوانەش لەم ئایەتە وەرئەگیرێن کە خەریکین پێیەوە لەگەڵی ئەژین.

موسڵمانەکانی پێشوو ئەیانزانی کە ئەمان بەزۆری ژمارە یان بەزۆری چەک و کەرەسەی جەنگ زاڵ نابن و سەرناکەون، لەو بارەیەوە دوژمن لەمان زۆرترو بەهێزترە، بەڵکو ئەمان بەهێزی بڕواو گوێڕایەڵی و کۆمەکی خوا زاڵئەبن، دەی کاتێ ئەمان گوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەر (ﷺ) نەکەن وە بە پێی تەمێ و ئامۆژگاری ئەوان ڕەفتار نەکەن، ئەوا تاقانە هۆی سەرکەوتنەکەیان لەدەست دەرئەچێ، جا لەبەرئەوە ئەو موسڵمانە ڕاستانە ئەو ئاداب و تەمێ و ئامۆژگاریانەیان ئەگرتە گەردن و پێی هەڵئەسان، تەنانەت لەگەڵ ئەو دوژمنانەشیان کە ئەو هەموو سزاو ئازارەیان بەسەر هێنان و ئەوەی کەلە دەستیان هات لە ستەم و ناپیاوی ڕۆژێ لە ڕۆژان سەریان لێ نەکردەوە و کردیان دەربارەیان، ئینجا فەرمانی جەنگ و کوشتارەکە بە هێزتر ئەکات سەبارەت بەوانەی کە جەنگیان لەگەڵ کردن و سزاو ئازاریان دان لەسەر ئایینەکەیان، فەرمان ئەدات بە جەنگ کردن و کوشتنیان لەسەر هەرباری و لە هەر شوێنێ بن، بێجگە لە خاکی حەرەم، بە مەرجێ کە ئەوان جەنگیان لەگەڵ نەکەن لەو خاکەدا، ئەگەر کردیان ئەوا موسڵمانان ناچارن جەنگیان لەگەڵ ئەکەن و ڕەوایە بۆیانجەنگ کردن لەو شوێنە پیرۆزەشدا، بەڵێ ئەبێ جەنگیان لەگەڵ بکەنبە هەرحاڵو لەسەر هەر باری مەگەر بڕوا بهێنن و بێنە ژێر ئاڵای ئایینی خوا، ئەو کاتە ئەبێ کۆتاییان لێ بهێنری و هەر ستەم و ناپیاویەکیشیان کردبێ چاوپۆشی لێ ئەکرێ، ئەفەرموێ: ﴿وَاقْتُلُوهُمْ﴾ بیان کوژن، ﴿حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ﴾ لە هەر شوێنێ دەستتان کەوتن ﴿وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ﴾ وە دەریان کەن لەو شوێنەی کە ئەوان ئێوەیان لێ دەرکرد، واتە هەرکام لەم دووانە: کوشتن و دەرکردن بۆتان ڕێک کەوت بەسەریان بێنن.. سوپاس بۆ خوا لە کاتی گرتنی شاری مەککە ئەم دەرکردنە بەدی

هات، ئەوە بوو هەرکەس موسڵمان نەبوو، وە هیچ کام لەو سێ پێگەی نەدایە بەر کە پێغەمبەر (ﷺ) داینا بۆ مەککەییەکان، واتە نەچووە ناو کەعبە، وە نە قاپی ماڵەکەی خۆی لەسەرخۆی پێوەدا، وەنەچووەماڵی ئەبوسوفیان، ئەوکەسانەناچاربوون بەدەرچوون لەمەککە.

لە (ئیبن و عەباس)ەوە ئەگێڕنەوە -خوایان لێ ڕازی بێ- کە ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە بە بۆنەی چوونی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ هاوەڵەکانی بۆ عەمرە کردن لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا بە پێی پەیمان و یەک کەوتنی ساڵی شەشەم لە حودەیبیەدا، جا کاتێ کە نیازی ئەوەیان کرد موسڵمانان مەترسیان کرد کە قورەیش پەیمانەکە بشکێنن و ڕێگەی ئەوەیان نەدەن و جەنگیان لەگەڵ بکەن، وە ئەمانیش پێیان ناخۆش بوو کە جەنگ بکەن لەو مانگەداو لەو شوێنە پیرۆزانەدا کە هەر لە کۆنەوە قەدەغە بووە جەنگ کردن تیایاندا، ئینجا خوا بەم ئایەتانە ئیزنی دان و فەرمانی دا بەو جۆرەی کە گوترا... بە هەر حاڵ و لەسەر هەر بار خوا ئیزنی ئەم جەنگ و کوشتن و دەرکردنەی دا، وە دەست نیشانی بۆ کردن کە ئەوەی بەسەریان بێنن شتێکی ڕاست و ڕەوایە، چونکە ﴿وَٱلْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلْقَتْلِ﴾ ئەو بتپەرستی و بێبڕوایی‌یەی کە ئەوان ئەیکەن لەو شوێنەدا پیس ترو خراپترە لە کوشتن تیایدا، وە بەرگری کردنی شتی زۆر خراپ بە کردەوەیەک کە کەمتر خراپ بێت شتێکی ڕاست و ڕەوایە، هەندێ لەزانایان بەو جۆرە وشەی ﴿وَٱلْفِتْنَةُ﴾ تەفسیر ئەکەنەوە، بەڵام زۆربە ئەفەرموون: مەبەست پێی ئەو هەموو سزاو ئازارو دەرکردنەیە کە بت پەرستەکان کردیان دەربارەی موسڵمانەکان بۆ لادان و بەرگری کردنیان لە ئایینی ئیسلام، کە بێگومان ئەوە تاوانێکی زۆر گەورەترە لە کوشتن، چونکە ئەوە دەست درێژیە بۆ سەر ئایین و عەقیدەی ئیسلام کە پیرۆزترین و بەنرختڕین شتە لە هەردوو جیهاندا، بەڕاستی ئەم تەفسیرە وەک زۆربەی لەسەرە، هەروەها باشتر ئەچێتە دڵەوە، چونکە لەسەر ئەم بارە دەست ئەدات بۆ ئەوەی کە بکرێ بە یاسا و بڕیارێکی گشتی لێ وەرئەگیرێ بۆ هەموو کات و چەرخ و شوێن و ولاتێک، واتە هەرکات و لە شوێنێک لەلایەن هەر تاقم و هەرکەسێکەوە ئەو کردەوە پیسەکرا، ئیتر بەهەر جۆرو شێوەیەک، ئەوحەلەڕاست و ڕەوایەجەنگ لەگەڵ ئەودەست درێژی کەرەو کوشتن و ئاوارەکردنی،

وَلَا تُقَٰتِلُوهُمْ عِندَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمْ فِيهِ ۖ فَإِن قَٰتَلُوكُمْ فَٱقْتُلُوهُمْ ۗ كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٩١﴾ فَإِنِ ٱنتَهَوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٩٢﴾ وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِ ۖ فَإِنِ ٱنتَهَوْا۟ فَلَا عُدْوَٰنَ إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٩٣﴾ ٱلشَّهْرُ ٱلْحَرَامُ بِٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ

ئینجا تەنیا شوێنێك دەر ئەكات لەو بڕیارە، ئەویش بە مەرجێ خۆی ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تُقَٰتِلُوهُمْ عِندَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ﴾ جەنگیان لەگەڵ مەكەن لەخاكی حەرام دا ﴿حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمْ فِيهِ﴾ هەتا ئەوان جەنگتان لەگەڵ نەكەن تیای دا ﴿فَإِن قَٰتَلُوكُمْ فَٱقْتُلُوهُمْ﴾ ئینجا ئەگەلا ئەوان جەنگیان لەگەڵ كردن تیای دا ئەو حەلە بیاُن كوژن ﴿كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ ئا بەو جۆرەیە تۆڵەی بێبڕواكان، واتە پەوایە كردەوەیان لەگەڵ بكرێ بە وێنەی كردەوەی خۆیان ﴿فَإِنِ ٱنتَهَوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئینجا ئەگەر كۆتاییان هێنا لە بێبڕوایی و ئەو بارەی كەوان لەسەری، بێگومان خوا لێ بوردەو لێ خۆش بووی بەزەیی دارە، واتە تەوبەیان لێ وەرئەگرێ و جەنگیان لەگەڵ ناكرێ، ئینجا مەبەست لە جەنگ و كوشتارەكەمان بۆ ڕوون ئەكاتەوە، ئەفەرموێ: ﴿وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ﴾ جەنگیان لەگەڵ بكەن هەتا بێبڕوایی و هاوبەش دانان بۆ خوا نەمێنێ كە مایەی هەموو تاوان و تێك چوون و لادان و لاریەكە لە ولاّت و لە جیهاندا، وە هۆی ڕێ گرتنە لە ئیسلام و سزا و ئازار دانی موسڵمانان ﴿وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِ﴾ وە هەتا ئایین و پەرستن تایبەتی بێت بۆ خوا هەر خوا بپەرسترێ، ئەمەی كە گوترا لەسەر ڕای (قتادە) و (سددی) و چونكە كەسێكی تر، ئەم ئایەتە دەربارەی مەككەییەكان هاتووە بە تێكڕایی، چونكە بت پەرستەكانی عەرەب هیچ شتێ تریان نیە، بەڵكو یان كوشتن یان موسڵمان بوون، وە هەندێ ئەفەرموون: هەرچەند ئەم ئایەتانە لە یەكەم جارەوە دەربارەی مەككەیەكان هاتوون، بەڵام شێوەیەكی گشتیان لێ وەرئەگیرێ و مەبەست بە وشەی ﴿فِتْنَةٌ﴾ ڕێ گرتنە لە ئیسلام و سزا و ئازار دانە لەسەر ئیسلام، واتە جەنگیان لەگەڵ بكەن، هەتا هیچ هێزێك نەبێ بەرگری ئیسلام بكات و سزا و ئازار بدات لەسەر ئیسلام، وە ئەم ڕایە ـ وەك لە پێشەوە دەست نیشانی بۆ كرا ـ ڕایەكی زۆر پەسەندەو باشتر ئەچێتە دڵەوە، چونكە لە هەموو كات و چەرخێكدا، هێزی

شەڕ هەیە کە ئەوەستێ بەرامبەر بە ئیسلامو ئەیەوێ ڕێی لێ بگرێ بە هەر جۆر کەلە دەستی بێت، وە ئەبێ موسڵمانانیش بەرامبەر بەوە هێزێك فەراهەم بێنن بۆ شکاندنی ئەو هێزی شەڕە، وە لەبەرئەوەیشە جیهادو تێکۆشان لەڕێی خوادا پێویست کراوە بە هەمیشەیی و کراوە بە فەرزێکانی ئیسلام تا ڕۆژی دوایی، وەك لە حەدیسی صەحیحدا ئەفەرموێ و بڕیاری هەموو پێشەواو زانایانی ئیسلامیشی لەسەرە، ئینجا لەسەر ڕای یەکەم پێویست کرا کە جەنگو کوشتار بەکار بهێنرێ لەگەڵ ئەو بت پەرستەکانە هەتا بت پەرستی نەمێنێ لە مەککەو دەروبەری، وە هەموو موسڵمان ئەبن، وە هەروەها لەپاش ئەوە تا بت پەرستی نەمێنێ لەتەواوی نیوە دوورگەداو ئایینی تر نەمێنی بێجگە لە ئایینی خوا، وەك لە حەدیسێکدا هاتووە کە ئابێ لە نیوەدوورگەدا دوو ئایین بمێنێتەوە، کە ئەوەش شتێکی زۆر ڕاستەو بەرژەوەندی تێدایە:

یەکەم: مەککەو دەوروبەری تا هەموو نیوە دوورگە پایتەختی ئیسلامەو دراوسێی یەکەمی ماڵەکەی خوایە کە دانرا بۆ هەموو ئادەمی، کەواتە ئابێ ئایینی دژی ئەو ماڵە لەو خاکەدا ببێ.

دووەم: ئەم ئایینی ئیسلامە هات بۆ هەموو جیهانو جیهانیان، کەواتە ئەبێ لە سنوورێك دا نەوەستێ بەرەبەرە بڕوا، دەی چۆن پێش چاك کردنەوەی دەوروبەری خۆی بڕوا بۆ ولاتانی تر؟! چۆن دوژمن بەدەوری خۆی دا بەجێبهێڵێ و پەل بهاوێژێ بۆ شوێنی تر؟ بێگومان کاری وا پێچەوانەیە، جا لەبەرئەوە یەکێ لە وەسیەتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە بوو کە نیوە دوورگە پاك بکرێتەوە لە بتو بت پەرستی، وە سوپاس بۆ خوا بە ماوەیەکی زۆر کەم ئەو وەسیەتە پیرۆزە بەدی هێنرا، لەسەر ڕای یەکەم بەو جۆرە ئەڵێن، وە لەسەر ڕای دووەم ئەبێ بڵێین: ئەبێ جەنگو کوشتار بکرێ لەگەڵ بێبڕوایان دا بەنیازی ئەوە کە ڕێگر نەمێنێ لە ئیسلامو موسڵمانانو ئایینو خوا پەرستی هەر بۆ خوا بێت، ئەبێ بەم نیازەو لەبەرئەوە جەنگ بکرێ ئیتر با ئەو مەبەستو نیاز کراوە بەدی نەیەت لە هەموو کاتو لە هەموو شوێنێك دا، یان ئەڵێن: مەبەست ئەوەیە جەنگ بکرێ تا ئیسلامو موسڵمانان سەر ئەکەونو هیچ هێزێك نەتوانێ بەرگریان بکاتو هەموو مل کەچ بێن بۆ یاسا و ڕژێمەکەی ئیتر

با هەندێ بڕوای پێ نەهێنن، بە هەرحاڵ بەم جۆرەی کە گوتمان ڕێی ڕەخنە گر نامێنێ کە بڵێ: لەم ئایەتەدا وا وەرئەگیرێ کە هەموو ئەبن بە خوا پەرست و ئایینی تر نامێنێ، کەچی ئەو هەواڵە تا ئێستا بەدی نەهاتووە و لەوانەشە هەر بەدی نەیەت، بێجگە لەمانەش ئێمەی موسڵمان ئەتوانین بە هەموو هێزو دڵنیاییەک بڵێین: ئەو مەبەستە بەدی دێت لەو چەرخەدا کە عیسا پێغەمبەر (ﷺ) دێتە خوارەوە، کە ئەو حەلە هەموو کەس شوێنی ئایینی ئیسلام ئەکەوێ، وەک لە چەند حەدیسێکدا دەست نیشانی بۆ ئەکات، یەکێ لەوانە ئەم حەدیسەیەکە (ئیمامی مالیک)و (بوخاری)و (بوخاری)و (موسلیم)و (ئەبو داود) ئەیهێنن لە (ئەبو هورەیرە)وە –خوا لێی ڕازی بێ– کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ: (والذي نفسي بيده ليوشكن ان ينزل فيكم ابن مريم حكماً مقسطاً فيكسر الصليب، ويقتل الخنزير، ويضع الجزية، ويفيض المال حتى لايقبله احد، حتى تكون السجدة الواحدة خيرا من الدنيا وما فيها) سوێند بە کەسێک کە گیانی منی بە دەستە نزیکە عیسای کوڕی مەریەم بێتە خوارەوە بۆ ناوتان بە حەکەمێکی دادپەروەر، ئەو حەلە صەلیب ئەشکێنێ، وە جڵەو گیری ئەکات لە خواردنی گۆشتی بەراز، وە سەرانە لائەبات ــ بەم ڕەنگە ڕازی نابێت لە هیچ کەس بە موسڵمان بوون نەبێت ــ وە سامانو دارایی زۆر ئەبێت تا ڕادەیەک هیچ کەس لە کەسی وەرناگرێ، وەتا ئەو ڕادەیە تەنیا سوژدەیەک بۆ خوا چاکترە دەبێ لای مەردوم لە جیهانو هەرچی وا لە جیهاندا، بێبڕواو دوژمنەکانی ئیسلام تا بەو جۆرە بن کە باس کران، ئەبێ جەنگیان لەگەڵ بکرێ، ﴿فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ﴾ کەواتە ئەگەر کۆتاییان هێنا لەو بارو کردەوەی کە لەسەری بوون، ئەو حەلە نابێ جەنگیان لەگەڵ بکرێو دەست درێژیان لێ بکرێ، چونکە ﴿فَلَا عُدۡوَٰنَ إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ هیچ دەست درێژیو تۆڵەیەک ڕەوانیە مەگەر بۆ سەر ستەمکاران، وە ئەوانەش ئەو حەلە بەو ستەمکارە دانانرێن کە جەنگیان لەگەڵ بکرێ، بێگومان تۆڵە سەندن لە ڕاستو ڕەوایەو هیچ دەست درێژی نیە، وە ناوبردنی بە دەست درێژی لێرەدا بە پێی یاسایەکە لە یاساکانی عیلمی ڕەوان بێژی کە ناو ئەبرێ بە (مشاكلة ومزاوجة) کە بریتیە لە بەکار هێنانی وتەو وشەیەک لە پێشەوە لە ماناو مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی دا، ئینجا بەبۆنەی ئەوەوە بەکار بهێنرێ بە چاو لێکەری بۆ ماناو مەبەستێکی دژی مەبەستە

پێشووەکە، وەک ئەفەرموێ: (وجزاء سيئة سيئة مثلها) تۆڵەی خراپە خراپەیەکە بە وێنەی ئەو... لەگەڵ ئەوەدا تۆڵە سەندن بە وێنەی تاوان هیچ خراپ نیەو بەڵکو دادو ڕاستە.

لەپێشەوە باسی حوکمی جەنگو کوشتاری کرد لە خاکی حەرەم دا، ئینجا ئەوا باسی حوکمی جەنگ ئەکات لە مانگە بەڕێزەکان دا کە جەنگ قەدەغەبوو تیایاندا، ئەفەرموێ: ﴿ٱلشَّهْرُ ٱلْحَرَامُ بِٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ﴾ سەبارەت بە هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە دوو ڕا هەیە:

١- لە (ئیبن و عەباس)و (مجاهد)و (ضحاك)ەوە کە ئەفەرموون هاتە خوارەوە بەبۆنەی ڕووداوی سالّی شەشەمی کۆچی کە بەناوبانگە بە سوڵحی حودەیبیە، کە ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ ئەو کۆمەڵە لە هاوەڵەکانی نیازیان کرد بچن بۆ مەککە بۆ زیارەتی ماڵی خواو بەجێهێنانی عومرە، ئینجا کە گەیشتنە حودەیبیە مەککەییەکان بەرهەڵستیان وەستانو سووکە جەنگێکیان لەگەڵ کردن، بە بەردو بەرگریان کردن لە چوون بۆ مەککە، لە پاش دا یەک کەوتن لەسەر چەند بەندێک یەکێ لەوانە ئەوە بوو کە ئەو ساڵە بگەڕێنەوەو سالّی داهاتوو بێنو ئەوانیش مەککەیان بۆ بەجێ بێڵن تاماوەی سێ ڕۆژ، ئینجا بە پێی ئەو پەیمانە لە سالّی حەوتەم دا هاتنەوە لە مانگی (ذي القعدة)دا، وە موسڵمانەکان مەترسیان کرد لەوەی کە بێبڕواکان پەیمانەکە بشکێنن و جەنگیان لەگەڵ بکەن و ئەمانیش نەتوانن جەنگ بکەن، چونکە لەو مانگانەدا جەنگ کردن قەدەغە بووە.

٢- لە (حەسەن)ەوە کە ئەفەرموێ: بێبڕواکان بیستیان کە خوا جڵەوگیری کردووە لە جەنگ لەو مانگە پیرۆزانەدا، ئینجا ویستیان ئەوە بکەن بە هەلێک بۆ خۆیان بۆ جەنگ کردن لەگەڵ موسڵمانەکان لەو مانگەدا، چونکە لایان وابوو کە موسڵمانەکان هەرگیز جەنگ ناکەن لەو کاتانەدا، ئینجا خوا ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە، کەواتە با لەسەر هەردوو ڕاکە تەفسیری ئەم ئایەتە بکەینەوە: لەسەر ڕای یەکەم: ئەڵێن خوا ئەفەرموێ: ئەم مانگە ڕێزداری ئەم ساڵە لە باتی مانگە ڕێزەدارەکەی پێشوو، هەرچۆنێ ئەوان لە سالّی پێشوودا ڕێزمان نەگرت، ئەوا ئێوەش ئەم سالّ بە زۆر دێنو گوێ نادەن،

وَٱلْحُرُمَٰتُ قِصَاصٌ ۚ فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱعْتَدُوا۟ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٩٤﴾ وَأَنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ ۛ وَأَحْسِنُوٓا۟ ۛ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٩٥﴾

﴿وَٱلْحُرُمَٰتُ قِصَاصٌ ۚ﴾ وە ئەو مانگە بەڕێزەو ئەو شارە بەڕێزەو ئەو ئیحرامە بەڕێزەی کە ئەوان لە ساڵی پێشوودا ڕێزیان نەگرتنو هەتکیان کردنو گوێیان نەدا بە ئێوە، تۆڵەیان ڕەوایە بە وێنەی کردەوەکەی ئەوان، بەم ڕەنگە ئێوەش لەم ساڵەدا گوێ نادەن بەوانو بەزۆر دێنە مەککە، وە لەسەر ڕای دووەم: ئەفەرموێ: مانگی بەڕێز لە باتی مانگی بەڕێزدا، واتە هەرکەس خۆێن ڕشتنی ئێوەی ڕەوا داو جەنگی لەگەڵ کردن لەمانگی ڕێزو قەدەغەدا، ئێوەش خوێن ڕشتنو جەنگو کوشتار ڕەوا بدەن تیای دا، وە ئەو شتانەی کە ڕێزیان هەیەو هەتکو شکاندنیان قەدەغەیە تۆڵە سەندنیان ڕەوایە بە وێنەی کردەوەی دەست درێژی کەر، لەسەر هەربار ئەوا مەبەستەکە ڕوونو بەهێز ئەکاتو دڵنیایی ئەکات لەسەر ڕاستو ڕەوایی کە ئەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ﴾ کەواتە هەرکەس دەست درێژی کردە سەرتان ﴿فَٱعْتَدُوا۟ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ ۚ﴾ ئێوەش ڕەوایە بۆتان تۆڵەیان لێ بسێنن بە وێنەی دەست درێژی ئەو کەسە بۆ سەرتان ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ وە لە خوا بترسنو خۆتان بپارێزن لە کاتێکدا کە تۆڵە ئەسێنن، کارێ نەکەن کە ڕەوا نیەو خوا پێی ناڕازیە ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ وە بزانن کە خوا لەگەڵ لە خواترسو خۆپارێزەران دایە بە کۆمەکی کردنو یارمەتی دان.

بێگومان تێکۆشان لە ڕێی خوادا هەرچۆنێ پێویستی بە پیاو هەیە، پێویستی بەماڵو سامانیش هەیە، وە لە چەرخی یەکەم دا تێکۆشەری موسڵمان نەچووە مەیدان بەخۆیو هەموو تێشووو کەرەسەو چەکو پێویستیەکی جەنگو تێکۆشانەوە، کاتێ کە دەسەڵاتی ببوایە... لەو کاتەدا تێکۆشانو جەنگ بەکرێو بە مووچە خۆری نەئەکرا، بەڵکو بەخۆشیو خواهیشو بە ئارەزوو گیانو ماڵ بەخت ئەکرا لەڕێی خوادا، کە ئەوەش شتێکە بە ئاسانی عەقیدەو بڕوای ڕاست پێکی ئەهێنێ، کاتێ کە ڕۆژم لەسەر بنەڕەتی ئەو بڕواو عەقیدەیە دامەزرابێت! بەڵام زۆر لە موسڵمانەکان ئەو حەلە بێ نەواو دەسەڵات بوون، وە وەک قورئان بۆمان باس ئەکات هەندێ لەو بێدەسەڵاتو هەژارانە ئەچوونە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)

داوایان لی ئەکرد کە ولاغی سواریان پێبدات کە بیان گەیەنێتە مەیدانی جەنگ کەلەبەر دووری نەیان ئەتوانی بچن بۆی، ئینجا ئەگەر ئەویش لە دەستی دا نەبوایە هیچیان پێبدات، ئەو موسڵمانانە ئەگەڕانەوە بە گریانەوە و فرمێسك هۆنەی ئەکرد یە چاوەکانیاندا لە داخی ئەوەی کە هیچیان دەست ناکەوێ! جا لەبەرئەوە تەمێ و ئامۆژگاری زۆر هاتووە لە قورئان و حەدیسدا سەبارەت بە بەخت کردنی مالّ و سامان لەڕێی خوادا، بەخت کردن بۆ ڕێك خستن و بەڕێ کردنی تێکۆشەرانی ڕێگە خوا، وەلە زۆربەی شوێندا بانگ کردنی بۆ مالّ بەخت کردن جووت و هاوسەر کراوە لەگەلّ بانگ کردن بۆ تێکۆشان و فیداکاری و گیان بەخت کردن.

جا لەبەرئەوە بەخت نەکردنی مالّ دانراوە بە تیاچوون و هۆی لەناو چوون بۆ موسڵمانان و جڵەوگیری کراون لێی لەم ئایەتەدا: ﴿وَأَنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ مالّ بەخت کەن لەڕێی خوادا ﴿تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ﴾ وە خۆتان مەخەنە ناو نەمان و تیاچوون، واتە بەدەستی خۆتان لەناو مەبەن بە خەریك بوون بە زۆر کردنی مالّ و سامان و دەست گرتنەوە لە بەخت کردنی لە ڕێی خواداو وازهێنان لە تێکۆشان بە مالّ و بەگیان لە ڕێی ئیسلام دا کە ئەوەش هۆی نەمان و تیا چوونە، تیاچوونی دەروون بە چاو برسیەتی و چرووکی، وە تیا چوونی گەل و کۆمەلّ بە بێ دەسەلاّتی و لاوازی، وە تیا چوون لە هەموو بارو ڕوویەکەوە بە زاڵ بوون و سەرکەوتنی دوژمن کە سەرئەنجام و بەرهەمە بۆ واز هێنان لە تێکۆشان لە ڕێی خوادا ئەم ڕستەو وتەیە بە چەند جۆری تریش تەفسیر کراوەتەوە کە ئەوانیش هەر ڕاستەو ئەگونجێن، بەڵام جێ و شوێنەکە یارمەتی دەرە بۆ هەڵبژاردنی ئەوەی کە گوترا، وە هەروەها ڕیوایەتێك کە بەناو بانگەو بڵاوبووەتەوە لە کتێبەکانی تەفسیردا، وە چەند کەسێك هێناویانە لە (ئەبو عمران)ەوە کە ئەفەرموێ: ئێمە لە ئەستەمبوڵ بووین، ئینجا کۆمەڵ و لەشکرێکی گەورە بۆمان هات و یەکێ لە موسڵمانان پەلاماری داو خۆی خستە ناو کۆڕو کۆمەڵەکەیان، ئینجا مەردوم وتیان: ئەوا خۆی خستە ناو نەمان و تیاچوونەوە، واتە کارێکی ناڕاستی کرد ـ مەبەستیان دەست نیشان بوو بەو جڵەوگیریەی کەلەم ئایەتەدا کراوە لە موسڵمانان ـ ئینجا لەوێدا (ئەبو ئەیوبی ئەنصاری) هەستاو فەرمووی بەوانەی کە ئەو قسەیان کرد: ئێوە ئەم ئایەتە تەفسیر ناکەنەوە لەسەرباڕە ڕاستەکەی خۆی، بەڵکو لای ئەدەن، ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە سەبارەت بە کۆمەڵی ئێمە کە ئەنصارین، کاتێ کە ئایینی خۆی زاڵکردو لەشکرو یارمەتی دەری زۆر بوو، هەندێ لە ئێمە مالّ و سامانمان ڕۆیی و لە دەستمان چوو، وە خوا ئیسلامی زاڵ کردو یارمەتی دەری زۆر بوو، هەندێ لە ئێمە بەنێهنی گوتی بە هەندێکی

ترمان: بێگومان ئێمە مالّو سامانمان پڕیی‌و لە دەستمان چوو، وە خوا ئیسلامی زالّکردو یارمەتی دەری زۆر بوو، کەواتە با ئێمە بوەستین بەدیاری مالّەکانمانەوە و هەوڵو بدەین ئەوەی کە تیا چووە پەیدای بکەینەوە، ئینجا خوا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە، کەواتە ئەو تیا چوون‌و نەمانە ئەو هەوڵ دان‌و خەریك بوونە بوو کە ئێمە نیازمان کردو ویستمان واز بێنن لە تێکۆشان لەپڕێ ئیسلام دا، ئینجا فەرمان ئەدات بە بەرز بوونەوەی موسڵمانان بۆ پاداشو پلەیەکی بەرزتر ئەفەرموێ: ﴿وَأَحْسِنُوٓاْ﴾ کردەوەکانتان بە چاکی بکەن، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ چونکە بێگومان خوا ئەو چاکەکەرو کردەوە چاك کەرانەی خۆش ئەوێ، جا لەبەرئەوە خۆش بەختی بۆ کەسانێ کە خوا خۆشی بوێن‌و لە قورئان دا هەواڵ بدا بەو خۆش ویستنەیان!!

ئەم ڕستەو وتەیەش بە چەند جۆرێك تەفسیر کراوەتەوە، بەڵام چاکتر ئەوەیە بە جۆرێ تەفسیری بکەینەوە کە ڕێك بێت‌و دەقی ئەو حەیسە بێت کە (ئیمامی بوخاری)و (موسلیم) هێناویانە لە خەلیفەی دووەمەوە –خوا لێی ڕازی بێ– ئەو حەدیسە درێژەی کە (جوبرەئیل) ـ سەلامی خوای لێ بێ ـ چەند پرسیارێکی کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، یەکێ لە پرسیارەکانی ئەمە بوو گوتی: ئیحسان چیە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ئیحسان ئەوەیە کە تۆ خوا بپەرستی بە جۆرێ وەك خوا بە چاو بینی، چونکە ئەگەر تۆ ئەو نابینی، بێگومان ئەو تۆ ئەبینێ، بێگومان ئەوە بەرزترو پیرۆزترین ڕادەو پلەیە، وە هەرکات بەندەی پێ گەیشت، ئەو حەلە فەرمانبەری ئەبێت بۆ هەموو فەرمانەکانی خوا، وە کۆتایی ئەهێنێ لە هەموو جڵەوگیرییەکانی‌و دوور ئەکەوێتەوە لە هەموو قەدەغەکانی، وە هەمیشە چاودێری زانینی خوا ئەکات لە ئاشکراو پەنهانی دا، ئا بەم فەرمان‌و فەرموودەیە کۆتایی هێنا لێرەدا بە ئایەتەکانی تێکۆشان‌و فیداکاری بە مالّو گیان، ئینجا باسی حەج‌و عومرە دێتە پێشەوە، وە پەیوەندی‌و پەیوەستی باسەکان لەم بە شەیش دا ئاشکرایە کە هێنای لە باسی پرسیار لە مانگە یەك شەوەکانەوە کە مەبەستێ لە مەبەستەکانیان دیاری کردنی کاتی حەج بوو، ئینجا بەو بۆنەیەوە هاتە سەر باسی جەنگ‌و کوشتار لە مانگە بەڕێزەکان دا کە سیانیان مانگەکانی حەجن، وە هەروەها باسی جەنگ کردن لەخاکی حەرەمدا تا لە کۆتایی دا هاتە سەرباسی حەج‌و عەمرەو نیشانەکانی خوا پەرستی تیایاندا،

ئەفەرموێ: ﴿ وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ ﴾ ڕای زانایان جیاوازە لەبارەی ئەمەوە ئایا حەج بەم ئایەتی ئێرە پێویست کرا یان بە ئایەتی سورەتی ﴿آل عمران﴾ کە ئەفەرموێ: ﴿ وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ ﴾ جا بەگوێرەی ئەوە ڕایشیان جیایە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا، بەم جۆرەی کە دێت ئەو کەسە ــ وەک شافیعی و شافیعیەکان ــ کە لایان وایە ئەم ئایەتە حەج فەرزو پێویست کرا، لە تەفسیرەکەی دا ئەفەرموون: حەج و عومرە بەجێ بێنن بە تێرو تەواوی لەبەر خواو هەڵسن پێیان بە هەموو مافێکیانەوە، وە لەسەر ئەم ڕایە عومرەیش وەک حەج فەرزو پێویستە لەسەر توان هەر بەم ئایەتە، وە ئەو کەسانەی وەک (مالیکی و حەنەفیەکان) کە لایان وایە حەج بەم ئایەتە فەرزو پێویست نەکراوە، ئەفەرموون: کاتێ دەستتان کرد بە حەج و بە عومرە تەواویان بکەن لەبەر خواو مەیان بڕن و دەستیان لێ هەڵمەگرن تاڵێیان ئەبنەوە، وە لەسەر ئەم ڕایە ئەم ئایەتە هەر ئەمە ئەگەیەنێ کە حەج و عومرە کاتێ دەستیان پێ کرا ئەبێ تەواوبکرێن، نەک پێویست کردنیان لەیەکەم جارەوە، ئینجالەبەر ئەوەی ئایەتی ﴿آل عمران﴾ باسی عومرەی تێدا نیە، وە لەبەر چەند حەدیسێکیش کە بەڵگەن لەسەر پێویست نەبوونی عومرە، لەبەرئەوەی خاوەنی ئەم ڕایە عومرە بە فەرزو پێویست دانانێن، بەڵکو ئەفەرموون: سوننەتە، باسی چۆنێتی حەج و عومرە بەدرێژی کراوە لە کتێبەکانی فیقهدا، کەواتە لێرەدا پێویست نیە لەو بارەیەوە بدوێین، ئەگەر دەسەڵات و توانا بوو ئەبێ حەج و عومرە بەجێ بێنن بەو جۆرە کە باس کرا، ئینجا بۆ کاتی نەتوانین و بێ دەسەڵاتی فەرمانی خوا بەم جۆرەیە کە ئەفەرموێ: ﴿ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ ﴾ ئینجا ئەگەر بەرگری کران لەبەجێ هێنانی حەج و عومرە لەلایەن دوژمنەوە، وەک (مالیکی و شافیعی) ئەفەرموون، یان بەهەر جۆرو هۆیەکی تریش وەک (حەنەفی) لەسەرەو ئێوەش لە ئیحرام دا بوون و ویستتان بیشکێنن ﴿ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ ﴾ ئەوە پێویستە لەسەرتان سەربڕینی ئەوەی کە ئاسانەو بە سووک دێت بە دەستتانەوە لە حوشتر یان ڕەشە ولاخ و یان مەڕو بزن، سەربڕینی لەو شوێنەدا کە بەرگری کراون، وەک بەو جۆرە ڕووی دا لە ساڵی شەشەمی کۆچی دا لە حودەیبیە، ئیتر ئایا لەخاکی حەرەم دا بووبێ یان نە ؟ کۆمەڵی لەزانایان ئەفەرموون: ئەبێ هەر لە خاکی حەرەمدا بێت، وە ئەوشوێنەی کە سەربڕینی تێدا کرا لەساڵی ناوبراودا وە بەشێ لە حودەیبیە کەلە خاروووی مەککەوە بەر خاکی حەرەم کەوتبوو،

وَلَا تَحْلِقُوا۟ رُءُوسَكُمْ حَتَّىٰ يَبْلُغَ ٱلْهَدْىُ مَحِلَّهُۥ ۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ بِهِۦٓ أَذًى مِّن رَّأْسِهِۦ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ ۚ فَإِذَآ أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِٱلْعُمْرَةِ إِلَى ٱلْحَجِّ فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْىِ ۚ

وەك باشتر پوونی ئەکەینەوە لەکاتی تەفسیری ئەم فەرموودەیەدا: ﴿وَلَا تَحْلِقُوا۟ رُءُوسَكُمْ﴾ وە سەرتان مەتاشن، واتە ئیحرام مەشکێنن ﴿حَتَّىٰ يَبْلُغَ ٱلْهَدْىُ مَحِلَّهُۥ﴾ هەات ئەوەی کە ئەتانەوێ سەربڕرێت ئەگاتە کاتی سەربڕینی، کە کاتی بەرگری کردنەکەیە ئیتر لە خاکی حەرەمدا بێت یان نا، یان هەتا ئەگاتە شوێنی سەربڕینی کەئەو شوێنەیە بەرگریەکەی تێدا کراوە، ئیتر خاکی حەرەمەیان نا، وەك (شافیعی)و کۆمەڵێك ئەفەرموون، یان ئەگەر ئەو شوێنە حەرەم نەبوو ئەبێت بنێرێت بۆ خاکی حەرەمو پۆژێك لێی بوەستن تا گومانی بەهێز پەیدا ئەبێ بە گەیشتن و سەر بڕینی لە شوێنی خۆی دا، ئەو کاتە ئیحرام ئەشکێنێ، ئەمەش بەڵای حەنەفی و کۆمەڵێکەوە.

بەکورتی ئەو بەرگری کراوە ئەبێ ئیحرام نەشکێنێ تا ئەو سەربڕینە بەجێ نێت، مەگەر لەکاتێکدا پێویستی ببێ بە سەرتاشین لەبەر عەر هۆیەك کە لەم فەرموودەیەدا باسی ئەگات: ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا﴾ ئینجا هەرکام لە ئێوە نەخۆش بوو ﴿أَوْ بِهِۦٓ أَذًى مِّن رَّأْسِهِۦ﴾ یان ئازار سزایەك ببێ لە سەریان، وەك زام، یان پشك و ئەسپێ، یان سەر ئێشان: ﴿فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ﴾ ئەوە ئەتوانێ سەر بتاشێ و ئینجا لەسەریەتی فیدیە بدات بە شەش هەژار هەریەکی نیو ساع لە خۆراکێ کە زۆرتر ئەخوڕێ لەو شوێنەدا، یان مەڕێك یان بزنێك سەربڕێ و دابەشی بکات بەسەر هەژارانی ئەو شوێنەدا، وەك بەو شێوە دیاری کراوە لە حەدیسی (کەعبی کوڕی عجرە)دا کە (بوخاری)و (موسلیم)و (نەسائی)و (ئیبن و ماجە)و (ترمزی) ڕیوایەتیان کردووە لێیەوە، وە فیدیە دەر هەرکام لەو سیانە ئەکات ئارەزووی خۆیەتی و خراوەتە دەستی خۆێ، لێرەدا دوایی دێت حوکمو بڕیاری بەرگری کراو لە کاتی بەرگری کرانی دا، بەڵای زۆربەی زانایانەوە، بەڵام هەندێ ئەفەرموون: حوکمو بڕیاری ئەو هەر بەوە دوایی دێت کەفەرمووی: ﴿فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْىِ﴾ وەڕستەی ﴿وَلَا تَحْلِقُوا۟﴾... هتد، بەستراوو پەیوەستە بە ﴿وَأَتِمُّوا۟ ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّهِ﴾ وە حوکمو بڕیارێکی تازەی گشتی تێدایە لە حوکمو بڕیارەکانی حەجو عومرە، وە هەروەها ڕستەی ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم﴾ ...هتد، واتە حەجو عومرە بە

تـەواوی بـەجێ بێـنن لەبـەر خـوا، وە ئیحرامەکـەتان مەشـکێنن هـەتا پۆژی جـەژنو وای سەربڕینی چوار پێ و مالاتێ کە ئەتانەوێ لەوێ سەری بڕن، ئیحرامەکەتان مەشکێنن تا ئەو کـاتو شـوێنە، مەگـەر دووچـاری نەخۆشـی یـان ئـازارو سـزایەك بـێن، ئـەو حەلـە ئـەتوانن بیشکێنن و فیدیەی بۆ بدەن بەو جۆرو شێوەی کە باس کرا، هەرچۆنێ لێرە بەدواوە بۆ باسی حوکمو بڕیارێکی گشتی تازەیە بۆ هەرکەسێك کە ڕێی لێ نەگیرێ بۆ حەجو عومرە، ئیتر ڕێ لێ گیراو بێت بەرەلا کرابێت یان هەر بەرەلا بووبێت، ئەفەرموێ: ﴿فَإِذَآ أَمِنتُمۡ﴾ ئینجا کاتێ کە مەترسیتان نەبێ یان کاتێ کە مەترسیتان نەماو بەرەلا بوون لەبەرگری ﴿فَمَن تَمَتَّعَ بِٱلۡعُمۡرَةِ إِلَى ٱلۡحَجِّ﴾ ئەو حەلە هەرکەس ویستبێتی سوودو خۆشی وەرگرێ بە خواپەرستی بە عومرە کردن لە پێش حەجدا تاکاتی حەج، وە هەر لەو سەفەرەدا لە مانگەکانی حەجدا عومرەو حەج بەجێ بێنێ ئەوەش بەم ڕەنگە بەو نیازەوە ئیحرامی بەستبێ یان ئیحرامەکەی بە عومرە بکات، یان بە هۆی عومرەوە بە خۆشی ڕابوێرێ، بەم ڕەنگە کە گەیشتە مەککە تەوافو سەفاو مەروە ئەکاتو ئینجا ئیحرام ئەشکێنێ و ئەو شتانەی کە قەدەغە بوون لەسەری بەهۆی ئیحرامەوە ئەیان کات تا کاتی حەج، ئینجا هەر لە مەککە ئیحرام ئەبەستێ بۆ حەج، هەرکەس بەو جۆرە ئەکات ﴿فَمَا ٱسۡتَيۡسَرَ مِنَ ٱلۡهَدۡيِۚ﴾ پێویستە لەسەری سەربڕینی ئەوەی کە ئاسانەو بە سووك دێت بەدەستیەوە، ئیتر حوشتریان ڕەشە وڵاخ یان مەڕ یان بزن لە باتی ئەو سوودو خۆشیەی کە دەست کەوتی نەبێت، ئەگەر نەگەڕێتەوە بۆ شوێنی ئیحرام بەستنی خۆی و لەوێ ئیحرام دانەبەستێتەوە، شێوەو جۆرێ تر لەسوودو خۆشی وەرگرتن بە عومرە ئەمەیە: هەر لە یەکەم جارەوە ئیحرام دابەستێ بە نیازی حەجو عومرە ئەمیش بە مەرجێ لە مانگەکانی حەجدا بێت کە شەوالو (ذي القعدة)و دە ڕۆژی یەکەم لە مانگی قوربان کەلە شەرعدا ناو ئەبرێ بە (قران)، واتە کۆکردنەوەو هاوسەرکردنی حەجو عومرە بەجارێ، ئەم جۆرە شێوەیش وەك لە ئایەتەکەوە وەر ئەگیرێ، هەروەها حەدیسیش پوونی ئەکاتەوەو زانایانی ئیسلامیش بڕیاریان لەسەری هەیە، وە ئەمیش وەك یەکەم جۆر پێویستە ئەو کەفارەتو فیدیەی بۆ بدرێ، چونکە بە جارێ حەجو عومرەی لەسەر نامێنێ، بەڵام لەمەدا جیاوازە کەلە پێشووەکەدا ئیحرامی نابێ بشکێ تا لە هەموو کردەوەکانی حەج ئەبێتەوە. بەکورتی حەجو عومرە لە مانگەکانی حەجدا بەسێ جۆر بەجێ ئەهێنرێ:

یەکەمو دووەم: ئەو دووانە بوون کە گوتران.

فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ فِي ٱلْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ ۗ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ۗ ذَٰلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُۥ حَاضِرِي ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿١٩٦﴾ ٱلْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَٰتٌ ۚ

سێیەم: کە ناو ئەبرێ بە (إفراد) ئەمەیە: لەیەکەم جارەوە ئیحرام دابەستێ بە نیازی حەجی تەنیا، وە هەموو کردەوەکانی حەج بەجێئەهێنێ و لە پاش تەواو بوون، ئینجا ئیحرامێکی تایبەتی ئەبەستێ بە نیازی عومرە لە دەرەوەی خاکی حەرەم دا، ئینجا دێتەوە مەککەو تەواف و سەفا و مەروە ئەکات ئینجا ئیحرامەکەی ئەشکێنێ بە تاشینی سەریان کورت کردنەوەی مووی سەر بەو شێوەکە لە کتێبەکان دا باس کراوە، ئەمەیان هیچ فیدیەو کەفارەتی نیەو لای زۆربەی زانایان ئەم شێوە گەورەترە ﴿فَمَن لَّمْ يَجِدْ﴾ ئینجا هەرکەس دەستی نەکەوت یەکێ لەوانە کە سەری بڕێ لەبەر نەبوونی بڕ مالّی یا هیچ کام لەو حەیوانانە دەست نەئەکەوت ﴿فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ فِي ٱلْحَجِّ﴾ ئەو کەسە لەسەریەتی پۆژووی سێ پۆژ لەکاتی حەجدا کەباشترئەوەیەئەوسێ پۆژە پێش وەستانی عەرەفە بێت ﴿وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ ۗ﴾ وە حەوت پۆژی تر کاتێ کە گەڕانەو بۆ ولاتی خۆیان ﴿تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ﴾ ئەوە دە پۆژی تەواو.

زانایانی ئیسلام لەم مەسەلەدا ڕایان جیاوازە: حەنەفیەکان ئەفەرموون: دانیشتوانی حەرەم هەمیشە لەوێن و نیشتەجێن، لەبەرئەوە هەر حەجیان لەسەرەو عومرەیان نیە. کەواتە ئەم سوود وەرگرتن بە عومرەیەو ئەو شکاندنی ئیحرامە لە بەینی عومرەو حەجدا بۆ ئەوان نیە، جا بەهۆی ئەوەوە فیدیەو کەفارەتیان لەسەر نیە، وە شافیعیەکان ئەفەرموون: عومرەو شکاندنی ئیحرامیان بۆ هەیە بەڵام کەفارەتو فیدیەیان لەسەر نیە، جا لەبەرئەوە ڕایان جیاوازە لە مەبەست بە وتەی ﴿ذَٰلِكَ﴾ لێرەدا کە ئەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُۥ حَاضِرِي ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۚ﴾ بەم جۆرە تاقمی یەکەم ئەفەرموون: ئەو سوود وەرگرتن بە عومرەیەو شکاندنی ئیحرامە بۆ کەسێکە کە مالّو خێزانی ئامادەو نیشتەجێی حەرەم نەبن، واتە ئەو کەسە خەڵکی حەرەم نەبێت، لەسەر ئەم ڕایە مەککەییەکان ئەو عومرەو شکاندنەیان بۆ نیەو ئەگەر کردیان فیدیەیان لەسەرەو نابێ لێی بخۆن، وە تاقمی دووەم ئەفەرموون: وتەی ﴿ذَٰلِكَ﴾ دەست نیشانە بۆ ئەو فیدیەو کەفارەتو پۆژووە، واتە هەر لەسەر دانیشتوانی ولاتانە،

کەواتە دانیشتوانی حەرەم ئەو عومرەو شکاندنەیان بۆ هەیە، بەڵام فیدیەو کەفارەتیان لەسەر نیە، ئینجا مەبەست بە دانیشتووی حەرەم هەرکەسێکە کە کەمتر لە دوو قۆناغ دوور بێت لە حەرەمەوە بەلای شافیعیەوە، وە هەرکەسێك کە مالّی لە دەرەوەی ئەو شوێنانە بێت کە دیاری کراون بۆ ئیحرام دابەستنی ولّاتان بەلای حەنەفیەکانەوە، وە هەرکەسێك کە دانیشتووی مەککە نەبێت بەلای ئیمامی مالیکەوە، ئینجا لێرەدا ئەوەستێ لەباسی حەجّ و عومرە بۆ ئەوەی بە پێی باوی خۆی ناو بەناو سەرنج ڕاکێشێ و دڵ داچڵەکێنێ و بێداری بکاتەوە بە یادی خواو بیم و ترس لێی و خۆپاراستن لە نافەرمانی و سەرکێشی، ئەفەرموێ: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ﴾ وە بترسن لە خواو خۆتان بپارێزن لێی و سەرپێچی نەکەن لە فەرمان و قەدەغەو جڵەوگیریەکانی کە هەندێ لەوانە ئەم فەرمان و بڕیارانە بوون کە لەم باسی حەجّ و عومرەدا ئاڕاستەی بڕوادارانی کردن، ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ﴾ وە بزانن کە خوا تۆڵەو سزای زۆر بە تینە بۆ ئەو کەسانەی کە لێی ناترسن و سەرکێشی و یاخین لێی، ئینجا بە تایبەتی هەندێ لە بڕیارو ئادابی حەج باس ئەکات و ئەویش دوایی ئەهێنێ بەباسی ئاگاداری خواو لە خواترسی، ئەفەرموێ: ﴿ٱلۡحَجُّ أَشۡهُرٞ مَّعۡلُومَٰتٞۚ﴾ کاتی حەج چەند مانگێکی زانراوی ناسراوە: شەوال و ذي القعدةو دە ڕۆژی یەکەم لە ذي الحجة، وەك زۆربە ئەفەرموون: یان هەموو مانگی (ذي الحجة)ش، وەك تاقمێکی لەسەرە کە یەکێکیان ئیمامی مالیکە، واتە حەج ئەبێ هەر لەم ماوەیەدا دەستی پێبکرێ و دوایی پێبهێنرێ و هەموو کردەوەکانی لەکاتی دیاری کراوی خۆیان بکرێن، بەم ڕەنگە لە یەکەم ڕۆژی مانگی شەوالەوە دروستە ئیحرام دابەسترێ بە حەج تا بەیانی شەوی دەهەمی ذي الحجة، وە لە ڕۆژی دەیەم تا ئێوارەی ڕۆژی سیازدە هەموو کردەوەکانی دوایی پێ بهێنرێ مەگەر بۆ ئافرەتێك کە لە حەیزدا بێت، ئەوە ئەوەستێ تا پاك ئەبێتەوە، ئینجا تەواف ئەکات، ئیتر لە هەر ڕۆژێکی ئەو مانگەدا پاك ببێتەوە کەلە بیست و پێنج تێپەڕ نەکات، ئەمە بەلای زۆربەی جەماوەرەوە، وە بەلای تاقمێکی ترەوە کە ئیمامی مالیك لەوانە: دروستە دواخستنی ئەو تەوافە تا دوای مانگ، کەواتە لە پێش هاتنی شەوالەوە ئیحرام نابەستێ بۆ حەج وەك لەپاش دواهاتنی مانگی قوربان هیچ کردەوەیەکی حەج ناکرێ و دروست نیە، بەڵکو ئەبێ هەر لەو سێ مانگەدا بێت،

فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلْحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِى ٱلْحَجِّ ۗ وَمَا تَفْعَلُوا۟ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ ۗ

﴿فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلْحَجَّ﴾ ئینجا هەرکەس لەوسێ مانگەدا حەجی پێویست کرد لەسەر خۆی، بەم پەنگە ئیحرامی دابەست ﴿فَلَا رَفَثَ﴾ ئیتر نەکردەوەی ژن و مێردی و نەباسی ئەو کردەوەو نە قسەی لەق و لۆق هەیە ﴿وَلَا فُسُوقَ﴾ وە نە گوناهو دەرچوون لە گوێڕایەڵی خوا هەیە﴿وَلَا جِدَالَ﴾وەنەدەمەدەمێ وقسە بەشەڕدان هەیە﴿فِى ٱلْحَجِّ﴾ لەماوەو پۆژەکانی حەجدا.

هەرچەند هەموو بڕوادارێ پێویستە هەموو کات دوور بێت لە هەموو گوناهو کارو کردەوەی ناڕاستو ناڕەوا، بەڵام بە تایبەتی ئەبێ لە کاتی حەجدا باشتر خۆپارێزو دووربێت لە هەر گوناهو شتێکی ناڕەوا، چونکە کاتەکە کاتی لێ بڕانە بۆ خواپەرستی، وە کاتی خۆ ڕووت کردنە لە هەموو داخوازو بانگکەرو پاڵ پێوە نەرێکی زەوی دا، وە کاتی ڕام کردنو مۆچاندنی نەفسو ڕیازەی پۆحە لەسەر پەیوەندیو پەیوەستی بە خواو پەچڕانو لە هەر شتێکی تر، وەکاتی سەرمو تەمێ وەرگرتنە لەوماڵە گەورەی خواو ئەو شوێنە پیرۆزانەدا، کەواتە ئەبێ بڕوادار باشتر خۆپارێزو لەپاش جڵەوگیری کردن لە کردەوەی خراپ، ئینجا کردەوەی چاک خۆشەویست ئەکات لای بڕواداران، ئەفەرموێ: ﴿وَمَا تَفْعَلُوا۟ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ﴾ هەر چاکەیەک بکەن خوا ئەیزانێ و ئاگاداڕە پێی. بەڕاستی بەسەر بۆ بڕوادار کە هەست بکاتو بیر بکاتەوە لەوەی کە خوا ئاگایە بە هەموو چاکەیەکیو وابە پێش چاوی قودرەتی خواوە. بەسە ئەوە کە ببێ بە هاندەرو پاڵ پێوەنەر لەسەر کردنی چاکە، وە بەڕاستی ئەو هەستو بیر کردنەوە خۆی بە تەنیا پاداشتێکی تایبەتیە پێش پاداشتی پۆژی دوایی، ئینجا بانگی بڕواداران ئەکات بۆ توێشوو هەڵگرتن لەو سەفەرو چوون بۆ حەجەدا، توێشووی لەشو توێشووی پۆح... (بوخاری)و (ئەبو داود)و (نەسائی)و (ئیبن المنذر)و (ئیبنو حەبان)و (بەیهەقی) هەواڵی ئەهێنن لە (ئیبنو عەباس)ەوە –خوا لێیان ڕازی بێ– کە فەرموویەتی: کۆمەڵێ لە یەمەنی ئەچوون بۆ حەجو هیچ توێشوویان لەگەڵ خۆیان نەئەبردو ئەیانگوت ئێمە پشت بە خوا ئەبەستین، لە پاش دا لەوێ دەستیان ئەکرد بە سوالو ئەبوون بە ئەرک بەسەر مەردومەوە،

وَتَزَوَّدُوا۟ فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ ۚ وَٱتَّقُونِ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٧﴾ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُوا۟ فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ ۚ فَإِذَآ أَفَضْتُم مِّنْ عَرَفَٰتٍ فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ عِندَ ٱلْمَشْعَرِ ٱلْحَرَامِ ۖ وَٱذْكُرُوهُ كَمَا هَدَىٰكُمْ وَإِن كُنتُم مِّن قَبْلِهِۦ لَمِنَ ٱلضَّآلِّينَ ﴿١٩٨﴾

بە بۆنەی ئەوانەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿وَتَزَوَّدُوا۟﴾ تۆیشوو هەڵگرن و خۆتان بپارێزن لەوەی سوالّ بکەن و ببن بە ئەرك و بار بەسەر مەردومەوە ﴿فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ﴾ چونکە باشترین تۆیشوو ئەو خۆپارێزی و خۆپاراستنەیە.

هەندێ ئەفەرموون: مەبەست بە وتەی ﴿ٱلتَّقْوَىٰ﴾ لە خوا ترسی و خۆپارێزیە لە نافەرمانی خوا، جا لە پێی ئەوە ئەبێ بڵێین: لە خوا ترسی و خۆپارێزی بکەن لە تۆیشوو بۆ خۆتان، چونکە باشترین تۆیشوو خۆپارێزیە: ﴿وَٱتَّقُونِ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ وە خۆتان بپارێزن لە من و لە من بترسن و ترس و خۆپارێزیەکەتان تایبەتی بکەن بەمنەوە، ئەی خاوەن ژیرییەکان، ئینجا باسی هەندێتر لە کردەوە و ئادابی حەج ئەکات، وەلە یەکەم جارەوە باسی بازرگانی و کڕین و فرۆشتن و خەریك بوون بە دەست کەوتی ئەم جیهانە ئەکات و ڕەوای ئەدات، ئەفەرموێ: ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُوا۟ فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ﴾ هیچ گوناهو حەرەجێکتان لەسەرنیە لەمەدا کە بەدوای ڕۆزی و بەهرەیەکدا بگەڕێن لەلایەن پەروەردگارتانەوە، وە هەوڵ بدەن بۆ دەست کەوت و قازانجێك لەو سەفەرو ماوەی حەجەدا.

(ئیمامی بوخاری) حەدیسێ ئەهێنێ لە (ئیبن و عەباس)ەوە -خوا لێیان ڕازی بێ- کە ئەفەرموێ: (عکاظ، ذو المجنة، ذو المجاز) لەسەردەمی پێش ئیسلام دا بازاڕ بوون، ئینجا کە ئیسلام هات موسڵمانان بە گوناهیان ئەزانی خەریك بوون بەو کڕین و فرۆشتن و بازرگانیە لە کات و ماوەی حەجدا، لەبەرئەوە لەو بارەیەوە پرسیاریان کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) ئینجا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، ڕەوای هەموو کەسابەت و کڕین و فرۆشتنێکی حەڵاڵی دا لەو کات و

ماوەیشدا، وە تێی گەیاندن کە ئەوە هیچ ئەجرو پاداشتێك کەم ناکاتەوە، وە هێنانی ئەم ڕەوادانە بە دوای قەدەغە کردنی قسەو گفتو گۆی ناشیرینو کردەوەی گوناهو ئازاوەو دەمە دەمێدا زۆر ڕێكو بەجێیە، چونکە زۆر جار مامەڵەو کڕینو فرۆشتن سەری لە ئازاوەو دەمە دەمێوە دەرەئچێ، کەواتە با ئەم ڕەوادانە بزانرێ، نەك لە قەدەغە سەیر بکرێت.

سەبارەت بە ڕەوادانی خەریك بوون بە مالّو قازانجو دەست کەوتەوە چەند ڕیوایەتی تریش هاتووە، وە هەموو ئەو ڕیوایەتانە ئەو بیمو ترسو کۆسپە لێ کەوتنە نیشان ئەدەن کە ئیسلام فەراهەمی هێنا لە دەروونی بڕوادارەکاندا بەرامبەر هەموو باوو کردەوەیەکی سەردەمی نەفامی، وە ئەوەمان نیشان دەدات کە ئەو بڕوادارانە هەمیشە چاوەڕوانی ڕاو فەرمانی ئیسلامیان کردووە لە هەموو کارو کردەوەیەکیاندا، وە زاتیان نەبووە لە خۆوە بەبێ ئیزنی ئیسلام هیچ شتێ بکەنو پەلاماری هیچ شتێ بدەن، کە لە ڕاستیدا ئیسلامی ڕاستەقینە هەر ئەوەیە، ئینجا بێینەوە سەر شێوەی ڕەوادانەکە کە زۆر سەرنج ڕاکێشەرە لە دوو بارەوە:

١- ناوی ئەو هەوڵو خەریك بوونەی برد بە داوا کردنو بە دوا گەڕانی بەهرەو چاکەی خوا، بۆ ئەمەی ئەو هەوڵدەرە هەست بکات بەوەی کە بە کردەوەی خۆی ڕۆزی خۆی نادات، بەڵکو چاکەو بەهرەی خوا داوا ئەکاتو بەوە خۆی ئەژیەنێو هەرچی ئەو پێی نەدات دەست کەوت نابێ، وە هەرچی دەست کەوتبێ خوا پێی ئەبەخشێ، وە هەر هۆیەك لە هۆیەکانی ژیان بەکار بێنێ هەر لە خوایەوە بناسێو پشت هەر بە خوا ببەستێ، ئینجا هەرکات ئەوە لە دڵیدا جێگیر بوو، وە ئەو شتە ڕاستە لە دەروونیدا نەخشی بەست، ئەو حەلە هەموو هەوڵو تێکۆشانەکەی هەر خوا پەرستیەو ڕێکە لەگەڵ کردەوەکانی حەجەکەیدا. بەڵێ هەرکەس هەر بە نیازی بازرگانیو دەست کەوتەوە بڕوا هەرچەند حەجی لە کۆڵ نەکەوێ، بەڵام ئەجرو پاداشتی کەمترە لەوەی کە هەر بە نیازی حەجەوە بڕوا.

٢- ئەو ڕەوادانەی کۆکردەوە لەگەڵ کردەوەکانی حەجدا لە یەک ئایەتدا، ئەوەتا لە پاش ئەوە ئەفەرموێ: ﴿فَإِذَآ أَفَضْتُم مِّنْ عَرَفَٰتٍ﴾ ئینجا کاتێ بە زۆری خۆتان دەرئەکەن لە عەرەفات و ئەگەڕێنەوە بەرەو موزدەلیفەو مینا ﴿فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ عِندَ ٱلْمَشْعَرِ ٱلْحَرَامِ﴾ ئەو حەلە یادو باسی خوا بکەن بە نزاو سوپاس و (لبیك) کردن یان بە کردنی نوێژی مەغریب و عیشا کە کۆ ئەکرێنەوە لای ئەو شوێنەی کە ناو ئەبرێ بە ﴿ٱلْمَشْعَرِ ٱلْحَرَامِ﴾ واتە هەموو موزدەلیفە یان ئەو شاخەی کە لە موزدەلیفەیەو ناو ئەبرێ بە (قوزەح)و ئیمامی موسڵمانان لەسەری ئەوەستێ، وە ئەو شوێنە ناو ئەبرێ بە ﴿ٱلْمَشْعَرِ ٱلْحَرَامِ﴾ چونکە کراوە بە جێگەو نیشانەی خواپەرستی و بەڕێزو پیرۆزە لە ئیسلامدا، ﴿وَٱذْكُرُوهُ كَمَا هَدَىٰكُمْ﴾ یادو باسی خوا بکەن هەرچۆنێ ڕێنموونی کردن و فێری ئەو خوا پەرستیانەی کردن، واتە هەر بەو جۆرو شێوەی کە بۆی داناون لەوە لامەدەن، یان یادو باسی یەکەن لەبەرئەوەی ڕێنموونی کردن و فێری کردن، ﴿وَإِن كُنتُم مِّن قَبْلِهِۦ لَمِنَ ٱلضَّآلِّينَ﴾ وە بێگومان لە پێش ئەو ڕێنموونی خواو ڕێ نیشاندانەی، ئێوە لە کۆمەڵی گومڕاو ڕێ ون کەران بوون، بێگومان یەکەم تاقم و کۆمەڵی بڕواداران کە ئەم فەرموودەیان چوو بە گوێچکەدا چاك تێگەیشتن لە ئەندازەو ڕادەی ئەو گومڕاییەی کە لەسەری بوون و قورئان دەستی گرتن و ڕزگاری کردن لێی، چاك لە بیریان بوو و ئەیانزانی کە لەچ گومڕاییەکدا بوون، گومڕایی بۆچوون و تێگەیشتن لە خۆیان و لە ژیان و لەم بوونەوەرەی کە تێیدا ئەژین، گومڕایی لەبیروباوەڕدا، گومڕایی لە خوڕەوشتدا، گومڕایی لەژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دا، گومڕایی لەهەر بارو ڕوویەکی تری جیهان و ژیانەوە، تازە دەر هاتبوون لەو هەموو تاریکی و نەفامی و نەزانیە، بۆ ڕووناکی تێگەیشتن و زانین و فامین بە ژێر سایەی ئیسلام دا، وە هەروەها لە هەموو چەرخ و چینێکدا، هەر زانا و فامیدەیەك کاتێ بیربکاتەوە و بەراوردی نەفامی و نەزانیەکانی زەمەی بکات لەگەڵ بیروباوەڕە پاك و

بەرزەکانی ئیسلام دا، بەباشی تێ ئەگات لەو منەتو خەڵاتە گەورەی کە خوا دای بە ئادەمی و جیهان بە ناردنی ئەم ئایین و قورئانە پیرۆزە.

مەردومی تێگەیشتووی بڕواداری ڕاستەقینە کاتێ بە پۆپەو لوتکەی هەرەبەرزی ئیسلامەوە بوەستێ و چاوێ هەڵخات و سەرنجێکی ئادەمی بدات لە هەموو چەرخ و چینەکانی داو بە هەموو بۆچوون و تێگەیشتن و بیروباوڕو بەرنامەو ڕژێمەکانیەوە، ئیتر با دەست کردی گەورەترین زانا و فەیلەسوفی کۆن و تازەش بێت، وە پەسەند کراوی ژیریی و بیر قۆڵ تری کۆن تازەیان بیت، کاتێ مەردوم لە پۆپەو لوتکەی هەرە بەرزی ئیسلامەوە سەرنجێك ئەدات سەرسام ئەبێت لە خەریك بوونی ئەم ئادەمیە بەو جۆرە شتە دەست کردانەی خۆیەوە کە مایەی سەرگەردانی و بەدبەختی و بێ ئارامین بۆ ئەم جیهان و ژیانە، ئەو ئادەمیەی کەلە خۆ گۆڕاوەو شوێنی ئارەزوو پەسەند کراوو هەڵبژێراوی خۆی ئەکەوێ و لای وایە کە پێویستی نیە بە خوا!! یان هیچ نەبێ پێویستی نیە بە شوێن کەوتنی بەرنامەو سەریعەتی خوا! جا لەبەرئەوە قورئان سەرنجی ڕاکێشان و ئەو بەهرەو چاکە گەورەیەی بیرخستنەوە کە خوا ڕشتی بەسەریاندا بە ناردنی ئەم ئیسلامە، بیر خستنەوە لێرەو لە چەند شوێنی تردا کە ئەفەرموێ: ﴿وَإِن كُنتُم مِّن قَبْلِهِۦ لَمِنَ ٱلضَّآلِّينَ﴾ حەج کۆنگرەیەکی سالانەی هەموو موسڵمانانە، کەلە هەموو ناوچەکانی جیهانەوە نوێنەرو وەفدیان دێت و ئەگەن بە یەك لە کاتێکدا کە هەموو پەیوەندی و پەیوەستیەکی نێوان خۆیان فڕێ ئەدەن بێجگە لە ئیسلام، وە هەموو نیشانەیەك لە خۆیان دائەڕنن بێجگە لە نیشانەی ئیسلام، پیاوەکانیان هەموو پۆشاکێك دائەکەنن بێجگە لە دوو پارچەی نەدووراو، وە یەکسانی تەواو نیشان ئەدەن و هەموو ڕەگەزایەتیەك ژێرپێ ئەخەن... قوڕەیش لە سەردەمی نەفامیدا خۆیان جیا ئەکردەوە لە عەرەبەکانی تر، وە یەکێ لەو شتانەی کە خۆیان پێ جیا ئەکردەوە ئەمە بوو لە عەرەفات نەئەوەستان وەك عەرەبەکانی تر، وە لەکاتی گەرانەوەدا لە ڕێگەی ئەوانەوە نەئەگەڕانەوە، ئینجا کە ئیسلام هات ئەو باوی قوڕەیشەی نەهێشت، وە خوا فەرمانی دا بە پێغەمبەر (ﷺ) کە بچێ لە عەرەفات بوەستێ و ئینجا لە عەرەفاتەوە بگەڕێتەوە،

ثُمَّ أَفِيضُوا مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ وَاسْتَغْفِرُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿١٩٩﴾

وەك ئەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ أَفِيضُوا مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ ﴾ لەپاش وەستانی عەرەفات ئینجا لێی دەرچن و بگەڕێنەوە لەو شوێنەوە کە مەردوم لێیەوە گەڕاونەتەوە هەر لە کۆنەوە کە ئەوەش عەرەفاتە نەك موزدەلیفەیە کە قوڕەیش کردیان بە جێی وەستان و گەڕانەوەیان بەرەو مینا، ﴿وَاسْتَغْفِرُوا اللَّهَ﴾ وە داوای لێ بوردن و سڕینەوە بکەن لە خوا لە خۆ بەزل زانی و هەرکردەوەیەکی ناڕاست و ناڕەوا کەلە حەجەکەتاندا ئەیکەن. ﴿إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ بێگومان خوا لێبوردەی میهرەبانە بۆ ئەوانەی کە ئەگەڕێنەوە بۆلای و داوای لێبوردنی لێ ئەکەن، ئا بەو جۆرو شێوەیە ئیسلام ئەیەوێ کردەوە و ڕەوشتی موسڵمانان ڕاست بکاتەوە، لەسەر بنەڕەتی یەکسانی، بەبێ هیچ جۆرە ڕەگەزایەتی و جیاوازی تیرە و ڕەنگ و ووڵات و زمان و هەر نیشانەو دروشمێ تر کە ئیسلام ڕەوای نەدات و نەفامی کۆن و تازە پەسەندی ئەکات!!

لە پێشەوە باسمان کردن کە عەرەبەکان چەند بازاڕێکیان هەبوو... وە ئەو بازاڕانە تەنها بۆ کڕین و فرۆشتن نەبوون، بەڵکو بازاڕی بەربەرەکانێ و مل ملانێ بوون لە گوتنی هۆنراوەو وتاردا، وە بەربەرەکانێ و مل ملانێ لە کەشخەو خۆ بەزل زانی و شانازی کردن بە مل یەکدا بە باوك و باپیری هەڵکەوتووو نەژادی بەرزدا، وە بەتایبەتی کە لێ ئەبوونەوە لە حەج کۆڕیان ئەگرت و دەستیان ئەکرد بە باسی گەورەیی و پیاوچاکی و چالاکی باوك و باپیریان، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو کە عەرەب لەو کاتەدا هیچ کارو کردەوەیەکی گرنگی نەبوو کە خەریك بێت پێیەوە، وە هیچ پەیامێکی ئادەمیانەی بەدەستەوە نەبوو کە خەریك بێت بەڕاگەیاندن و چەسپاندنیەوە بەهێزی وتارو کردار، تا ئیسلام هات و گەورە ترو بەرزترین پەیامی خستە دەستی، جا لەبەرئەوە لە بێکاری و بێئیشیدا خەریکئەبوون بەو شتە بێنرخانەوە و کاتی خۆیان لەوەدا بە فیڕۆ بەخت ئەکرد، بەڵام کە ئیسلام هات ئەبێ لایان بدات لەو کارە بێ سوودانە، وە ئەبێ تەمێیان بکات بەشتێ کە بەکەڵك و بەنرخە، تەمێیان بکات بە یادو باسی خوا لە پاش لێ بوونەوە لە حەجەکەیان، لەباتی ناوو باسی باوك و باپیریان، فەرمووی پێیان، وە بە هەموو بڕوادارێك بە جیهاندا کە بچێ بۆ حەج،

فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُوا اللَّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا ۗ فَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ ﴿٢٠٠﴾ وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴿٢٠١﴾ أُولَٰئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُوا ۚ وَاللَّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ ﴿٢٠٢﴾

﴿فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ﴾ ئینجا کاتێ بەجێیان هێنا نیشانەکانی خواپەرستیتان لە حەجەکەتانداو لێ بوونەوە لێیان ﴿فَاذْكُرُوا اللَّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءَكُمْ﴾ ئەو حەلە باس‌و یادی خوا بکەن وەك یادو باس کردنتان بۆ باوك‌و باپیرتان ﴿أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا﴾ یان بە تین ترین لەیادو باسی خوادا تا یادو باسی باوك‌و باپیرتان، واتە باشتر بۆ ئێوە ئەمەیە خەریك بن بە یادو باسی خواوە، نەك بە باسی باوك‌و باپیرەوە، کە ئەگەر ڕاست بکەن تیای دا ئەوا دووچاری لە خۆگۆڕان‌و خۆ بەزل زانی ئەبن کە دوو دەردی زۆر خراپن لەبارەی کۆمەڵایەتیەوە، وە ئەگەر درۆش ئەکەن ئەوا هیچ نرخێ نادرێ بە قسەکانتان‌و پێی سووك‌و تڕۆ ئەبن‌و ئەبێ بە گوناهێك لە گەردنتاندا بۆ ڕۆژی دوایی، کەواتە ئەو باس‌و یادی باوك‌و باپیرەتان بگۆڕن هەر یادو باسی خوا، لە کاتێکدا کە خوا ئەو عیبادەتە گەورەی بە نسیب کردن، وەلە کاتێکدا کە ئێوە لەو شوێنە پیرۆزەدان‌و لەو ماوەیەدا لێ بڕاون بۆ خواپەرستی، وە لە کاتێکدا یادو باسی خوا بەندە بەرزئەکاتەوە‌و پایە‌و پلەی پێ ئەدات، وە یادو باسی باوك‌و باپیر لەوانەیە سەری لێ تێك ئەدات‌و دووچاری تۆڵەی خوای ئەکات!! ئینجا بۆمان ڕوون ئەکاتەوە کە مەردوم لە یادو باسی خوایش دا دوو تاقمن، وە لەو دووانە یەکێکیان لەسەر ڕێی ڕاستە‌و یادو باسەکەی ڕەواو بەجێیە، ئەویتر لە ڕێی ڕاست لای داوەو داواو باسەکەی ناڕەوایە، ئەفەرموێ: ﴿فَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ﴾ لەناو ئادەمی دا کەسی وا هەیە ئەڵێ: ﴿رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا﴾ ئەی پەروەردگارمان لە جیهاندا بەشمان بدەو پێمان ببەخشە واتە هەموو مەبەست‌و ئامانجی هەر خۆشی ئەم جیهانەیە‌و ئیتر گوێی نیە لە ڕۆژی دوایی‌و هیچ بەشێکی ئەوێی ناوێ، لەبەر ئەوە خوایش بێبەشی ئەکات‌و ئەفەرموێ: ﴿وَمَا لَهُ فِي

﴿ٱلْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ﴾ بۆ ئەو کەسە نیە لە پۆژی دوایی دا هیچ بەشێك، خوا پەنامان بدات، ﴿وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ﴾ وە لە ئادەمیزاددا کەسی وا هەیە ئەڵێ: ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً﴾ ئەی پەروەردگارمان پێمان ببەخشە لە جیهاندا شتی چاك و بەشی باش، وتەی ﴿حَسَنَةً﴾ بە هەشت جۆر تەفسیر کراوەتەوە لە لایەن خواناس و زانایانەوە، بەڵام ڕەنگە مەبەستیان دیاری کردن و بڕینی نەبێ بەسەر هەرکام لەوانەدا، بەڵکو هەر یەکێکیان مەبەستی وێنەو نموونەیەك بووبێ بۆی، کەواتە با نەیبڕین هیچ شتێکی تایبەتی دا، بەڵکو وەك داواکە ئەکەین لە خوا هەر حەوالەی خۆیشی بکەین و خۆی چی بە چاك ئەزانێ ئەوەمان بۆ بکات، وە ئەوە چاکترە کە ئێمە ڕازی بین بە هەر شتێ کە ئەو بۆمان هەڵئەبژێرێ، ﴿وَفِى ٱلْآخِرَةِ حَسَنَةً﴾ وەلە ڕۆژی دوایشدا شتی چاك و بەشی چاکمان پێ ببەخشە، لێرەدا وتەی ﴿حَسَنَةً﴾ بە چوار جۆر تەفسیر کراوەتەوە، بەڵام هیچ دیاری ناکەین، وە ئەوەی لەوێ گوتمان لێرەشدا ئەیڵێین، ﴿وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾ وە بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ، واتە بمانخەرە بەهەشت بەبێ سزادان ﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُوا۟﴾ ئەوانە کە داوای چاکەی هەردوو جیهان ئەکەن، بۆیان هەیە بەشێکی گەورەو مسۆگەر لە جۆری ئەو کردەوە چاکانەی کە کردوویانە، یان لەبەرئەو کردەوە چاکانەی کەلە جیهاندا کردوویانە، ﴿وَٱللَّهُ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ﴾ وە خوا حیساب و پرسیاری چەسپانە بەم ڕەنگە بەندەکانی بەو هەموو زۆرییە لە ماوەیەکی کەمدا حیساب و پرسیاریان تەواو ئەکات، کەواتە وریا بن و خۆتان بپارێزن لە نافەرمانی کەسێك کە بەو جۆرە بەدەسەڵات بێت، یان مەبەست ئەوەیە، نزیکە بە زووبی ڕۆژی دوایی بهێنێ و حیساب و پرسیار بکات، کەواتە فریاکەون چەسپانی بکەن بە کردەوەی چاك و گوێڕایەڵی ئا بەو جۆرو شێوەیە ئیسلام تەمێی موسڵمانان ئەکات بۆ ئەو نزا پەسەندە کە خێرو خۆشی هەردوو جیهانی تێدایە، وە ئایەوێ واز بێنن لە کاری ئەم جیهانیان، چونکە دروست کراون بۆ ئەمەی بین بە جێنشین لە جیهاندا، وە بە پێی فەرمان و ڕەزامەندی خوا خێرو خۆشی ئەم جیهانە وەرگرن، بەڵێ ئیسلام هەرئەوەی ئەوێ کە بەندەکانی خوا ڕوو بکەنە خوای خۆیان لە هەموو کارو باروی ژیان و جیهانیاندا.

﴿ وَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ فِىٓ أَيَّامٍ مَّعْدُودَٰتٍ ۚ فَمَن تَعَجَّلَ فِى يَوْمَيْنِ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ ۚ لِمَنِ ٱتَّقَىٰ ۗ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّكُمْ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٢٠٣﴾ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُۥ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيُشْهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِى قَلْبِهِۦ ﴾

ئینجا پۆژەکانی حەج و کردەوەکانی دوایی ئەمێنێ بە تەمێ کردن و فەرماندان لە یادو باسی خواو ترسان لە خوا، لە دوو پۆژی پاش جەژن یان سێ پۆژ، ئەفەرموێ: ﴿وَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ فِىٓ أَيَّامٍ مَّعْدُودَٰتٍ ۚ﴾ یادو باسی خوا بکەن لە چەند پۆژێکی ژمێرراودا کەسێ پۆژی پاش جەژنە، واتە وشەی ﴿الله اکبر﴾ بڵێین لە پاش نوێژەکان و لە کاتی سەربڕینی قوربانی و لەکاتی پەجمەکاندا، وە هەروەها هەر نزاو ناوبردنێك کە لە حەیس دا هاتبێت ﴿فَمَن تَعَجَّلَ فِى يَوْمَيْنِ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ﴾ ئینجا هەرکەس پەلە ئەکات و ئەیەوێ لە پاش دوو پۆژی پاش جەژن لە مینا دەرچێ و بگەڕێتەوە، وەلەو دوو پۆژەدا پەجمی شەیتان ئەکات و ناوەستێ بۆ پۆژی سێیەمیش، ئەو کەسە هیچ گوناهێکی لەسەر نیە لەو پەلە کردنەداو با دەرچێ پێش ئاوا بوونی خۆر ﴿وَمَن تَأَخَّرَ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ﴾ وە هەرکەس دوا ئەکەوێ، بەم پەنگە ئەمێنێتەوە هەتا پۆژئاوا ئەبێت لە پۆژی دووەمی پاش جەژن، ئەو حەلە ئەبێ بمێنێتەوە لە پۆژی سێیەمیشدا پاش نیوەڕو هەرسێ پەجمەکە بکات، وەك پۆژی یەکەم و دووەم، ئینجا بگەڕێتەوە بۆ مەککە، بەم جۆرە ئەکات ئەمیش هەر هیچ گوناهێکی لەسەر نیە، واتە حاجی ئارەزووی خۆیەتی هەرکان لەم دووبارە ئەکات هیچ گوناهو خراپەیەکی تێدا نیە، بەڵام نەك بۆ هەموو کەس، بەڵکو ﴿لِمَنِ ٱتَّقَىٰ ۗ﴾ بۆ هەرکەسێك کەلە خوا ترس بێت و خۆی پاراستبێ لە گوناهو هەرشتێ کە بێ شەرعی بێت، ئینجافەرمان ئەدات لەخواترسان و خۆپارێزی، وەئەیان خاتەسۆزوپەرۆش بۆئەوله خوا ترسیە، بە بیرخستنەوەی پۆژی دوایی و کۆبوونەوەی گشتی بۆلای خوا، ئەفەرموێ: ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ وەله خوا بترسن و خۆتان بپارێزن لەوەی نافەرمان بن و پێچەوانەی ئەم بڕیارانە بجوڵێنەوە ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّكُمْ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ وە بزانن کە بۆلای خوا کۆئەکرێنەوە بە زیندوویی بۆ حیساب و پرسیارو پاداش و تۆلە لەسەر کردەوەکانتان.

ئا بەو جۆرو شێوەیە کە تێپەڕی کر لەو ئایەتانەدا، خوای پەروەردگار فەرزی حەجی گێڕا بە کردەوەیەکی ئیسلام پووت، وە پاکی کردەوە لە هەر نیشانەو دروشمێك، وەلە هەر

چڵو چێوو کەمو کوڕیەک کەلە چەرخو سەردەمی نەفامی دا تێکەڵی کراو بەسەری هێنرا، کەواتە ئەم حەجە بەو حەجە نەمایەوە کەلە سەردەمی نەفامی دا ئەکرا، بەڵکو بوو بە خواپەرستیەکی ڕێکو پێک، وە هەروەها نەمایەوە بە باوو تەقلیدێکی عەرەبی، بەڵکو گەڕا بەکردەوەو ڕەوشتو حەقیقەتێکی ئیسلامی، ئەم بەرنامە تێرو تەواوەی کە ئیسلام هێنای بۆ ژیانی ئادەمی، پێک هاتووە لە چەند پەندو تەمێو ئامۆژگاریەک لەگەڵ چەند یاسایەک بە پێی پێویستیو بەرژەوەندی بەندەکانی خوا، وە لەناو ئەو پەندو ئامۆژگاریانەدا بەرنامەیەکی ڕاستو زۆر بەکاری هەیە بۆ پێگەیاندنو پەروەردەکردن، بەرنامەیەک کە بنەڕەتی لەسەر زانینو ئاگاداریەکی بێ سنوورە بە هەموو کاروباری ئاشکراو نهێنیو دیوی دەرو دیوی ناوی ئەم ئادەمیە بە جۆرێ ڕێی لێ ئەبڕێتەوەو لە هەموو ناچەو کونو کەلەبەرێکی دەروونی ئەم ئادەمیەدا ئەوەشتێو دەست نیشانی بۆ ئەکات بۆ هەر شتێ کە لەوانەبێت ئەم ئادەمیەی پێ دامەزراو بێت لەسەر سروشتی پاکو خاوێنی خۆیو نەترازێت لە ڕێی ڕاست، ئینجا هەرکەس چارە ڕەش نەبێت گوێڕایەڵ ئەبێتو بەبێ بەرو دوا لە سنووری ئەو پەندو ئامۆژگاریانەدا ئەوەستێ، وە هەرکەسیش نەحسو نەگبەتو چارە ڕەش بێت ئەوا خۆی کەڕو کوێر ئەکات.

لەم چەند ئایەتی داهاتووەدا بە شێکی گرنگ هەیە بەو مەبەستو ئامانجانە، وەک دەرئەکەوێ بۆ هەرکەس کە ژیرو تێگەیشتووبێت، لەیەکەم جارەوە وێنەو دوو نموونە لە ئادەمە نیشان ئەدات، وە نیشانەو دروشمەکانیان ئەخاتە بەرچاو:

١- نموونەی کەسێکی دەمبازی ڕووپامایی کەری دەم لووسی بەدەم دۆستی، بەدڵ زۆر دوژمن، کە هەرگیز نایەوێ خۆی چاک بکاتو بگەڕێتەوە لە خراپەکاری.

٢- نموونەی بڕوادارێکی ڕاستی ڕاست گۆ کە خۆی بەخت ئەکات لەڕێی ڕەزامەندی خوادا، وە دڵی هەر خوای ئەوێو بە هەموو جۆر ڕوو ئەکاتە خوای خۆی، ئەفەرموێ: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُعۡجِبُكَ قَوۡلُهُۥ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا﴾ لەناو ئادەمی دا کەسی وا هەیە کە وتەو وتاری لەم ژیانو جیهانەدا سەرسامت ئەکاتو سەرت سوڕ ئەمێنێ لە قسەی لووسو دەمی شیرینی، وە لافی خۆشەویستیو دۆستایەتیو بڕواو موسڵمانێتی لێ ئەدات، ﴿وَيُشۡهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلۡبِهِۦ﴾ وە خوا ئەکات بە شایەت لەسەر ئەوەی کەلە دڵیایەتیو ئەڵێ خوا ئەزانێ کە دەمو دڵم یەکن لەم قسانەدا کە ئەیانکەم،

وَهُوَ أَلَدُّ ٱلْخِصَامِ ﴿٢٠٤﴾ وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ ٱلْحَرْثَ وَٱلنَّسْلَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ ﴿٢٠٥﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُ ٱتَّقِ ٱللَّهَ أَخَذَتْهُ ٱلْعِزَّةُ بِٱلْإِثْمِ ۚ فَحَسْبُهُۥ جَهَنَّمُ ۚ وَلَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿٢٠٦﴾ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشْرِي نَفْسَهُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٢٠٧﴾

﴿وَهُوَ أَلَدُّ ٱلْخِصَامِ﴾ لەکاتێکدا کە ئەو کەسە ناڕاوەو بەربەرەکانێی لەگەڵت زۆر بە تینە، واتەدرۆت لەگەڵ ئەکات‌ودەم‌ودڵی یەک نین، وەدڵی پڕە لە خەشم‌و کینەو هیچ خۆشەویستی و دۆستی‌و خێرو پاستی تێدانیە، ئەو کەسە کە ڕووپامایی ئەکات‌و بەلاف‌و بلۆف خۆی ئەهێنێتە پێشەوە، بەڵام کاتێ لە ڕوو نەمابەم جۆرەیە کە ئەفەرموێ: ﴿وَإِذَا تَوَلَّىٰ﴾ وەکاتێ پشتی هەڵکرد ﴿سَعَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ چەسپانی ئەکات لەوڵاتدا لە هەر شوێنێ ببێ ﴿لِيُفْسِدَ فِيهَا﴾ بۆ ئەوەی خراپەکاری بکات‌و ناڕاوە بنێتەوە تیای دا ﴿وَيُهْلِكَ ٱلْحَرْثَ وَٱلنَّسْلَ﴾ وە کشتوکاڵ‌و گیان لەبەر لەناو بەرێ، یان مەبەست لەم ئایەتانەو ئەم کەسە ئەوەیە کە لەبارەی کاروباری جیهان‌و ژیانەوە قسەی ڕێک‌و پێکەو بەدەم هیچی نەهێشتووەتەوە، بەڵام کەئیشی کەوتە دەست‌و بوو بە کاربەدەست دەست ئەکات بە تاوان‌و خراپەکاری‌و دەست درێژی‌و ستەمکاری بە جۆرێ وڵات کاول‌و وێران ئەکات، بە هەرحاڵ‌و لەسەر هەر بار ئەم جۆرە کەسانە زۆر هەن‌و تایبەتی نین بەکات‌و چەرخ‌و چینێکەوە، بەڵکو هەمیشە لەناو ئادەمی دا ئەونموونەیەهەربووەوهەرئەشبێت ﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ﴾ وە خوا خراپەو خراپەکاری ناوێ و خەشمی هەیەلێی، وەهەروەها خراپەکارو خراپەکارانی ناوێ‌و خەشمی بە تینی هەیە لێیان.

خراپتر لە هەموو شت ئەوەیە کە ئەو کەسە ناگەڕێتەوە لەو نالەبارەیەی، وە بە تەمێ‌و ئامۆژگاری خراپترو سوور تر ئەبێ لەسەر تاوان‌و خراپەکاری وەکو ئەفەرموێ: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُ ٱتَّقِ ٱللَّهَ﴾ وەکاتێ بگوترێ پێی: لە خوا بترسەو خۆت بپارێزە لە گوناەو خراپەکاری ﴿أَخَذَتْهُ ٱلْعِزَّةُ بِٱلْإِثْمِ﴾ ئەو لووت بەرزی‌و خۆ بە زل زانینەی کەلەدەروونی دا هەیە داگیری ئەکات‌و هانی ئەدات لەسەر ئەو گوناەو تاوانەی کە جڵەو گیری ئەکرێ لێی، وە سوور تر ئەبێ لەسەری، یان هانی ئەدات لەسەر ئەوەی کە گوێ نەگرێ لە تەمێ‌و ئامۆژگاریەکەو بەرپەرچی

ئامۆژگاری کەر بداتەوە، چونکە بە عاری ئەزانێ کە ئەم بە خراپ و تاوانبار سەیر بکرێ و تەمێ بکرێ، کە ئەوەش تاوانێکی زلە، وەك (ئیبن و مەسعود) ئەفەرموێ: یەکێ لە گوناهە زۆر گەورەکان بەلای خواوە ئەمەیە: ئەگەر بە یەکێ گوترا: لە خوا بترسە و خۆت بپارێزە لە گوناە، ئەو یەکە بەرپەرچی تەمێ کەر بداتەوە و پێی بڵێ: تۆ بڕۆ خۆت چاك بکە و هەقت بەسەر کەسی ترەوە نەبێ. مەردومی موسڵمان ئەبێ وەك عومەری فاروق بێت -خوا لێی ڕازی بێ- جارێ پێی گوترا: لە خوا بترسە، ئەویش دەست بەجێ ڕوومەتی خۆی لەسەر زەوی دانا!! بەرامبەر ئەو لووت بەرزە تاوانبارە دڵ ڕەقە، خوا ئەفەرموێ: ﴿فَحَسْبُهُۥ جَهَنَّمُ﴾ ئینجا بەسە بۆ ئەو کەسە دۆزەخ، واتەئەوکەسە سزا ئەدرێ لە دۆزەخ بەسە بۆ سزادنی، ئەو دۆزەخەی کە سووتەمەنی و هەڵگیرسێنەری ئادەمی و بەردە!! ئینجا بەو لاقرتیەوە ئەفەرموێ: ﴿وَلَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ﴾ سوێند بە خوا دۆزەخ جێ و بان و بێشکەیەکی زۆر خراپە بۆی وە شوێنی ڕەحەتی و حەوانەوەیەکی زۆر بەدە بۆی.

نموونەی دووەم: ئەمەیە کە ئەفەرموێ: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشْرِى نَفْسَهُ﴾ لەناو ئادەمی دا کەسی وا هەیە کە خۆی ئەفرۆشێ، واتە خۆی بەخت ئەکات لە ڕێی خوادا بە جەنگ و کوشتار هەتا ئەکوژرێ، یان بە فەرماندان بە چاکە و جڵەوگیری لە خراپە و وازناهێنێ هەتا ئەکوژرێ، ﴿ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ﴾ لەبەر بەدوا گەڕانی ڕەزامەندی خوا، واتە هیچ نیازو مەبەستێکی نیە جگە لە ڕەزامەندی خواو گەیشتن بەو پلەو پایە بەرزە ﴿وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ﴾ وە خوا زۆر میهرەبان و بەلوتفە بە بەندەکانی لە کاتێکدا کە داوای تێکۆشانیان لێ ئەکات، وە ڕێنموونیان ئەکات بۆ شتێ کە ڕەزامەندی خۆی تیایە، چونکە ئەیەوێ نازو ڕێزو پاداشتی بێ وێنەی نەبڕاوەیان بداتێ لەباتی ئەو تێکۆشان و کردەوە کەمەی کە هەڵئەسن پێی.

ئەم ئایەتانەی کە باسی ئەم دوو نموونەیان کرد، هەرچەند هاتبنە خوارەوە بەبۆنەی کەسێکی تایبەتیەوە، وەك ڕیوایەتی زۆر هەیە کە ئایەتەکانی نموونەی یەکەم هاتوونەتە خوارەوە لەبارەی (ئەخنەسی کوڕی شورەیق)ەوە، وە ئایەتەکانی نموونەی دووەم هاتووە لە بارەی (سوهەیبی ڕۆمی)یەوە، هەرچەند بەو بۆنەیەوە هاتبێ، بەڵام وەك چەند کار گوترا: ئایەت تایبەتی ناکرێ بەهۆی هاتنە خوارەوەی، بەڵکو لەسەر شێوە گشتیەکەی ئەهێڵرێتەوە و بڕیارەکانیان گشتێن، ئینجا لەم کاتەدا کە ئەو دوو نموونەی نیشان دا بانگی بڕوادارانی ئەکات کەلە نموونەی دووەم بن بەم ڕەنگە بە تەواوی موسڵمان بن و شوێنی شەیتان نەکەون،

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةً

ئەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةً﴾ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە وەرنە ناو ئیسلامەوە بەتەواوی بەجۆرێ کە ئیسلام هەموو شتێکتان بگرێتەوە و داگیری بکات و شوێنێ نەهێڵتەوە بۆ هیچ شتێ تر تیایاندا، بانگیان ئەکات بە سیفەت و نیشانەی بڕواکەیان کە زۆر خۆشەویستە بە لایانەوە، وە بەوە جیائەبنەوە و ئەبن بە نموونەیەکی تایبەتی لە ناو هەموو گیان لەبەراندا، وە بەوە پەیوەست ئەبن و ئەبەسترێنەوە بە پەروەردگاریانەوە، بەم سیفەت و نیشانەیە بانگیان ئەکات تا بە سۆزو پەرۆشەوە بێن بەدەم بانگەکەیەوە و گوێڕایەڵ بن، وە مەبەست لەم بانگ کردنە ئەوەیە ــ وەک دەست نیشانمان بۆ کرد ــ کەلە هەموو بارو پوویەکەوە مل کەچ بن بۆ خوا.

هەموو بۆچوون و تێگەیشتن و نیازو کردەوە و حەزو ئارەزوویان شوێن کەوتووی خواست و خواهیش و فەرمانی خوا بن و مل کەچ بن تەنها بۆ حوکم و بڕیاری ئەو بە هەموو ئارامی و دڵنیاییەکەوە، وە بەبێ دواو بەرو دوو دڵیەکەوە، کە بڕوای پاستەقینەش هەر ئەوەیە، لە ئاڕاستەکردنی ئەم بانگ و فەرمانەوە وا دەرئەکەوێ کەلەو کاتەدا لەناو ڕیزو کۆمەڵی بڕواداران دا چەند کەسێک بووبن کە هێشتا دەروونیان پاک و خاوێن نەبووبێتەوە و بە هەموو ئارامی و دڵنیاییەکەوە ئامادە نەبوون و بۆ گوێڕایەڵی تەواو بەبێ گیروگرفت، کە بوونی تاقمی وایش لەناو گەل و کۆمەڵدا هەر ئەبێ بن و جێگەی سەرسوڕمان نین، جا لەبەرئەوە بە شێوەی گشتی بانگ کران و فەرمان درا کە هەموو بڕواداران یەک دەستە بن و هەموو چوون یەک بن لە بڕوای بەهێزو تێرو تەواودا، بانگ کرا بۆ ئەوەی کە بڕواداران لە هەموو کات و چەرخێکدا بە تەواوی لێ بپرێن بۆ خواو هەموو شتێ تر لە خۆیان دارنن.

موسڵمانان ئەگەر گوێڕایەڵ بن و بە پێی ئەو بانگ و فەرمانە بچوڵێنەوە، ئەو حەلە نیشتەجێ ئەبن لە جیهانی ئارامی و ئاشتی دا، ئەکەونە جیهانێک کە پڕە لەدڵنیایی و ئارام و ڕەزامەندی و دامەزراوی بەبێ داماوی و سەرگەردانی و دوو دڵی، وە بەبێ تار بوون و گومڕایی، بەجارێ ئەکەونە جیهانی ئارامی و ئاشتی لەگەڵ دەروون و ویژدان دا، ئارامی و ئاشتی لەگەڵ ژیری دا، ئارامی و ئاشتی لەگەڵ ئادەمی و زیندەوەران دا، ئارامی و ئاشتی لە گەڵ بوون و بوونەوەردا، ئارامی و ئاشتیەک کە هەڵئەقوڵێ بە ناوەڕۆکی دڵ و دەروونەوە، وە ئارام و ئاشتیەک کە ئەبێت بە سایە و سەهەند بۆ ژیان و بۆ گەل.

ئارامی و ئاشتی لە زەوی دا ئارامی و ئاشتی لە ئاسمان دا، لە یەکەم جارەوە ئەو ئارامی و ئاشتی یە ئەڕێ بەسەر دڵدا لەبارەی عەقیدەو بۆچوون و تێگەیشتنی لە خوای پەروەردگاری، وەڕێکوپێکی و سووک و ئاسایی و بێگەردو لە کەیی ئەو عەقیدەو تێگەیشتنە.

تەنیا خوایەک هەیە بڕوادار ڕووی تێئەکات و دڵی لەسەری دائەمەزرێ، وە سەری لێ تێک ناچێ و بە یەک ڕێگەدا ئەڕۆا، وە ئەو خوایە میهرەبانەو پێی خۆشە بەندەکانی ڕێک و پێک بن و نەک وەک فەلسەفەی ئیغریقیەکان ئەڵێت: خوا نایەوێ بەندەکانی توشی خێرو خۆشی ببن، بەڵکو هەمیشە ئەیانتارێنێ و ئەیەوێ لە ناڕەحەتی دا بژین، یا وەک زۆر لە بت پەرست و هاوبەش بڕیار دەرەکان کە چەند خوایەک ڕەوا ئەدەن، وە هەرکام لەو خوایانە دژی بەندەکانن و هەمیشە وان لە کەمینا بۆیان، ئەو تەنیا خوایەی کە ئیسلام بانگی مەردومی بۆ ئەکات، خوایەکی بە دەسەڵاتی زاڵە بەسەر هەموو شتێکداو هەرچی ئەم نەیکات هەرگیز نابێ ڕووندا، کەواتە کاتێ کە بڕوادار ڕووی تێ ئەکات ئەبێ باک و مەترسی نەبێت لە هیچ کەس و هیچ شتێ، وە بەدڵ ئارامی ئەژی، چونکە ئەزانێ هەرچی خوا نەیکات نابێ، وە هەرچیش وە هەرچیش خوا ویستی ئەبێ هەر ببێ و هەر ئەوەیش ڕاست و ڕەوا و بە جێیە، وە ئەو خوایە پەروەردگارێکی دادپەروەرو لێزان و کار دروستە، وە بەخشندەو میهرەبانە، وە لێ بوردەو خاوەن چاوپۆشیەو هەمیشە قاپی میهرەبانی لەسەر پشتە بۆ گەڕانەوەو تەوبەی خراپەکاران و تاوانباران، تا نەگاتە کاتی مردن و نائومێدی لە ژیان، وە هەروەها خاوەنی ئەو هەموو سیفەتە شیرینانەی ترە کە بەناو بانگن لە ئیسلام دا، کەواتە بەندە ئەو خوایە ئەپەرستێ بە هەموو سۆزو پەرۆش و ئارامی دڵ و چاوەڕوانی و ئومێدی خێرو خۆشی هەردوو جیهانەوە... وە هەروەها ئارامی و ئاشتی ئەژێ بەسەر دڵ و دەروونی موسڵمان دا کاتێ کە بیر ئەکاتەوە لەو پەیوەندیەی کە ئیسلام نیشانی ئەدات لە بەینی بەندەو پەروەردگاری دا، وە لەبەینی ئەم بوونەوەرەو ئادەمی دا.

ئیسلام تێمان ئەگەیەنێ کە خوا ئەم بوونەوەرەی دروست کردووە بەڕاستی و لەسەر بنەڕەتێکی ڕاست و ڕەوا و بۆ مەبەستێکی ڕاست و گەورەو گرنگ، وە هەرچی دروست کردووە بە حیکمەت و لێزانی دروستی کردوون، وە هەمووی لە ئەندازەو ڕادەیەکی دیاری و تایبەتی دایە بەجۆرێ دەست نادا بۆ دەست تێخستن و گۆڕاندن و بژارە کردن، وە ئادەمی دروست کراوە بە نیازو بۆ مەبەستێکی دیاریی و تایبەتی، وە هەروا تێ ناپەڕێ و ناڕوا بەبێ سەرو شوێن و لێ پرسینەوە، وە ئەوەی پێویست بێت بۆی دروست کراوە، وە ئەم ئادەمیە

بەڕێزە بەلای خواوە، وە ئەوەی پێویست بێت بۆی لەم بوونەوەرەداو بەرژەوەندی ئەوی تیابێت بۆی ئەنجام دراوە وەجێنشینی خوایە لەم زەویەدا، وە خوا یارمەتی و کۆمەکی ئەکات لەسەر هەڵسانی بەجێنشینیەکەی، وە هەرچی وا لە ئاسمانەکان و زەوی دا خوا ژێر باری کردووە بۆ سوودو بەرژەوەندی ئەم، وە ئەم بوونەوەرەی کە تێیدا دەژی هەمووی دۆست و هاوڕێ و هاوەڵیەتی، وە هەر کاتێ بەڕاستی پووبکاتە خواو خوای خۆی باش بناسێ، ئەو حەلە پڕۆحی لەگەڵ پڕۆحی بوونەوەردا یەک ئەگرن و سۆزو خۆشەویستی بەکار ئەهێنن لەگەڵ بەکتر، وە ئەکەونە وتوێژی دۆستی و بەینی خۆیان، ئەم بوونەوەرە شیرین و دڵ ڕفێنە ڕازاوەتەوە و ئادەمی تێ هێنراوە بۆ ئەمەی بە خۆشی و کامەرانی تیدا بژی و خێرو بێری وەرگرێ و ورد بێتەوە لێی تا سوپاسی خوا بکات و ژیان بەسەر ببا بەپێی بەرنامەی خوا.

بەڕاستی عەقیدەو بۆچوونەکە زۆر بەرزو بەڕێزو شیرینە، پڕۆحی ئارامی و ئاشتی ئەڕژێنێ بەسەر خاوەن و هەڵگرەکەی دا: بەندێ لە بەندەکانی ئەم ئایین و عەقیدەیە بڕواکردنە بە پڕۆژی دوایی کەبەڕاستی ئارامی و ئاشتی ئەڕژێنێ بەسەر گیان و هەست و دڵ و دەروونی بڕوادارو جیهانی بڕوادارداو وە ناڕەزایی و بێزاری و نائومێدی لە دڵ دوور ئەخاتەوە. چونکە باش ئەزانێ کە حیساب و لێپرسینەوەو تۆڵەو پاداشت بە ئەوپەڕی دادو ڕاستیەوە لەو جیهانە نەبڕاوەدا بەدی دێت، کەواتە هەرچی بەسەربێت و هەرچی لە کیس بچێ لێرە هەروا لە خۆڕایی ناڕواو لەدەست دەر ناچێ، وە هەموو کردەوەکانی ئێرەی لەوێ بەترازووی دادپەروەری ئەکێشرێ و هەرکەس ئەکات بە بەرهەمی کردەوەی خۆی، کەواتە پەشیمان نابێ لەسەر هیچ چاکەو تێکۆشانێک کە لەم جیهانەدا کردبێتی و لێرە ئەجرو پاداشتەکەی وەرنەگرتبێ.

بڕوا بە پڕۆژی دوایی بەربەستو بەرهەڵستێکی بەتێن و بەهێزە بۆ ئەم بەربەرەکانێ و زۆرانبازییە شێتانەی کە باوە لەسەر دەست کەوتو شتو مەکەکانی ئەم جیهانەو لە پێناوی دا دەست هەڵئەگیرێ لە هەموو مرۆڤایەتی و پیاوەتی و ناموس و شەرەفێک، چونکە بڕوادار ئەزانێ پڕۆژی دوایی دێت و مافی هیچ کەس فەرامۆش ناکرێ و هەموو ئازارو زیان و سزایەکی ئێرە لەوێ بەسەر ئەگیرێتەوە، کەواتە بڕوا بەو پڕۆژە زۆر بەکارو هاندەرێکی بەهێزە بۆ پەلامار دانی هەموو چاکەیەک، هەرچۆنێ بەرگری کەرو جڵەوگیرێکی بەتینە بۆ دوور کەوتنەوەو گەڕانەوە لە هەموو تاوان و خراپەیەک، بڕوادار ئەزانێ کە دروست کراوە هەر بۆ

خواپەرستی، لەبەرئەوە لە هەموو کاروباری دا بەپێی بەرنامەی خوا ڕەفتار ئەکات و ئەجوڵێتەوە، ئەو حەلە هەموو ئیش و کارو فەرمانی ئەبێ بە خواپەرستی، تەنانەت خەوو خواردنەکەشی، کەواتە لە هەموو کات و بەسەرهاتی دا هەرچاوچی لە خوایەو بەدوای ڕەزامەندی خوادا ئەگەڕێ، وە هەر دڵێکیش بەو جۆرە لەگەڵ خوادا بێت هەمیشە پڕ لە ئارام و ئاشتیە، وە هەروەها بڕوادار ئەزانێ کە لەسەر باوو ڕەوشتی خوا ژیان بەسەر ئەبات، یەک یاسا و قانوونیان هەیە، وە بۆ یەک لا ڕوو ئەکەن، کەواتە دڵی پڕە لە ئاشتی بەرامبەر ئەم بوون و بوونەوەرە، ئەو ئەرک و تەکلیفانەی کە خوا داوای کردووە لە بەندەکانی و پێویستی کردوون لە سەریان بۆ ڕێک و پێک کردنی سروشتیانەو ڕاگیر کردنیان لەسەر سورشتی ئادەمێتی، وە پێی توانینەو گونجاون لەگەڵ ئەو بارو جۆرەی کە ئادەمی لەسەر دروست کردووە، وە ڕێگەی هێزو وزەکانیان ناگرن، بەڵکو لە هەمان کاتدا هەموو هێزو وزەکانی ئادەمی بەرەڵا ئەکات بۆ کارو پیشەی خۆیان و بەرز کردنەوەو گەشە کردنیان بە ژیان و پێک هێنان و بەجێهێنانی هەموو پێویست و داخوازیان... جا لەبەرئەوە بەندەکانی خوا سەرگەردان و بێئارام نابن بەرامبەر ئەو ئەرک و تەکلیفانەوە بە سۆزو پەرۆشەوە هەڵئەسن پێیان، وە کاتێ بەڕێکی بەجێیان بهێنن دڵو دەروونیان پڕ ئەبێ لە ئارامی و ئاشتی، وە بە هەموو دڵنیاییەکەوە ڕێگە ئەدەنە بەر بۆڵای خوای خۆیان ئەو گەل و کۆمەڵەی کە ئەم بەرنامە ئاسمانیە پەروەردەی ئەکات و پێی ئەگەیەنێ، لە ژێر سایەی ئەو ڕژێمەی کە هەڵئەقوڵێ لە عەقیدەو بیرو باوەڕە بەڕێزو پیرۆزەکەیەوە، ئەو گەل و کۆمەڵە ئەژی بە ئەو پەڕی ئارامی و ئاشتیەوە، وە گەل و کۆمەڵێکی پەیوەستی بەسۆزی بەزەیی دارە، وە ئەندامەکانی قۆڵگیرو یارمەتی دەری یەکترن، ئیسلام گەل و کۆمەڵێکی ئاوای پێک هێنا لەبەرزترو بەڕێزترو پاک و خاوێن تر شێوەی دا بەجۆرێ کە ئادەمی لە هەموو تەمەنی دا شتی وای بە خۆیەوە نەبینیوە، وە مێژووی جیهان و ئادەمی سەرسامە تیایدا، وە لەپاش ئەو یەکەم جارە هەرپێکی هێنا چەند جاری تر لە چەند شێوەیە تردا هەرچەند ناگەنە ڕادەو پلە هەرە بەرزەکەی یەکەمجار، بەڵام زۆر بەرزو پیرۆزترن لە هەموو گەل و کۆمەڵەکانی تری جیهان کەلە هەر ڕێگایەکی تردوە پێک هاتبن لە کۆن و تازەوە لە ژێر سایەی ڕژێمە زەمینیەکاندا.

ئەو گەل و کۆمەڵەی کە ئیسلام پێکی هێنا گەل و کۆمەڵێک بوو کە تێیدا توایەوە ڕەگەزایەتی بە هەموو جۆرو شێوەکانیەوە: نە تیرەو نە بەرەو نە ڕەنگ و نە وڵات و نیشتمان و نە زمان و نە هیچ شتێکی تر کەلەم زەویەوە هەڵئەقوڵێ و بە نەفامی بەکار

ئەمێنرێن، وە شتێك نین بە دەسەلاتی مەردوم پەیدا بین، وە لە نبەڕەتدا هیچ پەیوەندیان نیە بە ئادەمێتیەوە... گەل و کۆمەڵێکی دەم پاکی دەست پاکی دوێن پاکی نیاز پاك، بە ئەوپەڕی برایەتی و کۆمەکی و یارمەتی و قۆڵگرتنەوە تا ئەو ڕادەی مەردوم توانی بە سۆزو خۆشیەوە باوی کەسێ تربدات بە مل خۆی دا، وە دەست هەڵگرێ لە ماف و پێویستی و بەرژەوەندی خۆی لەبەر یەکێ ترو لە پێناوی یەکێ تردا.

لەناو ئەو گەل و کۆمەڵەدا پیاو لە ژنی خۆی ئەمین و ژن لە پیاوی خۆی ئەمین بوو، خزم لە خزم و بێگانە لە بێگانە ئەمین بوو، هەموو کەس بێباك و ئەمین بوو لە گیان و لە ماڵ و لە ناموس و لە هەموو شتی!

ئەو گەل و کۆمەڵەی کە ئیسلام پەروەردەی بکات و پێی بگەیەنێ، ئەبێ بێ کارو پەك کەوتووی تیا نەمێنی، ئیش و کار فەراهەم بێنێ بۆ هەرکەس توانایە، وە چارەسەری ژیانی کەوتە کارو پەك کەوتوویش بکات، ئەگەر نەیکات تاونبارە لای خوا، وە هەندێ لە زانایان ئەفەرموون: هەرکەس لەناو هەر کۆمەڵێك دا بمرێ لە برسا ئەبێ خوێنەکەی بسێنرێ لەو کۆمەڵە!

لەناو ئەو گەلە پاکەدا هەموو کەس ڕێزو ماف و سەربەستی و ئازادی خۆی وەر ئەگرێ بە بێ جیاوازی، تا ڕادەیەك هەرکەس ڕێی هەیە ڕەخنە بگرێ لەهەر کەسێ تر با سەرۆك میری و کۆمار بێت، وە لەسەریەغی تەمێ و ئامۆژگاری بکات، وە هەرکەس لاڕێو بێشەرعی ببینێ لە سەرۆك میری ئەتوانێ گوێڕایەڵی نەکات بۆی تا نەگەڕێتەوە بۆ لای خواو خۆی چاك ئەکات، وە پێویستە لەسەر سەرۆکیش ملکەچ و گوێڕایەڵ بێت و سوپاسی خوا بکات لەسەر ئەو تەمێ و ئامۆژگاریە! وە لەم بارەیەوە ڕووداوی زۆر هەیەکە بەناوبانگن، گەل و کۆمەڵی موسڵمان ئەبێ دامەزراوو ڕاگیر بێت لەسەر ڕاوێژو پرس و ڕاو یەکسانی و دادپەروەری کە هەموو کارو بارو مافێکی بەستراوە بە فەرمان و بڕیاری شەریعەتی خواوە، نەك بە ئارەزووو خواستی کاربەدەست و حاکمەوە، ئەمەی کە گوترا لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا هەندێکە لەوەی کە ئەم ئایەتە دەست نیشانی بۆ ئەکات و بانگی بڕوادارانی بۆئەکات، کەواتە با بە ئەوپەڕی خۆشی و شادمانیەوە بڕواداران بێنە پێشەوە بۆ گوێڕایەڵی و فەرمانبەری تا بەختەوەر بین لە هەردوو جیهاندا.

وَلَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٠٨﴾ فَإِن زَلَلْتُم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْكُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٠٩﴾ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأْتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِى ظُلَلٍ مِّنَ ٱلْغَمَامِ

لەپاش فەرماندان بەملکەچی تەواو بۆخواوەاتنە ژێر سایەی، ئینجا جڵەوگیری ئەکات لە شوێن کەوتنی شەیتانو پۆشتن بە رێبازەکانی شەیتاندا، ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾ وە شوێن رێبازەکانی شەیتان مەکەونو رێگەکانی شەیتان مەدەنە بەر بەمەی بە پێچەوانەی فەرمانی خوا بجوڵێنەوە لەرێگەڕاستەکەی ئەوبترازێن، ﴿إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ چونکە بێگومان شەیتان دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئێوەو دوژمنانی خۆی دەربڕیوەو جاڕی پێداوە، دەی هەرکەس ژیر بێتو رێزی خۆی بەلاوە بێت چۆن ئەبێت شوێنی دوژمنی خۆی بکەوێ؟ خوای میهرەبان لە زۆر شوێندا –وەک لێرەدا – ڕوونی کردووەتەوە بۆ بەندەکانی کە لە جیهاندا تەنها دوو رێگە هەیەو دوو بەرنامە هەیە، یا رێگەو بەرنامەی خوا، یا رێگەو بەرنامەی شەیتان، وە رێگەی خوا تەنیا رێگەیەکەو رێگاکانی شەیتان چەند رێگەیەکن، هەرکەس لە رێگەکەی خوا لایداو ترازا ئەکەوێتە سەر رێگەیەک لە رێگاکانی شەیتان، وە بە هی چکلۆجێ ئەم دوو رێگەیە ناگەن بەیەک و تێکەڵ نابنو پرد لە نێوانیاندا نابەسترێ، وە هەروەها بەرنامەی خوا تاقە بەرنامەیەکەو بەرنامەکانی شەیتان زۆرن، وە بە هیچ پەنگ بەرنامەکەی خوا یەک ناکەوێ لەگەڵ هیچ بەرنامەیەکی تردا، وە بە هیچ کلۆجێ نابێ تێکەڵی هیچ بەرنامەیەکی تر بکرێ، تێکەڵی هەر بەرنامەیەکی تر کرا بە بەرنامەی خوا نامێنێتەوە، هەرچۆنێ خواخۆی بێوێنەوبێهاوبەشە،هەروەهاڕێگەو بەرنامەکەشی بێوێنەو بێهاوبەشە.

خوای میهرەبان ئەوەی چەند جار ڕوون کردەوە بۆ ئەوەی موسڵمانان لە هەڵوێستی خۆیان تێبگەنو دوودڵو سەرگەردان نەبنو رێگەو بەرنامەکەی خوا بەرنەدەنو نەترازێن لێی، جا لەبەرئەوە لە بەشی یەکەمی ئایەتەکەدا فەرمانی دا بە بڕواداران کە بە تەواوی بێنە ناو ئایینی خواو ئیسلامەوە، بە جۆرێ ئیسلام هەموو شتیان بگرێتەوەو داگیریان بکاتو

جێنەسێنێتەوە بۆ هیچ شتێکی تر، وە لەبەشی دووەم دا جڵەوگیری کردن لە شوێن کەوتنی شەیتان و لادان و ترازان لە تاقە ڕێگەی خوا، وە غیرەتی نانەبەر بەمەی کە شەیتان دوژمنێکی ئاشکرایە، کەواتە نابێ شوێنی بکەون، ئینجا لە پاش ئەو ڕوون کردنەوە، هەڕەشەیان لێ ئەکات لەسەر ئەو لادان و ترازانە و دەست نیشانیان بۆ ئەکات بەسەرهنجام و دوا ڕۆژی سەخت وبەدیی لادان و ترازانەکەیان، ئەفەرموێ: ﴿فَإِن زَلَلْتُم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْكُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ﴾ ئینجا ئەگەر ئێوە لاتان دا لەوەی بە تەواوی بێنە ناو ئیسلامەوە، لەپاش ئەوەی کە چەند بەڵگەو ڕابەری ڕوونتان بۆ هات لەسەر ڕاست و ڕەوایی هاتنە ناو ئیسلامەوە، وە ئایەتە ئاشکراکانی قورئان ئەوەی پێ ڕاگەیاندن، ئەگەر ئیچوە لابدەن ﴿فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ بزانن کە خوا زاڵە بەسەر هەموو کارو فەرمانی خۆی داو ئەتوانێ تۆڵەتان لێ بسێنێ، کار دروست و لێزانەو هەرچی ڕاست و ڕەوایە ئەیکات و بەجێی ئەهێنێ کە یەکێ لەو شتە ڕاستانە تۆڵە سەندن و سزادانی ستەمکارو تاوانبارەکانە، واتە ئەگەر ئێوە لابدەن لە ڕێی خوا، بێگومان خوا تۆڵەتان لێ ئەسێنێ، ئینجا بەجۆرو شێوەیەکی تر هەڕەشەیان لێ ئەکات و ئەیان ترسێنێ بە ڕووداوێکی زۆر سامناك لە ڕووداوەکانی ڕۆژی دوایی کە هەربە بیر لێ کردنەوەی هەق وایە مووچرکە بێت بە لەش داو دڵ بکەوێتە تەپە تەپ، بەڵکو هەق وایە خەو و خۆراك لە مەردوم هەڵگیرێ و تیکە لە گەروودا بگیرێ، ڕوداوی دەست کردن بە حیساب و پرسیارو مەحکەمەی مەردوم و هاتنی کاتی سزاو تۆڵە سەندن لە تاوانباران و هاتنە خوارەوەی مەلائیکەتەکانی ئاسمانەکان و وەستانیان بەدەوری کۆمەڵی ئادەمیدا، ئەفەرموێ: ﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأْتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِى ظُلَلٍ مِّنَ ٱلْغَمَامِ﴾ ئایا ئەوانەی کە سەرکێشی ئەکەن و ئایەنە ناو ئایینی ئیسلامەوە بە تەواوی، ئایا ئەوانە بە تەما هەن و چاوەڕوانی هیچ شتێ ئەکەن بێجگە لەوەی کە خوا بێت بۆ لایان لەناو چەند هەورێکی سپی کە ڕاستەو گرۆو سێبەر کەرن، خوا بێت بە هاتنێکی بێ وێنە کە شایستەو شایانی ئەو بێتو هەر ئەو ئەزانێ چۆنەو ئێمە هیچی لێ نازانین، نەك بە جۆرە هاتنێك کە لای ئێمە باوەو ئێمە ئەیزانین، یان مەبەست دەرکەوتنی خوایە بۆ بەندەکانی، یان مەبەست هاتنی فەرمانو بڕیاریەتی، یان هاتنی سزاو تۆڵەی.

هاتنی خوا ئەبێ بەیەکێ لەوجۆرانەمەبەست بێت، چونکە خوا لە هەموو بارو پوویەکەوە بێوێنەیە، بەڵام بۆ هاتنی مەلائیکە کە ئەفەرموێ: ﴿وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾ وە مەلائیکەتەکانیش دێن هەر لەسەر دیمەن‌و پوالەتەکەی ئەیهێنێتەوە، چونکە مەلائیکە دروست کراوی خوان‌و بەشدارن لەگەڵی سیفەت‌و دروست کراوەکانی تردا.

مەبەست لەم پرسیارە بێزاری دەربڕینە لە گیروگرفت‌و سەرکێشی ئەوانە‌و لە هۆی سەرکێشیەکەیان، واتە ئەوانە چاوەڕوانی هیچ نین بێجگە لەو پووداوو بەسەرهاتەی کە بێگومان دێت‌و بەدی دێت، وە ئەوانە هەرچەند چاوەڕوانی ئەوەندەبن، بەڵام لەبەرئەوەی سەریان لەوەوە دەرئەچێ‌و دووچار بوونیان بە سزای ئەو ڕۆژە شتێکی مسۆگەرە، لەبەرئەوەی وەک بە تەما بن‌و چاوەڕوانی ئەوە بن وان، ئینجا ــ لەم کاتەدا کە بەو شێوە پرسیارە ئەو هەڕەشە سامناکە ئاڕاستە ئەکات ــ لەم کاتەدا بەکوت‌و پڕێک ئەو ڕۆژە وانیشان ئەدات کە هاتبێ‌و کار لە کارەگا ترازا بێ‌هەموو شتێ تەواو بووبێت، ئەفەرموێ: ﴿وَقُضِىَ ٱلْأَمْرُ﴾ وە هەموو کارێ تەواو کراو دوایی پێهێنراو تازەکار لە کارەگا ترازێنراو هەل‌و فرسەت لە دەست دەرچوو، واتە هاتنی ئەو ڕۆژەو بەدی هێنانی ئەو هەڕەشەیە ئەوەندە ڕاستەو جێگای گومان‌و دوودڵی نیە، وەک هاتبێ، ئەمەش بە پێی باوی کەس نەدیوی قورئان لە زۆر شوێندا شتی داهاتوو کە هێشتا نیەو نەهاتووە ئامادەی ئەکات‌و لە دیمەن‌و پوالەتی بەدی هاتوودا نیشانی ئەدات‌و دڵی بەرامبەر ڕاگیر ئەکات‌و ئەیوەستێنێ بە وەستانی کەسێک کە نێستا کەوتبێتە شتەکە.

لەسەر ئەم ڕایە وتەی ﴿وَقُضِىَ ٱلْأَمْرُ﴾ سەربەخۆیە‌و نەبەستراوە بە پێشەکەیەوە، یان بەستراوە بە وتەی ﴿يَنظُرُونَ﴾ەوە، بەڵام زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن کە سەربەخۆ نیەو بەستراوە بە وتەی ﴿يَأْتِيَهُمُ﴾ەوە، واتە ئەوانەی چاوەڕوانی هیچ شتێ ناکەن بێجگە لە هاتنی خواومەلائیکەوجێبەجێکردنی هەمووکاروباروحیساب‌وپرسیارو تۆڵە‌و پاداشتی بەندەکان، ئەم ڕایە هەرچەند ڕێک‌و گونجاوە، بەڵام بە ڕاستی دڵ بە ڕای یەکەمەوە باشتر ئەنووسێ و بەئارام تڕە، وە خوا باش ئەزانێ، لەسەر هەر بارو بە هەر حاڵ ئەوانەی کە دواکەوتوون‌و بەجێماون، بە فریاکەون‌و بە زووبی بێنە ناو ئیسلام، وەک خوا فەرمانی دا، با فریای خۆیان بکەون‌و بگەڕێنەوە بۆلای خوا کەهیچ چارە نیەو ڕزگار بوون نیە بەو گەڕانەوە نەبێت،

وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ ﴿٢١٠﴾ سَلۡ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ كَمۡ ءَاتَيۡنَٰهُم مِّنۡ ءَايَةم بَيِّنَةٖۗ وَمَن يُبَدِّلۡ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴿٢١١﴾

چونکه ﴿وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ﴾ هەموو کاروبارەکان هەر بۆ لای خوا ئەگێڕێنرێنەوە، لە پاش ئەوەی کە ئەو هەڕەشە سەختەی ئاڕاستەی سەرکێشەکانی ئەم ئوممەتە کرد، ئینجا سەرنجێك ڕائەکێشێ بۆ ئاووڕ دانەوە بۆلای ئیسرائیلیەکان کە نموونەو وێنەی سەرکێشی و گێرو گرفتن، وەك لەم سورەتەدا باسی هەڵوێستی ناڕاستو ناڕەوایان کرا، سەرنجێك ڕائەکێشێ بۆ ئەوە بەمەی فەرمان ئەدا بە پێغەمبەر (ﷺ) کە پرسیاریان لێ بکات کە ئایا خوا چەند بەڵگەو نیشانەی پووون و ئاشکرای پێ بەخشین، پرسیاریان لێ بکات بۆ دەم کوت کردن و سەرزەنشتیان بەوەی کە ئەو هەموو موعجیزەو بەڵگەو ڕابەرە ئاشکرایانە کاری لێ نەکردن و کەمێکیان بە تەواوی ڕاستو ڕێك بوون لە شوێن کەوتنی ئایینی خواو پێغەمبەرەکەیاندا، ئەفەرموێ: ﴿سَلۡ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾ پرسیار بکە لەنەوکانی ئیسرائیل ﴿كَمۡ ءَاتَيۡنَٰهُم مِّنۡ ءَايَةم بَيِّنَةٖۗ﴾ ئایا چەند موعجیزەو ڕابەری پوونمان پێبەخشین، واتە بە تەشەرەوە بپرسە لەو ئیسرائیلیانەی سەردەمو چەرخی خۆت کە ئێمە نیشانەو موعجیزەی زۆرمان بەخشی بە باوك و باپیرە پێشووەکانیان، ئیتر لەسەر داوای خۆیان یان بەبێ داوا، کەچی لەگەڵ ئەوەدا دوو دڵی و گێرو گرفتو سەرکێشیان بەکارهێنا تا خوا ئەو هەموو سزاو بەسەرهاتە سەختەی بەسەرهێنان، چونکە ئەمە باوو یاسای خوایە ﴿وَمَن يُبَدِّلۡ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُ﴾ هەرکەس چاکەو بەهرەی خوا -واتە نیشانەو موعجیزەکانی کە مایەو هۆی بڕواو ڕێنموونین- بگۆڕێ، بەم ڕەنگە بیانکات بە مایەی بێبڕوایی و هۆی گومڕایی، یان ئایەتەکانی نامەکانی بگۆڕێ، بەم ڕەنگە دەستیان تێبخات بە زیادو کەم کردن و سڕینەوەو شاردنەوە، ئەو گۆڕینەش لە نەزانین و بێئاگاییەوە نەبێت، بەڵکو ﴿مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُ﴾ لەپاش ئەوەی بۆی هاتبێ و پێی گەیشتبێ و تێی گەیشتبێ، هەرکەس ئەو گۆڕاندنە بکات،

بێگومان خوا تۆڵەی لێ ئەستێنێو سزای ئەدات، چونکە ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ بەڕاستی خوا زۆر تۆڵەو سزای بەتینە، ئینجا ئایا مەبەست بەو پرسیارە پرسیاری ڕاستەقینە بووبێ کە ئاراستەیان بکات بۆ سەرزەنشت کردنیان، یان مەبەست هەر بێرخستنەوەی ئەو هەموو نیشانەو موعجیزانە بێت، لەسەر هەردوو بار پەندو ئامۆژگاریو ترساندنی تیایە دەربارەی ئەم ئوممەتە کە وریای خۆیان بن لەڕێگەی خوا لا نەدەن وەک ئەو ئیسرائیلیانە، هەرچۆنێ تەمێو ترساندنە بۆ هەموو ئیسرائیلیەکان لە پاش هاتنی ئیسلام هەتا هەتایە بەدی هاتنی ئەو هەڕەشەی خوا لەم جیهانەدا پێش هاتنی ڕۆژی دوایی شتێکی زۆر ڕوونو ئاشکرایە لە ژیانی ئیسرائیلی دا لە کاتێکەوە کە دەستیان کرد بەو گۆڕاندنەو هەتا ئێستاش، وە هەروەها لەم ئوممەتەشدا هەر زۆر ئاشکرایە، ئەوەتا تا چاویان بڕیە ئەم قورئانەو بە گەورەترین چاکەی خوا سەیریان کردو مەبەستەکانی قورئانیان بەدی هێنا بەڕێکو پێکی، تا بەو جۆرە بوون خوا بەرزی کردنەوە لە ژیانو جیهاندا تا ڕادەیەک کە مێژووی ئادەمی لە هەموو تەمەنی دا شتی وای بە خۆیەوە نەدیوە، بەڵام لەکاتێکەوە لایاندا بەرەو پەستیو نزمی هاتن تا وایان لێ هات بە ئوممەتی نەمانو پێشێل کراونو بوون بە شوێن کەوتوو شتێکی ناڕاستو ناڕەوادا، زۆر بە داخەوە شوێنی بێگانە کەوتن لە هەموو باوو خوو ڕەوشتێکی پیسو بەددا... بێناموسیو بەرەڵایی و دزیو دەخەڵیو دەستو دەمو پیسیو هەموو ڕەوشتو کردارێکی تر کە دژی پیاوەتی مرۆڤایەتیە، بەڵام هەر هیچ نەبێ داویشیان نەکەوتن لە پێشکەوتنی پیشەسازیو کاروباری تازەدا.

ئەو ئوممەتە گەورەیە بەو جۆرەی بەسەرهات، بەڵام ئومێد وایە بکەونەوە سەر ڕەوڕەوەی بەرزیو بڵندیو پاشە ڕۆژێکی کامەرانیو بەختەوەری بەرەو ڕوویان بێت، چونکە چەند ساڵێکە خەریکە هۆشێک ئەکاتەوەو لەخەوی بێئاگایی ڕاست ئەبێتەوەو ئەزانێ هیچ چارەی نیە بە گەڕانەوە نەبێت بۆلای قورئانەکەیو ڕەوشتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) وە دەردەکەی خۆی ناسیوە لەگەڵ چارەسەرو دەرمانەکەی دا.

زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَيَسْخَرُونَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ فَوْقَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ

داوای یارەمەتی وەرێنمووني ئەکەین لەخوا بۆ ئوممەتی پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی(ﷺ) لەکاتێکدا دڵخۆش و دڵنیاین بە چەند حەدیسێك کە موژدە دەرن بە پیرۆزی ئەم ئوممەتە و گەرانەوەی بۆ ڕێگە ڕاستەکەی خۆی، لەپاش ئەو هەڕەشە و ترساندنەی کە ئاڕاستەی ئەوانەی کرد کە گێروگرفت ئەکەن لە گۆڕەپانەڵی و هاتنە ناو ئایینی خوا، وە نیشانەو بەڵگە ڕوونەکانی خوا ئەگۆڕن، لەپاش ئەوە ئینجا هەندێ لە حاڵ و باری بێبڕواو بڕواداران باس ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ﴾ ئەم ژیانە نزیکە ـ واتە ژیانی ئەم جیهانە ـ ڕازێنراوەتەوە و شیرین و خۆشەویست کراوە لای ئەوانەی کە بێبڕوا بوون و بێبڕوان، شیرین و خۆشەویست کراوە لایان، تا ڕادەیەك دڵی داگیر کردوون و هەر ئەم ژیانەیان مەبەستە و چاویان تێبڕیوە و چاوی لێ کلا ناکەن، لەبەرئەوە هەرچی تێکۆشان و خەریك بوونیان هەیە هەر بۆ ئەمە و چاوێ بەرز ناکەنەوە بۆ ئەو ئاسۆ بەرزانەی کە بڕواداران چاویان تێبڕیوە و کردوویانە بە مەبەستی سەرەکی بۆ ژیان و جیهانیان، بەڵێ بێگومان ئەم ژیان و جیهانە بە سروشت خۆشەویستی هەیە لە دڵی بڕواداریش دا ـ وەك لە چەند ئایەت و حەدیسێشدا دەست نیشانی بۆ ئەکات ـ بەڵام لە هەمان کاتدا بڕوادار خۆی لێ ئەکێشێتەوە و خۆی بە دەمیەوە و نرخ و پێزێکی ئەوتۆی نادا، ئەوەش نەك لەبەر گەمژەیی و لێ نەهاتن و داماوی، وەنەك لەبەرئەوەی کەنار گیرە لە ژیان و نایەوێ گەشە بکات بە ژیان و ژیان بەرز بکاتەوە، نەخێر لەبەر هیچ کام لەوانە نیە، چونکە گەشە کردن بە ژیان و بەزرکردنەوە و هەوڵدان بۆ ئاوەدان کرنەدەوە و شارستانی لەوڵاتداو بەکارهێنانی هەموو هێزو وزەکانی زەوی لە خزمەتی مەردومدا، هەموو ئەوانە بەشێکن لە هەڵسانی بەکارو فەرمانی جێنشینیەکەی کە خوا خستیە سەرشانی، بڕواداری قورئانی کە دڵ نابەستی بەم ژیانەو چاوی تێ نابڕێ، لەبەرئەوەیە کەوا بەئاسۆی هەرە بەرزەوە و مەبەست و خەریك بوونی گەورەتری هەیە و بەزرو بەپێزترە لەم ژیان و زەویە، مەبەست و نیازی دڵی گەیشتنە بە ڕەزامەندی خوا و ژیانی کامەرانی نەبڕاوەی ڕۆژی دوایی، وەکارو فەرمانی لەم زەویەدا بریتیە لە تێکۆشان و ژیان و گیان بەخت کردنی لە پێناوی چەسپاندن و دامەزراندنی بەرنامەو ئاڵای خوا لەزەوی دا، وە دانە دەستی سەرکردایەتی و جڵەوی ژیان و جیهان، بەدەستی ئایین و بەرنامەی خوا، جا لەبەرئەوە ئەو بڕواداره قورئانیە پەرۆشی نیەو نایەوێ

خۆی خەریك بكات بەم ژیان و ڕابواردنە نزیكە كە شتێكی كاتیە و بە زوویی لەناو ئەچێت، ئیتر با بوەستێ ئەو هەموو تاڵی و سوێرییەی كەلەم ژیان و جیهانەدا هەیە، هەرگیز نایەوێ خۆی بخاتە ئەو هەموو قوڕاوو زەلكاوە بۆگەنەو پشت بكاتە ئەو مەبەست و كارو كردەوە بەزرو بەڕێزانەی كە باس كران، جا ئەو بێبڕوایانە كە چەقیون لە قوڕو زەلكاوی ئەم جیهانەدا، وە بوون بە بەندەی ئەڵقەی لە گوێی ئەم ژیانەو سەریان كردووەتە خۆشی و ڕابواردنەكەم و كوڕەكەی و لایان وایە مەبەست و ئامانجی ئادەمی هەر ئەو خەوو خواردن و ڕابواردنە ناژەڵیەیە، ئەم بێبڕوایانە كاتێ سەرنجی بڕواداران ئەدەن كە خۆیان خستووەتە زەحمەت و مەینەت و هاوبەشی ئەمان ناكەن لەو ژیان و ڕابواردنەداو بێبەشن لێی، كاتێ كە سەرنجیان ئەدەن بە نەفام و گێڵ و نەزانیان تێئەگەن، وە بە تایبەتی لاقرتیان ئەكردو گاڵتە ئەكەن بە بڕوادارە هەژارو بێنەواكان، وەكو ئەفەرموێ: ﴿وَيَسْخَرُونَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ وە لاقرتی ئەكەن و گاڵتەیان لێ دێ بەوانەی كە بڕوایان هێناوە.

ئەو ترازووەی كە بێبڕوایان كێشانەی پێئەكەن و نرخ و بێنرخی پێدیاریی ئەكەن؛ ترازوویەكی بێ كەڵك و بێنرخەو سەرئەكات و بە پێچەوانەشت ئەدات، چونكە ترازووی ئەم زەویە ترازووی دەستی نەفام و نەزانە، ترازووی ڕاست و ڕاستەقینە ئەوەیە كە لەدەستی خوادایەو ئەو داینناوەو نرخی ئەو بڕوادارانەی پێدیاریی ئەكات كە ئەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ فَوْقَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ وە ئەوانەی كەلە جیهاندا خۆیان پاراستووە لە خەشم و نارەزایی خواو لە خوا ترسان، ئەوانە هەمیشە بەرزن و وان بەلای سەرووی ئەو بێبڕوایانەوە كە پۆژی دوایی دا، بەرزن لە جێ و شوێن دا، چونكە ئەمان لە بەهەشت دان و ئەوان وان لە دۆزەخدا، كە پەست شوێنە، وە بەرزن لە ڕێزو قەدردا، چونكە ئەمان ئەگەن ئەوپەڕی پلەو ڕادەی بەختەوەری و كامەرانی، وە ئەوان ئەكەونە ناو چاڵی زەبوونی و ڕیسوایی و چارەڕەشی، وە بەرزن لەمەدا كە قسەیان سوارە بەسەر ئەواندا، تەشەریان لێ ئەدەن و گاڵتەیان پێئەكەن، هەرچۆنێ ئەوان لە جیهامدا تەشەرو توانجیان ئەدا لەمان، كەواتە ئەمان با لەجیهاندا بە ڕێی ڕاستی خۆایاندا بڕۆن و هیچ گوێیان نەبێ لەنەفامی ئەو نەفامانە، وە دڵ گران و دڵ تەنگ نەبن لە دەمبازی و گاڵتە كردنیان لەم جیهانەدا، چونكە بە شایەتی خوا ئەمان بەرزو بڵندن لەوان و وان بەلای سەرووی ئەوانەوە.

وَٱللَّهُ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٖ ﴿٢١٢﴾ كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ فِيمَا ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِۚ

﴿وَٱللَّهُ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٖ﴾ وە هەرکەس خوا مەیلی لێ بێت پۆزی ئەدات بە زۆری و بەلێشاو بەبێ ژمارەو حیساب لەم جیهان یان لەو جیهان یان لە هەردووکیان، وە خۆی باش ئەزانێ چۆن باشەو بەرژەوەندی لەچی دایە، خوا بە لێشاو خۆشی و پۆزی ئەدات بەبێ بڕوایان یان لاتو بێبەشیان ئەکات لەبەر هەر هۆیەک کە خۆی ئەزانێ وە هەروەها بڕوادارانیش، کەواتە بڕواداران با هەرچاویان لە خوا بێتو ئیتر دەربەستی هیچ شتێک نەبن پاش ئەوەی کە خوا بەڵێنی داوەو بەشی بەرزو نەبڕاوەی داناوە بۆ چاکانو پاکان.

لەئایەتی پێشووەوە دەرکەوت کە هۆی یاخی بوونو نەگەڕانەوەی بێبڕوایان زۆر خۆشو ویستی ژیانی ئەم جیهانەیە، ئینجا لەم ئایەتەدا کەدێت باس ئەکات لەوە بۆ کاتو چەرخێکی تایبەتی نیە، بەڵکو لە هەموو کاتێکدا هەر ئەو زۆر خۆشو ویستنە بووە بە هۆی لادان لە ڕێی خوا، ئەوەتا خەڵکی یەک بارو یەک دڵ بوون لە یەکەم جارەوە، ئینجا بەهۆی بەربەرەکانێ لە ڕێی ژیاندا دووبەرەکی بوون، ئینجا خوا پێغەمبەرانی نارد لەگەڵ نامەی خۆی دا بۆ ئەوەی بارو ڕێی ڕاست دیاری بکەن، وە تەنها ترازووی خوا بگرن بە دەستەوەو بەکاری بێنن بۆ ناسینی هەموو شتێ لەڕادەو پلەی خۆی دا، ئەفەرموێ: ﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ﴾ ئادەمی لە پێشەوە یەک میللەت بوون، لەسەر بەک ڕێگەو بەرنامە، وە یەک بیروباوەڕو بۆچوون وون، هەموو خواپەرست بوون بەبێ هیچ هاوبەشێک، ئیتر مەبەست بەو کۆمەڵە ئادەمیە ئەو کۆمەڵە بچووک بێت پێک هاتبوو لە ئادەمو حەواو ڕۆڵەو نەوەکانیان پێش پەیدا ئاژاوەو دووبەرەکی لەناویاندا، یان مەبەست بەو کۆمەڵە بچووکەبێت کە پێک هاتبوو لەوانەی کەلە کەشتیەکەی نوحدا بوون پاشان نیشتەجێ بوونو هەموو پەیڕەوی نووحیان کرد، یان هەر تاقمو کۆمەڵێ تر، وەک چەند ڕیوایەتێکی هاتووە پێیان، بە هەرحاڵ قورئان بۆمان باس ئەکات کە ئادەمی لەیەک بنەڕەتەوە هاتووەو ڕۆڵەی یەکەم خێزانە کە خێزانی ئادەمو

حەوایە، وە خوا ویستی کە هەموو ئادەمی بێن بە بەرهەمو بێچووی ئەو خێزانە بچکۆلەیە، بۆئەوەی خێزان بکرێ بە یەکەم ئادەمی، وە لەسەر بیروباوەڕی پێك هێنانی خێزان ژیان بڕوات، ئەم ئادەمیە لە یەکەم جارەوە یەك دڵو یەك ئایینو یەك عەقیدەو یەك باوەڕبوون، هەتا زۆر بوونو پەرەیان سەندو جیابوونەوەو دوورکەوتنەوەو بڵاوبوونەوە لە وڵاتدا، وە شێوەی گوزەران و ژنیان گۆڕا، وە ئەو هەموو هێزو وزەو ئامادەییو لێهاتنە جیاوازانەیان ئاشکرا بوونو دەرکەوتن، پاش ئەوەی کە شاراوە بوون لە لەشو دەروونداو، وە خوا بەو جۆرە سروشتی داڕشتنو لەبەر هەر هۆیەك کە خۆی چاك ئەزانێ، ئەو جیاوازیو جۆرجۆریە شتێکی پێویست بوو بۆ بەسەر بردنی ژیان لەم زەویەدا، ئینجا بەهۆی ئەو جۆرجۆریو جیاوازیە سروشتیە بەربەرەکانێو ئاڕاوە پەیدا بووو فەراهەم هات، وە لەوەشەوە چەند بیروباوەڕو بەرنامەو بۆچوونی جیاجیاو جۆربەجۆر فەراهەم هات ﴿فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ﴾ لەبەرئەوە خوا پێغەمبەرەکانی ڕەوانەکرد ﴿مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ﴾ بەجۆرێ موژدە دەرو ترسێنەرین، موژدە دەربن بە بڕواداران، بە پاداشتو نازو ڕێزی بەهەشت، وە ترسێنەری بێبڕوایان بن بە تۆڵەو سزای ڕۆژی دوایی ﴿وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ﴾ وە ناردیە خوارەوە لەگەڵیان نامەی خۆی کە حەقو ڕاستی تیابوو، وە نیشان دەری ڕێگاو بەرنامەیەك بوو کە حەقو ڕاستە، بێگومان حەقو ڕاست ئەبێ یەك شت بێتو دەست نادا بۆ ئەوەی لە یەك شت تێپەڕ بکات، وە ئەوا خوایش دەری ئەخات کە هەمیشە نامەی خۆی هەقی هێناوەو هەقێ پێبووە، وە ئەو نامە هەقەشی ناردووە، ﴿لِيَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ فِيمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ﴾ بۆئەوەی بڕیاری بداو بێتە حەکەم لە بەینی خەڵکی داو ئاڕاوە نەمێنێ لەناویاندا لەو هەقەی کە تیای دا دووبەرەکی بوون.

ئەم فەرموودەیە دەست نیشانو ئامازەئەکات بۆ چەند شتێکی گەورەو گرنگ کە سەرەکیو بنەڕەتن لە ئایینی پاکی ئیسلام دا:

١- هەموو ئایینو نامەکانی خوا لە بنەڕەتو مەبەستو ئامانجدا هەریەکن، هەموو بۆ ئەوە هاتوون تەنها خوایەك هەیە، وە تەنیا پەروەردگارێك هەیە، وە ئەبێ تەنیا پەرستراوێك هەبێ، وە تەنیا خاوەن شەرعو یاسایەك هەیە بۆ ئادەمی، ئینجا لەسەر ئەو بنەڕەتە

جیاوازی بووە لە هەندێ شتی تایبەتی بە پێڕەوستو بەسەر هاتە تایبەتیەکانی گەل و تاقم و چینەکانی نادەمی، وە بەپێی گۆڕانی بارو شێوەی ژیان، هەتا دواترین شێوەی ئایینی خوا هات کە ئەم ئیسلامە هێنای، وە ژیانی بەرەڵا کرد کە بەرز ببێتەوە و گەشە بکات و پەرەبسێنێ لە چوار چێوەی ئەم ئایینە پیرۆزەدا بە سەرکردایەتی خواو شەریعەتە زیندووەکەی کە چارەسەری هەموو کۆسپ و گرێیەکی تێدایە.

٢- ئەبێ تەنها ئایین و نامەی خوا حەکەم و حاکم بێت، وە قسە ئەبێ هەر قسەی ئەوبێت، وە هەق و ڕاست هەر ئەوە، وە بەبێ گەڕانەوە بۆلای ئەو کاری ئەم ژیان و نادەمیە ڕاست نابێتەوە، وە خەڵکی ڕزگار نابن لە ئاژاوەر دووبەرەکی، وە ئاشتی و ئارام پەیدا نابێ لەزەویدا.

٣- ئایین و نامەی خوا ئەسڵ و بنەڕەتە و لە پێشەوە بووە لەناو نادەمی دا، وە هەموو ئایین و بیرو باوەڕی پڕوپووچ لەپاش ئەو پەیدا بوون و داهاتوون بە هۆی لادان لە ئایین و نامەکانی خواو دوورکەوتنەوە لەو یاسا و بنەڕەتە گەورەیە، نەک وەک موستەشریق و ڕۆژئاواییەکان و شوێن کەوتووە نەفانەکانیان ئەڵێن: کە ئایین و خواپەرستی بە تەنیا لەپاش دا داهاتووە و بەرەبەرە بەرز بووتەوە بە گوێرەی بەرز بوونەوەی نادەمی و گۆڕانی بارو ڕووی ژیانی، پێویستە هەموو موسڵمانێ ئەمەی کە ئەمانە و وتوویانە بە درۆی بزانێ و دژی بێت، چونکە ئەم قسە دژو پێچەوانەی ئایینی خواو قورئانە. بە یارمەتی خوا ئەم قسە ناڕەوایە بە درێژی بەڕەچ ئەدینەوە و بەدرۆی ئەخەینەوە لە شوێنێ تایبەتی خۆی دا.

٤- بیرو ژیریی نادەمی بەس نیە ناتوانێ یاسا و بەرنامە دابنێ، وە هەر یاسا و پڕۆگرامێ بەرنامەیەکی لە خۆیەوە دانابێت و دای بنێ پڕە لە هەڵە و بەکار نایەت و چارەسەر نیە بۆ ژیان، چونکە بەشایەتی خوا ئایین و نامەی خوا هەقە و ڕاستە، وە هەق و ڕاستیش ئەبێ هەریەک بێت و ناگونجێ زیاد لە یەک، کەواتە هەرشتێ لەئایین و نامەی خوا وەرگیرا ئەوە هەق و ڕاستە و هەرشتێ لەو سەرچاوە پاکەوە نەهابتێ هەڵەیە و ناڕاستە با هەموو نادەمی بڕیاری لەسەر بدەن و بەڕاست و ڕەوای دابنێن!!

وَمَا ٱخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ أُوتُوهُ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ۖ فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لِمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلْحَقِّ بِإِذْنِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٢١٣﴾

خوا میهرەبان نامەی نارد تابێ بە حەکەم ئاژاوەو دووبەرەکی نەهێڵێ لەناو ئەو خەڵکەداو هەقیان بۆ ڕوون بکاتەوەو هەموو کۆببنەوە لەسەری، لەکاتێکدا ﴿وَمَا ٱخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ أُوتُوهُ﴾ کە هەر ئەوانەی نامەکەیان قێ درا بوو دووبەرەکی بوون‌و دووبەرەکێتیان بەکار هێنا تیای دا، واتە کارەکەیان پێچەوانە کردەوە، بەم ڕەنگە ئەو نامەیەی کە بۆ نەهێشتنی دووبەرەکیەتی هاتبوو، کردیان بە هۆی دووبەرەکیەتی ﴿مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ﴾ لەپاش ئەوەی چەند بەڵگەو نیشانەی ڕوونیشیان بۆ هاتبوو لەسەری، وە دووبەرەکیەتیەکەشیان ﴿بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ﴾ هەر لەبەر حەسادەتی ناو خۆیان بوو کە جێگیربوو بوو لەدەروونیان دا، وە لەبەر زۆر خۆش ویستن‌و سووریان بوو لەسەر ژیانی ئەم جیهانەو پووڵ‌و دەستکەوتی ئەم جیهانە، وە لەبەر بە دواگەڕانی بەرزی‌و زاڵی بەسەر یەکتردا، بەڕاستی ئەوە شتێکی زۆر ڕاستە، چونکە شتێکی ئاشکرایە کە هەردوو کەسێک ئاژاوەو دووبەرەکیان بووبێ لەوەقە ڕوون‌و ڕەوانەی کە ئەم نامەی خوا هێناویەتی، هیچ دوو کەسێک بەو جۆرە نابن مەگەر کاتی هەردوو یان یەکێکیان دەروونیان نەخۆش‌و دەردەدار بووبێت بەو نەخۆشیە خراپە کە هۆی زۆربەی ئاژاوەو دەست درێژیە لە جیهاندا، بەڵام هەر دڵی کە بەهۆی بڕوا بە خوا پک بێت لەو نەخۆشیە بەباشی هەق وەرنەگرێ‌و سەری بۆ شۆڕ نەکات، وەک وەرنەگیرێ لەم فەرموودەیەوە: ﴿فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لِمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلْحَقِّ بِإِذْنِهِۦ﴾ ئینجا خوا ڕێنموونی ئەوانەی کردووە کە بڕوایان هێناوە، ڕێنموونی کردوون بە ئیزن‌و فەرمانی خۆی بۆ ئەو هەقەی کە مەردوم دووبەرەکیان تیا کرد، ڕێنموونی کردن بەهۆی ئارەزوو کردنیان بۆ گەیشتن بە هەق‌و ڕاستی، ﴿وَٱللَّهُ يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ وە هەکەرس خوا خۆی بیەوێ ڕێنموونی ئەکات بۆ ڕێگەی ڕاست، وە خوا خۆی بەندەی خۆی باش ئەناسێ، وە ئەزانێ کام بەندەی ئامادەیە بۆ ڕێنموونی وەرگرتن‌و وەستان‌و دامەزران لەسەرێ ڕاستەکەی خۆی، ئەتوانین ئەم ئوممەتی پێغەمبەرە (ﷺ) بە وێنەو نموونە بێنێتەوە بۆ ئەوەی کە خوا خستوونیە سەر باری ڕاست‌و ڕێی ڕاست لەهەر شتێکدا کە جوولەکەو مەسیحی دوو بڕو

دووبەرەکی بوون تیای دا، وەك (ئیبن‌و ئەبی حاتەم) ڕیوایەتیشی ئەکات لە (زەیدی کوڕی ئەسلەم)ەوە کە ئەفەرموێ: دوو بڕ بوون لە پۆژی هەینی دا، جوولەکە شەممەی وەرگرت، وە مەسیحیەك شەممە، وە خوا ڕێنموونی ئەم ئوممەتەی کرد بۆ ڕێگە ڕاستەکە کە هەینیە، وە دوو بڕ بوون لە بارەی ڕووگەوە، مەسیحی پۆژهەڵاتی کرد بە بەڕووگە، وە جوولەکەش (بیت المقدس) وە خوایش ڕێنموونی ئەمانی کرد بۆ کەعبە، وە دوو بڕ بوون لە بارەی نوێژەوە، هی وایان بوو سەجدەی ئەبردو رکوعی نەئەبرد، وە هی وابوو پێچەوانەی ئەوان، وەهینی وایان بوو لە نوێژدا قسەیان ئەکرد، هینی وایان هەبوو کەلە نوێژدا هاتو چۆو گەڕانی ئەکرد، ئینجا خوا ئەمانی خستە سەر هەقو بارە ڕاستەکە، وەك ئەبینین ئەم نوێژە ئەکەن بەم ڕێکیە، وە دوو بڕ بوون لە بارەی (ئیبراهیم)ەوە، نەسرانیەکان بە نەسرانیان دائەنا، وە جوولەکەش بە یەهوودیان دائەنا، ئینجا خوا ئەم ئوممەتەی خستە سەر بارە ڕاستەکە کە ئەمەیە (ئیبراهیم) هیچ کام نەبووە، بەڵکو لە هەموو شتێ لای داوەو ڕێی خوای داوەتە بەرو موسڵمان بووە، وە دوو بڕ بوون لە عیسادا، جوولەکە بڕوایان پێ نەهێناو بوختانیان کرد بۆ دایکی پاکی وە مەسیحیەکانیش کردنیان بە خواو کوڕی خوا، ئینجا خوا ڕێنموونی ئەم ئوممەتەی کرد بۆ بارە ڕاستەکە کە بەندەو پێغەمبەری خوایە، وە هەروەها بۆ هەر شتێ تر کە ئەم ئوممەتە بڕواداڕە خوا خستیە سەر ڕێ ڕاستەکەی خۆی.

ئینجا ئەو هەموو تەمێ‌و ئامۆژگاریانە کۆتایی پێ‌ئەهێنێ کە مەبەست پێیان داهێنان‌و داڕشتنی بڕوایەکی تێڕو تەواوو ڕوون بوو لەدڵی کۆمەڵی موسڵمان دا... کۆتایی پێ‌ئەهێنێ بەمەی ڕووی فەرموودە ئەکاتە ئەو بڕوادارانەی کە دووچاری هەر جۆرە سزاو ئازار بوون لەلایەن دوژمنەکانیانەوە لە سەرەتجامی ئەو ئازاوەو دووبەرەییەی کە پەیدا بوو لەسەر ئایینی خوا لەنێوان ئەمان‌و ئەو دوژمنانەیاندا، ڕووی فەرموودەیان تێ ئەکات کە باوی خوا هەر لە کۆنەوە هەروا بووەو هەروا هاتووە کە ئەبێ بڕوادارو خاوەن عەقیدە بەرگری‌و فیداکاری بەکەن لە پێناوی بڕواو عەقیدەکەیاندا، وە نابێ هەروا لە خۆڕایی بەهەشت دابنێن بۆ خۆیان پێش ئەوەی پاڵفتە بێن‌و لەو تاقی کردنەوە سەختانەدا دەرچن کە گەل‌و ئوممەتە ڕابووردووەکان گوزەریان کرد پیای داو بەباشی دەرچوون لێیان، ڕووی فەرموودەیان تێ ئەکات بۆ هاندانیان لەسەر خۆگری‌و دامەزراوی‌و بەرگەگرتنیان لەسەر دژایەتی‌و دوژمنایەتی‌و بێبڕوایی دەست دڕێژیی کەران،

أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُم ۖ مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلْزِلُوا۟ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِ ۗ

ئەفەرموێ: ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ﴾ ئایا گومانتان وا بردووەو لاتان وایە کە ئەچنە بەهەشت ﴿وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُم ۖ﴾ لەکاتێکدا کە هێشتا بەسەرتان نەهاتووە وێنەی سزاو ئازارو بەسەرهاتی سەختی ئەو بڕوادارانەی کە هاتنو ڕۆیشتن: لە پێش ئەوە کە ئەو بەسەرهاتی ئەوانە شتێکی سەرسووڕهێنەر بوو، تا ڕادەیەک بە وێنەو چیرۆک ئەگێڕدرایەوە، واتە ئەو گومانەتان بێجێو ناشایستەیە تا ڕادەیەک کە شایانی بێزاری لێ دەربڕینە.

ئەگەر پرسیار بکرێ لەبەسەرهاتیان وەڵامیان ئەدرێتەوە بەمە ﴿مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ﴾ ترسو بیمی زۆرو نەبوونیو قات‌و قڕی بە تینو تاڵانو ئاوارە کردن دووچاریان بوو، ﴿وَٱلضَّرَّآءُ﴾و ئێشو ڕێشو نەخۆشیو زامو کوشتنو بڕین، ﴿وَزُلْزِلُوا۟﴾ وە ناچارو بێ ئارام کرانو لەرزە، وەک بوومەلەرزە کرابێ بە گیانو لەشیان ﴿حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ﴾ هەتا گەیشتە ڕادەیەک کە پێغەمبەرەکەو ئەوانە کە بڕوایان هێنابوو لەگەڵی ئەیانگوت: ﴿مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِ﴾ ئایا کەی دێت یارمەتی خوا بۆمان؟ کوا تاکەی نایەت ئەوەی کە خوا بەڵێنی پێداین؟ ئەم پرسیارەیان بەدەم گوتیان بەدڵی دا گوزەری کرد بێ مەبەستو داواکردنو ئاواتە خوازیی، بۆ بەدی هاتنی بەڵێنەکەی خوا، لەبەر درێژە کێشانی دەردبارە گرانەکەیان، نەک خوا نەخواستە گومانو دوودڵیان بووبێ لە بەڵێنەکەدا.

بەڕاستی پێویستە زۆر بیر بکرێتەوە لەم ئایەتە، چونکە تا بیری لێ بکرێتەوە سەختیو بەتینی ئەو بەسەرهاتانەیان ڕوون تر ئەبێتەوە، ئای هاوار بۆ بەسەرهاتێ ئەوەندە سەختو بەتین بێت، پێغەمبەران –سەلامی خوایان لێ بێت– کە لە هەموو کەس خواناس ترو زانا تر بن بە کارو فەرمانی خوا، وە دڵیان لە هەموو کەسێکی تر پەیوەست تر بێت بە خواوە، ئەو پێغەمبەرانەو شوێن کەوتووەکانیان بێئارام بکات تا ئەو ڕادەی خۆیان بۆ نەگیرێ وتەی ئاوا بە دەمیاندا بێت یان بە دڵیاندا گوزەر بکات!!

أَلَآ إِنَّ نَصۡرَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ ﴿٢١٤﴾ يَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَۖ

بە پاستی شتێکی سامناکی سەرسوڕهێنەرە!! لەو کاتە زۆر تەنگەدا خوا هات بە هاواریانەوەو لەلایەن خواوە ئەم موژدەیان بۆ هات ﴿أَلَآ إِنَّ نَصۡرَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ﴾ ئاگادار بن کە بێگومان یارمەتی دانی خوا بۆتان نزیکە، خوا ئەو مزگێنیەی پێدان‌و بێگومان ئەبێ بەدی هاتبێ، چونکە بە هیچ کلۆجێ ناگونجێ هەوالی خوا بە پاست دەرنەچێ، کەواتە پێویست نیە بە هەوالّ دانی بەدی هاتنەکەی، ئەوانە ئەو هەموو سزاو زەحمەتەیان چەشت‌و کەوتنە ئەو تەنگیەو لەگەلّ ئەوەدا سەریان دانەخست بۆ غەیری خوا، وە بەتەمای هیچ شتێ نەبوون کە لای خواوە نەبێت، وە داوای یارمەتی‌و فریادڕەسییان هەر لە خوا کرد، لەبەر ئەوە شایان‌و شیاوی‌و ئەو یارمەتی‌و بە هاوار چوونەوە بوون، کەواتە با هەموو بڕوادارێک پەیڕەوی ئەو خواپێداوانە بکات تا خوایش بیچێت بە هاواریانەوە، وەک چوو بە هاواری ئەوانەوە، وە ئەوانە بەو دامەزراوی‌و خۆگریە شایستە بوون بۆ بەهەشت، شایانی ئەوە بوون کە بە تەمای بەهەشت بن!! بێگومان تێکۆشان‌و تێگڕان‌و خۆگری لەسەری دڵو دەروون بەمێز ئەکات، وە بەرزو بڵندی ئەکاتەوە بەسەر هەموو شتێکدا، وە پاک‌و خاوێنی ئەکاتەوە وەک ئاڵتوونی تێزاب، بە هۆی ئەوەوە لە پێش چاوی مەردوم بە گەورەو شیرین‌و بە نرخ دەرئەکەوێت، هەرچۆنێ نرخ‌و ڕێزو هێزی عەقیدەو بڕواکەش دەرئەخات، ئەو حەلە خەڵکی بە پۆل هەوڵی بۆ ئەدەن‌و دێنە ژێر سایەی‌و ئەیگرنە گەردن، وەک هەر بەو جۆرە پووی داوەو باس کراوە لە مێژووی خۆگران‌و تێکۆشەراندا، بێجگە لەوەش هەر ئەو زاڵبوون‌و سەرکەوتنە بەسەر هەموو ناپەحەتی‌و هێزەکانی زەویدا کە بە پاستی ڕێگر پەک خەرە بۆ مەردوم‌و دەماری پیاوەتی سست ئەکەن.

ئەو زاڵبوون‌و سەرکەوتنەو بەرەڵابوون لەو کۆت‌و زنجیرانە دەست کەوتێکی گەورەو گرنگە بۆ بڕواداران ئەو هەموو سزاو ئازارو ناپەحەتیە ئەهێنێ. ئەوەیە ڕێگەی بڕواداران کە خوا لێرەدا ئەیخاتە بەرچاومان بۆ هەموو چەرخ‌و چێن‌و کاتێک.

ڕێگەکەیان بڕوای بەهێزو تێکۆشانە بەبێ کۆتایی. وە سزاو ئازارو تاقی کردنەوەو دامەزراوی‌و خۆگری... وە ڕووکردنە خوا بە تەنیا، ئینجا یارمەتی‌و زاڵ بوون ئەبێت، لە پاش دا لە ڕۆژی دوایی دا نازو ڕێزی نەبڕاوەی بەهەشت.

لەم شەش ئایەتەی داهاتووەدا باس لە چەند پرسیارێك ئەکات کە موسڵمانەکان ئاڕستەی پێغەمبەریان ئەکرد (ﷺ) کە ئەو جۆرە پرسیارانەشیان لەبەر تێگەیشتن‌و وریابوونەوەیان بوو لە بارەی عەقیدەو بڕواکەیانەوە، بەم ڕەنگە ئەیان ویست لە هەموو کارو بارێکی ژیانیاندا بەپێی عەقیدەو بڕواکەیان بجوڵێنەوە کە ئەوەش بەڕاستی نیشانەی موسڵمانیەتی‌و جێگیربوونی عەقیدەو بڕوایە لەدڵو دەروونداو، یان ئەو پرسیارانە بە هۆی پیلانی جوولەکەو گاورو بت پەرستەکانەوە بوو کە ئەیانویست موسڵمانەکان دوودڵو دڵکرمین بکەن لە هەندێ مەسەلەدا، لەبەرئەوە ناچارئەبوون ئەو پرسیارانەیان ئەکرد بۆ ئەوەی شتەکەیان بەجوانی بۆ ڕوون بێتەوەو بەباشی تێبگەن لێی، یان ئەو پیلان‌و پڕوپاگەندەی ئەوانە کاری ئەکرد لێیان‌و بێ ئارامی ئەخستە دڵیان، جا لەبەرئەوە قورئان ئەهاتە خوارەوەو وەڵامی ئەدانەوە، بەجۆرێ پرسیارکەران دڵئارام ئەبوون‌و پیلان‌و پڕوپاگەندەی دوژمنەکانیان بە هیچ دەرئەچوو، ئینجا با گوێ شل کەین لە ئایەتەکان، ئەو وەڵامانەمان بدا بەگوێدا، ئەفەرموێ: ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ ﴾ ئەی پێغەمبەر پرسیارت لێ ئەکەن: ئایا چی بەخت بکەن وە چ جۆرە ماڵێك بدەن لەڕێی خوادا؟

لە پێش ئەم پرسیارەدا چەند ئایەتێك هاتوونەتە خوارەوە لەبارەی ماڵ بەخت کردن لە ڕێی خوادا، وە بێگومان ئەو ماڵ بەخت کردنە لە هەموو کاتدا شتێکی چاکە، وەبە تایبەتی لەو سەردەمی هاتنی ئیسلامەدا شتێکی زۆر پێویست بوو بۆ ئەو کرمەڵە موسڵمانە کە تەنگی‌و نەبوونی‌و جەنگ ڕووی تێکردبوون، بێجگە لەوەی کە زۆر پێویست‌و بەکەڵکە بۆ بتەوکردنی یەکێتی ڕیزی گەل‌و کۆمەڵ، جا لەبەرئەوە ئەو پرسیارەیان ئەکرد، وە هەرچەند پرسیارەکەیان لەجۆری ئەو ماڵ‌و شتەبوو کە بەختی بکەن، بەڵام وەڵامەکەیان چۆنێتی بەخت کراوەکەی بۆ باس کردن لەگەڵ دیاری کردنی ئەوانەی کە ماڵەکەیان پێ ئەدرێ، چونکە ناسین‌و زانینی ئەو پێویست‌و گرنگە بۆیان،

قُلْ مَآ أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ فَلِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ ۗ وَمَا تَفْعَلُوا۟ مِنْ خَيْرٍ
فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ﴿٢١٥﴾

فەرمووی: ﴿قُلْ﴾ لە وەڵامیان دا بڵێ: ﴿مَآ أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ﴾ هەر ماڵێکی حەڵاڵو پاک کە ئەیدەن، ناوی ئەبات بەخێر، چونکە لە هەموو بارێکەوە خێرە، خێرە بۆ ئەو کەسەی کە ئەیدات، خێرە بۆ ئەو کەسەی کە وەری ئەگرێ، خێرە بۆ گەلو کۆمەڵ، خێرە لە نەفسی خۆی دا، چونکە کردەوەیەکی خاوێنە، کەواتە ئەوەی کە ئەیبەخشێ با زۆر چاک بێت و خۆشەویست بێت بە لایەوە، تا باشتر دڵو دەروونی پاک بکاتەوە، وە وەرگرەکەشی زۆر تر سوودو بەهرەی لێ وەرگرێ، مەبەست ئەوە نیە پێویستە چاکترین ماڵ بدات، چونکە وەک ئایەتی تردا زانراوە ئەوەی پێویست بێتو خوا داوای بکات ئەوەیە کە میانە بێت، نە چاکو دەست بژن، وە نە خراپو نەویستە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کابرای بەخشندە خۆی ڕام بکات لەسەر بەخشینی شتی چاکو خۆشەویست، ئەو ماڵە حەڵاڵو چاکە کە ئەیدەن ﴿فَلِلْوَٰلِدَيْنِ﴾ بیدەن بە باوکو دایک، ﴿وَٱلْأَقْرَبِينَ﴾ وە بەخزمە زۆر نزیکەکان ﴿وَٱلْيَتَٰمَىٰ﴾ وە بە هەتیوەکان، واتە ئەوانەی کە بێ نەواو پێویستن ﴿وَٱلْمَسَٰكِينِ﴾ وە هەژاران ﴿وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ﴾ وە بەغەیبو سەفەری کە دامابێت لەو شوێنە، ئیتر لە شوێنو جێی خۆی دا ماڵ بێت یان نا، واتە بۆ ئەمانە چاکترە، نەک ئەبێ هەر بەمانە بدرێ، ئینجا ئایا ئەم ئایەتە سڕاوەتەوە بە ئایەتی زەکات یان نا؟ زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن کە نەسڕاوەتەوە، بەڵکو ئەم ئایەتە هاتووە لە خێرو صەدەقەی سوننەتدا.

باسی بەخت کردنی نەکرد بۆ سوالکەروڵەڕێی ئازادکردنی بەندەدا، لەبەرئەوەی باسی کردوون لەشوێنی ترداو بەهۆی ئەوەوە ئەزانرێ کە لێرەشدا هەر مەبەستن، یان لەبەرئەوە کە بەری گشتی ئەم فەرموودەیە ئەکەون ﴿وَمَا تَفْعَلُوا۟ مِنْ خَيْرٍ﴾ هەر خێرو چاکەیەک بکەن، ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ﴾ بێگومان خوا ئاگاداروزانایەپێی، واتەئەجرو پاداشتتان ئەداتەوە بە ڕێکو پێکی.

ئەمانەی کەدیاری کردن بۆ مالّ پێدان هەریەکە لە بارێکەوە پەیوەستن بە بەخشندەکەوە، پەیوەستی نەسەب و نەژادو ڕۆڵەیی، پەیوەستی خزمایەتی، پەیوەستی ڕەحم و بەزەیی، پەیوەستی ئادەمێتی و مرۆڤایەتی، وە بە ڕاستی زۆر بە شێوەیەکی شیرین و سروشتی ڕێزی کردوون بە جۆرێ چاودێری هەست و ئارەزووی مەردومی تیا کراوە، چونکە ئاشکرایە کە مەردوم لە پاش خۆی، وەك لە حەدیسی (موسلیم)دا خۆی پێش ئەخات، ئەفەرموێ: (إبدأ بنفسك فتصدق عليها) لە یەکەم جارەوە لە خۆتەوە دەست پێبکەو خێرو سەدەقەی پێبکە، واتە پێویستی خۆت دەربکە لە پێشەوە ئینجا بڕۆ بۆ کەسی تر، لە پاش خۆی باوك و دایك پێش ترە لە هەموو کەس، ئینجا خزمە زۆر نزیکەکان، ئینجا هەتیوە لاوازو منالّەکان جێی بەزەیین، لەپاش ئەوان ئەو هەژارە بێنەوایانە کە هیچ شك نابەن، بەلّام لەبەر ڕێزو بەرزی دەروونیان داوا لە کەس ناکەن، لەپاش ئەوان ئینجا ئەو سەفەریە داماوانە کە بڕاون لە مالّو جێو شوێنی خۆیان کە ئەمانەش لەو چەرخەدا زۆر بوون بە تایبەتی بە هۆی کۆچ کردنیان لە مەککەوە بۆ مەدینە، ئا بەو لێزانی و حیکمەتە بەرزە ئیسلام دەستی بڕواداران ئەگرێو پلە پلە بەرزیان ئەکاتەوە لە چلّك و چەپەلّی ڕژدی و چروکی و چاوبرسیەتی، وە ئەیانپارێزێو ئەیان ڕازێنێتەوە بە دەست و دلّگوشادی و بەزەیی و میهرەبانی.

لەپاش فەرمان دان و هاندان لەسەر مالّ بەخت کردن لە ڕێی خوادا، ئینجا فەرمان و هاندان دێت لەسەر گیان بەخت کردن و فیداکاری بە سەرو بە گیان لە ڕێی خوادا، بێگومان جەنگ و کوشتارو گیان بەخت کردن زۆر سەخت و گرانە، بەلّام فەرزەو پێویست کراوە هەلّسان پێی، چونکە خێرو فەڕی زۆرە بۆ گەل و کۆمەلّی موسلّمانان و بۆ یەکەیەکەو بۆ هەموو ئادەمی بە تێکڕایی، وە بۆ هەق و ڕاستی و دادپەروەری، جا ئیسلام دان ئەنێ بەو سەختی و گرانیەدا، وە بێزاری دەرنابڕێ لە هەست کردنی موسلّمانان بەو سەختی و گرانیەو ناخۆشی و قورسیەکەی کە هەیە لە دەروونیاندا بەرامبەر جەنگ و کوشتار، چونکە ئیسلام دژی سروشت ناوەستێو فێڵی لێ ناکات،

كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢١٦﴾

لەبەر ئەوە ئەفەرموێ: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ﴾ نوسراوەو پێویستو فەرز کراوە لەسەرتان جەنگو کوشتار ﴿وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ﴾ وە ئەو جەنگو کوشتارەش بێزارو ناخۆشە بۆتان، واتە بە سروشت شتێکی گرانەو پێتان ناخۆشە.

هەرچۆنێ دان ئەنێ بە بێزاریو ناخۆشیەکەداو ئەوەشیان لێ ناگرێو بێزاری دەرنابڕێ لێیان لەسەر ئەوە، هەرچۆنێ ئاوا ئەکات هەروا لێیان ناگەڕێ بێتیمار کردنو سووک کردنی ئەو بێزاریو ناخۆشیە، بەڵکو بەگوێرەی لێزانیو کاردروستی خۆی نەسیمی نەرمو ناسکی ئومێد ئەدا بە دەروونو دەماخیاندا، ئەفەرموێ: ﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ وە بێگومان شتی وا هەیە کە ئێوە بێزارن لێیو پێتان ناخۆشە لە کاتێکدا کەئەوە چاکە بۆتانو سوود بەخشە ﴿وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ﴾ وە بەپاستی شتی وا هەیە کە ئێوە پێتان خۆشەو لەکاتێکدا ئەوە خراپەو زیاندارە بۆتان، بەڵێ بێگومان هەرچی خوا داوای کردووە لە ئێمە هەرچەند بە سروشت لەسەر شنمان قورسو گران بێت هەر ئەوە چاکە بۆمان، وە هەموو ئەوانە بە وێنەی دەرمانی تاڵو ناخۆشن کە پێمان ناخۆشەو کەچی ئەوە بۆمان دەرمانی دەردمانە، وە لەو بارەکەیشەوە هەرچی خوا جڵەوگیری ئێمەی لێ کردبێ هەرچەند ئێمە بە خۆشی دابنێنو ئارەزووی بکەین، ئەوانە هەموو بۆمان خراپەو زیانی هەیە، بەوێنەی ئەو خۆراکو خواردەمەنیانەی کە نەخۆش ئارەزوویان ئەکاتو کەچی وەک ژار وان بۆی، بۆ پڕوون کردنەوە با هەر تێکۆشانو جەنگو کوشتار بای بکەین، ئێمە بە قورسو گرانی سەیر ئەکەین، چونکە هۆی بێ ئارامیو تیاچوونی ماڵو گیانە، بەڵام هەڵسان پێی مایەی سەربەرزیە لە هەر دووجیهاندا، چونکە میللەت کە بەو جۆرە تێکۆشەرو فیداکار بوو لە ڕێی خوادا دوژمن زاڵ نابێت بەسەری داو ئەو حەلە گیانو ماڵو ناموسو خاکو وڵاتی پارێزراو ئەبێت، بەڵکو ئەم زاڵ ئەبێتو بەشدار ئەبێت لە خێرو بێری وڵاتی دوژمنیش دا... لەجیهاندا بەو جۆرە سەربەرزو بەهرەمەندە، وە بۆ ڕۆژی دواییش ئایەتەکانی قورئانو

فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) پاداشتو پاشە پۆژی بەرزو بڵندی دیاری کردوون، وە بە پێچەوانەی ئەوەوە دانیشتنو واز هێنان لەو تێکۆشانو جەنگو کوشتارە مایەی سەرشۆڕیو ژێر دەستەییو داگیر کردنی مافو ماڵو خاکو نیشتمانو ئاوارە کردنو کوشتنو بڕینو نەمانی هەموو ڕێزو پیرۆزیەکە، وەک بە چاو بینرا، کە بە تێکۆشانو فیداکاری کلیلی ژیانو جیهان کەوتە دەستی ئەم ئوممەتە، وە دەرگای هەموو خۆشیو خێرو بێری جیهانی لێ کرایەوە، وە بەدانیشتنو وازهێنانیش ئەو هەموو پەنەی بەسەر هات، بەجۆرێ هەموو شتی لێ داگیرکرا تەنانەت نەما بە خاوەنی قسەو ڕاو بیرو باوەڕی خۆشی چ جای هەرشتی تر وە بە هیچ کلۆجێ ڕزگارووونیشی نابێت هەتا دەست نەکاتەوە بەو تێکۆشانو فیداکاریە، وەک پێغەمبەریش (ﷺ) هەواڵی پێ داوین لە حەیسێکدا کە (ئیمامی ئەحمەد)و چەند کەسێکی تر ئەیهێنن: (اذا ترکتم الجهاد سلط الله علیکم ذلا لا ینزعه منکم حتی ترجعوا الی دینکم) کاتی وازتان هێنا لە تێکۆشان لە ڕێی خوادا، خوا ژێر دەستەییو سەرشۆڕیی زاڵ ئەکاتو ئەیدا بەسەرتانداو لە کۆڵتانی ناکاتەوە هەتا ئەگەڕێتەوە بۆ لای ئایینەکەتان: بەڕاستی ئەم حەدیسە زۆر سامناکەو پێویستە موسڵمانان زۆر بیری لێ بکەنەوە، چونکە لە دەقەکەیەوە وەرئەگیرێ کەوازهێنان لەوتێکۆشانە دەرچوونە لە ئایینو گەڕانەوە بۆی گەڕنەوەیە بۆ ئایین!

واز هێنانو دانیشتن سەرەنجامی ئەم جیهانەی ئەو هەموو زیانە بوو کە باسمان کرد، وە زیانی ئەو جیهانیشی دەرئەکەوێ لەو ئایەتو حەدیسانەی کە بە تونڈی هەڕەشەو جڵەوگیری ئەکەن لەو دانیشتنو وازهێنانە، بێگومان پەیڕەوی فەرمانی خوا لە هەرشتێ تردا هەر ئاوا سوود بەخشە لە هەردوو جیهاندا، وە سەرپێچی لە فەرمانی هەر ئاوا زیاندارو خراپە، کەواتە چاک هەر ئەوەیە کە لای خوا چاک بێت، وە خراپ ئەوەیە کە لای خوا خراپ بێت، چونکە هەر ئەمە ڕاستە کە ئەفەرموێ: ﴿وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ خوا ئەزانێ چی چاکە بۆتانو ئیوە نازانن... بەڵێ بڕوامان هەیە کە خوا ئەزانێو ئێمە نازانین، کەواتە با بەڕێکیو بەبێ سەرلێکردنەوە مل کەچ بین بۆ هەموو فەرمانو جڵەوگیریەکانی، ئینجا بە بۆنەی باسی پێویست کردنی جەنگو کوشتارەوە دێتە سەرباسی پرسیارێک کە کرا لە جەنگ کردن لە چوار مانگە بەڕێزو پیرۆزەکەدا کە جەنگ کردن تیایاندا قەدەغە بووە لە پێش هاتنی ئیسلام دا، وە هۆی ئەو پرسیارەش ئەوەیە کەلە چەند ڕیوایەتێکدا هاتووە، کە

پێغەمبەر (ﷺ) (عەبدوڵڵای کوڕی جەحشی) نارد لەگەڵ حەوت کەسدا کە هەموو لە کۆمەڵی کۆچ کەران بوون، ناردنی بۆ (بطن النخلة) لە بەینی مەککەو تائیفدا، وە نامەیەکی چەسپ کراوی پێداو فەرمووی: نەیکەیتەوە تا دووشەو تێپەڕ نەکات بەسەر ڕۆیشتنەکەتاندا، ئینجا کاتێ کردیەوە لە کاتی دیاریی کراودا ئەبینێ نووسیویەتی: کاتێ تەماشای نامەکەت کرد بڕۆ هەتا ئەگەیتە (بطن النخلة) لەوێدا چاو بگێڕەو هەواڵی قوڕەیش بزانە بۆمان... وە زۆر مەکە لە هیچ کام لە هاوەڵەکانت لەسەر ڕۆیشتن لەگەڵت، وە ئەم ڕووداوە پێش ڕووداوی جەنگی بەدری گەورە بوو، ئینجا (عەبدوڵڵا) تەماشای نامەکەی کردو ووتی: ئەوا بیسم و گوێڕایەڵم، وە ووتی بە هاوەڵەکانی هەرکەس لە ئێوە بەدوای شەهید بوون دا ئەگەڕێ ئەوا لەگەڵم بێت و هەرکام پێی ناخۆشە ئەوا بگەڕێتەوە، وە من ئەڕۆم فەرمانبەرم، ئینجا ڕۆیی و ئەوانیش هەموو لەگەڵی ڕۆیشتن و ڕێی حیجازیان دایە بەر هەتا هەندێ ڕێگەیان بڕی لەوێدا حوشترێکی (سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص)و (عوتبەی کوڕی غەزوان) ون بوو، بە هۆی ئەوەوە ئەو دوانە بە جێمان و بەدوای حوشترەکەدا ئەگەڕان و ئەو شەشەکەی تر ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە (بطن النخلة) لەوێدا کاروانێکی قوڕەیش تێپەڕی و شت و مەکی بارزگانی پێبوو، وە (عەمری کوڕی حەزرەمی)و سێ کەسی تری لەگەڵ بوو، عەمریان کوشت و دوانیان گرت و چوارەم لە دەستیان ڕای کردو کاروانەکەیان دەست کەوت، وە کە ئەوەیان کرد لایان وابوو کە ئەو ڕۆژە دواترین ڕۆژی مانگی جەمادی دووەمە، کەچی بە یەکەم ڕۆژی ڕەجەب دەرچوو، کە یەکێکە لە مانگە پیرۆزەکان کە جەنگی تیا قەدەغە بوو لەناو عەرەبەکاندا، وە ئیسلامیش ئەو ڕێزو قەدەغەیەی هەر هێشتەوە بۆ ئەو چوار مانگە (ذي القعدة، ذي الحجة، محرم، رجب)، ئینجا کاتێ گەڕانەوە بۆ مەدینە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموون: من فەرمانم پێنەدان بە جەنگ کردن لە مانگی بەڕێزدا، وە کاروان و دیلەکانی لێ وەرنەگرتن، ئینجا ئەو کۆمەڵە غەمو پەژارە دای گرتن و لایان وابوو کە تازە تیاچوون، وە موسڵمانەکان کەوتنە تانەو تەشەر لێ دنیان، وە قوڕەیش دەستیان کرد بە فیك و فاك و پڕوپاگەندە بە هەموو جۆر، وە پێغەمبەریان وا پیشان دا کەدەست درێژی کردو ڕێزی عەرەبەکانی شکاندو مافی پێشێل کردن، ئینجا بەو بۆنەیەوە ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە بەڕەرچی دانەوەو دەم کوتی کردن، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) دەست کەوت و دیلەکانی وەرگرت،

يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ ۖ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفْرٌۢ بِهِۦ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِ ۗ وَلَا يَزَالُونَ يُقَـٰتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ ٱسْتَطَـٰعُوا۟ ۚ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ

فەرمووی: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ﴾ ئەی پێغەمبەر پرسیارت لێ ئەکەن لە مانگی بەڕێز کە جەنگ تیای دا قەدەغە بووە ـ ئیتر ئەو پرسارکەرانە موسڵمانەکان بووبن یان بێبڕواکان ـ پرسیار ئەکەن لە ﴿قِتَالٍ فِيهِ﴾ لە جەنگ کردن تیای دا؟ لە وەڵامیاندا ﴿قُلْ﴾ بڵێ: ﴿قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ﴾ جەنگ کردن تیای دا گوناهێکی گەورەیە، بەڵام ﴿وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ ڕێ گرتن و بەربەرست کردنی خەڵکی لەڕێو ئایینی خوا ﴿وَكُفْرٌۢ بِهِۦ﴾ وە بڕوا نەهێنان بە خوا ﴿وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ﴾ وە ڕێ گرتن لەو مزگەوتە بەڕێزەی خوا ـ واتە کەعبەو دەوروبەری یان وەبڕوا نەهێنان پێی بەم ڕەنگە ڕێزیان شکاندو پەنایان نەهێشت، ﴿وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ﴾ وە دەرکردنی ئەهلی ئەو مزگەوتە لێی، ئەو هەموو تاوانە کە کراون لە لایەن بت پەرستەکانەوە ﴿أَكْبَرُ عِندَ ٱللَّهِ﴾ گوناهێکی گەورەترن بەلای خواوە لە جەنگو کوشتار کردن لەو مانگە پیرۆزانەدا، ﴿وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِ﴾ وە ئەو سزاو ئازاردانەی کە بت پەرستەکان کردیان بۆ لادانو وەرگەڕاندنی مەردوم لە ئایینی خوا گەورەترن لە کوشتن، واتە موسڵمانان پێش ئەوان دەستیان نەکردووە بە هیچ گوناهو کردەوەیەکی خراپ، بەڵکو بت پەرستو بێبڕواکان ئەو هەموو تاوانە گەورەیان کرد، وە بە درێژایی سیانزە ساڵ ئازارو سزای موسڵمانەکانیان دا بۆ ئەوەی لە ئایینی خوا وەریان گێڕنەوە، وە دەریان کردن لەو خاکی پاکی حەرەمە کە خوا کردی بە جێگەی ئارامیو ئاشتی، وە ڕێزی کەعبەو ئەو شوێنە پیرۆزەیان شکاند، کەواتە ئەو تاوانبارانە ڕێی دەم درێژیان نیە بە ڕەخنەگرتن لەو جەنگو کوشتنەی کە ئەو تاقمە موسڵمانە پێی هەڵسان بە هەڵەو نەیانزانی کاتەکە مانگی (ڕەجەب)ە، وە هەروەها موسڵمانەکانیش نابێ دڵگرانو دڵ شکستو نائومێد بن بەهۆی ئەو گوناهو کردەوەوە، چونکە بەرامبەر بەو هەموو تاوانەی ئەوان کردەوەکەی ئەمان هیچ

چاونادار زیانێکی وای نیە، وە ویستوویانە بەم زیانە سووکە بوەستن بەرامبەر ئەو هەموو زیانە گەورەو قورسەی ئەوان. ئەو پەخنەی کە ئەو بێبڕوایانە گرتیان وتەیەکی پاست بوو، بەڵام نیازو مەبەستەکەیان لارو ناڕاست بوو، ئەیانویست لە پەنای ئەوەدا موسڵمانەکان بەدناو بکەن و هەڵوێستیان ناشیرین بکەن لەناو خەڵکدا، وە بەدەست درێژی کەرو تاوانباریان دەرکەن، لەکاتێکدا کە خۆیان هیچ تاوانێ نەما نەیکەن سەبارەت بە پڕێز نەگرتن و پڕێز شکاندنی ئەو شتانەش کە بەلای خۆیەوە بە پڕێز داریان دانەنان.

لەپاش ئەو هەموو تاوان و دەست درێژیە، ئینجا نیازی بەدو دوژمنایەتی هەمیشەییان ئاشکرا ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمْ﴾ واتە کۆتابی نامێنن و بە هەمیشەیی دوژمنایەتی و جەنگتان لەگەڵ ئەکەن ﴿حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ﴾ بۆئەوەی وەرتان گێڕنەوە لە ئایینەکەتان ﴿إِنِ ٱسْتَطَٰعُوا۟﴾ ئەگەر بتوانن، بێگومان ئەو کۆڵنەدانە لە دوژمنایەتی و ئەو نیازە پیسە تایبەتی نیە هەر بەو کۆمەڵی یەکەم جارەوە، بەڵکو بۆ هەموو دوژمنەکانی ئەم ئایینەیە لە هەموو چەرخ و جینێکدا.

ئیسلام لە هەر خاکێکدا ببێ خۆی بە خۆی داخ و دەردو ترسە بۆ دوژمنەکانی، خۆی بەخۆی ئازار دەرو ترسێنەری دڵ و دەروونیانە، ئەوەند بەهێزو قایم و سامناکە هەموو ناڕاست و دەست درێژی کەرو خراپەکارێك بێی ئەترسێ و بیمی لێ ئەکات و خەشم و کینەی هەیە بۆی، جا لەبەرئەوە ئەوانە نایانەوێ و بە هەمیشەیی وان لە کەمینا بۆی، وە بۆ ئەوانە کە بڕوادارانە پێی.

خوای میهرەبان ئەوا هەواڵی پڕێك و پاستی دا بە بڕوادارانە، وە نیازو مەبەستی خراپی دوژمنانی خۆیان و ئایینەکەیانی بۆ دەرخستن، کەواتە با ئەمانیش وریا و چالاك و ئاینەکەی دووچاری بەد بەختی و نائومێدی دێت لە هەردوو جیهاندا، وە هاوسەرو هاوڕێی ئاگریش ئەبێت لە ڕۆژی دوایی دا، وەکو ئەفەرموێ: ﴿وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ﴾ وە هەرکەس - ئەی بڕواداران - بەدڵ وەرگەڕێتەوە لە ئایینەکەی، وە بە قسەی ئەوان هەڵخەڵەتێ، یان لە ترسی ئەوان لائەدا لە ئایینەکەی ﴿فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ﴾ ئینجا دوای ئەوە بمرێ بە بێبڕوایی، واتە پەشیمان نەبێتەوە و نەگەڕێتەوە بۆ ئیسلام،

فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢١٧﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ

﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ﴾ ئەوانە کردەوە چاکەکانیان کەلە کاتی موسڵمانێتی دا کردوونیان ـ هەر چەند گەورەو بەسوود بووبن ـ هەموو ئەو کردەوانە زایە ئەبن‌و بەبێ سەرو شوێن ئەڕۆن لەم جیهان‌و لە پۆژی دوایی دا.

لەم جیهانەدا بێ بەش ئەبن لەو هەموو فەڕو بەهرەیەکە بۆ کردەوەی بڕوادار هەیە، بەم ڕەنگە خوێن‌و مالّی حەڵاڵە، وە نیکاحی هەڵئەوەشێتەوە، وە نابێ یارمەتی‌و دۆستایەتی‌و خۆشەویستی بەکاربهێنرێ لەگەڵی، وە نابێ بە چاکە ناوببرێ، وە لە پۆژی دواییشدا هیچ ئەجرو پاداشتێکیان نیە، ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ وە ئەوانە هاوڕێ‌و هاوسەری ئاگرن، واتە نیشتەجێن لە ئاگری دۆزەخدا، ﴿هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ وە ئەوانە ئەمێننەوە لەو ئاگرەدا بە بێ‌دوا هاتن‌وبڕانەوە. خوا پەنامان بدات لێی، وەلەهۆی ئەوبەدبەختی‌و بەش بڕوایە- آمین-.

ئەو کەسەی کەلە ئیسلام هەڵگەڕێتەوە لەسەر ئەو بارە بمرێ بەش‌و چارە نووسی لە هەردوو جیهاندا بەو جۆرەیە کە ئایەتەکە باسی کرد، ئینجا ئەگەر بەو بارە نەمردو پێش مردن بگەڕێتەوە بۆ ئیسلام‌و بەباشی تەوبە بکات‌و لە سەر ئەم بارە بمرێ، بێگومان ئەو کەسە تۆبەکەی لێ وەرئەگرێ‌و سزاو سووتاندنی پۆژی دوایی لەو بارەیەوە لەسەر نامێنێ بەڵای زانایانی ئیسلامەوە بەبێ دووبەرەکی‌و خیلاف، بەڵام دووبەرەکی هەیە سەبارەت بە نوێژو پۆژوو کردەوە چاکەکانی حاڵی موسڵمانێتی پێش هەڵگەڕانەوەکەی: (ئیمامی شافیعی) لای وایە مادام ئەگەڕێتەوە‌و تەوبە ئەکات ئەو کردەوە چاکانەی زایە نابن‌و پێویست نیە لەسەری بیان گێڕێتەوە، وە (ئیمامی حەنەفی‌و مالیك) ئەفەرموون: هەموو زایەن‌و ئەبێ هەرچی فەرزەکانە بیانگێڕێتەوە، ئینجا بەرامبەر ئەوانەی کە وەرئەگەڕێنەوە لە ئیسلام، باسی بڕواداڕە خۆگرو تێکۆشەرەکان ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە ﴿وَٱلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ وە ئەوانەی کە کۆچیان کردووە‌و تێکۆشانیان کردووە لە ڕێی خوادا،

أُوْلَٰٓئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ ٱللَّهِ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢١٨﴾ ۞ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ

﴿أُوْلَٰٓئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ ٱللَّهِ ۚ﴾ ئەوانە هیواو ئومێدی ڕەحمەتی خواو پاداشتی خوایان هەیە کە بێگومان ئەو تاقمەی کە پێغەمبەر (ﷺ) ناردنی بە سەرۆکایەتی (عەبدوڵڵای کوڕی جەحش) بەری ئەم بەڵێنە ئەکەون سەردەستەن لێرەدا ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ وە خوا لێ بووردەی بەزەیی دارە.

ئینجا دێتە سەر باسی ئارەقو قومار، کە ئەم دوو شتە لەو چەرخەدا عەرەب زۆر بە سۆزو پەرۆشەوە سەریان تێکردبوون و هەمیشە ناویان بەسەر زوبانیانەوە بوو لە کۆڕو لە وتارو هەڵبەستیاندا، وە تا کاتی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە قورئان نەهاتبووە خوارەوە، نە بە قەدەغە کردن و نە بە ڕەوا دانیان.

ئەم ئایەتە یەکەم هەنگاوە بۆ قەدەغە کردنیان، چونکە دەری ئەبڕێ کە شەڕو خراپەیان زۆر تڕە لە سوودو چاکەیان، وە بێگومان هەر شتێکیش وابێ مافی قەدەغە کردنی هەیە، ئەفەرموێ: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ﴾ پرسیارت لێ ئەکەن لە ئارەقو قومار؟ واتە لە خواردەنەوەی ئارەقو یاری کردن لە قومار کە ئایا حەڵڵن یان حەرام؟ ﴿قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ﴾ لە وەڵام دا بڵێ: لە هەردووکیان دا هەیە گوناهێکی گەورە، چونکە لە چەند بارو ڕوویەکەوە زیانیان هەیە، وە گەورەیی گوناهیش بە پێی زۆری و گەورەیی زیانە، وە چەند سوودو قازانجیشیان تێدایە، ئینجا با هەندێ لە زیانەکانی هەردوو باس بکەین:

یەکەم: زیانی ئارەق خواردنەوە: لەبارەی لەش و تەندروستیەوە:

ا- گەدە تێک ئەدات و ئارەزووی خۆراک کەم ئەکاتەوە یان نایهێڵێ.

ب- چاو زاق و دەرقەڕیوو ناشیرین ئەکات.

ت- سك گەورە ئەكات.

پ- ڕەنگ تێك ئەدات و ئەیشێوێنێ و دێزی ئەكات.

ج- مایەی نەخۆشی جگەرو گورچیلە و زۆربوونی سیلە.

ح- بەزوویی پیری ئەهێنێ، تا ڕادەیەك هەندێ لە پزیشكەكانی ئەڵمان ئەڵێن: تەمەنی چل ساڵەوە وەك شەست ساڵە لێ ئەكات.

خ- چەرخەو گەڕانی خوێن سست ئەكات تا ڕادەیەك گەڵی جار ئەیوەستێنێ و تا لە پڕێكدا كابرا ئەمرێ.

د- هەڵەوێ و پیو لەدڵدا فەراهەم ئەهێنێ تا لە ئیشی ئەخات و لەناكاودا كابرا ئەمرێ، وە هەروەها چەند نەخۆشی تر وەك باس كراون لە كتێبەكانی تەندروستی دا.

هەندێ لە پزیشكەكان ئەڵێن: ئەگەر نیوەی ئارەق خانەكان دابخرێن پێویستی نامێنێ بە نیوەی نەخۆش خانەكان!

دووەم: زیانی بۆ هۆش و فام و ژیریی كە ئاشكرایە ئەو هێزانە بێ هێزو لاواز ئەكات تا ڕادەیەك زۆر لەوانەی كە سەریان كردووەتە خواردنەوەی سەریان لە شێتیەوە دەرچووە.

سێیەم: زیانی ماڵی كە ئاشكرایە گەلێ كەسی مووچە خۆری منداڵ دار دائەپزێنێ و بە ژێر قەرزەوە ئەنالێنێ ماڵ و منداڵی بە ڕەش و ڕووتی ئەژین و كابرای ئارەق خۆر بە لاتی و هەرزاری ئەمرێ.

چوارەم: زیانی بۆ ناو گەل و كۆمەڵایەتی:

ا- شەڕو لێدان و ئاژاوەی زۆرو زەبەندە فەراهەم دێت لەناو ئارەق خۆرەكاندا تا ئەگاتە كوشتن، وەك چەند جار ئەوانە ڕوویان داوەو بینراون.

ب- سووكی و ڕیسوایییەك كە دێت بەسەر سەرخۆشەكان تا ڕادەیەك ئەڕشێتەوە و خۆی پیس ئەكات و منداڵ ئەكەوونە شوێنی بە فیكەو چەپڵە ڕێزان.

ت- ئەوانەی کە سەر ئەکەنە ئەو شتە پیسە تەمەڵو تەوەزەل ئەبنو کەڵکی هیچ ئیشو کارێکی وایان نامێنێ.

پێنجەم: زیانی دەروونی: بەم پەنگە هەر قسەو مەبەستێکی دەروونی لا بێت دەری ئەبڕێ کە زیانی ئەوەش زۆر گەورەیە، بە تایبەتی لەلایەن ئەوانە کە کاروباری پامیاری وڵاتو شتی نهێنی لەشکرو عەسکەریان لایە.

شەشەم: زیانی ئایینی:

ا- ئەوانەی کە سەرئەکەنە ئارەق خواردن، بێجگە لە گوناهی ئارەق خواردنەکە سەرناپێچنەوە لە شەڕواڵ پیسیو هەر گوناهو تاوانێ تر کە ئارەزووی بکەنو بۆیان ڕێك بکەوێ.

ب- دوورئەکەونەوە لەیادی خواوخواپەرستی، وە هیچ خواپەرستیەکیان بەڕێکی بۆ ناکرێ بە تایبەتی نوێژ کە کۆمەڵەکەی ئایینە، بە کورتی ئەوەبوو زیانی ئارەق خواردن.

ئینجا با هەندێ زیانی قومار کردنیش باس بکەین:

ا- دوژمنایەتیو ڕقو کینە فەراهەم ئەهێنێ بەزۆری لە بەینی قومارچیەکاندا، تا ڕادەیەك ئەگاتە سەرشکانو زامدار کردنو کوشتنیش.

ب- بەرگری ئەکات لە یادی خواو خواپەرستی.

ت- ئەوانەی کە سەر ئەکەنە قومارکردن فێری تەمەڵیو تەوەزەڵی ئەبنو دوور ئەکەونەوە لە ئیشو کارو کەسایەتی پاکو حەڵاڵ، وە چاو ئەبڕنە ئەو کەسبو کردەوە پیسەو بەوە خۆیان ئەژیەنن کە ئەوەش بە زیانی خۆیو گەلیش تەواو ئەبێ.

پ- زۆر جار ئەبێتە هۆی نەمانی سەروەتو سامان لە کوتوپڕێکدا وەك چەند جار بینراوە کە کابرایەکی زۆر بە دەسەڵات ماڵو سامانێکی زۆر فراوان بەجێ ئەهێڵێ بۆ کوپڕێکی

قومارچی که بەماوەیەکی زۆر کەم هەمووی لێ ئەبەنەوەو ئینجا بە لاتی و نابووتی لەسەر کۆمەڵانەکاندا ئەکەوێ، ئینجا با هەندێ لەسوودو قازانجیشیان باس بکەین:

یەکەم: ئارەق:

١- بارزگانی و دەسکەوتنی سەرمایە.

٢- لابردنی داخ و غەم و پەژارە لەکاتی سەرخۆشی دا، هەرچەند لەپاش هۆش کردنەوە زۆر بە زیادەوە داخ و غەمەکە دێتەوە.

٣- پەیدا بوونی غیرەت و ئازایی و چالاکی، کە ئەوە گەورەترین سوودی بوو بەلای عەرەبەکانی ئەو سەردەم و چەرخە پێشووەوە، بەڵام بۆ ئێستا زیانی هەیە بۆ کاتی جەنگ و کوشتار، چونکە جەنگی ئەمڕۆ زۆر وردی و هۆش و ژیریی ئەوێ، وەك ئەوسا نیە بە شەڕە شیرو پەلاماردان بکرێ.

٤- سەخاوەت و دەست گوشادی، بەجۆرێ کابرای سەرخۆش لە کاتی سەرخۆشیەکەیدا هیچ بە خەیاڵیدا نایەت هەموو ماڵەکەی ببەخشێت و بیدا بە خەڵکی، بەڵام ئەوەش هەر زیانی زۆر تڕە لە قازانجی، بە تایبەتی بۆ ئەم چەرخە کە هەر بە فیڕۆ بێجێ ماڵ ئەڕوا، وە زۆرتر دەستی پیاوخراپ و بێگانە ئەکەوێ...

دووەم: ئینجا سوودو قازانجەکانی قومار:

١- ڕابواردن و داخ و مەراق لە دڵ دەرکردن لەو ماوەیەدا کە خەریکن بەو یاریەوەو هۆشیان بە لای شتی ترەوە نامێنێ.

٢- خۆشی و کەشخەو شادمانی ئەو کەسەی کە ئەیباتەوە.

٣- دەست کەوتنی ماڵ و سامان بەبێ ئەرك و مەینەت.

٤- دەست گیرۆیی و بووژانەوەی هەژار لە هەندێ کاتدا، ئەوەش لە جۆرێ لە قوماردا کە پێی ئەوترێ: (یا نصیب).

ئارەق و قومار ئەم ئەندازە سوودو قازانجەیان هەیە، بەڵام ﴿وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا﴾ گوناهو خراپەیان گەورەترە لە سوودو چاکەیان، وەك بۆمان دەرکەوت لەو ئەندازە لێکۆڵینەوەو بەراوردی ئێرەدا، وە هەتا جیهان بەرەو زانیاری و پێشکەوتن بڕوا زیانی ئەم دووانە زۆر تر دەردەکەوێ و ئاشکرا ئەبن، جا لەبەرئەوە چەند ساڵە لە وڵاتە بێگانەکاندا هەوڵ ئەدەن و لیژنە پێك ئەهێنن و پارەو ماڵ بەخت ئەکەن لە ڕێی نەهێشتن و بەربەست کردنی ئەم دوو شتە پیسەدا، بەڵام شوێنکەوتنی هەواو ئارەزووی نەفس لەلایەن زۆربەوە ڕێگرەو نایەڵێ ئەو هەنگاوە پیرۆزە سەرکەوێ و زاڵ ببێ، زۆر بە داخەوە، بێگومان بەرگری زیان گرنگ ترو لەپێش ترە لە ڕاکێشانی سوودو قازانج، کەواتە هەر ئەم ئایەتە نیشانەیە لەسەر قەدەغەو حەرامی ئەم دووانە، بەڵام دیمەن و شێوەی ئایەتەکە بە ڕوونی ئەو قەدەغەیە نیشان نادات، لەبەرئەوە هەرکام لە یارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی لێ وەرگرت هەر بەم ئایەتە کۆتایی پێهێنا، وە هەندێ کەس وانەبوو کۆتایی نەهێنا، وە هەندێ دوودڵ بوون وەك (عومەری فاروق) –خوا لێی ڕازی بێ– کە داوای کرد لە خوا باس و بڕیارێکی ڕوون و ڕەوان بنێرێ تالەپاشدائایەتی﴿مائدة﴾ هاتەخوارەوەو بەتەواوی و بە ڕوونی قەدەغەی کردن.

خوای لێزانی کار دروست لە ناردنی ئەم ئایین و شەریعەتەدا ئەوپەڕی میهرەبانی بەکارهێنا، بەم ڕەنگە لە ڕێوەو بە یەك جار هەمووی نەنارد، بەڵکو بە هێواش و بەرەبەرە تا باری ئەو یەکەم کۆمەڵو تاقمە قورس و گران نەکات کە زۆر دوور کەوتبوونەوە لە ئایینی خواو بە چەند چەرخ باوك و باپیرەیشیان لە بێئاییندی و نەفامیدا ژیابوون، بەرەبەرە ئایینەکەی نارد تا ڕامیان بکات و پێیان بگەیەنێ تا ئامادە ئەبن بۆ هەڵگرتن و گرتنە گەردنی هەموو ئایین و شەریعەتەکە، وە لەبەرئەوەی عەقیدەو باوەڕ بنەڕەتەو بەبێ ئەوە کۆشکی ئیسلام دروست ناکرێ لە یەکەم جارەوە دەستی کرد بە داڕشتنی عەقیدەو بڕوا، وە هەر فەرمان و جڵەوگیرییەك پەیوەندی بەو بنەڕەتەوە بوو بە ڕێکی و بە ڕوونی و بێپێچ و پەنا ناردی و بڕیاری لەسەر دان، ئینجا فەرمانی دا بە هەر خوو ڕەوشتێك کە بنەڕەتی مرۆڤایەتیەو بەرهەمی عەقیدەو بڕوایە، وە جڵەوگیری کرد لە هەر خوو ڕەوشت و کردەوەیەك کە دژی مرۆڤایەتی و عەقیدەو بڕوای ئیسلامە، وە شتەکانی تری دواخست، وە بە تایبەتی ئەو شتانەی کە پەیوەندییان هەر بە باوو عادەتەوە هەبوو، وە خوویان پێوە گیرابوو یان

بەرژەوەندیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتییان تیا بوو، ئەم جۆرە شتانەی دواخست و پەلەی تیا نەکردن تا مەردوم دەقیان گرت بە گوێڕایەڵی و فەرمانبەری خواو پێغەمبەرەوە (ﷺ) ئەو حەلە بەرە بەرە بڕیاری بۆ ئەوانەش دەرکرد، چونکە کۆتایی هێنان لەو شتانەی کە دەق و خووی پێوە گیرابێ، وە دەست هەڵگرتن لەو شتانەی کە بەرژەوەندی مەردومی تیابێت زۆر سەخت و زەحمەتە ئەبێ ئاوا هێواش و بەرەبەرە بێت، وە بەو جۆرە ئەم ئایین و شەریعەتە گشتی و جیهانیەی ناردە خوارەوەو چەسپاندی، جا هەندێ لەو شتانەی کە دوای خستن ئارەق و قومار بوو کە ئەم دووانە کرابوون بە خوو رەوشتێکی پاست و ڕەوا، وە ئەو قازانج و بەرژەوەندیانەشیان تیابوو، لەبەرئەوە بە چەند هەنگاوێك قەدەغە کران، قومار کە واز لێ هێنانی ئاسانتر بوو قەدەغەکەی بە دوو ئایەت تەواو کرد:

یەکەم: بەم ئایەتەی ئێرە کە دەست نیشانی کرد بۆ ئەوەی کە گوناهێکی گەورەی تیایەو زیان و خراپەی زۆرترە لە سوودو چاکەی کە بەوە دڵی بڕوادار لێی بێزار ئەبێت، ئینجا دووەم: بە ئایەتی ﴿مائدة﴾ کە لە سەرەتاکەیەوە شەڕو خراپەی بە تەواوی ئاشکرا کرد، ئینجا قەدەغە کردنەکەی هێنا بە دوایدا بە جۆرێ هیچ ڕێگەی نەهێشتەوە بۆ گومان و دوودڵی، بەڵام ئارەق کە زۆر زاڵو بەهێز ترە لە دەروونی بخۆرەکەیدا بە سێ ئایەت قەدەغە کرا، بەڵکو بە چوار ئایەت:

١- یەکەم: ئایەتی سوورەتی ﴿النحل﴾ کە مەککەییە: ﴿تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا﴾ فەراهەم ئەهێنن لە بەرو میوەی خورماو تریێ شتی مەست کەرو پۆزییەکی چاك، واتە ئەوەی کە مەست کەرە پۆزییەکی چاك نیە، کەواتە ئەوە دەست نیشانە بۆ قەدەغە کردنی.

٢- ئەم ئایەتی ئێرە وەك باسمان کرد.

٣- ئایەتی سوورەتی ﴿النساء﴾: ﴿لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَىٰ﴾ نزیکی نوێژ مەکەونەوە لە کاتێکدا کە ئێوە مەست و سەرخۆش بن، بێگومان ئەم ئایەتە بەهێزترە بۆ قەدەغە کردن لەم ئایەتی ئێرە، چونکە بە ڕوونی و بە ئاشکرا جڵەوگیرییەکەی لێ ئەکات، نەك وەك ئەم کە دەست نیشانی تیایەو قەدەغەکەی ڕوون ناکاتەوە، بەڵام ئەوەندەی تیا ئەهێڵێتەوە کە بە تەواوی جڵەوگیریەکەی لێ ناکات بۆ هەموو کات، بەڵکو هەر بۆ کاتی نوێژەکان جڵەوگیری ئەکات، بەڵام دەست نیشانی تیایە بۆ هەموو کات و ئەیگەیەنێ، چونکە لە شەوو ڕۆژدا کابرای ئارق خۆر پێویستی بە خەوو خواردن و ئیش و کاری

ژیان هەیە کە ئەمانە زۆربەی کاتەکان داگیر ئەکەن، ئینجا پێویستە لەسەری بۆ هەموو نوێژێك ماوەیەکی زۆر دوور بێت لە ئارەق خواردن تا سەرخۆشی نەمێنێ بۆ کاتی نوێژەکانی، دەی بەم جۆرە هیچ ماوەیەك نامێنێو کاتێکی پڕێکی دەست ناکەوێت بۆ خواردنەوەی ئارەقەکەی، کەواتە بەم ئایەتە پڕێی لێ بڕینەوەو ئامادەی کردن بۆ کۆتایی هێنانی بە یەکجاری بە ئایەتی سوورەتی ﴿مائدة﴾ کردی: ﴿إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ کە بە یارمەتی خوا لە شوێنەکەی خۆیدا تەفسیری ئەکەینەوەو بە جوانی پوونی ئەکەینەوە.

یەکێ تر لەو شتانەی کە قەدەغە کردنی دواخستو بەڵکو هەر لێ گەڕا تا خۆی بۆ خۆی نامێنێ، بریتیە لە بەندەیی.

مەسەلەی بەندەیی هەرچەند لە چەند سوورەتی تردا لێی دواین کە خوا وای پێکخست لە پێش ئەم سوورەتەدا تەفسیری ئەو سوورەتانەمان کرد، هەرچەند لێی دواین لەمەوپێش، بەڵام بە جوانی ئەزانم لێرەش هەندێ لێی بدوێین، چونکە جێگەی قسەو باسە لای نەفامو نەشارەزا!

شتێکی ئاشکرایە وەك پڕۆژی پووناك کە ئیسلام بەندەیی دانەهێناوە، بەڵکو لە پێش ئیسلامدا بە سەدەها چەرخو کات بەندەیی داهاتووە لە هەموو جیهاندا لەسەر ناشیرین ترین شێوەو لەبەر بێنرخ ترین هۆ، بەبێ ئەوەی لە هیچ لایەکەوە لە پڕێمە ئەرزیەکاندا هیچ بێزاریو پەخنەیەکی لێ بگیرێ، بەڵکو زۆر بە پاستو پەوا سەیر کراوە لە ناو هەموو گەلو حیزبەکاندا، تا وای لێ هات گەڕا بە پێویستییەك لە پێویستیەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتی، وە بێگومان گۆڕینی شتی واو قەدەغە کردنی هەر وا بە ئاسانی ناگونجێت، بەڵکو بەبێ یەك کەوتنو یەکێتیەکی گشتیو جیهانی ناگونجێو دەست نادات، جا لەبەرئەوە ئیسلام لێی گەڕاو قەدەغە کردنی بە یەکجاری دواخست تا شتەکە خۆی بۆ خۆی نامێنێو هەموو جیهان تێئەگەن لە ناڕەواییو ناڕاستی یاسای بەندەیی، بەڵام وەك یەکسەرو لە پڕێوە قەدەغەی نەکرد، هەروەهایش لێی نەگەڕا کە لەسەر بارو شێوەی ناڕەوای خۆی بڕوا، بەڵکو هەر لە یەکەم جارەوەو لە سەرەتای هاتنیەوە کەوتنە هەوڵو تێکۆشان بۆ بەرگری کردنو نەهێشتنی بەم جۆرو شێوەیە:

یەکەم: کەوتە تەمێو ئامۆژگاریو فەرماندان بە ئازادکردنی بەندە، وە ئازادکردنی بەندەی گێڕا بە کردەوەیەك لە کردەوە چاکەکان کە خوا پەرستی پێبکرێت و ئەجرو پاداشتی پێوەرگرێ لای خوا.

دووەم: ئازادکردنی بەندەی گێڕا بە کەفارەتی چەند گوناهێك.

سێیەم: فەرمانی دا بە یەکسان کردنی بەندە لەگەڵ خاوەنەکەی لە خۆراك و پۆشاکدا، وە قەدەغەی کرد کە ئیش و کاری قورس و گران بدرێت بە سەریاندا، وە داوای کرد لە خاوەنەکان کە یارمەتیان بدەن لە ئیش و کاری قورس و گراندا.

چوارەم: هەموو سەرچاوەکانی بەندەیی وشك و قەدەغە کرد، تەنها یەك هۆو سەرچاوەی هێشتەوە، کە ئەوەش ئەمەیە: جەنگ بەرپا ببێ لە نێوان ئیسلام و دوژمنی ئیسلامدا، وە لەو جەنگەدا دوژمن بە دیل دەست کەوێت، وە ڕەوای دا کە هەندێ لەو دیلانە بکرێن بە بەندە بەرامبەر کردەوەی دوژمن کە دیلی ئەمی کرد بە بەندەو بەندی ئەکرد بە ناشیرین ترین بارو شێوە، وە با بزانرێ کە هیچ ئایەتێکی قورئان فەرمانی نەداوە بە گێڕانی دیل بە بەندە، بەڵکو فەرمووی: ﴿فَشُدُّوا۟ ٱلْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّۢا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَآءً﴾ بەدیل بیانگرن، ئینجا پاش ئەوە یان بە پیاوەتی و بە خۆڕایی بەرەڵایان بکەن، یان لە بریتیدا، لە بریتی بەرەڵاکردنی دیلی موسڵمانەکان، یان بریتی مادّو سمان، بەم ڕەنگە پێیان بفرۆشن، وە هەروەها با بزانرێ کە بڕیاری بەندەی پێخراوەتە دەست کاربەدەستی موسڵمان کە ڕێی هەیە بێجگە لەو دوو بارەی کە لە ئایەتەکەدایە، ئەم باری سێیەمەش بەکاربێنێ بەپێی داخوازی بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانان، وە ئاشکرایە کە ڕەوادانی ئەم باری سێیەمە لە لایەن ئیسلامەوە لەبەرئەوەیە کە دوژمن دیلی ئەمی کرد بە بەندە بەبێ سەر لێ کردنەوە، کەواتە تا ئەو بەو جۆرە ڕەفتار بکات پێویستە ئەمیش ئەوە ڕەوا بدات، وە زۆر ناڕاستو ناڕێکە ئەو دیلی ئەم بکات بە بەندەو ئەم نەیکات، وە ئەگەر هاتو کەوتە سەر ڕێی ڕاستو بەندەیی نەهێشت، بێگومان ئیسلام زۆر بەسۆزو بە پەرۆشەوە ئەچێت بە پیری ئەو بڕیاری نەهێشتنەوەو هەرگیز ڕەوا بەندەیی نادات و هەر بە پێی ئایەتەکە ڕەفتار ئەکات کە یاسایەکە دەست نادات بۆ گۆڕانو دەست تێخستن، وە دواترین بڕیاری جیهان هاتە سەر ئەو بڕیاری قورئانە کە هەزارو چوارسەد ساڵ لەمەوبەر بڕیاری دا!!

پێنجەم: بڕیاری (مکاتبە)ی دا، واتە هەرکات بەندە ئارەزووی کرد خۆی بکرێ لە خاوەنەکەی لەسەر هەر ئەنداز مادّ کە ڕێك بکەون لەسەری.

شەشەم: یەك لەسەر هەشتی زەکاتی هەموو موسڵمانانی تەرخان کرد بۆ کڕین و ئازادکردنی بەندە کە شتێکی ئاشکرایە تەنیا ئەم ئەندازە بەس بوو بۆ نەمانی بەندە لەناو موسڵماناندا، چونکە خاوەن بەندە پەڵپی بگرتایە جێبەجێ ئەکرا لەبەر زۆریی و فراوانی ئەو ئەندازەی کە خوا دیاری کردووە بۆ ئەو مەبەستە!!

ئیسلام هات و بەو جۆرە چارەسەری دانا بۆ هەموو گرێ و گۆتاڵی ژیان و جیهان، ئینجا ئەگەر کەسێك ئەڵێ: پاستە ئەمەی کە گوترا سەبارەت بە بەندە، ئایا بۆچی بەندەیی لەناو موسڵمانەکاندا مایەوە و بە زۆرو فراوانی بەندە هەبوو لەناو گەلی موسڵماندا؟ لە وەڵام دا ئەڵێین: ئێمە باسی ئیسلام ئەکەین و ئەڵێین ئیسلام بێگەردو بێ لەکەیە لە هەر شتێکی خراپ و کۆکەرەوەی هەموو چاکەیەکە و چارەسەرە بۆ هەر گرێ و گۆتاڵێ لە جیهاندا، وە هەر کاروبارێکی ناڕاست و ناڕەوا کەبووبێ لەناو موسڵمانەکاندا سووچی ئیسلام نیە و بەهیچ ڕەنگ ڕووناکاتە ئیسلام، بەڵکو سووچی ئەو موسڵمان و کاربەدەستانەیە کە لایانداوە لە ڕێگە پاستەکەی ئیسلام و دوور کەوتوونەتەوە لە فەرمان و مەبەست و ئامانجی ئیسلام، وە هەرکەس داوای گەڕانەوە ئەکات بۆ ئیسلام، نایەوێ و داوای گەڕانەوە ناکات بۆلای ئەو کاربەدەست و موسڵمانە ترازوو لادەرانە، وە نایەوێ کردەوە ناڕەواکانی ئەوان بکات بە سەرمەشق، بەڵکو ئەبەوێ و داوای گەڕانەوە ئەکات بۆلای قورئان و فەرمان و ڕەوشتی پاکی پێغەمبەر (ﷺ)، وە بۆلای ڕەفتارو کردەوەی ئەو کاربەدەستە موسڵمانانەی کە نوێنەری پاستەقینەی ئیسلام بوون و بوون بە ئاوێنەیەکی باڵانما بۆ قورئان و ڕەوشتی پێغەمبەر(ﷺ)، کەواتە هەرکەس ژیرو تێگەیشتوو بێت هەرگیز ئەو جۆرە ڕەخنانە ناگرێ، وە بەپاستی ئەو ڕەخنانەیان لە نەفامیەوە دێت یان لەنیازو مەبەستێکی بۆگەن و پیسەوە، ئەگینا بۆچی ڕەخنەئەگرن بەکردەوەی ئەو ترازوو لادەرانە، وە بۆچی ئاوڕێ نادەنەوە بۆلای ئەو هەموو کردەوە گەورەو گرنگانەی کە کاربەدەست و نوێنەرە پاستەقینەکانی ئیسلام پێی هەڵسان بەبێ گرێ و گیروگرفت، کە هەرکام لەو کردەوەو ڕەفتارانە وەك ئەستێرەی بەرە بەیان ئەدرەوشێتەوە بە ئاسمانی جیهان و مرۆڤایەتیەوە و هەموو ژیرو فەیلەسووفێك سەرگەردانە تیایدا!!

ئینجا یەکێ تر لەپیرۆباوەڕەکانی ئیسلام دەربڕەخات لەوڵامی پرسیارێك لە پرسیارەکانی موسڵمانەکاندا، موسڵمانەکان لە یەکەم جارەوە پرسیاریان کرد ئایا لە چ جۆرەماڵێکیان شت بدەن لە ڕێی خوادا؟ وەڵامیان درایەوە بەو جۆرەی کەلە ئایەتی پێشوودا باس کرا، ئینجا لێرەدا پرسیارەکەیان لە ئەندازەکەیەتی، ئەفەرموێ: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ﴾ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پرسیارت لێ ئەکات ئایا چی بدەن و چی بەخت بکەن لەڕێی خوادا، واتە نازانین چەندی لێ بدەین؟ ﴿قُلِ ٱلْعَفْوَ﴾ لە وەڵام دا بڵێ: ئەوەی کە زیادە لە ئەرکی خۆتان و سووك و ئاسانە لە سەرتان و ناڕەحەتتان ناکات، ئینجا ئایا ئەم بەخت کردنەی کە لێرەدا داواکراوە بە شێوەی پێویست کردنە، واتە واجب، یان بە شێوەی ئارەزووە، واتە سوننەت؟ وە ئەگەر واجب بوبێ، ئایا مەبەست بەمەش هەر زەکاتە یا سەرڕاوەتەوە بە ئایەتی زەکات؟ زانایان لەمەدا دووبەرەکین، وە ئەوەی کە باشتر لەدڵدا ئەچەسپێ و دڵ پێی بە ئارام تڕە ئەمەیە: ئەم فەرمانە لە یەکەمجارەوە هەرچۆن هاتبێ نەسەرڕاوەتەوە و هەر هەیەو ئەمێنێتەوە بە شێوەی سوننەت، وە لە هەندێ جارو کاتدا واجب و پێویستە لەگەڵ زەکاتدا، وەك بەڕوونی دەرئەکەوێ لەم حەدیسەوە کە ئیمامی (جصاص) هێناویەتی لەکتێبی (أحكام القرآن)دا کە (فاتمەی کچی قەیس) لە پێغەمبەر (ﷺ) ئەیهێنێ کە فەرموویەتی: (في المال حق سوى الزكاة) لەماڵ و لەدارایی دا مافێکی تر هەیە بێجگە لە زەکات، مافێکی وایە کە خاوەن ماڵ خۆی بە ئارەزووی خۆی ئەیدا لە ڕێی خوادا کە دیارە ئەوە زۆر چاکترە، وە ئەگەر خۆی نەیدا ئەوا ئەو میریەی کە ڕەفتار بە شەریعەتی خوا ئەکات لێ ئەسێنێ لە کاتی پێویست دا، وە ئەگەر سەرپێچی کرد بە زۆر ئەبێ لێی بسێنێ، تا ئەو ماڵە بە فیڕۆ سەرف نەکرێ، یان بەبێ سوود تەپە نەدرێ و کۆنەکرێتەوە بەبێ سوودو بەرهەم، ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْآيَـٰتِ﴾ ئا بەو جۆرە خوا بەڕوونی باسی ئایەتەکانتان بۆ ئەکات،

لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١٩﴾ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْآخِرَةِ ۗ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْيَتَٰمَىٰ ۖ قُلْ إِصْلَاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ ۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَٰنُكُمْ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ ٱلْمُفْسِدَ مِنَ ٱلْمُصْلِحِ ۚ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعْنَتَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٢٠﴾

﴿لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ *فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْآخِرَةِ﴾ بۆئەوەی تێفکرێن‌و بیربکەنەوە لە کارو باری جیهان‌و ڕۆژی دوایی، ئینجا هەرچی چاکترە بۆتان ئەوە بگرن‌و دوور کەونەوە‌و دەست بەرداری هەر شتێ تر بن کە زیانی هەیە بۆتان، یا زیانی زۆرترە لە قازانجی، بێگومان یاسایەك لە یاساکانی کۆمەڵاتی لە ئیسلام دا ئەمەیە کە ناوبراوە بە (التكافل الإجتماعي) واتە پێویستە لەسەر گەل چارەسەر کردنی هەر لاوازو داماوو پەك کەوتوویەك، جا هەتیو کە باوکی نیەو منداڵ‌و لاوازە شایان ترە بە چاودێری‌و سەرپەرشتی، چاودێری‌و سەرپەرشتی خۆیان‌و ماڵیان، ئینجا ڕێك ئەکەوت کە کاربەدەستی هەتیو خۆراك‌و ماڵی هەتیوەکەی تێکەڵی خۆراك‌و ماڵی خۆی ئەکرد کڕین‌و فرۆشتن‌و بازرگانی تیا ئەکرد، وە هەندێ جار تێ ئەشکا‌و زەرەری ئەکرد، لەبەرئەوە ئایەت هاتە خوارەوە، هەڕەشەی کرد لەوانەی کە ماڵی هەتیو ئەخۆن، ئینجا بەهۆی ئەوەوە ئەوانەی کە زۆر لە خوا ترس بوون دوورکەوتنەوە لەوە، بەجۆرێ وائەبوو خۆراکیان ئەدا لە هەتیوەکان ئەگەر شتێکیان لێ بمایەتەوە لێی ئەگەڕان هەتا جارێ تر هەتیوەکە ئەی خوارد یا هەر ئەمایەوە تا زایە ئەبوو تووڕ ئەدرا: وە بێگومان ئەو جۆرە توندو تیژییە لە ئیسلام دا نیە، بێجگە لەوە کە ئەوە کردەوە زۆر جار بە زیانی هەتیوەکە تەواو ئەبوو، جا لەبەرئەوەی کە دامابوون لە مەسەلەی هەتیوەدا پرسیاریان لە پێغەمبەر (ﷺ) ئەکرد کە چۆن بن‌و چی بکەن دەربارەی هەتیو؟ ئینجا خوا باسی پرسیارەکەی ئەوانی کردو ئەوەی کە ڕێك بێت‌و بەرژەوەندی تیا بێت بۆی دیاری کردن، ئەفەرموێ: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْيَتَٰمَىٰ﴾ پرسیارت لێ ئەکەن لە بارەی هەتیوەکانەوە کە چۆن هەڵسن بە کارو باریان؟ ﴿قُلْ إِصْلَاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ﴾ بڵێ پێیان: خەریك بوون لەگەڵیان بە جۆرێ کە

بەرژەوەندیو چاك كردنی تیابێت بۆ خۆیان‌و ماڵیان، ئەوە چاكە تا ئەوەی لێیان نەپرسنەوەو كەنارگیر بن لێیان ﴿وَإِن تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ﴾ وە ئەگەر ئێوە تێكەڵییان بكەن لە ئاوو نان‌و جێ‌و شوێن‌و دەست‌و پێوەندیدا بەو جۆرەی كە بەرژەوەندی ئەوانی تێدا بێت ئەوە شتێكی چاك‌و شایستە ئەكەن، چونكە ئەوانە براتانن لە ئایینداً ﴿وَاللَّهُ يَعْلَمُ الْمُفْسِدَ مِنَ الْمُصْلِحِ﴾ وە ئەزانێ‌و ئاگادارە بەخراپە كەری تێك دەرو چاكەكاری چاك كەر، وە هەركام لەو دووانە جیاكەكاتەوە لە یەكترو هەركام بەپێی نیازو كردەوەی خۆی پەفتاری لەگەڵ ئەكات، واتە خوا ئاگادارە بەو كەسەی كە نیازی خراپی هەیە لە خەریك بوون‌و تێكەڵی هەتیوودا، وەك ئاگادارە بەو كەسەی كە نیازی چاك‌و پاكی هەیە لەوەدا، كەواتە با بەد نیازو بەدكردار بترسێ لە هەڕەشەو تۆڵەی خوا، وە با نیاز پاك‌و پاك كرداریش بە ئومێدو موژدەبەخش بێت بە بەڵێنی خوا، خوای گەورە میهرەبانی بەكارهێنا كە بەو جۆرە پێی تێكەڵی‌و سەرپەرشتی هەتیوو ماڵی هەتیویدا، وەك دەست نیشان ئەكات كە ئەفەرموێ: ﴿وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَأَعْنَتَكُمْ﴾ ئەگەر خوا بیوستایە ئەیخستنە زەحمەت‌و تەنگەتاوی ئەكردن، بەم پەنگە پێی نەئەدان تێكەڵیان بكەن، وە پەوای نەئەدا خواردنی ماڵیان بەو جۆرەی كە باس كرا، ئەگەر بیویستایە ئەوەی ئەكرد، چونكە ﴿إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ بێگومان خوا زاڵەو توانایە بەسەر هەر كارێكدا كە بیەوێ بیكات، بەڵام بەو جۆرەی نەكرد چونكە ﴿حَكِيمٌ﴾ لێزان‌و كاردروستەو هەرچی بەرژەوەندی تیا بێت‌و ئاسان‌و سووك بێت‌و خێرو چاكەی تیا بێت هەر ئەوە ئەكات لە لوتف‌و میهرەبانیەكەی بەزیاد بێت‌و هەموو سوپاس‌و سەنایەك هەر بۆ ئەوەو شایانی ئەوە، ئا بەو جۆرە هەموو كاری پەیوەست ئەكات بە خواوەو ئەیگێڕێتەوە بۆ لای ئەوو هەموو شتێك ئەبەستێتەوە بە مەیل‌و خواهیشی ئەوەوە كە ئایین‌و ژین‌و جیهان هەر بە دەوری ئەودا ئەگەڕێ‌و ئەسوڕێتەوە، وە بەرزی‌و ئاسانی‌و سەركەوتن‌و زاڵی شەریعەت‌و یاسای خوا لەوەدایە، وە هەر لەبەرئەوەیە كە بەڕێكی بەدی هێنرا لە ژیاندا بەبێ كەم‌و كوڕی، وە هەركات موسڵمانان ڕووبكەنەوە خوا بەوێنەی ئەوە یەكەم تاقم‌و چینە، هەركات‌و ڕێبازی ئەوان بدەنەبەر، بێگومان وەك ئەوان یاسا‌و شەریعەكەتەكەی خوا بەدی ئەهێننەوە لە ژیاندا.

لێرە بە دواوە تا ئایەتی (٢٣٤) لەگەڵ بەشێك لە یاساو دەستووری مالّو خێزان، ئەو مالّو خێزانەی کە بنەڕتە بۆ کۆمەڵی موسڵمان، کە گەلی ئیسلامی لەسەرئەو دائەمەزرێو بەرپائەبێت و ڕاگیر ئەبێ، ئەو بنەڕەتەی کە ئیسلام هاتو زۆر بە گرنگ گرتی، وە تێکۆشانێکی زۆرو گەورەی بەکارهێنا بۆ داڕشتنی و پارێزگاری و پاك و خاوێن کردنی لە هەموو چڵك و چەپەڵیەکی نەفامی و، وەك دەرئەکەوێ لێرەو لە چەند ئایەت و سورەتێ تردا، کە هاتوون سەبارەت بەم بنەڕەتە گەورەیە.

ئەم ڕژێمی مالّو خێزانە کە ئیسلام بە گرنگ گرتوویەتی ڕژێمێکی سروشتیەو لە کانگاو سەرچاوەی سروشت هەڵئەقوڵێ، وە پەروەردگاریەکی سروشتیە کە چاودێریی و سەرپەرشتی بێچووەکان ئەکات، وە گەشە ئەکات بە گیان و بە لەش و بە ژیریان، وەلە پەنای ئەوەدا تۆوی بەزەیی و خۆشەویستی و یەکێتی ئەچێنێ لەدڵو دەروونیاندا، وە بەو هەستەوە پێئەگەن و گەورە ئەبن کە خۆشی ژیانیش بەستراوە بەو هەستە پاکەوە، وە بێگومان قۆناغی ساوایی و بێچوویی ماوەی پێگەیاندن و فێرکردن و ئامادەکردنی ساواو بێچووەکانە بۆ کارو پیشەیەك کە پێویستەو داوائەکرێ لێیان لە داهاوودا پاش گەورەبوون و پێگەیشتنیان، ئینجا لەبەرئەوەی کە کارو فەرمانی ئادەمی لە هەموو کارو فەرمانی هەموو گیانلەبەرێکی تر گەورەترە، وەکارو پیشەیان لەم زوەیەدا بەنرخ ترە، لەبەرئەوە ئادەمی لە هەموو گیانلەبەرێکی تر پێویست ترە بەخێوکردن و ئامادەکردن و ڕام کردن، جا بەهۆی ئەوەوە ماوەی ئادەمی درێژترە لە ماوەی ساوایی هەموو گیانلەبەرانی تر، تا باش ترو بەدرێژتر ئامادەبکرێن بۆ دوا ڕۆژو داهاتووی ژیانیان، کەواتە ساوایی ئادەمی لە هەر ساوایەکی تر پێویست ترە بە باوك و دیك و چاودێری و سەرپەرشتی ئەوان کەلە هەموو کەسێکی تر دڵسۆزترو بەسۆزو بەزەیی ترن بە ساواکەیان، کەواتە ئەم ڕژێمی مالّو خێزانە باشترین و بەکارترینە بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی بێچووو ساواو منداڵی ئادەمی، وە بە تاقیکردنەوەو کردنەوەو بەراوردکردن و دەرکەوت کە هیچ شتێکی ترو لە هیچ ڕێگایەکی ترەوە ئەو پەروەردەو پێگەیاندنە ناگونجێ و ناکرێ، کەبە هۆی ڕژێمی مالّو خێزانو لەو

ڕێگایەوە ئەکرێ و ئەگونجێ، بەڵکو بە ڕوونی دەرکەوت کە هەر ڕێگەیەکی تر زیان دەرو تێکدەرە بۆ ساواکەی، بەتایبەتی ڕژێمی پەروەردگا گشتیەکان (المحاضن الجماعیة) کە هەندێ لە مەزهەبە دەست کردەکان وێستیان بە زۆرە زمانی بیخەنە جێگای ئەو ڕژێمە سروشتیە لەو کاتەدا کە وێستیان شۆڕشێکی سەرکێشیانە بکەنەسەر هەموو شتە سروشتیەکان! یان لە ناچاری دا هەندێ لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان ناچار بوون پێی بە هۆی گوم بوونی ساواو منداڵێکی زۆرو فراوان لە جەنگە ناڕەوا جیهانیەکاندا! یان لەهۆی داهاتنی ئەو ڕژێمە بۆگەنانەی کە دایکەکان ناچار ئەکەن بە ئیش کردن لە کارگەکانداو بەجێهێشتنی ماڵ و خێزان، ئەو ڕژێمە نەفرین لێ کراوەی کە ساوا بێچارەکان بێبەش و بڕاو ئەکات لەسۆزو بەزەیی دایکە دڵسۆزەکانیان و چاودێریان، وە تووڕیان ئەداتە ناو ئەو پەروەردگاریانە، کە ڕژێمەکەیان دژی سورشتی ئەو ساوایانەیەو ناکۆک و ناڕێکە لەگەڵ دەروونیان، بەهۆی ئەوەوە دووچاری بێ ئارامی و گرێی دەروونی دێن، وە لە ڕەوادانی ئەو ڕژێمە ناڕەوادا هۆو بیانوویان ئەمەیە: با ئەو دایکانە خەریک نەکرێن و بێکار نەبن، با ڕادەی ژیانی ئابووریان بەهێزی بێ! لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ تاقمو کۆمەڵێکی تر خەریک بن بە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی ئەو ساوایانەوە، وە بیان خەنە شوێنی دایکەکانیان، کەواتە بۆچی دیاکەکانی خۆیان خەریک نەبن پێیانەوە بەو هەموو سۆزو بەزەییەوە؟ ئایا بۆچی ئەو ساوا لاوازانە بێبەش بکرێن لەو هەموو سۆزو بەزەیی و دڵسۆنیە؟! ئایا بۆچی ئەو دایکانە دوور بخەینەوە لە بەرزترو بەنرخ ترین بەرهەمی خۆیان لە ڕووی زەوی دا، وە خەریکیان بکەین لە کارگەکاندا بە شتێکی تر‌ەوە؟! ئایا بۆچی بیان بچڕین لە پارچە جگەرو لە بەنۆکەکانی دڵیان کە هیواو جێگەی ئومێدی پاشە ڕۆژن؟! ئایا بۆچی لە جێی ئەو دایکە بەسۆزانەدا کۆمەڵی تر خەریک بکەین بەو منداڵانەوە کە هیچ سۆزو بەزەیی و پەیوەندیەکیان پێیانەوە نیە؟! لەگەڵ ئەوەدا لە لەراوردو تاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە منداڵ لەدوو ساڵی یەکەمی تەمەنی دا پێویستیەکی دەروونی سروشتی هەیە بە باوک و دایکێکی سەربەخۆی تایبەتی، وە بەتایبەتی پێویستە بەدایکێک بە تەنیا بەبێ بەشداری منداڵێکی تر، وە لەپاش ئەو دوو ساڵە

پێویستیەکی سروشتی هەیە بەوەی کە هەست بکات بەبوونی باوک‌و دایکێکی دیاریی کە بەڕۆڵەو بەچکەی ئەوان بناسرێ، دەی بێگومان یەکەم مەبەست‌و ئامانج ناگونجێ‌و دەست نادات لەم پەروەردگاریانەدا، وە مەبەستی دووەمیش پێك نایەت لە پژێمی مال‌و خێزاندا نەبێت، وە هەر منداڵێك هەرکام لەو دوو مەبەستەی بۆ پێك نەیەت، ئەو منداڵە دووچاری جۆرێك لە نەخۆشی دەروونی ئەبێت‌و لە سروشتی خۆی ئەترازێ، وە هەرکاتێ بەهۆی ڕووداو‌و بەسەرهاتێکەوە هەر منداڵی بێبەش بوو لە هەرکام لەو دوو مەبەستە، بێگومان ئەوە بارێکی گرانە کەتووە بەسەری داو دووچار بوونە بە دەردێکی خراپەوە‌و چارەی نیە، دەی کەواتە بۆچی کۆمەڵی نەفامان لەم سەردەمی نەفامی تازەدا هەوڵئەدەن کە ئەو بارە گرانە بکەوێ بەسەر هەموو منالێکدا، وە ئەو دەردو نەخۆشیە پیسە ببێ بە شتێکی گشتی‌و هەموو بگرێتەو؟! ئایا لەبەرچی ئەم هەموو تاوانە ڕەوا بدەین‌و بیکەین‌و بەرامبەر بەچی بیانکەین؟ بەرامبەر بەوەی زیادە پوول‌و پارەیەك دەست کەوت ببێ، یان لەبەرئەوەی بەو جۆرە دایکە کەبژێنن؟ ئای هاوار بۆ ئەم چەرخ‌و دەورەی نەفامی ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوا‌و ڕۆژهەڵاتدا کە پژێمی ئابووری‌و کۆمەڵایەتیان ڕێگە نادات بە ژیاندنی دایکێکی بێنەوای داماو کە خەریك بێ بە پێگەیاندنی‌و بەخێوکردن‌و پەروەردەکردنی ئادەمی کەبەرزو بەڕێزتر لەم بوونەوەرەدا، ڕێگە نادات‌و هەڵناسێ بە ژیاندنی ئەو جۆرە دایکانە، بەڵکو ئەبێ ئەوانە دەست هەڵگرن لەوەی کە کارگەی ئادەمی بن وە بڕۆنە ناو کارگەی تەرەوە‌و بەهێزی بازووی خۆیان خۆیان بژێنن!! ئای هاوار بۆ ئەو پژێمە ناڕاست‌و ناڕەوایانە!! ئینجا هەزار جار هاوار بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو پژێم‌و تاوانانە بە پێش کەوتن دائەنێن‌و بەرگری لێ ئەکەن!!! جا لەبەرئەوە ئەیبینین پژێمی کۆمەڵایەتی ئیسلامی دامەزراوە لەسەر بنەڕەتی مال‌و خێزان، وە بەوجۆرە بە گرنگ سەرنجی مال‌و خێزان ئەدات، وەلە هەموو بارو ڕوویەکی دواوە لە چەند سورەتێکی قورئاندا.

لەم سورەتەدا دوانزە یاسا‌و بڕیاری دانا‌و باسی کردن، وەك بەدرێژی پێیان ئەگەین و ئەکەونە بەرچاومان بە یارمەتی خوا.

ئەم یاسای بڕیارانەی هەروا بە سادەیی باسی نەکردوون، بەڵکو زۆر بە گەورەو گرنگ نیشانی داون، بەم ڕەنگە دەست نیشانی کردووە بەوەی هەرکام لەوانە یاسایەکی گەورەیە لە یاساکانی بەرنامەی ئیسلام کە داینـاون بۆ ژیانی ئادەمی، وە هەرکام بناغەو بنەڕەتێکە لە بناغەو بنەڕەتەکانی عەقیدەو بیروباوەڕی ئیسلام، وە هەرکام پەیوەستە بە خواو بە مەیلو خواهیشی خواو کاردروستی خواوە، وە هەرکام بەستراوە بەو بەرنامەی کە خوا داینـاوە بۆ ژیانی ئادەمی، جا لەبەرئەوە گوێڕایەڵی کردنیان کراوە بەهۆی ڕەزامەندیو پاداشتی خوا، وەك مل پێچی کردنیان مایەی خەشمو سزاو تۆڵەی خوایە، وە لە هەمان کاتدا بڕوا پێیان بەشێکە لە بڕوا بە ئایینو عەقیدەی ئیسلام، وە بڕوا نەکردن بە هەرکام بڕوا نەکردنە بە ئایینو عەقیدەی ئیسلام! ئینجا با گوێ بگرین بۆ ئەو یاساو بڕیارانە یەك لەدوای یەك، ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ﴾ ئافرەتە بت پەرستو هاوبەش بڕیاردەرەکان ئەخوازن هەتا بڕوا نەهێنن، بێگومان دەستو پەیوەندی ژنو مێردی ئەبێ بەهێزترو بەردەوام تر بێت لە هەموو دەستو پەیوەندیەکی تر، کەواتە ژنو مێرد پێویستیان هەیە بە یەکێتیەکی زۆر تێرو تەواو کەلە ناخی دڵو دەروونیانەوە هەڵقوڵێ، وە شتێکی ئاشکرایە کە عەقیدەو بیروباوەڕی ئایینی بەکارتر بەهێزترین شتە بۆ یەکێتیو یەك خستنی دڵان، هەرچۆنێ دژایەتی لە عەقیدەو بیروباوەڕدا مایەی بێزاریو پچڕانو دوورکەوتنەوەی دڵانە، وە هەتا ئەو دژایەتیە بەهێزتربێت بێزاریو دوورکەوتنەوەکەیان بەتین ترو فراوانترە، وە شتێکی ئاشکرایشە بڕوا بەتاکو تەنیایی خوا زۆر دوورەو هەرگیز لە هیچ شتێکدا کۆنابێتەوە لەگەڵ بت پەرستیو بڕوا بە هاوبەش بۆ خوا، لەبەرئەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو قەدەغەکرا، ئیتر موسڵمان ئافرەتی بت پەرست بخوازێ، بەڵام ئەوانەی کەلە پێش ئەم ئایەتە داخوازرابوون هەرمانەوە هەتا سااڵی شەشەمی کۆچی بە ئایەتی سورەتی ﴿الممتحنة﴾: ﴿لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ﴾ نە ئافرەتە بت پەرستەکان حەڵاڵن بۆ بڕواداران، وە نەپیاوە بڕواداران حەڵاڵن بۆ ئافرەتە بت پەرستەکان

وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ ۗ وَلَا تُنكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤْمِنُوا ۚ وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ ۗ أُولَٰئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ ۖ وَاللَّهُ يَدْعُو إِلَى الْجَنَّةِ وَالْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِ ۖ وَيُبَيِّنُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٢١﴾

بەم ئایەتە ئەوانە پێشوش قەدەغەکران، لە چەرخی مەککەدا زۆرو باری موسڵمانانو تێکەڵیان بە بت پەرستەکان رێی نەئەداو نەئەگونجا لەگەڵ پەچڕینی ئەو پەیوەندیانەو جیابوونەوەیەکی تەواوی کۆمەڵایەتی، بەڵام کاغێ هاتنە مەدینەو بەسەربەستی و سەربەخۆییەکی تەواوی بەهێزیان بۆ فەراهەم هات بارو زۆرفیان ڕێکو بوو لەگەڵ ئەو قەدەغە کردنەدا، لەبەرئەوە لەم چەرخەدا قەدەغە کردنەکە دەستی پێکرد بەم ئایەتەی کەچوو بە گوێچکەماندا ئینجادەست نیشانو ئاماژەی کرد بۆ هۆی ئەو قەدەغە کردنە، وە خواستنی بت پەرستانی بێزراو کرد لەبەرچاومان بەمەی کە ئەفەرموێ: ﴿وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ﴾ وە بێگومانو ڕاستی ئافرەتێکی بەندەی بڕوادار چاك تر لە ئافرەتێکی بت پەرستی هاوبەش بڕیاردەری ئازاد ﴿وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ﴾ با ئەو هاوبەش بڕیار دەرە دڵیان بێگرێو حەز لەو بکەن لەبەر جوانی، یان لەبەر ماڵ یان هەر شتێکی تر کە دڵتان ڕاکێشێ بۆی، چونکە ئەو بڕواکەی شیرینی ئەکات لای خوا، وە ئەمیش بێبڕواییەکەی ناشیرینی ئەکات، وە هەرچی لای خوا چاك بێت هەر ئەوە چاکەو هەرچیش لای خوا ناشیرینو خراپ بێت هەر ئەوە ناشیرینو خراپە، ﴿وَلَا تُنكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤْمِنُوا﴾ وە ژن مەدەن لە پیاوە هاوبەش بڕیاردەرەکان هەتا بڕوا ئەهێنن ﴿وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ﴾ وە بێگومان پیاوێکی بەندەی بڕوادار چاکترە لە پیاوێکی ئازادی بت پەرستی هاوبەش بڕیاردەر ﴿وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ﴾ هەرچەند ئەو هاوبەش بڕیاردەرە دڵتان بیگرێ بە ژن پێدانی لەبەر هەر هۆیەك کە دڵڕاکێشەرە لەم جیهانەدا، ئینجا ئەو بت پەرستانە بە تەواوی بێزارئەکاتو هۆی قەدەغە کردنەکە بەباشی ڕووە ئەکاتەوە، ئەفەرموێ: ﴿أُولَٰئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ﴾ ئەو هاوبەش ڕەوا دەرانە بانگی مەردوم ئەکەن بۆ لای ئاگر، واتەبانگ ئەکەن بۆ بێبڕواییو بت پەرستی کە سەرەنجامو پاشە ڕۆژی ئاگری دۆزەخە ﴿وَاللَّهُ يَدْعُو إِلَى الْجَنَّةِ وَالْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِ﴾ وە خوایش بانگ ئەکات بۆلای بەهەشتو لێ بوردنو سڕینەوەی گوناهو بە ئیزنو ڕێنموونی خۆی، واتە بۆ بڕوا هێنانو کردەوەی

چاك كه بەئيزنى خوا مايەى چوونە بەهەشتو سرپينەوەى گوناەو تاوانن، كەواتە رێگاكان زۆر دوورن لە يەكترو بانگەكان زۆر جياوازن، وە هەردوو كەسێك كە بەو جۆرە دژو جياوازبن لە رێگەو لە بانگ كردنو لە پاشەڕۆژدا هەرگيز ئەو دووانە ژيانێكى رێك و پێك بەسەر نابەن پێكەوە، وە هەرگيز ڕەوا نيە ئەو كەسەى كەلەسەر رێگەى ڕاستو بانگى پوايەو دوا پۆژى كامەرانى و بەختەوەريە، ئەو كەسە پيرۆزە ببێ بە هاوسەرو هاوڕێى كەسێك كە ترازابێت بە رێگەى ڕاستو بەدەم بانگى ناڕاستەوە بچێ و پاشە پۆژيشى بەدبەختى و پوو ڕەشى و نەفرين لێ كراويى بێت، وە ئەبێ ئەو بەختەوەرە بترسێ و خۆى بپارێزێ بە نزيك كەوتنەوەو هاوسەريى ئەو شەرمەزارو نەفرين لێ كراوە، نەوەك دووچارى دەرد ببێ لێيەوە! ﴿وَنُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ وە خوا بەپوونى ئايەتەكانى خۆى باس ئەكات بۆ مەردوم، بەڵكو بيربكەنەوەو ئامۆژگارى وەرگرن و خۆيان دووچارى دەردو سزاى هەردوو جيهان نەكەن.

خواستنى بت پەرست قەدەغە كرا لەسەر موسڵمان، وە هۆكەشى ئەوەبوو كە دەست نيشانى بۆكرد، بەڵام نامەدارى ڕەوادا، ئيتر ئەگەر چى عەقيدەو بڕواى ئەوانيش هەر جياوازە ئەوانيش هەر بانگ بۆ شتێ ئەكەن كە پاشە پۆژو سەرەنجامى هەر ئاگرە، چونكە ئايينەكەى ئەوان لەبنەڕەتدا ڕاستەو ئايينى خوايە، وە ئەوان بڕوايان هەيە بە خواو بە مەلائيكەو بە نامەو پێغەمبەرانو بە پۆژى دوايى، كەواتە هەرچەند بڕواكەيان بەجۆرو شێوەيەك نيە كە خوا وەرى گرێ، بەڵام وەك بت پەرستەكان دژو دوو ڕوو جياوازنين، وە ژيان لەگەڵيان ئەگونجێ، لەبەرئەوە ڕەوادانى خواستنى ئافرەتى نامەدار شتێكى بەجێيە، بەڵام پێچەوانەى ئەوە ـ واتە خواستنى پياوى نامەدار بەرامبەر ئافرەتى موسڵمان ـ هەر قەدەغەيەو ڕەوانەدراوە، چونكە دووشتى زۆر خراپى لێ پەيدا ئەبێت:

يەكەم: پۆڵەو نەوە بەناوى باوكەوە بانگ ئەكرێنو ئەناسرێن، وە زۆرتر شوێنى باوكيان ئەكەونو لە عەقيدەو ئايينداً.

دووەم: ئەو ئافرەتە موسڵمانە مێردەكەى ئەيگوێزێتەوەو لەگەڵ خۆى ئەيبات بۆ وڵاتو ناوگەڵو كۆمەڵى خۆى ئەپيچرێ لە موسڵمانەكان، ئەو حەلە بەهۆى تەنيايىو لاوازى زۆر لە ئاسانى لە ئيسلام ئەيترازێنن و ئەيبەنە سەر ئايينى خۆيان، بەڵام لەم بارەكەى ترەوە ئەو مەترسيانە نين، بەڵكو ئومێدى خێر هەيە كە ئافرەتەكە ڕزگار بكرێ لە ئايينى ناڕێكو بخرێتە سەر ئايينى ڕاست.

وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ ۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِ ۖ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ ۖ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾

بڕیارو یاسای دووەم ئەمەیە کەلە وەڵامی ئەم پرسیارەدا باسی فەرمووە: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ ۖ﴾ پرسیارت لێ ئەکەن ئەی پێغەمبەر لەبارەی حەیزی ئافرەتانەوە، کەچیەو چۆن بن‌و چی بکەن لەگەڵیان لەو کاتەدا؟

(ئیمامی ئەحمەدو موسلیم‌و ئەبو داودو نەسائی‌و ترمزیی‌و ئیبن‌و ماجە)و چەند کەسێکی تر حەدیسێ ئەهێنن لە (ئەنەسی کوڕی مالیك)ەوە –خوا لێی ڕازی بێ– ئەفەرموێ: باوی جوولەکە وابوو کە ئافرەتیان بکەوتایەتە حەیز لە ماڵ دەریان ئەکردن‌و نان‌و ئاویان لەگەڵ نەئەخواردو لەماڵێکدا کۆنەئەبوونەوە لەگەڵی، ئینجا پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) لەو بارەیەوە، ئینجا خوا ئەم ئایەتەی نارد خوارەوەو هەموو شتێکی ڕەوادا کە لەگەڵیان بکرێ بێجگە لە کاری ژن‌و مێردی، ئینجا با بێینەوە سەر ئایەتەکەو گوێبگرین لە وەڵامی پرسارەکە: ﴿قُلْ﴾ ئەی پێغەمبەر لە وەڵامدا بڵێ: ﴿هُوَ أَذًى﴾ حەیز شتێکی زۆر پیسی قیزەونە، هۆی ئەزیەت‌و ئازارەو ئەو بەو کەسەی کە نزیکی ئەکەوێتەوە، ﴿فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِ ۖ﴾ کەواتە کەنارگیربن‌و دوور بکەنەوە لە کاری ژن‌و مێردی ئافرەتەکان لە کاتی حەیزدا، ﴿وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ ۖ﴾وە نزیکان مەکەونەوە بەو کاری ژن‌و مێردیە هەتا پاك ئەبنەوە لە حەیز، ئینجا ئایا هەر لە دوای پاك بوونەوەو بڕانەوەی ئەو خوێنە حەڵاڵە چوونە لایان با غوسڵ نەکەن وەك هەندێ لە زانایان ئەفەرموون؟ یان پێویستە لە پاش بڕانەوەی حەیزەکە غوسڵ‌و خۆشۆرین، وەك هەنێکی تر لەسەر ئەوەیە، وە بەڵگەشیان پوالەتی ئەمەیە کە ئەفەرموێ: ﴿فَإِذَا تَطَهَّرْنَ﴾ ئینجا کاتێ خۆیان پاکی تەواویان وەرگرت ـ کە ئەوەش بەوە ئەبێت کە لەپاش بڕانەوەی حەیز خۆی بشۆرێ ـ ﴿فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ ۚ﴾ ئەو حەلە بچنە لایان لەو شوێنەوە کە خوا فەرمانی پیادان بە کەنارگیری‌و دوورکەوتنەوە لێی لەبەر حەیزەکەیان، واتە لەو شوێنە تایبەتیەی کە بۆ ئەوە دانراوە، وەلەوە لانەدەن... ئەی بێگومان پوالەتی ئەم ئایەتە وا نیشان ئەدات کەلە پاش نەمانی حەیزو خۆشۆردن ئینجا دروستە مێردەکان بچنە لایان، وە بێجگە لە پوالەتی ئەم فەرموودەیە وتەی ﴿يَطْهُرْنَ﴾

خوێنراوەتەوە بە ﴿يَطْهُرْنَ﴾ کە ئەویش ئەو مەبەستە ئەگەیەنێ ﴿فَإِذَا تَطَهَّرْنَ﴾ ئەیگەیەنێ، کەواتە مەبەستەکە بەهێزتر بوو، بێگومان کاری ژن و مێردی هەرچەند پێویستیەکی لەشی و دەروونیە، وە خۆشیەکە لە خۆشیەکان لە زیاندا، هەرچەند بەو جۆرە گرنگە، بەڵام لە هەمان کاتدا مەبەست و ئامانج شتێکی بەنرخ ترو گەورەترە لەوانە، ئەوەش کە بریتیە لە پەیدابوونی منداڵ و پەرەسەندن و زۆر بوون لەو رێگەیەوە، ئینجا کاری ژن و مێردی لەکاتی حەیزدا هەرچەندە مەبەستە ئاژەڵیەکە بەجێ ئەهێنێ، بەڵام مەبەستە گەورەو گرنگەکە بەجێناهێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە چوونە لای ئافرەت لەو کاتەدا صص نەخۆشی و زیانی تێدایە لەبارەی تەندروستیەوە، جا لەبەرئەوەو لەبەر هەر شتێ تر کە خوای میهرەبان ئەزانێ ئەوکارەی قەدەغەکرد بەو جۆرەی کە بیستمان، ئینجا لە کۆتایی دا ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ﴾ بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ کە زۆر زۆ رئەگەڕێنەوە بۆلای لە هەر کردەوەو کردارێکی ناڕەواو خراپدا، وە ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ کە خۆیان پاک و تەمیز ڕائەگرن لە هەر شتێك کە چەپەڵ و قیزەونە، وە هەر شتێ کە خوای میهرەبان قەدەغەی کردبێ خراپەو ناڕەوایەو چەپەڵەو قیزەونەو پێی خۆشە بەندەکانی لێی دوور بن و ئەگەر هەڵەیان کرد دەست بەجێ بگەڕێنەوە تا ئەو گەڕانەوەیە پاکیان بکاتەوە، قورئان لە چەند شوێنێکدا پەیوەندی ژن و مێرنیشان ئەدات بە چەند جۆرو شێوەیەك کە زۆر نەرمو ناسك و دڵپاراوکەرو سەرنج ڕاکێشن، لە ئایەتێکدا پیاوو ئافرەت نشیان ئەدات بۆ پۆشاکی یەکتر، لە ئایەتێکی تردا ئافرەت ئەکات بە مایەی ئارامو خۆشی و دامەزرانی دڵو دەروون، وە پەیوەندیەکەیان ئەکات بە پەیوەندی خۆشەویستی و بەزەیی و میهرەبانی، وە لەم ئایەتی ئێرەش کە دێت ئافرەت نیشان ئەدات بە جێگەی ئومێدو دەستکەوتی گرنگ لە زیاندا، بەم ڕەنگە نیشانی ئەدات بە جێگەی کشتوکاڵ و چاندنی بەزرو تۆوێك کە منداڵی لێ پەیدا ئەبێت، وە هەرکام لەو باس و تەعبیرانە ڕێك و پێك و پەیوەستن بە باس و مەبەستی ئەو شوێن و ئایەتانەی کە باسەکەی تێداکراوە، بۆ وێنە: لێرەدا نیشاندانی بە جێگەی کشتوکاڵ زۆر ڕێك و پەیوەستە لەگەڵ مەبەستی ئایەتی پێش کە جڵەوگیری و قەدەغە کردن بوو لە کاری ژن و مێردی لەکاتی حەیزدا، کە لەو کاتەدا —وەك باس کرا— مەبەستی سەرەکی پێك نایەت و هەر تۆوێکی تێ تووڕ بدات منداڵی لێ پەیدا نابێت، بەڵام لە غەیری ئەو کاتەدا ڕەوایە تۆو چاندن و کشتوکاڵ کردن بە هەر جۆرو لە هەر بارێکەوە، بە مەرجێ لە جێگەو شوێنی تایبەتی دیاری کراودا بێت،

نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ ۖ وَقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُمْ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّكُم مُّلَٰقُوهُ ۗ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٢٣﴾

وەکو ئەفەرموێ: ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ﴾ ژنەکانتان جێگەی کشتوکاڵو تۆو چاندنە بۆتان، واتە وەك زەویەکانتان وان کە ئەیانکێڵنو بەزرو تۆویان تێئەکەن تا بڕوێو بەرو بەرهەمیان لێ وەرگرن، ﴿فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ کەواتە بچنە لای ژنەکانتان کە وەك شوێنی کێڵانو کشتوکاڵ وان بۆتان، بچنە لایان لە هەر شوێنێو لەسەر هەر بارێ: بە پێوەو بە پاڵەوەو بە دانیشتانو بە هەر جۆر کە پێتان خۆشە، بەڵام بێگومان ئەبێ ئەو شوێنە پێشی ئافرەتەکە بێت نەك پاشی، لەبەر ئەمانە:

١- حەدیسی زۆرو زەبەندە کە هاتوون لە قەدەغەکردنی پاشی ئافرەتدا، یەکێ لەو حەدیسانە ئەمەیە کە (ئیمامی ئەحمەدو ئەبوداودو تیرمزی) و چەند کەسێکی تر ئەیهێنن لە (ئەبوهورەیرە)وە -خوا لێی ڕازی بێ- کە ئەفەرموێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هەرکەس بچێتە لای ژنی خۆی لە حەیزدا یان لە دوایەوە یان بچێتە لای کاهینو بڕوای پێبکات ئەو کەسە بڕوای نەهێناوە بەو ئایینەی کە نێرراوە بۆ سەر محمد، بێگومان بە مەرجێ ئەو چوونە لایە بە حەڵاڵ دابنێ، ئەگینا بوە نابێ بەبێ بڕوا، یان مەبەست بە وتەی (کفر) لە حەدیسەکەدا بێبڕوایی نیە، بەڵکو سپڵەییە، واتە سپڵەیە دەربارەی ئەو ئایینەو چاو لەبەری ئەو چاکەو بەهرە گەورەیە نیە.

٢- لەگەڵ ئایەتی پێشوودا فەرمووی: ﴿فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ﴾ بچنە لایان لەو شوێنەوە کە جێگەی حەیزەو قەدەغە کراوە لەو کاتەدا.

٣- وتەی (حَرْثٌ) ئەو مەبەست ئەگەیەنێ، چونکە ئاشکرایە کە هەر پێشی ئافرەت شوێنی بەزر چاندنو کشتوکاڵە بۆ بەرهەم هێنانی منداڵ.

﴿وَقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُمْ﴾ وە پێش بخەن بۆ خۆتان کردەوەی چاك بۆ ڕۆژی دواییتان کە هەندێ لەو کردەوە چاکانە ناوی خوا بردنو نزاکردنە لەو کاتەدا کە دەست ئەکرێ بە کاری ژنو

مێردی، وە هەروەها کردنی ئەو کارە بە سوپاسی خواوە لەسەر ئەوەی کە ئەو کارەی بۆ حەڵاڵ کردووە، یان بە نیازی ئەوە کە دووچاری حەرامو داوێن پیسی نەبێ، یان بە نیازی ئەوە کە خوا منداڵی چاکی بداتێ، هەرکات ئەو کاری ژنو مێردیە بەو جۆرەکرا ئەو حەلە بە کردەوەی چاکو خواپەرستی ئەنووسرێ بۆ ئەو بڕواداڕە، وە هەروەها هەر کاروبارێکی ئەم جیهانو ژیانە بکرێت بە پێی بەرنامەی خوا، هەمووی بە کردەوەی چاکو خواپەرستی ئەنووسێو لە پۆژی دوایی دا ئەجرو پاداشتی لەسەر وەر ئەگرێ!! وە ئەو قسەیەی کە بەناونگەو وتراوە: مرۆڤی موسڵمان خەوو خواردنو هەموو شتی هەر خواپەرستیە، قسەو وتەیەکی پاستو دروستە، لە بەزەییو میهرەبانی خوا بە زیادبێت.

﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ﴾ وە خۆتان بپارێزنو لە خوابترسن لە هەر شتێکدا کە فەرمانی پیادان یان جڵەوگیری کردوون لێی، ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّكُم مُّلَاقُوهُ﴾ وە بزانن کە بێگومان ئێوە بە حزوری خوا ئەگەنو ئەچنە بەردەستی قودرەتی لە پۆژی دوایی داو ئینجا بەپێی کردەوەکانتان لەگەڵ ئەکرێ، کەواتە تۆێشووی باش هەڵگرن بۆ ئەو پۆژەتان، ﴿وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ ئەی پێغەمبەر موژدە بدە بە بڕواداران، چونکە ئەمان بیری ئەو پۆژەیان پێوە بوو، وە لە جیهاندا غەمی خۆیان خوارد، بە کردەوەی چاکو خۆ پاراستن لە گوناەو تاوان، ئینجا وەرە موسڵمان بیربکەرەوە لەم ئایینە بەرزو میهرەبانەت کە چەندە دەستو دڵ گوشادە لەگەڵت، دان ئەنێ بە هەموو هێزو وەزەکانت دا، وە پەوای داوە بۆت هەموو پێویستیو داخوزیەکانی لەشو دەروونت، وە هەڵسانت بەو شتانە بە خواپەرستی دائەنێ، وە یەکێ لە میهرەبانیەکەی ئەوەیە کە بەرەڵای نەکردوویت بە نەزانی بڕۆیت بە دەم هێزو وزەکانتەوە، وە بە نەفامی زیادە پەوی بکەیتو جڵەوت بدەیتە دەست ئارەزوو داخوازیەکانت تا هەڵت پێبگەنو هەڵت دێرن، بەڵکو سنووری پێکو پێکی داناوە بۆ هەموو شتێکت، ئەگەر لەو سنوورە نەترازێت هەرگیز دووچاری هەڵەو ناپەوایی نابێت، لە بەزەییو میهرەبانی ئایینە بەرزەکەت بە زیاد بێت.

وَلَا تَجْعَلُوا اللَّهَ عُرْضَةً لِأَيْمَانِكُمْ أَنْ تَبَرُّوا وَتَتَّقُوا وَتُصْلِحُوا بَيْنَ النَّاسِ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٢٤﴾ لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ

لەپاش باسی حەیزو جڵەوگیری لە کردەوەی ژن‌و مێردی لە ماوەی حەیزدا، ئینجا بەو بۆنەیەوە دێتە سەر باسی سوێند خواردنی مێرد لە ژبنەکەی کە کاری ژن‌و مێردی لەگەڵ نکات، وە بەو بۆنەیەوە لە پێشەوە باسی سوێند ئەهێنێ‌و ئەیکات بە سەرەتا‌و پێشەکی بۆ ئەو باسە، وە کردی بە یاسای سێیەم لە دوانزە یاساکە، ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَجْعَلُوا اللَّهَ عُرْضَةً لِأَيْمَانِكُمْ﴾ سوێند خواردن مەگێڕن بە بەربەست‌و بەرگری کەر لەو شتانەی کە سوێندیان بە دوا ئەخۆن، بەم پەنگە بەرگریتان بکات ﴿أَنْ تَبَرُّوا وَتَتَّقُوا وَتُصْلِحُوا بَيْنَ النَّاسِ﴾ لەوەی خێروچاکەو لە خواترسی‌و خواپەرستیە، وە لەنهێشتنی ئازاوەو چاک کردنی بەینی خەڵکی، واتە ئەگەر سوێندتان خوارد لەسەر نەکردنی هەر شتێکی ئاوا سوێندەکەتان مەبەنەسەر، بەڵکو بیشکێنن‌و کەفارەت بدەن بۆ سوێندەکەتان، وەك لەم حەدیسەدا ئەفەرموێ: کە (ئیمامی موسلیم) ئەیهێنێ لە (ئەبو هورەیرە)وە: هەرکەس سوێند بخوات لەسەر شتێ، ئینجا پێچەوانەی ئەوە چاکتربێت، با ئەو کەسە سوێندەکەی بشکێنێ‌و ئەوەی کە چاکترەبیکات، ئەوەش وەك پووی دا لە خەلیفەی یەکەم –خوا لێی ڕازی بێ– کە سوێندی خوارد کە هیچ نەدا بە (مسطح)ی پورزای لەپاشدا بە پێی فەرمانی قورئان سوێندەکەی شکاندو کەفارەتی دا بۆ سوێندەکەی، وە هەروەها وەك ئەوەی کەپووی دا لە (عەبدوڵڵای کڕوی ڕەواحە) کە سوێندی خوارد لەوەی بەینی (بەشیری کوڕی نوعمان)ی زاوای‌و خێزانەکەی چاك نەکات‌و نەکەوێتە بەینیان کە (کەلبی) ئەفەرموێ: ئەم ئایەتە بەبۆنەی ئەوەوە هاتە خوارەوە.

ئەم تەفسیرە کە هەڵمان بۆزارد ڕای زۆربەی لەسەرە، وە بەدوو جۆری تریش تەفسیر کراوەتەوە کە یەکێکیان زۆر نزیکە لەمەی ئێرەو بەڵکو یەك مەبەست ئەگرنەوە، ئەوی تر ئەمەیە: خوا مەکەن بەنیشانەو پێشانگا بۆ سوێندەکانتان، بەم ڕەنگە لەسەر هەموو شتێ هەر سوێند بخۆن، شتی وا مەکەن، بۆ ئەمەی پیاوی چاك‌و لە خواترس بن، چونکە ئەو کەسەی کە سوێندی زۆر ئەخوات باك‌و بیمی خوا لەدڵی دا نامێنێ، وە هەرکەسیش بەو جۆرە بێت دوورە لە چاکەو لە خواترسیەوە، ﴿وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ وە خوا بیسەری هەموو

سوێندو قسەیەکتانە، زاناو ئاگادارە بە هەموو بەسەرهاتو مەبەستێکتان، کەواتە خۆتان بپارێزنو ئەوەی فەرمانتان پێ دراوە بەجێی بهێنن، ئینجا بۆمان ڕوون ئەکاتەوە کە هەندێ لە سوێندەکانمان دانابەسترێو لێمان ناگیرێ لە هیچ بارێکەوە، وە هەندێکی دانەبەسترێو لێمان ئەگیرێ، ئەفەرموێ: ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِيٓ أَيْمَٰنِكُمْ﴾ واتە خوا لێتان ناگرێو تۆڵەتان لێ ناسێنێو بەگوناە نای نووسێ لەسەرتان هەر سوێندی لە سوێندەکانتان کە ﴿لغو﴾ بێت، یان کەفارەتتان لێ داوا ناکات لەو جۆرە سوێندانەدا، چەند ڕایەک هەیە لە مەبەست بەم سوێندانە:

١- سوێندی ﴿لغو﴾ ئەوەیە کە لەدەم دەرچێ بەبێ نیازی سوێند خواردن، وەک باوە لە وەڵامی پرسیارێکدا ئەگوترێ: نەواللە، بەڕێواللە، ئەرێواللە، شافیعیو ئەحمەد لەسەر ئەم ڕایەنو ئەفەرموون کەفارەتی لەسەر نیە.

٢- ئەمەیە: سوێند بخورێ لەسەر بوون یان نەبوونی شتێک بەپێی گومانو باوەڕی سوێند خۆرەکەو کەچی لەپاشان بە پێچەوانەی باوەڕو گومانی سوێند خۆرەکەوە دەرچێ، ئەمە ڕای حەنەفیو مالیکەو لایان وایە ئەمە کەفارەتی نیەو یەکەم کەفارەتی ئەوێ، بە پێچەوانەی ڕای یەکەم.

٣- سوێندی کاتی ڕق هەڵسانە.

٤- سوێندە لەسەر شتێکی گوناە.

٥- ئەوەیە کە یەکێک نزای سەڕ لە خۆی بکات، وەک بڵێ: ئەگەر ئەوەم نەکرد خوا دووچارم بکات بە فلانە دەردو سزا.

٦- سوێندێکە لەسەر شتێ کەلە بیر نەمابێ.

٧- سوێندێکە کە کەفارەتی درابێت.

لەناو ئەم ڕایانەدا یەکەم بەهێز ترە لەدڵدا، وە دڵ بەئارام ترە پێی، چونکە: بەم جۆرە ڕێک ترە لەگەڵ ئەو ماناو مەبەستەی کەوتەی ﴿لغو﴾ی بۆ بەکارئەهێنرێ لە زمانی عەرەبدا، کە بریتیە لە شتێکی کەوتووی گوێ پێنەدراو.

ڕێکە لەگەڵ چەند حەدیسێکدا یەکێ لەوانە حەدیسێک کە (ئەبو داود) ئەیهێنێ لەدایکی ئیمانداران (عائیشە)ەوە -خوا لێی ڕازی بێ- کە ئەفەرموێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: سوێندی ﴿لغو﴾ ئەمەیە پیاو لەماڵی خۆیدا لەکاتی قسە کردندا ئەڵێ (نەواللە، بەڕێ واللە).

وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿٢٢٥﴾ لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ ۖ
فَإِن فَآءُو فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٢٦﴾ وَإِنْ عَزَمُوا الطَّلَاقَ فَإِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٢٧﴾ وَالْمُطَلَّقَاتُ
يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوٓءٍ

بەرامبەر ئەم سوێندە لەم ئایەتەدا ئەفەرموێ: ﴿وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ﴾ بەڵام لێتان ئەگرێ بە سوێندێك ئەگرێ بە سوێندێك کە دڵتان نیازی کردبێ و بە زمان ئەیڵێن دڵیشیانی لەگەڵ بێت، دەی ئەمە وا نیشان ئەدات کە سوێندی ﴿لغو﴾ ئەوەیە کە دەمی پووت بێت و نیازی دڵی لەگەڵ نەبێت، ﴿وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾ وە خوا زۆر داشاردەری گوناهو لێ بوردەیەکی مۆڵەت دەری پەلە نەکەرە، جا لەبەرئەوە لێمان ئەبووری لەو سوێندانەی کە بێ نیازی دڵ لە دەممان دەر ئەچێت، وە پەلەش ناکات لە تۆڵە سەندن لە تۆڵە سەندنا لە تاوانەکانمان کە یەکێکیان ئەو سوێندانەیە کە بەدڵ ئەیڵێن و تاوانبار ئەبین تیایاندا، لەپاش لێ بوونەوە لە باسی یاسای سوێند خواردن بە شێوەی گشتی، ئینجا دێتە سەر باسی یاسایەك کە داینناوە بۆ سوێندێکی تایبەتی، کەلە شەرعدا پێی ئەوترێ ﴿إيلاء﴾ کە یاسای چوارەمە لەدوانزە یاساکە، کە بریتیە لە سوێند خواردنی مێرد لەوەی کە ناچێتە لای ژنەکەی و کاری ژن و مێردی لەگەڵ ناکات، ئیتر هەرگیزو بەبێ دیاری کردنی ماوەیەکی دیاریی، یان ماوەیەك دیاری بکات کە زیاد بێت لە چوار مانگ ، یان چوار مانگ، ئەوەش بە گوێرەی جیاوازی ڕای زانایان، وە لە کتێبەکاندا بڵاوبوونەتەوە، بێگومان چەند بەسەرهات و ڕووداوێك پەیدا ئەبن لە ژیانی ژن و مێرددا، کە پاڵ بنێن بە مێردەوە بۆ سوێند خواردنی ئاوا، وە شتێکی ناشکرایە کە ئەو سوێند خواردن و دوور کەوتنەوە زیان و ئازاری تێدایە بۆ ئەو ژنەو بۆ ئەو ماڵ و خێزانە، ئەگەر زۆر درێژە بکێشێ، وە ئیسلام لە ڕێوە ئەم سوێندو دوور کەوتنەوەی قەدەغە نەکرد، چونکە زۆر چار سوودی هەیەو چارەسەرە بۆ هەندێ لە ئافرەتان کە ئەنازن بە خۆیانەوە، ئیتر لەبەر جوانی یان لەبەر هەرچی، بە هۆی ئەوەوە ژیانی ژن و مێردیی تاڵ ئەکەن، ئینجا بەو سوێندو دوورکەوتنەوە ئەدرێ لەدەماخیان و ئەو لووت بەرزیەیان نامێنێ، هەرچۆنێ ئەو سوێندو دوورکەوتنەوە ئەبێتە هۆی نەمانی بێزاری و کوژاندنەوەی ڕق و

کینەیەک کە بەسروشت پەیدا ئەین لەناو مالّو خێزاندا، کەواتە ئەو وازهێنانو دوورکەوتنەوە بە کەڵکەو سەری لەخێرو چاکیەوە درەئەچێت، لەبەرئەوە قەدەغە نەکردنی ئەم سوێندو دوورکەوتنەوە بەرژەوەندی تێدایە، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێ جڵەو شۆڕبکات بۆ پیاو کە بە ئارەزووی خۆی بجوڵێتەوە، چونکە زۆر جار دەست درێژی ئەکاتو ئەیەوێ ئافرەتە داماوەکە تەنگەتاو بکاتو زبانی پێبگەیەنێ، وە ئەیەوێ بیبەستێتەوە ڕاگیری بکات بە بەستراوەیی، جا لەبەرئەوە سنووری دیاری کرد بە چوار مانگ، ئیتر دوای چوار مانگ یان ئەبێ ئەو پیاوە بگەڕێتەوە سەریاری ڕاست، یان ئەبێ تەڵاقی ئەو ئافرەتەبدات، ئەگەر بەخۆشی خۆی تەڵاقی نەدات، ئەو حەلە حاکمی شەرع تەڵاقی ئەدات، ئینجا باگوێ بگرین لە ئایەتەکە، ئەفەرموێ: ﴿ لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ ﴾ ئەو کەسانەی کە ئەو سوێندە ئەخۆن کە باس کرا، بۆئەوانە هەیە لەلایەن ژنەکانیانەوە چاوەڕوانی لە چوار مانگدا، واتە تا چوارمانگ وازیان لێ ئەهێنرێ، ﴿فَإِن فَآءُو﴾ ئینجا ئەوانە ئەگەر لەو ماوەیەدا، یان لە پاش تێپەڕکردنی کوتو پڕ گەڕانەوە بۆ ژیانی ژنو مێردیی ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئەوا خوا زۆر داشاردەری گوناەو لێ بوردەیەکی بەزەیی دارە، ئەبووڕێ لەوەی کە کردوویانە، ﴿ وَإِنْ عَزَمُوا۟ ٱلطَّلَٰقَ﴾وە ئەگەربڕیاری تەڵاقیان ئەدەن﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ئەو خوا بیسەرێکی زانایە بە سوێند و تەڵاقو مەبەستو نیازیان، کەواتە بە گوێرەی کردەوەو نیازیان ڕەفتاریان لەگەڵ ئەکات.

ئینجا بەبۆنەی ئەو تەڵاقەوە دێتە سەر باسی یاساکانی تەڵاقو عیددەو هەموو شتەکانی تر کە لە تەڵاقەوە پەیدا ئەبن، لە یەکەم جارەوە دەست ئەکات بەباسی عیددەو گێڕانەوەی تەڵاق دراوەکە کە یاسای پێنجەمە، ئەفەرموێ: ﴿ وَٱلْمُطَلَّقَٰتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٍ ﴾ واتە ئەو ئافرەتە تەڵاق دراوانەی کە مێردەکانیان چووبوونە لایان وە سەرو عوزر شۆڕنو ئاوس نینو ئازادن، لەپاش تەڵاق دانو کەوتنی تەڵاقەکەیان، با چاوەڕوانی بکەنو خۆیان بگرن لە سووکردنی تازە ﴿ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٍ﴾ تا سێ حەیز، یان سێ پاکی تێپەڕئەکات بەسەر تەڵاق کەوتنەکەیاندا، ئینجا پاش ئەوە ئەگەر شوو ئەکەن بابیکەن؛ ئەو ماوەیە بوەستن تا دەرکەوێ کە سکیان نیە، وە پێویستە لەسەریان چی ئەزانن لەبارەی خۆیانەوە دەری ببڕن، بەم ڕەنگە ئەگەر سکیان هەیە یان حەیزیان تەواو نەبووە بەڕاستی بیڵێن،

وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِىٓ أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۚ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِى ذَٰلِكَ إِنْ أَرَادُوٓا۟ إِصْلَٰحًا ۚ

وەك ئەفـەرموێ: ﴿وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِىٓ أَرْحَامِهِنَّ﴾ وە دروسـت نیـەو ڕەوا نیـە بۆیان شاردنەوەو پاستی نەگوتنی ئەوەی کە خوا دروستی کردووە لە منداڵدانەکانیان دا، ئیتر ئەو سك پڕێ بێت یان حەیز، شاردنەوەی هەرکام لەوانە گوناهو زیانی زۆری لێ پەیدا ئەبێت، چونکە ئەگەر سکی ببێ و بیشارێتەوەو بڵێ: عیددەم بەسەر چووە ئەوە لە لایەکەوە پەکی مێردەکەی ئەخات لەوەلا بیگێڕێتەوە ژێر نیکاحی خۆی، وە ئەو گێڕانەوەش مافێکی شەرعیە بۆی ئەگەر هەرسێ تەڵاقی نەکەوتبێ، وە لەلایەکی ترەوە لەوانەیە بەو سکەوە شووی تازە بکات کە ئەوەش تاوانێکی زۆر گەورەیە، چونکە ئەو حەلە منداڵی مێردی پێشووی ئەشارێتەوەو ئەیکات بە منداڵی یەکێکی تر، وە هەروەها ئەگەر حەیزی مابێت و بڵێ نەم ماوە ئەوەش لەلایەکەوە پەکی مێردەکەی ئەخات لەو ماوە شەرعیەی کە باسکرا، وە لەلایەکی ترەوە لەوانەیە شووبکات بەبێ ئەوەی عیددەی بەسەر چوو بێت کە بەو جۆرەش نیکاحی دانامەزرێ بۆ شووە تازەکەی، کەواتە نابێ ئەوە دەرنەبڕن و بیشارنەوە ﴿إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ ئەگەر ئەوانە بڕوایان هەیە بە خواو هەیە بە خواو بە ڕۆژی دوایی، چونکە ئەو شاردنەوەیە دژو پێچەوانەی فەرمان و ڕەزامەندی خوایەو بڕواداریش نابێ وابێت، وە ئەو شاردنەوەیە کە ئەو هەموو تاوانەی لێ پەیدا ئەبێت مەترسی تۆڵەی سەختی ڕۆژی دوایی لێ ئەکرێ، دەی هەرکەسێك کە بڕوای ببێ بە ڕۆژی دوایی نابێ کارێکی وا بکات کە خۆی شایستەی تۆڵەی ئەو ڕۆژە بکات.

ئەو ئافرەتە تەڵاق دراوانەی کە باس کران پێویستیان هەیە بە عیددە تا دەرکەوێ سك پڕنین، وە هەروەها ئەوانیش و هەموو تەڵاق دراوێکی تریش پێویستن بەو ماوەی عیددەیە، بۆ ئەوەی ئەویش و مێردەکەشی بیرێك بکەنەوە لە حاڵی خۆیان و هەر ناکۆکی و بێزارییەك کە پەیداب وو لە نێوانیاندا لەدڵی دەرکەن و ئەگەر بە شەرعی ڕێگەیان بوو با بگەڕێنەوە بۆڵای یەکتر، وە ئەگەر گەڕانەوەش نەبوو ئەو ماوەی وەستانە تەمێ خواری تێدایە بۆ ئافرەتەکە کە ئەگەر شووی تازەی کرد با هەوڵ بدات جارێکی تر ئەوەی بەسەر نەیەت، چونکە تەڵاق دان

وەك لای خوا بێزراوو نەویستەیە، هەروەها لای مەردومیش پیسوایی تێدایەو ناشیرن سەیر ئەکرێ.

هەرچەند بوونی تەلاق پێویستە بۆ هەندێ کات، ئەگەر خوا میهرەبانی نەکردایەو تەلاقێ دانەنایە گەلێ پیاوو ئافرەت دووچارو ئەکەوتنە ناڕەحەتی بۆ وێنە: ئەگەر پیاوو ئافرەتێك کەوتنە یەکو بەهیچ ڕەنگ ڕێك نەکەوتنو تەبیعەتیان نەئەگونجا پێکەوە کە ئەوەش زۆر ڕوو ئەدا، ئەگەر ڕێگەی تەلاقدان نەبوایە ئەوانە چیان بکردایە؟ کەواتە لە میهرەبانی خوا بەزیادبێت کە تەلاقی دانا، بەلام کە داینا‌وە بۆ کاتێ پێویست‌و چارەسەرکردنی هەندێ بەسەرهاتی داناوە، نەك بکرێ بە کوتەکی دەست‌و هەمیشە لە کارابێت، وەك لەناو نەفامی ئەمڕۆدا باوە، بەڵکو وای داناوە کە بکرێ بە دواترین چارەسەرو کردەوە، وە چەند قۆناغێکی لە پێشەوە بۆ داناوە، وەك بە یارمەتی لەمەو پاش لە سووڕەتی ﴿النساء﴾دا ئەو باسە بە درێژی دێت، وە لەپاش بڕینی ئەو قۆناغانەو بەکارهێنانی هەموو هۆی یەك کەونن، ئینجا کار ئەگاتە تەلاق دان، وە تەلاقدانەکەش بەسێ جار تەواو بکرێ‌و هەرجارێکیش لە یەك پاکی سەربەخۆ ئەگەر سەرو عوزر بشۆڕێ، وەلە جاری یەکەمو دووەمدا بەجۆرێ بێت کە ڕێی گەڕانەوەیان ببێ بۆلای یەکترو ژیانی ژن‌و مێردی دەست پێبکاتەوە، جا ئەگەر هەردووی مەیلی ئەوەیان بوو، یان هەر مێردەکە مەیلی بوو ئیتر با ئافرەتەکە بێزاربێت، هەر ئەو مێردانە شایان ترن بۆ ئەو تەلاق دراوانە تا ئەوەی لێیان گەڕێن‌و پاش عیدە شوو بکەن بەمێردی تری تازە، ئەم دوو مافەش بەبێ ئەوەی کە ناسراوو ویستراوە لە لایەن شەرعەوە‌و باوو عورفی خەڵکی لەسەرە، وەك ئەفەرموێ: ﴿وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَٰلِكَ﴾ وە مێردە تەلاق دەرەکانیان شایانترو شایستە ترن بە گێڕانەوەیان بۆلای خۆیان‌و ماوەی عیددەدا، یان شایستە ترن بەو گێڕانەوە تا ئەو ژنانەی کە بێزارن لەو گێڕانەوە، واتە ئەبێ قسەو مەبەستی مێردە کان بەجێبێت، بەڵام ﴿إِنْ أَرَادُوا إِصْلَاحًا﴾ ئەگەر ئەو مێردانە نیازی ناشت بوونەوە‌و چاك کردنەوەی بەینی خۆیان‌و ئەو ئافرەتانە بکەن، نەك نیازی زیان پێگەیاندن‌و بەستنەوەیان لەناو ژیانێکی تاڵ‌و سوێردا، یان بەدڵ حەزیان لێ ناکەن، بەڵام بەعارو سەرشۆڕی بەرەڵایان بکەن‌و بچن شووبکەن بە کەسێکی تر! واتە ئەگەر بەو نیازە چاکەوە نەبێت‌و بە هەر نیازێکی خراپەوە بیانگێڕنەوە گوناهیان ئەگات‌و ئەو گێڕانەوە ناڕەوا‌و بێ شەرعی یە.

﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ ئەم فەرموودەیە ئەگەر تایبەتی بکەین و پەیوەستی بکەین هەر بەم تەلاق دراوانەوە لە کاتی عیددەدا، وەک هەندێ لە زانایان ئەفەرموون، ئەوەش بەپێی دیمەن و ڕوالەتی شوێنەکە، ئەو کاتە لە تەفسیرەکەیدا ئەڵێین: بۆ ئەو ئافرەتانە هەیە مافیان بەسەر پیاوەکانەوە، بەوێنەی ئەو مافەی کە هەیە بۆ پیاوەکان بەسەر ئەو ئافرەتانەوە، واتە مافی هەردوولا وەک یەک پێویست کراوە لەلایەن خواوە، وەک دەست نیشان کرا بۆ هەردوو مافەکە لەپێش ئەم فەرموودەیەدا، دەست نیشان کرا بۆ مافی پیاوەکان بەوەی کە پێویستە لەسەر ئەو تەلاق دراوانە چاوەڕوانی بکەن و هەرشتێ لە منداڵدانیاندا هەیە لێ بدەن و نەیشارنەوە، وە مافی ئەوانیش بەسەر پیاوەکانەوە ئەمەیە کە نیازو مەبەستیان لە گێڕانەوەی ئەو ئافرەتانە چاک کردنی حاڵی ئەوان و چاک کردنەوەی بەینی خۆیان و ئەوان بێت، نەک نیازی زیان پێگەیاندنیان، وە بۆ پیاوەکان هەی بەسەر ئەوانەوە زیادە مافو پیەیەک، کە بریتیە لە مافی گێڕانەوەکەیان، ئەم مافە دراوە بە پیاوەکان کە تەلاق دانەکەیان پێ دراوە، چونکە بەڕاستی زۆر نارێک و ناڕاستە کە مافی تەلاق دان بۆ پیاوبێت و کەچی مافی گێڕانەوە بە دەست ئافرەت بێت.. ئەگەر ئەم فەرموودەیە تایبەتی بکرێ بەو ئافرەتانەوە لەکاتی عیددەکەیاندا ئەبێ بەو جۆرەی کە گوترا تەفسیری بکەینەوە، وە ئەگەر تایبەتی نەکرێ بە مافی ئەوکاتەوە، وەک زۆربەی زانایان ئەفەرموون، ئەو حەلە ئەڵێن: لە پێشەوە فەرمووی: ئەبێ مەبەست لە گێڕانەوەی ئەو تەلاق دراوانە چاک کردنی حاڵیان بێت نەک زیان پێگەیاندنیان، ئینجا بەم فەرموودەیە ڕوونی ئەکاتەوە کە هەرکام لە ژن و مێرد هەیە بەسەر یەکترەوە، وە بێگومان مەبەست لە ژن و مێردیی و ژیانی ژن و مێردیی تەواو بەبێ پارێزگاریی مافی یەکتر، وە ئەو مافانەش بەو پێیە بن کە شەرع ئەیەوێ و باوو عادەتی مەردومی لەسەرو لەناو خەڵکدا شیرین و بەجێن، وەک ڕێز گرتنی یەکتر لەبەرەو ڕوو پاش ملە، وە ڕێ نەدانی ئافرەت بە ئامۆشۆی هەرکەس بۆ مالیان کە مێرد پێی ناخۆش بێت، وە مێردیش بە چاکی هەڵسێ بە ئەرکی ئەوان لە خۆراک و پۆشاکدا، وەک

لە حەدیسی صحیحدا بە تایبەتی باسی ئەوە ئەفەرموێ، وە مێردەکە سەرۆک خێزانەو وەک شوان وایە ئەبێ هەمیشە چاودێرو پاسەوان بێت و لە بەرژەوەندی خێزان و ماڵەکەی بگەڕێ، وە ئافرەتیش بەرامبەر بەوە با فەرمانبەرو گوێڕایەڵ بێت لە سنووری شەرعدا، وە هەردوولا ڕوخۆش بن بۆ یەکترو هەوڵ بدەن بۆ دڵخۆش کردنی یەکتر، وەک (ئیبن و عەباس)–خوا لێی ڕازی بێ– ئەفەرموێ: من پێم خۆشە خۆم بڕازێنمەوە بۆ ژنەکەم، هەرچۆنێ پێم خۆشە ئەو خۆی بڕازێنێتەوە بۆ من، وە هەروەها هیچ کام داوای کارێ نەکەن لە یەکتر شیاوو شایستە نەبێ، بۆ وێنە: ئیشی دەرەوە کە شایستە تڕە بە پیاوو پێویست نیە لەسەر ئافرەت و با ئافرەت هەڵنەسێ پێی، وە خزمەت کردنی ناوماڵو منداڵو نان و چێشت کە شایستە تڕە بە ئافرەت با ژن هەڵسێ پێیان، ئیتر با ئەوانیش پێویست نەبن لەسەریان لە شەرعدا، وەک (ئیمامی شافیعی) لەسەر ئەوەیەو ئەفەرموێ: خزمەت کارو فەرمانی ناوماڵیش شەرع پێویستی ناکات لەسەر ژن، بەڵکو چاکەیەکەو بە مرۆڤایەتی ئەیکات و پێویستە لەسەر پیاو بڵێ بە ژنەکەی: ئەم کارو فرمانەی کە تۆ هەڵئەسێ پێیان لەناو ماڵدا نیە لەسەرت، بەڵکو بەخێری خۆت ئەیکەیت!!

ئینجا لەسەر ئەم تەفسیرەکە ڕای زۆربەی لەسەرە مافەکانی پیاوو ئافرەت ئەوانە بوون کە ئەو چەند وێنەو نموونەمان بۆ باس کردن، وە ئەو زیادەو پایەو پلەیەی کەپیاو هەتەتی بەسەر ژن دا بەپێی ئایەتەکە کە فەرمووی: ﴿وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾ بۆ پیاوەکان هەیە بەسەر ژنەکانیانەوە زیادەو پایەو پلەیەک. زانایان لەوەدا دوو بەرەکێو یانزە شتیان بۆ باس کردووە، لەناو ئەوانەدا ئێمە سیانیان هەڵئەبژێرین:

١- مافی گێڕانەوەیان بۆ لای نیکاح وەک لە پێشەوە لە یەکەم تەفسیردا گوترا.

٢- هەڵسانی پیاوەکان بە ماوەیی و ئەرکی بەخێوکردنی ئافرەتەکان و بەرگری لێ کردن و پارێزگارییان بەپێی توانا لە هەر شتێکی خراپ، لەگەڵ ئەوە کە ژن وەک پیاو یان زیاتر پێویستەو سۆزی هەیە بۆ ماڵو منداڵو کاری ژن و مێردیی.

٣- مافی کاردەستی و سەرۆکایەتی بۆ ئەو ماڵو خێزانە کە بەبێ سەرۆک و کاربەدەست کاروبارو ناڕوا بەڕێوەو ئەبێ سەرۆکێ هەر ببێ.

وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٢٨﴾ ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِ

دەی بێگومان هەرکەسێك ژێر بێت هیچ گومانی نابێ لەوەدا کە ئەو مافە شایانی پیاوەکانە کە بەهێزترو لێهاتوو ترن و هەموو ئەرکی ژیاندن و بەخێوکردن لەسەرشانی ئەوانە، ئەمانە یاسا و بڕیاری خوان ﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ وە خوا زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا، کەواتە هیچ کەس ناتوانێ مل ملانێی لەگەڵ بکات، وە هەرکەس سەرپێچی بکات لە فەرمان و بڕیاری و مافی ماف داران ژێرپێ بکات لە تایبەتی مافی ژن و مێردیی و ئافرەت، ئەو کەسە خوا دووچاری ئەکات، وە خوا لێزان و کار دروستە و هەموو فەرمان و بڕیاری ڕێك و بەجێیە و پڕ لە بەرچەوەندیە و دەست نادا بۆ گۆڕان و بژارە کردن.

ئەمە بەشێکی زۆر کەم بوو لە مافی ئافرەت کە لێرەدا قورئان دەست نیشان و ئاماژەی بۆکرد، کە بەڕاستی هەق وایە لێژنەی مافی ئادەمی بەگشتی و بە تایبەتی لێژنەی مافی ئافرەتان پیتی ڕووناکی بینووسن لە بەرزترین شوێن و مەڵبەندەکانیان دا هەڵبواسن، ئینجا با بێبڕواکان و نەفام و دوژمنەکانی ئیسلام و مرۆڤایەتی تەریق ببنەوە و سەری خەجاڵەتی داخەن و کۆتایی بێنن لەدەم درێژی کردن و لای هیچ کەس لەڕوویان نەیەت بڵێن ئیسلام مافی ئافرەت ژێر پێ ئەکات، وە با دوژمنەکانی ئافرەت کە خۆیان کردووە بە دۆست و داوای مافیان بۆ ئەکەن، با ئەو دوژمنە بە ناو دۆستانە بزانن کە هەموو زانایەکی ژیرو تێگەیشتوو لەو مافانەی کە ئەوان داوای ئەکەی بۆ ئافرەتان هەر بریتیە لەو مافەی کە ئافرەت بەرەڵا بێت تا بەکاربێت و بەکار بهێنرێ و کەلە کاریش کەوت با بڕوا بکەوێ بەبێ کەس و بەبێ دەر، وە بەبێ لانەو یانەو بەخێوکەرێك!! ئینجا دێتە سەر باسی یاسیای شەشەم لەدوانزە یاساکەی ئێرە کە یاسای ژمارەی تەڵاقە لەگەڵ باسی چەند شتی تر کە پەیوەندی هەیە پێیەوە، ئەفەرموێ: ﴿ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِ﴾ لە پێشەوە با بزانین کەلێرەدا زانایانی تەفسیر دوور ڕایان هەیە:

١- ئەم ڕستەو وتەیە سەربەخۆیەو نەبەستراوە بە پێشەکەیەوە، وە هاتووە بۆ دیاری کردنی چۆنیەتی تەڵاق دانی شەرعی، بەم ڕەنگە ئەبێ بەسێ جاربێت و نابێ هەرسێکی

کۆبکرێتەوە بەیەک جارو بەیەک وتە، لەسەر ئەم ڕایە کۆکردنەوە حەرامو قەدەغەیە، وە زۆربەی زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوەن.

٢- سەر بەخۆ نیەو بەڵکو بەستراوە بە پێشەکەیەوەو تەواو کەری ئەوە، بەم ڕەنگە

لەئایەتی پێشوودا باسی مافی گێڕانەوەی تەڵاق دراوەکانی کردو ئێتر سنووری دیاری نەکرد بۆی، وە پێویستە سنووریشی ببێ، لەبەرئەوە بەم ئایەتە سنووری دیاری کرد بەدوو جار، یەکێ لە زانایان کە ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە (ئیمامی شافیعی)یە. کەواتە لەسەر ڕای یەکەم ئەبێ بڵێین: تەڵاقدان ئەبێ جار لەدوای داربێتو نابێ تەڵاقەکان کۆ بکرێنەوەو بە یەکجار بدرێن، وە لەسەر ڕای دووەم ئەبێ بڵێین: ئەو تەڵاقەی کە مافی گێڕانەوە تێدایە بۆ مێرد دووجارە یا دوو تەڵاقە، ئینجا هەرکام لەم دوو ڕایە چەند بەڵگەو ڕایەکی بۆ باس کراوەو پێویست نیە لێرەدا ئێمە بەو جۆرە درێژەی پێبدەینو ئەڵێین: دیمەنو ڕوالەتی ئایەتەکانی پێشو پاشی ئەم ئایەتە یارمەتی ڕای دووەم ئەدەنو ئەو بەهێز ئەکەنو ئەیچەسپێنن لەدڵدا، چونکە لەسەر ئەم ڕایە ڕێزو هۆنینەوەی ئایەتەکان زۆری ڕێکو بە جێترن، ئینجا ئەو حەدیسەی کە هاتووە لەباسی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە بە تەواوی بڕوامان بەهێز ئەکات بەم ڕایە، وە حەدیسەکەش لە چەند ڕێگایەکەوە هاتووە کە دڵنیا کەرن بەڕاستی ئەم حەدیسە، یەکێ لەو ڕێگایانە ئەمەیە کە (ئیمامی مالیکو ئیمامی شافیعیو ترمزی)و چەند کەسێکی تر ئەیهێنن لە (عوروەی کوڕی زوبەیر)ەوە ئەویش لە باوکیەوە کە ئەفەرموێ: لە پێشەوە پیاو کەژنی تەڵاق ئەدا ڕێی بوو بێگێڕێتەوە لەکاتی عیددەدا با هەزار جار تەڵاقی بدایە، ئینجا پیاوێک ژنەکەی تەڵاق داو لێی گەڕا تا خەریک بوو عیددەی بە سەر بچێ، لەوێ دا ئەیگێڕایەوە بۆلای خۆی، ئینجا دووبارە تەڵاقی ئەدایەوە، لەپاش دا پێی گوت: واللە نە ئەتگرمە لای خۆم، وە نە هەرگیز بەرەڵات ئەکەم، بەم ڕەنگە تەڵاقێت ئەدەم هەتا کاتێ کە عیددەت خەریکە تەواوببێ، لەوێدا ئەتگێڕمەوە، وە هەروەها ئینجا ئەو ئافرەتە هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ئەو دادەی کرد، ئینجا خوا ئەم ئایەتەی

ناردە خوارەوە، دەی ئەم حەدیسە هەر پای دووەم نیشان ئەدات و ئەمە ئەگەیەنێ کە ئەم ئایەتە سنوور دیاری ئەکات بۆ گێڕانەوەی تەڵاقدراوان، بێگومان لەسەر هەردوو پا ئەم ئایەتە دەست نیشان و ڕێنموونی تێدایە بەوەی کە تەڵاق دان با یەک و جار لە دوای جاربێت، وە شتێکی ئاشکرایە بەلای هەموو کەسەوە کە هەر بەو جۆرە پاست و ڕێکە، چونکە تەڵاق دەرمان و چارەسەرێکە خوا داینناوە کە بەگوێرەی پێویست بەکاربهێنرێ، وە بێگومان یەک تەڵاق بەسە بۆ چارەسەر کردن، وە زیاد لە یەک زیادە ڕەویە، کەواتە نەبێ چاکە، وە بێجگە لەوەش بە زۆری ئەبینرێ کە تەڵاق دەر یا تەڵاق دراو یان هەردوو لەپاش تەڵاق دانەکە ئەکەونە ئەوپەڕی زیان و ناڕەحتی بەهۆی ئەوەوە زۆر پەشیمان و دڵگران ئەبن و مەرگی خۆیان بە ئاوات ئەخوازن لە داخی ئەو تەڵاق دان و جوێ بوونەوە، کەواتە با ڕێگەیان لێ نەبەسترێ و بتوانن بکەونە یەک، ئینجا ئەگەر بە یەک جار تەڵاق دان و گێڕانەوە تەمێ خوار نەبوون و ژیانی ژن و مێردییان چاک نەبوو با جارێ تریش تاقی بکرێنەوە و ڕێگەی تەڵاق دان و گێڕانەوەیەکی تریان بدرێ، بەڵکو لەجاری دووەم دا چاک بێن، لەبەرئەوە ڕێ دران بۆ جاری دووەمیش، وە ئەگەر ئەمجارەش هەر چاک نەبوون و ژیانیان پێکەوە نەئەگونجا با بۆ جاری سێیەمیش ڕێ بۆ جوێ بوونەوەی یەکجاری، لەبەرئەوە ڕێی جوێ بوونەوەیان لێ نەگیرا بۆ ئەمجارەش، بەڵام چونکە تاقی کردنەوە کە بەو دووجارە دوایی هات، ئیتر لەپاش جاری سێیەم ڕێگەی یەک کەوتنەوە گیرا مەگەر ئافرەتەکە شوویەکی تر بکات و ئینجا ئەمیش نەگونجێ و هەر وەک مێردی پێشوو تەڵاق بدرێ، ئەو حەلە ڕێی ئەدرێ پاش عیددە بەسەر چوونی شوو بکاتەوە بە مێردی یەکەمی، ئەگەر ئارەزووی یەکتریان کرد، چونکە لەوانەن بەهۆی ئەو هەموو بەسەرهاتەوە هەردوو لا تەمێ خوار بێن و ئیتر ناکۆکی و ئازاوە ڕوویان تێئەکاتەوە، بێگومان ــ وەک وتمان ــ تەڵاقەکان یەکەیەکەبن چاکەو قورئان ڕێنموونی بۆ ئەکات ئەی ئایا کۆکردنەوەیان حەرامەو قەدەغەیە یان نا؟ (ئیمامی حەنەفی و ئیمامی مالیک) و زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن کە کۆکردنەوەی سێ تەڵاقە قەدەغەیەو حەرامە، وە (ئیمامی شافیعی) و کۆمەڵێکی تر لەسەر ئەوەن کە قەدەغە نیە، وە هەروەها

(ئیمامی ئەحمەد)یش لە فەرموویەکی دا، وە هەردوو تاقم بەڵگەیان هەیە لەسەر ڕای خۆیان وەك لەکتێبەکاندا باس کراون، ئینجا ئایا ئەو تەڵاقانەی کە کۆئەکرێنەوە ـ دوان یان سیان ـ بە جارێك ئەکەون یان هەر ژمارەیەك بگوترێ هەر یەکێکی پێئەکەوێ و تەڵاق هەر بە یەکە یەکە ئەکەوێ؟ یان هەر یەکێکیش ناکەوێ؟

(ئیمامی حەنەفی و مالیك و شافیعی و ئەحمەد) و جەماوەری زانایانی ئوممەت لەسەر ئەوەن کە هەرکات دوو تەڵاق یان سێ کۆکرانەوە لە یەك وتەدا بە جارێ ئەکەون، وەك بەیەکە یەکە بگوترێن، وە ئەهلی ظاهرو شیعەو کۆمەڵێ تر لەسەر ئەوەن کە هەرچەند ژمارە بگوترێ هەر یەك تەڵاقێ پێئەکەوێ، وە (محمدی کوڕی مقاتل و محمدی ئیسحاق و حەجاجی کوڕی إرطاة) لەسەر ئەوەن کە هیچی پێ ناکەوێ، بێگومان ڕای سێیەم بەهیچ ڕەنگ جێی بڕوانیە و هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نیە کە گوێی بۆ بگیرێ، وە ڕای دووەمیش هەرچەند لە کۆن و تازە چەند زانایەکی لەسەرە، وە دوو حەدیس بەڵگەیە بە دەستیانەوە، بەڵام ئەم ڕایەش لەکاتی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەدا دەرکەوت کە شیاوی ئەوە نیە پشتی پێببەسترێ و ڕەفتاری پێبکرێ، وەك لە شوێنی تایبەتی خۆی دا بەدرێژی ڕوون کراوەتەوە، بەڵام ڕای یەکەم زۆر بەهێزە، چونکە حەدیسێکی زۆری بەهێزی پێ هاتووە، لەناو ئەو حەدیسانەدا سیانیان ئەهێنم:

١- حەدیسێ کە (بەیهەقی) لە سونەنی خۆی دا ئەیهێنێ لە (سوەیدی کوڕی غفلە) (ل ٣٣٦، ج ٧) کە (ئیمام حەسەن) -خوا لێی ڕازی بێ- ئەفەرموێ بە خێزانی خۆی: (عائیشەی خثعمیة): تەڵاقت کەوتبێ سێ بەسێ، لەپاش دا پەشیمان ئەبێتەوە و ئینجا ئەفەرموێ: ئەگەر لە باپیرم نەبیستایە ـ واتە پێغەمبەر (ﷺ) ـ یان باوکم هەواڵی پێ نەدایەم کەلە باپیرمی بیستووە کە فەرموویەتی: هەر پیاوێك سێ تەڵاقەی ژنی خۆی بدات بەسێ جارو هەر جارێك لە پاکی دا، یان بە یەك جارو هەرسێکی کۆ بکاتەوە، ئەو ئافرەتە حەڵاڵ نابێت بۆ مێردەکەی هەتا شوویەکی تر نەکات، ئەگەر لەبەر ئەم

فەرمووده نەبوایە (عائیشە)م ئەگێڕایەوە بۆلای خۆم، ئەم حەدیسە بەم جۆرە هاتووەو نەش بیستراوە هیچ کەس ڕەخنەی لێ گرتبێ، کەواتە زۆر جێگەی بڕوایە.

٢- (أشهب) حەدیسێك ئەهێنێ لە (سەعیدی کوڕی موسەیب)، وەك لە (المدونة)دا ئەفەرموێ: (ج/ ٥ ص ١٦٣) کە پیاوێك لە تیرەی (ئەسلەم) ژنەکەی تەڵاق ئەدات سێ بەسێو بەیەکجار، ئینجا ئافرەتەکە ئەچێتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، وە عەرزی ئەکات کە مێردەکەی بەیەك وتە سێ تەڵاقەی داوە، ئەویش ئەفەرموێ: سێ تەڵاقەت کەوتووە میرات نابەن لە یەکتر.

ئەم حەدیسە هەرچەند (مرسل)ەو ناوی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) تیا نیە، بەڵام (مرسل)ێکە کە حەدیس قوڵێگیریەتیو کۆڕو جەماوەری زانا و پێشەواکانی لەگەڵە، کەواتە پەسەندەو وەرگیراوە. (دار القطني) لە سونەنەکەی خۆی دا (ل/١٠٤) حەدیسێك ئەهێنێ لە (ئیبن و عومەر)ەوە -خوا لێی ڕازی بێ- کە ئەفەرموێ: یەك تەڵاقی ژنەکەم دا لەکاتی حەیزدا...هتد، ئینجا ئەمەشی تێدایە، کە وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر سێ بەسێش تەڵاقم بدایە هەر ڕێی گێڕانەوەیم بوو؟ ئەویش فەرمووی: نەخێر، ئەو کاتە جوێ ئەبوویتەوە، وە وتەکەت گوناە ئەبوو.

٣- بێجگە لەم حەدیسانە (ئیمامی مالیك) لە (موطأ)ی خۆی دا فتوای (ئیمامی عوسمانو ئیبنو مەسعودو عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) ئەهێنێ لەسەرکەوتنی سێ تەڵاقە بە یەك جار سەرباقی ئەم هەموو حەدیسو فتوایانە، شتێکی ئاشکرایە کەلە چەرخی خەلیفەی دووەم دا بڕیاروئیجتماعی خەلیفەو هەموو هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) دەرچوو لەسەر کەوتنی تەڵاقی سێبەسێ بە یەکجار، وە بێگومان ئەگەر پاڵپشتو بەڵگەیەکی بەهێز نەبوایە ئەو بڕیارو ئیجماعە نەئەبوو.

بەڕاستی زۆر جێگەی سەرسوڕمانە هەرکەس گومانی وابێ کە تەڵاقی سێبەسێ لە چەرخی پێغەمبەر (ﷺ)و ئەبوبەکردا یەک تەڵاق دانراوە، کەچی عومەرو باقی تر توانیان بەبێ بەڵگەو پاڵشت ئەو بڕیاری ئەوانە بسڕنەوە بە قسەو بڕیاری خۆیان!! زۆر سەرسوڕ ئەمێنێ لە گومانی وادا، هەرچۆنێ سەر سووڕ ئەمێنێ لەوەی کە موسڵمانی ئەمڕۆ شەرم ناکاتو بێباک ڕەفتار بکات بە پێچەوانەی ئەو بڕیارە کە عومەری فاروق دایو هەموو موسڵمانەکانی ئەو چەرخەی لێ بێدەنگ بوونو دانیان پیا ناو ئینجا لەپاش ئەوان کۆڕو جەماوەری هەموو مەزهەبە باوەڕ پێکراوەکان، وەریان گرتو بڕیاریان لەسەردا!! داواکارین لە موسڵمانی ئەمڕۆ ئەو بێ شەرمیە بەسەر خۆی دا نەهێنێ، وە ئەگەر تائێستا هێناویەتی لێی پەشیمان ببێتەوە، ئینجا با بگەڕێینەوە بۆ سەر ئایەتەکە، ئەفەرموێ: ﴿فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ﴾ ئینجا دوای ئەو دوو تەڵاقانە یەکێ لەم دووبارە پێویستە: گێڕانەوەی ئافرەتەکەو ڕاگیرکردنی بە شێوەیەکی شەرعیو ڕێکو پێکو بە گوێرەی ژیانێکی مرۆڤایەتی، یان بەرەڵاکردنی بە شێوەیەکی چاکو شیرین، بەم ڕەنگە باسی بە خراپە نەکات، وە هەر حەقێکی هەیە بۆی جێبەجێبکات، وە ئەو بەرەڵا کردنەی بەمەبێت کە نەیگێڕێتەوە بۆلای خۆیو لێی گەڕێ هەتا عیددەی بەسەر ئەچێتو ئیتر ئەو کاتە سەربەستی وەرئەگرێو ئەتوانێ شووبکات بەهەرکەس کە مەیلی ببێ، وە ناتوانێ بێتەوە بۆلای مێردەکەی مەگەر بەنیکاح کردنو مارەییەکی تازە، بەرەڵا کردنەکەی بەمە بێت تەڵاقی سێیەمیشی بدات، هەرکام لەم دووبارە هەر بەرەڵاکردنە، بەڵام دیمەنو ڕوالەتی حەدیس لەگەڵ باری دووەمو دایە، ئەوەتا (ئەبو داود)و کۆمەڵێک حەدیسێک ئەهێنن لە (ئەبو رزینی ئەسەدی)یەوە کە پیاوێک گوتی: ئەفەرموێ: پێغەمبەری خوا ئەبیستم خوا ئەفەرموێ: ﴿ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِ﴾ ئەی تەڵاقی سێیەم لەکوێیە؟ لەوەڵام دا فەرمووی: بەرەڵاکردنی بەچاکیو بەڕێکی تەڵاقی سێیەمە. لەسەر ئەم ڕایە ئایەتی داهاتوو کە ئەفەرموێ: ﴿فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ﴾ تەفسیرو ڕوون کەرەوە بۆ ئێرە کە ئەفەرموێ: ﴿أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ﴾ لە پاش ئەوەی چاکەکردنی پێویست کرد لەسەر ئەو کەسەی کە بەرەڵاکردن هەڵئەبژێرێ، ئینجا قەدەغەی ئەکات لەسەر مێردەکان کە هیچ شتێک وەرگرن لە ژنەکانیان بەرامبەر بەرەڵاکردنو تەڵاقدانیان،

وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُوا۟ مِمَّآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ شَيْـًٔا إِلَّآ أَن يَخَافَآ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا ٱفْتَدَتْ بِهِۦ ۗ تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا ۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٢٩﴾ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعْدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُۥ ۗ

ئەفەرموێ: ﴿وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُوا۟ مِمَّآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ شَيْـًٔا﴾ حەڵاڵو ڕەوا نیە بۆتان وەرگرتنەوەی هیچ شتێك لەوەی کە پێتان داون، ئیتر ئەو شتە مارەیی بێت یان هەر شتێکی تر کە پێتان داین.

ئەم لێ نەسەندنەوەو وەرنەگرتنە هەرچەند وەرئەگیرێ لە پێشەوە بە شێکە لەو ئیحسانەی کە فەرمانی پێدا، بەڵام بەتایبەتی باسی کرد لەبەرئەوەی بدات کە کاری ئافرەت زۆر بە گرنگ گیراوە، وە لەبەرئەوەی باشتر ببێتە بەرگری کەر لەو پیاوانەی کە زۆر دارن و ئەیانەوێ ستەم بکەن لە ئافرەتە زەبوون و بێچارەکان، ئینجا ئەو قەدەغەکردنە لە کاتێکدا کە مێرد حەز لە جیابوونەوە بکات و ئافرەتەکەی نەوێ، وە ئەگەر ئافرەتەکە پیاوەکەی نەوێ و بیەوێ جوێ ببێتەوە، ئەو کاتە هیچ گوناە نیەو ڕەوایە بۆ پیاوەکە شتی لێ داوا بکات بەرامبەر بەرەڵاکردنەکەی، چونکە ڕەوا نیە بەبێ تاوان ژنەکەو ماڵەکەشی لەدەست دەرچێ، جا لەبەرئەوە ئەفەرموێ: ﴿إِلَّآ أَن يَخَافَآ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ﴾ واتە ڕەوا نیە بۆتان هیچ شتێك وەرگرنەوە لەوەی کە پێتان داون، مەگەر پیاوو ئافرەتەکە مترسی بکەن لەوەی کە سنوورەکانی خوا ڕاگیر ناکەن و ئەیان شکێنن، ئەو سنوورانەی کە خوا دایناون و پێویستی کردوون لە سەر ژن و مێرد بەجێهێنانیان بەرامبەر یەکتر، هەروەها مەترسی بەکەن کە بەهۆی بێزاری و نەویستنی کە پەیدا بووە لەنێوانیان دووچاری داوێن پیسی یان هەر شتێکی تری ناڕەوا، ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ﴾ کەواتە ئەگەر مەترسیتان ئەکرد لەوەی کە ئەو ژن و مێردە سنوورەکانی خوا ڕاگیرناکەن ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا ٱفْتَدَتْ بِهِۦ﴾ ئەو حەلە هیچ گوناهێك نیە لەسەر ئەو پیاوو ئافرەتانە لەدان و وەرگرتنی ئەو ماڵو شتەی کە ئافرەتەکە ئەیدات

بەمێردەکەی و خۆی پێ پزگار ئەکات و پێی جوێ ئەبێتەوە، کە ئەوەش لە ئیسلام دا پێی ئەگوترێ (خلع) واتە جیابوونەوە و پزگاربوونی ژن لە مێردەکەی بەرامبەر ئەو مالّ و شتەی کە ئەدرێ بە پیاوەکە، واتە گوناهو نیە لەسەر پیاو لە وەرگرتنی ئەو مالّە، وە گوناهیش نیە لەسەر ژنەکە لەدان و دەست لێ هەڵگرتنی ئەو مالّە، وە بۆ ئەوەی بەباشی تێ بگەین لەم مەسەلەیە پوودداوێک لەم بارەیەوە ئەهێنین کەلە چەرخی پێغەمبەردا (ﷺ) بەدی هات و ناوبراوە بە یەکەم (خلع) لە ئیسلام دا (ئیمامی مالیك) لەکتێبە حەدیسەکەی خۆی دا کە ناوی (موطأ) ئەفەرموێ: (حەبیبەی کچی سەهلی ئەنصاری) ژنی (سابتی کوڕی قەیس) بوو، وە پێغەمبەر (ﷺ) بەیانیەك لەتاریکی و بووم و لێدا لە بەرقاپی دا تارمایی ئەو ئافرەتە ئەبینێ و ئەفەرموێ: کێیت؟ ئەویش ئەڵێت: (حەبیبەی کچی سەهل)موسڵمان، ئینجا پێی ئەفەرموێ: ئیشت چیە؟ ئەڵێ بەهیچ جۆر ناڕۆم لەگەڵ (سابت)، ئینجا (سابت) دێت و پێغەمبەر (ﷺ) پێی ئەفەرموێ: ئەمە (حەبیبە)یەو ئاوا ئەڵێ، ئینجا (حەبیبە) ئەڵێ: هەرچی پێداوم لامە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ: لێی وەرگرە، ئینجا ئەویش لێی وەرئەگرێ و تەڵاقێکی ئەدات، ئەم پووداوەبەدرێژتر (بوخاری) ئەیهێنێ لە (ئیبن و عەباس)ەوە –خوا لێیان ڕازی بێ– وە هەروەها (ئیبن و جەریر) ئەیهێنێ لە (عیکرەمە)وە، ئەم ڕیوایەتانە بۆمان ڕوون ئەکەنەوە چۆنیەتی وزاڵی ئەوحاڵەتەدەروونیەی کەبوو بەهۆی ئەو جیا بوونەوە، کە حاڵەتێکی ئەوەندە زۆردار بوو چارەسەر نەکرا بەو جوێبوونەوە نەبێت، لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) دژی نەوەستا و لە بەرنامەکەی خوا ئەو چارەسەریەی بۆ وەرگرت، ئا بەو جۆرە ئیسلام هات چارەسەری دانا بۆ هەموو قۆرت و گرێیەك، وە دەرمانی دیاری کرد بۆ هەموو دەردو نەخۆشیەك، لەبەزەیی و میهرەبانی خوا بەزیاد بێت، ئینجالەبەرئەوەی هەموو ڕاستی و ناڕاستی و لێ بڕان و فڕوفێڵك لەم جۆرو بەسەرهاتانەدا ئەگەڕێتەوە بۆ لە خوا ترسان و لە خوا نەترسان، لەبەرئەوە باسەکەی دوایی پێهێنا بە ترساندن لە خودو لە شکاندنی (سنووورەکانی خوا، فەرمووی: ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ﴾ ئەو یاساو بڕیارانە سنووری خوان ﴿فَلَا تَعْتَدُوهَاۚ﴾ کەواتە تێپەڕمەکەن لێیان و دەست درێژیان لێ نەکەن بە کردەوەی پێچەوانەو دژ ڕفتاری.

ئینجا هەڕەشەو ترساندنەکە بەهێز تر ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾هەرکەس دەست درێژی ئەکاتو سنوورەکانی خوا ئەشکێنێ هەر ئەوانە ستەمکارن.

تەعبیرەکانی قورئان زۆر زۆر نایابو سەرنج ڕاکێشن، بۆ وێنە لێرەدا ئەفەرموێ: دەست درێژی مەکەنو تێپەڕنەکەن لە سنوورەکانی خوا، وە لەپاش باسی قەدەغەکردنی خواردنو خواردەنەوەو کاری ژنو مێردی لەکاتی ڕۆژوودا لەدوای قەدەغەکردنی ئەوانە فەرمووی: ئەوانە سنوورەکانی خوان، کەواتە نزیکیان مەکەونەوە، وە هۆی ئەو جیاوازیەش جیاوازی شوێنەکانە. لەباسی ڕۆژوودا چەند شتێ قەدەغە کراوە کە نەفس زۆر بە سۆزو ئارەزووە بۆیان، کەواتە نزیك کەوتنەوەشیان هەر جێگەی مەترسیەو لەوانەیە ڕایانکێسێ بۆ شکاندنی سنوورەکان، بەڵام لێرەدا شوێنی ئاڕاوەو ناکۆکیو ئەو شتانەیە کە نەفس بێزارە لێیان، کەواتە لێرەدا مەترسی لە شکاندنو تێپەڕ کردن ئەکرێ نەك لە نزیك کەوتنەوەیان!! بەڕاستی هەر بە قورئان ئەکەوێ بدوێو باسی هەرشتێ بکات. ئینجا ئەگەڕێنەوە بۆ سەرباسی تەڵاقی سێیەم، حوکمو بەرهەمەکەیمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە، ئەفەرموێ: ﴿فَإِن طَلَّقَهَا﴾ ئینجا ئەگەر لەپاش دووجارەکە تەڵاقی تری دا ﴿فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ﴾ ئیتر ئەو تەڵاق دراوە حەڵاڵ نابێ بۆ تەڵاق دەرەکەی لەپاش ئەو تەڵاقی سێیەمە هەتا شوو ئەکات بە مێردەێکی تر غەیری ئەو، وە ئەو مێردی دووەمە کاری ژنو مێردی لەگەڵ ئەکات وەك لە حەدیسێکدا هاتووە کە (ئیمامی شافیعیو ئەحمەدو بوخاریوموسلیم)و کۆمەڵێك ئەیهێنن لە دایکی ئیمانداران (عائیشە)وە -خوا لێی ڕازی بێ- کە ئەفەرموێ (عائیشە)ی ژنی (ڕیفاعە) هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)و تەڵاقی داومو ئینجا (عبدالرحمنی کوڕی زوبەیر) خواستوومی وە ئێستا کەڵکی پیاوەتی پێوەنیەو کاری ژنو مێردی پێناکرێ، ئەویش فەرمووی: ئەتەوێ بگەڕێیتەوە بۆلای (ڕیفاعە)؟ نەخێر شتی وا نابێ تا کاری ژنو مێردی نەکەن، ئینجا ئەو شووکردنەش ئەبێ بە شێوەیەکی ڕاستیو ئێجگاری بێت بەلای زۆربەی زانایانەوە، نەك فێڵو بە نیازی ئەوە دوای چوونە لای بەگورجی تەڵاقی بدات، وەك باوە بەو جۆرە ئەکرێ، وە بەلای حەنەفیو شافیعی یەوە دروستە بەڵام کەراهەتی هەیە،

فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ أَن يَتَرَاجَعَآ إِن ظَنَّآ أَن يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ ۗ وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٢٣٠﴾ وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ ۚ وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِّتَعْتَدُوا۟ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥ ۚ وَلَا تَتَّخِذُوٓا۟ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ هُزُوًا ۚ

﴿فَإِن طَلَّقَهَا﴾ ئینجا پاش ئەوەی کە شووی کرد بە میّردێترو میّردەکە چووەلای، ئەگەر ئەم میّردی دووەمە تەلاقی دا ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ أَن يَتَرَاجَعَآ﴾ ئەو حەلە هیچ گوناەو خراپی یەک نیە لەسەر میّردە پێشووەکەو ئەم ئافرەتە کە بگەڕێنەوە بۆلای یەکتر بە نیکاح و ماڕەییەکی تازەی سەر لە نوێ ﴿إِن ظَنَّآ أَن يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ﴾ ئەگەر لایان وابوو کە سنووڕەکانی خوا پاگیر ئەکەن لەبارەی ژن و میّردیەوە، کەواتە هیچ شتێکمان بە ئارەزوو کاری نیە، وە هەروا بەڕەڵا نەکراوین بە پێی پێویست و خواست و ئارەزووی خۆمان یەک بگرین، یا جوێ ببینەوە، بەڵکو بۆ هەموو کاروبارمان خوا سنووڕو بڕیارێکی داناوە، ئەبێ ژیانمان لە چوار چێوەی ئەو سنووڕانە دەرنەچێ، ئەگینا دووچاری دەردی هەردوو جیهان ئەبین، وە بەپێی میهرەبانی و بەزەیی خۆی ئەو سنووڕانەشی بە پوونی باس کردووە بۆمان، کەواتە هەرکەس ژیرو زانابێت بە باشی ئەو سنووڕانە ئەناسێ و تێیان ئەگات، وە هەرکەس زانا و تێگەیشتوو نیە تاوان لە خۆیەتی، ئەفەرموێ: ﴿وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ﴾ ئەو یاسا و بڕیارانە سنووری خوان ﴿يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ بە پوونی باسیان ئەکات بۆ هەر گەل و تاقمێک کە تێئەگەن و زانان، کەواتە ئەوانە چەسپانی ئەکەن بۆ کردەوەکان بەپێی ئەو یاسا و بڕیارانە، ئینجا دێتە سەر باسی حەوتەم، کە چەند تەمێ و پەندێکە لەلایەن خوای پەروەردگارەوە سەبارەت بە ڕەفتارو کردەوەی چاک و شیرین دەربارەی تەلاق دراوەکان، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾ کاتێ کە تەلاقی ئافرەتەکانتاندا، ﴿فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ﴾ ئینجا گەیشتنە دوا دوایی عیددەو ماوەکەیان ﴿فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ﴾ ئەو حەلە یان ڕگیریان کەن و بیانگێڕنەوە ژێر نیکاحی خۆتان بە شێوەیەکی چاک و شەرعی و بێزیان پێگەیاندن، یان لێیان جیا ببنەوە و بەڕەڵایان کەن بەم ڕەنگە لێیان گەڕێن تا عییدەیان بەسەر نەچێت و ئەو کاتە سەربەست و ڕزگار ئەبن،

بەبێ زیان پێگەیاندن بە درێژەدان بە عییدەیان، ئەوەش بەم ڕەنگە لە دوا دوایی عیددەکەیاندا بیانگێڕنەوە لەپاشدا هەمیتر تەڵاقیان بدەنەوە تا عیددەیەکی تر هەڵبژمێرن، وە هەروەها تەڵاقی سێیەمیش، وە بێگومان ئەو جۆرە ڕگیر کردنو گێڕانەوە بۆ زیان پێگەیاندن، وەك بەم فەرموودەیە دەست نیشانی بۆ ئەکات، ﴿وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِّتَعْتَدُوا﴾ وە ڕگیریان مەکەنو مەیان گێڕنەوە بە نیازی ئەوەی زیانیان پێ بگەیەنن بەدرێژەپێدانی عیددەکانیان، بۆئەوەی ستەمیان لێ بکەن بەسزادانی دەروونیان بەو درێژەپێدانە، یان بەم ڕەنگە ناچاریان بکەن بەوەی مارەییو مالّی خۆیان بدەن پێتانو تەڵاقی لەسەر وەرگرن، ﴿وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ﴾ هەرکەس ئەوە بکات بێگومان ئەو کەسە ستەم لە خۆی دەکات بەمەی ئەیخاتە بەر سزای خوا، بەوەی خۆی بێبەش ئەکات لە ئەجرو پاداشتی ئەو ڕێگەو بارە ڕاستەی کە خوا بۆی داناوە، وە هەروەها خۆی بەدناو ئەکات لەناو خەڵکدا، چونکە ئەو جۆرە کردەوانە لەگەڵ ئافرەتی زەبوونو بێچارەدا هۆی سووکیو ڕیسواییە.

ئەو جۆرە کردەوە ناڕەوا باو بووە، وە هەرچۆنێ ئایەتەکە دەست نیشانی بۆ ئەکات چەند هەوالّو ڕیوایەتێکیش پێی هاتووە، یەکێ لەوانە ڕیوایەتی (ئیبنو جەریر) لە (ئیبنو عەباس)ەوە، وە ڕیوایەتی سوودی کە ئەفەرموێ: ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە دەربارەی (سابتی کوڕی یەساری ئەنساری)یەوە کە ژنی خۆی تەڵاق دا بەو جۆرە ناڕەوا تا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو جلّەوگیریی کرد لەو ستەمو دەست درێژیانە.

ئافرەت لە سەردەمی نەفامیدا دووچاری هەموو ناڕەحەتیو تەنگەتاوی ئەبوو لە ساواییو منداڵیدا دووچاری زیندەبەچاڵی ئەبوو، وە هەریەکێك لەوە ڕزگار ببوایە بە ئەوپەڕی سووکیو ڕیسواییو مەینەتەوە ئەژیاو گەورە ئەبوو، ئینجا کە شووی ئەکرد حوشترو ولاخو مالّات زۆر بە نرخ تر بوو لەو ئافرەتە هەژارە بەلای مێردکەیەوە، ئینجا کە تەڵاق ئەدرا بەو شێوەیە تەڵاق ئەدرا کە باس کرا، ئینجا ئیسلام هات فریای ئافرەت کەوت تیمارە چارەسەری هەموو زامو دەردێکی کرد، وە نەسیمی ناسکو پڕ فەڕو بەزەیی خۆی دا لە دڵو دەروونیان، وە هات پلەو پایەی بەرز کردەوەو هێنایە ڕیزی پیاوو هەموو مافێکی دیاری کردو پێویستی کرد لەسەر پیاوەکانو کاربەدەستەکان بەجێهێنانو پاراستنی ئەو

مافانه، وه ئەو بەجێهێنانو پاراستنەی گێڕا بە عیبادەتو خواپەرستیو پێچەوانی گێڕا بە ستەمو تاوانو لە خوا یاخی بوون، ئەمانەشی هەموو کرد بەبێ ئەمەی کەس شتی وای بە دڵدا هاتبێ، وە بەبێ ئەوەی هیچ ئافرەتێك داوای هیچێ لەو مافانەی کردبێ، بەڵکو دان نان بەو مافانەدا لە لایەن پیاوو باوی گشتیەوە بە ستەمو تاوان دانەنرا، کەواتە ئەوەی کە ئیسلام کردی لە بارەی ئافرەتەوە، وەك لە هەموو بارو ناوچەکانی تردوە، شۆڕشێك بوو هەڵی گیرساند بۆ سەر ئەو هەموو کارو کردەوە ناڕەواییانەی کە دەربارەی ئافرەت ئەکران، جا لەبەرئەوە پێویست بوو بەو هەموو تەمێو ترساندنو ئامۆژگاریەی کە لەم ئایەتانەدا بڵاو بوونەتەوە، وە بەبێ ئەو هەموو هەوڵو تەقەلایە ئەو هەموو باوو کردەوە خراپانە لانەئەبرانو لە ڕیشەوە دەرنەئەهێنران، ئەم ئایەتانەی کە هاتن لەبارەی کاروباری ئافرەتەوە ـ وەك هەموو ئایەتەکانی تریش ـ ڕوونو ڕەوانو بێقۆرتو گرێن، کەواتە هەرکەس بیەوێ فڕوفێڵ بکات لەو کاروبارانەدا ـ وەك ئەو ڕاگیرکردنو گێڕانەوەی کە ئەکرا بەو نیازە خراپانەی کە باس کران ـ ئەو کەسە وەك گاڵتەو لاقرتی بکات بەم ئایەتانە وایە، وەکو ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَتَّخِذُوٓا۟ ءَايَـٰتِ ٱللَّهِ هُزُوًا﴾ ئایەتەکانی خوا بە گاڵتە مەگرن، بەم ڕەنگە بتانەوێ بە فڕوفێڵ خۆتانیان لێ بشارنەوەو ڕەفتاریان پێ نەکەن، بەڵکو زۆر گرنگ بیانگرنو بە ڕێکی ڕەفتاریان پێ بکەن، یەکێ لەو فڕوفێڵانە ئەوەیە کە (ئیبنو ئەبی عمر)و (ئیبنو مەروە) ئەگێڕنەوە لە (ئەبو الدرداء)ەوە کە ئەفەرموێ: پیاوی وابوو ژنی تەڵاق ئەدا یان بەندەی ئازاد ئەکرد، لەپاش دا ئەیگوت: گاڵتەم کردو بە گاڵتەوە ئەوەم وتووە، ئینجا بەو بۆنەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە جڵەوگیری کردن لەو جۆرە فێڵە، وە حەدیسیش هات ئێجگاری ئەو جۆرە فێڵەی خست! (ئەبو داودو ترمزیو ئیبن ماجەو حاکم) حەدیسێك ئەهێنن لە (ئەبو هورەیرە)وە کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ: سێ شت هەن بە گاڵتەیشەوە بگوترێن هەر دانەبەسترێن: نیکاحو تەڵاقو گێڕانەوەی ئافرەت بۆ ژێر نیکاح، وە (ئەبو الدردا) ئەفەرموێ: نیکاحو تەڵاقو ئازاد کردنی بەندە وە (عمری خەلیفەی دووەم) ئەفەرموێ: چوار شت هەن داخراونو قوفڵ دراون: ئەزر، تەڵاق، ئازادکردنی بەندە، نیکاح کردن.

وَٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَمَآ أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْحِكْمَةِ يَعِظُكُم بِهِۦ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٣١﴾

به هەرحاڵ له کۆن له تازەوە فڕوفێڵ زۆر کراوەو نوسراونەتەوەو کتێبی تایبەتیشیان بۆ دانراوەو ناوبرا بە {کتاب الحیل} کتێبی فڕو فێڵەکان، وە بەڕاستی ئەو کردەوەیانە بەرهەمو سەرەنجامێکی زۆر خراپیان هەبوو، وە بوون بە هۆی پشت کردنە ئایینی خواو پەك خستنو لە کار خستنی یاساو بڕیارەکانی خوا کە ئەوەش کانگاو سەرچاوەی هەموو پەستیو دواکەوتنو زەبوونیو لەکارکەوتنی ئەم گەلەبوو، وە لەڕووی ڕاستی دا ئەو فڕوفێڵانە سەریان لەلاقرتیو گاڵتەکردن بە ئایەتەکانی خواوە دەرچوو، خوا پەنامان بدات لەوە، ئینجا وێڕادنو دەروون ئەهێنێتە جۆش بەوەی چاکەو بەهرەی خوامان ئەخاتەوە بیر، وە بە تایبەتی ئەم قورئانەی کە تەمێو ئامۆژگاریمان ئەکات پێی، وە ئەمان ترسێنێ لەوەی نا فەرمان بین، وە بێدارمان ئەکاتەوە بە ئاگاداریی خوا بە هەموو شتێ، ئەفەرموێ: ﴿وَٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ بیربکەنەوە لە چاکەو بەهرەی خوا بە سەرتانەوەو باسی بکەن، بە سوپاس کردنو هەڵسان بە مافی ﴿وَمَآ أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْحِكْمَةِ﴾ وە بە تایبەتی بیربکەنەوەو باسی ئەو چاکەو بەهرەیە بکەن کە ناردیە خوارەوە بۆ سەرتان کە ئەوەش بریتیە لە قورئان کە کتێبەو زانینێکی سوود بەخشەو پڕ لە بەرژەوەندیە، یان مەبەست بە کتێبە کە قورئانەو مەبەست لە حیکمەتەکە ڕەوشتی پاکی پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەویش نێردراوەتە خوارەوە بۆ سەر دڵی بەفەڕیو خراوەتە دڵیەوە ﴿يَعِظُكُم بِهِۦ﴾ لە کاتێکدا کە ئامۆژگاریتان ئەکات بەوەی کە ناردوویەتە خوارەوە، وە ڕێنموونیتان ئەکات پێی، ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ وە بترسن لە خواو خۆتان بپارێزن لە مل پێچی لە فەرمانەکانیو هەڵسانتان بە پێچەوانەیان، ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ﴾ وە بزانن کە خوا زانا و ئاگایە بە هەموو شتێك، کەواتە خۆتان بۆ ناشارێتەوەو

هەرچی بکەن و نەیکەن زانایە پێی، وە هەر فەرمانێك بدات هەمووی لەزانینەومیە و بەرژەوەندی تیایە، کەواتە بە پێچەوانەوە رەفتار نەکەن، بێگومان چاکەو بەهرەی خوا بە شێوەی گشتی نایەتە ژمارە بۆ هیچ کەس، کەواتە لەو بارەیەوە مەگەر هەر بێدەنگ بین، بەڵام وەك ئەوە ناکرێ بۆمان، با هەندێ بدوێن لە گەورەترو بەنرخ تری جیهان و جیهانیان، وە بە شێوەی تایبەتی بۆ گەلی عەرەب کە یەکەم چین و تاقم بوون ئەم قورئانەیان چوو بە گوێچکەدا، بێگومان پێش ئەم ئایین و قورئانە شتێك نەبوون کە باس بکرێن و نرخێکیان بۆ دابنرێ، بەڵکو ژێر دەستە بوون و چەوساوە بوون لە ژێر چەپۆکی بێگانەدا، وەلە ناو خۆیشیاندا بەش بەشو پارچە پارچە بوون و هەمیشە خۆ خۆر بوون و بەر بووبوونە یەکتر، وە هیچ شتێکیان پێ نەبوو کە بەکاری خۆیشیان بێت چونکە جای خەڵکی تر... بەبێ دەسەڵاتی و بێنەوایی ئەژیان مەگەر تاکە تاکەیەکیان کە بەخوێن مژینی ئەوانی تر بووبوون بە سەر مایەدار بەسەر باقی ترەوە! وەلە ژێریی و فامو دەروواندا هەر هەژارو بێدەست بوون، گرنگترین شت لەژیانیاندا دەست درێژی و تاڵان و ئارەق خواردن و قومار کردن بوو.

ئالەو پەستی و خواری و بێنرخیە پزگاری کردن، وە ڕادەو پلەی بەرزکردنەوە، تا ڕادەیەك فریای ئادەمێتی و مرۆڤایەتی کەوتن و بڕۆن بە تاقانە ڕووناکیەك لە جیهاندا، وە بە مامۆستایەتی و بەسەرکردایەتی ئەمان هەموو جیهان و جیهانیان بەهرەمەند بوون، وە تا ئێستا و لەمەو پاشیش هەتا هەتایە ڕەوشت و کردەوەی ئەوان ڕێگە نیشاندەرو سەرمەشقە بۆ هەموو وێڵو سەرگەردانێك، گەیشتن بەو ڕادەو پلەبەرزە لە سایەی ئەو ئایینەو ئەم قورئانە پیرۆزەی کە لێرەدا بیریان ئەخاتەوە و سەرنجیان بۆ ڕائەکێشێ، وە ئەو یەکەم تاقمە باشتر تێگەیشتن لە گەورەیی ئەم ئایین و قورئانە، چونکە ئەوانەی یەکەم جار ئەو پەستی و بێوێڵی و بێنرخی سەردەمی نەفامیەیان بە خۆیانەوە بینیوە، وە تازە لەو ژیانە بەدە هاتبوونە دەرەوە و گەیشتبوون بە ژیانی کامەرانی و ئاسۆی هەرە بەرزی مرۆڤایەتی!

وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَٰجَهُنَّ إِذَا تَرَٰضَوْا۟ بَيْنَهُم بِٱلْمَعْرُوفِ ۗ ذَٰلِكَ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۗ ذَٰلِكُمْ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَأَطْهَرُ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢٣٢﴾ ۞ وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ۖ

ستەم‌و دەست درێژییەکی تر دەربارەی ئافرەتان ئەوەبوو کەلە بارەی شووکردنیەوە گوێ نەئەدرا بە ڕەزاو پێخۆشبوونی ئافرەت، یا بە پێناخۆش بوونی، بەڵکو تەنها ڕاو ئارەزووی پیاو حیساب بوو، ئەمە لەلایەکەوە، وە لەلایەکی ترەوە پیاوی وابوو ئافرەتی تەڵاق ئەدا، بەڵام بەزۆر یا بە هەر جۆرێکی تر هەوڵی ئەدا ئەو ئافرەتەی ئەبەستەوە لە شووکردن، ئینجا ئەم ئایەتە خوارەوە کە دەست ئەدات بۆ جڵەوگیری‌و قەدەغەکردنی هەرکام لەو دوو جۆرە ستەمە، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾ کاتێ کەژنەکانتان تەڵاق دا ﴿فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ﴾ ئینجا ئەوانیش گەیشتن بە ماوەی خۆیان بەم ڕەنگە عیددەیان دوایی هات‌و کاتی شوو کردنیان هات ﴿فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَٰجَهُنَّ﴾ ئەو حەلە ڕێیان لێ مەگرن‌و مەیان بەستنەوە لەوەی شووبکەن بە مێردەکانیان، واتە مردەکانی پێشوویان کە تەڵاقیان دان، یان ئەوانەی کە تازە ئەیانەوێ شوویان پێ بکەن بێن بە مێردیان ﴿إِذَا تَرَٰضَوْا۟ بَيْنَهُم بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ کاتێ لەناو خۆیاندا بەیەکتر ڕازی بن بە شێوەیەک کە شەرع‌و باوی خەڵکی بیەوێ‌و پێیان باش بێت، جا ئەگەر ڕووی ئەم فەرموودەیە کرابێتە مێردە تەڵاق دەرەکان ئەوا مەبەست جڵەوگیریە لە ستەمی دووەم، وە ئەگەر ڕووی بکەینە کەس‌وکارو بەدەستی ئافرەتەکان ئەو حەلە جڵەوگیریە لە ستەمی یەکەم، ئایەتەکە هەرکام لەم دووبارە هەڵئەگرێ وەک زانایانی تەفسیر هەردوویان فەرموەو دووبارەکین تیای دا، بەڵام بێگومان ڕوالەتی ئایەتەکە لەگەڵ باری دووەمدا گونجاوترە، وە بێجگە لەوەش حەدیسێ کە (ترمزی) ئەیهێنێ لە (مەعقەلی کوڕی یەسار)ەوە –خوا لێی ڕازی بێ– بە تەواوی ئەیبڕێ بەسەر ئەم باری ئەفەرموێ: (مەعقەل) خوشکی خۆی دا بەیەکێ لە موسڵمانان لە چەرخی پێغەمبەردا (ﷺ) لە پاشان تەڵاقی داو نەیگێڕایەوە هەتا عیددەی بەسەرچوو، ئینجا ئەو دووانە لەدڵەوە حەزیان ئەکرد لە یەکتر، ئینجا کە خزابێنی کەران هاتن بۆ خوازبێنی ئەمیش چووە پێشەوە لەگەڵیان بۆ

خزانبێنی، ئینجا (مەعقەل) پێی ووت: ناکەسی کوڕی ناکەس: من ڕێزم لێ گرتی و کاتی خۆی پێم دایت و کەچی تەڵاقت دا، سوێند بە خوا نایەتەوە لات هەتا ماولا، ئینجا خوا کە زانی ئەم دووانە پێویستن بە یەکتر، ئەم ئایەتەی نارد خوارەوە... ئینجا کە (مەعقەل) بیستی فەرمووی: بیستم و گوێڕایەڵیم لەسەرە بۆ خوای خۆم، بەهۆی ئەوەوە بانگی کردە مێردە پێشووەکەی و ووتی: ئەوا لێت مارە ئەکەمو ڕێزت ئەگرم پێی... بێگومان بەهەرحاڵ هەرچۆن مەبەست بێت هەردوو جۆرە ستەمەکە هەر قەدەغەیە لەلایەن خواوە و پێویستە هەموو بڕوادارێك دوور کەوێتەوە لەهەر ستەمو ناڕەواییەك، وە ئەبێ هەر بڕوادارێك بەسۆزو پەرۆشەوە بوەستێ لەبەردەم ئەم فەرموودەیەدا: ﴿ذَٰلِكَ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ﴾ ئەوەی کە باسکرا ئامۆژگاری پێئەکرێ هەرکام لە ئێوە کە بڕوای هەیە و بڕوا ئەهێنێ بە خواو بە ڕۆژی دوایی: بێگومان ئەم قورئانو ئایینە ئامۆژگاری هەموو کەسی پێئەکرێ، بڕوادارو بێبڕوا، بەڵام هەر بڕودار ئامادەیە بۆ بڕواو سوودو بەهرەی لێ وەرئەگرێ، لەبەرئەوە تایبەتی کراوە و باسی بێبڕوای تیانیە، وە هەروەها هەر بڕوادارێك ئەبێ بە هەموو دڵنیایی و ئارامی دڵەوە بڕوای هەبێ بەمە کە ئەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكُمْ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَأَطْهَرُ﴾ ئەو پەندو ئامۆژگاری وهرگرتنو کردەوە بە گوێرەی پێت و فەردارترە بۆتانو پاك و خاوێن ترە، وە باشتر پاکتان ئەکاتەوە لە چڵك و چەپەڵی گوناهو ستەم، وە ئەو کەسەی کە ئامۆژگاریتان ئەکات خوایە کە ناوی ﴿ٱللَّهِ﴾یە ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ وە خوا ئەزانێ و ئێوە نازانن، خوا ئەزانێ چی چکەو بەرژەوەندی تێدایە، وە ئێوە ئەو شتانە نازانن و هەرچی خوا زاناتان نەکات پێی ئێوە نایزانن، کەواتە بەرامبەر هەموو کارو فەرمانو بڕیارو یاسالا خوا بێجگە لە مل کەچی و گوێڕایەڵی نابێ هیچ شتێکی تر ببێ، یاسای هەشتەم پەیوەندی هەیە بە شێردانی منداڵە ساواکان پاش تەڵاق دانی دایکەکانیان، بێگومان هەرچەند باوك و دایك لە پاش تەڵاق دانی تەواوی پەیوەستی ژنو مێردیان نامێنێ و ئەپچڕێ، بەڵام پەیوەندیان بە ڕۆڵەو منداڵەکانیانەوە ناپچڕێ و هەر ئەمێنێ، وە بێجگە لەوەش ئەگەر لەپاش پچڕان و جوێ بوونەوەی باوك و دایك چارەسەری منداڵەکانیان نەکرێ، بە تایبەتی ساواو شێرە خۆرەکان، ئەبێ ئەو منداڵە هەژارانە زایە ببن و تیا بچن، لەبەرئەوە خوای میهرەبان چارەسەری ئەو بێچارانەی کرد بەم جۆرو شێوەی کە ئەفەرموێ: ﴿وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ﴾

دایکەشیردەرەکان شیری پۆڵەشیرخۆرەکانی خۆیان ئەدەن دوو ساڵی تەواو، واتەباشیریان بدەنێ، ئینجا ئەم شیردانە پێویستو فەرزە لەسەریان ئەگەر:

١- منداڵەکە باوکی نەبێ یان ببێ بەڵام بێدەستو لات بێت، وە منداڵەکەش مااڵی نەبێ.

٢- ئافرەتێکی تر دەست نەکەوێ کە شیری پێبدات.

٣- منداڵەکە مەمکی غەیری دایکی وەرنەگرێ.

لە غەیری ئەم حاڵەتانەدا فەرز نیە لەسەر دایکەکان، بەڵکو سوننەتە، هەرچەند بەپوالەت دایکەکان گشتیە بۆ تەاڵق دراوو تەاڵق نەدراو، بەڵام تایبەتیمان بە تەاڵق دراوەوە، وەک (موجاهیدو ئیبنو جوبەیرو زەیدی کوڕی ئەسلەم)ی لەسەرە، چونکە بە دوای باسی تەاڵقدا هاتووە، وەشیردانی تەاڵقدراوەکان جێگەی قسەو باسو چارەسەرکردنە، وە ئەگەر ئەو پەیوەندیە بە ڕێکو پێکی مابێتەوە ئەبێ ڕۆژیو پۆشاکی پێبدرێ شیربداتو شیر نەدات، وە تەفسیری بەم جۆرە ڕێگە لەگەڵ ئایەتەکانی سوورەتی ﴿الطالق﴾دا کە هاتوون لەم بارەیەوەو بێگومان تایبەتین بە تەاڵقدراوەوە، ئینجا کاتێ ئەم فەرمانە ڕووبکاتە تەاڵق دراو، ئەبێ باشتر ڕووبکاتە تەاڵق نەدراو، کەواتە ئەوان باشتر ئەبێ شیر بدەن بە پۆڵەی خۆیان.

خوای میهرەبان ئەم یاساو بڕیارەی دانا، چونکە خۆی وەک لە هەموو کەسێ میهرەبان تەرە، هەروەها خۆی باش ئەزانێ کەشیری دایک بەکارترو بە نرخ تەرە بۆ پۆڵەی خۆشەویستی، وە سوودی زۆرترە بۆ تەندروستیو دەروونی ئەو ساوایە هەر شیرێکی تر، وە هەروەها خۆیشی باشی زانیوە کە ئەو دوو ساڵە پێویستە بۆ گەشەکردنی ساوا، بە گەشەکردنێکی ڕێکو تێرو تەواو، چ گەشەی دەروونی، وەچ گەشەی لەشیو تەندروستی، وە ئەم دوو شتە لەپاش تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوە بەباشی دەرکەوت بۆ زانایانی تەندروستیو دەروونی، جا کەواتە ئەمەش چاکەو بەهرەیەکی تر بوو کەلە پێش دەرکەوتنیاندا خوای میهرەبان دەست نیشانی بۆ کردن. شیر خواردنیو دوو ساڵ دەرکەوت کە زۆر پڕ سوودو بەنرخە بۆ منداڵەکە، بۆ ئەوەی تێرو تەواو تربێت، وە ئەو دوو ساڵە ئەو پەڕی ماوەی شیر خواردنە، نەک ئەبێ دوو ساڵ تەواو بکرێو بەبێ ئەوە منداڵەکە ناتەواو دەرچێت،

لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَۚ وَعَلَى ٱلْمَوْلُودِ لَهُۥ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِۚ لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَاۚ لَا تُضَآرَّ وَٰلِدَةٌۢ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَّهُۥ بِوَلَدِهِۦۚ وَعَلَى ٱلْوَارِثِ مِثْلُ ذَٰلِكَۗ

جا لەبەرئەوە لەدوای ئەوە فەرمووی: ﴿لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَۚ﴾ ئەو دوو سالّی تەواوە بۆ کەسێکە کە بیەوێ شیر خۆری بکاتو بگاتە ئەوپەری ماوەی.

دایکەکەکان بەو جۆرە شیر ئەدەن، وە بەرامبەر شیر دانەکەیان ئەفەرموێ: ﴿وَعَلَى ٱلْمَوْلُودِ لَهُۥ﴾ پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە منداڵەکەی بۆ وێنراوە، واتە باوکی منداڵەکان ﴿رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِۚ﴾ پۆزی دانی ئەو دایکانەو پۆشاک بۆ کردنیان بەپێی باوو عورف بەبێ زیادە ڕەوی‌و کەم‌و کوڕی، یان بە جۆرێ کە حاکمی شەرع دای ئەنێ‌و ڕجوای ئەبینێ، بێگومان ئەوەی کە دائەنرێ لەسەر ئەو باوکانەو پێویست ئەکرێ لەسەریان ئەبێ ئەندازێک بێت کە لە توانادا بێت، وەکو ئەفەرموێ: ﴿لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَاۚ﴾ هیچ شتێک پێویست ناکرێ لەسەر هیچ نەفسێک‌و هیچ ئەرکێک ناخرێ بەسەری دا، مەگەر شتێک‌و ئەندازێک کەلە توانایەتی، بەڵێ خوای میهرەبان لە هیچ کارێکدا بەندەکانی تەنگەتاو ناکات، بەڵکو هەموو داواو ئەرکەکانی لەسنووری توانینی بەندەکاندایە، لە سنوور بەدەر داوا ناکات، بەڵام ئەیەوێ بەجێهێنانی ئەو ئەندازەی کە لە سنووردایە، بۆ وێنە: لێرەدا باوک‌و دایک وەک هاوبەشن لە پۆڵەکەیاندا، ئەبێ هاوبەشیان بکات لە ئەرک‌و پێویستی سەرشانیان بەرامبەر ئەو ساوا شیرە خۆرە، بەم ڕەنگە با دایک شیری پێبدات‌و بەخێوی بکات، وە باوکیش با هەڵسێ بەئەرکی خۆراک‌و پۆشاکی ئەو دایکە، هەرکام لەم دوانە لە سنووری توانینی خۆیانداو بەبێ زیان گەیاندن بە یەکتر لە ڕێی ئەو منداڵەوە، وەکو ئەفەرموێ: ﴿لَا تُضَآرَّ وَٰلِدَةٌۢ بِوَلَدِهَا﴾ با هیچ دایکێک بەهۆی منداڵەکەیەوە زیان نەگەیەنێ بەباوکی منداڵەکە، بەم ڕەنگە پەڵپ‌و بیانووی زیاد بگرێ لەخۆراک‌و پۆشاکدا، وە هەمیشە دڵی خەریک بکات بەو منداڵەوە‌و غەمباری بکات بەکەم خزمەتی‌و نەپرسینەوەی پۆڵەکەی، یان بەمەی بکەوێتە پەڵپ‌و بیانووو منداڵەکەی بداتەوە بەسەردا کاتێ کە ئەزانێ ئەو پیاوە پێگیراوە‌و دایەنی دەست ناکەوێ‌و منداڵەکەش ئولفەتی گرتووە بەمەوە‌و لای کەسی تر ناڕۆی، ﴿وَلَا مَوْلُودٌ لَّهُۥ

﴿بِوَلَدِهِۦ﴾ وه با هیچ منداڵ بۆ وێنراوێك ـ واته هیچ باوكێك ـ به بۆنەی منداڵەكەیەوه زیان نەگەیەنێ به دایكی منداڵەكه، بەم ڕەنگه بەكەمو كوڕیو چرووكی خۆراكو پۆشاكەكەی بداتێ، یان بكەوێته بڕووبیانوو لێی كاتێ كەزانی دایكەكه زۆر بەسۆزو پەرۆشه بۆ منداڵەكه.

لێرەو له پێشەوه لەباتی ﴿وَلِدَهُۥ﴾ واته باوك فەرمووی: ﴿ٱلْمَوْلُودِ لَهُۥ﴾ واته كەسێك كه منداڵی بۆ وێنراوه، هۆی ئەوەش ـ وەك زانایان فەرموویانه ـ چەند شتێكه: یەكێ لەوانه ئەمەیه كه (زەمەخشەری) ئەفەرموێ: تا بزانرێ كه دایكەكان منداڵ بۆ باوكەكان ئەوێنن‌و مەبەستی سەرەكی باوكەكانه، وه لەبەرئەوه ئەوەیشه كه به پۆڵەی ئەوان‌و بەناوی ئەوانەوه ناو ئەبرێن‌و بانگ ئەكرێ، وه دایكەكان وەك كیس‌و زەرفێكن، بە ئەمانەت‌و سپاردە منداڵەكانیان تیا دانراوه، وەك (مەئمونی عەباسی) ئەڵێت:

لا تزرین بفتی من ان بكون له ام من الروم او سودا دعجاء

فلإنما امهات الناس اوعیة مستودعات وللآباء ابناء.

كەواته ئەم وتەیه ﴿ٱلْمَوْلُودِ لَهُۥ﴾ لێرەدا زۆر ڕێكو بەجێتره له وتەی ﴿الوالد﴾ چونكه هاندانی تیایه بۆ باوكەكان لەسەر هەڵسانیان بەئەركی بەخێوكردنی دایكەكان، وه دەست نیشانی تیایه بۆ هۆی پێویست كردنی ئەو ئەركه لەسەر باوكەكان، واته هیچ منەتێكی نیەو ئەركه هەڵگرێ، چونكه منداڵەكه بۆ ئەوەو ئەرك‌و زەحمەت بۆ منداڵی خۆی ئەكێشێ.

تا باوك ببێ ئەبێ ئەو ئەركه لەسەرشانی ئەو بێت، وەكاتێ باوكیش نەبوو خوای میهرەبان چارەسەری كردووه بەمەی كه ئەفەرموێ: ﴿وَعَلَى ٱلْوَارِثِ مِثْلُ ذَٰلِكَ﴾ لەسەر میرات‌و كەلەپوور بەرە وێنەی ئەوەی كه پێویست كراوه لەسەر باوك، واته كاتێ باوك نەبوو پێویسته كەلەپوور بەرهەڵسێ به خۆراك‌و پۆشاكی دایكی ئەو منداڵه بەو شێوەی كه شەرع پێویستی كردووه، لەبەر بەدی هێنانی ئەو دەسته بەرەییەی كه ئەبێ ببێ لەناو كەس‌و كارو خێزان‌و (التكافل العائلی) واته هەرچۆنێ كەلەپوور وەرئەگرێ، ئەبێ ئەو ئەركەش هەڵگرێ، ئیتر مەبەست بەم كەلەپوور بەرە كەلەپوور بەربێت لە منداڵەكه كاتێ كه مرد وەك زۆربەی ئەفەرموون، یان مەبەست كەلەپوور بەر لەباوكی منداڵەكه، واته منداڵەكەو ئەبێ لەماڵی ئەو منداڵ بدرێ، وەك (ئیمامی مالیك‌و شافیعی) ئەفەرموون، یان كەلەپوور بەری تر وەك هەندێ تر ئەفەرموون‌و له كتێبەكانیاندا ئەم ڕایه به درێژی باس كراوه.

فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا ۗ وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُوٓا أَوْلَادَكُمْ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ

ئەگەر کەلەپوور بەریش نەبوو پێویستە دایکەکە بەخێوی بکات و شیری پێیدا لەسەر ئەرکی خۆی ئەگەر دایکیش بێ دەسەلات بوو پێویستە لەسەر دەولەت، ئەگەر دەولەتیش نەبوو پێویستە لەسەر دەسەلات داری موسڵمانان بە تایبەتی هاوسێ و نزیک! ئا بەو جۆرو شێوەیە مافی دانا بۆ ئەو منداڵە بێچارەو دایکە شیر دەرمکەی، وە هەروەها مافی دانا و دیاری کرد بۆ هەموو ماف دارو خاوەن مافێك. لە بەزمیی و میهرەبانیەکەی بەزیادبێت. ئینجا ئەگەرێتەوە بۆ سەر شیردانەکەو هەر بەندو باڕێکی تری هەبێ تواوی ئەکات، یەکەم ئەفەرموێ: ﴿فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا﴾ ئینجا ئەگەر باوك و دایکەکە، یان دایك و کەلەپوور بەرمکە، یان خاوەن و کاربەدەستی کەلەپوور بەرمکە ـ ئەگەر مەبەست بە کەلەپوور بەر منداڵەکە بێت ـ ئەگەر ئەوانە ویستیان بڕینەوەی منداڵەکە لە شیریش تەواوکردنی دوو ساڵ ـ وەك زۆربە ئەفەرموون ـ یان بڕینەوەی لەپاش دوو ساڵەکە ـ وەك لە (ئیبن و عەباس)ەوە ئەگێڕنەوە ـ بەمەرکام مەبەست بێت ئەو بڕینەوە ﴿عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ﴾ بە ڕەزامەندی بێت لەلایەن هەردووکیانەوە، وە بە تەگبیرو ڕاوێژ بێت دەربارەی منداڵەکە بە جۆرێ ئەبێ بەرژەوەندی تێدابێت و زیان بار نەبێ، ئەگەر بەو شێوە بێ بڕینەوە ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا﴾ هیچ گوناهو خراپیەك نابێ لەسەریان، بێگومان ـ وەك ئایەتەکەش ڕێنموونی کرد ـ تا دایك دەست کەوێ ئەوە باشترە بۆ دایەنی و شیردانی منداڵەکەی خۆی کەلە هەموو کەس بەسۆزو پەرۆش تر بۆی، بەڵام ئەگەر باوك زانی کە بەرژەوندی منداڵەکە لەوەدایە کە دایەنی تری بۆ بگرێ، لەبەرئەوەی دایکە کە سووئەکات و ئەمی پێبەخێو منداڵەکە، یان لەبەر هەر هۆیەکی تری ڕاست و ڕەوا، هەرکات باوك زانی کە دایەنێ تر چاکترە، ئەو حەلە هیچ ناڕەواییەك نیە لەوەدا کەلە دایکەکەی وەرگرێ و بیدا بە دایەنێ تر، وەك لەم بەندی دووەمەدا ئەفەرموێ بە باوکەکان: ﴿وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُوٓا أَوْلَادَكُمْ﴾ واتە ئەگەر ویستتان دایەن و شیردەری بێگانە بگرن شیربدا بە منداڵەکانتان ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ هیچ گوناهێکتان لەسەر نیە

إِذَا سَلَّمْتُم مَّآ ءَاتَيْتُم بِٱلْمَعْرُوفِ ۗ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٣٣﴾ وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا ۖ فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ

﴿إِذَا سَلَّمْتُم مَّآ ءَاتَيْتُم بِٱلْمَعْرُوفِ ۗ﴾ کاتێ ئەو کرێو ماڵەی کە ئەیگرنە گەردنتان بۆیان بیاندەنێ بەو جۆرەی کە باوەو شەرع ئەیەوێ، مەبەست ئەوە نیە بەبێ کرێو بە خۆڕایی نابێ شیریان پێبدرێ، یان کە بەکرێ بوو دروست نیە تا کرێکە نەدات، بەڵکو مەبەست ڕێنموونی کردنە بۆ باشترین بار کە ئەوەیە، ئەو شیردانە بەکرێ بێت، وە کرێکەش بەبێ تەفرەو کەمو کوڕیو دەست درێژی کردن بدا بە دایەنەکە، تا باشتر هەڵسێ بەکارو باری دایەنیەکەیو بەرژەوەندی منداڵەکە، ئینجا کۆتایی یاساو باسەکە ئەهێنێ بە فەرماندان لە لە خواترسیو وریا بوونەوە بە ئاگاداری خوا لە هەموو کردەوەکان، بۆ ئەوەی سەرپێچی نەکرێ لە فەرمانەکانی خوا، ئەفەرموێ: ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ وەبترسن لە خواو خۆتان بپارێزن لە هەرشتێ کە مایەی خەشمو ناڕەزایی خوایە ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ وە بزانن کە خوا بینایە بەهەر کردەوەیەك کە ئێوە ئەیکەن.

لەپاش لێ بوونەوە لە یاسای هەشتەم، ئینجا دێتە سەر باسی یاسای نۆیەم، کە تایبەتیە بەباسی عیددەی ئافرەتی مێرد مردووەوە، ئەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ﴾ واتە ئەو کەسانەتان کە ئەمرن ﴿وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا﴾ وە ژنەکانیان بەجێئەهێڵن ﴿بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا ۖ﴾ لەپاش مێردەکانیان چاوەڕوانی ئەکەنو خۆیان ئەگرن چوار مانگو دەشەو، واتە با چاوەڕوانی بکەنو خۆیان بگرن، بەڵام لەبەر بەهێزکردنی فەمانەکەو دڵنیاکردن لەسەر بەجێهێنانی بە شێوەی فەرمان نەهات، بەڵکو هەواڵی پێدا، وە هەرشتێ کە خوا هەواڵ بدا بە پەیدابوونی ئەبێ بەدی بێت، ﴿فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ﴾ ئینجا کاتێ گەیشتنە ماوەکەیانو عیددەیان بەسەرچوو ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ هیچ گوناهێك لەسەر ئێوەنی یە ئەی کەسانێ کە دەسەڵاتتان هەیە بەسەریاندا،

فِيمَا فَعَلْنَ فِيٓ أَنفُسِهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٢٣٤﴾

﴿فِيمَا فَعَلْنَ فِيٓ أَنفُسِهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ لە هەرکارێك کە ئەوان ئەیکەن دەربارەی خۆیان، لەو شتانەی کە قەدەغە بوون لێیان لە کات و ماوەی عیددەکەیاندا، بە مەرجێ ئەوەی کە ئەیکەن بەجۆرێ بێت کەویستراوە و بێزراونەبێ لای شەرع، کەواتە ئەگەر کارێکی ناڕەوا و بێزراویان کرد ئەبێ ئەو دەسەلآت دارانە بەرگریان بکەن، ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ وە خوا زانا و ئاگایە بە هەر شتێك کە ئێوە ئەیکەن، کەواتە وریای خۆتان بن پێچەوانەی فەرمانی خوا ڕەفتار مەکەن.

ئافرەتی مێرد مردوو لەسەردەمی نەفامی دا دووچاری گەلێ توندو تیژیی و ناڕەحەتی ئەکرا لەلایەن کەس و کاری خۆی و مێردەکەی و هەموو گەلەوە.

باوی دەورەی نەفامی عەرەب لەسەر ئەوەبوو، ئافرەت کە مێردی ئەمرد ئەبوایە بچوایەتە بێنرخ ترین جێگە و شوێن و بێنرخ ترین پۆشاکی خۆی بپۆشایە و دوور ئەکەوتەوە لە هەموو خۆشی و بۆن و خۆشیەك تا ماوەی سالێك، ئینجا هەڵئەسا بە چەند باوێکی بێ نرخ ڕێك بوو لەگەڵ ئەو نەفامیەی کە تیایدا ئەژیان، کەلە مآڵ دەرئەچوو پشقلێکی ئەگرت بەدەستەوە و تووڕی ئەدا، وە سواری کەرێك یان بزن یا مەڕێك ئەبوو، ئینجا کاتێ کە ئیسلام هات ئەو ئەرکەی ناڕەحەت و شتە ناڕەوایانەی لەسەرشان هەڵگرت، وە هەرچۆنێ مێردەکەی لەدەست دەرئەچێ و لێی تێك ئەچێ، جڵەوگیری کرد لەوەی کەلەلایەن کەس و کاریەوە سزاو ئازاری دڵی بدرێ، بەڵکو پێویستی کرد کە دڵنەوایی بکرێ و ئەرکی ببرێ بەڕێوە، وە عیددەی کرد بە چوار مانگ و دەشەو ــ ئەگەر سکی نەبێ کە ئەو حەلە عیددەی دانانی سکەکەیەتی ــ وە لەکاتی ئەو عیددەیەدا لەمآڵ دەرناچێ و لە ئازیەتی دایە بەو شێوەی کە شەرع داینا وە، نەك ئازیەتی نەفامی کۆن و تازە، بەڵام لەپاش عیددە ئیتر کەس هەقی نیە بەسەریەوە و خۆی سەربەستە لە سنووری شەرعدا، کەواتە بۆی هەیە خۆی ئارایش بکات و خۆی بڕازێنێتەوە بەو شێوەی کە حەڵآڵ و ڕەوایە بۆ ئافرەتە موسڵمانەکان، وە ڕێی هەیە ڕێی خواز بێنی کەران بدات، وە ئیزن بدات و شوو بەکێ ئەکات و بەکێ ڕازیە ئارەزووی خۆیەتی و کەس نابێ لێ بگرێ نەلە کەس و کاری خۆی وە نەکەس و کاری مێردەکەی، کاری ئافرەتەکە بەو جۆرەیە، ئینجا ماوەتەوە ئەو پیاوانەی کە مەیلی ئەو ئافرەتانەیان هەیە ئەبێ لەو ماوەی عیددەیانەدا چۆن بن، ئەوا ئەوەشمان بۆ باس ئەکات لەم یاسای دەهەمدا، وە تەمێمان ئەکات بە جۆرێ کە ئەدەب و وێڵی تیایە،

ئەدەب و ویْلی بەرزی دەروونی کۆمەڵایەتی ئەفەرموێ: ﴿وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِۦ مِنْ خِطْبَةِ ٱلنِّسَآءِ﴾ هیچ گوناهێکیان لەسەر نیە لە خوازبێنی کردنی ئەو ئافرەتە میْرد مردووانە لە ماوەی عیددەکەیاندا، بە مەرجێ خوازبێنیەکی ساف و بێ پێچ و پەنا نەبێت، بەڵکو بە ئیشارەو دەست نیشان بێت کە لەوانە بێت مەبەستەکەی لێ وەرگیرێ، وەک ئەوە بڵێ: ئەمەوێ ژن بێنم و نازانم خوا رێم لە کێ ئەخات، یان بڵێ: بەڕاستی ئاواتەم کە خوا ئافرەتێکی چاکی وەک تۆم دەست بخات، وە هەروەها هەر وتەیەکی تر کە مەبەستە کە ئەگەیەنێ و خوازبێنیەکی پووتیش نیە، بێگومان ئافرەتی میْرد مردوو لەو ماوەی عیددەدا دڵی بەستراوە بە یاد بیرەوەری ئەو ماڵ و میْردەی کەلە دەستی دەرچوون، وە زۆربەی ئافرەت خۆشەویسی و سۆزی ئەو میْردەی لە دڵی دا جێگیر بووە، وە بێجگە لەوانەش زۆر ئافرەتی میْرد مردوو هەیە سەک پڕە، یان لەوانەیە سکی ببێ و دەرنەکەوتووە و مەگەر لەو ماوەی عیددەدا دەرکەوێ کەسکی هەیە یان نا، دەی ئاشکرایە لەو کات و حاڵەتانەدا خوازبێنی و باسی شووکردنی تازە زۆر بێجێ و بێسەرە، وە ئەو خوازبێنیە کوت و پڕی و تەفرە دانەمایەی دڵڕنجاندن و ئازار گەیاندنە بەدڵ و دەروونی خزم و کەس و کاری مردووەکە، جا لەبەرئەوە خوازبێنی بێپێچ و پەنا قەدەغە کرا لەماوەی عیددەیەدا، بەڵام ئەو دەست نیشان کردن و ئیشارەیە ڕەوا دراو، چونکە ئەو خراپانەی کە لەودا هەن لەم دا نین، ئینجا ماوەتەوە ئافرەتێکی تەڵاق دراو بە تەڵاقی کە ڕێی گێڕانەوەی ببێ بەبێ پێویستی بە نیکاحێکی سەربەخۆ تازە، یا بە تەڵاقێك کە ئافرەتەکەی پێ جوێببێتەوە بەجوێبوونەوەی گەورەم بەم ڕەنگە هەرسێ تەڵاقەکەی کەوتبێ یان بەجوێبوونەوەی بچووك کە ئەوەیە بە نیکاحێکی تازە ببێتەوە بە ژنی لەم سیانە یەکەمیان بە هیچ کلۆج دروست نیە خوازبێنی، چونکە وەک ژنی دار وایە بە پێی بڕیاری زانایانی ئوممەت، وە دووەم و سێیەم بەڵای زۆربەی زانایانەوە وەک میْرد مردوو وان، بەڵێ خوازبێنی تەواوی قەدەغە کرد لەکاتی عیددەدا، بەڵام قەدەغەی نەکرد کەلەو کاتەدا بە دڵ بڕیاری خوازبێنی و خواستنی بدات لە پاش بەسەر چوونی عیددەکەی،

أَكْنَنتُمْ فِي أَنفُسِكُمْ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ وَلَٰكِن لَّا تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا إِلَّا أَن تَقُولُوا قَوْلًا مَّعْرُوفًا وَلَا تَعْزِمُوا عُقْدَةَ النِّكَاحِ حَتَّىٰ يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ

وەکو فەرمووی: ﴿أَكْنَنتُمْ فِي أَنفُسِكُمْ﴾ واتە هیچ گوناهو ئەرەجێکتان لەسەر نیە لەو جۆرە خوازبێنیەی کاتی عیددە کە باس کرا، یان لەو نیازو بڕیاری خوازبێنی و خواستنەوەی کە لەکاتی عیددەدا داوتانە داتانشاردووە لە دەروونی خۆتانداو دەری نابڕن لایان پاش عیددە، چونکە ئەو نیازو ئارەزووی لە ژێر دەسەلاتدا نیە، وەك دەست نیشانی بۆ ئەکات کە ئەفەرموێ: ﴿عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ﴾ خوا زانیویەتی و ئەزانێ کە ئێوە باسی ئەو ئافرەتانە ئەکەن و خۆتان پێناگیرێ لەوەی بێدەنگ بن لێیان، بەڵکو مەیل و ئارەزووی خواستنیان دەرئەبڕن، کەواتە باسیان بکەن، ﴿وَلَٰكِن لَّا تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا﴾ بەڵام وادەو بەڵێنیان لەگەڵ مەکەن بە نهێنی و لەکاتی نهێنی دا، ئیتر وادەو بەڵێن بە کاری ژن و مێردی پاش خواستن و نیکاح کردنیان، یان بە خواستن و نیکاح کردنیان لەپاش تەواو بوونی عیدە، یان بە هەر شتێکی تر ﴿إِلَّا أَن تَقُولُوا قَوْلًا مَّعْرُوفًا﴾ مەگەر بەوەی وتەو ویستراوو بێزراو نیە بەگوێرەی باو وەنە لەشەرع دا. ئەوەش کە بڕیتیە لەو جۆرە خوازبێنیەی کەلە سەرەتای ئایەتەکەدا ڕەوا درا، یان بڕیتیە لەبەڵێن دان لە چاکە کردن و سەرپەرشتی و چاودێری کردن و بەجێهێنانی ئیش و کاریان، تا بەوە دڵیان ڕاکێشن بۆلای خۆیان و ئەوەیان لە بیربێت و شوو بەکەسی تر نەکەن، یان بەمەی یەك بکەون و بەڵێنیان لێ وەرگرن کە شوو بەکەسی تر نەکەن، ئەم باری دواییە لە (ئیبن و عەباس)ەوە ڕیوایەت کراوە -خوا لێیان ڕازی بێ- بە هەر حاڵ و لەسەر هەر بار ئەبێ خۆیان بپارێزن لە هەر قسە ئەکات، وەك وتەی ﴿بالمعروف﴾ ئەم ئایەتە بە چەند جۆرێ تریش تەفسیر کراوەتەوە، بەڵام ئەوەی کە گوتمان باشتر ئەچێتە دڵەوەو ڕای لەزانا بەهێزەکانە. ﴿وَلَا تَعْزِمُوا عُقْدَةَ النِّكَاحِ﴾ بڕیاری تەواو مەدەن لەسەر دابەستنی نیکاح و خواستنی ئەو ئافرەتە مێرد مردووانە، واتە ئەو بڕیارەش مەدەن چ جای نیکاح کردن و خواستنیان ﴿حَتَّىٰ يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ﴾ هەتا ئەو عیددەیەی کە نووسراوەو پێویست کراوە دوایی دێت و تێپەڕنەکات،

وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِيٓ أَنفُسِكُمْ فَٱحْذَرُوهُ ۚ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿٢٣٥﴾ لَّا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُواْ لَهُنَّ فَرِيضَةً ۚ وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى ٱلْمُوسِعِ قَدَرُهُۥ وَعَلَى ٱلْمُقْتِرِ قَدَرُهُۥ مَتَٰعًۢا بِٱلْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٢٣٦﴾ وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إِلَّآ أَن يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَاْ ٱلَّذِى بِيَدِهِۦ عُقْدَةُ ٱلنِّكَاحِ ۚ

﴿وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِيٓ أَنفُسِكُمْ﴾ وه بزانن کە خوا ئەزانێ و ئاگادارە بەوەی کەلە دەروونتاندا کە یەکێ لەوانە ئەو بڕیارە ناڕەوایە کە باس کرا ﴿فَٱحْذَرُوهُ﴾ کەواتە خۆتان بپارێزن لێی، بەم فەرموودەیە دڵی بڕوادارێ ڕاستەقینە دێتە لەرزەو دائەچڵەکێ، وە بێگومان ئەو بڕوادارە ڕاستەقینانە هەرچەند بیم و ترسیان ببێ، ئەبێ دڵ ئارام بن و ئومێدی لێبوردن و چاوپۆشیشیان ببێ، وەك ئەفەرموێ: ﴿وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾ وە بزانن کە خوا زۆر لێ بووردەیە و پەلە ناکات لە تۆڵەسەندندا، بەڵکو بەندە تاوانبارە کە بگەڕێتەوە بۆلای، ئینجا دێتە سەر باسی یاسای یازدەهەم کە بریتیە لە تەڵاقدانی ئافرەت پێش ئەوەی لەگەڵ مێردەکەی بگەن بە یەك و کاری ژن و مێردی بکەن، ئینجا ئەم تەڵاقدراوە دوو جۆرە:

یەکەم: مارەیی بۆ دیاری نەکراو.

دووەم: مارەیی بۆ دیاری کراو.

ئەوا حوکم و بڕیاری هەردوو باس ئەکات: دەربارەی یەکەم ئەفەرموێ: ﴿لَّا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ هیچ ئەرەج و ئەرکێکیان لەسەر نیە، واتە گوناە نیە و هیچ مارەیشتان لەسەر نیە ﴿إِن طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾ ئەگەر تەڵاقی ژنەکانتان بدەن ﴿مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُواْ لَهُنَّ فَرِيضَةً﴾ لەکاتێکدا لێیان نەکەوتبێ و نەچووبوونە لایان، یان مارەییتان پێویست نەکردبێ لەسەر خۆتان بۆیان، بۆ تەڵاقدراوی وا بەس هەر بەخششێك هەیە بەپێی توانا و حاڵەتی تەڵاقدەر، وە بوونی ئەم بەخششە زۆر بەجێ و پێویستە، چونکە بچڕانی ئەو پەیوەندیە و دوورکەوتنەوە بێزاری و دڵ ئازاریەك فەراهەم ئەهێنێ، وە بێگومان ئەو بەخششەش ئەبێتە هۆی نەهێشتنی ئەو ناخۆشیە، یان سووك کردنی، لەبەرئەوە ئەفەرموێ: ﴿وَمَتِّعُوهُنَّ﴾ وە شتێکیان بدەنێ لە ماڵی خۆتان کە سوودی لێ وەرگرن و دڵی پێ خۆش بکەن، ئەمەش لەشەرعدا پێی ئەگوترێ

(موتعه)، ئەو ئەندازە کەمەی کە ئەدرێ بەو ئافرەتە: ﴿عَلَى ٱلْمُوسِعِ قَدَرُهُۥ﴾ لەسەر ئەو کەسەی کە هەیەتی و ساماندارە ئەندازی خۆی کە شایستەیە بۆی، ﴿وَعَلَى ٱلْمُقْتِرِ قَدَرُهُۥ﴾ وە لەسەر بێدەست و دەست تەنگیش ئەندازی خۆی، هەرکەس بە گوێرەی خۆی ئەو ئەندازەیان بدەنێ ﴿مَتَٰعًۢا بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ پێدانێك کە هەقەو پێویستە لەسەر ئەوانەی کە چاکە کەرن لەگەڵ ئەو تەڵاقدراوانەدا، یان ئەوانەی کە چاکە ئەکەن لەگەڵ خۆیان بەوەی کە چەسپانی ئەکەن لەگوێڕایەڵی خوادا.

ڕای ئیمامان جیاوازە لە ئەندازەی ئەو بەخششەدا، با تەماشای کتێبە باوەڕ پێکراوەکان بکرێ بۆ ئەوە، بۆ جۆری دووەم ئەفەرموێ: ﴿وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ﴾ ئەگەر ژنەکانتان تەڵاقدا لە پێش ئەوەی چووبنە لایان ﴿وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً﴾ لەکاتێکدا کەلە پێشەوە ماڕەییتان پێویست کردبێ بۆیان لەسەر خۆتان ﴿فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ﴾ ئەو حەلە بۆیان هەیە نیوەی ئەو ماڕەییە کە پێویستتان کردووە لەسەر خۆتان، بە پێی یاسا و ئەو نیوەیان بۆ دانراوە ﴿إِلَّآ أَن يَعْفُونَ﴾ مەگەر بە ئارەزووی خۆیان ببوورن و دەست هەڵگرن لێی ﴿أَوْ يَعْفُوَا۟ ٱلَّذِى بِيَدِهِۦ عُقْدَةُ ٱلنِّكَاحِ﴾ یان ببووڕێ ئەو کەسەی کە دابەستنی نیکاحەکەی دەست بووە، زانایان دووبەرەکێن کە ئایا مەبەست بەم کەسە کێیە؟ بە پێی تەفسیرێ کە هاتووە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) وە کەواتە (ئیبن و جەریرو ئیبن و ئەبی حاتەم و تەبەرانی و بەیهەقی) هێناویانە لە (ئیبن و عومەر)ەوە و کۆمەڵێ لە هاوەڵانی پێغەمبەریشی لەسەرە، وە هەروەها (ئیمامی حەنەفی مالیك و شافیعی لە فەرمووەی تازەی دا)، بە پێی ئەمانە مەبەست بەم کەسە مێردە تەڵاق دەرەکەیە، وە مەبەست بە لێ بوورینەکەی ئەوەیە بە پیاوەتی دەست هەڵگرێ لەو نیوەی کە بۆی هاتووەتەوە و بیدا بە ئافرەتەکە، وە بەڵای (ئیبن و عەباس)ەوە لە ڕیوایەتێکداو بەڵای دایکی ئیمانداران (عائیشە)ەوە و بەڵای (طاوس و موجاهید و عطا و حسن و عەلقەمە و زەهری و شافیعی لە فەرمووەی کۆنی دا)، بەڵای ئەمانەوە مەبەست بەو کەسە کاربەدەستی ئافرەتەکەیە کەوا داویەتی بەشوو، ئینجا لێ بوورینەکەی بەڵای هەندێ لەو زانایانە بۆ کاتێکە کە تەڵاق دراو منداڵبێت و نا باڵغ، وەبەڵای هەندێ ترەوە ڕێی لێ بوورینی هەیە با ئافرەتەکە گەورە و ژیریش بێت،

وَأَن تَعْفُوٓاْ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۚ وَلَا تَنسَوُاْ ٱلْفَضْلَ بَيْنَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٣٧﴾ حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلْوُسْطَىٰ وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ ﴿٢٣٨﴾ فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا ۖ

به هەرحاڵ لێبووردن و دەست لێ هەڵگرتنە کە شیرین ئەکات بەمەی کە ئەفەرموێ بە هەردوولا: ﴿وَأَن تَعْفُوٓاْ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۚ﴾ وە لێ بوردن و دەست لێ هەڵگرتنیان لە یەکتر نزیک تر لە لەخواترسی و خواپەرستیەوە، ﴿وَلَا تَنسَوُاْ ٱلْفَضْلَ بَيْنَكُمْ ۚ﴾ وە لەناو خۆتاندا واز مەهێنن لە چاکەو کردەوەی چاک دەربارەی یەکترو ئەو ڕەوشتە چاکە مەخەنە پشت گوێ، کەواتە ئەگەر لەلایەن ئافرەتەکەوە دەست هەڵگیری لەو نیوە مارەییە کەلە خواوە بۆی بڕیارِ دراوە هەر کردەوەیەکی چاکەو بابکرێ، یان ئەگەر مێردەکە نیوەکەی تریش بدا بە چنەکە هەر شتێکی چاکە با بیکات، هەرکام لەوانە بکرێ زایە نابێت و گوم نابێت لەلای خوا، چونکە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا بینایە بە هەر کردەوەیەک کە ئێوە ئەیکەن، ئینجا لەم کاتەدا کە خەریکە بەو دوانزە یاسایەی کە لێرەدا هێنای لەبارەی ژن و مێردەوە، وە لە هەکام لەو یاسایانەدا دڵی بڕواداری پەیوەست کرد بە خواوە پەیڕەوی کردنی نیشانەی عیبادەت خواپەرستیە، لەم کاتەدا لە هێشتا لێ نەبرووەتەوە لەو بڕیارو یاسایانەو دوازدەهەمیان ماوە، بەدوای یازدەهەمو لە پێنج دوازدەوە باسی نوێژ ئەهێنێ کە لەپاش بڕوا هێنان گەورەترین خواپەرستیە لە ئیسلام دا، بۆ ئەوەی بڕواداران تێ بگەن کە گوێڕایەڵی خوا لەوانەدا هەر خوا پەرستیە بە وێنەی نوێژ، وەنوێژ جیا ناکرێتەوە لەوانەو لە هەموو یاسا و بڕیارەکانی تر لەمەدا کە پەیڕەوی و گوێڕایەڵی کردن تیایاندا هەر خواستیەو بە هەموویانەوە ئیسلام پێک دێت و بەدی دێت، وە خواپەرستی تنها نابڕێت بەسەر نوێژو ڕۆژوو شتەکانی تردا کە هەر ئەوانە بەناوبانگن بە ناوی عیبادەت و خواپەرستیەوە، وە بێگومان هەرکەس بەو جۆرە تێگەیشتبێ و حاڵی بووبێ زۆر هەڵیەو زۆر دوورە لە ئیسلامەوە و بەری ئایەتی (٨٥)ی ئەم سوورەتە ئەکەوێ کە ئەفەرموێ: ﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ ۚ﴾ ئینجا هێنانی نوێژ لەم شوێنەدا هەرچۆنێ ئەو دەست نیشانەی تیایە کە باسی کرا، هەروەها نوێژ پاڵ پێوەنەرو یارمەتی دەرێکی بەهێزە لەسەر گوێڕایەڵی و پەیڕەوی فەرمان و یاساکانی خوا، وەک لەئایەتی (١٥٣)ی ئەم سوورەتەدا

بەدرێژی باس کرا، ئەفەرموێ: ﴿حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ﴾ پارێزگاری بکەن و بە هەمیشەیی بەردەوام بن لەسەر بەجێ هێنانی نوێژە فەرزەکان لەکاتی خۆیانداو بەمل کەچی و ئاگاداری دڵ ساماو بیم و شەرم لە خوا، وە بەجێهێنانی هەموو بەش و پارچەو ئەو شتانەی کەلە پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەرگیراوە: ﴿وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلْوُسْطَىٰ﴾ وە بە تایبەتی نوێژە ناوەندیەکەیان، ئەو نوێژەی کە گەورەترو پێرۆزترە، کەئەوەش نوێژی عەسرە بە پێی چەند ڕیوایەتێک کە هاتووە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) کەلە ڕۆژی غەزای خەندەقدا لەکاتی ئاوا بوونی خۆردا فەرمووی: خەریکیان کردین لە نوێژە ناوەندیەکە، یان نوێژە گەورەکە، نوێژی عەسر، خوا دڵەکانیان و ماڵەکانیان پڕ بکات لە ئاگر... ئەمە ڕیوایەتی موسلیمە، ﴿وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ﴾ وە بوەستن لە بەر خوا لە نوێژدا بەمل کەچی و گوێڕایەڵی، یان بە سامو بیمو لێ بڕان بۆ باس و یادی خواو خەریک مەبن بە هیچ قسەو باس و شتێکی ترەوە.

ئەگێڕنەوە کەلە یەکەم جارو سەرەتاوە لەکاتی نوێژدا قسەیان ئەکرد لە بارەی هەر شتێکی پێویست کەبە کوت و پڕی پەیدا ببوایە، هەتا ئەم ئایەتە هات بەهۆی ئەوەوە زانیان کەلە نوێژدا هیچ خەریک بونێکی تر نابێ.

لەکاتی ئاسایش و بێ ترسی دا نوێژ بەو جۆرە بەجێ ئەهێنرێ، بەڵام ئەگەر ترس قایم بوو بە جۆرێ ڕێی ئەوە نەبوو بەڕێک و پێکی بەجێ بهێنرێ، ئەو حەلە بەپێی توانا و چۆن گونجا وەکو ئەفەرموێ: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا﴾ ئینجا ئەگەر ئەترسان لە دوژمن، یان لافاو یان ئاگر یان هەر شتێتر کە ئەگەر لەسەر خۆو بە ئارامەوە بیکەن دووچار ئەبن، ئەو حەلە بە ڕشتن و ڕاکردنەوە بیکەن، ئیتر بە پیادە یان بەسواری، وە هەرکام لەمانە بە پێی بۆ گونجان و ڕووی بۆ هەر شوێنێ بکات دروستە، وە بە ئیشارەت رکوع و سوژدە ببا، ئەم نوێژی ترسەی کەلە سوورەتی ﴿النساء﴾دا باسی ئەفەرموێ ئەوەی ئەوێ بۆ کاتێکە کە مەترسی لە دژمن بکرێ و هێشتا تێک نەڕژابن، کەواتە ئەوانە ئەگونجێ بکرێن بەدوو ڕیزو هەر ڕیزێ خۆی بکات بە ئارامەوە، بەڵام ئەمەی ئێرە بۆ کاتێکە کە تێک ڕژان و پەلاماردان و تێکەوتنەکە ڕووی دابێ و ڕێی بڕببێتەوە لە نوێژکەر، کە بە پێی باوی خۆی نوێژ بکات. بەڕاستی شتێکی زۆر سەیرەو جێگەی سەرسوڕمانە گرنگی و گەورەیی و پێویستی نوێژ تا ئەو ڕادەیە کەلەکاتی ئاوا سەخت و سامناکیش دا وازی لێ ناهێنرێ و هەر ئەبێ بکرێ!

فَإِذَآ أَمِنتُمْ فَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَمَا عَلَّمَكُم مَّا لَمْ تَكُونُواْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٣٩﴾ وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا

بەڵێ بەڕاستی مافی خۆیەتی کە ئاوا بە گرنگ بگیرێ، چونکە نوێژ گەورەترین و بەهێزترین پەیوەندی و پەیوەستیە بە خواوە، کەواتە بەهێزترو بەکارترین چەک و قەڵغانە بۆ هەموو تەنگی و تەنگانەیەک، وە ئەبێ جەنگ کەر ئەو چەک و قەڵغانە بەکار بێنێ لە مەیداندا، لەکاتێکدا کە شمشێر وا بەدەستیەوە و شمشێری لێ هەڵکێشراوە، ئەم ئایینە پیرۆزە بەرنامەی خواپەرستیە: خواپەرستی لە هەموو بارو شێوەکانی دا، لە ڕێی خواپەرستیەوە بەندە ئەگەیەنێ بە بەرزترین پلەو ڕادە، وەلە ڕێی خواپەرستیەوە دامەزراوی ئەکات لەکاتی تەنگی و تەنگانەدا، وەلە کاتی خۆشی و کامەرانی دا، وەلە ڕێی خواپەرستیەوە جەنگ و ئاشتی پێئەکات، وە نوێژ گەورەترین نیشانەو دروشمی خواپەرستیە، کەواتە مافی خۆیەتی ئەوەندە گرنگ بگیرێ و لە هیچ کاتێکدا وازی لێ نەهێنرێ! تا بەو جۆرە ترس ببێ نوێژ ئەکرێ بەپێی توانا و بۆ گونجان، ﴿فَإِذَآ أَمِنتُمْ﴾ ئینجا کاتێ کە ترستان نەمێنێ و بێباک ببن ﴿فَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَمَا عَلَّمَكُم مَّا لَمْ تَكُونُواْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەو حەلە یادو باسی خوا بکەن بەو جۆرەی کە فێری کردوون، ئەوەی کە لەوەو پێش نەتان ئەزانی، واتە نوێژی ئاسایش و بێباکی بەجێبهێنن بەو جۆرەی کە خوا فەرمانی داوە، بەڵام بە یادو بەباسی خوای ناوبرد، چونکە نوێژ لە ڕاستی دا سەرانسەری یادو باسی خوایە، یان یادو باس و سوپاسی خوا بکەن بەرامبەر ئەوەی کە فێری کردن، ئەو شتانەی کە لە پێشەوە نەتان ئەزانی.

ئایا ئادەمی ئەبێ چی بزانیایە ئەگەر خوای میهرەبان فێی نەکردایە؟ وە ئەبێ چی بزانێ ئەگەر خوا ڕێنموونی نەکات و فێری نەکات؟ بێگومان هیچی نەئەزانی بەتایبەتی ئەم هەموو بیروباوەڕو یاسا پیرۆزانە کە ئەم ئایینە بەرزە هێنای.

لەپاش ئەوەی دەستکاریەکی زۆر بەکاری دڵو دەروونی کرد بە هێنانی باسی نوێژ لەگەڵ تاو ئەو یاسایانەی کەلەم چەند ئایەتەدا هێنان، ئینجا ئەگەڕێتەوە بۆ سەر یاساکان و دوانزەهەمیان کە مابوو، بۆمان باس ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ﴾ ئەوانەتان کە گیان ئەکێشرێنو ئەمرن، ﴿وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا﴾ وە ژنان لەپاش خۆیان بەجێ ئەهێڵن

وَصِيَّةً لِّأَزْوَاجِهِم مَّتَٰعًا إِلَى ٱلْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ ۚ فَإِنْ خَرَجْنَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِى مَا فَعَلْنَ فِىٓ أَنفُسِهِنَّ مِن مَّعْرُوفٍ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٤٠﴾ وَلِلْمُطَلَّقَٰتِ مَتَٰعٌۢ بِٱلْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٤١﴾

﴿وَصِيَّةً لِّأَزْوَاجِهِم﴾ پێویست کراوە لەسەریان پێش ئەوەی بگەنە کەنشت، وەسیەت بکەن بۆ ژنەکانیان ﴿مَّتَٰعًا إِلَى ٱلْحَوْلِ﴾ بە مانەوەیان لە ماڵەکانیانداو ئەرک کێشانو بەخێوکردنیان تا ساڵێك ﴿غَيْرَ إِخْرَاجٍ﴾ بەبێ ئەوەی دەکرێن، ﴿فَإِنْ خَرَجْنَ﴾ ئینجا ئەگەر خۆیان بە ئارەزووی خۆیان دەرچنو ساڵەکە نەمێننەوە، یان ئەگەر دوای ساڵەکە دەربچن ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ ئەو حەلە ئەی کاربەدستان، یان ئەی کەسو کاری مردووەکە هیچ گوناهو ئەرەجێکتان لەسەر نیەو هەقتان نیە بەسەریانەوە ﴿فِى مَا فَعَلْنَ فِىٓ أَنفُسِهِنَّ مِن مَّعْرُوفٍ﴾ لەوەی کە ئەیکەن دەربارەی خۆیان بە شێوەیەك کە شەرع پێی ڕازیەو بێزراو نیە لەلای، ئەوەش بریتیە لە ئازیەتی شکاندنو خۆڕازاندنەوەو جواب دانەوەی خوازبێنی کەرانو شووکردن، ﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ وە خوا زاڵە بەسەر کارو فەرمانی خۆی داو ئەتوانێ تۆڵە بسێنێ لە هەرکەس کە یاخیو سەرکێش بێت لە فەرمانی ﴿حَكِيمٌ﴾ لێزانو کاردروستەو هەموو بڕیارەکانی ڕێکو ڕاستەو بەرژەوەندی تیایە، زۆر لە زانایان لەسەر ئەوەن کە ئەم ئایەتە سڕاوەتەوە بە ئایەتی پێشووە کە عیددەی مێرد مردوو ئەکات بە چوار مانگو دەشەو، وە هەرچەند ئەو ئایەتە لە داناندا لە پێش ئەم ئایەتەیە، بەڵام لە هاتنە خوارەوەدا لەپاش ئەم هاتووەتە خوارەوە، کەواتە دەست ئەدات بۆ ئەوەی بیسڕێتەوە، وە لەم بارەیەوە (ئیبنو جەریر) هەواڵێ ئەهێنێ لە (هەمامی کوڕی یەحیا)وە کە ئەفەرموێ: پرسیارم کرد لە (قەتادە) لەبارەی ئەم ئایەتەوە، ئەویش گوتی: لە پێشەوە ئافرتی مێرد مردوو ساڵێك لەماڵی مێردەکەی دا ئەمایەوەو جێگەو نانو نەفەقەی لەسەر ماڵی مێردەکەی بوو، ئەگەر دەرنەچوایە لەو ماڵە، ئینجا ئەو جێو نەفەقەی سڕایەوە بە ئایەتی میرات کە چوار یەك یان هەشت یەکی بۆ دانا، وە عیددەی ساڵەکەش کرا بە چوار مانگو دە شەو بە ئایەتی پێشووە... بەڵام کۆمەڵێك لەسەر ئەوەن کە ئەم ئایەتە هیچی لێ نەسڕاوەتەوە،

بەڵکو ئایەتی پێشوو بۆ عیددەیەکە کە پێویست کراوە بە جۆرێ فەرزو پێویستە لەسەر ئافرەتەکە مانەوەی لەماڵی مێردەکەی دا ئەو ماوەی چوار مانگو دەشەو، ئینجا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کە مێرد وەسیەت بکات بەو ساڵە ئینجا ئافرەتەکە ئەگەر ئارەزووی بوو ساڵەکە تەواو بکات، وە ئەگەر نەیوست پاش چوار مانگو دە شەوەکە بڕواو کەس ڕێی نیە دەست بێنێتە ڕێی، وە لەم بارەوە (ئیبنو جەریر) لە (موجاهید)ەوە ئەمەی هێنا کە باس کرا، بەکورتی لەسەر ئەم ڕایە: چوار مانگو دە شەو فەرزو پێویستە لەسەر ئافرەت، وە لەوەزیاتر تا ساڵێك مافی هەیەو ئەکەوێتە ئارەزووی خۆی، بەڕاستی ڕایەکی زۆر بەهێزەو باش ئەچەسپێ لە دەروونداا، وە بە پێی یاساو بڕیاری زانایان لەکاتی ناچاری دا نەبێ نابێ بڕیاری سڕینەوە بدرێ، دەی بەم شێوەی کە (موجاهید) ئەفەرموێ: زۆر ڕێکە لەگەڵ ڕواڵەتی ئایەتەکانداو بەبێ پێویستی بە بڕیار دانی سڕینەوە.

لەپێشەوە بڕیاری (موتعە)ی دا بۆ ئەوتەڵاقدراوانەی کە مێردەکانیان نەچووبوونە لایان، ئینجا ئەوا لێرەدا بڕیارێ ئەدات بە شێوەی گشتی بۆ هەموو تەڵاق دراوێك، ئەفەرموێ: ﴿ وَلِلْمُطَلَّقَٰتِ مَتَٰعٌۢ بِٱلْمَعْرُوفِ ﴾ بۆ تەڵاق دراوەکان هەیە ئەندازێك پارو ماڵ کە سوودی لێ وەرگرنو دڵخۆش بێن پێی، ئەوەش بەپێی شەرعو عورف ﴿حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ ﴾ کە ئەوە شتێکە ڕاستەو هەیەو دامەزراوە لەسەر خۆپارێزو لە خواترسەکان.

دیمەنو ڕواڵەتی ئایەتەکە ئەم (موتعە)یە پێویست ئەکات بۆ هەموو جۆرە تەڵاقدراوێك، وە پێویست کردنی زۆر شتێکی ڕێکو بەجێیە ــ وەك باس کرا ــ چونکە ئەو دوور کەوتنەوەو دڵ گرانیەی کەلە تەڵاقەکەوە پەیدا ئەبێ، بەو ئەندازە بەخششە کەم ئەبێتەوە یان هەر نامێنێ.

دیمەنو ڕواڵەتەکە ئەو شێوە گشتیە نیشان ئەدات، هەرچەند (ئیبنو زەید) ئەفەرموێ: مەبەست بەم ئایەتی ئێوەو ئایەتی پێشوو هەر یەك شتەو نەمیش وەك ئەو هەر بۆ ئەو ئافرەتانەیە کە مێردەکانیان نەچووبوونە لایان، وە لێرەدا دووبارە کرایەوە، چونکە لە ئایەتی پێشوودا فەرمووی: پێویست کراوە لەسەر چاکەکەران، ئینجا پیاوێك گوتی: ئەگەر چاکەم کرد ئەوا ئەیکەمو ئەو (موتعە)یەم نەدەم، وە ئەگەر چاکەم نەویشت ئەوا نایدەم، بەهۆی ئەوەوە ئایەتی ئێرە هاتە خوارەوە پێویستی کرد لەسەر هەموو لە خواترسێك، ئینجا بێجگە لەم ڕای (ئیبنو زەید)ە چەند ڕایەکی تری هەیە لەم مەسەلەدا هەکەرس ئەیەوێ با تەماشای کتێبە باوەڕپێکراوەکان بکات،

كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٢٤٢﴾ ۞ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ خَرَجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ

ئینجا لەپاش دوایی هێنانی ئەم یاسا و بڕیارانە ئەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ﴾ ئا بەو جۆرو شێوە پووڕو ڕەوانە خوا ئایەتەکانی خۆی بە پوونی باس ئەکات بۆتان ـ ئەو ئایەتانەی کە خێرو پیت و فەڕی هەردوو جیهانیان تیایە ـ ﴿لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ بۆئەوەی بیربکەنەوەو ژیر بن و تێبگەن لەو بەرژەوەندی و کار دروستیەی لەو یاسا و بڕیارانەدا هەیە، وە تێبگەن و پێبزانن لەو بەزەیی و میهرەبانیەی کە خوا دەری خستووە بۆتان، وەلەو چاکەو بەهرەیەی کە ڕشتوویەتی بەسەرتاندا بە ناردنی ئەم ئایینە بەرزو پیرۆزە، چاکەو بەهرەی ئاشتی و ئارام لە هەموو بارو ڕووو ناوچەی ژیانتانەوە.

بەڵێ: بەڕاستی ئەگەر هەموو ئادەمی بیریان بکردایەتەوەو ژیر بوونایە، بەجارێ هەموو ڕوویان ئەکردە ئەم ئایین و قورئانە بە مل کەچی و گوێڕایەڵی بە هەموو سۆزو خۆشی و پەرۆشەوە، خوا بە میهرەبانی خۆی بمانپارێزێ لە نەفامی و عاقیبەت شەڕی، وە لەبەر دڵی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەم ئوممەتە نووستووە لە خەوی بێ ئاگایی ڕاست بکاتەوە ـ آمین ـ.

ئەم قورئانە نامەی ئەم ئوممەتەیە و دەست گیرو ئامۆژگاری کەریەتی، وە خوێندنگایەکە بۆی کە هەموو وانەکانی ژیانی تیا وەرئەگرێ، وە پەروەردگاریەکە تەنیا بەم پەروەردە ئەبێت و ئەکات بە پایان، وە خوای پەروەردگار بەم قورئانە ئەو یەکەم چین و تاقمەی پێگەیاند کە بە یارمەتی ئەو توانیان ڕێ و بەرنامەکەی ئەو بەڕێکی نەخشە بکێشن و بیچەسپێنن لەزەوی دا، وە بەهۆی ئەم قورئانە کردنی بە ماموستای ئادەمیزادو فریای کەوتن کەلە پاش وشک بوونی دەرختی مرۆڤایەتی سەر لەنوێ ناشتیان و ڕووانیان تا بە تەواوی هەموو لق و پۆو بەرو بەرهەمی پێگەیشت، وە هەروەها خوای گەورە ویستی ئەم قورئانە لە پاش پێغەمبەرەکەی (ﷺ) هەر بمێنێتەوە بۆ ڕێ نیشاندان و پێگەیاندن و سەرکردایەتی هەموو چین و تاقمەکانی ئادەمی، وە ئامادە کردنیان بۆ جێگری و جێنشینی یەکەم چین و تاقم، هەرکاتێ ئەمانیش ڕێبازی یەکەم و تاقم بدەنەبەر، وە وەک ئەوان هەر

ڕێنموونی قورئان وەرگرن‌و پەیمانی لەگەڵ ببەستن‌و هەر دەست بەوەوە بگرن ـ بێگومان ڕەوشتی پێغەمبەریش (ﷺ) هەر قورئانە ـ وە بەرنامەی ژیانیان هەر لەو وەرگرن، وە هەر شانازی بەوەوە بکەن، کەواتە ئەم قورئانە تەنها وتەو وتارێک نیە کە بۆ پیت‌و خۆشی بخوێنرێ، بەڵکو یاسا و دەستوورە بۆ هەموو شتێک، یاسا و دەستوورە بۆ تێگەیاندن‌و پەروەردەکردن‌و پێگەیاندن، هەرچۆنێ یاسا و دەستوورە بۆ ژیان بە کردەوە، جا لەبەرئەوە ئەم قورئانە گەلێک لە ڕووداوو بەسەرهات‌و داستانی گەل‌و چینەکانی ڕابووردوو باس ئەکات بۆ ئەم ئوممەتە بۆ ئەمەی پەندو ئامۆژگاری وەرگرن لە چاکەو چاکەکەرانی ئەوان‌و تەمێ خوار بێن بە خراپەو خراپەکەرانی ئەوان‌و دوورکەونەوە لە وێنەی هەر هەڵەو بەسەر هاتێکی خراپیان، وە داستان‌و بەسەرهاتی ئیسرائیلیەکان زۆرتر ئەیانخاتە بەرچاو لەبەر چەند هۆیەک کە هندێکمان باس کرد لەجزمی یەکەم‌و لەم جزمی دووەمەیش دا، وە بێجگە لەوانە لێرەدا ئەمەش ئەڵێین: لەناو ئەم ئوممەتەدا چەند تاقم‌و چەند کەس پەیدا بوون‌و ئێستاش هەن‌و لەداهاتووشدا هەر ئەبن کە لاسایی جوولەکەو گاور ئەکەنەوە‌و شوێنیان ئەکەون لە هەڵوێستە ناڕەواکانیاندا، وەک پێغەمبەرمان (ﷺ) هەواڵی پێدا کەلە حەدیسێکدا کەلە کتێبە باوەڕپێکراوەکاندا هەیە، کە فەرمووی: (لتتبعن سنن الذين من قبلكم حتى لو دخلوا جحر ضب لدخلتموه) بێگومان شوێنی باوو ڕەوشتەکانی ئەو ئوممەتانە ئەکەون کەلە پێش ئێوەدا هاتن، تەنانەت ئەگەر ئەوان چوو بوونە کونی سووسەمار ئێوەش ئەچن. جا خوای میهرەبان باوو کردەوە‌و هەڵوێستە ناڕەواکانی ئەوان ئەخاتە پێش چاوی ئەم ئوممەتە تا ئێمەی موسڵمان خۆمانیان لێ بپارێزین‌و ئێمەش وەک ئەوان هەڵنەخلیسکێین‌و لە ڕێی خوا لنەدەین.

ئەم قورئانە پێویستە بە تێگەیشتنەوە بخوێنرێ، وە پێویست بیری لێ بکرێتەوە‌و وەرگیرێ بە فەرمان‌و ئامۆژگاریەکی ڕۆژانە، بۆ چارەسەرکردنی هەر بەسەرهات‌و تەنگ‌و چەڵەمەیەک کە هاتوەتە ڕێیان‌و ڕۆژ بە ڕۆژ دێت‌و یەخەی مەردوم ئەگرێ، بۆئەوەی ڕێگە ڕووناک بکاتەوە بۆ داهاتوو، قورئان ئەبێ ئاوا بخوێنرێ‌و بیری لێ بکرێتەوە، وە بەو جۆرە وەرنەگیرێ ئەو سوودو بەرهەمەی نابێ کە بۆی هاتووەو دەست نیشانمان بۆ کرد لەم باسەدا، بەڵام هەرکات هەر تاقم‌و کۆمەڵێک قورئانی بەو شێوە خوێندو ناسی‌و بیری لێ

کردەوە ـ واتە پەیڕەوی یەکەم تاقمو کۆمەڵێ ئەم ئوممەتە بکات ـ ئەو حەڵە قاپی پێتو فەڕو بەهرەی خۆی ئەکاتەوە لێی، وەك کردیەوە لە یەکەم تاقمو کۆمەڵ، وە چارەسەری هەموو کۆسپو گرێیەکی بۆ ئەکات، وەك چارەسەری کردبۆ ئەوان، وە جڵەوی ژیانو جیهان ئەخاتە دەستی، وەك خستی دەستی ئەوان.

لەم چەند ئایەتی داهاتووەدا لەو داستانو بەسەر هاتانی ڕابوردووە دوانمان بۆ باس ئەکات: بەسەرهاتو داستانی کۆمەڵێکە کە قورئان نە خۆیانو نەجێو شوێنیان دیاریی ناکات، وە زۆر بەکورتی تێپەڕ ئەکات بەسەریاندا، بەڵام مەبەستەکە ئەگەیەنێ، ئەم یەکەمیانە داستانی کۆمەڵێکی چەند هەزار کەسی بوو لەوڵاتی خۆیان دەرچوون لەترسی مردن، ئینجا ئەو دەرچوونو ڕاکردنە هیچ سوودی نەبوو، وە بەرگری مردنی لێ نەکردنو خوا مراندنی، ئینجا زیندووی کردنەوە، کەواتە نەمردنو نەزیندوو بوونەوەیان بەدەست خۆیان نەبوو، تەنها بەدەست خوابوو، ئینجا مەبەست لەباسەکە هاندانی موسڵمانانە لەسەر جەنگو کوشتارو ماڵ بەخت کردن لەڕێی خوادا، ئەو خوایەی کە بەخشندەی گیانو ماڵەو توانایە بەسەر سەندنەوەی گیانو ماڵدا، کەواتە هەرکەسێك ژیر بێت ئەبێ ماڵو گیانی خۆی نەگوشێو بیانخاتە سەر دەستی لەڕێی خوادا.

هەواڵی ئەم داستانەی بە جۆرێ هێناوە کە ئەگونجێو دەست ئەدا بۆ هەرکەسێك کە لە پێشەوە بیستبێتی و ئاگادار بێ پێی، وە دەست ئەدات و ئەگونجێ لەگەڵ هەرکەسیش کە بێئاگابێت لێی و یەکەم جار بێت بچێ بە گوێچکەی دا، وە بۆ هەردوو بەکەڵکە، بۆ یەکەم بیری ئەخاتەوە و سەرنجی بۆ ڕائەکێشێ بە جۆرێك دانی پیا بنێو سەرسام ببێ لێی، وە بۆ دووەمیش بە گێڕانەوەکەی ئاگاداری بە جۆرێك سەری سوڕبمێنێ لێی، وە وای نیشان ئەدات کە داستانەکە ئەوەندە بە ناوبانگە وەك هەموو کەس زانا و ئاگاداربێت وایە، وەلە قورئاندا وێنەی لەمە زۆرە، ئەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا نەتزانیوەو بەدڵ ئاوڕێکت نەداوەتەوە ﴿إِلَى ٱلَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَـٰرِهِمْ﴾ بۆلای ئەوانەی کە لە وڵاتی خۆیان دەرچوونو هەڵهاتن ﴿وَهُمْ أُلُوفٌ﴾ لە کاتێکدا چەند هەزار کەسێك بوون؛

حَذَرَ ٱلْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ ٱللَّهُ مُوتُوا۟ ثُمَّ أَحْيَٰهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٢٤٣﴾ وَقَٰتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٤٤﴾

ڕایان کردو دەرچوون ﴿حَذَرَ ٱلْمَوْتِ﴾ لەبەر خۆپاراستن لە مردن، بە تاعونێ کە کەوتە ولاتەکەیان، یان لەترسی ئەوەی نەبڕێن بۆ غەزاو بکوژرێن لە ڕێی خوادا، ئینجا ئایا ئەوانە کێ بوون، وە لەچ ولاتێکدا بوون؟ وە لەچ چەرخێکدا بوون؟ قورئان هیچ کام لەمانەی دیاریی نکردووەو هیچ حەدیسی (صحیح)یشمان دەست نەکەوت لەوبارەیەوە، کەواتە هەر بەو نادیاریە بەسەریا تێپەڕ ئەکەین، وە ئەگەر زانینی ئەو جۆرە شتانە پێویست بوایە بۆمان باس ئەکرا، مەبەست لەم جۆرە شتانە تەمێ و ئامۆژگاری کردنو دەرس لێ وەرگرتنە، دەی زانینی جێ و شوێنو چەرخ و بەرەو تیرە هیچ شتێك لەو تەمێ و ئامۆژگاریە زیاد ناکات، کەواتە بە پێی یاسای ڕەوانبێژی نابێ بگوترێن، ئەگەر بگوترێن وتەو وتارەکە لەکەدار ئەبێت، چونکە بەپێی ئەو یاسا ئەبێ زیاد بە پێویست لە گفتوگۆو نوسیندا نەبێت.

ئەم داستانە لێرەدا بۆ ئەوە هاتووە کە تێگەیشتنو بۆچوون ڕێك و ڕاست بکرێتەوە سەبارەت بە مردنو ژیانو ئەو شتانەی کە بەدیمەنو ڕوالەت هۆی ژیانو مردنن بەلای خەڵکیەوە، وە گەڕانەوەی کاری مردنو ژیان هەر بۆلای ئەو کەسەیە کە مردنو ژیانی داهێناو بەدەستیەتی، وە بەستنەوەی دڵو ئارام گرتنی تەنها بە خواهیشو بڕیاری خوایە، ئیتر هەڵسانو پەلامارادانی هەرکارو کردەوەیەك کە پێویست کراوەو خراوەتە سەرشان بە بێباك و بێترس، چونکە هەرچی خوا بڕیاری دابێ ئەبێ ببێ و مردنو ژیان هەر بەدەست ئەوە، وە ترسو خۆپارێزی لە مردن هیچ سوودێك نادات و ژیان درێژەی پێنادا، وە ئەجەلو ماوەی دیاریی کراو ناگۆڕێ و زیادو کەمی ناکات، وە بەرگری بڕیاری خوا ناکات، ئەوەتا ئەو کۆمەڵە گەورەیە ویستیان خۆیان بپارێزن لە مردنو لەدەستی دەرچن کەچی بە هیچ جۆرێك خۆیان بۆ ڕزگار نەکراو خوا هەر مراندنی، وەکو ئەفەرموێ: ﴿فَقَالَ لَهُمُ ٱللَّهُ مُوتُوا۟﴾ ئینجا خوا فەرمووی پێیان بمرن، بێگومان ئەوانیش بەوە مردن، ئیتر چۆن پێی فەرموون؟ ئایا هەر بەوە مردن کە لە ترسا ڕایان کرد لێی؟ یان بەشتێکی تر مردن کەبە خەیاڵیاندا نەهاتبوو؟

هیچ کام لەمانە باس نەکراوە، چونکە پەندو تەمێ و ئامۆژگاریەک لەوانە وەرناگیرێ، ئەوانە بە فەرمانی خوا مردن ﴿ثُمَّ أَحْيَاهُمْ﴾ لەپاش دا زیندووی کردنەوە، ئیتر ئەو زیندووکردنەوە چۆن بوو لەسەر چ شێوەیەک بوو؟ ئەوانە خوا خۆی باش ئەزانێ، وە لەبەرئەوە وەک لە قورئاندا پوون کراوەتەوە، هەروەها حەدیسێکی صەحیحیشمان دەست ناکەوێ کە شتەکەمان بۆ دیاریی بکات، وە هەروەک چەند جارێک وتمان لەم بارو بابەتانەوە ئیسرائیلییات و هەواڵی ناڕاست بڵاوبوونەتەوە، لەبەرئەوە زاتمان نیە شوێنی ئەوانە بکەوین بارێک دیاریی ناکەین و ئەڵێین بڕوامان پێی هەیە و ئەزانین دەسەڵاتی خوا بێسنوورە مەیلی هەرچی بکات ئەیکات، وە هەرگیز ڕەوانیە بۆ هیچ بڕوادارێک سەر بکاتەوە لەو بارو شتانە کە ئێمە وێنەمان نەیدوە، وە بە هەر حاڵ و لەسەر هەربار ئەو ڕووداوە عیبرەت و تەمێ بووە بۆ ئەوانەو ئەملی ئەو زەمانە، وەک بیستنی هەواڵەکەی پەندو تەمێی تیایە بۆ هەرکەس کە ئەم هەواڵەی پێگەیشتبێ و پێی بگات، کەواتە گێڕانەوەکەی میهرەبانی و لوتفی تیایە بۆ خەڵکی، ﴿إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ﴾ بەڕاستی خوا خاوەنی چاکەو بەهرەو میهرەبانیە بەسەر هەموو کەسێکەوە، کەواتە پێویستە لەسەر هەموو کەس کە هەمیشە چاو لەبەری خوا بێت و سوپاسی بکات ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ﴾ بەڵام زۆربەی خەڵکی سوپاسی خوا ناکەن!

لە پێشەوە گوتمان: لە گێڕانەوەی ئەم یەکەم داستانەدا هاندانی بڕواداران هەیە لەسەر گیان و ماڵ بەخت کردن لە ڕێی خوادا، ئینجا ئەوا بە دوای باسەکەدا ئەو دوو ئایەتە ئەهێنێ داوای بەخت کردنی ئەو دوانەمان لێ ئەکات:

یەکەم ئەفەرموێ: ﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ جەنگ و کوشتار بکەن لە ڕێی خوادا، واتە هیچ مەبەستێکی ترتان نەبێ جگە لە ڕەزامەندی خواو بەرز کردنەوەی وشەو وتەی خوا، وە بە ناوی خواو لە ژێر ئاڵای خوادا، نەک بە هیچ ناوێکی ترو لە ژێر هیچ ئاڵایەکی تردا، ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ وە بزانن کە خوا بیسەری زانایە، هەموو قسەو وتەیەک ئەفەرموێ: بیستێ و ئەزانێ بە نیازو مەبەستی خاوەن وتەکە، وە لەگەڵ هەکەس بە پێی قسەو نیازی خۆی ڕەفتار ئەکات.

مَن ذَا ٱلَّذِى يُقۡرِضُ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنًا فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥٓ أَضۡعَافًا كَثِيرَةً ۚ وَٱللَّهُ يَقۡبِضُ وَيَبۡصُۜطُ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٢٤٥﴾

دووەم ئەفەرموێ: ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يُقۡرِضُ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنًا﴾ ئایا کێیە ئەوەی کە قەرز ئەدات بە خوا، قەرز دانی چاک و شیرین، بەم ڕەنگە بە پێخۆش بوونی دڵ و نیازی هەر ڕەزامەندی خوابێت، یان شتێکی چاک و خۆشەویستی ئەداتێ نەک شتێکی نەویستە و تووڕدراو، لەسەر هەربار خوا ئەوەندە میهرەبانە پاداشتی چاکەی بەندەکانی بە چەند قات ئەداتەوە، لای خوا ڕووەکەی دەقاتە و لای ژوورووی هەر خۆی ئەزانێ، وەک لێرەشدا دەست نیشانی بۆ ئەکات کە ئەفەرموێ: ﴿فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥٓ أَضۡعَافًا كَثِيرَةً﴾ ئینجا خوایش ئەو هەرزدان و قەرزی بۆ چەند قات و چەند چەندانە ئەکاتەوە، بە چەند قاتێکی زۆر کە خوا ئەندازەی ئەزانێ، لە جیهاندا چەند قاتی ئەکاتەوە بە زۆر کردن و پیت تێخستن و ڕەحەتی و سوود لێ وەرگرتن و کامەرانی، وە لە ڕۆژی دوایشدا بە نازو ڕێزو خۆشی بەهەشت و ڕەزامەندی خواو نزیکی لێیەوە، کەواتە با بڕواداری قەرز دەر زۆر دڵشاد و شادمان بێت بەو قەرزەی کە ئەیدا، وە نەترسێ لەکەم بوونەوە و نەبوونی، چونکە بوون و نەبوون بە دەست خوایە، نەبوون و دەوڵەمەندی بە ڕژدی و چنگ قوچراوی پەیدا ئەبێت، وە نەبوونی بێنەوایش ڕوو ئەدا بەهۆی بەخشین و دەست گوشادی، وەکو ئەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ يَقۡبِضُ وَيَبۡصُۜطُ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ﴾ وە خوا نەبوونی و کەم دەستی و زۆری و فراوانی ئەمێنێ بەسەر بەندەکانی دا ــ ئەوەش بە پێی زانین و کار دروستی خۆی ــ ﴿وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ﴾ وە هەر بۆ لای ئەو ئەگێڕێنەوە لە دوا ڕۆژدا، کەواتە مـاڵ و سامان چیەو چ نرخێکی هەیەو ئەبێ بۆچی ئەوەندە بە تونـد بگیرێ و چاوی تێببڕێ؟! وە بۆ ئەبێ ئەو مـاڵ و سامانە بەخت نەکرێ لەڕێی خواداو نەکرێ بەزەخیرەو تۆشووی ئەو ڕۆژی دواییە؟ ئا بەو جۆرە داستانی یەکەم دوایی هات، دێتە سەر داستانی دووەم، کورتەی ئەم داستانە ئەمەیە: لە چەرخی لە چەرخەکانی ئیسرائیلیەکاندا پیاو ماقوڵ و لە گوێ کراوەکانیان کۆئەبنەوە لای یەکێ لە پێغەمبەرەکانیان ــ کە پێغەمبەری زۆریان بووەو هاتوونەتە سەریان ــ وە داوای لێ ئەکەن کە پادشایەکیان بۆ دیاریی بکات لە ژێر فەرمانی داو بەسەرکردایەتی ئەو جەنگ و کوشتار بکەن لە ڕێی خوادا.

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلْمَلَإِ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ إِذْ قَالُوا۟ لِنَبِىٍّ لَّهُمُ ٱبْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ أَلَّا تُقَٰتِلُوا۟ ۖ

لە قسەو داواکەیانەوە دەرئەکەوێ کە عەقیدەکەیان لەدڵیاندا بزووتنەوەو ڕاپەڕینێکی بۆ پەیدا بووبێ، وە بڕواکەیان لە دەروونیاندا بێدار بووبێتەوە لە خەوی بێ ئاگایی، وە هەستیان کردبێ بەوەی کە ئەوان خاوەنی ئایین و عەقیدەیەکی ڕاستن و لەسەر هەقن، وە دوژمنەکانیان لەسەر ناهەق و بێبڕوایی و بەتاڵن، وە بۆیان دەرکەوت کە ڕێگەیان هەر تێکۆشان و فیداکاریە لە ڕێی خوادا، وە بڕوادار هەرکات ئەو زانین و هەست و تێگەیشتنەی بۆ فەراهەم هات مانای وایە نیوەی ڕێگەی بڕیوە بۆ سەرکەوتن، کەواتە بڕوادار لە پێش هەموو شتێکەوە پێویستە بزانێ کە خۆی لەسەر هەقە و دوژمنی لەسەر ناهەقە، وە ئەبێ نیازو مەبەستیشی هەرخوا بێت و خۆی یەکبارو یەک نیاز بکات لەسەر ئەو بارو نیازە پاکە بەبێ تێکەڵ کردنی هیچ شتێکی تر، ئینجا بابێینە سەر ئایەتەکان بە جۆرو شێوە بێ وێنەکەی خۆی داستانەکەمان بۆ باس ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلْمَلَإِ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ﴾ ئایا نەت زانیوە و بەچاوی دڵ ئاوڕێکت نەداوەتەوە بۆلای کۆمەڵێك لە پیاو ماقوڵو قسە ڕەوا، کە هەندێ بوون لە ئیسرائیلیەکان لە پاش موسا (علیه السلام)، واتە ئایا هەواڵو داستانی ئەو کۆمەڵەت نەزانیوە، هەواڵو داستانی ﴿إِذْ قَالُوا۟ لِنَبِىٍّ لَّهُمُ﴾ ئەو کاتەی کە گوتیان بە پێغەمبەرێك کە لەوکاتەدا بوویان: ﴿ٱبْعَثْ لَنَا مَلِكًا﴾ پادشاو کاربەدەستێکمان بۆ دیاری بکە بەسەرمانەوە بێت و لەسەر تەگبیرو فەرمانی ئەو: ﴿نُّقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ جەنگو کوشتار بکەین لە ڕێی خوادا. ئینجا پێغەمبەرەکەیان ویستی بۆی دەرکەوێ ئایا ڕاست ئەکەن و لێ بڕاون؟ لەبەرئەوە: ﴿قَالَ﴾ فەرمووی پێیان: ﴿هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ أَلَّا تُقَٰتِلُوا۟﴾ ئایا ئەگەر جنگو کوشتار پێویست کرا لەسەرتان ئێوە لەوانەن و نزیکن لەوەی جەنگ نەکەن؟ واتە ئێستا کاتی ئارامی و بێترسیە، لەبەرئەوە ئەو داوایە ئەکەن، وە من لام وایە کاتێ جەنگ بەرپا بوو ترس هات ئێوە لەترس دا هەڵناسن بەو جەنگە، دەی ئایا ئێوە بەو جۆرەن کە من چاوەڕوانی ئەکەم؟ واتە لام وایە بەو جۆرە نەبن؟

قَالُوا۟ وَمَا لَنَآ أَلَّا نُقَٰتِلَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَٰرِنَا وَأَبْنَآئِنَا ۖ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ تَوَلَّوْا۟ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٤٦﴾

ئینجا ئەوانیش غیرەتیان هاتە جۆش‌و هۆو پاڵ پێوەنەری بەمێزیان باس کرد بۆ جەنگ‌وکوشتار، بەم ڕەنگە﴿قَالُوا﴾ گوتیان: ﴿وَمَا لَنَآ أَلَّا نُقَٰتِلَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ ئایاچی هەیە بۆ ئێمە کە پاڵمان پێوەبنێ بەمەی کە جەنگ نەکەین لەڕێی خوادا ﴿وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَٰرِنَا وَأَبْنَآئِنَا﴾ لەکاتێکداکە ئێمە دەرکراوین لە شوێن‌و ولاتمان‌و دوور خراوینەتەوە لە کوڕەکانمان، واتە بێگومان جەنگ ئەکەین، چونکە دوژمنەکەمان دوژمنی خواو ئایینمانە، وە دەریشیان کردووین لە ولات‌و نیشتمان‌و کوڕەکانیشمانیان ژێر دەست‌و دەستگیر کردووە، کەواتە ئەبێ جەنگ بکەین‌و بێجگە لە جەنگ کردن هیچ ڕێگەیەکی تر نەماوە لە ڕەدەمماندا، بەڵام بەداخەوە ئەو غیرەت‌و هەڵچوونە هەر لەکاتی ئارامی‌و ئاسایشدا بوو، بڕی نەکرد تا کاتی ناڕەحەتی‌و تەنگانە، وەکو ئەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ تَوَلَّوْا۟ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ﴾ ئینجاکاتێ کە فەرمان دراو جەگ پێویست کرا لەسەریان پشتیان تێکردو جەنگیان نەکرد مەگەر کەمێك لەوان کە بەپێی حەدیسی بوخاری سێسەدو سیانزە (٣١٣) کەس بوون بە ئەندازەی ژمارەی جەنگ کەرانی بەدر، خوا لە هەموویان ڕازی بێت، بەڵێ هەڵگەڕانەوە لە پەیمان بە شکاندنی بەڵێن‌و مل پێچی لە فەرمان، هەڵنەسان بە ئەرکی سەرشان بە پشت کردنە هەق کە نیشانەو پیشەی ناشکرای ئیسرائیلیەکانە، وە هەروەها هەر تاقم‌و کۆمەڵێکی تر کە پەروەردە نەکرابێ بە عەقیدەو بڕوای بەمێز، وە بەبۆنەی تاقیکردنەوەوە پاك‌و خاوێن نەبووبێ لە هەر ناڕاستی‌و لاری ناڵەبایەك، جا لەبەرئەوە پێویستە لەسەر سەرکردایەتی کە ئاگای لەوە بێت، نەك لە ناکاودا تێکشکان ڕوو بکاتە لەشکرەکەی، بێگومان ئەو پشت تێکردن‌و هەڵگەڕانەوەی ئەوانە کارێکی زۆر بێزراوو ناڕاست‌و ناڕەوابوو، وە تاوان‌و ستەم بوو، ستەم لە خۆیان، وە ستەم لە پێغەمبەرەکەیان (علیه السلام)، وە ستەم لەو هەقە گەورەی کە ئەشیان زانێ هەقەو ڕاستە جا لەبەرئەوە قورئان ئەوان لەکەدار ئەکات بە تاوان‌و ستەم، وە بێزاری نیشان ئەدات لە کردەوەکەیان، ئەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ﴾ خوا باش ئاگاداڕە بە ستەمکارەکان‌و زانایە بە هەموو شتێکیان.

وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ ٱللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا ۚ قَالُوٓا۟ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ ٱلْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِٱلْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ ٱلْمَالِ ۚ قَالَ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰهُ عَلَيْكُمْ

لەپێش ئەوەی داستانەکە تەواو بکات و هەر لە یەکەم جارەوە دەری خست و جارێ نا فەرمانی و بەڵێن شکاندنی لێدان کە ئەوەش زیادە تەشەرو پرسوا تیایە، ئینجا ئەگەڕێتەوە سەر باسەکەو داستانەکە تەواو ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ﴾ واتە ئەوان داوای پادشا و کاربەدەستێکیان کردو پێغەمبەرەکەشیان فەرمووی پێیان: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا ۚ﴾ بەڕاستی خوا (طالوت)ی ڕەوانەکردووە بۆتان بە پادشا و کاربەدەست بەسەرتانەوە.

ئەوانە بەڵای خۆیانەوە ڕاپەڕین لەبەر خواو ویستیان جەنگ بکەن لە ڕێی خوادا و پەکیان هەر لەوە کەوتبوو کە کاربەدەست و پادشایان نیە، ئینجا لەسەر داوای خۆیان ئەوا داواکەیان بەجێهێنرا، کەواتە ئەبوایە بەبێ سەرلێ کردنەوە ڕازی ببونایەو چاوەڕوانی فەرمانی پادشاکەیان بکردایە، کەچی بەداخەوە، بە پێی باوو سروشتی لارو نالەباری خۆیان ناڕەزایی خۆیان دەربڕی لەو پادشایە کە خوا فەرمانی پێدا بوو، وە ڕەخنەیان بوو لێی، ئەوەتا ﴿قَالُوٓا۟﴾ گوتیان بە پێغەمبەرەکەیان ﴿أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ ٱلْمُلْكُ عَلَيْنَا﴾ ئایا چۆن پادشایەتی ئەبێ بۆئەوبەسەر ئێمەدا؟ واتە شتی وا ڕەوانیە، چونکە دوو ڕەخنەیان بوو لێی:

یەکەم: گوتیان: ﴿وَنَحْنُ أَحَقُّ بِٱلْمُلْكِ مِنْهُ﴾ شایانترین بە پادشایەتی لەو، لەبەرئەوەی ئەمان نەسەب و نەژادیان گەورەترەو ئەو لە تیرەو بەرەی پادشا هەڵنەکەوتووە، بەڵام ئەمان هەر بە گەورەیی و سەرۆکی هاتوون.

دووەم: ئەیانگوت: ﴿وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ ٱلْمَالِ ۚ﴾ وە مالّ و سامانی فراوانی نەدراوەتێ کە پێویستە بۆ پادشایەتی، یان تا بەهۆی ئەو سامانی زۆرەوە چاوپۆشی بکرێ لێی و گوێنەدرێ بە ناتەواوی و پەستی نەژادی، وە بێگومان ئەو دوو ڕەخنەیە لە ترازووی خوادا هیچ قورسییان نیە، کەواتە ئەو دوو ڕەخنەیە لە تێنەگەیشتنەوە هاتبوون، وە بە هۆی نەخۆشی دەروونەوە بوو کە زۆربەی ئیسرائیلی پێوە دووچاربوون، ئینجا پێغەمبەرەکەیان بۆی دەرخستن کە ئەو پیاوە خۆی لە خۆی دا شیاوو شایان تەرە، ﴿قَالَ﴾ فەرمووی پێیان: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰهُ عَلَيْكُمْ ۚ﴾ بەڕاستی خوا ئەوی هەڵبژاردووە بەسەرتاندا،

وَزَادَهُۥ بَسْطَةً فِى ٱلْعِلْمِ وَٱلْجِسْمِ ۖ وَٱللَّهُ يُؤْتِى مُلْكَهُۥ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٤٧﴾ وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ ءَايَةَ مُلْكِهِۦٓ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلتَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ ءَالُ مُوسَىٰ وَءَالُ هَٰرُونَ تَحْمِلُهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ۚ

﴿وَزَادَهُۥ بَسْطَةً فِى ٱلْعِلْمِ وَٱلْجِسْمِ﴾ وە ئەوی زیاد کردووە لە فراوانی لە زانینو لەشو جەستەدا، ﴿وَٱللَّهُ يُؤْتِى مُلْكَهُۥ مَن يَشَآءُ﴾ وە خوا مولّکو پادشایەتی خۆی ئەبەخشێ بە هەر کەس کە خوا خۆی مەیل بکاتو بیەوێ، ﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾ وە خوا فراوانە لە دەسەلّاتو بەخشینو بەهرەدا، ئەتوانێ هەر بێ دەستو بێ نەواو هەژارێك بگەیەنێ بە پایانو پێویستی نەهێلّێ، وە خوا زانایەو خۆی ئەزانێ کێ هەلّئەبژێرێ بۆ پادشایەتیو هەر کارو فەرمانتێکی تر.

ئەو پێغەمبەرە (علیه السلام) بەرپەرچی دانەوەو ئەو بۆچوونو تێگەیشتنە ناڕاستەی کە بوویان بۆی ڕاست کردنەوە، وە شیاوییو شایستەیی ئەو پادشایەی دەرخست لە چەند بارێکەوە:

١- خواهەلّی بژاردووە، وەئەو باش ئەزانێ کێ شایانو شیاوە، وە بەرژەوەندی لە چیدایە.

٢- ئەوەی کە بەنرخەو پێویستە بۆ ئەو پادشاو کاربەدەستە زانینی فراوانە تا بتوانێ هەلّسێ بە تەگبیری ولّاتو کاروباری ڕامیاری، وە هێزو بازوو لە شتێکی گەورەیە تا بتوانێ بەرهەلّستی دوژمن بوەستێو تەقیەی لێ بکرێو سامو بیمی ببێ لە دەروونداء دەی خوا ئەو دووانەی بە فراوانی پێداوە.

٣- خوا خۆی خاوەنی هەموو مولّکو پادشایەتیە، کەواتە ڕێی هەرکەس بداتو کاروباری بخاتە ژێر دەست مەیلی خۆیەتیو کەس ناتوانێ مەلە جەڕە بکات لە فەرمانو بڕیاری.

٤- خوا خۆی خاوەنی هەموو مالّو سامانێکە، کەواتە هەر ئەنداز پێویست بێت خوا ئەیدا بە پادشاکەی خۆی، هەرچەند شتەکەی بەو جۆرە بۆ ڕوون کردەوە، بەلّام خۆی ئەو گەلەی ئەناسی، ئەیزانی کە بەوە دانامرکێنێو لە دلّەڕاوکێ ناکەون، لەبەرئەوە وێستی

به موعجیزەو پابەرو بەڵگەیەکی ئاشکرا دایان بمرکێنێ و دڵ ئارامیان بکات، ئەوەش ئەمە بوو کە سندوقەکەیان بۆ بێتەوە کە هۆی دڵنیایی و ئارامی دڵیان بوو.

لەبارەی ئەم ئسندوقەوە چەند شتێك گوتراوەو بڵاوبوونەتەوە لەزۆر لە کتێبەکانی تەفسیردا، نزیك تریان ئەمەیە کە سندوقی تەورات بووەو زۆر بەڕێزو پیرۆز بووە لەناو گەلی ئیسرائیلیدا، وە چەند شتێکی تێدابووە کەلە پێغەمبەرەکان بەجێ ماوە، وە ئەڵێن: پوەنووسی ئەو لەوحانەی تێدابووە کە خوا بەخشی بە بە موسا (علیه السلام) لەسەر شاخی توور، ئینجا کاتێ کە عەمالیقەکان هاتنو وڵاتی ئەمانیان داگیرکردو دەربەدەریان کردن، ئەو سندووقەشیان بە تاڵان کەوتە ژێر دەست، جا ئەم پێغەمبەرە هاتنەوەی ئەو تابووتەی کرد بە نیشانە لەسەر ئەوەی کە (طالوت) لە لایەن خواوە هەڵبژێرراوە، وەکو ئەفەرموێ: ﴿وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ﴾ پێغەمبەرەکەیان پێی فەرموون: ﴿إِنَّ ءَايَةَ مُلْكِهِۦٓ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلتَّابُوتُ﴾ بەڕاستی نیشانەی ئاشکرای پادشایەتی (طالوت) ئەمەیە کە سندووقەکەیان بۆ بێتەوە ﴿فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ کەلە سندووقەکەدا، یان لە هاتنەکەی دا هەیە ئارامو دامەزرانی دڵتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە، ﴿وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ ءَالُ مُوسَىٰ وَءَالُ هَٰرُونَ﴾ وە تێیدا هەیە چەند شتێك لەوەی کە نەوەو کەسو کارە تایبەتیەکانی موسا و هارون بەجێیان هێشتو بە دەستا و دەست مایەوە، ئەوەش کە بریتی بوو لە چەند پارچە شکاوی لەوحەکانی تەورات و دار دەستەکەی موسا و هەندێ لە جل و بەرگو چەند شتێکی تر کە لەوان و لە پێغەمبەرەکانی تریان بجێ مابوون و لەو سندووقەدا مانەوە تا ئەو کاتی پادشایەتی (طالوت)ە، نیشانەی ئاشکرای ئەو پادشایەتیە هاتنی ئەو سندووقەیە لە کاتێکدا ﴿تَحْمِلُهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾ کە مەلائیکە هەڵی ئەگرن، ئیتر هاتنی ئەو سندووقە لە ئاسمانەوە بووبێ، بەم ڕەنگە خوا لەکاتی خۆی دا بەرزی کردبێتەوە بۆ ئاسمانو ئینجا لەو کاتەدا مەلائیکە بە فەرمانی خوا هێنابێتیانەوە خوارەوەو پارێزگاریان تا هاتبێتە لای (طالوت) وەك بەم جۆرە لە (ئیبن و عەباس)ەوە ئەگێڕنەوە، یان هاتنەکەی بەو بووبێ کە ئەو سندووقە مابێتەوە لای (عەمالیقەکان) زۆر بەبێ ڕێزی و بە پیس و پۆخڵە کردن، ئینجا خوا لە تۆڵەی ئەوەدا دووچاری دەردو سزاو زیانی سەختی کردن، بەهۆی ئەوەوە ترس کەوتە دڵیان و گومانیان بردکە خوای ئیسرائیل تۆڵەی لێ سەندوون، لەبەرئەوە سندووقەکەیان خستە سەر عەرەبانەیەك و بەستیان لەدووگا جووت و بەرەڵایان کردن،

إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٤٨﴾ فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ إِنَّ اللَّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ

ئینجا به فەرمانی خوا چوار مەلائیکە دانیانە بەرو پاریزگاریان کردن تا گەیاندیانە ئەو شوێنی (طالوت)ە بە هەر جۆرو لەسەر هەربار هاتنی ئەو سندووقە بەڵگەو نیشانەیەکی زۆر ئاشکرابوو لەبەرئەوە ئەو پێغەمبەر (علیه السلام) فەرمووی بە ئیسرائیلیەکان: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لَّكُمْ﴾ بەڕاستی لە هاتنی ئەو سندووقەدا بەڵگەو نیشانەیەکی پووندو ئاشکرا هەیە بۆتان ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بڕواداران بەڕاستی، واتە ئەگەر بڕواداران بەڕاستی ئەو بەڵگەو نیشانانەتان بەسە، وا دەرئەکەوێ لە دیمەنی ئایەتەکانەوە کە ئەو نیشانە پوونە بەدی هات بەو جۆرەی کە پێغەمبەرەکە فەرمووی، لەبەرئەوە بە تەواوی دڵ ئارامو دڵنیا بوون بە پادشایەتی (طالوت).

ئینجا (طالوت) لەشکرێکی پێک هێنا لەوانەی کە گوێڕایەڵیان کردو پەشیمان نەبوونەوە لە بەڵێنو پەیمانەکەیان، بەڵام قورئان بە پێی باوی شیرینی لە گێڕانەوەی داستانو سەرگوزەشتەکاندا، ئەوەی کە پێویست نەبێ باسی ناکاتو لێ بێدەنگ ئەبێت، لەبەرئەوە باسی هیچی تری نەکردو لەڕێوە هاتەسەرمەبەستەکەو فەرمووی: ﴿فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ﴾ ئینجا کاتێ کە (طالوت) دەرچوو لە وڵاتو جوێ بوویەوە بە هاوڕێیەتی لەشکرەکە بەنیازی جەنگ کردن لەگەڵ دوژمنەکەیاندا، ﴿قَالَ إِنَّ اللَّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ﴾ فەرمووی بە لەشکرەکە: بەڕاستی وەک تاقی کەرەوە خوا تاقیتان ئەکاتەوە بە ڕووبارێک، تا دەرکەوێ ڕاستو ناڕاست، ئەگێڕنەوە کە لەپاش هاتنی سندووقەکە گومانیان نەما لە زاڵبوونو سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، بەهۆی ئەوەوە بە چەسپانی هاتنە پێشەوە بۆ ڕۆیشتن بۆ جەنگ، ئینجا (طالوت) پێی فەرموون: پیرو نەخۆش با نەیەت، وە هەروەها هەرکەس خەریکی دروست کردنی خانوویەکەو تەواوی نەکردووە، وە هەکەرس خەریکە بە بازرگانیەوە، وە هەرکەس قەرزدارە، وە هەرکەس ژنی ماڕە کردووەو نەی گواستووەتەوە، وە من کەسێکم نەوێ کە گەنجو چالاکو دەست خاڵی بێت، ئینجا هەشتا هەزار کەس کۆبوویەوە، وە کاتەکە کاتی گەرمای بەتێو بوو، وە ڕێکەوتن بە چۆڵو بیابانێکی بێ ئاودا، وە داوای ئاویان کرد، (طالوت)یش فەرمووی: خوا تاقیتان ئەکاتەوە بە ڕووبارێک،

فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُۥ مِنِّيٓ إِلَّا مَنِ ٱغْتَرَفَ غُرْفَةًۢ بِيَدِهِۦ

﴿فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي﴾ ئینجا هەرکەس لەو پووبارە بخواتەوە ئەو کەسە پەیوەستی بەمنەوە نیەو یەك نیە لەگەڵ من ﴿وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُۥ مِنِّيٓ﴾ وە هەکەرس لێی نەخواتەوەو هیچ ڕەنگ تامی نەکات، بێگومان ئەو کەسە لە منەو پەیوەستە بە منەوە، ئینجا لە یەکەم تاقم ئەمە دەر ئەکات: ﴿إِلَّا مَنِ ٱغْتَرَفَ غُرْفَةًۢ بِيَدِهِۦ﴾ واتە هەرکەس لێی بخواتەوە لە من نیە، مەگەر کەسێك مشتێکی لێ هەڵگۆزێ بە دەستی خۆی بۆ دەمو گەروو تەرکردنی، ئەو کەسە هەرچەند کەمو کوپی هەبێ، بەڵام هەر وەرئەگیرێو پەیوەستی ناپچڕێ. بە کورتی ئەوانە سێ جۆرو لەسەر سێ ڕادە بوون:

١- ڕادە پەستو پەیوەستی پچڕاو لە ڕێوە گوێی نەدا بەسەرپێچی لە فەرمانو دەمی خستە ئاوەکەو تێرو پڕی لێ خواردەوە.

٢- ڕادە بەرزو پێویست بە فەرمانی خوا کە بە هیچ ڕەنگ تامی ئاوەکەی نەکردو خۆی گرت لە سنووری ڕەزامەندی خوادا.

٣- مام ناوەندی، نەڕادە بەرزو نە پەیوەستی پچڕاو، کە تەنیا مشتێکی لێ هەڵگۆست.

هەر لە یەکەم جارەوە دەرکەوت کاردروستی خوا لە هەڵبژاردنی ئەو پادشایەدا، ئەو پیاوە زانی کە بۆ جەنگێکی سەخت ئەڕوا، وە لەشکرەکەی لە گەلێکی زۆر دەستی زەبوونەو چەند جار شکاوەو دەقی گرتووە بەو بارەیەوە، وە بەرەنگاری لەشکرێك ئەبێ کە زۆردارو زاڵو سەرکەوتووە، کەواتە لەشکرەکەی پێویستی هەیە بە هێزێکی دەروونی کە بتوانێ خۆی ڕاگرێ بەرامبەر ئەو لەشکرە بە هێزو زاڵە، ئەو هێزە دەروونیەش بریتیە لە عەزمو ئیرادەیەکی دامەزراو کە نەبەزێ بۆ هیچ هێزێك لە هێزەکانی ئارەزووو خواستەکانی نەفس، وە بتوانێ خۆی بگرێ بەرامبەر هەموو ئەرك و زەحمەتو بێ بەشیەك، کەواتە ئەو پیاوە پێویستی بوو بە تاقی کردنەوەی ئەو لەشکرەی تا دەرکەوێ بۆی، لەبەرئەوە بەو ئاوە تاقی کردنەوە، کەلە ڕاستی دا تاقی کردنەوەیەکی زۆر سەختو بەهێزبوو، وە بەڕاستی زۆر هونەرێکی گەورەیە خۆگرتنی کەسێکی ماندووی زۆر تینوو لە کاتی گەرمای بەتیندا، وە ئاو لەبەر دەستی دا بێتو لێی نەخواتەوە، بەڕاستی کەم کەس هەیە لە تاقی کردنەوەی ئاوادا دەرچێ،

فَشَرِبُوا۟ مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ ۚ فَلَمَّا جَاوَزَهُۥ هُوَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ قَالُوا۟ لَا طَاقَةَ لَنَا
ٱلْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ ۗ قَالَ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ ٱللَّهِ كَم مِّن فِئَةٍ
قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةًۢ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٢٤٩﴾

لەبەرئەوە لەشکرە گەورەیەش بە جۆرە بوون کە ئەفەرموێ: ﴿فَشَرِبُوا۟ مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ ۚ﴾ ئینجا ئەو لەشکرە تێرو پڕ لەو پووبارەیان خواردەوە مەگەر کەمێك لەوان، ژمارەیان (٣١٣) سێ سەدوسیانزە بووە بەپێی حەدیسی (بەپای کوپی عازەب) کە ئەفەرموێ: پێغەمبەر(ﷺ) لە پۆژی (بەدر)دا فەرمووی: ئێوە ئەمڕۆ بەقەدەر هاوەڵەکانی (طالوت)ن کەلە پووبارەکە پەڕینەوە، جا (بەپای کوپی عازەب) ئەفەرموێ: ئەو پۆژە ئێمە سێ سەدو سیانزە کەس بووین، بەو تاقی کردنەوە دەرکەوت کە ئەبێ گوێ نەدرێ بە لاف لێدان و هەڵم و بڵمی دەمی، بەڵکو دەرکەوت کە نیازی دەروونی پووت بەس نیە، بەڵکو پێویستی هەیە بە کردەوە و بەدی هێنانی لە پووداوی ژیاندا، ئەوەتا ئەو لەشکرە گەورەیە کەلە پێشەوە بە دەم هیچی نەهێشتبوویەوە، وە بێگومان نیازو بڕیاری دەروونیشیان هەر بووە.

ئەو لەشکرە گەورەیە لەو تاقی کردنەوەدا داخزاو دەرنەچوو، پەیوەستی پچڕاو هەر ئەو ژمارە کەمە مایەوە کە شیاوی ئەوە بێت پەیوەست بێت و پشتی پێ ببەسترێ، ئەو تاقی کردنەوە ئەو لەشکرەی بژارو گێژو تەتەڵەکرد تا ئەو ئەو ژمارە کەمەی لێ دەرچوو ئەوی تری بێ کەڵك و دەرچووو تووڕ درا، بەڵام هێشتا تاقی کردنەوەی تریش ماوە، وەك دەرئەکەوێ لەمەدا کە ئەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا جَاوَزَهُۥ هُوَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ﴾ ئینجا کاتێ کە پەڕیەوە لە پووبارەکە خۆی و ئەوانەش کە بڕوایان هێنابووو لەگەڵی بوون ﴿قَالُوا۟﴾ هەندێکیان گوتیان ﴿لَا طَاقَةَ لَنَا ٱلْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ ۗ﴾ ئەمڕۆ هیچ دەسەڵات و توانامان نیە بۆ جەنگ کردن لەگەڵ (جالوت) و لەشکرەکەی، بێگومان ئەمانە بڕوادار بوون، وە هەڵنەگەڕا بوونەوە لەو بەڵێن و پەیمانەی کە بەستیان لەگەڵ پادشاکەیاندا، بەڵام تاقمێکی کەم بوون و ئاگاداربوون بەسەر هێزو زۆریی دوژمنەکەیان بەسەرکردایەتی (جالوت)ی نەبەردی ستەمکار کە ئەڵێن: لەشکرەکەی سەد هەزار یان سێسەد هەزار کەس بووە، جا لەبەرئەوە غەمی بێ هێزی و لاوازی خۆیانیان لێ هات، بەراستی خۆگرتن لەبەردەم هێزێکی وەهادا بە کەم کەس

ئەکرێ، وە کەسێکی ئەوێ کە بڕوای بە خوا زۆر زۆر بەهێزبێت و دڵی پەیوەندیەکی هەمیشەیی ببێ بە خوای خۆیەوە، وە ئەوەش بوو بە تاقی کردنەوەیەکی تر، هەرکەس لەم تاقی کردنەوەدا سەرکەوێ، بێگومان وای لێ دێ کە باکی نەمێنێ لە هیچ هێزێکی تر بێجگە لە هێزی بێ سنووری خوا،وەك دەرئەکەوێ لەم تاقمەکەی ترەوە کە دەربارەیان ئەفەرموێ: ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ ٱللَّهِ﴾ ئەوانەی کە لایان وابوو بە حزووری خوا ئەگەن و بە تەمای ئەجرو پاداشت و بوون لای ئەو، ئەوانە کە بڕواداره خاوێنەکان بوون، بۆ دڵخۆش کردن و هاندانی ئەوانی تر گوتیان: ﴿كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةًۢ بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ زۆر تاقمی کەم دەسەڵات زاڵبوون و سەرکەوتن بەسەر تاقمی زۆرو بە دەسەڵاتدا بە ئیزن و یارمەتی خوا، واتە بکتان نەبێ، چونکە زاڵبوون و زاڵ نەبوون بە زۆرو کەمی نیە، بەڵکو بە دەست خوایە ﴿وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ وە خوایش لەگەڵ خۆگرەکانی، کەواتە خۆتان بگرن و هەر پشت بە خوا ببەستن، بێگومان ئەم تاقمە بڕواداری خاوێن و هیچ گومان و دوودڵیان نەبووە لە زیندوو بوونەوە و گەیشتن بە حزووری خوا، کەواتە چۆن دەربارەیان فەرمووی: ﴿يَظُنُّونَ﴾ کەلە زامانی عەرەبدا بە مانا گومان و دوو دڵیە؟ لە وەڵامدا ئەڵێین:

١- مەبەست لەگەیشتن بە حوزووری خوا مردن و کۆڕانە لەو جەنگەدا، دەی ئەوەش شتێکی قەتعی نەبووە بە لایانەوە، بەڵکو ئەوە بەهێزبووە لە دڵیاندا.

٢- مەبەست گەیشتنە بە ئەجرو پاداشتی خواو وەرگرتنی ئەو کردەوەو جەنگەیە لێیان، دەی بێگومان ئەمەش هەر شتێکی قەتعی نیەو هەر خوا خۆی ئەزانێ.

٣- مەبەست گەیشتنە بە بەڵێنی خوا کە سەرخستن و زاڵکردنی بڕوادارانە بەسەر دوژمنانی خوادا، وە بێگومان ئەو بەڵێنە پێویست نیە بەدی هاتنی بۆ هەموو تاقمێك و لە هەموو کات و جارێکدا، کەواتە هەر جێگەی گومان و دوو دڵی بووە بۆ ئەو تاقمە.

٤- وتەی (ظن) بەکارئەهێنرێ بۆ زانینی تەواو لە زۆر شوێندا، دەربارەی ئەو شتانەی کە هەستیان پێناکرێ، وە هۆی ئەو بەکارهێنانەش ئەمەیە کە زانینی ئەو جۆرە شتانە کە ئاشکرا نین ناگەنە ڕادەی ئەو شتانەی کە ئاشکراو هەست پێکراون، کەواتە زۆر جار زانینی ئەوانە خەتەرەو خەیاڵ پووی تێئەکات، وە ئەو جۆرە خەتەرەو خەیاڵانە زیان ناگەیەنێ بەبڕوای بڕواداران، هەرکام لەم وەڵامانە ئەو گرێیەی پێ ئەکرێتەوە کە لەو پرسیارەدا دەرخرا!!

وَلَمَّا بَرَزُوا۟ لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ قَالُوا۟ رَبَّنَآ أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٥٠﴾ فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ ٱللَّهِ

ئەو ئامۆژگاریەی کە ئەو بڕواداره خاوێنانە کردنیان زۆر بەکارو بەکەڵك بوو، وە ئەو سەرکەوتنو یارمەتی دانەی خوا کە بە تەمای بوونو دێ لاوازەکانیان پێ بەهێز دەکات خوا بەدی هێنا، وەك دەر ئەکەوێ لەمەدا کە ئەفەرموێ: ﴿وَلَمَّا بَرَزُوا۟ لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ﴾ کاتێ (طالوت)و ئەوانەی کەلە لەگەڵی بوون دەرکەوتن لە دەشتو مەیدانێکی ئاشکراوە بەرامبەر وەستان بۆ جەنگ کردن لەگەڵ (جالوت)و لەشکرەکەی، وەکەمی خۆیانو زۆربەی ئەوانیان بینی پشتیان بە خوا بەستو ﴿قَالُوا۟﴾ وتیان: ﴿رَبَّنَآ أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا﴾ ئەی پەروەردگارمان بڕێژە بەسەرماندا ئارامو خۆگریەکی گرنگ ﴿وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا﴾ وە پێمان دامەزراوبکە، واتە هێزی دڵو دامەزراویمان پێبدە کە بتوانین بوەستین بەرامبەر بە دوژمن ﴿وَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ وە سەرمان بخەو زاڵمان بکە بەسەر کۆمەڵو گەلی بێ بڕوایاندا تا بیانشکێنن، خوا نزاکەی وەرگرتن ﴿فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ بەهۆی ئەوەوە شکاندنیان بە ئیزنو ویستی خوا، بەڵێ بە ڕاستی بە ئیزنو ویستی خوا شکاندنیان، ئەگینا کۆمەڵەکەی بڕواداران لە کوێو ئەو لەشکرە زۆرو بەهێزە لە کوێ؟

تاقمە بڕواداره خاوێنەکە لە کاتی دڵخۆشیو ئامۆژگاریەکەدا گوتیان: بە ئیزنی خوا، ئینجا ئەوا لێرەدا قورئان زاڵبوونو سەرکەوتنەکەیانی گێڕایەوە بۆ ئیزنو ویستی خوا، کەواتە پێویستە بڕواداران لە هەموو کاروبارێکیاندا چاو بڕنە ئەو وتە پیرۆزە، وە هەمیشە ئەوەیان لەدڵدا بێت کە کارەکە لە ڕاستیدا کاری خوایەو لەسەردەستی بەندەکانی دا دەری ئەخات، کەواتە دووجار خوا بەهرەو منەتی هەیە بەسەر بەندە بڕوادارەکانیەوە:

یەکەم: خوا کارەکەی خۆی کرد بەوانو لەسەردەستی ئەواندا کردی.

دووەم: پڕێزی ئەم بەندەیانەی خۆی ئەگرێو ئەجرو پاداشتیان ئەداتەوە.

وَقَتَلَ دَاوُۥدُ جَالُوتَ وَءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ وَٱلْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُۥ مِمَّا يَشَآءُ ۗ وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ ٱلْأَرْضُ

لەناو لەشکری بڕواداراندا کوژێکی گەنجی منداڵبوو، وە (جالوت)یش پادشایەکی بەهێزی زەبەلاحی سامناك بوو، بەڵام خوا ویستی دەری بخات کە کارەکە بەپێی دیمەن و پوالەتێکی ناڕوا، بەڵکو لەسەرباری پاستەقینەی خۆی ئەڕوا، وە ئەو بارەش خوا خۆی ئەیزانێ و کات و ئەندازی بەدەست خۆیەتی، وە بەندە هەر ئەوەی لەسەرە هەڵسێ بە پێویستی سەشانی، وە هەڵسێ بە بەڵێن و پەیمانێك کە دوایەتی بە خوا، ئینجا دوای ئەوە ئەوەی کە خوا ئەیەوێ بەدی دێت لەسەر ئەو بارو شێوەی کە ئەیەوێ و بۆی دیاریی کردووە، جا بەو پێیە خوا ویستبووی کە ئەو ستەمکارە زۆردارە لەسەر دەستی ئەو منداڵەدا لەناوبەرێ، وە ئەوەی کە خوا ویستی بەدی هات و وەکو ئەفەرموێ: ﴿وَقَتَلَ دَاوُۥدُ جَالُوتَ﴾ (داود) (جالوت)ی کوشت، خوا ئەوەی ویست کە نیشانی بدات کە ئەو ستەمکارو زۆردارانەی کەئەوان لێیان ئەترسان لە ڕاستی دا زۆر زۆر دەستەپاچەو لاوازن و هەرکات خوا ویستی ئاوابە منداڵێك لەناو ئەچن، ئەو کوشتنە لەسەر دەستی (دواد)دا حیکمەت و هۆیەکی تری تیا بوو کە بەدڵی کەس دا گوزەری نەکردبوو، خوا ویستی بەو کردەوە گەورەیە (داود) دەرخات و ئامادەی بکات بۆ ئەو کارە گەورەی کە پێی ئەسپێرێ، کە ئەوەش ئەمە بوو پادشایەتی بگرێتە دەست لەپاش (طالوت)، ئینجا لەپاش (داود) (سلێمان)ی کوڕی بێتەکایەکە لەسەر دەستی ئەودا بەرزترین چەرخ بێتە پێشەوە، چەرخی ئالتوونینی ئیسرائیلی کەوێنەی نەبووە لە هەموو مێژووە دوورو درێژەکەیاندا، وە ئەوەشی پێدان لە پاداشتی ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشە ئایینیەی کەلە دەروونیاندا بەرپا بوو لە پاش ئەو پەستی و پیسوایی و زێر دەستەیی و دەربەدەریەی کە دووچاری بوون لە تۆڵەی لادان و ترازانیان لە ڕێ و بەرنامەی خوا، وەك ئەفەرموێ: ﴿وَءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ وَٱلْحِكْمَةَ﴾ خوا پادشایەتی و پێغەمبەرێتی بەخشی بە (داود)، کە ئەو دوو شتە لەپێش ئەو بۆ هیچ کەس لەنەوەی ئیسرائیل ڕووی نەداوە، ﴿وَعَلَّمَهُۥ مِمَّا يَشَآءُ﴾ وە فێری کرد لەوەی کە خوا خۆی ویستی.

ئەم (داود)ە (علیه السلام)، وەك خوا کردی بە پاشا و پێغەمبەر، هەروەها فێری دروست کردنی زرێ و تاس کلاوی کرد کە لەو چەرخەدا زۆر زۆر بەکارو بەکەڵك بووە بۆ جەنگ وەك لە سورەتی تردا بە درێژی باس ئەفەرموێ. لەم کاتەدا کە داستانەکەی کۆتایی پێهێنا، وە

جارێ دواترین سەرکەوتن و زاڵبوونی دا بۆ ئایین و عەقیدە، نەک بۆ هێزو دەسەڵاتی بێبڕوایی، وە بۆ نیازو ویستی پاک و ڕاست نەک بۆ زۆری ژمارەو چەک، لەم کاتەدا جارێ ئەدات و مەبەست لە بەربەرەکانی و جەنگ و تێك هەڵچوونی هێزی بڕوادار لەگەڵ هێزی شەڕو بێبڕوادار کە خوا فەرمانی پێداوەو مەبەست لەو جەنگ و تێك هەڵچوونە دەرئەخات، کە نابێ مەبەست داگیرکردن و دەست کەوت و تاڵان بێت، وە نابێ مەبەست بەرزی و ڕێزو ناوبانگ بێت، بەس مەبەست چاکەو چاك کردنی وڵاتەو نەهێشتن و کوژاندنەوەی خراپەکاری و سەر شێوان و ئاژاوەیە، ئەفەرموێ: ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ﴾ واتە ئەگەر خوا بەرگری هێندێ لە ئادەمی نەئەکرد ـ واتە ستەمکارو خراپەکار ـ بە هێندێ تریان کە بەربەستیان بکەن و پەکیان بخەن لە خراپەکاری ﴿لَّفَسَدَتِ ٱلْأَرْضُ﴾ بێگومان وڵات تێك ئەچوو ئەشێوا بەمل یەکداو خێرو خۆشی لەژیاندا نەئەما، لەم ئایەتەدا بەربەست کراوو بەربەست پێکراوی کرد کە هەرکام هێندێکن لە ئادەمی، بەڵام باسی بەربەست لێ کراوی نەکرد، جا هەڵئەگرێ مەبەست پێی شەڕو خراپە بێت لە ئایین دا یان شەڕو خراپەی ژیان و جیهان، یان شەڕو خراپەی بۆ هەردوو، ئینجا لەسەر باری یەکەم هەڵئەگرێ، مەبەست هەر بێبڕوایی بێت، یان هەر تاوان و کردەوەیەکی خراپی تر، یان هەردوو مەبەست بن، لەبەرئەوە ئایەتەکە تەفسیر کراوەتەوە لەسەر هەرکام لەو بارانە، وەك تەفسیر کراوەتەوە کە بە جارێ هەموو مەبەست بن، وە بەڕاستی دڵ لەگەڵ ئەمەدا بە ئارامەدا بە ئارام تر، چونکە نەی دایە بە دەمی هێندێ تردا و دەستی نەبەستایەن ئەو حەلە هەموو جۆرە شەڕو خراپەیە لە زەوی دا بەرپا ئەبوو لە هەموو بارو ڕوویەکی ژیان و جیهانەوە، وە بە تەواوی شەڕو خراپە پەرەی ئەسندو ژیان و جیهانی ڕەش و تاریك ئەکرد، ئەگەر خوا ئایین و شەریعەتی خۆی نەناردایەو پێویستی نەکردایە بە ڕاگەیاندن و بڵاو کردنەوەو چەسپاندنی، ئەو حەلە ئادەمی و مرۆڤایەتی بەدی نەئەهات، دونیا و ئاخیرەت نەئەهاتە جێگەکەی، خوای میهرەبان بەرامبەر هێزی شەڕو خراپە هێزی خێرو چاکەی دروست کردو داینا، وە پێویستی کرد کە هێزی چاکە تێکۆشان و فیداکاری بکات بۆ بەربەست کردنی تاوان و خراپە، تەنانەت زۆر جار بەهێزی شەڕو خراپە هێزێکی تری شەڕو خراپە بەربەست ئەکات، وە ئەو دوانە خەریك ئەکات بە یەکتر هەوە و لە ترسی یەکتر پەرژانیان نابێ و ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان پەل بکوتن لە تاوان و خراپەکاری گشتی دا، بەهۆی ئەوەوە لە بەینی ئەو دوو هێزەدا مەردومی تر ئەتوانن ژیان بەسەر بەرن،

وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ ذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٢٥١﴾ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ نَتۡلُوهَا عَلَيۡكَ بِٱلۡحَقِّۖ وَإِنَّكَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿٢٥٢﴾

ئەگەر خوای کارزان‌و کارساز بەو جۆرەی نەکردایە ژیان‌و جیهان کاول‌و وێران ئەبوون ﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ ذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ بەڵام خوا خاوەنی چاکە‌و فەزڵ‌و بەخشندەیی زۆر گەورەیە بەسەر هەموو جیهانیانەوە، کەواتە بۆیە ئەو بەربەست‌و بەرگریەی پێك هێناو ئەو چارەسەرەی کرد، لە بەزەیی‌و میهرەبانیەکەی بە زیاد بێت، هێندێ لە تەمێ‌و ئامۆژگاریمان باس کرد کە وەرئەگیرێ لە داستانی یەکەمەوە، ئینجا با باسی هێندێکیش بکەین سەبارەت بەم داستانی دووەمە:

١- ئەو ڕاپەڕین‌و شۆڕشە ئایینیە هەرچەندە سستی‌و کەم‌و کوڕی‌و لاوازی تێکەوت، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هێزی دڵ‌و دامەزراوی‌و بەردەوامی ئەو تاقمە کەمەبوو بەهۆی زاڵبوون‌و سەرکەوتن بەسەر ئەو هێزو لەشکرە زۆرو سامناکەدا لەپاش ئەو هەموو ژێر دەستەیی وزەبوونی‌و پەراگەندەیی‌و ئاوارەییەی کە ماوەیەکی دوورو درێژ ئەو گەلەی داگیرکرد.

٢- هۆنێنەوەی گەل‌ودیاری کردنی سەرکردایەتیەك زۆرپێویستە‌و بەبێ ئەوە هیچ کارێکی گرنگ ناڕوا، وە لەبەرئەوەیە ئیسلام فەرزو پێویستی کردووە لەسەر موسڵمانان دیاری کردن‌و دانانی کاربەدەست‌و سەرکردە، تا ئەو ڕادەیە لەکاتی لە دنیا دەرچوونی پێغەمبەردا (ﷺ)، یەکەم کردەوە‌و ئیش دانان‌و دیاری کردنی جێنشین بوو.

٣- ئەو سەرکردە‌و کاربەدستە ئەبێ لێزان‌و زانا‌و نەترس‌و وریا‌و بەهێزبێ، بە جۆرێ هەڵنەخەڵەتێ بە گاڵتە‌و گیژە‌و لافی گەل، بەڵکو ئەبێ تاقییان بکاتەوە‌و بەجارو دووجار وازنەهێنێ، ئینجا پشتیان پێ ببەستێ، وە گوێ نەدا بەکەمی ژمارە‌و پشت نەبەستێ بەزۆری، بەڵکو ئەبێ هەرسەرنجی چۆنێتی بدرێ، چونکە سەرکەوتن‌و ژێر کەوتن بەستراوە بە چۆنێتیەوە نەك بە چەندێتیەوە.

٤- هەر دڵێك پەیوەست بێت بە خواوە‌و پشت بەو ببەستێ، بۆچوون‌و تێگەیشتنی جیاوازە‌و بە تەرازوو سەنگ‌و مەنێکی تر کێشانە‌و پێوانە‌و بەراووردی هەموو شتێك نەکات، وە هەرگیز ناترسێ لەدیمەن‌و ڕواڵەت‌و نایش خەڵەتی پێی، بۆ وێنە ئەو تاقمە زۆر کەمەی کە خۆی گرت‌و بێباك خۆی خستە ناو کۆڕو کورەی جەنگەکەوە،

کەمی خۆیان‌و زۆری لەشکری دوژمنی وەبینی بەڵام هیچ گوێی نەدا بەوە، تەنانەت وەک ئەو تاقمە بڕوادارەکەی تریش غەمی لێ نەهات‌و مەترسی نەیگرت‌و نەیگوت: ﴿لَا طَاقَةَ لَنَا ٱلْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ﴾، بەڵکو بە هەموو هێزی دڵەوە گوتی: ﴿كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةًۢ بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ وە بەڕاستی ڕووی کردە خوای خۆی‌و ئەو نزا شیرینەی کرد کە باس کرا.

٥- سەرکەوتن‌و زاڵبوون بەسەر دوژمندا دەستکەوت نابێ مەگەر کاتێ کە کاربەدەست فەرمان ڕەوا و گوێڕایەڵی کرا و بێت بە تەواوی.

٦- هێندێ لە باوی لە جیهاندا بریتیە لە بەرگری کردنی هێندێ لە بەندەکانی بە هێدێ تریان کە ئەمەش لەم چەرخی ئەمڕۆدا پێی ئەگوترێ (نظرية تنازع البقاء).

زۆر شتی تر وەرئەگیرێ لەم داستانە، بەڵام با بەم ئەندازەیە کۆتایی بێنین‌و بێینەوە سەر ئەو ئایەت‌و فەرموودە بەرزەی کە ئەیهێنێ بەدوای باسەکاندا: ﴿تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ﴾ ئەو ئایەتە بەرزو بڵندانەی کە ئەو داستان‌و سەرگوزەشتانەمان تیا گێڕایەوە چەند ئایەتێکی خوا بوون، ﴿نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِٱلْحَقِّ﴾ ئەیان خوێنینەوە بەسەرتدا بەڕاستی‌و بە حەقیانەت کەبە هیچ ڕەنگ جێگەی گومان‌و دوو دڵی نین‌و نامەدارەکان ئەزانن کە ڕاست‌و حەقن‌و ئێمەش بەڕاستی‌و حەقیانەت ئەیخوێنینەوە بەسەرتدا کە مافی خوێندنەوە‌و ناردنیمان هەیە، وە مافی ئەوەمان هەیە کە بیکەین بە بەرنامە‌و دەستوور بۆ بەندەکانمان، وە هیچ کەسێکی تر مافی ئەوەی نیە، ﴿وَإِنَّكَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ وە بەڕاستی تۆ (ئەی محمد) لە فروستادەکانی ئێمەیت کە نێراون بۆ ڕاگەیاندنی ئایین‌و بەرنامەی ئێمە کەواتە لەبەرئەوە ئەیانخوێنینەوە بەسەرتدا، واتە ئەم هەواڵانە شتێکی نەزانراوی غەیبی بوون نەتۆو نە گەلەکەت شتی وایان نەئەزانی، کەواتە زانینی ئەمانە ئەبێ هەر لەلایەن خواوە بۆت هاتبێ، چونکە تۆ یەکێکی لە پێغەمبەران ـ سەلامی خوا لە هەموویان بێت ـ.

بەم جۆرو شێوەیە ئەم جزمی دووەمەی دوایی پێهێنا کە گەل‌و کۆمەڵی موسڵمانانی پێ پەروەردەکردو پێگەیاند، تا ببن بە مامۆستا و ڕزگارکەری جیهان‌و جیهانیان.

وصلى الله وسلم على هذا النبي الكريم والرسول الأمين إلى يوم الدين.

تەفسیری قورئانی پیرۆز

جزمی ٣

﴿ تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُ ﴾

ئەم جزمە پێکهاتووە لە دوو بەش: بەشی یەکەم: لە ئایەتی(٢٥٣)ی سورەتی ﴿البقرة﴾ەوە دەست پێئەکات تا ئەگاتە سوورەتی ﴿آل عمران﴾. بەشی دووەم: لەسەرەتای سورەتی ﴿آل عمران﴾ەوە دەست پێدەکات تا ئەگاتە ئایەتی(٩٢).

لە پێشەوە بەکورتی باسێکی ئەم بەشە ئەکەین، ئینجا ئەچینە سەر درێژەدان لەکاتی تەفسیری ئایەتەکان دا، وەك ـ بەیارمەتی خوا ـ لەسەرتای سورەتی ﴿آل عمران﴾ەوە کورتە باسێك ئەکەین، لە پێشەوە لەبەشی دووەمی جزمەکەو ئینجا ئەچینە سەر درێژەی باس، تا باش تێبگەین لەسروشتو مەبەستی هەرکام لەو دوو بەشە بە تایبەتی، سروشتو مەبەستی جزمەکە بەتێکڕایی و شێوەی گشتی، ئینجا یەکێتی و پەیوەندی و پەیوەستی هەموو ئایەتو بەشەکانی سورەتەکە بە تەواوی.

لە سەرەتای سوورەتی ﴿البقرة﴾ەوە گوتمان: مەبەستی سەرەکی ئەم سوورەتە بریتیە لە ئامادە کردنو پێگەیاندنی کۆمەڵی موسڵمان لە مەدینەدا بۆئەوەی هەڵسێ بە ئەرکی میللەتێکی موسڵمان کە گەورەترین سپاردەی خرابێتە سەر شانو هاتبێ بۆئەوەی ببێبە مامۆستا و ڕێنیشاندەر هەموو خەڵکی، ئەو پێگەیاندنو ئامادەکردنەش بەوە ئەبێ کە هەموو نیشانەو دروشمەکانی ڕێگاکەی نیشان بدات و شارەزای بکات بە هەرچاڵی و چۆڵی و هەر شتێك کە هۆی تاسەو لەنگەرەو هەڵخیسکان بێت لەو ڕێگەیەدا، ئاگاداری بکات بە تونێشووی ئەو ڕێگەیەو هەر دڕك و داڵو ڕێگرێك کە بخرێتە بەر پێی لەلایەن دوژمنەوە، پەندو ئامۆژگاری بکات بە ڕووداو داستانی گەلو کۆمەڵەکانی ڕابردوو بۆئەوەی دووربکەوێتەوە لە هەر هەڵەیەکی ئەوانو هەرکارو کردەوەیەکی ڕاستو ڕەوای ئەوان بەجێبێنێ کە مایەی سەرکەوتنو پێشکەوتنو گەیشتن بە ئامانج بووبێ بۆ ئەوان، جائەو دوو جزمی ڕابردووە هەر خەریك بوو بەو مەبەستانەوە کە باسمان کردن، بە جۆرێ بەرنامەیەکی هێنا بۆ هەموو تاقمو چینەکانی پاش یەکەم تاقمو چین هەتا هەتایە، بەرنامەیەکی دامەزراوی ڕوونی نەگۆڕاو بۆ پێکهێنانی گەلو کۆمەڵی موسڵمان لە هەموو کاتو چەرخێکدا، بۆ سەرکردایەتی کردنی هەموو ڕاپەڕینو بزووتنەوەیەکی ئیسلامی، جا لەبەرئەوە قورئان بەرنامەو سەرکردایەتیەکی تێرو تەواوی لێزانی کاردروستە لە هەموو کاتێکدا، ڕێنیشاندەرو دەستگیرە بۆ هەموو کەس کە پەنای پێببات و بێتە ژێر سایەی.

ئەم سورەتە لەدوو جزمی پابردووی دا بەو جۆرە هات لەسەر کارو فەرمانی خۆی تا جزمی دووەمی دوایی هێنا بە داستانی ئەو کۆمەڵە ئیسرائیلییەی کە دوایی هات بە کوشتنی(جالوت)، گێڕانەوەی ئەو داستانو هەواڵانەی کرد بە نیشانە لەسەر پێغەمبەرێتی پێغەمبەرمان(ﷺ)و فەرمووی پێی: بێگومان تۆ یەکێکی لە ڕەوانە کراوەکانی خوا. بەو وتە پڕۆزە جزمی دووایی پێهێنا، ئینجا بەو بۆنەیەوە قاپی جزمی سێیەم ئەکاتەوە بە باسی پێغەمبەران کە سەرەتای جزمەکە جۆش ئەدات‌و پەیوەستی ئەکات بەجزمی پێشیەوە، ئینجا بە بۆنەی ئەوانەوە ئەڕوات بۆ باسی دووبەرەکی شوێن کەوتووەکانی ئەو پێغەمبەرانە، بەو بۆنەیەوە تەمێ‌و ئامۆژگاری ئەم میللەتە ئەکات‌و ئەچێتەوە سەر کارو فەرمانی سورەتەکە، کەلە دوو جزمی پێشوودا خەریک بوو پێیەوە، کەواتە هەموو ئایەت‌و بەشەکانی سورەتەکە پەیوەست‌و جۆشن پێکەوە‌و هەموو ئەخوڵێنەوە بە دەوری مەبەستە سەرەکیەکەدا کە باسمان کرد، ئەفەرموێ: ﴿تِلْكَ ٱلرُّسُلُ﴾ ئەو کۆمەڵە بەرزو بەڕێزەی پێغەمبەران کە تۆ یەکێکی لەوان‌و ڕەوانە کراون بۆ گەیاندنی بەرنامەو ئایین‌و شەریعەتی خوا، ﴿فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ باوی هەندێکیانمان داوە بەسەر هەندێکی تریاندا، واتە پێغەمبەران ـ درودی خوایان لێ بێت ـ هەرچەند ڕادەو پلەو پایەیان بەرزتر‌ە لە هەموو کەسێکی ترو هەرچەند هەموو وەک یەکن لە سیفەتی پێغەمبەرێتی دا، بەڵام با وا نەزانرێ لە هەموو بارو ڕوویەکی تردە چون یەکەن، نەخێر چون یەک نین، بەڵکو هەندێکیان ڕادەی بەرزتر‌ە بەهۆی چەند سیفەت‌و بەهرەیەکی تردە کە پێی بەخشراوەو نەدراوە بەوانی تر، وەک دەست نیشانی بۆ ئەکات بەمەی کە ناوی دوانیان ئەبات، بە تایبەتی لەگەڵ بەهرەی تایبەتیاندا، ئەو دووانەش کە(موسا و عیسا) ـ سەلامی خوایان لێ بێت ـ، بە تایبەتی ناوی بردوون، چونکە بەهرە‌و موعجیزەکانیان ئاشکراترو بەهێزترن لە موعجیزەی هەموو پێغەمبەرانی پێش خۆیان، بەناوی ئەو دووانەوە دوو ئوممەت بوون لە کاتی هاتنی ئەم قورئانەدا، وەکو ئێستاش هەر هەن، کەواتە ناوبردنی ئەو دووانە تانە‌و تەشەرێکی زۆر گەورەیە لەو دوو ئوممەتە کە لایان دا لە ئایین‌و ڕێبازی ئەو دوو پێغەمبەرە گەورەیە، ئەفەرموێ: ﴿مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُ﴾ هێندێ لەو فروستادانە کەسێکە کە خوا قسەی لەگەڵ کرد، واتە(موسا) کە ئەوەندە بەناو بانگە بەم بەهرەیە خەڵکی تێ ئەگەن کە مەبەست(موسا)یە‌و ناوبردنی هیچ پێویست نیە، بەڵکو ناونەبردنەکەی زۆرتر نرخ‌و ڕێز نیشان ئەدات، چونکە ئەوە ئەگەیەنێ کە(موسا) تاقانەیە لەو بەهرەدا‌و هیچ کەس هاوبەشی نیە‌و بە جۆرێکە هەر دڵ بۆ ئەو ئەڕوات.

سەبارەت بە قسەکردنی خوا لەگەڵ(موسا)و وەرگرتنو بیستنی(موسا)، زانایان چەند جۆرو شێوەیەکیان فەرمووە ـ وەك باس کراوە لە کتێبەکانی عیلمی کەلام دا ـ هەر چۆن بێ ئەوە بەمرەیەکی تایبەتی بووەو بە هیچ پێغەمبەرێکی تر نەدراوە، لەبەر هەر هۆیەك کە خوا خۆی ئەزانێ، ئینجا ئامازە ئەکات بۆ هەندێکی ترو ناوی ئەمیش نابات، ئەفەرموێ: ﴿وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَٰتٍ﴾ خوا هەندێکیانی بەرز کردووەتەوە بە چەند پلەیەك بەسەر ئەوانی تردا، زۆربەو جەماوەری زانایان لەسەر ئەوەن کە مەبەست بەم هێندە حەزرەتی(محمد)ە(ﷺ)، بەڵام ناوی نەبرد چونکە قسەو فەرموودەکانی لەگەڵ ئەمەو ئاڕاستەی ئەم کراوە، کەواتە شوێنەکە شوێنی هەواڵدانە بەم لەبارەی پێغەمبەرانی ترەوە، نەك هەواڵدان بەم لەبارەی خۆیەوە، هەرچەند مەبەست بەم هێندە خۆی بێت، بەڵام ئەم تەعبیرە جیاوازەو ڕێك ترە لەگەڵ جێو شوێنەکەدا لەوەی کە ناوی ببات، بێجگە لەوەش ناو نەبردنەکە بەهێزترەو ڕێزی زیاتری تیایە، چونکە وا نیشان ئەدات کە ئەو کەسەی کە ئەو پلەو پلە بەرزانەی هەیە ناسراوەو ناوبردنی ناوێو خەڵکی ئەزانن کە حەزرەتی (محمد)ە(ﷺ)، چەند ڕایەکی تر هەیە لێرەدا کە مەبەست بەم هێندە پلەو پلەبەرزە (ئیبراهیم)ی خەلیلە، یا(ئیدریس)ە، یا ئەو پێنجەن کە پێیان ئەوترێ(اولوا العزم):(نوح، ئیبراهم، عیسا، موسا، محمد) یا هەر مەبەست(ئیبراهیمو محمد)ە ـ سەلامی خوایان لێ بێ.

ئەم ڕایانە هەرچەند ئەگونجێن، بەڵام ڕیوایەتی(ئیبنو جەریر) لە(موجاهید)ەوە ئەیبڕێ بەسەر پێغەمبەرماندا(ﷺ)، هەرچۆنێ دیمەنو ڕوالەتی شوێنەکەش وا نیشان ئەدات، هەروەها زۆربەو جەماوەر کەلەسەر ئەوەنو ئەو ڕایانە هەڵبژاردووە، نزیکەی بیست بڵگەو دەلیل ئەهێنن لەسەری، کەواتە حەق وایە هەربەو جۆرە تەفسیر بکرێتەوە، چونکە پێویستە هەمیشە لەکاتی تەفسیری قورئاندا، بەهێزترین بارو بەهێزترین ڕا هەڵبژێرێت، بابزانرێ کە ئەگەر مەبەست بەم هێندە کەسێکی تربێت غەیری پێغەمبەریان(ﷺ) هیچ ئەوە نابێتە بەڵگەو ڕابەر لەسەر ئەوەی کە ئەو هەندە لە پێغەمبەرمان گەورترو بەرزترە، چونکە بەڕابەرو بەڵگەی بەهێز لەسەر پایە بەرزی پێغەمبەرمان ئوەندە زۆرو ڕوونو ڕەوانە هیچ ماوە نادەن بۆئەوەی گومانی گەورەتری ببرێ بە هیچ کەسێکی تر.

بۆ دیاری کردنی ناشارەزا بەجوانی ئەزانم هەندێ لەو ڕابەرو بەڵگانە باس بکەم:

١- قورئان ئەفەرموێ: ڕەوانە کردن ئەم لەبەر ڕەحمەتو میهرەبانیە بە هەموو خەڵک. ئەم بەهرەو پلەیە تەنها بۆ ئەم بووە، کەواتە ئەبێ گەورەتر بێ لە هەمووان.

٢- ئەم ڕەوانە کراوە بۆ سەر هەموو ئادەمیو جنۆکە.

٣- شەریعەتەکەی ئەم بەشایەتی قورئان ڕێک تروڕاست ترین شەریعەتو گەورەترە لە هەموو شەریعەتەکانی تر، کەواتە ئەبێ خۆیشی گەورەتر بێ لە هەمووان.

٤- شەریعەتەکانی تری سڕیوەتەوەو جێگرو جێنشینی هەموویانە، وەک خۆیشی کراوە بە خاتەمو دواترین جێگرو جێنشینی هەموو پێغەمبەرو فروستادەکانی خوا ـ درودیان لێ بێ ـ.

٥- ئوممەتەکەی بەشایەتی قورئان چاکترینی هەمووئوممەتەکانە، چاکی ئەوانیش بە هۆی شوێن کەوتنو پەیڕەوی کردنی ئەمە، کەواتە ئەبێ خۆشی گەورەتر بێت لە هەموو.

٦- موعجیزەو ڕابەری پێغەمبەرێتیەکەی قورئانە کە گەورەترین موعجیزەی خوایەو بە نرخ ترو گەورەترین چاکەو بەهرەی خوایە بەسەر ئادەمیەوە.

٧- بەپێی چەند حەدیسو بڕیاری هەموو زانایان ئەم گەورەی هەموو مرۆڤە لە ڕۆژی دوایی دا، وە خاوەنی ڕادەو پلەی بەرزە لەو ڕۆژەدا تا ڕادەیەک کە هەموو کەس لە پێشووەکانو دواییەکان خۆزگەی پێ ئەخوازن، کەواتە ئەبێ لەم جیهانەشدا گەورەتربێت لە هەموو.

٨- بەپێی چەندحەدیسێکی صحیح هیچ کەس لەپێش ئەمەوەناچێتە بەهەشت، جێگەی لە بەهەشت بەرزترو پیرۆزترە، کەواتە ئەبێ گەورەتر بێت لە هەموو کەس.

بەم ئەندازەیەو بەم شێوە کورتە کۆتاییمان هێنا، چونکە ئەوپەڕی گەورەیی پێغەمبەرمان زۆرتر ئاشکرایەو لێکۆڵینەوەی زۆری ناوێ، هەرکەس لەم بارەیەوە هەرچی ئەڵێ مەبەستی دەرخستنی باری ڕاستیە بۆ نەزانو نەشارەزا، چونکە پێویستە بڕوای موسڵمانان بەم شتە ڕاستە ـ مەبەست ئەمەیە نەک خوا نەخواستە لایەنگیری ـ پلەی گەورەیی ئەم هیچ نەنگو ڕەخنەیەک ناگەیەنێ بە گەورەیی ئەوان.

ئینجا دێته سەرباسی دووەم پێغەمبەری دیاری کراو، ئەفەرموێ: ﴿وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ بەخشیمان بە عیسای کوڕی مەریەم موعجیزەو بەڵگە پوونەکان، وەك چاککردنەوەی کوێرو بەڵەك و زیندوو کردنەوەی مردوو، ئەوانەی تر کە لە قورئاندا باسی فەرموون. لە چەند شوێن لە قورئاندا کەناوی(عیسا) ئەبات کوڕیەتیەکەی بۆ مەریەم ئەهێنێ بە دوایدا، چونکە لەو کاتەدا کە ئەم ئایین و قورئانە هات چەند بڕوای بڕووپووچ داهێنرابوو لەناو مەسیحیەکاندا سەبارەت بەو پێغەمبەرە(ﷺ) بە جۆرێ لە سنووری بەندەیی و پێغەمبەرێتی بەرز کرابوویەوە بۆ سنووری خوایەتی، تا ئێستاش ئەو بڕواپڕوو پووچانە هەر ماون لەناویاندا، جابۆ بەرپەرچ دانەوەو دەم کوت کردنیان هەموو جارێ دڵنیایی ئەکات لەسەر ئادەمێتی و بەندەیی ئەو پێغەمبەرە، هەر چۆنێ بەر پەرچی جوولەکەکان ئەداتەوەو دەم کوتیان ئەکات ـ کە ڕادەو پلەی زۆر نزم ئەکەنەوە دەم درێژی دەربارە ئەکەن ـ بەوەی کە فەرمووی: موعجیزەو بەڵگە پوونەکانمان پی بەخشی، وە بەمەی کە ئەفەرموێ: ﴿وَأَيَّدْنَٰهُ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ﴾(عیسا)مان بەهێزکردو یارمەتیمان دا بە جوبرەئیل کە فریشتەی سروشە، بێگومان خوا یارمەتی و پشتگیری هەموو پێغەمبەرانی کردووە لە جوبرەئیل، بەڵام سەبارەت بە(عیسا) شێوەیەکی تایبەتی هەبووە، هەر لە یەکەم جاری پەیدا بوونیەوە هەتا دوایی و بەرزکردنەوەی بۆ ئاسمان، لە یەکەم جاریەوە بە قوی ئەم کەوتە سکی دایکی، لەپاش لەدایك بوونی هەربە تەگبیرو ڕێنموونی ئەم، دایکی دڵنارام بوو، قسەی سەرکەوت بەسەر ئەوانەدا کە دوو دڵ بوون لە کاری هاتنە دنیای(عیسا)، پاشان هەمیشە لەگەڵ(عیسا)دا بوو، پارێزگاری لێ ئەکرد لە دوژمنەکانی، لە دواییدا خوا کردی بە هۆی ڕزگار کردنی لەدەست ئەو جوولەکانەی کە ویستیان لەناوی بەرن، کەواتە لەبەرئەوە ئەو پشتگیریەی تایبەتی کرد بە(عیسا)وە، ئەو پێغەمبەرانە بەو جۆرە بە موعجیزەو بەڵگەی پوونەوە ئایین و بەرنامە ڕاستەکەی خوایان ڕاگەیاند، دەی ئەبوایە ئوممەتەکانیان لە پاش ڕێگە ڕاستەکەیان بدایەتە بەرو بەبێ دووبەرەکی، کەچی بەو جۆرەیان نەکردو بەو جۆرە نەبوون، بەڵکو جەنگ و کوشتار کەوتە نێوانیانەوە،

وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلَ ٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ وَلَٰكِنِ ٱخْتَلَفُوا۟ فَمِنْهُم مَّنْ ءَامَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ ۚ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلُوا۟

وەك دەربڕەکەوێ کە ئەفەرموێ: ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلَ ٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِم﴾ ئەگەر خوا بیویستایە جەنگ و کوشتاریان نەئەکرد لە یەکتر ئەوانەی کە پەیدا بوون و شوێن ئەو پێغەمبەرانە کەوتن، واتە ئەگەر خوا بیویستایە ئوممەتەکانیان لەپاش ئەوان نەئەکەوتنە جەنگ و کوشتار کە ئەو جەنگ و کوشتارەش ﴿مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ﴾ لەپاش ئەوە بوو کە ئەو موعجیزەو بەڵگە پوونانەیان بۆ هات لەلایەن ئەو پێغەمبەرانەوە لەسەر ڕاستی ئەو ئایین و بەرنامەی کە ئەوان بەجێیان هێشت بۆ دوای خۆیان، کەواتە جەنگ کردن و لادانەکەیان زۆر ناڕەواو ناشایستە بوو، پێچەوانەی ژیری بوو، بەڵام خوا ویستی ئەو جەنگ و کوشتارە ببێ، چونکە ئەو ئوممەتانە لەناو خۆیاندا دووبەرە بوون، بەم ڕەنگە هەندێکیان ڕێی ڕاستیان دایە بەرو هەندێ تر لایان دا لە ئایینە ڕاستەکەی خواو لێی دەرچوون، دیارە ئەو حەلە ئەبێ جەنگ و کوشتن بەرپا ببێ، وەك ئەفەرموێ: ﴿وَلَٰكِنِ ٱخْتَلَفُوا۟﴾ بەڵام ئەو ئوممەتانە لەپاش پێغەمبەرەکانیان دووبەرەیەکیان تێ کەوت، ﴿فَمِنْهُم مَّنْ ءَامَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ ۚ﴾ بەم ڕەنگە هەندێکیان بڕوایان هێناو بەڕاستی پەیڕەوی پێغەمبەرەکانیان کرد، هەندێکیان بڕوایان نەهێناو لایاندا لەو ئایینەی کە ئەو پێغەمبەرانە بە جێیان هێشت بە هۆی ئەوەوە جەنگ و کوشتار بەرپا بوو، واتە خوا ئادەمی بەجۆرێ دروست کردووە کە خاوەنی مەیل و خواهیش و هەڵبژاردنە، بەپێی ئەو سروشتە تایبەتیەی کە خوا پێی دا ئەوانە بوون بە دوو بەرەوە، لەو دووبەرەکیەوە ئەو جەنگ و کوشتارە ڕووی دا، کەواتە ئەو جەنگ و کوشتارە دژو پێچەوانەی مەیل و خواهیشی خوا نەبوو، بەڵکو بە ویست و مەیلی خوا بوو، چونکە بەهیچ ڕەنگ ناگونجێ هیچ شتێ و هیچ ڕووداوێ بەبێ مەیل و خواهیشی ئەو ببێ لەم بوونەوەرەو لە هەردوو جیهاندا.

خوای پەروەردگار ویستی و ئەو ئادەمیەی بەجۆرێ دروست کرد کە دەست بدات بۆ ڕێنموونی و بۆ گومڕایی، بتوانێ کام بار هەڵبژێرێ و کام ڕێ بداتە بەر، کەواتە ئادەمی بە

خۆی‌و خواهیش‌و دەسەلاّت‌و هەموو شتێکیەوە لەناو مەیل‌و خواهیشی خوادایە بەپێی ویست‌و خواهیشی ئەوە، لە هەمان کاتدا هەرشتێکیش بکات بە مەیل‌و ئارەزووی خۆی ئەیکات‌و هیچ ناچارنیە، کەواتە ئەگەر چاکەی کرد ئافەرینی بێت‌و خوا پاداشتی ئەداتەوە، ئەگەر خراپەشی کرد ئەوا خەتای خۆیەتی‌و شایستەی سزاو تۆلّە لێ سەندنە. ئینجا ئەم خوا ئەندامەکانی هەرچۆنێ جیاوازن لە دەنگ‌و ڕەنگ‌و دیمەن‌و ڕووالّەتدا، هەروەها جیاوازن لە ئامادەیی‌و لێهاتنیان، هەرکەسێك بۆ کارو پیشەیەك، واتە هەرچۆنێ هەموو کارو فەرمانەکانی جیهان‌و ژیان جیاوازو جۆربەجۆرن، هەروەها ئەندامەکانی ئادەمیش جیاوازو جۆربەجۆرن تا هەر جۆرێك لە ئادەمی هەلّسێ بە جۆرە کارو فەرمانێکی شایستەو شیاوی خۆی، بەو جۆرە کاروباری جێنشینیەکەی بەسەر بیات، بۆگومان ئەگەر هەمووی بە یەك جۆر بوایە هەر بۆ یەك کارو فەرمان دەستیان ئەداو باقی کارەکانی تر پەکیان ئەکەوت ـ هەموو سوپاسێ بۆ خوای پاك‌و تەنیا.

ئەوانەی دووبەرەکیان کردو بەو جۆرە بوون بە دوو تاقم تا جەنگ بەرپا بوو، ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلُوا۟﴾ لەگەلّ ئەوەش دا ئەگەر خوا بیویستایە ئەوانە نە جەنگیان ئەکردو نە خوێنی یەکتریان ئەڕشت، واتە خوا مەیلی ببوایە هەر لە یەکەم جارەوە بە جۆرێ دروستی ئەکردن کە دەستیان نەدایە بۆ دووبەرەکی‌و هەر لەسەر یەك بار بوونایە وەکو مەلائیکە، بەلّام لەبەرئەو حیکمەتەی کە دەست نیشانمان بۆ کرد، لەبەر هەر هۆیەکی تر کە خوا باش ئەزانێ، وای دروستکردن کە دەست بدەن بۆ دووبەرەکی‌و کە لەوەیشەوە جەنگ‌و کوشتار ڕووبدا، ئینجا لەگەلّ ئەوەشدا ئەگەر خوا مەیلی ببوایە لەو دووبەرەکیەوە جەنگ بەرپا نەئەبوو، چونکە هەموو شت بە دەست خوایەو بە مەیلی ئەو ئەبێ، ئەوەتا خوا ویستی ئاگر بەجۆرێ دروست بکات کەشت بسوتێنێ‌و بە مەیلی ئەو شت ئەسوتێنێ‌و ئەگەر مەیلی نەبێ ناسوتێنێ‌و پەکی ئەخات، هەروەکو لەبەسەرهاتەکەی حەرزەتی(ئیبراهیم)دا دیمان، هەروەها هەر شتێکی تریش، بەڵێ بڕوامان هەیە کە ئەگەر خوا بیویستایە لەو دووبەرەکیەی ئەوان جەنگ‌و خوێن ڕشتن نەئەبوو،

وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يُرِيدُ ﴿٢٥٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا بَيۡعٞ فِيهِ وَلَا خُلَّةٞ وَلَا شَفَٰعَةٞۗ

﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يُرِيدُ﴾ بەڵام خوا هەرچی بوێت ئەیکات، خوا ویستی مرۆڤ بەم جۆرە جیاوازە تایبەتی یە دروست بکات، وە ویستی سەربەرستی بکاتو بتوانێ ڕێگە بۆ خۆی هەڵبژێرێ، ویستی هەرکام ڕێنموونی وەرنەگرێ لە خوا گومڕابێ، ویستی گومڕاو بێبڕوا بە جۆرێ بن کە بتوانن ستەمو دەست درێژی بکەن، ویستی بڕواو بێبڕوایی و بڕوادارو بێبڕوا جەنگ بکەنو بەیەکدا هەڵگژێن، ویستی بڕوادار تێکۆشانو فیداکاری بکات بۆ چەسپاندنی ئایینو فەرمانی خواو بەرگری کردنی بێبڕوایی و شەڕو خراپە لەدەست درێژی کردن، ئەمانەی ویستو بەو جۆرەشی کرد.

لەپاش دووبەرەکی و جەنگو کوشتار لەڕێی خوادا پاشان بە دوای ئەوەدا بانگی بڕواداران ئەکات بۆ تێکۆشان بە بەخت کردنی مالو سامان لەڕێی خوادا، ئەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، ﴿أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰكُم﴾ لەو مالو داراییەی کە پێمان داونو کردوومانە بە بەشتان هەندێکی بەخت بکەنو بیدەن لەڕێی خوادا، ئیتر مەبەست بەوە زەکات بێت وەک لە(حەسەن)ەوە ئەگێڕنەوە، بەڵکە لەسەرئەوە ئەو هەڕەشەیەکە دێت بەدوای دا، یان ئەویشو خێری تریش کە سونەتە وەک(ئیبنو جورەیجو بەڵخی) دەڵێنو ڕای زۆربەشی لەسەرە، یان مەبەست بەخت کردن بێت لە ڕێی جەنگو غەزادا وەک(ئەصەم) ئەفەرموێ، بەهەر حاڵ ئەو بەخت کردنی ماڵە لەم ڕۆژو جیهانەدا هەلو هەڵکەوتێکە بۆ بڕواداران کە خۆیانی پێ ڕزگارو سەربەرزبکەن لە ڕۆژی دواییدا، ئەگەر فریای خۆیان نەکەون کارەکەیان لەدەست دەرئەچێ لەبەرئەوەی ئەفەرموێ: ﴿مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ﴾ لەپێش ئەوەی ڕۆژێک بێت ـ واتە: ڕۆژی دواییـ کە ﴿لَّا بَيۡعٞ فِيهِ﴾ نە فرۆشتنو کڕینی تیا هەیە ﴿وَلَا خُلَّةٞ﴾ وە نە دۆستایەتیو خۆشەویستی ﴿وَلَا شَفَٰعَةٞۗ﴾ نە تکا کردن، واتە ئەمڕۆ فریای خۆتان کەون پێش ئەوەی بکەونە ڕۆژی دواییی کە ئەوەی ئەمڕۆ لە دەستتان چووە

تازه لەوێ به هیچ ڕەنگ بەسەر ناگیرێتەوە بۆتان، چونکە لەوێ بازرگانی و کڕین و فرۆشتن نیە تا بەوە دەست کەوتتان ببێ و خۆتانی پێ ڕزگار بکەن لەئاگر، دۆستایەتی و خۆشەویستی نیە تا بەهۆی ئەوەوە کۆمەکی بکرێن لەلایەن ئەو دۆستانەوە بەهەڵگرتنی تاوانتان یا بەخشینی چاکە پێتان، تکا کردن نیە تا بەهۆی ئەوەوە ناهەقتان بۆ بکرێ بەهەق یا هەقتان بۆ بکرێ بە ناهەق، وەک لەم جیهانەدا ئەوە ئەکرێ.

شتێکی ئاشکرایە کەلەو جیهان بازرگانی و کڕین و فرۆشتن نیە، کەواتە نەبوونی ئەوە هیچ جێی قسەو باس نیەو لێکۆڵینەوەی ناوێ، بەڵام نەبوونی خۆشەویستی و دۆستایەتی و تکا کردن کە بە پوالەت لێرەدا نەبوونی هێناون بەدوای نەبوونی بازرگانی داو وەک یەک هەوالی داوە بە نەیوونیان، نەبوونی ئەم دوانە جێی قسەو لێکۆڵینەوەیە، چونکە بەڵگەی زۆر بەهێز هەیە لەسەر بوونیان لە قورئانو حەدیسدا، کەواتە ئەبێ ئەو دژایەتیە پوالەتیە نەهێڵین لە دەروون دا بەم جۆرەی خوارەوە:

١- نەبوونەکەیان تایبەتیە بە بێبڕوایانەوە، وەک قورئان بەدەمی خۆیانەوە ئەیگێڕێتەوە لە ڕۆژی دواییدا ئەڵێن: ﴿فَمَا لَنَا مِن شَٰفِعِينَ * وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ﴾ تکاکارودۆستێکی دڵگەرممان نیە.

٢- نەبوونەکەیان لە هەندێ کات دایە، بەم ڕەنگە لە یەکەم جارەوە زۆر سەختو بەتینەو هیچ کەس ناپەرژێتە سەرکەس تا لە پاشا هۆشێک ئەکەنەوە، هەروەها لە پێشەوە هیچ کەس ناوێرێ و ناتوانێ تکا بکات تا لە پاشا خوا ئیزنی پێغەمبەرمان(ﷺ) ئەدات تکا ئەکاتو پاش ئەو قاپی تکا ئەکرێتەوە، بەڵام هەر تکایەکیش بکرێ هەر بۆ بڕوادار ئەکرێ و بێبڕوا ناتوانێ و بەش بڕاوە لە هەموو خێرو خۆشیەک ـ خوا بە بەزەیی خۆی پەنامان بدات ـ آمین ـ لە چەند شوێنێکی تردا لەم مەسەلە دواین.

٣- مەبەست بە نەبوونی دۆستایەتی نەبوونی سوودو بەرهەمیەتی، واتە دۆستایەتیەک نیە کە سوودی ببێ، وە مەبەست لە نەبوونی تکا، نەبوونیەتی بەبێ ئیزن.

بەکورتی بەڵگە لەسەر بوونیان زۆرو بەهێزەو بە ڕوونی بوونیان وەرئەگیرێ لە قورئانو حەدیسەوە، کەواتە ئەبێ بەیەکێ لەم بارانە ئەو ئایەتو حەدیسانە ڕێکو پێکو دەستە مل بکرێن لەگەڵ ئەم ئایەتی ئێرەووێنەی ئەمدا،چونکەنابێ لەواقیع دا دژایەتی ببێ لەم بەینەدا،

وَٱلْكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٥٤﴾

ئینجالەکۆتایی ئایەتەکەدائەفەرموێ:﴿وَٱلْكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ هەر بێبڕواکان ستەمکارن. زانایانی تەفسیر چەند ڕایەکیان هەیە سەبارەت بە مەبەستی ئەم ڕستەیەو هێنانی:

١- مەبەست بە ﴿وَٱلْكَٰفِرُونَ﴾ بێبڕواییە بە خواو ئایینەکەی، لە ڕاستی دا ستەمکاری گەورەو ڕاستەقینە هەر ئەو بێبڕوایانەن، چونکە ستەم ئەکەن لە هەق‌و ڕاستی‌و دانی پیا نانێن، ستەم ئەکەن لە خۆیان بەم ڕەنگە ئەیخەنە ناو ئاگر، وەستەم ئەکەن لە خەڵکیش بەم ڕەنگە ئەبن بەهۆی گومڕایی‌و لادانیان لەڕێی ڕاست‌و سەریان لێ تێك ئەدەن‌و بێبەشیان ئەکەن لەخێری خواو هەرشتێ کە مایەی ڕەزامەندی خوایە، دژی بەرنامەی خوان‌و بەرگری بەرنامەی بڕوا ئەکەن لەوەی ئەو بەرنامەیە لە ژیاندا دامەزرێ، وە بەرگری لەشەریعەتی خوا ئەکەن جێگیر ببێ لەناو گەل دا، ئینجا مەبەست لەهێنانی ئەم ڕستەیە لێرەدا هاندانی بڕوادارانە لەسەر بەخت کردنی ئەو مال‌و سامانەی کە پێویستە بۆڕاگیر کردنی ئایینی خواو بەربەست کردن‌و لەناوبردنی هێزی بێبڕوایی‌و سەر شۆڕ کردنی بێبڕوایان کەلە هەموو دوژمنێ دوژمن ترن بۆ مرۆڤ‌و مرۆڤایەتی، وەلەهەمووستەمکارێ ستەمکارترن بۆیان، کەواتە لەسەر ئەم ڕایە مەبەست بەو بەخت کردنەی کەلە ئایەتەکەدا فەرمانی پێدا، بەخت کردنە لە ڕێی غەزادا.

٢- مەبەست ئەو بێبڕوایانەیە کە لەم ڕای یەکەمەدا باس کران، بەڵام هێنانی لەبەر دەست نیشانە بەوەی کە ئەو نەبوونی دۆستایەتی‌و تکایە هەر بۆ بێبڕوایانە، چونکە هەر ئەوانە ستەمکاری گەورەو ڕاستەقینەن، کەواتە مافی خۆیانە نە دۆست‌و نە تکا کاریان ببێ لەو ڕۆژە سەخت‌و سامناکەدا.

٣- هەر وەك ڕای یەکەم‌و دووەم مەبەست ئەو بێبڕوایانەیە، بەڵام هێنانی بۆ دەست نیشانە بەهۆی ڕزگار نەبوونیان لەسزا کەلە ئایەتەکەوە وەرئەگیرێ، واتە خوا بەوە

ستەمیان لێ ناکات، بەڵکو هەر ئەوان ستەمکارن کە بە ئارەزووی خۆیان پێی بێبڕواییان هەڵبژاردو دایانە بەر وەکو ئەفەرموێ: ﴿وَوَجَدُواْ مَا عَمِلُواْ حَاضِرًا وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا﴾ بێبڕواکان هەر کردەوەیەکیان کردبێ لە پۆژی دواییدا بەحازرو ئامادەیی دستیان ئەکەوێ، خوای تۆ ستەم ناکات لە هیچ کەس، کەواتە ئەوبێبڕوایانە هەر سزاو ئازارێك ئەدرێن مافی خۆیانە.

٤- هەر وەك پاکانی تر مەبەست بێبڕواکانە، بەڵام هێنانی بۆ دەست نیشانە بە هۆی بێبەشیان لەتکای تکا کاران، واتە تکا کردنیان بۆ نیە، بێبەش کردنیان لەوە پاست و پەوایە، چونکە ئەوان ستەمکار بوون لە جیهاندا کە بتەکانیان بە تکا کار دائەنا.

٥- مەبەست هەر بێبڕوایانە، بەڵام مەبەست لە ستەمکاران ئەوانەن کە هیچ نادەن لە پێی خوادا، واتە هەر بێبڕوایان هیچ نادەن لە پێی خوادا، کەواتە ئەی بڕوادارەکان ئێوە شت بدەن و هەندێ لەدارایی و مانتان بدەن لە پێی خوادا با وەك ئەوان نەبن.

٦- مەبەست زەکات نەدەرانە، واتە هەر زەکات نەدەرەکان ستەمکاری پاستەقینەن، ستەم لە خۆیان ئەکەن کە خۆیان دووچاری خەشم و ناپەزایی خوا ئەکەن، ستەم ئەکەن لەمانو داراییەکەیان کەلە جێی خۆی دا خەرجی ناکەن و بەکاری ناهێنن، ستەم ئەکەن لەوانەی کە زەکاتەکەیان پێ ئەدرێ و تێیان دا بەخت ئەکرێ، ستەم ئەکەن لە خۆشویستنی ئەو مانو ساماندا کە باوی ئەدەن بەسەر فەرمانی خواو پەزامەندی خوادا، جا لەبەرئەوە تاوان و ستەمەکەیان ئەوەندە بە تینە بەبێبڕوا ناوی بردن، وەك لەباسی حەجدا حەج نەکەری بە بێبڕوا ناو برد، لەسەر ئەم پایە واتە بڕوادارەکان زەکات بدەن، چونکە هەر زەکات نەدەرەکان ستەمکاری پاستەقینەن و گەیشتوونەتە ئەوپەڕی لەستەم دا.

ئینجا بەبۆنەی باسی دووبەرەکی ئوممەتەکانو پێغەمبەرەکانەوەو دووچار بوونی زۆربەیان بەبێبڕوایی و سەر لێ شێواون، بەو بۆنەوە ئایەتێ ئەمێنێ کە پێك هاتووە لە دە ڕستە هەر ڕستەیەك بنەڕەتو پایەیەکە لە بنەڕەتو پایەکانی بڕواو عەقیدە لە ئایینی خوادا. هەرکام یاساو دەستورێکی گەورەو گرنگ نیشان ئەدات لە یاساو دەستوورەکانی ئیسلام، جا لەبەرئەوە چەند حەدیس هاتووە لە شانی ئەم ئایەتەدا، یەکێ لەو حەدیسانە ئەمەیە کە(ئیمامی ئەحمەدو موسلیم)و چەند کەسێکی تر هێناویانە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) کە فەرموویەتی: گەورەترین ئایەت لە قورئان دا(أية الكرسي)یە. ئەم ئایەتە بەفەڕە هەرکەس بە باشی وەریگرێو بڕوای پێبهێنێ هەرگیز دووچاری هەڵەکردن نابێ لەبارەی بڕوا بە خواو بە تاکو تەنیایی خوا، کەواتە بە یارمەتی خوا با باش گوێی بۆ شل کەینو دڵمانی بوو بکەینەوە، بەڵکو هەندێ لە پیەتو فەڕو ڕووناکیەکەی بڕژێ بەسەر دڵو دەروونو هەستماندا، ئەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ خوایە کە ناوی ﴿ٱللَّهُ﴾ یە هیچ پەرستاوێکی تر نیە بەڕاستیو هیچ شتێك شیاوو شایانی پەرستن نیە بێجگە لەو.

بەم یەکەم ڕستەیە کە تاکو تەنیایی خوا ئەگەیەنێ، ئەدا لە هەرچی بیرو باوەڕی پڕو پووچو هەر لادانێك کە هات بەسەر عەقیدەو بڕوای ئادەمی دا لە کۆنو لە تازەوە، هەرکەس ئەم ڕستەیە لەدڵی دا جێگیربێو مەبەست پێی وەرگری ئەو کەسە ئەکەوێتە سەر ڕێو ڕەوڕەوەی ڕاستو ڕاستی.

بڕوا بە تاکو تەنیایی خوا بنەڕەتێکە کە هەموو بۆ چوونێکی ئیسلامی لەسەر ڕاگیر کراوە، بەو بڕوایەوە هەڵئەقوڵێ بەرنامەیەکی تێرو تەواوی ئیسلامی بۆ ژیان، چونکە ئەو بڕوایە لە هەر دڵێکدا دامەزرا ئەو دڵە تەنها ڕوو ئەکاتە خوا بە بەندەیی و پەرستن، ئەو حەلە هەر بەندەی خوا ئەبێتو هەر خوا ئەپەرستێ، مل کەچی و گوێڕایەڵی تەنها بۆ خوا ئەکات، حاکمێتی و کاربەدەستی هەر بۆ خوا ڕەوا ئەدا، تەنها شەریعەتی خوا ئەکات بە تەرازوو هەر بەو بەراورد ئەکاتو هەموو شتێ هەڵئەسەنگێنێ.

بڕوا بە تەنیایی خوا بەو جۆرە گرنگە لای خواو بنەڕەتە بۆ هەموو چاکەو پیتو فەڕێك، جا لەبەرئەوە ئەبینین قورئان ئەوەندە بە گرنگ گرتوویەتی، ئەوەتا لە چەرخی مەککەدا بە شێوەی گشتی هەر خەریکی داڕشتنی ئەم بڕوایە بوو، بەوە وازی نەهێنا بەڵکو لە چەرخی مەدینەشدا هەرچۆن بۆی هەڵکەوێ دێتەوە سەر ئەم بڕواو باسە بەبۆنەی شتێکەوە، ڕستەی دووەم: ﴿ٱلْحَيُّ ٱلْقَيُّومُ﴾ ئەو خوایە زیندووە بەبێ سەرەتاو دوایی هاتن، واتە نەبوونی نەبووەو نەمانیشی بۆ نیە، کەواتە زیندوویەکەی لە غەیری خۆی دەست کەوتی نەبووە، لەڕاستی دا هەر خوا زیندووە، مەبەست لە زیندوویی خوا سیفەتێکی تایبەتی بێ وێنەیە بۆ خوا کە ڕووتە لە هەموو نیشانەو دروشمێکی زیندووی تر، چونکە خوا خۆی شتەکەی بڕیوەتەوە کە ئەفەرموێ: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ﴾ هیچ شتێ نموونەو وێنەی خوا نیە، نەلەزاتو نەلە سیفاتو نەلە کردارو کردەوەی دا وێنەی نیە، کەواتە نابێ هیچ کەس شتێکی تر بڵێ دەربارەی ئەم سیفەتەو هەرکام لە سیفەتەکانی تری، بەشێ ئەمەش ئەڵێن کە ئەم سیفەتە سەرچاوەیە بۆ زانینو دەسەڵاتو سیفەتەکانی تری، ئیتر زیاد لەمەی کە گوتمان لەسنوورو چوارچێوەی زانینو ژیریی ئێمەدا نیە، هەرکەسێك ژیر بێت هەرگیز سەرناکاتەوە لەمەی کە گوتمان، چونکە ئێمە زانینو ژیریمان کولو کۆڵە لە ناسینی حەقیقەتی ڕۆحو ئەو هەموو هێزو وزەی کە هەمانەو بەس ئەزانین هەنو هیچی تر، دەی چۆن ئەبێ بە تەما بین تێبگەین لە خواو ئەو شتانەی کە سیفەتی خوان؟! ﴿ٱلْقَيُّومُ﴾ هەمیشە ڕاگرو تەگبیر کەری هەموو دروست کراوەکانیەتی بە گیاندارو بێگیانیانەوە، لە هەموو بارو ڕوویەکیانەوە، وە خۆی بەخۆی ڕاگیرە، هەرکەسێك ئەم بڕوایە لەدڵی دا جێگیر ببێ ئەو کەسە لە ڕووی نایەو شەرم ئەکات لەوەی بێجگە لە بەرنامەی خوا هیچ بەنارمەیەکی تر بگرێتە گەردن، ئەو خوایەی کە ئیسلام بانگمان ئەکات بۆلای و ئەیناسێنێ پێمان خوایەکی ئاوایە، نەك ئەوەیە کە گەورەترین فەیلەسوف نیشانمان ئەدات ــ واتە ئەرستۆ ــ کە ئەڵێ: خوا ئەم بوونەوەرەی دروست کرد، بەڵام خوا بەرزو بڵندە لەوەی بیربکاتەوە لەدروست کراوەکانی، بەڵکو هەمیشە خەریکی خۆیەتی و بیر لە خۆی ئەکاتەوە.

لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ۚ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۚ

پستەی سێیەم: ﴿لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ﴾ ئەو خوایە نە وەنەوز ئەیگرێ و نە خەو، بەم پستەیە دڵنیایی ئەکات لەسەر سیفەتی پێشوو، چونکە هەرگیز وەنەوزو خەو ناگونجێن لەگەڵ ئەو پاگیرکردن و تەگبیرە هەمیشەییەی خوادا کە هەیەتی بۆ دروست کراوەکانی، ئەگەر چرکەیەک خەو بیگرێ ئەم بوونەوەرە تێک ئەچێت، پێش خستنی وەنەوز لە خەو بەپێی باری سروشتی خۆیانە کە وەنەوز لە پێشەوە پەیدا ئەبێ، ئینجا ئەبێ بە خەو، یان لەبەر ڕێک بوونی پیتی دوایی ئەم پستەیە لەگەڵ پیتی دوایی پستەی پێشوو ـ واتە لەبەر سەجع ـ کە ئەم ڕێکیە بە پێی زانستی ڕەوانبێژی مەبەستێکی گرنگە، یان مەبەست لە گرتنی وەنەوزو خەو زاڵبوون و داگیر کردنیانە بە ناچاری، بێگومان خەو بەهێز ترو زاڵترە، کەواتە ئەو حەلە وا ڕێک ترە لە وەنەوزەوە کە سوک و بێهێزە بەرز ببێتەوە بۆ خەو کە قورس و بەهێزە، لە پاش ئەم دڵنیا کردنە باشتر ئەتوانین بیربکەینەوە لەو چاودێری و پاگرتن و تەگبیرە هەمیشەییەی خوا بۆ ئەم بوونەوەرە پان و فراوانە، هەر لەسێڵ و خانەکانیەوە تا گەورەترین بەش و پارچەی!! وەرمنەی بەندەی خوا بە پێی توانات خەیاڵ بهاوێژە و بیربکەرەوە لەم بوونەوەرە گەورەیە بە هەموو بەش و پارچەکانیەوە، بە هەموو ئە تۆم سێڵەکانیەوە، بە هەموو ڕووداوو بەسەرهاتەکانیەوە کە خوای گەورە هەمیشە چاودێرو پاگرو تەگبیرکەریەتی، بیربکەرەوە و بە هەموو سۆزو پەرۆشیەوە سوژدە بەرە بۆ خوای ﴿ٱلْقَيُّومُ﴾. سوژدە بەرە بە لەش و ڕۆح و دڵ و ژیریی و بە هەست و هەموو هێزو وزەکانتەوە.

پستەی چوارەم: ﴿لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ هەر بۆ خوایەو هینی ئەوە هەرچی وا لە ئاسمانەکان و زەوی دا لە گیاندارو بێگیان، بەڵێ خوای تەنیا کە هەر ئەو زیندووی پاستەقینەیەو هەر ئەو پاگیرو تەگبیرکارە، ئەبێ هەر ئەو خاوەنی هەموو شتێک بێ بەبێ هاوبەش و بەبێ قەیدو شەرت، بڕوا بەم پستەیەو جێگیر بوونی لەدڵدا زۆر گرنگ و بەکارە بۆ دوور خستنەوەی هەر هاوبەشی و بەشداریەک کە ڕووئەکاتە دەروون بەهۆی ئەم خاوەنی و مۆڵکایەتیەی کە دراوە بە بەندە، هەرکات بڕوا بەم پستەیە لە دەروونی بەندەدا دامەزرا، ئەو حەلە تێئەگات و ئەزانێ کە ئەم مۆڵکایەتی و خاوەنێتی خۆیە شتێکی ڕواڵەتیەو لە ڕووی ڕاستیدا هینی خۆی نیەو نابێ بە چاوی مۆڵکایەتی خۆی سەیری بکات، بەڵکو هینی

خوایەو بەسپاردە داویەتی بە دەستی ئەمو کردوویەتی بە جێنشین تێیدا، ئەم سپاردەو جێنشینە بەشێکە لە سپاردەو جێنشینیەکەی یەکەم جار کە درا بە باوکی هەمووان ـ ئادەم ـ هەرکاتێ ئەو هۆش‌و هەستەی بۆ پەیدا بوو بیرئەکاتەوە کە خوا هەر لە یەکەم جارەوە مەرجی دانا لەسەر ئادەمو ڕۆڵەکانی لەو سپاردەو جێنشینیەدا، مەرجەکەش ئەوەبوو کەلە سەرەتای ئەم سورەتەوە دەست نیشانی بۆ کرد کە ئەبێ بەپێی ئایین‌و ڕێنموونی‌و بەرنامەی خوا بجوڵێنەوەو ڕەفتاربکەن، کەواتە هەر کردەوەو جەو جوڵو دەست کارێک بکات لەم سپاردەیەدا بەپێی مەرجی خاوەنەکەی نەبێ هەمووی ناڕەواو بەتاڵە، ئەبێ لەلایەن بڕوادارانەوە بەرگری بکرێ لەو کردەوەو دەست کاریانە کە دژو پێچەوانەی فەرمان‌و ئایینی خوان... پێویستە بڕواداران بەو جۆرە تێبگەن لە یاساکانی ئیسلام‌و لە ئایەتەکانی قورئان، بەو جۆرە وەریان گرن‌و بچن بە پێشوازیانەوە، بەو جۆرە بەکاریان بێنن‌و ڕەفتاریان پێبکەن لە ژیاندا، ئەو حەلە تەنیا ڕستەیەکی وەک ئەم ڕستە کورتە ئەبێ بە یاسایەک لە یاساکانی دەستووری ژیان‌و بڕوادار بەپێی ئەوە ڕەفتار ئەکات، ئەوکاتە بەرو بەرهەمی قورئان وەرئەگرێ‌و بەشدار ئەبێ تێیدا.

هەربڕوادارێک ئەم ڕستەیەلەدڵیداجێگیربوو، بەم ڕەنگەهەمیشەهەستی کردبەوەکە خۆی و هەرچی والەژێردەستیداو هەرچی پەیوەندی بەمەوە هەیە هەمووی هی خوایەو ئەم خاوەنی خۆشی نیە چ جای شەکانی تر، هەمیشە لەسەر هۆش بێت کە خۆی‌و ئەمانەی لەپێش ماوەیەکی دیاری کراو ئەبێ بگەڕێنەوە بۆلای خاوەنی ڕاستەقینەی خۆیان، هەر بڕوادارێک ئەم هەست‌و هۆشەی وەرگرت لەم ڕستەیە، تەنیا ئەمەی بەسەر بۆ ئەوەی ڕادەی چڕووکی‌و چاوبرسێتی‌و حیرس‌و تەماعی کەم بێتەوە، ئەیگێڕێتەوە لە هەڵپەو شەڕە گرنگ، ئارامی‌و ڕەزامەندی ئەخاتە دڵیەوە بە هەر ئەندازەیەک کە خوا پێی داوە، دەست‌و دڵ گوشادی ئەکات لەحاستی هەژاران‌و پەک کەوتوان، وە داخ‌و مەراق ناخوات لەسەر ئەوەی کەلە دەستی دەرئەچێ‌و نامێنێ، لەکاتی بوون‌و دەست ڕۆشتندا زۆر مل کەچ‌و چاولەبەر تڕە بۆ خوا.

ڕستەی پێنجەم: ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ﴾ ئایا کێیە ئەو کەسەی کە بێ تکا بکات خوا مەگەر بە ئیزن‌و فەرمانی خوا، واتە گەورەیی‌و سامناکی خوا لە ڕادەبەدایە لە ڕۆژی دوایی دا هیچ کەس ناتوانێ دەم بکاتەوە بە تکا کردن بۆ هیچ کەس، بە هیچ ڕەنگ شتی وانابێ‌و ناگونجێ، مەگەر خوا خۆی ئیزن بدات.

یەکەم کەسێك کە ئیزن ئەدرێت پێغەمبەرمانە(ﷺ) وەك لە چەند حەدیسی صحیح و بەهێزدا هاتووە، ئەو بەهرەو پایەو پلە بەرزەی کە ئاواتی بۆ ئەخوازرێو سوپاس ئەکرێ لە لایەن هەمووانەوە، ئەو بەهرەی تکا کردنەیە کە خوا پێی ئەبەخشێو لێی وەرئەگرێ، بە هۆی ئەو تکایە وە قاپی تکا ئەکرێتەوە لە هەرکەسێکە تریش کە شیاوو شایستە بێتو خوا ئیزن بدات، خوا بە میهرەبانی خۆی بێ بەشمان نەکاتو بمانخاتە بەر تکای پێغەمبەر(ﷺ). بەڕاستی ئەم سیفەتەی کە ئەم ڕستەیە نیشانی ئەدات زۆر گرنگو پڕ سوودە، چونکە بەجوانی پلەی خوایەتی پوونو جیاکەرەوەو ڕێگە نادات کە بە هیچ کلۆجێ ڕادەی بەندایەتی بەرزبکرێتەوە بۆ سنووری خوایەتی، بەڵکو لە سنووری خۆی دا ڕاگیری ئەکاتو ئەیوەستێنێ، ئەوەتا هەموو کەس بگشتیو بەتێکڕایی ئەوەستێنێ لەبەردەم بارەگای خوادا بە مل کەچیو ترسو لەرزەوە، بەجۆرێ هیچ کەس ناتوانێ دەم بدرێتەوە بە تکا کردنیش بە ئیزنو فەرمانی خوا نەبێ، ناتوانێ تکا بکات چ جای ئەوە دەست بخاتە هیچ کارێکی خوا یا هیچ شتێکی بەدەست بێت، کەواتە ئەم ڕستەیە هەر چۆنێ ئەدات لە بیرو باوەڕی پڕپووچ بت پەرستەکانو نامەدارەکان کەلە ئایینی خوا لایان داو لافی کوڕێتیو خزمایەتیان دا بۆ هەندێ لە پێغەمبەرانو بەندەکانی خوا، هەرواش ئەدات لە هەر زیادە ڕەوی‌و لادانێك کە کەوتە ناو موسڵمانانەوە بە تایبەتی بەناوی تەریقەوە کە تەریقە لە بنەڕەتدا شتێکی ڕەواو پێویستە بۆ هەموو موسڵمانێكو هاتووە بۆ ئەوەی پارێزگاری بڕوا بە تاكو تەنیایی خوا بکاتو خەڵکی فێری خواناسی بکاتو پەروەردەی بکات لەسەر گوێڕایەڵی پەیڕەوی ڕەوڕەوەی قورئانو ڕەوشتی پاکی پێغەمبەر(ﷺ) کەواتە خواناسو پیاوە هەڵکەوتووەکانی تەریقەت کارو ئیشیان هەر ئەوەیە کە موسڵمانان فێری خواناسی بکەنو پەروەردەیان بکەن لەسەر بەرنامەی قورئانو پەیڕەوی پێغەمبەریان فێربکەن، ئیتر بێجگە لەوە هیچی تریان بەدەست نیە، بەڵێ لەجیهاندا هاوڕێیەتیان پیتو فەڕی تیایەو تکاو نزایان بە ئیزنی خوا سوود بەخشە، لە ڕۆژی دوایشدا تکایان پاش ئیزنی خوایە، ئیتر زیاد لەمە هەرچی وتراوەو بگوترێ زیادە ڕەویەو لە ئیسلامەوە نەهاتووەو لە ئیسلامەوە وەرنەگیراوە، هەر ئەمەی کە گوتمان لەگەڵ قورئانو حەدیسو فەرموودەی زاناو خواناسو پیاوە هەڵکەوتووەکانی ئەم ئوممەتەدا ئەگونجێ.

يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ ۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾

پستەی شەشەم: ﴿يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ﴾ ئەوا خوایە ئەزانێ و ئاگایە بە هەموو کاروباری جیهانی هەرچی والەئاسمانەکان وزەویدا، وە بە هەموو کاروباری پڕۆژی دواییان.

مەبەست لەم پستەیە نیشاندانی گشتێتی زانینی خوایە بۆ هەموو شتێ، چ پابردووو چ ئێستا و چ داهاتوو، چ ئاشکراو چ هەست پێنەکراوو هەست پێنەکراو، چ ئەوەی بەندەکانی ئەیزانن، چ ئەوەی نایزانن، بەندەئەبێ ئاوا خوای خۆی بناسێ، وە ئەبێ بڕوای ببێ بەو زانینە گشتیەو هەمیشەییەی خوای خۆی، بێگومان ئەو ناسینو زانینە شەرمو سامو دڵە لەرزەیەک ئەخاتە دەروونی بڕوادارەوە، هۆش وریاییەکی تیا دروست ئەکات کە بەرگری بکات لەوەی سەر بکاتە تاوانو خراپەکاری، ئەو ناسینو بڕوایە بەو جۆرە پێویستو گرنگو بەکارە بێجگە لەوەی کە پێویستە خوا بناسرێو بڕوا ببێ پێی بە جۆرو شێوەیەکی ڕاستو ڕەوا کە خۆی داینواوە بێجگە لەو بارو شێوەیە نەناسینەو نەبڕوا.

خوای پەروەردگار بەو جۆرە زانا و ئاگایە بە هەموو شتە دروستکراوەکانی بەڵام زانینو ئاگاداری ئەمان بەم جۆرەیە کە لەم پستەی حەوتەم دا ئەفەرموێ: ﴿وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ﴾ ئەمان زانا و ئاگا نین بە هیچ شتێ لەزانراوی ئەو مەگەر بە شتێ کە ئەو ویستبێتی و مەیلی بووبێ.

بەڕاستی ئەم پستەیەش زۆر جێگەی بیرکردنەوەیە، بەتایبەتی لەم چەرخانەی دواییدا کە خوای گەورە گەلێ زانینی نایابی سەرسوڕهێنەری دەرخستو بەندەکانی پێ ئاگادار کرد، بەهۆی ئەو زانینانەوە گەلێ کەس خۆی لێ گۆڕا، پێویستە بیرکردنەوە لەم پستەیە تا ئەوەی کە ژیرو بڕوادارە باشتر بڕوای بەهێز ببێو زیاتر چاو لەبەری خوا ببێ کە بەهرەمەندی کردووە بە هەر زانینێ کە هەیەتی، ئەوەش کە نەفامو لە خۆ گۆڕاوە بگەڕێتەوەو سەری بەندەیی شۆڕبکات، بایر بکاتەوە تا بێتەوە هۆش کە هەرچی ئەزانێ خوا

فێری کردووە، هەر هیچ نەبێ بیربکاتەوە کە ئەم لە پێشەوە هیچی نەزانیوەو خوا زانێو پێی زانینی نیشان داوە، بیرکردنەوە لەم پرستەیەو لە پرستەی پێشوو پادەی بەندە دیاری ئەکاتو پلەی بەرزو بڵندی بێسنووری خوا نیشان ئەداتو باشی تێئەگات، لەوەی کە هەموو دروست کراوەکانی خوا بەشێکی کەم لە زانینیان پێدراوە، هەڵئەگرێ مەبەست بەم زانراوی خوایە لێرەدا زانراوە تایبەتیەکانێتی کە شاراوەو غەیبەکانە کە تایبەتێن بە خواوەو کەمێك لەوانە بە سروش ئەنێرێ بۆ پێغەمبەرەکانی ـ سەلامی خوایان لێ بێ ـ، وەك لە کۆتایی سورەتی ﴿الجن﴾دا دەست نیشانی بۆ ئەکات.

پرستەی هەشتەم: ئەوپەڕی دەسەڵاتو گەورەیی نیشان ئەداتو دڵنیایی ئەکات لەسەر زانینی زۆرو فراوانی، ئەفەرموێ: ﴿وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ تەختو کورسی خوا فراوانی هەیە بۆ ئاسمانەکانو زەوی‌و هەمووی ئەگرێتەوەو دەوری داون. زانایان لێرەدا ئەبن بەدوو تاقم:

١- مەبەست لە کورسی دروست کراوێکی گەورەی خوایە کە دەوری هەموو ئاسمانەکانو زەوی داوە، ئیتر ئەو دروست کراوە جیاواز بێت لە عەرش وەك زۆربەی ئەم تاقمە ئەفەرموونو چەند ڕیوایەتێکی لەسەر ئەهێننەوە، یان هەر مەبەست عەرش بێت وەك هەندێکیانی لەسەرە لەگەڵ ڕیوایەتێکدا.

٢- مەبەست چیرۆکەو ڕواڵەتەکە مەبەست نیە، ئەم تاقمەش سێ‌جۆرو شێوەیان باس کردووە:

ا- چیرۆکە بۆ دەسەڵاتو توانینو پاشایەتی.

ب- چیرۆکە بۆ فراوانی زانینو ئاگاداری.

ت- چیرۆکە بۆ گەورەیی.

ئەم سێ ڕایە هەر چەند ئەگونجێن، بەڵام ئایا بۆچی بەبێ هۆیەکی بەهێزو پاڵدەرێك لە دیمەنو ڕواڵەتەکە لابدەین لەگەڵ ئەوەدا ڕیوایەتیش ببێ لە چەند ڕێگەیەکەوە؟ ئایا کە خوا دروستکراوی وەك زەوی‌و ئاسمانەکانی هەیە چ بەرگری کەرێك هەیە بۆ ئەوەی دروست کراوی تریشی ببێ بەناوی کورسی‌و هەرشەوە کە فراوانیان ببێ بۆ هەموو زەوی‌و

ئاسمانەکان؟ ئەگەر بەرگری کەر ئەوەبێت کە وشەی کورسی و عەرش وێنە و لەش و قەبارە نیشان ئەدەن بۆ خواو ئەیخەنە خەیاڵی خەڵکیەوە، وە هیچ نیە و گوێی پێ نادرێ وەک ئەو گشت وتە و وشانە کە ناو ئەبرێن بە(متشابە)و هەموویان بە جۆرێک ئەگیرێن کە ڕێک بێت لەگەڵ پاکی و بێ وێنەیی خوادا کە ئەوەش مەزهەب و ڕای یەکەمی ئەم ئوممەتەیە پێش پەیدا بوونی ئەهلی بیدعەتەکان لەناو ئوممەتەدا، ئینجا ئەو مەبەستانەی کە بە شێوەی چیرۆک ئەگەیەنرێن پوالەتەکەو ڕای یەکەمیش ئەیان گەیەنێ، چونکە خوایەک کە دورستکراوی ئاوای ببێ ئەبێ دەسەڵات و توانین و پاشایەتی و زانین و گەرەیی بێ سنووری هەبێ، کەواتە با هەر بە شێوەی ڕای یەکەم تەفسیری بکەینەوە لەگەڵ دوور خستنەوەی هەموو جۆرە نیشانەو دروشمی وێنە بۆ خوای تاک و تەنیا، وە بەکارهێنانی ئەوپەڕی پاکی و خاوێنی بۆی.

ڕستەی نۆیەم: ﴿وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا﴾ ئاگاداری کردن و پارێزگاری ئاسمانەکان و زەوی خوا ماندوو ناکات و ئەرک و زەحمەتی نیە بۆی، چونکە هەرشتێ کە خوا بیکات هەر ئەوەی ئەوێ کە ئیرادەو مەیلی ڕووی تێبکات، ئیتر بەبێ تەفرەو دواکەوتن ئەو شتە ئەبێ.

ڕستەی دەیەم: ﴿وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ﴾ هەر ئەو خوایە پلەو پایە گەورەیە، بڵندە لەوەی کە هیچ وێنەو هاوسەرو دژو ڕێگرێک و هیچ نیشانەو دروشمی کەمو کوڕی و ناتەواویی ببێ، هەر ئەو گەورەیە کە هەرچی شتی تر هەیە لە ئاستی ئەودا بچوکەو بێ نرخەو هیچ نادات، ئەم ئایەتە بەڕێزە مانی خۆیەتی ئەوەندە بەناو بانگەو بە گرنگ گیراوە، لە شانی دا ئەو هەموو حەدیسە هاتووە، چونکە خوا ئەناسێنێ بە بەندەکانی، چەند بیرو باوەڕی سەرەکی و بنەڕەتی ئایینی ئیسلامی لێ وەرئەگیرێ، وە چەند لە سیفەتە گەورەکانی خوای تیایە: خوایەتی، تەنیایی، زیندوویی، ڕاگری بۆ هەموو شتێ، زانین، ئاگاداری، پاشایەتی، دەسەڵات، مەیل، ئیرادە. هەرکەس ئەو ئایەتە لەدڵی دا جێگیر ببێ و نەخشە ببەستێ ئەبێ بەندەی ڕاستەقینە بۆ خوای خۆی و لە ڕووی بنایەو زاتی نابێ سەرپێچی بکات لە فەرمانی خوا، هەمیشە گوێڕایەڵی ئایین و شەریعەتی خوا ئەبێت.

لەپاش ئەوەی بڕوا بە خوای بەو جۆرە نایابە پووڵ کردەوە لەم ئایەتەدا، شێوەی پەیوەندی دروستکراوەکانی خوای بە خوای خۆیانەو ئاشکراکرد... ئینجا پێگەی بڕوادارانی دیاریی ئەکات لە کاتێکدا کە ئەم عەقیدەو ئایینە هەڵئەگرنو پای ئەگەیەنن و بانگی خەڵکی بۆ ئەکەن، ئەیانەوێ هەڵسن بە پێویستی سەرکردایەتی خەڵکو جیهان، ئەفەرموێ: ﴿لَآ إِكْرَاهَ فِي ٱلدِّينِ﴾ بە هیچ ڕەنگ زۆر پێهێنان نیە لە ئایینداا، واتە نابێ هیچ کەس بەزۆر موسڵمان بکرێ، چونکە بڕوا کە بناغەی ئایینە بریتیە لە وەرگرتنی دڵو ڕەزامەندی دڵ بەو ئایینە بەبێ گومانودووددڵی، ئەوەش بەزۆرپەیدانابێ لەدڵدا، بەڵکوپێگەی پەیداکردنی لێکۆڵینەوەو وتووێژو بەڵگە هێنانەوەیە، وەک قورئان لە چەند شوێندا دەست نیشانی بۆ ئەکات.

ئەم ئایینەی کە پێغەمبەرمان(ﷺ) ژیریی و بیرو تێگەیشتنە لەگەڵ ژیریی و دەروونو ویژدانو سروشت ئەدوێ، بیروباوەڕی پووندو ڕەوانو شتی ڕاستو ڕەواو بێگرێ ئەخاتە بەرچاو، هەرکەس تێگەیشتنی ببێ، بەبێ گومانو دوو دڵی وەری ئەگرێ، وە هەرکەس نەفامو نەزانو گێل بێت لێی ئەگەرێو دەینو هەواڵی ئەخاتە ئەستۆی خۆی، جا لەبەرئەوە موعجیزەی پێغەمبەرێتی ئەم پێغەمبەرە(ﷺ) شتێکی مادی نەبوو وەک موعجیزەی پێغەمبەرەکانی تر کە بەبێ بیرکردنەوە خەڵکیان ناچار ئەکرد کە کوێرانە شوێنیان کەونو مل کەچ بکەن، دەی لەجێیەک کە بەرەنگاری هەست نەوەستا بەو جۆرە موعجیزانەو ناچاری نەکرد بە مل کەچ کردن، باشتر بەرەنگاری ناوەستێ بە شیرو تیر، یا بەبرسی کردنو ڕێی ژیان لێ بڕین تا ناچاری بکات بە مل کەچ کردن، وەک باو بووە لە هەموو دەورو چەرخی نەفامیو بت پەرستەکان دا، وە لەچەرخی ئایینە لادراوەکاندا کە دواتری هەموویان مەسیحێتی بوو کەلە پێش هاتنی ئیسلامدا لە چەرخی پادشای قوستەنتین دا هەموو جۆرە زۆرو سزایەکی بەکارهێنا بەو شێوە مەسیحێتی چەسپاند، وەک لە پێش ئەوەوە دەوڵەتی ڕۆمانیەکان ئەو جۆرە سزاو ئازارەیان بەکارئەهێنا دەربارەی ئەو هەژارانەی کەبە دڵنیایی و پێخۆش بوونی خۆیان ئایینی(عیسا)یان گرتبووە گەردن، ئینجا لەپاش ئیسلامیش مێژووی هەموو جیهان شایەتەکە گاورەکان لە ئیسپانیاو ڕۆژئاوای وڵاتی ئیسلام دا چیان کرد بە موسڵمانان، ناچاریان ئەکردن بە وەرگرتنی مەسیحێتیو هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام، بە کوشتن یا دەرکردن لە وڵاتو داگیرکردنی ماڵو سامانیان! بەڕاستی هەر ئەو کردەوە ڕەشو پسەی کە لەپاش خۆیان بە جێماو هەر مایەوەو درێژەی کێشا بۆ ناو هەموو دەوڵەتەکانی جیهان،

تا ئێستاش کە بووە بەباو هەر مێرێو زۆردارێك بیروباوەڕی خۆی ئەچەسپێنێ بە زۆری ئاگرو ئاسنو هەموو هۆیەکی تری سزاو ئازاردان!! بەڵام ئیسلام ئەو ئیسلامەیە کە لەو وڵاتە پانو پۆڕەکەی دا ئەو هەموو گاورو جوولەکەو مەجوسو خاوەن بیروباوەڕەکانی تر هەبوو، کەچی پۆژێ لە پۆژان زۆر نەکرا لە هیچ کەسێکو بە زۆر موسڵمان نەکرا، مێژووی پاستی خۆیان شایەتە لەسەرئەوە، گەلێ لە مێژوونووسو زانای پاستو بە وێژدانیان شایەتی ئەوەن کە ئەو سەربەستیو ئازادیەی کە دەست کەوتیان بووە لە ژێر سێبەری ئیسلام دا هیچ کاتێ نەیان دیوە لە ژێر سێبەری دەوڵەتی خۆشیاندا، هەر مانەوەی ئەو ئاییانە لەوڵاتی ئیسلام دا لەکاتی ئەوپەڕی زۆرو دەسەڵاتی موسڵماناندا گەورەترین شایەتە لەسەرئەوەی کە گوتمان، لە هەموو ست سەیر تر ئەمەیە کە تەنیا بەندەیەکی مەجوسی غەریب لە مەدینەدا ئەژیا بە هەموو سەربەستیەکەوە لە چەرخی خەلیفەی دووەمدا ـ سەلامی خوای لێ بێ ـ کە زەوی لەبەری ئەلەرزی ئەو بەندە پیسە هەڕەشەی کرد لەو خەلیفەیەو بە هەڕەشەکەیشی زانیو هیچیشی لێ نەکردو بە سەربەستی مایەوە تا هەڕەشەکەشی بەدی هێنا، ئەوە بوو لەکاتی نوێژی بەیانی دا بە حەنجەرێکی دوو دەمەوە خۆی کرد بەناو کۆمەڵی نوێژکەرەکاندا چواردە کەسی کوشت تا گەیشتە خەلیفەو شەهیدی کرد، بەڕاستی تەنها ئەم پووداوە بەسەو پووی ئەو دوژمنو نەفامانەو گەوجانە پەش ئەکاتو تۆپەڵێ قوپ ئەخاتە دەمیان کە ئەڵێن: ئیسلام بەزۆری شیرو تیر بڵاو بووەتەوە.

ئیسلام کەس بەزۆر موسڵمان ناکات لە هەمان کاتدا غەزاو جەنگی پێویست کردووە بۆ پاراستنی ئاییەکەی خوا کە سەراسەر خێرو خۆشیە بۆ هەموو کەس، پێویستی کردووە لەبەرئەوەی پێ نەگیرێ لە هەڵگرانیو ئەوانەی کە ئیسلام نیشان ئەدەنو پوونی ئەکەنەوە و خەڵکی بۆ بانگ ئەکەن، پێویستی کردووە بۆ پاگیر کردنو پاراستنی پڕێمی ئیسلام کە تەنها ئیسلام ئازادیو سەربەستی پێك ئەهێنێ بۆ مرۆڤ، لە هەمان کاتدا زۆریش لە کەس ناکات لەسەر بڕوا هێنان، ئایەتەکانی قورئانو فەرموودەو کردەوەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و پەفتارو کرداری جێنشینو کاربەدەستە خواناسەکان هۆی جەنگەکانی ئیسلامو چۆنیەتیەکەیان دەرئەخەنو بە جوانی پوونیان ئەکەنەوە، کەواتە لەمەشدا هەر دەمی دوژمنانو نەفامان ئەبەسترێو پەخنەیەکیان بۆ نادۆزرێتەوە کە بیخەنە پوو، مەگەر لەبەر خۆیانەوەو لای نەشارەزا دەمبازی بکەن، ئەوەش بەم پەنگە کردەوەی هەندێ بەناو موسڵمان بگرن بەدەستەوەو پەخنەی پێبگرن لە ئیسلام!

قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥٦﴾ ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۖ

ئیسلام هات ئەم یاساو بیرو باوەڕە بەرزو گرنگەی داهێنا، بەم واتە پیرۆزە جاڕی سەربەستی و ئازادیی دا لە عەقیدەو باوەڕدا کە ئەوەش یەکەم مافی مرۆڤەو بەبێ ئەوە مرۆڤایەتی نیەو نابێ، ئینجا هۆکەشی باس کردو ئەفەرموێ: ﴿قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّ﴾ واتە زۆر پێهێنان نیەو کەس بە زۆر موسڵمان ناکرێ، چونکە ڕێی ڕاست و ڕێنموونی پوونەو جیا بووەتەوە لە ڕێی چەوت و گومڕایی بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە، بەم ئایەتی پێشووە خوا بە تاک و تەنیایی ناسراو بە هیچ کلۆجێ دەست نادا بۆهیچ شتێ و بۆ هیچ کەسێ کە وێنەو هاوبەشی خوا بێت، کەواتە هەر بڕوا بە خوا کە ڕێگایەکی ڕاستە شایانە بۆ ئەوەی بەندە بیگرێتە گەردن و سوور بێت لەسەری، بێبڕوایی کە ڕێی چەوت و گومڕاییە پێویستە خەڵک خۆی لێ دوور بخاتەوە خۆی بپارێزێ لەوەی کە پێی لەکەدارو چەپەڵ ببێ، وە هەرکەس ژیر بێت دڵنیاو دڵئارام ئەبێت بە خواپەرستی، وە هەرکەسیش گێل و نەفام بێت ئەوا چارەسەر ناکرێ و بە زۆر(بڕوا) لە دڵیدا جێگیر نابێ، ﴿فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ﴾ ئینجا هەرکەس بڕوا ناهێنێ بەهیچ پەرستراوێکی تر غەیری خوا کە هەر پەرستراوێکی تر زۆر ناهەق و ناڕەواو ناڕاستە، ئیتر ئەو پەرستراوە شەیتانە یان بتە یان هەرکەسێکە یان هەر بیرو باوەڕو یاسایەکە کە لە خواوە نەهاتبێ و لە خواوە وەرنەگیرابێ، هەرکەس دان نەنێ بە هیچ کام لەوانەو ڕوویان لێ وەرگێڕێ و دەروونی خۆی پاک بکاتەوە لە بڕوا بەوانە، ﴿وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ﴾ بڕوا بهێنێ بە خوا بەو جۆرو شێوەی کە خوا فەرمانی پێداوەو نەخشەی کێشاوە لە نامەو ئایینی خۆیدا، دڵ و دەروونی بڕازێنێتەوە بەو بڕوا پاک و ڕاستە، ﴿فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ﴾ بێگومان ئەو کەسە دەستی گرتووە بە دەستگیرێکی قاییمی وا کە ﴿لَا ٱنفِصَامَ لَهَا﴾ هەرگیز ناپچڕێ و ئەو کەسەی دەستی پێوە گرتووە وێ و زایە نابێ، بێگومان ئەو بڕوا ڕاستەقینە بە خوا یەکەمین هۆی پەیوەندیە بە خواو ناسینی خواو جێگیر بوونی یادی خوا لە دڵدا کە ئەوەش گەیشتنە بە ئەوپەڕی ئامانج و هۆی بەختەوەری لە هەردوو جیهاندا،

کەواتە ئەو بڕوادارە لە هیچ بارێکەوە مەترسی لێ ناکرێ و هەرگیز زایە نابێ، بەرهەمی ئەو بڕا ڕاستەقینە دەست گرتنە بە قورئان و ڕەوشتی پێغەمبەرەوە کە قورئان و ئەو ڕەوشتە پاکە جێنشین و جێگری هەموو ئایین و شەریعەتەکانی خوان، تاکە هۆی گەیشتن بە ڕەزامەندی خوا ئەو قورئان و ڕەوشتەی کە پێغەمبەر(ﷺ) لە پاش خۆی بەجێی هێشتن بۆ جیهان و جیهانیان، بەڵێنی دا کە هەرگیز ئێمە وێ و گومڕا نابین تا دەست بەو دوانەوە بگرین وەک لە کتێبە سەحیحەکاندا هاتووەو زۆر بەناوبانگیشە.

﴿وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ خوا بیسەری وتەی بڕوادارانەو زانا و ئاگایە بەوەی کە لە دڵیاندا شاراوەیە، کەواتە با بڕواداران گوفتارو نیازیان پاک و خاوێن تر بکەن، وریا بن لەوەی دووچاری ناپاکی و هەر شتێ تر بن کە مایەی خەشم و ناڕەزایی خوایە، ئینجا بە شێوەی چیرۆک بەرهەمی بڕواو بێبڕواییمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە، ئەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ خوا یارمەتی دەرو کاربەدەست و کارسازی ئەوانەیە کە بڕوایان هێناوەو خوا زانیویەتی کە بڕوا ئەهێنن، بەم ڕەنگە ﴿يُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ﴾ دەریان ئەهێنێ لە تاریکیەکان، تاریکایی نەفامی و نەزانی و بێبڕوایی و تاوان و بەدخوویی و بەدکرداریی، تاریکی هەواو ئارەزووی ناڕەوای نەفس و، تاریکی سەرگەردانی و هەموو تاریکیەکانی تر، لەمانە دەریان ئەهێنێ ﴿إِلَى ٱلنُّورِ﴾ بۆ ڕووناکی، ڕووناکی بڕوا بە خواو بە ئایینی خوا کە هەموو تاریکیەکان بە جارێ لائەبات، ئەو ڕووناکییەی کە تاقانەیەو هاوبەشو وێنەی نیە، نەک وەک تاریکی کە هەموو جۆرو بەشی هەیە، جا لەبەرئەوە قورئان لێرەو لە هەموو شوێنەکانی وێنەی ئێرەدا ڕووناکی بە تاک ئەفەرموێو تاریکی بە کۆ.

بە ڕاستی هەر زۆر شتێکی ڕاست و ڕێکە ناو بردنی بڕوا بە ڕووناکی، چونکە ئەو بڕوا ڕاستەقینەی کە خوا داوای ئەکات و ئەیەوێ ڕووناکییەکە کە تێکەڵی گیان و لەش و دەروونی بڕوادار ئەبێ بە جۆرێ هەموو شتێ لە ڕادەو شوێنی خۆی دا ئەناسێ و دای ئەنێ، هەرشتێ نرخ و ڕێزی خۆی ئەداتێ، لە پێش هەموو شتێکەوە خوای خۆی ئەناسێ، تەنها خۆی ئەناسێ و تێئەگات لەو بوونەوەرەی کە تێیدا ئەژی، تەنها ڕووناکییەکەو ڕێنموونی ئەکات بۆ تەنیا ڕێگەیەک، هەرچۆنێ زۆر ڕاست و ڕێکە ناوبردنی بێبڕوایی بە تاریکی کە ئەو هەموو شتانە لە پێش چاو ڕەش تاریک ئەکات بە پێچەوانەی بڕوا، ئیتر ئەو بێبڕواییە هەرکام بێت لە جۆرو شێوەکانی.

وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَوْلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِ ۗ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٥٧﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِى حَآجَّ إِبْرَٰهِـۧمَ فِى رَبِّهِۦٓ أَنْ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّىَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ

خوای میهرەبان بەو جۆرە یارمەتی بڕوادارانی ئەدات و ئەو بەهرە گەورەیان پێئەبەخشێ، بەڵام ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ﴾ ئەوانەی کە بڕوایان نەهێناوە و لەزانینی خوادا بێبڕوان، ئەوانە ﴿أَوْلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ﴾ دۆست و یارمەتی دەرو کاربەدەستەکانیان بت و پەرستراوەکانیانن کە مایەی یاخی بوون و گومڕاییانن، بەم پەنگە ﴿يُخْرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ﴾ دەریان نەهێنن لە ڕووناکیەوە، ڕووناکی سروشت کە ئەو هەموو ڕابەرو بەڵگە ڕوونانەشیان لەسەرە، ﴿إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِ﴾ بۆ ناو تاریکیەکان، تاریکی هەر جۆرێ لە جۆرو شێوەکانی بێبڕواییە کە هەرکام خەڵک چەواشە ئەکەن و شتە ڕاستەکانی لە بەر چاو ڕەش و تاریک ئەکەن، لە جیهاندا بەو جۆرە سەریان لێ تێک ئەدەن، بۆ ڕۆژی دواییش بەم جۆرەن کە ئەفەرموێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ﴾ ئەو بێبڕوا دەرکراوانە هاوڕێ و هاوسەری ڕۆژەخن، بەجۆرێ ﴿هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ئەوانە لە ناو ئەو ئاگرەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە ـ خوا پەنامان بدات ـ.

لەم ئایەتی ڕابردووەدا فەرمووی: خوا دۆست و یارمەتی دەرو کارسازی بڕوادارانە، ئینجا لەم سێ ئایەتی داهاتووەدا سێ ڕووداو و بەسەرهات ئەگێڕێتەوە، کەلە هەرسێکیان دا میهرەبانی و یارمەتی کارسازی خوا ئاشکرایە دەربارەی دوو بەندە لە بەندە بڕوادارەکانی خۆی، بێجگە لەو پەیوەندیە تایبەتیە، هەرسێکیان پەیوەندیەکی گشتیان هەیە بە ئایەتەکانی پێشەوە، بە تایبەتی(آية الكرسي) کە ئەو ئایەتانە هاتن بۆ نیشاندان و داڕشتنی بەشێکی گرنگ لە بیروباوەڕی بۆچوونێکی ئیسلامی ڕێک و ڕاست و تێکەیشتن لە شتە ڕاستەکانی ئەم بوون و بوونەوەرە، ئەم سێ ڕووداوەش باسی مردن و ژیان و زیندووکردنەوە و دەسەڵاتی خواو خوایەتی خوا ئەکەن.

ئایەتی یەکەم: باسی وتوویژو لێکۆڵینەوەیەك ئەکات لە بەینی حەزرەتی(ئیبراهیم)و پاشایەکی هاوچەرخی دا کە دەمە قاڵێو کردووە لەبارەی خواوە، وە ناوی نابات، ئەو پاشایە بە ناوبانگە بە(نمرود)، بەڵام ئەو بێت یان ئەو نەبێت قورئان ناوی نابات، چونکە ناو بردنەکەی هیچ لە مەبەستی ئایەتەکە زیاد ناکات، هیچ پەندو تەمێیەکی لێ وەرناگیرێ، ئەو ستەمکارە خوا دەسەڵاتو سامانو پاشایەتی پێ دابوو، کەچی بە پێچەوانەوە لە خۆی گۆڕاو یاخی بوو تا ڕادەیەك لافی خوایەتی لێ ئەدا، دەمبازی ئەکرد لەگەڵ حەزرەتی(ئیبراهیم) دەمەقاڵێو بەربەرەکانی بوو لەبارەی خوایەتی خواوە، جا لەبەرئەوە ئەو دەمەقاڵێ ئەگێڕێتەوە بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) بە شێوەی پرسیارێك کە مەبەست پێی سەرسام کردنو سەرسوڕهێنانە لەو سپڵەییو ناسوپاسیو بەدنمەکیو قسەو کردەوە ناڕەوایە، ئەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا نەتزانیوەو بە چاوی دڵ ناوڕێکت نەداوەتەوە ﴿إِلَى ٱلَّذِى حَآجَّ إِبْرَٰهِـۧمَ فِى رَبِّهِۦٓ﴾ بۆلای کەسێك کە دەمەقاڵێی کرد لەگەڵ(ئیبراهیم)دا لە بارەی پەروەردگاری(ئیبراهیم)ەوە؟ ئەو دەمەقاڵێشی کەئەیکرد ﴿أَنْ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ﴾ لەبەرئەوە بوو کە خوا دەسەڵاتو پادشایەتی پێدابوو، واتە لەباتی سوپاسو مل کەچی بۆ ئەو خوایە، ئەو ناپەسەندە یاخی بوو، بەربەرەکانێی ئەکرد لە خوایەتی ئەو خوایەدا ﴿إِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ﴾ لە کاتێکدا کە(ئیبراهیم) فەرمووی: ﴿رَبِّىَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ﴾ پەروەردگاری من کەسێکە کە گیان ئەدات‌و گیان ئەسێنێو بێگیان گیاندار ئەکات‌و گیاندار ئەمرێنێ، ئەگێڕێنەوە ئەو یاخیە ستەمکارە حەزرەتی(ئیبراهیم)ی بەند کرد لەسەر شکاندنی بتەکان، لەپاش دا پێی گوت: ئەو خوایەی تۆ خەڵك بانگ ئەکەی بۆ پەرستنی کێیە؟ ئەو یش بەم جۆرە وەڵامی دایەوەو ئەم دوو شتە ناشکرای کرد بە نیشانە لەسەری کە دوو شتی زۆر نایابو سەرسوڕهێنەرن‌و هەموو کاتێ بەدی دێن، لە هەمان کاتدا هەرکەسێك کە تۆزێ تێگەیشتنی هەبێو عەقڵی نەخەسابێ ئەبێ کاری ئەو دووانە بگێڕێتەوە بۆلای خوا، چونکە هەموو مرۆڤێك سەرسامو سەرگەردانە لە تێگەیشتنی ئەو دووانە، چ جای دروست کردنو داهێنانیان، کەواتە ئەبێ هەر حەوالەی زۆرو دەسەڵاتێك بکرێن کە زاڵە بەسەر مرۆڤو هەموو گیانلەبەرو شتەکانی تردا کە ئەوەش هەر زۆرو دەسەڵاتی خوایە،

قَالَ أَنَا أُحْيِۦ وَأُمِيتُ ۖ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأْتِى بِٱلشَّمْسِ مِنَ ٱلْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ ٱلْمَغْرِبِ فَبُهِتَ ٱلَّذِى كَفَرَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٥٨﴾ أَوْ كَٱلَّذِى مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِىَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْىِۦ هَٰذِهِ ٱللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا ۖ فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِاْئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُۥ ۖ

بەڵام ئەو یاخیە لە خۆ گۆڕاوە تێنەگەیشت لە مەبەستەکەی حەرزەتی(ئیبراهیم)(علیه السلام) یا تێگەیشت و خۆی لێ هەڵەکرد و ویستی لەناو گەلەکەی دا خۆی نەشکێنێ، لەبەر هەرکام وەڵامی دایەوە بەم جۆرە کە ئەفەرموێ: ﴿قَالَ﴾ گوتی: ﴿أَنَا أُحْيِۦ وَأُمِيتُ ۖ﴾ منیش گیان دەر ئەکەم و گیانیش ئەسێنم، بەم ڕەنگە ئەتوانم ئەوەی کە بڕیاری کوشتنی دراوە لێی ببورم و بەرەڵای بکەم، وە هەرکەسیش ئارەزوو بکەم فەرمان ئەدەم بە کوشتنی، یان بەم جۆرە کە ئەگێڕنەوە ناردی دوو کەسیان هێنا، یەکێکیانی کوشت و ئەوی تریانی ئازاد کرد، ئینجا لەوێدا حەزرەتی(ئیبراهیم) نەیویست درێژە بدات بە باسەکەو پەکی(نەمرود) بخات بەڕوون کردنەوەی مەبەستەکەی خۆی، بەڵکو لەوە لای داو بەری لێ بڕیەوە بە جۆرێ کە ڕێگەی تەک و جمی نەمێنێ، بەم ڕەنگە داوای لێ کرد کە باوێک لە باوەکانی خوا بگۆڕێ، لەبەرئەوە ﴿قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ﴾(ئیبراهیم) پێی فەرموو: ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأْتِى بِٱلشَّمْسِ مِنَ ٱلْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ ٱلْمَغْرِبِ﴾ دەی بێگومان خوا خۆر ئەهێنێ لە ڕۆژهەڵاتەوە، تۆ ئەگەر ئەتوانی لە ڕۆژئاواوە بیهێنە، واتە هەموو ڕۆژێک خوا خۆر دەرئەخات دەی تۆ ئەو باوە بگۆڕەو لە ڕۆژئاواوە دەری بخە، بەڵێ بەراستی بەری لێ بڕیەوە کە زۆر ئاشکراو بەمێزبوو لەبەرئەوە ئەفەرموێ: ﴿فَبُهِتَ ٱلَّذِى كَفَرَ ۗ﴾ ئەوەی کە بێبڕوا بوو ـ واتە: نەمرود ـ پەک خراو دەم کوت کراو داماو نەیتوانی هیچ بڵێ ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ خوا ڕێنموونی گەلە ستەمکارەکان ناکات، چونکە خۆیان نایانەوێ و لێی لائەدەن.

بۆ موسڵمان وەرە بیربکەرەوە کە خوای میهرەبان لەم بەسەرهاتەدا چۆن یارمەتی بەندەی خۆی داو کاری بۆ سازکردو زاڵی کرد بەسەر ئەو ستەمکارەدا تا بەو جۆرە پەکی خست و دەم کوتی کرد، پاشان سەرنجی ستەمکارەکەش بدە کە شەیتان یارمەتی دەری بوو بەو جۆرە خستیە ناو تاریکاییەکانەوە لە جیهاندا، وە لەناو ئەو تاریکیەدا ژیانی بەسەر برد تا سەری کرد بە ئاگری دۆزەخی نەبڕاوەدا.

پـاش ئـەوە دێتـە سـەر ڕووداوی دووەم: ئەفـەرموێ: ﴿أَوْ كَٱلَّذِى مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ﴾ ئایـا نـەتزانیوەو بـە چاوی دڵ ئاوڕێکت نەداوەتـەوە بۆڵای وێنـەی ئـەو کەسـەی کـەڕابورد بەسـەر شارێکدا، ﴿وَهِىَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا﴾ کە ئـەو شارەش وێـران بوو بوو بەسـەر بانـەکانی دا، بـەم ڕەنگە لە پێشەوە بانەکان تەپی بوون‌و ڕوخاو بوون ئینجا دیوارەکان کەوتبوون بەسەریاندا.

زانایـانی تەفـسیر دەربـارەی ئـەو شـارو ئـەو ڕێبـوارە دوو بەشـن، حـەوت ڕا هەیـە لەشارەکەدا، لە ڕێبوارەکەدا لە ڕێوە دوو ڕا هەیە کە ئایا ڕێبوارەکە بڕوادار بوو یـا بێ بڕوا، هەردوو بەشەکەش بەڵگەو نیشانەی زۆر ئەهێننـەوە لەسـەر بۆ چوونەکانیان، ئەوانـەی کەبـە بـڕواداری دائـەنێن بـە چـەند کەسـێك نـاوی ئەبـەن، زۆربـەیان بـە(عـوزەیر)ی ئـەزانن کـە ئیسرائیلیە، بـە ڕاستی خۆ خـەریك کردن بـەو جۆرە شتانەوە هـیچ کـەڵكو سـوودێکی نیـە، ئەگەر دیاری کردن‌و ناوبردن پێویست بوایە ئەوا قورئان لێی بێدەنگ نەئەبوو، دەی کە ئـەو لێی بێدەنگ بووە با ئێمەش قسەی لەسـەر نەکـەین، ئـەو ڕێبـوارە کـە ئـەو شارەی بـەو جۆرە بینی ﴿قَالَ أَنَّىٰ يُحْىِۦ هَٰذِهِ ٱللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا﴾ گوتی: ـ بەدەم یا دڵی خۆی دا ـ ئایا خوا چۆن ئەم شارە وێرانە زیندوو ئەکاتەوە لـەپاش وێـران بوونی؟ واتـە چۆن ئاوەدانی ئەکاتـەوە لـەپاش وێـران بوونی؟ واتـە چۆن ئاوەدانی ئەکاتـەوەو وەك خۆی‌و ئەوسـای لـەپاش وێـران بوون‌و چۆڵ‌و هـۆڵی، یـا چـۆن دوردووەکانی کـە بوونەتـە ئێسکە ڕزیـوو زیندوویان ئەکاتـەوەو ئـەم شـارە ئاوەدان ئەکەنەوە؟

هەرچـۆنی گوتبـێ مەبەسـتی هەرچـی بووبـێ خـوا میهرەبـانی کـرد، کـارێکی وای کـرد لەگەڵی هەر بە بەسەرهاتی خۆی دڵئارامی کرد، وەك بۆمان باس ئەکات‌و ئەفەرموێ: ﴿فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِاْئَةَ عَامٍ﴾ ئینجا خوا ئەو ڕێبوارەی مراند ماوەی سەد سـاڵ، ﴿ثُمَّ بَعَثَهُۥ﴾ پاشان زیندووی کردەوە، ئیتر ئایا مەبەست بەو مراندنە بە شێوەی ڕاستەقینەو گیان دەرکردن بووبێت وەك دیمەنەکـە نیـشانی ئـەدات‌و ڕەنـی زۆربـەی لەسـەرە، یـان مەبەسـت ئـەوە بـێ لـە جووڵـەی خشتبێ‌و بێ هەست‌و سڕی کردبێ ـ وەك ڕای هەندێك وایـە ـ بە هـەرکام مەبەست بێت خوا توانایـە‌و هەرچۆن‌و هەرچـی وێست ئـەبێ بـەو جۆرە ببـێ‌و هـیچ شتێك لـەو یـاخی نابـێ، هەرچۆن بووبێ مەبەستی چیرۆکەکە ئەگەیەنێ‌و ڕوونی ئەکاتەوە،

قَالَ كَمْ لَبِثْتَ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِائَةَ عَامٍ فَانظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ وَانظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا

﴿قَالَ﴾ پێی فەرموو: ﴿كَمْ لَبِثْتَ﴾ چەند مایتەوە بە مردوویی و بێ هەست و هۆشی؟ دیارە ئەمیش بێ هۆش بووە لەبەرئەوە بەراستی نەیئەزانی و ئەبێ بە گۆترە شتێ بڵێ کە خەیاڵی بۆی بڕوا، ئەمەش ئەمەبوو کە ﴿قَالَ﴾ فەرمووی: ﴿لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ﴾ مامەوە ڕۆژێکی تەواو یا هەندێ لە ڕۆژێك و کەمتر بووە لە ڕۆژێك، ﴿قَالَ﴾ فەرمووی: نەخێر مانەوەکەت ئەو ئەندازە نەبوو، ﴿بَل لَّبِثْتَ مِائَةَ عَامٍ﴾ بەڵکو سەد ساڵ مایتەوە.

خوای دەسەڵات دار هەرچۆنێ ئەو پیاوەی بەساغ و سەلامەتی بەو ماوە زۆرەدا هێشتەوە، هەروەها ئەو شتانەشی هێشتەوە کە ئەو پیاوە ئامادەی کردبوون بۆ خواردن و خواردنەوەی خۆی، جابۆ ئەوەی سەرسوڕپنەمێنێ لە مانەوەی خۆی بەبێ تێك چوون سەرنجی ڕاکێشا بۆ مانەوە و تێك نەچوونی خواردەمەنیەکەشی کە زۆرتر جێگەی سەرسوڕمانە، لەبەرئەوە ئەفەرموێ: ﴿فَانظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ﴾ سەیری خواردن و خواردنەوەکەت بکە کە هیچ تێك نەچووە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، پاشان بۆ دڵنیا کردنی لەسەر تێپەڕبوونی ئەو ماوە زۆرە فەرمووی: ﴿وَانظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ﴾ سەیری گوێ درێژەکەشت بکە کە چۆن نەماوە و ڕزاوە و ئێسك و پروسکی لە یەك بووەتەوە، کە ئەوەش نیشانەی تێپەڕبوونی ئەو ماوە زۆرەیە، جا ئەپرسین ئایا ئەو خۆراکە چۆن وەك خۆی مایەوە؟ ئەڵێین مایەوە بەو دەستە قوڕەتەی کە ئەم شتەی بەرهەم هێناوە و هیچ کام لەوە کەمتر نین، بەڵام ئەمانەی تر دەقیان پێوە گیراوە و بەهۆی ئەوەوە بیرناکرێتەوە لە گرنگی و نایابیان، ئایا ئەم هەموو خۆراك و خواردەمەنیە لەم خاکە پەیدا نابێ کە هەر یەکە تامو بۆن و ڕەنگ و شێوەیەکی تایبەتی هەیە؟ ئەو خاکە تا خوا بیەوێ بەخاکی ئەمێنێتەوە، کاتێ ویستی ئەو هەموو شتە نایابەی لێ پێك دێنێ کە هەموو زانا و ژیرێ تێیان دا سەرگەردانە!!

بە کورتی خەڵك هەرچەند جەو جۆڵو هات و چۆ بکات ئەبێ هەموو کاروبارو پوودارێك بگێڕێتەوە بۆ تاقانە سەرچاوەی ئەم بوون و بوونەوەرە گرنگە، ئینجا هەرکەسێك بیربکاتەوە

لەم دەستکردە گرنگە کە دەستی قودرەتی خوای تێدا ئاشکرایە حەق نیە سەربکاتەوە لەو جۆرە شتانە کە بەپێی باوو زانین‌و دەسەڵاتی ئێمە دوور یان نەگونجاوبێت، بێجگە لەوەش مانەوەی ئەو زەلامە یان ئەو خوادەمەنیە بەبێ گۆڕان‌و تێك چوون لەو ماوە دوورەدا نابێ بە نەگونجاو یا بە دوور سەیر بکرێت، هەر بە پێی زانین‌و باوی ئێمەیش، ئەوەتا ئەبینین لەشی مردووی چەند هەزار ساڵە بەمۆمیا(تحنیط) ئەمێنێتەوە، وەك لە گۆڕێ فیرعەونەکانی میسردا ئەو جۆرە لەشانە دەرهێنراون، یەکێ لەو بەڵگانەی کە(داروین)ی پێ خرایەوە بە درۆوە دۆزینەوەی ئەو لەشانە بوو کەلە مرۆڤی ئەمڕۆ تەواو تر بوون، هەروەها میوەو خواردەمەنی ماوەیەکی زۆر هەڵئەگیرێ بەهۆی چەند شتێکەوە کە پێی ئەوترێ (کونسرو)، ئینجا پێی فەرموو: ﴿وَلِنَجْعَلَكَ ءَايَةً لِّلنَّاسِ﴾ ئەو بەسەرهاتەمان بەسەر تۆهێنا بۆ ئەوەی سەرسووڕمانیەکەی لەوەو بەرت نەمێنێ کە وتت خوا چۆن ئەم شارە زیندوو ئەکاتەوە، وە بۆئەوەی تۆ بکەین بە بەڵگەو نیشانەیەکی پووچ بۆ خەڵکی لەسەر ڕاستی زیندوو بوونەوەو دەسەڵاتی بێ سنووری خوا، بەڵێ بەڕاستی بەڵگەیەکی بەهێز بووە بە تیبەتی بۆ ئەو چینەی کەلەو کاتەدا بوون‌و ئەو پیاوەیان بینی بەبێ تێك چوون‌و بە گەنجی‌و لەگەڵ ئەوەدا پیاوی چەرخێکی ڕابردوو بوو!!

ئەگێڕنەوە ئەڵێن: کەلە پاش ئەوەی هەڵسا وەك خۆی‌و ئەوسای لێ هاتەوە، گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی کە تەماشا ئەکات منداڵەکانی پیربوون‌و خۆیشی هەرگەنجە، ئینجا کاتێ هەواڵودەنگ‌وباسێکی بۆباس ئەکردن، ئەیان ووت: ئەمەقسەو هەواڵی سەد ساڵ لەمەوبەرە.

لە پێشەوە فەرمانی دا کە سەرنجی پێشەو پەڵە ڕزیوی گوێ درێژەکەی بدات تا بە هۆی ئەوەوە بزانێ کە ماوەی مانەوەکەیان دوورو درێژبووە، ئینجا فەرمان ئەدا کە تەماشای ئەو ئێسکە ڕزیوانە بکات لە کاتێکدا کە خوا زیندوویان ئەکاتەوەو گوێ درێژەکەی ئەوسای لێ پێك ئەهێنێتەوە، ئەفەرموێ: ﴿وَٱنظُرْ إِلَى ٱلْعِظَامِ﴾ سەرنجی ئەو ئێسکانە بدە﴿كَيْفَ نُنشِزُهَا﴾ چۆن بەرزیان ئەکەینەوە لە زەوی‌و ئەیانگێڕنەوە بۆ شوێنی خۆیان تا قەبارە ئێسکەکەی پێکدێت ﴿ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا﴾ ئینجا گۆشتیان ئەکەین بە بەردا، وێنەی پۆشاك کە ئەکرێتە بەر.

فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٥٩﴾

خوای گەورە ماوەی سەد ساڵ ئەو پیاوەی هێشتەوە لەگەڵ خۆراکەکەیدا، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە گۆڕانو تێکچوونێك پووبیان تێبکات کە ئەوە بەڵگەو نیشانەی پوون بوو بۆ خۆیو بۆ خەڵکیش، ئینجا ئەو گوێدرێژە پزیوەی زیندوو کردەوە بۆیو بە پێش چاوی خۆیەوە کە ئەمەش بەڵگەو نیشانەیەکی زۆر بەهێزو پوون بوو ﴿فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥ﴾ ئینجا کاتێ بە تەواویو بە چاوی خۆی بۆی دەرکەوت چۆنیەتی زیندوو کردنەوە ﴿قَالَ﴾ وتی: ﴿أَعْلَمُ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ ئێستا ئەزانم بە ئارامی دڵەوەو بە تەواوی تێگەیشتم کە خوا توانادارو خاوەن دەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا، کە یەکێ لەو شتانە زیندوو کردنەوەی مردووە، بەم جۆرە داستانەکە دوایی هات کە سەرسوڕمانی نەهێشت لە دڵو دەروونی ئەو پیاوەدا، کەواتە ئەبێ ئەمە پەندو تەمێیەکی بەهێز بێت بۆ هەموو بڕوادارێك کە بە هیچ ڕەنگ سەر نەکاتەوە لە هیچ کارێکی خوا، هەمیشە لە دڵیدا جێگیربێت بڕوای قایم بە دەسەڵاتی بێسنووری خواو بەرفراوانی مەیلو ئارەزووی خوا، کە قورئان زۆر بە گرنگ خەریك ئەبێت لە چەندین شوێندا بۆ چاندنو بەهێزکردنی ئەو بڕوایە لە دڵی بەندەکانی خوادا، لەدوای لێ بوونەوە پێم جوانە تێبینیەك دیاری بکەم لەسەر شتێ کەلە شوێنی خۆی دا دەست نیشانم بۆنەکرد. هەندێ لەزانایانی تەفسیر سەبارەت بەو ئایەتە پزیوانە چەند ڕایە تریان هەیە:

١- مەبەست ئێسکی پیاوەکەیە، بەم ڕەنگە لە پێشەوە خوا چاوی زیندوو کردووەتەوە، ئینجا بە بەرچاوی خۆیەوە باقی لەشی زیندوو کردووەتەوە.

٢- مەبەست ئێسکە پزیووی دانیشتوانی شارە وێرانەکەیە.

٣- مەبەست ئێسکە پزیوی خۆیو گوێ درێژەکەیە.

٤- مەبەست ئێسکە پزیوی لەشی زیندووەکانە کە لەیەکەم جارەوە خوا دروستیان ئەکات.

٥- ئەم ڕایانەش هەن، بەڵام بەڕاستی هەموو لاوازنو هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەریانو بەزۆرە زمایی نەبێ هیچ کام لەمانە لە دەقی ئایەتەکە وەرناگیرێن، هیچ پێویستیش نیە بەم لادان لەڕوالەتە. بەڕاستی سەرسووڕئەمێنێ چۆن لەم ڕا ئاشکرایەکە لە تەفسیرەکەدایە لا بدرێ بۆ ئەم ڕا لاوازانە.

وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِنْ قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ ٱلطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ ٱجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ٱدْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا وَٱعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٦٠﴾

ئینجا دێتە سەر چیرۆکو داستانی سێیەم: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ﴾[1] باسی ئەو کاتە بکە کە(ئیبراهیم) گوتی: ﴿رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ﴾ ئەی پەروەردگارم نیشانم بدە تۆ چۆن مردووەکان زیندو ئەکەیتەوە؟

هۆی ئەم داواکردنە حەزکردنو سۆزو پەرۆشە بۆ بینینی چۆنێتی ئەو کردەوە نهێنییەی خوا، وەک دەرەنئەکەوێ لە شێوەی پرسیارەکەی کە بە وشەی ﴿كَيْفَ﴾ کردی، واتە ئەزانمو بڕوام هەیە کە مردووەکان زیندوو ئەکەیتەوە، بەڵام نازانم بە چ شێوەیەک ئەیکەیت؟ داوا ئەکەم ئەو شێوەم نیشان بدەیت کە پێی ئەگوترێ(عين اليقين)، کە هەر چەندە بڕوا بەهێزو دامەزراوبێت پێی، خەڵک بە تەبیعەت سۆزو ئارەزووی هەیە بۆ بینینی، هەروەها شتێکی نایابی سەرسووڕهێنەری تر، ئەو جۆرە حەزانە دەسەڵاتی تێدانیەو ئارەزوویەکی پڕحیەو دەخلی نیە بە هێزو بێهێزی بڕواوە، بەڵکو ئەو بە چاو بینینە تامو خۆشیەکی تری هەیە، لەگەڵ بوونی بەهێزترو پتەوتری بڕوایش دا هەر خۆشەو ئارەزوو ئەکرێ، ئەمە شتێکە بە ویژدانو لە دەروونداهەستی پێئەکرێ، بە تایبەتی لەشتی وادا چەندێ خۆشە بە چاوی سەر ببینرێ کردەوەو بەرهەمی ئەو دەستە قوردرەتەی کە چاوی دڵ هەستی پێئەکات، کەواتە ئەو داوای حەزەتی(ئیبراهیم)ە ناکرێ بە جێی لێکۆڵینەوەو قسەو باسو هیچ

---

[1] لەچەندشوێنی ئەم تەفسیرەداگوتمان وشەی ﴿إذ﴾ یا ﴿انكر﴾ی لابراوعاملو ئیش کەرەتیایدا یان فعلی لە پاشەوە، لێرەدا ﴿قَالَ﴾ەی دووەم لەسەر هەریار باسی کاتەکە ئەکات نەک پوودلوێک کەلەو کاتەدا بووە لەگەڵ ئەوەدا مەبەست پوودلوەکەیە لە ڕاستی دا. هۆی ئەوەش دووشتە:

أ- باسی کاتەکە سەر ئەکێشێ بۆ باسی پوودلوەکەش.

ب- باسی کاتەکە هۆی باس کردنی پوودلوەکەیە بە دوورو درێژی بەجۆرێ هیچی لێ دەرنەکرێ، بەڵام باسی پوودلوەکە بە تەنیا هیچ پێویست ناکات بەو جۆرە بێت.

ڕەخنەیەکی تێدانیە، بەڵێ بێگومان مەبەستی حەزرەتی(ئیبراهیم) بەجێ هێنانو دەستکەوتنی ئەو حەزو ئارەزووە بوو، نەک مەبەستی دەستکەوتنی بەڵگەو ڕابەر بوونبێ لەسەر ڕاستی زیندووکردنەوە، وە نەک مەبەستی بەهێزکردنی بڕواکەی بوونبێ، چونکە لای خواروو یەکەم پلەی بڕوا بریتیە لە بەستنەوەی دڵو وەرگرتنو ڕەزامەندیو مل کەچی دڵ بەوەی کە بڕوای پێی هەیە بەبێ هیچ گومانو دوو دڵیەک، وەکو زانایانی ئیسلام فەرموویانە لەباسی ئیماندارو بەو جۆرە ئیمان ئەناسێنن‌و نیشانی ئەدەن، ئەو فەرموودانە ڕێکەو دەقی ئایەتو حەدیسە، لای خواروی بڕوا ئەوەیە چ جای بڕوای یەکێکی وەکو(ئیبراهیم) کە گەیشتووەتە لوتکە، بێگومان خوای گەورەو میهرەبانو زانا بووە بەو بڕوا بەهێزەی حەزرەتی(ئیبراهیم)، بەڵام بۆ ئەوەی(ئیبراهیم) ئەو سۆزو پەرۆشەی خۆی دەربڕێ خوای گەورە بە شێوەی لوتفو میهرەبانی ﴿قَالَ﴾ بە(ئیبراهیم)ی فەرموو: ﴿أَوَلَمْ تُؤْمِنْ﴾ ئایا بڕوات نەهێناوە؟ ﴿قَالَ﴾(ئیبراهیم) فەرمووی: ﴿بَلَىٰ﴾ بەڵێ بڕوام هێناوەو هەمەو هیچ گومانو دوو دڵیم نیە لە ڕاستی زیندوو بوونەوەدا، ﴿وَلَٰكِن﴾ بەڵام ئەو داوایەم کرد ﴿لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي﴾ بۆئەوەی دڵم ئارام ببێ‌و ئەو سۆزو ئارەزووی بینینەی نەهێنێ، ئینجا خوای میهرەبان بەم شێوە داواکەی بەجێهێنا ﴿قَالَ﴾ پێی فەرموو: ﴿فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ الطَّيْرِ﴾ کەواتە چوار پەلەوەر بگرە ﴿فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ﴾ ئینجا کۆیان بکەرەوەو ڕامی لای خۆتیان بکە، بۆ ئەوەی لێیان ورد ببیتەوەو باش ناسی‌و لە پاشا بزانێ کە هیچ پارچەیەک لە هیچ کام نەگۆڕاوەو لە شوێنی پێشووی نەترازاوە، ﴿ثُمَّ اجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا﴾ پارچە پارچەیان بکەو پاشان هەر پارچەیەکیان لەسەر کەژێکی ئەو نزیکانە دابنێ، ﴿ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا﴾ جا بانگیان بکە دێن بۆلات بە پەلەو هەڵە داوان.

دیارە(ئیبراهیم) هەڵسا بەو فەرمانەی کە پێی سپێررا، وە ئەو هەواڵەی کە خوا پێی دا بەدیهات، ئەو کارە کەس نەدیوەی بەچاوی بینی، ئەو پەلەورانە کە گیانیان تیا نەماو پارچە پارچەکران‌و تێکەڵکران، هەر بەشەی دوور خرایەوەو لە شوێنێکی جیاوازدا دانرا، هەموویان بە ئیزنی خوا بە بانگ کردنێکی(ئیبراهیم) دەست بەجێ بە زیندوویی‌و وەک ئەوشا هاتن بۆلای بە پەلەو بێ دواکەوتن!!

(ابن منذر) ئەگێڕێتەوە لە(حەسەن)ەوە کە حەزرەتی(ئیبراهیم) بانگی کردن: ئەی ئێسکە پارەکراوەکان، ئەی گۆشتە پرش‌و بلاوەکان، ئەی دەمارە پچڕاوەکان کۆببنەوە، خوا گیانتان تێئەکاتەوە، ئیتر دەست بەجێئێسک ڕاپەڕی بۆلای ئێسک‌و پەڕ بۆلای پەڕو خوێن بۆلای خوێن‌و هەر یەکە بۆ شوێنی تایبەتی ئەوسای، تا هەموو یەکیان گرت‌و بوونەوە بە پەلەورەکەی جاران، لە چەند ڕیوایەتی حەدیسی صەحیحدا هاتووە کە سەری ئەو پەلەورانە بەدەستی حەزرەتی(ئیبراهیم)ەوە بوون، جا کە بانگی کردوون بەو جۆرە لەشەکانیان وەک خۆی بە پەلە هاتنەوە‌و گەشتنە لای سەرەکانیان کەلە دەستی(ئیبراهیم)دا بوون.

ئەم کردەوە هەرچەندە بەپێی باوو بینینی ئێمە شتێکی زۆر سەرسووڕهێنەرە، بەڵام بۆ هیچ بڕوادارێك نابێ جێگەی سەر لێ کردنەوەبێت، واتە بڵێین چۆن بوو چۆن نەبوو؟ چونکە خوا خوایە‌و هەرچی ویست هەر ئەوەی ئەو مەیل‌و ئیرادەی ڕووی تێبکات، خوای گەورە بەم وتە پیرۆزە کۆتایی بەم باس‌و ژیرۆکە هێنا، ﴿وَٱعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ بزانە کە خوا دەسەڵاتداری لێزانی کاردروستە، زاڵە بەسەر هەموو کاروباری خۆی داو هەرچی ویست ئەیکات، کاردروستیشە هیچ شتێکی لێ ناگۆڕێ‌و لێ ون نابێ، خوا کە زۆر کردەوەی‌و زۆربەی کاری بە پێی ئەسبابە لەم جیهانەدا لەبەر لێزانی‌و کاردروستیەتی، نەك لەبەر پێویستی بوونی بە هیچ هۆیەك، وە هەر خۆی ئەو سەبەبانە دروست ئەکات‌و ئەیانکات بەسەبەب، ئەتوانێ هەروەها باوێك بگۆڕێ‌و تێکی بدات، جا هەرکەس هەر لەم وتەیە بیربکاتەوە ئیتر هیچی تری ناوێ نابێ سەر بکاتەوە لەم جۆرە شتانە، بەڕاستی زۆر جێی سەرسووڕمانە هەندێ لەزانایان ئەکەونە سەرگەردانی لەم جۆرە شتەداو دەست ئەکەن بە تەئویل‌و پینەو پەڕۆ بۆ ئەم جۆرە ڕووداوانەو ئەیانەوێ بەگوێی فام‌و تێگەیشتنی خۆیان ئەو ئایەتانە لابدەن لە دیمەن‌و ڕواڵەتە ئاشکراکەی خۆیان بەبێ هیچ هۆو پاڵپێوەنەرێك بێجگە لەوەی ئەیانەوێ ڕێکیان بخەن لەگەڵ ئارەزوو‌و تێگەیشتنی خۆیاندا، لەگەڵ ئەوەدا ئەبێ ئێمە ئارەزوو‌و تێگەیشتنی خۆمان ڕێك بکەین لەگەڵ دیمەن‌و ڕواڵەتی ئایەت‌و حەدیسدا، کاتێ بەڵگەیەکی شەرعی نەبێ بەدەستمانەوە بۆ لادان لە دیمەنیان، یەکێ لەو پینەو پەڕۆ کەرانەی کە بە ئارەزووی خۆی دەست‌و دەم ئەکوتێ لە ئایەتەکاندا(ئەبو موسلیم)ە کە لێرەدا تەئویلێکی زۆر دووی کردووە کە زۆر نارێك‌و نەلکاوە بە ئایەتەکەو ئەو

هەموو ڕیوایەتانەی کە هاتوون لەم بەسەرهات و سەرگوزەشتەدا، بەڕاستی دڵم ئەوەندە بێزارە لە لادان و تەوئویل کردنی ئەوە، حەزم نەکرد بەهێنان و بەرپەرچ دانەوەی، لە پێشەوە گوتمان کە مەبەستی ئەم سووڕەتە درێژە ئامادەکردن و پەروەردە کردن و پێگەیاندنی گەل و کۆمەڵێکە کە هەڵسێ بە ئەرکی سەرکردایەتی خەڵک و جیهان، جا لەو بارەیەوە تا ئێستا چەند یاسا و پایەیەکی پێویستی داڕشت کە پێویست و چارەسەرن بۆ ئەو مەبەستە گرنگە، جا هەر لەسەر ئەو بارە لێرەش بەدواوە تا دوایی سووڕەتەکە دەست نیشان ئەکات بۆ داهێنان و ڕاگیرکردنی درێژەیێکی ئابووری ــ کۆمەڵایەتی کە ئیسلام ئەیەوێ گەلی لەسەر دامەزرێنێ، پڕێمی یارمەتی و هۆڵگیری کە دەرئەکەوێ لە بەخشین و مااڵبەخت کردندا، نەک پڕێمی سوود خۆری و چاوچنۆکی کەلە سەردەمی نەفامی دا باوبووە، جا لەبەرئەوە فەرمان ئەدات و موسڵمانان هان ئەدات لەسەر مااڵ بەخت لەڕێی خوادا، سوود خۆری قەدەغە ئەکات و نەفرینی لێ ئەکات، ئینجا ئەچێتە سەر باس و بڕیاری قەرزو مامەڵە و بازرگانی کە ئەوەش بەشێکی سەرەکی و بنەڕەتیە لە پڕێمی ئابووری ئیسلامی و ئەو ژیانە کۆمەڵایەتیەی کە ئیسلام داینناوە، چەند جارێ لەم سووڕەتە و لە چەند سووڕەت و شوێنی تردا فەرمان ئەدات بە بەخت کردنی مااڵ لەڕێی خواداو زۆر زۆر بە گرنگ ئەیگرێ، چونکە پایەیەکی گەورەو بەهێزە لە پڕێمی ئابووری و کۆمەڵایەتی دا، هەرچۆنێ پایەی یەکەم بۆ غەزاو تێکۆشان لە ڕێی خوادا کە ئیسلام لەسەر ئەوە ڕاگیرەو بەبێ ئەوە کاروبارەی ناڕەواو بەدی نایەت لە ژیاندا، جا لەبەرئەو زۆر گرنگیەکراوە بە هاوتای گیان بەخت کردن و لە پێشەوە باس کراوە، ئەوەتا ئەفەرموێ: ﴿وَجَٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ﴾ تێکۆشان بکەن بە مااڵتان و بە گیانتان لەڕێی خوادا، گوتمان لە زۆر شوێندا لە زۆر شوێندا فەرمان دراوە بە بەخت کردنی مااڵ، بەاڵم لەم شوێنەدا شێوەیەکی جیاوازو تایبەتی هەیە زیاتر درێژە ئەدا بە باسەکەی، دەست نیشان ئەکات بۆ دەستوورو ئادابی دەروونی و کۆمەڵایەتیەکەی، زۆر شیرین و خۆشەویستی ئەکات، وەک لەم ئایەتانەی پاشەوەدا دەرئەکەوێ، لە یەکەم جارەوە هان ئەدات لەسەر ئەو بەخت کردنە بە شێوە چیرۆکێ کەدڵ ئەهێنێتە سۆزو پەرۆش،

مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّاْئَةُ حَبَّةٍ ۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦١﴾ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَآ أَنفَقُوا۟ مَنًّا

ئەفەرموێ: ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ وێنەی کەسانێ کە مالّو دارایی خۆیان بەخت دەکەن لە ڕێی خوادا ﴿كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ﴾ وەك وێنەی کەسێك وایە کە تەنیا دانەوێلّەیەك بچێنێ و ئەویش حەوت گوڵی دەرکردبێ کە ﴿فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّاْئَةُ حَبَّةٍ﴾ لە هەر گوڵێکی دا سەد دانە بێ،کە ئەکاتە حەوت سەد، واتە ئەو کەسانەی کە مالّ ئەبەخشن لەڕێی خوادا، خوا حەوت سەد قات بۆیان زیاد ئەکات هەرچۆنێ کە تەنیا دانە یەك ئەکات بە حەوت سەد دانە کە ئەوە شتێکە بە چاو ئەبینرێ لە جیهاندا ئەوەتا تەنیا دانەیە ئەڕوێنێ و بنجێکی لێ پەیدا ئەکات کە چەند گوڵێکی لێ ئەبێتەوە و هەر گوڵێك ئەو هەموو دانەیەی تیایە کە جاری وا هەیە ئەگاتە حەوت سەد بەڵکو زیاتر، تا دووقاتی ئەو ژمارەیەو زیاتر لەوە وەك ئەومیش بە چاو ئەبینرێ بۆ هەرکەس کە مەیلی ببێ، هەرکەس ئەیەوێ با بڕوا بگەڕێ بەناو کشتوکاڵ دا بە تایبەتی مەرەزەو چەڵتووك، ڕێی ئەکەوێ لەسەر بنجی وا کە گوڵەکانی لە پەنجاش تێپەڕئەکەن، هەرگوڵێ لەوانەیە لە سەد دانەی زیاتر بێت، وەك لەبارەی پاداشتەکەشیەوە ئەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ﴾ خوا لەو ئەندازەش زیاتر ئەکات بۆ هەرکەس کە خوا مەیلی ببێ لە بەندە ڕاستەکانی خۆی، ئەوەش بەپێی بارو حاڵەتی ئەو بەندەیانەیە لە ڕاستی و لێ بڕانیان بۆ خواو بەپێی پاك و حەڵاڵی و بە نرخی ماڵەکەیانە، هەروەها بەپێی بەخت کردنیەتی لەجێ و شوێنی خۆی داو زیادە کەڵك گرتنیەتی، ﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ﴾ خوا بەخشایشی زۆرو فراوانەو هەموو شت ئەگرێتەوە، ﴿عَلِيمٌ﴾ زانایە بە هەموو شتێك و بە ڕادەو نرخی هەرشتێ،(ئیبن و ماجە) حەیسێ ئەهێنێ لە(ئیمامی عەلی)و کۆمەڵێك لە زانایانی هاوەڵەکانەوە –خوا لێیان ڕازی بێ–، کە هەرکام لەوانە ئەگێڕنەوە لە

پێغەمبەرەوە(ﷺ) کە فەرموویەتی: هەرکەس مالّی بنێرێ بۆ بەخت کردنی لەڕێی خواداو خۆی لە مالّی خۆی دانیشێ لەباتی هەر درهەمێك دا حەوت سەد درهەمی پاداشت ئەدرێتەوە، هەرکەس لە ڕێی خوادا غەزا بکاتو تێبکۆشێو مالّێکیش بەخت بکات، لەباتی درهەمێکدا حەوت سەد هەزار درهەم پاداشت ئەدرێتەوە، ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە خەریکێ پێیەوە، لە(مەعازی کوڕی جەبەل)ەوە هاتووە کە ئەو غەزاکەرانەی مالّیش بەخت ئەکەم لە ڕێی خوادا، خوا لە خەزێنەی ڕەحمەتی خۆی ئەوەندەی بۆ ئامادە کردوون زانینی ئێمە پیای دا ناگات، جا بە پێی ئەم حەدیسەو چەند حەدیسێکی تر وا دەرئەکەوێ کە مەبەست بەم بەخت کردنە لەم ئایەتەدا، بەخت کردنە لە غەزادا، نەك هەموو بەخت کردنێکی تریش، وە لەوشەی ﴿فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾یشەوە هەروا دەرئەکەوێ، چونکە ئەم وشەیەش لە قورئانو حەدیسدا زۆرتر ئەبڕێت بەسەر ئەوەدا، هەر چەند زۆر لەزانایانی تەفسیر لێرەدا بە شێوەی گشتی تەفسیریان کردووەتەوە، بەڕاستی وێنەو چیرۆکەکە ئیجگار شیرینو بەکارو هاندەرە لەسەر بەخشینو بەخت کردن، چونکە یەکەم: شتێکی ڕاستیو واقیعیە نەك خەیاڵی، دووەم: ئەو شێوەی کشتوکاڵە زۆ ردڵڕفێنە، سێیەم: وانیشانت ئەدات کە هەرچی بدەی بۆ خۆتەو هەوڵو بۆ خۆت ئەدەیت. بەڵکو هیچ نابەخشیو ئەوەی کە ئەیدەی بۆ خۆتت داناوەو هەر بە بەشی خۆتی دائەنێیتو هەروەکو ئەو دەنکە دانەوێڵەی کە ئەیکەت بە ژێر خاکەوە، بە ئومێدی ئەوە بەو جۆرە زۆر ببێ، هەمیشە دڵت پێی خۆشەو چاوەڕوانی بە بەرو بەرهەمەکەی بگەیت. بە خشینی مالّو دەستی یارمەتی درێژکردن هەرچۆنێ جێگەی ئومێدە بۆ دەست کەوتی بەرو بەرهەمو ئەو پاداشتە گەورەی پۆژی دواییە، هەروەها مایەی بەختەوەریو کامەرانیو ئارامی دڵە لە ژیاندا، بێگومان هەموو بەخشینو بەخت کردنێك شایانی ئەوەنیە کە خوا بەو جۆرە زۆرو فراوانی بکات، جا لەبەرئەوە دەست نیشان ئەکات بۆ جۆرو چۆنیەتەکەی، ئەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ ئەوانەی کە مالّو داراییان ئەدەن لە ڕێی خوادا، ﴿ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَآ أَنفَقُواْ مَنًّا﴾ ئینجا بە دوای دانو بەخشینەکەدا هیچ منەتێك ئەخەنە سەر کەس،

وَلَآ أَذًى لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٢٦٢﴾

﴿وَلَآ أَذًى﴾ نەهیچ ئازارێك ئەگەیەنن بەدڵی کەس بەکەشخەوشانازی کردنوەماروەعیە واتە باسی بەخشینەکە ناکەنو بە شتی سەیر ناکەن، بەڵکو لە بیری خۆیانی ئەبەنەوە، پێزی پێ بەخشراوەکە ناشکێنن و هەستو دەروونی بریندار ناکەن، ﴿لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ بۆ ئەوانە هەیە هەق و پاداشتو مەزدی خۆیان لای پەروەردگاریان، ﴿وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾ هیچ مەترسیان لەسەر نیە لە پۆژی دوایی دا، ﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ وە بە هیچ شێوەیە غەمبار نابن.

ئیسلام مەبەستی لەو بەخت کردنو بەخشینە تەنیا نەمێشتنی پووتیو برسێتیو داماوی نیە، بەڵکو لە هەمان کاتدا مەبەستی پاك و خاوێن کردنی دەروونی مال بەخت کەرەکەیە لە چرووکیو چاوچنۆکی، وە مەبەستی هەڵگیرساندنی هەستی مرۆڤایەتیو برایەتیو بەهێزکردنی پەیوەندیێتی بەو هەژارو بێ نەواوە کە برایەتی لە پەگەزدا، برایەتی لەبەر خواو فەرمانی خوا، هەروەها مەبەستی ئیسلام بیر خستنەوەیەتی بۆ ئەو چاکەو بەخشندەیەی کە خوا پشتوویەتی بەسەری دا، بەپێی ئایینەکەی بەڵێنو پەیمانی لێ وەرگیراوە کە زیادە پەوی نەکات لەو مالو سامانەی کە پێی داوەو بەفیڕۆ خەرجی نەکات، کەشخەو شانازی پێوە نەکات بەسەر خەڵکدا، ئەو مافانەی کە خوا داینا وە لەسەری بەجێی بێنێ بەبێ کەمو کوڕیو منەت لەسەرنان، وەك مەبەستی دڵخۆش کردنو پازی کردنی هەژارو داماوانە، بەهێزکردنی پەیوەندیە بە برا بەخشندەکەیەوە، بەهێزکردنو هۆنینەوەی ئەندامی گەلە لەسەر بنەڕەتی دەستەبەرەیی و کۆمەکیو دەست گیری یەکتر، دەی منەت نانو کەشخەو دەعیەو دەمار ئەو مەبەستە گرنگانە نامێڵێو لە پیشەیان ئەهێنێ، ئەو بەخشینو دەست گیرۆییە ئەکات بە ژەهری مارو ئاگر لە دەروونی داماوو هەژارەکەدا، ئەوکاتە بەخشینەکەی هیچ پیتو فەرێکی نارێو گەل دڵ زامدار ئەکاتو ئەپیچڕێ لەیەکتر، کینەو بێزاری پەیدا ئەکات، ئەو بەخشینە لەبەر خوانابێت، بەڵکو لەبەر خۆ زل کردنەو کەشخەو دەمار بەسەر بەندەکانی خوادا، سەر شۆڕکردنو ژێر دەست کردنیان، یان پووپامایی و ناوو شۆرەتی درۆینە، کەواتە بەخشینەکەی مایەی زیادە نەخۆشی و دەردی دەروونی ئەبێ، هەرچۆنێ ئازاری هەژارو داماوەکەش ئەدات بەدڵ بریندارکردنو پێزشکاندن ــ لەوەوە کینەو دوژمنایەتی پەیدا ئەبێ ــ بەوەش مال بەخت کەر دوور ئەکەوێتەوە لە خواو لە باتی پاداشت شایستەی تۆڵە لێ سەندن ئەبێ، هەندێ لە دەروون ناسان لەم دواییەدا ئەڵێن:

چاکەو دەست دڕینەوە لە دواڕۆژدا سەری لە دوژمنایەتیەوە دەرنەچێت، بەڵگەشیان ئەوەیە کە هەژارە وهرگرەکە هەست بەکەمو کوڕی و سەر شۆڕی خۆی ئەکات بەرامبەر بەو کەسەی لێ پان کردووەتەوە، ئەو هەستە لەدەروونی دا پەنگ ئەخواتەوە، تا وای لێ دێت ئەکەوێتە هەوڵدان بۆ بەرزبوونەوەو زاڵ بوون بەسەری دا، چونکە هەمیشە ئەم خۆی بەسەر شۆڕ ئەزانێ لە ئاستی ئەودا، ئەویش ئەیەوێ هەمیشە کەشخە بکاتو خۆی بە خاوەن چاکەو پیاوەتی نیشان بدات، دیارە لەوەشەوە کینەو دوژمنایەتی دروست ئەبێت، ئەم قسەو باسە بە هەر نیازێك کرابێ، لەوانەیە لە هەندێ کاتداو سەبارەت بە هەندێ کەسی ناکەس سەری لە ڕاستەوە دەرچێ، هێشتا ئەوەش لەناو گەلە نەفامەکاندا کە زۆر دوورن لە ئیسلامەوە، بەڵام لەناو ئەو گەلانەدا کە تامو بۆنی ئیسلامیان چەشت بێ شتی وا زۆر دوورە، لەلای هەرکەس کە ئیسلامی ڕێکی وەرگتبێ شتی وا بە هیچ کلۆجێ ناگونجێ ڕووبدات، چونکە ئیسلام چارەسەری ئەو گرێیەی کردووەو بەربەستو بەرهەڵستی وای دروست کردووە کە هەرگیز ماوە نادات بۆ ئەو جۆرە شتە ناڕاستو ناڕەوایانە، ئیسلام ڕۆڵەی خۆی تێئەگەیەنێ و پەروەردەی ئەکات لەسەر ئەوە کە مالو سامان هی خوایە، ئەو ڕۆزیەی کەلە ژێر دەستی سامانو ڕۆزی داردایە ڕۆزی خوایە، لە ڕاستی دا هیچ کەس گومانی لەوەدا نیە مەگەر کەسانێ کە نەزانن و بێ ئاگان لەوەی کە هەرچی هۆکانی ڕۆزیە چ لە نزیك هەموو بەخششن لەلایەن خواوەو خەڵك هیچ دەسەڵاتی نیە بەسەر هیچ کامیاندا، بۆ نموونە: هەر دانەیەك لە دانەوێڵەکان چەند هێزو وزەیەکی ئەم بوونەوەرە بەشدارە لە فەراهەم هێنانو چاندنو پێگەینو بەروبوومی دا کە هیچ مرۆڤێك دەسەڵاتی نیە تیایاندا، ئیتر لە خۆرەوە تا زەوی و تا ئاوو هەواو تا هەر شتێکی تر لەو بابەتانە، لەوەوە بیگرە تا هەرچی شتێکی تر کەوا بەسەر ئەم زەویەوەو ناوسکی ئەم زەویە کە خەڵك پێی ئەژی، یا هەر جۆرە سوودێکی لێ وەرئەگرێ، کەواتە هەرکەس هەرشتێ لە مالی خۆی بدا بە هەرکەس لەڕاستیدا لە مالی خوا پێی ئەدا، وە هەر قەرزێکی دا لە مالی خوا ئەیداو کەچی خوا بۆیشی چەند قات ئەکات، کەواتە حەق وایە زۆر چاولەبەربێتو منەت بزانێ لەو هەژارە کەلە ڕێگای ئەوەوە دەست کەوتی گەورەی ئەبێ، ئەو شتە کەمە ئەدا بەو هەژارەو بە هۆی ئەوەوە خوا ئەو پاداشتە زۆرو فراوانەی ئەداتەوە... ئیسلام ئا بەو جۆرە ڕۆڵەی خۆی تێئەگەیەنێ و پێئەگەیەنێ بەجۆرێ زۆر بە خۆشی و سۆزی دەروونەوە شت ئەبەخشێ بەبێ منەت نانو کەشخەیەك، بەڵکو بە سۆزو دڵ بەو هەژارەو ئەوپەڕی چاولەبەریو مل کەچی بۆ خوای میهرەبانی،

﴿ قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ أَذًى ۗ وَٱللَّهُ غَنِىٌّ حَلِيمٌ ﴿٢٦٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُبْطِلُوا۟ صَدَقَٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ كَٱلَّذِى يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۖ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا ۖ لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَىْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٦٤﴾

بە گوێرەی ئەم دەستوورو ئادابە کە لەو ئایەتانەو لە چەند ئایەتی تردا پێنموونو ئامۆژگاری بەندە بڕوادارەکانی کردووە ئینجا ئەو منەت نانو دڵ ڕەنجاندنە ناشیرین ترو بێزار تر ئەکات کە ئەفەرموێ: ﴿قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ﴾ قسەیەکی خۆش لەگەڵ هەژارو داماوداو چاوپۆشی لە هەموو هەڵەو قسەیەکیان کە دڵ گران ئەبن پێی ﴿خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ أَذًى﴾ لەخێرو صەدەقەیەك چاکترە کە ئازارو دڵڕەنجاندنی بە دوادابێت، واتە بە قسەیەکی خۆش کە تیماری داخو زامی دەروونیان بکرێو هیچیان پێ نەدرێ، چاکترە لەوەی کە شتیان پێبدرێو بە قسەیان بە هەر جۆرە ئازارێ دڵیان بشکێ ﴿وَٱللَّهُ غَنِىٌّ﴾ خوا دەوڵەمەندەو لە خێرو چاکەی بەندەکانیو هیچ پێویستی نیە نەبە خۆیان نەبەخێرو چاکەیان، لەبەر بەرژەوەندی خۆیان فەرمانیان پیا ئەدات بە خێرو چاکە، یان خوا دەوڵەمەندە پەکی ئەو هەژارانە ناخات لەلایەکی ترەوە ڕۆزیان ئەدات، ﴿حَلِيمٌ﴾ لەسەر خۆو پەلەنەکەرە لە تۆڵە سەندندا، ئەگینا بەزوویی تۆڵەی ئەسەند لەوانەی کە منەت ئەنێو دڵی هەژاران ئەڕەنجێنن.

قورئان هەمیشە ناو بەناو سیفەتەکانو ناوی خوا ئەخاتە بەرچاوو ئەیدا بەگوێی بەندەکانی دا، بۆئەوەی پەندیان لێ وەرگرنو خۆیان بخەنە ژێر سایەی ئەو ناوو سیفەتانەو دڵو دەروونیان پاراوو ڕوون بکەنەوە پێیانو بە پێی ئەوانە ڕەفتار بکەن، لە پاش ئەو باسو پەندو تەمێیە، ئینجا ڕووی فەرموودە ئەکاتە بڕواداران بەوەی کە خێرو صەدەقەکانیان پووچ و بێبەر نەکەن، فەرمووی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی کەسانێ کە

بڕواتان هێناوە ﴿لَا تُبْطِلُوا۟ صَدَقَٰتِكُم﴾ خێرو صەدەقەکانتان پووچ و بێپاداشت مەکەن، ﴿بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ﴾ بە منەت نان و ئازار دانی دڵی هەژارەکان، ئینجا ئەو پووچ کردنەوە و بێپاداشتیە پوون ئەکاتەوە و لەو بارەوە کە ئەیکات بە وێنەی پووچ کردنەوەی ناپاکە پووپامایی کەرەکان کە بڕوایان نیە بە خواو بە پۆژی دوایی کە بێگومان کردەوەی چاکی ئەمانە بێبەرو پووچە بەڵای هەموو کەسەوە، ئەفەرموێ: ﴿كَٱلَّذِى يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ﴾ واتە: پووچ و بێپاداشتی مەکەن بە وێنەی پووچ کردنی کەسێک کە مالّی خۆی بەخت ئەکات لەبەر پیا و پووپامایی خەڵکی و هەر ئەوەی مەبەستە کە ببینرێ و مالّ ئەبەخشێتەوە، ﴿وَلَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ بڕوای بە خواو پۆژی دوایی نیە، تا بەخت کردن و بەخشینەکەی لەبەر پەزامەندی خوا بێ و بە هیوای پاداشت و پزگار بوون لەو پۆژەدا، ئینجا بە وێنەو چیرۆکێکی زۆر نایاب، پووچی و بێ خێرو بێری کردەوەی ئەو ناپاکە پووپامایی کەرە پۆشن ئەکاتەوە، ﴿فَمَثَلُهُۥ﴾ وێنەی ئەو ناپاکە هیچ خێرو سوودێکی لێ وەرناگیرێ ﴿كَمَثَلِ صَفْوَانٍ﴾ وەک وێنەی بەردێکی پەقی ساف وایە کە ﴿عَلَيْهِ تُرَابٌ﴾ خۆڵێکی کەمی بەسەرەوە بێت ﴿فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ﴾ ئینجا بارانێکی دڵۆپە گەورەی بە خوڕ لێی دابێ و خۆڵەکەی بە تەواوی شۆڕدەبێتەوە ﴿فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا﴾ تا کردبێتی بە بەردێکی سافی لوس پاک لە تۆزو خۆڵ، واتە هەرچۆنێ ئەو بارانە ئەو خۆڵە ئەبات و بە هیچ جۆرێ نیشانەو دروشمیشی ناهێڵێ، هەروەها ئەو ناپاکی و پووپامایەش هیچ جۆرە پاداشتێک ناهێڵێ بۆ خێرو مالّ بەخت کردنەکەیان و لە پۆژی دوایی دا هیچ دەستکەوتێکیان نابێ لێیەوە، وەکو ئەفەرموێ: ﴿لَا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَىْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا۟﴾ ئەوانە هیچ شتێکیان نایەتە دەست لەوەی کەلە جیهاندا کردوویانە و هیچ پاداشتێکی لێ وەرناگرن، ئینجا بۆ پوون کردنەوە و بەڵگە لەسەر ئەوەی کە گوترا ئەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ خوا ڕێنموونی گەلی بێبڕوا ناکات بۆ شتێ کە سوودو قازانجی هەبێ بۆیان، چونکە بڕوا مایەی هەموو چاکەیەکە، کە ئەوان بێبڕوا بوون نابێ ڕێیان بکەوێ لەهۆی بەختیاری و کامەرانی.

وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍۭ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَـَٔاتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٦٥﴾ أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ لَهُۥ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ لَهُۥ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَأَصَابَهُ ٱلْكِبَرُ وَلَهُۥ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَآءُ فَأَصَابَهَآ إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ

ئەم فەرموودەیە وا نیشان ئەدات کە منەت نانو دڵ ڕەنجاندنی هەژاران و داماوان و ڕووپامایی کردن، کردەوەو ڕەوشتی بێبڕوایە، کەواتە ئەبێ بڕوادار خۆی پاک و خاوێن ڕابگرێ لەو ڕەوشتانە، پاشان بەرامبەر ئەو وێنەو چیرۆکی پێشووە، وێنەو چیرۆکێکی نایاب و دڵڕفێن ئەهێنێ بۆ ئەو کەسانەی کە مالّی خۆیان لەبەر ڕەزامەندی خوا بەخت ئەکەن، ئەفەرموێ: ﴿وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمُ﴾ وێنەو نموونەی نایابی ئەو کەسانەی کە مالّی خۆیان بەخت ئەکەن، ﴿ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ﴾ لەبەر بەدوا گەڕانی ڕەزامەندی خوا و هەر بە نیازی ئەوە، ﴿وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ﴾ لەبەر دامەزراندن و ڕام کردنی بەشێك لە دڵ و دەروونی خۆیان لەسەر بڕواکەیان، واتە مالّ لە خۆشویستن دا هاوتای گیانە لەدەروونداً، کەواتە بەو بەخشینە بەشێکی دەروون دائەمەزرێ و ڕام ئەکرێ لەسەر بڕواو گوێڕایەڵی بۆ خوا، هەروەها بەخشینی زۆر لە دەروونداً، دەی کە ڕام کرا لەسەری ئیتر چاکەو عیبادەتەکانی تر ئاسانە بەلایەوە، یان مەبەست ئەوەیە ئەو دامەزراندن و ڕام کردنە لە دەروونی خۆیانەوە پەیدا ببێ و لە کانگای دڵیانەوە هەڵقوڵێ، هەرچۆن بێ وێنەی بەخت کردنی مالّ بەو جۆرو شێوەیە لە پاک و خاوێنی پیت و بەرهەمی زۆردا ﴿كَمَثَلِ جَنَّةٍۭ بِرَبْوَةٍ﴾ وەك وێنەی باخێکە کە بە تەپۆڵکەو بەرزیەکەوە بێ کە هەم هەواو هەم خۆر باش ئەیگرنەوەو دووریشە لە لافاو، بەهۆی ئەوەوە درختەکانی جوان و شیرین و پڕ بەرو پوختە تەرە، ئەو باخەکە ﴿أَصَابَهَا وَابِلٌ﴾ بارانی دڵۆپە گەورەو بێزمە لێی دابێ، ﴿فَـَٔاتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ﴾ بەرو میوەهاتی خۆی یدا بە

دوو یا چەند چەندانەی باخ و دەختی تر، ﴿فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ﴾ ئەگەر لێزمە بارانی دڵۆپە گەورە لێی نەدا نەرمە بارانی بەسە، چونکە جێگەو خاك و هەواکەی زۆر چاك و لەبارە، واتە مانّ بەخت کردنەکانی ئەوانە بە پیتەو چەند بەرامبەرە بەلای خواوەو هیچی لێ زایە نابێ، ئیتر با جیاوازی هەبێ بە پێی زیادە پاستی و لێبڕان بۆ خوا، وە بە پێی زۆری و بە نرخی ئەو مانّە بەخت کراوانە، ئینجا لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دەست کاریەکی بۆ بێداربوونەوەو وریا کردنەوە بەمەی کە ئەفەرموێ: ﴿وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ خوا بینا و ئاگایە بە هەر کردەوەیەك کە ئێوە ئەیکەن، کەواتە ئەبێ هەموو کەس ئاگای لە خۆی بێت کردەوە یەك بکات کە خوا پێی خۆشەو پێی رازیە، ئینجا ئەگەرێتەوە سەر منەت نێرو ئازاردەرەکانی دڵی هەژاران، یان ناپاك و ڕووپامایی کەرەکان، وێنەو چیرۆکێکی زۆر دڵ تەزێنیان بۆ ئەهێنێتەوە بە دووچاربوونی دوا ڕۆژێکی بەدبەختی و بەش بڕاوی و نائومێدی کە بەهیچ جۆر سەری لێ دەرنەکرێ و چارەسەرێکی دەست نەکەوێ: وێنەی پیاوێکی پیری منداڵ داری کە هەموو سەرو پاچکەو لاوازبن، ئەو پیاوە باخێکی خورما و تری کە ڕووبارو کانیاوی تیا بێتو هەموو بەرو میوەیەکی ببێت، ئینجا باو گێژەڵوکەیەك کە ئاگر یا گڕەیەکی هەبێ بدا لەو باخ و میوەهاتە هەمووی بسوتێنێ، جا بیربکەرەوەلەحاڵی ئەو کابرا داماوە کەچی بکات و بۆ کوێ بڕوا؟ ئەفەرموێ: ﴿أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ﴾ ئایا هیچ کام لە ئێوە ئاواتە خوازەو پێی خۆشە ﴿أَن تَكُونَ لَهُ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ﴾ کە باخ و بەهەشتێکی ببێ لە دار خورما و چەند جۆر تری کە ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ جۆگەو ڕووبارەکان بە ژێریاندا بڕۆن ﴿لَهُ فِيهَا مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ﴾ هەموو جۆرە میوەیەکی لە باخەکەدا هەبێ، ﴿وَأَصَابَهُ الْكِبَرُ﴾ لە کاتێکدا دووچاری پیری بووبێ و پەکی خستبێ ﴿وَلَهُ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَاءُ﴾ چەند منداڵێکی وردو بێ دەسەڵاتی ببێ کە نەتوانن نەخۆیان و نە باوکیان بەخێوبکەن، ئەو پیاوە منداڵ دارە باخێکی ئاوای ببێ کە چاوی تێبڕیوە بۆ ژیانی خۆی و منداڵە وردەکانی ﴿فَأَصَابَهَا إِعْصَارٌ﴾ گێژەڵوکەیەکی بەهێز لێیدا کە ﴿فِيهِ نَارٌ﴾ کە گڕەو گەرمیەکی بەهێزی تیا بێت

فَٱحۡتَرَقَتۡۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُمۡ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢٦٦﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِۖ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلۡخَبِيثَ مِنۡهُ تُنفِقُونَ وَلَسۡتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغۡمِضُواْ فِيهِۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ ﴿٢٦٧﴾ ٱلشَّيۡطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلۡفَقۡرَ وَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡفَحۡشَآءِۖ

﴿فَٱحۡتَرَقَتۡ﴾ بەهۆی ئەوەوە باخەکە بسوتێت، واتە ئەوکەسەی کە مالّی خۆی بەخت ئەکات و کردەوەی چاک ئەکات لە جیهاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بە ڕووپامایی بەهەر کردەوەیەکی تری خراپ کارێکی و وا ئەکات هیچ پاداشتی لە ڕۆژی دوایی دا نابێت، ئەو کەسە لەو ڕۆژە سەختەدا نائومێدو بەش بڕاوو مالّ وێران و سەرگەردان ئەبێ، بە وێنەی ئەو پیاوە پیرەکە لەم چیرۆکەدا باسی فەرموو، جا ئایا کێ پێی خۆشە ئاوای لێ بێت و ئەو تەنگی وتەنگەتاویە بەسەر خۆی بێنێ؟ ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ﴾ ئا بەو جۆرە ڕوون و ڕەوانە خوا ئایەتەکانی خۆی باس ئەکات و شتی هەست پێنەکراو لەوێنەو پۆشاکی هەست پێکراودا نیشان ئەدا ﴿لَكُمۡ﴾ بۆ ئێوە، ﴿لَعَلَّكُمۡ تَتَفَكَّرُونَ﴾ بەڵکو بیربکەنەوە لەو ئایەتانەو پەندو تەمێ وەرگرن و بەپێی داخوازی ئەو ئایەتانە ڕەفتاربکەن.

لە ئایەتەکانی پێشوودا تێی گەیاندن کە مالّ بەخت کردنێک لای خوا وەرئەگیرێ و جێ ئەگرێ کە هەر لەبەر ڕەزامەندی خوابێت و بەدڵێکی پاکەوە و بەبێ منەت نان و ئازاردانی دڵی هەژاران، دوای ئەوە لێرەوە ڕێنموونیمان ئەکات بەمەی کە ئەیدەن لەڕێی خوادا پاک و حەڵاڵ بێت و بەجۆرێکی چاک بێت نەک بێنرخ و نەویستە بێت، ئەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، ﴿أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ﴾ بەخت بکەن و بیدەن لەڕێی خوا دارایی چاک و بە نرخ کە بە کاروکاسپی پەیداتان کردووە، ﴿وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِۖ﴾ وە لەو بەرو بومە چاکەی کەلە زەوی دەرمان هێناوە بۆتان، ئیتر دانەوێلّە بێ یا بەرو میوە یا خەزێنەو کانی کۆن کە خوا دەری بخات بۆ یەکێ، بە کورتی ئەمە بانگ کردنێکی گشتیە لە

هەموو چەرخێکدا فەرمان ئەدا بە بەختکردنی بەشێ لە هەموو جۆرە سامانو دارایيەك، ئیتر مەبەست بەم بەختکردنە لێرەدا هەر زەکات دەرکردن بێت ـ وەك زۆربە لەسەر ئەوەن ـ یان مەبەست هەر واجبێکی ترو خێرو صەدەقەی سوننەتیش ـ وەك کۆمەڵێ لەسەر ئەوەن ـ بە هەر جۆرێ فەرمان ئەدا کە ئەوەی بەخت ئەکرێ ئەبێ لە باشو بەنرخەکان بێت، نەك بگەڕێ کام خراپەو بێنرخە ئەوە بدات، وەکو ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَيَمَّمُوا۟ ٱلْخَبِيثَ﴾ مەگەڕێن بەدوای کەڵەك و کەم نرخدا کە ﴿مِنْهُ تُنفِقُونَ﴾ لەوە بەخت بکەنو بیدەن لەڕێی خوادا، ﴿وَلَسْتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغْمِضُوا۟ فِيهِ﴾ لە کاتێکدا کە ئەگەر بدرێ بە خۆتان وەری ناگرن، مەگەر بەمەی چاوپۆشی بکەنو چاوی تیا بنوقێنن، واتە نابێ شتێ بدەن بە خواو شتێکی بۆ ڕچوا ببینن کەلای خۆتان بێزراوە، خۆتان وەری ناگرن بە چاوپۆشیو شەرمەوە نەبێ، ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ حَمِيدٌ﴾ بزانن کە خوا دەوڵەمەندەو پێویستی بە بەخت کردنی مالّی ئێوە نیە، بێ نیازو پێویستە بەو بێکەڵەو خراپەی کە ئێوە ئەیدەن لە ڕێی ئەودا، خوا شایانی سوپاس کردنە، کەواتە ئەبێ چاکترین شت بەخت بکرێ لەڕێی ئەودا، وەك میهرەبانە ئەگەر شتی چاك بدەن لە ڕێی دا بە ڕەزامەندیو خۆشیەوە لێتان وەرئەگرێو پادشتتان ئەداتەوە، بێگومان بەخت نەکردنی مالّ، یا گەڕان بە دوای شتی بێکەڵەو بێنرخدا بۆ بەخت کردن، ئەبێ لەبەر چەند هۆو پاڵپێوەنەرێکی ناڕەوا بێت کە دەروونی هەندێ کەس پێوەی دووچارە، وەك لاوازی بڕوا بەوەی کە لای خوایە، یا چاو برسێتیو مەترسی لاتیو هەژاری، جا لەبەرئەوە ئەوان قورئان ئەوەمان بۆ دەرئەخاتو تێمان ئەگەیەنێ کە شەتیان ئەو جۆرە شتانە ئەخاتە دڵەوە، ئەفەرموێ: ﴿ٱلشَّيْطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ﴾ شەیتان هەژاری ئەخاتە پێش چاوتانو ئەتان ترسێنێ پێی، ﴿وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ﴾ وە فەرمانتان پێئەداتو هانتان ئەدات بۆ شتی خراپو زۆر ناڕەوا کە یەکێ لەوانە ئەو چڕووکیو چاوبرسێتیو بەزەیی نەهاتنەوەیە کە بەرگریتان ئەکات لەخێرو چاکە، دووچاری حەرام خۆریتان ئەکات، بێجگە لەوانە هەر ترسان لە هەژاری بە هۆی بەخت کردنی مالّ لەڕێی خوادا شتێکی زۆر بەدو خراپە.

وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦٨﴾ يُؤْتِي ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢٦٩﴾ وَمَآ أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُهُۥ ۗ

شەیتان بەو جۆرە ئەتانترسێنێ لە بەخت کردنی مالّ لەڕێی خواداو هانتان ئەدات لە سەر کارو نیازی خراپو ناڕەوا ﴿وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ﴾ خوا بەڵێنی خۆش بوونتان پێئەدا لەلایەن خۆیەوە لە سەر ئەو بەخت کردنە، ﴿وَفَضْلًا﴾ بەڵێنی زیادە پۆزەیو جێپڕکردنەوە بە باشتر لەوەی کە بەختی ئەکەن، وەك لە حەدیسدا ئەفەرموێ: هەموو پۆژێ کە پۆژ ئەبێتەوە لە بەندەیانی خوا، دوو فریشتە لە ئاسمان دێنە خوارەوە، یەکێکیان ئەڵێ: ئەی خوایە ئەوەی کە مالّ بەخت ئەکات جێی پڕبکەرەوە، ئەوی تریان ئەڵێ: ئەی خوایە ئەوەی کە مالّ بەخت ناکاتو دەستی بەسەردا ئەگرێ مالّەکەی لەدەست بسێنەرەوەو تاپێی بکە. یان مەبەست بەو فەزڵە زیاد لەڵ خۆشبوونەکەیە کە پاداشتی زۆری پۆژی دوایی و شوێن پڕکردنەوەی ئەم جیهانەش ئەگرێتەوە، ﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ﴾ خوا بەهرەو بەخشینی زۆرو فراوانە ﴿عَلِيمٌ﴾ زانا و ئاگایە بەوەی کە بەختی ئەکەن، کەواتە پاداشتتان ئەداتەوە بەپێی کردەوەکەتان، ئاگایە بە هەر خەتەرەو خەیاڵێك کە بەدڵتاندا گوزەر ئەکات، کەواتە بەپێی نیازی خۆتانتان لەگەڵ ئەکات، بەهرەو بەخشینی خوا هەر بەوەوە ناوەستێتەوە، بەڵکو ﴿يُؤْتِي ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ ۚ﴾ ژیریی و لێزانی و کاردروستی ئەبەخشێ بە هەکەس کە خوا خۆی بیەوێ، دیارە ئەوەش بە شیاوو شایستەیە بەندەکەیە، ئەم وتە پیرۆزە ﴿ٱلْحِكْمَةَ﴾ لێرەدا بەزیاد لە(٢٩) جۆر تەفسیر کراوەتەوەو هەندێکیشیان لە یەکەوە نزیکن، ئەوەی کە لێرەدا کرا بە تەفسیری لەوانەیە هەمووی بگرێتەوەو بکرێ بە پاڵفتەو بەرهەمی هەمووی، ﴿وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ﴾ هەرکەس حیکمەتی پێبدرێ ﴿فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا ۗ﴾ بێگومان ئەو کەسە چاکەو پیتو فەڕی زۆری پێدراوە، بەڵێ بەڕاستی چاکەو بەهرەی گەورەو زۆری پێدراوە، چونکە هۆی بەختەوەری هەردوو جیهانی پێدراوە، ئەو کەسەی کە ئەو حیکمەتەی پێدرا

بێخراوەتە سەر ناوەڕاستی ڕێگە ڕاستەکەی خوا، بەبێ ئەم لاو ئەو لا، کەواتە خۆی دوور ئەگرێ لەکارو بەدو خراپو لەسنوور دەرناچێ، هەرشتێ کە ئەزانێ و ئەناسێ لە سنووری خۆی دا ئەیزانێ و ئەیتانسێ، چاوی دڵی ڕوونەو ڕێنموونی کراوەو چاک و خراپی بۆ جوێ کراوەتەوە، ﴿وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُوا الْأَلْبَابِ﴾ پەند وەرناگرێ و بیرناکاتەوە بێجگە لەوانەی کە خاوەنی ژیریی و پاک و خاوێنن.

پێش ئەوەی کە بچینە سەر ئایەتی داهاتوو بە جوانی ئەزانم ئاوڕێک بدەینەوە بۆلای ئەو مەبەستە گرنگەی کە ئەم ئایەتە نیشانی داین، لە چەند شوێنی تریشدا هەر دەست نیشانی بۆ ئەکات و سەرنج ڕائەکێشێ بۆی، ئەو مەبەستە گرنگەش ئەمەیە کە پێویستە لەسەر هەموو کەس بزانێ کە تەنها دوو ڕێگەمان لەبەردا هەیە:

١- ڕێگەی خوا.

٢- ڕێگەی شەیتان.

یا ئەبێ گوێبگیرێ بۆ بەڵێنی خوا یا بۆ هی شەیتان، هەرکەس نەکەوێتە سەر ڕێگەی خواو ئەو کەسە کەوتۆتە سەر ڕێگەی شەیتان و شوێنی بەڵێنی ئەو کەوتووە، هیچ بەرنامەیەک نیە بۆ مرۆڤ بێجگە لەو بەرنامەی کە خوا بۆی داناوە، کە هەر تەنها ئەویش ڕاستە، بێجگە لەو بەرنامەی خوا ئیتر هەمووی بەرنامەی شەیتانەو لەلایەن شەیتانەوە، شتەکە بەو جۆرە ڕۆشن و ڕەوانەو هیچ پەردەیەکی بەسەرەوە نیەو هیچ کەس هیچ بڕو بیانوویەکی بە دەستەوە نیە، ئینجا هەرکەس کام ڕێگەو بەرنامە هەڵئەبژێرێ، خۆی ئازادەو ئەتوانێ، ئینجا بە شێوەی گشتی باسی بەخشین و ماڵ بەخت کردن ئەکات ئیتر چ لەچاکەدا یا خراپە، بە هەر نیازێ بکرێ، دڵنیایی ئەکات لەسەر ئاگاداری خوا پێی، دیارە ئەو کاتە بەپێی جۆری کردەوەو نیازی بەندە پاداشت و تۆڵە ئەبێ، ئەفەرموێ: ﴿وَمَا أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ﴾ هەر شتێکتان بەخت کردبێ و دابێتتان زۆر بێ یا کەم، بەئاشکرا بووبێ یا بە نهێنی، بە جۆرێ بووبێ کە خوا پێی پازیە یان نە ﴿أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ﴾ یا هەر نەزرو بڕیارێکتان دابێ لەسەر خۆتان، ئیتر بە ماڵ یان بە کردەوە، لەخێرو چاکەدا بێت یا شەڕو خراپە، ﴿فَإِنَّ اللَّهَ

﴿يَعْلَمُهُ﴾ ئەوە خوا ئەیزانێ، واتە تۆڵەو پاداشتتان بە پێی کردەوەتان ئەبێ. ئەزر بە دوو جۆرە:

١- بڕیاردانو گرتنە ئەستۆی شتێکی شەرعیە لەبەر مەبەستێکی شەرعی، وەک بڕیاردانی خێرو عیبادەتێک لەبەر خوا یا لەبەرئەوەی خوا مەبەستێکی شەرعی بۆ بەجێ بێنێ، وەک بڵێ ئەگەر خوا نەخۆشەکەی ڕزگار کردم نەزربێت لەسەرم ئەوەندە ڕۆژو بگرم یا حەیوانێک سەربڕم بیدەم لە ڕێی خوادا، ئەم جۆرە نەزرە بە بڕیاری هەموو زانایانی ئیسلام پێوستە بەجێ بهێنرێ.

٢- بڕیاردانو گرتنە ئەستۆی شتێکی ناشەرعی، وەک نەزر بکات لەسەر خۆی بۆ نەکردنی گوناهێک، یا شتێکی شەرعی بگرێتە ئەستۆ بۆ مەبەستێکی گوناهو ناشەرعی وەک بڵێ: ئەگەر قسەم لەگەڵ فلانەکەسدا کرد ئەوەندە پارەو مالّ نەزربێ لەسەرم بیدەم بە هەژاران، ئەم جۆرەیان ئەبێ گوناهەکە نەکرێو بەڵام کەفارەتی سوێندی لەسەرە بەو جۆرەی کەلە ئایەتی کەفارەتی سووندا داینراوە، جۆرێکی تر لە نەزر هەیە نەخێرەو نەگوناە، وەک یەکێک نەزر بکات لەسەر خۆی نەخواردنی شتی حەڵاڵ، بۆ ئەمە چاک وایە هەر لەسەر نەزرەکەی بڕوات، چونکە شکاندنی عەزمو ئیرادە جوان نیە، بەڵام ئەگەر نەزرەکەی بشکێنێ و شتە حەڵاڵەکە بخوات، ئەبێ ئەمیش کەفارەتی سوێندێک بدات، خوای میهرەبان ئاگاداری کردین بە ئاگاداری خۆی بەسەر هەموو بەخشینو نەزرێکمان، بێگومان هەست کردنی ئێمە بەوەی کە هەمیشە ئێمە بە خۆمانو کردەوەو نیازەکانمانەوە واین بە بەرچاوی قودرەتی خواوە، هەست کردنی بڕوادار بەوە ئێجگار بە کەڵکو پڕ سوودە، سام ترس لە دەروونداو دروست ئەکات بەجۆرێ کە ڕووپامایی و ئارەزووی خۆ دەرخستنی لێ دوور ئەخاتەوە، هەروەها چەکلیو چرووکیو مەترسی لە هەژاریو بێنەواییە کە شەیتان ئەیترسێنێ لێی، ئینجا دڵ ئارامو دڵشادە بەو پاداشتەی کە خوا بەڵێنی پێداوە بە چاکەکەران، هەست بەڕەزامەندیو ڕاحەتی دڵی ئەکات کاتێ کە بە فەرمانەکە هەڵساو نەزرەکەی بەجێهێنا، چونکە ئەزانێ خوا چاوی قودرەتی لێیەتیو پێی خۆشە بەندەکانی گوێڕایەڵ بن بۆ فەرمانەکەی.

وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٢٧٠﴾ إِن تُبْدُوا الصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِيَ ۖ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا
الْفُقَرَاءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۚ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّئَاتِكُمْ ۗ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٢٧١﴾

ئەو کەسەی کە لەبەر خواو بەو هەستەوە مالّبەخت ئەکات بەو جۆرە دڵئارامو دڵخۆشە، ئەو کەسەی کە بەو جۆرە نیە سپڵەیە بەرامبەر چاکەو بەهرەی خوا کە پشتوویەتی بەسەری دا، بەزەیی نیە دەربارەی بەندەکانی خوا، ئەو کەسە تاوانبارو ستەمکارە، ﴿وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ﴾ ستەمکاران هیچ جۆرە یارمەتی دەرێکیان نیە.

خێرو چاکەو صەدەقەی سوننەت شاردنەوەو دەرنەخستنی چاکترەو خۆشەویست ترە بە لای خواوە، چونکە دوور ترە لە پرووپامایی و نیازی خۆدەرخستن، بۆ دڵی هەژارەکەش ئەوە چاکە چونکە ڕێزی تیایە بۆی، بەڵام ئەگەر فەرز بن ئەو حەلە دەرخستنی چکترە، چونکە دەرخستنەکەی جارِ دانە بە مل کەچی و گوێڕایەڵی خوا، ئەو جارِدانو دەربڕینەش پێویستەو شتێکی چاکە، دووریشی ئەخاتەوە لەوەی کە موسڵمانان بەدگومان بن لێی و وا بزانن کە فەرزی خوا بەجێ ناهێنێ، بێجگە لەوە بەو دەربڕینە ئەبێ بە سەرمەشقو خەڵکی تریش چاوی لێ ئەکەن، بەڵام بە مەرجێک کە شەیتان نەیخەڵەتێنێ و پرووپامایی پێ نەکات، جا ڕەنگە ئەم ئایەتی داهاتووە دەست نیشان بێت بەم دوو جۆرە خێرو صەدەقەیە، واتە دەربڕاوەکە بڕین بەسەر فەرزدا، وە شاراوەکە بەسەر سوننەتدا، ئەفەرموێ: ﴿إِن تُبْدُوا الصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِيَ﴾ ئەگەر خێرەکانتان دەرئەخەن و بە ئاشکرا ئەیدەن ئەوا ئەو دەرخستنە کارێکە چاکە، ﴿وَإِن تُخْفُوهَا﴾ ئەگەر ئەیشارنەوە ﴿وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاءَ﴾ بەدزیەوە ئەیدەن بە هەژاران ﴿فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ ئەوە چاکترە بۆتان، وەک لە پێشەوە هۆی چاکی دەرخستن و چاکتریی شاردنەوەمان باس کرد، هەڵئەگرێ ــ وەک دیمەنەکەش وا نیشان ئەدات ــ کە مەبەست لەسەر هەردوو بارەکە هەریەک جۆربێت، واتە هەر سوننەتی لێ بگیرێ، وەک زۆربەو جەماوەری زانایانی تەفسیر ئەفەرموون، یان هەر مەبەست فەرزبێت، یان بە شێوەی گشتی بگیرێ وەک ڕای هەندێ لە زانایانی لەسەرە، بە پێی هەرکام لەم سێ ڕایە ئایەتەکە بۆ ئەمەیە کە شاردنەوە چکترە لە دەرخستن، بەهەر جۆرو هەرباربێ خێرو صەدەقە ئەم بەرهەمە گرنگەشی هەیە ئەفەرموێ: ﴿وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّئَاتِكُمْ﴾ خوا بە خێرو صەدەقەکانتان

هەندێ لە گوناهەکانتان لەسەر ئەسڕێتەوە، خێرو صەدەقە بە وێنەی تەوبە نیە کە ئەگەر کرا هەموو گوناهەکان بسڕێتەوە، بەڵکو ئەم هێندەلا ئەسڕێتەوە، ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ﴾ خوا ئاگای لە هەموو ئەو شتانەیە کە ئەیکەن، دووبارە بەم فەرموودەیە هێزی لە خوا ترسی و خۆپارێزی ئەخاتە کار، ئارامو هیواو چوەڕوانی لە دەروون دا تازە ئەکاتەوە، پێویستە بیربکەینەوەو ئاوڕێ بدەینەوە لەم هەموو ئامۆژگاریە دوورو درێژەی کە خوای پەروەردگار ئاڕاستەی کردین بەو هەموو شێوە نایابە سەیارەت بە مالّ بەختکردنو بەخشینی، بەو بیرکردنەوەدا دوو شتمان بۆ دەرئەکەوێ:

یەکەم: چاوتێڕی ئیسلامو بینایی بە سروشتو دەروونی مرۆڤ کە ئەزانێ مرۆڤ بە سروشت چەند مالّو دارایی خۆش ئەوێو سوورە لەسەری، وە پێویستی بە هاندانێکی هەمیشەیی هەیەو هێنانە سۆزو پەرۆشی دڵ تا زاڵبێت بەسەر ئەو چرووکیو چاوچنۆکیەدا، وە بەرەڵابێ لە کۆتو زنجیری ئەو خۆشویستنە بە تینەی کە تێکەڵی سروشتی بووە، بە هۆی ئەوەوە بەرزبێتەوە بۆ ئەو ڕادە بەرزو بەڕێزەی کە خوا پێی خۆشە بۆ بەندەکانی.

دووەم: ئەو هەموو هەوڵو تێکۆشانەی کە قورئان پێی هەڵسا تا ئەو گۆڕانە زۆر گرنگەی هێنا بەسەر ئەو یەکەم گەلەدا کە زۆر بەناوبانگ بوون بە میوانداریو دەست گوشادیو بەخشینی فراوانە، بەڵام هەموو ئەوانەیان ئەکرد لەبەر ریاو ناوو شۆرەتو باس کردنیان لەناو خەڵکی دا، جا ئیسلام توانی دەستو دڵگوشاد تریان بکات، لە کاتێکدا دڵو دەروونی پاك کردنەوە لەو هەموو نیازە بێ نرخانەو ڕووتی کردنەوە لە هەموو نیازو مەبەستێ بێجگە لە نیازی خواو بەدوا گەڕانی ڕەزامەندی خوادا، ڕووی دڵی وەرگێڕان لە هەر لایەکی ترو تەنها ڕووی کردنە خوا، هیچ هیواو چاوەڕوانیەکی تیا نەهێشتن، بێجگە لە هیواو چاوەڕوانی پاداشتی خوا.

ئینجا ڕووی فەرموودەکەی لە بڕواداران لانەداو وەری ئەگێڕێ بە تێهەڵکێش بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) لەبەر ڕوون کردنەوەو دامەزراندنی چەند یاساو بیروباوەڕی ئیسلامی کە زۆر بەکارن لەڕاست کردنەوەی بۆچوونی خەڵك لەسەر بنەڕەتە ئیسلامیەکە، وەلە ڕۆشتنی لەسەر ڕێگەو ڕێبازە ڕاستەکەی ئیسلام.

﴿ لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ ۗ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ فَلِأَنفُسِكُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ ٱللَّهِ ۚ

(ئیبن و ئەبی حاتەم) لە(ئیبن و عەباس)ەوە حەدیسێ ئەهێنێ: کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێدایین خێرو صەدەقە هەر موسڵمانان بکەین، هەروەها(ئیبن و جەریر) ئەفەرموێ: چەند کەسێك لە موسڵمانی مەدینەیی کە خزمایەتی و ژن خوازیان لەگەڵ بت پەرستەکان هەبوو، خۆیان ئەپاراست لەوەی خێربکەن پێیان، لەسەر ئەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە و فەرمووی بە پێغەمبەر: ﴿لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ﴾ لەسەر تۆ پێویست نیە موسڵمان کردن پێنموونی کردنی بێبڕواکان ﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ﴾ بەڵکو خوا پێنموونی هەرکەس ئەکات خوا خۆی بیەوێ، خوا بڕواداری ئەکات و ئەیخاتە سەر ڕێگەی ڕاست، واتە کاری خەڵك لەبارەی بڕوا هێنانەوە هەر بە دەست خوایە و بەدەست هیچ کەسێکی تر نیە، بۆ ئەی پێغەمبەر هەر ڕاگەیاندن و ڕێ نیشاندانت لەسەرە، کەواتە با جڵەوگیری نەکرێ لە خێر پێکردنی بێبڕواکان، دوای ئەوە پێغەمبەر فەرمانی دا بە خێرکردن پێیان.

پێویستە لەسەر هەموو کەس بڕوای ببێ کە بڕوا هێنانی دڵ و گومڕا بوونی بەدەست خوایە و بەس، تانانەت پێغەمبەریش دەسەڵاتی نیە بەسەر ئەوەدا، دڵەکان دەستکردی خوان، کەواتە دەستکاری کردن و کردنەوە و داخستنیان هەر بەدەست خوایە، ئینجا جێگیر بوونی ئەم بڕوایە لەدڵدا هەرچۆنی خۆی لە خۆی دا بۆچوون و بیروباوەڕێکی ئیسلامیە و ئەبێ ببێ، هەروەها بۆ موسڵمان زۆر بە کەڵکە بۆ ئەوەی داوای پێنموونی خستنە سەر ڕێ هەر لە خوا بکات و چاوەڕوانی ئەوە هەر لە خوا بکات، ئینجا بە تایبەتی زۆر بە کەڵکە کە بانگی خەڵك ئەکەن بۆ ڕێی خوا، چونکە بەهۆی بۆچوون و خۆیان بۆ ئەگیرێ بەرامبەر لاری و سەرکێشی بێبڕوایان، دڵتەنگ و بێئارام نابن پێیان، بەڵکو بەزەییان دێتەوە بەوانەدا، چاوەڕوانی ئەکەن کە خوا دڵیان بکاتەوە بۆ بڕوا هێنان و ڕزگار بوونیان لەبێبڕوایی، ئینجا لەمەوە چاو بەرزئەکەینەوە و ئاگادار ئەبین بەسەر ئەو ئاسۆ بەرزانەی کە ئیسلام ئەیەوێ

موسڵمانانی بۆ بەرز بکاتەوەو پارمیان بکات لەسەر ئەو سنگ فراوانی و چاو پۆشیەکەس نەدیوە کە هەر لە دەست ئیسلام دێت لەگەڵ دوژمنی دا بەکاری بێنێ، چ جای دۆست.

ئیسلام هەر بەمەوە نەوەستا کە بە زۆر کەس موسڵمان ناکات، بەڵکو زیاد لەوە بڕیاری دا کە دەستی کۆمەکی و یارمەتی درێژبکرێ بۆبێبڕواکانیش، پەیوەندی مرۆڤایەتی خستەکار، ئەگەر شەڕکەرو شەڕ فرۆش نەبن بە موسڵمانان، وەك بەبێ جیاکردنەوە لە ئایەتی پێشوودا فەرمووی: ﴿وَتُؤْتُوهَا ٱلْفُقَرَآءَ﴾، لێرەشدا هانی موسڵمانان ئەدات لەسەر مانڵ بەخشین و بەخت کردن بەسەر هەژاراندا بە شێوەی گشتی و بەبێ جیاکردنەوەی هیچ کەس و تاقمێك، بەڵێنیان پێئەدات بە پاداشتی تێرو تەواو، ئەفەرموێ: ﴿وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ فَلِأَنفُسِكُمْ﴾ ئەگەر هەر شتێ لەدارایی بەخت بکەن و بیدەن بە هەژاران و ئەوانەی پێویستیانە، ئەوە بۆ خۆتانی ئەکەن، چونکە سوودو پاداشتی ئەو بەخت کردنە لە هەردوو دنیادا هەر بۆ خۆتان ئەگەڕێتەوە، لە دنیادا هەژاران ئەبن بە دۆستیان و بەرگرییان لێ ئەکەن، نەك هێرشیان ببەنە سەرو تاڵانیان بکەن، وەك لە وڵاتە غەیرە ئیسلامیەکاندا شتی وا زۆر ڕووی داوە، چونکە دەوڵەمەندو سەرمایەدارەکانیان بێ بەزەیین و دەست نادرنەوە لەلات و هەژاران، لەو دنیاش دیارە پاداشتی بەخت کردنەکەیان بۆ خۆیان ئەگەڕێتەوە، کەواتە با بڕواداران شتی بەکەڵك و بە نرخ بدەن لە ڕێێ خوادا، ئەوەی کە ئەیدەن بە تاڵی نەکەنەوە بە منەت نان و ئازاردانی دڵی خەڵك، وە بەپاکی بیدەن و هەر لەبەر ڕەزای خوا بێت، نەك بە ڕیا و ڕووپامایی هەر مەبەستێکی تر کە ئەبێ پیشەی بڕوادار هەر بەو جۆرە بێت کە ئەفەرموێ: ﴿وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ ٱللَّهِ﴾ ئێوە هیچ بەخت ناکەن لەبەر هیچ شتێ مەگەر لەبەر داواکردن و ڕێزو ڕەزامەندی خوا، بەڵێ بڕوادار ئەبێ هیچ مەبەستێکی نەبێ بێجگە لە ڕەزامەندی خوا، نابێ شت ببەخشێ و لا بکاتەوە بەلای خەڵکدا بزانێ چی ئەلێن! نابێ بیدا لەبەرئەوەی سواری ملی خەڵك ببێ و بیانکا بە ژێر باری خۆی! نابێ لەبەرئەوە کە ڕێز پەیدا بکات لای دەسەڵات داران و لەناو خەڵکدا! کەواتە گوێیان لە هیچ کام لەو مەبەستانە نیە،

وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٢﴾ لِلْفُقَرَآءِ ٱلَّذِينَ أُحْصِرُوا۟
فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِى ٱلْأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ ٱلْجَاهِلُ أَغْنِيَآءَ
مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَٰهُمْ لَا يَسْـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلْحَافًا

بەڵکو دڵیان بەمە خۆشە کە ئەفەرموێ: ﴿وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ﴾ هەر شتێ لەدارایی بەخت بکەن ـ واتە: هەر لەبەر ڕەزامەندی خوا ـ ﴿يُوَفَّ إِلَيْكُمْ﴾ پاداشتەکەی ئەدرێ پێتان، ﴿وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ﴾ لە کاتێکدا کە هیچ ستەمیان لێ ناکرێ، واتە هیچ کەمو کوڕی ناکرێ لە بەڵێنو پاداشتیاندا، بەو جۆرەی بەڵێنتان پێدراوە ڕەفتارتان لەگەڵ ئەکرێ کە لای خواری پاداشتی چاکە یەک بە دەیە، وەک باس کراوەو زانراوە، ئینجا بە تایبەتی هان ئەدا لەسەر بەخت کردنی مال بۆ تاقمێک کە چەند سیفەتو نیشانەیەکیان بۆ باس ئەکات، ئەو سیفەتو نیشانانە لە یەکەم جارەوە دەقو سەرو بەر بوون بۆ تاقمێک لە یارانی کۆچ کەران کە هەموو مالو دارایی خۆیان بەجێهێشتبوو لە مەککەو بە سەلامەتە زەلامی هاتن بۆ مەدینەو ئینجا لەوێ لێ بڕانو خۆیان یەک بار کرد بۆ تێکۆشان لە ڕێی خوادا، خۆیان بەندکرد بە دیاری پێغەمبەر(ﷺ)و مالەکانیەوە بۆ پاسەوانی، ئەوانە(٤٠٠) کەس بوون بە کۆچ کەران بێمالو خێزان بوون لە مەدینەدا پێیان ئەوترا:(اهل الصفة)،(صفة) بەشێک بوو لە مزگەوتەکەی پێغەمبەر(ﷺ) بڕ درا بوو سەری گیرا بوو، ئەو کۆمەڵە لەوێدا بوونو هەمیشە بۆ ئیسلام بڕاوبوون، بەهۆی ئەوەی کە هیچ کارو بازرگانیان پێ نەئەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا داوای هیچیان لە کەس نەئەکرد ئەوەی نەشارەزا بوایە بەبێ پێویستو دەوڵەمەندی ئەزانین، ئەفەرموێ: ﴿لِلْفُقَرَآءِ﴾ نیازی ئەو هەژارانە بکەنو ئەوەی کە ئەیدەن لەڕێی خوادا بۆ ئەوانە شایستە تر کە بەم جۆرەنو باس ئەکرێن.

١- ﴿ٱلَّذِينَ أُحْصِرُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ ئەوانەی کە بەندکراون لە ڕێی خوادا، بەمەی کە بە تەواوی لێبڕاونو خۆیان یەکبار کردووە بۆ خزمەتی ئیسلام.

٢- ﴿لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ناتوانن گەڕانو هاتو چۆ بکەن بە وڵاتدا بۆ کارو کاسپیو پۆزی پەیدا کردن، واتە بەهۆی خەریک بوونو دەست گیرانیان

بەکاروباری ئیسلامەوە، هیچ پەرۆشیان نیە بۆ پەیداکردنی هۆی ژیان و گوزەران، ئەوکاتە پێویستە بژیەنرێن لە لایەن موسڵمانانەوە بەو مااڵو سامانەی گشتی کەلە شەرعدا پێی ئەگوترێ(بیت المال) ئەگەربوو، وە بە ماڵی تایبەتی دەوڵەمەندان، ئەگەر(بیت المال) نەبوو، بێگومان خەریك بوون و دەستگیران بە زانین و زانیاری و کاروباری لەشکری ئیسلامەوە بەشێکە لەو خزمەتە ئیسلامیانە، کەواتە ئەو هەژارانەی پێیانەوە خەریکن پێویستە بژیەنرێن.

٣- ﴿يَحْسَبُهُمُ ٱلْجَاهِلُ﴾ نەزانی بێئاگا لە حاڵیان لای وایە ئەوانە ﴿أَغْنِيَآءَ﴾ دەوڵەمەندن، ئەوەش ﴿مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ﴾ لەبەر زۆر پاکی و نیازی خۆیانە کە ناکروزێنەوە و خۆیان بە هەژار نیشان نادەن و هەر چاوەڕوانی خوان.

٤- ﴿تَعْرِفُهُم بِسِيمَٰهُمْ﴾ ئەی پێغەمبەر(یا هەرکەس) کە سەرنجیان بدەیت ئەیان ناسی و ئەزانی کە هەژارو بێ نەوان بە ڕوخساریاندا کە لاوازو زەردو تێکچوون، واتە لەبەرئەوەی کە خۆیان بەبێ نیازو پێویست نیشان ئەدەن کەس بەحاڵیان نازانێ مەگەر کەسێکی ژیر ئەویش بە دروشم و شێوەیەکەیان دا، یان مەبەست ئەوەیە، وەك ئیمامی ڕازی ئەفەرموێ: ئەوانە کە بەڕاستی لێ بڕوان و خۆیان داڕنیوە لە هەموو شتێ لەبەر خوا، خوا سام و هەیبەت و زەڕەشیرینیەکی پێداون هەرکەس سەرنجیان بدا ئەیان ناسێ و جیایان ئەکاتەوە و شەرمیان لێ ئەکات.

٥- ﴿لَا يَسْـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلْحَافًا﴾ داوا ناکەن لە خەڵکی بە زۆر پێهێنان و واز نەهێنان، وەك ئەوە باوە لەناو سواڵکەراندا، واتە ئەوانە هەرچەند زۆر هەژارو داماون، بەاڵم دوورن لەو باوەڕناڕەواو بەهیچ جۆر داوا ناکەن نە بە خواهیش و خۆشی، وە نە بەزۆرو تەنگەتاو کردن، کەواتە مەبەست لەم ڕستەیە وەسفی ئەوانەیە و تەشەر دانە لەوانەی کە سوالکردن پیشەیانە، ئەم ڕستەیەوەك ئەو چوارمکەی پێشوو هەرچەند لە یەکەم لە یەکەم جارەوە هاتە خوار دەربارەی ئەو کۆمەڵە بەختیارەی(صفة) بەاڵم دەقی ئایەتەکە گشتیە و هەر کەسێك و هەر تاقمێکی تر وەك ئەوان وابێ بەشدارە لە وێنەی بەهرەو پاداشتی ئەواندا.

وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ﴿٢٧٣﴾ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُم بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ سِرًّا وَعَلَانِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٢٧٤﴾

ئەو کۆمەڵە بەڕێزانە کە پێویستی و هەژاری خۆیان ئەشارنەوە و پێیان ناخۆشە جگە لە خوا کەس پێیان بزانێ پێویستە هەر شتێکیان کە پێبدرێ بە نهێنێ و بە نەرم و ناسکی بیاندڕێتێ، تا ڕێزتان نەشکێ و دەروونیان برینـدا نـەبێ، وەک لـەم فەرموودەیەشـەوە وەرئـەگیرێ: ﴿وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ﴾ هـەر شـتێك لـەماڵ و دارایـی کـە ئەیـدەن بێگومـان خـوا پێـی ئاگـادارە و ئـەزانێ نیازتـان چـیە و لەبەرچـی ئەیـدەن، ئینجـا لێـرەدا دەستووری خێرو صەدەقە دوایی ئەهێنێ بە دەقێکی گشتی کە هەموو ڕێگە و کاتەکانی ماڵ بەخت کردن ئەگرێتەوە، بە بڕیارێکی گشتی کە هـەموو ئەوانە ئەگرێتـەوە کەلەبـەر خـوا و لـە ڕێی خوادا ماڵ بەخت ئەکەن، ئەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُم﴾ ئەوانەی کە ماڵ بەخت ئەکەن لە ڕێی خوادا ﴿بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ﴾ بەشەوو بەڕۆژ، واتە هەمیشە ناوەستن لە هەرکاتێکدا دەستیان پیا گەیشت، ﴿سِرًّا وَعَلَانِيَةً﴾ بەنهێنی و بەئاشکرا، واتە لـە هـەر حاڵێکدا بۆیان ڕێکەوت، لە پێشخستنی شەوو نهێنی لەسەر ڕۆژو ئاشکرا، وا وەرئەگیرێ کە خێرو چاکەی نهێنـی چـاکترە لـە هینـی ئاشـکرا، وەک لـە پێـشەوە بەدرێـژی باسمـان کـرد لـە تەفـسیری ئایەتی(٢٧١)دا، ﴿فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ بۆیان هەیە پاداشتی خۆیان لای پـەروەردگاریان، ئەم پاداشتەی نەبڕیوە بەسەر بارو جۆرێکدا، بۆ هـەرکامو بۆ هـەموو دەسـت ئـەدات، پیـت و فەڕ خستنە ماڵ ـ پیت و فەڕی تەمەن ـ پاداشت دانـەوەی ڕۆژی دوایـی ـ ڕەزامەندی خـوا ـ ﴿وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾ هـیچ مەترسیـەکیان لەسـەر نیـە، مەترسـی لـە هـەر ترس و بیم لێکراوێك، ﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ بەهیچ غەمدەرێك غەمبار نابن، لەم دنیا و لەو دنیاشدا.

لـەپاش ئـەم هـەموو هانـدان و داواکردنـی کۆمـەکی و دەسـت دەڕینـەوە، ئینجـا پێویـستە بزانـرێ کـە ئیـسلام پـشتی نەبەسـتووە بـەوەو ژیـانی خـەڵکی لەسـەر ئـەوە ڕاگیـر نـەکردووە، بەڵکو ئەوەی کە دایناوێ بە شتێکی سەرەکی پێکهێنانی کارو کردەوەو ڕۆزیـە بۆ هـەموو تواناو دەسـەڵاتدارێك، زۆرکردنی سامان و دابەشکردنی لەسەر دادو ڕاستی، بەڵێ ئەو خێرو چـ ـەقەشی داناوە بۆ چارەسـەر کردنـی هەندێ حاڵەت و بەسـەر هاتی تایبـەتی، ئیتر ئـەو

خێرو صەدەقەیە بە شێوەی فەرزو پێویست کردبێت، وەك زەکات کە دەوڵەتی موسڵمان کۆی ئەکاتەوە و بەو شێوەی کە دیاریی کراوە دابەشی ئەکات و ئەیگەیەنێ بە جێگەی خۆی، یان بە شێوەی خۆشی و ئارەزووی بڕوادار کە هەڵئەسێ پێی بە هیواو چاوەڕوانی پەزای خواو پاداشتی پۆژی دوایی، ئیتر ئەندازە بۆ ئەمە دیاریی نەکراوە، بەس ئەبێ لەبەر خوابێ و بە بێ منەت نان و ئازاردانی دڵ و پووپامایی، وەرگرییش داخوازو داواکەر نەبێ و خەڵك تەنگە تاو نەکات، بەم جۆرە بێت کە لەم چەند حەیسەدا باس کراوە!(ئیمامی بوخاری) حەدیسێ ئەهێنێ لە(ئەبو هورەیرە)ەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: هەژار ئەو کەسە نیە کە داوا ئەکات و دەنکێ یا دوو دەنك خورما، تیکەیە یا دوو تیکە ئەیگێڕێتەوە و واز ئەهێنێ، هەژار هەر کەسێکە کە زۆر پاکەو خوازتۆك نیەو زۆر ناهێنێ بۆ خەڵك، ئینجا فەرمووی: ئەگەر حەز ئەکەن ئەو فەرموودەیە بخوێننەوە ﴿لَا يَسْـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلْحَافًا﴾...(ئیمامی ئەحمەد) حەدیسێ لە پیاوێکی(مدینة) ئەهێنێ کە دایکی پێی ئەڵێ: ئایا ناچیت داوای شت بکەیت لە پێغەمبەر(ﷺ)، وەك ئەو خەڵکە! ئەڵێ منیش پۆشتم داوای لێ بکەم، سەرنجم دا بە پێوە وەستاوەو خوتبە ئەداو ئەفەرموێ: هەرکەس خۆی بە پاکی پاگرێ و سوالْ و خوازتۆکی نەکات خوا پاك و خاوێنی ئەکات، وە هەرکەس خۆی بەبێ پێویست و بە دەوڵەمەند دانێ خوا بێ پێویست و دەوڵەمەندی ئەکات...، بەهۆی ئەو فەرموودەیەوە گەڕامەوە و داوای هیچم لێ نەکرد،(طبراني) هەوالّێ ئەهێنێ لە(ابن سيرين)ەوە کە پیاوێکی قوڕەیشی بەناوی(حارث) لەشام ئەبێ هەوالّی پێ ئەدەن کە(ئەبو زەر) بێ دەست و دەست تەنگە، ئەویش سێ سەد دیناری بۆ ئەنێرێ، ئینجا(ئەبو زەر) ئەفەرموێ: ئەو بەندەی خوا، واتە(حارث) هیچ کەسێکی دەست نەکەوتووە کە سووك و بێ نرخ تربێت لە من بەو لاوە. من لە پێغەمبەرم بیستووە ئەیفەرموو: هەرکەس چل درهەمی ببێ و داوا بکات ئەو کەسە زۆر خەڵکی دێنێ، واتەبەری ئەو کەسانە ئەکەوێ کە قورئان تەشەریان لێ ئەدا، دەی خێزانی(ئەبو زەر) چل درهەمیان هەیە...هتد.

ئیسلام پڕێمێکی تێرو تەواوە و هەموو بەش و پارچەو بەندەکانی تەواوکەی یەکترن و بە هەموویەوە ئیسلام پێك دێ، نابێ بەش بەش و پارچە پارچە وەرگیرێ، گەلە تاقانەو بێ وێنەکەی خۆی داهێناو بەو شێوەیە پێی گەیاند، بەجۆرێ کە مرۆڤایەتی وێنەی ئەوەی لە جیهاندا بە خۆیەوە نەدیوە.

لەم چەند ئایەتانەی ڕابردوودا باسی خێرو صەدەقەو ماڵ بەخت کردنی کرد بەو هەموو جۆرو شێوە نایابەی کە باسکرا، ئینجا بەرامبەر بەو شێوەو ڕووە شیرینەی ئەوە، شێوەو ڕووی ناشیرینو تاڵو ڕەشی سوود خۆری دەرئەخات کە هەر سەرنج دانو بیرلێکردنەوەی شایستەیە بۆ ئەوەی خەڵکی لێ بتارێو ڕووی لێ وەرگێڕێ، بەڵێ بەڕاستیو خاوێنیە، کۆمەکیو قوڵگیریە، سوود خۆری پیسیو چەپەڵیە، خۆناسیو خۆپەرستیە، خێرو صەدەقە، واز هێنانو دەست نانە بە ماڵو داراییەوە بە خۆڕایی و بەبێ بریتیو داواکردنەوە، سوود گێڕانەوەی ماڵە بە زیادەوە کە ئەو زیادەیەش بەشێکە لە کردو کۆشکی هەژارە کە یا بەشێکە لە گۆشتی لەشی، لێی ئەپچڕێو بە حەرامی ئەیخوات، بەشێکە لە کردو کۆشاکی ئەگەر ئەو ماڵەی کە قەرزی کردووە ئیشو مامەڵەی پێکردبێو بەرهەمو قازانجی نەکردبێ یا تێشکابێ، یا ئەوەی کە قەرزی کردووە بۆ ژیانو نەفەقەی خۆیو ماڵو خێزانی بووبێ، جا لەبەرئەوە بەدوای باسی خێرو صەدەقەدا سوو خۆری هێنا، شێوەو ڕووە ڕەشەکەی دەرخست، بەڵام پێش ئەوەی بگەینە ئایەتەکە بە جوانی ئەزانم هەندێ لێکۆڵێنەوەو ڕوون کردنەوە لەم بارەوە بکەم بۆ ئەوەی نەشارەزا مەسەلەکەی بەباشی بۆ ڕوون ببێتەوە باش تێبگات لە گەورەیی و بێ وێنەی ئەم ئایینە پاکە.

لە ئایەتەکانی ڕابووردوودا کە دەستووری خێرو صەدەقە نیشاندا مەبەست نیشاندانی یاسایەکە لە یاساکانی ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتی ئیسلامی کە خوای میهرەبان داینا وە بۆئەوەی گەلی موسڵمان لەسەری بێت، پێی خۆشە خەڵك ڕابوێرن بەبەرو بەرهەمە پیرۆزەکەی، لە بەرامبەر ئەو ژیانی سووخۆریە ڕەشو تاڵو بێ بەزەییەی کە خەڵکی نەفام داینا وە، کەواتە ئاشکرایە کە ئەم دوو ژیانە دژو پێچەوانەی یەکترن، بە هیچ کلۆجێ ناگەن بە یەكو یەکگرتنیان نابێ، نەلە بۆچوونو تێگەیشتندا، نەلە بناغەو بنەڕەتدا، نە لە بەرهەمو سەرەنجامدا، بێگومان ئیسلام ژیانی ئابووری خۆی ــ وەك هەموو ژیانی جیهان ــ دائەمەزرێنێ لەسەر بۆچوونو تێگەیشتنێکی دیاریو تایبەتی، کە هەر ئەوە ڕاستو ڕەوا بەدی هاتووە لە ژیاندا.

دایئەمەزرێنێ لەسەر ئەوە کە خوا داهێنەرو بەدیهێنەری ئەم بوونەوەرەیە، بەزەوی و ئاسمانەکانو هەرچی لەماویاندایە لە گیانلەبەرو بێگیان، خوا کە خاوەنو کاربەدەستی هەمووە ئەم تیرەی مرۆڤەی داناوە لەم زەویەدا، دەسەڵاتی داوەتێو زاڵی کردووە بەسەر ئەو هەموو ڕۆزیو خۆراكو وزەو هێزانەدا، بەپێی مەرجو پەیمانێ کەلەسەری داناوەو لێی

وەرگرتووە، ئەم مولْکو ولاْتە پان‌و پۆڕەی واز لێ نەهێناوە بەبێ سەرو پێ‌و یاسا، کە مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی چی ئەکا بیکا بەبێ بەرگری‌و جلەوگیری، بەڵکو کردی بەجێنشین لەم زەویەدا بە مەرجێ ئەوە بەپێی بەرنامەی خواو شەریعەتی خوا ڕەفتار بکات، کەواتە هەر کردەوە‌و ڕەفتارو مامەڵە‌و بیروباوەڕو خوا پەرستیەکی بە پێی بەرنامە‌و شەریعەتی خوا بێ، ئەوە ڕاست‌و هەرچیشی دژو پێچەوانەی بێت ناڕاست‌و نادروستە، هەموو ئەوانە ستەم‌و تاوانە‌و پێیان ناڕازیە‌و نابێ بڕوادار بە خوا، دانیان پیا بنێ‌و بەڕاستیان بزانێ، کەواتە حاکمێتی‌و کاریەدەستی‌و فەرمان ڕەوایی تەنها بۆ خوابێت لە زەوی دا ــ وەک لە هەموو بوونەوەردا ــ مرۆڤ کار بەدەست‌و ژێر دەستەیە ئەبێ هەر فەرمان‌و یاسا‌و شەریعەتی خوا بەجێبێنن، بە هیچ کلۆجێ ڕێیان نیە سەرپێچی بکەن‌و لەو بەرنامەیە دەرچن.

بەندێ لە بەندەکانی ئەو بەرنامە‌و شەریعەتە بریتیە لە کۆمەکی‌و دەستە بەری لەناو بڕوادارانداو بۆ یەکتر، ڕەوایە بۆیان سوود وەرگرن لەوەی کە خوا پێی داون لەسەر بنەڕەتی ئەو کۆمەکی‌و دەستەبەریە، لەسەر بنەڕەتی دان نان بە مولْکایەتی تایبەتی کە سنووری بۆ دیاریی کراوە، کەواتە هەرکەسێک کە خوا زۆری پێداوە‌و زیاد لە پێویستی هەیە ئەبێ بەشی ئەوانەی لێ بدات کە کەمی پێدراوە‌و تەنگ گوزەرانە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویست کراوە لەسەر هەمووان کارو کردەوە بە پێی توانین‌و دەسەلاْت‌و لێهاتن بێ، کەواتە هەکەس کە پەک کەوتوو کەفتەکار نەبێ، نابێ ببێ بە ئەرک نە بەسەر گەل‌و نە بەسەر ئەندامی گەلەوە، بەڵکو ئەبێ بەکارو کردەوەی خۆی بژی، ئینجا ئەو بەشەی کە دانراوە لەسەر دەوڵەمەند هەندێکی فەرزە‌و پێویست کراوە‌و ئەندازەی دیاریی کراوە وەک زەکات، هەندێکی پێویست نەکراوە‌و خراوەتە خاوەن ماڵەکە، بیبەخشێ چاکە‌و نەی بەخشێ زۆری لێ ناکرێ، ئەندازە‌و سنووریش دیاریی نەکراوە بۆ ئەوەی ئەیبەخشێ، ئینجا پێویست کراوە لەسەر بڕواداران کە هەمیشە ناوەندی‌و میانە بن لە خەرج کردنی ماڵ‌و دارایدا، هەرگیز ماڵ بەفیڕۆ خەرج نەکەن، هەروەها پێویستی کردووە کە کەسب‌و کارو مامەڵەیان بە جۆرێ نەبێ کە زیان بگەیەنێ بە خەڵکێ تر، وە جۆرێ نەبێ کە ماڵ‌و سامان بگیرێتەوە‌و سەهێندی‌و بەرەڵا بێت بۆ هەندێ تر تاوای لێ بێت کە بە لێشاو زۆر ببێ لای تاقمێکی کەم‌و زۆر بەداخ‌و مەراق‌و بێ بەشیەوە بکەوێ لە دەروونەوە بڕوانێ. هەروەها پێویستی کردووە پاک‌و خاوێنی لە نیازو لە کردەوەدا، لە ئامانج‌و هۆی پەیدا کردن‌و زۆرکردنی ماڵ‌و ساماندا، نابێ لە ڕێگەیەکەوە هەوڵ بدەن کە ویژدان‌و دەروون‌و ڕەوشت ئازاردارببێ، یا زیان‌و ئازار بگات بە ژیان‌و گیانی

گەل و کۆمەڵ، کەواتە بە جوانی پوونە کە سوو خۆری کردەوەیەکە کە یەک ناکەوێ و هەر لەڕێوە دژی ئیسلامە و ناگونجێ لەگەڵ بیروباوەڕو بۆچوونی ئیسلامدا، چونکە سوو خۆری هەر لە یەکەم جارەوە لەسەر بنەڕەتی ئەوە پەیدا ئەبێ کە مرۆڤ گەورەو ئاغای ئەم زەویەیە بە جۆرێ سەربەست و بەرەڵایە و هیچ نەبەستراوە بە بەڵێن و پەیمانی خواوە، وە پەیڕەوی فەرمانی خوای لەسەر نیە، ئینجا هەر کەس ئازادو سەربەستە بۆ پەیدا کردن و زۆر کردنی مال و سامان بەهەر جۆرو لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت، هەر چۆنێ ئازادو سەربەستە لە خەرج کردن و ڕابواردن پێی، لە هیچ شتێکدا نەبەستراوە بەهیچ مەرج و پەیمان و فەرمانێکە، وە نەبەستراوە بە بەرژەوەندی هیچ کەسێکی ترەوە کە بەرژەوەندی خۆی تیا نەبێ، جا لەبەرئەوە هیچ گوێی نیە لەوە کە بە ملیۆنەها خەڵکی هەژار تیا بچن و زیان بار بن بە مەرجێ خۆی لەوەدا دەستکەوتێکی ببێ و خەزنەو هەمارەکەی پڕ تربێ!، بەڵێ جار جارێ یاسای زەمینی تەکانێ ئەدات و دێتە پێشەوە و کەمەکێک سنوور دانەنێ بۆ بەرەڵایی سوو خۆرەکان، بەم ڕەنگە ڕادەو پلەی سووەکە دیاریی ئەکات، جڵەوگیریان ئەکات لە هەندێ فڕوفێڵ و غەش و زیان گەیاندن بە خەڵک، بەڵام ئەوەش لەسەر یاسایەکی ڕاستی و دامەزراو نیە، بەڵکو بە گوێرەی ویژدان و ئارەزووی کاربەدەستەکانە کە هەر یەکە بە جۆرێکن و هەریەکە ڕای تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها سوو خۆری بەرپا ئەبێ و ڕاگیرە لەسەر بنەڕەتێکی لاری ناپەسەندو بۆچوونێکی هەڵە، کە ئەوەش ئەمەیە: مەبەستی ڕاستەقینەو بەرزترین ئامانج لە بوونی مرۆڤدا پەیدا کردن و زۆر کردنی مال و سامانە، ڕابواردنە پێی بەهەر جۆر ئارەزوو بکرێ، جا لەبەرئەوە بەربەرەکانێ و زۆرانبازی لەناو خەڵکدا پەیدا ئەبێ لەسەر کۆکردنەوەو زۆرکردنی مال، لە ڕێی ئەوەدا هەموو بیروباوەڕێک و هەموو شتێکی پیرۆز پێشێل و ژێر پێ ئەخرێ.

ئەم ڕژێمی سوو خۆرە مایەی بەدبەختی و تیاچوونی مرۆڤایەتیە لە پێناوی تاقمێکی کەم کە سوو خۆرەکانن، مایەی پەستی مرۆڤە لەبارەی ڕەوشت و دەمارو دەروونەوە، ڕێ ئەگرێ لە گەشان و چەرخەکردنی مال و گەشەکردنی ئابووری بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوا، سەرەنجام و دوا ڕژێمی سووخۆری ئەوەیە کە دەسەڵات و حوکمڕانی و فەرمانڕەوایی بکەوێتە دەستی تاقمێکی کەم کە پەست و خراپ و بێبەزەیی ترین کەسن، گوێیان نیە لە شکاندنی هیچ بەڵێن و پەیمانێ و هەرگیز ناباورن و تێناپەڕن بەسەر هیچ هەل و هەڵکەوتێکی خۆیاندا، ئەوانە ئەبن بە خاوەنی هەموو بەرو بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشان و ماندووبی و ئارەقی

ناوچەوانی زۆربەی خەڵك، ئەو تاقمە کەمە تەنها بە خاوەنی مالّو سامان نابن، بەڵکو ئەبن بە فەرمانڕەواو خاوەنی هەموو شتێ، لەبەرئەوەی ئەو سوو خۆرانە بیروباوەڕو ڕەوشتی ئایینیان نیەو گالّتە بە باسی ئایینو ئەکەن، کەواتە ئەبێ ئەو زۆرو دەسەلاّتە گرنگەی کە هەیانە بەکاری بێنن لە داهێنانو گەشە پێدانی چەند بارو بیروبەزمو بازاڕێ کە زیاتر ببێتە هۆی داگیر کردنو دەست بەسەردا گرتنی دارایی و سامانی خەڵکدا، بەکار ترو بەهێزکردنی شت بۆ پێکهێنانی ئەو ئامانجە پیسەی ئەوان بلاّوکردنەوەی ئەو شتانەی کە هۆی نەخۆشی و ڕابواردنی نەفسنو خەڵکی بێهۆش و بێئاگا ئەکەن، وەك ئارەق و قومارو بەرەلاّیی و هەموو شتەکانی تری لەم بابەتانە، کە هەرکەس کەوتە ئەو داوەوە دواترین پارەی خۆی تیا بەخت ئەکاتو هەرچی هەیە ئەیخاتە ناو ئەو داوەوە کەلە ڕێی دا تەنراوە.

لە هەموو دەردێ خراپتر ئەوەیە کە ئەو سەرمایە دارە گەورانە زاڵبوون لەم چەرخی تازەدا بەسەر هەستو هۆش و ژیریی زۆربەدا، تا ڕادەیەك پێیان سەلماندن کە ڕژێمی سووخۆری زۆر ڕاستو ڕەوایە، هەر ئەم بنەڕەتێکی ڕاستە بۆ بەهێزبوون و گەشەکردنی ئابووری لە جیهاندا، پێشکەوتنی شارستانیەتی ڕۆژئاوا بەرهەمی ئەم ڕژێمەیە، ئەو کەسانەی کە دژی ئەو ڕژێمەن و ئایانەوێ نەمێنێ تاقمێکی بێئاگان و لەسەر خەیاڵ ئەژین، کردوویانە بەچاوو ڕاو لێیان تا ڕادەیەك خەڵکی لاقرتی ئەکات بەو تاقمە خێرخوازە کە ئەیانەوێ ئەوڕژێمەپیسەنەمێنێ ودنیاڕزگاربێ لەشەڕو خراپەکانی، لاقرتی ئەکرێ بەو تاقمە تەنانەت لەلایەن ئەوانەشەوە کەلە ڕووی ڕاستیدا بەش خوراوو بەش بڕاوی ئەو ڕژێمەن.

ئەو ڕژێمە بۆگەنە ئەگەر بەرگری نەکرێ و نەوەستێنرێ دوا ڕۆژێکی زۆر خراپی هەیە تەنانەت لەبارەی ئابووری گشتی جیهانیەوە، چونکە هەر بەسروشتی پیسی خۆی سەری لەوە دەرئەچێ کە هەموو سامان لە زەوی دا بکەوێتە ژێر دەستی چەند کەسێکو ئیتر غەیری ئەوان چاوەڕوانی دەستی ئەوان بن، ئەوەش لەبەرئەوەیە کە قەرز دەری سوو خۆر هەمیشە لە قازانجدایەو دەستکەوتە زیادەکەی مسۆگەرە، قەرزدارەکەش هەرچۆنێ قازانج ئەکات زۆر جاریش زیان ئەکاتو ژێر ئەکەوێ، دەی کەشتێ هەمیشە لە زیادیدا بێت ئەبێ لە سەرەنجامدا هەموو سامان لەلای کۆببێتەوە، ئینجا لەوانەیە بڵێن: ئێستا شتەکە خەریکە وای لێ هاتووە، ئەوەتا ئەگەر ووردبینەوە ئەزانین کە زۆربەی سامانی ئەمڕۆ ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هەزار کەسێك لە جیهاندا، ئیتر غەیری ئەوان هەمووی کرێکاران و ئیش بۆ ئەوان ئەکەن، ئەوان بەرو بەرهەمی کارو کردەوەو زەحمەتی ئەمان وەرئەگرن، چونکە ئەوەی وا

بەدەست زۆربەی خەڵکیەوە لە یەکێکی قەرزکردووە، ئەویش لە یەکێکی ترو تا دەست بەدەست ئەگەڕێتەوە سەر سەرمایەدارە هەرە گەورەکان.

شەڕو خراپی ئەو ڕژێمە هەر ئەوە نیە، بەڵکو چەند شتی تری خراپی لێ پەیدا ئەبێ، هەرکەس ئەیەوێ لە مەسەلەکە بەباشی تێبگات با تەماشای کتێبی تایبەتی بکات، یەکێك لەو کتێبانە کتێبەکەی(شیخ ابو الأعلی المودودي)یە کە ناوی(اسس الأقتصاد بین الإسم والنظم المعاصرة)... خوا پایەداری بکات.

بەم ئەندازەیە لێرەدا کۆتاییمان هێنا بە باسی شەڕو خراپەی ڕژێمی سوو خۆری، ئەمانەوێ چەند ئاگادار کردنەوەیەك ئاڕاستەی موسڵمانان بکەین سەبارەت بەم ڕژێمە ناڕەوایە:

١- بە هیچ جۆرێ ئیسلام لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا ناگونجێ و یەك ناگرن لە هیچ شوێنێکدا، هەر فتوایەك کە درابێ بۆ ڕەوا بوونی هەر شێوە سوویەك ڕاست نیەو بۆخەڵەتاندنە.

٢- ئەم ڕژێمە هەرچەند بە ڕواڵەتو ڕووکەشو دیمەن جوان بکرێتو بە هەر بۆیاخێ ڕەنگ بکرێ، لەڕووی ڕاستیدا بەڵا و بەد بەختیەو نەهامەتیە بەسەر مرۆڤایەتیەوە، نەك تەنها لەبارەی بڕواو ڕەوشتو بۆچوونیەوە، بەڵکو لەبارەی ژیانی ئابووریشەوە، پیس ترین ڕژێمێکە کە خۆش بەختیو کامەرانی مرۆڤ ناهێڵێ.

٣- ڕژێمی ڕەوشتیو ڕژێمی کاروکردەوە لە ئیسلامدا بەستراونو بەیەکەوە پەیوەستن، خەڵك لەم جیهانەدا لە هەموو کاروکردەوەیەکی دا بەستراوە بە پەیمانو بەڵێنو مەرجی جێنشینیەکەیەوە، لەم جیهانەدا تاقی ئەکرێتەوەو لە ڕۆژی دوایی دا پرسیارو محاسەبەی ئەکرێ، هەرکارو کردەوەیەك بکات بەپێی پەیمانو مەرجی جێنشینیەکەی هەموو بە خوا پەرستی ئەنووسرێو پاداشتی ئەدرێتەوە، هەرچی دژو پێچەوانەی پەیمانو مەرجەکەی بێت بۆ ڕۆژی دوایی بە تاوان لەسەری ئەنوسرێ.

٤- ئەو ڕژێمە ویژدانو دەروونو خەڵك تێك ئەداتو هەستی بەرامبەر براکانی ئەشێوێنێو لەڕاستە ڕێ ئەیترازێنێو پەیوەندییان ئەپچڕێنێ بەهۆی ئەوەی کە مایەی خۆپەرستیو دڵڕەقیو تێرنەبوونو چاوچنۆکیە بۆ سوو خۆرەکە، بەجۆرێ هەمیشە وا لە کەمینا بۆ ئەوەی بەفڕوفێڵ لەهەر ڕێگایەکەوە کە بۆی دەست بدا پارە لە خەڵکی دەربێنێ، هەمیشە پاڵی پێوە ئەنێ کە سامانەکەی بخاتە پێش قازانجو سوودەکەی زۆر تر بێت، ئەو هەموو فلیمە پیسانەی کە بەرەڵایی و بێناموسی بڵاوئەکەنەوە، ئەو

هەموو نووسینە قیزەونانەو ئەو مەلهەو شوێنی تێکەڵی و سەماو شتە پیسەکانی تر کە ڕەوشتی خەڵك لە ڕیشە دەرئەهێنن، یەکەم هۆو پایەی یەکەمی ئەوانە ئەو پڕۆپەگەندەو فاك و فیکەیە کە هیچ مەبەستێکی نیە جگە لە زۆرکردنی قازنج.

٥- ئیسلام خۆی بە خۆی پڕۆپەگەندەی تێرو تەواوەو چارەسەرە بۆ هەر گرێو تەنگو چەلەمەیەك کە بێتە ڕێی ژیان، کەواتە کاتێ کە سوو خۆری قەدەغەکردووە پڕۆپەگەندەی ژیانی خۆی دامەزراندووە لەسەر بنەڕەتێ کە بێنیازو بێ پێویستە بەو پڕۆپەگەندە ناڕەوایە، هەموو بارو ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی هۆنیوەتەوەو دایڕشتووە بە جۆرێ کە هیچ پێویستی نیە بەو جۆرە مامەڵە ناڕەوایە، ئەوە بەبێ ئەوەی کە هیچ زیان بکات بەبەرزبوونەوەوگەشەکردنی هەمیشەیی لەبارەی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە.

٦- ئیسلام کاتێ ڕێی بدرێ پڕۆپەگەندەی ژیان دابنێ بە پێی بەرنامەی تایبەتی خۆی هەرگیز پێویست نابێ بە نەهێشتنی بانك و شەریکەکان و هەر شتێکی تری تازە کە پێویستن بۆ بەرزبوونەوەو گەشەکردنی ژیانی ئابووری چەرخی تازە، بەڵکو ئەوانە هەموو پاك ئەکاتەوە لە چڵك و چەپەڵی و سوو خۆری، ئینجا لێیان ئەگەڕێ کە ئیش بکەن بەپێی چەند یاسایەکی تر کە پاك و بێگەردن لەو چڵك و چەپەڵیە.

٧- پێویستە لەسەر هەر کەسێ کە ئەیەوێ موسڵمان ببێ بڕوای ڕێك و پێکی هەبێ بەوەی کە بە هیچ کلۆجێ ناگونجێ خوا شتێ قەدەغە بکات کە ژیان پێویستی پێی هەبێت و بەبێ ئەو پێش نەکەوێ، وەك ئەبێ کە بڕوای هەبێ کە بە هیچ ڕەنگ ناگونجێ کە شتێکی بەدی زیان دەربێو کەچی لە هەمان کاتدا ژیان و پێشکەوتنی ژیان بەسترابێ بەو شتە بەدو پیسەوە، چونکە خوا داهێنەرو بەدیهێنەری ئەم ژیانەیە. ئەو ئادەمی کردووە بە جێنشین و کاربەدەست تیای دا، ئەو فەرمانی داوە بە بەرزکردنەوەو گەشە پێدانی، ئەو خوایە هەموو ئەمانەی ویست و ئیرادەی کردن، دەی کەواتە هەرکەس ئەو بڕوایانەی نەبێ ئەوا لە ئیسلام حاڵی نەبووە، هۆی حاڵی نەبوونەکەشی ئەو هەموو فاك و فیك و پڕۆپاگەندە پیس و ژاراویانەیە کە چەند چەرخێکە بڵاوئەکرێنەوە دەربارەی بڕواکردن بەوەی کە پڕۆپەگەندەی سوو خۆری شتێکی پێویستە و ناچاری هەیە پێی بۆ بەرزبوونەوەو گەشەکردنی ئابووری و ئاوەدان کردنەوەی وڵات و زەوی، ئەو پڕۆپەگەندەی سروشتیەو ئەبێ ببێ، دوو شت بوو بەهۆی وەرگرتن و بڕواکردن بەو پڕۆپاگەندەو فاك و فیکە:

یەکەم: کانگای ئەو قسە پڕوپووچانە ئەوانە بوون کە بە زانا و ڕۆشنبیر بەناوبانگ بوون، ئەوان بە هەموو جۆر هەوڵیان ئەدا بۆ چەسپاندنی لە دەروونداً، قەڵەمی خۆیان خستە کار بۆ ڕازاندنەوە و لەبەر چاو شیرین کردن.

دووەم: بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانێکی سەرمایەدارەکان ژیانی تازە دامەزراو بەدی هات لەسەر ئەو ڕژێمە پیسە، بەهۆی ئەوە وا گومان ئەبرێ کە ژیان تازە ناگونجێ بەبێ ئەو ڕژێمەو ئەبێ هەر لەسەر ئەو بنەڕەتە بێت، بەڵام ئەزو گومانە ناڕەواو بێ بنج و بناوانەو لەسەر بۆش دامەزراوە، هەرکەس بڵێ ئابووری جیهانی ناگونجێ لەسەر هیچ بنەڕەتێکی تر بێجگە لە بنەڕەتی ڕژێمی سوو خۆری، ئەو کەسە هەڵەیەو درۆیەکی زل ئەکات و واقیعی مێژوو ئەیخاتەوە بە درۆوە، ئەوەتا بە شایەتی هەموو جیهان گەورەترین میریی دەوڵەتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزبوو کە تەنها هەژارێکی تێدا دەست نەئەکەوت و هەموو کەس بە ئەوپەڕی ئارام و خۆشی و ژیانی کامەرانیەوە ژیانی بەسەر ئەبرد، لەگەڵ ئەوەدا ئەو ڕژێمە پیسە بەدڵی هیچ کەسێکدا گوزەری نەئەکرد مەگەر بە تف و نەفرەت لێ کردن، لەپاش ئەو دەوڵەتی ئومەوی لە ئەندەلوس و ڕۆژئاوا کە بوو بە سەرچاوەو کانگای شارستانی و ئاوەدانی و ژیانی کامەرانی، بوو بەسەر مەشق و مامۆستا بۆ زانیاری و شارستانێتی ئەوروپا، ئەو دەوڵەتە چەند چەرخێ بەو شێوە لەسەر ڕەوڕەوەی پێش کەوتن و کامەرانی ڕۆشت و بەبێ ئەوەی نزیک بکەوێتەوە لەو ڕژێمە بۆگەنە، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتدا دەوڵەتی عەباسی لە چەرخە ئاڵتونیەکەیدا چەند چەرخێکی بەسەر برد بەبێ ئەوەی بۆن و هەناسەی پیسی ئەو ڕژێمە بێت بەسەریاندا، کەواتە لەم چەرخەشدا ئەگەر نیازو نیەت پاک بێت و ورەو ئیرادە بەهێزبێت هەموو جیهان - یان هیچ نەبێ گەلی ئیسلام - ئەتوانن خۆیان ڕزگاربکەن لەو سەرمایەدارانە، کە تاڵان کەرو دزو جەردەی جیهانن، ئەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن بە تێهەڵدانی ئەم ڕژێمەو دەست بگرن بەو ڕژێمە پاک و بێلەکەی کە خوا بۆی هەڵبژاردن، ئەو ڕژێمەی کە بەدی هێنرا، ژیان بەرز بوویەوەو گەشەی کرد لە ژێر سایەیدا لە ڕابووردوودا، هەروەها زۆر ئامادەو گونجاوە بۆئەوەی ئەم ژیانە بەرز - نوقسانە- وەو گەشە بکاتەوە لەژێر سایەی دا، ئەگەر خەڵکی ژێر بن و ڕێ ببەن بەهۆی - نوقسانە- ختی و کامەرانی خۆیان، ئەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن لەو کۆت و زنجیرە و بێنە سایەی ئەم ڕژێمی خواوە ئەگەر خێرو خۆشی و پێت و فەرو کامەرانیان ئەوێ، بۆ خۆیان لەگەڵ دەروون و ڕەوشت پاکی و گەل پاکی دا.

ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ

هەرکاتێ خەڵکی بێداربوونەوە و نیازیان کرد ڕێگە ڕاستەکەی خوا بدەنەبەر، ئەو کاتە ئاسانەو زانایانی ئیسلام دەستیان ئەگرن و ڕێنموونیان ئەکەن کە چۆن بڕۆن بەو ڕێگە ڕاستەدا، کەواتە هیچ پێویست نیە لێرەدا لەو بارەیەوە قسە بکەین، ئەوەی کە شایانی باس بوو باس کرا، لەبارەی هەندێ لە زیان و شەڕو خراپەی ئەو ڕژێمەوە، دەرخستنی ئەوەی کە ئەو ڕژێمە بۆ ژیانی ئابووری پێویست نیە، ئەڵێین: ئەو مرۆڤەی کەلە پێش ئیسلامدا لە ڕێگەی ڕاست ترازاو ئیسلام دەستی گرت و هێنایە سەر ناوەڕاستی ڕێگەی ڕاست هەر ئەو مرۆڤەیە کەلە پاش ئیسلام ترازا لە ڕێی ڕاست، ئیسلامیش هەر ئەو ئیسلامەیە، کەواتە بە ئاسانی ئەتوانێ جارێکی تر مرۆڤی ترازاو بهێنێتەوە ئەگەر خۆیان ئارەزوویان لێی ببێ. ئینجا با بزانین چۆن بوو ئەو شۆڕشەی کە ئیسلام کردی و هێنای بەسەر ئەو ژڕێمە بەدەی کە باو بوو لە ناو مرۆڤداو خەڵک لە ژێر باری گرانی دا ئەینالاند، با سەرنجێکی ئەم هێرشە سامناکە بدەین کەبەم چەند ئایەتی داهاتووەدا کردیە سەری تا لە ڕەگو ڕیشەی هێنا، ئەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کەسوو ئەخۆن، واتە وەری ئەگرن و ئیتر بە هەر جۆر بە کاری ئەهێنن ﴿لَا يَقُومُونَ﴾ ناوەستن یا ڕاست نابنەوە لە گۆڕەکانیان لە ڕۆژی دوایی دا ﴿إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ﴾ مەگەر بە وێنەی وەستانیان ڕاست بوونەوەی کەسێک کە شەیتان دەستی لێ وەشاندبێ و دووچاری شێتی و فێ کردبێ، واتە سوو خۆر لە سەر شێوەی فێدارو شێت لە ڕۆژی دوایی دا زیندوو ئەکرێتەوە، وەک لە حەدیسێکدا بە ڕوونی هاتووە کە(تەبەرانی) ئەیهێنێ لە(عەوفی کوڕی مالیک)موە کە پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو:(خۆت بپارێزە لەو گوناهانەی کە لێبووردن و سڕینەوەیان نیە، شاردنەوە و دزی کردن لە غەنیمەت، هەرکەس هەرچی لابدا لە ڕۆژی دوایی دا بەشێتی زیندوو ئەکرێتەوە)، ئینجا لەم ئایەتەی خوێندەوە، ڕەنگە ئەو شێوەیە بکرێ بە نیشانەیەک کە سوو خۆرانی لەو ڕۆژە سامناکەدا پێ بناسرێ، ئەوەش تۆڵەو سزادانێکی تایبەتیە، پەنا ئەگرین بە خوا لەم هەڕەشەو ترساندنە دەروونیە کە بەڕاستی مافی ئەوەی هەیە هەر بە بیستەکەی موچرکە بێت بە لەشدا، ئەو شێوەیەکی بینراو ناسراوە ئامادەی ئەکات لە پێش چاو تا دەروونی سوو خۆر داچڵەکێ و هەستی بێتە جۆش و ڕاپەڕێ و لەو باوە پیسە

بێته دەرەوە، ئەو حیرص‌و تەمەعە پیسە لەدڵ دەرکات‌و واز بێنێ لە خوێن مژی! بەڕاستی ئەگەر وورد ببێتەوە لە حاڵی سوو خۆرەکان بۆمان دەرئەکەوێ کە هەر لە ژیانی ئەم جیهانەدا دووچاری ئەو شێوە ئەبن، ئەبینی ئەوانەی کە سەر ئەکەنە ئەو کردەوە پیسە ڕەوتیان لێ تێك ئەچێ‌و هۆشیان نامێنێ نە بەلای خۆیانەوە‌و نە بەلای هیچ کەسی تر‌ەوە، شەو‌و ڕۆژ وان لە مەراقداو هەر بیر ئەکەنەوە لەو هەموو قەرزەو لە سوودەکانی، نەخەو‌و نە خواردنی ئاساییان لا ئەمێنێ، زۆر بینراوە لەوانەوە کە زۆر جار نان‌و خوانیان بۆ هێناون‌و هیچ هۆشیان لەلایەوە نەماوە تا سارد بووتەوە‌و بەکاری خواردن نەماوە، ناچار بۆیان گۆڕاوە بە خزانێکی تر تا سێ چوار جار، وە بینراوە کە هینی وایان بووە بە تەنیا لە هۆدەکەی خۆی دا دانیشتووە‌و بە تەنیا لەبەر خۆیەوە قسەئەکات‌و جنێو بە خۆی ئەدات کە چۆن ئەو هەموو پارەی بڵاوکردووەتەوە‌و چۆن کۆیان بکاتەوە‌و سوودەکەیان وەرگرێتەوە، دەی ئەگەر ئەوە دەست لێ وەشێنراوو شێت نەبێت، ئەی دەست لێ وەشێنراوو شێت کامەیە؟ ئینجا ئایا لە ڕووی ڕاستی دا دەست وەشاندن بۆ شەیتان هەیە، وەك دیمەنی ئایەتەکە ئەیگەیەنێ، یان ئەوە شتێکی خەیاڵیە‌و لەم ئایەتەدا هاتووە بە پێی بیرو باوەڕو تێگەیشتنی خەڵکی بە تایبەتی عەرەبی ئەو سەردەمە کە بڕوایان بەو جۆرە شتانە زۆر بەهێز بووە! بێگومان زانایانی ئەهلی سوننەت لەسەر ڕای یەکەمن لەبەر ڕوالەتی ئەم ئایەتە‌و چەند حەدیسێك کە بەهێزن‌و بە ڕوونی دانی پیا ئەنێن،(موعتەزیلە)‌و(قفالی شاشی) لە زانایانی شافیعی لەسەر ڕای دووەمن، هیچ بەڵگەیەکی بەهێزیشیان بە دەستەوە نیە بێجگە لەوەی کە موعتەزیلە‌و هەندێ کەس هەرچی دووربێت لە تێگەیشتن‌و ژیری خۆیانەوە دانی پیا نانێن، بەڕاستی ئەوەش شتێکی ناڕەوایە.خاوەنی(روح المعاني) خوا پایە‌و ڕادەی بەهشتی زۆر بەرزبکاتەوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەندازەیەك درێژیی داوە بەم باسە‌و بەڕاستی جوانی فەرموو‌ەو سەرنجی خوێنەر بە لای دا ڕائەکێشم کە چاوێکی پێدا بگێڕن.

ئەو سوودەی کەلە سەدەمی نەفامی دا باو بووە‌و ئەم ئایەتانە‌و ئایەتەکانی تر هاتن لە یەکەم جارەوە بۆ قەدەغەکردن‌و نەهێشتنی دوو جۆرو شێوەی سەرەکی بووە! سوودی(النسيئة) کە بە ناوبانگ ترە‌و ئەمەیە کە پارە‌و ماڵێك ئەدرا بەقەرز مانگێ یا ساڵێك بە ئەندازەی زیادە‌و قازانج بەرامبەر ماوەکە‌و قەرزەکەش هەروەکو خۆی بمێنێ لە گەردنی قەرزەکەدا، ئینجا کاتێ ماوەکە دوایی ئەهات خاوەن قەرز داوای قەرزەکەی لێ کرد، ئەگەر نەیبوایە بۆی دوا ئەخست‌و زیادە سوودی ئەخستە سەر، جاری وا ئەبوو قەرزارەکە

ئەئیەبوو چەند جارێك ماوەكەی دوایی ئەهات‌و هەر جارێ ئەخستە سەر بەهۆی ئەوەوە چەند چەندانە ئەبووەوە، وەك لە ئایەتی سورەتی ﴿آل عمران﴾ دەست نیشانی بۆ ئەكات‌و بەیارمەتی خوا پێی ئەگەین، ئینجا لەم سەردەمی دواییەو لەم چەرخی نەفامی تازەدا دەستێكیان تێ خست‌و ئەوەیان نەهێشت كە لە یەكەم جارەوە قەرزەكە بۆ ماوەی مانگ یا ساڵ بدرێ، بەڵكو هەر لە ڕێوە قەرز ئەدرێ ساڵێ یا مانگێ بە ئەوەندە سوود، ئیتر چەند مانگ و ساڵ بە لایەوە بێ، ئەم شێوەی تازە هەرچەند بە ڕواڵەت چەندانەكەی نەهێشت، بەڵام لەڕاستیدا بۆ زۆر كەس ئەمیش هەرچەند چەندانە ئەبێت، چونكە وا ئەبێت چەند ساڵ‌و بە ماوەی ژیانی كابرا قەرزەكە ناداتەوە‌و چەند قەرزی كردووە دووقات سێ قاتی سوود ئەدات‌و بن مایەكەشی هەر لە گەردندایە.

سوود(فضل) كە ئەمەیە شتێ بكڕێ یا بیفرۆشێ بەشتێ لە جۆری خۆی لەگەڵ ئەوەدا یەكێكیان ئەندازەی زیاتر بێت، وەك كڕین یا فرۆشتنی مەنێ گەنم بە مەن‌و نیوێك، یا كیلۆیەك ئاڵتوون بە كیلۆ چارەكێ ئاڵتوونی تر... هەروەها.

جۆرو شێوەی یەكەم بە پێی قورئان‌و حەدیس‌و بڕیاری هەموو زانایان قەدەغەیە‌و یەكێكە لە گوناهە زۆر گەورەكان، جۆری دووەمیش بەپێی حەدیس‌و بڕیاری زانایان قەدەغەیە،(ئیبن‌و عەباس) –خوا لێی ڕازی بێ– لە یەكەم جارەوە ئەم جۆری دووەمەی بەلاوە حەرام نەبوو تا ئەم حەدیسەی پێ گەیشت كە(ئیمامی موسلیم‌و بوخاری) ئەیهێنن لە(ئەبو سەعیدی خدری)ەوە –خوا لێی ڕازی بێ– كە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئاڵتوون بە ئاڵتوون‌و زیو بە زیو، گەنم بە گەنم، جۆ بە جۆ، خورما بە خورما، خوێ بەخوێ، ئەبێ بە ئەندازەی یەك بن‌و هەردوو حازربن... ئینجا هەركەس زیاد بدات یان داوای زیاد بكات بێگومان وەرگرو بدەر ئەبن بە سوود خۆر بە یەكسانی...)

لەپاش بیستنی ئەم حەدیسەئەویش پەشیمان بوویەوەوبڕیاری حەرامی ئەم جۆرەشیدا، ئەم جۆری دووەمە هەرچەند ئەو هەموو شەڕو خراپەی تیا نیە كەلە جۆری یەكەم داهەیە، بەڵام بۆنی ئەوەی لێ دێ لەوەدا كە ئەمیش وەك ئەو بەبێ كردەوە ماڵ ماڵی لێ پەیدا ئەبێ، بەبێ بڕیتی‌و بە دەل زیادە وەرئەگیرێ، ئەمیش وەك ئەو وەك ئەو لە دەروونێكەوە هەڵئەقوڵێ كە پڕە لەخوود پەرستی‌و باودانی خۆیە سەر غەیردا، پڕە لە تەماع‌و تێر نەبوون‌و چاوبرسێتی‌و هەوڵ‌و تێكۆشان بۆ كۆكردنەوە‌و دەستكەوتنی ماڵ بە هەر جۆرو شێوەیەك، كەواتە هەركەس فێری ئەم جۆرە بوو لە سەرەنجامدا فێری ئەو جۆرەش ئەبێ، كەواتە مافی

خۆیەتی بەو تووندو تیژیە ئەم جۆرەش قەدەغە بکرێ، لەم جۆری دووەمەدا پێویست کراوە کە هەردوو مالّەکە دەست بە دەست بن‌و بکڕو بفرۆش هەرکەس شتی خۆی وەرگرێ لەو شوێنەی کە مامەڵەکەی تێدا ئەکەن، هیچ کام نەکرێ بە قەرزو وەرگرتنەوەکەی دوا بخرێ ـ ئیتر با زیادەش وەرنەگیرێ ـ لەبەرئەوەی بەهیچ ڕەنگ سەر نەکێشێ بۆ سوودو بە بۆنەی دواخستنەکەوە زیادە بسێنرێ، تا ئەو ڕادەیە پێغەمبەر(ﷺ) بێزار بووە لە سوودو وێستی کە تارمایەکەشی دەرنەکەوێ لە هیچ جۆرە مامەڵەیەکدا! شتەکە بەو جۆرە بێزراو بووە لای ئەو وێستوویەتی ئەو بیروباوەڕە لە ڕیشەبێنێ‌و چارەسەری ئەو دەردە کوشندە بکات کە جیهانی نەفامی دەردەدار بوو پێیەوە، کەچی بەداخەوە زۆر کەس هەن کە خۆیان بە موسڵمانیش دائەنێن لەوانەی کە بیروباوەڕی سەرمایەداری کاری لێ کردوون‌و خۆیان بۆ ناگیرێ لە ئاستی دا، ئەوانە ئەیانەوێ هەرجۆرێ یەکەم قەدەغە بکرێ، ئەویش لەسەر ئەو بارەی کەلە سەردەمی نەفامی دا کراوە، ئیتر جۆری دووەم‌و ئەم شێوە سوودانەی کە لەم نەفامی تازەدا داهێنراون، هەموو ئەمانە بەناوی ئیسلامەوە حەڵاڵ بکەن بەناوی ئیسلامەوە! بەڵام هەر هەوڵ‌و تێکۆشانێکیان کرد لەو بارەیەوە هیچ نرخێکی نیە لای هیچ موسڵمانێکی تێگەیشتوو، موسڵمانی ڕاستەقینە ئەزانێ کە ئیسلام دژی ئەو ڕژێم‌و مامەڵەیە ئیتر بە هەر ناوێ‌و لەژێر هەر پەردەیەکدا بێت، بە هەر فێڵ‌و تەڵەکەیە ناوی تری لێ بنرێ وەک ئەو دوو جۆرەی کە باوبوون لەم وڵاتەی ئێمەدا:

یەکەم: بەناوی سەلەمەوە بەم ڕەنگە دوو دیناری ئەدا بە قەرز ـ بەناوی خۆڕایی‌و بەبێ هیچ ـ بەڵام لەبری ئەو دوو دینارە قەرزە پارەیەکی زۆر کەمی ئەدا بە سەلەمی تەنێ لۆکە بە قەرزدارەکەو ئەویش لە ناچاری دا ئەو پارە کەمەی وەرگرت‌و لەکاتی حاسڵاتدا تەنێ لۆکەی پێ ئەدا لەگەڵ دوو دینارە دەستیەکەدا، کە بەڕاستی ئەگەر لێک بدرێتەوە وەک چەند چەندانەکەی سەردەمی نەفامی پێش ئیسلام وابوو.

دووەم: بەناوی(بيعي بالوفا) بەم ڕەنگە ئەندازەیەک پارەی قەرز ئەکرد لە پارەدارەکە، بەڵام ڕێک نەیئەوت مانگی ئەوەندە سوودم بدەرێ، بەڵکو خانووەکەی پێئەفرۆشت بەو پارەیە لەسەر بڕیاری ئەوە هەرکات پارەکەی دایەوە ئەو فرۆشتنە هەڵوەشێتەوە، ئینجا ئەم ستەمکارە خانوەکەی ئەدا لە کرێ بە هەژارەکە بە مانگانە‌و هەموو مانگێ کرێی خۆی لێ وەرئەگرت لەپاشان کابرای هەژار هەرکات بۆی هەڵسوڕایە پارە قەرزەکەی ئەدایەوە‌و هەموو کرێی ئەو ماوەش هەروا ئەڕۆی، دەی ئایا ئەمە ڕێک‌و پێک سووە چەندانەکە نیە؟!

ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْبَيْعُ مِثْلُ ٱلرِّبَوٰاْ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْ

خوای گەورە ئەو هەڕەشە سامناکەی لێکردین، ئینجا ئەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ﴾ ئەو سوود خواردنەیان، یان ئەو سزای کە بۆیان باس کرا، ﴿بِأَنَّهُمْ قَالُوٓاْ﴾ بەهۆی ئەوە بوو کە ئەیانگوت ﴿إِنَّمَا ٱلْبَيْعُ مِثْلُ ٱلرِّبَوٰاْ﴾ فرۆشتن و کڕین هەر وەک سوود وایە، بەم ڕەنگە فرۆشتن شتێ کە درهەمێ بدەی بەدوو درهەم وەک فرۆشتنی درهەمێک بەدوو درهەم وایە، واتە ئەو دووانە وەک یەک وان، کەواتە ئەگەر سوود حەرام بێت ئەبێ کڕین و فرۆشتنیش حەرام بێ، وە ئەگەر کڕین و فرۆشتن حەڵاڵ بێت ئەبێ سوودیش حەڵاڵ بێت، وە هیچ هۆیەک نیە بۆ ڕەوادانی کڕین و فرۆشتن و ڕەوا نەدانی سوود.

ئەوانە ئەو ڕەخنەیان گرت و ئەوەیان کرد بە بەڵگە بۆ خۆیان، بەڵام خوا دای لە دەماخیان و ئەو یەکسانیەی بەدرۆخستەوە کە ئەوان بڕیاریان لەسەردا بەمەی کە فەرمووی: ﴿وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْ﴾ خوا فرۆشتنی حەڵاڵ کردو سوودی حەرام کرد، کەواتە نابی ئەو دووانە یەکسان بن، ئەبێ بڕیار هەر بڕیاری خوا بێت و نابێ هیچ کەس گوێبگرێ بۆ هیچ بڕیارو قسەو باسێکی تر ئیتر تێبگات لەهۆی بڕیاری خوا یان تێنەگات، ئینجا بێگومان هەرکەس ژیر بێت بە هەندێ بیرکردنەوەوە بۆی دەرئەکەوێ کە ئەو بڕیاری یەکسانیە هەڵەیە و ئەو دووانە بەراورد ناکرێن بە یەکتر لەبەر ئەم ئەم چەند شتنە ئاشکراو ڕوونانە:

١- کڕین و فرۆشتن دەست ئەدا بۆ قازانج و زیان، بەڵام سوود هەمیشە قازانجی مسۆگەرە.

٢- کڕین و فرۆشتن لێزانی و لێهاتن و تێکۆشانی ئەوێ، بەڵام سوود هیچ کامی ناوێ و پارەدار پارەکەی ئەداو ئیتر خۆی پاڵی لێ ئەداتەوە و قازانجیشی وەکو گوتمان مسۆگەرە.

٣- سوود خواردن خەڵک پەک ئەخات و ئەیوەستێنێ لەکارو کاسپی و پیشەسازی کە ئەوەش بە زیانی خەڵکی تەواو ئەبێ بە پێچەوانەی کڕین و فرۆشتنەوە.

٤- لەسووددا ئەو زیادەیە لەمالّی هەژارو داماوەکە هەروا ئەڕوا بە خۆڕایی بەبێ بەدەل و بریتی لە هەموو کاتێکدا، بەڵام کڕین و فرۆشتن ئەگەر هەندێ جار بڕوا ئەوا لە هەندێ جاردا قازانجی دەست ئەکەوێتەوە.

٥- بێجگە لەمانە ئەفەرموێ: هەموو شەڕو خراپەی کە باسمان کردن لە سەرەتاو پێش گەیشتن بە ئایەتەکە کۆئەبنەوە لە سووددا و کڕین و فرۆشتن پاک و خاوێنن لێیان.

فَمَن جَآءَهُۥ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَنْ عَادَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٧٥﴾ يَمْحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰا۟ وَيُرْبِى ٱلصَّدَقَٰتِ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ ﴿٢٧٦﴾

بێگومان پێش هاتنی ئیسلام و تاکاتی هاتنه خوارەوەی ئەم ئایەتە بەبێ لێپرسینەوە سەرکرابووە سوود خواردن، بەجۆرێ بوو بوو بە شتێکی گەورەو گرنگ لە ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی دا، ئینجا قورئان وەک قەدەغەی کرد، چارەسەری ئەوەشی کرد کە لەو قەدەغەکردنەوە کاری ئابووری و کۆمەڵایەتی بشێوێ و بکەوێتە لەرزە، ئەوەش بەمە کە ئەم یاسای قەدەغەیە هەر بۆ داهاتوو بێت و نەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەلە پێشەوە بووە، ئەم چارەسەرەشی بە شێوەی یاسایەکی گشتی هێنا نەک تایبەتی هەر بەو سوودەوە، ئەفەرموێ: ﴿فَمَن جَآءَهُۥ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ﴾ ئینجا هەرکەس پەندو ئامۆژگاریەکی بۆ هات لەلایەن پەروەردگارەوە، وەک ئەم ئامۆژگاریەی کەلەم ئایەتەدا کردی بۆ قەدەغە کردن و کۆتایی هێنان لە ڕەوا دانی سوودو خواردنی، ﴿فَٱنتَهَىٰ﴾ ئەو کەسەش کۆتایی هێنا ﴿فَلَهُۥ مَا سَلَفَ﴾ ئەوا بۆ خۆیەتی ئەوەی کە تێپەڕی کردووە لە پێش ئامۆژگاریەکەدا، واتە هەرچی وەرگرتووە لێی ناسەنرێتەوە، ﴿وَأَمْرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾ وە کاری ئەو حەواڵەی خوایە، لەمەدا پاداشتی بداتەوە لەسەر ئەو کۆتایی هێنانەی، یا لەمەدا یارمەتی بدات بۆ نەگەڕانەوە بۆ کاری لەوەو پێش، یا لە ڕۆژی دوایی دا خوا خۆی ئەزانێ چی دەربارەی ئەکات، ئەم فەرموودەیە زۆر بەکارە بۆ تەمێ وەرگرتن و کۆتایی هێنان، هەمیشە ئەیخاتە نێوان ترس و هیواوە، ﴿وَمَنْ عَادَ﴾ هەرکەس بگەڕێتەوە بۆ باری لەوەو پێشی، بەم ڕەنگە سوود بخوات و بە شتێکی ڕاست و ڕەوای بزانێ و بەربەرەکانی لەسەر بکات ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ ئەوانە بۆ هەمیشەیی لەو ئاگرەدا ئەمێننەوە، چونکە شتێ کە خوا حەرامی کردووە ئەوا بە حەڵاڵی دانەنێن، هەرکەسیش بەو جۆرە بێت و لەسەر ئەو بارە بمرێ بێبڕوایە و بێبڕواش جێگای دۆزەخە بە بێبڕانەوە ـ خوا بمانپارێزێ لەسزای دۆزەخ ـ ئینجا قورئان ئەو سوود خۆرانە ئەترسێنێ بەبێ پیت و فەڕی سوود، بڕیاری پیت و فەڕ ئەدا بۆ خێرو صەدەقەکە دژو بەرامبەرە بۆ سوود، ئەفەرموێ: ﴿يَمْحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰا۟﴾ خوا سوود کەمو بێپیت و فەڕ ئەکات، ﴿وَيُرْبِى ٱلصَّدَقَٰتِ﴾ وە خێرو خێرات زیادو پیت دار ئەکات، بەڵێ بەڕاستی هەڕەشەو بەڵێنەکەی خوا ڕاستە، ئەوانەی کە سوود خۆرن هیچ خێرو خۆشیەک نابینن لە ماڵ و سامانە پیسەکەیان، پاڕوویەک

بەبێ داخ و خەفەت ناخۆن، بەخۆشی ناژین و بە خۆشیش نامرن، لەپاش خۆیان مال و داراییەکەیان بە ماوەیەکی کەم نامێنێ و بێ سەرو شوێن ئەڕوا، هەر گەل و وڵاتێك سوودی تێدا بڵاوببێتەوە ــ هەرچەند بە ڕوالەت دارایی و هۆی گوزەران و ژیانی خۆشی زۆر بەلێشاوبێ ــ ئەو گەل و وڵاتە ژیانیان تاڵە و بەبێ ئارام و ناشتی ژیان ئەبەنە سەر، مرۆڤایەتی لەناویاندا هەڵنەگیرێ، ئینجا لەم بارەیشەوە هەر کەسێك کە زەکات دەرو خێرو خێرات کەرە هەمیشە لە خۆشی و ئارام و ناشتی دا ئەبینرێ، هەر گەل و کۆمەڵێك کەدامەزرابێ لەسەر کۆمەکی و دەست گیرۆیی و بەزەیی و چاوپۆشی لەنێوان یەکتردا، لەپشت بەستن بە خواو چاوەڕوانی پاداشتی خوا، ئەوا خوا هەمیشە ئارام و خۆشی و کامەرانی ڕشتووە بەسەریاندا، پیت و فەڕی خستۆتە سامان و ڕۆزی و ڕۆڵەیان، تەندروستی و هێزو ڕەحەتی پێداون، ئەو کەسانەی کە ئەم حەقیقەتانە نابینن لە ژیانی مرۆڤدا، بەڕاستی یان خۆیان لە ئاستی دا کوێر ئەکەن، یان بە خۆیان نازانن پەردەی ئەستوور هێنراوە بەسەر چاویاندا لەلایەن سەرمایە دارە سوود خۆرەکانەوە، هەر لە جیهاندا سوود بەو جۆرە بێ پیت و فەڕئەکات، خێرو صەدەقەش بەو جۆرە پیت و فەرو خۆشی تێئەخات، ئیتر با پیت و فەڕو خۆشیەکەی لە ڕۆژی دوایی دا بوەستێ وەك لە چەند حەدیسدا هاتووە، با ئەو سزاو ئازارو بەدبەختیەی کەلە سوود خواردنەوە پەیدا ئەبێ بوەستێ کە سوود خۆر لە ڕۆژی دوایی دا دووچاری ئەبێ. ئەو کەسانەی کە سەر ئەکەنە سوود خواردن زۆر سپڵە و ناسوپاسن بەرامبەر خوای خۆیان، چونکە هیچ نادەن لەڕێی خواداو دەست گیرۆیی بەندە هەژارەکان ناکەن، زۆر تاوانبارن چونکە ئەو ماڵەی کە خوا پێی داون لە خوێن مژینی هەژارەکاندا بەکاری ئەهێنن، هەمیشە ئەیانەوێ هەژاری و بێنەوایی بڵاو بێتەوە تا سوود زیاتر بەبرەو بێت، ئینجا پاش ئەوەی کە خوا سوودی حەرام کرد هەرکەس بە حەڵاڵی دابنێ، بە بێبڕوا دائەنرێ و لەڕێزی موسڵمانان دەرئەچێ، ئیتر هەرچەند بە دەم خۆی بە موسڵمان بزانێ و فەرزەکانیش بەجێبێنێ، جا ئەم فەرمودە سامناکەی دا بە گوێی هەموواندا: ﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ﴾ خوا هیچ کەسێکی ناوێ کە سەربکاتە سپڵەیی و ناسوپاسی، یا سەربکاتە بێبڕوایی بەم ڕەنگە ئەوەی کە خوا حەرامی کردووە ئەو بە حەڵاڵی دابنێ و سوور بێ لەسەر ئەوە، سەر بکاتە تاوان و خراپەکاری، کەواتە ئەوانەی ناوێ کە سوورن لەسەر سوود خواردن و بە ڕەوای ئەزانن، هەرکەسێکیش خوا نەیەوێ لە ڕۆژی دوایی دا بەش بڕاوو بێیارمەتی دەر نەبێ.

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٢٧٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ

ئینجا بەرامبەر ئەو ڕووپەڕە ڕەشەی ئەو بەش بڕوانە، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە بڕوایان هێناو کردەوەی چاکەیان کرد، ﴿وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ بەڕێکو پێکی نوێژیان بەجێهێنا، ﴿وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ وە زەکاتیان دا، ئەم دوو کردەوەیە لوتکەی هەموو چاکەکانن‌و دوو پایەن لە پێنج پایەکانی ئیسلام، گەورەترین کردەوەی لەشی‌و دەروونین، لەبەرئەوەی لەناو کردەوە چاکەکاندا بە تایبەتی باسی کردن، ﴿لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ بۆ ئەوانەی هەیە پاداشتی بەڵێن‌و پێدراوی خۆیان لای پەروەردگاریان، ﴿وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾ هیچ ترسیان نابێ لە ناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی، ﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ ئەوانە غەمبار نابن لەو ڕۆژەدا بۆ هەر شتێ کەلە دەستیان دەرچووە لە جیهاندا.

بەڕاستی باسی زەکات بەرامبەر سوود‌و سوود خواردن ئێجگار بەجێیە، چونکە زەکات مانای بەخشینی مالە بەخۆڕایی‌و بەبێ بەدەل! ئەم زەکاتە کە پایەیەکی گرنگە لە پایەکانی ئیسلام، مایەی چاک کردنەوەی مالّ‌و دەروونی خاوەن مالە، هۆی یەکێتی‌و برایەتی‌و خۆشەویستی‌و بەهێزی گەلە، هەروەها تاقی کرایەوە لە چەند چەرخدا کە چارەسەرە بۆ زۆربەی قۆرت‌و گرێ کوێرەکانی گەل، ئەگەر کارپەدەستی موسڵمان بە تەواوی وەری گرێ‌و بە گوێرەی فەرمانی خوا بیگەیەنێ بەجێی خۆی، ئەم زەکاتە کە داهات‌و دەست کەوتێکی گەورەیە، چونکە بڕیتیە لەدوو نیو لە سەدای هەموو سامانی گەل تا(٥٪)و(١٠٪)و(٢٠٪) ئەم دەست کەوتە زۆر قەبەیە بە سووک‌و ئاسان وەرئەگیرێ‌و بەخۆشی دڵ‌و دەروونەوە، بەبێ منەتنان، بەو جۆرە وەرئەگیرێ لەوانەی کە ئیسلام پەروەردەیان ئەکات‌و پێیان ئەگەیەنێ، ئەم زەکاتە کە ئەوە پلە‌و پایە‌و نرخیەتی، بە داخەوە بەهۆی دوورکەوتنەوە لە ئیسلامەوە گەورەیی‌و گرنگیەکەی فەرامۆش کراوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە دەروونی زۆر کەسدا بە شتێکی کەم بایەخ‌و بێنرخ سەیر ئەکرێ، سەرسوڕئەمێنێ لەوەی دەوڵەتی ببێ ئەو هەموو خێرو بێرە کۆبکاتەوە‌و بیگەیەنێ بە شوێنی خۆی، لە کاتێکدا کە زەکات هەر لەدەست دارو دەوڵەمەندان ئەسێنرێ‌و بۆ هەژارانیش ئەگەڕێتەوە، بەڵام سەرسوڕنامێنێ لەو هەموو باخ‌و سوود‌و زەویە کە دەوڵەتەکان بە زۆر ئەیسێنن زۆر تر لە هەژاران‌و هەژاران کەمتر لێی

بەهرەمەند ئەبن. لە چەرخی نەفامی ئیسلام دا پڕێمی سوود خۆری لەناو گەلدا پڕیشەی داکوتا بوو، بە جۆرێکیش بوو کە کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتیان بەسترابوو بەو پڕێمەوە، باوی قورئانیش وایە لە چارەسەرکردنی ئەو جۆرە نەخۆشیانەدا تووندو تیژی بەکار نەئەهێنا، یەکسەر لە ڕێوە قەدەغەی نەئەکردن، بەڵکو بەرەبەرەو بە چەند قۆناغێك، وەك لە مەسەلەی قەدەغەکردنی عەرەقدا بەو جۆرەی کردو بە چوار قۆناغ بۆ یەکجار قەدەغەی کرد، جا لەبەرئەوە لە مەسەلەی سوودیشدا پەلەی نەکردو هەر لە یەکەمجارەوە قەدەغەی نەکرد، بەڵکو ئەمیش چوار قۆناغی بڕی:

یەکەم: لە سووڕەتی ڕۆمدا کە دەست نیشان ئەکات بەبێ فەڕی سوود بەلای خواوەو ئەفەرموێ: ﴿ وَمَآ ءَاتَيْتُم مِّن رِّبًا لِّيَرْبُوَا۟ فِىٓ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ فَلَا يَرْبُوا۟ عِندَ ٱللَّهِ ﴾ ئەو قەرزەی کە داوتانە بۆ سوود بۆئەوەی بەسەر مالی خەڵکدا زیاد بکات ئەوە لای خوا زیاد ناکات.

دووەم: لە سووڕەتی ﴿النساء﴾دا کە تەشەر ئەدا لە جوولەکە بە چەند تاوانێ کە بوو بەهۆی ئەوە تۆڵەیان لێ سەنرا، یەکێ لەو تاوانانە سوود وەرگرتنیان بوو کە جڵەوگیری کرابوو لێی، فەرمووی: ﴿ وَأَخْذِهِمُ ٱلرِّبَوٰا۟ وَقَدْ نُهُوا۟ عَنْهُ ﴾ ئەو دوو ئایەتە هەرچەند سوود قەدەغە ناکەن لەسەر خەڵك، بەڵام پەندو تەمێیەکی ئاشکرای تیایە بۆ موسڵمانان کە دوور کەونەوە لە سوود خواردن.

سێیەم: سووڕەتی ﴿آل عمران﴾ کە جڵەوگیری ئەکات لێی و بێزاری دەرئەبڕێ و لەبەر چاو ناشیرینی ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَأْكُلُوا۟ ٱلرِّبَوٰٓا۟ أَضْعَٰفًا مُّضَٰعَفَةً ﴾ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە، سوود مەخۆن بە شێوەی چەند بەرامبەری.

ئەم ئایەتە هەرچەندە جڵەوگیری لێ ئەکاتو قەدەغەی ئەکات، بەڵام بە تەواوی نادا لەبنی و هەموو جۆرەکانی قەدغە ناکات وەك لەم شوێنی چوارەمی ئێرەدا کە بەم حەوت ئایەتە دڕێژەی دا بە باسەکەی و بە تەواوی لە ڕیشەی هێنا و هیچی تیا نەهێشتەوە، بە تایبەتی ئەم چوار ئایەتەی کە دێت و مەبەستەکە باشتر ڕوون ئەکاتەوە، هەڕەشەیەکی یەکجار سامناکی تیایە دەربارەی ئەوانەی کە واز لە سوود ناهێنن، ئەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ لە خوا بترسن و خۆتان بپارێزن لە نا فەرمانی،

وَذَرُوا۟ مَا بَقِىَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓا۟ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٧٨﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ فَأْذَنُوا۟ بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ

﴿وَذَرُوا۟ مَا بَقِىَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓا۟﴾ واز بێنن لە هەر ئەندازە سوودێکتان کە بەلای خەڵکیەوە ماوەتەوە. لەئایەتی یەکەمدا چاوپۆشی کرد لەو سوودانە کە لە پێش قەدەغە کردندا وەرگیراون و خوراون، ئەوە بوو فەرمووی: ﴿فَلَهُۥ مَا سَلَفَ﴾ ئەوەی کە تێپەڕی کردووە و وەرگیراوە لێ ناسێنرێتەوە، ئینجا لەوانەیە گومان ببرایە کە ئەوەش مابێتەوە و نەگیرابێ هەر چاوپۆشی لێ ئەکرێ، لەبەرئەوە لێرەدا پوونی کردەوە و فەرمووی: دەست لەوانە هەڵگرن ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بڕواداران، واتە ئەگەر بەڕاستی بڕواداران، چونکە نیشانەی بڕوای ڕاستەقینە گوێڕایەڵی و فەرمانبەریە، بەڵێ بێگومان ئەوان و هەرکەسێ تریش بە مەرجێ لەپێزی بڕوادار دەرناکرێن کە هیچ جۆرە ڕەخنە و نێگەرانی و بێزاریان نەبێ لە هیچ یاسا و بڕیارێکی خوا، بەدڵ مل کەچ بن بۆ هەر فەرمانێکی خوا و خۆیان بە ستەمکارو تاوانبار دابنێن لەسەر هەر بێ شەرعیەک کە هەڵسن پێی، هەرکەس بەو جۆرە نەبێ لەشەرعدا بڕوادار نیە، هەرچەند بەدەم جاڕی بڕواداری و مل کەچی بدا بۆ خۆی و فەرزەکانیش بەجێ بێنێ.

خوا میهرەبانی لەگەڵ کردن وازی لێ هێنان لەوەی کە خواردبوویان پێش هاتنی ئایەتی قەدەغەکردن، داوای ئەوانەی لێ نەکردنەوە، مااڵەکانی داگیر نەکردن نە هەمووی و نە ئەو بەشەشی کە تێکەڵی سوود بوو بوو، چونکە لە ئیسلام دا تا یاسا و بڕیار دەرچنەچێ و ڕانەگەیەنرێ قەدەغەکردن نیە یاسا و بڕیار لە ئیسلام دا ناگەڕێتەوە بۆ ڕابوردوو کە ئەوەش زۆر ڕاست و بەجێیە و پڕە لە داد، جا لەبەرئەوە لەو قەدەغە کردنەدا هیچ ئاڕاوە و سەر شێوانێکی کۆمەاڵیەتی و ئابووری ڕووی نەداو بە ئاسانی چارەسەری ئەو دەردە کوشندەی کرد کە چەند چەرخ وزەمان جێگیربوو بوو لە لەشو دەمارو هەست و دەروونی ئەو گەلەدا.

ئیسلام هەرچۆنێ یاسا و بڕیارەکانی پڕ لە دادو ڕاستیە، لە هەمان کاتدا پەیوەستیان ئەکات بە بڕواو لە خواترسی بڕوادارانەوە، بەهۆی ئەوەوە چاودێرو پاسەوانی دەرەوە بەهۆی زۆرو دەسەاڵتی کاربەدەستەوە، نەک وەک یاسا و بڕیارە دەست کردەکان کە ئەو

چاودێرو پاسەوانە دەروونیەیان نیەو هەر زۆرو دەسەڵاتی کاربەدەست چاودێرو پاسەوانیەتی، بێگومان فێڵو دزی هەر لە پاسەوانی دەروونی ناکرێو فێڵو دزی لە پاسەوانی تر بە تەنیا ئاسانە، جا لەبەرئەوە ئیسلام کاروباری خۆی بە ئاسانی بەڕێوە ئەبات‌و لەسەدا سەد لە ئیش‌و کاری خۆی دا سەرکەووە، بەڵام ڕژێمە دەست کردەکان سەرکەوتوونین‌و کاروباریان قورس‌و گرانە‌و پۆخڵە‌و ناپوختە!

بەشی بەکەمی ئەم ئایەتە هاندانە‌و خستنە سۆزو پەرۆشە لەسەر کۆتایی هێنان لەو سوودە پیسەی کەلە پێشەوە کراوە‌و ماوەتەوە لای هەژارەکان، ئینجا لەبەشی دووەمدا هەڕەشەیەکی زۆر سامناك ئاڕاستە ئەکات کە هەرکەس فام‌و تێگەیشتنی هەبێ خۆی بۆ ناگیرێ‌و دەست بەجێ کۆتایی ئەهێنێ، ئەفەرموێ: ﴿فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا﴾ ئەوەی کە فەرمانم پێدان نایکەن، واتە لە خوا ناترسن‌و واز ناهێنن لەو سوودەی کە ماوەتەوە، ئیتر بە حەرامی ئەزانن یان نا، ﴿فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِّنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ ئەوا بێگومان ئاگات لە جەنگێکی گەورە بێت لەلایەن خواو پێغەمبەرەکەیەوە، واتە ئامادەبن خواو پێغەمبەری خوا جەنگتان لەگەڵ ئەکەن!

هاوار بۆ ئەو وتە سامناکە، جەنگ لەلایەن خواو پێغەمبەرەوە، جا مرۆڤ لاوازو بێکەس بۆ کوێ دەرئەچێ‌و چی پێئەکرێ بەرامبەر ئەو هێزو دەسەڵاتە بێ سنوورە کە بونەوەر لە ئاستیدا ئەلەرزێ!

لەپاش هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی دا بەکار بەدەستی مەککە کە جەنگ بکات لەگەڵ ئەوانەی کە کۆتایی نەهێنن‌و داوای سوودەکەیان بکەن، لە خوتبەی حەجی مالئاوایی دا فەرمووی:(هەموو سوودێ کەلە سەردەمی نەفامی دا کرابێ لابراو لە ژێر ئەم دوو پێمەدایە، یەکەم سوودێ کەلای بەرم سوودی عەباسی مامەمە)، فەرمانی نەدا بە سەندنەوەی ئەو سوودانەی کەلە چەرخی نەفامی دا خورابن، کەواتە لەسەر کاربەدەستی موسڵمانە ـ لەناو گەلی موسڵمان دا ـ جەنگ کردن لەگەڵ ئەوانەی کە دەست بەرداری ڕژێمی سوود خۆری نابن، لە فەرمانی خوا سەرکێشی ئەکەن هەرچەند بڵێن ئێمە موسڵمانین، چونکە ئەگەر بەحەڵاڵی دائەنێن ئەوا لەپریزی بڕواداران دا دەرئەچن‌و هەڵئەگەڕێنەوە لە

ئیسلام، که ئەوانەش ئەگەر تەوبە نەکەن ئەبێ بکوژرێن، ئەگەر بەحەرام و تاوانیشی ئەزانن و ئەیشی کەن، ئەوا هەڵئەگەڕێنەوە لە میری و کاربەدەستی ئیسلام، دیارە ئەگەر لەمەشدا تەوبە نەکەن خوێنیان حەڵاڵە، وەک کۆمەڵی خەوارج کە ئیمامی عەلی –خوا لێی ڕازی بێ– جەنگی لەگەڵ کردن و کوشتنی، لەپاش لەدنیا دەرچوونی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوانە کەلە زەکات داندا سەرپێچیان کرد حەزرەتی ئەبوبەکر –خوا لێی ڕازی بێ– جەنگی لەگەڵ کردن، هەرچەند شایەتومانیان ئەهێنا و نوێژیشیان ئەکرد، چونکە ئەگەر بڕوایان بە زەکات نەبووبێ ئەوا بە هەڵگەڕاوە لە ئیسلام دەرچوون، ئەگەر بڕوایان بووبێ و سەرپێچیان کردبێ لەزەکات داندا ئەو کاتە لە میریی و کاربەدەستی ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە، لەسەر هەر بار کوشتن و جەنگ کردن لەگەڵیاندا ڕەوا بوو بەپێی حەدیسی صحیح و بڕیاری هەموو هاوەڵەکان و لە پاش ئەوان پێشەوا و زاناکانی تری ئیسلام.

ئەو جەنگەی کە قورئان جارێ پێدا هەمیشە هەڵگیرساوو بڵێسەدارە بۆ سەر ئەوانەی کە بەو ڕژێمە ڕەفتار ئەکەن، وە هەرگیز کوژانەوەی نابێ، چونکە ئەگەر کاربەدەستی موسڵمان بوو ئەبێ لێی داو بەربەستی بکات، وە ئەگەر نەبوو خوا لە چەند بارو ڕوویەکی تردەوە و بە چەند شێوە جەنگی خۆی ئەکات، ئەوەتا ئەبینین ئەوەتەی ئەو ڕژێمە پیسە کرا بە باو لە جیهاندا خوا ئارامی و خۆشی نەهێشت و بە چەند شێوەیەک جەنگ ئەکات لەگەڵ جیهان و جیهانیان، جەنگ لەگەڵ دەمارو دڵ و دەروونداا، جەنگ لەگەڵ پیت و فەرو ئارامی و خۆشی دا، جەنگ بە ئاژاوە و دووبەرەکی و تێک بەردان و جەورو ستەم کردن لە یەکتر، لە پاش ئەوانە جەنگی چەک و ئاگری وێران کەر کە بێجگە لەو دووجەنگە جیهانیە گەورەی کە ڕوویاندا، بێجگە لە جەنگی سێیەم کە چاوەڕوانی بۆ ئەکرێ و هەمیشە خەڵک لە دڵە لە ڕزەدایە لە ترسی ئەو، بێجگەلەوجەنگەگەورەوگشتیانەئەوهەموجەنگەبچووکانەی تر کە پرشی هەموو شوێن و هەموو کەسێکی گرتووەتەوە، بێگومان لەڕووی ڕاستی دا ئەم هەموو جەنگ و خراپە ئەگەڕێتەوە بۆلای سەرمایە دارە گەورەکانی جیهان و ئەوان ئەو هەموو ئاگرە ئەنێنەوە.

وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَٰلِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٩﴾ وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ ۚ وَأَن تَصَدَّقُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٨٠﴾ وَٱتَّقُوا۟ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِ ۖ

قورئان یەکەم چین‌و تاقمی بانگ کرد، هەروەها بانگی هەموو چین‌و تاقمەکان ئەکات بۆ گەڕانەوە‌و تۆبە کردن لەو کارە پیسە بۆ شتێکی پاک‌و خاوێن لە جەورو ستەم، ئەفەرموێ: ﴿وَإِن تُبْتُمْ﴾ ئەگەر ئەگەڕێنەوە‌و تۆبە ئەکەن لەوەی کە هۆی جەنگکردنی خوایە لەگەڵتان، ﴿فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَٰلِكُمْ﴾ ئەوا سەرمایەکانتان بۆ خۆتانە، ئەوکاتە ﴿لَا تَظْلِمُونَ﴾ ستەم ناکەن لە قەرزارەکان، ﴿وَلَا تُظْلَمُونَ﴾ لەلایەن ئەوانەوە ستەمتان لێ ناکرێ.

ئەگەر گەڕانەوە‌و تۆبەتان کرد ئەوا پزگار ئەبن، ئەگەر هەر لەسەر باری خۆیان سوور بوون، ئەوکاتە یا سوود بە حەڵاڵ دائەنێن یان بە حەرام، ئەگەر بە حەڵاڵ دابنێن ئەکوژرێن‌و هەر سەرمایەکتان بوو بۆ(بیت المال)ەو هەر مااڵێکی تریان ببێ بۆ میرات بەرانە بەڵای ئیمامی حەنەفیەوە، بەڵای ئیمامی شافیعیەوە هەموو مااڵیان بۆ(بیت المال)ە، ئەگەر سوودو بەحەرام دائەنێن بەڵای(ئیبن‌و عباس‌و ئیمامی جەعفەری صادیق)ەوە ئەگەر تەوبە نەکەن ئەکوژرێن‌و مااڵەکەیان بۆ میرات بەرانە، بەڵای غەیری ئەوانەوە بەند ئەکرێن‌و مااڵەکەیان لێ ئەسێنرێ تا ئەمرن، ئینجا ئەدرێ بەمیرات بەران، بەکورتی بەهەرحاڵ بەرگری ئەکرێن لەوەی هیچ تەصەورێك لە مااڵەکانیاندا بکەن.

شەریعەتی ئیسلام پێی خۆشە موسڵمانان هەوڵ‌و تێکۆشانێك بکەن بۆ قازانج‌و زۆر کردنی مااڵ‌و سامان، چەند ڕێگەیەکی دیاریی کردووە بۆ ئەوە کە هەموو ئەو ڕێگەیانە پاک‌و خاوێنن‌و بەرژەوەندی گەل‌و ئەندامی گەلی تیایە، سوودو هەر جۆرە کەسێکی تری کە قەدەغە کردووە لە خۆڕایی نەیکردووە، بەڵکو ئەو قەدەغانەش پڕ لە خێرن‌و خوا میهرەبانی کردووە بەو قەدەغە کردنە، ئینجا باسی ئەو قەزارانەمان بۆ ئەکات کە دەست تەنگن بەم

یاسا پڕ لەخێرو بەرەکەتە، ئەفەرموێ: ﴿وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ﴾ ئەگەر قەرزدارێکی دەست تەنگ بوو نەیتوانی قەرزەکەتان بداتەوە، ئەفەرموێ: ﴿فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ﴾ ئەوە پێویستە مۆڵەتی بدەن هەتا کاتی بوون‌و دەسەڵات پەیداکرنی، ﴿وَأَن تَصَدَّقُوا خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ ئەگەر قەرزەکەتان بکەن بەخێرو صەدەقە بەم ڕەنگە گەردنیان ئازاد بکەن ئیتر لە هەمووی یان لەهەندێکی ئەوە چاکترە بۆتان، ﴿إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر ئێوە بزانن‌و تێ بگەن، بەڵێ بێگومان ئەم ئازاد کردنە چاکترە، چونکە پاداشتی لای خوا زۆر لەماڵی دنیا باشترە، بێگومان ئەو گەردن ئازاد کردنە مایەی یەکێتی‌و برابەتی‌و سۆزو بەزەییە لەناو موسڵمانانداا.

ئیسلام ئا بەو جۆرە میهرەبان‌و بەزەیی داره، قەرزارە هەژارە کە ناگرێتە گازو گرمش‌و بەندو کۆتی ناکات، بەڵکو یەکێ لەم دوو ڕێگەی بۆ خاوەن قەرزەکە دیاریی کردووە، ئینجا بەزەیی‌و میهرەبانیەکەی هەر بەوە نەوەستاندۆتەوە بەڵکو یەک لەسەر هەشتی هەبوو زەکاتی تەرخان کردووە بۆ هەژارە قەرزارەکان کەلەوە قەرزاریەکەیان نەهێڵن‌و ببوژێنەوە، ئینجا وەرە لەم ڕوانگەوە سەرنجێکی ڕژێمی ڕەشی سوود خۆریش بدە کە چۆن خوێنی هەژارەکان ئەمژێ‌و قەرزیان لەسەر کەڵەکەئەکات کە بەهیچ ڕەنگ لە ژێری دەرناچن، وە سەرنجێکی دڵە ڕەش‌و ڕەقەکانی سەرمایەدارە سوود خۆرەکانیش بدە کە هەمیشە ئاواتیان ئەوەیە هەژارەکان زۆرترو هەژار تر بن بۆ ئەوەی باشتر دەست بپێچن بەدامێنی ئەمانداو قەرزی زۆرتریان لێ بکەن!

بەدوای ئەوهەموو تەمێ‌و ئامۆژگاری‌و هەڕەشەو ترساندنەدا ئەو فەرموودەیە ئەمێنێ کە بەڕاستی دڵ ئەخاتەلەرزەوموچرکەبەلەش ئەمێنێ، ڕۆژێکی بیرئەخاتەوە کەئاواتی تیا ئەخوازرێ بۆئەوەی هەموودنیا وئەوەندەی تریش ببێ‌وبدرێ لەڕێی ڕزگاربووندا، لەو ڕۆژەدا هەموو هەق‌و حیسابێك ئەکرێ‌و هەموو کەس بە بەرو بەرهەمی کردەوەی ئەم جیهانەی ئەگات، ئەفەرموێ: ﴿وَاتَّقُوا يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ﴾ بترسن‌و خۆتان بپارێزن لە ڕۆژێك کە تیا ئەگێڕێنرێنەوە بۆلای خواو بۆ حوزورو بەردەم بارەگای خوا بۆ حیساب لێ پرسینەوە،

ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٨١﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى فَاكْتُبُوهُ ۚ وَلْيَكْتُب بَّيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ ۚ وَلَا يَأْبَ كَاتِبٌ أَن يَكْتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ اللَّهُ ۚ

﴿ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ﴾ هەموو کەسێ پاداشت‌و سەرەنجامی ئەوەی کە کردوویەتی لەم جیهانەدا پێی ئەدرێ، ئیتر چاك بێت یان خراپ ﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ لە کاتێکدا کە ئەوان ستەمیان لێ ناکرێ، واتە نە ئەجرو پاداشتیان کەم ئەکرێتەوە‌و نە زیادە تۆڵەشیان لێ ئەسێنرێ، یان بەکەم کردنی چاکەوزۆرکردنی خراپە، بێگومان هەرکەس ترسی ئەو ڕۆژە لەدڵیداجێگیربێ هەرگیز ناتوانێ سەر بکاتە گوناهو تاوان، وە ئەگەر خراپەی کرد پەشیمان ئەبێتەوە‌و ڕووئەکاتە خوای خۆی، بە تایبەتی لێرەدا ئەو فەرمان‌و جڵەوگیریانەی کە لەپێش ئەم ئایەتەدا تێپەڕیان کردو ئەم ئایەتە هات بە دوایاندا، ئەو فەرمان‌و جڵەوگیریانە فەرامۆش ناکات، وە زۆر ئاسانە لەسەری مۆڵەت دانی قەرزار یان گەردن ئازاد کردنی.

(ئیبن‌و عەباس) ئەفەرموێ: ئەم ئایەتە دواترین ئایەتەکە هاتە خوارەوە، بە ڕاستی ئەمەش هەر زۆر ڕاست‌و بەجێیە کە دواترین ئایەت بێت، چونکە ئەو حەلە هەر چۆنێ بەتایبەتی هاندەرو پاڵپێوەنەر ئەبێ بۆ ڕەفتار بەم ئایەتانەی کە هاتن لەبارەی سوودەوە، هەروەها ئەبێ بە هاندەرو پاڵدەر بۆ ڕەفتار بە هەموو قورئان.

ئینجا دێتە سەر باسی قەرزی بێسوودو یاسا دانەنێ بۆ پاراستنی بە نووسین‌و شایەت‌و بارمتە وەرگرتن لەسەری، هەروەها بازرگانی ئەکات کە قەرزی تیا نەبێ، ئەمانە بەو جۆرە باس ئەکات بەو جۆرە قورئانیە بێ وێنەی کە دەست نادا بۆ دەستکاری کردن‌و دەست تێوەردانی وتە‌و مەبەستەکانی، ئەم یاسا گرنگەشی دانا نزیکی دە چەرخ پێش ئەوەی کە خەڵکی بیربکەنەوە لە شتی وا، ئەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ﴾ کاتێ کە مامەڵەتان بە قەرزکرد ﴿إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ تا ماوەیەکی ناوبراوی دیاریی کراو ﴿فَاكْتُبُوهُ﴾ ئەو قەرزە بنوسن بەو شێوەی کە پێویستە، ئیتر مەبەست لەم مامەڵە قەرزە سەلەم بێ ـ وەك ئیمامی بوخاری لە ئیبن‌و عەباسەوە ئەیگێڕێتەوە ـ کە فەرموویەتی: خوا سەلەمی حەڵاڵ کرد لە قورئانەکەی داو درێژترین ئایەتی لەبارەیەوە

هێنایە خوارەوە، ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە، یا مەبەست گشتیەو هەر قەرزێکی تریش ـ وەك هەندێ ئەفەرموون ـ یان مەبەست قەرزی کڕینو فرۆشتنە ئیتر بەم ڕەنگە شتێ بفرۆشرێ بە پارەو بەدەلی قەرز تا ماوەیەك یا شتێکی قەرز بفرۆشرێ بە پارەو مااڵێکی حازر کە پێی ئەوترێ(سەلەم). زۆربەی زانایانی تەفسیر لەسەر ئەم ڕای سێیەمەن، شێوەی گشتی ئایەتەکەش هەر ئەم ڕایە نیشان ئەدات، لەسەر ئەم ڕایە زەمەخشەری چەند شیرین فەرموویە: کاتێ مامەاڵەتان لەگەاڵ یەکتر کرد بە قەرزەکە بیدەن یان وەری گرن کە هەردوو جۆرەکەئەگرێتەوەکەلەم ڕای سێیەمەدایە. بەهەر حاڵ لەسەر شێوە شەرعیەکەی مامەاڵەیەکی باشەو حەاڵاڵکراوە، چونکە پێویستیو بەرژەوەندی سەلەم کەرو سەلەم دەریشی تیایە.

ئەم نووسینەبە ڕای زۆربەی زانایان سوننەتە، وەبەاڵی هەندێکەوە فەرزە، بە هەر حاڵ شتێکی زۆر ڕاستو بەجێیە، چونکە مەترسی ناکرێ لە لەبیرچوونو ئینکارو ئاڕاوە وەك لەدوای ئایەتەکەدا دەست نیشانی بۆ ئەکات، ئینجا باسی چۆنێتی نووسینەکەو نووسەرەکە ئەکات کە کەسێکی سێیەم بێت کە بێ لایەن بێت نەك هیچ کام لە مامەڵە کەرەکان کە گومانی لایەنگیریی پێببرێ، فەرمان ئەدات کە ئەو نووسەرە بەڕاستیو دادپەروەریی شتەکە بنووسێ بەبێ زیادو کەم، کەواتە ئەبێ زاناو لە خوا ترسو پاك بێت، ئەفەرموێ: ﴿وَلْيَكْتُب بَّيْنَكُمْ كَاتِبٌۢ بِٱلْعَدْلِ﴾ با ئەو سەندەو نووسراوە کەسێك لە ناوتان بینوسێ کە نووسەرێکی ڕاستو دادپەروەر بێ کە زیادو کەم نەنووسێو لایەنگیریی نەکات، ئەبێ ئاگاداربێت بەسەر هەموو شتێکدا کە بۆئەو مامەڵەیە لەشەرعدا پێویستە، کەواتە وەك زانایان فەرموویانە پێویستە لەسەر کاربەدەست ئەو جۆرە نووسەرانە دیاریی بکات بۆ نووسینی ئەو سەندەو نووسراوانە، جڵەوگیری هەر نووسەرێك بکات کە شایانو شیاونین بۆ کارەکە، پاشان جڵەوگیری ئەو نووسەرانە ئەکات لەسەرپێچی کردن، ئەفەرموێ: ﴿وَلَا يَأْبَ كَاتِبٌ﴾ با سەرپێچی نەکات هیچ نووسەرێك لەو نووسەرانە ﴿أَن يَكْتُبَ﴾ لەنووسینی نامەو سەندەی ئەو مامەاڵنە ﴿كَمَا عَلَّمَهُ ٱللَّهُ﴾ لەبەرئەوەی خوا فێری نووسینی کردووە، واتە با چاکە بکات لەگەاڵ خەڵکی دا هەرچۆنێ خوا چاکەی کردووە لەگەاڵ ئەودا، با سەرپێچی نەکات لەنووسین بەو جۆرەی کە خوا فێری کردووە، یا لەسەر ئەو بارەی کە خوا باسی کرد، بە هەرحاڵ خوا داوا ئەکات لەو نووسەرانە کە بەبێ گیرو گرفت هەڵسن بەو نووسینە، ئیتر لە شێوەی فەرزی کیفایە بێ ـ کە هەندێ ئەفەرموون ـ یا بە شێوەی سوننەت کە ڕای زۆربەی لەسەرە.

فَلْيَكْتُبْ وَلْيُمْلِلِ ٱلَّذِى عَلَيْهِ ٱلْحَقُّ وَلْيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ وَلَا يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْـًٔا فَإِن كَانَ ٱلَّذِى عَلَيْهِ ٱلْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُۥ بِٱلْعَدْلِ ۚ وَٱسْتَشْهِدُوا۟ شَهِيدَيْنِ مِن رِّجَالِكُمْ ۖ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَٱمْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحْدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَىٰهُمَا ٱلْأُخْرَىٰ ۚ

هەرچەند لە جڵەوگیری لە سەرپێچی کردنەکەوە وەرئەگیرێ فەرماندان بە نووسین، بەڵام لەبەر گرنگی کارەکە ئەوا بە پوونی فەرمان ئەدات بەو نووسینە ﴿فَلْيَكْتُبْ﴾ دەی با ئەو نووسەرە ئەو نامەو سەنەدە بنووسێ بەو جۆرەی کە باس کرا، بێگومان ئەو نووسەرە نابێ قسەی خۆی بنووسێ، بەڵکو ئەبێ قسەی قەرزارەکە بنووسێ، چونکە لەوانەیە قەرز دەر شتێ بڵێ زیانی قەرزارەکەی تیابێ، بەڵام قەرزارەکە داماوەو خوا خوایەتی قەرزەکەی بداتێ لەبەرئەوە ناتوانێ مل ملانێ بکات، هەم قەرزارەکە دانی نا بە قەرزو هەقەکەدا ئیتر کارەکە تەواوەو بەدەمی خۆی قەرزەکە لەملی خۆی توند ئەکات، شایەتیش لەسەر قسەی ئەو ئەگیرێ، لەبەرئەوە ئەفەرموێ: ﴿وَلْيُمْلِلِ ٱلَّذِى عَلَيْهِ ٱلْحَقُّ﴾ با ئەو کەسەی کە قەرزو هەقەکەی لەسەرە دەقی نووسراوەکە بڵێ، ﴿وَلْيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ﴾ با بترسێ لە خوای پەروەردگارو خۆی بپارێزێ لە درۆو ناهەقی، ﴿وَلَا يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْـًٔا﴾ هیچ شتێکی لێ کەم نەکاتەوە، بەڵکو بە تەواوی بیڵێ و دانی پیابنێ، ﴿فَإِن كَانَ ٱلَّذِى عَلَيْهِ ٱلْحَقُّ﴾ ئەگەر ئەو کەسەی کە هەقو قەرزەکەی لەسەرە ﴿سَفِيهًا﴾ گێل و ناژیر بێ، ﴿أَوْ ضَعِيفًا﴾ یا توانای نەبێ لەبەر منداڵی یا زۆر پیری، ﴿أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ﴾ یا ناتوانێ خۆی بەخۆی دەقی نووسراوەکە بڵێ، لەبەر لاڵی یا لەبەر هەر شتێکی تر، ئەگەر قەرزارەکە هەرکام لەمانە بوو ﴿فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُۥ بِٱلْعَدْلِ﴾ با کاربەدەست و کارسازەکەی دەقی نووسراوەکە بڵێ بە نووسەرەکە بەڕێک و پاستی و بەبێ زیادو کەم، ئیتر ئەو کاربەدەست و کارسازە باوک و کەس و کاری بێ یا وەصی و وەکیل و زمان زان بێ و قەرزارەکە ئەو زمانە نەزانێ.

لێرەدا لە هەموو بارو پوویەکەوە باسی نووسین دوایی هات، ئینجا ئەچێ بۆ باسی خاڵێکی تر کە لە هەموو کڕین و فرۆشتن و مامەڵەیەکدا سوودو بەرژەوەندی تیایە، ئەوەش بریتیە لە شایەت گرتن لەسەری، ئەفەرموێ: ﴿وَٱسْتَشْهِدُوا۟ شَهِيدَيْنِ مِن رِّجَالِكُمْ ۖ﴾ داوای دوو

شایەت بکەو دوو کەس لە پیاوەکانتان بکەن بە شایەت، دوو پیاوی موسڵمانی، باڵغی، ژیری، ئازاد، بۆئەوەی لەکاتی پێویست دا شایەتی بدەن لەسەر ئەوەی کەلە نێوانتاندا ڕووی دا، ﴿فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ﴾ ئەگەر دوو پیاو نەبوون ﴿فَرَجُلٌ وَٱمْرَأَتَانِ﴾ با پیاوێك و دوو ئافرەت شایەتی بدەن ﴿مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ﴾ لەو شایەتانەی کە پەسەندیان ئەکەن و پێیان ڕازین، بەم ڕەنگە کە بەدین دراو ڕاستگۆیان ئەزانن و هەردوو تەرەف پێیان ڕازین.

لە یەکەم جارەوە داوای دوو پیاو ئەکرێ، چونکە لەناو گەل و کۆمەڵی موسڵمانی ڕاست و ڕێکدا پیاو وا بەدەرەوە و خەریکی ئیش و کارو بەربەرەکانێی ژیانە، وە ئافرەت تێیدا خان و مانە لە ماڵدا پێویستی بەوە نیە ئیش بکات تا بەوە بژی، بەڵکو پێویستە ئافرەت بە کامەرانی بژیەنرێ و خەریك نەکرێت بە کاروباری پووچ و کەم نرخەوە، دەستی نەگیرێ و خەریك نەکرێ لە گەورەترو بەنرخ ترین ئیشی سروشتی خۆی کە بریتیە لە چاودێری و سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵ، بە تایبەتی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کۆرپە ساواکان کە خۆشی و کامەرانی جیهان و پاشە ڕۆژ بەستراوە بەوانەوە، کەواتە لەناو گەلی موسڵمانی ڕێك و پێکدا لەبازاڕو لەناو کۆڕی کڕین و فرۆشتندا زۆرتر پیاو دەست ئەکەوێ، بەڵام ئەگەر دوو پیاوی ڕێك و پێك دەست نەکەوت بۆ شایەتی، ئەوا ئەتوانرێ ئافرەت دانرێ، بەڵام نەك بە تەنیا، بەڵکو پیاوی لەگەڵ بێت، چونکە زۆرتر پیاو وریاو بە بیرتر، تەنیا ئافرەتێکیش نابێ، بەڵکو ئەبێ دوان بێ، لەبەرئەوەی ﴿أَن تَضِلَّ إِحْدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَىٰهُمَا ٱلْأُخْرَىٰ﴾ هەرکام لەو دووانە شایەتیەکەی لە بیربچێ ئەوی تریان بیری بخاتەوە، و یەك بیخەنەوە بیری یەکتر تا بە هەردووکیان جێی پیاوێك بگرنەوە، وات ئافرەت بە سروشت دڵی نیە لای ئەو جۆرە مەسەلانە، بەڵکو دانراوە بۆ پەروەردەکرن و بەجێهێنانی کاروباری ماڵ، لەبەرئەوە لەوانەن کە زوو ئەو شتانەیان بیرئەچێتەوە کە لەگەڵ سروشتیاندا نەهاتووە، کەواتە پێویستیان بەو بیر خستنەوە هەیە، بە هەردووکیان شایەتیەکە تەواو بکەن لێیان وەرئەگیرێ، ئینجا ئەمەی کە هەندێ ئافرەت زیرەك و وریا ترن لە زۆر پیاوان بەتایبەتی لەم چەرخە تازەدا کە ئافرەت لادرا لەکاری سروشتی خۆی و خەریك کراوە بەکارو کردەوەکانی پیاو، ئەم جۆرە شتانە ناگیرێن بە دەستەوە ڕەخنەیان پێناگیرێ، چونکە ئەم جۆرە ئافرەتانە کەمو تاك و تەران لە کۆمەڵ و زۆربەی خەڵك جیاوازن، لەدانانی یاسا و بڕیاردا تەماشای کۆمەڵ و زۆربە ئەکرێ و گوێبە تاك و تەرا نادرێ.

وَلَا يَأْبَ ٱلشُّهَدَآءُ إِذَا مَا دُعُواْ وَلَا تَسْـَٔمُوٓاْ أَن تَكْتُبُوهُ صَغِيرًا أَوْ كَبِيرًا إِلَىٰٓ أَجَلِهِۦ ذَٰلِكُمْ أَقْسَطُ عِندَ ٱللَّهِ وَأَقْوَمُ لِلشَّهَـٰدَةِ وَأَدْنَىٰٓ أَلَّا تَرْتَابُوٓاْ

بەپێی تێگەیشتنی ئێمە ئەبوایە بیفەرموایە:(فتذكرها الأخرى) وات هەرکامیان لە بیری بچێ ئەو تریان بیری بخاتەوە، بەڵام کە بەو جۆرەی نەفەرموو ئەبێ مەبەستێکی گرنگ و حیکمەتێکی تیابێ، وە لەبارەی ئەو مەبەست و حیکمەتەوە چەند شتێ گوتراوە هەندێکی زۆر دوورە و هەندێکی نزیکن، لەناو نزیکەکاندا ئەوەی کە دڵ پێی ئارام بێت - خوا خۆیشی ئەیزانێ - ئەمەیە: بەپێی ئەم ڕوانەتە یەکێك لەو دوو ئافرەتە یەکێکیان لە بیری بچێ و ئەوی تریان بیری بخاتەوە، مەبەستەکەش ئەوە نیە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە هەردووکیان ئەگرێتەوە، بەم ڕەنگە هەرکام هەندێ لە شایەتی و نووسراوەکەی لەبیرە و هەندێکی لە بیرچووە، ئەو کاتە هەر کامیان ئەبن بەبیر خەرەوەی ئەوی ترو هەر دووکیان بیر خەرەوەن، دەی ئەم مەبەستەش هەر ئەم دەقە قورئانیە ئەگەیەنێ! جا لەبەرئەوە بە جۆرێ تەفسیرم کردەوە کە ئەم مەبەستە ئەگرێتەوە، ئینجا هەرچۆنێ لە پێشەوە فەرمانی دا لە نووسەرەکان کە سەرپێچی لەنووسین نەکەن، هەروەها لێرەشدا فەرمان ئەدات بە سەپێچی نەکردنی شایەتەکانیش کاتێ کە بانگ کران بۆئەوەی بێن بە شایەت، ئەفەرموێ: ﴿وَلَا يَأْبَ ٱلشُّهَدَآءُ إِذَا مَا دُعُواْ﴾ باشایەتەکان سەپێچی نەکەن کە بانگکران بێن بە شایەت یا شایەتی بدەن، کەواتە پێویستە لەسەریان کەبچن بەدەم ئەو داواو بانگەوە، لەبەر ڕاگیر کردنی دادو حەقیانەت و بۆ پارێزگاری مافی خەڵك، خوا ئەو فەرمانە دەدات تا ئەو شایەتانە بەبێ گیروگرفت و خۆگرتن پێی هەڵسن، بەبێ منەت خستنە سەر هیچ کەسێ.

لێرەدا باسی شایەتی دوایی هات، ئینجا ئەچێ بۆ مەبەستێکی تر کە بریتیەلە پێویستی نوسینی قەرز ئایا کەم بێ یان زۆر، ئەفەرموێ: ﴿وَلَا تَسْـَٔمُوٓاْ أَن تَكْتُبُوهُ﴾ وە بێزار مەبن لە نووسینی ئەو قەرزو هەقە ﴿صَغِيرًا﴾ ئیتر بچووك و کەم بێت، ﴿أَوْ كَبِيرًا﴾ یا گەورەو

زۆر بێت کەلە گەردنی ئەو قەرزەدایە، ﴿إِلَىٰٓ أَجَلِهِۦ﴾ هەتا ماوەکەی خۆی کە دیاری کراوە بۆ دانەوەی.

هەموو جیهان چاویان لە قورئان کردو ئەم نووسینی قەرزەیان کرد بە باو بۆ قەردان و وەرگرتنی دەفتەرێکی تایبەتی بۆ دیاریی ئەکرێ و دادگا لەسەر ئەوە حوکم و بڕیار دەرئەکات، بێگومان زۆر جار بێزاری پەیدا ئەبێ لە نووسینی سەندو ئەو قەرزانە لەبەرئەوەی قەرزەکە کەچەو شایستەی نووسین نیە، یا کابرا شەرم ئەیگرێ و لەبەر دڵی قەرزارەکە نایەوێ بینوسێ، یا هەر سستی و تەمەڵی ئەکات، لەبەرئەوە جڵەوگیری کرد لەو سستی وبێزارییە، سێ هۆیش بۆئەونووسینەباس ئەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكُمْ﴾ ئەونووسینەکەباسکرا:

١- ﴿أَقْسَطُ عِندَ ٱللَّهِ﴾ ڕاست تر لای خواو لە بڕیاری خوادا، چونکە لە ڕاستیەوە نزیکترەو دوورترە لە درۆو ڕیا کردن.

٢- ﴿وَأَقْوَمُ لِلشَّهَٰدَةِ﴾ ڕێکەو ڕاست تر بۆ شایەتی لەسەردان، کۆمەکی باشتر ئەکات لەسەر ڕاگیر کردنی ئەو شایەتیەو بەو نووسینە باشتر بیریان ئەکەوێتەوە.

٣- ﴿وَأَدْنَىٰٓ أَلَّا تَرْتَابُوٓا۟﴾ نزیک تر لەوەی کە نەکەونە گومانو دوو دڵی لە ئەندازەی قەرزو ماوەکەی دا.

ئەم سێ هۆیە: یەکەمیان بەرژەوەندی ئایینی تیایە کە پێکهێنانی ڕەزامەندی خوایە، دووەمو سێیەمیش بۆ بەرژەوەندی ئەوانە بەوەی کە شایەتیەکە ڕاگیر ئەکرێ و هیچ کام لە قەرزارو قەرزدەر دووچاری زیان و ناهەقی نابن، دوور ئەکەونەوە لە بێئارامی دڵو بەد گومانی لە ئاستی یەکتر، هەندێ لە زانایان ئەفەرموون وتەی ﴿ذَٰلِكُمْ﴾ تەنیا بۆ نووسینەکە دەست نیشان نیە، بەڵکو دەست نیشانە بۆ نووسینو شایەت گرتنەکە پێکەوە، بەو جۆرەش هەر جوانەو مەبەستەکە ڕێکە، بەڵام ئەوەم هەڵبژارد کە هەر نووسینەکە دەست نیشان بێ، چونکە نزیک ترو ڕێکتریشە لەگەڵ وتەی ﴿وَأَقْوَمُ لِلشَّهَٰدَةِ﴾.

إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَلَّا تَكْتُبُوهَا ۗ وَأَشْهِدُوٓا۟ إِذَا تَبَايَعْتُمْ ۚ وَلَا يُضَآرَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ ۚ وَإِن تَفْعَلُوا۟ فَإِنَّهُۥ فُسُوقٌۢ بِكُمْ ۗ

تا ئێرە باسی کڕین‌و فرۆشتنێ بوو کە قەزری ماوە دووری تیا بێ، ئینجا دێتە سەر مامەڵەو کڕین‌و فرۆشتنی کە بەو جۆرە نەبێ‌و بەڵکو دەست بەدەست بێ، بۆ مامەڵەی وا نووسین پێویست نیە‌و هەر شایەت گرتن بەسە‌و بوونی چاکە، ئەفەرموێ: ﴿إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً حَاضِرَةً﴾ بەڵام کاتێ کە مامەڵەو کڕین‌و فرۆشتنەکەتان بارزگانیەکی ئامادەی دەست بەدەست بێ کە ﴿تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ﴾ لەناو خۆتاندا بیگێڕن، ﴿فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَلَّا تَكْتُبُوهَا﴾ لەو کاتەدا هیچ گوناهێکتان لەسەر نیە لەنە نووسیندا، چونکە بۆ شتی وا هیچ ناکۆکی‌و ناڕاوە پەیدا نابێ، کەواتە پێویست نیە ئەو ئەرکە زیادە بخرێتە سەرشان، بەڵکو هەر تەنها شایەت گرتن بەسە بۆئەوەی هیچ ڕێگەی قسە‌و دەمە قاڵێ نەمێنێ، لەبەرئەوە ئەفەرموێ: ﴿وَأَشْهِدُوٓا۟ إِذَا تَبَايَعْتُمْ ۚ﴾ شایەت بگرن کاتێ کە شتتان کڕی‌و فرۆشتتان، ئیتر بۆ ئەم کڕین‌و فرۆشتنە کە باس کرا یا بۆ هەر کڕین‌و فرۆشتنێ ببێ.

لە پێشەوە لەبارەی نووسین‌و شایەتیەکەیانەوە، ئەفەرموێ: ﴿وَلَا يُضَآرَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ ۚ﴾ با زیان نەبەنووسەرو نە بەشایەت نەگەیەنرێ، بەم ڕەنگە پەلەیان لێ بکرێ‌و تەنگەتاو بکرێن‌و خەریك بکرێن لە کارو ئیشی پێویستی خۆیان، یا هەق‌و کرێی نووسینەکە نەدرێ‌و خەرج‌و ئەرکی شایەتەکان نەکێشرێ کاتێ لەدوور هاتبن، یا بە هەر جۆرێ تر نابێ زیانیان پێ بگەیەنرێ، چونکە نووسەرو شایەت زۆر جار تەرەفێك ڕقی لێ هەڵنەگرێ، کەواتە ئەبێ پارێزگاری بکرێن، هەندێ ئەفەرموون: مەبەست جڵەوگیری نووسەرو شایەتە لەوەی زیان بگەیەنن بە مامەڵە کەرەکان، بەم ڕەنگە بە گوێیان نەکەن‌و داواکەیان بۆ جێبەجێ نەکەن، یان قسە‌و مەبەستەکە بگۆڕن بە زیادو کەم. ﴿وَإِن تَفْعَلُوا۟ فَإِنَّهُۥ فُسُوقٌۢ بِكُمْ ۗ﴾ ئەگەر ئەوەی کە ڕێگە نەدرا بیکەن ئێوە بیکەن ئەوە لە فەرمانی خوا دەرچوونە کە دووچارتان ئەبێ، دیارە دەرچوون‌و یاخی بوونیش لە خوا مایەی بەدبەختی هەر دوو جیهانە،

وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴿٢٨٢﴾ ۞ وَإِن كُنتُمۡ عَلَىٰ سَفَرٖ وَلَمۡ تَجِدُواْ كَاتِبٗا فَرِهَٰنٞ مَّقۡبُوضَةٞۖ فَإِنۡ أَمِنَ بَعۡضُكُم بَعۡضٗا فَلۡيُؤَدِّ ٱلَّذِي ٱؤۡتُمِنَ أَمَٰنَتَهُۥ وَلۡيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥۗ وَلَا تَكۡتُمُواْ ٱلشَّهَٰدَةَۚ وَمَن يَكۡتُمۡهَا فَإِنَّهُۥٓ ءَاثِمٞ قَلۡبُهُۥۗ

﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ﴾ خۆتان بپارێزن لە نافەرمانی خواو لێی بترسن، ﴿وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُۗ﴾ کارێکتان ئەکات کە سوود بەخشە بۆتانو بەرژەوەندی هەردوو جیهانی تیایە، ﴿وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ﴾ خوا زانا و ئاگایە بە هەموو شتێ. ئەم ئایەتە درێژترین ئایەتی قورئانە، حوکمو بڕیاری زۆری تیابوو، کەواتە زۆر شیرینو بەجێیە بەم پەندو ئامۆژگاریە گرنگە تەواوی کردو پێویستە بە باشی گوێڕایەڵی بکرێت.

ئەگەرێتەوە بۆ سەر باسی نووسینی قەرزەکەو حاڵەتێك ئەهێنێ کە نووسینی تیا ناگونجێ، لەو حاڵەدا نووسین هەڵئەگرێو لە شوێنی دا بارمتە بڕیار ئەدا، ئەفەرموێ: ﴿وَإِن كُنتُمۡ عَلَىٰ سَفَرٖ﴾ ئەگەر ئێوەی کڕیارو فرۆشیار لەسەر سەفەر بوونو لە سەفەردا بوون، ﴿وَلَمۡ تَجِدُواْ كَاتِبٗا﴾ بەو جۆرەی کە پێویستە نووسەرتان دەست نەکەوت، یا وەك(ئیبن و عەباس) ئەفەرموێ: کاغەزو مەرەکەب نەبوو ئەو کاتە ﴿فَرِهَٰنٞ مَّقۡبُوضَةٞ﴾ لەجێی نووسینو شایەتەکاندا با چەند بارمتەیەك هەبن کەلەلایەن قەرزارەکانەوە وەرگیراوبن، واتە هەرکام لە ئێوە لەو کاتەدا بارمتە وەرگرێ تا لە نەفەتانی قەرزەکەی دڵنیابێ.

بۆ خاوەن قەرز دروستە بارمتە وەرگرێ با نیشتەجێبێو نووسەریشی دەست کەوێ، وەك(ئیمامی بوخاریو موسلیم) حەدیسێ ئەهێنن کە پێغەمبەر(ﷺ) لە مەدینەدا زرێو تاسکلاوەکەی خستە بارمتە لای جوولەکەیەك لە باتی(بیست ساع) جوولەکەکە لێی وەرگرت بۆ خۆراکی ماڵو خێزانی، کەواتە سەفەرو دەست نەکەوتنی نووسەر مەرج نین بۆ دروستیو دامەزراندنی بارمتە، بەڵکو باسی ئەم دووانە لەم ئایەتەدا بۆ باسی هۆی لادانە لەنووسینو دانانی بارمتە وەرگرتنە لە جێی نوسیندا. خوای گەورە لە کڕینو فرۆشتنێکدا کە قەرزی تیا بێ سێ جۆری داناوە:

یەکەم: ئەوەبوو بە نووسینو شایەت بکرێ.

دووەم: ئەوەبوو کەوا بارمتە وەرگیرێ لەسەری.

سێیەم: ئەمەیە کە بەبێ شایەت و نووسین و بارمتەبێ.

لەسەرەتای ئەم ئایەتەدا کە پێوەی خەریکین دوومی باس کرد، ئینجا لەپاش ئەوە هەر لەم ئایەتەدا سێیەمیش باس ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا﴾ ئەگەر هەندێکتان ئەمین بوون لەهەندێکی ترتان، واتە خاوەنی قەرزەکەتان قەرزارەکەی بەسەر ڕاست زانی و باکی نەبوو لەوەی سەر لاربێت، بەهۆی ئەوەوە داوای سەندو شایەت و بارمتەی نەکردو نەیوست لێی، ﴿فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ﴾ دەی با ئەو کەسەی کە بە ڕاست و ئەمین دانراوە قەرزەکەی بداتەوە کە کراوە بە ئەمین دار بەسەریەوە و بەبێ بارمتە پێی دراوە، واتە با ئەو قەرزارە بە گوێرەی گومانی خاوەن قەرزەکە ڕەفتار بکات و لەکاتی خۆی دا قەرزەکەی بەسەر ڕاستی بداتەوە، هەرچۆنێ ئەگەر بارمتەی بدایە و لای خاوەن قەرزەکە بە ئەمانەت دانایە ئەبوایە بەڕێکی بیداتەوە، ﴿وَلْيَتَّقِ اللَّهَ رَبَّهُ﴾ با لە خوا بترسێ و خۆی بپارێزێ لەناپاکی و سەرپێچی و لەدان نەنان بەو هەقەی کەلایەتی. بێگومان ئەو شایەتیەی کە شایەتەکان هەڵی ئەگرن سپاردەو ئەمانەتێکە لە گەردنیاندا، کەواتە پێویستە لەسەریان لەکاتی پێویستدا ئەو شایەتیە بدەن و بیگەیەننە جێی خۆی، جا چەند شیرینە بەدوای فەرموودەی پێشوودا ئەم فەرموودەیە ئەمێنێ: ﴿وَلَا تَكْتُمُوا الشَّهَادَةَ﴾ ئەو شایەتیەی کە لاتانە بەڕێکی بیدەن و مەیشارنەوە، ﴿وَمَن يَكْتُمْهَا﴾ هەرکەس بیشارێتەوە و نەیدا ﴿فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ﴾ بەڕاستی ئەو کەسە دڵی گوناهبارە، فەرمووی: دڵی گوناهبارە، چونکە دڵ جێگای ئەو شاردنەوەیە و لەدڵدا ئەشارێتەوە و بە ئارەزووی دڵە، بێجگە لەوەش دڵ سەرۆک و ئاغای لەشە و کانگای هەموو چاکە و خراپەیەکە وەک لە حەدیسی(موسلیم)دا ئەفەرموێ: ئاگادار بن کە لە لەشدا پارچە گۆشتێک هەیە ئەگەر ئەو چاک بێت ئەوا هەموو لەش چاک ئەبێت و بە پێچەوانەشەوە، ئەو پارچە گۆشتەش دڵە. دەی کاتێ کە دڵ سەرۆک و ئاغا بێت ئەبێ گوناهی ئەو گەورەتر بێت لە گوناهی ئەندامەکانی تری لەش، کەواتە ئەم فەرموودەیە دەست نیشانی تیایە بەمەی کە شاردنەوەی شایەتی گوناهێکی زۆر گەورەیە، وەک لە حەدیسی(ئیبن و عەباس)یش دا هاتووە و دانراوە بە یەکێ لە گوناهە زۆر گەورەکان. ئینجا بەنهێنی هەڕەشە ئەکات لەو کەسانەی کە شایەتی ئەشارنەوە،

وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴿٢٨٣﴾ لِّلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ ۗ وَإِن تُبْدُوا۟ مَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ ٱللَّهُ ۖ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٨٤﴾ ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ

ئەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ﴾ خوا ئاگاو زانایە بە هەر کردەوەیەك کە ئێوە ئەیکەن، یەکێ لەو کردەوانەش شایەتی دانە بە ڕاستی، وە یەکی تر شایەتی نەدانەو شاردنەوەیەتی، ئینجا دیسان لەسەر ئەو مەبەستە ئەڕواو دڵنیایی لەسەر ئەکاتو دڵئەخاتە ترسەوە لە خوا کە ئاگای لە هەموو نهێنی‌و ئاشکرایەکی دەروونە، ئەفەرموێ: ﴿لِّلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ﴾ هەر بۆ خوایەو موڵکو دروست کراوی خوایە هەرچی وا لە ئاسمانەکان‌و زەوی دا، شتێکی ئاشکرایە کە ئەبێ ئەو خاوەن‌و دامێنەرو دروست کەرە زانا‌و ئاگادارێ بە هەموو شتە دروست کراوەکانی، وەکو لە سورەتی﴿الملك﴾دا ئەفەرموێ: ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ﴾ ئایا ئەو کەسەی کە شت دروست ئەکات ئاگادارنیە بە دروستکراوەکەی؟ واتە بەڵێ زانا‌و ئاگاداڕە، وەك لێرەشدا دەست نیشانی بۆ ئەکات بەو ئاگاداریە کە ئەفەرموێ: ﴿وَإِن تُبْدُوا۟ مَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ﴾ ئەگەر ئەوەی کەلە دڵتاندایە ئاشکرای بکەن‌و دەری ببڕن، ﴿أَوْ تُخْفُوهُ﴾ یا بیشارنەوە، ﴿يُحَاسِبْكُم بِهِ ٱللَّهُ﴾ خوا حیساب‌و پرسیارتان لەگەڵ ئەکا پێی. ﴿فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ﴾ خۆش ئەبێ لەهەرکەس کە خوا خۆی بیەوێ، ﴿وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ﴾ سزای هەرکەسیش ئەدا کە بیەوێ‌و مەیلی سزادانی بکات، ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ خوا دەسەڵات دارە بەسەر هەموو شتێکدا، کەواتە هەرچی پێویست بێت ئەیکات. زانایانی ئیسلام ئەفەرموون ئەو خەیاڵو خەتەرەی کە دێت بەدڵدا پێی،پێنج جۆرن:

یەکەم:(هاجس) واتە یەکەم جار کە دێت.

دووەم:(خاطر) لەپاش هاتن‌و کەوتنە دڵ لەدڵدا ئەگەڕێ.

سێیەم:(حديث النفس) دوو دڵ بوون لە کردن‌و نەکردنی.

چوارەم:(هم) نیاز کردنی شتەکە.

پێنجەم:(عزم) بڕیار دانی دڵ لەسەرکردنی.

بەپێی حەدیسی(بوخاری و موسلیم) سێیەم و چوارەم بوراون و خوا بەندە ناگرێ لەسەریان، دیارە لە جێیە ئەم دووانەیان لێ بووراو بن ئەوا یەکەم و دووەم باشتر لێ بوراون، تەنها ئەوەی کە گوناهو بێ شەرعی بێت پێنجەمە، ئینجا ئەگەر مەبەست بەوەی کە لەم ئایەتەدا فەرمووی خوا حیساب و پرسیارتان لێ ئەکات، ئەم پێنجەمە بێت ئەوا هیچ قۆرت و گرێیەک پەیدا نابێ وەک زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن و بەم جۆرە ئەفەرموون، ئەفەرموون ئایەتی داهاتوو ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ خوا داوا ناکات و هیچ ئەرکێک ناخاتە سەرشانی هیچ کەسێک بە ئەندازەی توانای خۆی نەبێ. ئەم ئایەتە مەبەستەکە پووون ئەکاتەوە، ئەگەر مەبەست بەم ئایەتەی ئێرە شێوە گشتیەکە بێت کە دیمەن و پوالەتەکە نیشانی ئەدات، واتە هەر جۆرە شتێ لە دڵتاندایە دەری بڕن یان نا، خوا هەر پرسیارتان لێ ئەکات، ئەگەر بەم جۆرە مەبەست بێت ئەو کاتە دژایەتیەکی پوالەتی پەیدا ئەبێ لە نێوان ئەم ئایەتە و ئایەتی داهاتووو چەند حەدیسێکی صەحیحدا، چونکە بەپێی ئەوانە هەرچی لە ژێر دەسەلاتدا نەبێ خوا بەندە ئاگرێ لەسەری، دەی بێگومان ئەوانە کەدێن بەدڵدا بێجگە لە پێنجەم لە دەسەلاتدا نین، کەواتە پێویستە ئەو گرێیە بکەینەوە بە یەکێ لەم وەلامانەی دواوە:

١- لەپوالەتەکە لا نادەین و ئەڵێین: مەبەست پرسیارو هەواڵ پێدانە بە هەرچی کە بەدڵدا بێت، نەک گرتن و تۆڵە سەندن، وەک لە(ئیبن و عەباس)ەوە ئەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: کاتێ کە خوا هەموومان زیندوو ئەکاتەوە هەواڵمان پێ ئەدا بە هەرچی لە دڵماندا بووبێ.

٢- ئەڵێین: مەبەست هەر خەتەرەو خەیاڵێکی خراپە کە خاوەنەکەی پێی ناخۆش نەبێ و خۆی بدا بەدەمیەوەو بەرگری نەکات، دیارە خەتەرەو خەیاڵی ئاوا لە ژێر دەسەلات دەرناچێ، هۆی گرتن و تۆڵەی خوا ئەگەر خوا نەبووڕێ.

٣- ئەم ئایەتە بە ئایەتی داهاتوو سڕاوەتەوە سەبارەت بەو خەتەرەو خەیاڵانەی کەلە ژێر دەسەلاتدا نین، بەڵگە لەسەر ئەم سڕینەوەش ئەم حەدیسەیەکە(ئیمامی ئەحمەدو موسلیم) ئەیهێنن لە(ئەبو هورەیرە)وە -خوا لێی ڕازی بێ- کە ئەفەرموورێ: کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لەدڵی ئەصحابەکاندا زۆر سەخت و بە تین بوو، تاقمێک لە

گەورەکان هاتنو هاتن بە چۆکدا لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ)و عەرزیان کرد کە تا ئێستا کردەوەیەکی داوە بەسەرماندا لە تواناندا بووە: نوێژو پۆژووو غەزاو خێرو صەدەقە، ئینجا ئەم ئایەتەی هێناوەتە خوارەوەو لە تواناماندا نیە، ئەویش فەرمووی: ئایا ئەتانەوێ ئێوەش بڵێن: وەک جوولەکەو گاورەکانی پێش ئێوە وتیان: بیستمانو مل پێچی ئەکەین لە فەرمانو گوێڕایەڵ نابین؟ نەخێر ئێوە بڵێن: بیستمانو گوێڕایەڵین و داوای لێ بوردنت لێ ئەکەین ئەی پەروەردگارمانو گەڕانەوە لە پۆژی دوایی دا هەر بۆ لای تۆ ئەبێ، کاتێ ئەمەیان وتو زمانیان پێی ڕاهات خوا ئەم دوو ئایەتەی هێنایە خوارەوە کەلە ئایەتی دووەمدا فەرمووی: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾. وێنەی ئەم فەرموودەی(ئەبو هورەیرە) لە(عەلی و ئیبنو عەباس و ئیبنو مەسعودو عائیشە)وە هاتووە –خوا لێیان ڕازی بێ– بەڵام لەم وەڵامی سێیەمدا قۆرتو گرێیەکی تر پەیدا ئەبێ کە ئایەتی پێشوو هەواڵ دانەو سڕینەوەش ڕووناکاتە هەواڵ، بەڵکو هەر بۆ فەرمانو جڵەوگیری ئەبێ، مەگەر بڵێین سڕینەوە کە بۆ نەفسی هەواڵەکە نیە، بەڵکو بۆ ئەو داوایە کە وەرئەگیرێ لەو هەواڵەوە.

ئەوەی کە ئەسحابەکان لێی ترسان بریتیە لە جڵەوگیری لە هاتنی هەرکام لەو شتانەی کە دێن بەدڵدا ئیتر لە ژێر دەسەڵاتدا بن یان نا؟ واتە بەم ئایەتی داهاتووە ئەو جڵەوگیریەی سڕیەوە دەربارەی ئەو خەتەرەو خەیاڵانەی کە دەرەقەت ناکرێن.

چەند وەڵامێکی تریش دراوەتەوە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام لەبەرئەوەی بەلامەوە لاوازبوون، بۆیە بەم سێ وەڵامە وازم هێناو لام وایە بە هەرکام ئەو دژایەتیە ڕوالەتیەی کە گومان ئەبرا لەپێش ئاو ون ئەبێو ڕێی هیچ قسەو باسێک نامێنێ.

ئینجا ئەم سورەتە گەورە کە درێژترین سورەتی قورئانە، لە ئامانجو مەبەستدا لە هەموویان گەورەترە بە دوو ئایەت کۆتایی دێ کە وەک کورتەیەک وایە بۆ هەموو سورەتەکەو دەست نیشانی تیایە بۆ هەموو مەبەستو ئامانجەکانی، بەتایبەتی زۆر پەیوەندی بە سەرەتای سورەتەکەوە هەیە کە ئەوەش لە ڕەوانبێژی دا کردەوەیەکی شیرینە، ئەفەرموێ: ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ﴾ پێغەمبەرێک کە(محمد)ە بڕوای هێنا بەو قورئانەی کەلە

لایەن خواوە بۆی هێنرایە خوارەوە، ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ بڕوادارەکانیش ـ واتە ئەو تاقم و کۆمەڵەی کە بەو ناوە ناسرابوون ـ بڕوایان هێنا، کەواتە ئەو تاقمە بەڕێزە هەرچۆنێ لە سەرەتای سورەتەکەوە وەسف و سەنای کردن و جوێی کردەنەوە لەدوو تاقمەکەی تر ـ بێ بڕواو ناپاکان ـ کە لەو کاتەدا ئەو سێ تاقمە لە مەدینەدا کۆبووبوونەوە، هەرچۆنێ لەوێ ڕێزی لێ گرتن و جوێی کردنەوە، لێرەشدا شایەتی ئەدا لەسەر بڕوا هێنانیان و ئەوپەڕی پلەو پایەو ڕێزیان پێئەدا کەلە بڕوا هێناندا ئەیانکات بە هاوبەشی پێغەمبەر(ﷺ)! بەڵێ بێگومان ڕادەو پلەی بڕوای پێغەمبەر(ﷺ) هەر زۆر بەرزو بڵندو جیاوازە لە بڕوای ئەمان، چونکە بڕواکەی ئەو یەکسەر لە خواوەیە بەبێ هیچ هۆیەک، بە هەست کردن و دیتنی دڵە پاکەکەی لە هەر گەردو تۆزو لەکەیەک، بەبێ پێویست بە هیچ بەڵگەو ڕابەرێک، بە کورتی بڕواکەی ئەو بەدەمو نووسینی ئێمە باس ناکرێ و ئەو خۆی ئەزانێ تاو بۆنی چۆنە، هەرچەند پلەی بڕواکەی ئەو بەو جۆرە بەرزو جیاوازە، بەڵام کۆکردنەوەی ئەمان و بڕواکەیان لەگەڵ ئەوو بڕواکەی دا لەسەرەتای ئایەتێ لە ئایەتەکانی قورئاندا ئەوپەڕی نرخ پێدان و ڕێزگرتنە بە جۆرێک هەرگیز سوپاسی بۆ بڕواداران بەجێنایە، بێگومان هەرکەس بەشداری ئەو تاقمەی یەکەمجارە بکات و پەیڕەویان بکات لەم ڕێزو نرخەیاندا بەشدارە، ئینجا سروشت و شێوەی ئەو بڕوایە باس ئەکات و ئەفەرموێ: ﴿كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ﴾ هەموویان بڕوایان هێناوە بە خوا.

بڕوا بە خوا لە ئیسلام دا بنەڕەت و بنکەیە بۆ بۆچوون و تێگەیشتن و بەرنامەی ژیان و ڕەوشت و ئابووری و پاشەکەوتی و بزووتنەوەی بڕوادارەکە. مەبەست بە بڕوا بە خوا ناسینێتی بەو جۆرەی کە خۆی دیاریی کردووە، تایبەتی کردنی خوا بە خوایەتی و پەروەردگاری و پەرستنیەوە، کەواتە ئەبێ خوا کار بەدەست و فەرمان ڕەوا بێت بەسەر دڵ و کردەوە و ڕەوشتی بەندەدا لە هەموو کاروباری ژیانیاندا. بە هیچ شێوەیەک ناگونجێ هاوبەش بۆ خوا دانرێ لە هیچ کارو کردەوەیەکدا، چونکە هەرچی خوا نەیکات نابێ و هەرچیش ئەو بیەوێ ئەبێ، بە هیچ ڕەنگ هاوبەش و بەشدار نابێ ببێ لە پەرستن و مل کەچی بۆ ئەو خوای تاک و تەنیا، نابێ گوێڕایەڵی و فەرمانبەری کەس بکرێ جگە لە خواو هەرکەسێک بڕیاری خوا بەجێبێنێ و بیچەسپێنێ گوێڕایەڵی و فەرمانبەری ئەو کەسەش ئەگەڕێتەوە بۆلای خوا، کەواتەهەموویاساوڕێمی ژیان لەهەموویەکەوە هەر لە خواو لە ئایینی خوا وەرئەگیرێ و بە ناوی ئەوو ئیزن و ڕای ئەو ئەبێ، ئەمەیە بە کورتی مەبەستی بڕوا بوون بە خوا،

وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ۚ وَقَالُوا۟ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٢٨٥﴾ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ ۗ

﴿وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ﴾ وە هەركام بڕوای هێناوە بە فریشتەکانی خوا. بڕوا بە فریشتەکان بەشێکە لە بڕوا بە غەیبو بە نادیاری کە یەکەم نیشانەو سیفەتی لە خواترسەکانە، وەک لەسەرەتای ئەم سورەتەوە ئەندازەیەک بە درێژی باس کرا کە ئەو بڕوایە جیاکەرەوەی مرۆڤە لە ئاژەڵو گیانلەبەرەکانی تر، وە بەهۆی ئەو بڕوایەوە مرۆڤ لە چوار چێوەی تەسکو تروسکی هەست هەستیارەکان دەرئەچێو پێئەنێتە جیهانێکی پانو فراوانو نەبڕاوەوە، ئارامیو ئاسایشو ئاشتی پێك دێنێ لە دەروونداو، بڕوا بە فریشتە ـ وەک هەموو نهێنیو نادیارەکانی تر ـ ئەبێ لەسەر ئەو بارو شێوەیە بێ کە خواو پێغەمبەر(ﷺ) نەخشەیان کێشاوە بۆمان بەبێ کەمو کوڕی، ﴿وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ﴾ هەرکام بڕوایان هێناوە بە نامەکانو پێغەمبەرەکانی خوا، بە جۆرێ ئەڵێن: ﴿لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ﴾ هیچ جیاوازیەك ناخەینە نێوان پێغەمبەرەکانیەوە، واتە وەک یەك بڕوامان هەیە بە هەموویان، ئیتر بابە پێی ڕاو فەرمانی خوا هەندێکیان بە گەورەتر بزانین لە هەندێکی تریان، ئەوەش لەسەرەتای ئەم جزمەوە باس کرا.

بڕوا بە هەموو نامەکانو پێغەمبەرەکانی خوا بەبێ جیاوازی کردن، بەم ڕەنگە بڕوا بە هەندێکیان نەبێ وەك جوولەکە کە بڕوایان بە عیسا و محمد نیە، یان گاور کە بڕوایان بە محمد نیە، ئەو بڕوایە شتێکی ڕاستو ڕەوایەو لە کانگای بڕوا بە خواوە هەڵئەقوڵێ بەم شێوە پاکو خاوێنەی کە ئیسلام هێناییو نەخشەی کێشا، چونکە بڕوا داخوازە بۆ ڕاستی ئەو پێغەمبەرانەی کە خوا ناردوونی، بۆ یەکێتی ئەو سەرچاوەی کە ئەو پێغەمبەرێتیەی لێ هاتووە، وەك لە نامەکانیشیاندا هاتووە، جا لەبەرئەوە ئەو جیاوازیە لەدڵی موسڵماندا پەیدا نابێ، چونکە ئەزانێ هەموویان لای خواوە هاتوون بە شێوەیەکی ڕێك لەگەڵ بارو حاڵی ڕەوانە بۆ لاکراوەکان، هەتا گەیشتە نۆرەی دواترینو گەورەترینو بەرزترینی هەمووان محمد(ﷺ) ئەم بە دواترین شێوەی ئایینی خوا ڕەوانە کرا کە لە بنەڕەتدا یەك ئایینەو وێنەو

شێوەکانی جیاوازی تێدایە، لەم دواترین شێوەدا هات بۆ بانگ کردنی هەموو خەڵك تاکو ئەم دنیایە دوایی دێ و ئەپێچڕێتەوە. ئا بەم جۆرە ئەم گەلە موسڵمانە بوو بە کەلەپوور وەرگری هەموو پەیانەکانی خوا، وە بوو بە چاودێرو پارێزەر بەسەر تاقە ئایینەکەی خواوە، لەبەرئەوە گەلە هەست ئەکات بە گەورەیی و گرنگی ئەرکی سەرشان و کاروباری خۆی، ئەزانێ کە ئەم کراوە بە پاسەوان و پارێزەر بەسەر گەورەترو بەنرختترین دەستکەوت و کەلەپوورەوە. ئەزانێ کەئەم هەڵبژێرراوە بۆهەڵگرتن و بەرزکردنەوەی ئالای خوا لە زەوی دا، بۆ بەرەنگاری هەموو ئالاّ نەفامیەکان کە هەریەکە نیشانەو دروشمێکی بۆ دانراوە لە نەتەوایەتی و نیشتمانی پەروەری و سەهیۆنێتی و صەلیبێتی و...هتد.

ئەو دەستکەوتە گەورەو بەنرخە دەستکەوتی ئایین و بڕوایە، کە مایەی ئارامی و ئاشتی و ڕووناکی دڵ و دەروونە، ڕێگەی بەختەوەری و زانین و ناسینە، هەر دڵێ بێ بەش بێ لێی تاریکی و بێئارامی و گومان داگیری ئەکات و هەمیشە بێزارو دڵ تەنگە، سەرگەردان ئەبێ و نازانێ چی بکات و بۆ کوێ بڕوا.

ئەو گەل و کۆمەڵانەی کە بێبەشن بەم بەهرەیە ژیانیان زۆر تاڵە هەرچەند بەپوالەت هەموو هۆی کامەرانی و بەختەوەریان ببێ، بێبەشن لە ئازادی و ژیانی سەربەستی و ئادەمیانە، هەرکەسێ ئەم ڕاستیە نەزانێ ئەوا یا خەڵەتاوە یا ئەیەوێ دان بەڕاستی دا نەنێ.

کۆمەڵی بڕواداران بەو جۆرە بڕوایان هێنا و ﴿وَقَالُوا﴾ وتیان: ﴿سَمِعْنَا﴾ فەرموودەکانی تۆمان بیست، ﴿وَأَطَعْنَا﴾ گوێڕایەڵ بووین و فەرمانبەریمان کرد، یا گوێڕایەڵی و فەرمانبەریمان کردو بەسۆزو خۆشەویستیەوە وەرمان گرت، ﴿غُفْرَانَكَ رَبَّنَا﴾ داوای لێ خۆشبوونت لێ ئەکەین ئەی خوایە لە هەموو کەم و کوڕیەکانمان، ﴿وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾ گەڕانەوە هەر بۆلای تۆیە چ بە مردن و زیندوو بوونەوە.

بڕوادارەکان بەرو بەرهەمی بڕواکەیان بەو وتەیە دەربڕی. بەڵێ بەڕاستی کە بڕوای ڕاستەقینەبوو ئەبێ بیستن و وەرگرتن و گوێڕایەڵی بە دوادا بێ، بیستن و وەرگرتنی هەرشتێ کەلای خواوە بێت بۆیان، وە گوێڕایەڵی هەموو فەرمانەکانی، ئینجا لەگەڵ ئەو بیستن و وەرگرتن و گوێڕایەڵیەدا هەستکردن بەکەم و کوڕی و دەستەپاچەیی لە هەڵسان بە مافی

خوایەتی خواو سوپاسی چاکەو بەهرەکانیو بەجێهێنانی ئەرکی بەندەیی خۆیان، بەبێ ئەوانە نە بڕوای ڕاستەقینە هەیەو نە ئیسلامو ما کەچی بۆ خوا، چونکە نە ئیسلامو نەبڕوا بەقسەی ڕووت پێک نایەو نایەتەدی، بەم دوا وتەیە ﴿وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ﴾ بڕوا بەڵام پۆژی دواییان دەربڕی لەلایەن خۆیانەوە کە بڕوا بەو پۆژە بەندێکی سەربەخۆیە لە بەندەکانی بڕوا کە هەموو پێغەمبەرانی پێهاتووە، لەم ئایەتی بڕوادا لە پێشەوە نەیفەرموو، بەڵکو بەم وتەیە گەیاندی.

ئەم ئایینو عەقیدەیە دان ئەنێ بەبوونی مرۆڤدا کە مرۆڤەو دارو بەردو فریشتەو شەیتانو هیچ گیانلەبەرێکی تر نیە، دانی پیا ئەنێ بەوەی کە خاوەنی هێزو لەشێکی وزەداوە، خاوەنی عەقڵێکی بڕیاردەرەو خاوەنی گیانو سۆزو وارەزووە، ئینجا وەک دان ئەنێ بە پێویستو داخوازەکانی لەشو ژیریی و گیانەکەی داو ڕەوا داون، هەروەها سنووریشی بۆ دیاری کردوون بەبێ کەمو کوڕیو زیادە ڕەوی بۆئەوەی مرۆڤ کە هەموو کاروبارێکیان جیا نەبێو لە ناوەندی دا ڕانەوەستێ، کەواتە هەر تەکلیفو داوایەکی لێ کردین ڕاستو ڕێکە بەپێی سروشتیەتیو لەتوانادایەو بۆ ڕاگیرکردنیەتی لەو ناوەندیو میانەداو لەو حاڵە چاکە نەترازێ. وەک شاعیری خواناس ئەفەرموێ:

عليك بأوساط الأمور فإنه كلا طرفى أوساط الأمور ذميم.

واتە: ناوەندی هەموو کاروبارەکان بگرە، چونکە ئەم لاو ئەولای ناوەندیەکانی کاروبار نەویستراوو ڕەخنە لێ گیراون.

ئینجا ئەم مرۆڤە ئازادیو سەربەستیەکی هەیە لە کردەوەدا بەهۆی ئەو خواهیشو ئیرادەیە کە خوا پێی داوە، جا لەبەرئەوە پاداشتو سەرەنجامی هەموو کردەوەکانی بۆ خۆی ئەنجام ئەدرێ، وەکو بەو جۆرەش هەواڵی داوەتێو ئەفەرموێ: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ خوا داوا لە هیچ کەسێک ناکاتو ئەرکی نەخستۆتە سەرشانی مەگەر بە ئەندازەی توانای خۆی ﴿لَهَا مَا كَسَبَتْ﴾ هەرکەسێک هەر چاکەیەکی کردبێ سوودو بەرهەمی هەر بۆ خۆیەتی، ﴿وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ﴾ هەر خراپەیەکیشی کردبێ تاوانی بە ئەستۆی خۆیەتی. هەندێ لە زانایان ئەفەرموون: ئەم دوو ڕستەیە لەگەڵ ڕستەی پێشیدا بەشێکە لە

وتراوی بڕوادارەکانو خوای گەورە ئەیگێڕێتەوە لێیانەوە، بەوە وەسفو سەنایان ئەکات بەمەی وەك گوێڕایەڵی و مل کەچی خۆیان دەربڕی، هەروەها سوپاسی خوایان کرد لە داواو تەکلیفەکانی دا بەمەی لە دەسەڵاتو توانادایەو ئەرکی زۆر قورسی نەخستۆتە سەرشان، لەو داواو تەکلیفەیش دا خوا هیچ سوودو زیانێکی پێناگات، بەڵکو بەرهەمی کردەوەکانیان بۆ خۆیانە، ئەم دوو ڕستەیە کە قسەی بڕوادارەکانە پێکەوە نەیان گووتووە، بەڵکو هەرجارەی یەکێکیان گووتووە بە جیا جیا، لەبەرئەوە نەبەستراون پێکەوەو بە پچڕاوی ئەیان گێڕێتەوە، واتە پیتی عطفی نەلە پێشی ڕستەی یەکەمو نە دووەمدا نەهێناوە.

ئەم ڕایە هەرچەند ئەگونجێو مەبەستێکی ڕێك نیشان ئەدات، بەڵام ڕای زۆربە بەهێزەو باشتر لەدڵدا ئەچەسپێ کە ئەفەرموون: هەردوو سەربەخۆنو لە وتەی بڕوادارەکان نین، بەڵکو خوا لەلایەن خۆیەوە هەواڵیان پێئەدا، بە یەکەمیان دڵنەوایی بڕواداران ئەکاتو میهرەبانی خۆی دەرئەبڕێ کەلە داواو تەکلیفەکانی دا تەنگەتاوی نەکردوونو بە باشی ئەتوانن پێی هەڵسنو لەوەش زیاتریان پێئەکرێ، وەك وتەی ﴿وسع﴾ ئەیگەیەنێ. ئەو میهرەبانیەی لەگەڵ کردن، چونکە ئەوان بەسۆزو خۆشیەوە پێشوازیان کرد لە فەرمانو داواکانی، نەك وەك یەهود کە بێزاریان دەرئەبڕیو گیرو گرفتیان دروست ئەکردو خوایش ئەرکی سەرشانی زیاد ئەکردن، بۆ نموونە وەك مەسەلەی ڕەشە وڵاخەکە کە فەرمانی دا بەسەر بڕینی ـ وەك لەدەورەی یەکەمی ئەم جزئەدا باس کراـ ئینجا هەواڵی پێدان بەدووەم بۆ هاندانیان لەسەر بەجێهێنانو هەڵسانیان بە فەرمانەکانی خوا، ترساندنیان لە مل پێچیو نا فەرمانی، چونکە بڕوادار کە زانی سوودو قازانجی کردەوەی چاکی بۆ خۆیەتیو زیانو تۆڵەی خراپەشی لەسەر خۆیەتی، ئەو زانینە بەهێز پاڵی پێوە ئەنێ بۆ چاکەو لە خراپە ئەیگێڕتەوە، بەڵکو کاتێ کە بڕوادار بیر ئەکاتەوە لەو سۆزو میهرەبانیەی کە خوا لەگەڵی دا بەکاری هێناوە لەو شتانەی کە پێویستی کردوون لەسەری بۆ تاقی کردنەوەی لەم ژیانی دنیادا، کاتێ بیرئەکاتەوە لەو دادو دادپەروەریەی کەلە ڕۆژی دواییدا لەگەڵی بەکاری ئەهێنێ، ئەو کاتە ئەکەوێتە سۆزو پەرۆشو فەرمانو پێویستیەکانی سەرشانی بەجێ دێنێ، وە هیچ جۆرە قورسیو گرانیەك لە دەروونی دا نامێنێ.

رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَآ إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦۖ وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَآ أَنتَ مَوْلَىٰنَا فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٨٦﴾

ئینجا چەند نزایەکی زۆر بە تامو بەنرخ ئەهێنێو دوایی بە سورەتەکە دێنێ، ئیتر ئەم نزایانە بەشێکی تر بن لە نزای ئەو بڕوادارانە ـ وەك کۆمەڵێ ئەفەرموون ـ یان ئەمانە فێر کردنە لەلایەن خواوەو لەسەر فەرمانی ئەوە کە بڕواداران ئەم نزایانەش بکەن ـ وەك تاقمێ لە زانایان ئەفەرموون ـ بە هەرحاڵ ئەم نزایانەئ بارو حاڵی بڕواداران نەخشە ئەکێشن کە ئەبێ لەگەڵ پەروەردگاریاندا بەم جۆرە بن، ئەفەرموێ: ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ﴾ ئەی پەروەردگارمان مەمان گرە بە سزادان، ﴿إِن نَّسِينَآ﴾ ئەگەر چاکەیەکمان لەبیرکردو نەکان کرد، ﴿أَوْ أَخْطَأْنَاۚ﴾ یا خراپەیەکمان کرد.

بەسێ جۆری تریش تەفسیر کراوەتەوە، بەڵام ڕای زۆربە لەسەر ئەو تەفسیرەیەکە هەڵم بژارد، بەهەر حاڵ ئەوە ئەگەیەنێ کە بڕوادار شایانی گوناهو خراپەکاری نیە بە دەستی ئەنقەست، ئەگەر هەر شتێکی ناڕەوای کرد ئەبێ لەسەر بیرو خۆش نەبێو بەهەڵە کردبێتی، ئینجا بزانرێ کە خوا ئەم نزایەی وەرگرتو ئەم گەلە ناگرێ لەسەر هەر شتێ کە لە بیری بچێ یا بە هەڵەبیکات، وەك بە ڕوونی لەم حەدیسەدا هاتووە کە(طەبەرانی)و غەیری ئەو هێناویانە،(ئیمامی نەوەوی)ش ئەفەرموێ: حەدیسێکی حەسەنە.(رفع عن امتی الخطأ والنسیان وما استکرهوا علیه) لەسەر گەلی من هەڵگیراوە هەر شتێ کە بەلە بیرچوونو هەڵەو بەزۆر پێیان کرابێ، واتە خوا لەسەر ئەو سێ جۆرە نایانگرێ، ئەم بەهرەو میهرەبانیە هەر لەگەڵ ئەم گەلە کراوە ـ لە لوتفو میهرەبانی خوا بەزیادبێ.

﴿رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَآ إِصْرًا﴾ ئەی پەروەردگارمان ئەرەك و باری گران مەخەرەسەرمان، واتە داواو تەكلیفی شتی قورسمان لێ مەكەو كاروباری گران مەخەنە ئەستۆمان، ﴿كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَا﴾ هەروەكو خستتە سەرشانی ئەوانەی بەر لە ئێمە، بۆ وێنە وەك گەلی موسا كە بەهۆی كردەوەی خراپی خۆیانەوە خوا باری سەرشان و ئەركی گران كردن، ئەوە بوو هەندێ لە خواردەمەنی و خۆراكی پاك و خاوێنی لەسەر قەدەغەكردن، وە قەدەغەی كرد كە پۆژانی شەممە مامەڵەو پاوە ماسی بكەن، وە پێویستی كرد لەسەریان بەر ببنە یەكترو یەكتر بكوژن لەسەر ئەو گوێرەكە پەرستیەی كە كردیان... خوا نزاكەی وەرگرتن، ئەوەتا ئەو بارە گرانانەی لە كۆڵ خستن، وەك لە سورەتی ﴿الأعراف﴾دا ئەفەرموێ: ﴿وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَٱلْأَغْلَٰلَ ٱلَّتِى كَانَتْ عَلَيْهِمْ﴾ لەجێی ئەوەدا شەریعەتێكی سووك و ئاسانی بۆ ناردن بە پێغەمبەرە ئازیزەكەی دا. ﴿رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ﴾ ئەی پەروەردگارمان شتێ مەكە بەباری سەرشانمان كە توانای هەڵگرتنیمان نەبێ، واتە لەسەر گوناهەكانمان سزاو تۆڵەیەكمان مەدە كەلە تواناماندا نەبێ، یا دووچاری دەردو بەڵایەكمان مەكە كە نەتوانین هەڵیگرین، هەندێ ئەفەرموون: مەبەست بەم نزایەش هەر لە جۆری نزاكەی پێشووە، بەڵام ئەم گشتیە بۆ ئەویش و هەر ئەرك و تەكلیفێ تر كەزۆر گران بێت، مەبەست لە هەردوو نزاكە پارانەوەیە لە خوا كە بەزەیی بێتەوە بەدەستە پاچەیی و لاوازیان و داوایەكیان لێ نەكات كە نەتوانن هەڵسن پێی، ئەمان بەندەی بێ دەسەڵات و لاوازن و ئەویش خوای بە دەسەڵاتی كاربەدەستی میهرەبانە، كەواتە پەنای پێئەبەن و چاوەڕوانن بۆ چاكەو بەهرەی خوای پەروەردگاریان، ئینجا سێ داوای تر ئەكەن كە دان نانی تیایە بە تاوان و كەم و كوپی خۆیان و بیم و ترسیان لەوە، ئەفەرموێ: ﴿وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَآ﴾ زانایانی تەفسیر بە چەند جۆرێك تەفسیری ئەم وتەیان كردۆتەوە، هەموویان رێكن و گونجاون، یەكێ لەو تەفسیرانە ئەمەیە، گوناهەكانمان بسڕەوەو دروشم و نیشانەیمان پێوە مەمێڵە، گوناهو خراپیمان

داشاره‌و به دەرخستنی ئابڕومان مەبە، میهرەبانیمان لەگەڵ بکە بە بەخشینی چاکەو بەهرەی خۆت، ﴿أَنتَ مَوْلَىٰنَا﴾ تۆخاوەن‌وکارساز‌وکاربەدەستی ئێمەیت،﴿فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ کەواتە زاڵمان بکە بەسەر گەلە بێبڕواکاندا. بەڵێ بڕواداری ڕاستەقینە ئەبێ هەست‌و بۆچوونی بەم جۆرە بێ کە لەم نزا شیرینانەدا دەرکەوت، ئەبێ دڵی هەر لای خوا بێ‌و هەمیشە سام‌و ترسی ئەو لە دڵی دا بێ‌و داگیری بکات، ئەبێ هەمیشە هەست بکات بە ناتەواوی کەم‌و کوڕی خۆی بەرامبەر بەخوا، هەرچەند هەمیشە هەر خەریک بێ بەخوا پەرستی‌و هەرشتێ کە مایەی ڕەزامەندی خوایە، هێزی دڵی ئومێدو بە تەما بوونی لێبووردن‌و سڕینەوەی گوناەو چاوپۆشی میهرەبانی‌و بەزەیی خوا بێ، ئینجا لە هەر تەنگانەدا هەر پشت لە خوا ببەستێ، هەر ئاڵای ئەو بەرزبکاتەوە بەلای سەرپەوە، لە کاتێکدا کە جەنگ ئەکات ئەبێ هەر لە ڕێی خوا و بەناوی خواوە بیکات، داوای یارەمەتی بکا لە خوا بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو ملهوڕو سەرکێشانەی کە دوژمن‌و ڕێگری ئایینی خوا و دۆستەکانی خوان، داواکارین لە خوا لەبەر خاتری ئەم قورئانە لە ڕیزی ئەو بڕوادارانەدا حیسابمان بکات، ئەوەش بۆ خوا هیچی تێناچێ.

سوپاس بۆ خوا کە یارمەتی دام لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٤٠٥/٤/٢٥ لە تەفسیری سورەتی ﴿البقرة﴾ بوومەوە‌و هەر ئەمڕۆش دەستم کرد بە سورەتی ﴿آل عمران﴾.

سورەتی ﴿آل عمران﴾
مەدینەییە(٢٠٠) ئایەتە

بسم الله الرحمن الرحیم

ئەم سورەتە بەشێك لە ژیانی گەلی موسڵمانی مەدینە نیشان ئەدات لەپاش غەزای بەدر تا غەزای ئوحود لەسالّی سێیەمی کۆچ کردندا، بریتییە لە یەکەم ئایەتی تا ئایەتی(٩٣)ی بەشی دووەمی جوزئی سێیەم، هەروەك لە سەرەتاوە گوتمان.

بەپێی هەندێ ڕیوایەت لە یەکەم ئایەتەوە تا ئایەتی(مباهلە)و هەندێ ترا تا ئەگاتە ئایەتی(٧٥-٨٥) بەبۆنەی شەش شت کەسێ لە هەڵبژێرراوی مەسیحیەکانی نەجرانەوە هاتووەتە خوارەوە، کە هاتن بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) لە مەدینە، لە ڕێوە چوونە مزگەوت و پاش ماوەیەك دەستیان کرد بە وتوێژو دەمەقاڵێ لەبارەی حەزرەتی عیساوە، کە هەندێ بە کوڕی خوایان ئەزانی، هەندێ بە خواو هەندێکی تر دایان ئەنا بەسێیەمی ئەو سێ خوایەی کە بڕیاریان دابوو، ئینجا ئەم ئایەتانە هاتنە خوارو پێغەمبەر(ﷺ) لەبەر تیشکی ئەم ئایەتانە دەستی کرد بە بەڕەرچ دانەوەیان تا بە تەواوی دەم کوتی کردن و هیچیان بەدەستەوە نەما، لە هەندێ لەو ڕیوایەتانەدا کاتی هاتنی ئەو تاقمە دیاریی نەکراوە، وەلە هەندێکیاندا دیاریی کراوە بە سالّی نۆهەمی کۆچیەوە کە ناونرا بە(عام الوفود) لەبەرئەوەی لەو سالّەدا لە هەموو ناوچەکانی نیوە دوورگەوە نوێنەر هات، کاتێ کە بۆیان دەرکەوت ئیسلام زاڵ و سەرکەوتوو بووە، جا ئەگەر کاتی هاتنی ئەم تاقمە نەبڕین بەسەر ئەو سالّی نۆهەمەداو دیاریی نەکەین ئەوا باشەو ڕێی هیچ ڕەخنەو قسەیەك نیە، بەڵام ئەگەر ئەو هاتنە بڕین بەسەر ئەو سالّەدا قۆرت و گرێ پەیدا ئەبێ، چونکە:

١- لەو سالّەدا هەر نوێنەرێك هاتبێ بۆ ئەوە بووە کە خۆیان ببەنە پێشەوەو دۆستی و مل کەچی بۆ ئیسلام دەربڕن لەسەر دەستی پێغەمبەردا(ﷺ) دەی هەر لە ڕیوایەتەکانەوە

دەرئەکەوێ کە هاتنی ئەوانە بۆ ئەوە نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوە بووە کە وتوێژو دەمەقاڵێ خۆیان‌و ئایینەکەیان دەربخەن‌و قسەی خۆیان سەرخەن، ئەوەتا لەپاش ئەوەی کە دەم کوت کران هەر دانیان نەنا بە ڕاستی دا.

٢- گەلێك لەم ئایەتانە ئاشکرایە کەلە پێش سااڵی نۆهەمدا هاتۆتە خوارەوە، بەڵکو هەندێکیان لەسەرەتای چەرخی مەدینەدا هاتوونەتە خوارەوە، وەك لەکاتی تەفسیر کردنیاندا دەرئەکەوێ، بێجگە لەوانەش کە باس کران، ئایەتەکانی قورئان نابەستێنەوە بە هۆی هاتنە خوارەوەیانەوە، کەواتە چاك وایە ئەم ئایەتانە نەبەستینەوە بەو ڕووداوەی کە ئەو ڕێوایەتانە هێناویانە، ئەوەی کە لەم سورەتەدا هاتووە لە بارەی وتوێژو لێکۆڵینەوە لەگەڵ نامەدارەکاندا، وە بەرپەرچ دانەوەی بیروباوەڕە لارو وێڕەکەیان کە بەهۆی لادان لە ئایینە ڕاستەکەی خوا دووچاریان بووە، وە بەرپەرچ دانەوەی ئەو پڕو پاگەندەی کە بااڵویان ئەکردەوە بەرامبەر ڕاستی پێغەمبەرێتی محمد(ﷺ) تاك‌و تەنیایی خوا کە ئیسلام زۆر بە گرنگ گرتی‌و بەباشی ڕوونی ئەکردەوە، هەروەها دڵنیا کردنی موسڵمانان‌و دامەزراندنیان لەسەر ئایینە ڕاستەکەیان‌و وریا کردنەوەیان بە پیلانی ئەو نامەدارە دوژمنانە، هەموو ئەمانەو غەیری ئەمانە کە ئەم سورەتە خەریك بوو پێیانەوە‌و چارەسەری کردن، ئەمانە وا دابنێین کە بەبۆنەی ڕووداوی ترەوە لە پێش سااڵی نۆهەم دا هاتوون، یان ئەم ئایەتانە هاتوون هەر بۆ وریا کردنەوەی موسڵمانان‌و دەرخستنی ئەو دوژمنایەتی‌و بەربەرەکانیەی کەلە نێوان موسڵمان‌و بیروباوەڕە ڕاستەکەیان نامەدارو بت پەرست‌و بیروباوەڕە ناڕاست‌و ناڕەواکەیاندا هەمیشەییە، ئەم ئایەتانە وا نیشان بدەین کە بۆ بەرەنگاری‌و بەرپەرچ دانەوەی نامەدارە دوژمنەکان هاتوون، ئیتر بەبێ دابڕینی بەسەر ڕووداوێکی تایبەتی دا.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

الٓمٓ ﴿١﴾ اللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ ﴿٢﴾

کەواتەلەسەرئەم بارە دەست پێدەکەینو ئەڵێین: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ * الٓمٓ ﴿١﴾﴾ لەسەرەتای سورەتی ﴿الفاتحة﴾و لە سەرەتای سورەتی ﴿البقرة﴾وە سەبارەت بە تەفسیری ﴿بِسمِ الله﴾ تەفسیری پێتەکان وتراوێکمان پێشکەش کرد، دووبارە کردنەوەی بە پێویست نازانم، با سەرنجی ئەمە بدرێ ﴿اللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ خوا کەناوی ﴿الله﴾یە هیچ پەرستراوێکی شایستە نیە بێجگە لەو، تەنیا ئەویش شایستەی پەرستنە ﴿الْحَيُّ﴾ هەر ئەو خوایەیە زیندووە بەبێ سەرەتاو بەبێ دوا هاتن ــ بۆ زیندوویەکەی ــ کەواتە زیندوویەکەی لە خوا خۆیەوە هاتووە، لە ڕاستی دا هەر ئەوە زیندووە، ﴿الْقَيُّومُ﴾ هەر ئەو خوایە خۆی بە خۆی ڕاگیرەو بە هەمیشەیی ڕاگرو تەگبیرکەری هەموو شتێکە بە گیاندارو بێگیانەوە، لە هەموو بارو ڕوویەکیانەوە.

لەسەرەتای سورەتەکەوە جارێ تەنیایی و پاکو خاوێنی خوا درا کە جیاکەرەوەی عەقیدەو باوەڕی موسڵمانن لە هەموو عەقیدەو باوەڕەکانی تر، ئیتر چ عەقیدەی بێئایینو بت پەرستان، وە چ عەقیدەی نامەدار ــ جوولەکەو گاور ــ بە هەموو تاقمو تیرەکانیانەوە کە لایاندا لە ئایینی خوا، هەرچۆنێ بەمە جیا ئەبێتەوە ژیانی موسڵمان لەژیانی هەر خاوەن بیروباوەڕێکی تر ، چونکە هەر ئەم عەقیدە تاکو تەنیایەی خوا بەرنامەی ژیانو ڕژێمی ژیان بەوردی دیاری ئەکات، ئەوەتا ئەفەرموێ: هیچ هاوبەشێک لەزاتو سیفاتو خوایەتیو تەنیاییو دەسەڵاتی دا نیە، ئەو ڕاگیر کەری هەموو شتێکە بوونو ژیان بەبێ ئەو لەم بوونەوەردا نیە، بەم عەقیدەو بۆچوونە جیا ئەبێتەوە لەو هەموو عەقیدەو بۆچوونە جیاوازانەی هەموو چەرخو جۆرە نەفامیانە، ئیتر چ باوەڕو بۆچوونی بت پەرستەکانی ئەو چەرخو سەردەمە، وە چ هینی جوولەکەو گاور.

قورئان لەسەر زمانی جوولەکەکانەوە ئەگێڕێتەوە کە ئەڵێن: عوزەیر کوڕی خوایە. هەرچۆنێ لە(الکتاب المقدس)ی خۆشیاندا ئەمڕۆ شتی وا هەیە، لەم ڕووەوە با سەرنجی ئیصحاحی شەشەمی(سفر التکوین)بدرێ، بەڕاستی مرۆڤ شەرم ئەیگرێ قسەکەیان بڵێتەوە، وە هەروەها لە مەسیحیەکانەوە بۆمان باس ئەکات کە هەندێکیان ئەڵێن: سێ خوا هەیە. هەندێ تریان ئەڵێن عیسا خوایە. هەندێ تریان ئەڵێن: عیسا و دایکی دوو خوای جیاوازن لە ﴿الله﴾. هەروەها بۆمان باس ئەکات کە زانا و عابیدەکانی خۆیانیان گێڕاوە بە پەرستراوی خۆیان. وەک قورئان ئەو شتانەی باس کرد لێیانەوە و دای بەناوچاویاندا بەڕەچیشی داونەوە، هەروەها لەکتێبی دانراوی خۆیاندا دان ئەنێن بەم جۆرە بۆچوون و بیروباوەڕەدا، یەکێ لەو کتێبانە(الدعوة إلى الأسلام)ە، دانراوی(ئەرنولد) وەرگێڕانی(حسن إبراهیم) لاپەڕە(٥٢-٥٣)، ئینجا لەبارەی لادانی بت پەرستەکانەوە بۆمان باس ئەکات کە جنۆکە و فریشتە و مانگ و ڕۆژ و بتە دەستکردەکانی خۆیان ئەپەرستن، لەناو هەموویاندا ئەهوەن ترینیان ئەوانەن کە ئەڵێن: ئێمە ئەوانە ئەپەرستین هەر لەبەرئەوەی نزیکمان بخەنەوە لە خوا.

لەوکاتەدا کە ئەو بیروباوەڕە پڕوپووچانە دنیایان داگیر کردبوو، ئیسلام هات دای لەو هەموو جۆرە بیروباوەڕانە، وە بیروباوەڕی پاکی خۆی هێناو فەرمووی: ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ﴾ بێگومان هەرکەس ئەم عەقیدەو بیروباوەڕە لەدڵو دەروونی دا دامەزرێ، ئەبێ بەرنامەو ڕژێمی ژیانی ئەو کەسە جیاوازبێت لە هەرکەسێ کە دڵو دەروونی ڕەش و تاریک بووبێ بەو بیروباوەڕە پڕوپووچ و بێنرخانە.

ئەو کەسەی کە دڵو دەروونی ڕووناک بووبێتەوە بەو بیروباوەڕە پاکە هەر بە تەنیا خوا ئەپەرستێ، بەرنامەو ڕژێمی ژیانی هەر لە ئایین و شەریعەتی خوا وەرئەگرێ، لە هەموو کاروباری ژیانی ئەم دنیا و ئەو دنیایەدا هەر ڕوو بۆلای خوا ئەکات، کەواتە ئەو کەسە دڵئارامەو یەکبارەو لە هەموو شتێکدا سنووری هەیە، بەڵام هەرکەس ئەو بیروباوەڕەی لا نەبێ ئەوا چەوتەو بە پێچەوانەوە ژیان ئەباتە سەر، کەواتە ئەکگرتن و یەکگرتنو گەیشتن بە یەک لەنێوان ئەو دوو بیروباوەڕە ناگونجێ و هەڵگرتنیان جیاوازە.

نَزَّلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَنزَلَ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ ﴿٣﴾ مِن قَبْلُ هُدًى لِّلنَّاسِ

لەپاش جار دانی ئەو تاك و تەنیایی پاكە، ئینجا باسی ئەوە ئەكات كە تەنیا سەرچاوەیەك هەیە بۆ ئایین و نامەو پەیامەكان، ئەفەرموێ: ﴿نَزَّلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ﴾ ئەی پێغەمبەر ناردیە بە خوارەوە بۆ سەر تۆ نامە، واتە قورئان كە نامەیەكی وایە وەك هەر ئەو شایان بێت بەوەی ناوبرێ بە نامە، هەر ئەو بەجۆرێكە كە هەركات باسی نامەی خوا كرا ئەو بكەوێتە دڵ و دڵ هەر بۆ ئەو بڕوا ﴿بِٱلْحَقِّ﴾ لە كاتێكدا ئەو نامەیە بەراستی هاتووە و راستی پێیە لە هەموو هەواڵ و دەنگ و باسەكانیاندا، یا دادی لەگەڵە و دادی پێیە لە هەموو بڕیارەكانی دا ﴿مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ ئەو نامەیە بەراست و دروستی نارد خوارەوە لە كاتێكدا كە بڕوادارە بەهەر نامەیەك كەلە پێش ئەم دا نێررابوەتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەرانی پێشوو، باوەڕدارو بەراست گێرە بۆ هەموو ئەو نامەیانە، بەم رەنگە هەواڵی داوە بە هاتنە خوارەوەیان و بە پێویستی بڕوا هێنان پێیان، بەڕێكی و یەكێتی خۆی لەگەڵ ئەواندا لە بنەڕەت و سەرچاوەدا، هەروەها باوەڕی هەیە پێیان و بە راستیان دانەنێ لەو ئایین و شەریعەتەی كە هێنایان، تەنانەت لەو شتانەشدا كە ئەم شەریعەتە هات بە سڕینەوەیان، چونكە ئەم ئەو سڕاوانە بە راست و دروست دانەنێ بۆ كات و چەرخی خۆیان، بەس مانەوەیان بەراست نازانێ لەپاش هاتنی ئەم دواترین پەیامە، بێگومان ئەو نامە پێشوانەش ئەو مانەوەیە بەراست دانانێن و ئەزانن كە ئەبێ بەم شەریعەتە دواییە بسڕێنەوە، وەك پێغەمبەری ئازیزمان(ﷺ) دەست نیشان ئەكات بۆ ئەوە كە ئەفەرموێ: سوێند بەكەسێ كە گیانی منی بەدەستە ئەگەر موسا و عیسا زیندوو بن ئەبێ هەرپەیڕەوی ئەم شەریعەتە بكەن كە من پێی هاتووم، ئەم قورئانە باوەڕی هەیە بە هەرچی لەو نامە پێشووانەدا هاتووە، بەراستیشیان ئەگێڕێ لەدڵی خەڵكی دا، چونكە ئەم خۆی گەورەترین موعجیزەی خوایەو ئەچەسپێ و جێگیر ئەبێ لەدڵی هەركەسێكدا كە بێبەش نەبێ لە تێگەیشتن و ژیریی، كەواتە هەرچی وت هەموو ژیرێك باوەڕی پێئەهێنێ.

ئەم قورئانە لە چەند بارو پوویەكەوە موعجیزەیەو بەڵگەیەكی زۆر پوونە لەسەر پێغەمبەرێتی پێغەمبەرمان(ﷺ) یەكێ لەو بارو پووانە ئەمەیە كە ئەم بەندەی خوا(ﷺ)نەخوێندەوارو لەناو گەلێكی نەخوێندەوارو نەزاندا پێگەیشتووە، لەگەڵ ئەوەدا

هەواڵی پێغەمبەران و گەلە ڕابوودروومکان و ئەو نامانەی کە هاتنە خوارەوە بۆ سەر گەلان، هەواڵی ئەوانەی دا بەڕاست و دروستی و بەبێ ئەوەی هیچ دوژمنێکیش بتوانێ تەنیا خاڵێکی بە درۆ بخاتەوە، ئەگەر ئەم قورئانە لەگەڵ ئەو نامە پێووانەدا لەیەک سەرچاوەوە نەهاتایە ئەبوایە دژایەتی و ناڕێکی زۆر پەیدا بوایە لەنێوان ئەم و ئەواندا.

لەناو نامەکانی خوادا کەلە پێش قورئانەوە هاتوون، تەورات و ئینجیل بەناو بانگترینیانن، لەکاتی هاتنیانەوە تا ئێستا و لەداهاتووشدا بەناو هەرکامیانەوە ئوممەت و میللەتێک هەیە، بەتایبەتی لەپێش هاتنی قورئاندا هەر ئەو دووانە بە نامەی ئاسمانی دانەنران، وەلە پاش هاتنی قورئان بەو دوانە و بەناوی ئەو دووانەوە بەربەرەکانێی بەتین و سەخت ئەکا لەگەڵ قورئان و موسڵمانانِدا، ئەو دووانەش لەپێش دەست کاری کردن و گۆڕاندنیان ناونیشان و موژدەدان بە هاتنی پێغەمبەرمانیان تێدابوو(ﷺ) بە جۆرێ زاناکانی ئەو دوو میللەتە لەو کاتەدا بەباشی ئەیانزانی کە ئەم قورئان و ئایینە ڕاستە و ئەوەیە کە نامەکانی خۆیان هەواڵ و موژدەیانداوە بە هاتنی، لەبەرئەوە زانا و سەرۆکە ئایینیەکانیان ــ بەتایبەتی جوولەکە ــ لەبەر حەسادەت و خۆ بەزل زانی و خودپەرستی هەر لەو چەرخەدا گەلێ لەو بەڵگەو نیشانە ڕوونانەیان شاردەوە و لەهێندێ شوێنیشدا دەستکاریان کرد، قورئانیش لە چەند شوێنێکدا ئەو کردەوە پیسانەر دایەوە بە نلوچاویاندا، وەک لەجزمی یەکەمی سورەتی پێشوودا گەلێکمان باس کرد، جا لەبەرئەوە کەواتە زۆر شیرین و بەجێیە لێرەدا بە دوای باسی ناردنە خوارەوەی قورئاندا بەتایبەتی دەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلَ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ * مِن قَبۡلُ﴾ تەورات و ئینجیلیشی ناردە خوارەوە لەپێش قورئاندا ﴿هُدٗى لِّلنَّاسِ﴾ لەبەر ڕێنموونی کردنی ئەو خەڵکەی کە ئەو دوو نامەیە نێررایە سەریان، ڕێنموونی کردنیان بە پەیڕەوی کردن و ڕەفتارکردن بەوەی کەلەو دوو نامەیەدا هات بۆیان، کە هێندێ لەوە فەرماندان و هاندان بوو بەبڕوا هێنان و شوێن کەوتنی ئەم پێغەمبەرە(ﷺ) کاتێ کە ڕەوانە کراو هەرکام لەوان پێی گەیشت و کەوتە کات و چەرخی ئەو، کەواتە جوولەکەو گاور لە هەموو کەس شایستەترن بەبڕواهێنان بەم قورئانە، هیچ بڕوبیانوویەکیان بە دەستەوە نەبووەو نیە بۆ سەرپێچی کردن، تەنانەت لەپاش ئەوەش کە دەست کاری نامەکانیان کراو بە نامەی خوا نەمانەوە، چونکە بە هەرحاڵ ئەوان زاناترو شارەزا ترن بە ئایینی خوا، ئەگەر هەرلادان و سەر لێ شێوانێ ڕووی تێکردبن ئەگەر مەیل بکەن ئەتوانن بەهۆی قورئانەوە هەموو ڕاست و ناڕاستێک لەیەک جوێبکەنەوە،

وَأَنزَلَ ٱلْفُرْقَانَ ۗ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ ﴿٤﴾ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَخْفَىٰ عَلَيْهِ شَىْءٌ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى ٱلسَّمَآءِ ﴿٥﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُصَوِّرُكُمْ فِى ٱلْأَرْحَامِ كَيْفَ يَشَآءُ ۚ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٦﴾

وەکو وەرئەگیرێ لەمەی کە ئەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلَ ٱلْفُرْقَانَ﴾ خوا جیاکەرەوەی نارده خوارەوە، واتە قورئان کە تاقانە تەرازووە پاستەکەی خوایەو بە خەڵات نادری بۆ هەموو جیهانیان، بۆئەوەی بیکەن بە بەرنامەی خۆیان و تاقانە تەرازوویەك بێت بەدستیانەوە بۆ ناسین و جوێ کردنەوەی هەموو هەق و ناهەقێك و هەموو پاست و ناپاستێك، ئەو قورئانەی کە ــ وەك لە پێشەوە وتمان ــ کە هەموو دەستکاری و گۆڕاندنەکانی دایەوە بە ناوچەوانی زاناکانی هەردوو نامەکەدا، ڕێو بارە پاستەکەی خوای ئاشکراکرد.

وتەی ﴿ٱلْفُرْقَانَ﴾ بە چەند جۆرێ تریش تەفسیر کراوەتەوە لێرەدا: هەموو نامەکانی خوا بە تێکڕایی، تەورات و ئینجیل بەتایبەتی، زەبوور، موعجیزەکانی خوا کە دای بە پێغەمبەران ــ سەلامی خوایان لێ بێ ــ ڕێریی، ئەم تەفسیرانەش هەرچەند ئەگونجێن، بەڵام تەفسیر کردنەوەی بە قورئان بەهێزترە لەدڵدا لەبەر چەند هۆیەك:

یەکەم: قورئان لەسیفەتی جیا کردنەوەدا گەیشتووەتە پایان، کەواتە لەگەڵ ئەو وتەیە بیسترا زەین و دڵ بۆ ئەو ئەڕوا.

دووەم: لە قورئاندا وشەی ﴿ٱلْفُرْقَانَ﴾ بەکارهێنراوە هەر بۆ قورئان، واتە ئەم وتەیە بەو شێوەو بەبێ هاوپێ و وتەیەکی تر.

سێیەم: (قەتادە) و چەند زانایەکی تر ئەیبێن بەسەر قورئانداو بەو جۆرە تەفسیری ئەکەنەوە لێرەدا.

چوارەم: بێگومان بەپێی فەرمانی خوا لەپاش ناردنی قورئان ئەبێ مەردوم بگەڕێتەوە هەر بۆلای قورئانو ئەو بکات بە فەرمان ڕەواو حەکەم بۆ نەهێشتنی هەر ناڕاوەو دووبەرەکیەك و ڕوون کردنەوەی باری ڕاست و ڕەوا، دەی ئەگەر بێڕێت بەسەر قورئاندا ئەو کاتە دەست نیشانی تیایەو سەرنجی جوولەکەو گاور ڕائەکێشێ بەوەی کە واز بێنن لە

ئازاوەو دووبەرەکی لەناو خۆیانو لەگەڵ موسڵمانانیشدا، بگەڕێنەوە بۆلای ئەم قورئانە جیاکەرەوە.

خوای گەورە بەم چەند فەرموودە کورتە کاری ئایینو عەقیدەی پوون کردەوە زۆر بە سووکو ئاسانی: تەنها خوایەک هەیەو ئیتر هەموو بەندەو مولکی ئەو خوایە، ئەو نامەکانی ناردووە بۆ پێنیشاندانو ڕێنموونی بەندەکانی، ئایینی خوا یەکەو ڕێی ڕاست هەر ئەوەیە کە لەو نامانەدایە، دواترین نامە ئەم قورئانەیە کە جیاکەرەوەیە بۆ هەموو هەق‌و ناهەقێک، کەواتە هیچ کەس ڕێی هیچ بڕوبیانوویەکی نیە بۆ لادان لەو ڕێڕاستەی کە خوا نیشانی داوە، لەپاش ئەوەی بەو جۆرە شتەکەی پوون کردەوە، ئینجا هەڕەشەیەکی سەختو سامناک ئاڕاستەی بێبڕواکان ئەکات کە لەم شوێنەدا گاورو جوولەکە یەکەمو سەردەستەن بۆ ئاڕاستەکردنی ئەم هەڕەشەیە، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە بڕوایان نەهێنا بە ئایەتەکانی خوا کەلە نامەکانیاندا ناردنی ﴿لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾ بۆیان هەیە سزایەکی بەتین ﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ﴾ خوا زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا ﴿ذُو ٱنتِقَامٍ﴾ خاوەنی تۆڵەو سزایە، ئینجا لەم کاتەدا کە ئەم هەڕەشەیە ئاڕاستەئەکات دڵنیایی ئەکات لەسەر ئاگاداری خۆی بە هەموو شتێو دەرنەچوونو یاخی نەبوونی هیچ شتێک لە زانینو ئاگاداری ئەو، فەرمووی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَخْفَىٰ عَلَيْهِ شَىْءٌ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى ٱلسَّمَآءِ﴾ بێگومان پۆشیدەو ون نابێ لە خوا هیچ شتێک نەلە زەوی‌و نەلە ئاسماندا، واتە لە هەموو جیهانو بوونەوەردا، کە هێندێ لەو زانراوانەبڕوای بڕواداران‌و بێبڕوایی بێ بڕوایانە.

ئەم فەرموودەیە هەرچۆنێ هەڕەشەکە بەتین تر ئەکات، هەروەها زۆر ڕێک‌و پێکە لەگەڵ تاک‌و تەنیایی خواو زیندوویی‌و ڕاگری‌و بەڕێوەبەری خوا بۆ هەموو شتێ کە بەم سێ سیفەتە قاپی سورەتەکەی کردەوەو ئینجا لەپەنای ئەو زانین‌و ئاگاداریە گشتیەدا دەست کاریەکی هەست‌و دەروونی بەندەکانی ئەکات لەبارەی ئەو دەستە قودرەتەی کە وێنەو نەخشەیان ئەکێشێ لەتاریکی منداڵداندا، بەبێ ئەوەی هیچ کەس ئاگاو دەسەڵاتی ببێ لەوەدا، ئەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِى يُصَوِّرُكُمْ فِى ٱلْأَرْحَامِ﴾ ئەو خوای تاک‌و تەنیا کەسێکە کە نەخشەو وێنەی ئێوە ئەکێشێ لە منداڵدانەکاندا ﴿كَيْفَ يَشَآءُ﴾ چۆنی بوێ وەک ئەبینرێ کە هیچ دوو کەسێک نیە لە جیهاندا جیاواز نەبن، تەنانەت منداڵی دووانەش کە لە باوک‌و دایکێکن بن‌و لە یەک منداڵداندا پەیدا بووبن، بە ڕاستی شتێکی زۆر سەر سوورهێنەرەو هەتا

بیری لێ بکرێتەوە زیاتر سەر سووڕنەمێنێ، هەرکەس بێبەش نەبێ لە ژیریی و بیرێك بکاتەوە لێی ئەبێ هەر ئەمە بڵێ کە خوای گەورە لێرەدا فەرموویەتی:﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ هیچ خواو پەرستراوێك بەڕاستی نیە بێجگە لەو، کە هەر ئەو زاڵو دەسەڵاتدارێکی لێزانی کاردروستە، کە ئەو نەخشە کێشانە کاری ئەوە، تەنها ئەم فەرموودەیە بەسە بۆ دەم کوت کردنی مەسیحیەکان کە واز بێنن لەو قسە نەفامانەی کە ئەیکەن سەبارەت بە حەزرەتی عیسا(علیه السلام) بێگومان عیسایش وەك هەموو ئادەمیەکی تر، وەك مەردومی نەبوو لە پاشدا لە سکی دایکیدا پەیدا بووو هاتە جیهان، کەواتە چۆننەو نەفامانە ئەڵێن: عیسا کوڕی خوایە یان خوایە یان هەرشتێ تری نەگونجاو؟!

قورئان هەمووی چوون یەك نیە لە گەیاندنو وەرگرتنی مەبەستەکانی دا، بەڵکو هێندێکی مەبەستەکەی ڕوونەو جێی سەر لێ کردنەوە نیە، هێندێکیان ڕوون نێنو جێگای دووبەرەکێنو بەم جۆرەیە کە(ئیبن و عەباس) –خوا لێیان ڕازی بێ– ئەفەرموێ: قورئان چوار بەشە: بەشێکی هەموو کەس تێی ئەگاتو مەبەستەکەی بەڕوونی وەرئەگیرێ، بەشێکی پێویستی هەیە بە ناسینو زانینی زمانی عەرەبی، بەشێکی هەر زانای دامەزراو لەازنیندا نێی ئەگات، بەشێکی هەر خوا خۆی ئەیزانێ، دووانە پێشووەکە پێی ئەوترێ:(محکم) ئەم دووانەیتر(متشابه)، کەواتە بەکورتی قورئان دووبەشە:(محکمو متشابه)، ئینجا هۆی هاتنی قورئان لەسەر ئەم دووبارەو هەمووی نەهاتووە بە(محکم)ی. لە ڕاستی دا خوا خۆی باش ئەزانێ کە لەبەر چی وایە؟ بەڵام زانایانی ئیسلام چەند شتێکیان باس کردووە لەو بارەیەوە هەموو جوانو ڕێکن:

١- لە هێنانی(متشابه)دا تاقی کردنەوە هەیە بۆ بڕواداران، بەبڕوا هێنان بەشتێ وا دەرئەکەوێ مل کەچی تەواو، چونکە بەڕاستی بڕواهێنان بەشتێ کە بڕوادار نەیزانێو تێی نەگات زۆر هونەرە.

٢- ژیریی و بیری ئەخاتە بزووتنەوەو ئیشو ناچاریان ئەکات کە هەوڵ بدەن بۆ زانینو پەی پێبردنی، وەخستنەکاری ژیریی و بیرش زۆر پێویستو مەبەستێکی گرنگە، چونکە هەرکاتێ وەستاو ئیشو کاریان نەکرد لاوازئەبنو ئەمرن، دەی کاتێ ئەکەونە بزووتنەوەو هەوڵدان کە ڕێیان بکەوێ لەشتی گران، لە ئاستی شتی ئاسان پێویست نیە بکەونە کارو ئیش، کەواتە پێویستە بوونی(متشابه).

٣- (متشابه) قاپی ئەکاتەوە لە هەموو خاوەن بیروباوەڕەکان کە بێنو وورد ببنەوە لە قورئان، چونکە هەرکام ئەیەوێ ڕێکی بکات لەگەڵ ڕاوو بیروباوەڕی خۆی، ڕاو مەزهەبی خۆی بەهێزبکاتو سەری بخات بەسەر باقی ترا، ئەوکاتە خەڵکێکی زۆر کۆ ئەبێتەوە لە قورئان، لەسەرەنجامی ورد بوونەوەو لێکۆڵینەوەدا گەڵ کەس ڕێی ئەکەوێ لە هەق و ڕاستی، بۆی دەرئەکەوێ کە ئەبێ شوێنی(محکم)ەکان بکەوێو وازبێنێ لەو ڕاو بیروباوەڕانەی کە شایستە نین و ئەگەڕێتەوە بۆلای(محکم)ەکان.

٤- بوونی(متشابه) لە قورئان دا بڕوادار ناچار ئەکات بە بیرکردنەوەو بەڵگە هێنانەوە لەسەرئەوەی کە هەق و لەئایین و، بۆ پاراستنی و چەسپاندنی هەق و ڕاستەکەو جڵەوگیری لەلادان لێی، بێگومان ئەوەش ئەرک و زەحمەتی هەیەو هۆی گەیشتنە بەڕەزامەندی خواو پاداشتی ڕۆژی دوایی.

٥- (متشابه) بوو بەهۆی داهێنانو فێربوونو فێرکردنی زۆر لەو عیلمانەی کە موسڵمانان دایان هێنا، وەك عیلمی زمانو ڕێزمانو ڕەوانبێژیو ئوسوڵی فیقەو علوم القرآن، چونکە موسڵمانان ناچاربوون تەئویل کردن لەو(متشابه)انەدا و ڕێك کردنیان لەگەڵ(محکم)ەکاندا، دیارە ئەوە بەو عیلمانە ئەکرێ.

٦- ئەم قورئانە هاتووە بۆ ئادەمی، لە ناو ئادەمیشدا زیرەكو کەودەنو نەزانو زانا و ژیرو گێل هەیە، ئەوانەی کە نەزانو کەودەنو گێلن زۆر شت هەیە کە تێی ناگەنو وەری ناگرن لەسەر بارە ڕاستەقینەکەی خۆی، کەواتە، بەم(متشابه)انە نزیك ئەخرێنەوە لێیانەوە تا بەرەبەرە فێرئەکرێنو ڕام ئەکرێن لەسەر ئەو بارەی کە مەبەستە، بۆ وێنە: ئەگەر لە ڕێوە بڵێیت بە یەکێ لەوانە: شتی وا هەیە نە لەشو قەبارەی هەیەو نە لەجێو شوێندایەو نە دەست نیشانی بۆ ئەکرێو نە ڕەنگی هەیە، ئەگەر شتی وا بڵێیت وەری ناگرێو لەوانەیە یەکسەر ئەڵێ: هەرگیز ناگونجێ شتی وا ببێ، کەواتە بۆ ئەوانە چاکتر ئەوەیە بە چەند وتەو وشەیەك کە ئەو خەیاڵو گومانی بۆ ئەڕوا قسەی لەگەڵ بکرێ تا ڕام ئەبێو لەپاشدا ئەگەڕێتەوە بۆ بارە ڕاستەقینەکەو بەپێی ئایەتە(محکم)ەکان وەری ئەگرێ ئەگەر تێی گەیشت، ئەگەر تێی نەگەیشت بڕوای پێئەهێنێو حەوالەی خوای ئەکات، وەك لەم ئایەتی داهاتووەدا ڕێمان بۆ دیاریی ئەکات.

هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ مِنْهُ ءَايَٰتٌ مُّحْكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٌ ۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنْهُ ٱبْتِغَآءَ ٱلْفِتْنَةِ وَٱبْتِغَآءَ تَأْوِيلِهِۦ ۗ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُ ۘ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِى ٱلْعِلْمِ

به هەر حاڵو لەبەر هەرچی قورئان ئەو دوو جۆرە ئایەتەی هەیە، وەك هەواڵمان پێ ئەدات‌و سروشت‌و ڕێی بڕواداران دیاریی ئەكات لەگەڵ سروشت‌و ڕێی ئەوانەی كەلە دڵیاندا لاری‌و لادان هەیە ئیتر ئایا هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە بەبۆنەی گاوڕەكانی نەجرانەوە هاتبێ بۆ دەم كوت كردنی ئەوان یان هاتبێ بۆ دیاریی كردنی هەڵوێستی خەڵكی‌و دیاریی كردنی ڕێی بڕواداران، ئەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ﴾ ئەو خوایە كەسێكە كە قورئانی ناردە خوارەوە بۆ سەر تۆ بە جۆرێ ﴿مِنْهُ ءَايَٰتٌ مُّحْكَمَٰتٌ﴾ هێندێ لەو قورئانە چەند ئایەتێكن كە ڕۆشن كراون‌و بە ڕوونی مەبەستەكانیان ئەگەیەنن وەرئەگیرێن، كە ﴿هُنَّ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ﴾ ئەوانە ئەسڵ‌و سەرچاوەی قورئانن‌و لەناو ئایەتەكانی قورئاندا پشت هەر بەوان ئەبەسترێ، ﴿وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٌ﴾ هەندێكی چەند ئایەتێكی ترن كە مەبەستەكانیان ڕوون نین بۆمان، ئیتر لەبەرئەوەی لە گفت‌وگۆی ئێمەدا باو نەبووە بەكارهێنانیان، ئەوەش وەك ئەو پیتانەی كەلە سەرەتای چەند سورەتێكەوە هاتوون، یا لەبەر ئەوەی لە زمانی عەرەبدا دانراون بۆ مەبەستێ كە دەست نادا‌و ناگونجێ لە قورئاندا ئەو مەبەستانەیان لێ وەرگیرابێ، ئەوەش وەك وتەی(ید: دەست، وجه: ڕوو) بۆ خوا، وە دانانی عیسا بە كەلیمە‌و ڕوحی خوا، یا لەبەرئەوەی بەڕواڵەت دژایەتی هەیە لە نێوان دوو ئایەتا، وەك كۆمەڵێك ئەفەرموون‌و ئەمەش هەر بە(متشابه) دائەنێن، ئینجا خەڵكی بەرامبەر ئەو(متشابه)انە بەپێی ڕاست‌و چەوتی سورشتیان جیاوازو دووبەرەكین بەم جۆرەی كە ئەفەرموێ: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ﴾ ئەوانەی كەلەدڵیاندا لاری‌و لادان هەیە لە ڕێی ڕاستی خواو بەد نیازو بەد گومانن، ﴿فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنْهُ﴾ ئەوانە شوێنی(متشابه)كەی قورئان ئەكەون‌و لائەدەن لەوەی كە(محكم)ەو مەبەستێكی ڕوون‌و ڕەوانی هەیە، ئەو شوێن كەوتنەشیان بە نیازێكی بەدو

خراپـه وەك ئەفـەرموێ: ﴿ٱبْتِغَآءَ ٱلْفِتْنَةِ﴾ لەبـەر تێـك دانـی بیروبـاوەڕی موسـڵمانانەو دوو دڵکردنیـان و لادانیـان لـه قورئـان و ئایینەکـەیان، بـەم ڕەنگـه دژایـەتی پێـك ئـەهێنن لـەنێوان ئایەتـەکانی قورئانـدا ﴿وَٱبْتِغَآءَ تَأْوِيلِهِۦ﴾ لەبـەر تـەئویل و تەفسیرکردنی بـەجۆرێك کـه ڕێـك بێـت لەگـەڵ ئارەزووی خۆیان و ناڕێك و دژی ئایەتە (محکم)ە کان بێت.

زۆربەو جەماوەری ئـەم ئـوممـەتە ـ سـوپاس بـۆ خـوا ـ کـەلـە دڵیاندا لاری و لادان نیـە هـەر شـوێنی ئایەتـە(محکم)ەکان ئەکـەون، هـەموو بڕوبـان هەیـە ئایەتـە(متشابه)کان کـەلـە لایـەن خـواوە هاتوون و ڕاستن، هەرکام مەبەستو تەفسیری ڕاست و ڕەوای خۆی هەیـە، هـەموو یـەك قسـەن کـە هیچ کام دیمـەن و ڕوالـەتەکـەی مـەبـەست نیـە، بـەڵکو مـەبـەستـە کـە شتێکی تـرە، ئینجا لـەمـەو دوا دووبـەرەکێن کـە ئایا ئـەو مـەبـەستـە ڕاستـە هـەر خـوا خـۆی ئـەیزانێ، یـان هـەندێ لـە بـەندە تایبـەتیـەکانیش ئـەیزانن؟ چـۆن و تـاقمی سـەرەتای ئـەم ئـوممـەتـە کـە ناو ئـەبرێن بـە(سلف)، لـەسـەر ڕای یـەکـەمن، لـەوان بـە دوواوە کـە پێـیـان ئـەوترێ(خلف) لـەسـەر ڕای دووەمـن، ئـەم بـەشـی دووەمـە لـەم ئایـەتـە بـۆ هـەکام دەسـت ئـەدات، بـەم ڕەنگـە تـاقمی یـەکـەم لـەسـەر وتـەی ﴿الله﴾ ئـەوەسـتن و ئـەڵێن: ﴿وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُ﴾ هـیچ کـەس تـەفسیرو تـەئویلی(متشابه) نازانێ بـە ڕێـك و ڕاستی بێجگـە بـە خـوا، تـاقمی دووەم لێرەدا ناوەسـتن بـەڵکو ئـەڵێن: ﴿وَٱلرَّٰسِخُونَ فِى ٱلْعِلْمِ﴾ ئینجا ئـەوەسـتن، واتـە هـیچ کـەس نایزانـێ بێجگـە لـە خـواو کـەسانـێ کـە دامـەزراون لـەزانین و زانیـاری داو یـارمـەتی داون و ڕاگیری کـردوون لـەسـەر ڕێگـەی ڕاسـت، جـا لـەبـەرئـەوە تـاقمی یـەکـەم ئـەفـەرموون:(متشابه) ئـەوەیـە کـە زانینـی تایبـەتیـە بـە خـواوە، تـاقمی دووەم ئـەفـەرموون: ئـەمـەیـە کـە مـەبـەسـتـەکـەی ڕوون نـەبێ، ئـیتـر ئایـا هـەر خـوا ئـەیزانێ، ئـەوەش وەك زانینـی کـاتی دوایـی هـاتنی ئـەم جیهانـەو هـاتنی ڕۆژی دوایـی و زانینـی تایبـەتێتی ژمـارەی نـۆزدە کاربـەدەسـتانی دۆزەخ، هـەروەها زانینـی ئـەو شـتانـەی کـە بـۆ خـوا بـەکار هێنـراون و بـەڵگـەی ژیـریش هـەیـە لـەسـەر ئـەوەی کـە بـە ڕووالـەتـەکـەی ناگونجـێ بـۆ خـواو مـەبـەسـتـە ڕاستـەقینـەکـەشـی ڕوون نـەکراوەتـەوە، یـا هـەرچـۆنـێ خـوا ئـەیزانـێ و هێنـدێ لـەبـەنـدەکانیش ئـەیزانن، ئـەوەش وەك هێنـدێ ئایـەتی(متشابه) کـە ئـەو زانایانـە ئـەیانگێڕنـەوە بـۆلای(محکم)ەکان، بـە پێـی ئـەوە مـەبـەسـتیان بـۆ دیـاریی ئـەکـەن، بـۆنمـوونـە ﴿ٱلرَّحْمَٰنُ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ﴾

هەردوو تاقم یەك قسەن لەمەدا كە مەبەست ئەوەنیە كە خوا نیشتەجێو جێگیربووە بەسەر عەرشەوە، چونكە ئەگەر وابێ ئەبێ بە وێنەی دروست كراوەكانی بێت، خۆیشی ئەفەرموێ: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ﴾ هیچ شتێك وەك خوا نیە، بێجگە لەوەش بەڵگەی ژیریی زۆریش هەیە لەسەر ئەوە كە ئەو مەبەستەی نابێ لێ بگیرێ لێرەدا، هەروەها هەر ئایەتێكی تر كە مەبەستە عەرەبیەكەی نەگونجێ بۆ خوا، لە هەموو ئەوانەدا هەردوو تاقمی ئوممەت ئەگەرێنەوە بۆلای ئەم ئایەتە(محكم)ەو شوێنی ئەم ئەكەون، بەڵام لەمەدا دووبەرەكین كە تاقمی یەكەم ئەفەرموون: چۆنێتیەكەی نازانین و حەواڵەی خوای ئەكەین، تاقمی دووەم مەبەستیان بۆ دیاری ئەكەن و تەئویلیان تیا ئەكەن بە جۆرێ رێك بێت لەگەڵ ئایەتە(محكم)ەكەدا، بەم رەنگە لەو ئایەتەدا ئەفەرموون: مەبەست لە ﴿ٱسْتَوَىٰ﴾ بەرزو بڵندو زاڵە بەسەر هەموو شتێكدا، یان كاروباری دروست كراوەكانی تەواو بووو بە پایان گەیشت، بێگومان پای یەكەم شەرمو مل كەچی زیاتر تیایە بەرامبەر خوا، مەترسی هەڵە كردنی تیا نیە، پای دووەمیش بەرگری كەرە بۆ ئەوانەی كە ئەیانەوێ مەردوم گومڕا بكەن و لەڕێی ڕاست بیان ترازێنن بە هۆی ئەو ئایەتە(متشابه)انەوە.

ئەم دوو تاقمە موناقەشەو لێكۆڵینەوەی زۆریان كردووەمو هەركام چەند ڕابەرو بەڵگەیەكی زۆری هێناوەتەوە لەسەر ڕاوڕێبازی خۆی، وەك لە كتێبەكانی تەفسیردا باس كراوە، بە تایبەتی تەفسیری ڕازی و(روح المعاني) زۆر بەدرێژیی باسەكەیان هێناوە، هەركەس ئەیەوێ با تەماشایان بكات، ئینجا ئەوانەی كە ئەوەستن لەسەر وتەی ﴿الله﴾ لەوە بەدواوە ئەكەن بە وتەیەكی سەربەخۆ حاڵو ڕای ئەوانە دەردەخات كەلە دڵیاندا لاری و لادانی نیە، حاڵو باریان دەرئەخات كە سەبارەت بەو(متشابه)انە بەشەرمو بە ئەدەبن و مل كەچن بۆ خواو زانینیان حەواڵەی خوا ئەكەن، كەواتە با هەركەس زانا نیە شوێنی ئەو زانایانە بكەوێ و باشتر بەشەرمو مل كەچ بێت، ئەوانەی كە ئەوەستن لەسەر وتەی ﴿ٱلْعِلْمِ﴾ لەوە بە دواوە ناكەن بە ڕستەیەكی سەربەخۆ، بەڵكو ئەیبەستن بە وتەی ﴿وَٱلرَّٰسِخُونَ﴾ەوە، جا بۆ زیادە ڕوون كردنەوە با لەسەر هەردووبارە كە تەفسیری بكەینەوە: لەسەری ڕای یەكەم: ﴿وَٱلرَّٰسِخُونَ فِى ٱلْعِلْمِ﴾ ئەوانەی كە دامەزراو نەگۆڕاون لەزانین و زانیاری دا،

يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٧﴾ رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً ۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ ﴿٨﴾ رَبَّنَآ إِنَّكَ جَامِعُ ٱلنَّاسِ لِيَوْمٍ لَّا رَيْبَ فِيهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ

﴿يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ﴾ ئەڵێن ئێمە بڕوامان هێناوە و هەیە بە(متشابە) کە فەرموودەی خوایە و بڕوامان هەیە پێی بەو جۆرەی کە خوا نیازی کردووە ﴿كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا ۗ﴾ هەرکام لە(محکم) و (متشابە) لەلایەن پەروەردگارمانەوە هاتووە و تێی گەیاندوین لە(محکم)ەکەی و(متشابە)کەی دەرنەخستووە بۆمان.

لەسەر ڕای دووەم: ئەڵێن: دامەزراوەکانیش(متشابە) ئەزانن لە کاتێکدا ئەڵێن: بڕوامان پێی هەیە و هەرکام لە(محکم) و(متشابە) لە لایەن پەروەردگارمانەوە هاتووە، واتە وەک ئەیزانن مل کەچن بۆ خواو بەجۆرێ تەئویلی ئەکەن کە شایستە بێت بۆ خوا، ئەیانەوێ بەو تەئویلە مەردوم بپارێزن لە بێبڕوایی و لادان لە قورئان، نەک وەک دڵ لاروخێچەکان کە باس کران و خوا نەنگی لێ گرتن و بەدیی دەرخستن. لەسەر هەر بارو هەر ڕایەک پێویستە لەسەر بڕواداران بە تێکڕایی لەسەر ڕێبازی ئەو زانا دامەزراوانە بن، چونکە ئەوان بەباشی ناو ئەبات، ئەوەتا ئەو نازناوە گەورەیان لێ ئەنێ: ﴿وَٱلرَّٰسِخُونَ فِى ٱلْعِلْمِ﴾ لەپاش ئەوە دەست نیشان ئەکات کە ئەوانە خاوەنی ژیریی و بیرن، ئەفەرموێ: ﴿وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ بیرناکاتەوە لە قورئان و تەمێ و ئاموژگاری لێ وەرناگرێ مەگەر خاوەنەکانی ژیریی و بیری پاک و خاوێن، واتە ئەوانەی کە ئەزانن قورئان دوو بەشەو بڕوایان بە هەردوو بەشەکە هەیە و دڵیان لاری و لادانی تیانیە، ئەزانن(متشابە)یش هەر ڕاستە و لای خواوە هاتووە و تەفسیرو تەئویلیان ناکەنەوە بەجۆرێکی ناشایستە. هەر ئەوانەن خاوەن ژیریی پاک و بێلەکەن، ئینجا با بزانرێ ئەوانەی کە ئەفەرموون: زانادامەزراوەکانیش(متشابە) ئەزانن مەبەستیان ئەوەنیەکەهەموو (متشابە)ئەزانن، چونکە بە پێی ڕای هەمووان زانینی هێندێ لە(متشابە) تایبەتیە بە خواوە.

ئەو زانا دامەزراوانە باشتر نرخی ڕێنموونی ئەزانن و مەترسی ئەکەن لەلادان لە ڕێی ڕاست، وەترسیان لە ڕۆژی دوایی زۆر تڕە، لەبەرئەوە ئەم نزاو پاڕانەوەیە ئەکەن و ئەڵێن: ﴿رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا﴾ ئەی پەروەردگارمان دڵەکانمان لامەدە لە ڕێی ڕاست ﴿بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا﴾ لەپاش ئەوەی کە ڕێنموونیت کردین ﴿وَهَبْ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً﴾ ببەخشە پێمان لەلایەن خۆتەوە بەزەیی و میهرەبانیەکی گەورەو گرنگ بە ڕتنی چاکەو بەهرەت بە شێوەی گشتیان ڕاگیر کردنمان لەسەر ڕێی ڕاست بەتایبەتی، داوات لێ ئەکەین، چونکە ﴿إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ﴾ بەڕاستی هەر تۆی زۆر بەخشندەو بە هەمیشەیی بەخشندەی هەموو بەخشراوێکی، ﴿رَبَّنَا إِنَّكَ جَامِعُ النَّاسِ لِيَوْمٍ﴾ ئەی پەروەردگارمان بێگومان تۆ کۆکەرەوەی هەموو ئادەمیت بۆ پرسینەوەو تۆڵەو پاداشتی ڕۆژێك کە ﴿لَّا رَيْبَ فِيهِ﴾ شایستە نیە هیچ گومانو دوو دڵیەکی تیا بێ، چونکە: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُخْلِفُ الْمِيعَادَ﴾ بەڕاستی خوا بەڵێن هەڵناوەشێنێتەوە، لە کتێبە صەحیحەکاندا هاتووە لە(حەرزەتی عائیشە) وە –خوا لێی ڕازی بێ– کە ئەفەرموێ: پێغەمبەرمان(ﷺ) زۆر نزای ئەکرد بەم شێوەیە: ئەی کەسێ کە دڵەکان وەرئەگێڕی دڵی من دامەزراو بکە لەسەر ئایینەکەت. منیش عەرزم کرد ئەی پێغەمبەری خوا: ئای چەندە زۆر نزا ئەکەیت بەم نزایە. ئەویش فەرمووی: هیچ دڵێك نیە کەلە بەینی دوو پەنجەدا نەبێ لە چەنجە قودرەتیەکانی خوای میهرەبان. کاتێ ویستی ڕاستو ڕاگیری بکات ڕاگیری ئەکات، وە ئەگەر ویستی لای بدا لای ئەدا. بێگومان هەر کاتێ دڵی بڕوادار هەستی کرد بە زاڵی خواهیشو ئیرادەی خوابەو جۆرو شێوەیە بێگومان ئەو دڵە بێ پەرواو بەسۆزو پەرۆشەوە پەلامار ئەدا بۆ سایەو پەنای خوا بۆئەوەی ئەو بەهرە چاکەی کە پێی بەخشیوە لێی نەسەنێتەوە، بێگومان ئەو زانا دامەزراوانە بەشدارن لەو هەستە پاکو خاوێنەی کە خوا بەخشی بە پێغەمبەر(ﷺ)، کەواتە زۆر مافی خۆیانە ئەو نزاو لاڵانەوە بکەن کە قورئان لێیانەوە گێڕایەوە.

﴿٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَن تُغْنِىَ عَنْهُمْ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ وَقُودُ ٱلنَّارِ ﴿١٠﴾ كَدَأْبِ ءَالِ فِرْعَوْنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ ۗ وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿١١﴾ قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ سَتُغْلَبُونَ وَتُحْشَرُونَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ ۚ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿١٢﴾ قَدْ كَانَ لَكُمْ ءَايَةٌ فِى فِئَتَيْنِ ٱلْتَقَتَا ۖ فِئَةٌ تُقَٰتِلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَأُخْرَىٰ كَافِرَةٌ

لەپاش ئەوەی پێو ڕێبازی بڕوادارانی ڕوون کردەوە، ئینجا لەم چەند ئایەتی داهاتووەدا چارەنووس و دوا ڕۆژی بێبڕواکان دیاریی ئەکات، بە تایبەتی هەڕەشە ئەکات لە بێبڕواکانی نامەدار کە ئەو هەڵوێستە ناڕەوایان هەیە بەرامبەر ئەم ئاییینی ئیسلامە، فەرمان ئەدا بە پێغەمبەر(ﷺ) کە بیان ترسێنێ. وە بیریان بخاتەوە ئەوەی کە بەچاوی خۆیان بینییان لە غەزای بەدردا، کە بەو شێوەیە خوا شکاندنی بە پیسوایی و سەر شۆڕی لەسەر دەستی تاقمێکی کەم لە بڕواداران، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە بڕوایان نەهێناوە ﴿لَن تُغْنِىَ عَنْهُمْ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا﴾ هەرگیز ماڵ و منداڵەکانیان هیچ جۆرە بەرگریەکیان لێ ناکەن لە سزای خوا، واتە ئەو دارایی و سامانەی کە کەشخەی پێوە ئەکەن و ئامادەیان کردووە بۆ کاتی تەنگانە و بەرگری کردنی زیان و بەسەرهاتی خراپ، بۆ ڕاکێشانی بەرژەوەندی خۆیان، ئەو کوڕو کاڵەی کە پشتیان پێ ئەبەستن بۆ هەر ڕۆژو بەسەرهاتێکی ڕەش، هیچ کام لەوانە هیچ سوودێکیان پێ ناگەیەنن و هیچ کەڵکیان نابێ بۆیان لەکاتی هاتنی سزای خوادا، یا مەبەست ئەوەیە ئەو ماڵ و منداڵانەی کە خەریکن پێیەوە بێئاگای کردوون لە خوا، هیچ لەوانە جێی میهرەبانی خوا یا گوێڕایەڵی خوا ناگرن بۆیان، ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ وَقُودُ ٱلنَّارِ﴾ ئەو بێبڕوایانە سووتەمەنی و هەڵگیرسێنەری ئاگری دۆزەخن لە ڕۆژی دوایی دا.

باوی ئەم بێبڕوایانە لە بڕوا نەهێنان و دووچار بوونیان بە سزای خوا: ﴿كَدَأْبِ ءَالِ فِرْعَوْنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ وەك باوی دەستەو بەستەکەی فیرعەون و ئەوانەی کەلە پێش ئەواندا بوون وایە، ئەوان ﴿كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ بڕوایان نەهێناو ئایەت و نیشانەو موعجیزەکانی ئێمەیان

بەدرۆ دانا ﴿فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ﴾ ئینجا خوایش بەپێی باوی خۆی گرتنی بەخۆیان‌و گوناهەکانیانەوە، مالّ‌و دارایی‌و کوڕوکالّ‌و دەستەو بەستەیان هیچ سوودی پێنەگەیاندن، واتە باوی گەلە بێبڕواکانی پێشوو کۆڵ نەدان‌و سووربوون بووە لەسەر بێبڕوایی، باوی خوایش تۆڵە سەندن بووە لێیان، کەواتە بێبڕواکانی ئەم ئوممەتەش دووچاری سزای خۆیان دێن، چونکە ئەمان لەسەر باوی ئەوانن، خوایش هەر خواکەی جارانەو باوی خۆی تێك نادات، ﴿وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ خوا تۆڵەی سەختەو تۆڵەی زۆر بە تینە بۆ ئەوانەی کە بڕوا ناهێنن بە ئایەتەکانی خوا. جا لەبەرئەوە فەرمان ئەدا بە پێغەمبەر(ﷺ) کە بیانترسێنێ بە چارەنووسی سەختی هەر دوو جیهان، ئەگەر لە یادیان نیەو بێئاگان لە تۆڵەو بەسەرهاتی گەلە پێشووەکان، بێگومان ئەزانن بێبڕواکانی قوڕەیش لە پۆژی بەدردا چییان بەسەرهات لەسەر دەستی ئەو تاقمە کەمە بڕواداردا، ئەفەرموێ: ﴿قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بڵێ بەوانەی کە بڕوایان نەهێناوەو لە زانینی خوادا تێپەڕی کردووە بڕوانەهێنانیان: ﴿سَتُغْلَبُونَ﴾ بێگومان بەم نزیکانە ئەشکێنرێنو ژێردەست ئەکرێن﴿وَتُحْشَرُونَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ﴾ لە پۆژی دواییشدا کۆئەکرێنەوە بۆلای دۆزەخ بۆ تێچوونی ﴿وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ﴾ دۆزەخ جێو شوێنێکی زۆر بەدو خراپە کە ئامادە کراوە بۆیان!

وا دەرئەکەوێ یەك چین‌و یەك تاقم کە ئەم هەڕەشەیان ئاڕاستەکرا جوولەکەکانی مەدینەبوون، چونکە ئەگێڕنەوە لە(ئیبن‌و عەباس)ەوە –خوا لێیان ڕازی بێ– کە جوولەکەکانی مەدینە کاتێ بینیان زاڵبوونی پێغەمبەر(ﷺ) لەبەردا وتیان: والله ی ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە کە موسا مۆژدەی داوە پێی‌و لە تەوراتدا ناونیشانی هاتووە، خەریك بوون موسڵمان بێن، ئینجا هەندێکیان وتیان: پەلە مەکەن هەتا جەنگ‌و ڕووداوێکی تر، ئینجا کاتێ ڕووداوی(أحد) هات کەوتنە گومان‌و بڕوایان نەهێنا‌و ئەو پەیمانەی کە دابوویان بە پێغەمبەر(ﷺ) شکاندیان،(کەعبی کوڕی ئەشرەف) بە شەست کەسەوە چوو بۆ مەککەو پەیمانی بەست لەسەر جەنگکردن لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ)، ئینجا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، بە ڕیوایەتێکی تردا لە(سەعیدی کوڕی جوبەیرو لە ئیبن‌و عەباس)ەوە –خوا لێیان ڕازی بێ– کەلە پاش گەڕانەوە لەبەدر پێغەمبەر(ﷺ) جوولەکەکانی کۆکردەوەو ترساندنی بەوەی کە

دووچار بن به وێنەی ئەوەی کە دووچاری قوڕەیش بوو، ئەوانیش وتیان: ئەی محمد بەوە هەڵنەخەڵەتێیت کە ڕێت کەوت لە تاقمێك کە بێئاگا بوون لە جەنگو بە هۆی ئەوەوە ئەو هەلەت بۆ هەڵکەوت، ئەگەر بجەنگین لەگەڵ ئێمە تێئەگەیت کە سەرکەوتوو ئێمەین و تۆ هاوسەری ئێمەنیت، ئینجا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، بە هەرحاڵ و لەسەر هەر بارو ئەو هەواڵدانی قورئانە شتێکی نهێنی و غەیبی بوو، موعجیزەیەکی گەورە بوو بەدی هات بەو نزیکانە دەربارەی ئەو جوولەکانە، ئەوە بوو بەهۆی تاوانی گەورەی خۆیانەوە تاقمێ دەرکران و تاقمێ کوژران ـ سوپاس بۆ خوا ـ وەك بەدرێژیی لە شوێنی تایبەتی خۆی دا باس کراوە، ئینجا پاش ئەوان هەروا هات پەیتا پەیتا تاقمی بێبڕوایان هەر ژێر کەوت و شکێنرا هەتا موسڵمانان لایاندا لە ڕەوشتی پاکی پێغەمبەرەکەیان(ﷺ) دەست بەرداری هۆی سەرکەوتنی خۆیان بوون کە تێکۆشان و فیداکاریە لە ڕێی خوادا.

ئەو جوولەکانە ــ وەك لە قسەی خۆیانەوە دەرکەوت ــ زۆر ئەنازین بە خۆیاندا، هەڵخەڵەتا بوون بە زۆریی خۆیان و چەك و ماڵ و سامانیان، جا ئەوا ئەدا لەو کەشخەو سەرکێشیەیان، بەڵگەو نیشانەی ژێر کەوتنیان ئەخاتە پێش چاو، دەری ئەخات کە سەرکەوتن و ژێر کەوتن بەدەست خوایە، نەك بەزۆرو کەمی. ئەفەرموێ: ﴿قَدْ كَانَ لَكُمْ ءَايَةٌ﴾ بێگومان بەڵگەو نیشانەیەکی گەورە لەسەر ڕاستی ژێر دەست کردن و شکاندنتان دەرکەوت بۆتان ﴿فِى فِئَتَيْنِ ٱلْتَقَتَا﴾ لەناوەندی دوو تاقمدا کە تێجەنگین لە(بەدر)دا ﴿فِئَةٌ﴾ تاقمێکیان بڕوادار کە ﴿تُقَٰتِلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ جەنگی ئەکرد لە ڕێی خوادا بۆ بەرزکردنەوەی وشەی خوا، کەواتە بەرزترین پلەی بڕویان بوو، واتە پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ ئەو هاوەڵانەی کە ڕای بەهێز لەسەر ئەوەیە(٣١٣) کەس بوون(٧٧) کەسیان لە کۆچ کەران و(٢٣٦) کەسیان لە مەدینەییەکان ـ خوا لە هەموان ڕازی بێت ـ، ﴿وَأُخْرَىٰ كَافِرَةٌ﴾ تاقمێ تریان کە بێبڕوا بوون، واتە بت پەرستەکانی قوڕەیش کە نزیکی هەزار کەسێك بوون بە سەرۆکەکانیانەوە هاتبوون، بێگومان ئەو دوو تاقمە هاوسەرو هاوتای یەك نەبوون، بەڵکو زۆر دوور بوون لە یەکەوە، چونکە تاقمی موسڵمانەکان ژمارەیان کەم بوو، کەم چەك بوون، لە ماڵەوە بۆ جەنگ نەهاتبوون، بەڵکو بە نیازی ئەو کاروانە هاتن کە وەك هەنگوینی بێ مێش وا بوو، کەواتە

خۆیان ئامادە نەکردبوو، یەکەم جاری جەنگ کردنیان بوو، لەوەو پێش زۆر کەم تێ کەوتبوون یان هێندێکیان زۆر گەنج بوون هەر تێ نکەوتبوون و جەنگیان نەدیبوو، بەڵام ئەو تاقمەی تر بە پێچەوانەوە ژمارە زۆر و چەك زۆرو وڵاغ زۆرو بە ئامادەیی و لێ بڕان هاتبوون، هەموو لێزان و کارامەو تێ کەوتووبوون، چەند جەنگ و تەنگانەیان لەوەو پێش دیبوو، بێجگە لەوانە گەلی قوڕەیش زۆر زۆر تەقێ لێ کرابوون و سام و بیمیان هەبوو لەدڵی خەڵکی دا، بە تایبەتی سەرۆکەکانیان لە باوك و باپیرانەوە هەر بە گەورەیی و تەقێ لێ کراوی هاتبوون، کەواتە ئەگەر دەستی یارمەتی خوا نەهاتایەتە کار موسڵمانەکان تیا ئەچوون، بەڵام خوا یارمەتی لەشکری خۆی ئەدات تەنانەت ئەو لەشکرە بەفەڕە کە پڕۆزترین لەشکر بوو لە جیهاندا، یارمەتی دان لە چەند بارو ڕوویەکەوە: یەکێ لەوانە ئەوە بوو کە خوا لەخەودا بێبڕواکانی بە کەم پیشانی پێغەمبەر(ﷺ) دا تا بە گێڕانەوەی ئەو خەو موسڵمانەکان دڵیان بەهێز ببێ و نەترسن لێیان، یەکێتر ئەوە بوو پێش ئەوەی لە شکرەکان تێك بڕژێن خوا موسڵمانەکانی زۆر بە کەم خستە بەرچاوی بێبڕواکان تا ڕادەیەك ئەبو جەهل ووتی: محمدو هاوڕێکانی هەر هیچ نین و بەشی هیچ ناکەن، ئەوەش لەبەرئەوە بەبێ نرخیان دابنێن و خۆیان ئامادەنەکەن بۆیان، هەروەها بێبڕواکانیشی زۆر یەکەم خستە بەرچاوی موسڵمانەکان تا ڕادەیەك(ئیبن و مەسعود) –خوا لێی ڕازی بێ– وتی بە یەکێ کەلە تەنیشتی بوو: من بە حەفتا کەس ئەیان بینم، ئەویش وتی من بە سەد کەسێ ئەیان بینم، خوا لەم بارەکەیشەوە ئەمەی کرد تا موسڵمانەکان بیمیان لێ نەکەن و بێغەم بن، خەوەکەی پێغەمبەریش(ﷺ) بەڕاست بگێڕێ لەپێش چاویان، وەك لە سورەتی ﴿الأنفال﴾دا باسی ئەم دوو نیشانە گەورەیە ئەکات. ئینجا لەپاش تێك ڕژان موسڵمانەکانی زۆر کرد لەپێش چاوی بێبڕواکان تا ڕادەیەك بە دوو قاتی خۆیانیان ئەزانین، ئەوەش لەبەرئەوە لە ناکاودا پێی سەرگەردان ببن و دڵیان داکەوێ و هێزیان نەمێنێ،

يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ رَأْيَ الْعَيْنِ ۚ وَاللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِ مَن يَشَاءُ ۗ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُولِي
الْأَبْصَارِ ﴿١٣﴾ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنطَرَةِ مِنَ
الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ۗ ذَٰلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ۖ

لێرەشدا دەست نیشان ئەکات بۆ ئەم نشیانەیە کە ئەفەرموێ: ﴿يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ رَأْيَ الْعَيْنِ ۚ﴾ تاقمە بێبڕواکە ئەو تاقمەکەی تریان ـ واتە موسڵمانەکان ـ ئەبینن بەدوو چەندانەی خۆیان بەدیتنی چاو، یان لەدیتنی چاودا. ئەم فەرموودەیە بەسێ جۆرێ تریش تەفسیر کراوەتەوە، وەک لە تەفسیری ڕازی و ئالوسی دا ئەفەرموێ. بەڵام ئەوەی کە گوتمان بەهێز تر لای زانایان،(سوددی) کە یەکێکە لەباوەڕ پێکراوان بەو جۆرە تەفسیری کردووەتەوە،(شێخ الإسلامی پۆمی) و زۆر لە زانابەرزەکان پەسەندیان کردووە، ڕیوایەتی(محمدی کوڕی فرات) لە(سەعیدی ئەوس)ەوە بە تەواوی ئەیبڕێ بەسەر ئەو بارەدا کە گوتمان: ئەفەرموێ: بت پەرستەکان موسڵمانێکیان بەدیل گرت و لێیان پرسی ئێوە چەند کەس بوون؟ ئەویش ئەڵێ:(٣١٣) کەسێک بووین، ئەوانیش ئەڵێن: ئێمە ئێوەمان بەدوو چەندانەی خۆمان ئەبینی، واتە بە هەزارو نۆسەد کەس، چونکە ژمارەی ڕاستیان(٩٥٠) کەس بوو، کەواتە هەر ئەمە ڕاستە کە ئەفەرموێ: ﴿وَاللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِ مَن يَشَاءُ ۗ﴾ خوا بە یارمەتی و کۆمەکی خۆی بەهێز ئەکات هەرکەس کە خوا خۆی بیەوێ، بەڵێ ئەگەر کۆمەکی خوا نەبوایە، چۆن ئەو ڕووداوە بەو جۆرە ئەبوو؟ ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُولِي الْأَبْصَارِ ۚ﴾ بێگومان لەو یارمەتیەدا کە باس کرا بەو جۆرو شێوەیە پەندو تەمێ هەیە بۆ ئەوانەی کە خاوەنی تێگەیشتن ژیرین، بەڵێ بەڕاستی ئەو ڕووداوە بەڵگەیەکی زۆر ئاشکرا بوو لەسەر ئەوەی کە سەرکەوتن و ژێر کەوتن بەدەست خوایە، کەواتە ئەبوایە ئەو جوولەکانە تەمێ خوار ببونایەو کۆتاییان یەهێنایە بە دوژمنایەتی و پیلان و ناپاکی، بەڵام کۆتاییان نەهێنا تا خوا بەزوویی هەڕەشەو هەواڵی شکان و ژێر دەست کردنەکەی بەدی هێنا و ڕاستی پێغەمبەرەکەی دەرخست(ﷺ)، بێگومان ئەو بەڵێنی خوا هەر بۆئەو کاتە نەبوو، بەڵێنی شکاندنی بێبڕوایان و دوژمنانی ئایینی خوا، بەڵێنی بەهێز کردن و یارمەتی دانی بڕواداران با زۆر کەمیش بن، ئەو بەڵێنانە شتێکی

هەمیشەیی و هەموو کاتێن، بە مەرجێ ئەوەی کە لە توانادا هەیە بەکاری بێنن، خۆگرو بەئارامو بە ئومێد بن بە میهرەبانی و بەڵێنی خوا، کۆڵنەدەن و بەپێی توانین چەک و هۆی سەرکەوتن بەکاربێنن، ئەگەر کارەکەیان درێژەی کێشا پەلە نەنێنەوە و نائومێد نەبن و چاوەڕوانی کات و ماوەی دیاریی کراوی خوا بن. بەڵێ بەڕاستی زۆر ئاشکرایە کە یارمەتی و کۆمەکی خوا هەمیشەییە و بەو مەرجانەی کە باس کران، ئەگەر ئەو یارمەتیە نەبووایبە ئێستا ناوی ئیسلام نەما بوو لەڕووی زەوی دا، چونکە ئەبینین لەپاش نەمانی سەرکردایەتی و هێزو یەکێتی موسڵمانان و بەش بەش بوونی خۆیان و وڵاتەکانیان، لەپاش ئەو ئەبینین بێبڕواکان لە هەموو لایەکەوە - لەگەڵ ئەو زۆری و هێزو دەسەڵاتەیاندا - لەدەرو لەناوو هەموو جۆرە چەکێکیان خستووەتەکار بۆ نەهێشتنی ناوی ئیسلام و موسڵمانان، هەموو جۆرە پیلانێك بەکار ئەهێنن و هەموو جۆرە چونکە کێك ئەخەنە کارو ڕووی ئەکەنە ئەوانەی کە ناوی ئیسلام ئەبەن بە ڕاستی، لەگەڵ ئەوەدا تابێت ناوی ئیسلام پەرەئەسێنێ و موسڵمانان باشترو سوور تر ئەبن لەسەر ئیسلام، دڵیان بەهێزتر ئەبێ و ئومێدیان بەتین تر ئەبێ بۆئەوەی کە جارێکی تر دەرختی ئادەمێتی بڕوێتەوە لە جیهاندا بۆ حەوانەوەی هەموو کەس لە ژێر سایەی دا، بەئیزنی خوا هاتنی ئەو ڕۆژەو گەیشتن بەو ئامانجە دوور نیە!

ئینجا بەپێی باوی قورئان لە پەروەردەکردن و تێگەیاندن و پێگەیاندن و ئامۆژگاری کردنی مەردومدا، بەپێی ئەو باوە شیرینەی لێرەدا ئاماژە ئەکات بۆ چەند شتێکی سروشتی لە ئادەمی دا، کە هەموو خراپی و لادانێك لەوانەوە دەست پێئەکات، ئەگەر جڵەویان نەگیرێتەوە بە پارێزگاری کردن و وریاییەکی هەمیشەیی، وە ئەگەر دڵو دەروون پەیوەست نەکەن بەوەی کە لای خوایە کە هەر ئەوەش پاك و خاوێنەو نەمانی نیە.

ئەو شتە سروشتیانەش ئارەزووا تەکانی نەفسن کەلەم ئایەتی داهاتووەدا کۆی کردوونەتەوە، بێگومان هەرچەند ئەوانە پێویستن لەم جیهانەدا بۆ پارێزگاری ژیان و درێژە پێدان و گەشە پێکردنی، بەڵام سەر تێکردنیان و خۆ خەریك کردن بە هەمیشەیی پێیانەوە دڵ خەریك ئەکەم لە مەبەستی هەرەبەرز، بەرگری مەردوم ئەکەن لە کارو فرمانی سەرەکی خۆی، کارو فەرمانی جێنشینیەکەی لەم جیهانەدا، بێئاگا و بێهۆشی ئەکەن لەهەوڵ و تێکۆشان و بۆ ژیانی ڕاستەقینەو نەبڕاوەی ئەو جیهان، جا لەبەرئەوە ئیسلام دان ئەنێ بەو

ئارەزووانەداو جڵەوگیرییان لێ ناکات، بەڵکو بەشیرینو پیرۆزیش نیشانیان ئەدات، بەڵام لە هەمان کاتدا هەمیشە تەمێو ئامۆژگاری ئەکات بەمەی ئەو ئارەزووانە زیادە ڕەویان پێنەکرێو لەڕادەو سنووری ڕاستو ڕەوای خۆیاندا ڕاگیر بکرێنو بەکاربهێنرێنو بە جۆرێ نەبن کە ژیانی ئەو جیهان لەدەست دەرکەن، بەڵکو بەپێی بەرنامەی خوا بجوڵێتەوە تا خۆشی هەردوو جیهانیان دەست کەوت ببێ.

بەکورتی ئیسلام جیاوازە لە هەموو بیروباوەڕو بەرنامەیەکی تر، نەپێش ئەخواتەوە بە مەردوم تا دووچاری گرێی دەروونی بکات، نە جڵەویش ئەدات بە دەست نەفسو شەیتانەوە تا هەوڵی دێرنو بیخەن بە مل هەموو قەڵبەیەکدا، ئەمەی کە ئیسلام بڕیاری ئەدا زاناکانی دەروونی لەم دواییەدا گەڕانەوە بۆلایو بڕوایان پێهێنا و تێگەیشتن کە ڕێی ڕاست هەر ئەوەیە کە ئیسلام هێنای، ئەمەی کە ئیسلام هێنای ڕاگیر کردنە لە سنووردا و بەرەڵا نەکردنە کە پێی ئەوترێ:(ضبط النفس) نەك دان نەنان بە ئارەزوو و قیزکردنەوە لێی وپێش پێخواردنەوەکەپێی ئەوترێ(کبت النفس)وەگرێی دەروونی هەر لەم پەیدا ئەبێ.

ئیسلام لەسەر ئەو باوو بەرنامە بێ وێنەی خۆیە چەند شتێکی گرنگو سەرەکی کۆئەکاتەوە کە بەسروشت ئارەزوو ئەکرێن، خۆشەویستنو ئارەزوو کردنیان ڕەوا ئەدا، ئەفەرموێ: ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ﴾ ڕازێنراوەتەوە بۆ ئادەمیو شیرین کراوە لەبەرچاوی خۆشویستنی ئارەزووانی نەفس، واتە بە سروشت وا دروست کراوە ئارەزووی کراوەکانی خۆش ئەوێ کە بریتین لە ﴿مِنَ ٱلنِّسَآءِ﴾ لە ئافرەتان ﴿وَٱلْبَنِينَ﴾ و کوڕان، ﴿وَٱلْقَنَٰطِيرِ﴾ دارایی زۆرو فراوانی کەڵەکە کراو ﴿مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلْفِضَّةِ﴾ لە زێڕو زیو، ﴿وَٱلْخَيْلِ ٱلْمُسَوَّمَةِ﴾ ئەسپو ماینی دابەستراو، یان شیرینی نیشانە دار کراو بە سپێتیەك لەناو چاودا، یا بەرەڵا کراو لە لەوەڕگادا، ﴿وَٱلْأَنْعَٰمِ﴾ چوار پێکان لە حوشترو مەڕو بزنو ڕەشەوڵاخ، ﴿وَٱلْحَرْثِ﴾ و کشتوکاڵ، ﴿ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ ئەوەی کە باس کرا خۆشیو بەهرەی ژیانو زیندەگانی جیهانە، ئەمانەی کەباس کران نموونەی ئارەزووکراوەکانن، سەرەکین بە تایبەتی لەو چەرخەداو لەناو ئەو چینو گەلەدا کە یەکەم جار ئەم قورئانەی چوو بە گوێچکەدا، هێندێکیان پێویستن لە هەموو چەرخو کاتێکدا، قورئان ئەوانەی کۆکردەوەو نرخی خۆی بۆ دیاری کردن، بەوەی کە خۆشیو بەهرەی ئەم ژیانە کەمو کورتەن،

وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلْمَـَٔابِ ﴿١٤﴾ ۞ قُلْ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيْرٍ مِّن ذَٰلِكُمْ ۚ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّـٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿١٥﴾ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ إِنَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٦﴾ ٱلصَّـٰبِرِينَ

بۆئەوەی لە جێ و سنووری خۆیاندا ڕاگیربکرێن و زیادە ڕەویان تیادا نەکرێن، چاو بپرێتەبەرزترو گەورەتر کە دەست نیشانی بۆ ئەکات و ئەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلْمَـَٔابِ﴾ لای خوا هەیە شوێنی گەڕانەوەی خۆشی لە ڕۆژی دوایی دا کە ئەوەش بەهەشتە، خوا بەشدارمان بکات لێی.

خوای گەورە خۆشویستنی ئەو شتە ئارەزوو کراوانەی ڕەوا داوە بە پێی ئەو بەرنامە ڕێك و پێکەی کە بۆی داناوە بەڵام لە هەمان کاتدا تەمێ و ئامۆژگاری ئەکات کە مەردوم خۆی نەکات بە بەندەی ئەڵقە لەگوێی ئەو ئارەزووانە، بەڵکو بەگوێرەی پێویست بەکاریان بێنێ، سەرنج ڕائەکێشێ بۆ چاکتر لەوانەو بەرزترو پاك و خاوێن تر لەوانە، بانگ ئەکات بۆ هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئارەزووانی لەشی و دەروونی نەبڕاوە، لە جیهانێکی تردا وەك لێرەدا بەدوای ئایەتی پێشوودا ئەم ئایەتە ئەهێنێ و بەدرێژتر باسی خۆشی و ئەو شوێنی گەڕانەوە خۆشەی لای خۆی ئەکات کەلە دوایی ئایەتی پێشوودا ئاماژەی بۆ کرد، ئەفەرموێ: ﴿قُلْ﴾ ئەی پێغەمبەر بڵێ: ﴿أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيْرٍ مِّن ذَٰلِكُمْ ۚ﴾ ئایا هەواڵتان بدەمێ بە چاکتر لەو شتانەی کە باس کرا بۆتان؟ بەو پرسیارە هەواڵ پێدراوەکان وریا ئەکاتەوە بۆ گوێگرتن و بیرکردنەوە، ئینجا بۆیان باس ئەکات و ئەفەرموێ: ﴿لِلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟﴾ ئەو بڕوادارانەی کە بەجیهاندا خۆیان پاراست لەخراپە، هەیە بۆیان: ﴿عِندَ رَبِّهِمْ﴾ لای پەروەردگاریان ﴿جَنَّـٰتٌ﴾ بەهەشت و باخاتێ کە ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ﴾ کە دێت و ئەچێت بە ژێریاندا جۆگەو ڕووبارەکان: ﴿خَـٰلِدِينَ فِيهَا﴾ لە کاتێکدا ئەو خۆپارێزەرانە ئەمێننەوە لەو بەهەشتانەدا بە هەمیشەیی و بێبڕانەوە ﴿وَأَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ﴾ حەڵاڵ و هاوسەرانێ کە پاك و خاوێن کراون لە هەرشتێ کە بێزراوو قێزلێ کراوە، چ لەدیمەن و دیوی دەریان، چ لە دیوی ناوو دەروون و ڕەوشتیاندا، ﴿وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ ۗ﴾

هەیە بۆیان ڕەزامەندیەکی گەورە لێیان لەلایەن خواوە، کە ئەوە لە هەموو شت چاکترو گەورەترەو هیچ شتێکی تر هاوتای نیە، لە حەدیسی صەحیحدا هاتووە کە خوا پرسیارئەکات لە بەهەشتیەکان ئایا ڕازین؟ ئەوانیش عەرزی ئەکەن چۆن ڕازی نین! ئایا باشتر لەوەتان پێ نەبەخشم؟ ئەوانیش ئەڵێن: ئەی پەروەردگار ئایا چی لەمە باشترە کە تۆ داوتە بە ئێمە؟ خوایش ئەفەرموێ: ڕەزامەندی خۆم ئەدەم بەسەرتاندا، کەواتە هەرگیز خەشمو نەنگو ناڕەزاییم نابێ لێتان، خوای پەروەردگاری میهرەبان بەشدارمان بکە لەو بەهرەو چاکە بێوێنەدا. آمین،ێمین،آمین. ﴿وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ﴾ خوا بینایە بە بەندەکان، کەواتە زانایە بە هەر کردەوەیەک کە ئەیکەنو پاداشتو سزاو تۆڵەی زۆر بەجێیە، وە ئەزانێ کام بەڕاستی خۆپارێزو لە خوا ترسە، یا مەبەست ئەوەیە کە خوا ئاگایە بە هەرشتێ کە بەرژەوەندی بەندەکانی تیایە، کەواتە با ئەمانیش گوێڕایەڵی و فەرمانبەر بنو هەرچی ئەو بۆیان هەڵئەبژێرێ هەر ئەوە چاکە بۆیان، کەواتە با ئاگایان لە خۆیان بێتو سەرنەکەنە ئارەزووەتی جیهان، با بەهرەی گەورەی ئەو جیهانیان لەدەست دەرنەچێ، ئینجا سیفەتو نیشانەکانی ئەو پارێزەرانە باس ئەکات، ئەفەرموێ:

١- ﴿ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ﴾ ئەوانەی کە ئەڵێن: ﴿رَبَّنَآ إِنَّنَآ ءَامَنَّا﴾ ئەی پەروەردگارمان بێگومان ئێمە بڕوامان هێناوە: ﴿فَٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾ کەواتە خۆشبەو بسڕەوە لێمان گوناهەکانمان، بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ، لەنزاکەیانەوە لە خوا ترسیو خۆپارێزیان دەرئەکەوێ، ئەوەتا جارێ بڕواهێنانیان ئەدەنو ئەیکەن بە قەڵغانو بەوە تکای سڕینەوەی گوناهو پاراستنیان لە دۆزەخ ئەکەن.

٢- ﴿ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ ئەو لە خوا ترسانەی کە خۆ گرن، خۆگری بەسێ جۆرە:

ا- خۆگرتن لەسەر بەجێ هێنانی فەرزەکانو کردەوە چاکەکان.

ب- خۆگرتن لەسەر دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکان.

ت- خۆگرتن لەسەر هەر دەردو زیانو بارێکی ناخۆش. بێگومان لەم شوێنەدا ئەبێ بە شێوەی گشتی بگیرێ، چونکە ئایەتەکە نەیبڕیوە بەسەر جۆرێکی تایبەتیدا، بەم شێوە گشتیەشایستەترئەبێ بۆوەسف دانی خواو گەیشتن بە ڕەزامەندی ئەو کە بەڵێنی پێدا.

وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْمُنفِقِينَ وَٱلْمُسْتَغْفِرِينَ بِٱلْأَسْحَارِ ﴿١٧﴾ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُوا۟ ٱلْعِلْمِ قَآئِمًۢا بِٱلْقِسْطِ

٣- ﴿وَٱلصَّٰدِقِينَ﴾ ئەوانەی کە ڕاستن لە نیازیاندا، وە لە وتارو کردەوەی ئاشکراو نهێنیاندا، بەڵێ بە ڕاستی زۆر گەورەو گرنگە لە ژیاندا، ڕاستی هێزو چالاکیە، بە پێچەوانەی درۆ کە لاوازی‌و دەستەپاچەییە لەبەر خۆپاراستن لە زیان یان ڕاکێشانی سوودو قازانج.

٤- ﴿وَٱلْقَٰنِتِينَ﴾ ئەوانەی کە گوێڕایەڵن‌و هەمیشەیین لەسەر خواپەرستی‌و هەڵسان بە پێویستی سەر شانیان، کەواتە بە پێی توانا هەڵئەسن بە مافی خوایەتی خواو مافی بەندەیی خۆیان.

٥- ﴿وَٱلْمُنفِقِينَ﴾ ئەوانەی کە بەختکەرن لە ڕێی خوادا لە ماڵو دارایی خۆیان کە بەوە دەرئەچن لە بەندەیی ماڵو لە کۆت‌و زنجیری چروکی‌و چاوچنۆکی، بەوە هەڵئەسن بە پێکهێنانی برایەتی ئادەمێتی.

٦- ﴿وَٱلْمُسْتَغْفِرِينَ بِٱلْأَسْحَارِ﴾ ئەوانەی کە شەونوێژ ئەکەن لە بەشی دوایی شەوو لە بەرەبەیان کە لەو کاتەدا خەو زۆر خۆشەو هەستان زەحمەتە لەسەر شان، لەو کاتەدا دڵو دەروون ناگیرێ بە هیچ کارێکەوە، کەواتە بیرو هۆش لای نوێژو خواپەرستیەکەیە، یان مەبەست ئەو کەسانەیە کە شەونوێژیان کردووەو لەو کاتی بەرەبەیانەدا خەریکن بە پاڕانەوەو داوای لێخۆشبوون، وەك لە شەودا هەر خەریکی خراپەکاری بووبن!!

(ئیبن‌و جەریر) بەم جۆری دووەمە ئەیگێڕێتەوە لە کردەوەی(ئیبن‌و عومەر)ەوە -خوا لێیان ڕازی بێ- کە باوی وابوو شەونوێژی ئەکرد ئەیفەرموو بە(نافیع): ئایا دوادوایی شەوە؟ ئەویش عەرزی ئەکرد: نەخێر، ئینجا دەستی ئەکردەوە بە نوێژ تا کاتێ(نافیع) عەرزی ئەکرد بەڵێ خەریکە ڕۆژ ئەبێتەوە، ئەو کاتە دانەنیشت‌و دەستی ئەکرد بە داوای لێخۆشبوون‌و نزای ئەکرد هەتا ڕۆژ ئەبووەوە، لە چەند ڕیوایەتێکدا حەدیس هاتووە سەبارەت بە فەرماندان بە داوای لێخۆشبوون لەو کاتی بەرەبەیانەدا، کەواتە تەفسیری لەسەر ئەم باری دووەمە بەهێزترە.

ئەمانە بوون سیفەت و نیشانەی ئەو لە خوا ترسانەی کە ئەو بەڵێنە گەورەیان پێدرا، خاوەنی ئەم سیفەتانە شایستەی پەزامەندی خوان کە لە هەموو بەهرەیە گەورەترە. ئابەو جۆرو شێوەیە قورئان پێنمووننی مەردوم ئەکات و دەستی ئەگرێ و لەم زەویەدا ڕاستی ئەکاتەوە بەرەبەرە بۆ ئاسۆی ئادەمێتی، هەتا ئەیگەیەنێ بە کۆمەڵی هەرە بەرز بە هێواشی و میهرەبانی، بەبێ تەنگە تاو کردن و زۆر پێهێنان و پیش خواردنەوە، بەڵکو لەگەڵ تێبینی و چاودێری کردنی بێ هێزی و دەستەپاچەییدا، بەبێئەوەی زیان بگەیەنێ بەکاروباری پێویستی ژیانی جیهانی، خوا خاوەن و دروستکەری سروشتی ئادەمیە، خوا خۆی بەرنامەی داناوە بۆئەو سروشتەی دروست کراوی خۆیەتی ئەو خوایە بینا و زانایە بە بەندەو دروستکراوەکانی.

لە یەکەمجاری سورەتەکەوە تا ئێرە مەبەست و ئامانجی ئەگەڕێتەوە بۆ باسی تاک و تەنیایی خوا لە هەموو بارێکەوە، بۆ یەکێتی نامەو بەرنامەکانی خوا، بێگومان ئەو تاک و تەنیاییە داخوازە بۆ ئەوەی کە بەرهەمی ئەو تاک و تەنیاییە بە کردەوە لەژیاندا بەدی بێت، بەم ڕەنگە بەندەیی و پەرستن و مل کەچی و گوێڕایەڵی هەر بۆ ئەو خوای تاک و تەنیا بێت، جا ئەوا لەم ئایەتی داهاتووەدا خەریک ئەبێ بە ڕوون کردنەوەو چەسپاندنی ئەو مەبەستە گرنگەی کە داخوازە بۆ ئەو تاک و تەنیاییە، جا لەبەرئەوە تاک و تەنیاییەکە دووبارە ئەکاتەوە بۆئەوی داخوازەکەی بەدوادا بێنێ، دووبارەی ئەکاتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی تازەی جیاواز کە هەست و دەروون داگیرئەکات، دووبارەی ئەکاتەوە لە شێوەی شایەتی دانی خواو فریشتەکان و زاناکان لەسەر ئەو تاک و تەنیاییە، ئەفەرموێ: ﴿شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ خوا شایەتی داوە کە هیچ پەرستراوێک نیە بە ڕاستی بێجگە لەو ﴿وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلْعِلْمِ﴾ فریشتەکان و زاناکانیش شایەتیان داوە کە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە بێجگە لەو خوای تاک و تەنیا، شایەتی دانی خوا دەرئەکەوێ لە ئایەتەکانی قورئانەکەی دا کە گەورەترین موعجیزەی خوایە لەم بوونەوەرەدا، لەو هەموو نیشانەو ڕابەرو بەڵگە ئاشکرایانەی کە خوا داینا وون لەم بوونەوەرەو لەدەروونی خۆماندا کە هەرکەس بێبەش لەژیریی و تێگەیشتن ئەو شایەتیە وەرئەگرێ لە هەر شتێ کە هەستی پێ بکات، وەك وەری ئەگرێ لەو هەموو بەڵگەو ڕابەرە ژیرییانەی کە خوا ڕێنموونی زۆر لە بەندەکانی بۆ کردوون، کەواتە ئەم شایەتی دانی خوا هەرچۆنێ بەکەڵك و بەکارە بۆ بڕوادارەکان بەوەی بڕواکەیان بەهێزترو پتەو تر ئەکات و ئەیانخاتە سۆزو پەرۆش، هەروەها زۆر بەکەڵك و بەکارە بۆ

بێبڕواکانیش، چ ئەوانەی کە بڕوایان هەیە بە بوونی خوا بەڵام بەجۆرێ نیە کە خوا ئەیەوێ، ئەوەش وەک بڕوای بت پەرستان و گاورو جوولەکە، وە چ ئەوانەی کە هەر بڕوایان بەبوونی خوا نیە ـ خوا بمانپارێزێ ـ کەڵکی هەیە بۆیان مەگەر کەسانێ کە وەک بەرد وابن و تەڕاییان تیا نەبێ، لەم باسەوە دەرکەوت کە ئەو شایەتی دانی خوا دوو جۆرێ هەیە:

یەکەم: بە ڕێنمووئی کردن بۆ تاک و تەنیایی و دەرخستنی بەو هەموو ڕابەرو بەڵگە بەهێزو ڕوونانە کە دەست نیشانمان بۆ کردن.

دووەم: بە هەواڵ پێدان لە چەند ئایەتێ لە قورئانەکەی دا کە گەورەترین موعجیزەی خوایەو هەواڵی شایەتی دانی لە نامەکانی تریشدا باس ئەکات، با بزانرێ کە تاک و تەنیایی خوا هەرچۆنێ بە بەڵگەو ڕابەری ژیریی دەرئەخرێ، هەروەها بەڕابەری بیستنیش(نقلی) هەر دەر ئەخرێو ئیسپات دەکرێ، چونکە ـ وەک زانایان دەفەرموون ـ ڕەوانە کردنی نامەو پێغەمبەران نەبەستراوە بەتاک و تەنیایی خواوە، مەبەست لەشایەتی دانی فریشتەکان دان پیانان و گوێڕایەڵی و فەرمانبەریەو هەواڵ پێدانە بە پێغەمبەرکان و ئەوانیش بە مەردوم، مەبەست لە شایەتی زاناکان بڕوا پێکردنە بەدڵ و دان پیا نان و جاڕ دان و هەواڵ پێیانە بەخەڵکی و بەڵگەو ڕابەر لەسەر هێنانەوەیەتی، گوێڕایەڵی و مل کەچی تەنها بۆ فەرمانی ئەو، ئیتر مەبەست بەو زانایانە هەر پێغەمبەرەکان بێت ـ وەک هێندێ ئەفەرموون ـ یا ئەوانیش و هەموو بڕوادارانە ـ وەک هێندێکی تر ئەفەرموون ـ.

خوای پەروەردگار لەسەر خوایەتی خۆی بە تاک و تەنیا ﴿قَآئِمَۢا بِٱلْقِسْطِ﴾ لە کاتێکدا کە داهێنەرو بەدی هێنەرو ڕاگیر کەرو بەکارهێنەری دادو ڕاستیە لە هەموو کردەوەو دروست کراوەکاندا، لە تەدبیرو بەڕێوەبردنی ئەم بوونەوەرەو ژیانی ئادەمی دا، کەواتە دادو ڕاستی بە هیچ نایەت لە ژیانی ئادەمی دا، کارو کردەوەی بە ڕێکو ڕاستی ناڕوا بەوێنەی ڕێکو ڕاستی کاروباری بوونەوەر، ئەو مەبەستو ئامانجە گرنگە بەدی نایەت مەگەر بە پەیڕەوی و ڕەفتار کردن بەو بەرنامەی کە خوا هەڵی بژاردووە بۆ ژیانی ئەم ئادەمیە، لەم دواترین شەریعەتەدا دیاریی کردووەو ئاشکرای کردووە، بەبێ بەدی هێنانی بەو بەرنامەیە نە داد هەیەو نەڕێکو ڕاستی هەیەو نەڕێکی و یەک کەوتن ئەبێ لەگەڵ ئەو بوونەوەرەی کە ئادەمی تێدا ئەژی، کەواتە بەبێ ئەو بەرنامەیە هەر ئەبێ ستەمو تاوان و لادان ڕوویدا، ئەبێ هەر دژایەتی و بەگژا چوون و یەک نەگرتن و سەرگەردانی پەیدا ببێ!

لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٨﴾ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ

هەرکاتێ ئاوڕێك بدەینەوە بۆلای مێژوو ئەبینین داد هەر لەو ماوەیانەدا هەبووە کە هەر نامەو بەرنامەی خوا لە کاردا بووبێ و کاربەدەست بووبێ، لەهەر ماوەیەکدا بەرنامەیەکی تر لە کاردا بووبێ دادی ڕاستەقینە نەچێژراوە، ئەگەر لەبارێکەوە بە ڕوالەت داد بووبێ، بێگومان لە چەند بارو لە چەند لای ترەوە جەورو ستەم جیهانی مرۆڤایەتی ڕەش و تاریك کردووە، جەورو ستەمی تاکی یان چەند کەسی بۆ تەواوی گەل، یا جەورو ستەمی گەل و کۆمەڵ بۆ ئەندامەکانی، یا جەورو ستەمی چین و تاقمێ بۆ چین و تاقمێکی تر، تەنها دادەکەی خوا پاك و بێگەردە لە هەرلادان و لایەنگیرییە بۆ هەرکام لەوانە، چونکە هەر خوا خوایەو یەکسانە بۆ هەموو بەندەکانی و ئاگادارە بە هەرچی وا لەئەرزو ئاسماندا، ئینجا تاك و تەنیاییەکەی دووبارە ئەکاتەوە لەگەڵ زیادکردنی دووسیفەتی تری کە بەدی هێنانی داد بەبێ ئەو دووسیفەتە نابێ: سیفەتی توانین و زاڵی و لێزانی و کاردروستی، ئەفەرموێ: ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ هیچ پەرستراوێك بەڕاستی نیە بێجگە لەوە کە هەر ئەو خوایە زاڵ و دەسەڵات دارو داناوکار دروستە، بەڵێ داد بەبێ ئەم دوو سیفەتە نابێ و بەدی نایە، چونکە داد بریتیە لە پێك هێنان و دانانی هەر کارێ لە جێ و شوێنی خۆی دا، دەی ئەوەش بەبێ دەسەڵات و توانین و لێ زانین نابێ و ناگونجێ.

ئینجا بەدوای ئەو تاك و تەنیاییەدا شتێ ئەهێنێ کە بەرهەم و سەرەنجامێکی سروشتیە بۆی، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ﴾ بەڕاستی ئایین بەلای خواوە هەر ئیسلامە، واتە گوێڕایەڵی و فەرمانبەری و مل کەچی بۆ فەرمانی خوا. ئیسلام تەنها لاف و قسەی ڕووت نیە، تەنها نیشانەو ئاڵای ڕووت نیە، تەنها بۆچوون و بیروباوەڕێکی دەروونی نیە، تەنها نوێژو ڕۆژوو زەکات و حەج نیە، نەخێر، هیچ کام لەوانە ـ بەتەنها ـ ئەو ئیسلامە نیە کە پێی ڕازیەو بێجگە لەو هیچ ئایینێکی تر وەرناگرێ، بەڵکو ئیسلام مل کەچی و فەرمانبەریە بە ڕەزامەندای دڵەوە بۆ هەموو فەرمانەکانی خوا، بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم مەبەستە فەرموودەیەکی(ئیمامی عەلی) هەیە -خوا لێی ڕازی بێ- کەلە خوتبەکەیدا

فەرموویەتی و(علی کوڕی ئیبراهیم) ڕیوایەتی ئەکات، بە جوانی ئەزانم ئەو فەرموودەیە بێنم کەلەو خوتبەدا فەرمووی: بێگومان ئیسلام بە جۆرێ دیاریی ئەکەم کە هیچ کەس پێش من بەو جۆرە دیاریی نەکردبێ، ئیسلام بریتیە لە مل کەچی و ڕەزامەندی دڵ، ئەو مل کەچیەش زانینێکی تێرو تەواوی بێ گەردە کە هەر ئەوەیە بڕوا، ئەو بڕوایش کە بوو بەدەم ئەوترێ و دانی پیا ئەنرێ، کە ئەوەش بوو ئەبێ بەدی هێنانی ببێ کە ئەوەش بەکردەوە ئەکرێ، کەواتە ئیسلام بریتی بوو لەو مل کەچی و بڕواو زانینەی کەلە کردەوەدا دەرکەوێ، ئینجا فەرمووی: بێگومان بڕوادار ئایینەکەی لە پەروەردگاریەوە وەرئەگرێ، لە ڕاو ئارەزووی خۆیەوە وەری ناگرێ، بێگومان بڕوادار کەسێکە کە بڕواکەی ئەناسرێ لە کردەوەی دا، بێبڕوایش بێبڕواییەکەی ئەناسرێ بە نا فەرمانی و دژکردەوەی دا، ئەی خەڵکینە بنوسێن بە ئایینەکەتانەوە و ئایینەکەتان بەڕاستی بگرن، چونکە گوناە کردن لەم ئایینەدا چاکترە لە چاکەکردن لە هەر ئایینێکی تردا، چونکە گوناە لەم ئایینەدا ئەسڕێتەوە، بەڵام چاکە لە غەیری ئەمدا وەرناگیرێ.

ئیسلام ئایینی هەموو بوونەوەرە، ئیسلام ئەو ئایینەیە کە هەموو پێغەمبەرانی پێ ڕەوانەکراوە ــ دروودی خوایان لێ بێ ــ تایبەتی کردنی ئەم ناوە بەم دواترین شەریعەتەوە لەبەرئەوەیە کە ئەم جێگیرو جێنشینی هەموو ئایین و شەریعەتەکانی پێش خۆیەتی، وەلە هەموویان تێرو تەواو تر.

ئەو ئایینەی کە هات بۆ موسا و عیسا ــ سەلامی خوایان لێ بێ ــ هەر ئایینی ئیسلام بوو، ئایینی تاک و تەنیایی خوابوو بە پاک و خاوێنی، لە نامەکانیاندا موژدە درابوو بە هاتنی حەرزەتی محمد(ﷺ) و ئەم ئایینە پاکەی کە هاتە سەری کەواتە چۆن ئەو نامەدارانە دووبەرەکی بوون لەو ئایینە پاکەی موسا و عیسادا، بەم ڕەنگە بت پەرستی و چەند شتی پڕوپووچیان تێکەڵ کرد، لەناو خۆیاندا بوون بە چەند تاقم و کۆمەڵێک و چەند جەنگ و کوشتار لەناویاندا پەیدا بوو، چۆن تێکڕایی و بێگیروگرفت هەموو بڕوایان نەهێنا کاتێ ئەم قورئانەو پێغەمبەرە هات؟

وَمَا ٱخْتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ

خوای گەورە هۆی ئەو دووبەرەکییەی ئەوانمان بۆ دەرئەخات کە ئەفەرموێ: ﴿وَمَا ٱخْتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ﴾ دووبەرەکی نەبوون ئەوانەی کە نامەیان پێدرابوو ــ واتە ئوممەتی موسا و عیسا ــ ﴿إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ﴾ لەپاش ئەوە نەبێ کەزانینی تەواویان بۆهاتبوو، واتە لەلایەن خواوە ئەو زانینەیان بۆ هاتبوو بەهۆی نامەو پێغەمبەرەکانیانەوە، کەواتە بە هەڵەو لێ گۆڕان نەبوو، بەڵکو بەدەستی قەستو بەزانینەوە دووبەرەکی کەوتن ﴿بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ﴾ لەبەر ستەمو دەست درێژیی و حەسادەتی ناو خۆیان. خۆیان لەناو خۆیاندا بەدوای گەورەیی و سەرۆکایەتی دا ئەگەڕان تا هەرکەس تاقمێکی پێکەوە نا بۆ خۆی و زاڵبووو بوو بە سەرۆک و هەرچۆن بۆی کرا ستەمو دەست درێژیی کرد لەوانەی کە دژی بوون و مل کەچیان بۆ نەئەکرد تا لەوەوە جەنگ و کوشتاری زۆر پەیدا ئەبوو، ئینجا ستەمیان لە خۆیان کردو حەسادەتیان بەکار هێنا کە بڕوایان نەهێنا بە قورئان و پێغەمبەرەی هەمووان(ﷺ) حەسادەتیان لێ هات کە تا ئەو کاتە پێغەمبەرێتی لەناو ئەواندا بوو، عەرەب نەخوێندەوارو نەزان بوون و لەپاش(ئیسماعیل) پێغەمبەریان نەبووە و لەپڕێکدا یەکێ هات و داوای پێغەمبەرێتی هەموو جیهانیان ئەکات، بەو جۆرە خۆین چارە ڕەش و بەد بەخت کرد ئەگینا زاناکانیان وەکو قورئان ئەفەرموێ: ﴿يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمْ﴾ پێغەمبەر ئەناسن هەرچۆنێ کوڕەکانی خۆیان ئەناسن، خوای گەورە لەسێ بارەوە خراپی ئەوانەی دەرخست:

یەکەم: ئەوانە نامە پێدراوبوون، کەواتە ئەبوایە ئەوپەڕی ڕاستییان بەکاربهێنایە لەگەڵ ئەو خوایەی کە ئەو خەڵاتە گەورەی کردنو کردنی بەو ئوممەتە نامەداوە.

دووەم: ئەو لاریو دووبەرەکییەی کە ئەیانکرد بە هەڵەو نەزانینەوە نەبوو، بەڵکو باش ئەیانزانی کە ناهەقی ئەکەن، وە گوناهی زانا گەورەترو ناشیرین تڕە.

سێیەم: ستەمو حەسادەتیان بەکارئەهێنا کە ئەو دوو سیفەتانە کانگای زۆربەی تاوانو خراپەکارین.

وَمَن يَكْفُرْ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿١٩﴾ فَإِنْ حَآجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِىَ لِلَّهِ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِ ۗ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْأُمِّيِّـۧنَ ءَأَسْلَمْتُمْ ۚ فَإِنْ أَسْلَمُوا۟ فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟ ۖ وَّإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَـٰغُ ۗ

جا لەبەرئەوە دووبەرەکی کردنەکەیانی بەبێ بڕوایی دانا و هەڕەشەی لێ کردن بەوەی بەزوویی ئەگەن بە تۆڵەی خۆیان، فەرمووی: ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ﴾ هەرکەس بڕوانەهێنێ بە ئایەت و نیشانە پوونەکانی خوا، ئیتر ئایەت و نیشانەی بوونەوەریی یان نامەیی، یان هەردوو کە ئەو ئایەت نیشانانە پابەرێکی ئاشکران لەسەر ئایینی خواپەرستی بە تاک و تەنیا و بێ هیچ هاوبەشێک، کە هەر ئەوەیە ئایینی ئیسلام، هەر ئایینی ئیسلامیش ئایینە بەلای خواوە، هەرکەس بڕوانەهێنێ بەو ئایەت و نیشانانەو بەپێی ئەوانە ڕەفتار نەکات ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ﴾ بێگومان خوا بەزوویی تۆڵەی لێ ئەسێنێ، چونکە حیساب و پرسیاری خوا بە چەسپانی و بەزوویی دێت. بەڵێ بە زوویی دێت، چونکە بێگومان بەدی دێت، هەرچیش بەدی بێت ئەوە نزیکەو بە چەسپانی دێت، ئیتر با هەرچەندی پێ بچێت، وەکو ئەڵێن:(کل ات قریب) هەرچی بێت نیزکە، دوور ئەوەیە کە بەدی نەیەت، بێجگە لەوەش دووریی و نزیکی بۆ ئێمەیەو لای ئێمە هەیە، لای خوا هەموو شتێکی داهاتوو نزیک و ئامادەیە، چونکە بۆلای خوا کات و ماوەو دوورو نزیک و دواو بەر نیە!!

بەشێک لە هەڕەشەو تۆڵەی خوا هەر لە جیهاندا بەزوویی بەدی هات دەربارەی جوولەکەکانی مەدینە کە لەو کاتەدا یەکەم زانا و یەک دژو دوژمن بوون لەو ناوەدا دەربارەی ئایینی ئیسلام، ئەوەبوو بە زوویی لەناوچوون بە کوشتن و دەرکردن، ئینجا قورئان ئەدا بە پێغەمبەر(ﷺ) کە قسەیەکی پوون و ڕەوان بڕاوە ئاڕاستەی نامەدارو بت پەرستەکان بکات و کاروبڕیاری خۆی لەگەڵیان ببڕێتەوە، ئینجا پاش ئەوە لێیان گەڕێ بۆ خواو خۆی بە ڕێگە ڕاستەکەی خۆی دا بڕوا، لە یەکەمجارەوە ئەفەرموێ: ﴿فَإِنْ حَآجُّوكَ﴾ ئینجا ئەگەر نامەدارەکان دەمەقاڵێیان لەگەڵ کردی لەتاک و تەنیایی خواو ئایینی ئیسلام دا، ﴿فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِىَ لِلَّهِ﴾ بڵێ من ڕووی خۆم مل کەچ و تایبەتی کردووە بۆ خواو تایبەتیم کرد بۆی بەبێ هیچ هاوبەشێک ﴿وَمَنِ ٱتَّبَعَنِ﴾ هەرکەسێک کە شوێنی من کەوتووەو ڕووی خۆی مل کەچ و تایبەتی کردووە بۆ

خوا، واتە دەمەقاڵێیان لەگەڵ مەکە، چونکە دەمەقاڵێ بۆ شتێکی نادیاریی و شاراوە پێویستە، ئایینی تۆ شتێکی ڕاست و ئاشکرایە و دەمەقاڵێ تیای دا هەر قسە بە شەڕ دانە، یان مەبەست ئەوەیە: وەڵامی دەمەقاڵێ کەیان بەمە بدەرەوە، کە ئەوانیش هەر بڕوایان هەیە بەبوونی خوایەک کە شایانی پەرستنە، دەی ئەمە کە هەموومان دانی پیا ئەنێین با هەر ئەمە بگرین و من هەر ئەمە ئەگرم و بڕوام پێی هەیە، ئەگەر ئێوە هەر شتێکی تر زیاد ئەکەن من لەسەری نیم و ئێوە ئەبێ ئیسپاتی بکەن، بێگومان هیچ نیشانەو بەڵگەیەکی نیە بە دەستەوە، کەواتە ئەبێ کۆتایی پێ بێنن، بە هەرحاڵ خوا فەرمانی دا کە ئەم تەنیا وتە پێرۆزەیان ئاڕاستە بکات کە ڕوون و ڕەوانە و بیروباوەڕو بەرنامەی ژیانی تیایە، ئینجا فەرمانی دا کە پرسیاربکات لەوانیش و بت پەرستەکانیش بۆ ڕوون بوونەوەی بیروباوەڕی هەردوو لا بەبێ تێکەڵ و پێکەڵی و لێ گۆڕان، فەرمووی: ﴿وَقُل لِّلَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَالْأُمِّيِّينَ﴾ بڵێ بەوانەی کە نامەیان پێ دراوە، واتە جوولەکە و گاورو بت پەرستەکانی عەرەب کە بە ناو بانگ بوون بە نەخوێندەواریی، بڵێ پێیان بە تێکڕایی: ﴿ءَأَسْلَمْتُمْ﴾ ئایا موسڵمان بوون؟ واتە هەموو موسڵمان بێ وەک من و شوێن کەوتووەکانم کە موسڵمانین، کەواتە ئەوانیش کە خۆیان بە خاوەن ئایین و نامە دائەنا، وەک بت پەرستەکان بانگ ئەکرێن بۆ ئیسلام کە هەر ئەوە ئایینە بەڵای خواوە، ئەو ئیسلامەی کە بەجوانی باس کراو ڕوون کرایەوە، ئەو ئیسلامەی کە پاش هاتنی قورئان بریتیە لە گێڕانی تەنها قورئان بە حاکم و کاربەدەست لە جیهان و ژیاندا، ﴿فَإِنْ أَسْلَمُوا فَقَدِ اهْتَدَوْا﴾ ئینجا ئەگەر موسڵمان بوون ئەوا ڕێنموونی وەرئەگرن و ڕێی ڕاست ئەدۆزنەوە، چونکە ڕێی ڕاست تەنها یەک ڕێیە و یەک بارو شێوەی هەیە کە بریتیە لە ئیسلام، ئیتر لەو بگەڕێتەوە گومڕاییە و نەفامیە و لادانە و لەڕێی ڕاست ترازانە، ﴿وَإِن تَوَلَّوْا﴾ ئەگەر ڕوویان وەرگێڕاو پشتیان کردە ئیسلام ئەوا تۆ زیانبار نابی، چونکە ﴿فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ﴾ بێگومان تۆ ئەوەی لەسەرتە هەر ڕاگەیاندنە، بێگومان ترش ئەوەت بەجێهێناوە بەو شێوەی کە پێت سپێرراوە، ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە پێش ئەو ئایەتەی کە فەرمان ئەدات بە جەنگ کردن لەگەڵیان تا موسڵمان ئەبن، یان بەڵێنی گوێڕایەڵی و مل کەچی ئەدەن بۆ ڕژێمی ئیسلام لە شێوەی سەرانەیەک کە لەسەریان دائەنرێ، باسی دێت بەدرێژیی ـ بە یارمەتی خوا ـ لە سورەتی ﴿التوبة﴾دا، چونکە وەک بەدرێژیی باسمان کرد لە سورەتی ﴿البقرة﴾دا کەس بە زۆر موسڵمان نکرێ،

وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٢٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيْرِ حَقٍّ
وَيَقْتُلُونَ ٱلَّذِينَ يَأْمُرُونَ بِٱلْقِسْطِ مِنَ ٱلنَّاسِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢١﴾
أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّـٰصِرِينَ ﴿٢٢﴾ أَلَمْ
تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَـٰبِ يُدْعَوْنَ إِلَىٰ كِتَـٰبِ ٱللَّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ

﴿وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ﴾ خوا بینایه به بەندەکانی، به گوێرەی زانین و بینینی خۆی لەگەڵیان ڕەفتار ئەکات، کەواتە هەرکەس شایستەی چاکە بێت چاکەی لەگەڵ ئەکات و پاداشتی خۆی ئەداتەوە، هەکەس شایستەی تۆڵە و سزابێت بەو جۆرەی لەگەڵ ئەکات، ئینجا بە شێوەی گشتی هەڕەشەیەکی سەخت و سامناک ئەکات لە بێبڕواکان و چارەنووس و پاشە ڕۆژی بەدبەختیان دیاریی ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ﴾ بەڕاستی ئەوانە کە بڕواناهێنن بە ئایەتەکانی خوا، ئیتر هەر ئایەتێك، بەڵام یەکەمجار ئەوانەی کە بڕواناهێنن بەو ئایەتانەی کە باسی ڕاستی ئیسلام ئەکەن ﴿وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيْرِ حَقٍّ﴾ پێغەمبەران ئەکوژن بە ناهەق و ناڕەوا، واتە کە ئەشزانن ناهەق و تاوانە، کەواتە کردەوەکەیان ئێجگار پیس و ناڕەوایە، ﴿وَيَقْتُلُونَ ٱلَّذِينَ يَأْمُرُونَ بِٱلْقِسْطِ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾ ئەکوژن ئەو کەسانەی کە فەرمان ئەدەن بەدادو ڕاست ڕەوی، واتە فەرمان ئەدەن بە چاکەو جڵەوگیری ئەکەن لە خراپە، ﴿فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ ئەی پێغەمبەر مۆژدە بدە بەوانەی بەسزایەکی سەختی ئازار دەر ﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ﴾ ئەوانە کە ئەو کردەوە پیسانە ئەکەن کەسانێکن کەکردەوە چاکەکانیان پووچ بوون و بەهیچ دەرچوون لە جیهان و لە ڕۆژی دواییدا ﴿وَمَا لَهُم مِّن نَّـٰصِرِينَ﴾ نیە بۆیان هیچ یاریدەدەران.

هێندێ لە زانایانی تەفسیر ئەفەرموون: ئەم ئایەتە بە تایبەتی لە جوولەکەدا هاتووەتە خوارەوە، چونکە ئەم کردەوە پیسانە هەر لەوان دا کۆبوونەتەوەو ئەوان وەستاو پێشەوا بوون تێیاندا، وەك ئەم حەدیسەش دەست نیشانی بۆ ئەکات کە(ئیبن و جەریر) و(ئیبن و ئەبی حاتەم) ئەیهێنن لە (ئەبو عوبەیدەی جەراح)ەوە –خوا لێی ڕازی بێ– کە ئەفەرموێ: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر(ﷺ): ئایا کێ سزای بەتین تر لە ڕۆژی دواییدا؟ ئەویش فەرمووی:

پیاوێك كه پێغەمبەرێكی كوشتبێ یا پیاوێكی كوشتبێ كه فەرمانی دا بێبه چاكەو جڵەوگیری كردبێ له خراپه، لەپاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوه له پاشان فەرمووی: ئەی (ئەبو عوبەیده) ئیسرائیلیەكان چل و سێ پێغەمبەریان كوشت له یەك ساتدا لەسەرەتای رۆژێكدا، ئینجا سەدو دوانزه كەس له ڕیوایەتێكدا، سەدو حەفتا كەس له عابیدەكانیان ڕاپەڕین فەرمانیان دا بەو بكوژه تاوانبارانه بە چاكەو جڵەوگیریان لێ كردن له خراپه، ئینجا ئەوانیشیان هەمووكوشت لەدوادوای ئەو رۆژەدا، ئینجافەرمووی: ئەوانەئەمانەن كەخواباسی كردن. هەرچەند ئەم ڕایه بەهێزه بەڵام ڕێ ناگرێ لەوەی كه گشتی بێت بۆ گاورەكانیش كه چەند هەزارانیان كوشت لەوانەی كه لەسەر بڕوای تاك و تەنیایی خوا مانەوەو حەزرەتی عیسایان به ئادەمی دائەنا كه ئەو كوژراوانه لەوانه بوون كه فەرمانیان ئەدا به دادو ڕاست ڕەوی، بەڵكو ئەشبێ له هەر تاوانبارێكی تریش كه دژو دوژمنی بانگ كەرانی ڕێگەی خوان له پاش ئەوان و هەتاهەتایه له هەموو چەرخ و چینێكدا، بێگومان – وەك وتمان– ئەوانەی كه هەڵسان بەو تاوانه گەورانه له چین و تاقمەكانی پێش چەرخی پێغەمبەر بوون(ﷺ) كەواته ئەبوایه ئایەتەكه به وتەی ڕابردوو باسی ئەو تاوان و كردەوانەی بكردایه، واته (إن الذين كفروا وقتلوا) ئایا چۆن ئەو كردەوەی ئەوانەی پێشوو ئەدا به ناوچاوانی ئەمانەی دوای ئەوان و بەو كردەوەی ئەوانه هەڕەشەه ئەكات لەمان، له وەڵامدا ئەڵێین:

١- مەبەست گێڕانەوەی كردەوەی پێشووەكانەو له ڕێوه هەڕەشه كردن لەوان بۆ ئەوەی ئەمانەی دوایی بترسن و تەمێ وەرگرن و شوێنی ئەوان نەكەون، نەهێنانی به وتەی ڕابردوو لەبەر ئامادە كردن و خستنه بەرچاوی ئەو كردەوەی ئەوانەیه، ئەوەش به پێی باوی ڕەوانبێژی كه زۆر جار شتی وا بەكارئەهێنرێ كه ئەو شته ڕابردووه سەرسووڕهێنەر بێت لەبەر زۆر چاكی و گرنگی یا لەبەر زۆر خراپی و دڵ تەزێنی.

٢- كردەوەی خراپی پێشووان و باوك و باپیری دوور ئەدرێ به ناوچاوی تاقم و نەوه دواییەكاندا هەركاتێ كه ئەمان ئەو كردەوانه پەسەند بكەن و شانازی بكەن بەو پێشووانەوه، ئەوه شتێكی باوەو به ڕێك و پێك سەیر ئەكرێ، دەی شتێكی ناشكرایه كه ئەم تاقم و چینەی كاتی هاتنه خوارەوەی ئەم ئایەته هیچ جۆره بێزاریەكیان

دەرنەبڕیوە لەو کردەوە پیسەی کە ڕابردووەکانیان کردیان، کەواتە مافی خۆیانە بدرێ بە ناوچاوی ئەمانەی دواییدا.

٣- ئەوانەی دوایی لەسەر ڕاو بڕیاری گشتیان نیازی کوشتنی پێغەمبەری ئازیزیان کرد کە کوشتنی ئەم وەك کوشتنی هەموو پێغەمبەران و دادپەروەریان وایە، چونکە جێگیرو جێنشین و گەورەی هەمووانە، چەند جار ئەو نیازە پیسەیان کرد، بەڵام خوا بۆی نەکردن، کەواتە ئەمانیش پەیڕەوی ئەمانیان کردو هەروەك ئەوان وان، پێویستە هەمیشە لەسەر یادو هۆش بین کە مەبەست بە بێبڕوایان بە ئایەتەکانی خوا هەر ئەوانە نین کە بە ناشکرا جاڕی بێبڕوایی ئەدەن، بەڵکو هەرکەس هەر بیرو باوەڕی تری هەبێ بێجگە لەوەی کە پێغەمبەرمان(ﷺ) هێنای و ڕازی بێت بە هەر یاساو ڕژێمێ تر، ئەو کەسە بێگومان لە ڕیزی بێبڕوایانە بە ئایەتەکانی خوا، با بە دەم هەزار شایەتومان بێنێ و فەرزەکانیش بەجێ بێنێ و بەدەم هیچی نەهێشتبێتەوە لە ئیسلامدا! لە ئایەتەکانی قورئاندا ئەم مەبەستە بە ڕوونی هەیە.

ئینجا شێوە پرسیارێك ئاراستە ئەکات بۆ سەرسووڕهێنان لە کردەوەی بێئابڕووانەی هێندێ لە نامەدارەکان کە ڕازی نەبوون بەوەی نامەی خوا بکەن بە حەکەم و دەمڕاس و بەقسەی بکەن، ئیتر مەبەست بەو نامەیە تەورات بێت وەك لە چەند ڕیوایەتێکدا هەیە، یا مەبەست پێی قورئان بێت وەك لە(ئیبن و عەباس و حسن و قتادە)وە هاتووە، ئەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا سەرنجێکت نەداوەو ئاوڕێکت نەداوەتەوە ﴿إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ﴾ بۆ لای ئەوانەی کە بەشێك لە نامەی خوایان پێدراوە، وەك تەورات بێت کە بە دوایدا ئینجیل هات بۆ ئیسرائیلیەکان کە ئەو دووانە بەشێکن لە نامەی خوا. ﴿يُدْعَوْنَ إِلَىٰ كِتَابِ اللَّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ﴾ لە کاتێکدا بانگ ئەکرێن بۆلای ئەو نامەی خوا واتە تەورات وەك لەو ڕیوایەتانەدا هاتووە، یا قورئان وەك باس کرا کە جێنشین و جێگری هەموو نامەکانی خوایە، بانگ ئەکرێن بۆ لای ئەو نامەیە بۆ ئەمەی بڕیار بدا لە ناویاندا لەوەی کە تیایدا دووبەرەکێن و ئاژاوەیان هەیە، ئیتر لە ناو خۆیان یان لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بانگ ئەکرێن بۆلای نامەی خوا کە بارە ڕاستەکە دەرئەخات و هۆی ئاژاوەو دووبەرەکی ناهێڵێ

ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ وَهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٢٣﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا لَن تَمَسَّنَا النَّارُ إِلَّا أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ ۖ وَغَرَّهُمْ فِي دِينِهِم مَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾ فَكَيْفَ إِذَا جَمَعْنَاهُمْ لِيَوْمٍ لَّا رَيْبَ فِيهِ ۖ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ

﴿ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ﴾ کەچی لە پاش ئەوە کە ئەزانن پێویستە لەسەریان گەڕانەوە بۆلای نامەی خواو ئەبێ هەر بە قسەی ئەو بکرێ، لەپاش ئەوە تاقمێك لەوان پشت ئەکەنە ئەو بانگ کردن‌و گەڕانەوە بۆلای ئەو نامەی خوا ﴿وَهُم مُّعْرِضُونَ﴾ ئەوانە هەمیشە ڕوو وەرگێڕن لە ڕاستی‌و سوورن لەسەر ناهەقی‌و ناڕاستی.

ئا بەو شێوەیە خوا سەرمان سووڕ ئەهێنێ لەو تاقمە نامەدارە کە چۆن تاوانی ئاوا گەورە ئەکەن، نامەی خوا ناکەن بە حەکەم‌و دووبەرەکی‌و ئاژاوەی پێنابڕنەوە! ئەی ئەبێ چۆن بن ئەوانەی کە خۆیان بە موسڵمان دائەنێن‌و کەچی شەریعەتی خوایان خستووەتە کەنارو پشت گوێ‌و دووریان خستۆتەوە لە ژیانی خۆیان لە هەموو بارێکەوە؟! ئەبێ حاڵی ئەمان چۆن بێ لە کاتێکدا کە ئەمان نامەیەکیان پێدراوە کە جێگری هەموو نامەو شەریعەتەکانی خوایەو لادان لەم، لادانە لە هەموو نامەو شەریعەتەکانی خوا؟!! بە ڕاستی تاوانە کە ئێجگار سەخت‌و سامناکە، خوا بە میهرەبانی خۆی بیدارمان بکاتەوە لەو خەوی نەفامی‌و بێئاگاییە، ئینجا هۆی ئەو هەڵوێستە ناڕەوای ئەو تاقمە دەرئەخات کە بێباکیانە لە حیساب‌و تۆڵەی ڕۆژی دوایی‌و هەڵخەڵەتانیانە بە بیرو باوەڕی دەست هەڵبەست، کە ئەوان لە نەوەی(یعقوب)ن‌و خوا ڕێزی گرتوون‌و جوێیان ئەکاتەوە لە ڕۆژی دوایی لە مەردمانی ترا

ئەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ﴾ ئەو ڕوو وەرگێڕان‌و پشت تێکردنە ﴿بِأَنَّهُمْ قَالُوا﴾ بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەیان ووت: ﴿لَن تَمَسَّنَا النَّارُ إِلَّا أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ﴾ هەرگیز ئاگری دۆزەخ لە لەشمان ناکەوێ مەگەر چەند ڕۆژێکی هەڵژمێراو کە ئەندازی ئەو چەند ڕۆژەیە کە گوێرەکە پەرستیان تیاکرد،

﴿وَغَرَّهُمْ فِي دِينِهِمْ مَا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾ هەڵی خەڵەتاندن ئەوەی کە بە دەلەسە هەڵیان بەست لە ئایینەکەیاندا، کە ئەمە بوو لێرەدا گێڕایەوە لێیانەوە، وەك(مجاهد) ئەفەرموێ، یا ئەوەیە کە ئەڵێن: ئێمە کوڕو خۆشەویستەکانی خواین، وەك(قەتادە)ئەفەرموێ. یا ئەمانەو چەند دەلەسەی تریان، وەك ئەوەی کە ئەڵێن ئێمە باوك و باپیرمان پێغەمبەر بوون تکامان بۆ ئەکەن، یا ئەڵێن: خوا بەڵێنی داوە بە(یعقوب) کە پۆڵەو نەوەکانی سزا نەدا مەگەر بۆئاهی سوێندەکەی! زۆر بەداخەوە ئەو جۆرە هەڵخەڵەتانە سەربازی کرد بۆ ناو موسڵمانەکانیش، بەم ڕەنگە زۆر کەس بووەو هەیە بە نەسەبو نەژادەوە پشت ئەبەستێو سەرئەکاتە تاوانو گوناە، پشت ئەبەستێ بە زۆر وتەی کە بەناوی حەدیسەوە بڵاوبووەتەوە، با بزانرێ کە هەرکەس بڕواو کردەوەی خۆی فریای نەکەوێ، بەبێ بڕوا هیچ کەس ناتوانێ تکای بۆ بکات، ئەمە شتێکی ئاشکرایە لە ئیسلامدا، هەروەها زۆر نەفام هەیە سەر ئەکاتە گوناەو یاخیە لە نامەو ئایینی خواو ئەڵێ خوا چیەتی بەسەر ئێمەوەو چ پێویستی هەیە بە سزادانی ئێمە، هەرگیز خوا سزانی ئێمە نادا مەگەر بۆ پاك کردنەوەمان لە چڵکو چەپەڵی گوناە، ئیتر ئەمانخاتە بەهەشت! ئایا ئێمە موسڵمان نین؟ ئەم جۆرە گومانو قسە لەقو لۆقە دوورە لە ئیسلامەوە، هەرکەس بەس بیربکاتەوە لەم هەڕەشەی ئێرە تێئەگات لە ناڕاستیو ناڕەوایی ئەو جۆرە گومانو قسە لەقو لۆقانە، هەرکەس بڕوای ڕێکو پێکی ببێ بە گەیشتنی بە حوزوری خواو حیسابو پرسیاری ڕۆژی دوایی دڵی ڕائەچڵەکێ لەمەی کە ئەفەرموێ: ﴿فَكَيْفَ إِذَا جَمَعْنَاهُمْ لِيَوْمٍ لَّا رَيْبَ فِيهِ﴾ دەی ئەوانە چی ئەکەن لەوکاتەدا کە کۆیان ئەکەینەوە لە ڕۆژێکدا کەهیچ گومانێك نیە تیای دا کە ئەبێ بێت بە هەموو ڕووداوەکانیەوە ﴿وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ﴾ هەموو کەسێك هەر کردەوەیەکی کردبێ لەجیهاندا چاك یان خراپ لەو ڕۆژەدا پێی ئەدرێ، واتە بە تەواوی ئەگات بە بەرهەمو پاداشتی هەموو کردەوەکانی،

وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٥﴾ قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاءُ وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَاءُ

﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ ئەوانە هیچ ستەمێکیان لێ ناکرێ بە کەم کردنەوەی پاداشت و زیاد کردنی تۆڵە و سزا، پرسیارێك ئاڕاستە کرا بەبێ وەڵام، بەڕاستی دڵی بڕوادار لەو پرسیارە ئەکەوێتە لەرزە و ناتوانێ وەڵام بداتەوە و نازانێ چی بڵێ - خوا پەنامان بدات -.

ئینجا فەرمان ئەدات بە پێغەمبەر(ﷺ) و لەپاش ئەو بە هەموو بڕواداران کە ڕوو بکاتە خوای خۆی و پەنای پێببا و بانگی لێ بکات بە ئەوپەڕی مل کەچیەوە، بەوەی کە خاوەنی هەموو شتێکە و هەموو شتێ بەدەستی ئەوە و هەموو کاروباری ئەم بوونەوەرە بەو ئەڕوا بە ڕێوە و تەدبیر ئەکرێ ئەفەرموێ: ﴿قُلِ﴾ ئەی پێغەمبەر بڵێ: ﴿اللَّهُمَّ﴾ ئەی خوایە، ﴿مَالِكَ الْمُلْكِ﴾ ئەی خاوەنی پاشایەتی و دەسەڵاتی تەواو بەسەر هەموو شتێکدا بە هەر جۆرو شێوەیەك کە خۆت بتەوێ، بەبێ هیچ هاوبەش و یاریدە دەرێك. بانگ کردنەکە ئەوپەڕی مل کەچی و سام و بیم و شەرم شکۆی لێ وەرئەگیرێ چ لە وتەکانی و چ لە ماناو مەبەستەکانی.

هەر لە یەکەمجارەوە بە کورتی دەست نیشان ئەکات کە هەموو دەسەڵات و هەموو شتێ هینی خوایە، هەموو ڕووداو بەسەرهات و گۆڕان و دەست کاریەك لەم بوونەوەرەدا بەدەست خوایەو ئەو خاوەنی هەموویەتی و هەر ئەو تەدبیری ئەکات و فەراهەمی ئەهێنێ، چونکە هەر ئەو ﴿مَالِكَ الْمُلْكِ﴾، ئینجا ئەو کورتەیە ڕوون ئەکاتەوە بە دڕێژیی بە چەند وێنەو نموونەیەك: ﴿تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاءُ وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاءُ﴾ تۆ دەسەڵات و دارایی و هەر شتێك ئەبەخشیت بە هەرکەسێك کە خۆت پتەوێ، وە دەسەڵات و دارایی و هەر شتێك دائەڕنێ و ئەیسێنێتەوە لە هەرکەسێك کە خۆت مەیلت ببێ، واتە تۆ مەدروم ئەکەیت بە خاوەن و تۆ لە خاوەن داری ئەخەیت، کەواتە هیچ کەس خاوەنی ڕاستەقینە نیە بۆ هیچ شتێك، بەڵکو هەرکەس هەرچی ببێ خوا پێی دراوە، جا هەرکاتێ بڕوا بەو شێوەیە سەرنجی ئەو شتانەی دا کە هەیەتی و وا لە ژێر دەستی دا، ئیتر هێزو دەسەڵات بێت، یا دارایی و سامان بێت، یا زانین و هەرشتێ تر، هەرکاتێ بەو بۆچوون و تێگەیشتنەوە سەرنجی دا ئەو کاتە ئەوشتانە بەکار ئەهێنێ لەڕێی ڕەزامەندیی خاوەنە بەخشندەو میهرەبانەکەیدا کە خوای پەروەردگارە، وە خۆی ئەپارێزێ لە دەست خستن و بەکارهێنانیان بەدژو پێچەوانەی ڕەزامەندی خواو ئەو مەرجانەی کەلەسەری داناون

وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُ بِيَدِكَ ٱلْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٦﴾ تُولِجُ ٱلَّيْلَ فِى ٱلنَّهَارِ وَتُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ وَتُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَتُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ

﴿وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُ﴾ بەرزو بڵند ئەکەیت هەرکەس کە خۆت مەیلت ببێ، ڕیسواو زەبووون و نابووت ئەکەیت هەرکەس خۆت حەز بکەیت، هەرکام لەوانە ئەکەیت بەدادی تەواوو هەر ئەوە ڕاستو بەجێیە، ئیتر ئێمە تێی ئەگەین و هۆکانی ئەزانین یان نا. هەر دڵێک ئەم بڕوایەی تیا جێگیر ببێ ئەوە هەر ڕوو لە خوا ئەکات و پشت بەو ئەبەستێ و هەر لە ئەو ئەترسێ، ﴿بِيَدِكَ ٱلْخَيْرُ﴾ هەر بە دەست و توانینی تۆیە هەموو خێرو چاکەیەک، هیچ خاوەنی نیە تۆ نەبی، هەروەها هەموو شەڕو خراپەیەکیش هەر بە دەست و دەسەڵاتی ئەوە، وەک لە چەند شوێندا بە ڕوونی باسی ئەکات، لێرەشدا لە پێشیەوە دەست نیشانی بۆ کرد کە فەرمووی: ﴿وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُ﴾ بۆ هۆی باس نەکردنەکەی لێرەدا چەند شتێک وتراوە:

١- باس نەکردنی تەمێی بەندەکانی تێدایەو فێری شەرمو ئەدەبیات ئەکات کە هەر شتێ ناشایستەو ناڕەوا بێت بە لامانەوە ئاڕاستەی نەکەین بۆ خواو بەتایبەتی لە خواوە نیشانی نەدەین، لەکاتی باس و ناوبردنی ئەودا ناوو باسی ئەو جۆرە شتانە نەبەین و نەکەین، وە ئەو شەرمو ئەدەبە لە هەموو شتێکدا پێویستە، بۆ نموونە: ڕاستو ڕەوایە بڵێین: خوا دروست کەرو داهێنەری هەموو شتێکی پاکە، یا بڵێین: خوا دروست کەرو داهێنەری هەموو شتێکە، بەڵام ناڕەوایە بڵێین: خوا دروست کەری فلانە شتی پیسە یا هەموو شتێکی پیس.[1]

---

[1] بۆ نموونە هاوەڵەکەی موسا(علیه السلام) لە سورەتی ﴿الکهف﴾دا سێ شت باس ئەکات، یەکێکیان مەسەلەی کەشتیەکە کە عەیب داری کرد، چونکە بەڕواڵەت کارێکی بەدبوو گوتی:(فأردت أن أعیبها). ویستم عەیب داری بکەم. لەبارەی کوشتنی منداڵەکەوە فەرمووی:(فأردنا أن یبدلهما). ویستمان کە پەروەردگار لە باتی ئەو منداڵەدا منداڵێکی چاکیان بداتێ، کوشتنی ئەو منداڵە دوویاری هەبوو: باری بەدی کە منداڵێکی کافر دەرئەچوو لەوانە بوویبێ بەهۆی کوفری باوکو دایکەکەی، باری چاکیشی هەبوو کە ئەوان ڕزگار ببێو منداڵی چاکتریان ببێ، لەبەرئەوە گوتی(فأردنا) کە بەشێکی ئەگەڕێتەوە بۆ خوا. لەبارەی ڕووداوی سێیەمەوە کە ئەو دیوارەی ڕاست کردەوە کە غەزنەکەی باوکیان دەرنەکەوێ و ئەو دوو منداڵە هەتیوە گەورە ببێو دەستی خۆیان بکەوێ، دیارە ئەوە خێرو چاکەی ڕووتە لەبەرئەوە گوتی(فأراد ربك) هەر ئاڕاستەی کرد بۆ خوا.

٢- هەرچی خوا بیکات هەرچەند لە باڕێکەوە شەرو خراپەی لێ پەیدا ببێ، لە چەند باڕێکی تردە خێرەو هەر ئەوە ڕاست ڕەوایە کە خوا ئەیکاتو کردوویەتی، کەواتە پێویست نیە بە تایبەتی ناوی شەڕو خراپە ببرێ، چونکە ئەو خراپانەش هەر خێرن لەلایەن خواوە، خوا لەبەر بارە خێرەکەی ئەیکات.

٣- هەموو شەڕو خراپەیەک سووچو خەتای بەندەی تیایەو بەندە لائەدا لەو دەستوورو باوەی کە خوا داینارە بۆ خێرو چاکەو پێنمووننی بۆ کردووە، وەک لەئایەتێکدا دەست نیشانی بۆ ئەکات کە ئەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ﴾ هەر خراپەیەکت دووچار بوو ئەوە لە خۆتەوەیە، کەواتە زۆر بەجێیە کەهەر ناوی خێر ئەبا، هەرچەند هەردوو هەر بەدەست خوایە، وەک نیشانی ئەدا بەم فەرموودەیە کە ئەیهێنێ بە دوای دا: ﴿إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ بەڕاستی تۆ ـ ئەی خوایە ـ بەسەر هەموو شتێکدا توانا و دەسەلآت داریت. ﴿تُولِجُ ٱلَّيْلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَتُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيْلِ﴾ تۆ شەو ئەبەیت بەناو ڕۆژداو ڕۆژ ئەبەیت بەناو شەودا، ئیتر ئایا مەبەست بەم بردن بەناو یەکدا کورت کردنو درێژ کردنیانە لە چوار وەرزەکاندا کە بەرەبەرە لەشەو ئەخاتە سەر ڕۆژو لە ڕۆژ ئەخاتە سەر شەو، وەک(ئیبن و عەباس و مجاهد و حسن) ئەفەرموون. یان مەبەست هێنانی تاریکی شەو بێت بە شوێنی ڕووناکی ڕۆژو ڕووناکی ڕۆژ بەدوای تاریکی شەودا. گێرکردنی هەرکام بۆ جێو شوێنی ئەوی تر ـ وەک هێندێ لە زانایان ئەفەرموون ـ. بە هەرکام مەبەست بێت کردەوە کە ئێجگار سەیرو سەرسوڕهێنەرە! بەڕاستی هەر دڵێ وریا بێت هەست ئەکات بەو دەستە قودرەتەی کە هەمیشە خەریکە تاریکی شەوو ڕووناکی ئەپێچێتەوە بە وێنەی لەفی مێزەر بە دەوری ئەم زەویە خڕەدا، لەم پێچانەوەیش دا هەر دەمە یەکێکیان زاڵ ئەکات بەسەر ئەوی تردا بەرە بەرە لێی ئەپچڕێو ئەیخوات تا ئەگاتە ڕادەی خۆیو تێر ئەخوات، ئینجا لێ خوراوەکەیان زاڵ ئەکاتو بەرەبەرە هەرچی لێی پچڕیوە ئەسێنێتەوە، هەر لەسەرەتای زستانەوە ڕۆژ دەست ئەکات بە زیاد کردن تا ئەگاتە دوایی بەهارو ئەوپەڕی درێژی، ئینجا لەو کاتەدا دەست ئەکاتەوە بە کورت بوونەوە هەتا ئەگاتەوە بەکورت بوونەوە هەتا ئەگاتە سەرەتای زستان، هەروەها بەبێ وەستانو شێوانو گۆڕان! دەی هەر دڵێ بە تەواوی کوێر نەبێو سمەسای لێ نەبڕابێ چۆن هەست ناکات بەو دەستە قودرەتەی کە ئەو کردەوە سەرسوڕهێنەرە پێک ئەهێنێ(یا سبحان الله یا سبحان مالك الملك!) ئینجا لەسەر ڕای یەکەم ڕەخنە ناگیرێ

بەو شوێنانەی کە هەمیشەو شەوو ڕۆژیان یەکسانەو زیادو کەم ناکەن، چونکە زۆربەی شوێنو وڵاتان زیادو کەم ئەکەن، کەواتە گوێ نادرێ بەو شوێنە کەمانە، بێجگە لەوەش ئایەتەکە هیچ گشتیەتی ئەو کردەوە ناگەیەنێ، بەڵکو بوونی لە تەنها وڵاتێکدا بەسە بۆ بەڕاستی ئایەتەکەو بۆ ئەو مەبەستەی کە بۆی هاتووە ﴿وَتُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ﴾ زیندوو دەرئەهێنێ لە مردوو ﴿وَتُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ﴾ مردوویش لە زیندوو دەرئەهێنێ، ئیتر ئایا مەبەست بەو زیندووو مردووە، ئەو گیانلەبەرانە بێت کەلە کەرەسە بێ گیانەکان خوا فەراهەمیان ئەهێنێ، یان بەتایبەتی مەبەست ئەو گیاندارانە بێت کەلەو ئاوە تایبەتیە دروستیان ئەکات، یان بە شێوەیەکی گشتی ئەوانیش و هەموو ئەوانەی کەلە هێلکەو ناوکەو تۆمە دەریان ئەهێنێ، ئەو ئاوو هێلکەو تۆمەو ناوکانە هەرچەند بەگوێرەی زانیاری تەندروستی مردو نێو بە زیندوو دائەنرێن، بەڵام ئەوانە هەموو بە مردووو بێ گیان دائەنرێن بە پێی باوی گشتی خەڵکی و لەناو مەردومدا، کە قورئان لەسەر ئەو باوە هاتووەو لەگەڵ مەردوم ئەدوێ، بێجگە لەوەش ئەو شتە زیندووانەی کە لەو ئاوو هێلکەو تۆمانەدا هەن لە ڕووی بەڕاستیدا بە زیندوو ناژمێرێن ئەگەر بەراورد بکرێن لەگەڵ ئەو گیانلەبەرو شتە زیندووانەی کە لێیان پەیدا ئەبن، چونکە جۆری زیندوویەکەیان جیاوازە، یان مەبەست بە زیندووو مردوو ئەوەیە ئەو هەموو سێڵو وردیلانەبێت کە بە هەمیشەیی هەزاران هەزار بە مردوویی لە لەشو جەستەی زیندووەکان دەرئەچنو هەزاران هەزار سێڵو وردیلەی مردو دێنە جێگاکەیان بە زیندوویی، هەروەها هەرچینێ کە ئەمرێو ئەڕوا لە جارێکی تردا ئەگەڕێتەوە بۆ ژیان، هەرچینێ کە بە زیندوویی دێت لە جارێکی تردا ئەگەڕێتەوە بۆ مردن، هەتاکاتی مردنی هەموو لەشو جەستەکە دێت ئەو کاتە هەموو بەجارێ ئەمرێ.

هەرکام لەم بارو شێوەیانە مەبەست بێت یان هەموو مەبەست بن ئەو دوو جۆرە کردەوە نایابە سەرسوڕهێنەر هەن، هیچ کەس ناتوانێ لافی ئەوە لێ بدا کە دەخلی ببێ تیایاندا، هەرکەس ڕێزی ژیریی خۆی بەلاوە بێت هەرگیز نالێ بە ڕێکەوتو لە خۆیانەوە فەراهەم دێن، کەواتە هیچ بارێکی تر نیە بێجگە لەوەی کە بڵێن: ئەی خوا ﴿مَٰلِكَ ٱلْمُلْكِ﴾ تۆ ئەوە ئەکەیت.

وَتَرْزُقُ مَن تَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٢٧﴾ لَّا يَتَّخِذِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ ٱللَّهِ فِى شَىْءٍ

ئەم فەرموودەیە دەست نیشانی تیایە بۆ چەند بارو گۆڕانێکی تر کە خوا فەراهەمی هێناوە لەم دروستکراوانەیدا: لە بێبڕوا بڕوادارو لە بڕوادار بێبڕوا دروست ئەکات، لە زانا نەزانو لە نەزان زانا، لە زیرەکو ژیر کەودەنو نەفامو لە نەفامو کەودەن ژیرو فامیدە، لە پاک پیسو لە پیس پاک، وەک بەو جۆرانەش تەفسیرکراونەتەوە. ئینجا بێگومان ئایەتەکە هەرئەوە نیشان ئەدات کە خوا ئەو کردەوەیە ئەکاتو خوا زیندوو لە مردو دەرئەهێنێو مردوو لە زیندوو، ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو مردوویەک لە زیندوو پەیدابووەو هەموو زیندوویەک لە مردوو بەبێ سەرەتاو بڕانەوە، کەواتە ڕێی هیچ دەمبازێک نیە ڕەخنە بگرێت بەوە، ﴿وَتَرْزُقُ مَن تَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ ڕۆزی هەر کەس ئەدەیت کە بتەوێ بەبێ هیچ ئەرکو ماندووبوون، یا بەلێشاوو بەبێ ژمارە، یان بە ئارەزوو خواهیشی خۆتو بەبێ ئەوەی هیچ کەس هیچ هەقێکی بەلاتەوە بێت.

خوایەک کە بەو جۆرە هەموو شت هەر بەدەست ئەو بێت ئیتر بۆ ئەبێ کەس بەندەو گوێڕایەڵی ئەو نەبێ، چۆن بێجگە لەو هیچ کەسو هیچ شتێکی تر ئەپەرستێ، چۆن هێندێ لە بەندەکان لافی خوایەتی لێ ئەدەن بەسەر هێندێکی تردا، چۆن هێندێ لە بەندەکانی ئەوەندە پەستو نەفامن هێندێ لە بەندەیانی وەک خۆیان ئەکەن بە خوا یان شوێنی فەرمانو بەرنامەیان ئەکەون!!

لەم دوو ئایەتی پێشوودا هەستو دڵو دەروونی هێنایە سۆزو پەرۆش بەمەی کە هەموو کاروبارێ بە دەست خوایە، هەموو هێزو دەسەڵاتی بۆ خوایە، تەدبیرو بەڕێوەبردنی هەموو شتێ بە خوایە، ژیانو ڕۆزی هەر بە دەست خوایە، کەواتە هەرکەس نەفامو نەزانو سپڵە نەبێت ئەبێ هەر بە دوای ڕەزامەندیی خوادا بگەڕێ، ئەبێ هەرکەس دۆستی خوا بێت

بەدۆستی بزانێ و هەرکەس دوژمنی خوا بێت بە دوژمنی بزانێت، جا لەو بارەیەوە ئەم چەند ئایەتی داهاتووە هاتن بەو هەموو توندو تیژییە، بەو هەموو تەمێ و ئامۆژگاریە بەمێزانە، بۆ پچڕینی پەیوەستی بڕواداران لەگەڵ بێبڕواکاندا، ئەفەرموێ: ﴿لَا يَتَّخِذِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ با بڕواداران بێبڕواکان نەگێڕن و نەیانکەن بە دۆست و خۆشەویستیان بۆ خۆیان، لە کاتێکدا کە واز بێنن لە بڕواداران و بەسەر ئەواندا تێپەڕ بکەن بۆ لای بێبڕواکان، مەبەست ئەوە نیە کە خۆشویستن و دۆستایەتیان لەگەڵ بڕواراندا قەیناکات، بەڵکو خۆشویستن و دۆستایەتیان بە هەر جۆرو لەسەر هەر بار قەدەغەیە و نابێ، لەدەقی چەند ئایەتی تردا هاتووە یەکێ لەوانە: ﴿لَا تَتَّخِذُوا۟ عَدُوِّى وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَآءَ﴾ دژمنی من و دوژمنی خۆتان مەکەن بەدۆست و خۆشەویستتان، کەواتە هێنانی ئەم وتەیە: ﴿مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ لەبەرئەوەیە کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە بەبۆنەی چەند کەسێکەوە کە هەر هاوڕێتی و دۆستایەتی بێبڕواکانیان ئەکرد، ئینجا ئەم ئایەتە کردەوەی ئەوانەی خستە بەرچاوو جڵەوگیری بڕوادارانی لێ کردو لە هەمان کاتدا سەرزەنشتی ئەو چەند کەسەیشی پێئەکات و دەست نیشان ئەکات بەوەی کە دۆستایەتی و هاوڕێتی بڕواداران ڕاست و شایستەیە، ئینجا ئەم هەڕەشە سامناکە ئەکات لەسەر ئەو کردەوە ناڕاستە، بەم تێهەڵکێشە، ئەفەرموێ: ﴿وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ﴾ هەرکەس ئەوە ئەکات ﴿فَلَيْسَ مِنَ ٱللَّهِ فِى شَىْءٍ﴾ ئەوکەسە هیچ شتێ لە دۆستایەتی و خۆشەویستی خوای نیەو پەیوەستی بە خواوە ئەپچڕێ، چونکە دۆستایەتی و دوژمنایەتی دوو شتی دژ هەرگیز لە دڵێکدا کۆنابێتەوە، کەواتە هەرکەس خوای خۆش بوێ نابێ دوژمنانی خوای خۆش بوێ، هەرکەس دوژمنانی خوا خۆش بوێ ئەوا بە شایەتی خوا خوای ناوێ و پەیوەستی بە خواوە نیە لەم بارەوە شاعیر چاك ئەڵێ:

تود عدوي ثم تزعم أنني صديقك ليس عنك بقارب

دوژمنی منت خۆش ئەوێ ئینجا لات وایە کە من دۆستی تۆم، ئەگەر وابزانێ بەڕاستی نەفامی و لێت جوێ نابێتەوە، بێگومان هەرکەسێك هیچ جۆرە دۆستایەتی و خۆشەویستی

خوای نەبێ و پەیوەستی بپچڕێ بە خواوە بەو کاتە لە ڕیزی بڕواداران دەرئەچێ، وەك لە ئایەتی ﴿المائدة﴾دا ئەفەرموێ: ﴿وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ﴾هەرکەس لە ئێوەی بڕوادار ئەوان بکات بە دۆست و خۆشەویستی خۆی بەڕاستی ئەو کەسە لەوانەو لەڕیزی بڕواداران نیە.

ئەم خۆشویستن و دۆستایەتیە کە قەدەغەیە جیاوازە لە کردەوەی چاك و داد بەکارهێنان لەگەڵ هێندێ لە بێبڕواکاندا کە جەنگیری لێ ناکات لە ئایەتی سورەتی ﴿الممتحنة﴾دا ﴿لَّا يَنْهَىٰكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ﴾ خوا جەنگیریپێتان لێ ناکات سەبارەت بەو بێبڕوایانەی کە جەنگیان لەگەڵ نەکدوون و لە وڵاتی خۆتان ئاوارەیان نەکردوون، جەنگیریپێتان لێ ناکات لەوەی چاکە بکەن و داد بەکاربێنن لەگەڵیان، هەروەها بەڵێن و پەیمان بەستن لەگەڵ بێبڕوایان کە سوودو بەرژەوەندی ئیسلامی تیابێت ڕەوایە و نابێ هیچ مەرج و پەیمانێ بشکێنرێ تا ئەوان نەی شکێنن، واتە ئێمە کردەوەی چاك و داد بەکار هێنین لەگەڵیان، پەیمان نەبەستین ئەگەر سوودی ئیسلامی تیابێت، بازرگانی و کڕین و فرۆشتنیان لەگەڵ نەکەین، لەوانەوە فێری پیشەسازی نەبین، بەڵام نابێ لەدڵدا خۆشمان بوێن، چونکە خۆشویستنی ئەوان ناگونجێ لەگەڵ خۆشویستنی خواو پێغەمبەرماندا(ﷺ)، بەڵێ خۆشویستن و سۆزو بەزەییەك کە بەسروشت هەیە لەبەر خزمایەتی یا دۆستایەتیەکی کۆن یا لەبەر چاکەو پیاوەتیەك، ئەوە قەیناکات، بەڵام لەئەندازەو ڕادەیەکدا نەبێ کچارنەکرێ و لەژێر دەسەڵاتدا نەبێ، ئینجا ماوەتەوە داوای یارمەتی و کۆمەکی لێیان، لەمەدا ڕای بەمێزی زانایان لەسەر ئەمەیە کە دروستە بە مەرجێك زەبوونی و سەرشۆڕی و ژێر دەستەیی لێ پەیدا نەبێ بۆ موسڵمانان، بێگومان ئەم ئایینی ئیسلامە بە هیچ ڕەنگ مەردوم تەنگە تاو ناکات لە هیچ داواو ئەرکێکدا کە خستوویەتیە سەرشان و پێویستی کردووە، جا لەبەرئەوە لێرەدا لەم جەنگیریەی کە کردی جۆرو شێوەیەك ڕەوا ئەدا کە پێویستمان هەیە پێی،

إِلَّآ أَن تَتَّقُوا۟ مِنْهُمْ تُقَىٰةً ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿٢٨﴾ قُلْ إِن تُخْفُوا۟ مَا فِى
صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ ۗ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ
﴿٢٩﴾ يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوٓءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُۥٓ
أَمَدًۢا بَعِيدًا ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٣٠﴾

ئەفەرموێ: ﴿إِلَّآ أَن تَتَّقُوا۟ مِنْهُمْ تُقَىٰةً﴾ واتە بڕوادارەکان بەهیچ ڕەنگو بەهیچ هۆیەک بێبڕوایان نەکەن بەدۆست و خۆشەویستی خۆتان مەگەر لە کاتێکداو لەبەرئەوەی خۆتان بپارێزن لە زیانێک لەلایەن ئەوانەوە کە دووچارتان ببێ لە دوژمنایەتیەکەیانەوە، ئەو کاتە ڕەوایە دوستایەتی لەگەڵیان، بەڵام ئەو دۆستایەتیەش ئەبێ هەر دەمی ڕووت بێت، نەک بەدڵ و کردەوە، وەک(ئیبن و عەباس) -خوا لێیان ڕازی بێ- ئەفەرموێ:(لیس التقیة بالعمل إنما بالسان) ئەو دۆستایەتی خۆپارێزیە نابێ بەکردەوە بێت، خۆپارێزی و دۆستایەتی ئەبێ هەر بەزیان بێت، دیارە کە کردەوەی لەگەڵ نەبێ ئەبێ دڵی هەر لەگەڵ نەبێ، بەم ڕەنگە دڵ دامەزراو بێت لەسەر خەشم و نەویستن، کەواتە شتەکە لەم کاتەدا ئەگەڕێتەوە بۆ دڵ و دەروون و لە خواترسی، لەبەرئەوە ئەفەرموێ: ﴿وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ﴾ خوا ئەتان ترسێنێ لەخۆی، واتە لە تۆڵەو سزای خۆی، ﴿وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ﴾ هەر بۆلای خوایە گەڕانەوەتان لە ڕۆژی دوایی دا، کەواتە وریای خۆتان بن و خۆتان بپارێزن لە هەر شتێ کە مایەی خەشم و سزای خوایە کە یەکێ لەو شتانە ئەمەیە کە بەدڵ بێبڕوایانتان خۆش بوێ، ئینجا هەمیتر لەسەر ئەو ترساندنە ئەڕواو دەست کاری دڵ ئەکات بە بینایی و ئاگاداری خوا بەسەر هەموو شتێکدا، ئەفەرموێ: ﴿قُلْ﴾ ئەی پێغەمبەر بڵێ بە بەندەکان: ﴿إِن تُخْفُوا۟ مَا فِى صُدُورِكُمْ﴾ ئەگەر ئەوەی لەدڵتان دایە بیشارنەوە ﴿أَوْ تُبْدُوهُ﴾ یان دەری بڕن ﴿يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ﴾ خوا ئەیزانێ ﴿وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ئەزانێ بە هەرچی وا لە ئاسمانەکان و هەرچی وا لەزەوی دا ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ خوا بەسەر هەموو شتێکدا توانایە، ئینجا ترساندن و دەست کاریەکی تری دڵ ئەکات بە ئامادەکردن و هێنانە بەرچاوی ڕۆژە سامناکەکەی دوایی کە هەموو کردەوەو نیازێکی تیا ئامادە ئەکرێ، ئەفەرموێ: ﴿يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا﴾ لە ڕۆژێکدا کە هەرکەسێکی(مکلف) هەر کردەوەیەکی چاکی کردبێ لە جیهاندا دەستی

ئەکەوێتــەوە بــە ئامــادەکراوی لای خــۆی دا، ﴿وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوٓءٍ﴾ وە هــەر کردەوەیــەکی خراپیشی کردبێ هــەر دەستی ئەکەوێتــەوە لــەو ڕۆژەدا ﴿تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُۥٓ أَمَدًۢا بَعِيدًا﴾ ئــەو کەسە پێی خۆشەو ئاواتە خوازە کە کاشکێ لە نێوان خۆی‌و ئــەو ڕۆژەدا یان ئــەو کردەوە خراپــەدا ئەندازێکی دوورو درێــژ ببوایــە تــا هــەر نــەی بینیایــەو پێــی نەگەیشتایە، ئاواتــە خوازەو بەڵام هیچ جۆرە ئاواتێ بەدی نایە، چەنا ئەگرین بە بەزەیی خوا لــە بەدبەختی‌و بیم‌و ترسی ئــەو ڕۆژە سامناکە، چەنا ئەگرین بە بــەزەیی‌و لــێ بوردنی خــوا لــە شــەرمەزاری بینینی ئــەو کردەوە خراپانــە کە هــەر دیتنەکــەیان سزاو ئازارێکی تایبەتیە، ئیتر ئــەو دیتنــە نامــەو دەفتــەری کردەوەکــان بێــت، یــان بــە دیتانیــان بــێ لــەو شــێوە ناشــیرین‌و ســامناکەدا وەک لــە ڕیوایەتدا هاتووە کە چاکەکان ئەکرێ بە لــەش‌و قەبارەیــەکی شیرینی دڵڕفێن، خراپــەکانیش ئــەکرێن بــە قەبارەیــەکی ناشــیرینی دڵ داچڵــەکێن، یــان وەک ئــەمڕۆی ئــەم جیهانــە ڤیــدیۆی کردەوەکانی ئێرەیان بۆ لــێ ئەدرێتەوە، بە هــەر جۆرو لەسەر هــەر بار ڕۆژەکە ئێجگار ســەختە، ئینجــا هێرشــێ تــر ئەکاتــەوە ســــەر دڵ‌و ترســاندنەکەی دووبــارە ئەکاتــەوە، ئەفــەرموێ: ﴿وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ﴾ خــوا ئــەتان ترسێنێ لــەخۆی، ئــەمان ترسێنێ تا لــە جیهاندا خۆمان بپارێزین لە هۆی تۆڵەو سزای، ئەمڕۆ ئەمان ترسێنێ تا هــەڵ‌و کاتمان لەدەست دەرنــەچووە، کەواتــە ئــەم ترساندنی ئێرەو ئێستایە بــەزەیی دارو میهرەبانیــە بــەکاری ئــەهێنێ لەگــەڵمان وەکــو ئەفــەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ﴾ خــوا بــەزەیی دارو میهرەبانــە بــە بەنــدەکانی، هــەموو سوپاس‌و ستایشێ بۆ ئەو.

ئەم هەموو هێرشە بەهێزو جۆر بەجۆرێ کە کردی وا نیشان ئەدا کەلەناو موسڵمانەکاندا چــەند کەســانێ بــووبن کــە بــە تــەواوی لــێ نــەبڕابن‌و خۆیــان ڕووت نــەکردبێ لــە هــەموو پەیوەنــدی‌و پەیوەســتی‌و خزمایــەتی‌و دۆستایەتی‌و بەرژەوەنــدی قــازانج‌و دەســت کــەوت لەلایەن بێبڕواکانی مەککەو مەدینەدا، لە کاتێکدا کە ئیسلام ئەیەوێ کە هــەموو پەیوەندی‌و پەیوەستیەکی موسڵمانان لەسەر بنەڕەتی بڕواو ئایین‌و عەقیدە بێت‌و هــەموو شتێکی تر ژێر پــێ‌بکرێ لــە پێناوی بــڕواو ئاییندا، بێگومان بــەم تــەمێ‌و ئامۆژگاری‌و پــەروەردە قورئانیــە نەبێ هەرگیز دڵ‌و دەروون ڕزگار نابێ‌و ئازاد نابێ لەم هەموو هێزە ڕێگرو ڕاگێشەرانەی ئــەم جیهانە، بەوە نەبێ مەردوم خۆی دانابڕێ لــە هــەموو شتێکی واو ڕناکات بۆلای خــواو خۆی نابەستێتەوە تەنها بە بەرنامەکەی خواوە، کەواتە هەمیشەو لــە هــەموو چــەرخێکدا پێویستی هەیە بەم هەڵو تێکۆشانەو بەبێ ئەوە گەلی موسڵمان پێناگات.

قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾

قُلْ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ ۖ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٣٢﴾

ئینجابە چەند وتەیەکی کورت بڕواو ئایینی ڕاستەقینە ڕوون ئەکاتەوەو جیای ئەکاتەوە لە بێبڕوایی، بەجۆرێ هیچ تەمو تاریکی ناهێڵێ، ئەفەرموێ: ﴿قُلْ﴾ ئەی پێغەمبەر بڵێ بە مەردومان ﴿إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ﴾ ئەگەر ئێوە خواتان خۆش ئەوێ ﴿فَٱتَّبِعُونِى﴾ دەی شوێنی من بکەن‌و پەیڕەویم بکەن تا ﴿يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ﴾ خواش ئێوەی خۆش بوێ ﴿وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ﴾ ببورێ لێتان لە گوناهەکانتان ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ خوا لێ بوردەی میهرەبانە، ﴿قُلْ﴾ بڵێ پێیان ﴿أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ﴾ گوێڕایەڵێ‌و فەرمانبەری خواو پێغەمبەر بن، ﴿فَإِن تَوَلَّوْا۟﴾ ئینجا ئەگەر ڕوویان وەرگێڕاو مل پێچیان کرد لە فەرمانبەری ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ بێگومان خوا بێبڕوایانی ناوێ‌و خەشمی هەیە بۆیان، بێگومان خۆشویستن قسەو لافێکی دەمی نیە، وە تەنیا سۆزێکی دەروونی نیە، مەگەر گوێڕایەڵی‌و فەرمانبەری پێغەمبەری خوای لەگەڵ بێت(ﷺ) وە پەیڕەوی ڕێنموونیەکەی‌و هەوڵدان بۆ پێک هێنانی بەدی هێنانی بەرنامەکەی لە ژیاندا، هەروەها بڕواهێنان وتەو وتنێکی زبانی نیە، هەست‌و زانینێکی دەروونی نیە، تەنیا بەجێهێنانی شیعارو فەرزەکان نیە، بەڵکو لە ڕووی ڕاستیدا گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرە(ﷺ)و ڕەفتار کردنە بەو ئایین‌و بەرنامەی خوا کە پێغەمبەر(ﷺ) هێنای،(ئیبن‌و کەسیر) –خوا لێی ڕازی بێ– لە تەفسیری یەکەم ئایەتدا ئەفەرموێ: ئەم ئایەتە بڕیار ئەدا بەسەر هەرکەسێکدا کە لافی خۆشویستنی خوا لێ بداو لەسەر ڕێو ڕێبازی پێغەمبەر نەبێ(ﷺ)، بڕیار ئەدا بەمەی کە ئەو کەسە درۆ ئەکات مەگەر کاتێ کە شوێن کەوتووی شەرعی خوابێت‌و ئایینەکەی لە هەموو وتارو کرداری دا، وەک لە حەدیسی صەحیحدا هاتووە کە ئەفەرموێ: هەرکەس هەرکردەوەیەک بکات کە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێ ئەو کردەوە وەرناگیرێ، وە لەبارەی ئایەتی دووەمەوە ئەفەرموێ: ﴿فَإِن تَوَلَّوْا۟﴾ ئەگەر پێچەوانەی فەرمانتان کرد ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾، ئەوا بێگومان خوا بێبڕوایانی ناوێ، کەواتە ئەم

فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە پێچەوانەکردن لە ڕێو ڕێبازی پێغەمبەردا(ﷺ) بێبڕواییە، خوایش ئەو کەسەی ناوێ، هەرچەند لەدەروونی خۆی دا خۆی وا دابنێ خوای خۆش ئەوێ. خاوەنی(زاد المعاد) لەو کتێبەدا ئەفەرموێ:((هەرکەس بیربکاتەوە لە کتێبێ سیرەت‌و حەیسدا لەبارەی شایەتی دانی زۆر لە نامەدارەکان بت پەرستەکان لەسەر پێغەمبەرێتی پێغەمبەرمان(ﷺ)و ڕاستی ئەو، کەچی بەو شایەتی دانە نەبوون بە موسڵمان، ئەو زانین‌و شایەتیە نەی گێڕان بە موسڵمان، هەرکەس بیربکاتەوە باش ئەزانێ کە ئیسلام شتێ تڕە جیاوازە لەوە، تەنیا زانین‌و ناسین نیە، وە تەنیا ناسین دان پیانان نیە، بەڵکو ناسینەو دان پیا نانەو مل کەچیەو گرتنە گەردنی گوێڕایەڵیە بە ئاشکراو نهێنی)).

ئەمەی کە خاوەنی(زاد المعاد) فەرموویەتی شتێکی ڕاستەو لەئایەت‌و حەدیسەوە هەر ئەوە وەرئەگیرێ، ڕای پێشەواو زانا بەرزەکانی عیلمی کەلام‌و تەوحیدە. ئەو ئیسلامەی کە هات بۆ ڕزگارکردن‌و ڕاست کردنەوەی ئادەمیەو خوا ناردی تابێ بە ڕەحمەت بۆ هەموو جیهانیان، ئەو ئیسلامە حەقیقەت‌و بارە ڕاستەکەی بریتیە لە گوێڕایەڵی‌و فەرمانبەری شەریعەت ئایینی خواو پەیڕەوەی پێغەمبەرەکەی(ﷺ)، گێڕانی ئەو ئایین‌و شەریعەتە بە حەکەم‌و لە هەموو شتێکدا، ئەوەش هەڵنەقوڵێ لە بڕوا بە تاک‌و تەنیایی خوابەو جۆرو شێوەی کە ئەم ئایینە پێوڕزە هێنای وەک چەند جارێک ڕوون کرایەوە بەڵێ بڕواکردنی دڵ‌و بەستنەوەی دڵ بەوەی کە پێغەمبەرمان هێنای لای خواوە، مل کەچی دڵ بۆی بە هەموو ئارامی‌و وەرگرتنی بەبێ هیچ جۆرە نیگەرانی‌و بێزاریەکەوە، بڕوای ئاوا لە ڕێزی بێبڕوایانی دەرئەکات بەلای زۆربەی زانایانەوە، بەڵام کار بەوە تەواو نابێ‌و خوا ڕازی نابێت‌و مەبەست لە هاتنی بەوە بەدی نایەت.

بەپێی ئەو ڕیوایەتانەی کەلە سەرەتای سورەتەکەوە باس کران کە ئەم سورەتە هەتا ئایەتی(٨٥-٨٦) هاتووتە خوارەوە بەبۆنەی ئەو تاقمە لە مەسیحیەکانی نەجران. بەپێی ئەو ڕیوایەتانە ئەم بەسەرهات‌و سەرگوزەشتانەی کەلەم سورەتەدا هەن سەبارەت بە حەزرەتی عیسا و دایکی‌و لەبارەی حەزرەتی(یحیی)و سەرگوزەشتەکانی تر، ئەم سەرگوزەشتانە

هاتوون بۆ بەرپەرچ دانەوەو دەم کوت کردنی ئەو تاقمە کە هاتبوون بۆ دەمەقاڵێ لەبارەی حەزرەتی عیسا و دایکیەوە، بە خەیاڵێ خۆیان ئەیان ویست لە ڕێی قورئانەوە بیروباوەڕەکەی خۆیان بە ڕاست دەرکەن کە ناوی عیسای بردووە بە(کلمة الله)و بە(روح الله)، هەرچەند ئەم ئایەتانە بەو برنەیەوە هاتبن و ئەو دەم کوتکردن و بەرپەرچدانەوەیان تیا بێت، بەڵام هێنانی داستان و سەرگوزەشتەکانی قورئان لێرەو لە هەر سورەتێکی تردا چەند مەبەستێکی گرنگیان پێ دەرئەخرێو ڕوون ئەکرێتەوە کە زۆرتر ئەو مەبەستانە سەرەکین لە سورەتەکەدا، بۆ نموونە لە پێشەوە وتمان: مەبەستی بنەڕەتی و سەرەکی لەم سورەتەدا تاک و تەنیایی خوایە، تەنیایی لە خوایەتی و کاربەدەستیو چاودێری و بەڕێوەبردن و تەدبیری هەموو شتێکدا، دەی داستانی حەزرەتی عیسا و دایکی و ئەوەی کە پەیوەندی ببێ بەم داستانەوە، ئەو تاک و تەنیایی خوا ڕوون ئەکاتەوەو ئەدا لە بیروباوەڕی کوێرێتی حەزرەتی عیسا بۆ خواو دانانی هەر وێنەو هاوبەشێك بۆ خواو ئەو جۆرە باوەڕە پووچانە دوور ئەخاتەوەو لەبەر چاو نایان هێڵێ، ئینجا مەبەست و مەسەلەی دووەم ڕوونکردنەوەی مەبەستەلەئایینەکە کە ئایین هەر ئیسلامەو ئیسلامیش گوێ ڕایەڵی و مل کەچی و پەیڕەویە، دەی ئەم مەبەستەش لەناوبەناوی ئایەتەکاندا بەڕوونی ئەگەیەنرێ، هەروەها لەم سورەتەدا ئەوەی کە بە گرنگ گیرابێ ڕوون کردنەوەی بارو حاڵی بڕوادارانە لەگەڵ خوای خۆیاندا، بێگومان گێڕانەوەی بارو حاڵی ئەم تاقمە بەختیارە هەڵبژێراوە ئەم مەبەستەمان بۆ دەرئەخات بەڕێکی و بە جۆرێ هیچ گەردو تەمی بەسەرەوە ناهێڵێ.

باسو بەسەرهاتی حەزرەتی عیسا و دایکی لە سورەتی ﴿مریم﴾یش دا هاتووە، بەڵام جۆری باسەکان جیاوازیان هەیە لە زیادو کەمی ئەڵقەو کورتی و درێژە پێدان بە هێندێ لە ئەڵقەکانی باسەکان، ئەوەش بە پێی پەیوەستی بە مەبەستی سورەتەکانەوەو داخوازیان بۆ ئەو جیاوازی کردنە.

۞ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰٓ ءَادَمَ وَنُوحًا وَءَالَ إِبْرَٰهِيمَ وَءَالَ عِمْرَٰنَ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٣﴾

داستانەکان دەست پێ‌ئەکات بەباسی ئەوانەی کە خوا هەڵی بژاردن بۆ هەڵگرتنی یەک پەیام‌و یەک ئایین‌و هەر لە یەکەم جاری ئەم ئادەمیەوە، بۆئەوەی بین بە سەردەستە‌و پێشڕەوی کۆمەڵی بڕوادار لە هەموو چەرخ‌و چینەکاندا، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰٓ ءَادَمَ وَنُوحًا وَءَالَ إِبْرَٰهِيمَ وَءَالَ عِمْرَٰنَ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ بەڕاستی خوا ئادەم‌و نوح‌و خانەوادەی ئیبراهیم‌و خانەوادەی عیمرانی هەڵبژارد بەسەر جیهانیاندا، واتە هەرکام بەسەر جیهانیانی چەرخی خۆیاندا.

بە ئادەم دەستی پێ‌کردن، چونکە یەکەمی ئەم تیرەیە‌و باوکی هەمووانە، ئینجا نوحی کرد بەدووەم، چونکە باوکی دووەمە بۆ هەموو ئادەمیانی پاش خۆی، وەک خوا ئەفەرموێ: ﴿وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُۥ هُمُ ٱلْبَاقِينَ﴾ هەر نەوە‌و وەچەی نوحمان هێشتەوە، واتە بە هۆی تۆفانەکەوە هیچ ئادەمیەک لەسەر زەوی دا نەما بێجگە لەو چەند کەسەی کە لەگەڵ نووح بوون‌و لەناو کەشتیەکەی ئەودا پزگار بوون لە خنکان بە ئاوی ئەو تۆفانە کە سێ کەس لەوانە(حام‌و سام‌و یافسی کوڕی نوح)بوون، ئینجا پاش نەمانی تۆفانەکە‌و گەڕانەوەیان بۆ حاڵەتی لەوە‌و پێش هەر نەوەی ئەو سێ کوڕە مایەوە‌و هەرکەسێکی تری تیابووبێ نەوەیان نەمایەوە، لەبەرئەوە بە نوح ئەوترێ: ئادەمی دووەم: سەلامی خوای لێ بێ، ئینجا سێیەم باس ئەکات بە خانەوادە‌و خێزانی ئیبراهیم کە بریتین لە ئیسماعیل‌و ئیسحات‌و یعقوب‌و دوانزە کوڕەکەی، وەک(مقاتل) ئەفەرموێ، بەڵکو هەموو پێغەمبەرانی پاش خۆی لە نەوەی (ئیبراهیم)ن، لە(ئیبن‌و عەباس)ەوە ئەگێڕنەوە کە مەبەست هەرکەسە کەلەسە ئایینی ئەوبێت، چوارەم ئەکات بە خێزان‌و خانەوادەی عیمران، مەبەست بەم عیمرانە باوکی مەریەمە کەلە نەوەی(سلیمان)ە بەلای(حسن‌و وهبە)ەوە زۆربەی زانایانی تەفسیری لەسەرە، خانەوادەکەی عیسا‌و مەریەمە، مەبەست عیمرانی باوکی موسایە‌و خانەوادەکەی موسا‌و هارون‌و پێغەمبەرەکانی تابیعی ئەوانە بەلای(مقاتل) و هەندێ لە زانایانەوە، بەڵام ڕای یەکەم باشتر ئەچێتە دڵەوە بەڵگەی بەهێز هەیە لەسەری:

١- بەدوای ئەمدا باسی عیمرانی باوکی مەریەم ئەهێنێ، کەواتە دڵ بۆ ئەوە ئەڕوا کە مەبەست بەم دوو عیمرانە یەک کەس بن، چونکە لە وێنەی ئێرەدا ئەگەر ناوێک دووبارە

بکرێتەوە بە یەک شت سەیر ئەکرێن، بۆ وێنە کەسێ بڵێ،(ئەحمەد) پیاوی چاکە،(ئەحمەد) تۆی خۆش ئەوێ، هەموو کەس ئەم دوو(ئەحمەد)ە بە یەک کەس دائەنێ، بە تایبەتی لێرەدا دڵ هەر بۆئەوە ئەڕوا کە هێنانی باسی عیمران بەدوای دا بۆ ڕوون کردنەوەی هۆی هەڵبژاردنی ئەوخانەوادەیە.

٢- ئەم سورەتە ناوبراوە بە ﴿آل عمران﴾ دەی ئەگەر مەبەست بە عیمران باوکی موسا و هارون بوایە ئەبوایە هەر هیچ نەبێ باسێکی ئەوانیشی تیا بوایە، کەچی بە هیچ جۆر باسی ئەوانی تیا نیە، بەڵام دڕێژترین باسی مەریەمی تێدایە، کەواتە دڵ هەر بۆ عیمرانی باوکی مەریەم ئەڕوا.

٣- خانەوادەی عیمران لەسەر هەربار، واتە چ مەبەست باوکی موسا بێت یان باوکی مەریەم، بەری خانەوادەی ئیبراهیم ئەکەوێ، کەواتە جوێ کردنەوەو بە تایبەتی باس کردنی ئەبێ لەبەر هۆیەکی گرنگ بێت، دەی ئەو هۆیە بۆ عیمرانی دووەم ئاشکراترە، چونکە دووبەرەکی لە عیسادا زۆرترو بەتین تربووە لەناو نامەدارەکاندا، ئەوەتا جوولەکە زۆر بە پەستو خراپی سەیری ئەکەن، گاورەکانیش ڕادەو پلەی خوایەتی بۆ دائەنێن، کەواتە پێویستی زۆر تر هەیە بەدیاریی کردنی ڕادەو پلەی عیسا بەبێ کەمو کوڕیو زیادە ڕەوی، کەواتە باسی ئەم هەڵبژاردنی خانەوادەی عیمرانە لەم ئایەتەدا بکەین بە سەرەتا بۆ ئایەتی مەریەمو عیسا و بەشێک لە ڕادەو پلەی ئەوانەی پێ دیاریی بکەین چاکترە، ئەو کاتە ئەم ئایەتە لەگەڵ ئایەتی داهاتوودا جۆش ترو پەیوەست تر ئەبن.

باسی خانەوادەی ئادەمو نوحی نەکرد، چونکە وا دەرئەکەوێ کە خانەوادەی ئەو دووانە لەپاش خۆیان پچڕابێت لە خواپەرستی، بێبڕواییو بت پەرستی داگیری کردبن بە تەواوی، ئیتر هەرچەند چەرخو چین پاش خۆیان ئەو بەسەرهاتە پیسە ڕووی دابێ، بەڵام خانەوادەی ئیبراهیم ئەم پچڕانە ڕووی تێ نەکردو دووچاری ئەو بەسەرهاتە بۆگەنە نەبوو، بەم ڕەنگە خواپەرستی هەر لێ نەبڕا، چونکە خانەوادەی ئیبراهیم(علیه السلام) لە یەکەمجارەوە دووپەلی لێ بوویەوە: ئیسماعیلو ئیسحاق، پەلی ئیسماعیل هەرچەند لەپاش ماوەیەک خواپەرستی لێ بڕا، بەڵام لە پەلی ئیسحاقدا هەر لێی نەبڕا هەتا خوا پێغەمبەرمانی ڕەوانەکرد کەلە پەلی ئیسماعیلە ـ سەلامی خوا لە مانیشو لە هەموو ڕەوانەکراوەکانی تری خوا بێت ـ، ئینجا سوپاس بۆ خوا لەسەر دەستی ئەمدا خواپەرستی زاڵ بوو بەسەر هەموو جیهاندا،

ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِنۢ بَعْضٍ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٣٤﴾ إِذْ قَالَتِ ٱمْرَأَتُ عِمْرَٰنَ رَبِّ إِنِّى نَذَرْتُ لَكَ مَا فِى بَطْنِى مُحَرَّرًا فَتَقَبَّلْ مِنِّىٓ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٥﴾ فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّى وَضَعْتُهَآ أُنثَىٰ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلْأُنثَىٰ ۖ

خوای گەورە هەڵی بژارد ﴿ ذُرِّيَّةً ﴾ نەوەو وەچەیەك كە ﴿بَعْضُهَا مِنۢ بَعْضٍ﴾ هێندێكیان لە هێندێكی تریان كەوتوونەتەوە.

خوای گەورە لە سێ ئایەتی كورتی سورەتی ﴿الأنعام﴾دا باسی شانزە پێغەمبەر ئەكات لە نەوەی ئیبراهیم، با لەسەر ڕیزی ئایەتەكە باسیان بكەین: ئیسحاق، یعقوب، داود، سلیمان، ایوب، یوسف، موسا، هارون، زكریا، یحیی، عیسا، إلیاس، ئیسماعیل، الیسع، یونس، لوط، بێگومان(ئیبراهیم)یش لە نەوەی نووحەو نوحیش لە نەوەی ئادەمە -سەلامی خوا لە هەموویان بێت- بێجگە لەوانە دەست نیشان ئەكات بۆ چەند كەسی تری زۆر لە باوك‌و براو نەوەو وەچەی زۆری ئەوانەو بەڵام ناویان نابا، ﴿وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ خوا شنەوای زانایە، شنەوایە بە هەموو وتاری بەندەكانی، زانایە بە هەموو نیازو كرداریان، كەواتە بە پێی زانین‌و لێزانی خۆی ئەوانەی هەڵبژاردووە، هەركەس ئەو هەڵی بژاردبێ بە ڕاستی شایستەیە بۆ هەڵبژاردن.

لەپاش جارپدانی ئەوهەڵبژاردنە، ئینجا دێتە سەر باسی خانەوادەی عیمران‌و پەیدابوونی دایكی عیساو چۆنێتی هەڵبژاردنی ئەم خانەوادەیە، ئەفەرموێ: ﴿ إِذْ قَالَتِ ٱمْرَأَتُ عِمْرَٰنَ ﴾ ئەی پێغەمبەر باسی ڕووداوی ئەو كاتە بكە كە ژنەكەی عیمران نزای كردە لای خوای خۆی بەم ڕەنگە ووتی: ﴿رَبِّ إِنِّى نَذَرْتُ لَكَ مَا فِى بَطْنِى مُحَرَّرًا﴾ ئەی پەروەردگارم بە ڕاستی من نەزرم كرد بۆ تۆ ئەوەی كە لە سكمایە بە ئازاد كراو لە هەر شتێ بێجگە لە خوا، واتە بە تەرخان كراو بۆ خزمەتی خانەی تۆ كە(بیت المقدس)ە، بە نیازو تەمای ئەوە بوو كە كوڕی ببێ، چونكە هەر

کوڕ ئەکرا بە خادمو مجەوری ئەو خانە پیرۆزە ﴿فَتَقَبَّلْ مِنِّيٓ﴾ ئینجا ئەی خوایە ئەو نەزرەم لێ وەرگرە ﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ﴾چونکە بەڕاستی هەر تۆ شنەواو بیسەری نزاکەی منی ﴿ٱلْعَلِيمُ﴾ زانای بە نیازو مەبەستم کە هەر ڕەزامەندی تۆیە.

ئەم نزاو نەزرە بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر بڕواو پاکو خاوێنی ئەو ئافرەتە دەربارەی پەروەردگاری، ئەوەتا خۆشەویست تری خۆی کە ئەو ڕۆڵە ئاواتەخوازەیەتی ئەیدا تەنها بە خواو دایئەڕێنێ لە هەر کارو بارێکی ئەم جیهانەو هەر نیازو مەبەستێکی تر بێجگە لە نیازی ڕەزای خوا، چونکە(محرر) وەک(ئیبن و عەباس) ئەفەرموێ: بە پیاوێك وتراوە کە هیچ ئیشێك نەکات بۆ دنیاو ژن نەهێنێو خۆی یەك بار بکاتەوە بۆ کارو کردەوە بۆ ڕۆژی دوایی و خواپەرستی، خزمەتی کەنیسەی کردبێ. ئەوەش بە گوێرەی باوی خوانەناسە تەواوەکانی ئەو شەریعەتەی کە پێی وتراوە ڕەهبانیەتی و خۆیان پێویستیان کردبوو لەسەر خۆیان، ئەوە دەستوورو باوێکی کاتی بوو بۆ ئەو چەند چەرخە باش بووە، لەبەر ئەوە خوا قەدەغەی نەکرد لێیان، ئینجا کە ئەم شەریعەتی ئیسلامە هات ئەو باوەی نەهێشتو فەرمووی:(لا رهبانية في الإسلام) ڕەهبانیەتی لە ئیسلامدا نیە. ئینجا بەڕاستی ناوبردنی ئەو جۆرە کەسانە بە(محرر) واتە ئازاد کراو، زۆر ڕاستو بەجێیە، چونکە لە ڕووی ڕاستیدا هیچ کەس ئازادی تەواو وەرناگرێ مەگەر کەسێك کە لە هەموو بارو ڕوویەکەوە ڕا بکات بۆ لای خواو خۆی یەك بارو یەك تەن بکاتو لێ ببڕێ هەر بۆ خوا، هەر دڵی پەیوەندی یا چاوەنواڕی یان بەندەیی غەیری خوای تیابێ ئەو دڵە ئازادی تەواوی وەرنەگرتووە، وە هەر کەسێك پەیڕەوی غەیری ئایین و شەریعەتی خوا بکات، ئەو کەسە بەندەیەو ئازادی وەرنەگرتووە، هەرچەند بە ڕواڵەتو بە دیمەن ئازادو سەربەست بێت، بەڵێ بە ڕاستی ئەو نزاو نەزرە لە لایەن ئەو ئافرەتە بڕوادارەوە نیشانەیەکی ئاشکرا بوو لەسەر ملکەچی و موسڵمانێتی ئەو ئافرەتە بەڕێزە، بەڵام سکەکەی بەو جۆرە دەرنەچوو کە ئەو ئەیویستو داوای کرد، بەم ڕەنگە ئەو

داوای کوڕی کردو خوا کچی دایە، ﴿فَلَمَّا وَضَعَتْهَا﴾ ئینجا کاتێ سکەکەی داناو بۆی دەرکەوت کچی بووە غەمبار بووو شکاتی بردە لای خوای خۆیو بە داخو خەفەتەوە ﴿قَالَتْ﴾ وتی ﴿رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنثَىٰ﴾ ئەی پەروەردگارم سکەکەم دانا بە مێینە، واتە داخی خۆم دەرئەبڕم کە ئاواتەکەم بەدی نەهات، کوڕم ببێو بیکەم بە خزمەتچی(بیت المقدس)، لە هەمان کاتدا ڕەنگە مەبەستی عوزر هێنانەوەش بووبێ بۆ ئەوەی کە نەزرەکەی بەدی نایەو دەسەڵاتی ئەمیش نیەو خوا کارەکەی وا کرد، هەر جۆرێ مەبەست بووبێ خوای گەورە ڕێزو نرخو گەورەیی ئەو منداڵە نیشان ئەدات بەم وتە تێهەڵکێشە: ﴿وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ﴾ خوا زاناترە بەو منداڵەی کە ژنی عیمران دایناو بوویەتی، واتە ئەو کچەی کە بووی لە کوڕ باشترو بەفەرترە، ئەوەتا لە پاشەڕۆژدا ئەبێ بە دایکی عیساو ئەبن بە نیشانەو موعجیزەی خوا بۆ جیهانیان، ئینجا ئاماژە ئەکاتو ئەم مەبەستە ڕوون تر ئەکاتەوە ئەفەرموێ: ﴿وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنثَىٰ﴾ ئەو نێرینەی کە ئەو ژنە داوای کرد وەک ئەو مێینە نەبوو کە پێی بەخشرا، واتە ئەم مێینە زۆر چاکترە لەو نێرینەی کە داوای کرد، کەواتە ئەو ژنە بێئاگایە بۆیە غەمبار بوو بەوەی کە داواکەی بەدی نەهات، هێندێ لەسەر ئەوەن کە ئەم وتەیەش لەلایەن ژنەکەی عیمرانەوە بەو مەبەستە داخ دەربڕینەو عوزر هێنانەوەیە کە نەزرو ئاواتەکەی بەدی نایەت، یان دڵخۆشی خۆی ئەداتەوە بەوەی کە ئەوەی خوا کردی باشترە لەوەی کە ئەم نیازو داوای کرد، ئینجا ئەو ئافرەتە بڕواداڕە ناوێکی دانا بۆ کچەکەی کە ڕێك بێت لەگەڵ ئەو سۆزو خواناسی دەروونی خۆی داو پەیوەست بێت لەگەڵ ئەو ئاواتەی کە خواستی بۆ سکەکەی وە بەدی نەهات: ناوی نا(مەریەم) لە زەمانی ئەواندا واتە خواپەرست، بە شێوەی موناجاتو پاڕانەوە عەرزی خوای کردو خستیە پەنای خوا،

وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وَإِنِّيٓ أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿٣٦﴾ فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ وَأَنۢبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّاۖ كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا ٱلْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقًاۖ قَالَ يَٰمَرْيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَاۖ قَالَتْ هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِۖ إِنَّ ٱللَّهَ يَرْزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٧﴾ هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُۥۖ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةًۖ إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴿٣٨﴾

ووتی: ﴿وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ﴾ من ناوم نا مەریەم ﴿وَإِنِّيٓ أُعِيذُهَا بِكَ﴾ بەڕاستی من ئەیپارێزم و پەنای ئەدەم بە تۆ ئەی خوایە ﴿وَذُرِّيَّتَهَا﴾ نەوەو وەچەشی ﴿مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾ لە شەیتانێ کە دەرکراوە لە بەزەیی و میهرەبانی تۆ، دایکی مەریەم ڕاستی کرد لەگەڵ خوای خۆی و بەڕاستی خستیە پەنای خوا ﴿فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ﴾ بەهۆی ئەوەوە پەروەردگاری مەریەم لێ وەرگرت بە وەرگرتنێکی جوان و بە ڕەزامەندیەوە لە باتی ئەو نەزرەی کە کاتی خۆی کردی، واتە هەرچەند لەو شەریعەتەدا باو وا بووە کە هەر کوڕی گەنجی ژیریی بە توانا بکرێ بە خادمی ئەو خانەی خوا، بەڵام خوا میهرەبانی کرد ئەو کچە منداڵەی وەرگرت بە جوانی ﴿وَأَنۢبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا﴾ ڕواندی بە ڕوانێکی شیرین، واتە پەروەردەی کردو پێی گەیاندو ئامادەی کرد تا(روح الله)ی وەرگرتو عیسای لێ بوو بە شێوەیەکی کەس نەدیوی بێ وێنە لە ناو هەموو ئادەمی دا، ﴿وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّاۖ﴾(زەکەریا)ی کرد بەدەستەبەری بۆ بەخێوکردن و سەرپەرشتی و چاودێری،(زەکەریا) لەنەوەی هاروون بوو کە کلیلە وان و قاپیەوانی هەیکە لە کەبوون،(زەکەریا) لەو کاتەدا سەرۆک بوو، لەمەو پاش باسی چۆنێتی گێڕانی بەدەستەبەرە دێت، کەواتە لێرەدا پێویست نیە بەو باسە، ئینجا ئایا زەکەریا هەر لە شیرەخۆرێیەوە بووە دەستە بەربۆی ــ وەك زۆربە لە زانایان ئەفەرموون ــ و چەند ڕیوایەتێکی لێ هاتووە، یا لەپاش بڕینەوەی لە سێر، بە هەرحاڵ و لەسەر هەربار میحرابێکی بۆ دروست کرا، واتە هۆدەیەکی تایبەتی لە(بیت المقدس)دا وەقاپیەکەی خرایە سەر ناوەڕاستی دیوارەکەی لە بەرزەوە بە جۆرێ بە پەیژە بۆی سەرئەکەوتن بەوێنەی قاپی کەعبە، وەك(ئیبن و عەباس) ئەفەرموێ: ــخوا لێیان ڕازی بێ ــ،(زەکەریا) هات و چۆی ئەکردو سەری لێ ئەدا، لەو شوێنە پیرۆزەدا خوا پێی گەیاندو پەروەردەی کرد بە خواپەرستی و بە پیرۆزی، بە کەرامەت ژیاندی

به ڕۆزی دانی لەلایەن خۆیەوە، ئەوەتا ئەفەرموێ: ﴿كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا ٱلْمِحْرَابَ﴾ هەر جارێ که زەکەریا سەری لێ ئەداو ئەچووە میحرابەکەیەوە﴿وَجَدَ عِندَهَا رِزْقًا﴾ ڕۆزی‌و خواردەمەنیەکی لەلا ئەبینێ، بێگومان سەرسوڕئەمێنێ لە شتی وا ئەبێ پرسیاری لێ بکرێ، لەبەرئەوە ﴿قَالَ﴾ زەکەریا پێی فەرموو: ﴿يَٰمَرْيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَا﴾ ئەی مەریەم ئەمەت لە کوێ بوو؟! ﴿قَالَتْ﴾ مەریەمیش فەرمووی: ﴿هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ﴾ ئەوە لەلای خواوەیە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَرْزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ بێگومان خوا ڕۆزی هەرکەس ئەدا کە بێوێ بەبێ ژمارەو بە لێشاو. بەڵێ بڕواداری خواناس بەرامبەر میهرەبانی‌و بەهرەی خوا ئەبێ ئاوا مل کەچی‌و چاوڵەبەری خۆی دەرخات، نەک وەک بێبڕواو خوانەناس تا بەهرەو چاکەی خوا زۆرتر بڕژێ بەسەریدا یاخی‌و مل هوڕتر ئەبێ‌و کەشخەو بافیش ئەکاتە خۆی، بێگومانِ ئەم ئایەتە بەڵگەو نیشانەیەکی ڕوونە لەسەر ڕاستی کەرامەت، هەرکەس کە ڕێکەڕێک‌و ملەجەڕێ بکات لەم بەڵگە ڕوونەدا خۆی ماندوو ئەکات‌و هیچ ژیرێ گوێی بۆ شل ناکات.

ئینجا لەناوەندی داستانەکەی حەرزەتی مەریەمدا داستان‌و سەرگوزەشتەیەکی حەرزەتی زەکەریا ئەهێنێ، داستانی داواکردنی منداڵێکی پاک‌و خاوێن لە خوا لە پاش پیری خۆی‌و نەزۆکی خێزانی، ئەم دوو داستانە زۆر پەیوەست‌و تێکەڵن بەسەکەوە: هەردوو لە هەواڵە غەیبیەکانن‌و گێڕانەوەیان موعجیزەیەکی سەربەخۆن بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، هەرچۆنێ زەکەریا دەستە بەرو چاودێری مەریەم بوو هەروەها خێزاکەشی پووری بوو، بێجگە لەوەی هەموو لە یەک بەرەو نەژاد بوون‌و خزمی یەکتر بوون، کەواتە ڕێزی ئەمانیش بەشێکە لە ڕێزگرتنی خانەوادەی عیمران، بینینی مەریەم بەو پاکی‌و پیرۆزیەی‌و بە ڕێز گیراوی لای خوا یەکێ بوو لە هۆی ئەو داوای زەکەریا لە خوا، هاتنی ئەو ڕۆزی‌و خواردەمەنیە لەلایەن خواوە کە شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو، بیرخەرەوەو پاڵ پێوەنەر بوو زەکەریا کە داوای منداڵ بکات کە ئەوەش بەپێی باوی مەردوم چاوەڕوانی کراو نەبوو، نزاو داواکەشی لەو سەردەمەو لەو شوێنە پیرۆزەدا بوو، کەواتە زۆر بەجێیەو شوێنی خۆیەتی کەلێرەدا ئەفەرموێ: ﴿هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُۥ﴾ لەو سەردەمەیان لەو شوێنە پیرۆزەدا زەکەریا نزای کردو پاڕایەوە لە پەروەردگاری بەم ڕەنگە ﴿قَالَ﴾ ووتی: ﴿رَبِّ﴾ ئەی پەروەردگارم ﴿هَبْ لِى مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً﴾ پێم ببەخشە لەلایەن خۆتەوە ڕۆڵەیەکی پیرۆزی پاک‌و خاوێن ﴿إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ﴾ بەڕاستی تۆ بیسەرو ژنەوای نزاو پاڕانەوەیت، خۆت گیراکەری نزایت. زەکەریا بەو جۆرە پاڕایەوە،

فَنَادَتْهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَهُوَ قَآئِمٌ يُصَلِّي فِي ٱلْمِحْرَابِ أَنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَىٰ مُصَدِّقًۢا بِكَلِمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَسَيِّدًا وَحَصُورًا وَنَبِيًّا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٣٩﴾ قَالَ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٌ وَقَدْ بَلَغَنِيَ ٱلْكِبَرُ وَٱمْرَأَتِي عَاقِرٌ ۖ قَالَ كَذَٰلِكَ ٱللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ ﴿٤٠﴾

﴿فَنَادَتْهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾ ئینجا فریشته بانگی لێ کرد ﴿وَهُوَ قَآئِمٌ يُصَلِّي فِي ٱلْمِحْرَابِ﴾ له کاتێکدا که زەکەریا وەستا بوو نزای ئەکرد، یا شەونوێژی ئەکرد له مزگەوتدا، یان له میحرابەکەی مەریەم ﴿أَنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَىٰ﴾ بانگی لێ کرد بەمەی کە خوا موژدەت پێئەدا بەبەخشینی کوڕێك کە ناوی یەحیائەبێ ﴿مُصَدِّقًۢا بِكَلِمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ﴾ کەله پاش دا یەکەم بڕواهێنەر ئەبێ بە عیسا کەله دایك بووە بە وتەیەك لە لایەن خواوە بەبێ پێویست بە باوك ﴿وَسَيِّدًا﴾ گەورەو پێشەوا ئەبێ لە ئایینداء دیارە ئەکاتە ئەبێ هەموو سیفەتو ڕەوشتە چاك و شیرینەکانی تیا بێت، وەك تەفسیرکراوەتەوە بەخاوەنی هەرکام لەو سیفەتانە، ﴿وَحَصُورًا﴾ زۆر خۆپارێزو جڵەوگیری خۆی ئەبێ لە کارو کردەوەی ناشیرینو ئارەزووی ناڕەوا ﴿وَنَبِيًّا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ ئەبێ بە پێغەمبەرێك لە ڕیزی چاکانو چاك کردارەکاندا، بەو جۆرە ئەو موژدە خۆشەی پێدرا، ئەو نزاو داوایە وەرگیرا لەسەر پێچەوانەی باوو تێگەیشتنو چاوەڕوانی مەردومان، کە هەروا لە خۆیانەوە دەم ئەکوتنو ئەیانەوێ باوو بۆچوونی خۆیان بکەن بە یاساو قانوون، گومان وا ئەبەن کە ویستو خواهیش خوا ئەبەستێتەوە بە یاساو قانوونەکەی ئەمانەوەو نازانن کە ویستو خواهیشی بەربەرەڵایەو نابەستێتەوە بە زانینی کەموکوڕو بۆچوونی تەنگو تروسکی ئەمانەوە، پێویستە لەسەرمان کە بزانینو بڕوامان وابێ کە مەیلو خواهیشی خوا وا بە داوای زانینە بێ سنوورو نەبڕاوەکەیەوەو ئەمیش نەوەستاوو بەر لێ نەگیراوە، پێویستە بڕوای بەهێزمان بەوە ببێ تا خۆمان کارو پیشەو سنووری زانینی خۆمان بناسین، ئەو کاتە شەرم ئەمانگرێو دەم ناکوتین لە کاروبڕیاری خوادا. بێگومان زەکەریا(علیه السلام) بڕوای بەهێزو تەواوی بووە بە دەسەڵاتو توانای بێسنووری خوا،

بەخشینی ئەو منداڵەی بەلاوە شتێك ڕێك‌و گونجاو بووە ئەگینا ئەو داواو نزایەی ئەکرد، بەڵام مەردوم ــ با پێغەمبەریش بێت ــ بە سروشت وا دروست کراوە کەسەری سەرسوڕئەمێنێ لە هەر شتێکی نایابی سەرسوڕهێنەر بە تایبەتی کە دژو پێچەوانەی باو بێت، هەروەها ئەگەر بەتەمای هەر شتێك بێت کە زۆر پێی خۆش بێت‌و بە سۆزو بە پەرۆش بێ بۆی پرسیار ئەکات لە بوون‌و دەست کەوتنی، هەرچەند دڵنیا‌و بێگومان بێت تیای دا، جا لەبەرئەوە زەکەریا سەری سوڕما لە کرداری خواو لە خۆشی دا پرسیاری لە خوای خۆی بەم ڕەنگە ﴿قَالَ﴾ ووتی: ﴿رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٌ﴾ ئەی پەروەردگارم لە چ لایەکەوە‌و چۆن من کوڕم بۆ ئەبێ ﴿وَقَدْ بَلَغَنِيَ ٱلْكِبَرُ وَٱمْرَأَتِي عَاقِرٌ﴾ لە کاتێکدا بەڕاستی پیریم پێگەیشتووە‌و بە تەواوی کاری لێ کردووم‌و ژنەکەشم نەزۆکە، بێگومان ئەمیش هەر پیربووە.

فریشتە موژدەکەی دا بەزەکەریا، بەڵام دیارە کارەکە هەر بەدەست خوایە‌و هەر ئەو ئەزانێ چۆنی ئەکات‌و لەبەرچی ئەیکات، لەبەرئەوە پرسیارەکەی لە خوا کرد، خوایش وەڵامی دایەوە بەم ڕەنگە ﴿قَالَ﴾ فەرمووی پێی، ئیتر لەسەر زامانی فریشتەکە یا خوا خۆی سروشی کرد بۆ لای: ﴿كَذَٰلِكَ ٱللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ﴾ هەر بەوێنەی ئەو کردەوەیە کە پێچەوانەی باوەو زۆر بەدوور دائەنرێ، واتە بەخشینی ئەو منداڵە بەو باوك‌و دایکە ـ هەر بەوێنەی ئەوە خوا هەر کردەوەیەکی تری بووێ ئەیکات، یا ﴿كَذَٰلِكَ ٱللَّهُ﴾ خوا هەر بەو جۆرەیە، واتە ﴿يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ﴾ هەر شتێکی بووێ ئەیکات لەو کارو کردەوانەی کە پێچەوانەی باون، بە چەند جۆرێ تریش تەفسیر کراوەتەوە، بەڵام ئەم دوو جۆرە لەدڵمدا جێگیرترو سووك تر بوون، وە هەموو جۆرەکان یەك مەبەست ئەگەیەنن کە مەیل‌و خواهیشی خوا ڕووی کردە هەر کارو هەرشتێ ئەبێ ببێ‌و هیچ شتێ بەربەستی ناکات. ئەگەر ئەندازەیە ورد بینەوە باشتر لە مەسەلەکە حاڵی ئەبین، چونکە هەرچی بووە بە باو خوا کردووەیەتی بە باو، هەرشتێ لە یەکەمجارەوە پەیدا بووە نەبوونی باو بووەو بوونەکەی دژی باوبووە، خوا کردوویەتی بە باو، کەواتە باوو نابا‌و بۆ خوا یەکسانەو لای ئێمەی بێ دەسەڵات جیاوازن!

قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّيٓ ءَايَةً ۚ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا ۗ وَٱذْكُر رَّبَّكَ كَثِيرًا
وَسَبِّحْ بِٱلْعَشِيِّ وَٱلْإِبْكَٰرِ ﴿٤١﴾ وَإِذْ قَالَتِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرْيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰكِ وَطَهَّرَكِ
وَٱصْطَفَىٰكِ عَلَىٰ نِسَآءِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٢﴾ يَٰمَرْيَمُ ٱقْنُتِى لِرَبِّكِ وَٱسْجُدِى وَٱرْكَعِى مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾

حەرزەتی زەکەریا - درودی خوای لەسەر بێ- سۆزو پەرۆشی ئەوەندە بەتین بوو خستیە پەلە بۆئەوەی خوا نیشانەیەکی بۆ دابنێ لەسەر بەدی هاتنی ئەو داوایە، تا دڵخۆش تر ببێ و هەر لە یەکەمجارەوە هەڵسێ بە سوپاسی ئەو چاکەو بەهرەیە، لەبەرئەوە ﴿قَالَ﴾ ووتی: ﴿رَبِّ ٱجْعَل لِّيٓ ءَايَةً ۚ﴾ ئەی پەروەردگارم نیشانەیەکم بۆ دابنێ لەسەر ئەوەی کە کەرەسەی ئەو منداڵە جێگیربووە لە سکی دایکری دا، ئینجا خوای میهرەبان ئەم داواو نزاشی لێ وەرگرتو نیشانەی پووڕو ئاشکرای بۆ دیاریی کرد بەم ڕەنگە ﴿قَالَ﴾ فەرمووی: ﴿ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا ۗ﴾ نیشانەکەت ئەوەیە کەسێ ڕۆژ قسەناکەیت لەگەڵ مەردوماندا، واتە ناتوانی قسە بکەیت لەگەڵ هیچ کەسو زمانت ئەبەستێ مەگەر بە ئاماژە بۆکردنو دەست نیشان، مەبەست سێ ڕۆژە بە شەوەکانیەوە، وەک لە سورەتی ﴿مریم﴾دا باسی ئەو سێ شەوە ئەکات.

پاکو بێگەردی بۆ خوا، ئەو نیشانەی کە بۆی دانا هەرچۆنێ زۆر ڕوونو ئاشکرا بوو بۆێو خۆی لە دەروونو ویژدانی خۆی دا هەستی پێئەکرد، هەروەها زۆر ڕێکو دەقی مەبەستەکەیشی بوو، چونکە ئەمیش وەک ئەو دژو پێچەوانەی باوی لەوەو پێشی بوو، ئەوەتا لەوەو پێش زمانی مەرەخەس بوو بۆ قسەکردن لەگەڵ خەڵکیو ج بۆ باسو ناوی خواو نزاو پاڕانەوە لە خوا، بەڵام ئێستا بەستراوە لە قسەکردن لەگەڵ خەڵکیو مەرەخەسە لەگەڵ خوادا وەک ئاماژە ئەکا بۆ ئەمە کە ئەفەرموێ: ﴿وَٱذْكُر رَّبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِٱلْعَشِيِّ وَٱلْإِبْكَٰرِ ﴾ ناوو باسی پەروەردگارت زۆر بکە لەم کاتی زمان گیرانەدا، بە پاکی ڕایگرەو تەسبیحاتی بکە لە ئێوارەو لە کاتی بەیانیاندا، بۆ سوپاس کردنی لەسەر ئەو بەخشینو بەهرەیە، ئیتر مەبەست بە تەسبیحات نوێژ بێیان نا؟ بێگومان ئەم نیشانەیە بەدی هاتو

ئەو ئارامی و خۆسیە گەیشت بەدڵ و دەروونی زەکەریا و ئەویش لە خۆشی دا دەستی کرد بەباس و سوپاس و سەنای خوا بە هەرجۆر پێی کرا، قورئان بێدەنگ بوو لەگێڕانەوەی ئەمە، چونکە ئەزانرێ پێویست بە وتن ناکات.

لەپاش هێنانی ئەم داستانی زەکەریا بە تێهەڵکێش لەناو داستانی خانەوادەی عیمراندا کە هێنانەکەشی زۆر ڕێك و بەجێ بوو، وەك دەست میشانمان بۆ کرد لەسەرەتایەوە، لەپاش هێنانی و دوایی هێنانی بەباسی ئەو نیشانەیە کە هیچ هۆیەکی نەبووە بێجگە لەمەیل و خواهیشی بێسنووری خوا، کە هەر ئەو مەیل و خواهیشەیش کاری مەریەم و عیسای ئەنجامدا، هەروەها دوایی هێنا بە فەرمان دان بە زەکەریا بە یادو سوپاس و پەرستنی خوا تا بەوە بچێ بە پیری ئەو کوڕە پێبەخشراوەو بەوە پێشوازی لێ بکات، کە هەر بەو جۆرەش فەرمان دار بە مەریەم و بەو یادو باس و پەرستنە ئامادەکرا بۆ وەرگرتنی عیسا بە وتەی خواو بە فەرمانی خواو خواهیشی خوا، کەواتە داستانەکەی زەکەریا و دوایی کەشی وەك سەرەتاکەی زۆر ڕێك و پەیوەست بوو بەباسی خانەوادەی عیمرانەوە، جا لەپاش گێڕانەوە ئەو داستانە ڕێك و پەیوەستە، ئینجا ئەوا ئەگەڕێتەوە بۆ سەر داستانە سەرەکیەکە: داستانی خانەوادەری عیمران، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَتِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾ باسی ڕووداوی ئەو کاتە بکە کە فریشتە ووتی بە مەریەم: ﴿يَٰمَرْيَمُ﴾ ئەی مەریەم ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰكِ﴾ بەڕاستی خوا تۆی هەڵبژارد، ئەوەتا وەری گرت لەدایکی بە وەرگرتنێکی جوان وە ڕواندنێکی جوان، وە زەکەریای کرد بەدستەبەرو بەخێوکەری و ڕۆزی لەلایەن خۆیەوە بۆ نارد. ﴿وَطَهَّرَكِ﴾ پاك و خاوێنی کردی لە هەر شتێکی قیزەون، لە هەرکارو کردەوەیەکی چەپەڵ، لە هەر گومانێکی بەد کە لەلایەن جوولەکەوە بۆی هەڵبەسترا، نەفرینی خوایان لێ بێ بۆ خۆیان و گومانی بەدیان. ﴿وَٱصْطَفَىٰكِ عَلَىٰ نِسَآءِ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ هەڵی بژاردی و باوی دای بەسەر هەموو ژنانی جیهانیاندا، ئیتر هەموو جیهانیان، کەواتە ئەبێ گەورەتریش بێت لە فاتمەو خەدیجەو عائیشە -خوا لێیان ڕازی بێ- وەك لە چەند حەدیسێك دا هاتووە، یان مەبەست هەموو ژیانی جیهانیانی چەرخی خۆی بێت وەك هێندێ لە زانایان ئەفەرموون، بە هەرحاڵ و لەسەر هەربار بێجگە لە هەموو بەهرەکانی تری، خوا تاقانە بەهرەیەکی پێدا کە بەهیچ کەسێکی تر

نەدراوە، هەڵی بژارد بۆ وەرگرتنی گیانێك لەلایەن خواوە. وات عیسا، هەرچۆنێ ئادەمی هەڵبژارد بۆ وەرگرتنی گیان لەلایەن خۆیەوە، ئەو کارە تاقانەو بێ وێنەی نیشانی جیهاندا لەسەر دەستی ئەوداو لە ڕێگەی ئەوەوە، بەڕاستی ئێجگار گەورەو گرنگە!!

لەم جۆرە شوێنانەدا گەورەیی ئەم ئایینە بە ڕوونی دەرئەکەوێ و سەرچاوەکەی ئاشکرا ئەبێ بۆ هەموو کەس مەگەر ئەوانەی کە چاوی دڵیان بە تەواوی کوێرە، یا ئەو کەسانەی کە خۆیان کوێر ئەکەن لەبەر حەسوودیان، وەك زاناکانی جوولەکەو گاور، پێغەمبەرمان(ﷺ) چونکە ڕاست بوو پشت ئەستوور بوو لە ڕاستیەکەی، بێباك مەریەمی گەیاندە ئاسۆو پۆپەی هەر بەرزی خۆی و باوی دا بەسەر هەموو ئافرەتانی جیهاندا لە کاتێکدا کە گاورو جوولەکەکان ئاژاوەو بەربەرەکانێ و دەمە قاڵێیان بوو لەگەڵی و بۆ نووختەیەك ئەگەڕان کە بیدۆزنەوە لەسەری بیکەن بە بەڵگە بۆ خۆیان، شتێکی ئاشکرایشە کە جوولەکە تاچ ڕادەیەك بەدگومانو دژی حەرزەتی مەریەم بوون، گاورەکانیش تاچ ڕادەیەك زیادەڕەویان کرد پێی و گەیاندیانە خوایەتی، دەی ئەمیش بێباك دای لە هەردوو لایانو خستنیەوە بەدرۆوەو بارە ڕاستەقینەکەی مەریەمو عیسای دا بە ناوچاویاندا!!

ئای هاوار بۆ ئەو ڕاستیە! ئای هاوار بۆ ئەو گەورەییەی کە خوا پێی دا! ئای چ بەڵگەو ڕابەرێکی ئاشکرایەلەسەر ڕاستی سەرچاوەی ئەم ئایینە پیرۆزەو ڕاستی پێغەمبەرەکەی(ﷺ) واللە ئەگەر ئاوا ڕاستو پشت پڕ نەبووایە بە ڕاستیەکەی خۆی ئەو وتەو قسەڕاستەی دەرنەئەخست، چونکە بەپێی باوو تێگەیشتنی ئێمە ئەو دەربڕینە زبانی ئەبوو، وەهیچ بەرژەوەندی تیانەبوو، ﴿ يَٰمَرۡيَمُ ٱقۡنُتِي لِرَبِّكِ ﴾ ئەی مەریەم بەردەوام بە لەسەر فەرمانبەریی و خواپەرستی، یا درێژە بدە بە وەستان لە نوێژدا بۆ پەروەردگارت ﴿وَٱسۡجُدِي وَٱرۡكَعِي مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴾ سوژدە بەرەو ڕکوع بەرە لەگەڵ ڕکوع بەراندا،(زەمەخشەری) ئەفەرموێ: مەبەست لە وتەی ﴿ٱقۡنُتِي﴾ و ﴿وَٱسۡجُدِي﴾ نوێژکردنە، مەبەست بە ﴿وَٱرۡكَعِي مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴾نوێژ کردنە بە جەماعەت لەگەڵ نوێژکەراندا، زانایانی تر چەند شتێ تریان فەرموە لە تەفسیری ئەم وتەدا هەموو هەر ئەگونجێن، مەبەست لە هەموو هەر خواپەرستیە بە هەمیشەیی و پەیوەستی تا پێبگاتو ئامادە بێ بۆ وەرگرتنی ئەو گیانە گەورەیە لەلایەن خواوە، واتە عیسای کوڕی.

ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ ۚ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَٰمَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٤٤﴾ إِذْ قَالَتِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرْيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ

لەپاش گێڕانەوەی ئەو چەند داستانو هەواڵە نەزانراوانە، ئینجا پێش ئەوەی باسی چۆنێتی پەیدا بوونی عیسا بکاتو داستانی مەریەم تەواو بکات، بە تێهەڵکێش ئاماژە ئەکات بۆ بەشێ لە هۆی گێڕانەوەی ئەم داستانانە، ئەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ﴾ ئەوەی کە باس کرا لەو داستانانەی کە باس کرا لەو داستانانەی کە تێپەڕیان کرد بەشێکن لە هەواڵە نادرپایی‌و ونەکان لە تۆو گەلەکەت ﴿نُوحِيهِ إِلَيْكَ﴾ ئێمە سروشی ئەکەین بۆڵای تۆ ئەی محمد، واتە زانینی ئەم هەواڵو داستانەو هەواڵدانی تۆ پێیان بەڵگەو ڕابەرە لەسەر پێغەمبەرێتی تۆ، چونکە شتێکی ئاشکرایە کە ئەوانە باسیان نەبووە نەلای تۆو نەلای گەلەکەت، کەواتە ئەبێ هەر بەسروشی ئێمە پێت گەیشتبێ، ئینجا بەتایبەتی ئاماژە ئەکات بۆ ڕووداوێك کەلە چەرخی تەورات‌و ئینجیلیش دا بەناوبانگ نەبووەو نەزانراوبووە، مەگەر لای زانا و عابیدەکانیان، ئەوەش درێژەکەی ئەمەیە کەلە ڕیوایەتەکاندا هەیە، یەکێ لەوانە ئەمەیە کەلە(ئیبن‌و عەباس)ەوە هاتووە –خوا لێیان ڕازی بێ– ئەفەرموێ: کاتێ مەریەم لەدایك بوو دایکی پێچایەوەو بە مەتۆلکەیی بردی بۆ(بیت المقدس) داینا لای خوێندەوارەکان، ئینجا لەبەرئەوەی مەریەم کچی سەرۆك‌و پێشەوایان بووو باوکی نەمابوو هەرکام ئەیویست وەری گرێ‌و بەخێوی بکات، ئینجا زەکەریا کە مێردی پووری مەریەم بووو سەرۆکی ئەوان بوو فەرمووی من وەری ئەگرم‌و من شایستە ترم پێی، ئەوانیش وتیان با قورعەی بۆ بخەین، هەرکەس دەرچوو با لای ئەو بێت، ئینجا ناردیان ئەو هەڵمانەیان هێنا کە سروشی خوایان پێئەنووسی، خڕیان کردنەوە لە شوێنێکداو دایان پۆشتن، ئینجا زەکەریا فەرمووی بە منداڵێ لەو منداڵانەی کە لەوێدا ئەیان خوێند: دەستت ببەو یەکێ لەو قەڵمانە دەربێنە، ئەویش دەستی بردو قەڵمەکەی زەکەریا هات بەدەستیەوە، ئینجا وتیان ئێمە بەوە ڕازی نین، بەڵکو قەڵمەکانمان فڕێ بدەینە ناو ئاو هەرکەس قەڵمەکەی بەرز بوویەوەو کەوتە سەر ئاوەکە مەریەم لای ئەوبێت، ئینجا کاتێ هەموو قەڵمەکانیان فڕێ دایە ناو ڕووبارەکەی ئەردەن قەڵمەکەی زەکەریا کەوتە سەر ئاوو قەڵمەکانی ئەوانی تر نقوم بوون، دیسان بەوەش ڕازی نەبوون‌و وتیان: ئەم جارەش فڕێیان ئەدەین قەڵمی هەرکەس

بەرز بوویەوەو سەر ئاوەکەوە لەگەڵ ئاوەکە پڕیی مەریەم لای ئەو کەسە بێت، ئینجا کە فڕێیاندا قەڵەمی ئەوان کەوتەسەر ئاوەکەو وەستا، قەڵەمی زەکەریا وەک کەوتە سەر ئاو لەگەڵ ئاوەکەش پڕیی، لەوێدا ئێتر بیانوویان نەما و زەکەریا وەری گرت و بووبە دەستەبەری. ئینجا ئەو پرۆداوە بەجۆری ئەم پرۆایەتە بووبێ یا بە جۆری هەر پرۆایەتێکی تر هیچ گرنگ نیەو لە ئایەتەکەوە ئەوە وەرئەگیرێ کە ئەوانە بڕیاریان هاتە سەر ئەوە کەلە پڕێگەیەکی تایبەتیەوە ــ بەهۆی ئەو قەڵەمانەیانەوە ــ بزانن کێ مافی هەیەو شایستەیە بۆئەوەی مەریەم بەخێوبکات، لەسەرەنجامدا زەکەریا لەو تاقی کردنەوەدا دەرچوو، بە هەرجۆرو لەسەر هەر شێوە ئەم پرۆداوە ـ وەک لە پێشەوە ووتمان شتێکی نادیاریی و ونی نەزانراوبوو، بە هیچ لەوانە نەبووە پێغەمبەر(ﷺ) شتی وا هەر بە دڵیشی دا گوزەربکات، کەواتە نابێ هیچ ژیرێک گومانی ببێ لەوەدا کە خوا ئاگاداری کردووە پێی و سروشی بۆ کردووە، جا لەبەرئەوە بۆ دەم کوت کردنی بێبڕواکان و سەرزەنشتیان بەتایبەتی باسی ئەمەش ئەکات، ئەفەرموێ بە پێغەمبەرەکەی(ﷺ) ﴿وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ﴾ تۆ لە لای ئەوان نەبووبیت ﴿إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَٰمَهُمْ﴾ ئەو کاتەی کە قەڵەمەکانیان فڕێ دا بۆئەوەی بزانن ﴿أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ﴾ کامیان دەستەبەری مەریەم ئەبن بۆ بەخێوکردن و سەرپەرشتی کردنی، ﴿وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ﴾ تۆ لایان نەبووبیت کاتێ کە ئەوان دەمەقاڵێیان ئەکرد لەبارەی مەریەمەوە، کەواتە ئەم خەواڵەت لە خواوە وەرگرتووەو تۆ پێغەمبەری.

لەپاش ئەو وتە تێهەڵکێشە ئینجا دێتەوە سەر باسە سەرەکیەکەو باسی چۆنێتی پەیدا بوونی عیسا ئەکات کە تاقانە پرۆداوێکی سەرسوڕهێنەرە بە پێی باوی بوونەوەر، کارێکی ئاسایی و سووک و ئاسانە وەک هەموو کارێکی تر لە بەدەم مەیل و خواهیشی خوادا، ئەفەرموێ: ﴿إِذْ قَالَتِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾ باسی ئەو کاتە بکە کە فریشتە ووتی بە مەریەم: ﴿يَٰمَرْيَمُ﴾ ئەی مەریەم، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ﴾ بێگومان خوا موژدەت پێئەدا بە وتەیەک لەلایەن خۆیەوە، واتە بە مندااڵێک کە پەیدا ئەبێ بە وتەی خوا کەکاتێ مەیلی بوونی هەر شتێکی کرد ئەفەرموێ ببەو ئەو شتەش ئەبێت، ئێتر مەبەست بەو وتەیە پرۆکەشو پرۆاڵەتەکەی بێت بەو جۆرو شێوەی کە شایستەیە بۆ خوا وەک هێندێ لە زانایان ئەفەرموون. یا مەبەست پرۆکردنی ئیرادەو خواهیشی خوا بێت بۆ ئەو شتە وەک هێندێکی تری لەسەرە، بە هەرکام مەبەست بێت بێگومان هەموو شت هەر یەوە پەیدا ئەبێ،

ٱسْمُهُ ٱلْمَسِيحُ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ وَجِيهًا فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْآخِرَةِ وَمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿٤٥﴾ وَيُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِى ٱلْمَهْدِ وَكَهْلًا وَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٤٦﴾ قَالَتْ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِى وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِى بَشَرٌ ۖ قَالَ كَذَٰلِكِ ٱللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٧﴾ وَيُعَلِّمُهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ ﴿٤٨﴾

بەڵام کار و بەرهەمی ئەو وتەیە لە عیسادا ئاشکراترە، لەبەرئەوە بەتایبەتی ئەو بەوە ناوبراوە کە ئەو وتەیە ﴿ٱسْمُهُ ٱلْمَسِيحُ﴾ ناوەکەی ﴿ٱلْمَسِيحُ﴾ واتە پیت و فەر دار یان بەردەوام لەسەر خواپەرستی کە ئەویش ﴿عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ﴾ عیسای کوڕی مەریەمە، یا ئەو وتەیە ناونیشانەکەی کە پێی جوێ ئەبێتەوە لە هەرکەسێکی تر ئەم سێ شتەیە پێکەوە: ﴿ٱلْمَسِيحُ، عِيسَى، ٱبْنُ مَرْيَمَ﴾ ئەوەی کە وترا لە تەفسیری ﴿بِكَلِمَةٍ﴾دا بەپێی ڕای زۆربەی زانایانە، ڕای هێندێ تر لەسەر ئەوەیە کە ئەو وتە لە(متشابه)کانی قورئانەو هەر حەواڵەی خوا بکرێ باشترە، بەڕاستی هەر ئەم ڕایە بێ ئەرک و بێ مەترسیە، ئەوەی کە مەبەستو پێویستە ئەمەیە کە خوا لە دروست کردنی عیسادا باوی لەوەو پێشی گۆڕی و عیسای دروست کرد بەجۆرو شێوەیەکی تر نەک لە ڕێگەی باوکەوە، وەک لە یەکەمجارەوە ئادەمی دروست کرد بەبێ باوک و دایک.

لەو موژدەیەدا کە پێیاندا جۆرەکەیان دیاریی کرد لەگەڵ ناوو نازناوو نەسەبو نەژادی دا، دەریان خست کە نەژادی ئەگەرێتەوە هەر بۆڵای دایکی، هەروەها سیفەتو پایەو پلەیشیان باس کرد بەم جۆرە: ﴿وَجِيهًا فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْآخِرَةِ وَمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ﴾ ماقوولو بەڕێزە لەجیهانو لە ڕۆژی دوایی دا، لەو بەندەیانەیە کە نزیک خراونەتەوە لە بارەگای خواوە، هەروەها باسی نیشانەی موعجیزەیەکی ئاشکرایشی بۆ کرد کە خوا بۆی ئەکات بە دوای لە دایک بوونی دا، ئەفەرموێ: ﴿وَيُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِى ٱلْمَهْدِ﴾ قسەئەکات لەگەڵ خەڵکدا لە کاتێکدا کە منداڵەو لە بێشکەدایە ﴿وَكَهْلًا﴾ لە کاتێکدا کە تەمەنی لەسی ساڵ بەرەو ژوورە، واتە قسەکردنی لە بێشکەدا ڕێک و پێکەو یەکسانە لەگەڵ قسەی لەو تەمەنەدا کە سەرەتای جۆشی هێزو پیاوەتیەو لەویشەوە موژدەی تیایە بەمانی تا ئەو تەمەنە، ئینجا باسی کۆڕو کۆمەڵی

ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿وَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ لەپیاوچاکانی جیهان ئەبێ. فریشتە ئەو موژدەیەی دایە، بەڵام مەریەمی تازە پێ گەیشتووی داوێن پاکی بێناگا لەوەی کەشتی وا بگونجێ یاشتی وابەدڵی هیچ کەسێکداگوزەربکات، چونکەدژو پێچەوانەی باوی جیهانە، ئەو مەریەمە دیارە ئەبێ زۆر سەری سوڕبمێنێ لە شتی وا، لەبەرئەوە ڕووی کردە خوای خۆی و ﴿قَالَتْ﴾ ووتی: ﴿رَبِّ﴾ ئەی پەروەردگارم ﴿أَنَّىٰ يَكُونُ لِي وَلَدٌ﴾ من لە کوێو چۆن منداڵم ئەبێ ﴿وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ﴾ لە کاتێکدا هیچ کەسێکی نێرینە لێ نەکەوتووە، بەپێی باوی جیهان ژن بەبێ مێرد منداڵی نابێ، ئینجا وەڵام درایەوە بەجۆرێ سەرسوڕمانی نەمێنێو دڵ ئارام ببێ، بەم ڕەنگە ﴿قَالَ﴾ خوا پێی فەرموو لەسەر زمانی فریشتەکە، یا هەر فریشتەکە پێی فەرموو ﴿كَذَٰلِكِ ٱللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ﴾ هەر بەو جۆرو شێوەیە خوا دروست ئەکات هەرشتێ کە بیەوێو مەیلی ببێ، یا ﴿كَذَٰلِكِ ٱللَّهُ﴾ هەر بەو جۆرەیە خوا، واتە ﴿يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ﴾ هەرچی بووێ دروستی ئەکات، واتە دروست کردنی هەرشتێ کەوا بیەوێ سووکو ئاسانە وەکو ڕوونی ئەکاتەوە کە ئەفەرموێ: ﴿إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا﴾ کاتێ مەیلی هەرکارێ بکاتو بڕیاری بدات، ﴿فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن﴾ هەر ئەوە ئەفەرموێ: ببە، ﴿فَيَكُونُ﴾ ئیتر ئەو شتە ئەبێو پەیدا ئەبێ بەبێ پێویست بەهیچ کارو کردەوەیەکی تر. ئینجا لەو موژدەیەدا دریژی پێدا بە چەند بەهرەیەکی تری گرنگ کە خوا ئەیدا بەو کوڕەی، ئەفەرموێ: ﴿وَيُعَلِّمُهُ ٱلْكِتَٰبَ﴾ فێری نووسینو خوێندنەوە، یا نامەی ئاسمانی ئەکات ﴿وَٱلْحِكْمَةَ﴾ فێری لێزانیو کاردروستی، یا زانینی حەرامو حەڵاڵو نەسراری شەریعەتی خوا ﴿وَٱلتَّوْرَىٰةَ﴾ فێری تەوراتی ئەکات بە خوێندنو خەریک بوون، یا بە بەهرەو بەخشینێکی خوایی، ﴿وَٱلْإِنجِيلَ﴾ فێری ئیجیلی ئەکات بە سروش کردنی بۆی، تەورات نامەی عیسایش بوو، بنەڕەتی ئەو ئایینو شەریعەتە بووکە پێی ڕەوانە کرا، ئینجیل تەواو کەری تەورات بووو ڕۆحی تەوراتی زیندوو کردەوە لەپاش ئەوەی کوژایەوە لە دڵی زۆربەی ئیسرائیلیەکاندا، ئەو بڕیارو شەریعەتەی تازە کردەوە کە تەورات هێنای بێجگە لە چەند شتێکی تایبەتی کە سڕیەوە، لەبەرئەوەی بۆ چەرخو سەردەمێکی تایبەتی هاتبووێو لەکاتی هاتنی ئینجیلدا بەرژەوەندی نەما لە هێشتنەوەی ئەوانەدا، هەوڵی ئەدا بۆ گەڕانەوەی ئیسرائیلیەکان بۆ لای ئەو ڕاستیو خواناسیو ڕەوشتو کردەوە پاکو خاوێنەی کە تەورات هێنایو ئیسرائیلیەکان دوور کەوتنەوە لێیان،

وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنِّي قَدۡ جِئۡتُكُم بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ أَنِّيٓ أَخۡلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ وَأُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأۡكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿٤٩﴾

﴿وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾ وە ئەیگێڕێ بە فرۆستادەو نێررراو بۆلای ئیسرائیلیەکان بە جۆرێ پاڵەگەیەنێ پێیان کە ﴿أَنِّي قَدۡ جِئۡتُكُم بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ﴾ من هاتووم بۆلاتان بە بەڵگەو موعجیزەیەکی گەورە لەلایەن پەروەردگارتانەوە لەسەر پێغەمبەرێتی یەکەم، هاتووم بەمەی کە ﴿أَنِّيٓ أَخۡلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ﴾ من دروست ئەکەمو نەخشە ئەکێشم بۆتان لە قوڕ شتێك بە وێنەی پەلەوور ﴿فَأَنفُخُ فِيهِ﴾ ئینجا فووی پیا ئەکەم ﴿فَيَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ﴾ بەمۆی ئەوەوە ئەبێ بە پەلەوورێکی زیندوو بە ئیزنو فەرمانی خوا ﴿وَأُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ﴾ کوێری مادەر زادەو بەڵەك چاك ئەکەمەوەو پزگاریان ئەکەم لە کوێریو بەڵەکی بەئیزنو فەرمانی خوا ﴿وَأُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ﴾ مردووان زیندوو ئەکەمەوە بە ئیزنی خوا، ﴿وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأۡكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمۡۚ﴾ هەواڵتان ئەدەمێ بەئەوەی کە ئەیخۆنو ئەوەی کە ئەیهێڵنەوەو زەخیرەی ئەکەن لە ماڵەکانتاندا، ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾ بەڕاستی لەوانەدا کەباس کران نیشانەی پوون هەیە بۆتان کە ڕاستی فرۆستادەیی و پێغەمبەرێتی من بگەیەنێ، ئەگەر ئێوە بڕواداران ئامادە بن بۆ بڕوا هێنان، واتە ئەگەر ئێوە بەو جۆرە بن سوود وەرئەگرن لەو نیشانانەو بەڕاستی بڕوا ئەهێنن.

خوای میهرەبان پێغەمبەرانی نارد ـ سەلامیان لێ بێ ـ بۆسەر گەلانی جیهان بە نیشانەو موعجیزەوە، هەرکام لەو موعجیزانە هەرچەندە هەموو کەس داماوو دەستەپاچە بوون لە ئاستیان، بەڵام هێشتا زیاد لەوەش هەر پێغەمبەری جۆرە نیشانەو موعجیزەیەکی تایبەتی

پێداوە کە گرنگ ترو بەهێزتر بووبێ بەلای گەلەکەیەوە، بۆ نموونە لە چەرخی حەزرەتی موسادا سیحرو جادو باوبووەو بەدڵی خەڵکدا گرنگ بووە، دەی خوا جۆرە موعجیزەیەکی پێدا کە جادووی جادوکەرەکانی پەك خست‌و لووشین، لەچەرخی حەزرەتی عیسادا ــ سەلامی خوایان لێ بێ ــ پزیشکی‌و زانیاری تەندروستی باوبووەو زۆرتر جێگەی سەرسوڕمان بووە، دەیخوا ئەو جۆرە موعجیزانەی دایە کە هەموو پزیشك‌و زاناکان داماوو دەستەپاچەبوون لەبەردەمی دا، ئینجا موعجیزەکانی هەرچۆنێ ئاوا گرنگ‌و بەهێزبوون، هەروەها زۆر ڕێك‌و پێك‌و پەیوەست بوون لەگەڵ پەیدا بوون‌و لەدایك بوونی خۆی، چونکە موعجیزەکانی بریتین لە گیان بەبەراکردنی بێ گیان‌و گێڕانەوەی بۆ بەگیان‌و گێڕانەوەی تەندروستی کە جۆرێکە لە گیان بۆ ناساغ‌و نەخۆش کە جۆرێکە لە مردوو، بریتیە لە زانینی شتێ کە وێ‌و نادیاریی بوو، هەرچۆنێ خۆی گیانێك بووو خوا فەراهەمی هێنا لەپاش نەبوون، هەرچۆنێ بوونی نەزانراو بوو، بە دڵی هیچ کەسێکدا نەئەهات کە شتی وا بگونجێ، کەواتە لەپاش بینینی ئەو موعجیزانە لەسەر دەستی حەزرەتی عیسادا ئیتر چۆن جوولەکە سەریان ئەکردەوە لە پاك‌و خاوێنی مەریەم‌و عیسادا؟ -سەلامی خوایان لێ بێت‌و نەفرین‌و خەشمی خوا بباڕێ بەسەر جوولەکەدا- ئایا ئەو خوایە کە ئەو موعجیزانەی دا بەعیسا ناتوانێ عیسا فەراهەم بێنێ بەبێ باوك؟ حەزرەتی عیسا ــ سەلامی خوای لێ بێ ــ ئەو موعجیزانەی ئەنواندو ئەیفەرموو: ئەمە لە لایەن خواوەیەو بە ئیزن‌و فەرمانی خوا بۆئەوەی کەس زیادەڕەوی نەکات‌و لەسنووری بەندەیی دەرنەکرێ‌و بەرز نەکرێتەوە بۆ سنووری خوایەتی، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئادەمی هەڵە بازە‌و لە ڕێگەی ڕاست ئەترازێ بەهەر باڕێکدا، ئینجا لەو موژدەیەدا هەواڵی دا بە سروشت‌و بەرنامەیەکە حەزرەتی عیسای لەسەر ئەبێ‌و ڕای ئەگەیەنێ بە ئیسرائیلیەکان،

وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ ٱلَّذِى حُرِّمَ عَلَيْكُمْ ۚ

ئەفەرموێ: ﴿وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ﴾ من هاتووم بە بڕواهێنەر بەو تەوراتەی کەلە پێش منەوە هاتووە، یان هاتووم پاستی تەورات دەرئەخەم بەمەی کە ڕێکم لەگەڵی و هاتنەکەم دەق و سەربەرە لەگەڵ هەواڵدانی تەورات بەهاتنم، ﴿وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ ٱلَّذِى حُرِّمَ عَلَيْكُمْ ۚ﴾ هاتووم بۆئەوەی حەڵاڵ بکەم بۆتان هێندێ لەوانەی کە قەدەغە کرا لەسەرتان لەشەریعەتی موسادا، وەک خواردنی گۆشت و پیوی حوشترو چەوری ئاژەڵ و گۆشتی ماسی و ئەو جۆرە شتانە کە بەهۆی لاری و سەرکێشی ئیسرائیلیەکانی لەوەو پێش خوا قەدەغەی کردن و بەوە تەمێی کردن، ئینجا لەشەرعەتی ئینجیل دا نەرمی بەکار هێنا و ئەو قەدەغەیانەی حەڵاڵکرد، کەواتە دەرکەوت کە تەورات نامەیەکی سەرەکی بووە لە شەریعەتی عیسادا، سڕینەوەی قەدەغەی ئەو جۆرە شتانە نابێ بەهۆی جیاوازییان، هەرچۆنێ هەر لەشەریعەتی قورئاندا هێندێ لەپێشەوە قەدەغە کراو لەپاشدا حەڵاڵ کرا، یا چەند شتێ لە پێشەوە حەڵاڵ کراو لەپاشدا قەدەغەکرا، یا لەپێشەوە پێویست کراو لەشدا پێویست کردنەکەی سڕایەوە، لەوەوە دەرئەکەوێ کە ئایین بە شێوەیەکی گشتی ئەبێ ڕژێم و بەرنامەی ژیانی پێبووبێ، نەک ئایین بریتیە هەر لەپاک و خاوێن کردنەوەی هەست و دەروون و ڕەوشت و هێندێ عیبادەت و خواپەرستی و پەیوەندی بەندە بە خواوە و ئیتر بەس، نەخێر شتی وا هەرگیز نەبووە، بەڵکو ئایین ـ هەموو ئایینێ ـ جۆرێکە لە بەرنامەی ژیان کە خوا داینـاوە بۆ بەندەکانی لە هەموو بارو ڕوویەکەی ژیانیانەوە، ئەوەی کەلە مەسیحێتی ئەمڕۆدا ئەبینێ کە ئاییی دوور خستەوە لەمیریی و دەوڵەت، ئەوە دوورە لەو ئاییـنەی کە حەزرەتی عیسا هێنای، هەر ئەوەش بوو بەهۆی هەموو لاری و ناڕەباری و گرێیەک لەژیان و جیهاندا، چونکە ئەو جیاکردنەوەی ئاییـنە لەوانەوە کەوتە ناو جیهانی ئیسلامی و ئەمانیش لاسایی ئەوانیان کردەوە و ڕژێم و یاسای ئاسمانیان لابردو گۆڕییان بەیاسا و ڕژێمی زەمینی، بەهۆی ئەوەوە جیهان و ژیان کەوتە ئەم گێژاوە کە ئەبینرێ و ڕزگاربوون نابێ بە گەڕانەوە نەبێ بۆ ژێر سایەی ئەو ڕژێم و یاسا ئاسمانیەی کە لەم دواترین شەریعەتەدا هات و بە کردەوە لەژیاندا بەدی هێنرا.

وَجِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿٥٠﴾ إِنَّ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ ۗ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٥١﴾ ۞ فَلَمَّآ أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنْهُمُ ٱلْكُفْرَ قَالَ مَنْ أَنصَارِىٓ إِلَى ٱللَّهِ ۖ قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَٱشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٥٢﴾ رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلْتَ وَٱتَّبَعْنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٥٣﴾

لەپاش ئەوەی بەو هەموو موعجیزەو نیشانە پوونانە پاستی پێغەمبەرێتیەکەی دەردەخات، ئینجا نیشانەیەکی تریان بۆ باس ئەکات کە هۆی دڵنیایی و ئارامی دڵە، ئەوەش ئەمەیە کە ئەوەی ئەم پای ئەگەیەنێ تاک و تەنیایی و پەروەردگارێتی خوا بۆ خۆی و بۆ ئەوانیش بەیەکسانی کە ئەوەش پێ و پێبازی هەموو پێغەمبەرانە ـ درودی خوایان لێ بێ ـ، بەپاستی زانین و ناسینی ئەوەش هەر موعجیزەبوو کە ئەو پێ پاستەی لێ تێك نەچوو لەناو ئەو گەلەدا کە ئایینی خوایان گۆڕی و پێغەمبەرایان کوشت، ئەمیش لەوانە نەبووە لە خۆیەوە شتی وا لاڕێی خوا، هەرئەوەش پێی پاستە، ئەفەرموێ: ﴿وَجِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ من هاتووم بۆ لاتان بە بەڵگەو نیشانەیەکی ئاشکرا لەلایەن پەروەردگارتانەوە ﴿فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ کەواتە لە خوا بترسن و خۆتان لەسەر کێشی و نافەرمانی، گوێڕایەڵی من بن لەهەر فەرمانێ کە پێتان ئەسپێرم لەلایەن خواوە.

ئەو نیشانە ئاشکرایەش کە بۆم هێناون ئەمەیە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ﴾ بە پاستی خوا پەروەردگاری منەو پەروەردگاری ئێوەیشە ﴿هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ﴾ ئەمەیە پێی پاست، بێجگە لەم پێی تاک و تەنیایی خوا ئیتر هەر هەمووی لارو چەوت و مایەی سەر لێ شێوان و بەدبەختیە، یان مەبەست بە وتەی ﴿بِـَٔايَةٍ﴾ هەر موعجیزەکانە کەلە پێشەوە باسی کردن، دووبارەی کردنەوە بۆئەوەی ببێ بەسەرەتا بۆئەوەی کە بەدوای دا ئەیهێنێ، وتنی ئەوەش بەشێکە لە پەیامەکەی کە کورتەکەی ئەوەیە:

١- بەڵگەو موعجیزەم هەیە، ئەو بەڵگەو موعجیزەش لەلایەن خواوەیەو من دەسەڵاتو توانام نیە بەسەری دا.

٢- بانگتان ئەکەم بۆ فەرمانبەری خواو خۆپارێزی لەسەرپێچی و نافەرمانی.

٣- گوێ پایەڵی خۆی کە پێغەمبەری خوایە.

لەپاش ئەوە ئینجا دڵنیا کردنیان لەسەر خوایەتی و پەروەردگارێتی خوا بۆ خۆی و بۆ ئەوان، کەواتە خۆیشی وەک ئەوان بەندەی خوایە و بەهیچ ڕەنگ نزیکی سنووری خوایەتی نەکەتووەتەوە. ئەو موژدەیەدرا بەحەرزەتی مەریەم و هەرچی وترا لەبارەی ئەو کوڕە تاقانەوە بەدی هات، واتە لەدایک بوو و هەر لە بێشکەدا قسەی کرد لەگەڵ ئەوانەی کەلە یەکەمجارەوە بەد گومان بوون سەبارەت بە خۆی و دایکی، وە بەو پاکی خۆی و دایکی ڕوون کردەوە، لەپاش دا کرا بە پێغەمبەر بۆ سەر نەوەی ئیسرائیل و بانگی کردن بۆ ڕێگەی خواو ئەو موعیزانەی کە باس کران لە موژدەکە بەدی هێنان بۆیان کە هەرکەس سەرکێشی نەبێ و خۆی کوێر نەکات لە ئاستیان ئەزانێ کە خاوەنی ئەو موعجیزانە پێغەمبەری خوایە، ئینجا لەگەڵ ئەو موعجیزە ئاشکرایانەدا جوولەکەکان هەر بڕوایان نەهێناو لاقرتییان ئەکرد بەخۆی و بە موعجیزەکانی، ﴿فَلَمَّآ أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنْهُمُ ٱلْكُفْرَ﴾ ئینجا کاتێ کە عیسا هەستی کرد بەبێبڕوایی ئەوان و زانی بە بەپیلان و نیازی بەدیان ﴿قَالَ﴾ فەرمووی: بە هاوڕێ تایبەتیەکانی: ﴿مَنْ أَنصَارِىٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾ ئایا کێن یارمەتی دەرانی من لە کاتێکدا کە من پەنا ئەبەم بۆ لای خواو بانگی خەڵکی ئەکەم بۆلای؟ واتە هەموو بانگ کەرێک یارمەتی دەری ئەوێ کە لەگەڵ ڕاپەڕین و هەڵگری بانگ و ئالاکەی بن و بەرگری لێ بکەن و ئەوانیش بیگەیەنن بە مەردومانی تر لەپاش ئەو، جا لەبەرئەوە کێ لەگەڵ من ئەبێ و ئەو ئەرکە ئەگرێتەوە گەردن؟ ﴿قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ﴾ هاوڕێ تایبەتیەکانی وتیان: ﴿نَحْنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ﴾ ئێمە یارمەتی دەرانی خواین، واتە ئێمە یارمەتی دەری تۆو ئایینی خواین کە مەبەست بە یارمەتی دانی خوا هەر ئەوەیە، بەڵام بەو جۆرە تەعبیرەی کە ئەوان وتیان زۆر بەهێزترەو باشتر سەرنج ڕائەکێشێ و ئەگەر دەقی مەبەستەکەیان بووتایە، واتە یارمەتی دەرانی تۆین ئەم جێگەی نەئەگرت. ﴿ءَامَنَّا بِٱللَّهِ﴾ ئێمە بڕوامان هێناوە بە خوا، واتە لەبەرئەوە ئەبێ یارمەتی تۆو ئایینەکەی خوا بدەین، چونکە بڕواکەمان داخوازی ئەوەیە، ﴿وَٱشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ تۆیش شایەتیمان بۆ بدە لە ڕۆژی دوایی دا کە ئێمە ئێستا ملکەچین بۆ خواو گوێڕایەڵین بۆ فەرمانی تۆ کە یارمەتی دانت

بەشێکە لە داواو فەرمانت، ئینجا ئەوا بارو حاڵی خۆیان پێشکەش ئەکەن بە بارەگای خواو پەیمان بەویش و ئەپارێنەوە کە وەریان گرێ: ﴿رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلْتَ﴾ ئەی پەروەردگارمان ئێمە بڕوامان هێنا بە هەر نامەیەک کە ناردووتە خوارەوە، بێگومان ئینجیل یەکەم و سەردەستەیە لە نیازو مەبەستیاندا، ﴿وَٱتَّبَعْنَا ٱلرَّسُولَ﴾ شوێنی پێغەمبەرەکەت کەوتین و گوێڕایەڵین بۆئەوەی کە هێنای لەلایەن تۆوە بۆ ئێمە ﴿فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾ کەواتە بمان نووسە لەگەڵ شایەتەکان و بمانخەرە ڕیزی ئەوان، ئەوانە کە شایەتن لەسەر تاک و تەنیایی خۆت و ڕاستی ئایین و پێغەمبەرانت، بێگومان هەرکەس بڕوای ببێ بە ئایینی خوا ئەبێ شایەتی بدا بەڕاستی ئەو ئایینە، بەجۆرێ کە بیگەیەنێ و دەری ببڕێ کە هەر ئایینی خوا مانەوە و پەیڕەوی کردنی هەیە، ئەو شایەتیەش بەدەمی ڕووت و بە بڕوای ڕووت تەواو نابێ و جێگەی خۆی ناگرێ، بەڵکو کاتێ شایەتیەکەی ڕاستەقینەو خۆی ئەبێ بە شایەتێکی ڕاست کە بە ڕەوشت و کردەوەش ئەو شایەتیە بدات بە جۆرێ ببێ بە ئاوێنەیەکی باڵانما بۆ ئەو ئایینە، کەواتە پێویستی سەرشانێتی کە بەپێی توانا بکەوێتە هەوڵ و تێکۆشان بۆ گێڕانی ئەو ئایینە بە بنەڕەتی ژیانی، ڕژێمی ژیانی گەڵ و یاسای خۆی و گەڵ لەو ئایینە وەرگرێ، ئەبێ ئامادەبێت بۆ خۆبەخت کردن و خوێن ڕشتن لە پێناوی ئەو ئایینەدا، لەبەرئەوەیشە کە ئەو جۆرە خۆبەختکەرانەو ئەو خوێن ڕژاوانە ناو ئەبرێن بە ﴿شهید﴾ لە ڕاستی دا شایەتی ڕاستەقینە ئەو کەسانەن کە بەخوێنی خۆیان شایەتی ئەدەن لەسەر ڕاستی و ڕێزو نرخی ئایینەکەیان. جا ئەو هاوڕێ ڕاستانەی حەرزەتی عیسا ئەپارانەوە لە خوا کە بیان نووسێ لە ڕیزی ئەوانە کە بەو جۆرو شێوە ڕاستەقینە ئەیانکات بە شایەت لەسەر ئایینەکەی، یارمەتیان بدا لەوەی ببنە نموونەو نوێنەری ئەو ئایینەو بیانخاتە ڕاپەڕینو بزووتنەوەو تێکۆشان لە ڕێی پێك هێنانو بەدی هێنانی بەرنامەی ئەو ئایینە لە ژیاندا، پێك هێنانی گەڵ و کۆمەڵێك کە ببن بە نوێنەری ئەو بەرنامەیە، ئیتر با لەو هەوڵ و تێکۆشانەدا سەرو ماڵیان تیا بچێ.

بەڕاستی نزاکەیان شایستەیە بۆ بیرلێ کردنەوە لەلایەن هەر کەسێکەوە کە لافی موسڵمانێتی لێ ئەدات، چونکە ئیسلامی ڕاستەقینە هەر ئەوەیە کە ئەوانە تێی گەیشتوون،

هەرئەوەیش بووە لەدڵی هەموومووسڵمانە ڕاستەقینەکانی هەموو جیهاندا، ئینجا باسەکە دوایی ئەهێنێ بە ئاماژەکردن بۆ دواترین پیلانی جوولەکەکان دەربارەی حەزرەتی عیسا(علیه السلام)، پیلانی کوشتنی و لەناو بردنی تا خوا ڕزگاری کرد.

ئەو جوولەکانە ــ نەفرینی خوایان لێ بێ ــ وەك بڕوایان پێنەهێنا لەگەڵ ئەو هەموو موعجیزە ڕوونانە، وەك بڕوایان نەهێنا هەر وازیشیان نەهێنا، بەڵکو نەوەستان لە هەر جۆرە پیلان و کردەوەیەکی خراپ کەلەدەستیان بهاتایە، بوختانیان کرد بۆ خۆی و بۆ دایکە داوێن پاکەکەی، پڕوپاگەندەیان لێ ئەکرد بەوەی کە درۆزن و دەلەسە چی و جادوبازە، بۆیان لێ دا لای پادشای ڕۆمانیەکان(بیلاطیس) و شکاتیان لێ کرد بەوەی کە وڵات تێك ئەدات و گەل هەڵئەخەڵەتێنێ لە دەوڵەت، بە جادو بازیی بێروباوەڕی خەڵکی تێك داوە! هەتا کارێکی وایان کرد ئەو پاشایە ڕێی دان چی لێ ئەکەن بیکەن، خۆی زاتی نەبوو هیچی لێ بکات، چونکە هیچی لێ نەدیبوو، ئینجا ئەوانیش بڕیاری کوشتنیان دا، چەند کەسێکیان بۆ ئامادەکرد کە بچنەسەری و بیکوژن،(یهوذا) ناو کە لەناو هاوڕێ و قوتابیەکانی عیسادا بووو ناپاك بوو ئەو هۆدەیەی نیشان دان کە حەزرەتی عیسای تیابوو، وەخۆی چووە ژوورەکە، بەڵام لەپێش چوونی ئەودا خوا عیسای بەرز کردەوە بۆ ئاسمان، ئینجا کە ئەم ناپاکە چووە ژوورەکەوە خوا شێوەو ڕەنگ و دەنگی عیسای بەسەردا کێشا، دیارە نازانێ ئەوەی بەسەر هاتووە و بە شوێنی عیسادا ئەگەڕێ، کاتێ دەستی نەکەوت هاتە دەرەوە ووتی: عیسا لەوێ نیە، ئینجا سەرۆکی سەربازەکان کە چاوی پێکەوت بە عیسای زانی فەرمانی دا بەگرتن و کوشتنی،(یهوذا)ی ناپاکیش ووتی: من(یهوذا)موسڵمان، سەرۆکەکەش ووتی: ئەگەر تۆ عیسانیت ئەی عیسا کوا؟ ناپاکەکەش ئەیوت: ئەگەر من عیسابم ئەی(یهوذا) کوا؟ خوای کارساز ئەو ناپاکەی بەو جۆرە لێ کرد تا گرتیان و بە ناوی عیساوە کوشتیان، ڕۆیی بۆ دۆزەخ، لەو بارەکەیشەوە عیسای گەیاند بە پلەی بەرزی خۆی،

وَمَكَرُوا۟ وَمَكَرَ ٱللَّهُ ۖ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَٰكِرِينَ ﴿٥٤﴾ إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّى مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَىَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوْقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ

ئەفەرموێ: ﴿وَمَكَرُوا۟﴾ ئەو جوولەکانە پیلانو فڕوفێڵ تەدبیرەکەی خۆیان کردو بەجێیان هێنا، ﴿وَمَكَرَ ٱللَّهُ﴾ خوایش تەدبیری خۆی کرد، بەم ڕەنگە بەربەستی پیلانو تەدبیرەکەی ئەوانی کردو چارەسەری عیسای کرد ﴿وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَٰكِرِينَ﴾ خوا باشترینی هەموو تەدبیرکەرانە، وتەی ﴿مکر﴾ بۆ سێ مەبەست بەکار ئەهێنرێ:

١- هەوڵدان بۆ دووچار کردنی یەکێ بە ناڕەواو زیانِ پێگەیاندنی بەفێڵو فڕ بەجۆرێ بەخۆی نەزانێ.

٢- زیان گەیاندن بە یەکێ بەجۆرێ کە بەخۆی کە بەخۆی نەزانی.

٣- تەدبیرێکی ڕێکو بەهێز لە کارو کردەوەدا.

بێگومان جۆرێ دووەمو سێیەم بۆ خوا بەکار ئەهێنرێ، بەڵام بەجۆرێ یەکەم ناگونجێ بەکارهێنانی، کەواتە لەسەر باری یەکەم ئەبێ ئەڵێین: بەکارهێنانی لێرەدا بەپێی باوێکە لەباوەکانی ڕەوانبێژی کە پێی ئەوترێ(مشاكلة) واتە هاوتایی کردنو هاو وێنەیی لە وتنی تەنیادا، نەک لە واتاو مەبەستدا، وێنەی ئەوە هەیە بە زۆری لە قورئانو حەدیسو لە وتراوی ڕەوانبێژاندا، بۆ نموونە: قورئان تۆڵەی خراپەی بە خراپە ناوبردووە، ئەوەتا ئەفەرموێ: ﴿وَجَزَٰٓؤُا۟ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا﴾ وە ئاشکرایە کە تۆڵەی خراپە ڕاستو ڕەوایە، لەسەر ئەو باری یەکەمە ئەڵێن لە(متشابه) کانە ئەو کاتە یا مەبەستێکی ڕێکو ڕەوای بۆ دیاریی ئەکەین یان لێی بێدەنگ ئەبینو بڕوامان پێی هەیە بەو جۆرەی کە خوا ویستوویەتی.

خوای پەروەردگار تەدبیری خۆی کردو چارەسەری کاری عیسای کرد ﴿إِذْ قَالَ ٱللَّهُ﴾ ئەو کاتەی کە خوا فەرمووی بە عیسا: ﴿يَٰعِيسَىٰٓ﴾ ئەی عیسا ﴿إِنِّى مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَىَّ﴾ لەلایەن زانایانی تەفسیرەوە یازدە ڕا هەیە لە تەفسیری ئەم فەرموودەیەدا، ڕایەک لەسەر ئەوەیە کە ئەمە لە(متشابه)کانەو حەوالەی خوا ئەکرێو مەبەستێکی تایبەتی بۆ دیاریی ناکرێ، ئەو دەڕاکەی تر مەبەستی بۆ دیاریی ئەکەن، لەسەر هەموو بارو هەموو ڕایە بێگومان خوا

عیسای ڕزگار کردو پاراستی لەوەی بکوژرێ، هەرکەس لای وابێ کوژراوە ئەو کەسە لە ئیسلام دەرئەچێ، چونکە خوا ئەفەرموێ: ﴿وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ﴾ نە کوشتیان‌و نە هەڵیان واسی، ئینجا هەندێ لەو ڕایانە بە دوور دانراوە‌و هێندێ بەنزیك، لەناو ئەو ڕایانەدا دوانیان هەڵئەبژێرم کە دڵم پێیان بە ئارام تڕە:

١- بەڕاستی من مرۆڤەری تۆم‌و ئەتمرێنم لەو کاتەی کە دیاریم کردووە بۆ مردنی ئاسایی خۆت‌و ڕێ نادەم کەس بت کوژێ، وە بەرزت ئەکەمەوە بۆلای شوێنێ بەرزو ڕێزگرتنی خۆم، یان بۆلای شوێنێ کە هیچ کەس دەسەڵاتی تیای دا نیە بێجگە لە خۆم، واتە ئاسمان کە وەك زەوی نیە، خوا دەسەڵاتی داوە بە بەندەکانی تیای دا.

٢- بەڕاستی من وەرگری تۆم لەزەوی، وەبەرز کەرەوەتم بۆ لای ئاسمان.

ئینجا لەبەر ڕووکەش‌و دیمەنی ئایەتەکە‌و لەبەر چەند حەدیسێکی صەحیح کە بەناو بانگن ئەبێ بڕوامان ببێ کە حەرزەتی عیسا بە لەش‌و بە ڕۆح بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان‌و لە پاش دا دێتەوە بۆ سەر زەوی‌و بەپێی ئەم شەریعەتی ئێمە ڕەفتارئەکات‌و زۆر ئەکات لە گاورو جوولەکە بە موسڵمان بوون‌و بێجگە لەم ئایینی ئیسلامە دان نابێ بەهیچ ئایینێکی تردا، ئینجا هەرکەس سەربکاتەوە لە گونجانی شتی واو خۆیشی بە موسڵمان دابنێ، بەڕاستی ئەو کەسە زۆر جێی سەرسوڕمانە، چونکە ئەگەر موسڵمان بێ ئەبێ تێگەیشتبێ لە خوایەتی خواو بڕوای ببێ بە دەسەڵات‌و توانای بێ سنووری خوا، دەی کەلەوە تێگەیشتبێ چۆن سەرئەکاتەوە‌و سەری سوڕئەمێنێ لەو جۆرە کارانە؟و چۆن بیرناکاتەوە لەوەی کە خوا هەرچۆنێ عیسای بەبێ باوك دروست کردو ئەو هەموو موعجیزەی دایە کە لە توانینی هیچ کەسێکدا نەبوون‌و دژو پێچەوانەی باوو ڕێریی ئێمە بوون، هەروەها بۆ ئەو خوایە هیچی تێناچێ کە عیسا بەرز بکاتەوە بۆ ئاسمان‌و لەپاش دا بیشی هێنێتەوە بۆ زەوی؟!

بەڕاستی بەتایبەتی لەم چەرخی ئێمەدا کە ئەبینین گەشت کەرە ئاسمانیەکان ئەچن‌و دێنەوە، کە گەشت‌و چوونەکەیان بەهۆی هێندێ لەو هێزو وزەو کەرەسانەوەیە کە خوا دروستی کردوون‌و ئادەمی ڕێیان پێبردوون! لەم کاتەدا قسەو بەسەرهاتێکی ڕابردووی خۆم بیرکەوەتەوە بە جوانی ئەزانم گێڕانەوەی:

لەپێش سی ساڵی ڕابووردوو کە تازە لەم وڵاتەدا بوو بوو بەدەنگ‌و باس کە بێگانەکان ئەیانەوێ بچن بۆ سەر مانگ‌و هیچ کەس بڕوای نەئەکرد بەوەی کە شتی وا ئەگونجێ‌و زۆربەی خەڵکی لاقرتی لێ ئەهات لەو قسەو باسە، لەو چەرخەدا جارێ لەسەفەر ئەگەڕامەوە، لەم لای چەمچەماڵەوە شۆفێری ئۆتۆمۆبیلەکە وا دەرئەکەوت بێبڕوا بوو، لەبەرئەوە بە شێوەیەك وەك شتێکی زۆر گرنگی دەست کەوتبێ دڕۆ پێچەوانەی ئیسلام‌و ئەیەوێ موسڵمانانی پێ دەم کوت بکات، ووتی: مامۆستا ئەوا خەڵکی ئەیانەوێ بچنەسەر مانگ، بێگومان هەرکەس لە ئیسلام تێگەیشتبێ بەو جۆرە ڕووداوانە دڵ بەهێزو دڵنارام تر ئەبێ، منیش سوپاس بۆ خوا بەو هەستە بەرزەوە وەڵامم دایەوە‌و ووتم: ئەوە شتێکی چاکە‌و قسەی ئێمە بەڕاست دەرئەکات، ئەویش سەری سورما‌و ووتی چۆن؟! وتم: ئێمەی موسڵمان ئەمە نزیکی هەزارو چوار سەد ساڵە ئەڵێین: دوو پێغەمبەرمان چووە بۆ ئاسمان، یەکێکیان چووو گەڕایەوە‌و ئەوی تریان هێشتا نەگەڕاوەتەوە‌و لە داهاتوودا ئەگەڕێتەوە، ئێمە ئەم هەواڵەمان دا ئەوەی کە نەفام‌و تێنەگەیشتوو بوو بڕوای نەئەکرد، تا ئەوا خوا بەڕاستی گێڕاو ڕوونی کردەوە بۆ نەفامان گونانجی شتی وا، دەست بەجێ وەك تۆپەڵەیە قوپبدرێ بە دەمی دا پەکی کەوت‌و قسەی نەما. خوای گەورە لەم ئایەتەدا موژدەی دا بە حەزرەتی عیسا بەچوار بەهرە: یەکەم‌و دووەم باس کران.

٣- ئەمەیە کە ئەفەرموێ: ﴿وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا﴾ من پاك کەرەوەی تۆ ئەبم لەوانەی کە بڕوایان نەهێناوە، بەم ڕەنگە لەناویاندا ناتهێڵم‌و دوورت ئەخەمەوە لێیان.

٤- ﴿وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوْقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ﴾ ئەوانەی کە شوێنی تۆ کەوتوون ئەیانخەمە لای سەرووی ئەوانەی بڕوایان نەهێناوە پێت، واتە جوولەکە، هەتا ڕۆژی دوایی.

ئەگەر مەبەست بەشوێن کەوتووان هەر مەسیحی بێت کە شوێن کەوتوون لە بڕوا پێبوون‌و وێستندا وەك(ئیبن‌و جەریر) ڕیوایەتی ئەکات لە(ئیبن‌و زەید)ەوە، ئیتر با ئەو بڕواو خۆشویستنە خوا وەری نەگرێ‌و عیسایش ڕازی نەبێ، ئەگەر ئەوە مەبەست بێت کە هەموو مەسیحیەکان ئەگرێتەوە، چ ئەوانەی کە لایان نەدا لە ڕێبازی عیسا‌و چ ئەوانەی کە لایاندا، ئەوا شتێکی ئاشکرایە کە مەسیحیەکان لە هەموو جیهاندا زاڵبوون‌و سەرکەوتن بەسەر

جوولەکەدا، تا ئێستاو لە داهاتووشدا هەروا ئەبێ، بەڵکو جوولەکە خوا پرژو بڵاوی کردنەوە بە جیهاندا بە ڕیسوایی و سەرشۆڕی، بەجۆرێ بوون بەنموونەو چیرۆک بۆ داماویی و ژێر دەستەیی و کەساسی، لەم دواییەداو ئێستا کە کیام و میرییەکیان بۆ دروست بووە لە سایەو پەنای مەسیحیەکانداو بە یارمەتی هەموو میریەکانی ئەوان ئەوەیان دەستکەوت بوو و هەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوان خۆیان نەکەن بە خاوەنیان بە هیچ ڕەنگ مانەوەو بوونیان نابێ، ئەگەر مەبەست هەر شوێن کەوتووە ڕاستەقینەکان بێت کە مەسیحیە ڕاستەکانی پێش ئیسلام ئەگرێتەوەو هەموو ئوممەتی ئیسلام تا ڕۆژی دوایی، ئەگەر ئەوەش مەبەست بێت هەر ئاشکرایە کە خوا ئەو بەڵێنەی بەدی هێنا، ئوممەتی ئیسلامی زاڵکرد بەسەر جوولەکەداو شێوەی گشتی هەر زاڵ بووەو هەر زاڵیش ئەبێ، نابێ ڕەخنەبگیرێ بەو میرییە بچکۆلەی کە چەند ساڵێکە لە فەلەستیندا پێك هێنراوە، چونکە یەکەم شتێکی ئاشکرایە کە ئەوە ئوردوگاو مەعەسکەرێکە کە هەموو دەوڵەتە بێگانەکان پێکیان هێنا بۆ خۆیان بە ناوی جوولەکەوە، بە یارمەتی هەموویان ڕاگیریان کردووە بۆ ژێر دەست کردنو داگیرکردنی موسڵمانانو وڵاتە پڕ لەخێرو بێرەکەیان، دووەم وەك ئامازەمان بۆ کرد، ئەوە شتێکی تایبەتیەو گشتی نیە، لەم جۆرە شتانەیش دا تەماشای شێوەی گشتی ئەکرێت، بە شێوەی گشتیش موسڵمانان هەر زاڵبوونو هەر زاڵیش ئەبن. ئینجا کاتێ ئێمە پێویستمان هەیە بەم شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە ئەگەر مەبەست بەو سەرکەوتنو زاڵبوونە کەلە بەڵێنەکەدایە، سەرکەوتنو زاڵبوون بێت لە ژیانو جیهاندا، ئەگەر مەبەست سەرکەوتنو زاڵبوون بێت لە تەرازووی خواداو لە بەهێزیو ڕاستی ئایینو بەرنامەدا، ئەگەر ئەمە مەبەست بێت وەك هێندێ لە زانایان لەسەر ئەوەن، ئەوکاتە شتێکی ڕوونەو هیچ لێکۆڵینەوەی ناوێ کە ئایینی پاکی ئیسلام کە ئایینی خواپەرستیە بەڕێکو ڕاستی، ئایینێکە کە هەموو پێغەمبەرانی پێ هاتوون، ئەم ئایینە هەر بەرزو سەرکەوتوو بووە لە تەرازووی خواداو هەر زاڵبووەو هەر بەرزو سەرکەوتووو زاڵیش ئەبێ بەسەر هەموو ئایینو بیروباوەڕێکدا لە جیهاندا هەتا هەتایە، لەسەر ئەم بارە مەبەست بە وتەی(إلى يوم القيامة) نەبڕانەوەو هەتا هەتاییە، نەك دوا هاتنو نەمانی ئەو بەڵێنە لەو کاتەدا.

ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿٥٥﴾ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَأُعَذِّبُهُمْ
عَذَابًا شَدِيدًا فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٥٦﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟
ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٧﴾ ذَٰلِكَ نَتْلُوهُ عَلَيْكَ مِنَ ٱلْءَايَٰتِ وَٱلذِّكْرِ
ٱلْحَكِيمِ ﴿٥٨﴾ إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَ ۖ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن

لەپاش هەواڵدان بەوە، ئینجا هەواڵ ئەدا بە هەمووان بەمەی کە ئەفەرموێ: ﴿ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ﴾ ئینجا لەپاشان هەر بۆلای منە گەڕانەوەتان، واتە عیسا و دواکەوتووەکانی و بێبڕواکان ﴿فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ﴾ ئینجا حوکم و بڕیار ئەدەم لەناوتاندا ﴿فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ لەوەی کە ئێوە دووبەرەکی کەوتن تیای دا، ئینجا ئەو حوکم و بڕیارە ڕوون ئەکاتەوە بەمەی کە ئەفەرموێ: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَأُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ﴾ دووچاری ئەوانەی کە بڕوایان نەهێنا ـ واتە جوولەکە ـ ئەوانە سزایان ئەدەم بە سزایەکی بەتین لە جیهان و لە ڕۆژی دواییدا ﴿وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ﴾ نیە بۆ ئەوانە یارمەتی دەران کە بەرگری سزاکەیان لێ بکات. سزای سەختی ئەوانە لە ڕۆژی دواییدا هیچ جێگەی قسەو باس نیە بۆ هیچ بڕوادارێک، وەسزای جیهانیشیان زۆر ئاشکرایە لای هەرکەسێک کە شارەزا بێت لە مێژووی جوولەکە چ لەپێش ئیسلام و لەپاش هاتنی ئیسلام. ئەوەی کە بەسەر جوولەکە هاتووە لە کوشتن و بڕین و ئاوارە کردن و ڕیسوا کردن هەر وا بە ئاسانی نایەتە ژمارەو باس، هەرکەس ئەیەوێ با سەرنجی کتێبەکانی مێژوو بدات، ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ ئەوانەی کە بڕوایان هێنا و کردەوە چاکەکانیان کرد ﴿فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ﴾ خوا کرێکانیان بە تەواوی پێئەدات و پاداشتی ئەو کردەوانەیان بە فراوانی ئەداتەوە ﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ خواستەم

کارانی خۆش ناوێ، کەواتە هەموو کارو بڕیارێکی هەر دادەو بەجێیەو دووڕە لە ستەم، دادیش داخوازە بۆ ئەوەی کە تۆڵەو پاداشتی ئەوانە بەو جۆرە بێت کەباس کرا.

تا ئێرە داستانی حەزرەتی عیسای هێنا، ئەو داستانەکەی کە دووبەرەکی و دەمەقاڵێی زۆری تیا کرا، ئینجا بە میهرەبانیەوە ڕووی فەرموودە ئەکاتە پێغەمبەر(ﷺ)و بەدڵنیایی کردنی لەسەر ڕاستی و بەجێی ئەوەی کە بۆی باس کردووە، کەواتە بە هەموو ئارامیەکەوە وەری گرێ و پشتی پێ ببەستێ، ئەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ﴾ ئەمەی کە باس کرا لەبارەی عیساوە کە باسێکی بەنرخ و گرنگە ﴿نَتْلُوهُ عَلَيْكَ﴾ ئەیخوێنینەوە بەسەرتدا لەسەر زمانی جوبرەئیل بە ڕێگەو ڕەوانی ﴿مِنَ ٱلْآيَٰتِ﴾ لەو ئایەتانەی کە بەڵگەو نیشانەیەکی ڕوونن لەسەر پێغەمبەرێتی تۆ، چونکە زانینیان بۆ تۆ ئەبێ هەر لە خواوە بووبێ ﴿وَٱلذِّكْرِ ٱلْحَكِيمِ﴾ وە لەو قورئانەی کە لێ زان و دانا و کاردروستەو بەجۆرێ ئەدوێ کە بەسە بۆ هەرکەسێک کە ژیرو تێگەیشتوو بێ، هەر بەو لێ زانی و کاردروستیە لەبارەی پەیدابوونی عیساوە بەبێ باوک شتێ ئەفەرموێ کە هەموو ژیرێ وەری ئەگرێ، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَ﴾ بەڕاستی کاری پەیدابووی عیسا ـ کەسەر سوڕمێ لێی ـ بەڵای خواوە وەک کاری ئادەم وایە، واتە هەرچۆنێ پەیدا بوونی عیسا بەبێ باوک دژو پێچەوانەی باوە، بەڵکو پەیدا بوونی ئادەم دژو پێچەوانەترە، چونکە ئەم بەبێ دایکیشە، ئەوەتا ئەفەرموێ: ﴿خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٍ﴾ خوا دروستی کرد لە خاک، واتە لە پێشەوە قاڵبی لەشی دروست کرد لە خۆڵ، بەم ڕەنگە ـ وەک لە چەند ئایەتێکدا دەرئەکەوێ ـ خۆڵەکە کرا بەقوڕو مایەوە تابوو بە قوڕێکی ترشاو، ئینجا شێلرا تا بوو بەقوڕێکی مێ، ئینجا لەو قوڕە مچە جەستەو قەبارەی لەشی لەسەر ئەم شێوەی ئادەمیە پێک هێنرا بەبێ گیان تا وشک و ڕەق بوویەوە وەک سوالەت، ﴿ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن﴾ لەپاش ئەوە پێی فەرموو ببە بەو گیانلەبەرە تایبەتیە

فَيَكُونُ ﴿٥٩﴾ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴿٦٠﴾ فَمَنْ حَآجَّكَ فِيهِ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ فَقُلْ تَعَالَوْا۟ نَدْعُ أَبْنَآءَنَا وَأَبْنَآءَكُمْ وَنِسَآءَنَا وَنِسَآءَكُمْ وَأَنفُسَنَا وَأَنفُسَكُمْ ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَل لَّعْنَتَ ٱللَّهِ عَلَى ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٦١﴾

﴿فَيَكُونُ﴾ دەست بەجێبوو بەو گیانلەبەرە کە ئادەمە، واتە نابێ سەربکرێتەوە لە دروست کردنی عیسا بەبێ باوک‌و شتی وا بە نەگونجاو سەیر بکرێ لە کاتێکدا کە خوا ئادەمی باوکی هەمووانی دروست کرد لە خاک بەم جۆرەی کە باس کرا. بەڕاستی بەڵگەو ڕابەرێکی زۆر بەهێزە بۆ هەموو ژیرێک لە تایبەتی بۆ ئەو نامەدارانە کە بڕوایان بوو بە دروست کردنی ئادەم لە خاک، بەبێ باوک‌و دایک، کەواتە ئەبوایە باشتر بڕوایان ببوایە بە دروست کردنی ببوایە بە دروست کردنی عیسا‌و لە سنووری بەندەیی دەرنەکرایەو ئەو ئەفسانەو دەلەسەیان هەڵنەبەستایە بە دەوری ئەو پێغەمبەرەدا، یەکێ کردی بە کوڕی خوا، یەکێ تر کردی بەخوا، یەکێ تر بە جۆرێکی تر، ئەو هەمووەش لەبەرئەوە بوو کە باوکی نەبوو، ئا بەو جۆرە بەسوک‌و ناسان قورئان مەسەلەکەی عیسای ڕوون کردەوەو ڕێی نەهێشتەوە بۆ گومانی هیچ گومانداڕێک بە هیچ باڕێکدا، دڵو دەروونی پاراو کردەوە بەو وتە کورتە، ئینجا فەرمووی: ﴿ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ﴾ ئەوەی کەباس کرا بۆت هەر ئەوە ڕاست‌و دروستە لە کاتێکدا کە لەلایەن پەروەردگارتەوە هاتووە، ﴿فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلْمُمْتَرِينَ﴾ کەواتە لە گومانداران مەبە، بێگومان هیچ کاتێ گومان‌و هیچ کاتێ گومان‌و دوو دڵی ڕووی نەکردووەتە پێغەمبەر(ﷺ) وە نگونجێ هەرگیز ڕووی تێکردبێ، بەڵام ئاڕاستە کردنی ئەو فەرموودەیە دووشتی گرنگی تیایە:

یەکەم: بەبیستنی ئەو فەرموودەیە پێغەمبەر(ﷺ) هەست‌و دەروونی ڕاچنا‌و کەوتە بزووتنەوە، بەهۆی ئەوەوە بڕواو ڕووناکی دڵی بەهێزو بەتین تر بوو.

دووەم: ئاڕاستە کردنی ئەوە ئەبێ بەتەمێ‌و ئاگادار کردنەوە بۆ هەر بڕزادارێکی تر کە وریای خۆی بێ‌و دوورکەوێتەوە لە هەرستێ کە هۆی گومان‌و دوو دڵیە، بەکورتی ئەو

فەرموودەیە مایەی زیادە دامەزران و ئارامە بۆ دڵی پێغەمبەر(ﷺ)، میهرەبانی و لوتفە لەگەڵ بڕوادارانی تر بە پەندو ئاگادار کردنەوەیان. ئینجا لەم فەرموودەیەوە وەرئەگیرێ کە تا چ ڕادەیەك پیلان و فاك و فیکی بێبڕواکان بەهێزبووە و لەوانەبووە کاربکات لە هێندێ کەس لەو کاتەدا، وە بەربەست و بەرهەڵست بۆ ئەو جۆرە پیلانانە لە هەموو چەرخێکدا لەلایەن بڕوادارانەوە هەر دەست گرتنە بە ئایینە ڕاستەکەیانەوە بە ئارامی و دامەزراویەوە، باشترین چەك لەڕووی وژمانداا لە هەموو کاتدا هەر ئەو دەست پێوە گرتن و دامەزراویەیە، ئینجا لەم کاتەدا کە مەسەلەی عیسا و مەریەم بەو جۆرە ڕوون کرایەوە، ئیتر پێویست نامێنێ بەهیچ دەمەقاڵێ و لەسەر ڕۆیشتنێك، لەبەرئەوە فەرمانی دا بە پێغەمبەر(ﷺ) کە ئیتر لەوبارەیەوە لێکۆڵینەوە و دەمەقاڵێیان لەگەڵ نەکات، ئینجا ئەگەر کۆتاییان نهێنا و ملیان شۆڕ نەکرد بۆ ئەو شتە ڕاست و ڕوونە ئەو کاتە بانگیان بکات بۆ(مباهلة) واتە هەردولا کۆببنەوە و بپارێنەوە لە خوا و داوای نەفرین بکەن لێی بۆ هەرکام کە درۆزنە،ئەفەرموێ: ﴿فَمَنْ حَآجَّكَ فِيهِ﴾ ئینجا هەرکەس دەمەقاڵێی لەگەڵ کردی لە بارەی عیساوە ﴿مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ﴾ لەپاش ئەو زانینەی کە بەسروش بۆت هات کە عیسا بەندەی خوایەو شایستەی خوایەتی نیە، وە پەیدا بوونی بەبێ باوك جێگەی سەر لێ کردنەوە نیە، هەرچۆنێ ئادەم کە بێ دایکیشە جێی سەر لێ کرنەوە نیە بەلای خۆیشتانەوە، ئەگەر پاش ئەوە هەرکەس بێدەنگ نەبوو بڕوای نەهێنا ﴿فَقُلْ تَعَالَوْا﴾ بڵێ پێیان وەرن ﴿نَدْعُ أَبْنَآءَنَا وَأَبْنَآءَكُمْ﴾ با بانگی کوڕانی ئێمەو کوڕانی ئێوە بکەین ﴿وَنِسَآءَنَا وَنِسَآءَكُمْ﴾ ژنانی ئێمەو ژنانی ئێوە، ﴿وَأَنفُسَنَا وَأَنفُسَكُمْ﴾ خۆمان و خۆتان، واتە هەرکام لە ئێمەو لە ئێوە بانگی دەستەو بەستەی خۆمان بکەین و هەموو پێکەوە بەرامبەری یەك بوەستین، ﴿ثُمَّ نَبْتَهِلْ﴾ لەپاش ئەوە بپارێینەوە لە خوا ﴿فَنَجْعَل لَّعْنَتَ ٱللَّهِ عَلَى ٱلْكَٰذِبِينَ﴾ بەم ڕەنگە لەعنەت و نەفرینی خوا بکەین لە درۆزنەکانمان. واتە: ئێمە ئەڵێین عیسا بەندەی خوایەو شایستەی خوایەتی نیە، ئێوەش ئەڵێن: خوایە یا کوڕی خوایە، دەی ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن با هەموومان لەعنەتی خوا بکەین لە هەرکاممان کە درۆزنە.

إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْقَصَصُ ٱلْحَقُّ ۚ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٦٢﴾ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٦٣﴾

پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) بە گوێرەی فەرمانەکەی خوا بانگی کردن و ئەوانیش نەیانتوانی و ترسان و پێچیان تێهێنا وەک(ئەبو نعیم) ئەگێڕێتەوە لە(ئیبن و عەباس)ەوە -خوا لێیان ڕازی بێ- کە وتیان: لێمان بوەستە تا بیرێ ئەکەینەوە لە کاری خۆمان، ئینجا کۆبوونەوە لای دەمڕاس و ژیرەکەیان و وتیان: ڕات چۆنە؟ ئەویش وتی: بێگومان ئێوە ئەزانن کە محمد پێغەمبەرە، لەگەڵ تاقم و گەلێک پێغەمبەرێکدا ئەوەی کردبێ تیاچوون و لەناوچوون، کەواتە وازی لێ بێنن و بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆتان، ئینجا کە هاتنەوە بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی سێ ڕۆژیان لێ خواست و چوون و پرسیاریان کرد بە جوولەکەکانی مەدینە، ئەوانیش پێیان وتن سوڵحی لەگەڵ بکەن و ئەو(مباهلە) مەکەن، وتیان ڕاستە پێغەمبەرەو ئێمە لە تەوراتدا بۆمان دەرکەوتووە، ئەوانیش سوڵحیان لەگەڵ کردو گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان.

ئەگێڕنەوە کاتێ کە پێغەمبەر(ﷺ) بەرەو ڕوویان دێت بە خۆی و حەزرەتی علی و فاطمة و حسن و حسینەوە -خوایان لێ ڕازی بێ- بەم ڕەنگە خۆی لە پێشەوەو حسینی بە باوەشەوەو دەستی حسنی گرتووەو فاطمة لەدوای خۆی و عەلیش لە دوایەوە -سەلامی خوا لە هەمووان بێت- سەرۆکەکەیان ئەڵێت پێیان: ئەی کۆمەڵی مەسیحی بە ڕاستی من چەند ڕوویەک ئەبینم ئەگەر داوا بکەن لە خوا کە شاخێکیان بۆ هەڵکەنێ لە جێگای خۆی لای ئەباو هەڵی ئەکەنێ، کەواتە(مباهلە)ی لەگەڵ مەکەن با لەناو نەچن، بێگومان ئەم ڕووداوەیش هەر موعجیزەو بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ڕاستی پێغەمبەر(ﷺ) ئەگینا ئەوانە ئەهاتنە مەیدان و سەرپێچییان نەئەکرد لەو(مباهلە)یە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کە شتەکەیان بۆ ڕوون بوو موسڵمان نەبوون لەبەر پارێزگاری ئەو ڕێزو سەرۆکایەتیەی کە بوویان لەناو گەلەکەیاندا!!

﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْقَصَصُ ٱلْحَقُّ﴾ بەڕاستی ئەمەی کە وترا لەبارەی عیساوە هەر ئەوە داستانێکی ڕاستە، نەک ئەو هەموو ئەفسانەی کە مەسیحیەکان دەستهەڵبەستیان کردووە، وە نەک هەر

قسەو باسێکی تر کە وتراو یا بوترێ لەبارەی عیسای پێغەمبەری کوڕی مەریەمی پاکی خواناسەوە -سەلامی خوایان لێ بێت-.

دانانی عیسا بە خوا یا بە کوڕی خوا درۆیەو ناگونجێو خوا تاکو تەنیایە، وەکو ئەفەرموێ: ﴿وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا اللَّهُ﴾ هیچ پەرستراوێکی پساتەقینە نیە بێجگە لەو خوایە کە ناوی(الله)یە، ﴿وَإِنَّ اللَّهَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ بەڕاستی بێگومان هەر خوا زاڵی کاردروستە، کەواتە هەر خوا خوایە، ئینجا هەڕەشە ئەکات لەوانەی کە شوێنی پێغەمبەر(ﷺ) ناکەون، بڕوا ناهێنن‌و مل کەچ ناکەن بۆ ئەم ئایەتانە، ئەفەرموێ: ﴿فَإِن تَوَلَّوْا﴾ئینجا ئەگەر ئەوانە پوویان وەرگێڕا ﴿فَإِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِالْمُفْسِدِينَ﴾ بێگومان خوا زانا‌و ئاگادارە بە خراپەکارو شێوێنەرەکان، واتە ئەگەر ئەوانە هەر هاوبەشێك بۆ خوا ڕەوا بدەن بێگومان ئەوانە خراپەکارو تێکدەرن، خوایش ئاگایە بەوانەو بەسەریاندا تێپەڕ ناکات‌و تۆڵەی شایستەیان لێ ئەسێنێ. بەڵێ بێگومان هەرچی خراپەو ستەم‌و لاری کە لە جیهاندا ڕووی داوەو ڕوو ئەدات هەمووی ئەگەڕێتەوە بۆ لادان لە پەرستنی خوا بە تەنیاو بەبێ هیچ هاوبەشێك. بێگومان کاروباری ئەم بوونەوەرە ناڕوا بەڕێوە بە تەنیا خوایەك نەبێ، ئەگەر زیاد لە یەك خوا کاربەدەستی بێت ئەشێوێ بە مل یەکدا، دەی هەروەها ئادەمیش کەلەم بوونەوەردا نەبێ کاروباری ژیانیشی بەبێ بەرنامەکەی خوای تاکو تەنیا لارو خێڕو پڕ لە ستەم‌و ناڕەوایی بێت، کاتێ بەختەوەر ئەبێت لە هەر دووجیهاندا کە هەر بەندەی خوا بێت، فەرمانبەرو گوێڕایەڵی تەنیا خوابێت، دەستوورو یاسا‌و بەرنامەی ژیانی تەنها لە خواوە وەرگرێ.

لەهەر چەرخ‌و لە هەر وڵاتێکدا هەر قەندەیەك لە بەندەکان، یان هەر تاقم‌و کۆمەڵێك لافی ئەوەیان لێ دا کە مافی ئەوەیان هەیە یاسا‌و بەرنامە دابنێن لەلایەن خۆیانەوە بۆ مەردوم، مافی ئەوەیان هەیە لەبەر خودی خۆیان گوێڕایەڵی بکرێن لەلایەن مەردومانەوە، ئەو کەسە یا ئەو کۆمەڵە لە ڕاستی دا لافی خوایەتی لێ ئەدا، ئیتر با بەدەم وەك فیرعەون نەڵێ: من خوای ئێوەم.

قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾

ئەم بۆچوونو تێگەیشتنە شتێکی سەرەکی و بنەڕەتیە لە ئیسلامدا، جا لەبەرئەوە زۆر بە گرنگ گیراوە لە ئیسلامدا، لە زۆر ئایەتو حەدیسدا باس کراوەو ئاماژەی بۆکراوە، یەکێ لەو شوێنانە ئەم ئایەتەیە کە هێنای بە دوای ئەو هەڕەشەی کە کردی لێرەدا لە خراپە کاران و تێك دەران، ئەفەرموێ: ﴿قُلْ﴾ ئەی پێغەمبەر بڵێ: ﴿يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ ئەی نامەدارەکان ـ چ گاور چ جوولەکە ـ ﴿تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ﴾ وەرن بۆلای یەك وتە کە یەکسانە لەنێوان ئێمەو ئێوەداو هەموویان یەکسانین تیای دا، هەموو نامەکانی خواو پێغەمبەرەکانی لەسەر ئەوەو هەر بەوەوە هاتوون، ئەو تەنیا وتەش ئەمەیە: ﴿أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ﴾ کە هەر خوا بپەرستینو بێجگە لەو هیچ شتێکی تر نەپەرستین ﴿وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا﴾ وە هیچ شتێ نەکەین بە هاوبەشی لەو پەرستنەدا، نە ئادەمیو نەدارو نە بەردو نە مانگو ئەستێرەو نەهیچ شتێ، یان مەبەست ئەوەیە هەر خوا بە شایستەی پەرستن بزانینو هیچ کەس نەکەین بە هاوبەشی لەو شایستەییەدا، نەڵێین هیچ کەسێکی تر خوایە وەك مەسیحیەکان ئەو هەڵگەورە ئەکەن لە عیسا و دایکی دا، وە نەڵێین: هیچ کەس کوڕی خوایە وەك جوولەکەو گاور ئەیڵێن دەربارەی عوزەیرو عیسا، ﴿وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ﴾ هێندێکمان هێندێکی ترمان نەکات بە پەروەردگاریو تێپەڕبکات لە پەروەردگاری تەنیا کە ناوی ﴿ٱللَّهِ﴾یە، واتە با هیچ کام لە ئێمە گوێڕایەڵی ئەوی ترمان نەبێت لە هەموو کارو کردەوەیەکدا کە خوا ڕەوای نەدابێ، وەك(ئیبنو جوریج) ئەفەرموێو حەدیسی(ترمزی)ش ئەو مەبەستە بەباشی ئەگەیەنێ کە ئەفەرموێ: کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە(عەدی کوڕی حاتەم) ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە ئەوانەمان نەپەرستووە، ئینجا پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: ئایا ئەوان ـ واتە زانا و عابیدەکان ـ شتیان حەڵاڵو حەرام نەئەکردو ئێوەش بەقسەتان ئەکردن؟ ئەویش ووتی: بەڵێ ئوەمان ئەکرد. ئینجا پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی:

مەبەستی ئایەتەکە ئەو گوێ ڕایەڵی و بە قسەکردنە، بە یارمەتی خوا ئەم مەبەستە ڕوون ترو بەدرێژتر دێت لە سورەتی ﴿التوبة﴾دا.

پێویستە بەووردی بیربکرێتەوە لە شیرینی ئەم تەمێ و ئامۆژگاریەی کە قورئان پێی هەڵساو بەکاری هێنا لەگەڵ نامەدارەکاندا، لە لێکۆڵینەوەو دەمەقاڵێدا ئەوپەڕی کاردروستی و لێزانی بەکار هێنا لە ڕێنموونیاندا، بەم ڕەنگە بەرەبەرە هێنانی و پلەپلە لەگەڵ بەرزبوونەوە، ئەوەتا لە یەکەمجارەوە بەسەرهاتی عیسای هێنا و باسی کرد بۆیان کە هەرکام لەو بەسەرهاتانە دژی خوایەتیەو ناگونجێ لەگەڵی، ئینجا باسی کرد کەچۆن عیسا بانگی مەدرومی کردووە بۆ ئیسلامو ئایینی پەرستنی خوا بەتاکو تەنیا، ئینجا کاتێ هەر مل پێچیان کردو موسڵمان نەبوون بانگی کردن بۆ(مباهله) وەک بەدرێژی باس کرا، ئینجا کاتێ زاتیان نەبوو ئەوە بکەنو خۆیان لادا لێی، وە هێندێ ما کەچیان نیشاندا، لەم کاتەدا ئەم بانگ کردنە شیرینەی ئاڕاستەکردن لەم ئایەتەدا، کە بەڕاستی هەرکەس سەرکێشو بەدبەختو چارە شەڕ نەبێ هەرگیز مل پێچی ناکاتو دێت بەدەم ئەم بانگ کردنەوە، چونکە ئەوپەڕی ڕاستیو دادی تیا بەکارهێناوە، ئەوەتا بانگیان ئەکات بۆ شتێ کە عیسا و ئینجیلو هەموو نامەو پێغەمبەرانی تری لەسەرە، بانگیان ئەکات بۆ ئەو دوو وتە پیرۆزە کە هەمووانی تیا یەکسانە بەبێ جیاوازی، پێغەمبەریشی تیا جوێنەکردەوە(ﷺ)، هیچ باوێکی ئەوو شوێن کەوتووەکانی نەداوە بەسەر ئەوانو هیچ کەسێکی تردا، بەڵکو هەمووانی بە یەک کۆمەڵو یەک وەجبە گێڕاوە بە بەندەی خوا.

لەپاش ئەوە ئینجا ئەفەرموێ: ﴿فَإِن تَوَلَّوْاْ﴾ ئینجا ئەگەر ئەوانە ڕوویان وەرگێڕاو پشتیان کردە ئەم بانگکردنە، ﴿فَقُولُواْ ٱشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ ئەو کاتە ئێوە ــ واتە پێغەمبەرو موسڵمانان ــ بڵێن بە نامەدارەکان: ئێوە شایەتی بدەن کە ئێمە موسڵمانین، واتە دژو دوورین لە ئێوەو لە بیروباوەڕتان، بەهیچ کلۆجێ یەک کەوتنو گەشیتن بە یەکمان نابێ لەگەڵتان، هێندێ ئەفەرموون: مەبەست بەم فەرمانە دەرخستنی دەستە پاچەییانە لەو لێکۆڵینەوەو دەمەقاڵێدا، وە ناچارکردنیان بەوەی دان بنێنو شایەتی بدەن لەسەر موسڵمانێتی ئەمان نەک خۆیان، وەک باو وایە هەرکەس زاڵبوو سەرکەوت، ئەڵێ بەوی تر: دان بنێ بەزاڵیو سەرکەوتنم بەسەرتدا، هێندێ تر ئەفەرموون: مەبەست لەکەدارەکردنی ئەوانە بەبێ بڕوایی و لادانیان لە ئایینی خوا، چونکە ئەم دوو تاقمە دژی یەکترن دەی هەرکامیان لەسەر ڕاستی بێت ئەبێ ئەوی تر لەسەر بێبڕوایی و ناهەقی بێت.

به هەرحاڵ و لەسەر هەر بار شتێکی ناشکرایە لە ئایینی پاکی ئیسلامدا کە پێویستە لەسەر موسڵمانان بە خۆیان و بیروباوەڕو یاسا و پڕۆگرامی خۆیانەوە بوەستن بەرامبەر هەر بیروباوەڕو یاسا و پڕۆگرامو بەرنامەیەکی تر لە جیهاندا بەبێ تێکەڵ کردن و یەک کەوتن و پرد بەستن لە بەیندا، ئەگەر موسڵمانان بەو جۆرە بوون، ئەوا بەڕاستی موسڵمانن ئەگینا ئەوە نین کە خوا ئەیەوێ و داوای ئەکات، ئیتر هەرچەند بەدەم لافی موسڵمانێتی لێ بدەن، ئینجا لە چوارچێوەی ئیسلام دا ئەمێننەوە، بەم ڕەنگە هەرشتێ کە غەیرە ئیسلامی بێت بەدڵ خراپی دابنێن و ڕازی نەبن پێی، یا هەر لە چوارچێوەکەشی دەرئەچوو، بەم ڕەنگە هەر شتێکی ئیسلامی بەڕاست نەزانن و ڕازی بن بەشتی غەیرە ئیسلامی؟ بێگومان ئیسلام بریتیە لە ئازادی و سەربەستی تەواو لە هەموو بەندەییەک، بێجگە لە بەندەیی بۆ خوا، مەردوم تەنها لەسایەی پڕۆگرامی ئیسلام دا ئازادی و سەربەستی وەرئەگرێ ئیتر لە ژێر سایەی هەر پڕۆگرامێکی تری زەمینیدا ئازادی و سەربەستی نیە، چونکە لە هەرکام لەو پڕۆگرامانەدا ئەبێ بەندە بێ بۆ دروست کراوێکی تری وەک خۆی، ئیتر لە بەرزترین دیموکراتیەوە بیگرە تا پەست ترین پڕۆگرامی دیکتاتۆری، واتە لە هەرکام لەو پڕۆگرامانەدا ئەبێ گوێڕایەڵ و مل کەچ بێت بۆ یاسا و دەستوورێک کە دەست کردی یەکێکە یا چەند کەس و کۆمەڵێکی ئادەمی وەک خۆی، بەڵام لەژێر سایەی ئیسلامدا هەموو بۆچوون و پڕۆگرام و یاسا و بەرنامەو دەستورێکی لە خوا وەرئەگرێ کە خوای هەمووانە، وە بەرنامەو یاسا و دەستوورەکەشی بۆ هەمووانەو هەموو تیای دا یەکسانن!

ئەو ئیسلامەی کە خوا داینـاوە بۆ بەندەکانی و هەر ئەوەیشە بەلای خواوە، وە هەموو پێغەمبەران پێی ڕەوانە کراون، ئەو ئیسلامە ئەبێ بەو شێوەیە بناسرێ و وەرگیرێ، نابێ بە هیچ کلۆجێ تێکەڵی هیچی تر بکرێ و نابێ نیشانەو دروشمی بەندەیی بۆ غەیری خوا تیا بێت، وەک نێرراوی موسڵمانەکان ڕوونی کردەوە بۆ(یەزدی جورد) و کۆڕەکەی کە فەرمووی: خوا ئێمەی ناردووە بۆئەوەی بەم ئایینە خەڵکی لە پەرستنی بەندەکانی خوا بۆلای پەرستنی خوا بە تەنیا، دەریان بێنین لەستەمی ئایینـەکانی تر بۆ دادو دادپـەروەری ئیسلام، جا هەرکەس پشت لەم ئیسلامە هەڵکات، ئەوا بە شایەتی خوا ئەو کەسە موسڵمان نیە، ئیتر با بەدەم هەر لافێک لێ بداو هەر پینەوپەڕۆیەک بکات!

يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوۡرَىٰةُ وَٱلۡإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿٦٥﴾ هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ حَٰجَجۡتُمۡ فِيمَا لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞ فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيۡسَ لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞۚ

لێرە بە دواوە سەر ئایەتی(٩١)و دوایی جزمەکە هەر خەریکە بە مەبەستە سەرەکییەکەی لەمەوبەرەوە کە بریتیە لە لێکۆڵینەوەو بەربەرەکانێ لەگەڵ نامەدارەکاندا لەبارەی عەقیدەو بیروباوەڕەوە، لەبارەی ئەو هەموو تێکۆشانو فڕوفێڵو پیلانو درۆو دەلەسەی کە لەلایەن دوژمنەکانی ئیسلامەوە بکار ئەهێنرا بۆ بەربەست کردنی ئەم ئایینە پیرۆزە، لەبارەی نیازی بەدو خراپیان دەربارەی ئەم ئوومەتە، ئینجا بەرەنگاری کردنی قورئانبۆ ئەو هەموو کردەوەو نیازە بەدەی ئەوانە، بە ڕوون کردنەوەی ئەو ئایینو باوەڕە ڕاستەی کە بڕوادارانی لەسەرە، ئەو عەقیدەو باوەڕە ناڕاستەی کە ئەو دوژمنانەی لەسەرە، وە ئاشنا کردنی بڕوادارانبەو دوژمنانە تا وریاو خۆپارێزەری خۆیان بنو دووچار نەبن بەو دوژمنە کۆڵ نەدەرەیان.

لە یەکەم جارەوە دەست پێئەکات بە ڕوون کردنەوەی پڕوپووچی هەڵوێستیان بەرامبەر بە حەرزەتی ئیبراهیم کە جوولەکەکان ئەیان ووت: ئیبراهیم یەهودی بووە، گاورەکانیش ئەیان ووت: نەسرانی بووە، لە کاتێکدا کە ئیبراهیم(علیه السلام) لە پێش تەورات و ئینجیلو یەهودو نەسرانی دا بووە بە چەند چەرخێك،(محمدی کوڕی ئیسحاق) هەواڵێ ئەهێنێ لە(ئیبن و عەباس)ەوە -خوا لێیان ڕازی بێ- کە فەرموویەتی: نەسرانیەکانی نەجران و زاناکانی جوولەکە کۆبوونەوە لای پێغەمبەر(ﷺ)، ئینجا دەستیان کرد بە ناڕاوەو دەستیان کرد بە ناڕاوەو دەمەقاڵێ، بەم ڕەنگە جوولەکەکان ئەیان ووت: ئیبراهیم یەهودی بووە، گاورەکانیش ئەیان ووت: نەسرانی بووە، ئینجا خوایش ئەم ئایەتەی نارد خوارەوەو فەرمووی: ﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ ﴾ ئەی نامەدارەکان ﴿لِمَ تُحَآجُّونَ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ ﴾ ئایا ئێوە دەمەقاڵێ ئەکەن لە ئیبراهیمدا ﴿وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوۡرَىٰةُ وَٱلۡإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِهِۦٓ ﴾ لە کاتێکدا کە تەورات و ئینجیل

نەمێنراونەتە خوارەوە لەپاش ئەو نەبێ ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ دەی ئایا زۆر نین و تێناگەن لە ناڕاستی قسەکەتان؟ واتە ئەوەی کە ئەڵێن پێچەوانەی زۆربیە و هەر بە گەڕانەوە بۆلای مێژوو دەرئەکەوێ کە پرووپووچ و بێ بنەوانە، کەواتە چۆن قسەی وا ئەکەن؟!

ئەگەر کەسێ ئەڵێ ڕەنگە مەبەستیان ئەوە بووبێ کە ئیبراهیم لەسەر ئایینێ بووە کە هەر یەهودێتی یان نەسرانێتی ئەگرێتەوە، دەی ئەگەر ئەوەیان نیاز کرد بێ، قسەکەیان دژی زۆربی نیە و ئەگونجێ لەگەڵ دواکەوتنی هاتنە خوارەوەی تەورات و ئینجیل لە ئیبراهیم، کەواتە چۆن بەو جۆرە بەرپەرچ درانەوە و بە نەفام دەرکران؟ لە وەڵامدا ئەڵێین: ئەگەر نیازیان ئەوە بوایە ئەو کاتە ئەیان ووت: یەهودێتی یان نەسرانێتی هەر ئەوەیکە ئیبراهیمی پێڕەوانە کراوە، نەک ئیبراهیم یەهودی یان نەسرانی بووە، وەك بۆ ئەم ئوممەتە ئیسلامە ئەوترێ: لەسەر میللەتی ئیبراهیمە، بێجگە لەوەش خوا کە ئاگادارە بە هەموو نیازو بە هەموو شتێبەم جۆرە بەرپەرچ داونەتەوە کە وانیشان ئەدات ئەو نیازەیان نەبووبێ، ئەگەر ئەو نیازەیان بکردایە بە شێوەیەکی تر بەرپەرچی ئەدانەوە بەم ڕەنگە ئەیخستنەوە بەدرۆوە لەو یەکسانیەی کە ئەمان لافیان لێ ئەدا لەنێوان یەهودیەتی یان نەسرانێتی لەگەڵ ئایینی ئیبراهیم.

لەپاش ئەو دەم کوت کردنە ئینجا هەمیتر بێزاری دەرئەبڕێ لێیان و دەمەقاڵێکەیان بەبێ نرخ دەرئەکات، ئەفەرموێ: ﴿هَٰأَنتُمْ هَٰؤُلَاءِ﴾ بێدارینەوە ئێوە ئەوانەن ﴿حَٰجَجْتُمْ فِيمَا لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ﴾ کە دەمەقاڵێیان کرد لە شتێکدا کە هێندێکتان لێ ئەزانێ، وەك لە بارەی موسا و عیسا و ئەو شتانەی کەلە تەورات و ئینجیلەوە وەرتان گرتووە، واتە دەمەقاڵێ لە شتێکدا کە لافی زانینی لێ ئەدەن، بە هەرحاڵ: ﴿فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ﴾ ئەی بۆچی دەمەقاڵێ ئەکەن لە شتێکدا کە هیچ جۆرە زانینتان نیە پێی، وەك باسی ئیبراهیم و ئایینی ئیبراهیم، واتە دەمەقاڵێتان لە شتی ئاوادا زۆر بێجێیە و بێجگە لە دەمبازی و قسە بەشەڕدان هیچی تری تیا نیە!! بێگومان هەرکەسیش بەو جۆرە بێت قسەی وەرناگیرێ و شایستەی ئەوە نیە گوێ بۆ قسەی بگیرێ.

وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦٦﴾ مَا كَانَ إِبْرَٰهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٦٧﴾

لەپاش ئەوەی قسەی ئەوانی بێنرخ دانا لە بارەی ئیبراهیمەوە، ئینجا ئەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ خوا ئەزانێ و ئێوە نازانن، خوا ئەوە ئەزانێ کە ئێوە دەمەقاڵێی تیا ئەکەن لەبارەی ئیبراهیمەوە و ئێوە نایزانن و لە خۆتانەوە دەم ئەکوتن، ئینجا ئەوەی خۆی ئەیزانێ لەوبارەیەوە باسی ئەکات و ئەفەرموێ: ﴿مَا كَانَ إِبْرَٰهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا﴾ ئیبراهیم نە جوولەکە بووە و نەگاور ﴿وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا﴾ بەڵکو لادەرو پشت هەڵکەر بووە لە هەموو ئایین و بیروباوەرێکی لارو چەوت، ﴿مُّسْلِمًا﴾ مل کەچ و گوێڕایەڵ بووە بۆ خوای تاک و تەنیا ﴿وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ لە هاوبەش بڕیار دەران نەبووە، بێگومان سیفەتی یەکەم و دووەم: ﴿حَنِيفًا مُّسْلِمًا﴾ ئەمە سیفەتی سێیەمەش ئەگرێتەوە بە پوونی، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بە تایبەتی باسی ئەکات و ئەیهێنێ بەدوای ئەو دووانەدا، لەوەوە چەند شتێ وەرئەگیرێ:

١- ئەو پەڕی دووری و دژایەتی ئیسلام نیشان ئەدات لەگەڵ هاوبەش ڕەوادان و بت پەرستی دا، بەجۆرێ هەرگیز یەك کەوتنیان نابێ، نابێ ئیسلام تێکەڵی هیچ جۆرێ لە جۆرەکانی بت پەرستی و هاوبەش دنان بکرێ.

٢- پلار دانی تیایە بە گاورو جوولەکەو ئاماژە ئەکات بەوەی کە ئەو دووانە لایان داوە لە ئایینی خواو گەڕوان بە هاوبەش بڕیادەر، کەواتە ناگونجێ ئیبراهیم لە هیچ کام بێت.

٣- بت پەرستەکانی قورەیش دەم کەوت ئەکات کە لافی شوێن کەوتن و پەیڕەوی ئیبراهیمیان لێ ئەداو ئەیان وت: ئێمە لەسەر ئایینی ئەوین و قاپیەوان و کلیل داری خانەی خواین کە ئەو دروستی کرد.

إِنَّ أَوْلَى ٱلنَّاسِ بِإِبْرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا ٱلنَّبِيُّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ۗ وَٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٨﴾

دەی ماتوولّ ئیبراهیم(علیه السلام) بەو جۆرە بووە کەباس کرا، کەواتە بۆ هیچ کام لەوانە نیە لافی دۆستایەتی و یەکێتی و شوێن کەوتنی ئیبراهیم لێ بدەن لە کاتێکدا کە ئەوانە دوورن لە عەقیدەو ئایینی ئیبراهیمەوە، بێگومان لە ئایینی ئیسلامدا یەکەم پەیوەستی و هۆی یەک گرتن و کۆبوونەوە ئەبێ عەقیدەو ئایین بێت، کاتێ ئەوە پچڕا هیچ پەیوەستیەکی تر نامێنێ و ئەپچڕێ، پەیوەستی خزمایەتی و نەژاد، پەیوەستی ڕەنگ و تیرەو بەرەو خاک و نیشتمان، چونکە ئادەمی بەلای ئیسلامەوە بەهۆی ئەو گیان و ڕۆحی تایبەتیەوە بووە لەو ئادەمیەو جوێ بووەتەوە لە گیان لەبەرەکانی تر، خۆراک و پێبژێوی ئەو گیان و ڕۆحەش عەقیدەو ئایینەکەیەتی، جا لەبەرئەوە ئەبێ یەکەم پەیوەستی و هۆی کۆبوونەوەی ئادەمی عەقیدەو ئایین بێت، نەک شتێکی تربێت کە گیان لەبورانی تری تێدا بەشدارە، کەواتە هەرکەس بەشداری ئیبراهیم بێت لە عەقیدەو ئایینەکەی دا ئەو کەسە دۆستی ئەوەو لە کۆمەڵی ئەوە، وەکو ئاماژەی بۆ ئەکات کە ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ أَوْلَى ٱلنَّاسِ بِإِبْرَٰهِيمَ﴾ بەڕاستی تایبەتی ترو شایستەترو نزیک تر لە ئیبراهیمەوە ﴿لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ﴾ ئەوانەن کەلە کاتی خۆی دا پەیڕەوی ئیبراهیمیان کردووەو شوێنی کەوتوون، ﴿وَهَٰذَا ٱلنَّبِيُّ﴾ ئەم پێغەمبەرە بەتایبەتی ـ واتە محمد(ﷺ)ـ چونکە شەریعەتەکەی ئەم لەگەڵ شەریعەتەکەی ئەودا ڕێکترو نزیک ترە لە شەریعەتەکانی تر، ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئەوانەن کە بڕوایان هێناوە بەم پێغەمبەرە(ﷺ) ﴿وَٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ خوایش دۆستی بڕوادارانە، کەواتە هەموو بڕواداران یەک کۆمەڵەت هەر لە یەکەمو سەرەتای ئادەمیەوە تا دواترین کەس لەم جیهاندا، هەموو یەک ئوممەتە بەبێ جیاوازی ڕەنگ و زمان و نیشان و تیرەو بەرەو بنە ماڵە، کۆمەڵ و تاقمی خوا هەر بڕوادارانەو ئەبێ ئەوانیش دۆست و خۆشەویستیان هەر خوا بێت و هەرکەس کە خوا ڕازی بێ بەدۆستایەتی و خۆشەویستیەکەی.

بەرزترین شێوەی کۆو کۆمەڵ ئەوەیە کە ئیسلام نەخشەی کێشاوە، هەر ئەوەش شایستەو شیاوە لەگەڵ ئەم ئادەمیەدا کەلە بنەڕەتدا هەموو لە یەک باوک و دایکن، کەواتە زۆر ناڕاست و ناڕەوایە جیا بکرێنەوەو تاقم تاقم بکرێن و بەربەست و پەرژین لە بەینی

تاقمەکانی دا پەیدا بکرێ، بەربەستو پەرژینی ڕەنگو زمانو نیشتمانو هەروەها هەر شتێکی تر کە بە دەسەڵاتو هەڵبژاردنی خۆیان فەراهەم نەهاتوون، بۆ وێنە: گەلی عەرەب یا گەلی کرد یا هەر گەلێکی تر بە دەسەڵاتو هەڵبژاردنی خۆیان نەبوون بەو گەلە تایبەتیانە، کە هەرکام شێوەو ڕەنگێکی تایبەتیو زمانێکی تایبەتیو نیشتمانو وڵاتێکی تایبەتی هەیە، ئەو بارو حاڵەتانە هەر چۆنێ بە دەسەڵاتو هەڵبژاردنی خۆیان پێغەمبەر هیدا نەبوون، هەروەها داڕنینو جوێ بوونەوە لە هیچ شێوەیە ناگونجێ، ئەوەش وەک ڕەنگو تیرەو نەتەوە. وەهێندێ تریان دەست ئەداتو ئەگونجێ، بەڵام زۆر ئەرکو زەحمەتی ئەوێ، ئەوەش وەک زمانو نیشتمان. کەواتە پێک هێنانی گەلو کۆمەڵی ئادەمی لەسەر بنەڕەتی ئەم جۆرە شتانە، هەرچۆنێ دژو ناشایستەیە لەگەڵ یەکێتی ئادەمی لە بنەڕەتەکاندا، هەروەها دژی یەک گرتنو کۆبوونەوەی هەمووانەو مایەی دووبەرەکی بوونو یەک نەگرتنی هەمیشەییانە، چونکە ئەو جۆرە شتانە هەمیشە هەنو ئەبن بە بەربەستو پەرژینو دووبەرەکی دروست ئەکەن، بەڵام ئەگەر گەلو کۆمەڵ ـ وەک ئیسلام فەرمان ئەداـ لەسەر بنەڕەتی عەقیدەو بڕوا دامەزرێ، بێگومان هەموو جۆرە ڕەگەزایەتیەک کە لە ڕیشە ئەهێنێو ئەو هەموو شتانەی کە ئەکرێن بە بەربەستو پەرژین لە چەرخو سەردەمەکانی نەفامی یەکسەر لائەبات و ڕێگە پاک ئەکاتەوە لە هەر دڕکودااێو هەموو بڕواداران ئەکات بە یەک لەشو جەستەو جیاوازی نەتەوەو زمانو نیشتمانو هەر شتێکی تر دوور ئەخاتەوە لە بەرچاوو لە هەستو لە دەروونداا!! بێجگە لەوانە هەموو عەقیدەو بڕوا شتێکە کە بە ئارەزووو هەڵبژاردنی مەردوم پەیدا ئەبێ، ڕێکە لەگەڵ ئازادیو سەربەستی ئادەمیدا، وە پەیوەندی هەیە بە بەرزو بەڕێزترین بەشی ئادەمیەوە کە ئەو گیانە تایبەتیەیە خوا پێی داو بەوە ڕێزداری کردو باوی دابەسەر زۆر لە دروست کراوەکانیدا، بەڵکو خۆراکو پێ بژێویەتیو بەبێ ئەو عەقیدەو بڕوایە ئەو گیانە مردووە، کەواتە کۆبوونەوەی ئادەمی لەسەر ئەو عەقیدەو بڕوایەو داڕشتنی گەلو کۆمەڵ هەر لەسەر ئەو بنەڕەتە ڕاستو ڕەوایەو بێجگە لەوە لادانو ترازانە لە ڕێی ئادەمێتی، کەواتە با ئادەمی بیرێک بکاتەوە لە خۆیو بە ئادەمێتی بژی، کۆببێتەوە لەسەر خۆراکی گیانیو نیشانەی دڵیو دروشمی هەستی.

وَدَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَوْ يُضِلُّونَكُمْ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٦٩﴾
يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ ﴿٧٠﴾ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَلْبِسُونَ
ٱلْحَقَّ بِٱلْبَٰطِلِ وَتَكْتُمُونَ ٱلْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٧١﴾ وَقَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ ءَامِنُوا۟ بِٱلَّذِىٓ
أُنزِلَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَجْهَ ٱلنَّهَارِ

ئینجا بڕواداران ئاگادار ئەکات بە نیازو ئامانجی بەدو خراپی نامەدارەکان دەربارەیان، پیلانو تەدبیرە پیسەکانیان دەرئەخات، ئەفەرموێ: ﴿وَدَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ﴾ دەستەیەک لە نامەدار ـ واتە سەرۆکو زاناکانیان ـ بەدڵ حەزی کردو پێی خۆش بوو ﴿لَوْ يُضِلُّونَكُمْ﴾ گومڕاتان بکەنو بتانگێڕنەوە بۆلای بێبڕوایی، ﴿وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ﴾ لە کاتێکدا کە ئەوانە هەر خۆیان گومڕا ئەکەن، چونکە بەوە زیاتر دوور ئەکەونەوە لە ڕێی ڕاستو تاوانیان گەورەتر ئەکەن، کەواتە باشتر خۆیان ئەخەنەبەر خشمی خواو خۆیان دوورتر ئەخەنەوە لە بەزەیی خوا، ﴿وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ ئەوانە هەست ناکەنو تێناگەن کە کارەکەیان بە زیانی خۆیان تەواو ئەبێ، موسڵمانان ئەگەر ڕێکو دامەزراو بن لەسەر ڕێی خۆیان خوا چارەسەری هەموو کارێکیان ئەکات، هەر پیلانێکیان لێ بکرێ خوا ئەیگێڕێتەوە بۆ سەر پیلانو گێڕەکان. ئینجا هەڵوێستی ناڕەوایان ئەدا بە ناو چاویانداو لە کەداریان ئەکات پێی، ئەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ ئەی نامەدارەکان ﴿لِمَ تَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ بۆچی بڕوا ناهێنن بە ئایەتەکانی خوا کەلە قورئاندا هاتووە ﴿وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ﴾ لە کاتێکدا بەهۆی تەورات‌و ئینجیلەوە ئەزانن کە ئەو ئایەتانە ڕاستن‌و پێویستە بڕوا پێهێنانیان؟ یا بۆچی بڕوا ناهێنن بە ئایەتەکانی خوا لە تەورات‌و ئینجیل دا کە بەڵگەو نیشانەن لەسەر ڕاستی تەورات‌و ئینجیل، یا لە کاتێکدا کە ئەزانن‌و ئەبینن ناونیشان‌و سیفەتی محمد(ﷺ)؟

ئەم نامەدارانە لەکاتی خۆی دا ـ وەتا ئێستاش ـ ئەزانن و ئەبینن ئەو ڕاست و ڕێکیەی کەلەم قورئانەدا هەیە و هاتووە، چ ئەوانەیان کە شارەزا بوون لە نامەکانی خۆیانداو ئاگادار بوون بەسەر ئەو موژدە و نیشانانەی کەلەو نامەیانەدا هاتبوون دەربارەی ئەم ئایین و پێغەمبەرە(ﷺ)، وەهێندێ لەوانە بەڕێکی دانی نا بەو شتە ڕاستەدا، وە هێندێ هەر موسڵمان بوون و موسڵمانێتی خۆی دەربڕی، جا چ ئەو شارەزایانە و چ نەشارەزایانیش لەو نامەیانەدا هەر ئەزانن، چونکە ئەم ئایینە ئەوەندە ڕاست و ڕێک و ڕوون و ڕەوانە هەرکەس زۆر بێت هەست ئەکات و لە دڵەوە ئەزانێ کە ئایینی خوایە و ڕاستە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کەلە دڵی دایە و ئەیزانێ دەری نابڕێ و جارێ موسڵمانێتی نادا، لەبەرئەوەی کە بەرژەوەندیەکی لەدەست دەرئەچێ، یالووت بەرزە و نەفسی ڕێی نادا، یا حەسادەتی هەیە و داخ لەدڵە، جا ئەوا قورئان بانگی کردن و ئەو هەڵوێستە ناڕاستەی دا بە ناوچاویاندا، هەروەها بانگێ تریان لێ ئەکات و ئابڕوویان ئەبات بەوەی کە بەفڕو فێڵ و دەلەسە هەق و ڕاستیەکە ئەشارنەوە و ئەیانەوێ سەر تێک بدەن لە مەردوم، ئەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ ئەی نامادارەکان ﴿لِمَ تَلۡبِسُونَ ٱلۡحَقَّ بِٱلۡبَٰطِلِ﴾ بۆچی ڕاست ئەگۆڕن و پۆشاکی بە تاڵ و ناڕاستی ئەکەن بە بەردا ﴿وَتَكۡتُمُونَ ٱلۡحَقَّ﴾ ڕاست ون ئەکەن و ئەیشارنەوە، وەک ڕاستی پێغەمبەرێتی و نیشانەکانی پێغەمبەرمان(ﷺ)، ﴿وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ﴾ لە کاتێکدا کە خۆیشتان ئەزانن و بەدەستی قەست ئەوە ئەکەن ئەوەش ئەوپەڕی ناڕاستی و نالەبارییە.

ئەم کارو کردەوە پیسەی ئەوان کە قورئان بێزاری لێ دەربڕی لە یەکەم جارەوە هەرئەوە ڕەوشت و پیشەیانە هەتا ئێستاو لە داهاتوویشدا هەر وا ئەبن، لە یەکەم جارەوە جوولەکە دەستیان پێکرد، ئینجا سەلیبیەکانیش بە دوایاندا!

لەم ماوە دوورو درێژەدا هەر جۆر لە دەستیان هات خەریک بوون و کۆتاییان نەهێنا لە پیلان و فڕو فێڵ و دەلەسەو پڕوپاگەندەو ناهەق بە هەق نیشان دان و هەق بە ناهەق و چاک بە

خراپ‌و خراپ به چاك، له هەموو بارو پوویەکەوە دەستی پیسیان خستە کار لەو کەلەپوورو غەزنە گەورەو گرنگەی کە ئیسلام هێنای‌و بڵاوی کردەوە بە جیهاندا، بەڵێ تەنها خوا ئەم قورئانەی پاراست‌و هەر بەو شێوەی کە ناردی هێشتیەوە، دەستی پیسیان خشتە مێژووی ئیسلام‌و پرووداوەکانی‌و پیاوەکانی، دەستیان خستە حەدیس‌و فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) هەتا خوا چەند پیاوێکی بۆ هەڵخست توانیان هەموو ڕاست‌و ناڕاست‌و دەست هەڵبەست‌و لارو چەوتێ لە یەك جوێ بکەنەوە‌و هەموویان دیاریی کرد مەگەر شتێکی زۆر کەم کە پیا نەگەیشتبن‌و لە سنووری دەسەڵات دەرچووبێ، دەستی زۆری نامەردیان خستەکار لە تەفسیری قورئاندا هەتا وایان لێ کرد پیاوی زانا‌و لێ لێ هاتووی ئەوێ سەری لێ دەرکا‌و هەڵەنەکات، بە سەدان‌و هەزاران پیاویان هەڵخست بەناوی نووسەران‌و زانایانی ئیسلامەوە کە ئێستاش کار بەدەستی‌و سەرکردایەتی بیروباوەڕی جیهانی ئیسلامی لەدەستی قوتابی‌و پەروەردە کراوەکانی وەو ناپاکانەدایە، لە ژێر چاودێری سەلیبێتیدا چەند فس فس پاڵەوانێکی پەروەردەکراوی پێ گەیەنرا تا هەڵسن بە خزمەتکاری پێك هێنانی مەبەست‌و ئامانجی پیسی دوژمنانی ئیسلام لە وڵاتی ئیسلامدا، بە هیچ کلۆجێ ڕزگار بوون نابێ لەدەستی ئەو پیلان گێڕو دوژمنانە تەنها بەگەڕانەوە نەبێ بۆڵای ئەم قورئانە‌و فەرمانبەری ئەم قورئانە‌و گێڕانەوەی سەرکردایەتی بۆڵای ئەم قورئانە‌و پرس کردن بەم قورئانە لە هەموو کاروبارێکی ژیان‌و جیهاندا، ئینجا باسی پیلانێ تری ئەو نامەدارانە ئەکات کە بەکاریان ئەهێنا بۆ تێك دانی دڵی موسڵمانان‌و دوو دڵ کردنیان بە تایبەتی ئەوانەیان کە تازە موسڵمان بوون، ئەفەرموێ: ﴿وَقَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ﴾ دەستەیەك لە نامەدارەکان وتیان بەهێندێ لە خۆیان: ﴿ءَامِنُواْ بِٱلَّذِىٓ أُنزِلَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ بە دەمو بەڕووکەش بڕوا بێنن بەو قورئانەی کە هێنراوەتە خوارەوە بۆ سەر ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە، واتە هاوەڵەکانی محمد(ﷺ)، ئەو بڕوا دەمیە بێنن ﴿وَجْهَ ٱلنَّهَارِ﴾ سەر لە بەیانی

وَٱكۡفُرُوٓاْ ءَاخِرَهُۥ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴿٧٢﴾ وَلَا تُؤۡمِنُوٓاْ إِلَّا لِمَن تَبِعَ دِينَكُمۡ

﴿وَٱكۡفُرُوٓاْ ءَاخِرَهُۥ﴾ پەشیمانی و بێبڕوایی دەربڕن لە دوایی ئەو ڕۆژەو لە ئێوارەکەی دا، ئەم دەستە سەرۆک و شەیتانەکانیان بوون و ئەیان وت بە شوێن کەوتووەکانیان، یا وەک(حسن و سوودی) ئەفەرموێ: دوازدە کەس بوون لە زاناکانی خەیبەرو دەوروبەری وتیان بە یەکتر: ئەم پیلانە بکەن و بڵێن ئێمە لە پێشەوە وامان زانی کە ئەم قورئانە ڕاستەو لەبەرئەوە بڕوامان هێنا، ئینجا بۆمان دەرکەوت کە ڕاست نیە و دەست هەڵبەستە، لەبەرئەوەی پەشیمان بووینەوە، وتیان: ئەم پیلانە بەکار بێنن ﴿لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ﴾ بەڵکو ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە بگەڕێنەوە و لەسەر ئەو ئایینە نەمێنن، بەڵێ بەڕاستی پیلانەکەیان هەرچۆنێ زۆر بۆگەن و ناپیاوانە بوو، لە هەمان کاتدا زۆر بەهێزو بەکار بووە بۆ ترازاندنی ئەوانەی کە دەروون و ژیرییان بێ هێزو لاواز بووبێ و تازە موسڵمان بووبن و هێشتا بە تەواوی تێنەگەیشتبن لە ئایینە بەرزەکەی ئیسلام، دڵی ئەو جۆرە کەسانەی پێئەکەوتە بێئارامی و گومان و دوودڵی بۆ فەراهەم ئەهێنان، بەتایبەتی ئەو عەرەبانەی کە نەخوێندەواربوون و لایان وابوو کە نامەدارەکان زانان و باش شارەزان لە ڕاستی و ناڕاستی ئاییدا، کەواتە کاتێ ئەوانە ببینن کە بڕوا ئەهێنن و بە گورجی پەشیمان ئەبنەوە، وا تێ ئەگەن کە ئەوانە بۆیان دەرکەوتووە ناڕاستی ئایینەکە لەبەرئەوە پەشیمان بوونەوەتەوە!

ئەو جۆرە پیلان و فڕوفێڵە بۆ لادان و دوو دڵ کردنی موسڵمانان هەر هەیە و بەکار ئەهێنرێن تا ئێستاش، بەڵام بەچەند جۆرو شێوەیەکی تر کە ڕێک و گونجاو تر لەگەڵ گۆڕانی چەرخ و ڕۆژو بارو حاڵی مەردوم دا.

دوژمنانی ئیسلام نائومێد بوون لە بەکارهێنانی ئەو فێڵی یەکەمجارە، لەبەرئەوە لەوەلایاندا بۆ چەند جۆرو شێوەیەکی ترو لە چەند ڕێگەیەکی ترەوە لە شکرێکی بەهێزی زۆریان پێک هێنا لە بەکرێ گیراوەکانیان لە هەموو ناوچەکانی جیهانی ئیسلام دا لە شێوەی مامۆستا و دەکتۆرو فەیلەسوفدا، لە شێوەی نووسەرو شاعیرو ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندا کەهەرکام ناوێکی موسڵمانانەیان هەیە، چونکە لە نەوەر نەژادی موسڵمانانن، هێندێکیشیان زانایانی ئیسلامن! ئەو لەشکرە بەکرێ گیراوە بەرەڵاکراو بەهێز کرا بۆ لاوازکردن و بێهێزکردنی عەقیدەو بڕوای بڕواداران و لەق کردنی بنەڕەت و پایەکانی، بۆ بێنرخ کردنی عەقیدەو شەریعەتەکەی ئیسلام، بە دەلەسەی بەکار نەهاتن و نەگونجانی بۆ ئەم چەرخ و

سەردەمە تازانە، بە هەمیشە تەپڵو دەهۆڵی(رجعیة) کۆنەپەرستی بۆ لێ لدرێ! بانگی مەردوم بکرێ بۆ واز لێ هێنانی و دوور خستنەوەی لە ژیان! بۆ داهێنانی چەند بۆچوونو ڕەوشتێك کە دژو پێچەوانەی بۆچوونو ڕەوشتەکانی ئیسلامو عەقیدەی ئیسلامن، ناشیرین کردنی بۆچوونو ڕەوشتە ئیسلامیەکانو ڕازاندنەوەو شیرین کردنی بۆچوونو ڕەوشتە ناڕەواو نا پەسەندەکانی داهێنراوی خۆیان، ئینجا بەرەڵاکردنی جڵەوی نەفس بۆ هەر شتێ کە ئارەزووی ئەکات، لە ڕیشە هێنانی یاسای خووڕەوشتی مەردیو مرۆڤایەتی کە عەقیدەو بڕوا لەسەر ئەو یاسایە ئەوەستێ و ڕاگیر ئەبێ! ئینجا ئەم لەشکرە بەکرێ گیراوە ناوەکانیان ئیسلامیەو لە دەفتەرەکانیاندا نووسراوە موسڵمانان، ئەوانە بەناوەکانیانو بە دەفتەر نفوسەکانیان موسڵمانێتی دەرئەبڕن، بەو کردەوە پیسانەشیان بێبڕوایی دەرئەبڕن، بەو دوو شتەکارو کردەوەی نامەدارانەکەی کۆنو یەکەم جار ئەبینن!

ئەو دەستە نامەدارە فەرمانیاندا بەو پیلانو فێڵەو ئینجا وتیان: ﴿وَلَا تُؤْمِنُوٓاْ إِلَّا لِمَن تَبِعَ دِينَكُمْ﴾ دڵنیا مەبنو باوڕتان بە کەس نەبێ مەگەر بە کەسێك کە شوێنی ئایینەکەتانە کەوتووە، ئەو تەدبیرە کە کردمان بۆ دوودڵکردنی موسڵمانەکان لای کەس مەی درکێنن و با هەر خۆتان بزانن، چونکە ئەگەر بیدرکێنن و موسڵمانەکان پێی بزانن باشتر سوورو دامەزراو ئەبن لەسەر ئایینەکەیان، کەچی نەیانزانی کە خوا ئاگاداڕە بە هەموو شتێ و ئەم تەدبیرە بۆگەنەی ئەوان ئەگەیەنێ بە پێغەمبەرەکەی(ﷺ) گەیاندنی ئەم هەواڵە کە نهێنی و غەیبی بوو ئەیکات بە موعجیزەیەك لە موعجیزەکانی و ئینجا بەهۆی ئەوەوە موسڵمانەکان بڕوایان بەهێز تر ئەبێ و تەدبیرەکەی ئەوان بەدژو پێچەوانەی ویست و خواستیان دەرئەژێ و ئەوان هەر ڕیسوایی و ڕوو ڕەشیان بۆ ئەمێنێتەوە!!

وێنەی ئەم تەدبیرو پیلانە پیسەی ئەوان بەکرێ گیراوەکانی صەهیۆنی و صەلیبیەکان هەڵنەسن پێی بە هەمیشەیی ئەمڕۆ بۆ گومڕا کردنو لادانی موسڵمانەکانی لە ئایینەکەیان، خۆیان لە ناو خۆیاندا ئاگادارن بەو هەموو پیلانو تەدبیرە پیسانە، ئەیانەوێ موسڵمانان پێیان نەزانن، بەڵام هەرکەس موسڵمانێکی قورئانی بێئەو جۆرە شتانەی لێ ون نابێ و لەبەر ڕووناکی قورئانەکەی ئەو شتانە ئەبینێ و بەو پیلانو تەدبیرە پیسانە باشتر گەورەیی ئایینەکەی بۆدەرئەکەوێ وسوورتر ئەبێ لەسەر ئیسلامەکەی، باشتر تێئەگات کە ئەم قورئانە نامەی هەتاهەتاییەوبۆڕێنموونی بەندەکانی خواتادنیادنیایە،خواپاداشتی زانا و نووسەرەکانی ئیسلام بداتەوەتیشکی ڕووناکی قورئانیان دەرخست بۆهەرکەسێك کەبینابێت.

قُلْ إِنَّ ٱلْهُدَىٰ هُدَى ٱللَّهِ أَن يُؤْتَىٰٓ أَحَدٌ مِّثْلَ مَآ أُوتِيتُمْ أَوْ يُحَآجُّوكُمْ عِندَ رَبِّكُمْ ۗ قُلْ إِنَّ ٱلْفَضْلَ بِيَدِ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٧٣﴾

ئەو جوولەکانە ئەو تەدبیرە بۆگەنەیان کرد ــ وەك وتمان ــ بۆئەوەی لەو رێگەوە موسڵمانەکان گومڕا بکەن، ئینجا خوای میهرەبانیش بەرپەرچی قسەکەی ئەوانی دایەوە تا موسڵمانەکان وریا بنو بەو پیلانە پیسە سەریان لێ نەشێوێ، بە تێهەڵکێشی فەرمووی بە پێغەمبەر(ﷺ): ﴿قُلْ﴾ بڵێ: ﴿إِنَّ ٱلْهُدَىٰ هُدَى ٱللَّهِ﴾ بەڕاستی رێنموونی هەر رێنموونی خوایە کە بریتیە لەوەی بەم قورئانە ناردی، بێجگە لەوە گومڕاییەو دەرچوونە لە ئایینو رێنموونی خوا، کەواتە با موسڵمانەکان بە پیلانی ئەوانە گومڕا نەبنو دامەزراوبن هەر لەسەر ئایینی خۆیان، هەرکەس خوا بەهرەی بڕوای پێبدا هیچ پیلانو فێڵو فڕێ کاری لێ ناکات، هەر خۆیشی ئەزانێ کێ شایستەیە بۆ رێنموونیو بەهرەی خوا.

لەپاش ئەو تێهەڵکێشە ئینجا دێتەوە سەر تەواوکردنی پیلانەکەیان ئەفەرموێ: ﴿أَن يُؤْتَىٰٓ أَحَدٌ مِّثْلَ مَآ أُوتِيتُمْ أَوْ يُحَآجُّوكُمْ عِندَ رَبِّكُمْ﴾ واتە دڵنیا مەبن بەهیچ کەسێکی بێگانەو بڕوای خۆتان دەرمەبڕن لای هیچ کەسێکی تر لەلایەن خواوە نامەو پێغەمبەرێتی پێدراوە وەك ئەوەی کە دراوە بە ئێوە، یا هیچ کەسانی تر زاڵ ئەبن بەسەرتاندا لە دەمەقاڵێتان لای پەروەردگارتان، واتە ئێوەی نامەدار ئەزانن کە ئایینی ئیسلام ڕاستە، دەی ئەوە لای کەسی تر مەدرکێنن، چونکە ئەگەر ئەوە بڵێن موسڵمانەکان بڕوایان بەهێزتر ئەبێو نا موسڵمانەکانیش موسڵمان ئەبن، هەروەها ئەگەر ئەوە بڵێن موسڵمانەکان ئەیکەن بە بەڵگە بەسەتانەوە لە ڕۆژی دوایی داو قسەیان سوار ئەبێ بەسەرتاندا، لەوتەکەیاندەوە دوو شتی ناڕەوا دەرئەکەوێ:

١- دەرئەکەوێ کە نەخۆشی کینەو داخو حەسادەت دڵی داگیرکردنو بووە بەرگری کەری موسڵمان بوونیان، ئەگینا لە دڵەوە زانیویانە کە ئیسلام ڕاستەو لای خواوە هاتووە.

٢- وا دەرئەکەوێ کە ئەگەر بە دەم ئەوە نەڵێن خوا لێیان ناگرێو موسڵمانەکان قسەیان سوار نابێ بەسەریاندا لە ڕۆژی دوایی دا، دەی ئەوەش هەستێکو بۆچوونێکی زۆر

ناڕاستەو نیشانەی تێنەگەیشتنیانە لەبڕوا بە خواو بە سیفەتەکانی خواو بە پەیام‌و پێغەمبەرێتی‌و بە ڕێم‌و بەرنامەی خوا.

ئەم ئایەتە دانراوە بە یەکێ لە ئایەتە زۆر گرانەکانی قورئان کە بیرو ژیریی ماندوو ئەبێ لە تەفسیرکردنی دا، زانایان لە چەند بارو ڕوویەکەوە بۆی ڕۆیشتوون کە هەموو ئەگونجێن، هێندێکیان نزیك ترن لە هێندێکی تریان، بنەڕەتی ئەو هەموو ڕایە لەسەر دوو شتەکە هیش کەس ناتوانێ بە تەواوی‌و بەدڵنیاییەوە یەکێکیان وەرگرێ، بەڵکو هەرکام ئەگونجێ‌و بە تەواوی باوی نادرێ بەسەر ئەوی تردا:

١- وتەی ﴿أَن يُؤْتَىٰٓ﴾ پەیوەست بێت بە وتەی ﴿وَلَا تُؤْمِنُوٓاْ﴾ وە هەردوو وتەکە قسەی ئەو جوولەکانە بن‌و خوا بۆمان ئەگێڕێتەوە‌و ئەوی لە بەینی ئەو دووانەدا تێهەڵکێشە لە لایەن خواوە، وەك باسمان کردو لەسەر ئەو بارە تەفسیرەکەیان هێنا‌و بەشێ لە زانایان ئەوەیان هەڵبژاردووە.

٢- قسەی جوولەکەکان لەوتەی پێشوودا دوایی هاتبێ لە ﴿دِينَكُمْ﴾دا.

ئینجا پاش ئەوە لە وتەی ﴿قُلْ إِنَّ﴾ هەتا ﴿عِندَ رَبِّكُمْ﴾ لەلایەن خواوە ئاڕاستە کرابێ بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەوان‌و سەرزەنشتیان، وەك بەشێکی تر ئەمەیان هەڵبژاردووە، ئەم ڕایە ڕێك‌و گونجا‌و تر‌ە لەگەڵ خوێندنەوەی(ئیبن‌و کەسیر)دا کە ئەفەرموێ: ﴿أَن يُؤْتَىٰٓ﴾، واتە جوولەکەکان فەرمانیاندا بە بەکار هێنانی ئەو فێڵ‌و پیلانە بۆ بەرگری ئیسلام‌و بڕوا هێنان بە پێغەمبەر(ﷺ)، بەهێزکردنی بڕوا بەوەی کە نامەو پەیامی خوا هەر ئەبێ لە نەوەی ئیسرائیل بێت، ئینجا خوایش فەرمانی دا بە پێغەمبەر(ﷺ) کە بەرپەرچیان بداتەوە بەوەی کە پەیام‌و ڕێنموونی هەر هینی خوایە‌و بەدەست کەس نیە، سەر زەنشتیان بکات‌و بێزاری دەربڕێ لێیان بەمەی ئایا ئێوە ئەو فڕوفێڵە ئەکەن لەبەرئەوەی پێتان ناخۆشە کەسانی تر نامەو ئایینیان پێبدرێ وەك ئێوە، لە ئەوەیشەوە ئەوە ڕووئەدا کەلە ڕۆژی دوایی دا ئەوانە قسەیان سەرکەوێ بەسەرتاندا؟ واتە کردەوەکەتان ناڕەوا‌و بێزراوە.

ئەگەر لەسەر خوێندنەوەی زۆربەش بڕۆین، ئەو کاتە هەر بەم جۆرەی کە وترا تەفسیر کراوەتەوە هەرچەند بە پوالەت پیت و نیشانەی پرسیاری تیا نەبێ، چونکە زۆر جار نیشانەو پیتی پرسیار ناوترێ و هەر لە دڵدا نیاز ئەکرێ، یا ئەڵێین: پەیوەستە بە وتەی پێشووەوە و خەبەرە بۆ ﴿إِنَّ ٱلْهُدَىٰ﴾، واتە بڵێ: بەڕاستی ڕێنموونی خوا ئەوەیە کە وەک ئەوەی دراوە بە ئێوە بدرێ بە کەسانێکی ترو ئەوانیش بەوە قسەیان سەربخەن بەسەر قسەی ئێوەدا لای خوا. بەهەرحاڵ تەفسیری ئەم ئایەتە بەجۆرێ بکرێتەوە کە ڕێک بێت لەگەڵ هەردوو خوێندنەوەکەدا ئەوە بەهێز ترو ئاکترە. خاوەنی تەفسیری(المنار) لەم شوێنەدا ڕایەکی هەیە بەلامەوە زۆر پەسەندە، ئەفەرموێ: ئەو جوولەکانە دوو شتیان کرد:

یەکەم: فێڵ و پیلان بۆ هەڵگەڕانەوەی موسڵمانان.

دووەم: شاردنەوەی ئەو پیلان و فێڵەو ئەوەی کە ڕاستەو ئەیانزانی لە هەرکەس لەسەر ئایینی جوولەکە نەبێت، یا باوەڕی نەبێت پێی، ئینجا لە وتەی ﴿إِنَّ ٱلْهُدَىٰ﴾ قورئان ئاماژەی کرد بەڕێز بۆ هۆی ئەو دووشتە بەم ڕەنگە هۆی فێڵ و پیلانەکەیان ئەمەیە کە داخ لە دڵیان و حەسادەتیان لێ دێ کە نامەو ئایین بدرێ کەسانێکی تر بێجگە لە خۆیان، هۆی شاردنەوەکەش ئەوەیە کە با موسڵمانەکان پێی نەزانن و لە ڕۆژی دوایی دا لای خوا قسەیان زاڵ نەبێ بەسەر قسەی ئەماندا، بەلامەوە پێویست بوو درێژەی دان بە تەفسیری ئەم ئایەتە، کەواتە با بە ووردی سەیر بکرێ و ڕەخنە نەگیرێ لەم درێژە پێدانە، ئینجا لە کۆتایی دا فەرمان ئەدات کە پێغەمبەر(ﷺ) ڕایگەیەنێ بە جوولەکەکان و بە موسڵمانەکانیش کە بەهرەی ئایین و نامەو پەیام بەدەست خوایەو بە هەرکەس بداو بیسپێرێ خۆی ئەزانێ، ئەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّ ٱلْفَضْلَ بِيَدِ ٱللَّهِ﴾ بڵێ: بێگومان بەهرەی فروستادەیی و پەیام بە دەست خوایەو لە لایەن خواوە دەست کەوت ئەبێ ﴿يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ﴾ ئەیدا بە هەرکەسێک کە خوا خۆی بیەوێ ﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾ خوا ڕەحمەن و میهرەبانی فراوانەو زانایە بە هەموو شتێک و خۆی ئەزانێ چی بەجێیەو بەرژەوەندی تیایە.

يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٧٤﴾ ۞ وَمِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ يُؤَدِّهِۦٓ

﴿ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ ﴾ تەرخانو تایبەتی ئەکات لە ڕەحمەتی خۆیەوە هەرکەسێکە کە بیەوێ، ﴿وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴾ خوا خاوەنی فەزڵو بەهرەی گەورەیە، واتە خۆی ئەزانێ کێ شایستەو شایانە بۆ فروستادەیی و پێغەمبەرێتی، هەرکەس شایستەو شیاوی هەرچی ببێ خوا پێی ئەدات. بێگومان نەوەی ئیسرائیل شایستەو شیاوی نامەو پەیامو پێغەمبەرێتی بوونو بەپێی ئەوە خوا بەهرەمەندی کردنو باوی دان بەسەر گەلانی چەرخی خۆیان تا لەسەر ڕێگەی ڕاست مانەوە، بەڵام کاتێ کە دەستیان کرد بەخراپەکاریو پەیمانی خوایان هەڵوەشاندەوەو ئەو سپاردە گەورەیە کە خرابووە سەرشانیان لە خۆیان داڕنیو شەریعەتی خوایان خستە کەنارو پشت گوێ، وەسەرکردایەتی ئادەمی پێچڕانلە نامەو بەرنامەی خوا، لەو کاتەدا ئەو سەرکردایەتیو سپاردەیە درا بەم دواترین ئوممەتە بە سەرکردایەتی دواترینی پێغەمبەران ـ سەلامی خوایان لێ بێت ـ، جا کاتێ کە موسڵمانان ئەم فەرموودەیان بیست ئەوکاتە تێئەگەنو هەست ئەکەن بەو چاکەو بەهرەیەی کە خوا پێی بەخشین، نرخی ئەو منەتە گەورەیە ئەزانن کە پەروەردگاریان نای بەسەریاندا، ئینجا کە ئەو زانینو هەستەیان بۆ پەیدا بوو بە ئەوپەڕی هێزو سۆزو پەڕۆشەوە دەست ئەگرن بە ئایینەکەیانەوەو فیداکاری ئەکەن لە پێناوی دا، هەمیشە ئەبن بە پاسەوانێکی وریا بە دیاریەوەو هەرگیز ناخەڵەتێنو تەفرە ناخۆن بە دوژمنو داخ لە دڵەکانی خۆیانو ئایینەکەیان، ئا بەم جۆرە قورئان موسڵمانان پەروەردە ئەکاتو پێیان ئەگەیەنێ لە هەموو چەرخو چینێکدا.

ئینجا هەروەها لەسەر نامەدارەکان ئەڕواو بارو حاڵیان دەرئەخات، دەست پێئەکات بە نیشان دانی دوونموونە یان لەبارەی دەست پاکیو دەست پیسیەوە، ئەفەرموێ: ﴿وَمِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ يُؤَدِّهِۦٓ﴾ لەو نامەدارانە هینی وایان هەیە ئەگەر بیکەیت بە ئەمیندارو ماڵێکی زۆری لا دابنێ ئەتداتەوە، وەک ئەگێڕنەوە کە(عبدالله ی کوڕی سەلام) پێش موسڵمان بوونی پیاوێکی قوڕەیشی(١٢٠٠) هۆقە ئاڵتوونی بە سپاردە لادانا و لەپاشدا بەڕێکی دایەوەپێی،

وَمِنْهُم مَّنْ إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لَّا يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيْكَ إِلَّا مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَآئِمًا ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟ لَيْسَ عَلَيْنَا فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ سَبِيلٌ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٥﴾

﴿وَمِنْهُم مَّنْ إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ﴾ هینی وایان هەیە ئەگەر سپاردەی دینارێکی لادابنێی ﴿لَّا يُؤَدِّهِۦٓ﴾ نایداتەوە پێت و حاشای لێ ئەکات، ﴿إِلَّا مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَآئِمًا﴾ مەگەر لە کاتێکدا هەمیشە بە سەریەوە بیت، واتە دەست لە کۆڵی نەکەیتەوە تا ئەتداتەوە، ئەگێڕنەوە لەم بارەوە(یخاسی کوپی عازورا) پیاوێکی تری قوڕەیشی دینارێکی لا دانا بە سپاردە لەپاش دا حاشای لێ کردو نەیدایەوە. دادو پاستی و بێ لایەنی ئەبێ ئاوا بێت کە قورئان ڕێنموونیمان ئەکات بۆی، ئەوەتا ئەو هەموو پیلان و دوژمنایەتی و لاری و نالەباری ئەو نامەدارانە پاڵی پێوە نەنا کە هەر باسی خراپییان بکات، وە بەرگری نەکرد لەوەی دان بنێ بە چاکەیاندا، بەڵکو وەك یەك هەردووکی باس کردن و چاکەکەی لە پێشەوە وتن، ئینجا هەر لەسەر ئەو پاستی و پاست وتنەی لەسەر ئەو خراپانە ئەڕواو خراپەکانی تریشیان لەم بارەیەوە دەرئەخات و موسڵمانانی پێناگادار ئەکات، ئەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ﴾ئەو نەدانەوە و حاشا لێ کردنە ﴿بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟﴾ بەهۆی ئەوەیە کە ئەو نالەبارانە ئەیان ووت: ﴿لَيْسَ عَلَيْنَا فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ سَبِيلٌ﴾ هیچ گوناهو تۆڵەیەکمان لەسەر نیە لە خواردنی مالی نەخوێندەوارەکانەوە، کەس دەسەڵاتی بەسەرماندا نیەو ڕێی داواکردنی لێمان سەبارەت بەوان، واتە عەرەب کە لەو کاتەدا ناو ئەبران بە نەخوێندەوار، ئەوەی کە ئەو قسە ناڕاستەی ئەکرد جوولەکەکان بوون، مەبەستیان تەنیا عەرەب نەبوو، بەڵکو هەرکەسێك و هەر تیرەو نەتەوەیەکی تریش کە جوولەکە نەبێت خواردنی مالی حەڵاڵ و ڕەوایە بۆ جوولەکە بەهەر جۆرو شێوەیەك دەستی بکەوێ!

سەیر تر ئەمەیە کە بەناوی خواو ئایینی خواوە ئەو قسە ناڕەوایەیان ئەکرد، لە کاتێکدا کە ئەیانزانی و بە دەستی قەست ئەو درۆیان هەڵئەبەست بەدەم خواوە، وەکو ئەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ﴾ درۆ بە دەم خواوە ئەکەن کە ئەڵێن: ماف و مالی غەیری جوولەکەی بۆ حەڵاڵ کردوین ﴿وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ لە کاتێکدا کە ئەزانن درۆ ئەکەن، بێگومان خوا ستەم و تاوانی قەدەغە کردووە لە هەموو بارو پوویەکەوە، هەموو پەیام و شەریعەتەکانی خوا هاتوون بۆ بەرگری و بەربەست کردنی هەموو تاوان و ستەم و خراپەکاریەك، کەواتە نەفرینی خوایان لێ بێ چوون قسەی ئاوایان ئەکردو ئەیکەن بە دەم خواو نامەو ئایینی خواوە؟!!

بَلَىٰ مَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ وَٱتَّقَىٰ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٧٦﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ ٱللَّهِ وَأَيْمَٰنِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا أُو۟لَٰٓئِكَ لَا خَلَٰقَ لَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ وَلَا يَنظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَلَا وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٧﴾ وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا

ئینجا خوا به درۆیان ئەخاتەوە، ئەفەرموێ: ﴿بَلَىٰ﴾ نەخێر وانیە ئەوەی ئەو جوولەکانە ئەیڵێن، بەڵکو گوناهین ئەگات و دەسەڵات و ڕێی داواکرنەوە هەیە لێیان، یاسا و بڕیاری خوا بەم جۆرە ڕاست و ڕەوایە کە بەم شێوەیە گشتیە ئەفەرموێ: ﴿مَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ﴾ هەرکەسێک هەر پەیمانێ کەلە گەردنیا بێ بەجێی هێنابێ، ﴿وَٱتَّقَىٰ﴾ خۆی پاراستبێ لە نامەقی تیای دا ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ بێگومان خوا خۆپارێزەرانی خۆش ئەوێ، واتە هەرکەسێک بەو جۆرە بێت ئەو کەسە لە خوا ترس و خۆپارێزەرە و خوایش ئەوانەی خۆش ئەوێ و دۆستی ئەوانەیە، ئیتر ئەو پەیمانەی لەگەڵ خوادا بەستبێ یا لەگەڵ بەندەکانی خوادا کە ئەبێ هەرکام لەو پەیمانانە بەپێی ئایین و بەرنامەی خوابێت، کەواتە ئەو جوولەکەو گاورانەش ئەگەر ئەو پەیمانەیان نەشکاندایە کە خرابووە ئەستۆیان لەلایەن خواوە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکان و لە نامەکانیاندا، ئەگەر ئەو پەیمانەیان نەشکاندایە ئەو کاتە درۆیان بەدەم خواوە نەئەکردو دەست کاری نامەی خوایان نەئەکردو بەپێی فەرمان و شەریعەتی خوا ڕەفتاریان ئەکرد، بێگومان یەکەم کەس ئەبوون لە بڕوا هێنان بەم قورئانەو بەم پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر بەو جۆرەش بوونایە ئەبوون بە دۆست و خۆشەویستی خوا، بەڵام کارێکی وایان کرد تا کەتنە بەر خەشم و نەفرینی خواو نەسەب و نەژادی پاکیان چارەسەری هیچ درەدێکی نەکردن.

ئەو نامەدارانە خۆیان بە دۆست و کەس و کاری دائەنا بەهۆی ئەوەوە سەر لێ شێواوو لە خۆگۆڕاو بوون تا ئەو ڕادەیە مالّ و مافی مەردومی تریان بە حەڵاڵ دائەنا بۆ خۆیان ئەیان ووت: ﴿لَيْسَ عَلَيْنَا فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ سَبِيلٌ﴾ لە بیریان چوو بوو کە هەر بەجێهێنانی پەیمان و لە خوا ترسان مایەی نزیکیە لە خواوە و ئیتر تەنیا نەسەب و نەژادی پاک سوود ناگەیەنێ، کەواتە

ئەم ئایەتە دەم کوتکەرە بۆیان‌و پلاریان لێ ئەدات، ئینجا بەبۆنەی پەیمان شکاندن‌و ناپاکی لە مالّی مەردومدا گەورەترین هەڕەشە ئەکات لەوانەی کە پەیمانی خوا ئەشکێنن‌و ئەوەی کە خوا فەرمانی پێداوە ئەیشارنەوە، لەباتی ئەوەدا شتێکی تر دەرئەخەن‌و سوێندی ناهەقی لەسەر ئەخۆن کە ئەوەش ئەکەن لەبەر دەست کەوتێکی کەمی دنیاییە، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَشْتَرُونَ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە ئەکڕن، واتە ئەگۆڕنەوە ﴿بِعَهْدِ ٱللَّهِ﴾ بەو پەیمانەی کە خوا لەگەڵی بەستوون ﴿وَأَيْمَٰنِهِمْ﴾ بە سوێندەکانیان کە بەدرۆ لەسەر ناهەقی ئەیخۆن، ئەوەش وەک باسی سیفەت‌و ناونیشانی پێغەمبەر کەلە تەورات‌و ئینجیل دا هاتووە کە ئەیشارنەوە‌و بەدستی خۆیان شتی تر ئەنووسن‌و سوێندی لەسەر ئەخۆن کە ئەوە لەلایەن خواوە هاتووە، ئەو پەیمان‌و سوێندە ئەگۆڕنەوە بە ﴿ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ بەدەست کەوتێکی کەمی ئەم دنیایە کە بریتیە لە بەرتیل‌و ئەو مالّ‌و لەوەڕەی کە بەناوی ئایین‌و لە پەنای ئاییندا بە ناڕەوا وەری ئەگرن، کە ئەو دەست کەوتە هەرچەند زۆر بێ‌و بە زۆر دابنرێ هەر کەمە‌و لەچاو ئەوەی کە بێ بەش ئەبن لە پۆژی دوایی دا، ﴿أُولَٰٓئِكَ لَا خَلَٰقَ لَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ﴾ ئەوانەی کە ئەو گۆڕینەوە ئەکەن هیچ بەش‌و بەهرەیەکیان نیە لە پۆژی دوایی دا ﴿وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ وَلَا يَنظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ خوا قسەیان لەگەڵ ناکات‌و بە چاوی میهرەبانی سەرنجیان نادات، واتە خوا خەشمی بەتینی هەیە لێیان‌و بەزەیی نیە بۆیان، ﴿وَلَا يُزَكِّيهِمْ﴾ پاکیان ناکاتەوە لە گوناهو تاوانیان‌و نایسرێتەوە ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ بۆیان هەیە سزایەکی ئێش‌و ئازار دەری بەتین، پەنا ئەگرین بە میهرەبانی‌و بەزەیی خوا لەم هەڕەشە سامناکە.

ئینجا باسی نموونەیەکی تر ئەکات لە نامەدار کە ئەیانەوێ بە مەردوم گومڕا کەن لە ڕێگەی نامەکەی خواوە، بەم ڕەنگە لایان ئەدەن لەوو دەست هەڵبەستی خۆیان ئەچەسپێنن لە دەروونی خەڵکی دا، بەناوی نامەی خواوە، یان مانا‌و مەبەستەکە ئەگۆڕن‌و بای ئەدەن بە باری ئارەزووی خۆیاندا، هێندێ لەو دەست هەڵبەستانە ئەو بیرو باوەڕە ناڕاستەیە کە پیاوە ئاییەنیەکان دایان هێنا لەبارەی حەزرەتی عیساوە، ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا﴾ بە ڕاستی لەو نامەدارانەیە تاقمێک کە،

يَلْوُۥنَ أَلْسِنَتَهُم بِٱلْكِتَٰبِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمَا هُوَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٨﴾ مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا۟ عِبَادًا لِّى مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن كُونُوا۟ رَبَّٰنِيِّۦنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾

﴿يَلْوُۥنَ أَلْسِنَتَهُم بِٱلْكِتَٰبِ﴾ زمانیان پێچ ئەدەن بە خوێندنەوەی نامەکەی خوا، بەم ڕەنگە بەجۆرێ ئەیخوێننەوە کە لای ئەدەن لەبارە ڕاستەکەیەوە بۆ بارێکی تر کە مەبەستێکی ناڕاست بگەیەنێ، یا بەم ڕەنگە وتەو وشە(متشابه)کانی ئەبڕن بەسەر مەبەستێکدا کە ناگونجێ، تەفسیریان ئەکەنەوە بە گوێرەی ڕووکەشو ڕواڵەتەکەیان، وەک ناوبردنی خوا بە باوک بۆ حەزرەتی عیسا یان ناوبردنی عیسا بە(روح الله)، یان مەبەست ئەوەیە زمانیان پێچ ئەدەن بە وتنی وتاری خۆیانو لەژێر لێوەوە ئەیڵێنو شێوەو ئاوازەی نامەی خوای ئەکەن بەبەردا، وەک هێندێ لە نەفامی ناو موسڵمانان کە بۆگاڵتەو گەپ وتەو وتار ئەڵێ بە تەجویدەوە، لەسەر شێوەو ئاوازی قورئانو نەشارەزا گوێی لێ ئەگیرێ وا ئەزانێ کە قورئانە، بە هەرکام مەبەست بێت ئەو تاقمە نامە دارە ئەو کردەوە ناپەسەندە ئەکەن ﴿لِتَحْسَبُوهُ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ بۆئەوەی ئێوە وا گومان ببەن کە ئەوەی ئەوان گۆڕیان لە نامەی خوایە، ﴿وَمَا هُوَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ لە کاتێکدا کە ئەوە لە نامەی خوا نیە ﴿وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ﴾ ئەڵێن ئەوە لەلایەن خواوە لە کاتێکدا کەلەلایەن خواوە نەهاتووە. ﴿وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ درۆ ئەکەن بە دەم خواوە لە کاتێکدا کە ئەشزانن درۆیەو درۆ ئەکەن!(ئیبنو عەباس) ئەفەرموێ: ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لەبارەی گاورو جوولەکەوە، واتە زاناکانیان کە تەورات و ئینجیلیان گۆڕیو دەستکاریان کرد شتی تریان تێکەڵ کرد. چەند کەسێکی تر ئەفەرموون: هاتە خوارەوە لە بارەی تاقمێك لە زانایانی جوولەکە کە دەستکاریی تەوراتیان کردو هەرشتێ کە بکرایە بە بەڵگە بە سەریانەوەو دەم بکرانایە پێی وەک باسو ناونیشانی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوانەیان لێ لانەبرد، بەهەر جۆر بووبێ ئەوە لە کردەوەی پیاوە زاناکانیان بووە، پیاوانی ئایینی کاتێ کە لایان دا ئەبن بە دەردو بەڵایەکی

سەخت بەسەر میللەتەوە، بە ناوی ئایینەوە کارو کردەوەی زۆر پیس ئەکەن و مەردومە نەزانەکان چەواشە ئەکەن و سەریان لێ تێك ئەدەن، ئەبن بە کوتەك و چەکی دەست زۆرداران و ستەمکاران بۆ ژێر پێ کردن و داگیر کردنی ماف و مالّی بێدەسەلاّتەکان، وێنەی ئەو گومڕاکەرانەی جوولەکەو گاورەکان لەم ئوممەتەدا زۆرو زەبەندە بوون و هەن و زمانە تیژەکانیان ئەخەنە کار بۆ ناهەق بە هەق کردن و هەق بە ناهەق، بە گوێرەی ئارەزووی ستەمکاران بڕیارو فتوا دەرئەکەن، ئایەت و حەدیسەکان با ئەدەن بە باری ستەمکارانداو تەفسیرو تەئویلیان ئەکەن بە پێی بەرژەوەندی ئەوان، بەلاّم خۆیان ڕەنجەڕۆو زیانبار ئەکەن، ئەو کرێو بەشە کەمەی کە وەری ئەگرن ئەوە ناهێنێ کە خۆیان شەرمەزاری لای خواو لای بەندەکانی خوا ئەکەن لەسەری، هێندێ لە زانایانی مەسیحی کە لایان دا لە ڕێبازی حەزرەتی عیساو ئایینە ڕاستەکەی، زیادەڕەوییان کرد لەبارەی عیساوە(علیه السلام) تا گەیاندیانە سنووری خوایەتی، چەند قسەو وتەیەکیان بە دەمیەوە هەلّبەست کە لافی خوایەتی ئەگەیاندو بەوە سەریان تێك ئەدا لە مەردوم، ئینجا خوایش دەمکوتی کردن و بە درۆی خستنەوە بەم فەرموودەیە: ﴿مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ اللَّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ﴾ نەبووەو ناگونجێو شایستە نیە بۆ هیچ ئادەمیەك کە خوا نامەو زانین و تێگەیشتن و پێغەمبەرێتی پێبدا ﴿ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا عِبَادًا لِّي مِن دُونِ اللَّهِ﴾ کەچی لەپاش ئەوە بلّێ بە خەلّکی: ببن بە بەندەی من و من بپەرستن بێجگە لە خوا، تێپەڕ بکەن لە پەرستنی ئەو، بەلّێ بێگومان هەرگیز شتی وا ناگونجێو شتی وای نەتووەو نالّێ بە خەلّکی، ﴿وَلَكِن﴾ بەلّکو ئەلّێ پێیان: ﴿كُونُوا رَبَّانِيِّينَ﴾ ببن بە خواییەکی تەواو، بەم ڕەنگە بیناسن و هەر بەندەی ئەو بن و ڕوو هەر بۆ لای ئەو بکەن و شوێنی هەر ئایین و بەرنامەی ئەو بکەون و لێبڕێن هەر بۆ فەرمانبەریی ئەو ﴿بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ﴾ بەهۆی ئەوەوە کە ئێوە هەمیشە نامەی خوا فێری مەردوم ئەکەن و پێیان ئەخوێنن، بەهۆی ئەوەی کە ئەیخوێنن و پیا ئەچنەوە، بێگومان فێرکردن دێت بە دوای خوێندنەوەدا کەچی لێرەدا خوێندنی هێناوە بە دوای فێرکردندا، ئەوەش یا لەبەر ئەوەیە یەکەم بۆ مامۆستاو سەرۆکەکانەو دووەم بۆ قوتابی و ژێردەستەکانە.

وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا الْمَلَائِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ أَرْبَابًا ۚ أَيَأْمُرُكُم بِالْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿٨٠﴾ وَإِذْ
أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا
مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنصُرُنَّهُ ۚ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِي ۖ قَالُوا أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ
فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ ﴿٨١﴾

ئەم ئایەتە ڕێنموونی ئەکات بۆ ئەوەی کە موسڵمانان نامەی خوا زۆر بە گرنگ بگرن و هەمیشە دڵیان لای بێت، هەوڵ بدەن بۆ خوێندن و زانین و فێرکردنی، هەروەها ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەبێ ئەو زانین و خوێندنەیان پاڵیان پێوە بنێ بۆ کردەوەو ڕەفتار بەو نامەیە تا ئەبن بە بەندەیەکی خوایی بەو شێوەی کە باس کرا، بەڵێ بێگومان ئەو زانین و خوێندنە ئەگەر ئاوا پاڵی پێوە نەنێ نابێ بە زانین و خوێندن دابنرێ، بەڵکو نەزانین و نەخوێندەواری زۆر چاکترە، جا لەبەرئەوەیە کە ئایەت و حەدیس دژی ئەو جۆرە زانایانەیەو هەڕەشەی سەخت و سامناکیان لێ ئەکات، وێنەو چیرۆکی زۆر دڵتەزێنیان بۆ ئەهێنێتەوە ﴿ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا الْمَلَائِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ أَرْبَابًا ﴾ ئەو پێغەمبەرە فەرمانتان پێنادا بەوەی کە فریشتەو پێغەمبەران بکەن بە چەند خوایەک بۆ خۆتان، بێگومان ڕازی نەبوون بە پەرستنی بێجگە لە خوا کوفرو بێبڕواییە چ جای فەرماندان پێی دەی: ﴿أَيَأْمُرُكُم بِالْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ ئایا پێغەمبەری خوا فەرمانتان پێئەدا بە بێبڕوایی پاش ئەوەی کە ئێوە بڕواتان هێنا بە خواو ملکەچ بوون بۆی لە کاتێکدا کە پێغەمبەران بۆ ئەوە نێرراون کە بانگی خەڵکی بکەن بۆ بڕواهێنان و پەرستنی خوا بە تەنیا، هاتوون بۆ ئەوەی ڕێنموونی بکەن نەک بۆ گومڕاکردن، بۆ ئەوەی بەندەکانی خوا بانگ بکەن بۆ ئیسلام و بڕوا هێنان، نەک بۆ ملپێچی و بێبڕواکردن، بەڵێ بە ڕاستی زۆر ناشکرایە کە شتی ئاوا ناگونجێ، ئەوەی کە ئەو گاورانە بە دەم حەزرەتی عیساوە هەڵیان بەستووە هیچ ژیرێک وەری ناگرێ، هەرچۆنێ ناشکرا بووە دەڵەسەیی ئەوەی بە دەم خواوە هەڵیان بەست، لە هەردوو بارە هەرچیان کرد سەری لە هیچەوە دەرچوو، موسڵمانان بەو جۆرە شتانە سەریان لێ نەشێوا، لە کاتێکدا کە قورئانیش ئاوا پیلانی دەرخستن و بەدرۆی خستنەوە!

لەپاش ئەو هەموو باس‌و لێکۆڵنەوە لە بارەی ڕاستی پێغەمبەرێتی پێغەمبەرمانەوە(ﷺ) ئێنجا ئامازە ئەکات بۆ یەکێتی زنجیرەی پێغەمبەران‌و پەیامەکانیان‌و بۆ پەیوەستی تەواو لەنێوان هەموو ئەڵقەکانی ئەو زنجیرە پیرۆزەدا بەجۆرێ دەرئەکەوێ کە خوا پێویستی کردووە بڕواهێنان‌و یارمەتی دانی دواترین پێغەمبەرو پەیام، هەرکەس لەوەلا بدا ئەو کەسە لە فەرمان‌و سنووری خوا دەرچوو، کەواتە نامەدارەکان ئەگەر ڕاست ئەکەن شوێنی پێغەمبەرو نامەکانیان کەوتوون، ئەبێ بێن بە تێکڕایی بڕوا بێنن بەم ئایینی ئیسلامە، ئەفەرموێ: ﴿وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ﴾ باسی بکە ئەی پێغەمبەر، یا باسی بکەن ئەی نامەداران، باسی ڕووداوی ئەو کاتە کە خوا پەیمانی بەهێزی لە پێغەمبەران وەرگرت ــ بێگومان ئەو پەیمانە بۆ شوێن کەوتووەکانیشیانە ــ پەیمانی بەهێزی لێ وەرگرتن بەم جۆرە فەرمووی: ﴿لَمَآ ءَاتَيْتُكُم﴾ ئەوەی کە پێم بەخشین ﴿مِّن كِتَٰبٍ وَحِكْمَةٍ﴾ لەنامەو پێغەمبەرێتی ﴿ثُمَّ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ﴾ لەپاشدا کە هات بۆتان فروستادەیەك کە بڕواکەرو باوەڕدار بێت بەوەی کە لەگەڵ ئێوەیە، واتە بەو نامەو پێغەمبەرێتیەی کە من پێم بەخشین ﴿لَتُؤْمِنُنَّ بِهِۦ﴾ بێگومان بڕوا ئەهێنن بەو فروستادەیە ﴿وَلَتَنصُرُنَّهُۥ﴾ وە یارمەتی ئەدەن بە بانگ کردنی مەردومان بۆ بڕواهێنان پێی، واتە ئەبێ بڕوای پێ‌بهێنن‌و یارمەتی بدەن، ئینجا ئایا مەبەست بەو فروستادەیە، پێغەمبەرمانە(ﷺ) کە دواتری هەموانەو خۆی‌و شەریعەتەکەی جێگرو جێنشینی هەموو پێغەمبەران‌و شەریعەتەکانیانە، ئەو کاتە ئەبێ بڵێین: خوا پەیمانی لە هەموو پێغەمبەران وەرگرتووە کە ئەگەر ئەوان کەوتنە چەرخی ئەم ئەبێ هەموو بڕوای پێ‌بهێنن‌و یارمەتی بدەن، هەرچەند خوا زانیویەتی کە هیچ کام لەوانە ناگەنە چەرخی ئەم، بەڵام ئەو پەیمان لێ وەرگرتنە زۆر گرنگە، چونکە ئەوپەڕی ڕادەی شان‌و شەرەف‌و بەرزی ئەم نیشان ئەدات، وا ئەگەیەنێ کە مەبەستی سەرەکی ڕەوانەکردنی ئەمەو ڕەوانەکردنی ئەوان وەك سەرەتا وایە بۆ ڕەوانەکردنی ئەم، ئەم پەیمانە ئەگەر لە نامەکانی پێشوودا باس نەکرابێ، بێگومان ئەبێ پێغەمبەرەکان باسیان کردبێ بۆ گەل‌و ئوممەتەکانیان، کەواتە بووە بەجارێدانێکی جیهانی لەناو هەموو چەرخ‌و چینەکاندا کە ئەوەش ئەوپەڕی ڕێزو نرخدا بەم پێغەمبەرە(ﷺ)، ئەگەر مەبەست بەم فروستادەیە هەر پێغەمبەرێ بێت کە هاتبێ بەدوای هەریەکێ تردا، ئەوکاتە ئەڵێین: خوا پەیمانی لە هەموو پێغەمبەران وەرگرتووە کە هەرکام لەوان بڕوابێنێ‌و یارمەتی دەری هەر فروستادەیەك بێت کە بەدوای خۆی دا هاتبێ‌و ڕەوانەکرابێ، ئیتر لە چەرخ‌و زەمانێکدا بووبن، وەك حەرزەتی

ئیبراهیم و لوط، موسا و هارون و سلیمان و داود و زەکەریا و یحیی عیسا، یا چەرخ و کاتیان نەکەوتبێتە یەك وەك كە ئەوانی تر، مەبەست لە بڕواهێنان و یارمەتی دانی ئەوانەیان کەلە چەرخێکدا نەبووبن ئەمەیە پێشووە کە موژدەی دا بە هاتنی دواییەکەو بڕوای خۆی دەربڕی پێی، وەك حەزرەتی عیسا کە موژدەی دا بە ئیسرائیلیەکان بەهاتنی پێغەمبەرمان ـ سەلامی خوا لە هەموان بێت ـ.(سەعیدی جوبەیرو حسن و طاوس) لەسەر ئەم ڕای دووەمەن، حەزرەتی(علی و ئیبن و عەباس و قەتادە سوودی)–خوا لێیان ڕازی بێ– لەسەر ڕای یەکەمن، دەقی فەرموودەی حەزرەتی(علی) –خوا لێی ڕازی بێ– ـ ئەمەیە ـ وەك(ئیمامی ڕزای)و چەند کەسێکی تر ئەیهێنن ـ بەڕاستی خوا ئادەمو هەرکەس لە پێغەمبەرانی پاش ئەوی ڕەوانە نەکردووە مەگەر پەیمانی لێ وەرگرتووە کە ئەگەر محمد ﷺ ڕەوانە کراو ئەو زیندوو بوو ئەبێ بڕوای پێبهێنێ و یارمەتی بدات، هەروەها چەند حەدیسێك ئاماژە بۆ ئەو ڕایە ئەکات: یەکێ لەوانە ئەم حەدیسەیە کەلە کتێبە باوەڕپێکراوەکاندا ئەیهێنن: ئاگادار بن سوێند بە خوا ئەگەر موسای کوڕی عیمران ئێستا زیندوو بوایە بێجگە لە پەیڕەوی من ڕێی هیچی تری نەئەبوو، بێجگە لەوانەش ڕووکەش و ڕواڵەتی ئایەتەکە هەر ئەوە نیشان ئەدات نەك ڕای دووەم، وە نەك ئەو ڕایە کە ئەڵێ: مەبەست وەرگرتنی خوایە ئەو پەیمانانەی کە پێغەمبەرەکان وەریان گرت لە گەل و میللەتەکانیان، لەسەر هەر بارو بە هەر جۆر ئەم ئایەتە پێویستی کردووە لەسەر هەموو میللەت و خاوەن ئایینەکان بەتایبەتی جوولەکەو گاورەکان کە شارەزا ترن لە ئایین و نامەی خوادا، پێویستی کردووە لەسەر هەموان کە واز بێنن لە هەموو شتێ و پەیڕەوی ئەم پێغەمبەرە بکەن(ﷺ)، شوێن کەوتنی ئەم لە ڕاستی دا شوێن کەوتنی هەموو پێغەمبەرانە، چونکە ئەم بڕوای بە هەموو پێغەمبەران و نامەکانی ئەوان هەیە.

خوای گەورە ئەو پەیمانەی وەرگرتو لە پاش دا ﴿قَالَ﴾ پێی فەرموون: ﴿أَقْرَرْتُمْ﴾ ئایا دانتان نا بەو پەیمانەدا ﴿وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِي﴾ پەیمانی منتان وەرگرت لەسەر ئەو بڕواهێنان و یارمەتی دانتان؟ ﴿قَالُوا﴾ وتیان: ﴿أَقْرَرْنَا﴾ دانمان پیا نا و پەیمانیان لەسەردا، ئینجا ﴿قَالَ﴾ خوا فەرمووی: ﴿فَاشْهَدُوا﴾ کەواتە شایەتی بدەن لەسەر یەکتر لە بارەی ئەو پەیمان و دان پیانانەوە ﴿وَأَنَا مَعَكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ﴾ منیش لەگەڵ ئێوەدا لەو شایەت دەرانەم،

فَمَن تَوَلَّىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٨٢﴾ أَفَغَيْرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُۥٓ أَسْلَمَ
مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾ قُلْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ
أُنزِلَ عَلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَمَآ أُوتِىَ
مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴿٨٤﴾

﴿فَمَن تَوَلَّىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ﴾ ئینجا هەرکەس پشتی هەڵکرد لەو پەیمانە لەپاش ئەو دان پیانانو لەسەر گرتنە﴿فَأُولَٰئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ﴾ هەر ئەوانە دەرچووی ڕاستەقینەن لە سنووری خواو بەدکارانی تەواون.

لەبەر ڕووناکی ئەم ئایەتەپیرۆزمدا کۆمەڵی پێغەمبەرانو شوێن کەوتووەکانیان بە یەکجار ئەکەونە بەرچاوی ژیریی بە کۆمەڵێکی پەیوەستی قۆڵگیری مل کەچ بۆ فەرمانو ئامۆژگاری پەروەردگار، هەموو یەک بەرنامەیان هەیە کە بەرنامەی خوایە، بەدوای یەک شتا ئەگەڕێن کە فەرمانبەریی خوایە، کەئەوەش شتێکە خوای میهرەبانو ویستی ژیانی ئادەمی لەسەر دامەزرێ، بەبێ گیروگرفتو لادانو دژایەتی، لە ژێر سەرکردایەتی پێغەمبەرەکانیاندا، بەپێی ئەو پەیمانەو بەپێی ئەو بۆچوونو تێگەیشتنە ئایینی خوا هەریەک شت سەرنج ئەدرێو بڕوادارانیەک دڵو یەک هەستو یەک فام ئەبنو هیچ جۆرە دووبەرەکیو ڕەگەزایەتیەک پووپیان تێ ناکات، ئیتر هەرچەند چەرخو ولاتیان دووربێت لە یەکتر، هەرچەند جیاوازی نەتەوەو نەژادو ڕەنگو زمانیان ببێ، کەواتە شتێکی پووچو ئاشکرایە کە ئەو نامەدارانەی شوێنی ئەم پێغەمبەرە نەکەوتنو یارمەتیان نەدا، ئەوانە هەرچۆنێ لە پەیمانی خواو فەرمانیو پەندی پێغەمبەرەکانیان دەرچوون، هەروەها لە ڕژێمی بوونەوەریش دەرچوونو خۆیان بە تەنیا خستووەو جوێ بوونەتەوە لەم بوونەوەرە پانو فراوانەدا، وەک ئاماژە ئەکات بۆئەوەی کە ئەفەرموێ: ﴿أَفَغَيْرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبْغُونَ﴾ دەی ئایا ئەوانەی کە پشت هەڵئەکەن

غەیری ئایینی خوایان ئەوێو بەدوای دا ئەگەڕێن؟ ﴿وَلَهُۥٓ أَسۡلَمَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ طَوۡعٗا وَكَرۡهًا﴾ لە کاتێکدا کە هەر بۆ خوا گەردن کەچە هەرکەس کەوا لە ئاسمانەکانو زەوی دا، بیانەوێو نەیانەوێ، واتە هەموو ژێر بارو ملکەچن بۆ ئیرادەو خواهیش خوا پێیان خۆش بێ بەم ڕەنگە ئەوەی کە خوا ئەیەوێ بە گوێرەی ئارەزووی ئەوان بێت، یا پێیان ناخۆش بێ بەم ڕەنگە بەپێچەوانەی ئارەزوویان بێت، واتە بەهیچ کلۆجێ ملکەچیان پێناکرێ لە هەر شتێ کە خوا ئیرادەی کردبێ لێیان هەرچی خوا ویستبێتی هەر ئەوە ئەبێ.

بە چەند جۆرێ تریش ئەو دوو وتەیە: ﴿طَوۡعٗا وَكَرۡهًا﴾ تەفسیرکراوەتەوە، ئەو جۆرانە ئەندازێ سەختێو زۆرە زماییان تیایە، بەبێ پێویستێو ناچاری پێیان، بەڵام ئەم جۆرەی کە وتمان زۆربەی زانایانی لەسەرەو بێئەرکیشە، بێجگە لەوانەش بەم جۆرە ڕێکترە لەگەڵ چەند ئایەتێکی تردا، وەک ئەم ئایەتە: ﴿وَلِلَّهِ يَسۡجُدُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾ هەر بۆ خوا سوجدە ئەبات هەرکەس وا لە ئاسمانەکانو هەرکەس وا لە زەوی دا بەکورتی مەبەست ئیسلامو ملکەچی نیە لەپەرستنو گوێڕایەڵێو فەرمانبەرداریدا، بەڵکو ملکەچیە بۆ خواهیشو بڕیارو قەزاوقەدەری خوا، واتە ئایا چۆن پشت هەڵئەکەنو لائەدەن لە ئایینی خوایەکی وا کە هەموو کەس گەرندن کەچە بۆ ئیرادەو بڕیاری، ﴿وَإِلَيۡهِ يُرۡجَعُونَ﴾ لە ڕۆژێ دواییشدا هەر بۆڵای ئەو ئەگەڕێنرێنەوە کەلەو ڕۆژەدا پرسیارتان لێ ئەکرێ لەم پشت هەڵکردنو بڕوا نەهێنانەتان؟

ئینجا کاتێ کە ئایینی خوا هەر یەکەو هەموو پێغەمبەران بۆ یەک مەبەست ڕەوانەکراون کە پەرستنی خوایە بە تەنیا، کاتێ دەرکەوت کە بەپێی ئەو پەیمانەی خوا وەریگرت لە پێغەمبەران، ئەبێ هەموو کەس بڕوابێنن بەو پێغەمبەرە(ﷺ) هەموو بن بە یەک میللەت، لەپاش ئەوە فەرمان ئەدا کە ئەم پێغەمبەرە(ﷺ) ڕایگەیەنێو دەربڕێ بڕوای خۆیو هەموو شوێنکەوتوانی بە نامەو پەیامەکانی خواو پێغەمبەرەکانی، ئەفەرموێ: ﴿قُلۡ﴾ ئەی پێغەمبەر بڵێ: ﴿ءَامَنَّا بِٱللَّهِ﴾ ئێمە بڕوامان هێناو بڕوامان هەیە بە خوای تاکو تەنیا کە ناوی ﴿الله﴾یە

﴿وَمَآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا﴾ ئەو قورئانەی کە هێنرایە خوارەوە بۆ سەرمان ﴿وَمَآ أُنزِلَ عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ﴾ و بەوەی نێررایە خوارەوە بۆسەر(ئیبراهیم) ﴿وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ﴾ و بۆسەر ئیسماعیل و ئیسحاقی کوڕی ﴿وَيَعۡقُوبَ﴾ بۆسەر یەعقوبی کوڕی ئیسحاق ﴿وَٱلۡأَسۡبَاطِ﴾ وە بۆسەر کوڕو نەوەکانی ﴿وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ﴾ و بەوەی کە درا بە موسا کە تەوراتە ﴿وَعِيسَىٰ﴾ و بەوەی درا بە عیسا کە ئینجیلە ﴿وَٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ﴾ و بەوەی کە درا بە هەموو پێغەمبەرەکان لە لایەن پەروەردگاریانەوە ﴿لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ﴾ جیاوازی ناکەین لەنێوان هیچکام لە پێغەمبەرەکانی خوادا لە بڕواپێهێناندا، بەم ڕەنگە بڕوامان بە پێغەمبەرێتی هەمووان هەیە چوون یەک، نەک وەک جوولەکە کە بڕوایان نیە بە عیسا و محمد، نەک وەک گاور کە بڕوایان نیە بە محمد ـ سەلامی خوا لە هەموو پێغەمبەران بێت ـ ﴿وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ﴾ ئێمە بۆ خوای خۆمان ملکەچین بە گوێڕایەڵی و بەجێهێنانی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکانی، گەردن کەچین بە ڕەزامەندی و پێخۆشبوونی دڵەوە.

ئایەتەکەی دەست پێکرد بە دەربڕین و جارڕان بە بڕوا، دوایی هێنا بە دەربڕین و جارڕدان بە ئیسلام، واتە ئەو ملکەچی و گوێڕایەڵیە کە بەرو بەرهەمی بڕوای ڕاستەقینەیە، کەواتە ئیسلام پێک نایەت و بەدی نایەت بە تەنیا بڕوایەکی ڕووتی ساردو سڕی دەروونی، وە پێک نایەت و بەدی نایەت بەو بڕوا ڕووتە لەگەڵ ووتنی شایتمانی تەنیا بێ شوێنکەوتنی بەرنامەی خواو پەیڕەوی ئەو شەریعەتەی کە خوا پێغەمبەرانی پێ ڕەوانە کردووە، پەیڕەوی کردنی لە هەموو بارو ڕوویەکەوە بە جۆرێ بکرێ بە بەرنامەی ژیان و سەرکردایەتی تەنیا بۆ ئەو ڕەوا بدرێ بەبێ تێکەڵ و پێکەڵی هیچ جۆرە هاوبەشێک.

وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾

ئەو ئیسلامەی کە خوا ئەیەوێ تەنها ئەوەیە، ئەو ئیسلامەی کە هەموو پێغەمبەرانی لەسەرە تەنها ئەوەیە، جا لەبەرئەوە ئەفەرموێ: ﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا﴾ هەرکەسێك داوای غەیری ئیسلام بکات بە ئایین بۆ خۆیی و ئایینێکی تر وەرگرێ ﴿فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ﴾ هەرگیز لێی وەرناگیرێ و بە ئایین دانانرێ بۆی، بەڵکو بەبێ بڕواو بەبێ ئایین سەیرئەکرێ، چونکە ئایین لای خوا هەر ئیسلامە، وەك لە پێشەوە بە درێژیی باسکرا، ﴿وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ ئەوکەسە لە ڕۆژی دواییدا لە زەرەر مەندو زیان بارانە. لەبارەی هۆی هاتنە خوارەوە ئەم ئایەتە لەگەڵ چوار ئایەتەکەی دواییدا سێ شت وتراوە:

١- لە(ئیبن و عەباس)ەوە -خوا لێی ڕازی بێ- کە هاتنە خوارەوە بەبۆنەی تاقمێکەوە کە بڕوایان هێنا و لەپاشدا هەڵگەڕانەوە چوون بۆ ناو بت پەرستەکانی مەککە، لەپاشدا مانەوە لەوێ بە ئومێدو چاوەڕوانی نەمانی پێغەمبەر(ﷺ) قاپی تەوبەی کردەوە بۆ هەرکەسێك کە ئەگەڕێتەوە بۆ ئیسلام.

٢- هەر لە(ئیبن و عەباس)ەوە -خوا لێی ڕازی بێ- کە چوار ئایەتەکەی داهاتوو هاتنە خوارەوەلەجوولەکەکانی مەدینەداکەلەپێش ڕەوانەکردنیدابڕوایان هێنابەڕەوانەکردنی، بەڵام کە ڕەوانەکرا پەشیمان بوونەوە لەبەر حەسادەتی ئەوە کەلە خۆیان نیە.

٣- لە(حەسەن)ەوە کە هاتوونەتە خوارەوە لە نامەدارەکاندا گاورو جوولەکە کە ناونیشانی پێغەمبەریان بینی لە نامەکانیاندا، شایەتیاندا کە ڕاستە، بەڵام کاتێ کە ڕەوانەکرا پەشیمان بوونەوە لە حەسادەتدا، بێگومان - وەك چەند جار ووتمان - ئایەتەکانی قورئان لە خۆیاندا پەیوەستن بەیەکترەوە، ئیتر هۆی هاتنە خوارەوەیان هەرچی بووبێ، ئەگەر هۆی هاتنە خوارەوە کە پەیوەندی ببێ بە مەبەستی سورەت و شوێنەکەوە ئەوە چاکتر پەیوەستی ئایەتەکان دەردەخات، جا لەبەرئەوەی سورەتەکە هەر لە یەکەمجارەوە لەگەڵ نامەدارەکان ئەدوێ ئەو ڕیوایەتەمان بەلاوە بەهێزترە کە ئەفەرموێ ئەم ئایەتانە هاتوونەتە خوارەوە دەربارەی نامەدارەکان کەلە پێشەوە بڕوایان بوو بە هاتنی ئەم پێغەمبەرە(ﷺ) و شایەتیان دا لەسەر ڕاستی خۆی و ئایینەکەیی و لەپاشدا کە هات هەڵگەڕانەوە لە بڕواهێنان و شایەتیەکەیان،

كَيْفَ يَهْدِى ٱللَّهُ قَوْمًا كَفَرُوا۟ بَعْدَ إِيمَٰنِهِمْ وَشَهِدُوٓا۟ أَنَّ ٱلرَّسُولَ حَقٌّ وَجَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٦﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُمْ أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ ٱللَّهِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿٨٧﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴿٨٨﴾

ئینجا بابێینەسەر ئایەتەکە کە زۆر ڕێک و دەقە لەگەڵ ئەو ڕیوایەتەدا: ئەفەرموێ: ﴿كَيْفَ يَهْدِى ٱللَّهُ قَوْمًا﴾ ئایا چۆن خوا ڕێنموونی گەلێك ئەکات کە ﴿كَفَرُوا۟ بَعْدَ إِيمَٰنِهِمْ﴾ بێبڕوابوون لەپاش بڕواهێنانیان ﴿وَشَهِدُوٓا۟ أَنَّ ٱلرَّسُولَ﴾ شایەتیان دا کە نێڕراوەکەی خوا ـ واتە محمد ـ ڕاستە ﴿وَجَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ﴾ بەڵگەو نیشانە ئاشکراکانیان بۆ هات لەسەر ڕاستی ئەو نێڕراوە ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ خوا ڕێنموونی گەلی ستەمکاران ناکات ـ واتە ئەو بێبڕوایانەی کە ستەم لە خۆیان ئەکەن بەیرنەکردنەوە.

خوای پەروەردگار باوی وایە ئەو کەسانەی کە بیرو ژیریی خۆیان نەخەنە کارو بەهۆی ئەوەوە ستەم لە خۆیان لە بیرو ژیریی خۆیان ئەکەن، خوا ڕێنموونی ئەوانە ناکات چ جای ئەوانە کە ئایینی ڕاستیان بۆ هاتبێ و ناسیبێتیان و لەپاشدا ڕوویان لێ وەرگێڕابێ. ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُمْ﴾ ئەوانە سزاو تۆڵەیان ئەوەیە ﴿أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ ٱللَّهِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾ کە نەفرینی خواو فریشتەو هەموو مەردومیان لەسەرە، واتە لە میهرەبانی خوا دەرئەکرێن و فریشتە ڕقو خەشمی هەیە بۆیان شایستەی نەفرینی هەموو مەرومانیشن بەجۆرێ ئەگەر هەموو ئەمڕۆنەفرینیان لێ نەکەن لەڕۆژی دواییدا ئەونەفرینەیان لێ ئەکەن، وەك لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێ: ﴿ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا﴾ لەپاشدا ڕۆژی دواییدا بێبڕوا ئەبن بەیەکترونەفرینی یەکتر ئەکەن. ئەوانە ئەو نەفرینەیان لەسەرە ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ لە کاتێکدا بەهەمیشەیی ئەمێننەوە تیایدا، ئەوە بارو حاڵیانە ﴿لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ﴾ سزایان لێ سووك ناکرێ، مۆڵەت نادەین و ڕێگەی هیچ بڕوبیانوو یەکیان نامێنێ، خوا پەنامان بدات لە خەشمو سزای خۆی. ئەوانە هەرچەند تاوانبارن، بەڵام خوای میهرەبان قاپی تەوبەیان لێ داناخات، بەڵکو ئەو قاپیەی لەسەر پشتە بۆ هەموو تاوانبارێك کەبیربکاتەوەوپەناببات لەمیهرەبانی خواپێش ئەوەی کاتو هەڵی لەدەست بچێت،

إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ وَأَصْلَحُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٨٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بَعْدَ إِيمَٰنِهِمْ ثُمَّ ٱزْدَادُوا۟ كُفْرًا لَّن تُقْبَلَ تَوْبَتُهُمْ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلضَّآلُّونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَن يُقْبَلَ مِنْ أَحَدِهِم مِّلْءُ ٱلْأَرْضِ ذَهَبًا وَلَوِ ٱفْتَدَىٰ بِهِۦٓ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٩١﴾ لَن تَنَالُوا۟ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُوا۟ مِمَّا تُحِبُّونَ ۚ

لەبەرئەوە ئەفەرموێ: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ وَأَصْلَحُوا۟ ﴾ مەگەر ئەوانەی کە گەڕابنەوە و تەوبەیان کردبێ لەپاش ئەو بێ بڕوایی و هەڵگەڕانەوەی کە کردیان، کردەوەی چاکیان کردبێ لە جێگەی خراپەکانیاندا، ئەوانە بەری ئەو هێرش و هەڕەشە سەختە ناکەون ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾ چونکە بە ڕاستی خوا زۆر لێخۆشبووی میهرەبانە، کەواتە ئەبووڕێ لەو تۆبەکەرانەو میهرەبانیان دەربارە ئەکات، بەڵام ئەوانەی کە ناگەڕێنەوە بۆلای خواو سوورن لەسەر بێبڕوایی و تا بێت بێبڕوایی زیاد ئەکەن، ئەوانەی کە سەر ئەکەنە تاوان و بێبڕوایی تا ئەمرن و کاتو هەلیان لە دەست ئەچێ، ئەوانە ئیتر تۆبەیان لێ وەرناگیرێ و سزای سەختیان هەیە، وەکو ئەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بَعْدَ إِيمَٰنِهِمْ ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە بێبڕوا بوون لەپاش بڕوا هێنانیان ﴿ ثُمَّ ٱزْدَادُوا۟ كُفْرًا ﴾ لە پاش ئەوە زیاتر بوون لەبارەی بێبڕواییەوە، بە بەرگری کردنی ئایینی خواو ئازاردانی پێغەمبەرەکەی و ڕێگرتن لە گەیاندن و بڵاوبوونەوەی ئایینی خوا، یا وەک جوولەکە کە لە پێشەوە بڕوایان بوو بە پێغەمبەران و نامەکانی خوا لە پاشدا بڕوایان بە عیساو ئینجیل، ئینجا بێبڕواییان زیادی کرد بە بڕوا نەهێنانیان بە قورئانو پێغەمبەرمان(ﷺ) یان نامەدار بە تێکڕایی کە لە پێشەوە بڕوایان بوو بە هاتنی قورئانو پێغەمبەرمان(ﷺ) لە پاشدا کە هاتن بڕوایان پێنەهێنان، ئینجا بێبڕواییان زیادی کرد بە سەرکێشی و پیلانو ڕێگرتنیان لە ئیسلام و موسڵمانان، ئەوانە ﴿لَن تُقْبَلَ تَوْبَتُهُمْ ﴾ هەرگیز تۆبەکەیان وەرناگیرێ، لەبەرئەوەی ئەوانە تۆبە ناکەن، مەگەر کاتێ گیانکەندنشت و نائومێد بوون لە ژیان، وەک(حسن و قتادە) ئەفەرموون، بێگومان تۆبەی ئەو کاتەش وەرناگیرێ، یان لەبەرئەوەی تۆبەکەیان لە دڵەوە نایەت، بەڵکو بە ناپاکی و ڕووپامایی ئەیکەن، وەک(ئیبن و عەباس) -خوا لێی ڕازی بێ- ئەفەرموێ، یان لەبەر ئەوەیە و ئەوانە

تۆبەکەیان بێبڕوایی و هەڵگەڕانەوەی بەدوا هاتووە، وەک(ئیمامی ڕازی) ئەفەرموێ. یان ئەوانە ئەو نامەدارانەن کەلەپێشەوە بڕوایان هێنا لەپاشدا هەڵگەڕانەوە، ئینجا چەند گوناهێکیان کردو لەپاشدا تۆبەیان کرد لەو گوناهانەو بەڵام هەر لەسەر هەڵگەڕانەوەو بێبڕوایی مانەوە، وەک(ئیبن و جەریر) ئەفەرموێ. دەی دیارە هەر تۆبەیەک کەبڕوای لەگەڵ نەبێ وەرناگیرێ، بەهەرحاڵ و لەسەر هەربار ئەم ئایەتە دژی ئایەتی پێش ئەم نیە کە بەڵێن و هەواڵی دا بە وەرگرتنی تۆبەی ئەوانەی کەلە بڕوا هەڵگەڕابنەوە.

ئەوانەی کەلە ئایەتەکەدا باسکران و تۆبەیان لێ وەرناگیرێ ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلضَّآلُّونَ﴾ هەر ئەوانەن گومارای تەواو ئەوەندە دامەزراون لە گومڕایی دا وەک هەر ئەوان گومڕابن واتە بێبڕوا سێبەشن:

١- ئەوانەی کەبەڕاستی تۆبە ئەکەن و ئەگەڕێنەوە بۆلای خوا، وەک باسکرا لە ئایەتی پێشوودا کە فەرمووی: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُواْ﴾.

٢- ئەوانەی کە تۆبەیان لێ وەرناگیرێ بەو شێوەی کەباسمان کرد لەم ئایەتەدا کەلە تەفسیری بوینەوە.

٣- ئەوانەن کە بەبێ تۆبە ئەمرن لەسەر بێبڕوایی، ئەوانەش ئەم دەستەیەن کەلێرەدا ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كُفَّارٞ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە بڕوایان نەهێنا و مردن لە کاتێکدا کە بێبڕوابوون، واتە بەبێ بڕوایی مردن ﴿فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡ أَحَدِهِم مِّلۡءُ ٱلۡأَرۡضِ ذَهَبٗا﴾ بەهۆی ئەو مردنەیان بە بێبڕوایی هەرگیز وەرناگیرێ لە هیچ کامێکیان پڕی زەی لە ئالتوون کە بیکات بە خێرو صدەقە لە جیهاندا بۆ ڕزگاربوونی ڕۆژی دوایی، وە هیچ سوودی نابێ بۆ ئەو ڕۆژەی، چونکە هەر کردەوەیەکی چاک بڕوای لەگەڵ نەبێ لای خوا هیچ نرخێکی نیە ﴿وَلَوِ ٱفۡتَدَىٰ بِهِۦٓ﴾ ئەگەر ئەو ئەندازەش ببێ و لە ڕۆژی دوایی داو بیکا بە فیدیەی خۆی و لە بریتی خۆیدا بیدا هەر لێی وەرناگیرێ و ڕزگاری ناکات، یان مەبەست ئەوەیە ئەوانە هیچ فیدیەو بەدەلێکیان لێوەرناگیرێ با ئەو فیدیەو بەدەلە پڕی زەوی بێ لە ئالتوون، یان پڕی زەوی ئالتوون وەرناگیرێ باوێنەی ئەوەیشی لەگەڵ بێت و دوو چەندانە بکرێتەوە، بەهەرکام لەم جۆرانە مەبەستەکە ڕێک و گونجاوەو ئایەتی تر هەیە کە قۆڵگیری بێ.

ئەو سیاچارانە بەسێجۆر هەڕەشەی لێکردن:

جۆری یەکەم: ئەمەبوو کە پڕی زەوی ئالتوونیان لێ وەرناگیرێ.

جۆری دووەم: ﴿أُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ بۆیان هەیە سزایەکی سەختی ئازاردەر.

جۆری سێیەم: ﴿وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ﴾ نیە بۆیان هیچ یارمەتی دەران.

لەپاش ئەوەی ئاماژەی کرد بۆ بێکەڵکی بەخت کردنی مال لەلایەن بێبڕوایانەوە، ئینجا ڕووی فەرموودە ئەکاتە بڕواداران و فێریان ئەکات کە بە شێوەیەک مال بەخت بکەن سوودی باشی لێ وەرگرن، ئەفەرموێ: ﴿لَن تَنَالُوا الْبِرَّ﴾ هەرگیز ناگەن بە خێرو چاکەی تەواوو ڕاستەقینە ﴿حَتَّىٰ تُنفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ﴾ هەتا بەخت نەکەن لە ڕێی خوادا لەو مال و داراییەی کە خۆشتان ئەوێ و دڵتان پێی خۆشە. بەڵێ شتێکی ئاشکرایە هونەرو ڕاستی لەوەدایە کەلە ڕێی خوادا شتێ بدرێ کە خۆشەویست بێت، هەر مالێك نەویستە بێت دڵ دڵ پێی خۆش نەبێ بەخشینی هیچ منەت و ئازایی تیانیە، جا موسڵمانان لە کاتی خۆیدا تێگەیشتن لەو مەبەستە، لەبەرئەوە ئەگەڕان لەهەر مالێ خۆشەویست بوایە لایان لە ڕێی خوادا ئەیاندا، لەوبارەیەوە ڕووداوی زۆر هەیە کە لە حەدیسی صەحیحدا هاتوون، یەکێ لەوانە: ئەمەیە کە(ئیمامی ئەحمەدو بوخاری و موسلیم) ئەیهێنن لە(ئەنەس)ەوە –خوا لێی ڕازی بێ– کە ئەفەرموێ:(ئەبو تەڵحە) دەوڵەمەند ترینی ئەنصاریەکان بوو، خۆشەویستترینی ماڵەکەی بیر(حا)بوو کەلە بەدرەمی مزگەوتدا بوو، پێغەمبەر(ﷺ) هەموو جارێ ئەچووە سەر ئەو ئاوەو لێی ئەخواردەوە کە ئاوێکی پاک و شیرین بوو،(ئەنەس) ئەفەرموێ: کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە(ئەبو تەڵحە) ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا، خوا ئەفەرموێ: ﴿لَن تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ﴾ ڕاستی خۆشەویست ترین مالم بە لامەوە بیری(حا)ە، ئەوا صەدەقە بێت لەڕێی خوا بە ئومێدی پاداشتی لای خواو زەخیرە بێت لای. کەواتە خوا چۆنت نیشان ئەدا وای لێبکە، ئینجا پێغەمبەریش فەرمووی بەخ بەخ، ئەوە مالێکی بەڕەواجە. ئەوە مالێکی بەڕەواجە قسەکەتم بیست. من ڕام وایە کە بیدەیت بە خزمەکانت،(ئەبو تەڵحە)ش ووتی: وا بکە ئەی پێغەمبەری خوا، ئەویش دابەشی کرد لە خزم و ئامۆزاکانی. لەسەر ڕێباز ئەو فەرمان و ئامۆژگاریە پۆیشتن زۆر لە موسڵمانان، بەهۆی ئەوەوە ڕزگار بوون لە بەندەی مال و لە چەکلی و چروکی دەروون و لە خود پەسەندی و خود پەرستی، بە ئازادی و سەربەستی گەیشتن بەو پۆپەو ئاسۆ بەرزە،

وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيۡءٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٞ ﴿٩٢﴾

ئینجا ئەفەرموێ: ﴿وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيۡءٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٞ﴾ هەرشتێ ئێوە بەختی بکەن و بیدەن بەهەرکەس بێگومان خوا زانا و ئاگادارە پێی، کەواتە پاداشتان ئەداتەوە بەپێی چاکی و کەم نرخی شتەکەو نیازو نیەتی خۆتان ڕەفتارتان لەگەڵ ئەکات، بەم فەرموودەیە هانی بڕواداران ئەدا لەسەر ئەوەی بەپێی دەسەڵاتو توانا شتی چاکە بەخت بکەن و نیازپشیان هەر فەرمانبەری و ڕەزامەندی خوابێت، ئەشیان ترسێنێ لەوەی کە بەپێی ڕەزامەندی ئەو نەجوولێنەوە، خوابەبەزەیی خۆی بمانخاتەسەر ڕێ ڕاستەکەی و دامەزراومان بکات ـ آمین ـ.

و صلى الله وسلم على حبيبه محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

به یارمەتی خوا لێبوومەوە لە تەفسیر ی جزمی سێیەم لە ٨ی مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٤٠٥. وە هەر لەم ڕۆژەدا دەستم کرد بە تەفسیری جزمی چوارەم، داواکارم کە خوای میهرەبان وەری گرێ و یارمەتیم بدات بۆ ئەوەی کە ماوە، وە نەمکوژێ هەتا لە تەفسیری ئەم قورئانە ئەبمەوە. ـ آمین ـ